# کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
# کۆمەڵی کورد ١٩١٨-١٩٧٤

**بەرگی سێیەم: ١٩٤١-١٩٦٧**


ئامادەکردنی

**ب. دەستانی**

وەرگێڕانی

**هیوا مەجید خەلیل**



**لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠٢٤**

**ناوی کتێب:**

کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆمەڵی کورد

بەرگی سێیەم: ١٩٤١-١٩٦٧

**ئامادەکردنی:** ب. دەستانی

**وەرگێڕانی:** هیوا مەجید خەلیل

**دیزاینی بەرگ:** دیار سەعید شێخۆ پیرانی

**دیزاینی ناوەڕۆک:** هێما ئەحمەد شێخۆ

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵ و شوێنی چاپ:** هەولێر-٢٠٢٤

**چاپخانە:** دانیشفەڕ

**تیراژ:** ١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٤١٩) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

# ناوەڕۆک

١. نووسراوی نهێنی ژمارە ٥٥، لەلایەن مستەر ج. ڤۆگان ڕاسێل (Mr. J. Vaughan Russell)، بەریتانیا، کرماشان، ئێران، بۆ سێر ر. و. بۆلارد (Sir R. W. Bullard)، نوێنەری بەریتانیا، تاران، ٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٤١؛ هەروەها یاداشتنامەی ژمارە (٢/٢/١٨/٧٤٠) لەلایەن مستەر ڤۆگان ڕاسێل، ٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٤١، کە گفتوگۆکەی لەگەڵ ژەنەراڵ ‹موقدەم›، فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە کرماشان تۆمار کردووە؛ ئەمە و ڕاپۆرتی ژمارە ١٠٣١ی ژەنەراڵ موقدەم لە ١٠ی ئۆکتۆبەر ١٩٤١، بە زمانی عەرەبی [لە ڕاستیدا بە زمانی فارسییە. وەرگێڕ] لەگەڵ وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی کە تایبەتە بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە کرماشان [FO348/1405].

٢. یاداشتنامەیەکی زۆر زۆر نهێنی بە ژێدەری (MAB/REP/1/1) لەلایەن کۆلۆنێل ئە. سێمپسۆن (A. Simpson)، نووسینگەی ئاسیای ناوەڕاست، قاهیرە، ٣٠ی ئۆکتۆبەر ١٩٤١، بە ناونیشانی «کێشەی کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست››، لەگەڵ پاشکۆی ‹ب››، کە پەیوەستە بە کوردی تورکیا [پاشکۆی ‹ئە› زیاد نەکراوە] [FO348/1405].

٣. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە (BSM/31/GS) لەلایەن کۆلۆنێل م. پ. کۆگهێل، کە ڕێبەرایەتی شاندنی ئەمنیەتی بەریتانیا دەکات، ١٣ی جانیوەری ١٩٤٣، بەناونیشانی «کاروباری کورد»، کە پوختەیەک لە ڕاپۆرتی کاپتن هـ. وایتۆل (H. Whittall)، نێردراوی ئەمنیەتی بەریتانیا، قامشلۆ، لەگەڵ وەڵامی ڕاپۆرتەکەی لەخۆ دەگرێت؛ نووسراوی زۆر زۆر نهێنی بە ژمارە (MEIC/SYR/6/6) سوپاسالار ی. ن. کلایتۆن (I. N. Clayton) کە لە ١٨ی جانیوەری ١٩٤٣بۆ ناوەندی هەواڵگریی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست نێردراوە و تایبەتە بە پێشنیازی کاپتن وایتۆل کە پوختەیەکی چڕ سەبارەت بە ڕەوشی کورد بخاتەڕوو [FO195/2477].

٤. نووسراوی شەخسی و زۆر زۆر نهێنی بە ژمارە (MEIC/TUR/7) لەلایەن سوپاسالار ی. ن. کلایتۆن (Brigadier I. N. Clayton)، ناوەندی هەواڵگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ لیوا ئە. ئارنۆلد (A. Arnold)،

باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، ئەنقـەرە لـە ٢٠ی جانیـوەری ١٩٤٣، کـە تایبەتـە بـە سـەرچاوەی نەخشــەی کــورد [FO190/2477].

٥. یاداشـتنامەی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە لـە ٢١-٢٥ی جانیـوەری ١٩٤٣، کە بۆچوونی خـۆی سـەبارەت بـەوەی کـە ئایـا کاپـتن وایتـۆڵ سـەبارەت بـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ کورد، ئـاگادار بکرێتـەوە [FO195/2477].

٦. لـە ‹Service Special›ی ئاژانسـی ئانـادۆل وەرگیـراوە، لـە ٢٥ی جانیـوەری ١٩٤٣، [بـە زمانـی فەرەنسـی]، کـە پەیوەسـتە بـە چالاکییەکانـی خێڵـە کـوردەکان [FO195/2477].

٧. یاداشـتنامەی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٦ی جانیـوەری-٥ی فێبریوەری ١٩٤٣، باس لـەوە دەکات کـە نەخشـەی کوردسـتان لەلایـەن بەریتانییەکانـەوە چاپ نەکـراوە، بەڵکو نەخشـەکە لـە پەرتووکێک کە لەبارەی کوردسـتان نـووسراوە، دانـراوە. [FO195/2477].

٨. نــووسراوی زۆر نهێنــی بــە ژمــارە (١/٧/٨٥) لەلایــەن لیــوا ئــە. س. ئەرنۆلــد، پاشــکۆی ســەربازی، ئەنقــەرە، بــۆ نێــردراوی ئەمنیەتــی بەریتانیــا، بەیــروت، ٢٦ی جانیــوەری ١٩٤٣، بۆچوونـی باڵیـۆز دەخاتـەڕوو کـە نابـێ چیـتر نووسـینی پوختـەی چـڕ بـە کاپـتن وایتــۆڵ بســپێردرێت [FO195/2477].

٩. نـووسراوی ژمارە (٤٣/٨/١٦٥) لەلایەن سێر ج. س. سـترندل بێنێـت (Sir, J. C. Sterndale Bennett)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، ئەنقــەرە، بــۆ ســێر ئــۆ. ج. ســارجنت (Sir O. G. Sargent)، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٥ی فێبریـوەری ١٩٤٣، بـاس لـەوە دەکات کـە یاخیبوونـی کـورد، گومانـی لەلایـەن تورکەکانـەوە سـەبارەت بـە پیلانگێڕیـی بەریتانیـا لەگـەڵ کـورد دروسـت کـردووە [FO190/2477].

١٠. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە ١١ (198/SA/43) لەلایەن مستەر ر. و. ئۆرکهارت (Mr. R. W. Urquhart)، باڵیۆزی گشتی بەریتانیا، تەورێز، بۆ سێر ر. و. بۆلارد (Sir. R. W. Bullard)، تاران، ٧ی فێبریوەری ١٩٤٣، پەیوەستە بە کێشەنانەوەی کورد [FO195/2477].

١١. ســەرنجێک لــە ڕێکەوتــی ١٣ی فێبریــوەری ١٩٤٣، ڕوومالــی ڕاپۆرتێکــی عابدیــن ئۆزمـان، لێکۆڵـەری مەدەنـی گشـتی لـە پارێزگاکانـی ڕۆژهـەڵات دەکات؛ ڕێکەوتـی

١٩٣٦ی لەسەرە؛ تایبەتە بە بارودۆخی سیاسی لە ویلایەتەکانی بەتلیس، دیاربەکر، وان، هەکاری، موش، ماردین، ئورفە و سێرت [FO195/2477].

١٢. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە ١١ (٤٣/١١/٩٧) لەلایەن سێر ڕ. و. بۆلارد (Sir. R. W. Bullard)، نوێنەرایەتی بەریتانیا، تاران، بۆ مستەر ڕ. و. ئۆرکهارت (Mr. R. W. Urquhart)، باڵیۆزی گشتی بەریتانیا، تەورێز، ٢٣ی فێبریوەری ١٩٤٣، پەیوەستە بە هەڵوێستی ڕووسیا لەبەرانبەر کورد [FO195/2477].

١٣. نووسراوی ژمارە (D. O. 40) لەلایەن نووسینگەی ئەفسەری سیاسی، دیمەشق، بۆ نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە بەیروت، ١٤ی مارچ ١٩٤٣، باس لە سەردانی قادری جەمال پاشا، کوردێکی دانیشتووی دیمەشق بۆ لای نوێنەرایەتی بەریتانیا دەکات، داوا دەکات بەریتانیا پشتگیریی خواستی کورد بکات [FO195/2477].

١٤. نووسراوی ژمارە١٧، لەلایەن مستەر ڕ. و. ئۆرکهارت (Mr. R. W. Urquhart)، باڵیۆزی گشتی بەریتانیا، تەورێز، بۆ سێر ڕ. و. بۆلارد (Sir. R. W. Bullard)، نوێنەرایەتی بەریتانیا، تاران، ٢٠ی مارچ ١٩٤٣، هاوپێچی ڕاپۆرتێکی مستەر ف. س. ئۆگدن (Mr. F. C. Ogden)، جێگری باڵیۆز، تەورێز، بەبێ ڕێکەوت، کراوە، لەبارەی سەردانەکەی بۆ ڕەزایە، پاشکۆیەکیش لەگەڵ ڕاپۆرتەکەیە سەبارەت بە خزمەتگوزاری شەمەندەفەر و پاپۆڕ لە نێوان تەورێز و ڕەزایە هاوپێچکراوە [FO195/2477].

١٥. تەلەگرامی ژمارە ٦٨، لە تەورێز بۆ تاران، ٢٥ی مارچ ١٩٤٣، باس لە زانیاریی باوەڕپێکراو لە ڕەزایەوە دەکات؛ باس لەوە دەکات کە ٤٠٠ چەکداری خێڵی شکاک گوندی ‹کەهریز›یان گەمارۆ داوە و نیازیان وایە تاڵانی بکەن [FO195/2477].

١٦. تەلەگرامی زۆر نهێنی ژمارە ٤٣ لەلایەن وەزیر، ئەنقەرە، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، قاهیرە، ٢٦ی مارچ ١٩٤٣، سەبارەت بە نامەی ڕێکخراوێکی ناسیۆنالیستی کورد، خۆیبوون، ئاڕاستەی ویلسۆن چێرچڵ، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کراوە، هاوپێچی ڕاپۆرتێکی ڕەسەن کراوە بە زمانی تورکی و وەرگێڕانی بۆسەر زمانی ئینگلیزی، هەروەها داوای لێکۆڵینەوە دەکات کە چۆن

وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی ڕاپۆرتەکە کەوتووەتە دەست خۆیبوون؛ یاداشتنامەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٥-٢٦ی مارچ ١٩٤٣؛ تەلەگرامی زۆر زۆر نهێنی بە ژمارە ٥٢٢٦ لەلایەن ‹MICE› بۆ ئەنقەرە، ١ی ئەپریل ١٩٤٣، تایبەتە بەوەی چۆن ڕاپۆرتە تورکیەکە کەوتووتە دەست خۆیبوون [FO195/2477].

١٧. نووسراوێکی داخراو بە ژمارە ٨٣ لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ نوێنەرایەتی بەریتانیا لە ئەنقەرە، ١٢ی ئەپریل ١٩٤٥، هاوپێچکراو بە نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (E1679/80/34) لەلایەن مستەر س. و. باکستەر (Mr. C. W. Baxter)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ مستەر هـ. ل. د. هاپکینسۆن (Mr. H. L. d'A. Hopkinson) نووسینگەی وەزیری کاروباری دەرەوە، قاهیرە، ٦ی ئەپریل ١٩٤٣، پەیوەستە بە هەڵوێستی تورکیا لەبەرانبەر پرسی کورد [FO195/2477].

١٨. یاداشتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٩-٢٠ ئەپریل ١٩٤٣، ناڕەزایی دەبڕین لەوەی کە ڕێگە دراوە ڕاپۆرتێکی تورکیا بکەوێتە دەست کورد [FO195/2477].

١٩. نووسراوێکی شەخسی بە ژمارە (٤٣/١٩/١٦٥) لەلایەن سێر هـ. نەچبۆل-هۆگسێن (Sir H. Knatchbull-Hugessen)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، ئەنقەرە، بۆ ر. ج. کێسی (R. G. Casey)، وەزیری کاروباری دەرەوە، قاهیرە، ٢٣ی ئەپریل ١٩٤٣، سەبارەت بە چالاکی کورد و چۆن ڕاپۆرتی تورکیایان کەوتووەتە دەست [FO195/2477].

٢٠. نووسراوێکی داخراو بە ژمارە ٤ (٤٣/١٢/١٦٢) لەلایەن وەزیرەوە، بەیروت، بۆ باڵیۆزی بەریتانیا، ئەنقەرە، ١٠ی مەی ١٩٤٣؛ نووسراوی داخراو بە ژمارە ٢٨ (٤٣/١٢/١٦٢) لەلایەن مستەر ی. ل. سپێرس (Mr E. L. Spears)، نوێنەری بەریتانیا، بەیروت، بۆ ئە. ئەدەن (RA. Eden)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٠ی مەی ١٩٤٣، تایبەتە بەو نامەیەی لەلایەن خۆیبوونەوە بە نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد ئاڕاستەی سەرۆک وەزیران کراوە [FO195/2477].

٢١. نووسراوێک لەلایەن لۆرد مۆین (Lord Moyne)، نووسینگەی وەزیری کاروباری دەرەوە، قاهیرە، بۆ سێر هـ. نەچبۆل-هۆگسێن (Sir H. Knatchbull-Hugessen)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، ئەنقەرە، ٢٠ی مەی ١٩٤٣، ئەو زانیارییانە پشتڕاستدەکاتەوە کە بۆ ئەفسەرانی هەواڵگری دەرکراوە، تا بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کورد بکەن، وەک چۆن مامەڵە لەگەڵ هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی دەکەن، بەڵام بە وریاییەکی زۆرترەوە [FO195/2477].

٢٢. نووسراوی داخراو بە ژمارە ١١ (E. 2864/80/34) لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە بۆ نوێنەرایەتی بەریتانیا لە ئەنقەرە، ٢١ی مەی ١٩٤٣؛ نووسراوی نهێنی بە ژمارە ١٢٢ (E. 2864/80/34) لەلایەن مستەر هـ. ل. د. هاپکینسۆن (Mr. H. L. d'A. Hopkinson) نووسینگەی وەزیری کاروباری دەرەوە، قاهیرە، بۆ مستەر س. و. باکستر (Mr. C. W. Baxter)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٣ی مەی ١٩٤٣، پەیوەستە بە پشتگوێخستنی بۆچوونی ئەنقەرە، بەوەی لەوانەیە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ کورددا پیلانگێڕی ئەنجام بدەن [FO195/2477].

٢٣. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە ٣٠ (763/SA/43)، لەلایەن مستەر ر. و. ئۆرکهارت (Mr. R. W. Urquhart)، باڵیۆزی گشتی بەریتانیا، تەورێز، بۆ سێر ڕ. و. بۆلارد (Sir. R. W. Bullard)، نوێنەرایەتی بەریتانیا، تاران، ٨ی جون١٩٤٣؛ یاداشتنامەیەک [بڕوانەی بەڵگەی دواتر] لەلایەن مستەر ف. س. ئۆگدن (Mr. F. C. Ogden)، جێگری باڵیۆز، تەورێز، ٥ی جون ١٩٤٣، پەیوەستە بە بۆچوونە گشتییەکەی لە سەردانی ئەم دواییەی بۆ ڕەزایە [FO195/2477].

٢٤. نووسراوی داخراو بە ژمارە ٤ (٤٣/٦/٧١٢) لەلایەن وەزیرەوە، تاران، بۆ باڵیۆزی بەریتانیا، ئەنقەرە، ١٣ی جون ١٩٤٣؛ نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە ٢٩ (737/SA/43)، لەلایەن مستەر ر. و. ئۆرکهارت (Mr. R. W. Urquhart)، تەورێز، بۆ سێر ڕ. و. بۆلارد (Sir. R. W. Bullard)، تاران، ٢ی جون ١٩٤٣؛ یاداشتنامەی مستەر ف. س. ئۆگدن (F. S. Ogden) جێگری باڵیۆز، تەورێز، ١ی جون ١٩٤٣، سەبارەت بە سەردانەکەی بۆ ڕەزایە [FO195/2477].

٢٥. تەلەگرامی ژمارە ٧٩، لە ترابزۆنەوە بۆ ئەنقەرە، ٥ی ئۆگۆست ١٩٤٣، باس لە تاقمێک چەکدارە کوردی ئێران دەکات کە لە نزیک بایەزید چەندین کردەوەی تاڵانکارییان کردووە [FO195/2477].

٢٦. تەلەگرامی ژمارە ١٧، لەلایەن نوێنەرایەتی بەریتانیا، تاران، بۆ سێر هـ. نەچبوڵ-هۆگسێن (Sir H. Knatchbull-Hugessen)، ئەنقەرە، ١٥ی ئۆگۆست ١٩٤٣، تایبەتە بە تاڵانی کورد لەسەر سنوورەکانی نێوان ئێران و تورکیا [FO195/2477].

٢٧. تەلەگرامی ژمارە ١٩٢، لە تەورێزەوە بۆ تاران، ١٧ی ئۆگۆست ١٩٤٣ سەبارەت بە ڕاپەڕینی کورد لە نزیک بایەزید [FO195/2477].

٢٨. تەلەگرامی ژمارە ٣٦، لەلایەن بۆ سێر هـ. نەچبوڵ-هۆگسێن (Sir H. Knatchbull-Hugessen)، ئەنقەرە، بۆ نوێنەرایەتی بەریتانیا لە تاران، ١٥ی ئۆگۆست ١٩٤٣، لەبارەی ژمارەی ئەو کوردانەی لەسەر سنووری تورکیا کوژراون [FO195/2477].

٢٩. ڕاپۆرتی زۆر نهێنی ‹PIC› بە ژمارە ٣٤، ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٤٣، بەناونیشانی «چەند تێبینیەک لەبارەی پرسی کورد»، هەروەها لەگەڵ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی [FO195/2477].

٣٠. نووسراوی ژمارە ٣١، لەلایەن سیر هـ. ستۆنوێر بێرد (Sir H. Stonehewer Bird)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ یـ. بێڤین (E. Bevin)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٨ی جانیوەری ١٩٤٦؛ ڕاپۆرتێک لەلایەن کاپتن هـ. م. جاکسۆن (H. M. Jackson)، جێگری یاریدەدەری ڕاوێژکاری سیاسی هێزەکانی بەریتانیا لە هەولێر، لەبارەی بارودۆخی ناوچەی ڕواندزی سەر بە کوردستانی عێراق [FO195/2596].

٣١. نووسراوی ژمارە ١٣ لەلایەن مستەر ت. شۆن، بەیروت، بۆ مستەر یـ. بێڤن (E. Bevin)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢١ی جانیوەری ١٩٤٦، تایبەتە بە کوردستانی عێراق [FO406/84].

٣٢. یاداشتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بە ناونیشانی ‹سەرنجێک لەبارەی کورد›، لەلایەن مالکۆلم بۆر (Malcolm Burr)، ١٣ی مارچ ١٩٤٦ [FO195/3596].

٣٣. نووسراوی ژمارە (E2782/104/34) لەلایەن بەشی ڕۆژهەڵاتەوە، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان (Chancery)، ئەنقەرە، ٢ی ئەپریل ١٩٤٦؛ ڕەشنووسی ڕاپۆرتێکی (paper) نهێنی لەلایەن بەشی توێژینەوەی کاروباری دەرەوە، ٢٢ی مارچ ١٩٤٦، بە ناونیشانی «کێشەی کورد››، لەگەڵ پاشکۆی ‹A›: ‹پوختەیەکی هەڵهێنجراو لە ڕۆژنامەی فەرمی کۆمەڵەی گەلان، لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان هاوپێچکراوە، لە ڕێکەوتی ٩ی مەی ١٩٣٢، «ڕەشنووسی ڕاگەیێندراوی حکومەتی عێراق››؛ پاشکۆی ‹B›: چاپەمەنییەکانی کورد؛ پاشکۆی ‹C›: کۆمەڵە کوردییەکان [FO195/2596].

٣٤. نووسراوی ژمارە (٤٦/١٧/١٤) لەلایەن نووسینگەی پاراستنی ئەنقەرە بۆ بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٦ی ئەپریل ١٩٤٦، پەیوەستە بە ڕەشنووسی ڕاپۆرتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەبارەی کێشەی کورد؛ یاداشتی پاشکۆی ڕۆژنامەگەریی ڕاوێژکاریی، بەبێ ڕێکەوت، بۆ بەشی کوردی تورکیا [FO195/2596].

٣٥. ڕاپۆرتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە، تێبینی ژمارە ٢٧١١٦، سوریا، سیاسی، بە ناونیشانی ‹کوردی سوریا›، ٣ی جون ١٩٤٦، [FO195/2596].

٣٦. نوسراوی ژمارە(A/279) لەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیا، ئیستانبۆل، بۆ مستەر ج. ل. ڕید (Mr. J. L. Reed) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، ئەنقەرە، ١٤ی جولای ١٩٤٦؛ ڕاپۆرتی ژمارە (٤٣٧/١/١٢٠): تێبینی ژمارە ٥٣٧٣، بە بێ ڕێکەوت، عێراق، سیاسی، بە ناونیشانی ‹پارتی ڕزگاری کورد›، لەگەڵ پاشکۆی تێبینی ژمارە ٣٣٧٣، ئاماژە بە ناوی ئەندامانی پارتی ڕزگاری لە هەولێر دەدات [FO195/2596].

٣٧. تەلەگرامی زۆر زۆر نهێنی بە ژمارە ٢١، لەلایەن کۆنسوڵی بەریتانیا، حەلەب، بۆ وەزیر، بەیروت، ٢٣ی جولای ١٩٤٦، لەبارەی کۆبوونەوەیەک لە نێوان سەرۆک خێڵەکانی کورد و سەرکردە سیاسییەکان، بە تایبەتیش ئەو کەسانەی لە سوریا دەژین، کۆبوونەوەکە لە عەین دیڤار گرێدراوە [FO195/2596].

٣٨. یاداشتنامەیەکی نهێنی لەلایەن بەشی توێژینەوەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٣ی ئۆگۆست ١٩٤٦، بەناونیشانی ‹کێشەی کورد›، لەگەڵ سێ پاشکۆ: پاشکۆی ‹A›: ‹پوختەیەکی هەڵهێنجراو لە ڕۆژنامەی فەرمی کۆمەڵەی گەلان، لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان هاوپێچکراوە، لە ڕێکەوتی ٩ی مەی ١٩٣٢، «ڕەشنووسی ڕاگەیێندراوی حکومەتی عێراق»›؛ پاشکۆی ‹B›: چاپەمەنییەکانی کورد؛ پاشکۆی ‹C›: کۆمەڵە کوردییەکان [FO195/2596]، هاوکات لەگەڵ دوو نەخشە: نەخشەی یەکەم: جوگرافیای نیشتەجێ بوونی کورد دەخاتەڕوو، نەخشەی دووەم: بانگەشەی جۆرجی و ئەرمەنییەکان لەسەر خاکی تورکیا و کوردی تورکیا [بەوەی خاکی ئەوانە] [FO195/2596].

٣٩. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە ٣٠ (850/645/A-7/46) لەلایەن مستەر ج. و. واڵ (Mr J. W. Wall)، کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا، تەورێز، بۆ سێر ج. هـ. لێ ڕۆگێتێل (Sir J. H. Le Rougetel)، باڵیۆزی بەریتانیا، تاران، ١١ی سێپتەمبەر ١٩٤٦، ئاماژە بە قسەکانی قاسم ئاغا ئیلخانیزادە دەدات لەبارەی ڕەوشی کورد [FO195/2596].

٤٠. یاداشتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بەناونیشانی ‹بارودۆخی کوردی سوریا›، لەلایەن مستەر ج، بێیس (Mr J. Beith)، ١١ی فێبریوەری ١٩٤٧، لەگەڵ چەند سەرنجێک، ١٢-١٨ی فێبریوەری ١٩٤٦؛ نامەیەک لە کۆلۆنێل ج. ئێلفینستۆن (G. Elphinstone)، لە ئەنستیتۆی پاشایەتی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، بۆ سێر ر. هۆو (Sir. R. Howe)، ٧ی فێبریوەری ١٩٤٧، داوای ڕاوێژ دەکات سەبارەت بە بانگێشتکردنی سەرۆکی خێڵی بەرازی، تا سەردانی سوریا بکات، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بارودۆخی کورد [FO371/62145].

٤١. تەلەگرامی زۆر نهێنی بە ژمارە ٨٨، لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ دیمەشق، ٢٠ی فێبریوەری ١٩٤٧، تایبەتە بە سەردانی کۆلۆنێل ج. ئێلفینستۆن بۆ سوریا [FO371/62145].

٤٢. یاداشتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بە ناونیشانی ‹سەردانی کۆلۆنێل ئێلفینستۆن بۆ

کوردستان›؛ تەلەگرامی ژمارە ٦٧، لە دیمەشقەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٠ی مارچ ١٩٤٧، لە وەڵامی تەلەگرامی ژمارە ٨٨، ٢٠ی فێبریوەری ١٩٤٧،[FO371/62145].

٤٣. نامـەی سـێر ر. هـۆو (Sir. R. Howe)، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، بـۆ کۆلۆنێـل ج. ئێلفینسـتۆن (G. Elphinstone)، ١٩ی مـارچ ١٩٤٦، ئـەوە پشتڕاسـت دەکاتـەوە، دەتوانێـت سـەردانی سـوریا بـکات [FO371/62145].

٤٤. یاداشـتی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـە ناونیشـانی ‹داوای هاوکاریکردنـی ئەمیـر جـەلادەت عالـی بەدرخـان›. ٩-١٦ی ئەپریـل ١٩٤٧؛ نامـەی کۆلۆنێل ج. ئێلفینسـتۆن (G. Elphinstone)، لەنـدەن، بـۆ سـێر ر. هـۆو (Sir. R. Howe)،، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٣٠ی مـارچ ١٩٤٧؛ نامـەی ئەمیـر جـەلادەت عەلـی بەدرخـان، بـۆ کۆلۆنێـل ئێلفینسـتۆن، دیمەشـق، ٢٠ی مـارچ ١٩٤٢، [FO371/62145].

٤٥. نامــەی ســنووردار بــە ژمــارە (E2875/1301/89) لەلایــەن مســتەر پ. گاران (Mr P. Garran)، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، بـۆ کۆلۆنێـل ج. ئێلفینسـتۆن، ٢١ی ئەپریـل ١٩٤٧، بـاس لـەوە دەکات، ناکـرێ بینـە هاوبـەشی ڕۆژنامەکـەی ئەمیـر جـەلادەت عالـی بەدرخـان، تـا لـەم ڕێگەیـەوە یارمەتـی بـدەن؛ نـووسراوی ژمـارە (E2875/1301/89) لەلایـەن بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، بـۆ نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان، دیمەشـق، ٢١ی ئەپریـل ١٩٤٧، ئاگاداریـان دەکاتـەوە لـە کەیسـی ئەمیـر جـەلادەت عالـی بەدرخـان [FO371/62145].

٤٦. نامەیـەک بـە فەرەنسـی لەلایـەن مەحمـەت هیلانـی بێـی، پارتـی نەتـەوەی دیموکراتـی کـورد، مـادی (Maadi)، میـسر، بـۆ یــ. بێڤـن، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٦ی جانیـوەری ١٩٤٨، سـەبارەت بـە بارودۆخـی کـورد [FO371/68472].

٤٧. نـووسراوی زۆر نهێنـی بـە ژمـارە (٤٨/١٩/٢٥١)، لەلایـەن مسـتەر ج، ریچمۆنـد (Mr J. Richmond)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ سـێر ب. ئـا. ب. بـۆرۆس (Sir B. A. B. Burrows)، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٨ی جـولای ١٩٤٨، کورتەیـەک لەبـارەی ڕەوشـی کوردسـتانی عێـراق دەخاتـەڕوو [FO371/68472].

٤٨. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (435/A-7/50) لەلایەن مستەر ر. دۆنداس (Mr R. Dundas)، کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا، تەورێز، بۆ مستەر س. ت. گاندی (Mr C. T. Gandy)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، تاران، ٢٨ی جولای ١٩٥٠، تایبەتە بەو سیاسەتەی حکومەتی ئێران لە پرچەککردنی خێڵەکان گرتوویەتیەبەر [FO248/1497].

٤٩. تەلەگرامی ژمارە ٢٣٨٢، لە واشنتنەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٥ی سێپتەمبەر ١٩٥٠، مەکگی (McGhee) لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسە دەکات [FO248/1497].

٥٠. ڕاپۆرتی سیاسی بە ژمارە ٧٨١٥، ١١ی سێپتەمبەر ١٩٥٠، سوریا: یەکێتی سۆڤیەت، سیاسی-دژە هەواڵگریی، بە ناونیشانی «کاروباری کورد»، [FO195/2650].

٥١. ڕاپۆرتی سیاسی بە ژمارە ٠٦٠٥، لە ١٨ی سێپتەمبەر ١٩٥٠، عێراق، سیاسی-سەربازیی، بە ناونیشانی ‹بۆچوون و چالاکی کورد (ئۆگۆست-سێپتەمبەر ١٩٥٠)›، [FO195/2650].

٥٢. ڕاپۆرتی سیاسی بە ژمارە ٧٨٨٥، ٢٥ی سێپتەمبەر ١٩٥٠، سوریا، سیاسی-کۆمۆنیزم، بە ناونیشانی «کاروباری کورد»، [FO195/2650].

٥٣. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە ٣ (٥٠/٢/١٠٦٢٢) لەلایەن وەزیرەوە، دیمەشق، بۆ نوێنەرایەتی بەریتانیا، تاران، ٢٩ سێپتەمبەر ١٩٥٠؛ نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە ١٥٧، لەلایەن مستەر و، هـ مۆنتاگۆ-پۆلۆک (Mr W. H. Montagu-Pollock)، دیمەشق بۆ بەڕێز س. ئاتلیی (Rt. Hon. C. Attlee)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٩ی سێپتەمبەر ١٩٥٠، تایبەتە بە دەستڕۆیشتوویی کۆمۆنیزم لە کوردستانی سوریا [FO248/1497].

٥٤. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە ٢١٨ (٥٠/٢٥/١٠١٤) لەلایەن مستەر هـ. ماک، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ بەڕێز س ئاتلیی، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠، تایبەتە بە کوردی عێراق [FO248/1497].

٥٥. ڕاپۆرتی سیاسی بە ژمارە ٥٤٧٥، ١٠ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠، سوریا، سیاسی بە ناونیشانی ‹کورد›، تایبەتە بە هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ کاریگەریی دروستکردن لەسەر کوردی سوریا [FO195/2650].

٥٦. کورتەیەک لەبارەی ڕاپۆرتی بەدواداچوونی بی.بی.سی (BBC Monitoring Report)، ١٣ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠، تایبەتە بە هێرشکردنە سەر قوبادییەکان (Ghobadian) لە کاتی پەخشی بەرنامەکانی زمانی کوردی [FO248/1497].

٥٧. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە ٢١٨ (592/111/A-7/50) لەلایەن مستەر ر. پ. یۆندێرس (Mr R. P. Yunders)، کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا، تەورێز، بۆ باڵیۆزی بەریتانیا، تاران، ١٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠؛ ڕاپۆرتێک بە ناونیشانی ‹یاداشتنامەیەک لەبارەی کوردستانی ئازەربایجان› [FO248/1497].

٥٨. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە (E1822/14) لەلایەن مستەر ج. و. فۆرلۆنگ (Mr G. W. Furlonge)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، سێر ب. ئا. ب. بۆرۆس (Sir B. A. B. Burrows)، واشنتن، ٢٥ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠، سەبارەت بە مەیلی ئەمریکاییەکان بۆ پرسی کورد؛ یاداشتنامەیەکی نهێنی لەلایەن بەشی توێژینەوەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٣ سێپتەمبەر ١٩٥٠، بە ناونیشانی ‹کێشەی کورد› [FO248/1497].

٥٩. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (614/112/A-7/50) لەلایەن مستەر ر. دۆندەس (Mr R. Dundas)، ڕاوێژکاری بەریتانیا، تەورێز، بۆ مستەر س. ت. گاندی، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، تاران، ٣١ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠، تایبەتە بە کوردستانی ئازەربایجان [FO248/1497].

٦٠. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە (٥٠/٣٣/١٠٢٦) لەلایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر ج. و. فۆرلۆنگ (Mr G. W. Furlonge)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٨ی نۆڤەمبەر ١٩٥٠، تایبەتە بە کاریگەریی ڕادیۆی یەریڤانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەت لەبارەی کورد [FO195/2650].

٦١. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە (٥٠/٩/١٠٦٢٢)، لەلایەن مستەر و، هـ، مۆنتاگۆ-پۆلۆک (Mr W. H. Montagu-Pollock)، نوێنەرایەتی بەریتانیا، دیمەشق، بۆ مستەر ج. و. فۆرلۆنگ، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٦ی نۆڤەمبەر ١٩٥٠، باس لە پرسی کورد دەکات [FO195/2650].

٦٢. نووسراوی زۆر نهێنی بە ژمارە (٥٠/٨/١٠٦٢٢)، لەلایەن مستەر و، هـ، مۆنتاگۆ-پۆلۆک (Mr W. H. Montagu-Pollock)، نوێنەرایەتی بەریتانیا، دیمەشق، بۆ مستەر ج. و. فۆرلۆنگ، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٦ی نۆڤەمبەر ١٩٥٠، لەبارەی بارودۆخی کوردی جزیرە [FO195/2650].

٦٣. یاداشتنامەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بە ژمارە (٥٠/١٨/١٨٢٧)، ٢٤ی نۆڤەمبەر ١٩٥٠، بە ناونیشانی ‹دوو نووسراو لە بەغداوە لەبارەی کورد›، [نووسراوەکان هاوپێچ نەکراون] [FO195/2650].

٦٤. ڕاپۆرتی نهێنی (ME89/51) لەلایەن بەشی توێژینەوەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢ی ئەپریل ١٩٥٠، بە ناونیشانی ‹کێشەی کورد ١٩٤٦-١٩٥٠›، [FO248/1523].

٦٥. نووسراوی نهێنی ژمارە (٥١/١٢/١٠٢٥) لەلایەن نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، بەغدا، بۆ بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٦ی ئەپریل ١٩٥١، تایبەتە بە دەنگۆی کورد، مەلامستەفا لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە ڕێگەی پێدراوە سنووری عێراق ببەزێنێت [FO248/1523].

٦٦. نووسراوی نهێنی ژمارە (٥١/١١/١٠٢٥) لەلایەن نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، بەغدا، بۆ بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٦ی ئەپریل ١٩٥١، بە کورتی باس لە ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق دەکات [FO248/1523].

٦٧. نووسراوی نهێنی ژمارە (G.1013/13/51) لەلایەن مستەر ف. م. شێپەرد (MR F.M. Shepherd)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، تاران، بۆ مستەر هـ. مۆریسۆن (Mr. H. Morrison)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٩ی ئەپریل ١٩٥١، تایبەتە بەو دەنگۆیانەی کە گوایە ڕووسیا کێشە لە کوردستانی ئێران دەنێتەوە [FO248/1523].

٦٨. نووسراوی زۆر نهێنی ژمارە (PB10141/5G) لەلایەن مستەر ئا. س. ێ. مالکۆلم (Mr A. C. E. Malcolm)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ مستەر هـ بیلی (Mr H. Beeley)، بەغدا، ٧ی مەی ١٩٥١، سـەبارەت پەخشـی ڕادیۆ بە زمانی کوردی [FO248/1523].

٦٩. نـووسراوی زۆر نهێنـی ژمـارە (٥١/٨٢/١٦٨٣) لەلایـەن سـێر ب. ئـا. ب. بۆرۆس، واشـنتن، بـۆ بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٧ی مــەی ١٩٥١، لەبــارەی تێڕوانینــی ئەمریکاییــەکان لەبــارەی پێگــەی کــورد [FO248/1523].

٧٠. نـووسراوی زۆر نهێنـی ژمـارە (PB1041/15/G) لەلایـەن خاتـوو ل. ئۆمێلـی (Mrs L. O'Malley)، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، بۆ مسـتەر ج. ت. گانـدی، تاران، ١٦ی مەی ١٩٥١، کـە پەیوەسـتە بـە ویسـتگەی پەخشـی ڕادیۆیـی بە زمانـی کـوردی [FO248/1523].

٧١. نــووسراوی زۆر نهێنــی ژمــارە ١١٧ (٥١/٤/١٦٣١) لەلایــەن مســتەر د. سـکۆت-فۆکس (MR. D. Scott-Fox) باڵیۆزخانــەی بەریتانیـا، ئەنقــەرە، بـۆ مســتەر هــ. مۆریســۆن، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢١ی مـەی ١٩٥١؛ ڕاپۆرتێکـی نهێنـی لەلایـەن مسـتەر ئارســەر (Mr Arthur)، سـکرتێری دووەم لــە باڵیۆزخانــەی ئەنقــەرە، بــێ ڕێکــەوت، بــە ناونیشــانی ‹گەشــتێک بەنــاو باشــووری ڕۆژهەڵاتــی ئاناتۆلیــا، لــە ئەپریلــی ١٩٥١›، [FO248/1523].

٧٢. ڕاپۆرتـی زۆر نهێنـی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـە ناونیشـانی ‹کاروبـاری کـورد›، ٩ی جــون ١٩٥١، [FO248/1523].

٧٣. نــووسراوی زۆر نهێنــی ژمــارە (G1025/11/51) لەلایــەن سـێر ج. م. ترۆتبێـک (Sir J. M. Troutbeck)، بەغـدا بــۆ مســتەر ر. ج. بۆکێــر (Mr R. J. Bowker)، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١٣ی جــون ١٩٥١، ســەبارەت بــە پەخشــی ڕادیــۆ بــە زمانــی کــوردی [FO248/1523].

٧٤. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (401/95/A-7/51) لەلایـەن مسـتەر ل. ئا. فـۆروارد (Mr L. A. Forward)، باڵیـۆزی گشـتی بەریتانیـا، تەورێـز، بـۆ نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان، تـاران، ٨ی ئۆگۆسـت ١٩٥١، تایبەتـە بـە جەندرمـە لـە کوردسـتان [FO248/1523].

٧٥. پوختەیــەک لەبــارەی کورتــەی پەخشــی جیهانــی، بەشــی چــوارەم (Summary of World Broadcast Part IV) ژمــارە ١٨٤، ٢٤ی ئۆگۆســت ١٩٥١، پەخشــی ڕادیۆیــی پارتــی دیموکراتــی ئازەربایجــان، ‹ســاڵوەگەری پارتــی دیموکراتــی کوردســتان›، بەیاننامــەی فەرمــی ئــەم پارتــە [FO248/1523].

٧٦. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (PB1041/22/G) لەلایــەن مســتەر ج. و نیکۆلــس (Mr J. W. Nicholls)، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، بــۆ ســێر ج. م. تروتبێــک (Sir J. M. Troutbeck)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، ٤ی ئۆکتۆبــەر ١٩٥١، لەبــارەی پەخشــی ڕادیۆیــی بــۆ کــورد [FO248/1523].

٧٧. یاداشـتی نهێنی لەلایەن مسـتەر و. ی. کۆمس (Mr W. I. Combs) بۆ سێر ڕ. سـتیڤنس (Sir. R. Stevens) ٢٥ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٨، بە ناونیشانی ‹کورد› [FO371/132747].

٧٨. یاداشــتی نهێنــی لەلایــەن بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٢٨ی ئۆکتۆبــەر ١٩٥٨، بــە ناونیشــانی ‹کــورد› [FO371/132747].

٧٩. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (G1025/13/51) لەلایــەن سـێر ج. م. تروتبێـک (Sir J. M. Troutbeck)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ مســتەر ج. و نیکۆلــس (Mr J. W. Nicholls)، یارمەتیــدەری وەزیــری کاروبــاری دەرەوە، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١٥ی نۆڤەمبــەر ١٩٥١، لەبــارەی پەخشــی ڕادیــۆ بــە زمانــی کــوردی [FO248/1523].

٨٠. یاداشـتنامەیەکی زۆر نهێنـی بـە ناونیشـانی ‹کـورد›، لەلایـەن مسـتەر ف. د. و. بـڕاون (Mr F. D. W. Brown)، بەشـی توێژینـەوەی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، بـۆ سـێر سـتیڤنس (Sir Stevens) و سـێر هــ. ترێڤێلیــەن (Sir Trevelyan)، ٢٠ی نۆڤەمبــەر ١٩٥٨؛ ڕاپۆرتێـک لەلایـەن مسـتەر وێسـت (Mr West)، بـێ ڕێکـەوت، بـە ناونیشـانی ‹کێشـەی کـورد›، لەگـەڵ پاشـکۆیەک: ڕەگـەزە سـەرەکییەکانی ڕێچکـەی مارکسیسـتی لـە پەرتووکێکـدا کۆکراونەتـەوە و لـە پەرەگرافـی ١٠ ئامـاژەی بـۆ کـراوە، هەروەهـا نەخشـەیەک کـە جوگرافیـای نیشـتەجێ بوونـی کـورد دەخاتـەڕوو [FO371/132747].

٨١. نووسراوێکـی نهێنـی بـە ژمـارە (١/١٨٢٢) لەلایـەن سـێر ب. ئـا. بـۆرۆس (Sir B. A.

(B. Burrows)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، ئەنقـەرە. بـۆ مسـتەر ج. ف. هیلێـر (Mr G. F. Hiller)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٤ی جانیـوەری ١٩٦٠، تایبەتـە بـە ڕاپۆرتـی مسـتەر س. ج. ئەدمۆنـدز (Mr C. J. Edmunds) لەبـارەی کـورد [لـە دۆسـیەی ئەرشـیفی حکومەتـدا نییـە] [FO371/149668].

٨٢. نووسراوێکـی نهێنـی بە ژمارە (٦٠/٣/١٠٤٤) لەلایەن سـێر هـ. ترێڤێلیەن، بەغدا، بۆ سـێر ب. ئـا. ب. بـۆرۆس، ئەنقـەرە، ١ی فێبریـوەری ١٩٦٠، تایبەتە بە سـەرنجی سێر ب. ئا. ب. بـۆرۆس لەسـەر ڕاپۆرتەکەی مسـتەر س. ج. ئەدمۆندز لەبارەی کـورد [FO371/149668].

٨٣. نووسراوێکـی نهێنـی بـە ژمـارە (٢/١٦/١٠٢١٣) لەلایـەن مسـتەر و. هــ. یۆنـگ (Mr W. H. Young)، مۆسـکۆ، بـۆ مسـتەر ج. ف. هیلێـر (Mr G. F. Hiller)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٦ی فێبریـوەری ١٩٦٠، سـەرنجەکانی لەسـەر ڕاپۆرتەکـەی مسـتەر س. ج. ئەدمۆنـدز لەبـارەی کـورد دەخاتـەڕوو [FO371/149668].

٨٤. نووسراوێکـی نهێنـی بـە ژمـارە (E1821/1) لەلایـەن مسـتەر ج. ف. هیلێر، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، بـۆ سـێر ب. ئـا. ب. بـۆرۆس، ئەنقــەرە، ١٧ی فێبریـوەری ١٩٦٠، تایبەتـە بـە سـەرنجەکانی سێر ب. ئـا. ب. بـۆرۆس لەبـارەی ڕاپۆرتەکـەی مسـتەر س. ج. ئەدمۆنـدز لەبـارەی کـورد [FO371/149668].

٨٥. نووسراوێکــی نهێنــی بــە ژمــارە (٦٠/٥/١٠٤٤) لەلایــەن ســێر هــ. ترێڤێلیــەن، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ مســتەر ج. ف. هیلێــر (Mr G. F. Hiller)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٣ی فێبریـوەری ١٩٦٠، لەبـارەی چاوپێکەوتنێـک لەگـەڵ مەلامسـتەفا بارزانـی و شـێخ ئەحمـەد کـە سـەر بـە پارتـی دیموکراتــی کوردســتانن [FO371/149668].

٨٦. نووسراوێکـی نهێنـی بە ژمـارە (٦٠/٨/١٠٤٤) لەلایەن سـێر هــ. ترێڤێلیـەن، باڵیۆزخانەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر ج. ف. هیلـەر (Mr G. F. Hiller)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٩ی فێبریـوەری ١٩٦٠، لەبـارەی پەیوەندییـەک لەلایەن مەلامسـتەفا بارزانییەوە [FO371/149668].

٨٧. تەلەگرامێکی نهێنی بە ژمارە ٣٧٧ لەلایەن سێر هـ. ترێڤێلیەن، بەغدا، بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١١ی مارچ ١٩٦٠، پەیوەستە بە کوردی عێراق [FO371/149669].

٨٨. یاداشتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەلایەن مستەر ج. ف. هیلەر (Mr G. F. Hiller)، ٢٨ی مارچ ١٩٦٠، بە ناونیشانی ‹ سێر هـ. ترێڤێلیەن و کورد›، تایبەتە بە گفتوگۆی نێوان ئەو و مەلامستەفا، سەرکردەی کوردی عێراق [FO371/149669].

٨٩. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (١٠١١٤/٢٢/٦٠) لەلایەن نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، بەغدا، بۆ بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٧ی مارچ ١٩٦٠، باس لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات [FO371/149669].

٩٠. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (١٠١١٤/٣٢/٦٠) لەلایەن نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، بەغدا، بۆ بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٣ی ئۆگۆست ١٩٦٠، لەبارەی گفتوگۆیەک لەگەڵ نورەدین محێدین، بەڕێوەبەری گشتی بیناسازی، لەبارەی کورد [FO371/149669].

٩١. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (١٠١١٤/٣٣/٦٠) لەلایەن مستەر س. فالی (Mr S. Falle) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ج. وایتوێل (Mr S. J. Whitwell)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٢ی سێپتەمبەر ١٩٦٠؛ وەرگێڕانی وتارێک لە ڕۆژنامەی (ئەلحوریە)ی ناسیۆنالیستدا لە ٩ی ئۆگۆست ١٩٦٠ بڵاوبووەتەوە، باس لەو داواکارییانە دەکات کە لەلایەن شاندی کوردەوە خراوەتە بەردەم سەرۆک وەزیرانی عێراق [FO371/149669].

٩٢. نووسراوی نهێنی بە ژمارە (١٠١١٤/٣٥/٦٠) لەلایەن مستەر س. فالی (Mr S. Falle) باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ج. وایتوێل (Mr S. J. Whitwell)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١١ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٠؛ لەبارەی گفتوگۆیەک لەگەڵ نورەدین محێدین، بەڕێوەبەری گشتی کار و بیناسازی گشتی، وەزارەتی کار و نیشتەجێکردن، لەبارەی شەڕ لە نێوان کورددا؛ وەرگێڕانی وتارێک، لە خەبات لە ٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٠دا بڵاو بووەتەوە. وتارەکە

ئـەوە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە تـا ئێسـتاش شـەڕ بەردەوامـە [FO371/149669].

٩٣. نـووسراوی نهێنـی بـە ژمـارە (١٠١١٤/٣٧/٦٠) لەلایـەن مسـتەر س. فالـی (Mr S. Falle) باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر س. ج. وایتوێـل (Mr S. J. Whitwell)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٤ی ئۆکتۆبـەر ١٩٦٠؛ لەبـارەی گفتوگۆیەکـەی لەگـەڵ محەمـەد بریفکانـی، سەرنووسـەری تەقـەدوم، سـەبارەت بـە دواییـن ئاڵۆزییەکانـی کوردسـتانی عێـراق [FO371/149669].

٩٤. هەواڵگریـی نهێنـی، ژمـارە ١٢٠، لەلایـەن نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـۆ بەشـێک لـە نوێنەرایەتییەکانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ، ٢٢ی سـێپتەمبەر ١٩٦١، بـە ناونیشـانی ‹کـورد› [FCO17/872].

٩٥. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (١٠١١٤/١/٦٥) لەلایـەن مسـتەر یـ. ف. ج. مەینـارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر م. سـت. یـ. بۆرتـن (Mr M. St. E Burton)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢ی جانیـوەری ١٩٦٥، لەبـارەی دانوسـتانی نێـوان حکومەتـی عێـراق و کـورد سـەبارەت بـە تێکچوونـی بارودۆخـی سـەقامگیر [FO.248/1616].

٩٦. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (١٠١١٤/٥/٦٥) لەلایـەن مسـتەر یـ. ف. ج. مەینـارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر م. سـت. یـ. بۆرتـن (Mr M. St. E Burton)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٩ی جانیـوەری ١٩٦٥، سـەبارەت بـە ڕووداوەکانـی کوردسـتان [FO.248/1616].

٩٧. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (١٠١١٤/٨/٦٥) لەلایـەن مسـتەر یـ. ف. ج. مەینـارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر م. سـت. یـ. بۆرتـن (Mr M. St. E Burton)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٦ی جانیـوەری ١٩٦٥، بەناونیشـانی ‹کوردسـتان› [FO.248/1616].

٩٨. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (١٠١١٤/١٢/٦٥) لەلایـەن مسـتەر یـ. ف. ج. مەینـارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر م. سـت. یـ. بۆرتـن

(Mr M. St. E Burton)، بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٢٣ی جانیــوەری ١٩٦٥، بەناونیشــانی ‹کوردســتان› [FO.248/1616].

٩٩. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (٦٥/٢٣/١٠١١٤) لەلایــەن مســتەر یــ. ف. ج. مەینــارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ مســتەر م. ســت. یــ. بۆرتــن (Mr M. St. E Burton)، بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١٣ی فێبریــوەری ١٩٦٥، بەناونیشــانی ‹کوردســتان› [FO.248/1616].

١٠٠. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (٦٥/٢٥/١٠١١٤) لەلایــەن مســتەر یــ. ف. ج. مەینــارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ مســتەر م. ســت. یــ. بۆرتــن (Mr M. St. E Burton)، بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٢٧ی فێبریــوەری ١٩٦٥، بەناونیشــانی ‹کوردســتان›، بــاس لــە خــۆ ئامادەکردنــی ســوپای عێــراق دەکات بــۆ دووبــارە هەڵگیرســاندنەوەی شــەڕ لــە دژی کــورد هــەر کاتێــک کــە کــەش و هــەوا لەبــار بــوو [FO.248/1616].

١٠١. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (٦٥/٣٦/١٠١١٤) لەلایــەن مســتەر یــ. ف. ج. مەینــارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ مســتەر م. ســت. یــ. بۆرتــن (Mr M. St. E Burton)، بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١٦ی مــارچ ١٩٦٥، بەناونیشــانی ‹کوردســتان›، بــاس لــە جووڵــەی ئاشــکرای ســوپای عێــراق بــەرەو باکــوور دەکات [FO.248/1616].

١٠٢. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (٦٥/٣٧/١٠١١٤) لەلایــەن مســتەر یــ. ف. ج. مەینــارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ مســتەر م. ســت. یــ. بۆرتــن (Mr M. St. E Burton)، بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١٣ی مــارچ ١٩٦٥، بەناونیشــانی ‹کوردســتان›، بــاس لــە بەردەوامــی جووڵــەی ســوپای عێــراق بــەرەو باکــوور دەکات [FO.248/1616].

١٠٣. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (٦٥/٤٥/١٠١١٤) لەلایــەن مســتەر یــ. ف. ج. مەینــارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ مســتەر م. ســت. یــ. بۆرتــن

(Mr M. St. E Burton)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٠ی مـارچ ١٩٦٥، بەناونیشـانی ‹کوردسـتان›، بـاس لـەوە دەکات کـە جووڵـەی سـوپای عێـراق بـەرەو باکـوور خەریەکـە کامـڵ دەبێـت [FO.248/1616].

١٠٤. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (١٠١١٤/٥٢/٦٥) لەلایـەن مسـتەر یـ. ف. ج. مەینـارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر م. سـت. یـ. بۆرتـن (Mr M. St. E Burton)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٧ی مـارچ ١٩٦٥، بەناونیشـانی ‹کوردسـتان›، بـاس لـەوە دەکات، حاڵـی حـازر سـوپای عێـراق بـە مەبەسـتی دووبـارە دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لـە باکـوور، گەڕاوەتـەوە بـاری جارانـی خـۆی [FO.248/1616].

١٠٥. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (١٠١١٤/٥٦/٦٥) لەلایـەن مسـتەر یـ. ف. ج. مەینـارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر م. سـت. یـ. بۆرتـن (Mr M. St. E Burton)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢ی ئەپریـل ١٩٦٥، بەناونیشـانی ‹کوردسـتان›، بـاس لـەوە دەکات کـە درەنگکەوتنـی هێرشـکردنە سـەر کـورد لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە، بووەتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی دەنگـۆکان و گومـان [حکومەتـی عێـراق] لـە بەغـدا [FO.248/1616].

١٠٦. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (١٠١١٤/٦٠/٦٥) لەلایـەن مسـتەر یـ. ف. ج. مەینـارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر م. سـت. یـ. بۆرتـن (Mr M. St. E Burton)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٠ی ئەپریـل ١٩٦٥، بەناونیشـانی ‹کوردسـتان›، بـاس لـەوە دەکات، هێرشـی سـوپای عێـراق بـۆ سـەر خەڵکـی مەدەنـی لـە سـلێمانی بووەتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی دەنگـۆکان لـە بەغـدا، کـە شـەڕ دەسـتی پێکـردووە [FO.248/1616].

١٠٧. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (١٠١١٤/٦٤/٦٥) لەلایـەن مسـتەر یـ. ف. ج. مەینـارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر م. سـت. یـ. بۆرتـن (Mr M. St. E Burton)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٥ی ئەپریـل

١٩٦٥، بەناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات کە وادیارە هێرشی سوپای عێراق لە ٦ و ٧ی ئەپریل ١٩٦٥، دەستی پێکردووە [FO.248/1616].

١٠٨. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/٧٧/٦٥) لەلایەن مستەر ی. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. ی. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٤ی ئەپریل ١٩٦٥، بەناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات، هێرشی سوپای عێراق لە باکوور بەردەوامە و بەرەی شەڕ بەرفراوان نییە (small scale) [FO.248/1616].

١٠٩. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/٨٣/٦٥) لەلایەن مستەر س. ل. ئیگێرتۆن (Egerton)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. ی. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٨ی مەی ١٩٦٥، لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستان [FO.248/1616].

١١٠. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/٨٨/٦٥) لەلایەن مستەر س. ل. ئیگێرتۆن (Egerton)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. ی. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٥ی مەی ١٩٦٥، لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستان [FO.248/1616].

١١١. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/٩٤/٦٥) لەلایەن مستەر س. ل. ئیگێرتۆن (Egerton)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. ی. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٢ی مەی ١٩٦٥، لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستان [FO.248/1616].

١١٢. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/١٠٠/٦٥) لەلایەن مستەر س. ل. ئیگێرتۆن (Egerton)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. ی. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٨ی مەی ١٩٦٥، لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستان، باس لەوە دەکات، دامرکاندنەوەی ئۆپەراسیۆنەکانی باکوور لە میانەی ئەم هەفتەیەدا بەردەوام بووە [FO.248/1616].

١١٣. نووسراوێکی نهێنی بۆ ڕێنوێنیکردن، ژمارە ٢٣٠، لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ بەشێک لە نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ، ١ی جون ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کورد›، باس لە ناڕەزایی دەربڕینی باڵیۆزی عێراق لە بەریتانیا دەکات، بە هۆی ئەوەی ڕێگە دراوە جەلال تاڵەبانی، سەرکردەی کوردی نەیاری حکومەت، کە سەردانی لەندەنی کردووە، بە ئاشکرا [لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا] دەرکەوێت [FO.248/1616].

١١٤. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/١٠٧/١٠١١٤) لەلایەن مستەر ی. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. ی. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٤ی جون ١٩٦٥، بەناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات کە هیچ ئاماژەیەک بۆ سەر لەنوێ دەسپێکردنەوەی هێرشی سوپای عێراق لە باکوور لەئارادا نییە [FO.248/1616].

١١٥. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/١١٣/١٠١١٤) لەلایەن مستەر ی. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. ی. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٨ی جون ١٩٦٥، بەناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات کە لە زنجیرە چیای قەرەداغ و نزیک چیای سەفین ئۆپەراسیۆنی سەربازیی ئەنجام دەدرێت [FO.248/1616].

١١٦. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/١٢١/١٠١١٤) لەلایەن مستەر ی. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. ی. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٥ی جون ١٩٦٥، بەناونیشانی ‹کوردستان›، باس لە ئۆپەراسیۆنی قەرەداغ دەکات [FO.248/1616].

١١٧. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/١٢٣/١٠١١٤) لەلایەن مستەر ی. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. ی. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢ی جولای ١٩٦٥، بەناونیشانی ‹کوردستان›، باس لە شەڕی ناوچەی قەرەداغ دەکات [FO.248/1616].

١١٨. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/١٢٥/١٠١١٤) لەلایەن مستەر د. ک. هاسکێل (Mr D. K. Haskell)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٩ی جولای ١٩٦٥، لەباری یەکەم کۆنفرانسی ئیسلامی لە عێراق [FO.248/1616].

١١٩. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/١٢٦/١٠١١٤) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٩ی جولای ١٩٦٥، سەبارەت بە پێشڕەوییەکانی [سوپای عێراق] لە پێنجوێن [FO.248/1616].

١٢٠. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/١٢٩/١٠١١٤) لەلایەن مستەر د. ک. هاسکێل (Mr D. K. Haskell)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٧ی جولای ١٩٦٥، لەبارەی یەکەم کۆنفرانسی ئیسلامی لە عێراق کە تێیدا حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات ئەم کۆنفرانسە بۆ پڕۆپاگەندە دژی کورد بەکار بهێنێت [FO.248/1616].

١٢١. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/١٢٨/١٠١١٤) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٧ی جولای ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان› [FO.248/1616].

١٢٢. نووسراوی نهێنی ژمارە (EQ1019/7) لەلایەن مستەر و. مۆریس (Mr W. Morris)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ مستەر د. ج. ب رۆبی (Mr D. J. B. Robey)، بەغدا، ١٤ی جولای ١٩٦٥، باس لە گفتوگۆی نێوان خوی و باباعەلی دەکات؛ ئەو هێرشەکەی سوپای عێراق بە هێرشێکی بێ جیاکاری بۆ وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان هەژمار دەکات و داوا لە بەریتانیا دەکات، چیتر چەک بۆ عێراق دابین نەکات [FO.248/1616].

١٢٣. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/١٣٢/١٠١١٤) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت.

برانــت (Mr C. T. Brant)، بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ٣٠ی جــوڵای ١٩٦٥، بــە ناونیشــانی ‹کوردســتان›، بــاس لــە هەڵمەتــی چاپەمەنــی حکومەتــی عێــراق لــە دژی کــورد دەکات [FO.248/1616].

١٢٤. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (EQ 1019/76) لەلایــەن مســتەر س. ت. برانــت (Mr C. T. Brant)، بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، بــۆ مســتەر یــ. ف. ج. مەینــارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، ٨ی ئۆگۆســت ١٩٦٥، ســەبارەت بــە شــەڕ لــە کوردســتان؛ تەلەگرامــی نهێنــی ژمــارە ٢٥١، لەلایــەن باڵیۆزخانــەی کەنــەدا، تــاران، ٢٩ی جــوڵای ١٩٦٥، بــاس لــەو ئەزموونــە (impressions) دەکات کــە جیــن فرانکویــس چاڤێــل (Jean Francois Chauvel)، لــە ڕۆژنامــەی فیــگارۆ کار دەکات، بــە هاوڕێیەتــی وێنەگــەری ڕۆژنامــەی ‹پاریــس مــەچ› ‹Paris Match› لــە گەشــتێکیان بــۆ کوردســتانی عێــراق بینیوویانــە [FO.248/1617].

١٢٥. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (EQ 1019/71) لەلایــەن مســتەر س. ت. برانــت (Mr C. T. Brant)، بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، بــۆ مســتەر ئــا. ج. بێمیــش (Mr A. J. Beamish)، تــاران، ٩ی ئۆگۆســت ١٩٦٥، لەبــارەی بڵاوکراوەکــەی عێــراق ســەبارەت بــە پرســی کــورد [FO.248/1617].

١٢٦. تەلەگرامــی نهێنــی ژمــارە ١٢٧٦، لەلایــەن نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە بــۆ تــاران، ١١ی ئۆگۆســت ١٩٦٥، ســەبارەت بــە چاوپێکەوتنێــک لەگــەڵ جێگــری ســکرتێری هەمیشــەیی عێــراق (Iraqi Permanent Under Secretary) لەبــارەی پرســی کــورد [FO.248/1617].

١٢٧. نــووسراوی نهێنــی ژمــارە (١٠١١٤/١٣٧/٦٥) لەلایــەن مســتەر یــ. ف. ج. مەینــارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانــەی بەریتانیــا، بەغــدا، بــۆ مســتەر س. ت. برانــت (Mr C. T. Brant)، بەشــی ڕۆژهــەڵات، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، ١٢ی ئۆگۆســت ١٩٦٥، بــە ناونیشــانی ‹کوردســتان›، ســەبارەت بــە ســەردانەکەی چاڤێــل بــۆ کوردســتان [FO.248/1617].

١٢٨. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/١٣٥/١٠١١٤) لەلایەن مستەر ی. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٢ی ئۆگۆست ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باسی ڕاگەیاندنی حکومەتی بەغدا دەکات لە چاپەمەنییەکاندا، بەوەی هەڵمەتی هێرشکردنە سەر کوردستان بە سەرکەوتوانە کۆتایی پێهاتووە و دەست بەسەر بڕێکی زۆری چەک و تەقەمەنی بیانیدا گیراوە [FO.248/1617].

١٢٩. تەلەگرامی نهێنی ژمارە ١٢٧٣، لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ تاران، ١٢ی ئۆگۆست ١٩٦٥، ئاماژە بە تەلەگرامی ژمارە ٦٤٥ دەکات لەلایەن بەغداوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١١ی ئۆگۆست ١٩٦٥، لەبارەی ناڕەزایەتی دەربڕینی عێراق لە ڕێگەی خەلەفەوە [FO.248/1617].

١٣٠. تەلەگرامی نهێنی ژمارە ١٢٨١، لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ تاران، ١٢ی ئۆگۆست ١٩٦٥، باس لە گفتوگۆیەک دەکات لەسەر هەڵسوکەوتی (demarche) عێراق لەگەڵ راسپێردراوی (Charge d'Affairs) ویلایەتە یەکگرتووەکان [FO.248/1617].

١٣١. تەلەگرامی نهێنی ژمارە ١٢٨٩، لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ تاران، ١٣ی ئۆگۆست ١٩٦٥، باس لەوە دەکات کە حکومەتی بەریتانیا حکومەتی عێراق دڵنیا دەکاتەوە، بەریتانیا چەک و پارە بۆ کورد دابین ناکات [FO.248/1617].

١٣٢. تەلەگرامی نهێنی ژمارە ١٢٩٠، لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ تاران، ١٣ی ئۆگۆست ١٩٦٥، داوا دەکات وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئاگاداربکرێتەوە لە ناڕەزایی دەربڕینی حکومەتی عێراق و عێراقیش لە وەڵامەکە ئاگادار بکرێتەوە [FO.248/1617].

١٣٣. تەلەگرامی نهێنی ژمارە ١٣٢٢، لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ تاران، ١٨ی ئۆگۆست ١٩٦٥، سەبارەت بە سەردانی باڵیۆزی عێراق، تا [بۆ بەریتانیا] بسەلمێنێت کە حکومەتی عێراق بەڵگەی پشتڕاستکراوی لەبەر دەستە کە

حکومەتـی ئێـران یارمەتـی سـەربازی پێشکەشـی کـورد دەکات [FO.248/1617].

١٣٤. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (٦٥/١٨٢١) لەلایـەن مسـتەر س. د. ویگـن (Mr C. D. Wiggin)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، تـاران، بـۆ مسـتەر و. مۆریـس (Mr W. Morris) بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١٨ی ئۆگۆسـت ١٩٦٥، بـاس لـەوە دەکات کـە وەزیـری کاروبـاری دەرەوە و وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بـە وەکالـەت دەتوانـن سـەبارەت بـە عێـراق چـی بـە هاوکارەکانیـان لـە سـەنتۆ بڵێـن [FO.248/1617].

١٣٥. نـووسراوی نهێنـی لەلایـەن نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، بـۆ مسـتەر یێ. ف. ج مەینـارد، بەغـدا، ٢٠ی ئۆگۆسـت ١٩٦٥؛ وەرگێڕانـی نامـەی مسـتەفا بارزانـی بـە نوێنەرایتـی کـوردەوە بـۆ سـەرۆک وەزیـران، جـوڵای ١٩٦٥، [نامەکـەی شـەریف ئەحمەد هاوپێـچ نەکـراوە] [FO.248/1617].

١٣٦. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (٦٥/١٥١/١٠١١٤) لەلایـەن مسـتەر یـ. ف. ج. مەینـارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانـــەی بەریتانیـــا، بەغـــدا، بـــۆ مســـتەر س. ت. برانـت (Mr C. T. Brant)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٦ی ئۆگۆسـت ١٩٦٥، بـاس لـەوە دەکات کـە جەنـگ لەگشـت میحوەرەکانـی باکـوور بەردەوامــە [FO.248/1617].

١٣٧. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (٦٥/١٥٣/١٠١١٤) لەلایـەن مسـتەر د. ج. ب. ڕۆبـی (Mr D. G. Robey)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر و. مۆریـس (Mr W. Morris)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢٦ی ئۆگۆسـت ١٩٦٥، سـەبارەت بـە پەیوەنـدی نێـوان ئێـران- عێـراق و کـورد [FO.248/1617].

١٣٨. نـووسراوی نهێنـی ژمـارە (٦٥/١٥٨/١٠١١٤) لەلایـەن مسـتەر یـ. ف. ج. مەینـارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەغـدا، بـۆ مسـتەر س. ت. برانـت (Mr C. T. Brant)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ٢ی سـێپتەمبەر ١٩٦٥، بـاس لـە نیگەرانـی جیـددی کـورد دەکات لـە ئەگـەری بەکارهێنانـی گاز لەلایـەن حکومەتـی عێـراق لـە دژی باکـوور [FO.248/1617].

١٣٩. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/١٦٥/٦٥) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٩ی سێپتەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کورددستان›، باس لە کاریگەری گۆڕینی حکومەت لەسەر بارودۆخی کوردستان دەکات [FO.248/1617].

١٤٠. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/١٦٧/٦٥) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. یـ. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٦ی سێپتەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات کە لە هەفتەی ڕابردوودا شەڕێکی قورس لە باکوور ڕوویداوە [FO.248/1617].

١٤١. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/١٦٩/٦٥) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، مستەر م. ست. یـ. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٣ی سێپتەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات هێرشی بە پێچەوانەی کورد زۆر نزیکە [FO.248/1617].

١٤٢. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/١٧٢/٦٥) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. یـ. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٣٠ی سێپتەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات کە حکومەتی عێراق بۆ چارەسەری پرسی کورد داوای ڕاگرتنی یارمەتیدانی کورد لەلایەن ئێرانەوە دەکات [FO.248/1617].

١٤٣. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/١٧٧/٦٥) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر م. ست. یـ. بۆرتن (Mr M. St. E Burton)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە،

٧ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، گەیاندنی ئەو پەیامەی کە هێرشی پێچەوانە لەلایەن کوردەوە بەردەوامە [FO.248/1617].

١٤٤. نووسراوی نهێنی ژمارە (EQ 1019/101) لەلایەن مستەر پ. کرادۆک(Mr P. Cradock)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ مستەر ج. هـ. ج. لێی (Mr J. H. G. Leahy)، تاران، ١٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٥، ئەو قسانەی کە لە کۆبوونەوەی نێوان بۆنار سکایس (Bonar Skyes) و شەفیق ئەحمەد کراون، پشتڕاست دەکاتەوە [FO.248/1617].

١٤٥. نووسراوێکی نهێنی لەلایەن مستەر و. مۆریس (Mr W. Morris) نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ سێر، ر. ئا. بیومۆنت (Sir. R. A. Beaumont)، بەغدا، ٢٢ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٥، سەبارەت بە کۆبوونەوەیەک لە لەندەن لە نێوان سێر م. بریجمەن (Sir M. Bridgeman)، سەرۆکی بریتیش پترۆلیۆم و سەرۆک وەزیرانی عێراق [FO.248/1617].

١٤٦. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/١٣/٦٥) لەلایەن مستەر ی. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٢ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لە بارودۆخی ئیستای کوردستان و بەردەوامی جەنگ لە گشت ناوچەکانی کوردستان دەکات [FO.248/1617].

١٤٧. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/١٨٦/٦٥) لەلایەن مستەر ی. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٩ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لە باس لە قسەکانی سوپاسالار عوقێلی، وەزیری بەرگری عێراق دەکات، کە بڕیارە لە وەرزی زستان بەردەوامی بە شەڕ لە دژی کورد بدەن [FO.248/1617].

١٤٨. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/١٩٠/٦٥) لەلایەن مستەر ی. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C.

T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٥ی نۆڤەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لە بارودۆخی شەڕ لە کوردستان دەکات [FO.248/1617].

١٤٩. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/١٩٥/٦٥) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٢ی نۆڤەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات کە شەڕ لە گشت ناوچەکانی کوردستان بەردەوامە [FO.248/1617].

١٥٠. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/٢٠١/٦٥) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٩ی نۆڤەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لە شەڕی حکومەتی عێراق لە دژی کورد دەکات [FO.248/1617].

١٥١. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/٢٠٤/٦٥) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٣ی دێسەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات کە شەڕ لە باکووری عێراق بە هۆی کەش و هەوای زستانە نەوەستاوە [FO.248/1617].

١٥٢. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/٢٠٦/٦٥) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٠ی دێسەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات بە گوێرەی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو پێنجوێن کەوتووەتە دەست کورد [FO.248/1617].

١٥٣. نووسراوی نهێنی ژمارە (١٠١١٤/٢١٠/٦٥) لەلایەن مستەر یـ. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت

(Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٧ دێسەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، ئەو ڕاپۆرتەی کە ئاماژەی بەوە کردبوو پێنجوێن کەوتووەتە دەست کورد، هیچ بنەمایەکی نییە [FO.248/1617].

١٥٤. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٥/٢١٥/١٠١١٤) لەلایەن مستەر ی. ف. ج. مەینارد (Mr E. F. G. Maynard)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر س. ت. برانت (Mr C. T. Brant)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٣١ی دێسەمبەر ١٩٦٥، بە ناونیشانی ‹کوردستان›، باس لەوە دەکات کە لە هەفتەی رابردوو چەندین هێرش کراونەتە سەر پێنجوێن [FO.248/1617].

١٥٥. یاداشتێکی نهێنی لەلایەن مستەر و. موریس (Mr W. Morris)، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بۆ مستەر برێنچلی (Mr Brenchley) و مستەر ئاربۆسنۆت (Mr Arbuthnott)، ٢٠ی فێبریوەری ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹بارودۆخی کوردستانی عێراق [FCO17/408].

١٥٦. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٧/١١/١٠١١٤) لەلایەن مستەر س. ل. ئیگێرتۆن (Egerton)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢١ی فێبریوەری ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹داوای کورد بۆ پارەدارکردن› (The Kurdish Appeal Fund)؛ هاوپێچ لەگەڵ داوایەک کە لە ئاژانسی هەواڵگری عێراقدا (Iraq News Agency Bulletin) بڵاو بووەتەوە، ١٩ی فێبریوەری ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹لێژنەی کۆکردنەوەی پارە بۆ باکوور›، بۆ چارەسەرکردنی بارودخی سەختی ژیان لە گوندەکانی باکوور [FCO17/408].

١٥٧. نووسراوی نهێنی ژمارە (٦٧/١٠/١٠١١٤) لەلایەن مستەر س. ل. ئیگێرتۆن (Egerton)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا، بۆ مستەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢١ی فێبریوەری ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹کاروباری کورد›، وەرگێڕانی وتارێکی سەوت ئەلعەرەب، ٢٠ی فێبریوەری ١٩٦٧، بە

ناونیشـانی ‹قسـەیەک لەسـەر سـوپا، خەڵک و گەشـەی باکوور›، [FCO17/408].

١٥٨. نووسراوێکـی نهێنـی لەلایـەن سـێر ج. تامسـۆن (Sir G. Thompson)، بـۆ مسـتەر ج، گویـن مـۆرگان (Mr J. Gwyn Morgan)، ٢٢ی فێبریـوەری ١٩٦٧، سـەبارەت بـە بارودۆخـی کوردسـتانی عێـراق [FCO17/408].

١٥٩. نووسراوێکـی نهێنـی بـە ژمـارە (٦٧/١٦/١٠١١٤) لەلایـەن مسـتەر ج. ف. والکێـر (Mr J. F. Walker)، بەغـدا، بـۆ مسـتەر د. مۆنتگۆمێـری (Mr D. Montgomery)، بەشـی ڕۆژهـەڵات، نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، ١١ی مـارچ ١٩٦٧، بـە ناونیشـانی ‹کاروبـاری کـورد› [FCO17/408].

١٦٠. نووسراوێکی نهێنی بە ژمـارە (٦٧/٢٠/١٠١١٤) لەلایەن مسـتەر ج. ف. والکێر (Mr J. F. Walker)، بەغـدا، بۆ مسـتەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشـی ڕۆژهەڵات، نووسـینگەی کاروباری دەرەوە، ١٨ی مارچ ١٩٦٧، بە ناونیشـانی ‹کاروباری کورد›، باس لە سـەردانی رەجـەب عەبدولمەجیـد، جێگری سـەرۆک وەزیران بۆلای مەلامسـتەفا لە گەڵاڵە دەکات؛ وەرگێڕانی وتارێکی ڕۆژنامـەی ئەلعەرەب، ١٨ی مارچ ١٩٦٧، باس لـەوە دەکات کە دوو یەکەی ئیداری لە کوردسـتان دامـەزراون، یەکێک لـە گەڵالە و ئەویتریان لە خۆشـناو [FCO17/408].

١٦١. نووسراوێکـی نهێنـی بـە ژمـارە (1067/2/IRQ) لەلایـەن مسـتەر هــ. سـت. ج. ب. ئارمیتـاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا، بەیـروت، بـۆ مسـتەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ١٣ی سـێپتەمبەر ١٩٦٧، بـە ناونیشـانی ‹بارودۆخـی کـوردی عێـراق› [FCO17/408].

١٦٢. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1067/2/IRQ) لەلایەن مستەر هـ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ مستەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹بارودۆخی کوردی عێراق›، باس لەوە دەکات کە حکومەتی عێراق سیاسەتی هێنانەدی داواکاریی کوردی گرتووتەبەر [FCO17/408].

١٦٣. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1067/2/IRQ) لەلایەن مستەر هـ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ مستەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٦ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹بارودۆخی کوردی عێراق›، باس لە دەستپێشخەری تەها یەحیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەکات [FCO17/408].

١٦٤. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1067/2/IRQ) لەلایەن مستەر هـ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ مستەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٩ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹بارودۆخی کوردی عێراق›، باس لە هەنگاوەکانی بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیریی لە باکووری عێراق دەکات؛ هەروەها بابەتێکی بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی جیهانی عەرەب (Arab World)، ٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٧، تایبەتە بە سێ داوکاریی سەرەکی کورد [FCO17/408].

١٦٥. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1067/2/IRQ) لەلایەن مستەر هـ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ مستەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٩ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹کوردی عێراق›؛ مانیفێستی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١١ی سێپتەمبەر ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹شەشەمین ساڵوەگەری شۆڕشە نەمرەکەمان›، تایبەتە بە شەشەمین ساڵوەگەری شۆڕشی ساڵی ١٩٦١›، [FCO17/408].

١٦٦. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1067/2/IRQ) لەلایەن مستەر هـ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ مستەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە،٢٠ی نۆڤەمبەر ١٩٦٧، باس لەوە دەکات کە سەرەڕای بەڵێنەکانی حکومەت، کەچی تاڵەبانی لە کەمپەکەیدا لە بەکرەجۆ ماوەتەوە [FCO17/408]

١٦٧. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1023A/67) لەلایەن مستەر د. ک. تیمس (Mr D. K. Timms)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، تاران، بۆ مستەر ئا. ج. بێمیش (Mr A. J. Beamish)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٨ی نۆڤەمبەر ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹پەیوەندییەکانی نێوان کورد و حکومەتی عێراق›، لەبەرەی مەترسی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ بەهۆی شکستی حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لە جونی ١٩٦٦ بە کوردی داوە؛ وەرگێڕانی نامەیەک بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، لەگەڵ دەقە ڕەسەنەکەی بە زمانی عەرەبی لەلایەن مەلامستەفا بارزانی سەرکردەی کوردی عێراق، لە ئۆکتۆبەر ١٩٦٧ بۆ سەرۆک وەزیران نێردراوە، نامەکە باس لەو بارودۆخە مەترسیدارە دەکات، هەنوکە باڵی بەسەر عێراق کێشاوە [FCO17/408].

١٦٨. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1067/2/IRQ) لەلایەن مستەر هـ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ مستەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٢٣ی دێسەمبەر ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹کوردی عێراق› [FCO17/408].

١٦٩. نووسراوێکی نهێنی بە ژمارە (1067/2/IRQ) لەلایەن مستەر هـ. ست. ج. ب. ئارمیتاژ (Mr H. St. J. B. Armitage)، باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەیروت، بۆ مستەر د. مۆنتگۆمێری (Mr D. Montgomery)، بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ٣٠ی دێسەمبەر ١٩٦٧، بە ناونیشانی ‹کوردی عێراق›، لەبارەی پشتگوێخستنی ڕاپۆرتەکانی پەیوەست بە پێکدادانەکان لە باکووری عێراق [FCO17/408].

زۆر نهێنیی

کۆنسوڵگەری بەریتانیا

کرماشان، ئێران

٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٤١

(ژمارە ٥٥)

بەڕێز...

١. شەرەفمەندم یاداشتنامەیەکتان بۆ ڕەوانە بکەم کە گفتوگۆی ئەمڕۆ بەیانی نێوان من و ژەنەڕاڵ موقەدەم فەرماندەی هێزەکانی ئێرانی لە کرماشان لەخۆگرتووە. دڵنیام ئێوە پشتگیریی لەو زمانە دەکەن کە لەم گفتوگۆیەدا گرتوومەتەبەر.

٢. بۆ زانیاریی، کۆپییەك لە یاداشتنامەکە بۆ باڵیۆزی حکومەتی خاوەنشکۆ لە بەغدا، پاشکۆی سەربازیی بەریتانیا لە تاران، فەرماندەی فەرماندەیی گشتی (G. O. C)، بۆ (''G, C, ''I) و کەرتی ١٠ی هیند (لە ڕێگەی کاپتن جیکۆک (Jeacock)ەوە، عەمیدی فەرماندە لە تیپی ٢١ی پیادەی هیند، نێردراوە.

گەورەم، شەرەفمەندم خزمەتکاری وەفاداری ئێوە بم.

**کرماشان، ١٠ی ئۆکتۆبەر ١٩٤١**

ئەو ڕاپۆرتەم بەدەست گەیشت کە ژەنەڕاڵ موقەدەم بەڵێنی ئامادەکردنی دابوو. سەختە ئەم ڕاپۆرتە لە کاتی خۆیدا بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرێت و وەرگێڕانەکە لەگەڵ جانتای [نامەکان] بنێردرێت کە سبەی بەیانی لە تاران دەردەچێت. مێجەر فلێچەر (Major Fletcher) کۆپییەکی لە یاداشتنامەکەی لە کاپتن جیکۆک وەرگرتووە، کۆپییەکیش لە ڕاپۆرتەکەی ژەنەڕاڵ موقەدەمی بەدەست گەیشتووە و پێشنیاز دەکەم، وەرگێڕانی ڕاپۆرتەکەی لە کاتی خۆیدا، لێی وەربگرن.

Sir Reader W. Bullard, K. C. M. G., J. I. E., etc, etc

His Majesty's Minister, British Legation, Tehran

(ل ٢-٤)

(740/18/2/2)

**یاداشتنامە**

١. ئەمڕۆ ژەنەڕاڵ موقەدەم پەیوەندی پێوەکردم و بە درێژی باسی لەو گرفتانە کرد، لە ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکەیدا لە کوردستان ڕووبەڕووی بووەتەوە. زۆر ڕەشبین بوو و گوتی تا هەنوکە هەوڵەکانی بۆ چەکداماڵینی کورد لە کورستاندا بێ سوود بووە و هێزەکانی نەیانتوانیوە نزیکەی ئەو ١٠٠٠ سەربازەی ( هێزەکانی ژەنەڕاڵ موعینی سەر بە کەرتی چوار) ڕزگار بکەن کە لە ماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا لە سەردەشت لەلایەن کوردی خێڵەکانەوە گەمارۆ دراون. هەروەها لە ناوچەیەکی بەرفراوانی نێوان میاندواو و جوانڕۆ، تالانی بووە بە دیاردە و [بە بەراورد لەگەڵ هێزی خێڵە کوردییەکان] توانای هێزەکانی بۆ گەڕاندنەوەی ئارامی بۆ ناو خێڵە کوردییەکان، ناهاوسەنگە.

٢. ژەنەڕاڵ موقەدەم گوتی گومانی هەیە، کورد لەم ناوچە فرەوانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتەوە هان بدەرێن، لەبەرانبەر هێزی سوپای ئێراندا بوەستنەوە و وەها دەردەکەوێت کەوتنی ئەم دواییانەی میاندواو بە دەست کوردەوە، ئاماژەیەکە بۆ دەست تێکەڵکردنی ڕووس لە هێرشی خێڵە کوردەکان بۆ سەر میاندواو. ڕوونی کردەوە کورد بەکرێگیراوی کەسێکن و هۆکاری ناسەقامگیرین لە ڕۆژئاوای ئێران و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق. ترسی هەبوو کورد ئاژاوە بنێنەوە و بگەڕێنەوە سەر خەسڵەتە کۆنەکەیان کە بریتییە لە هەڕەشەکردن بۆ بەدەستهێنانی شتێک، وەک هێزێکی نارێکخراو، دەچنە ژێر فەرمانی هەر کەسێک پارەی زۆرتریان بداتێ و هێرش بکەنە سەر هەر کەسێک باجیان نەداتێ. بە قسەی ژەنەڕاڵ موقەدەم، کورد ناتوانن ڕێز لە ژیانێکی هێمن و ئاشتییانە بگرن و بەلایانەوە ژیان بێ سەرەڕۆیی و تامی تالانکردن، بێ مانایە. ئەو ترسی هەیە ڕووس سوود لە کورد وەرگرن و هانیان

بـدەن گونـدە غەیرە-کوردییـەکان تـاڵان بکـەن. ئەگەرچـی ژەنـەڕاڵ موقـەدەم زۆر لەبـارەی [ڕووس] قسـەی نەکـرد، بـەڵام هەسـتێکی لای مـن دروسـتکرد، نیگەرانـی ئەوەیـە ڕووس بـە ختوکـەدانی خـووی لـە یاسـا-دەرچوونی کـورد، هەسـتێکی لایەنگرێتـی بـۆ ڕووسـیا لـە نـاو کـورددا دروسـت بـکات، دەکرێـت بـەرەو کۆمۆنیـزم یـان بەلشـەفیزم گەشـە بـکات.

٣. گوتـی بارودۆخـی کوردسـتان ئاڵـۆز نییـە، بـەڵام هـەم بـۆ ئێـران و هەمیـش بـۆ بەریتانیـا مەترسـیدارە. بـە تایبەتیـش ئەگـەری ئـەوە هەیـە هەندێـك کـورد (بەکرێگیـراوان و ئەوانـەی جێـی متمانەپێکـردن نیـن) لـە ڕێگـەی ئـەو لۆرییانـەوە کـە لـە ناوچـەی باشـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا و باکـووری ڕۆژهەڵاتـی عێراقـدا لـە هاتوچـۆ دان، دەرچەیـەک بـۆ بریـکارە (agent) ئەڵمانـەکان بـۆ هاتنـە نـاوەوەی ئێـران بکەنـەوە. ئێسـتا هێزەکانـی ژەنـەڕاڵ موقـەدەم لـە کوردسـتان خەریکـە شکسـت دەخـۆن و تـەواوی هەوڵەکانـی بـۆ تەجنیـدی سـەربازیی بـە خـورتی و کۆکردنـەوەی سـەربازە مەشـقپێکراوەکان و بەکارهێنانیـان لـە دژی کـوردە ڕاپەڕیـوەکان، دەسـتکەوتی ئەوتـۆی نەبـووە. داواکاریـی ئـەو لـە وەزارەتـی جەنـگ لـە تـاران، بـۆ ناردنـی سـەربازی زۆرتـر و یەکـەی پـڕ چەککـراو، بـە باشـی وەڵام نەدراوەتـەوە. لەمـەش زیاتـر، زۆر بەگومـان بـوو لـەوەی ئایـا لـە هیـچ شـوێنێکی ئێرانـدا هێـزە مەشـقپێکراوەکان و یەکـەی پڕچەککـراو هـەن تـا بـۆی بنێردرێـن؛ بۆیـە هیوایەکـی کەمـی هەیـە کـە لـە تارانـەوە یارمەتـی بدرێـت. بـە بـڕوای ئـەو، تـا ئەوکاتـەی لەلایـەن هێـزە سـەربازییەکانی بەریتانیـا، ئەوانـەی لـە ئێـران جێگیـرن، یارمەتـی خێـرا و مـاددی پـێ نـەگات و تـا ئەوکاتـەی بـە هاوبەشـی لەگـەڵ ئـەم هێزانـەدا ئارامـی بـۆ ئـەو ناوچەیـە [واتـە کوردسـتان] نەگەڕێتـەوە، هێـزە تێکـدەرەکان دەتوانـن بـە خێرایـی تەشـەنە بکـەن و ئـەوکات بـۆ لەنـاو بردنیـان پێویسـتی بـە هەوڵێکـی زۆری سـەربازیی هەیـە. ئەگـەر ئێسـتا، کیشـەکە بـە دروسـتی گرنگـی پێبدرێـت، ئەگـەری ئـەوە هەیـە لـە مـاوەی چەنـد هەفتەیەکـدا چارەسـەر بکرێـت. بـێ یارمەتـی خێـرا و بـە هێـزی سـەربازیی بـۆ

هێـزە کـەم و بـێ ورەکـەی، ژەنـەراڵ موقـەدەم بـە گومـان بـوو لـەوەی بتوانێـت کــوردە ڕاپەڕیــوەکان، چــەک بــکات.

٤. ژەنـەڕاڵ موقـەدەم پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکـرد، کێشـەکە لـە ڕێگـەی سـەربازییەوە بــە تەواوەتــی چارەســەر ناکرێــت. چونکــە ئارامــی لــە ســنوورەکانی نێــوان ســێ دەوڵەتەکــە [واتــە عێــراق و ئێــران و تورکیــا] لەناوچــووە و ئەگــەر ڕێگــە بدرێــت ئــــەم بارودۆخــــە بــــەردەوام بێــــت، چەندیــــن لێکەوتــــەی مەترســــیداری سیاســــی لێدەکەوێتــــەوە. بــــە بــــڕوای ئــــەو، لــــە ڕوانگــــەی سیاســــییەوە، بارودۆخەکــــە بــــە تەواوەتــی مەترسـیدارە، هــەر ئەمــە هــۆکاری ئــەوە بــوو، پەیوەنــدی بــە منــەوە بــکات و داوا بــکات، ئایــا دەکرێــت لەلایــەن بەریتانیــاوە لــە ڕووی ســەربازییەوە یارمەتــی بدرێــت.

٥. لـە وەڵامـدا گوتـم زۆر نیگەرانـم بـە بیسـتنی ئـەوەی هێزەکانـی ئێـران لـەم دواییانـە بـۆ چەککردنـی کـورد و گەڕانـەوەی ئارامـی، ڕەوانـەی کوردسـتان کرابـوون، تووشـی شکسـت بوونـە، بـەڵام ئەوەشـم زیـاد کـرد کـە پرسـیارەکەی ئـەو زۆر سـەختە و لـەو پێگەیـەدا نیـم بتوانـم وەڵامـی بدەمـەوە. پرسـیاری ئـەوەم کـرد، ئەگـەر ئـەو کێشــە ســەربازییەی ڕووبــەڕووی بووەتــەوە و بــۆ چارەســەرکردنی ئــەم کێشــەیە، پێویسـتی بـە یارمەتـی هێـزە مەشـقپێکراوەکان و یەکـە پڕچـەک و تفاقکراوەکانـی ئێرانـی هەبێـت، ئایـا ئـەو تـەواوی هەوڵەکانـی خـۆی خسـتووتەگەڕ بـۆ ئـەوەی لەلایـەن وەزارەتـی جەنگـی ئێرانـەوە لـە ڕووی سـەربازییەوە یارمەتـی بدرێـت؟ مـن گوتـم، ئەگـەر بێـت و ئـەو بـۆ بەهێزکردنـی هێزەکانـی پێویسـتی بـە یارمەتـی خێـرا هەبێـت، ئـەو کارە لـە دەرەوەی توانـای دەسـەڵاتدارانی سـەربازیی ئێرانـدا نییـە، نەتوانـن چەنـد هـەزار سـەربازێکی بـۆ بنێـرن.

٦. ژەنــەڕاڵ موقــەدەم لــە وەڵامــدا گوتــی، چەندیــن جــار نامــەی نووســیووە و تەلەگرامــی نــاردووە و مەترســیی بارودۆخەکــە و پێویســت بوونــی بــە یارمەتــی خێـرا ڕوونکردووەتـەوە، کەچـی تـا هەنوکـە یارمەتییەکـی زۆر کەمـی لـە تارانـەوە پێگەیشـتووە. ئـەو ئـەوەی خسـتەڕوو، بـەو ئەنجامـە گەیشـتووە، وەزارەتـی جەنـگ

یـان ئاسـتی مەترسـییەکانی پـێ کەمـە یـان لـە بارودۆخـە ڕاسـتەقینەکە تێنـاگات. شـای پێشـوو خـۆی وەزیـری جەنـگ و فەرمانـدەی گشـتی هێـزە چەکـدارەکان بـوو، هـەر بۆیـەش ژەنـەڕاڵ موقـەدەم لـەو بڕوایەدایـە هیـچ کەسـێکی ئەوتـۆ لـە وەزارەتـی جەنگـدا نییـە، لـە ئاسـتی مەترسـییەکانی بارودۆخـی کوردسـتان تێبـگات و بەرپرسـیارێتی ناردنـی هێـزی پشـتیوانی بـۆ [کوردسـتان] لـە ئەسـتۆ بگرێـت، بۆیـە چـاوەڕوان ناکرێـت، هێـزی پشـتیوانی لـە ناوچەکانیـتری ئێرانـەوە بـۆ کوردسـتان بنێردرێـت. هـەر بۆیـەش ژەنـەڕاڵ موقـەدەم پرسـیاری لـە مـن کـرد، ئایـا دەکرێـت پێشـبینی یارمەتیدانـی سـەربازیی بەریتانییـەکان بـکات؟

٧. مـن لـە وەڵامـدا گوتـم: ماوەیەکـی درێـژە سیاسـەتی حکومەتـی خاوەنشـکۆ بریتییـە لـە دەسـتێوەرنەدان لـە کاروبـاری ناوخـۆی ئێـران. هـەر بۆیـەش بـە بـڕوای مـن سـەختە حکومەتـی بەریتانیـا لـەم سیاسـەتە لابـدات و هێزەکانـی بەریتانیـا بـۆ گەڕانـەوەی ئارامـی لـە کوردسـتاندا بەکاربێنێـت. ئەگـەر بێـت و بارودۆخەکـە بـەو جـۆرەی ئـەو بـۆ منـی ڕوونکـردەوە، مەترسـیدار بێـت، کەواتـە زۆر زەرووره ئـەم بابەتـە بخرێتـە بـەردەم وەزارەتـی جەنـگ، کونسـوڵگەریی بەریتانیـا لـە تـاران و فەرمانـدەی گشـتی هێزەکانـی بەریتانیـا لـە تـاران. هـەر بۆیـەش مـن پێشـنیازم کـرد، ڕاپۆرتێـک لەسـەر ئـەم بابەتـە بنووسـێت و بـۆ وەزارەتـی جەنـگ لـە تـاران هاوپێچـی بـکات و تێیـدا دۆخـی ئێسـتای سـەربازیی و سیاسـیی کوردسـتان ڕوون بکاتـەوە و جـۆری ئـەو یارمەتییـە سـەربازییەی داوای دەکات دیـار بکرێـت. ئەگـەر هاتـوو ئـەو کۆپییـەك لـە ڕاپۆرتەکـەی بـۆ مـن نـارد، مـن کۆپییەکـە بـۆ نوێنەرایەتـی بەریتانیـا لـە تـاران ڕەوانـە دەکـەم، تـا بابەتەکـە لەبەرچـاو بگـرن و بێگومـان گشـت پرسـەکە لەلایـەن وەزیـری بەریتانیـا و فەرمانـدەی گشـتی هێزەکانـی بەریتانیـا لـە تـاران گرنگـی پێدەدرێـت. هەڵبـەت مـن نازانـم پێویسـتە چ هەنگاوێـک بگیرێتەبـەر، بـەڵام بەلانیکەمـەوە پێویسـتە وەهـا نیشـان بدرێـت کـە ڕاپۆرتەکـەی ژەنـەڕاڵ موقـەدەم لەلایـەن وەزارەتـی جەنگـەوە گرنگـی خێـرای پێـدراوە. مـن ناتوانـم پێشـبینی ئـەوە بکـەم کـە ڕاپۆرتەکـە تـا چ ئاسـتێک کاریگەریـی لەسـەر وەزیـری

بەریتانیا لە تاران دروست دەکات، بەڵام (بەینی خۆمان بێت) بە بڕوای من باشترە کە حکومەتی خاوەنشکۆ لە سیاسەتی دەستێوەرنەدان لە کاروباری ئێران لا نەدات، تەنیا ئەوکاتە نەبێت، ئەگەر هاتوو سەلمێنرا دەستێوەرنەدانی سەربازیی مەترسی زۆر ڕشت بۆ سیاسەتی پەیوەندییەکانی بەریتانیا لە ئێراندا دروست دەکات.

٨. بە دڵنیاییەوە ژەنەڕاڵ موقەدەم نائومێد دەبێت، لەوەی ناتوانم هیچ هیوایەکی سەبارەت بە یارمەتیدانی هێزەکانی بەریتانیا پێبدەم، بەڵام ئەو ڕازی بوو، بە خێرایی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەبارەی بارودۆخی کوردستان بۆ وەزارەتی جەنگ بنێرێت و کۆپییەکیش بۆ من، تا بۆ نوێنەرایەتی حکومەتی خاوەنشکۆی بنێرم. هەروەها گوتی: کۆپییەك لە ڕاپۆرتەکە بۆ دەسەڵاتی سەربازیی بەریتانیا لە کوردستان ڕەوانە دەکات و بۆ هەرکەسێکیش لە تاران کە بتوانێت لەبارەی بارودۆخی هەنوکەیی کوردستان گفتوگۆی لەگەڵدا بکات.

٩. تا هەنوکەش دڵنیا نیم، ئایا ژەنەڕاڵ موقەدەم بارودۆخی کوردستانی بە دروستی و وەک خۆی بۆ من باسکردووە، یان بە ئەنقەسەت بارودۆخەکەی زیاد قورس کردووە و ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە لە ئاستی خۆی گەورەتر نیشانداوە و دەیەوێت وای نیشان بدات، بەڕاستی دۆخەکە نائومێدکەرە. بەهەرحاڵ، دەسەڵاتدارانی سەربازیی بەریتانی، دەتوانن ڕاستی و دروستی ڕوانگەی ژەنەڕاڵ موقەدەم لەبارەی بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنن. هیچ زانیارییەکم لەبەر دەست نییە، گومانەکانی ژەنەڕاڵ موقەدەم پشتڕاست بکاتەوە سەبارەت بەوەی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا هانی کورد دەدەن لەبەردەم هەوڵەکانی سوپای ئێران بوەستنەوە، بۆ گەڕانەوەی ئارامی بۆ کوردستان. تەنیا ئەوە نەبێت کۆنسوڵی عێراق لە کرماشان چەند ڕۆژ لەمەوبەر بە منی ڕاگەیاند، لە کاتی سەردانەکەی بۆ سنە کە لە نیوەی دووەمی مانگی سێپتەمبەردا ئەنجامیداوە، گوێبیست بووە، گروپێکی بچووکی کوردی عێراق (ناو و ژمارەیان نەزانراوە)، چەند ڕۆژ لەمەوبەر کوردستانی [عێراقیان] بەجێهێشتووە

و بـەرەو ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی سـۆڤیەت [لـە ئێـران] هاتـوون. هەڵبـەت ئـەم دەنگۆیـە بـێ بنەمـا و ناڕوونـە، هێنـدە بـێ بەهایـە، شـایانی گرنگـی پێـدان نییـە، بـەڵام سـەرەڕای ئەمـەش بـە هەنـد وەرگیـراوە. بـە بـێ هەبوونـی زانیاریـی تـەواو لەبـارەی ڕاسـتیی هەلومەرجەکـە، مـن پێشـنیاز دەکـەم، هیـچ بۆچوونێـک لەبـارەی داهاتـووی بارودۆخەکـە دەرنەبڕێـت. بـە پێچەوانـەوە، ئەگـەر هاتـوو بارودۆخـی کـورد بـۆ هەلومەرجـی سیاسـی مەترسـیدار بێـت، لـەو کاتـەدا زەرورە سـوپای بەریتانیـا یارمەتـی هێـزە لاوازبووەکـەی ئێـران بـدات لـە کوردسـتان.

H. B. M. Consul

کۆنسوڵگەریی بەریتانیا

کرماشان

٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٤١

وەزیری حکومەتی خاونشکۆ لە تاران

کۆپییـەك بـۆ: باڵیـۆزی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لـە بەغـدا، پاشـکۆی هێـزی بەریتانیـا لـە تـاران. فەرمانـدەی فەرماندەیـی گشـتی کەرتـی ١٠ی هینـد (لـە ڕێگـەی کاپـتن جیکـۆک (G,I ''C, '')), عەمیـدی فەرمانـدە لـە تیپـی ٢١ی پیـادەی هینـد، تیپـی کرماشـان.

کۆپییەك لە وەرگێڕانی ڕاپۆرتەکەی ژەنەڕاڵ موقەدەم، ژمارە ١٠٣١ لە ڕێکەوتی ١٠ی ئۆکتۆبەر ١٩٤١

لەگەڵ ڕێزدا، ئەم خاڵانەی خوارەوە دەخەمەڕوو:

١. بەجودا بارودۆخی گشتیی کوردستان و کرماشان لەلایەن ستافی [سوپاوە] (دوای داگیرکردنی لەلایەن بەریتانیاوە) بۆتان ڕوونکرایەوە، بەڵام لە دوای ئەوەی کورد چەکیان دەستکەوت و سنوورەکان لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە چۆڵکران و سوپای ڕووسیا چووە ناو سەقز و بانە، بارودۆخەکە تێکچووە و لە دواجاردا لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران گرفتی زۆر جیدی سەرهەڵدەدات. بەشێک لەم چەکانە لە ڕێگەی سەربازە کوردە پەرت و بڵاوبووەکان و بەشێکیتریان ئەو کاتەی کە ڕووس تیپی بانە و کۆمپانیای ئەمنیەی (Amnieh Company) سەقزیان چەککرد، کەوتووەتە دەست کورد. ژمارەیەکی زۆری ئەو چەکانە، لەلایەن هێزەکانیترەوە کە لە سەردەشت بوونە، بە کورد دراوە.

٢. هەروەک ئێوە ئاگادارن کوردی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژە جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ کوردی کوردستانی ئێران هەیە و جۆری ئەم پەیوەندییە لە ناوچە سنوورییە جۆراوجۆرەکاندا، جیاوازە. بۆنموونە، خێڵی هەرکی لە عێراق هەموو ساڵێک بۆ بەخێوکردنی مەڕ و مالات دێنە ناوچەکانی باکووری کوردستانی [ئێران]. کوردی پشتدەر هەوڵ دەدەن دەست بەسەر بەشێک لە خاکی ئێراندا بگرن و ئەم خوەش لەلایەن ستافی سەربازیی ئێرانەوە تۆمار کراوە. تەنانەت لەو ئۆپەراسیۆنانەی حکومەتی ئێران لەگەڵ ئەم کوردانەی ئەنجامیداوە، ئەم خوە بە ئاشکرا نیشاندراوە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەیەکە بۆ سەلماندنی ئەو دۆخەی لەسەرەوە باسکرا.

٣. لە باشووری کوردستان، واتە لە ناوچەی بانە، کوردی عێراق دەستیان زۆر دەڕوا و محەمەد ڕەشیدی بانە، لە نێویاندا زۆر بە ناوبانگە. ئەو پیاوە لە ساڵانی نێوان ١٩١٥-١٩١٧دا، فەرماندای بانە بووە و لەم ناوچەیە خاوەن کۆمەڵێک گوندە کە بە زۆر دەستی بەسەردا گرتوون. دوای خۆڕێکخستنەوەی هێزەکانی ئێران، محەمەد

ڕەشیدی بانە بەرەو عێراق هەڵات و لەوێ لە گوندەکەی خۆیدا ژیا. بەپێی بەڵگەنامەکانی بەردەست، ئەو بە بەردەوامی لە گوندێک بە ناوی ڤینە (Vineh) کە نزیکەی نۆ میل لە سنووری بانە دوورە و دەکەوێت نزیک [گوندی] شلێر (Shiller) لە عێراق، گرفتی بۆ حکومەتی ئێران دروست کردووە، بە بەردەوامی هانی خەباتکارە کۆنەکانی ئێران دەدات، تا لە دژی ئێران ڕاپەڕن.

٤. خاوەن زەوییەکانی گوندی شلێر لە عێراق، کە کوردی جاف (Jauf)ن، گشت کوردە ملکەچ نەبووەکانی ئێرانیان لە دەوری یەکتر کۆکردووەتەوە، وەک گوڵباغییەکان (Gulbagis) و خەڵکانیتر هاندراون کە بە چەکەوە بچنە ناو خاکی ئێران و کاری دزیکردن و تێکدەرانە ئەنجام بدەن. لە باشووریش بەگزادەگان (Bigzadegan) هەن کە لە مەریوان دەرکراون و لە سلێمانی و پێنجوێن نیشتەجێن. چاوەڕێی دەرفەتێکن بە هاوکاری کوردە لایەنگرەکانیان لە ئێران کە هاو ئایینن و لە ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە، خوی یەکتریان هەیە، سەر لە نوێ دەست بە کارە خراپەکانیان بکەنەوە. باشووری ئەم ناوچانە، زێدی مەحمودخانی دزەییە، واتە ئەو کەسەی دوای ئەوەی لەلایەن هێزەکانی ئێران دەرکرا، دز و ڕێگرەکان لە دەوری کۆبوونەوە و چاوەڕوانی دەرفەتێکیان دەکرد [بۆ هاتنە ناو خاکی ئێران و ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە]. لە قووڵایی باشوور، خێڵەکانی هەورامان هەن کە لە ژێر دەسەڵاتی جەعفەر سوڵتانی بەناوبانگ و کوڕەکانیدان، لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ئێران دەرکران و ئێستا لە سلێمانی و کەرکوک نیشتەجێن، کوڕەکانی لەسەر سنوورەکانی ئێران دەژین و بە بەردەوامی سەرچاوەی تەواوی ئەو کێشانەن لەوێ ڕوو دەدەن. ئەم زنجیرە لە دڕندەیی و ملکەچ نەبوونەی کورد، تا نزیک ناوچەی باوەیسی لە کرماشان هەر بەردەوام بووە.

٥. لە ئۆپەراسیۆنی ئەم دواییەدا، تەواوی ئەو خێڵانە لە ئێران و عێراق چەکی برنۆیان بەدەست کەوتبوو، بە درێژایی سنوورەکان دەستیان بە تاڵان و سوتاندن و ڕاوەڕووتی گوندە بێ بەرگرییەکان کرد. هیچ گومانێک لەوەدا نییە، ئەمە خووی ئەو کوردانەیە گوندە هەژارەکان تاڵان دەکەن، بەڵام سەرەڕای گشت ئەمانەش، هەندێك ئاماژە هەن، ئەم دۆخە بێ سەروبەرە لە ڕێگەی پلانێکی ئامادەکراوەوە

بەڕێوە دەچێت. مرۆڤ لەوە دوو دڵ نابێت ئەم جۆرە کردەوانە بە ڕەزامەندی وڵاتانی دراوسێ ڕادەپەڕێنرێن. بۆنموونە، هەندێك لە سەرکردەکانی کوردی عێراق لە نامەکانیان کە بۆ ئەو فەرماندانە نێردراون، فەرماندەیی هێزەکانی سەر سنوور دەکەن، بانگەشەی ئەوەیانکردووە، بۆ ئەنجامدانی ئەم کارانە، فەرمانیان لە حکومەتی بەریتانیا وەرگرتووە و ئەرکی تایبەتیان لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە پێ سپێردراوە. هەربۆیەش چوونە ناوەوەیان بۆ ناو خاکی ئێران دەکرێت وەک ڕاسپاردەیەک [لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە] لێکبدرێتەوە.

٦. ئەم پرسە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەریتانی بەرپرس لەم بارەوە باسکرا، قسەی ئەوان بە پێچەوانەی لێدوانی کورد بوو و بەڵێنیاندا ڕێکاری پێویست لەگەڵ حکومەتی عێراق دەگرنەبەر و و داوای لێدەکەن بە زووترین کات هەڵوێست لەبەرانبەر ئەو کوردانە وەربگرێت، بەڵام لەو کاتەوە لە ئەرزی واقیعدا هیچ هەنگاوێک نەگیراوەتەبەر. محەمەد ڕەشیدی وانە (بانە؟) کە هاتە ئێران و دەستی بەسەر بانەدا گرت، دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ کاربەدەستانی بەریتانی، لە دژی هێزەکانی ئێران لە سەقز دەستی بە شەڕ کرد و توانی ژمارەیەکی کەم لە سەربازەکانی ئێران دەربکات و دەستبەسەر سەقزدا بگرێت. لە ڕاستیدا ئەو بەڵێنی داوە لە نزیکترین کاتدا بێتە سنە.

٧. محەمەد خانی دزڵی و جەعفەر سوڵتان، کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستبەسەرن و بە وردی چاودێری جووڵەکانیان دەکرێت، تا هەنوکەش لە شوێنەکانی خۆیان ماونەتەوە. وەها دەردەکەوێت، بارودۆخی باشووری کوردستان بەهۆی پەیوەندی لە نێوان کوردی عێراق و دەسەڵاتدارانی بەریتانی و بەهۆی سیاسەتی حکومەتی عێراقەوە [بەرەو خراپی دەڕوات]. بەداخەوە بارودۆخ لە مهاباد (ساباڵغی کوردستان)، سەردەشت و شنۆ پێدەچێت خراپتر بێت. کوردی سەردەشت و مهاباد کە لەلایەن ڕووسەوە هان دەدرێن، دەستیان بەسەر مهابادا گرتووە و ڕاوێژیان لەگەڵ محەمەد ڕەشیدی وانە (بانە؟)دا کردووە و بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵی ڕێککەوتوون. هەروەها بەرەو مەرحەمەت ئاباد (Marhamat Abad) و قەزای میاندواو بەڕێکەوتوون و دەستیان بەسەر ئەم ناوچانەدا گرتووە.

ئـەم ناوچانـە، ناوچـەی شـیعەکانن کـە لـە چەندیـن لایەنـەوە لـە سـوونەکان جیـاوازن. ئاشـکرایە، کـورد بـە بـێ مۆڵەتـی ڕووس، ناتوانـن ئـەم کارە بکـەن. دوای دەسـتگرتن بەسـەر میانـدواودا، کـورد هەوڵیانـداوە هێـرش بکەنـە سـەر شـاهین دژ و تـەکاب و هەمـوو گوندەکانـی ئـەم ناوچەیەیـان تاڵانکـردووە.

٨. پێشـهاتەکان وا نیشـان دەدەن، ڕووس هەوڵـی بەدەسـتهێنانی هاوسـۆزی کـورد دەدەن. ڕووس هەندێـك بەڵێنیـان بـە کـورد داوە و ڕێگەیـان پێـداون دەستبەسـەر ئـەم ناوچانـەدا بگـرن و تاڵانیـان بکـەن. ئەنجامـی ئاوێتەبوونـی ئـەم هەسـتەی ڕووس لەگـەڵ خـووی کـورد، زۆر ڕوونـە.

٩. کاتێـک بارودۆخـی هەردوو کوردسـتانەکە [کوردسـتانی ئێران و عێـراق] دەخەمە بەرچاو، هۆکارگەلـی جیـاواز بوونەتـە هـۆی ئـەم ئازادییـە ڕەهایـەی کـورد و بارودۆخەکـە بەرەو ئاڕاسـتەیەکی زۆر مەترسـیدار گەشـە دەکات. ئەگـەر لـە گۆشـەنیگای ڕووسـەوە بڕوانینە کێشـەکە، ڕووس هەوڵـی هانـدان و بـەلای خۆیانـدا بەکێشـکردنی کـورد دەدەن. ڕووس مۆڵەتیـان بـە کـورد داوە تاڵانچێتـی و هـەر کارێـک کـە ویسـتیان ئەنجـام بـدەن، چونکە بـە بـڕوای ئـەوان کـورد لـە حکومەتی ئێـران ڕازی نین و لـە هەمانکاتدا هەموو کەسـێک لەبـارەی سـەربەخۆیی کـورد قسـە دەکات. مـرۆڤ دەتوانێـت وێنای ئەوە بـکات، خووی کـورد زۆر بـە باشـی لەگـەڵ سیسـتەمی فەرمانڕەوایـی ڕووس دەگونجێت.

١٠. هەنوکـە ئەگـەر لـە ڕوانگـەی بەریتانییەکانـەوە بڕوانینـە کێشـەکە، بـە گوێـرەی سیاسـەتی بەریتانیـا لـە عێـراق، کـورد هەمیشـە جـۆرە مەیلێکیـان بـۆ بزاڤـە کوردییـەکان لـە عێراقـدا هەبـووە، وادیـارە لـە ڕاسـتیدا حکومەتەکانـی ڕوسـیا و بەریتانیـا، کـورد وەک کارتێکـی هەڕەشـە بۆسـەر حکومەتەکانـی ئێـران و تورکیـا بەکاردەهێنـن. پێویسـت بـە ئاماژەپێکـردن نـاکات، ئـەم هەڕەشـەیە هیـچ ئەنجامێکـی نەبـووە. لەوانەیـە لـە داهاتـوودا ئـەوان فـارس و تورکەکانیـش هـان بـدەن، بـەڵام پێویسـتە مـرۆڤ ئـاگادار بێـت، ڕەنگـە لـە ئەنجامـدا ئـەم سیاسـەتە بـە زیانـی خـودی حکومەتـی بەریتانیـا بشـکێتەوە.

١١. من سەبارەت بە ڕووس هیچ ناڵێم، چونکە سیاسەتی ئەوان لەسەر بنەمای بارودۆخی ڕۆژانە وەستاوە و ئەمە قسەیەکی بێ بنەمایە کە [بە تێکچوونی دۆخی کوردستان] ئەوان زیانیان پێ بگا. هۆکاری ئەم بۆچوونانەش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١٢. باکووری کوردستان لە شنۆوە بگرە تا مامەش، هەروەها لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ (لە ڕۆژئاوا و باشووری ڕەزایە)، سنووری هاوبەشیان لەگەڵ تورکیادا هەیە. دەتوانم بڵێم ئەگەری زۆرە سیخوڕەکانی تورکیا و ئەڵمانیا زۆر بە ئاسانی بتوانن بچنە ناو ئەم ناوچە نائارامانە و دەستەبەسەر بارودۆخەکەدا بگرن و خەڵک بخەنە سەر ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی و بەمجۆرەش کاریگەری لەسەر تەواوی ئێراندا دروست بکەن. تورکیاش حەزی لەم بابەتەیە و زوو یان درەنگ سەرنجی ئەڵمانیا ڕادەکێشێت. لەوانەیە ئەڵمانیا کە بە هۆی ئەم ڕووداوانەی دوایی لە ئێران وەدەرنرا، لە ڕێگەی شەمزینانی تورکیاوە، بێتەوە ئەم بەشە نائارامەی ئێران و بەم هۆکارانەی خوارەوەش لەم کارەدا سەرکەتوو بێت:

١٣. ئەی: وەک ڕێسایەک، کورد حەزیان لە ئارامیی گشتی، ئاشتی و بوژانەوە نییە و هیچ جۆرە بڕوایەکی ئایینی و هیچ جۆرە بڕوایەکیتریان نییە. ئەوان بۆ چەندین جار ئەم شتانەیان نیشانداوە. لە میانەی جەنگی گەورەی ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨دا، هەندێکجار پارە و چەکیان لە بەریتانیا وەردەگرت و هەندێکجاریش لە ئەڵمانەکان. هەروەها هەندێکجاریش لە ڕووس و لە تورکان. دواتر زۆری نەخایاند لە دژی دۆستە نزیکەکانیان ڕاپەڕین.

١٤. ب: ئەوان هیچ سەرکردەیەکی دیاریکراویان نییە، هەربۆیەش کاتێک سەرۆک خێڵێک لەگەڵ نەتەوە یان حکومەتێک ڕێکدەکەوێت، خێڵە دراوسێکانی لە ڕکابەری خێڵە [ڕێککەوتووەکە لەگەڵ حکومەت نزیک دەبنەوە]. هەربۆیەش دەبینین ئەڵمان و تورک لەم ڕێگەیەوە نیوەی کورد [لە دژی یەکتر] دەوروژێنن. لە لایەکیترەوە، بەریتانیا هاتە ناو ئێرانەوە، تا لەبەرانبەر هەر جۆرە پێشکەوتنێکی ئەڵمانیا بوەستێت، بێگومان بە هەموو توانای خۆیەوە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی (نەوت) لە عێراق و موسڵ دەکات و بە وردی چاودێری سنوورەکانی ئەم بەشە دەکات، واتە لەو شوێنانەی ئەگەری باڵادەستیی ئەڵمانەکان لە ئارادایە. با بزانین ئایا حکومەتی بەریتانیا دەتوانێت

بـەم بارودۆخـەی ئێسـتای کـورد، ئـەم ئامانجانە دەسـتەبەر بکات.

١٥. بۆ ئەوەی لەم ناوچانەدا ئاشتی و ئارامی بەرقەراربێ، واتە ئەو دوو شتەی کورد حەزیان لـێ نییە، پێویسـتە کارێـک بکرێت. لەم ناوچانەدا گشـت بەرهەمە کشـتوکاڵیەکان و مەڕ و مـاڵات لـە نـاو دەبردرێـن و لـە ئەنجامـدا بەریتانیـا ناچـارە بەرگـری لە وڵاتێکـی وێران بـکات، هیـچ هۆکارێـک نییـە ڕێگـە بدرێـت ئـەم بارودۆخـە دروسـت بێـت. نابێـت ئـەم ڕاسـتییە پشـتگوێ بخرێـت، تەنیـا کـورد لـە سـنوورەکانی ڕۆژئـاوای ئێراندا ناژیـن، بەڵکو خێزانـە بەناوبانگەکانـی ئێرانیـش لەم ناوچانـەدا دەژین بە تایبەتیش لە کرماشـان، بێجار، تـەکاب و سـونگوڕ (Songhor)، هەروەهـا لـە شـار و گوندەکانـی سنەش ئـەم خێزانانـە هـەن. ئـەو خەڵکانـە کاریگەریان هەیـە و دەسـتییان زۆر دەڕوا، خەڵکـی دەوڵەمەندن و حەزیـان لـە ئاشـتی و ئارامییـە. هەروەهـا گروپێکـی تایبـەت لە کـورد هەن کە پێویسـتە لـە چوارچێـوەی ئـەم خەڵکانـەی سـەرەوەدا پۆلیـن بکرێن. بـە ڕەچاوکردنـی هەموو ئەم هۆکارانـەی سـەرەوە، مرۆڤ تێنـاگات، بۆچوونی حکومەتـی بەریتانیا کە پشـتیوانکارێکی ڕاسـتەقینەی ئاشـتی و ئارامییـە (کـە ئەمەش لـە بەرژەوەندی ئێـران و بەریتانیـا دایە) لە ئێرانییـەکان زیاتـر، متمانـەی بـە کـورد هەیـە. ئایـا حکومەتـی بەریتانیـا لـەو بڕوایەدایـە ئێرانییـەکان [واتـە فارسـەکان] شـایانی ئەوە نین پێکـەوە کار بکەن؟ لە ڕاسـتیدا ئەوان لە کـورد زۆر بەنرخـترن و لـە داهاتووشـدا بـۆ بەریتانییەکان بە سـوودتر دەبن.

١٦. بـە بـڕوای مـن پێـش ئـەوەی کار لـە کار بترازێت، ئـەم کێشـانە هەموویان پێویسـتە زۆر بـە ڕاشـکاویی لەگـەڵ کاربەدەسـتانی بەریتانیـی پەیوەندیـدار بـەم بابەتـە گفتوگۆیـان لەبـارەوە بکرێـت؛ چونکـە ئـەو کات ناتوانرێـت هیـچ بکرێـت و هیـچ هێزێـک ناتوانێت بارودۆخەکـە بگەڕێنێتـەوە دۆخـی جـاران. بـۆ ئـەم کێشـەیە دوو چارەسـەری هـەن:

١٧. یەکەمیـان بریتییـە لـەوەی حکومەتـی بەریتانیـا هەنـگاوی پێویسـت بگرێتەبـەر و لـە ڕێگـەی یارمەتیدانـی سـەربازیی ئارامـی بـۆ ئـەم ناوچەیـە بگەڕێنێتـەوە. سـەبارەت بەمـەش هـەر ڕێنماییـەک کـە ئـەوان دەریدەکـەن دەبـێ لەلایـەن بەرپرسـانی ئێرانـەوە بـە بـێ هیـچ پرسـیارکردنێک، جێبەجـێ بکرێـن و پێویسـتە ئێـران بـە بـێ دوودڵـی هەمـوو جـۆرە هاوئاهەنگییـەک بـکات.

دووەم، ئـەم پلانـە دەبـێ لەلایەن فەرماندەیی گشـتی هێـزە چەکدارەکانەوە لە کرماشـان و کوردسـتان جێبەجێ بکرێت، ئەمەش بە هاوکاری ئەم یەکە سـەربازییانەی خوارەوە: چوار فەوجـی تۆپخانـە، یـەک بەتاڵیۆنـی پەیوەندیکـردن کە بێتەلیـان هەبێت، خۆراکی پێویسـت، ئامـرازی گواسـتنەوە و چاودێـری پزیشـکی. باشـترە نیـوەی ئـەم هێزانـە لـەو سـەربازانە بـن کـە دوو سـاڵ خزمەتـی سـەربازیان تـەواو کـردووە و مووچـەی باشـیان بـۆ تەرخـان بکرێت. بەریتانیـا دەتوانێـت یارمەتـی مەعنەوی و سیاسـی پێشـکەش بـکات. هەروەها مـن دەتوانم بڵێـم: دەکرێـت کۆمیتەیـەک پێکبهێنرێت لە کۆنسـوڵگەری بەریتانیا، فەرماندەیی سـەربازیی بەریتانیـا لـە کرماشـان، ئەفسـەری سیاسـی بەریتانیـا لـە کرماشـان، فەرمانـدەی فەرماندەیی هێزەکانـی ئێـران، حاکمـی سـەربازی لـە کرماشـان، حاکمی سـەربازی لـە کوردسـتان، لەگەڵ دوو یـان سـێ کەسـایەتی باوەڕپێکراوی ناوچەکـە، بۆنموونە دوو ئەندام پەرلەمانی کرماشـان و دوو ئەنـدام پەرلەمانـی کوردسـتان کـە لـە دە کەس تێنەپەڕێـت. ئەم کۆمیتەیـە دەتوانێت چاودێـری بەڕێوەبردنـی ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی و سیاسـی ئـەم ناوچانە بکات.

دەبێ ئەم کۆمیتەیە بە بەردەوامی لە ڕاپۆرتێکدا بۆچوون و پێشنیازەکانیان سەبارەت بەو هەنگاوانەی پێویستە بگیرێنەبەر، پێشکەشی کاربەدەستانی ئێرانی و بەریتانی بەرپرس لەم بابەتە بکەن. بەمجۆرەش پێشنیازەکان شێوازێکی تایبەت وەردەگرن. ئەگەر بێت و ئەم شتانەی سەرەوە جێبەجێ بکرێن، دەکرێت هیوادار بین پرسەکە لە داهاتوودا باشتر و ئاسانتر دەبێت. بەپێچەوانەوە، ئەو نائارامییەی هەنوکە لەنێو کورددا هەیە، ١٠٠٪ بە زیانی حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی ئێران تەواو دەبێت و لێکەوتەی زۆر خراپی لێدەکەوێتەوە.

١٨. مـن نزیکـەی ١٢ سـاڵە لـەم بەشـەی وڵاتـدا خزمـەت دەکـەم و گشـت وردەکارییەکانـی سـنوور لـە ئارارتەوە بۆ پشـتی کوهـ (Pusht-i-kuh) دەزانم. هـەر بۆیەش لەو بڕوایەدام ئەرکـی منـە بـە ویژدانـەوە، بێمـە تـاران و لـە بارودۆخەکـە ئاگادارتـان بکەمـەوە، تاکـو شـتەکان بـۆ ئـەو فەرماندەیـەی لە دوای من دێت ئاسـانتر بێـت. کۆپییەك لـەم نامەیە بۆ فەرمانـدەی هێزەکانـی بەریتانیـا لە کرماشـان نێردراوە.

واژووکراو: ژەنەڕاڵ موقەدەم

١٠-١٠-١٩٤١

**وزارت جنگ**

**بکلی محرمانه**

محترما معروض میدارد: وضعیت مناطق کردستان و کرمانشاه بعد از پیش آمدهای اخیر مرتبا در گزارشات جداگانه بوسیله ستاد ارتش بعرض رسیده است لیکن وضعیت اخیر کردستان پس از تخلیه نواحی مرزی از قوای شاهنشاهی و پس از ورود قوای شوروی به سقز و بانه و بالاخره پس از اینکه مقدار زیادی اسلحه و مهمات بدست اکراد مرزی افتاد (این اسلحه‌ها یک قسمت بدست سربازان فراری کرد و یک قسمت مستقیما موقعی که قوای شوروی افسران هنگ بانه و گردان امنیه سقز و نیروی مأمور سردشت خلع میکرد بدست اکراد افتاده و یا به آنها داده شده است) روزبروز بر اهمیت خود افزوده و برای آتیه یەک اوضاع خطرناکی را در قسمت مرز غربی ایران تهیه مینماید.

بطوریکه خاطر محترم مستحضر است در مرز غربی ایران اکراد عراقی از سوابق ایام با کردستانیهای ایران یک نوع رابطه و تجانس داشته و دارند که در هر قطعه از مرز به یک نوع تجسم و تجلی پیدا کرده و ریشه دارد. مثلا در قسمت کردستان شمالی طوایف هرکی عراقی هر ساله برای تعلیف به خاک ایران میآیند. این خود یک نوع تجدید ارتباط بین اکراد ایران و عراقی میباشد. در قسمت سردشت اکراد پشتدر از سابق بوسائل مختلفه تهیه املاکی نموده و پرونده‌های مفصلی روی این علاقه ملکی در ستاد ارتش موجود است. در زد و خوردهائیکه با قوای ایران کرده‌اند و طرفداری یک قسمت از آنها خود بهترین سابقه برای ارتباط معنوی آنها بوده به ثبوت میرساند.

در قسمت جنوب سردشت در خاک بانه اکراد عراقی در آنجا سابقه‌دار بوده و مشهورترین آنها محمد رشید بانه در زمان جنگ بین المللی اردوکشی روسها ۱۹۱۵-۱۹۱۷ حکومت بانه را داشته و در آنجا چند پارچه املاک هم بزور و عنف بمالکیت خود درآورده که پس از تأسیس ارتش ایران و سرکوبی اشرار مرزی او هم از ایران متواری و در املاک خود که در عراق داشته ساکن بوده ولی طبق

سوابق موجوده دائما از قریه (وینه) واقع در ۱۸ کیلومتری جنوب خاک بانه ایران در محل شیلر عراق تحریکات و دسایس بر علیه امنیت منطقه سقز و بانه نموده و همیشه اکراد دزد و غارتگران داخلی ایران را نزد خود نگهداری و بتاخت و تاز در خاک ایران ترغیب مینموده است.

قدری جنوبی تر از خاک بانه در خاک شیلر عراق که پس از جنگ بین المللی خراپ مانده بود برحسب تشویق مالکین قراشیلر که از طایفه اکراد جاف عراق هستند تمام اکراد متمرد ایران را از قبیل گلباغیها و غیره در خاک شیلر مجتمع و سکنی داده و از آنجا به اجرای سرقتهای مسلحانه در خاک ایران مبادرت میورزند. قدری بطرف جنوب بیگزادگان متواری مریوان که پس از سرکوبی از ایران بخاک سلیمانیه و پنجوین متواری شده بودند همراه مترصد فرصت و دستبردی به خاک ایران بواسطه هم کیشی (سنی بودن) و تجانس روحی (شوق بدزدی و غارتگری) با اکراد ایران دائما در تماس و منتظر فرصت بودند. قدری پایین تر بطرف جنوب منطقه دزلی است که متعلق به محمودخان دزلی بوده که پس از یاغی گری و قتل و غارت زیاد بواسطه قوای ایران منکوب و به خاک عراق پناهنده و در سلیمانیه و کرکوک سکونت گزیده ولی دائما اتباع خود را بر علیه امنیت ایران تجهیز و سوق میداد، قدری جنوبی تر و پایین به محل اورامان نزدیک میشویم که در آنجا هم اورامانیها تحت ریاست جعفر سلطان معروف و پسرانش سالها به یغماگری و چپاول مشغول بودند پس از سرکوبی در خاک عراق (کرکوک) مقیم ولی پسران و داماد و کسان او در طول مرز اورامان در دهات خاک عراق مجاور مرز مقیم و دائما در راهزنی و سرقتهای داخل خاک ایران شرکت میکردند، بهمین قسم طوایف کوچکتر دیگر زیاد و همین رویه را داشته و تا خاک باویسی کرمانشاه این زنجیر اشرار اتصال و ادامه داشته و دارند.

در بروز وقایع اخیر ایران تمام این دستجات چه از خاک عراق و چه از خاک ایران با بدست آوردن اسلحه از ایران و عراق مناطق مرزی خاک ایران را میدان تاخت و تاز قرار داده بخراپی آبادیها، آتش زدن خرمنها، چاپیدن رعایا و کشاورزان

بلادفـاع اقـدام نمـوده و ایـن رفتـار آنهـا البتـه مطابـق عـادات طبیعـی و جبلـی آنهـا بـوده و غریـزه ذاتـی اکـراد اسـت و زیـاد جـای تعجـب نیسـت لیکـن بعضـی علائـم و امـارات هسـت کـه شـخص را متوجـه میسـازد براینکـه غیـر از جریـان یغماگـری معمولـی حـرکات آنهـا از روی یـک نقشـه و اسـلوبی هدایـت میشـود کـه حـدس زده میشـود کـه عملیـات آنهـا بـر حسـب یـک نـوع توافـق یـا اجـازه یـا تصدیـق ضمنـی دول همسـایه انجـام میگیرد-مثـلا: پـاره‌ای رؤسـای دسـتجات متجـاوز اکـراد عراقـی در کاغذهـای خـود بعنـوان فرماندهـان پادگانهـای مـرزی خـود را مأمـور مجـاز از طـرف قـوای بریطانیـای کبیـر معرفـی نمـوده کـه البتـه تجـاوز بـی باکانـه آنهـا از خـاک عـراق بایـران هـم ممکـن بـوده تـا انـدازه‌ای مؤیـد ایـن اظهـارات آنهـا تلقـی شـود.

ایـن موضـوع بامقامـات صلاحیتـدار انگلیـس مطـرح گردیـد. مقامـات مزبـور مراتـب اظهـارات اکـراد را تکذیـب نمـوده و وعـد داده‌انـد کـه اقدامـات مؤثـر نـزد حکومـت عـراق خواهنـد نمـود کـه اکـراد متجـاوز عراقـی را بـه خـاک عـراق امـر بعـودت داده و از تجـاوز بعـدی آنهـا جلوگیـری کننـد لیکـن عمـلا از ایـن اقدامـات اثـری ملاحظـه نشـده زیـرا هنـوز محمـد رشـد دوینـه کـه بخـاک ایـران تجـاوز و قصبـه بانـه را متـصرف شـده بـود در خـاک ایـران باقـی و بعـد از مذاکـرات بـا مقامـات انگلیـس بـه خـاک سـقز هـم تجـاوز و سـقز را اشـغال بـا قـوای ایـران در سـقز زد و خـورد و تعـداد کـم سربـاز ایرانـی را از سـقز خـارج نمـوده و حتـی وعـده داده اسـت کـه بـه سـنندج هـم تجـاوز نمایـد. همچنیـن محمودخـان دزلـی و کسـان جعفـر سـلطان در مقاومـات خـود هـوز پایـدار هسـتند. باوجـود آنکـه محمودخـان دزلـی و جعفـر سـلطان رسـما از طـرف دولـت عـراق بازداشـت شـده بودنـد و بـدون اجـازه دولـت عـراق نبایـد حتـی حـق حرکـت و تبدیـل مـکان و مـراوده را داشـته باشـند. بـاری تـا ایـن قسـمت بـاز تصـور میـرف کـه از لحـاظ سیاسـت داخلـی عـراق و سـابقه روابطـی کـه اکـراد عـراق بـا مقامـات انگلیـس داشـته‌اند فقـط در ایـن قسـمت کوردسـتان جنوبـی اوضـاع بـه ایـن منـوال بـوده لیکـن اطلاعـات و جریانـات بعـدی روشـن نمـوده کـه در خـاک مهابـاد (سـاوجبلاغ کردسـتان) و سردشـت و اشـنویه هـم جریـان بـه همیـن قسـم بـوده. اکـراد مهابـاد و سردشـت بـا تشـویق ضمنـی روسـهای شـوروی مهابـاد

را اشـغال و بـا محمـد رشـید وینـه در سـقز ارتبـاط دایـر نمـوده بعـد اتحـاد بسـته‌اند حتـی در کردسـتان شـمالی بـه محـالات و اراضـی و مناطـق کردنشـین اکتفـا نکـرده قصبـه مرحمـت آبـاد و محـال میانـدوآب را هـم اکـراد اشـغال کرده‌انـد در صورتیکـه میانـدآب ابـدا از مناطـق کردنشـین نبـوده و کامـلا و صـد در صـد اهالـی آنجـا ایرانـی و از مذهـب شـیعه میباشـند. بدیهـی اسـت بـدون موافقـت و اجـازه روسـهای شـوروی کـه آنجـا بودنـد اکـراد نمیتوانسـتند میانـدآب را اشـغال نماینـد. پـس از اشـغال میانـدوآب اکـراد بـه شـاهیندژ و حتـی بـه تـکاب هـم حملـه و در یغـمای دهـات آن حـدود کوتاهـی ندارنـد.

ایـن اوضـاع و احـوال اخیـر چنیـن بـه نظـر میرسـاند کـه قـوای شـوروی در صـدد جلـب اکـراد برآمـده و بـه آنهـا مواعیـدی داده و بـرای دلخوشـی اکـراد اجـازه قتـل و غـارت و اشـغال ان نواحـی را داده‌انـد. سـلیقه شـوروی هـم بـا غریـزه اکـراد کـه بـا هـم تـوأم شـود معلـوم اسـت کـه رشـته کار بـه کجـا خواهـد کشـید.

وقتـی بنـده موازنـه ایـن دو فقـره عملیـات کردسـتانات شـمالی و جنوبـی را میکنـم اینطـور نتیجـه میگیـرم کـه جهـات مختلفـی و نظرهـای مختلطـی تمـام ایـن تـوده غارتگـر کـرد را از اشـنویه رضائیـه گرفتـه تـا نزدیـک سـنندج مطلـق الاعنـان سـاخته و امـور تمـام آن نواحـی و مناطـق را مختـل سـاخته اسـت. از نقطـه نظـر روسـها مطالعـه بکنیـم اینطـور بـه نظـر میرسـد کـه روسـها خواسـته‌اند تقلیـد کـرده باشـند بـرای اینکـه تصـور نموده‌انـد کردهـا از حکومـت ایـران ناراضـی بـوده و همیشـه هـم مذاکـرات اسـتقلال کـرد در زبانهـا بـوده اسـت. لـذا خواسـته‌اند کردهـارا بطـرف خـود جلـب کننـد علـی الخصـوص کـه غریزیـه جبلـی کردهـا بـا رویـه روسـها در یغـما و چپـاول گـری کامـلا مطابقـت دارد.

از نقطـه نظـر انگلیـس مطالعـه کنیـم میبینیـم کـه دولـت انگلیـس از لحـاظ سیاسـت منطقـه عـراق هـم یـک نـوع مماشـات و سـابقه بـا جنبـش کردهـا دارد که ایـن راویـه را در ایـران و نسـبت بـه اکـراد ایـران هـه‌م میخواهنـد حفـظ کنند. شـاید دولـت انگلیـس و روس هـر دو از لحـاظ تهدیـد ایـران و ترکیـه هه‌م مفیـد میدانن یـک جنبش کردی بوجـود بیاورند لیکـن ایـن تهدیـد عـلاو بر اینکـه نتیجه ندارد ممکن اسـت ایرانیهـا و ترکها را بیشـتر تحریک نمایـد. بایـد متوجـه بـوک کـه ایـن سیاسـت ممکن اسـت بضرر خـود انگلیسـها تمام شـود.

(راجع به روسها حرف نمیزنم. روسها اصلا کارشان روزمره‌ه موقتی و سطحی است و اصلا آنها چیزی نداردن که ضرر کنند)بدلایل ذیل:

**اولا:** منطقه کردستان شمالی در قسمت اشنویه و در خاک مامش و در منطقه ترگور و مرگور (مغرب و جنوب غربی رضائیه) با خاک ترکیه همجوار است و بسیار ممکن است بلکه حتمی است که از همان راه مأمورین و جاسوسین ترکیه و آلمانی به آسانی هم میتوانند داخل این منطقه مغشوش کردستان شوند و از همین آسوب استفاده و جریانات کردستان را بر له خود اداره و از آن منطقه بتمام نقاط ایران وارد شوند. مخصوصا ترکیه به این کار علاقه‌مند خواهد بوده و آلمانها را هم جلب خواهند نمود بسا ممکن است از همین آلمانیهائیکه از تهران و ایران رانده شده‌اند پس از تغییر وضع از ترکیه از راه شمزینان ترکیه مجددا بایران و منطقه هرج و مرج کردستان سوق و وارد شوند و بدلایل ذیل موفقیت کامل خواهند داشت:

ا کردها ذاتا به آرامس و امنیت و آبادانی علاومند نبوده و اصولا دارای عقیده و ایمانی نیستند و این نظر را عملا مکرر ثابت کرده‌اند در جنگ بین الملل ١٩١٤-١٩١٨ مکرر رنگ سیاسی و طرفداری خود را عوض کرده‌اند گاهی از انگلیس پول و اسلحه گرفته گاهی از آلمان گاهی ارز روس گاهی از ترکیه و پس از اندکی بر ضد همان دولتی که دوست و حامی آنها بود قیام کردند.

**ب** یک رئیس متنفذ و احدی ندارند بنابراین رئیس یک طایفه کوچک که با یک دوتی یا مرکزی طرح دوستی ریخت و طرفداراو شد رئیس طایفه همسایه و رقیب او فورا با دسته مخالف و یا دولت مخالف خواهند ساخت. بنابراین میتوان گفت که اقلا نصف کردها را باطنا عمال آلمانی و ترکیه خواهند توانست جلب کنند. ثانیا دولت انگلیس که برای جلوگیری از تحرکات و تجاوز احتمالی آلمانها به ایران وارد شده است لااقل مجبور است از کوهستانات غربی ایران و تمام محورهای نفوذی به عراق از این کوهستانات برای حفظ موقعیت خود در عراق و حفظ نفت موصل و غیره دفاع نماید و آن حدود را در دست داشته باشند حالا ببینیم آیا با وضع هرج و مرج کرد بازی نگهداری این منطقه میسر خواهد بود. جواب منفی است.

نگهـداری منطقـه مسـتلزم آرامش-آرامـش فکـری و امنیت اسـت که با وضـع کردها وفق نمیدهـد، بعـلاوه بـا ایـن هـرج و مـرج تمـام منابـع حیاتـی از قبیـل ارزاق و محصـولات ذی قیمـت از قبیـل توتـون و دامهـای اهلـی و غیره و غیـره از بین میـرود و باالنتیجه یک منطقه دجـار قحطـی را بایـد قـوای انگلیـس نگهـداری کند کـه امکان عملـی آن خیلی بـا تردید باید تلقـی شـود. ضمنـا بایـد دانسـت کـه در ایـن حاشیه غربـی ایـارن تنهـا کردهـا نیسـتند کـه زندگانـی میکننـد بلکـه توایـف ایرانـی اصیل دیگر هسـتند مخصوصـا در منطقه کرمانشـاه و بیجار و تکاب و سـقز حتی در داخل شـهرها و قصبات کردسـتان در سـنندج و سـقز و غیره اشـخاصی هسـتند ز متنفذیـن و متمولیـن کـرد، مخصوصـا طبقـه علـمای کرد که ابـدا به این ترتیبـات هـرج و مـرج راضـی نیسـتند و طرفـدار جـدی زندکـت منظـم و انتظامـات هسـتند کـه بـه دسـت مأموریـن ایـران تأمیـن شـود بنابرایـن معلـوم نیسـت چـرا مقامـات انگلیسـی کـه طرفـدار نظـم و آرامـش هسـتند و منافـع آنهـا هم در این قسـمتها کامـلا با منافـع ایران مطباقـت دارد بـه اکـراد معلـوم الحـوال بیشـتر اطمینـان دارنـد تـا بـه ایرانیـان. بایـد در نظر بگیرنـد کـه ایرانیـان غیـر از منطقـه کردسـتان در تامام منطقـه غربی (از کرمانسـاه که محور اصلـی قـوای انگلیـس اسـت) در لرسـتان، در خوزسـتان، در فـارس، در مـشرق ایـران، همه‌جا در قبـال هـر پیـش آمدی منافع مشـترک بـا انگلیس دارنـد. آیا انگلیسـیها اطمینـان ندارند به ایرانیهـا پـس بایـد ایـن اطیـان را جلـب و تولیـد و تامین کـرد- ایا انگلیسـیها ایرانیـان را قابل همـکاری نمیداننـد بـاز هـم بایـد انصـاف بدهند کـه قابل مقایسـه با اکـراد نیسـتند و هرچه باشـند از اکـراد بـتر و بیشـتر بـدرد خواهنـد خورد.

بـا مطالعـات فـوق بـه نظـر بنـده تمـام ایـن مسـائل را بایـد بـا کـمال صراحـت و صداقـت و بـدون ملاحظـه بـا مأموریـن صلاحیتـدار دولـت انگلیـس مطـرح کـرد و تـا موقـع نگذشـته تدبیـری اندیشـید والا وضعیـت از دسـت میـرود و وقـت میگـذرد و خسـارت جـبران ناپذیـر خواهـد بـود.

تدبیـر هـم اینطـور بـه نظـر بنـده میرسـد کـه دو طریقـه رفتـار شـود. اول آنکـه یـا انگلیسـیها خودسـان اقـدام و بـا قـوای خودسـان ایـن هـرج و مـرج را اسـکان بدهنـد. مأموریـن ایـران هـم آنچـه از دستشـان برآیـد و هـر کاری کـه بـا آنهـا رجـوع سـود بایـد بـی

چـون و چـرا اجـرا کننـد. دوم اینکـه قـوای مکفـی در حـدود چهـار هنـگ پیـاده. دو هنـگ سـوار، سـه آتشـبار یـک گـردان مهنـدس، کـه یـک گـردان بـی سـیم داشـته باشـد بـا وسـایل تدارکاتـی کامـل و وسـایل نقلیـه و بهـداری صحیـح مجهـز در اختیـار فرمانـده منطقـه کرمانشـاه و کردسـتان گـذارده شـود کـه نصـف ایـن عـده را از افـراد داوطلـب تامیـن نمایـد کـه افـراد داوطلـب هـم اکـثر از بیـن نفـرات وظیفـه خمدتـی کـه دو سـال خدمـت خـود را کرده‌انـد بـا حقـوق خـوب انتخـاب و کنـترات شـوند و انگلیسـیها هـم مسـعدت معنـوی و سیاسـی و کمـک فکـری بنماینـد. ضمنـا ممکـن اسـت و بلکـه اصلـح اسـت یـک کمسـیۆن مختلطـی مرکـب از کسـنول انگلیـس، فرمانـده نظامـی انگلیـس در منطقـه کرمانشـاه مأمـور سیاسـی قـوای انگلیـس در کرمانشـا، فرمانـده قـوای نظامـی ایـران، فرمانـدار نظامـی کرمانشـاهان، فرمانـدار نظامـی کردسـتان و دو سـه نفـر از اهالـی علاقمنـد محلـی مثـلا دو نفـر از وکلای پارلمـان کرمانشـاه و دو نفـر از وکلای پارلمـان کردسـتان کـه جمعـا ١٠ نفـر میشـوند، مجمـوع اقدامـات نظامـی و سیاسـی ایـن مناطـق را بـا مسـورت و متالحـه اداره کننـد و نظریـات خـود را همیشـه طـی صـورت مجلسـهای منظـم بـه مقامـات دولـت ایـران و مقامـات دولـت انگلیـس برسـانند کـه احتیاجـات و پیشـنهادات بصـورت مصـوب در آمـده لازم الاجـرا بـوده باشـد. بـا ایـن ترتیـب امیـد اسـت زمینـه اصلاحـات کامـل فراهـم آورده و بـرای آتیـه زمینـه همـکاری بیشـتری فراهـم شـود والا وضعیـت فعلـی و وضعیـت هـرج و مـرج سیاسـت کـرد هـم بـضرر ملـت و دولـت ایـران و هـم بـضرر ملـت و دولـت بریطانیـای کبیـر اسـت کـه اگـر زودتـر جلوگیـری نسـود حواقـب وخیمـی خواهـد داشـت. بـا سـابقه و آشـنائی کـه در طـی دوازده سـال خدمـت در مرزهـای غربـی ایـران از آرارات گرفتـه تـا پشـتکوه داشـته‌ام از لحـاظ مسـؤلیت وجدانـی خـود را مجبـور میدانـم در ایـن موقـع کـه از کرمانشـاه احضـار شـده‌ام ایـن کیفیـات را بعـرض برسـانم کـه بـرای فرماندهـی کـه بعـد از بنـده میآیـد وسـایل کار فراهـم گـردد. رونوشـت ایـن گزارسـات را بـه مقامـات فرماندهـی نیـروی انگلیـس در کرمانشـاه تسـلیم نمـودم.

سرلشکر مقدم

١٨ دی ماه ١٣٢٠

## وەزارەتی جەنگ

## زۆر نهێنی-ڕاستەوخۆ

پێتـان ڕادەگەیەنیـن، بارودۆخـی کوردسـتان و کرماشـان لـە دوای ڕووداوەکانـی ئـەم دواییـە، لەلایـەن سـتافی سـوپاوە بـە بەردەوامـی بۆتـان ڕاپۆرتکـراوە، بـەڵام بارودۆخـی ئـەم دواییـەی کوردسـتان لـە پـاش دەرچوونـی هێزەکانـی پاشـای پاشـاکان و دوای هاتنـە نـاوەوەی هێزەکانـی سـۆڤیەت بۆنـاو سـەقز و بانـە و دواتریـش بـە هـۆی ئـەوەی ڕێژەیەکـی زۆری چـەک و تەقەمەنـی کەوتـە دەسـت کـوردی سـەر سـنوورەکان (بەشـێک لـەو چەکانـە لـە ڕێگـەی سـەربازە کـوردە هەڵاتـووەکان و بەشـێکیش دوای ئـەوەی کـە هێزەکانـی سـۆڤیەت بـە ڕاسـتەخۆ ئەفسـەرەکانی تیپـی بانـە و فەوجـی ئەمنیـەی سـەقز و هێزەکانـی سەردەشـتیان چەککـرد، کەوتـە دەسـت کـورد یـان پێیـان درا). بـەم هۆیەشـەوە کـورد ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بایەخیـان زۆرتـر دەبێـت و لـە داهاتـوودا مەترسـی بـۆ سـەر دۆخـی سـنوورەکانی ڕۆژئـاوای وڵات دروسـت دەکـەن.

هـەروەک بەڕێزتـان ئـاگادارن لـە دێـر زەمانـەوە کـوردی عێـراق لـە سـنوورەکانی ڕۆژئـاوای وڵاتـەوە لەگـەڵ کـوردی ئێـران جـۆرە پەیوەنـدی و هەماهەنگییەکییـان هەیـە. ئـەم پەیوەندیـەش لـە هـەر بەشـێکی سـنووردا شـێوازێکی تایبەتـی هەیـە و ڕەگـی داکوتـاوە. بۆنموونـە، لـە بەشـی باکـووری کوردسـتانی [ئێـران]، هـەر سـاڵ خێڵـی هەرکـی بـۆ دۆزینـەوەی لەوەڕگـە دێنـە نـاو خاکـی ئێـران. ئەمـەش دەبێتـە هـۆی جۆرێـک لـە دووبـارە نوێکردنـەوەی پەیوەنـدی لـە نێـوان کـوردی ئێـران و کـوردی عێراقـدا. لـە ناوچـەی سەردەشـت، کـوردی پشـدەر، لـە کۆنـەوە و لـە ڕێگـەی جۆراوجـۆرەوە موڵـک و ماڵیـان دەسـت کەوتـووە و لـە سـوپادا دۆسـێی تێروتەسـەل لەسـەر ئـەم موڵکدارێتییـە هەیـە. لـەو پێکدادانانـەی لـە نێـوان ئـەوان و هێزەکانـی ئێرانـدا ڕوویـداوە، پشـتگیریی بەشـێک لـە کـورد لـە یەکـتری، باشـترین بەڵگەیـە لەسـەر بوونـی پەیونـدی مەعنـەوی لـە نێـوان کـوردی ئێـران و کـوردی عێراقـدا.

کـوردی عێـراق مێژوویەکـی درێژیـان لـە بەشـی باشـووری سەردەشـت و ناوچـەی

بانـەدا هەیـە. ناودارتریـن کەسـایەتییەکەیان، واتـە محەمـەد ڕەشـیدی بانـە، لـە سـەردەمی جەنگـی جیهـانی و جووڵـەی هێزەکانـی ڕووسـیا لـە نێـوان سـاڵانی ١٩١٥-١٩١٧دا، حوکمڕانـی بانـەی کـردووە و بـەزۆر و زۆرداری دەسـتی بەسـەر چەندیـن پارچـە زەوی ئـەم ناوچەیـەدا گرتـووە و دوای دامەزراندنـی سـوپای ئێـران و لەناوبردنـی کەسـانی تێکـدەری سـەر سـنوورەکان، ئـەو کەسـەش لـە ئێـران ڕایکـرد و لـەو موڵکانـەی لـە عێـراق هەیبـوو، نیشـتەجێ بـوو، بـەڵام بەگوێـرەی ئـەو بەڵگانـەی بەردەسـتن، بـە بەردەوامـی لـە گونـدی (ڤینـە)وە کـە دەکەوێتـە هـەژدە کیلۆمەتـری باشـووری شـاری بانـە و نزیـک ناوچـەی شـلێر لـە عێـراق، هەندێـك جووڵـە و پیلانگێـڕی بـۆ تێکدانـی ئاسایشـی سـەقز و بانـە ئەنجامـداوە و بـە بەردەوامـی کـوردە دزەکان و تاڵانچییـە ناوخۆییەکانـی ئێرانـی بـەدەوری خۆیـدا کۆکردووەتـەوە و هانیانـداون دەسـتدرێژی بکەنـە سـەر خاکـی ئێـران.

نەختێـک خوارووتـر، لـە شـاری بانـە و لـە ناوچـەی شـلێری سـەر بـە عێـراق کـە لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا وێرانکـرا، بـە هـۆی هاندانـی خـاوەن زەوییەکانی ‹قەراشـلێر›ی سـەر بـە خێڵی جاف، گشـت کـوردە یاخیبووەکانی ئێـران، وەک گوڵباغییەکان و کەسـانیتر لە ناوچـەی شـلێر نیشـتەجێکران و لەوێـوە کاری چەتەییـان لـە نـاو خاکـی ئێرانـدا ئەنجامـدا. نەختێـک بـەرەو باشـوور، ئـەو بەگزادانـەی دوای سـەرکوتکردنیان لـە مەریـوان بـەرەو سـلێمانی و پێنجوێـن هەڵاتـن، بـەردەوام بـە دوای دەرفەتێکـدا دەگەڕێـن، بـە هـاوکاری هـاو ئایینزاکانیـان (واتـە سـوننەکان) و هاوبەندیـی ڕووحییانـەوە (مەیـل بـۆ دزیکـردن و تاڵانچێتـی) لەگـەڵ کـوردی ئێـران، هێـرش بکەنـە سـەر خاکـی ئێـران. هەندێـک خوارووتـر بـەرەو باشـوور، ناوچـەی ‹دێزلـی› دێـت کـە سـەر بـە مەحمودخانـی دێزلیـە، لـە دوای تاڵانـی و کوشـت و کوشـتارێکی زۆر، لەلایـەن هێزەکانـی ئێرانـەوە سـەرکوتکرا و بـەرەو خاکـی عێـراق ڕۆیشـتوو و لـە سـلێمانی و کەرکـوک نیشـتەجێ بـوو، بـەڵام بـە بەردەوامـی لایەنگرانـی لـە دژی ئاسایشـی خاکـی ئێـران پـڕ چـەک و هـان دەدات. هەندێـک خوارووتـر دەگەینـە ناوچـەی هەورامـان، لەوێـش هەورامییـەکان لـە ژێـر سـەرکردایەتی جەعفـەر سـوڵتانی بەناوبانـگ و کوڕەکانـی خەریکـی تاڵانـی و ڕاوڕوتکـردن بـوون، ئەمانـەش دوای سـەرکوتکردنیان لـە کەرکـوک نیشـتەجێ بوونـە، بـەڵام کـوڕ و زاوا و کەسـوکاری بـە

درێژایی سنوورەکانی هەورامان و لە گوندەکانی ناو خاکی عێراقدا نیشتەجێن و بە بەردەوامی لە کردەوەکانی ڕێگەگرتن و دزیکردن لە ناو خاکی ئێراندا بەشدارن. بە هەمان شێوە هۆزە بچووکەکان هەمان ڕێچکەیان گرتووەتەبەر و تا نزیک دەڤەری ‹باویەسی› کرماشان زنجیرەی ئەم کەسە تێکدەرانە پێکەوە گرێدراوە و بەردەوامە.

لە پاش ئەم ڕووداوانەی دوایی لە ئێران، گشت ئەم تاقمانە چ لە عێراق و چ لە ئێران، بە بەدەستهێنانی چەک لە عێراق و لە ئێران، دەستدرێژیان کردووەتە سەر ناوچە سنوورییەکانی خاکی ئێران و گوندەکانیان وێران کردووە، بەرهەمی کشتوکاڵیان سوتاندووە و جوتیارە بێ دیفاعەکانیان تاڵان کردووە. هەڵبەت ئەم کردارانە هاوتەریبی خووە سروشتی و شاخاوی و غەریزەی دەرونی کوردە و زۆریش جێی سەرسوڕمان نییە، بەڵام هەندێك هێما و ئاماژە هەن، وا لە مرۆڤ دەکەن، بە چاوپۆشین لە سروشتی تاڵانچێتی کورد، بەڵام بزاوتەکەیان بە پێی پلان و بەرنامەیێکە و گومان دەکرێت ئەم کارانەی ئەوان بە گوێرەی جۆرە ڕێککەوتن و مۆڵەت پێدانی وڵاتانی دروایێ، ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە، سەرکردەی تاقمە کوردە دەستدرێژکارەکانی عێراق، لە نامەکانیان بۆ فەرماندەی بنکە سەربازییەکانی سەر سنوور، خۆیان بە ڕاسپێردراوی بەریتانیای گەورە ناساندووە. هەڵبەت دەستدرێژی بێ باکانەی ئەوان لە ناو خاکی عێراقەوە بۆسەر ئێران، لەوانەیە وەک پاڵپشتییێک بۆ قسەکانیان لێکبدرێتەوە.

ئەم بابەتەش خرایە بەردەم کاربەدەستانی بەریتانیا، بەڵام ئەو کاربەدەستانە قسەی کوردیان ڕەتکردەوە و بەڵێنیان داوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر، بەوەی کوردە عێراقییە دەستدرێژکارەکان بگەڕێندرێنەوە ناو خاکی عێراق و ڕێگری لە دەستدرێژی داهاتوویان بکات، کەچی تا هەنوکەش هیچ هەنگاوێک لەمبارەوە نەگیراوەتەبەر و ئێستا محەمەد ڕەشیدی بانە هێرشی کردووەتە سەرخاکی ئێران و دەستی بەسەر بانەدا گرتووە و لە خاکی ئێراندا ماوەتەوە و دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی بەریتانی، هێرشی کردووەتە سەر سەقز و لەگەڵ سوپای ئێران لە سەقز پێکیان داداوە و ژمارەیەکی کەمی سەربازی ئێرانی لە سەقز دەرکرد و تەنانەت بەڵێنیشی داوە هێرش بکاتە سەر سنە.

ئەگەرچی بە فەرمی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە مەحمودخانی دێزلی و جەعفەر سوڵتان دەستبەسەرکرابوون و نابێ بەبێ مۆڵەتی حکومەتی عێراق تەنانەت مافی هاتوچۆ کردن و پەیوەندیکردنیشیان هەبێ بە کەسانیترەوە، بەڵام مەحمودخانی دێزلی و هەوادارانی جەعفەر سوڵتان لە بەرگریکردن بەردەوامن. هەڵبەت تا هەنوکەش وەها وێنا دەکرا، لە ڕوانگەی سیاسەتی ناوخۆی عێراق و مێژووی ئەو پەیوەندییەی کوردی عێراق لەگەڵ کاربەدەستانی بەریتانیدا هەیانبووە، تەنیا لەم بەشەی باشووری کوردستان بارودۆخەکە بەم شێوەیە بووە، بەڵام ڕووداو و پێشهاتەکانی دواتر ئەوەی خستەڕوو کە لە ناو خاکی مهاباد (ساوجبلاغی کوردستان) و سەردەشت و شنۆ، بارودۆخەکە بە هەمان شێوەیە. کوردی مهاباد و سەردەشت بە هاندانی ناڕاستەخۆی ڕووس، مهابادیان داگیرکردووە و لەگەڵ محەمەد ڕەشیدی بانە پەیوەندییان دروست کردووە و دواتر پەیمانیان گرێداوە، تەنانەت لە خاکی ناوچەکانی باکووری کوردستانی [ئێراندا] دەرباز بىن و ناوچەی مەرحەمەت ئاباد و میاندواویشیان داگیر کردووە. لە کاتێکدا میاندواو هەرگیز ناوچەیەکی کوردنشین نەبووە و دانیشتوانی ئەم ناوچەیە سەد لە سەد ئێرانی و شیعەن. بەڵگە نەویستە، بەبێ مۆڵەتی ڕووس کە لەم ناوچەیەدا بوونە، کورد ناتوانن دەست بەسەر میاندواودا بگرن، دوای داگیرکردنی میاندواو، کورد هێرشیان کردووەتە سەر شاهین دژ و تەکاب و گوندەکانی ئەم ناوچانەیان تالان کردووە.

بە گوێرەی هەلومەرجی ئەم دواییە، وا دەردەکەوێت ڕووس هەوڵدەدەن سەرنجی کورد بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و کۆمەڵێک بەڵێنیان بە کورد داوە و بۆ دڵخۆشکردنی کورد ڕێگەیان داوە ئەم ناوچانە تالان بکەن و کوشت و کوشتار ئەنجام بدەن. ئەگەر بێت و حەزی ڕووس لەگەڵ غەریزەی کورد یەک بگرنەوە، ئاشکرایە چی ڕوودەدات.

کاتێک بەراوردی نێوان ئەم ڕووداوانەی نێوان هەر دوو کوردستانی باکوور و باشوور دەکەم، دەگەمە ئەو ئەنجامە، لایەن و غەریزەی جۆراوجۆر، دەسەڵاتی ڕەهایان بە هەموو ئەو تاقمە تالانچییانەی کورد، لە شنۆی سەر بە ڕەزایەوە بگرە تا دەگاتە نزیک سنە، داوە و بارودۆخی ئەم ناوچانەیان بە تەواوەتی تێکداوە.

ئەگەر بێت و لە ڕوانگەی ڕووسەوە ئەم بابەتە بخوێنینەوە، دەردەکەوێت ڕووس

ویستویانە وا نیشان بدەن، کورد لە حکومەتی ئێران ڕازی نین و بە بەردەوامیش دەنگۆی سەربەخۆیی کورد لەسەر زمانەکان بووە، هەربۆیەش هەوڵیانداوە سەرنجی کورد بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، بە تایبەتیش غەریزەی چیایی بوونی کورد لەگەڵ ڕەفتاری ڕووس لە تاڵانچێتی بە تەواوەتی لەیەک دەچن.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئینگلیزەکانەوە بڕوانینە بابەتەکە، دەبینین دەوڵەتی ئینگلیز لە سیاسەتەکەیدا لە عێراق جۆرە پەیوەندی و مێژوویەکی لەگەڵ بزوتنەوەی کوردی هەبووە، دەیانەوێت ئەم ڕەفتارەیان لە ئێران و لەبەرانبەر کوردی ئێرانیش بەکار بهێنن. لەوانەیە هەم ئینگلیز و هەمیش ڕووس لەو بڕوایەدا بن، باشترە بۆ ترساندنی ئێران و تورکیا، بزوتنەوەیەکی کوردی دروست بکەن، بەڵام ئەم ترساندنە نەک تەنیا هیچ ئەنجامێکی نابێت، بەڵکو لەوانەیە ئێران و تورکیا زۆرتر بوروژێن و پێویستە ئاگادار بین، لەوانەیە ئەم سیاسەتە بە زیانی خودی ئینگلیزەکان بشکێتەوە.

لەبارەی ڕووس قسە ناکەم، چونکە کاری ڕووس کاتی، ڕووکەش و ڕۆژانەیە. لە بنەڕەتدا ئەوان هیچیان نییە لەدەستی بدەن. ئەمەش بەم هۆکارانەی خوارەوە:

**یەکەم:** باکووری کوردستان، لە بەشی شنۆ و لە ناوچەی مامەش و مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ (ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ڕەزایە) لەگەڵ تورکیا هاوسنوورە و بێگومان کاربەدەست و سیخوڕەکانی تورکیا و ئەڵمانیا بە ئاسانی دەتوانن لەم ناوچە نائارامە بێنە ناو کوردستان و سوود لەم پشێویە وەرگرن ڕووداوەکانی کوردستان ئاڕاستە بکەن و لەم ناوچەیەوە بۆ گشت ناوچەکانیتری ئێران بپەڕنەوە. بە تایبەت تورکیا حەزی لەم کارەیە و ئەڵمانەکانیش بەگەڵ خۆی دەدا. لەوانەیە خودی ئەو ئەڵمانییانەی لە ئێران و تاران دەرکراون، لە دوای گۆڕانی بارودۆخی تورکیا لە ڕێگەی شەمزینانی تورکیاوە، سەر لەنوێ بێنە ناو خاکی ئێران و ناوچە نائارامەکەی کوردستان. ئەم هۆکارانەی خوارەوەش دەبنە هۆی سەرکەوتنی تەواوەتیان:

١ هەر بە سروشتەوە کورد حەزیان لە ئارامی و ئەمنیەت و ئاوەدانی نییە و لە بنەڕەتدا هیچ بڕوا و ئایینێکیان نییە. چەندینجار ئەم خەسڵەتەشیان نیشانداوە.

لـە میانــەی جەنگــی جیهــانی لــە ســاڵانی ١٩١٤-١٩١٨دا، بــە بەردەوامــی لایەنگــری سیاســی خۆیــان گۆڕیــوە. هەندێکجــار پــارە و چەکیــان لــە ئینگلیــزەکان وەردەگــرت و هەندێکجاریــش لــە ئەڵمانــەکان، هەندێکجــار لــە ڕووس و هەندێکجاریــش لــە تورکـەکان و دوای ماوەیەکـی کەمیـش لـە دژی هەمـان حکومەتـی دۆسـت و پشـتیوانی خۆیــان ڕاپەڕیــون.

**ب** خـاوەن یـەک سـەرکردەی کاریگـەر نیـن، بۆیـە ئەگـەر هۆزێکی بچـووک بوو بـە هاوڕێی دەوڵەتێـک یـان ناوەندێکـی دەسـەڵات و پشـتیوانی لێکـرد، سـەرۆک خێڵـی دراوسـێ یەکسـەر دەچنـە پـاڵ لایـەن یـان دەوڵەتـی نەیـاری [هـۆزە بچووکەکـە]. هـەر بۆیـەش بـە بـێ هیـچ کێشـەیەک ڕاسپێردراوەکانی ئەڵـمان و تـورک دەتوانـن سـەرنجی نیـوەی کـورد بەدەسـت بهێنـن. دووەم، حکومەتـی ئینگلیـز بـۆ بەرپەچدانـەوەی وروژانـدن و هــەر جــۆرە هێرشــێکی ئەڵمانــەکان هاتووەتــە نــاو خاکــی ئێرانــەوە، بەلانیکەمــەوە ناچـارە لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی ڕۆژئـاوای ئێـران و گشـت ئـەو خاڵانـەی دەکرێـت لـە ڕێگەیانـەوە بچنـە نـاو خاکـی عێـراق، بـۆ پاراسـتنی پێگـەی خـۆی لـە عێراقـدا و پاراسـتنی نەوتـی موسـڵ و شـوێنەکانیتر، ئارامـی ئـەم شـاخانە بپارێزێـت و کۆنترۆڵـی ئـەم سـنوورانە بـکات. هەنوکـەش بـا چـاوەڕوان بیـن و ببینیـن بـەو پشـێوی نانـەوەی کـورد، ئایـا [ئینگلیـز] دەتوانێـت پارێـزگاری لـەم ناوچانـە بـکات؟ وەڵام ‹نا›یـە.

پاراسـتنی ئـەم ناوچانـە پێویسـتی بـە ئارامـی هـزری و بوونـی ئەمنیـەت هەیـە. ئەمەش لەگـەڵ خـووی کـورد ڕێـک ناکەوێـت. لەمـەش زیاتـر، بـەم پشـێویە گشـت سـەرچاوە گرنگـەکان وەک خـۆراک و بەرهەمـە بـە نرخەکانـی وەک توتـن و ئاژەڵـی ماڵی و شـتەکانیتر لـە نـاو دەچـن، یـان ئینگلیـز ناچـارە پارێـزگاری لـە ناوچەیـەک بـکات، تووشـی قـات و قڕی بـووە، ئـەم کارەش سـەختە. هەروەهـا دەبـێ بزانیـن، لـەم ناوچـەی ڕۆژئـاوای ئێرانـدا تەنیـا کـورد ناژیـن؛ بەڵکـو کۆمەڵێـک خێڵـی ڕەسـەنتری ئێرانـی هـەن بەتایبەتیـش لـە کرماشـان و بێجـاڕ و تـەکاب و سـەقز، تەنانـەت لـە قـەزا و ناحیەکانـی کوردسـتان لـە سـنە و سـەقز و ناوچەکانیـتر کۆمەڵێـک کـەس هـەن کـە لـە کەسـە دەسـترۆ و دەوڵەمەندەکانـی کـورد هەژمـار دەکرێـن. بەتایبەتیـش چینـی پیاوانـی ئایینـی کـورد، کـە بەهیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ

ئـەم پشـێوی نانەوەیـە نیـن و لایەنگـری جیـدی ژیانێکـی ئـارام و سـەقامگیرن کـە لەلایـەن کارەبەدەسـتانی ئێرانـەوە دابیـن بکرێـت. هەربۆیـەش دیـار نییـە بۆچـی کاربەدەسـتانی ئینگلیـزی لایەنگـری ئارامیـن و لـەم ناوچەیـەدا بەرژەوەندییەکانیـان بـە تەواوەتـی هاوتەریبـی بەرژەوەنـدی ئێرانـە، متمانەیـان زیاتـر بـەم کوردانەیـە، نـەك بـە ئیرانییـەکان. پێویسـتە ئـەوان بزانـن ئێرانییـەکان جیـا لـە کوردسـتان لـە گشـت ناوچەکانـی ڕۆژئـاوا (لـە کرماشـان کـە خاڵـی پێکەوەگرێدانـی هێزەکانـی ئینگلیـزە) لـە لوڕسـتان، لـە خوزسـتان، لـە فـارس، لـە ڕۆژهەڵاتـی ئێـران و لـە گشـت شـوێنێک لەبەرانبـەر هـەر ڕووداوێکـدا لەگـەڵ ئینگلیـزەکان بەرژەوەنـدی هاوبەشـیان هەیـە. ئەگـەر ئینگلیـز متمانەیـان بـە ئێرانییـەکان نییـە، کەواتـە پێویسـتە ئـەم متمانـە پێکردنـە دەسـتەبەر بکرێـت. هەروەهـا ئەگـەر ئینگلیـز، ئێرانییـەکان بـە شـایانی هاوکاریکردنـی یەکـتر نازانـن، تەنانـەت لـەم خاڵەشـدا پێویسـتە ویژدانیـان هەبێـت و ئێرانییـەکان لەگـەڵ کـورد بـەراورد نەکـەن، ئێرانییـەکان هـەر چییـەک بـن، لـە کـورد باشـترن و زۆرتـر بەکەڵـک دێـن.

بـەم خوێندنەوەیـەی سـەرەوە، بـە بـڕوای مـن دەبـێ تـەواوی ئـەم بابەتانـە بـە ڕاشـکاوی و بـە وردی و بـێ پێـچ و پەنـا لەگـەڵ کاربەدەسـتە پەیوەندیـدارەکانی دەوڵەتـی ئینگلیـز بـاس بکرێـت و تـا کات مـاوە چارەیـەک بدۆزرێتـەوە، ئەگـەر نـا دۆخەکـە لـە دەسـت دەردەچێـت و کات تێدەپەڕێـت و زیانـەکان قەرەبـوو ناکرێنـەوە.

بـە بـڕوای مـن پێویسـتە بـە دوو شـێواز ڕەفتـار بکـەن؛ یەکـەم، یـان خـودی ئینگلیـزەکان لـە ڕێگـەی هێـزی خۆیانـەوە، ئـەم پشـێویە دامرکێننـەوە و کاربەدەسـتانی ئێرانیـش هەرچیەکیـان پـێ بکرێـت و هـەر داوایەکیـان لـێ دەکرێـت بـە بـێ یـەک و دوو، جێبەجێـی بکـەن. دووەم، هێـزی پێویسـت لـە چـوار فەوجـی پیـادە، دوو فەوجـی سـوار، سـێ فەوجـی تۆپخانـە، یـەک تیپـی ئەندازیـار کـە سریەیەکیـان بێتـەلی هەبێـت، بـە کەرەسـتەی لۆجسـتیکی پێویسـت و ئامـرازی گواسـتنەوە و کەرەسـتەی پزیشـکی بخرێتـە ژێـر دەسـەڵاتی حاکمـی ناوچـەی کرماشـان و کوردسـتان. هەروەهـا باشـترە نیـوەی ئـەم هێزانـە لـە کەسـانی خۆبەخـش پێکبهێنرێـن و ئـەم خۆبەخشـانەش لـەو کەسـانە بـن دوو سـاڵ خزمەتـی سـەربازییان تـەواو کردبێـت و مووچەی باشـیان پێبدرێـت و ڕێککەوتنامەیان

لەگەڵ واژوو بکرێت. ئینگلیزەکانیش هاوکاری مەعنەوی و سیاسی و هزری پێشکەش بکەن. هەروەها دەکرێت و باشتریشە لێژنەیەکی هاوبەش لە کۆنسوڵی ئینگلیز، فەرماندەی سەربازیی ئینگلیز لە ناوچەی کرماشان، بەرپرسی سیاسی هێزەکانی ئینگلیز لە کرماشان، فەرماندەی هێزی سەربازی ئێران، حاکمی سەربازی کرماشان، حاکمی سەربازی کوردستان و دوو یان سێ کەس لە خەڵکی ناوچەکە، ئەویش ئەگەر ویستیان، بۆ نموونە، دوو نوێنەری کرماشان لە پەرلەمان، دوو نوێنەری کوردستان لە پەرلەمان کە کۆی گشتیان دەکاتە دە کەس پێکبهێنرێت و ڕاوێژ و گفتوگۆ لەبارەی گشت ڕێکارە سەربازی و سیاسییە پێویستەکان بۆ ئەم ناوچەیە بکەن و بە بەردەوامی بیروبۆچوونەکانیان بە ڕاپۆرت بخەنە بەردەم بەرپرسانی حکومەتی ئێران و حکومەتی ئینگلیز و پێشنیاز و پێداویستییەکانیان پەسەند بکرێت و جێبەجێ بکرێن.

بەمجۆرەش دەکرێت هیوادار بین، زەمینەیەک بۆ چاکسازیی گشتی فەراهەم دەکرێت و بۆ داهاتووش زەمینەی هاوکاریکردنی زۆرتری [نێوان ئێران و ئینگلیز] بڕەخسێنرێت؛ چونکە باردۆخی نائارامی ئێستا و دۆخی سیاسیی کورد هەم بەزیانی گەل و حکومەتی ئێران و هەمیش بە زیانی گەل و حکومەتی بەریتانیای گەورە تەواو دەبێت. ئەگەر ئەم بارودۆخە هەرچی زووترە کۆنترۆڵ نەکرێت، لێکەوتەی خراپی لێدەکەوێتەوە.

بەو پێشینەیەی بۆ ماوەی دوازدە ساڵ خزمەتکردن لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران لە ئاراراتەوە بگرە تا پشتکوە هەمە، لە ڕوانگەی بەرپرسیارێتی ویژدانی خۆمەوە بە پێویستم زانی لەم کاتەدا کە لە کرماشان بانگێشت کراوم، لەم بابەتانە ئاگادارتان بکەمەوە. بەم جۆرەش بۆ ئەو فەرماندەیەی کە لە دوای من دێت، کارەکان ئاسانتر دەبن. کۆپییەك لەم ڕاپۆرتەم بۆ فەرماندەیی هێزی ئینگلیز لە کرماشان ڕەوانە کردووە.

سەرلەشکر موقەدەم

١٣٢٠-١٠-١٨

زۆر زۆر نهێنی

کۆپی ژمارە ٢٦

ژێدەر: (MAB/REP/1/1)

کێشەی کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک

لایەنگر= وڵاتانی بەرە یان وڵاتانی هاوپەیمان

**دەستپێک**

١. ناوچەیەکی بەرفراوان کە قەفقاز، ترانس-قەفقاز (trans-Caicasia)، ڕۆژئاوای ئاناتۆلیا، باکووری ڕۆژئاوای سوریا، ڕۆژئاوای عێراق و باکووری ڕۆژئاوای ئێران لەخۆ دەگرێت. نەژادی تێکەڵ لەم ناوچەیەدا دەژین؛ زۆرینەی ئەم نەژادانە نە ڕووسن، نە عەرەب، نە تورک و نە فارس. کۆی گشتی ژمارەی ئەو نەژادە کەمینانە نزیکەی چواردە ملیۆن و نیوە. دەکرێت بڵێین بە بێ هیچ ڕیزپەڕێک ئەم کەمینانە ناڕەزایەتییەکی ڕەگ داکوتاویان لە دژی نەژادە فەرمانڕەواکانی وڵاتەکەکانیاندا هەیە.

٢. بۆئەوەی بەتەواوەتی لە گرنگی سیاسی و توانای سەربازیی ئەم خەڵکانە تێبگەین، پێویستە خوێندنەوە بۆ ژمارە و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی ئەم خەڵکانە لە قەفقازی و وڵاتە درواسێدا بکەین.

٣. لە پاشکۆی (A) دا نەخشەی دابەشبوونی ئەو نەژادە سەرەکییانەی ئەم نووسینە گرنگی پێداون، خراوەتەڕوو. خشتەی یەکەم ژمارەی ڕێژەیی ئەو نەژادانە لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا نیشان دەدات.

٤. لە کۆی گشتی نزیکەی شازدە ملیۆن کەس، نزیکەی چواردە ملیۆن و نیو لە دانیشتوانەکە یەک دەست نین. واتە:

ا ١٨٥ هەزار کیلۆمەتری چوار گۆشەی ترانس-قەفقازیا (واتە نزیکەی ٨٥٪ بۆ ٩٠٪ لە کۆی گشتی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە).

**ب** ١٠٠ هــەزار کیلۆمەتـری چـوار گۆشـەی سـەروو قەفقازیـا (واتــە نزیکـەی ٧٥٪ بـۆ ٨٠٪ لـە کـۆی گشـتی دانیشـتوانی ئـەم ناوچەیـە).

**ج** ٢٠٠ هــەزار کیلۆمەتـری چـوار گۆشـە لـە ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا (واتـە نزیکـەی ٧٠٪ لـە کـۆی گشـتی دانیشـتوانی ئـەم ناوچەیـە).

**د** ١٥٠ هــەزار کیلۆمەتـری چـوار گۆشـە لـە ناوچـە شـاخاوییەکانی باکـووری ڕۆژئـاوای ئێــران و باکــووری ڕۆژهەڵاتــی عێــراق (واتــە نزیکــەی ٧٠٪ لــە کــۆی گشــتی دانیشــتوانی ئــەم ناوچەیــە).

٥. ژمارەیەکـی بەرچـاو لـەو خەڵکانـەی لـەو ناوچانـەدا کـە وەک قەڵایەکـی سروشـتین، دەژیــن. هێڵەکانــی پێکــەوە گرێــدان لــە باکــوورەوە بــەرەو باشــوور و لــە ڕۆژهەڵاتــەوە بــەرەو ڕۆژئــاوا لەخــۆ دەگرێــت، واتــە گشــت ئــەو ناوچەیــەی لــە کاتــی باڵادەســتی ئەڵمانیــادا لــە باشــوورەوە یــان لــە ڕۆژهەڵاتــەوە، لــە ڕێگــەی قەفقازیــا یــان لــە ڕۆژهەڵاتــی تورکیــاوە، گرنگــی تایبەتــی دەبێــت.

٦. وێـڕای ئـەوەی لەسـەرەوە باسـکرا، ئـەم خەڵکانـە لـە هەندێـك شـوێن نیشـتەجێن، دەکەوێتــە دەرەوەی ئــەو ناوچانــەی لەســەرەوە باســکران. تاڕادەیــەک هەڵوێســتی ئــەم خەڵکانــە لــە بــارەی جەنگــەوە گرنگــە، چونکــە لەوانەیــە کاریگــەری لەســەر ئــەو کەســانەی لەگەڵیــان دەژیــن، دروســت بکــەن.

## خشتەی یەکەم

| | ئەرمەن | کورد | ئاشوری | شاخ نشینەکان | تاتار | جۆرجی | لاز-ئازەری | ئەلبانی-یۆنانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سوریا و لبنان | ١٦٠،٠٠٠ | ١٥٠،٠٠٠ | ٢٠،٠٠٠ | ٢٠،٠٠٠ | --- | ---- | --- | --- | ٣٥٠،٠٠٠ |
| فەلەستین | ٥،٠٠٠ | --- | ١٠٠٠ | --- | --- | --- | --- | --- | ٦،٠٠٠ |
| ڕۆژهەڵاتی-ئەردەن | ١٠٠٠ | --- | --- | ٢٠،٠٠٠ | --- | --- | --- | --- | ٢١،٠٠٠ |
| میسر | ٤٠،٠٠٠ | --- | ---- | --- | --- | --- | --- | --- | ٤٠،٠٠٠ |
| عێراق | ١٠،٠٠٠ | ٨٥٠،٠٠٠ | ٤٠،٠٠٠ | --- | ١٠٠،٠٠٠ | --- | ---- | ---- | ١،٠٠٠،٠٠٠ |
| ئێران | ١٥٠،٠٠٠ | ١،٠٠٠،٠٠٠ | ٤٠،٠٠٠ | --- | ٥٠٠،٠٠٠ | --- | --- | --- | ١،٦٩٠،٠٠٠ |
| کۆی گشتی (بە ڕاستەخۆ یان ناراستەخۆ لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیادایە) | ٣٦٦،٠٠٠ | ٢،٠٠٠،٠٠٠ | ١٠١،٠٠٠ | ٤٠،٠٠٠ | ٦٠٠،٠٠٠ | --- | --- | --- | ٣،١٠٧،٠٠٠ |
| U.S.A | ١٦٠،٠٠٠ | ١٠،٠٠٠ | ٥٠،٠٠٠ | --- | --- | ---- | --- | --- | ٢٢٠،٠٠٠ |
| تورکیا | ١٥٠،٠٠٠ | ١،٥٠٠،٠٠٠ | ٥٠،٠٠٠ | ٥٠٠،٠٠٠ | --- | --- | ٤٠٠،٠٠٠ | ٤٠٠،٠٠ | ٣،٠٠٠،٠٠٠ |
| سۆڤیەت | ٢٠٠٠٠٠٠ | ١٥٠،٠٠٠ | ١٠٠،٠٠٠ | ٢٠٠٠٠٠٠ | ٢٣١٤٠٠٠ | ٢٢٠٠٠٠٠ | ١٥٠،٠٠٠ | --- | ٨٩١٤٠٠٠ |
| وڵاتانیتر | ٢٧٠٠٠٠ | ١٤٠٠٠٠ | ١٠٠٠٠٠ | ٦٠٠٠٠ | --- | --- | --- | --- | ٥٧٠٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٢٩٤٦٠٠٠ | ٣٨٠٠٠٠٠ | ٤٠١٠٠٠ | ٢٦٠٠٠٠٠ | ٢٩١٤٠٠٠ | ٢٢٠٠٠٠٠ | ٥٥٠٠٠٠ | ٤٠٠٠٠٠ | ١٥٨١١٠٠٠ |

**بارودۆخی هەنوکەیی.**

٧. پێش ئەوەی پرسیارە سیاسییەکان لەبەرچاو بگیرێن، پێویست وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە:

ا خەسڵەت و خواستەکانی ئەم گەلە جیاوازانە چین؟ (پەرەگرافەکانی ٨ بۆ ٢٥).

ب چۆن کردەوەکانی تورکیا کاریگەری لەسەر ئەم خەڵکە دروست دەکات؟ (پەرەگرافەکانی ٦ بۆ ٣٥)

**ج** ڕەفتاری هەنوکەیی ئەوان چییە؟ (پەرەگرافی ٣٦).

**د** شکستی ڕووسیا چ کاریگەرییەکیان لەسەر دروست دەکات؟ (پەرەگرافەکانی ٣٧ بۆ ٣٩).

**ه** ئایا ئێمە دەمانەوێت ئەوان لایەنگرمان بن؟ (پەرەگرافەکانی ٤٠ بۆ ٥٣).

**ا خەسڵەت و خواست**

٨. ئەرمەن (مەسیحییەکان)

ئەرمەن نەژادێکی زۆر و بەربڵاون، لە بنەڕەتدا لە ناوچەیەکی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ترانس-قەفقازیادا نیشتەجێن. لە ئەنجامی ئەشکەنجەی دوورودرێژ و سەختی تورکەکان، هەنوکە ژمارەی ئەرمەنەکانی تورکیا کەمبووەتەوە و تەنیا ڕێکخراوە سیاسییەکەیان لە ئەرمینیای سەر بە کۆماری یەکێتی سۆڤیەتدایە. لە ڕووکەشدا ئەم ڕێکخراوە سەربەخۆیە، بەڵام لە ڕاستیدا لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتی سۆڤیەتدایە کە دەستی بەسەر دوورترین بەشی ڕۆژهەڵاتی زێدە ڕەسەنەکەیاندا گرتووە. گشت ئەرمەنەکان، تورکەکان بە دوژمنی سروشتی خۆیان هەژمار دەکەن و بەو هیوایەن بتوانن تۆڵەی خۆیان بکەنەوە و ئەو پارێزگایانەی لە دەستیان داوە، بیانگەڕێننەوە. ڕوحییەتی نەتەوەیی ئەرمەن زۆر گەشەی کردووە، ئەگەرچی ئەوان خۆیان بە دۆستی ڕووسیا دادەنێن و وەک پشتیوانی ڕاستەقینەیان لەبەرانبەر دەستدرێژی تورک هەژماری دەکەن، بەڵام هیوادارن سەربەخۆیی تەواوی خۆیان بەدەست بهێنن و ئەگەر دەرفەت بڕەخسێت، لەپێناو دەستەبەرکردنی ئەم سەربەخۆییەدا دەجەنگن. ئەرمەنەکان شاخنشینی ڕشت و شەڕکەری بوێرن.

٩. کاتێک گرنگی بە سیاسەتی ئەرمەنەکان دەدەین، پێویستە ئاماژە بە داشناکس (Dashnaks) بدەین کە ڕێکخراوێکی سیاسی نهێنی خاوەن خواستی ناسیۆنالیستی زۆر بەرزە، لە ماوی نیو سەدەی رابردوودا ڕۆڵێکی گرنگی لە سیاسەتی ئەرمەنەکاندا گێڕاوە. لە هەر شوێنێک ئەرمەن هەبن، ئەم ڕێکخراوە دەسترۆییەکی زۆری لە نێوانیاندا هەیە. هەروەها ئەوان کاریگەری زۆریان لەسەر کوردی ئێران و تورکیا هەیە، واتە ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەرمەنەکان هەستی هاوبەشی ڕق لێبوونەوە لە

تورکەکانیـان هەیـە. بـە گشـتی نـەژادی ئەرمەنـەکان بـە داشناکسـەوە (بـە چـاو پۆشـین لـەو ئەرمەنیانـەی کـە لـە ئەڵمانیـا دەژیـن)، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەر ئەنگلـۆ-ڕووس.

١٠. کورد

کـورد گەلێکـی کۆچەریـن و دژی یاسـا و ئارامیـی بەرقـەرارن. ئـەوان بـە بەردەوامـی سـەرچاوەی نیگەرانیـن بـۆ دراوسـێکانیان، واتـە ئـەو کەسـانەی خاکیـان لەلایـەن کـوردەوە تـاڵان دەکرێـت. ئـەو کوردانـەی لـە ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا نیشـتەجێن، دوژمنـی سەرسـەختی تورکەکانـن. لـە سـوریا و لـە نزیـک حەلـەب گروپێکـی کـورد هـەن لایەنگـری تورکـن، بـەڵام زۆر بچووکـن.

١١. حاڵـی حـازر دوو لـە کاریگەرتریـن سـەرکردەکانی کـورد لـە سـوریا نیشـتەجێن کـە بـە دوو بـرا بەدرخانییەکـە دەناسرێـن. ئـەوان دامەزرێنـەری خۆیبوونـن، کـە کۆمەڵەیەکـی ناسیۆنالیسـتی کـوردە و ئامانجیانـە لـە ژێـر چاودێـری هەندێـک لـە زلهێـزە ئەوروپییـەکان ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد دەسـتەبەر بکـەن. بەهـەر حـاڵ، خـودی کـورد سـەبارەت بـە یەکگرتنـەوەی گشـت کـورد یەکدەنـگ نیـن. لـەم دواییانـەدا هەندێـك لـە سـەرکردەکانی کـورد سـێ ڕێبـازی جودایـان خسـتووتە بـەردەم دەسـەڵاتدارانی بەریتانیـا کـە ڕوانگەیەکـی بـۆ بەدەسـتهێنانی سیاسـەتی بەریتانیـای لەبەرانبـەر کـورد لەخـۆ گرتـووە، بـەو ئومێـدەی تـا کۆتایـی هاتنـی جەنـگ، شـێوەیەک لـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد دابیـن بکرێـت. بـە تایبەتیـش کـوردی ئێـران خوازیـارن لـە دەسـت فەرمانڕەوایـی فارسـەکان ڕزگار بـن.

پاشکۆی (B) دابەشبوونی کوردی تورکیا دەخاتەڕوو.

١٢. ئاشورییەکان

ئاشـورییەکان مەسـیحین و بـۆ نەژادێکـی کـۆن دەگەڕێنـەوە، هەنوکـە لـە ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا، تورکیـا، عێـراق، ئێـران، سـوریا و وڵاتانیـتردا هـەن. لـە سـوریا کۆڵۆنییەکـی ئەرمەنـەکان، بـە درێـژای ڕووبـاری خاپـور هەیـە کـە ١٢٠ هـەزار ئەرمەنـی تێـدا دەژیـن. بـۆ ئـەوەی لـە هەڵوێسـتی ئەرمەنـەکان لـە بەرانبـەر وڵاتانیـتر بگەیـن، دەبـێ چـاو بـە مێـژووی ئـەم دوایـەی ئەرمەنەکانـدا بخشـێنینەوە.

١٣. پێش جەنگی ساڵانی ١٩١٤-١٩١٨، ئەرمەن لەو ناوچەیەدا دەژیان کە لە باکوور-ڕۆژهەڵاتی ئامێدییەوە بەرەو دەریاچەی ڕەزایە درێژدەبوویەوە و هەرچەندە لە ڕووکەشدا ئەوان بە هاوڵاتی تورکی هەژمار دەکران، بەڵام لە ڕووی پراکتیکەوە شێوازی حوکمڕانیان ئۆتۆنۆمی بوو. کاتێک دۆگی گەورە نیکۆلاس لە ساڵی ١٩١٥دا بەرەو ئەرزەڕۆم پێشڕەوی کرد، ئاشوورییەکان شۆڕشیان کرد و چوونە پاڵ هێزەکانی ڕووسیا. کاتێک ڕووس بە هۆی شۆڕشی [ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧] لەم ناوچانەدا پاشەکشەیان کرد، زۆرێک لە ئاشوورییەکان لە تورکیا هەڵاتن و لە خاکی ڕووسیا نیشتەجێ بوون؛ ئەوانیتریش لە شەڕکردن بەردەوام بوون و لە سەردەمی ئارمیستیس (Armistice) بەرەو مێزۆپۆتامیا چوون و چوونە پاڵ هێزەکانی بەریتانیادا. ئەوان لە کەمپی پەنابەرەکان ڕاگیران و حکومەتی بەریتانی خەرجی کەمپەکانی دابینکرد، تا ئەوکاتەی بتوانن لە گوندەکان نیشتەجێیان بکەن و پیاوەکان بۆ خزمەتی سەربازی ناو نووسکران و چوونە ناو بەتالیۆنی لێڤیس (Battalions of Levies) کە لەژێر فەرماندەیی هێزی ئاسمانی پاشایەتی (R. A. F)دا بوو.

١٤. سروشتییە ئاشوورییەکان، بەریتانییەکان بە بەرگریکاری خۆیان بزانن. بەهۆی ئەم بەرگریکردنەش، غرورێک بیانگرێت، ببێتە هۆی وروژاندنی هەستی دوژمنکاریی موسڵمانەکانی عێراق. کاتێک ئەم بەرگریکردنەی بەریتانیا نەما، ئاشوورییەکان لە عێراقدا ڕووبەڕووی بارودۆخێکی قورس بوونەوە و لە ١ی سێپتەمبەری ١٩٣٣دا لە سێمێل، کە دەکەوێتە ٤٠ میلی باکووری ڕۆژئاوای موسڵ، ئاشوورییەکان ڕەشەکوژکران. لەم ڕەشەکوژییەدا گشت ئەو ئاشوورییانەی پێشتر لە هێزەکانی لێڤیس و لە ناو هێزی بەریتانیادا خزمەتی سەربازیان کردبوو، لەگەڵ ئەندامانی خێزانیان پێکەوە گولەباران کران. ژمارەی کوژراوان نزیکەی هەفت سەد بۆ هەشت سەد کەس بوو.

١٥. بە گشتی ئاشوورییەکان لە عێراق بە باشترین شەڕکەر دادەنرێن، ئەگەرچی ئاشوورییەکان خۆیان بە قەرزداری بەریتانیا دەزانن، بەڵام زۆریان هەست دەکەن لەلایەن بەریتانیاوە پشتگوێخراون، ئەم هەستەش دواجار بووە هۆی زیندووکردنەوەی

دۆستایەتی دێرینیان لەگەڵ ڕووسدا. شایانی ئاماژە پێدانە ژمارەی ئاشوورییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت لە ژمارەی ئاشوورییەکانی گشت شوێنەکانیتر زۆرترە.

١٦. لەم دواییانەدا سەرۆک وەزیرانی عێراق پێشنیازی کردووە، ژمارەیەک لە ئاشوورییەکانی نیشتەجێی خابور لە سوریا، بە مەبەستی پاسەوانیکردن لە فڕۆکەخانەکان بۆ عێراق بنێردرێن.

١٧. شاخنشینان

**(i) لە یەکێتی سۆڤیەت**

مەبەست لە شاخنشینەکان ئەو خێڵانەن لە ناوچەیەکی بەرفراوانی داوێنی چیاکان لە بەشی باکوور و باشووری زنجیرە چیاکانی قەفقازیادا دەژین.

بۆ زانینی ژمارەیان پێوستە بزانین، نزیکەی سەد زمان و شێوەزاری جیاواز لە ناوچەی نێوان دەریای ڕەش و دەریای خەزەر (قەزوین)دا هەن و ئەو خەڵکانە زۆربەیان لە ناوچە چیاییەکاندا نیشتەجێن، بەڵام دەکرێت بەشێوەیەکی سەرەکی بەسەر ئەم گروپانەی خوارەوە دابەش بکرێن. ئەم گروپانەش لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوای زنجیرە [چیای قەفقاز] نیشتەجێن:

- داغستانی (لازقی Lasghians)
- چیچانی و ئینگۆش
- ئۆسێتی (Ossetins)
- کابار و بەلکار
- چەرکەز
- ئەبخازی

ئەم گروپانەش کۆمارێکی تەمەن کورتیان بە ناوی ‹کۆماری شاخنشین› (Mountaineer Republic) لە ساڵی ١٩١٨دا دروستکرد. یەکێتی سۆڤیەت ئەم کۆمارەی لەناوبرد، بەڵام لەبری ئەمەدا، بەپێی ئەو دابەشبوونەی لەسەرەوە ئاماژە پێدرا، چەندین ناوچە و کۆماری ئۆتۆنۆمی ڕووکەشی دامەزراند.

١٨. خێڵەکانی داغستان لە ڕۆژهەڵات و چەرکەس و ئەبخازییەکانیش لە ڕۆژئاوا، هەر لە کۆنەوە نەیاری ڕووسن و تەنیا لە دوای چەندین ساڵ شەڕکردن لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، ملکەچی ڕووس کران. ئەوانیتر لە ناوەڕاستی زنجیرە چیای قەفقازدا نیشتەجێ بوون، پێشتر ملکەچی ڕووس ببوون و وەک ئەوانەی سەرەوە دوژمنی سەرسەختی ڕووس نەبوون. دواتر بە هەندێك ڕیزپەڕەوە شاخنشینە محەمەدییەکان (Mohammedians) دێن کە زۆربەیان پەیڕەوکاری وەفاداری پێغەمبەرن. ئەوان شەڕکەری لێهاتوون، بەهۆی ئەو ئومێد و هاندانەی کە [لەلایەن ڕووسەوە] لەم ساڵانەی دواییدا لە سەرتاسەری قەفقازیا بڵاوبووەتەوە، وایکرد مەیلی نەتەوەیی محەمەدییەکان ببوژێتەوە. ئەم سیاسەتەش بە ئەنقەست لەلایەن سۆڤیەتەوە پەیڕەو دەکرێت. ئامانج لەم سیاسەتەش دروستکردنی ململانێیە لە نێوان ئەم خێڵانە، تا بەم جۆرەش ئەگەری پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی دژی ڕووسیا پووچەڵ بکاتەوە. خودی ئەمەش هۆکارێکە، لەوانەیە ئەوان دووبارە لە پێناو بەرژەوەندییەکی هاوبەش دەست بە شەڕ بکەنەوە، واتە ئەگەر دەرفتێک بڕەخسێت بۆ سەر لە نوێ دامەزراندنەوەی ‹کۆماری شاخنشینەکان.

١٩. (ii) تورکیا

لە نێوان ساڵانی ١٨٦٤-١٨٧٨، دوای دوو شەڕی سەرنەکەتوو لە دژی ڕووسیا، زۆربەی چەرکەزەکان لەگەڵ نزیکەی ٣٠،٠٠٠ کەس لە ئەبخازییەکان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئیمپراتوری تورکدا دەرکەوتن. ئەوان هەنوکە لە تورکیا نیشتەجێن و بە تایبەتیش لە قەزاکانی سیواس، توکات، ئاماسیا و بافرا لە باکووری ئاناتۆلیا، لە ئیزمیت و ئاداپازاری کە دەکەونە ئەوپەڕی ڕۆژهەڵاتی دەریای مەڕمەڕە.

٢٠. چەرکەز(Circassians) هەنوکە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ٥٠٠،٠٠٠ کەس، نەیاری سەرسەختی ڕووسن و بە گشتی دەتوانین بڵێین دۆستی تورکەکانن و لە شەڕی تورک و ڕووس لە ساڵانی ١٨٧٧-١٨٧٨دا، بوون بە هاوپەیمانی تورک. چەرکەز لە ‹ترانس-ئەردەن›یشدا هەن. هەروەها لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی سوریادا دەژین و هێزی فەرەنسا زۆر بە باشی سوودی لە توانای شەڕکردنی ئەوان بینیوە.

٢١. تاتار

زۆرینـەی تاتـارەکان، لـە کۆمـاری سـۆڤیەتی ئازەربایجانـدا نیشـتەجێن، هەروەهـا لـە کۆمـاری ئۆتۆنۆمـی ‹نەخچەوان›یـش دەژیـن کـە دەکەوێتـە نێـوان ئەرمەنیـا و ئێـران. کەمینەیەکـی بەرچاویـان لـە ئەرمەنیـا، جۆرجیـا و پارێـزگای ئازەربایجانـی سـەر بـە ئێـران، دەژیـن.

٢٢. تاتـارەکان موسـڵمانن و لـە ڕووی خوێنـەوە دەگەنـەوە تورکـمان و تورکـەکان. هـەروەک تورکـەکان، ئەوانیـش ڕقیـان لـە دراوسـێ ئەرمەنەکانیـان دەبێتـەوە. جوڵانـەوەی پان-تورکـی، ئـەوەی لەلایـەن ئەنـورە پاشـاوە سـەریهەڵدا و تـا ئێسـتاش بـە سـەرۆکایەتی «نـوری»ی بـرای، هـەر بەردەوامـە، گشـت تاتارەکانـی ئازەربایجـان بـە تـورک هەژمـار دەکات. ژمارەیەکـی بەرچـاوی تورکمانەکانیـش لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی عێـراق دەژیـن؛ واتـە بـە درێژایـی ڕێگـە کۆنەکـەی کاروانچییـەکان کـە بـەرەو ئێـران دەڕوات. ئەمانـەش مەیلیـان بـەرەو تورکیـا هەیـە.

٢٣. جۆرجییەکان

پاشـایەتی جۆرجیـا بـۆ نزیکـەی دوو هـەزار سـاڵ قەوارەیەکـی سـەربەخۆ بـووە و تـا هەنوکـەش جۆرجییـەکان خـاوەن ڕوحێکـی نەتەوەیـی زۆر بەهێـزن. لـە شۆڕشـی [ئۆکتۆبـەری ڕووسـیا لـە سـاڵی ١٩١٧]، دوای نزیکـەی یـەک سـەدە لـە فەرمانڕەوایـی ڕووس، جۆرجییـەکان بـۆ گەڕانـەوەی سـەربەخۆییەکەیان سـوودیان لـەم هەلـە وەرگـرت. هێزەکانـی سـۆڤیەت دووبـارە لـە سـاڵی ١٩٢١ ئـەم وڵاتەیـان داگیـر کـردەوە، بـەڵام جۆرجییـەکان لـە سـاڵی ١٩٢٤دا، ڕاپەڕیـن و دوای خوێنڕشـتنێکی زۆر ملکەچکرانـەوە. زۆرینـەی جۆرجییـەکان مەسـیحین و بێگومـان هـەر بـەم هۆیەشـەوە بـوو لـە ڕابـردوودا ئـەوان لـە شـەڕی تـورک و ڕووس پاڵپشـتی ڕووسـیان کـرد.. بـەڵام لـەم شـەڕەی دواییـدا، نەتەنیـا دژایەتـی ئایینـی لـە نێـوان موسـڵمان و مەسـیحییەکان بەتەواوەتـی نەمـا، بەڵکـو هەنوکـە ئەڵمانـەکان پێشـنیازی سـەربەخۆیی بـە جۆرجییـەکان دەدەن، تـا لەبەرانبـەردا جۆرجییـەکان پشـتگیریی ئەڵمانـەکان بکـەن.

٢٤. ئاجەر و لاز (Adjares and Lazes)

ئەمانــە لــە لێوارەکانــی نێــوان باتــۆم (Batum) و ترابزۆنــد (Trebzound) و ناوچــە شـاخاوییەکانی نێـوان ئـەم دوو لێـوارە، لـە هـەردوو دیـوی سـنووری تورکیـا و ڕووسـیادا نیشـتەجێن. ئەگەرچـی ئەمانـە موسـڵمانن، بـەڵام لـە ڕووی زمـان و ڕەگـەزەوە زۆرتـر لـە جۆرجییــەکان نزیکــن، تــا لــە تورکــەکان.

٢٥. محەمەدییەکانی ئەرمەنیا و یۆنان

ئـەم ئەرمەنـی و یۆنانییانـە بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژە لـە تورکیـا نیشـتەجێن و بوونەتە محەمـەدی و زۆربەیـان نەیـاری تورکـن. محەمەدییەکانـی ئەرمەنیـا بە شـێوەی سـەرەکی لە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا (هەمشـینە، سـورمینە، تۆرتـووم، ماراتـۆک، گیسـگیم و گوندج) نیشـتەجێن. محەمەدییەکانـی یۆنـان لـە ویلایەتـی ترابزۆنـد و هەکاری نیشـتەجێن.

**ب** چۆن کردەوەکانی تورکیا کاریگەری لەسەر ئەم خەڵکە دروستکردووە؟

٢٦. ئەرمەن

[لــە شــەڕی دووەمــی جیهانــدا] تورکیــا بێلایــەن بێــت، یــان لایەنگــری وڵاتانــی هاوپەیـمان بێـت، ئەرمەنـەکان بـەردەوام دەبـن لـە پاڵپشـتیکردنی وڵاتانـی هاوپەیـمان. ئەمــەش لــە بەرژەوەنــدی ئەواندایــە، چونکــە زۆر بــە باشــی دەزانــن، ئەگــەر بێــت و هاوپەیمانــان شکســت بێنــن، دەکەونــە ژێــر دەســەڵاتی تورکەکانــەوە. تورکیــا لایەنگــری وڵاتانــی میحــوەرە، هەربۆیــەش ئەرمەنــەکان بــەردەوام دەبــن لــە شــەڕکردن لــە پــاڵ وڵاتانـی هاوپەیـمان، چونکـە تـا ئـەو کاتـەی ڕووسـیا بەرگـری لـە قەفقازیـا بـکات، ئەوانـە تــا دواییــن چرکەســات بەرگــری لــە وڵاتەکیــان لــە بەرانبــەر هێرشــی تورکیــا دەکــەن.

٢٧. کورد

**کوردی تورکیا**

بە بێلایەن مانەوەی تورکیا، کوردی تورکیا هەروەک ئێستا، کەم تا زۆر ناچالاک دەمێننەوە، ئەگەر بێت و تورکیا بچێتە ناو بەرەی وڵاتانی هاوپەیمان، چاوەڕوان دەکرێت کورد خۆشحاڵ نەبن بە هۆی ئەو کارانەی کە تورک کردوویانە.... (لاپەڕەی شەش لە دۆسییە ڕەسەنەکەدا نەماوە).

٣٤. ئاجەر و لاز (Adjares and Lazes)

ئەگەرچی ئەمانە موسڵمانن، بەڵام لەوانەیە بچنە پاڵ جۆرجییەکان، چونکە لە ڕووی زمان و ڕەگەزەوە زۆرتر لە جۆرجییەکان نزیکن تا لە تورک.

٣٥. محەمەدییەکانی ئەرمەنیا و یۆنان

لەوانەیە ئەمانە لەگەڵ کوردی تورکیا بن.

**ج** هەڵوێستی ئێستای ئەم کەمینانە چۆنە؟

٣٦. خشتەی ژمارە چوار (ئەو کەمینانە لەخۆ ناگرێت کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانیتردا دەژین)

| نەتەوە | لایەنگری وڵاتانی هاوپەیمان | لایەنگری وڵاتانی میحوەر یان دژی هاوپەیمانان | چاوەڕوانی ڕووداوەکانن |
|---|---|---|---|
| ئەرمەنەکان | ٢،٥١٦،٠٠٠ | | --- |
| کوردی تورکیا | ---- | | ١،٨٠٠،٠٠٠ |
| کوردی عێراق | ٨٥٠،٠٠٠ | | --- |
| کوردی ئێران | ١،٠٠٠،٠٠٠ | | --- |
| ئاشورییەکان | ٢٥١،٠٠٠ | | --- |
| شاخنشین | ٢،٠٤٠،٠٠٠ | | ٥٠٠،٠٠٠ |
| تاتار | ٢،٣١٤،٠٠٠ | | ٦٠٠،٠٠٠ |
| جۆرجییەکان | ٢،٢٠٠،٠٠٠ | | ---- |
| لاز و ئاجارەکان | ١٥٠،٠٠٠ | | ٤٠٠،٠٠٠ |
| محەمەدییەکانی ئەرمەنیا و یۆنان | ---- | | ٤٠٠،٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ١١،٣٢١،٠٠٠ | | ٣،٧٠٠،٠٠٠ |

**تێبینی:**

لەم کۆی گشتییەدا، تەنیا دەتوانین ئەرمەنەکان، ئاشورییەکان و بەشێک لە کوردی عێراق بە دروستی بە لایەنگری وڵاتانی هاوپەیمان هەژمار بکەین.

ئەوانیـــتر لایەنگـــری هاوپەیمانانـــن لەبەرئـــەوەی زۆرینەیـــان لـــە ژێـــر دەســـەڵاتدارێتی ڕووســـیادان و تـــا ئەوکاتـــەی هێزەکانـــی ڕووســـیا هەبـــن و ورەی ســـەربازەکانی ڕووســـیا لـــە ئاســـتێکی بـــەرزدا بێـــت، ئەگـــەری ئـــەوە نییـــە، یاغـــی بوونێکـــی سەرتاســـەری، بەهـــۆی هەســـتی نەتەوایەتییـــەوە ســـەرهەڵبدات. حاڵـــی حـــازر و بەهەمـــان هـــۆکار، کـــوردی ئێرانیـــش لایەنگـــری وڵاتانـــی هاوپەیمانـــن. ئەمـــەش نـــەک لەبەرئـــەوەی ئـــەوان لایەنگـــری بەریتانیـــان، بەڵکـــو لەبەرئـــەوەی هاوپەیمانـــان ئێرانیـــان کۆنـــترۆڵ کـــردووە و کـــورد چاوەڕوانـــی ئێمـــەن کـــە لەدەســـت باڵادەســـتی فارســـەکان ڕزگاریـــان بکەیـــن.

**د** کاریگەرییەکانی شکستی ڕووسیا [لە جەنگ]دا

٣٧. ئەگەر بێت و ڕووسیا بشکێت:

**ا** ئەڵمانیا هێرش دەکاتە سەر قەفقازیا.

**ب** بوونـی ژمارەیەکـی زۆری هێـزی ئەڵمانیـا، لـە دژی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت یـان لـە دژی بەریتانیـای گـەورە بەکاردەهێنرێت.

**ج** تورکیـا لـە ژێـر ئـەم گوشـارە زۆرەدا، لەوانەیـە بچێتـە پـاڵ بـەرەی وڵاتانـی میحـوەر، یـان بەلانیکەمـەوە ڕێگـە بـدات هێزەکانـی ئەڵمانیـا بـە خاکەکەیـدا دەربـاز بـن.

**د** لەوانەیە بەهەزاران سەربازی قەفقازیا بە چەکەوە بگەڕێنەوە ناوچەکانیان.

**ه** سەرهەڵدانەوەی خێرای جوڵانەوە ناسیۆنالیستییەکان لە قەفقازیا.

**و** لەوانەیـە بەرگـری ئەرمەنـەکان لەبەرانبـەر گوشـاری وڵاتانـی میحـوەر بـۆ نزمتریـن ئاسـتی خـۆی دابەزێـت. تەنانـەت ئەگـەر تورکیـا هێـرش نەکاتـە سـەر ئەرمەنیـا، بـە دڵنیاییـەوە دوژمنایەتـی کۆنـی تاتـار و ئەرمەنـەکان کـە بـۆ سـاڵی ١٩٠٥ دەگەڕێتـەوە، دووبـارە سـەرهەڵدەداتەوە. لـەم بارودۆخـەدا ئەرمەنـەکان ناچـار دەبـن ملکەچـی دەسـەڵاتی دەوڵەتانـی میحـوەر بـن، تـا خۆیـان لـە لەناوچوونـی تەواوەتـی بپارێـزن.

**ز** ئەگـەر ‹بۆتـان› بکەوێتـە دەسـت ئەڵمانـەکان، بەدڵنیاییـەوە جۆرجییـەکان، خۆیـان دەدەنـە دەسـت بەڵێنـە فریودەرەکانـی ئەڵـمان، لەبـارەی ئۆتۆنۆمییـەوە لەوانەیـە

بنــە لایەنگــری وڵاتانــی میحــوەر.

**ح** بێگومان موسڵمانەکانی ئازەربایجان پشتگیریی تورکیا دەکەن.

**ط** کۆمارەکانــی شاخنشــین، ســوود لــە دەرفەتەکــە وەردەگــرن، تــا کۆتایــی بــە باڵادەســتی ڕووس بهێنــن و لــەم حاڵەتەشــدا دەبنــە دژی وڵاتانــی میحــوەر.

**ی** جوڵانەوەی پان-تورک سەر لە نوێ بەهێز دەبێتەوە.

٣٨. بــە کورتــی، ئەگــەر بێــت و هێڵــی بەرگــری ڕووس تێکبشــکێنرێت، ئەگــەری زۆرە دوژمنایەتــی نێــوان خێڵــەکان و نێــوان نەتــەوەکان لــە گشــت ناوچــەکان هەڵبگیرســێت و پشــێوی لــە دەریــای ڕەشــەوە بــۆ دەریــای قەزویــن ســەرهەڵ بــدات. لــەم جــۆرە بارودۆخــەدا، تەنانــەت ئەگــەر تورکیــا نەچێتــە پــاڵ وڵاتانــی میحــوەرەوە، تورکیــا بڕیــار لەســەر یەکێــک لــەم دوو حاڵەتانــەی خــوارەوە دەدات:

**یەکەم:** هەنگاونان بەرەو لکاندنی ئەرمەنیا و ئازەربایجان بە تورکیاوە.

**دووەم:** دەچێتــە پــاڵ دامەزراندنــی فیدراســیۆنی قەفقازیــا؛ ئەویــش بەپێــی ڕێککەوتنێــک، پێشــتر لەلایــەن حکومەتەکانــی جۆرجیــا، ئەرمەنیــا، ئازەربایجــان و کۆمــاری شاخنشــین لــە ســەرەتای ســاڵی ١٩٤٠دا واژوو کــرا بــوو. تورکیــا بەشــێوەیەکی نافەرمــی لەســەر ئــەم ڕێککەوتنــە ڕێککەوتبــوو.

٣٩. ئێســتا بــا لەبــەر ڕۆشــنایی شکســتی ڕووســیا و داگیرکردنــی قەفقازیــا لەلایــەن ئەڵمانیــاوە، ئــەم نووســینەی خۆمــان هەڵبســەنگێنین. (بــەراوردی بکــە لەگــەڵ خشــتەی ژمــارە چــوار).

خشتەی ژمارە پێنج (ئەو کەسانەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانیتر نیشتەجێن لەخۆ ناگریت)

| نەتەوە | لایەنگری وڵاتانی هاوپەیمان | لایەنگری وڵاتانی میحوەر یان دژی هاوپەیمانان | چاوەڕوانی ڕووداوەکانن |
|---|---|---|---|
| ئەرمەن | --- | ٢،١٥٠،٠٠٠ | ٣٦٦،٠٠٠ |
| کوردی تورکیا | ---- | ١،٦٥٠،٠٠٠ | ١٥٠،٠٠٠ |
| کوردی عێراق | ٨٥٠،٠٠٠ | --- | --- |
| کوردی ئێران | --- | --- | ١،٠٠٠،٠٠٠ |
| ئاشورییەکان | ١٠١،٠٠٠ | ١٥٠،٠٠٠ | --- |
| شاخنشین | --- | ٢،٥٠٠،٠٠٠ | ٤٠،٠٠٠ |
| تاتار | --- | ٢،٣١٤،٠٠٠ | ٦٠٠،٠٠٠ |
| جۆرجی | --- | ٢،٢٠٠،٠٠٠ | ---- |
| لاز و ئاجار | ---- | ٥٥٠،٠٠٠ | --- |
| محەمەدییەکانی ئەرمەنیا و یۆنان | ---- | ٤٠٠،٠٠٠ | ---- |
| کۆی گشتی | ٩٥١،٠٠٠ | ١١،٩١٤،٠٠٠ | ٢،١٥٦،٠٠٠ |

**تێبینی:**

هەروەك خشتەی ژمارە چوار، دەبێ بارودۆخەکە لەبەرچاو بگرین. بۆنموونە، زۆرینەی ئەو ئەرمەنانەی لە ستونی ناوەڕاستی خشتەکەدا خراوەنەتەڕوو، لەبەرئەوە نییە لایەنگری وڵاتانی میحوەرن، یان دژی وڵاتانی هاوپەیمان نین، بەڵکو لەبەرئەوە بووە، ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. لەبەرئەوە شاخنشینان و جۆرجییەکان لەم خشتەیەدا دانراون، چونکە لە دڵەوە دژی ڕووسن، هەربۆیەش لایەنگری وڵاتانی میحوەرن، تا بتوانن لەم ڕێگەیەوە ئازدی خۆیان بەدەستبهێنن.

ه‍ ئایا ئێمە دەمانەوێت ئەم خەڵکە لایەنگری ئێمە بن؟

به هۆی ئەم هۆکارانەی خوارەوە، وەڵامەکە ئەرێنییە:

٤٠: ئەرمەن

ڕێگـەی سـەرەکی لـە ئێرانەوە-ڕێگـەی ئاسـنین و جـادەی نێـوان جولفـا بـۆ تەفلیـس-بەشـی هـەرە زۆرەکـەی لـە نـاو خاکـی ئەرمەنیـای ڕووسـیا تێپـەڕ دەبێـت. زۆربـەی بەشـەکانی ئـەم وڵاتـە شـاخاوی و قەدەغـە کـراون و بـە درێژایـی چەندیـن میـل ڕێگاکـە بـە شـوێنە لێـژ و سـەختەکاندا تێپـەڕ دەبێـت، یـان بـە درێژایـی ڕووبـار و بـە دۆڵـی قـووڵ و تەنگـدا تێپـەڕ دەبێـت، ئەگـەر بێـت و شاخنشـینە دراوسـێکان دوژمنایەتـی [ئەرمەنەکان] بکـەن، ئـەو کات لـە باشـترین حاڵەتـدا، پێویسـتە ژمارەیەکـی زۆری سـەرباز بەکاربهێنرێـن، تـا پارێـزگاری لـە ڕێـڕەوە زینـدوو و پـردەکان بکرێـت. لـە خراپتریـن حاڵەتیشـدا، بـە تایبەتیـش ئەگـەر ئەڵمانـەکان چـەک و تەقەمەنـی و یارمەتیـی تەکنیکـی دابیـن بکـەن، پەیوندیـی زەمینـی ئێمـە لەگـەڵ ترانس-قەفقازیـادا، ڕووبـەڕووی هەڕەشـەی جیـددی دەبێتـەوە و لەوانەشـە ئـەم پەیوەندییـە بپچڕێـت. بـە پێچەوانـەوە، ئەگـەر ئەڵمانـەکان لـە ڕێگـەی ئەرمەنیـای ڕوسـیاوە پێشـڕەویی بکـەن یـان پێشـڕەویان کردبێـت، ئەمنیەتـی پەیوەندییـە لۆجیسـتیکیەکانیان (پەیوەندیکـردن) لـە باشـترین حاڵەتـدا پشـت بـە نیەتپاکـی ئەرمەنـەکان دەبەسـتێت. لەمـەش زیاتـر، ئەگـەر بێـت و دەرفـەت بڕەخسـێت، کەمینـەی ئەرمـەن کـە لـە باکووری ڕۆژئـاوای ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی تورکیـان، دەتوانـن بـن بـە هاوپەیمانـی بەنـرخ.

٤١. کورد

ئـەو ناوچە(قەزا)یانـەی کـوردی تێـدا نیشـتەجێن، گرنگیـی سـتراتیژی لەڕادەبـەدەر زۆریـان هەیـە. هەمـوو ئـەو ڕێگاوبانانـەی لـە تورکیـاوە بـەرەو ئێـران و ئێـراق دەچـن، ڕێژەیەکـی بەرچاویـان دەکەوێتـە نـاو خاکـی کـورد. هەروەهـا ئـەو ڕێـڕەوەی لـە باکـووری عێراقـەوە بـەرەو ئێـران دەچێـت، بـەو ناوچانـەدا دەربـاز دەبێـت کـە زۆرینەی دانیشـتوانی کـوردن. کـورد زۆربەیـان لـە شـاخەکان نیشـتەجێن و ڕێگاکانـی کوردسـتان هـەروەک

زۆربـەی ڕێـگای ناوچـە شـاخاوییەکان، ڕێگـەی کـەم، سـەختن و پارێـزراو نیـن. هەمـان ئـەو شـاخانەی لەبەرانبـەر هاتوچـۆدا بەربەسـتن، وایانکـردووە، بـۆ کردەوەکانـی خـودی کـورد ببنـە بەربەسـت. کـورد تاڵانچـی لێهاتـوو و بـە ئەزموونـن و هیـچ گومـان لـەوەدا نییـە دەتوانـن ببنـە سـەرچاوەی مەترسـی بـۆ پاڵپشـتیکردنی هـەر جـۆرە ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازیی لـە ناوچـەی کـورد یـان لـە ناوچەکانـی دراوسـێی ئـەوان، ئەگـەر کـورد ببنـە دوژمـن، دەتوانـن بـە هەمـان شـێوەی خێڵەکانـی سـەر سـنووری باکـووری ڕۆژئـاوای هینـد، کێشـە دروسـت بکـەن.

٤٢. ئەگـەر بێـت و ئەڵمانیـا بچێتـە نـاو خاکـی تورکیـا و تـورک بەرگـری بکـەن، ئـەو کات هێڵـی پاڵپشـتی ئێمـە بـۆ تورکـەکان لـە کوردسـتانەوە تێپـەڕ دەبێـت، ئەگـەر بێـت و ئەڵمانـەکان بـە ڕەزامەنـدی تورکـەکان بەنـاو خاکـی تورکیـادا دەربـاز بـن و هێـرش بکەنـە سـەر ئێـران یـان عێـراق، ئـەو کاتـە هێڵـی پەیوەنـدی ئەڵمانـەکان بـە نـاو خاکـی کوردسـتاندا دەربـاز دەبێـت. بەهەمـان شـێوە، ئەگـەر ئەڵمانـەکان لـە باکوورەوە بچنـە نـاو خاکـی ئێـران و لەوێـوە هێـرش بکەنـە سـەر باکـووری عێـراق، دووبـارە ئـەوان تووشـی کـورد دەبنـەوە. سـەرەڕای ئەمـەش، ئەگەرێکیـتر لـە ئارادیـە، لەوانەیـە کـورد یارمەتـی بەنـرخ پێشـکەش بـە وڵاتـە هاوپەیمانـەکان بکـەن؛ ئەویـش ئەوەیـە، ئەگـەر تـورک بچنـە پـاڵ بـەرەی میحـوەر و یارمەتـی ئەڵمانـەکان بـدەن کـە لـە ڕێگـەی باکـوورەوە بـە ڕاسـتەوخۆ هێـرش بکەنـە سـەر سـوریا، لەوکاتـەدا کـوردی تورکیـا دەتوانـن ببنـە سـەرچاوەی پشـتیوانی بەهێـز، ئەویـش بـە هێرشـکردنە سـەر تورکـەکان لـە نـاو و لـە دەرەوەی ناوچەکانـی خۆیانـدا.

٤٣. ئاشوورییەکان

زۆربـەی ئاشـوورییەکان لایەنگـری ئێمـەن و لـە ڕوانگـەی ئێمـەوە متمانەپێکراوتریـن کەمینـەن، دەکرێـت وەک بەشـێک لـە هێـزی ئیمپریالـی بەریتانیـا ڕەوانـەی عێـراق بکرێـن. لـە ڕاسـتیدا لەلایـەن سـەرۆک وەزیرانـی عێراقـەوە پێشـنیاز کـراوە، چەنـد سـەد کەسـێك لـە ئەرمەنـەکان، بـۆ بەهێزکردنـی سـوپای عێـراق بخرێنـە نـاو ئـەم هێزانـەوە.

٤٤. شاخنشینەکان

تەنانەت لە وەرزی هاوینیشدا چوار تا پێنج ڕێگە هەن، ئۆتۆمۆبێلەکان بتوانن تێدا هاتوچۆ بکەن و بەسەر بەربەستە [سروشتییەکانی] قەفقازیای گەورەدا دەرباز بن. هەر یەک لەم ڕێگەیانەش بە ناو خاکی یەکێک لە خێڵە شاخنشینەکاندا دەرباز دەبێت. ئاسانترین ڕێڕەو- بە درێژای لێواری دەریای خەزەر- بە دەوری داوێنی چیای داغستان، هێڵی سەربازیی جۆرجیا و ئۆستینەکان (Ossetians) و ئەو دۆڵانەدا تێپەڕ دەبێت، ئۆستینەکانی تێدا دەژیێن. ڕێگەی دەریای ڕەش بە ئابخازیادا تێپەڕ دەبێت. هەروەها ڕێگا چیاییەکان کە دەکرێت لە هاویناندا هاتوچۆی تێدا بکرێت، بە ناوچەی کاباردین و بەلکارس (Kabardins and Balkars) تێپەڕ دەبێت.

٤٥.هەموو ئەو ڕێگاوبانانە بە دۆڵی تەنگ و تەسکدا دەرباز دەبن کە دەکرێت ئەگەر بەرگریکارەکانی ئەم ڕێگاوبانە یاغی نەبن، یان هێڵەکانی پەیوەندی و پاڵپشتی سەربازی نەپچڕێن، بە شێوەیەکی کاتی ئەو ڕێگاوبانانە کۆنترۆڵ بکرێن. هەربۆیەش ڕێگەی سەربازیی جۆرجییەکان، تەنیا ڕێگەیە لە گشت وەرزەکاندا بەکار دەهێنرێت بە چیاکان تێپەڕ دەبێت و بە درێژایی هەشت میلی دۆڵە و ڕووباری تەرەک (Terek) دەبڕێت. ئەم ناوچانە زۆر لێژ و مەترسیدارن، نزیکەی ٦٠٠٠ پێ بەرزن و دۆڵەکەش زۆر تەنگە، بە جۆرێک جێگەی ڕووبار و ڕێگە پێکەوە زۆر بە سەختی دەبێتەوە. تەنانەت هێزەکانی پلە دووش لە هێرش کردنەسەریان لە ڕووبەڕووبوونەوە دەترسن؛ تەنانەت بۆ ترساندنی دوژمنەکانیان، پێویستە یارمەتیدانی خەڵکە خۆجێییە شاخنشینەکە دەستەبەر بکرێت، واتە یارمەتی شوان و ڕاوچییەکان کە شارەزای ڕێگاکەن. بە داخەوە بە پێی داب و نەریتی خێڵەکانی قەفقازیا تەڵە چیاییەکەیان بۆ ئازاردانی ڕووس بەکاردێنن.

٤٦. بە هەمان شێوە، ئەگەر ڕێڕەوەکانی قەفقازیا بکەوێتە دەست ئەڵمانەکان؛ ئەوکات ئەگەر ڕێگایەک بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی شاخنشینەکان بدۆزرێتەوە، ئەوان دەتوانن ببن بە بەنرخترین هاوپەیمان. بەهۆی دوورەپەرێزی ناوچەکانیان، شاخنشینان دەتوانن هێڵی پەیوەندییە لۆجستییەکانی ئەڵمانیا، هەراسان بکەن.

ئـەوان دەتوانـن ببنـە هـۆی دروسـتکردنی ڕنـوە بەفـر کـە لـە قەفقازیـا گەورەتریـن مەترسـییە. بـە هـەزاران شـێواز و بـە بـێ ماندووبوونێکـی زۆر دروسـت دەکرێـن؛ بۆنموونـە دەتوانـن پەنـای لایەنگـرەکان بـدەن، یاغـی بـووەکان لەنـاو بـەرن، گـورز لـە دوژمـن بوەشـێنن و پاشەکشـەیان پێبەکـەن.

٤٧. تاتار

لەبەر چوار هۆکار نیەت پاکی تاتارەکان گرنگە:

١. هێڵـی ئاسـنین و ڕێگـەی نێـوان تەورێـز و یەکێتی سـۆڤیەت بە نـاو کۆمـاری نەخجەوانی تاتارەکانـدا دەربـاز دەبێـت و پـردی گرنگـی جۆلفا لەسـەر ئـەم ڕێڕەوەیە.

٢. باکۆ و کێڵگە نەوتییەکان لە ئازەربایجاندا هەڵکەوتوون.

٣. نیوەی هێڵی ئاسـنینی ڕۆژهەڵات-قەفقازیا و هێڵەکانی سـەرەکی پەیوەندییە لاوەکییەکان ئـەو هێزانـەی قەفقازیا کۆنترۆڵ دەکەن، بـە ئازەربایجاندا دەرباز دەبن.

٤. ئەگەر مەبەسـتی ئەڵمانیا دابەزاندنی هێز بێت لە ڕێگەی ئاسـمانەوە لە ترانس-قەفقازیا، ئـەوان دەتوانـن باشـترین شـوێنی نیشـتنەوەی فڕۆکـە لـە ناوچـە سـتێپیەکانی(steppes) دۆڵـی ‹کـۆرا›دا بدۆزنـەوە کـە دەکەوێتـە ناوەڕاسـتی ئازەربایجـان. لێـرەوە، ئەڵمانـەکان دەتوانـن بۆردمانـی هێڵـی ئاسـنینی ترانس-قەفقازیا بکـەن، واتە هێڵی ئاسـنینی تفلیس-جۆلفـا کـە دەکەوێتـە باشـووری تفلیـس، یـان لە خـودی باکۆ ئـەم کارە بکەن.

٤٨.هەربۆیـەش تاتـارەکان نەتەنیـا لـەو پێگەیـەدان مەترسـی بـۆ سـەر پەیوەندییـە سـەربازییەکانی هێزەکانـی هاوپەیمانـان لـە قەفقازیـادا دروسـت بکـەن، ئەگـەری ئـەوە هەیـە دەسـت بەسـەر کێڵگـە نەوتییـەکان و پاڵاوگەکانـدا بگـرن و دواتـر ڕێگرمـان بـن لـە لەناوبردنیـان. لەمـەش زیاتـر، لەوانەیـە ئـەوان بـبن بـە سـتونی پێنجەمـی سـیخوڕی لـە پاڵپشـتیکردنی گواسـتنەوەی سـەربازەکان بـە ڕێگـەی فڕۆکـەوە. ئـەم کارەش بـە سـەرکەتووانە لەلایـەن دوژمنەکانمانـەوە لـە ‹ڕۆتـردام› تاقیکراوەتـەوە. بەپێچەوانـەوە، ئەگـەر بێـت و ئەڵمانـەکان سـەرکەتووبن لـە شـکاندنی هێڵـی قەفقازیـا، تاتـارەکان لەوانەیـە یارمەتـی بەنـرخ پێشـکەش بـە

وڵاتانی هاوپەیمان بکەن بۆ لەناوبردنی کێڵگە نەوتییەکان و هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت و هێڵەکانی پەیوەندیکردن و گەیاندن، دواجاریش لە ڕێگەی سیخوڕیکردنەوە لە پشتەوە هێزەکانی ئەڵمانیاوە دەتوانن یارمەتیمان بدەن.

٤٩. جۆرجییەکان

بە شێوەیەکی گشتی، هەمان ئارگیۆمێنت بەسەر جۆرجییەکانیشدا پیادە دەکرێت. تفلیس کە پایتەختی جۆرجیایە، هەم لە ڕووی ڕێگاوبان و هەمیش لە ڕووی هێڵی ئاسنینەوە مەڵبەندی پەیوەندیکردن و پێکەوەگرێدانی ترانس-قەفقازیایە. هەروەها نیوەی ڕۆژئاوای هێڵی ئاسنینی ترانس-قەفقازیا، بە خاکی جۆرجیادا تێپەڕدەبێت. ئەگەر بێت و تفلیس لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە، بە پاڵپشتی ستونی پێنجەمی سیخوڕە خۆجێییەکان، داگیر بکرێت، ئەو کات پەیوەندییەکانی هێزی هاوپەیمانان لە باشوور و باکوور و پەیوەندییە لاوەکییەکان دەپچڕێت و پەیوەندی لە نێوان سەربازانی جۆرجیا و ڕێگەی سەربازی ئۆستینسکای نامێنێت.

٥٠.لەمەش زیاتر، تەواوی کەنارەکانی دەریای ڕەش لە ترانس-قەفقازیا دەکەوێتە ناو جۆرجیا، یان دەکەوێتە کۆمارەکانی ئەبخازیا و ئاجاریا (Adjaria) کە وابەستەی ڕووسیان. ئەگەر ‹کەشتیی دەریای ڕەشی ڕووسیا› (Rassian Black Sea Fleet) لە ناو ببردرێت، یان بێکاریگەری بێت و کەنارەکانی دەریا بە ڕووی دابەزینی سەربازەکان لە ڕێگەی ئاسمانەوە بکرێتەوە، ئەو کات ستونی پێنجەمی جۆرجییەکان، بۆ ئەڵمانەکان لەوپەڕی بایەخی خۆیدا دەبێت. تەنانەت ئەگەر بێت و کەشتی ڕوسیا وەک خۆی بمێنێتەوە، بەڵام ناچار بکرێت کە پشت بە بنکە سەربازییەکانی باتۆم و پۆتی ببەستێت، ئەو کات ستونێکی پێنجەمی بەهێزی جۆرجییەکان دەتوانێت زیان بە لەنگەری بەندەرەکە بگەیێنێت، کە حاڵی حازر، خودی خۆی بۆ وەستانی کەشتییەکە بەکەڵک نابێت.

٥١. بەهەرحاڵ، ئەگەر ئەڵمان لە ترانس-قەفقازیادا جێگر بن، ئەو کات جۆرجییەکان لە پێگەیەکدا دەبن، دەتوانن یارمەتی سیخوڕیی بەپێز پێشکەش بە هاوپەیمانان بکەن. لەمەش زیاتر، پتر لە شێوازێک لە کردەوەی تێکدەرانە هەیە، بە دڵنیاییەوە

زیانــی زۆرتــر بــە ئەڵمانــەکان دەگەیێنێــت، تــا بــە هێــزە هاوپەیمانــەکان. ئەویــش بریتییــە لــە لەناوبردنــی هێڵــی گواســتنەوەی نــەوت لــە نێــوان باکــو بــۆ باتــۆم، ئەگــەر بێـت و ئەڵمانـەکان لەسـەر هێڵـی گواسـتنەوەی نەوتـی باکـۆ کار بکـەن، کەواتـە ئـەوان تـا ڕادەیەکـی زۆر بـۆ گواسـتنەوەی نـەوت بـۆ ئەڵمانیـا پشـت بـەم هێڵـە دەبەسـتن.

٥٢. لاز و ئاجار

لــە ڕووی توانــای ســەربازییەوە ئــەم خەڵکانــە زۆر گرنگــن، چونکــە هەرێمەکەیــان دەکەوێتــە ناوچــەی ســنووری و ڕاســتەخۆ تورکیــا بــە باتــۆم گــرێ دەدات.

٥٣. محەمەدییەکانی ئەرمەنیا و یۆنان

ئەگـەر بێـت و تورکیـا ببێتـە دوژمـن، دەتوانرێـت وەک تابـوری پێنجـەم سـوود لـەم خەڵکانــە وەربگیرێــت.

٥٤. کارییگەرییەکان بەسەر نەتەوەکانیتردا

ا   پرسی عەرەب

لـەم نووسراوەدا تیشـک نەخراوەتە سـەر پرسـی عەرەب، چونکە ئەم پرسـە لـە دەرەوەی دەســەڵاتی نووســینگەی ئێمەدایــە. لــە هەمانکاتــدا پێویســتە ئــەوە لەبەرچاوبگیــرێ، زۆرێـک لـەو کەمینانە موسـڵمانن و هـەروەک لـە خشـتەیەکەدا دەیخەینـەڕوو، ڕووبەرێکی بەرفراوانــی ئــەو ناوچەیــەی خوێندنەوەمــان بــۆ کــردووە، عــەرەب تێیــدا نیشــتەجێن. هەربۆیـەش بـە هـۆی هـۆکاری سیاسـی و ئایینییـەوە، ڕەفتـار و هەڵوێسـتی هەندێـک لـە نەتەوەکانـی ئـەم ناوچەیـە کاریگەریـی لەسـەر عەرەبـە دراوسـێکانیان دروسـت دەکات.

**ب** نەتەوەکانیتر

بـە بڕێکـی کەمـتر هەڵسـوکەوتی کەمینەکانـی نیشـتەجێی ڕۆژهەڵاتـی نزیـک، ئەوانـەی لـە دەرەوەی ئـەو ناوچانـەدا دەژیـن لـەم خوێندنەوەیـەدا باسـکراون، کاریگـەری لەسـەر ئـەو خەڵکانـەدا دروسـت دەکات کـە ڕۆژانـە پەیوەندیـان لەگـەڵ یەکـتردا هەیـە، ئەمـەش وادەکات، بیروبۆچونـی ئـەم خەڵکانـە بەهەنـد وەربگیرێـت.

- دوژمن چی دەکات بۆئەوەی وەفاداریی ئەو خەڵکانە دەستەبەر بکات؟

٥٥. لــە مــاوەی ڕابــردوودا دەزگای هەواڵگریــی ئەڵمانیــا پەیوەنــدی نزیکــی لەگــەڵ نوێنەرانــی حکومەتەکانــی پێشــووی جۆرجیــا، ئازەربایجــان و کۆمــاری شاخنشــینەکان و ســەرکردەکانی جوڵانــەوەی پان-تورکیزمــدا دامەزرانــدووە. تــا هەنوکــەش ئیســتانبۆل مەڵبەنــدی ئــەم دانوســتاندنانەیە و هــەر لــە بەهــاری ســاڵی ١٩٤٠ەوە، کۆمەڵێــک لــە ســەرکردەکانی قەفقازیــا لــەوێ نیشــتەجێن.

٥٦.لــە نێــوان ئــەم کەســایەتیانەدا ســەید کامیــل (Said Schamyl) بەرچــاو دەکەوێــت، دەکاتــە نــەوەی ســەرکردەیەکی نــاودار بــە هەمــان نــاو، کــە ســەرکردایەتی خێڵــە شــاخاوییەکانی کــرد و ڕێکــی خســتن و لــە شــەڕی دژی ڕووســدا کــە لــە ناوەڕاســتی ســەدەی هەژدەیەمــدا بەرپــا بــوو، ســەرکەوتنی گــەورەی بەدەســتهێنا. لــەم دواییانــەدا ســەید کامیــل دوو جــار بانگهێشــتی بەرلیــن کــراوە و ڕاپۆرتــەکان بــاس لــەوە دەکــەن، زۆر بەخێرایــی گەڕاوەتــەوە شــوێنی خــۆی. ئــەو یەکێــک بــووە لــە واژووکارانــی ڕێککەوتننامــەی فدراســیۆنی قەفقازیــا کــە لــە پەرەگرافــی ٣٨دا ئاماژەمــان پێکــرد. ڕاپۆرتــەکان بــاس لــەوە دەکــەن بەرلیــن زۆر ســەرقاڵی کۆکردنــەوەی پشــتیوانی ســەرکردەکانی فێدراســیۆنەکەیە. بەڵگەنامــەی زۆر لەبەردەســت هــەن، نیشــانی دەدەن ئاژانســەکانی ئەڵمانیــا زۆر چالاکانــە لــە نێــوان جۆرجییەکانــدا خەریکــی پڕوپاگەنــدە کردنــن. وا دیــارە تــا ڕادەیەکیــش ســەرکەوتوو بوونــە. یەکێــک لــە ڕاپۆرتــەکان بــاس لــەوە دەکات «جۆرجییــەکان لــەو بڕوایــەدان، ئەگــەر بێــت و ئەڵمانیــا بەســەر ڕوســیادا ســەربکەوێت، جۆرجییــەکان ســەربەخۆیی وەردەگــرن».

٥٧.هــەم بەرلیــن و هەمیــش ڕۆم، ڕۆژانــە بــە زمانەکانــی ئەرمەنــی، تاتــاری و جۆرجــی پڕوپاگەنــدە پەخــش دەکــەن. بیرۆکــەی ئــەم پڕۆپاگەندانــە بریتیــن لــەوەی «ئێمــە ســەربەخۆییمان بــە وڵاتانــی بالکانــدا و هەمــان کاریــش بــۆ ئێــوە دەکەیــن››. ئەمــەی خــوارەوە نموونەیەکــی کورتــە لەســەر پەخشــی ڕادیۆیــی بــە زمانــی ئەرمەنــی لــە ڕێککەوتــی ٢٥ی ئۆکتۆبــەری ١٩٤١.

ا  بڵاوکراوەکانــی جەنــگ و هەواڵــە جۆراوجــۆرەکان، ڕاپۆرتێــک لەســەر دەســتگیرکردنی ‹خارکــۆڤ› و خــۆ بەدەســتەوەدانی ژەنــەڕاڵ ئاندێرییێــڤ (Andreiev) و خــۆ بەدەســتەوەدانی کەرتــی ٨٠ی لینینگــراد لەخــۆ دەگرێــت.

ب باسکردنی پاشەکشەی هێزەکانی تیمۆچێنکۆ (Timochenko).

ج لێــدوان لەبــارەی ئــەوەی بەهــۆی ڕاپەڕیــن مانگرتنــی کرێــکاران و کاری تێکدەرانــە، یەکێتــی ســۆڤیەت خەریکــە هەڵدەوەشــێتەوە. لیســتێک لەنــاوی ئــەو کەســانە بڵاوکراوەتــەوە کــە بــە ئەنجامدانــی کاری تێکدەرانــە تۆمەتبارکــراون و کــوژراون.

د  ئەڵمانیــا دێــت و وڵات لــە دەســت بەلشــەڤیزم دەپارێزێــت. هەروەهــا بارودۆخــی کرێــکاران لــە ئەڵمانیــا بــە بــەراورد لەگــەڵ ڕووســیا زۆر باشــترە.

ه یارمەتیدانی ئەنگلۆ-ئەمریکا بۆ ڕووسیا، ئەفسانەیە.

و  تاکــەی کرێــکاران دەبنــە قوربانــی بەلشــەڤیکەکان، واتــە ئــەو کەســانەی کرێکارەکانیــان بــە ســەرگەردانی هێشــتەوە و ڕایانکــرد.

بــاس لــەوە دەکرێــت، لــە پەخشــی پێشــوودا ئەڵمانیــا ئازادکردنــی ٤٧،٠٠٠ بەندکــراوی ئەرمەنــی ڕاگەیانــدووە.

٥٨. هەروەهــا ئەڵمانــەکان بــە هــاوکاری هەندێــك لــەو کەســانەی لــە بەرلیــن نیشــتەجێن، خەریکــی پڕوپاگەنــدە بڵاوکردنــەوەن. ڕاپۆرتــەکان بــاس لــەوە دەکــەن، لــە بەرلیــن ژمارەیــەک ئەرمــەن پــارە وەردەگــرن و پڕوپاگەنــدە بڵاودەکەنــەوە.

٥٩. ســەبارەت بــە تاتــارەکان، ڕاپۆرتــەکان بــاس لــەوە دەکــەن، ئەڵمانــەکان خەریکــی پێکهێنانــی تابــوری پێنجەمــن لــەو تاتارانــەی لــە ئازەربایجانــدا دەژیــن، تــا بەمجــۆرە ڕێگــری لــە هاوپەیمانــان بکــەن کــە بیــرە نەوتییەکانــی باکــۆ و پاڵاوگەکانــی لەنــاو ببــەن. لەوانەیــە، بــەم هۆیــەوە، ئەڵمانــەکان ئــەو ئازەربایجانیانــەی لــە دوای شۆڕشــی ڕووســیا بــەرەو ئێــران هەڵاتــن بگرنــە خــۆ و بەڵێنیــان پێــداون، پێگــە و ســەروماڵەکەیان بــۆ دەگەڕێننــەوە. ڕاپۆرتــەکان بــاس لــەوە دەکــەن، ئێســتا هەمــوو

ئـەو تورکمانانــەی لەلایــەن ئەڵمانییەکانــەوە دەســتگیرکراون، لــە بەندکراوەکانیــتر جیـا دەکرێنــەوە و بــە جیـا لــە کەمپــی تایبەتــدا ڕادەگیرێــن. هەروەهــا بــە پێــی ئـەو بەڵگانـەی لەبەردەسـتدان، هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە، ئاژانسـەکانی ئەڵمانیـا لەگــەڵ کــوردی ئێــران، عێــراق، ســوریا و ڕۆژهەڵاتــی تورکیــا لــە پەیوەندیــدان.

**پێویستە وڵاتە هاوپەیمانەکان دەست بە پڕوپاگەندە بکەن.**

٦٠. بـە گەڕانـەوە بـۆ خشـتەی ژمـارە چـوار و ژمـارە پێنـج (پەرەگرافـی ٣٦-٣٩)، دەبینیـن لـە هەندێـك بارودۆخـی تایبەتـدا، وەک هەرەسـهێنانی ڕووسـیا و دەسـتگرتنی ئەڵمانیـا بەسـەر قەفقازیـادا، ئەگەرێکـی بەهێـز هەیـە، نزیکـەی ١١ ملیـۆن و نیـو خەڵـک لـە نەتـەوە و نـەژادی جیـاواز و لەلایەنگـری هاوپەیمانـان و بێلایـەن لەبەرانبـەر وڵاتانـی میحـوەر، ڕابپـەڕن. ئایـا دەکرێـت ئێسـتا یان لـە داهاتوودا کارێـک بکرێت بـۆ ڕێگەگرتن لـە هاتنەکایـەوەی ئـەم جـۆرە دۆخە، یـان کارێک بکرێت پێگـەی ئەڵمانیا لـە کاتی هاتنە نـاوەوەی بـۆ نـاو تورکیـا لـەق بکرێـت، یـان ئـەم کارە لـە کاتـی داگیرکردنـی قەفقازیـا لەلایـەن ئەڵمانەکانـەوە ئەنجـام بدرێـت؟ پێویسـتە ئـەوە لەبەرچـاو بگریـن، ئـەم سـەرهەڵدانە (ئەگەر بێت و لەهەر شـوێنێک سـەرهەڵبدات)، نە تەنیا بە هۆی کردەوەی سـەربازییەوە دەبێـت، بەڵکـو بـە هـۆی پڕوپاگەنـدەی پێشـوەختە ئەنجامـدراوەوە دەبێـت.

٦١. حاڵـی حـازر، مەترسـیی دژایەتیکردنـی ڕووسـیا یـان تورکیـا لـە ڕێگـەی هەرجـۆرە کردەوەیەکـی دیراسـەت نەکـراو یـان پڕوپاگەندەیـەک لەلایـەن ئێمـەوە، بە شـتێکی باش [لەلایـەن ئەڵمانەکانـەوە] هەڵدەسـەنگێندرێت. لـە هەمانکاتـدا، بـە بـێ کەمکردنەوە لە ئاسـتی گرفتـەکان، پێویسـتە بـۆ بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەنـدەی وڵاتانی میحـوەر کارێک بکرێـت. ئەمـەش لـە پێناو ئـەوەدا، نیەت پاکی ئـەو خاڵکانـە [خەڵکـی ترانس-قەفقازیا] دەسـتەبەر بکەیـن و بەشـێکیان وەک لایەنگـری وڵاتانـی هاوپەیمان ڕاگریـن، ئەگەر بێت و ئـەم کارە بکرێت-چونکـە تـا ئێسـتا کات مـاوە- لـەو کاتـەدا تەنانـەت ئەگـەر ئەڵمانیـا سـەرکەوتوو بێـت لە داگیرکردنـی قەفقازیا یـان ڕۆژهەڵاتی تورکیا، یانیش لـە داگیرکردنی هەردووکیـان، ئێمـە دەتوانیـن پشـت بـە بەشـێکی دیارکـراوی ئـەو خەڵکـە ببەسـتین، بۆئـەوەی ئـەو کەسـانە لە خـۆ بگـرن و پارێزگارییان لێ بکەیـن کە بـۆ ئەنجامدانی کاری

تێکدەرانە و پارا-سەربازیی بۆ ئەم ناوچانە بەڕێ دەکەین.

٦٢. دۆخی نائارام و پشێویی کە بێگومان لە کاتی هاتنی ئەڵمانیا بۆ ئەو ناوچانە سەرهەڵدەدات، هەلێکی باشمان بۆ دەڕەخسێنێت، تا گروپە مەشقپێکراوەکانمان بۆ ئەم ناوچانە بنێرین و بن بە ناوەندی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن و بەمجۆرەش ئەوان دەزانن، سەرەتا لە کوێوە دەست پێبکەین. لەم جۆرە بارودۆخەدا، تەنانەت تاقمگەلێکی کەم، ئەگەر بێت و لە کەسە شارەزاکان پێکهاتبن، دەتوانن لە نێوان دۆستەکانمان و لەو وڵاتانەی بڕیارە کاری تێکدەرانەی تێدا ئەنجام بدرێت و بۆ گرتنەبەری جەنگی نارێکخراو، ئەو کەسانە دەتوانن کاری زۆر باش ئەنجام بدەن.

**ئەگەرە کراوەکانی بەردەم وڵاتانی هاوپەیمان**

٦٣. ڕووخانی ڕووسیا دەبێتە هۆی هەڕەشەی جیدی ئەڵمانیا بۆ سەر قەفقازیا و ڕۆژهەڵاتی تورکیا و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک ناچار نەبن واز لە خواستە ناسیۆنالیستییەکەی خۆیان بهێنن. بە پێچەوانەوە، بەشێوەیەکی کاتی هیوای سەربەخۆیی لە نێوانیاندا زیندوو دەبێتەوە. وڵاتانی میحور زۆر بە باشی لەم ڕاستییە تێدەگەن و تەواوی توانای خۆیان بەگەڕ خستووە بۆ هاندانی ڕۆحی ناسیۆنالیستی و بەرپاکردنی شۆڕش لە نێوان ئەم نەتەوانەدا. بەشێک لە سەرکردەکانی ئەو نەتەوانە لە ئێمەوە نزیکن، بەڵام زۆر بە ساردی پێشوازیان لێکراوە. ئەوان نازانن چۆن و لە چ جۆرە بارودۆخێکدا، بەریتانیای گەورە یارمەتیان دەدات. ئەوان نازانن بەریتانیای گەورە لە کاتی سەرکەوتنی هاوپەیمانانـدا، چ بەرنامەیەکی بۆیان هەیە، ئەویش ئەگەر بەرنامەیەک هەبێت. هەروەها بەشێک لەو سەرکردانە تا هەنوکەش لە بیریان نەچووەتەوە وەفادار بوونیان بۆ بەریتانیا لە دوایین شەڕدا، چ ئەنجامێکی خراپی لێکەوتەوە.

٦٤. ئەمڕۆ، پتر لە نیو ملیۆن قەفقازی کۆکراونەتەوە و چوونەتە پاڵ ڕووسیا. ئەگەر بێت و ڕووسیا شکست بێنیت، یەکەمین فیکریان، هەروەک ئەوەی لە ساڵی ١٩١٧دا ڕوویدا، بریتی دەبێت لە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان، تا بەرگری

لـە خێـزان و سـەروماڵیان بکـەن. هەروەهـا، هاوشـێوەی سـاڵی ١٩١٧، مەیلێـک بـۆ پێکهێنانـی سـوپایەکی نەتەوەیـی سـەرهەڵدەدات. بـۆ ئـەوەی سـەرکردایەتی ئـەم هێـزە ناڕێکخراوانـە بکرێـت و بـۆ یەکخسـتنەوەی ئـەم فەوجـە پـەرت و بڵاوانـە و سـوود وەرگرتـن لـەو پشـێوییەی بـە هـۆی شکسـتی ڕووسـیاوە دێتەئـارا و بـۆ ئـەوەی کـردەوەی پارا-سـەربازیی ئەنجـام بدەیـن، پێویسـتە چـوار ڕێـکاری پێویسـت بگرینەبـەر:

ا سـەبارەت بـە خەڵکـی قەفقازیـا و ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا، پێویسـتە ئێمـە سیاسـەتێکی جێگیـر و ڕوون و ئامانجـی دیارکراومـان لـە جەنگـدا هەبێـت. ئـەم سیاسـەتەش دەکرێـت هـەر کاتێـک بـارودۆخ ڕێگەیـدا بـۆ خەڵـک ئاشـکرا بکرێـت.

ب دەبێت سیاسەتەکە بنەماکانی ئازادی، سەربەخۆیی و چارەی خۆنووسین لەخۆ بگرێت.

ج بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئامانجەکانمـان، پێویسـتە یارمەتـی سـەربازیی پێشـوەختە ئامادەکـراو هەبێـت.

د پێش ئەوەی هیچ هەنگاوێک بگیرێتەبەر، پێویستە زەمینە بڕەخسێنرێت.

٦٦. تـا ئێسـتا، خۆمـان لـە دامەزراندنـی هەرجـۆرە پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ کـوردی تورکیـا و کەمینەکانـی قەفقازیـا، پاراسـتووە، تـا هەسـتیاریی ڕووس و تـورک نەوروژێنیـن. ئەگەرچـی دەبێـت لـە کاتـی پێویسـتدا ئـەم سیاسـەتە بەردەوامـی پێبدرێـت، بـەڵام پێشـنیاز دەکەیـن هەندێـك پڕوپاگەنـدە لـە ڕێگـەی هەڵمەتـی دەنگـۆ زارەکییەکانـەوە بڵاوبکرێنـەوە. دەکرێـت ئـەم جـۆرە پڕوپاگەندەیـەش لـە ڕێگـەی ئـەو کەناڵانـەی لەبـەر دەسـت نووسـینەگەی ئێمـەدا هـەن ئەنجـام بدرێـن و بـە بـێ ئـەوەی داوامـان لێبکرێـت بـۆ وەسـتاندنی ئـەم دەنگۆیانـە کارێـک بکەیـن، کاریگـەری خۆیـان دەنوێنـن، بـەڵام ئەگـەر بێـت و بمانەوێـت هەندێـك ئامانجـی کۆنکریتـی دەسـتەبەر بەکەیـن، هیـچ کاتمـان لەبـەر دەسـت نییـە بـە فیـڕۆی بدەیـن.

٦٧. بەدیـل بـۆ پێشـنیازەکانی سـەرەوە ئەوەیـە، ئێمـە هـەروەك حاڵـی حـازر، گۆڕەپانەکـە بـۆ دوژمـن چـۆڵ بکەیـن و بـە دڵنیاییـەوە لـە کاتـی داگیرکردنـی

قەفقازیا و ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەلایەن ئەڵمانەکانەوە، خەڵکی ئەم ناوچانە لە ژێر گوشاری بارودۆخەکەوە ناچار دەبن چارەنووسیان بدەنە دەست دوژمن. ئەوکات ئێمە ئەرکێکی براوەمان دەبێت و ناچار دەبین لە سەرەتاوە دەست پێبکەینەوە و پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەرێمانەدا دروست بکەین کە کەوتوونەتە ژێر دەستی دوژمن و بەو هیوایە بین، کاری تێکدەرانە و چالاکی پارا-سەربازی ئەنجام بدەین؛ ئەو کاتیش زۆر درەنگە.

٦٨. ئێمە دەتوانین بە بێ ئەوەی لەبەرانبەر هیچ نەتەوەیەک پابەند بین، لە ڕێگەی بەیاننامەیەکی پەرلەمانییەوە و بە دووبارە بڵاوکردنەوەی لە چاپەمەنی و ڕادیۆدا، پابەندبوونی خۆمان بە مافی چارەی خۆنووسین، هەروەک ئەوەی کە لە بڵاوکراوەی ئەتلانتیک لە ١٤ی ئۆگۆست ١٩٤١دا هاتووە و لەلایەن بەریتانیای گەورە و ئەمریکا دانیپێنرا، دووپات بکەینەوە کە بریتییە لە:

«...لەسەر بنەمای هاوبەش و دیاریکراو لە سیاسەتی نەتەوەیی وڵاتەکانیان [ئەمریکا و بەریتانیا]، بەپێی ئەم بنەمایانە، هیواداریـن داهاتوویەکی باشتر بۆ جیهان بهێننەدی››.

«**یەکەم:** ئەم دوو وڵاتە [واتە ئەمریکا و بەریتانیا] دەست بەسەر قەڵەمڕەوی وڵاتانیتردا ناگرن و قەڵەمڕەوی خۆیان بەرفراوان ناکەن››.

«**دووەم:** ئەو دوو وڵاتە خوازیارن گۆڕانکاریی سنوورەکان بە پێی ویست و دەربڕینی ئازادانەی خەڵکەکە بێت››.

«**سێیەم:** ئەوان ڕێز لە مافی ئەو خەڵکانە دەگرن کە شێوازی حوکمڕانی خۆیان هەڵدەبژێرن. هەروەها خوازیارن سەروەری و مافی چارەی خۆنووسینی ئەو خەڵکانەی لێی بێبەشکراون، بۆیان بگەڕێتەوە››.

دیارە بۆچی دووبارە جەختکردنەوە لەم بنەمایانە، دەبێتە هۆی وروژاندن و بە تایبەتیش وروژاندنی ڕووسیا؛ چونکە ئەو چووەتە ناو ئەم بڵاوکراوەیە و وەک سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت پەسەندی کردووە، تەنانەت ئەگەر بێت و بە قسەش بێت نەک بە کردار.

٧٠. ئـەو پڕوپاگەندەیـەی لـە ڕێگـەی ئـەم دەنگـۆ زارەکییانـەوە بـڵاو دەکرێتـەوە، بـە پێـی ئـەو نەتەوەیـەی پڕوپاگەندەکـەی ئاڕاسـتەی دەکرێـت، دەگۆڕدرێـت. ئامانـج لـەم پڕوپاگەندەیـە بەرپەرچدانـەوە و پووچەڵکردنـەوەی درۆی وڵاتانـی میحـوەرە. هەروەهـا نیشـانی ئـەو نەتەوانـە بدرێـت، دۆخـی خەڵکـی ئـەو وڵاتانـەی کەوتوونەتـە ژێـر دەسـتی ئەڵمانیـا، چەنـد نالەبـارە. دەبـێ نیشـانی ئـەو خەڵکـەی بدەیـن، بەڵێنـی ئەڵمانـەکان تـا چەنـد بەهـای هەیـە و چارەنووسـی ئـەوان چـی دەبێـت، ئەگـەر بێـت و بـاوەڕ بـە بەڵێنـە درۆییەکانـی ئەڵمانیـا بکـەن، بـەڵام ئەگـەر بڕیـار بێـت کارێـک بکرێـت، پێویسـتە پێـش ئـەوەی کار لـەکار بترازێـت، کارەکـە بکرێـت.

٧١. هـاوکات ئەگـەر سـەرۆک وەزیرانـی نوێـی عێـراق، نـوری پاشـا، ناچـار بکرێـت لـە بەرژەوەندیـی کـوردی عێراقـدا، بەڵێنـە چاکسـازییەکانی خـۆی جێبەجـێ بـکات و لـە هەمانکاتـدا حکومەتـی خاوەنشـکۆ بتوانێـت هەندێك بەڵێـن بـە کـوردی ئێـران بـدات، بـەوەی داواکارییەکانـی ئـەوان بـە هەنـد وەردەگیرێـت و هـەر کاتێـک [هاوپەیمانـان] لـە جەنگـدا سـەرکەوتن، داواکارییـە مەشروعەکەیـان جێبەجـێ دەکرێـت و کاتـی ئـەوە هاتـووە گـوێ لـەم داواکارییانـە بگیرێـت، ئـەم کارە لـە سەرتاسـەری جیهانـی کوردیـدا ئەنجامـی گـەورە و بـە سـوودی [لـە بەرژەوەنـدی بەریتانیـادا] لێدەکەوێتـەوە.

٧٢. لـە نیگەرانـی تـورک سـەبارەت بـە پرسـی کـورد و ئەرمـەن تێدەگەیـن. هـاوکات، پێویسـتە ئـەو پێشـنیازە بخرێتـە بـەردەم تورکیـا هیـچ نارەزاییەکـی لەسـەر ئـەو کـورد و ئەرمەنانـە نەبێـت کـە لـە پێنـاو بەرگریکـردن لـە سـنوورەکانمان دەبینـە بەشـێک لـە سـوپای بەریتانیـا. نـوری پاشـا، پێشـنیازی ئـەوەی کـردووە چەنـد سـەد کوردێـک وەک هێـزی یـەدەک بـۆ پاراسـتنی فڕۆکەخانەکانـی عێـراق ناونـووس بکرێـن. ئەگـەر هەمـان سیاسـەت بگیرێتەبـەر و ئـەو کـورد و ئەرمەنانـەی نـاو نووسـکراون بـۆ پاراسـتنی فڕۆکەخانـەکان لـە سـوریا بەکاربهێنرێـن، ئـەم کارەش لـە ڕوانگـەی پڕوپاگەنـدە کردنـەوە ئەنجامـی زۆر باشـی لێدەکەوێتـەوە.

٧٣. سـەبارەت بـەم خەڵکانـە، چەندیـن جـار ئـەوە خراوتـەڕوو کـە لـە بایەخـی ئـەم خەڵکانـە کـەم دەبێتـەوە، کاتێـک لـە شـەڕی مۆدێـرن و لـە بەرانبـەر سـوپای

مۆدێـرن و چەکـی مۆدیـرن بـەکار دەهێنرێـن. [واتـە بـۆ ئـەم جـۆرە شـەڕ بـە کەڵـک نایێـن]. ئەمـەش پشتڕاسـت کراوەتـەوە، بـەڵام سـەرەڕای ئـەم سەرئێشـەیەش، ئـەوان بـە نرخـن. لەمـەش زیاتـر هەڵەیەکـی گەورەیـە ئـەو پێوەرانـەی بـۆ هەڵسـەنگاندنی عــەرەب بــەکار دێــن، بــۆ ئــەو خەڵکــە شــاخاوییانەش بەکاریانبهێنیــن، چونکــە ئەمانــە لــە ڕووی پێکهاتــەی جەســتەیی و بوێــری و خۆڕاگریــی زۆر لــە عــەرەب لــە ســەرووترن. هەربۆیــەش بایەخــی ســەربازیی ئــەم شــەڕکەرانە لەوەدایــە، دەتوانــن لــە شــاخەکانی خۆیانــدا شــەڕ بکــەن، واتــە لــەو کــەش و هەوایــەی لێیڕاهاتــوون و ئـەو تەکنیکانـە بـەکار بهێنـن، لـە ڕابـردوودا خۆیـان داهێنـەری بـوون.

٧٤. پێشـنیاز دەکەیـن پێـش ئـەوەی درەنـگ دابێـت، هەوڵێکـی چـڕ بدرێـت، تـا سـەرنجی ئـەو خەڵکانـە بـۆ لای هاوپەیمانـان ڕابکێشرێـت، ئەگـەر بێـت و ئـەم کارە لـە کاتـی خۆیـدا جێبەجـێ بکرێـت، ئـەوکات تەنانـەت لـە ئەگـەری بـێ مەیلـی تورکیـا و هێرشـی ئەڵمانیـا بـۆ سـەر قەفقازیـا، مەترسـی ڕاپەڕینـی چەندیـن ملیـۆن خەڵـک لـە دژی دوژمـن نـەك تەنیـا مەترسییەکی کـەم نییـە، بەڵکـو لەمـەش زیاتـر ئێمـە دەتوانیـن دۆسـت و یارمەتیـدەر بـۆ خۆمـان بدۆزینـەوە، تـا لـە ئەنجامدانـی کاری تێکدەرانـە و ئازاردانـی دوژمـن، یارمەتیـمان بـدەن؛ بەپێچەوانـەوە، دەبـێ چاوەڕوانـی گـوێ پێنـەدان و دوژمنایەتـی ڕاسـتەقینەیان بیـن لەبەرانبـەر خۆمانـدا.

مقەدەم ج، س سەرۆکی نووسینگەی ئاسیا

م. ئە. ب. قاهیرە

٣٠ی ئۆکتۆبەر ١٩٤١.

## پاشکۆی (B) سەبارەت بە کێشەی کەمینەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک

ژێدەر: (MAB/REP/1/1) لە ۳۰-۱۰-۱۹٤۱

### کوردی تورکیا

بە هیچ شێوەیەک ناکرێت متمانە بە ئامارەکانی تورکیا بکرێت. سەبارەت بە کورد کە گرنگترین کەمینەی تورکیا پێکدێنن، بە ئەنقەست لە گوندەکان ژمارەکەیان کەم نیشان دەدەن، تا لەم ڕێگەیەوە لە دانی باج خۆیان دەرباز بکەن و کەمترین باج بدەن. هەر بۆیەش سەختە ژمارەیەکی دروست یان نزیک لەوە لە کورد بخەینەڕوو. ئەو ژمارانەی لە خشتەی ژمارە دوو و خشتەی ژمارە سێدا خراونەتەڕوو، مەزەندەکراون؛ بەڵام لە ڕاستییەوە نزیکن و دەکرێت بۆ خستنەڕووی چڕی دانیشتوان لەو ناوچانەی لە خشتەکاندا خراونەتەڕوو، پشتیان پێببەسترێت. هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، کورد گرنگترین کەمینەن. ئەوان لە ناوچە و قەزاکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا نیشتەجێن.

**خشتەی ژمارە دوو**

| ژمارە | قەزاکان | کورد | کوردە قزلباشەکان | تورک | ئەوانیتر |
|---|---|---|---|---|---|
| ۱ | هەکاری | ٪۹۵ | --- | --- | ٪٥ |
| ۲ | سێرت | ٪۹۰ | --- | --- | ٪۱۰ |
| ۳ | ماردین | ٪۹۰ | --- | --- | ٪۱۰ |
| ٤ | دیاربەکر | ٪۷۰ | ٪۱٥ | ٪٥ | ٪۱۰ |
| ٥ | ئورفە | ٪۸۰ | --- | ٪۱۰ | ٪۱۰ |
| ٦ | ئەلعەزیز | ٪۳۰ | ٪٤۰ | ٪۲۰ | ٪۱۰ |
| ۷ | غازی عەنتاب | ٪٤۰ | ٪۲۰ | ٪۳۰ | ٪۱۰ |
| ۸ | تونجەلی (دەرسیم) | --- | ٪۹٥ | --- | ٪٥ |
| ۹ | مالاتیا | ٪۲٥ | ٪۳٥ | ٪۳۰ | ٪۱۰ |

تێکڕای چڕی دانیشتوان لەم هەرێمانەدا، ٢٠ بۆ ٣٠ کەسە لە هەر کیلۆمەترێک چوارگۆشەدا. بەرەو باکوور، چڕی دانیشتوان لە یەک کیلۆمەتری چوار گۆشەدا زۆر کەم دەبێتەوە، دانیشتوان لەم وڵاتەدا زۆر لێک دوورن، ئەمەش بەو هۆیەوەیە گشت ئەرمەنییەکان یان ڕەشەکوژکران یان دەرکران. هەروەها ژمارەیەکی زۆری کورد و تورکیش لەم شەڕەی دوایدا گیانیان لەدەستدا.

**خشتەی ژمارە سێ**

| ژمارە | قەزاکان | کورد | کوردە قزلباشەکان | تورک | ئاجار و لاز | ئەوانیتر | تاتار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | وان | ٪٩٠ | --- | -- | --- | ٪١٠ | --- |
| ١١ | بەتلیس | ٪٥٠ | ٪٣٠ | ٪٥ | --- | ٪١٥ | --- |
| ١٢ | ئەرزەنجان | ٪٣٠ | ٪٥٠ | ٪١٥ | --- | ٪٥ | --- |
| ١٣ | بایبۆرت | ٪٥ | ٪٤٠ | ٪٤٥ | --- | ٪١٠ | --- |
| ١٤ | ئەرزەرۆم | ٪٥٠ | ٪١٠ | ٪٢٥ | --- | ٪١٥ | --- |
| ١٥ | بایەزید | ٪٧٠ | --- | --- | --- | ٪١٠ | ٪٢٠ |
| ١٦ | کارس | ٪١٥ | ٪٢٠ | ٪٣٠ | --- | ٪١٠ | ٪٢٥ |
| ١٧ | ئارتڤین | --- | --- | --- | ٪٨٠ | ٪٢٠ | --- |
| ١٨ | ریزە | --- | --- | --- | ٪٩٠ | ٪١٠ | --- |
| ١٩ | ترابزۆند | --- | --- | ٪٣٠ | ٪٥٥ | ٪١٥ | --- |

لەم خشتانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت، لە کۆی گشتی ٦٢ ویلایەتی تورکیا، ١٩ ویلایەت، زۆرینەی غەیرە-تورک لەخۆ دەگرن.

زۆر نهێنی (BSM/31/CS)

١٣ی جانیوەری ١٩٤٣

M. E. I. C.,

S. I. M. E.

GSI HQ NINTH ARMY

M. A. ANKARA

بابەت: پرسی کورد (Kurdish Affairs)

ئەمـەی خـوارەوە کورتەیەکـە لـە ڕاپۆرتەکـەی کاپـتن هــ. وایتـۆڵ (H. Whittall) بـە ژمـارە (o. i/c BSM) لـە قامشـلۆوە.

بــە بــڕوای مــن هەڵســەنگاندن و دادوەرییەکــەی کاپــتن وایتــۆل زۆر وردە و ئــەو پێگەیــەی ئــەو لــە ناوەندەکانــی قامشــلۆ و فەرەنســادا بۆخــۆی دروســت کــردووە، هێنــدە بەهێــزە، ئەگــەر زانیاریــی زۆرتــر لەبــارەی کــورد پێویســت بێــت، ئــەو بــە ئەمانەتــەوە کورتەیەکــی بەســوودمان بــۆ دەخاتــەڕوو.

تکایـە ئەگـەر پێویسـت بـە زانیاریـی زۆرتـر بـوو، ئـاگادارم بکەنـەوە. هـاوکات دەکرێـت بـۆ ڕێنماییەکانـی کاپـتن وایتـۆل چاوپێکەوتنـی ڕاسـتەوخۆ یـان پرسـیارنامە ئامـادە بکرێـت:

«مــن چــاوم بــە زۆر کــوردان دەکەوێــت، یــان کــورد بــۆ ئەحــواڵ پرســین دێنــە لام، بــەڵام هەندێکجــار گفتوگۆکانمــان لــە بابەتــی ئەحــواڵ پرســین دەردەچێــت. بــە پێــی ڕێنماییەکانــی ڕابــردوو، مــن زۆر قســە ناکــەم و زۆریــش تیشــک ناخەمــە ســەر سیاســەت، بــەڵام بــە تێگەیشــتنی مــن هەســتی گشــتی کــورد بریتییــە لــەوەی باڵــی زاڵــی ڕاســتڕەو حاڵــی حــازر، بــە تەواوەتــی لــەو بڕوایەدایــە، هێــزە هاوپەیمانــەکان لــە شــەڕدا ســەردەکەون و دواتــر دەســت بــە جێبەجێکردنــی سیاســەتەکەیان دەکــەن [واتــە بەخشــینی مافــی چــارەی خۆنووســین]. بــە بــڕوای ئــەوان دوژمنایەتیکردنــی تــورک لەگــەڵ کــۆی گشــتی بارودۆخەکــە ناگونجێــت.

بــە بۆچوونــی مــن، زۆربــەی کــوردە خوێنــدەوار و ڕۆشــنبیرەکان لەوانــە دکتــۆر ئەحمــەد نەفیــز، لــەوە تێگەیشــتوون، پرســی ســەربەخۆیی کــورد، پرســێکی زۆر ئاڵــۆزە و ئەوانیــش نەگەیشــتوونەتە ئــەو ئاســتە، بتوانــن ئیــدارەی دەوڵەتێکــی ســەربەخۆی خۆیــان بکــەن. ئــەو زۆر بــە وردی چاودێریــی ڕووداو و پێشــهاتەکان دەکات. یەکێــک لــەم کوردانــە گوتــی ڕێگــەی ئــەوان بــۆ گەیشــتن بــە ســەربەخۆیی ڕێگەیەکــی دوورودرێــژە و ئــەم پرۆســەیە لەبــری ئــەوەی پرۆســەیەکی شۆڕشــگێڕانە بێــت، پێویســتە پرۆســەیەکی تەکامولــی بێــت. کــورد بــە منیــان گــوت گشــت ئــەو شــتەی ئــەوان لــە حاڵــی حــازر خوازیاریــن، بریتییــە لــە پاراســتنی نەتــەوە و پاراســتنی شوناســە جیاوازەکەیــان و ڕێگەیــان پێبدرێــت پارێــزگاری لــە زمــان و خەســڵەتە نەتەوەییەکانــی خۆیــان بکــەن. مــن گلەیــی زۆرم لەبــارەی جیاکاریــی خێڵایەتــی بیســتووە کــە بەربەســتە لەبــەردەم یەکبوونــی کــورد و کوردێــک پێــی گوتــم یەکــەم شــت پێویســتە بکرێــت، بریتییــە لــە ڕزگار بــوون لــە دەســتی ئاغــاکان کــە بوونەتــە هــۆکاری پاشــکەوتوویی خێڵــەکان، تــا لــەو ڕێگەیــەوە بتوانــن ئــەو خێڵانــە زۆرتــر بچەوســێننەوە. هەروەهــا بێگومــان ئەوانــەی پێگــە و پایەیــان هەیــە بەتایبەتیــش لــە ســوریا، لــە ناخیانــەوە زۆرتــر ڕقیــان لــە تورکــەکان دەبێتــەوە. مــن بیســتومە کــوردی تورکیــا، واتــە ئەوانــەی لــە نــاو و لــە دەورووبــەری شــارەکاندا دەژیــن، زۆرتــر حەزیــان لــە خوێندەواریــی و یاســا و ئارامیــە کــە هەنوکــە لێــی ســوودمەندن (؟).»

«بــە بــڕوای مــن تــورک هەڵەیەکــی کوشــندە دەکــەن، کــورد لــە خــۆ ناگــرن- کــورد پاڵپشــتییان دەکــەن و ئەگــەر کــورد ڕۆشــنبیر و زانــاش نەبــن، بــەڵام پێکــەوە لەگــەڵ تــورک بەهێــز دەبــن، ئەگــەر پشــت لــە کــورد بکرێــت، وەک ئــەوەی هەنوکــە وایــە، کــورد هەمیشــە لــە ســنووری ڕۆژهەڵاتــدا، هــەروەك ئێســتا، کێشــە دروســت دەکــەن.»

«هەروەهــا بــە بــڕوای مــن، لــە ڕوانگــەی کــوردەوە، تەنیــا چارەســەریی بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەکەیان لــە داهاتــوودا بریتییــە لــە نزیکبوونــەوە لــە تورکیــا و ڕێککەوتــن لەســەر بیرۆکــە هاوبەشــەکان، بۆئــەوەی پێکــەوە کار بکــەن؛ یــان کۆمارێکــی کوردی-ئەرمەنــی بــە چاودێــری ڕووســیا دابمەزرێنــن».

«کورد بەڕادەیەک لێک دوورن، سەختە بە بێ پاڵپشتی زلهێزێک بتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن. ئەمەش بۆ زلهێزە ئەوروپییەکان سەختە، بتوانن ئەم چەشنە پاڵپشتییە پێشکەش بە کورد بکەن».

«بەهەرحاڵ ئەمە پێشبینیەکی دوورە. حاڵی حازر، کورد بڕیاریانداوە چارەنووسی خۆیان بخەنە دەست ئێمەوە. پێویستە مرۆڤ دەست بە نەریتێکی ڕۆژهەڵاتییانەوە بگرێت کە بە هۆی سەرکەوتنی زلهێزەکانەوە، خەریکە لە ناو دەچێت، ئەگەر بێت و ئەڵمانەکان سەرکەوتووانە لە خاکی تورکیا تێبپەڕن، لەوانەیە کورد هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن».

پاشکۆی لکێندراو بەم نووسراوە، کۆپی ڕاپۆرتی پێشووە لەبارەی کورد. بەداخەوە پێشتر کۆپییەکە بەرز نەکراوەتەوە.

واژوو:

کۆلۆنێل (M. P. COGHILL)

فەرماندەی شاندی ئەمنی بەریتانیا

کۆپی

زۆر زۆر نهێنی (MEIC/SYR/6/6)

ناوەندی هەواڵگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆپییەك بۆ فەرماندەیی گشتی

هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

١٨ی جانیوەری ١٩٤٣

سەرۆکی شاندی ئەمنی بەریتانیا

ژێدەر (BSM/31/GS) لە ١٣-١-١٩٤٣

هەر زانیارییەک لەلایەن کاپتن وایتۆلەوە سەبارەت بە پرسی کورد و پلان و خواستەکانیان بگاتە دەستمان، زانیاریی بەنرخن. لەهەمانکاتدا، هەڵوێستمان لەبەرانبەر کاپتن وایتۆڵ هیچ گوڕانکارییکی بەسەردا نەهاتووە، و زۆر گرنگە کاپتن وایتۆڵ ڕێگە بە خۆی نەدات، لەبارەی بابەتە سیاسییەکان گفتوگۆ بکات، یان سەردانکەرانی کورد هان بدات گفتوگۆی سیاسی بکەن. کورد سەردانی کاپتن وایتۆڵ دەکەن و پێگەی کاپتن وەها لە کورد دەکات لەسەر بابەتە ئەمنییەکان قسە بکەن. ئەگەرچی قسە کردن لەبارەی بابەتە سیاسییەکان خەسڵەتی کوردە و هەر بۆیەش سەختە، کارێک بکەین، ئەوان لە گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتە سیاسییەکان دوور بکەونەوە. پێویستە لە بیرمان نەچێت، دروشمی سەرەکییان دژایەتیکردنی تورکە، بۆیەش هەر کاربەدەستێک لەگەڵ کورد دادەنیشێت، پێویستە زۆر ئاگادار بێت، هیچ قسەیەک نەکات، بچێتە چوارچێوەی هاندانی خواستە ناسیۆنالیستییەکەی کورد. بۆ حاڵی حازر، پێشنیازەکەی کاپتن وایتۆڵ سەبارەت بە لێک نزیکبوونەوەی نێوان کورد و تورک بۆ چارەسەری پرسی کورد، پێشنیازێکی باشە. بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمارێکی کوردی-ئەرمەنی بە چاودێری ڕووسیا، بیرۆکەیەکی زۆر مەترسیدارە.

ئەگەر بێت و کورد لە گفتوگۆکانیاندا زۆر باسی بابەتە سیاسییەکان بکەن، ئەو کات پێویستە لەم گفتوگۆیانە دڵسارديان بکەینەوە. تا هەنوکەش تورک، لە مامەڵەکردنمان لەگەڵ کورد و ئەرمەن، زۆر بە وردی چاودێریمان دەکەن، بۆیەش پێویستە زۆر وریا بین لێمان بە گومان نەکەون.

واژوو (I. N. CLAYTON) فەرماندەی لیوا (I. N. CLAYTON)

کۆپییەك بۆ: S. I. M. E…G.S.I. Ninth Army….M. A. Ankara

کۆپی (٣٨)

زۆر زۆر نهێنی و کەسی (MEIC/TUR/7)

ناوەندی هەواڵگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کۆپییەك بۆ فەرماندەیی گشتی

هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

٢٠ی جانیوەری ١٩٤٣

بەڕێز ژەنەڕاڵ

ماونسێڵ (Maunsell) یاداشتەکەی ئێوەی (D. O 24) هی ڕێککەوتی ١١ی جانیوەری ١٩٤٣، بە من نیشاندا.

وردەکارییە جەوهەرییەکانی نەخشەکە زۆر بە باشی دیارکراون و پێویستە نەخشەکە چەندین کۆپی هەبێت. من تێبینییەکانی کۆلۆنێل ئێلفینستۆن (Colonel Elphinston) لەسەر نەخشەکە هاوپێچ دەکەم. ئەو کاتی خۆی لە دیمەشق ڕاپەڕاندنی کارە پلە یەکەکانی پێ دەسپێردرا.

تا ئەو شوێنەی من ئاگادار بم، ئەو نامەیەی لە پەرەگرافی ٦دا ئاماژەی بۆ کراوە، تا هەنوکەش نەنێردراوە.

ئەو ژمارانەی لە پەرگرافی ٦دا ئاماژەیان بۆکراوە، نزیکەی دووهێندەی ئەو ژمارانەن ئێوە خستووتانەڕوو ، گەورەتر کراون و ناوی گەلێک شوێنیش دیارکراون لە ٢٠٠ یان ٣٠٠ ناو کەمتر نین. ئەو نوسخەیەی لەسەر دووبارە داڕێشتنەوەی نەخشەکە هەڵگیراوە، نزیکە لەوەی ئێوە نیشانتانداوە، بەڵام ناوی زۆر شوێنی لەسەرە و ناوەکان بە ڕێنووسی کوردی نووسراون. من لەوە دەترسم ئەو کۆپییەی من لە هەردوو نەخشەکە هەڵمگرتبوو، لە هاوینی ڕابردوودا لەناو برابن. هەردوو نەخشەکە ڕەش و سپین و ئەگەر بێت و نەخشەکەی ئێوە کۆپییەکی دروست بێت لەو نەخشەیەی کە تورک هەیانە، بەدڵنیاییەوە ئەم نەخشەیە دووبارە لەلایەن کەسێکیترەوە نوسخەیەکیتری لێ کۆپی کراوە، چونکە ڕێنووسی ئەم نەخشەیە بە

زمانـی ئینگلیزییـە. لـەم نەخشـەیەدا یـەک یـان دوو هەڵـەی سـەرنجڕاکێش هـەن. بـۆ نموونـە، لەبـری ئـەوەی بنووسرێـت (U.R.S.S)، نـووسراوە (W.R.S.S) لـە باکـووری ڕۆژئـاوا. ئەمـەش یـان فەرەنسییە یـان هەڵەیـە. ڕەنگکردنـی نەخشـەکەش سەرنجڕاکێشـە، یـان ئێوە ڕەنگتـان کـردووە؟ سـەبارەت بـە ژمـارەی نوسـخەی ئـەو نەخشـانەی هـەن، بـە بـڕوای مـن ئەمـە تەنیـا دزە پێکـردن نییـە، بەڵکـو نەخشـەکە کۆپیکـراوە.

مـن پێشـنیازی ئـەوە دەکـەم، بەڕێزتـان مێـژووی نەخشـەکە بـدەن بـە تورکـەکان (ئـەو بەشـەی نامـەی مسـتەر چەرچڵـە بـۆ مسـتەر ڕۆزڤێڵـت، ببـڕە). هەروەهـا ئەگـەر بزانیـت پێویسـتە، دەتوانـی تـورک دڵنیـا بکەیتـەوە، ئێمە سـەبارەت بە خواسـتی سـەربەخۆییخوازی کـورد، بـە هیـچ شـێوەیەک هانـی کوردمـان نـەداوە، بەڵکـو فەرمان بە گشـت ئەفسـەرەکان کـراوە وەک هاوڵاتییەکـی تورکیـا، ئێـران، عێـراق و سـوریا، مامەڵـە لەگـەڵ کـورد بکـەن. هەروەهـا ڕێـکاری پێویسـتیش بـۆ بێدەنگکردنـی ئـەوان گیراوەتەبـەر، بەڵگـەش لەسـەر ئـەوە ئـەو بـێ هیوابیەیـە کـورد سـەبارەت بـە ئێمـە دەری دەبـڕن [واتـە کـورد هیـچ هیوایەکیـان نەمـاوە، بەریتانیـا یارمەتیـان بـدات].

دوایيـن خـاڵ بریتییـە لـەوەی دوور نییـە کوردێـک ئـەم نەخشـەیەی (map) بـۆ تورکـەکان کێشـا بێـت. هەندێـك کـورد خوازیـارن بەینـی ئێمـە و تـورک تێکبچێـت، بـەو هیوایـەی ئـەو کات ئێمـە پشـتی کـورد بگریـن.

خزمەتکارتان

I. N. CLAYTON

سوپاسالار (A. ARNOLD)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا، ئەنقەرە

کۆپییەك بۆ: کۆلۆنێل ماوسێل

**یاداشتنامەکان**

مەبەست لە نووسینی ئەم نووسراوە، تەنیا خستنەڕووی زانیارییەکانە. دڵنیانیم، ئایا دەکرێ ئێمە هەڵوێستمان هێندە لاواز بێت؟ بە تێگەیشتنی من ئەو خەڵکانەی یاداشتنامەکە ئاماژەیان بۆ دەکات [یاداشتنامەی حکومەتی بەریتانیا سەبارەت بە کورد]، پرسیار دەکات، ئایا بەبۆچوونی ئێمە گونجاوە بابەتی هێمنکەرەوەتر بخەینە دەست کاپتن وایتۆڵ، تا لەم بارەیەوە پەیوەندی بە کوردەوە بکات.

بە بۆچوونی من ئەمە پرسیارێکی سیاسییە و تورکیا زۆر گرنگی پێدەدات و گرنگیدانی ئێمە بەم پرسە کاریگەریی زۆر لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەنگلۆ-تورکیا دروست دەکات. چەند ڕۆژ لەمەوبەر حاڵەتێکمان هەبوو، یەکێک لە ئەندامانی هێزی ئاسمانی بەریتانیا (M. F. A) نەخشەیەکی کوردستانی پێبوو. من بە پێویستی نازانم ئەفسەرێکی سەربازی کار لەسەر خواستە ناسیۆنالیستیەکەی کورد بکات. بە بڕوای من، ناڕەزایەتییەکی توند لەسەر ئەم کارەی ئێمە [لەلایەن تورکیاوە] دەردەبڕدرێت. دەپرسم، ئایا کاپتن وایتۆڵ هێندە بە ئەزموون و متمانەیە بتوانێت ڕووبەڕووی ئەم پرسە ببێتەوە.

بە بڕوای من، بە هۆی هەموو ئەم هۆکارانەی سەرەوە، ئێمە دەبێ زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو لایەنانە بکەین کە بایەخ بە پرسی کورد دەدەن و ئەوە بخەینە ڕوو، ئێمە زۆر بە توندی دژی ئەم هەڵوێستەی کاپتن وایتۆڵین کە باس لە پرسە سیاسییەکان دەکات، ئەوەی کاریگەری بەسەر کوردی تورکیادا دروست دەکات، یان پەیوەندی بە ڕووداوە سیاسییەکانی تورکیاوە هەبێت.

*****

ئەم بابەتەم لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا باسکرد و گوتی پێویستە نیگەرانی خۆمان لەسەر ئەم بابەتە بگەیەنینە نووسینگەی کاروباری دەرەوە، چونکە ئەمە پرسێکی زۆر هەستیارە و دەبێ زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەو (H. E) ئامادەیە پیشنیازەکەی ئێوە پەسەند بکات، سەبارەت بەوەی پێویستە

بەڕێزتـان ئـەم بۆچوونـە لـە ڕێگـەی تەلەگرامـەوە بخەنـە بـەردەم لایەنـە سـەربازییە پەیوەنـدارەکان بـەم بابەتـەوە و ئـەوە ڕوونبکەنـەوە هـەر پرسـیارێک سـەبارەت بـە بابەتـی هێمـن کـەرەوە لەوانەیـە پشـتگوێ بخرێـت. دواتـر باڵیـوز دەتوانێـت کۆپییـەك لـە وەڵامـی لایەنـە سـەربازییەکان بـە نافەرمـی بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بنێرێـت و نیگەرانـی خـۆی تێـدا دەرببڕێـت و لەهەمانکاتـدا داوا بـکات لەسـەر بابەتـی نەخشـەکە هەڵوێسـت وەرگـرن.

مـن لـەو بڕوایـەدام، باشـترە بەڕێزتـان خۆتـان نامەیـەک بـۆ کۆلۆنێـل کۆگێـڵ (Colonel Coghell) بـەرز بکەنـەوە، بـەڵام لەوانەیـە نەتانەوێـت ئێمـە نووسراوەکـە ببینیـن. مـن بەڵێـن دەدەم کـە نامەکەتـان هاوپێچـی یاداشـتنامەکەی سـێر کۆلۆنێـک کۆگهێـل دەکرێـت.

ئەگەر دەتانەوێت پێش نووسینی نامەکە لەبارەی بابەتەکە قسە بکەین، من ئامادەم.

٢٥ی جانیوەری ١٩٤٣

******

باڵیـۆز (M. A) تەلەگرامێکـی کورتـی بـۆ نووسـینگەی بەیـروت نـاردووە و داوا دەکات بابەتـی پـتر هێمنکـەرەوە بـە کاپـتن وایتـۆڵ نەدرێـت لەبـەر ئـەو هۆکارانـەی ئـەو لـە نامەکەیـدا ئامـاژەی پێـداون. ڕەشنووسـی نامەکـە هاوپێچـی ئـەو نامەیـە کـراوە کـە بـۆ سـێر. ئـۆ سـارجێنت (Sir O. Sargenet) نێـردراوە.

******

مـن لـەو بڕوایـەدام ئـەو دوو نامەیـەی ئەمـڕۆ بەیانـی بـۆ ئێـوەم بەجێهێشـت، باشـترە لەنـاو ببردرێـن و نامەیـەک بـۆ سـێر ئۆرمـا سـارجێنت بنێردرێـت و ئامـاژە بـەم خاڵانـەوەی خـوارەوە بدرێـت.

١ ئـەوە بخرێتـەڕوو ئـەو نەخشـەیەی بووەتـە هـۆی نیگەرانـی تـورک، لـە بنەڕەتـدا هـی بەریتانیـا نییـە.

**ب** ئـــەوە بخرێتـــەڕوو، ئاژانســـی هەواڵگـــری ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت (M. E. I. C) بـــە تەواوەتـــی ئـــاگاداری مەترســـییەکانی نزیکبوونـــەوەی کاپـــتن وایتۆڵـــە لـــە کـــورد، خـــودی خۆشـــیان زۆر دژی ئـــەم کارەن.

ئایا دەکرێت ئێوە دووبارە ئەم پرسیارە لە باڵیوزی بەریتانیا لە تورکیا بکەنەوە.

٢٦-١-١٩٤٣

******

بـە پێـی یاداشـتنامەکەی سـەرەوە مـن نامەیـەک بـۆ سـێر ئـۆ. سـێرجێنت دەنێـرم. مـن لـەو بڕوایـەدام کـە باشـترە نامەیـەک بـۆ سـێر ئـۆ. سـێرجێنت بنێـرن. مـن ڕەشنووسـێک ئامـادە دەکـەم و هاوپێچـی نامەکـەی دەکـەم و پەیامـە نیگەرانکەرەکـەی بەرلینیـش بـۆ ئاژانسـی ئاناتۆلیـا بنێریـن.

لـە خـوارەوە بۆچوونـی ژەنـەراڵ کلایتـۆن (General Clayton) لەبـارەی نەخشـەکە خراوەتـەڕوو. نازانـم گرتنەبـەری ئـەو ڕێکارانـە بـاش و قەناعـەت پێهێنـەرن یـان نـا؛ بـەڵام بـە گشـتی دۆخەکـە لەوانەیـە وەهـاش خـراپ نەبێـت کـە ئێمـە وێنامـان کـردووە. هـەر بۆیـەش ئەگـەر جـاری داهاتـوو نەعـمان (Numan)ت بینـی، پێـی بڵێـن نەخشـەکە لەبەیـن بـراوە و لـە بنەڕەتـدا سیاسـەتی فەرمـی بەریتانیـا گرنگـی بـەم بابەتـە نـادات، بەڵکـو نەخشـەکە لـە پەرتووکێـک وەرگیـراوە کـە نزیکـەی بیسـت سـاڵ لەمەوبـەر لـە بەغـدا چاپکـراوە.

٤ی فێبریوەری ١٩٤٣

زۆر نهێنی بابەت: کورد

لە: M. A. Ankara 85/7/1 بۆ: B.S.M Beirut

کۆپییەك بۆ: M. A. I.C….. G.I.M.E… G.S.I HQ. Ninth Army.

مـن نووسراوەکـەی بەڕێزتانـم بـە ژمـارەی (٠٥/٣١/BSM) کـە لـە ١٣ی جانـوەری ناردبووتـان، بـە باڵیـۆز بەریتانیـا لـە ئەنقـەرە نیشـاندا.

٢. تـا هەنوکـە هیـچ بەڵگەیـەک لەبەردەسـت نییـە نیشـانیبدات کاپـتن وایتـۆڵ لـە دەرەوەی توانـای هەواڵگـری هەڵسـوکەوتی کـردووە و زۆر بـە ئەمانەتـەوە بۆچوونـی کـوردی خسـتووتەڕوو، بـە بـێ ئـەوەی خـودی خـۆی هیـچ گفتوگۆیەکـی سیاسـیی لەگـەڵ کـورد ئەنجامبـدات. لەگـەڵ ئەمەشـدا باڵیـوز هیـوادارە کاپـتن چیـتر هیـچ جـۆرە بابەتێکـی هێمنکـەرەوە لەبـارەی کـورد نەخاتـەڕوو. هەروەهـا بـە بۆچوونـی باڵیـۆز، لەوانەیـە کاپـتن وایتـۆڵ، بـە پێـی ئـەو دەسـەڵاتەی هەیەتـی بکەوێتـە هەڵوێسـتێکەوە، ناچـار بێـت ڕوانگـەی سیاسـیی خـۆی بخاتـەڕوو. بـە بۆچوونـی باڵیـۆز، پێویسـتە ڕێگـە بگیرێـت لـە هاتنەکایـەوەی ئـەم جـۆرە هەڵوێسـتە، چونکـە لێکەوتـەی زۆر مەترسـیداری لێدەکەوێتـەوە. هەرچەنـدە ڕەنگـە ئـەم جـۆرە تێڕوانیـن دەربڕینـە لەوانەیـە بـە بۆچوونـی شەخسـی لـە قەڵـەم بدرێـت، بـەڵام لەوانەیـە ئـەم بۆچوونـە لەلایـەن ئـەو کوردانـەی سـەردانی کاپـتن وایتـۆڵ دەکـەن بـە تێڕوانینـی حکومەتـی بەریتانیـا هەژمـار بکرێـت.

٣. بەڵگـەی زۆر لـە باڵیوزخانەکەمانـدا هـەن، نیشـانی دەدەن چـۆن خـراپ ئامۆژگارییکردن و گفتوگـۆی جڵەونەکـراو لەگـەڵ کـورد، بووەتـە هـۆی ئـەوەی ئێمـە لـە لێـواری دواییـن شـەڕ کـە ڕوویـدا، نزیـک ببینـەوە. بـە بـڕوای باڵیـۆز حاڵـی حـازر، هـەر جـۆرە خـراپ تێگەیشـتنێک لـەم بـارەوە، زۆر مەترسـیدار دەبێـت، حکومەتـی تورکیـا لەهـەر جـۆرە ڕەفتارێکـی سیاسـیی کـورد بـە گومانـە؛ چونکـە لەوانەیـە کاریگـەری لەسـەر تورکیـادا دروسـت بـکات.

سوپاسالار (A. C. Arnold)، پاشکۆی سەربازی

کورد و کوردستان (ل ٤٧-٤٨)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

ئەنقەرە

٥ی جانیوەری ١٩٤٣

١. هەروەک ئاگادارن، لە دوای گەڕانەوەم یەک یان دوو حاڵەتی نەخوازراو لە بارەی کوردەوە ڕوویداوە، ئەگەرچی ئێمە کەم تا زۆر توانیمان بە شێوەیەکی قەناعەتپێکەر بەرپەرچی ئەم حاڵەتانە بدەینەوە، بەڵام ئەم ڕووداوانە ئاماژەن بە نیگەرانی لەڕادەبەدەری تورکەکان، بەوەی لەوانەیە [بەریتانیا] پیلانێکی بۆ ئەو کوردانەی لایەنگرین، لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا هەبێت. تورک پێشنیازی ئەوەیان کردووە، ئەگەر بمانەوێت تووشی هیچ جۆرە ئاژاوەیەک نەبینەوە، پێویستە ڕێکاری جدیتر بگرینەبەر؛ بە تایبەتیش بە پێی ئەو زانیارییانەی من کۆمکردوونەتەوە، لە بەرانبەر بارودۆخی کوردی باکووری ڕۆژئاوای ئێران. هەروەک ئاگادارن تورکیا لەبەرانبەر هەر شتێک کە کاریگەری لەسەر کورد دروست بکات، هەستیارە و هێشتا لەبیری نەکردووە چۆن هەندێك لایەنی نابەرپرس، لە دوای کۆتایی هاتنی ئەم شەڕەی دوایی کوردی [بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی] بەکارهێنا.

٢. یەکەمین تەحەدا کە ڕووبەڕووی من بووەوە لە ٧ی جانیوەری بوو؛ واتە ئەو کاتەی وەزیری کاروباری دەرەوە [تورکیا] نەخشەیەکی بەریتانی بە من نیشاندا، سنوورەکانی کوردستانی دیارکردبوو. سنوورەکە ناوچەیەکی بەرفروانی لە قەفقازەوە تا دەریای ڕەش و لەوێوە بۆ کەنداوی فارس و بەشێکی زۆری تورکیا و ئێرانی و نزیکەی تەواوی عێراقی لە ناو ئەم سنوورەدا لەخۆ گرتبوو. من هەوڵمدا بەو جۆرە بابەتەکە ڕوون بکەمەوە، حکومەتی ئێمە گرنگی بە پرسی خێڵەکان دەدات، هەربۆیەش نەخشەی لەم جۆرەی کێشاوە. ‹نوعمان› گوتی ئەو بە تەواوەتی لەمە تێدەگات، بەڵام ئاماژەی بەوەدا،

ئەگـەر نەخشـەکە بکەوێتـە دەسـت هـەر تورکێـک زانیاریـی لـەم بـارەوە نەبێـت، هەسـتێکی ناخۆشـی بـۆ دروسـت دەبێـت. [مـن ئامـاژەم بـەوەدا کـە] لـە ڕاسـتیدا بـۆ لێکۆڵێنـەوە لەبـارەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، نەخشـەکە سـەر لەنـوێ لـە ڕووی نەخشـەیەک بیسـت سـاڵ لەمەوبـەر بـۆ یەکەمجـار لـە نـاو پەرتووکێـک لەبـارەی کوردسـتان کـە لـە بەغـدا چاپکـراوە، داڕێژراوەتـەوە. لەوکاتـەوە نەخشـەکە بـە بـێ چاودێـری لایەنـی فەرمـی بـۆ چەندیـن جـار کۆپـی کراوتـەوە. بەمجـۆرەش لـەم بـارەوە گومانەکانـی ‹نوعمان›مـان بـە بـێ پاسـاو هێشـتەوە.

٣. دووەمیـن سەرکێشـی بریتـی بـوو لـە کۆپـی ڕاپۆرتێـک لەسـەر کاروبـاری کـورد کـە شـاندی ئەمنـی بەریتانیـا لـە بەیـروت بـۆ پاشـکۆی سـەربازیی ناردبـووی. مـن ئاگاداریـم داوە، پێویسـتە کاپـتن وایتـۆل لەبـارەی ڕاپۆرتـی هێمنکـەرەوە لەبـارەی کـورد، یـان هـەر ئەفسـەرێکیتری هەواڵگـری، دەسـتیان لەبـارەی کاروبـاری سیاسـی کـورد وا کـراوە نەبێـت، دواتـر کۆنـترۆڵ نەکرێـت. هەربۆیـەش مـن لەلایـەن پاشـکۆی سـەربازییەوە بـۆ [شـاندی ئەمنـی] لـە بەیـروت نامەیەکـم نووسـیوە و کۆپییەکیشـم لـەم نامەیـە هاوپێـچ کـردووە و شـاندی ئەمنـی ئاگادارکراوەتـەوە، زۆر گرنگـە ڕێگـە نەدرێـت کاپـتن وایتـۆڵ بخزێتـە نـاو هـەر جـۆرە گفتوگۆیەکـی سیاسـی، یـان وا نیشـان بدرێـت، هانـی سـەردانکەرانی کـورد دەدات. بـەو جـۆرەش هیـوادارم حەماسـەتی ئەفسـەرانی هەواڵگـری لـە گەمەکـردن بـە ئاگـری کـورد کـەم ببێتـەوە.

٤. هەروەهـا لـە ڕێگـەی پەیامێکـەوە کـە بـۆ ئاژانسـی ئاناتۆڵیـا لـە بەرلیـن لـە ٢٥ی جانیـوەری نێـردراوە، جەخـت لەسـەر ئـەوە کراوتـەوە، پێویسـتە لەبـارەی ئـەم بابەتـە زۆر وریـا بیـن، بـەڵام پەیامەکـە بڵاو نەکرایـەوە. گومـان لـەوەدا نییـە ئەگـەر بێـت و ئەڵمانـەکان بتوانـن پیلانـی بەریتانیـا لەبـارەی کـوردەوە، بـۆ خۆیـان بـەکاری بێنـن، بـە دڵنیاییـەوە ئـەوان زۆر بـە خێرایـی ئـەم کارە دەکـەن، چونکـە هـەروەك لـە سـەرەتادا ئامـاژەم بـۆ کـرد، تـورک سـەبارەت بـە پرسـی کـورد زۆر هەسـتیارن.

٥. هیـوادارم نووسـینگەی (damper) ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە بەیـروت، بتوانێـت

کاریگـەری لەسـەر ئـەم بابەتـە بنوێنێـت. دەزانیـن چەنـد مەترسـیدارە بـۆ ئەفسـەرێکی هەواڵگـری پـێ لـە بـەڕی خـۆی درێژتـر بـکات و بخزێتـە نـاو گفتوگۆیەکـەوە لـە دەرەوەی دەسـەڵاتەکانی. هـەر بۆیـەش باشـترە لـە ژێـر دەسـەڵاتی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە ئاگادارییـەک بـۆ ئـەو دامودەزگایانـە بنێردرێـت کـە نەچنـە نـاو هیـچ گفتوگۆیـەک، تایبـەت بێـت بـە پرسـە سیاسـییەکان، چونکـە پرسـی زۆر هەسـتیارن و دەرهاوێشتەکانیشـی زۆر جیدیـی و مەترسـیدار دەبـن.

زۆر نهێنی

ژمارە ١١، RWU, HH (198//SA/43)

کونسوڵگەری گشتی بەریتانیا

تەورێز، ٧ی فێبریوەری ١٩٦٤

بەڕێز...

١. دوێنـی پەیوەندیـم بـە حاکمـی گشـتییەوە کـرد، تـا بزانـم ئایـا ئـەو هیـچ پلانێکـی بـۆ ڕێگـری کـردن لـە دووبارەنەبوونـەوەی کێشـەی کـورد هەیـە، ئـەوەی لـە ئەپریلـی سـاڵی ڕابـردوودا ڕوویـدا. هەروەهـا لەبیرتانـە دوژمنکاریـی ئایینـی و نەتەوەیـی لـە ئازەربایجانـدا دەرکـەوت، لێکەوتـەی بەرچـاوی لەسـەر ئێـران دروسـت کـرد و بـووە هـۆی ئـەوەی پەیوەندییـە سـنوورییەکانی تورکیا-سـۆڤیەت بـۆ ماوەیـەک تێکبچـن و هەڕەشـەی ئـەوەش کـرا، کـوردی عێراقیـش دەوروژێنرێـن. خاڵـە گرنگـەکان حاکمـی گشـتی خسـتیەڕوو بـەم شـێوەیەی خـوارەوەن:

٢. سـەربازیی. (١) لـە ڕووی مەبدەئیـەوە وا بڕیـار دراوە و ڕووسـیاش پەسـەندی کـردووە، حکومەتـی ئێـران سـێ فـەوج دابمەزرێنێـت، ئەردەبیـل یـەک فـەوج، تەورێـز یـەک فـەوج، ڕەزایـە یـەک فـەوج. حاڵـی حازر، سـێ بەتالیـۆن لە ئەردەبیـل هـەن. دوو بنکەی سـەربازی لـە ڕەزایـە و دوو بنکـەش لـە تەورێـز. تـەواوی ئـەو یەکانـە، یەکـەی پیادەن و هیـچ یەکەیەکـی پشـتیوانییان نییـە. لـە ڕەزایـە بـە هـۆی هەبوونـی چەکـی سـووک، هەندێـك یەکـەی پشـتیوانی هـەن. حاکمـی گشـتی ڕەشـبین بـوو لـەوەی بتوانرێـت لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا ئـەو یەکانـە ئامـادە و پڕچـەک بکرێـن. لـە هـەر حاڵەتێکـدا، حاکمـی گشـتی گوتـی: بـۆ دووبـارە ڕێکخسـتنەوەی چاوەڕوانـی پێشـنیازەکانی ژەنـەڕاڵ ریدلـی (Ridley)یـە.

(٢) لـە دوو بەتالیـۆن کـە لـە هاوینـی ڕابـردوو هاتبوونـە باکـووری ڕەزایـە، یەکێکیـان گەڕاوەتـە باشـوور و بـە سـەربازی خۆجێـی شـوێنیان پڕکراوەتـەوە. لـە بەتالیۆنەکانـی ئەردەبیـل و ڕەزایـەش خەڵکـی خۆجێیـی ناونووسـکراون.

(٣) هەنوکە یەکێک لە بەتالیۆنەکانی تەورێز لە مهابادە. حاکمی گشتی ئاماژەی بەوەدا، ئەم بەتالیۆنە بۆیە نێردراوەتە مهاباد، تا پارێزگاری لە کارگەی شەکر و بەرهەمەکانیتری بکات.

٣. جەندرمە. (١) هەروەک ئاگادارن، پڕۆژەیەک لەبارەی دووبارە دامەزراندنەوەی بنکەکانی جەندرمە بە درێژایی سنوورەکانی تورکیا لە ئارادایە و من لە ڕاپۆرتێکدا ئەوەم خستەڕوو، ئەفسەرە پلەبەرزەکانی سەربازیی و جەندرمە، چوونەتە سەردانی ئەم ناوچەیە، تا شوێنی ئەو بنکانە دەستنیشان بکەن. (یاداشتەکانی تەورێز لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٤٢، پەرەگرافی ٧٣). حاکمی گشتی پێیگوتم، لەمبارەوە پێشکەوتنێکی کەم دەستەبەرکراوە. یەکێک لە گرفتەکان بریتییە لەوەی ڕووس دوای ئەوەی ڕێگەیان داوە چەک و تەقەمەنیە پێویستەکان لە سنوور دەرباز بن، ڕێگری کردووە، ماباقی چەکەکانیش بگەنە سنوورەکان. ڕووس بۆ ئەم کارە هۆکاری تایبەتی خۆیان هەیە، هۆکارەکەش بریتییە لەوەی گشت خێڵەکان گوشار دێنن بەوەی خێڵە دراوسێکەیان باشتر پڕچەک کراوە، هەر بۆیەش ئەوان هەست بە مەترسی دەکەن. حاکمی گشتی گوتی، یەکێک لە ئەفسەرەکانی جەندرمە نزیکەی ٢٠ پارچە تفەنگی بە سەرۆک خێڵێک داوە و ڕووسیاش بەم کارەی زانیوە و ناڕەزایی دەربڕیوە، چونکە لە بارەی ئەمجۆرە دابەشکردنەی چەک، هیچ گفتوگۆیەک لەگەڵ ڕووس نەکراوە و ڕووس بە گومانەوە دەڕواننە ئەم کارە.

(٢). دوور لەم گرفتە کاتییە، حاکمی گشتی ئاماژەی بەوەدا، بیرۆکەی دامەزراندنی چەند بنکەیەکی لاوازی جەندرمە لەسەر سنوورەکان، هەر لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی باش نییە، چونکە ئەگەر بێت و کەمترین کێشە ڕوو بدات، ئەو بنکانە لەلایەن کوردەوە لەبەین دەبردرێن. بە بڕوای حاکمی گشتی پێویستە بەلانیکەمەوە ٢٠ تا ٢٥ بنکە دروست بکرێن و هەر بنکەیەکیش ٥٠ سەربازی تێدا بێت. بە لەبەرچاوگرتنی جێگۆڕکێی سەربازەکان و دابینکردنی پێداوێستییەکان و مۆڵەت وەرگرتن، بەلانیکەمەوە ٣٠٠٠ سەرباز پێویستە هەبن، بەڵام وا دیارە ئەم ژمارەیە زۆرترە لەو ژمارەیەی بڕیارە ڕووس پەسەندی بکەن. لە ڕاستیدا زۆرترە لەو فارسانەی ڕاهێنانیان پێدەکرێت و پڕچەک دەکرێن.

(٣). ماوەیەکە ئێمە تووشی کێشەیەک بووین. حکومەتی ئێران خوازیاری گەڕانەوەی دەسەڵاتەکەیەتی. ڕووس دەڵێن لەم بارەوە هیچ گرفتێکیان نییە، بەڵام ئێران تا هەنوکە تەنیا یەک بۆچوونی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد هەیە. ئەویش بریتییە لە بەکارهێنانی هێز بەشێوەیەکی دڕندانە، هەروەک ئەوەی ڕەزاشا ئەنجامیدا، بەڵام حاڵی حازر، ئەوان ناتوانن بەم ژمارە کەمەی هێزی سەربازی و جەندرمەی لەبەردەستیانە، ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن. هەروەها ڕووس دەڵێن ئەو هێزەی ئێران هەیەتی بەسە و لە داواکاری ئێران بۆ ناونووسکردنی سەربازی زۆرتر بە گومانن. لە بەهاری ڕابردوودا، حکومەتی ئێران لە ڕێگەی بە نهێنی چەکدارکردنی گوندنشینەکانی دەوروبەری ڕەزایە، هەوڵیدا سوپاکەی بەهێزتر بکات و هەنوکەش سیاسەتی پڕچەککردنی ئەو کوردانەی گرتووەتەبەر کە متمانەی پێیان هەیە. ئەنجامی ئەم کارەش بریتییە لەوەی لە هەردوو حاڵەتەکە، هاوکاری نێوان ڕووسیا و ئێران چارەنووسسازە.

(٤) حاکمی گشتی هیچ زانیارییەکی لەبارەی ڕاپۆرتی ڕووس سەبارەت بە ناردنی هێزی ئێران بۆ مهاباد نییە (بڕوانە پوختەی هاوپێچی سەربازیی بە ژمارە ٢ لە ساڵی ١٩٤٣، پەرەگرافی ١٤). حاکمی گشتی گوتی: هیچ پێشنیازێکی لەم جۆرەی پێ نەدراوە. ئاماژەی بەوەدا، لەوانەیە ئەم پێشنیازە لە تاران و بە بێ ئاگادارکردنەوەی ئەو خرابێتەڕوو. ئەو ئاماژەی بەوە کرد، سەختە بەو هێزانەی هەنوکە لەبەردەستیدان، بەرپەرچی [هێزەکانی ئێران] بداتەوە و باسی لە ئەزموونی خۆی لەگەڵ سوپای ئێران لە سەرەتای دەست بەکاربوونی ڕەزاشا کرد و ئاماژەی بەوەدا، قۆناغی پۆست مهاباد قۆناغێکی زۆر مەترسیدار دەبێت، تەنانەت بۆ سوپایەکی ژمارە زۆر و ڕێکخراویش.

٤. کورد.

١. حاکمی گشتی گوتی ماوەیەکە کورد لە ناو سنوورەکانی ئێراندا بێدەنگن. هەڵبەت چەند پێکدادانێک ڕوویداوە، بەڵام لە بارودۆخی هەنوکەییدا، ئەو ڕووداوانە، ڕووداوگەلی ئاسایین. ئەو، ئەو ڕاپۆرتەی ڕەتکردەوە، گوایە ماکۆ هەڕەشەی

لەسـەرە (بڕوانـە کورتـەی هاوپێچـی سـەربازیی ژمـارە ٣ لـە سـاڵی ١٩٤٣، پەرەگرافـی ١٧). گوتـی ئەمجـۆرە دەنگۆیانـە لەلایـەن خانەکانـی ماکـۆوە بڵاودەکرێنـەوە، چونکـە ئەوانیـش هـەروەک کەسـانیتر، داوا دەکـەن پارێزگارییـان لێبکرێـت و هەندێـك لـە دەسـەڵاتە خۆجێییەکانیـان دووبـارە بـۆ بگەڕێنرێتـەوە کـە ڕەزاشـا لێـی زەوتکردبـوون.

٢. سـەرەڕای ئەمـەش، چەندیـن بابەتیترهـەن دەبنـە هـۆی نیگەرانـی، بۆنموونـە: تـورک گلەیـی دەکـەن، لـەم دواییانـەدا دەسـتدرێژیی بـۆ سـەر خاکـی تورکیـا ئەنجامـدراوە و مەڕومـاڵات دزراون و دوو تورکیـش کـوژراون. لـەم بـارەوە، کونسـوڵی تورکیـا لـە ڕەزایـە زۆر بـە تونـدی نارەزایـی دەربڕیـوە. حاکمـی گشـتی گوتـی: حاڵـی حـازر، لـە دەرەوەی دەسـەڵاتی حکومەتـی ئێرانـە بتوانێـت ڕێگریـی لـە ڕوونەدانـی ئـەم جـۆرە پێکدادانانـە بـکات. ئـەو هیـوای بـەوە نەبـوو ئـەم کێشـەیە بێتـە چارەسـەرکردن، بـە بـێ هەبوونـی ئەنجوومەنـی سـنوورەکان بـۆ چارەسـەرکردنی ناکۆکـی نێـوان خێڵـەکان و بـێ بوونـی هێـزی جەندرمـە کـە پشـتیوانی لـە ئەنجومەنـەکان بـکات. لەمـەش زیاتـر، حاکمـی گشـتی لـە پێکـدادان لەگـەڵ ڕووس دەترسـا. ئەفسـەرێکی ڕووس خەریکـی ڕووپێوکردنـی دۆڵێـک بـوو لـە ڕۆژئـاوای ماکـۆوە بـەرەو سـنوورەکانی [تورکیـا]، مانگـی ڕابـردوو ئەفسـەرەکە بـە خنکێـنراوی دۆزرایـەوە. (لەوانەیـە ئـەم کارە لەلایـەن کۆمەڵێـک تاوانبـاری ناوچەکـەوە ئەنجامدرابێـت، ئـاگاداری جووڵەکانـی ئەفسـەرەکە بوونـە کـە بـە تەنیـا و بـە پـێ هاتوچـۆی دەکـرد، لەوانەشـە لەلایـەن ئـەو کەسـانەوە ئـەم کارە ئەنجامدرابێـت کـە ویسـتویانە نەخشـەکەی بـدزن و لـەو دیـوی سـنوورەوە بیفرۆشـن). ڕەنگـە دووبـارە ئـەم جـۆرە کارانـە ڕووبدەنـەوە و ببنـە هـۆی خوڵقاندنـی گرفتـی جیـددی. لـە مانگـی ئەپریلـدا دووبـارە کـورد دەسـت بـە جووڵـە دەکەنـەوە و بـە دڵنیاییـەوە هەندێـك هێـرش بـۆ سـەر گونـدەکان دەبـەن و تاڵانیـان دەکـەن.

٣. بـە گشـتی مـن لەگـەڵ حاکمـی گشـتی لەسـەر ئـەوە کۆکـم کـە پێویسـتە بـۆ پاراسـتی ئارامـی و سـەقامگیریی پلانێکـی پێشـوەختە ئامـادە بکرێـت، بـەڵام وەبیـر حاکمـی گشـتیم هێنایـەوە کـە لـە سـاڵی ڕابـردوودا ڕووس لەگـەڵ کـورد تووشـی پێکـدادان

ببوون و هەندێك کوژرایشیان هەبوو، بەڵام ڕووس بە وریایی و دان بەخۆداگرتنەوە جوڵانەوە. من بۆ حاکمی گشتی ئەوەم خستەڕوو کە ئەو لەلایەن کوردەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی ئەوتۆ نابێتەوە، بەڵام پێویستە بۆ ڕێگری کردن لە هاتنەکایەوەی هەر جۆرە پێکدادانێک گشت هێزی خۆی بخاتەگەڕ.

٤. پێشنیازی حاکمی گشتی بریتی بوو لەوەی ناتوانرێت چەک لە کورد دابماڵرێت، چونکە ڕەزاشاییێک لە ئارادا نییە بتوانێ ئەم کارە بکات، هەروەها بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە هێزی پێویستیش لەبەر دەست نییە. بە بڕوای حاکم، بەدیل ئەوەیە، سیاسەتی حکومەتی عێراق بگیرێتەبەر، واتە گشت چەکەکان تۆمار بکرێن و مۆڵەتیان پێ بدرێت و بەم جۆرەش سەرۆک خێڵەکان لەبەرانبەر ئەندامانی خێڵەکانیان، ئەوانەی چەکیان هەیە، بەرپرسیار دەبن. هەروەها پارەیەکیش دەدرێتە ئەو کەسانە، تا بۆ پاراستنی ئارامی و سەقامگیریی یارمەتی جەندرمە بدەن. ئەگەر ئەم ڕێکارانەش بگیرێنەبەر، ئەو کات بە هێزیکی کەمتری جەندرمەوە دەتوانرێت ئارامی بەرقەرار بکرێت (بڕوانە پەرەگرافی ٣،(٢) لە سەرەوە). بەم جۆرەش دەکرێت سەر لە نوێ ئەنجومەنی سنوورەکان دەست بە کارەکانیان بکەونەوە و بە هاوکاری ئەفسەرە پەیوەندیدارەکانی ئەو دیوی سنوور دەتوانن ناکۆکیەکان چارەسەر بکەن و ڕێگە نەدەن ناکۆکییەکان ببنە هۆی پێکدادانی مەترسیدار. من پرسیاری ئەوەم لە حاکمی گشتی کرد، کەی ئەم پێشنیازانەی خستووەتەڕوو و ئایا تاران پێشنیازەکانی قبوڵ کردووە؟ بە ئاماژەدان بە ناوی تاران، ڕووخساری حاکمی گشتی گۆڕا. ئەو گوتی: پێشنیازەکان بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراون و وەزیری ناوخۆ هیچ شتێک لەبارەی کوردەوە نازانێت، هەروەها پێشنیازەکە بۆ فەرماندەی جەندرمە نێردراوە، هەردووکیان وەک یەک نەزانن. لەمەش زیاتر هەم فەرماندەی جەندرمە و هەمیش وەزیری ناوخۆ و حکومەت بەگشتی هێندە سەرقاڵی بابەتەکانیترن، هیچ بایەخێکی جیدی و بەردەوام بە گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی کورد نادەن کە ڕووسیاش بەم ڕێکارانە ڕازی دەبێت. من پریساری ئەوەم کرد، ئایا ئەو دەتوانێت لەم بارەوە دەسەڵاتی

تـەواو وەرگرێـت، بـەڵام ئـەو لـەو بڕوایـەدا نەبـوو، بتوانێـت ئـەم کارە بـکات.

٥. ئەنجامگیرییەکـەی مـن بریتییـە لـەوەی تەنگوچەڵەمـەی ئێسـتا، بـەردەوام دەبێـت و بـە هاتنـی بەهـار پەیوەنـدی نێـوان کـورد و حکومەتـی ئێـران ئەگـەری زۆرە حاڵـی حـازر چۆنـە، هـەر وا بمێنێتـەوە. هـەر بۆیـەش دەبـێ دووبـارە لـە بەهـاری داهاتـوودا چاوەڕوانـی سـەرهەڵدانی ئـاژاوە و بـێ یاسـایی بیـن، بـەڵام مـن لـەو بڕوایـەدام بـە دوو هـۆکار لـە بارودۆخـی ئـەم سـاڵ مەترسـیی کەمـتر دەبێتـەوە: یەکـەم، گەشـتی پارسـاڵی کـورد بـۆ باکـۆ تـا هەنوکـە لەبیریـان ماوەتـەوە و لـەو بڕوایـەدان، ئـەم گەشـتە بـەو مانایـە دێـت، ئـەوان لەلایـەن ڕووسـەوە سەرپشـک کـراون، چیان پێخۆشـە بیکـەن. دووەم، بەمجـۆرەش خەڵکانیـتر داهاتوویەکـی سـەقامگیرتریان دەبێـت، سـاڵێک لەمەوبـەر گشـت ئێرانییـەکان و بەشـێک لـە تورکـەکان لـەو بڕوایـەدا بـوون ئەڵمانیـا پێـش کۆتایـی هاتنـی سـاڵی ١٩٤٢، دەچێتـە نـاو ئێـران، بـەڵام ئەمـە ڕووی نـەدا. مـن هیـوادارم بـەم هۆیـەوە کـورد سـەبارەت بـە دواڕۆژیـان وریاتـر بـن.

٦. بـە بـڕوای مـن حاکمـی گشـتی، پێکدادانەکانـی سـەر سـنوور و هێرشـی سـەر ڕووسـی لە ئاسـتی خـۆی گەورەتـر و مەترسـیدارتر نیشـان دەدات، تـا بەم شـێوەیە قەناعـەت بە من بهێنێـت پێویسـتە حکومـەتی سـەربازیی زۆرتـر تەرخـان بـکات، یـان ئـەم ژمارە سـەربازە شکسـت دێنـن (ئـەم شکسـتەش چاوەڕوانکـراوە، چونکـە ڕاهێنـان و پڕچەککردنـی سـەربازیی نـوێ کاتـی پێویسـتە). هـەر بۆیـەش پێویسـتە حکومەت پـارە بە کـورد بدات و ناویـان بنووسـێت، تـا لـە پاراسـتنی ئارامیـدا یارمەتیـدەر بـن. بـە واتایەکیـتر، ڕووس لە سیاسـەتی هەنوکەیانـدا هەڵـەن. هـاوڕام، مۆدێلـی عێـراق بـۆ بەرقەرارکردنـی ئارامـی، مۆدێلێکـی باشـە، بـەڵام دەبـێ بزانـم، ڕووس و ئێرانییـەکان لەبـارەی چ شـتێك زۆر ناکۆکـن.

٧. چـاوم بـە هـاوکارە تورکەکـەم کـەوت. ئـەو گوێبیسـتی چەنـد کردەویەکـی دەسـتدرێژی کردنـە سـەر خاکـی تورکیـا بـووە، بـەڵام ناتوانێـت ئـەوە پشتڕاسـت بکاتـەوە کـە هیـچ هاوڵاتیەکـی تورکیـا کـوژرا بێـت. تەنیـا ئـاگاداری ئەوەیـە چەنـد هـەزار سـەرە مەڕێـک دزراون و لـە ئێـران فـرۆشراون، چونکـە لـەوێ بە هۆی ڕووسـەوە نرخی مەڕ گـران بووە. حکومەتـی تورکیـا لە بارودۆخی سـەختی ئێران تێدەگات و خۆی بـۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی

ئـەم جـۆرە کارانـە ئامـادە دەکات، هەروەهـا ڕووداوی لـەم چەشـنە هەمیشـە لەمکاتەی سـاڵدا ڕوویانـداوە. ئەمـەش نەبووەتە ڕێگر لەبـەردەم تورکەکان، چاوەڕوانی باشـتربوونی دۆخـی [ئێـران] بکـەن و لەبەرانبـەر دەسـتدرێژییەکانی کـورد بۆ سـەرخاکی تورکیا کە لە ئێرانـەوە ئەنجـام دەدرێـن، بـێ دەنـگ بن، بەڵام بـە بـڕوای هاوڕێکەم حکومەتـی تورکیا زۆر لەسـەرخۆ بـە بێدەنگـی مامەڵـە لەگەڵ ئەم بابەتـەدا دەکات، بەتایبەتیش سـەبارەت بـە بەهێزکردنـی بنکـە سـنوورییەکان. ئـەم گفتگۆیـەم لەگـەڵ هـاوکارە تورکەکەمـدا زۆر جیـاواز بـوو لەگـەڵ ئـەو گفتوگۆیانـەی لەگەڵ کەسـانی پێشـتردا کردوومە.

سێر،

شەرەفمەندم خزمەتکاری وەفاداری بەڕێزتان بم.

واژوو:

R. N. Urquhart

ئـەم ڕاپۆرتـە لەلایـەن عابدیـن ئۆزمـەن (Abeddin Ozmen)ەوە نـووسراوە، لـە مانگـی جونـی سـاڵی ١٩٣٥، وەک لێکۆڵـەری مەدەنـی گشـتی بـۆ پارێزگاکانـی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا دامـەزرا. هـەروەك عابدیـن لە پەرەگرافـی ٣دا ئاماژەی بۆ دەکات، مـاوەی نزیکەی ١٥ مانگ ئـەو لێکۆڵـەری گشـتی بـووە؛ کەواتـە دەبێ ئـەم ڕاپۆرتـە لـە سـاڵی ١٩٣٦دا نووسرابێت.

١٣-٢-١٩٤٣

********

ڕاپۆرتێـک لەسـەر بارودۆخـی سیاسـی گشـتی لـە ویلایەتەکانـی بەتلیس، دیاربەکـر، وان، هـەکاری، مـوش، ماردیـن، ئورفـە و سـیرت (Siird)، کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتدارێتی دادوەریـی یەکـەم لێکۆڵەری گشـتییەوە نـووسراوە.

********

ڕێگـەم پێبـدەن، ڕوونیبکەمـەوە مەبەسـتی سـەرەکی مـن لـە نووسـینی ئـەم ڕاپۆرتـە بریتییـە لـەوەی دڵنیایـی بدەمـە ئـەم هەرێمـە لـە ڕووی سـەرچاوە سروشـتییەکانەوە،

هەرێمێکــی زۆر دەوڵەمەنــدە و بــۆ هەمیشــەش بــە دەوڵەمەنــدی دەمێنێتــەوە و بــە هــەر شــێوەیەک چارەســەری کێشــەی کــورد بکرێــت، [ئــەم هەرێمــە] بــە بەشــێکی جیانەکــراو و گرێــدراو بــە خاکــی تورکیــا دەمێنێتــەوە.

لــە هــەر شــوێنێکی ڕاپۆرتەکەمــدا کــە ئامــاژەم بــە وردەکارییــە ئامارییــەکان دابێــت، یــان وردەکاری لەســەر ڕێکخــراو و پیشــە گشــتییەکان خرابێتــەڕوو، مەبەســتم هەمــان مەبەســتی ســەرەوەیە.

لــە ســاڵی ١٩٢٤ و لــە کاتــی ســەرهەڵدانی شۆڕشــی شــێخ ســەعید مــن قائیمقامــی بیرجیــک (Birecik) بــووم کــە دەکەوێتــە ناوچــەی ژێــر دەســەڵاتی یاســای ســەربازیی. لــە ســاڵانی ١٩٢٦ و ١٩٢٧، مــن لێکۆڵــەری سیاســیی و ڕاوێــژکاری لێکۆڵــەری هێــزی ٣ بــووم، ئەویــش ســەرۆکی بەڕێوەبــەری یاســای ســەربازی بــوو لــە دیاربەکــر. لــە ســاڵانی ١٩٢٨، ١٩٢٩، ١٩٣٠ و ١٩٣١، مــن والــی بەتلیــس و مــوش بــووم. لــە مــاوەی ١٥ مانگــی ڕابــردوودا وەک لێکۆڵــەری گشــتی بەردەوامــی بــە ئەرکەکانــم دەدەم. ئامــاژەم بــەم وردەکارییانــەی ســەرەوە دا، تــا ئــەوە بخەمــەڕوو، لــە پێگەیەکــدام دەتوانــم گەلێــک ڕووداوی گــەورە شــیبکەمەوە کــە لــە ویلایەتەکانــی ڕۆژهەڵاتــدا ڕوو دەدەن، چ لــەو ڕووەوە کــە مــن چاودێرێکــی نزیکــم لــە ڕووداوەکان، یــان بــە پشــت بەســتن بــەو زانیارییانــەی لــە ســەرچاوەی گشــتی و تایبەتییــەوە بەدەســتم هێنــاون.

مـن دڵنیـام ئـەو ڕێنماییانەی لـە سـەرۆکی گەورەمان [واتـە ئەتاتورک] بەدەسـتم دەگات بناغەیەکـی پتـەو بـۆ چۆنیەتی هێنانەدی خۆشـگوزەرانی لـەم هەرێمەدا دروسـت دەکات.

مــن شــیکردنەوەکەم لــە بنچینــەی کێشــەکەوە دەســت پێدەکــەم، ئەویــش بــە خســتنەڕووی پرســی دانیشــتوان.

ســەرەڕای ئــەو ژمــارە جۆراوجۆرانــەی لــە پەرتووکەکانــی ســەرژمێری ســاڵی ١٩٢٧دا خراونەتــەڕوو و لەلایــەن بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی ئامــار، چاپکــراوە. ئــەو ئامارانــە دانیشــتوانی ناوچــەی ژێــر دەســەڵاتی یەکــەم لێکۆڵــەری گشــتی لــە نێــوان ٨٦٨،٣٢٩ کــەس بــۆ ٨٧٧،٢٨٣ کــەس نیشــان دەدەن. پاشــکۆی ئــەم ڕاپۆرتــە، نەتەوەکانــی ئــەم

هەرێمــەی پۆڵینکــردووە و ئــەوە نیشــان دەدات، پۆڵینکردنــی زمانــەکان بــە مانــای پۆڵینــی نەتەوەیــی دێــت. لــەو پاشــکۆیەدا، مــن تێبینــی ئــەوەم کــردووە، نزیکــەی ٢٠٦،٠٠٠ کـەس بـە تـورک تۆمـار کـراون و نزیکـەی ٥٤٣،٠٠٠ کەسـیش بـە کـورد. واتـە پــتر لــە نیــوەی دانیشــتوانی ناوچەکــە بــە کــورد تۆمــار کــراون.

پۆلینکردنـی دانیشـتوان لـە ڕووی زمانـی قسـەکردن، بـە پێـی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٣٥، تـا هەنوکـە بڵاونەبووەتـەوە، بـەڵام بـە پێـی ڕاپۆرتـە جیـاوازەکان لەسـەر ویلایەتـەکان، حاڵـی حـازر ژمـارەی دانیشـتوانی ئـەم هەرێمـە (district) ١،١٢٦،٥٧٧ کەسـە. ژمـارەی سـەرژمێریش نزیکـن لـەم ژمارانـە. لـە کـۆی گشـتی ئـەم ژمارەیـە، نزیکـەی ٢٢٨،٠٠٠ کـەس تورکـن، ٧٦٥،٠٠٠ کـەس کـوردن و ژمارەیەکـی زۆریـش [نەتەوەکانیـتر] هـەن کـە لـە سـەرژمێری سـاڵی ١٩٢٧دا بـە ناگرنـگ هەژمـار کـران.

لـە لیسـتی سـێیەمی پاشـکۆیەکەدا، دەبینیـن کـە ٢٥٠،٠٠٠ کـەس لـە ژمـارەی کـورد زیـادی کـردووە، بـەڵام تورکـەکان تەنیـا ٢٠،٠٠٠ زیـاد بوونـە. مـن نازانـم، سـەرژمێری سـاڵی ١٩٣٥ لــە پۆلینکردنــی زمانەکانــدا، چ ژمارەیەکــی خســتووەتەڕوو، بــەڵام ئــەو ژمارانــەی لەبەردەســتن، بــەم جــۆرەی ســەرەوە خراونەتــەڕوو.

لـە یاسـای جێگرکردنـی دانیشـتواندا و لـە قسـەکان و نووسـینەکانی سـەرکردەکانمان و ئـەو کەسـانەی سـەردانی ئـەم هەرێمەیـان کـردووە، لێدوانیـان لەسـەر ئـەم هەرێمـە و کوردیـزم داوە. ئـەو دانیشـتوانانەی بـە زمانـی کـوردی قسـە دەکـەن، بەسـەر دوو گروپـی جیـاوازدا دابەشـکراون. گروپـی یەکـەم ئـەو کەسـانەن کـە دەگوترێـت نازانرێـت کـەی و چـۆن ئـەو کەسـانە وەک کـورد پەیدابـوون. گروپـی دووەمیـش، وەک تۆمـارە مێژوویيـەکان نیشـانی دەدەن، تورکـن، بـەڵام بـە پێـی بارودۆخەکـە لەنێـو کـورددا تواونەتـەوە. ئـەم ڕوانگـە و دابەشـکارییە لـە ڕووی دابەشـکردنی کاری نەتەوەییـەوە، دابەشـکردنێکی گرنگـە، بـەڵام تـا حاڵـی حـازر، هیـچ ئامارێـک لەبـەر دەسـتدا نییـە، چەنـد کـەس لـەو ٧٦٥،٠٠٠ کـوردە سـەر بـە گروپـی یەکەمـن و چەند کەسیشـان سـەر بـە گروپـی دووەمـن، دیارکردنی ئـەم ژمارەیـەش کارێکـی ئاسـان نییـە.

لـە لایەکیـترەوە، جێـی گومانـە، تۆمارکردنـی ٧٥٠،٠٠٠ کـەس بـە کـورد لـە کـۆی گشـتی دانیشـتوانی ١،١٠٠،٠٠٠ کەسـیدا، ئایـا لـە ئەنجامـی لێکۆڵینەوەیەکـی زانسـتی و شـارەزایی بـووە. مـن نازانـم تـا چەنـد گونجـاوە، ئێمـە ئامـاری خۆمـان بـۆ جیهـان بڵاوبکەینـەوە و تێیـدا ئـەوە بخەینـەڕوو و بـۆ گشـت ئـەو لایەنـە جیاوازانـەی بـۆ کوردیـزم کار دەکـەن ئـەوە نیشـان بدەیـن کـە پـتر لـە نیـوەی دانیشـتوانی ئـەم هەرێمـە کـوردن.

بەرگەکانـی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٢٧ ئەوە دەخەنەڕوو، ١،٣٥٠،٣٧٤ کـورد لە ٥٣ ویلایەتی تورکیـادا دەژیـن. ئـەو کەسـانەی پێشـتر چوونەتـە نـاو ناوچـە ناوەڕاسـتەکانی تورکیـا، کـە بـە تـورک دەناسرێـن و بـە تورکـی ژیـاون، کەچـی بـە کـورد تۆمـار کـراون. هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە، محەمـەد ئەمیـن زەکـی کە لـە بەغداوە مێـژووی کـوردی نووسـیووە، هەندێك کەسـیتریش کـە پشـتیان بـە ئـەو بەسـتووە، بەشـی باشـووری ڕۆژئـاوای ئاناتۆلیـای، بـە هەرێمیکـی تـەواو کـوردی نیشـانداوە. ئەمـەو سـەرەڕای نیشـاندانی زۆر ناوچـەی سـەر بـە ویلایەتەکانیـتر، بـە ناوچـەی کوردسـتانی. مـن بـە پێویسـتی نازانـم دانبنێـن بـەو ڕژێمانـەی لەلایـەن ئـەو دەوڵەتانـەوە نەتـەوەی جۆراوجۆریـان لـە خـۆ گرتـووە بنیاتنراون-ڕژێمگەلێک کـە لەسـەر بنەمـای تاکەکەسـێك یـان بیرۆکەیەکـی بۆماوەیـی یـان لەسـەر بنەمـای هەسـت و سـۆز دامـەزراوە، یـان دان بـەو ڕژێمانـەدا بنێیـن کـە لەسـەر بنەمـای هەسـت و پێگـەی کـورد لەبەرانبـەر ئاغـاکان، شـێخەکان، سـەیدەکان، بەگـەکان دامـەزراون و لـە سـەردەمی ئیمپراتوریەتـی عوسـمانیدا پەیدابـوون، بەڵام ئەگەر بێت و لەسـەر بنەمای ناسیۆنالسـتییەوە دەسـت پێبکەین کە لەسـەر زمانی گشـت کەسێکە، لە سەر زمانی کوردیشە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو کوردانەی لە دەرەوەی سـنوورەکانی ئێمە چالاکی ئەنجـام دەدەن، یان هەندێـك کەسـی ئاژاوەگێـڕ و ئـەو ناوەندانـەی هەسـت دەکەن لـە تورکەکان جیـاوازن، یان لەلایـەن ئـەو کەسـانەوە کـە دوژمنایەتیکردنـی تـورک لە دەروونیانـدا ڕەگی داکوتـاوە و ئەو کەسـانەی لە ژێر کاریگەری ئەم هەسـتەدان [گشـت ئەمانە هەسـتی ناسیۆنالیسـتی کوردی وروژانـدووە]. ئەمـڕۆ ئـەم جـۆرە ڕەوتانـە لـە دەرەوەی وڵات زیـاد بـوون، بـەڵام لـە نـاوەوە زۆر کەمـن، تەنیـا چەنـد پێکدادانێـک نەبێـت، ئەوانیش بایەخـی ئەوتۆیان نییە. یـان بینەری ئەنجامدانـی بارمتەگرتنـی ٢ یـان ٣ سـەربازین، جارناجـار لـەم هەرێمەدا ئەنجـام دەدرێت].

لـە هەندێـك شـوێن، ئێمە دەبینین خەڵکی بەساڵاچوو باشـتر لـە گەنجەکان تورکـی دەزانن، ئەمـەش ئاماژەیەکـی ڕوونـە بـۆ سـەرهەڵدانی ئەم جۆرە ڕەوتانـە لەم هەرێمـەدا. بەهەرحاڵ کاتێـک مرۆڤ سـەردانی شـارە گەورەکانـی وەک وان، ئەرلیش، ئادەلجەڤـاز، ئاهلات، بەتلیس و دیاربەکـر دەکا، گشـتیان لـە بنەڕەتـدا شـاری تورکیـن، خەڵـک تـوڕە دەبـن، ئەگـەر بێت و بـە کـورد هەژماریـان بکەیـت. هەروەهـا دانیشـتوانی شـارەکانیتر، چ لـە ڕوانگـەی هەسـتی ناسیۆنالیسـتیەوە بێـت کـە خەڵـک بـۆ حکومەتـی کۆماری هەیەتـی، یان بە هۆی دەسـەڵات و تواناکانـی حکومەتـەوە بێـت، یانیـش بەهـۆی چاولێکـەری بێـت لـە شـارەکانی سـەرەوە، خەڵـک هەمـان هەسـتی هەیـە [و تـوڕە دەبـن ئەگـەر بـە کـورد هەژماریـان بکەیـت]. ئـەم بارودۆخـەش بەڵگەیەکـی ڕاسـتەقینەیە لەسـەر ئـەوەی کـوردە شـاخاوییەکان ناتوانـن بـە زمانـی ئێمـە قسـە بکـەن، ناتوانـن بـەدوای هەندێـک خواسـت و [بـەدوای ئـەو خەڵکانـە بکـەون] خوویـان بـە پڕوپاگەنـدەوە گرتووە.

ئامانجـی سـەرەکی ئێمـە بریتییـە لـە چارەسـەرکردنی کێشـەی دوو گروپەکـە. بـە بـڕوای مـن سـوودمەند دەبێـت ئەگـەر بێـت و، هەروەهـا حکومەتیـش ئـاگادار کراوەتـەوە، کـە دەسـت بـە بڵاوکردنـەوەی پروپاگەنـدا بـکات، هـەم بـۆ دەرەوە و هەمیـش بـۆ نـاوەوە ئاڕاسـتەکرا بێـت، ئـەم کارەش لەلایـەن ئـەو کوردانـەوە ئەنجـام بدرێـت، بـە هـۆی بیرۆکـەی کوردایەتیـەوە لـە دژی تورکـن. هەروەهـا ڕۆژانـە ئەنجامـی پڕوپاگەنـدەی فەرمـی حکومـەت بخەنـەڕوو.

ڕووداوی شـێخ سـەعید، ڕووداوێـک بـوو، نـان و خۆراکیـی دەبەخشـییە بیرۆکـەی ئەوەی نـاوی کوردسـتانە. دەرکەوتنـی حاجۆ، خەڵکـی ساسـۆن (Sasun)، یان پەیدابوونـی خەڵکانی جۆراوجـۆر لـە ناوچـە خۆجێیـە جۆراوجۆرەکانـدا، تەنیـا هۆکارەکـەی بریتییـە لـە گشـت ئەو بیرۆکانـەی ئێسـتا لـە ئـارادان. ڕاپەڕینـی ‹ئارارات›یـش بۆ هەمـان بیرۆکـە دەگەڕێتەوە.

هاندەری دەستپێکەرانی ڕووداوەکەی زەیلان، کوردیزم بوو.

هەروەها تاقمەکانی عەلی جان و سەعیدخان، کە بە ٨٠ تا ١٠٠ لایەنگرەوە بۆ چەندین ساڵ هێزەکانی حکومەتیان سەرقاڵکرد، لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی کوردیزامدا بوون.

خەڵکی ساسۆن کە لە ژێر سەرکردایەتی ئایینی، سەرکردە زیرەکەکەی، واتە محەمەد عەلی یونس کە خەڵکی ‹مەلەجان›، سەرکردایەتی کرا و هەنوکەش لە ژێر سەرکردایەتی کوڕەکەی عەبدولڕەحماندایە و هەوڵیدا سەرۆک خێڵییەکی دەرەبەگ لە ساسۆن دابمەزرێنێت کە ناوچەیەکی قەدەغە کراوە؛ هەموو ئەم ڕووداوانە لە ژێر پێکەوەگرێدانی هەردوو بیرۆکەی کوردایەتی و نەریتی دەرەبەگایەتییەوە ڕوودەدەن و بەرهەم دێن.

هەنوکە خەڵک، مردوو بن یان زیندوو، فەرزەندەی حەسەنان و ئادۆی حەسەنان، یادۆ عەلیجان، سەعیدخان عادلێ گەڤەش، عیزەت موسا، سمکۆ، خالیدی گەبران، خالیدی حەسنان، زیای بەتلیسی کە لە سێدارەدرا، خۆش دەوێت. لەلایەن خەڵکەوە نوری حاجۆ و ئیحسان بە پاڵەوانی نەتەوەیی هەژمار دەکرێن.

نەمدەویست تیشک بخەمەسەر بارودۆخی دەرسیم. بە بۆچوونی من ڕەوت و چالاکییەکانی کوردیزم زۆرتر لە دەرەوە پڕوپاگاندەی بۆ دەکرێت نەک لە خودی دەرسیمەوە و دەبێ لە نزیک سنوورەکانمان بە دوای سەرچاوەی ئەم پڕوپاگەندانەدا بگەڕێن، واتە لەو شوێنانەی گونجاوە، دەکرێت لەگەڵ هێزە بیانییەکانەوە پەیوەندی دروست بکرێت و لەو شوێنانەی کە پڕوپاگەندەی دەرەکی دەتوانێت بە ئاسانی بێتە ناو خاکی تورکیاوە. ئەم هێزە دەرەکییانە دەکرێت خودی کورد بن؛ یان ئەم پڕوپاگەندانە لەلایەن ئەو نەتەوانەوە دێن هەمان بیرۆکەیان هەیە؛ وەک ئەرمەنەکان، ئاشورییەکان و سورییەکان؛ یان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە دێن، لە دوورەوە وەستاون و هانی ئەم جۆرە بیرۆکانە دەدەن.

لەم جۆرە هەلومەرجەدا، بۆ ڕێگەگرتن لەم ڕەوتەی کوردیزمە کە لە دەرەوە دێت، بۆئەوەی ئەنجامەکانی پلانی دەرسیم بەدیبێن، پێویستە ئەم پلانە بە زووترین کات جێبەجێ بکرێت. پێویستە خاڵە بەهێزەکانی ڕەوتی کوردیزم لە دەرەوە و پڕوپاگەندەی کوردیزم لە دەرەوەی تورکیا بناسرێن. من زانیارییە تایبەت و فەرمییەکانی خۆمم تۆمار کردووە و پێشنیاز و قسەکانم لەسەر بنەمایەکی پتەو دامەزراون.

سەبارەت بە دەستپێشخەرییەکەی خێزانی بەدرخانەکان، کە لە نێوان ئەو کەسانەی لە سوریا بۆ کوردیزم کار دەکەن، ناسراون، ئاکادیمیستێکی فەرەنسی ئەلف و بێی بۆ کورد دارێشتووە، پیتە تورکییەکانی لەخۆگرتووە. ئەم کارە، لەوانەیە لە ڕوانگەیەکەوە بۆ ئەو کارەی ئێمە دەیکەین گونجاو بێت، بەڵام ئامانجی پڕوپاگەندەکردن لە دەرەوە بۆ کوردی تورکیا ئاڕاستە دەکرێت، پەردەپۆش دەکات.

من بیستوومە ئەنستیتۆی ‹مارکسیزم و لینینیزم› کە لە یەریڤانە، پڕوپاگەندە بۆ کورد دەکات.

بیستوومە لە چاپی ٢٧ی ئەپریلی ١٩٣٥ی ڕۆژنامەی ئەرمەنەکان ‹Baykar Struggle› کە لە بۆستۆنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چاپ دەکرێت، ئەم پەرەگرافەی خوارەوەی بڵاوکراوەتەوە:

«ئەمڕۆ لە ئەرمەنیا ژمارەیەکی کەمی گوندی کورد هەن کە لە خاکی خۆیان دابڕێنراون و خوێندنیش بە زمانی دایک نییە. ئەو کرێکارە کوردانەی بە ژمارەیەکی بەرفراوان تا ئەمڕۆ دەچوونە تەفلیس و لە ناو کێڵگەکاندا کاریان دەکرد، هەنوکە، ڕێکخراوێکیان لە گوندەکانی خۆیان دامەزراندوە. ئیدارەی سۆڤیەت زۆر بەجیدی هەوڵ دەدات، کورد پێشبخات کە لە ئاستێکی زۆر دواکەوتوودا دەژین».

ئەو قسانەی لەسەرەو باسکران، بە کردەوە ئەنجامدرابێت یان نا، ئەوە نیشاندەدات چۆن خۆپەسەندی کورد بەهۆی بیرۆکە ئەهریمەنییەکانەوە لە دژی ئەو وڵاتانەی ژمارەیەکی بەرفراوانی کورد تێیدا دەژین، بەهێز بووە.

ساڵ و نیوێک یان دوو ساڵ لەمەوبەر، تەنانەت کۆنفرانسێکی کوردۆلۆژی لە ئێریڤان بەسترا. بەگوێرەی زانیارییەکانی سەرچاوەیەکی تایبەت، کۆمەڵێک خاڵ لە کۆنفرانسەکەدا بڕیاریان لەسەر دراوە کە بۆ ئێمە زۆر گرنگن، وەک:

**ا** پاراستنی کورد لە کاریگەریی کلتوری تورک.

**ب** دۆزینەوەی ڕیشەی کورد بە گەڕان لە ناو تۆمارە کۆنەکاندا و نووسینی مێژووی کورد.

**ج** دۆزینەوەی پەیوەندی نەژادی کورد لەگەڵ ئێزدی و ئەرمەنەکان.

**د** داڕێشتنی نەخشەی کوردستان.

**ھ** دۆزینـەوەی گشـت شـێوەزارە کوردییـەکان و دروسـتکردنی زمانێکـی [یەکگرتـوو]، و نووسـینی ڕێنـووس و قاموسـێک و داڕشـتنی پیتەکانـی نووسـین (script).

هـەروەک دەبینـن ئامانجـی ئـەم بڕیارانـە بریتییـە لـە پێشخسـتنی کـورد و ئاسـتی ژیانیـان، ئەمـەش بـە پێـی سـەپاندنی خۆپەسـەندی خـودی کـورد. ئەگـەر بێـت و ئـەم ئاڕاسـتەیە بەهێـز بکرێـت، ئـەوا دەبێتـە مەترسـییەکی جیـددی بـۆ سـەر وڵاتەکەمـان.

مـن گوێبیسـتی ئـەوە بوومـە چەنـد سـاڵ لەمەوبـەر لـە کۆنفرانسـی ڕۆژهەڵاتناسـان لـە ڕۆم، چەنـد توێژینەوەیـەک لەسـەر ئەرمەنۆلـۆژی، فارسـۆلۆژی و کوردۆلـۆژی تێـدا بەشـدار بـووە، سـمینار لەبـارەی کـورد و ئێزدییـەکان کـراوە.

ئەمـڕۆ لـە سـوریا دامـەزراوەی وەک ١، خۆیبـوون. ٢، یەکێتـی کـورد. ٣، ڕزگارکـەرە کـورد. ٤، موسـڵمان و مەسـیحییە کـورد، ٥. هـاوکاری کـورد، ٦، ڕزگارکردنـی کـوردی هـەژار، ٧. بڵاوکردنـەوەی زمانـی کـوردی، ٨. یەکێتـی کـورد و نەسـتورییەکان، گشـتیان دامەزراوەگەلێکـن لەلایـەن کـوردەوە دامـەزراون و لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجـی کـورد کار دەکـەن. هەروەهـا دامـەزراوەی وەک ٩، دژە تـورک، ١٠، تاشـناک، ١١. لایەنگری خۆیبـوون، (یەعقوبییـەکان) سـوریا، ١٢. بڵاوکەرەوانـی ئیسـلام، ١٣، سـیرکازەکان، ١٤، توێـژی نەقشـی و چەندیـن دامەزراوەیـتر بـۆ کـورد کار دەکـەن. ئـەو دامەزراوانـە لەلایـەن ئـەو ١٥٠ کـەس و چەنـد خائینێکیـترەوە دامـەزراون بـە بـێ پچـڕان لـە پێنـاو بەدیهێنانـی ئامانجـی کـورد کار دەکـەن.

ئەمـڕۆ لـە سـوریا ژمارەیەکـی زۆری کـورد، ئەرمـەن و تاکـە یەعقوبییەکانـی سـوریا (واتـە ئـەو کەسـانەی لەلایـەن حکومەتـەوە نـاسراون) کار دەکـەن کـە کـورد و ئەرمەنـەکان لـە یـەک نزیـک بکەنـەوە و بـە هـاوکاری کەمینەکانـی وەک یەعقوبییەکانـی سـوریا، ئاشـورییەکان و ئێزدییـەکان هـەوڵ دەدەن یەکێتیـەک بـۆ ئەرمەنیا-کوردسـتانی گـەورە دروسـت بکـەن کـە لـە چیاکانـی تۆرۆسـەوە دەسـت پێـدەکات، تـا دەگاتـە

جزیـرە. بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانیـان ئـەوان داوایـان پێشـکەش بـە کۆمەڵێـک وڵات کـردووە، هەندێکیـان دۆسـتی ئێمـە و هەندێکیشـیان نەیـاری ئێمـەن. ئەوانـەی لـەو بڕوایـەدان ئـەم هەوڵانـە هیـچ ئەنجامێکـی ئەرێنیـان لێناکەوێتـەوە، هـزر لـە پیلانگێـڕی و بڵاوکردنـەوەی پڕوپاگەنـدە بـۆ سـەرهەڵدانی شـۆڕش دەکەنـەوە، لـە نـاوەوەی تورکیـا کـورد و ئەرمەنـەکان تێیـدا بەشـدار بـن. ئـەم کارەش بـە پـارەی ئەرمەنـەکان و بـە کاری کـوردە چەتـەکان ئەنجـام دەدرێـت و بەمجـۆرەش وڵاتانیـتر دێنـە نـاو بابەتەکـە. ئەگـەر حاڵـی حـازر نەتوانـن لـە ڕێگـەی ئـەو هاوسـۆزیەی بۆیـان دەردەبڕدرێـت، ئامانجەکانیـان دەسـتەبەر بکـەن؛ چاوەڕوانـن هـەر کاتێـک تورکیـا گیـرۆدەی ململانێـی دەرەکـی ئاڵـۆز یـان جەنگێـک بوویـەوە، ئـەم ئامانجانـەی خۆیـان دەسـتەبەر بکـەن. لەڕاسـتیدا، چەندیـن هـەزار کـورد و ئەرمـەن لـە سـوریا چەکیـان هەیـە و هیواخـوازن هـەر کاتێـک تورکیـا ڕووبـەڕووی کێشـەیەک بـووەوە، هێـرش بکەنـە سـەر تورکیـا و کـوردی تورکیـا بـۆ سـەرهەڵدان هـان بـدەن. جەنگـی سیاسـی لـە نێـوان فەرەنسـا و عەرەبـە ناسیۆنالیسـتەکان هۆکارێکـە بـۆ دەسـت بـە چـەک گەیشـتنی کـورد، ئاشـوری، ئەرمـەن، سیرکاسـەکان و کەمـە نەتەوەکانیـتری سـوریا.

مەبەسـتی مـن لـە خسـتنەڕووی ئـەم ڕاسـتییانە بریتییـە لـە پێداگریکـردن لەسـەر ئـەوەی کـە کاتمـان بەدەسـتەوەیە و نابـێ کات بـە فیـڕۆ بدەیـن و بـۆ پووچەڵکردنـەوەی مەترسـییەکانی سـەر کۆمـاری تورکیـا کـە لـە دەرەوە و نـاوەوە لەلایـەن چالاکوانـی کـوردەوە ئەنجـام دەدرێـت، ئامـرازە پێویسـتەکان بگرینەبـەر.

سـەرۆک وەزیـرە گەورەکەمـان، ئیحسـان ئینۆنـۆ، لـە گەشـتەکەیدا بـۆ لێکۆڵینـەوە لەسـەر ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات، ئـەوەی لـە هاوینـی ١٩٣٥دا ئەنجامیـدا، ڕووبـەڕووی کۆمەڵێـک شـت بـووەوە، دەکـرێ زیانگەییـن و هەڕەشـەئامێز بـن.

پرسـی دەرسـیم لای تـەواوی خەڵـک ئاشـکرایە، ئەمـەش بـە هـۆی بڕیارەکانـی حکومەتـەوە، بـەڵام پرسـی گشـتیی کـورد، تـا هەنوکـە چارەسـەر نەکـراوە و هیـچ پلانێکـی بـۆ دانەڕێـژراوە.

مـــن هیـــچ گومانـــم لـــەوە نییـــە، کاربەدەســـتانی دەوڵـــەت و حکومەتەکەمـــان، کـــە هەمیشـــە چارەســـەری ڕاســـتەوخۆیان بـــۆ کێشـــەکان دۆزیوەتـــەوە، تەنانـــەت بـــۆ گەورەتریـــن پرســـی جیهـــان، دەتوانـــن ســـەبارەت بـــەم پرســـەی ئێســـتا، باشـــترین ڕێـــکار بگرنەبـــەر، بـــەڵام لـــەم ڕاپۆرتـــەدا هەندێـــك پێشـــنیازی بەســـوودم خســـتووەتەڕوو، دەکرێـــت لـــە ڕێگەیانـــەوە دواییـــن ئامانجەکامنـــان دەســـتەبەر بکرێـــن.

پێویستە یەکەم هەنگاو ئەمەی خوارەوە بێت:

بـە پێـی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٢٧، یـەک ملیـۆن کـورد لـە ١٦ ویلایەتـی ڕۆژهەڵاتـدا هـەن. دەکرێـت ئـەو کوردانـە بـە تەواوەتـی [لەنـاو تورکەکانـدا] بتوێنـەوە و ئـەو هەرێمـەی ئـەوان تێیـدا دەژیـن، وەک بەهەشـتێک وایـە، بـە بەشـێکی جیـا نەکـراوە لـە خاکـی تورکیـای بـاوک (Turkish fatherland) هەژمـار بکرێـت. یـان دەبـێ ئێمـە قبوڵـی بارودۆخـی بەرقـەرار بکەیـن کـە بۆچەندیـن سـاڵ بەمجـۆرە بـووە.. بـۆ منوونـە ئـەم هەرێمـە لـە ژێـر کۆنترۆڵـی هێزەکانـی حکومەتـدا مبێنێتـەوە، تـا ڕێگـری لـە بچووکتریـن پێکـدادان بـکا، یـان لـە ڕێگـەی کەسـایەتیە بەرجەسـتەکان و دانـی بەخشـیش، ئارامییەکـی ڕێژەیـی بێنینـەدی و لـە داهاتـوودا هەوڵـی چارەسـەرکردنی پێکدادانـەکان بدەیـن کـە لەوانەیـە بـە پێـی بارودۆخـی بەرقـەرار، لـە داهاتـوودا پێکـدادان لـەم هەرێمـەدا ڕوو بـدات.

بـە بۆچوونـی مـن باشـترە حاڵـی حـازر، بـە گوێـرەی سیاسـەتی ناوخۆیـی و دەرەکـی پشـت بـە بەدیلـی یەکـەم ببەسـتین. ئەنجامەکـەش بریتـی دەبێـت لـەوەی ئـەو کەسـانەی لـە پێنـاو کوردیـزم لـە دەرەوەی سـنوورەکانی باشـوور و ڕۆژهەڵاتـدا کار دەکـەن، لـەوە تێدەگـەن چیـتر لـە نـاوەوەی سـنوورەکانی ئێمـەدا لـەو زمانـە ناگـەن کـە ئـەوان قسـەی پێدەکـەن و یـان بتوانـن بیرۆکەکانیـان بـۆ بخەنـەڕوو.

بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئـەم ئامانجـە، دەبـێ ئێمـە تەنیـا یـەک ئاڕاسـتە نەگرینەبـەر. پێوسـتە ژمارەیەکـی زۆری هێـزی سـوپا لـە سـەر ڕێـگا لاوەکییەکانـدا بڵاوبکەینـەوە: (ئـ) لـە ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات، دەبـێ پەنابـەرە تورکـەکان لـە حـەوزی دەریاچـەی وان، لـە

دەشـتی مـوش، لـە قەزاکانـی بولماـک و مەلازگـر و لـە هــەردوو دیـوی ئـەو ناوچانــەی هێڵـی شــەمەندەفەری پێــدا تێدەپەڕێــت، نیشــتەجێ بکرێــن.

هەرئەوەنـدە بـەس نییـە، بەڕێوەبردنـی کێشـەیەکی زۆر گرنگـی وەک نیشـتەجێکردنی دانیشــتوان لــە ویلایەتەکانــی ڕۆژهــەڵات، بــە هەمــان چەشــن کــە هەنوکــە بەڕێــوە دەبردرێــت، دەکرێــت بەڕێــوە ببردرێــت.

پێویســتە پلانێکــی چەنــد ســاڵی دابڕێژرێــت، کۆمیســیۆنی ڕێکخســتنی گونــدەکان دابمەزرێــت. کۆمیســیۆنەکە لــە کاربەدەســتی تەکنیکــی، ئەندازیارێکــی بیناســازی، ئەندازیارێــک، پزیشــکێک، دادوەرێــک، بەرپرســی تەســویە و بەڕێوەبەرێــک کــە دەسـەڵاتەکەی بـە پێـی یاسـا بریتـی بێـت لـە دان یـان لێوەرگرتنـەوەی مافـی خاوەندارێتـی زەوییـەکان لـەو ناوچانـەی دەبنـە شـوێنی نیشـتەجێکردنی تورکـەکان. ئەمـەش بـۆ ئـەوەی زەویـەکان بەسـەر پارچـەی ڕێکـدا دابـەش بکرێـن و گونـدی مۆدێـرن بونیـات بنرێـن و بـازرگان و پیشـەوەران کەرەسـتەی پێویسـتیان بـۆ دابیـن بکرێـت و تەنیـا خەریکـی ئـەم پیشـەیەی خۆیـان بـن. کاری ئـەم کۆمیسـیۆنە کـە چەنـد سـاڵێک دەخایێنێـت، دەبـێ لـە هـەر سـاڵێکدا بەلانیکەمـەوە ٣٠٠ خانـوو دروسـت بکـەن، پێداویسـتییەکان دابیـن بکـەن و بـڕی ٦٠٠ لیـرە بـۆ هـەر خانوویـەک تەرخـان بکـەن، ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت کـە ١٨٠،٠٠٠ لیـرەی تورکـی تێچـووی خانووەکانـە. ئەگـەر بێـت و ئێمـە دروسـتکردنی خانـووەکان بـە تەنـدەر بدەیـن- بەڵێنـدەری واش لـەم هەرێمـە نیـن، ئەویـش بـە هـۆی جـۆری ئـەو خانووانـەی کـە لـەم هەرێمـەدا دروسـت کـراون- پێویسـتە بـڕی قازانجـی ١٥٪ بـۆی تەرخـان بکەیـن، بـۆ نموونـە بـڕی ٢٧٠٠٠ لیـرەی تورکـی بـۆ هـەر سـاڵێک. پێویسـتە بـڕی ٢٠ بـۆ ٢٥٠٠٠ لیـرەی تورکـی بـۆ ئـەم کۆمیسـیۆنە تەرخـان بکرێـت و بـۆ ئەنجامدانـی پـڕۆژەکان و پرسـی زەوییـەکان بـۆ هەرێمـی نیشـتەجێکردنی [تورکـەکان] خـەرج بکرێـت.

بیرۆکـەی تەرخانکردنـی پـارە بـۆ هـەر سـاڵێک و بـە درێژایـی چەندین سـاڵ، دەکرێت ٣ بـۆ ٥ گونـد بـۆ تورکـەکان کـە هـەر یەکەیـان ١٠٠ خانـووی لەخۆ گرتبێـت، دروسـت بکەین.

دەبـێ خەڵکـی دواکەوتـوو لـە نـاو کلتـوری نەتـەوەی پێشـکەوتوودا بتوێنـەوە، بـەڵام

کەسێک کە لە خانوویەکی بەدار و قوڕ دروستکراو یان لە کابینەیێکدا دەژیت و هەموو شتێکی خۆی لەدەستداوە، کەسێک جەستەی خۆی بە مافوری کۆنی خەڵکی دەوڵەمەند دادەپۆشێت و کەسێک نەخۆشە و نیوە ڕووتە و نیوە برسیە و هەموو ڕۆژێک دێتە بەردەم دادگا، چونکە لەوانەیە ئەو پارچە زەویەی حکومەت پێیداوە لێیوەرگرنەوە، ناکرێت وەک نموونەیەک وەربیگرین کە گشت کوردە شاخاوییەکان پیس و دڕندەن، بەڵکو هەندێك کورد هەن بەهێز و تەندروستن.

بۆئەوەی لەم جۆرە کێشانە دوور بکەوینەوە، باشترە ئەم کۆمیسیۆنە و لێکۆڵەری گشتی ببنە یەک و گشت دەسەڵاتە شەرعییەکانیان پێ بدرێت و پارەی کاشیان بۆ تەرخان بکرێت، تا دەست بە کارەکانیان بکەن. تەنانەت ئەگەر بە پێی ئەو پارەیەی بۆ کارەکان تەرخانکراوە، قەبارەی کارەکان لە ساڵیکەوە بۆ ساڵێکیتر جیاواز بێت، بەڵام بەلانیکەمەوە ئەم ۳۰۰ خانووە دروستکراوە، دەکرێت لە بواری ئابوری و کلتورییدا کاریگەری خۆی بنوێنێت. من داوای پلان و بەرنامەیەک دەکەم، ئەم ئامانجە دەستەبەر بکات.

**ب** پرسی فێرکردنی زمان. ئەو خەڵکەی دەمانەوێت بیانخزێنینە ناو کۆمەڵگەی تورکی، پێویستە لەبری ئەوەی بە کوردی قسە بکەن، دەبێ بە تورکی قسە بکەن. ئەم بابەتەش پێویستە چارەسەر بکرێت.

بۆ دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە، پێویستە قوتابخانەی شەو و ڕۆژی دروست بکرێن و منداڵ لە گوندەکانیان کۆ بکرێنەوە و بنێردرێنە ئەو قوتابخانانە. پێویستە خۆراک و پێخەویان جیاواز بێت لەگەڵ ئەو خۆراک و پێخەوەی لە گوندەکان هەیانبووە. هەروەها دەبێ [نەریتی] ئەم منداڵانە لە [نەریتی] دایک و باوکیان جیاواز بێت.

دەبێ ئەو قوتابخانانە خەستەخانە و دەرمانخانەی تایبەت بە خۆیان هەبێت، یان لە ژێر چاودێری پزیشکێکدا بن کە بە بەردەوامی سەردانی ئەم قوتابخانانە بکات. ئەم قوتابخانانە دەبێ لەلایەن مامۆستای لێهاتوو و بە تواناوە بەڕێوەبچن کە بتوانێت تورکیزم لە مێشکی قوتابیەکاندا بچەقێنێت. دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ئەو قوتابخانانە دەبێ لە ژێر چاودێری حکومەتدا بن.

لـەم قوتابخانـەدا گشـت پرۆگرامـەکان تەنیـا بـە زمانـی تورکـی دەخوێندرێـن، تێیانـدا پڕوپاگەنـدە بـۆ تورکیـزم دەکرێـت و هەسـتی وەفـاداری بـۆ سـەرکردەکانی تورکیـا دروسـت بکرێـت. وانـەی قوتابخانـەکان بـۆ مـاوەی ٣ سـاڵ دەخایێنێـت و دەبێ منداڵەکان هەر سـاڵ مـاوەی ١٠ تـا ١١ مانـگ لـە قوتابخانـەدا بمێننـەوە. بـە واتایەکیـتر تواندنـەوە بـە شـێوازی مـژدەدەرە مەسـیحییەکان. دەکرێـت ئـەم جـۆرە قوتابخانانـە لـە شـارە سـەرەکییەکانی وەک قـەزا و ناحییەکانیـش بکرێنـەوە، بەرپرسـانی حکومـەت، فەرمانـدەی سـەربازی و دەبـێ بەلانیکـەم ٥ سـاڵ قوتابخانـەی سـەرەتاییان تـەواو کردبێـت.

حاڵــی حــازر بودجــەی ویلایەتــەکان تــا ڕادەیــەک بــۆ دامەزراندنــی قوتابخانەیەکــی سـەرەتایی بـۆ هـەر قەزایـەک و هەندێـك ناحیـە و گونـد کـە یـەک تـا سـێ مامۆسـتای هەبێـت، بـەش دەکات.

ئەگـەر بێـت و ڕەزامەنـدی لەسـەر دروسـتکردنی قوتابخانـەی پێنـج قۆناغـی لـە گونـدە گەورەکانـی تورکـەکان بدرێـت، مـن لـەو بڕوایـەدام دەتوانیـن قوتابخانـەی ئێوارانیـش بکەینـەوە، بـە بـێ ئـەوەی تووشـی گرفتـی مـاددی بیـن. ئـەم کارەش هیـچ کاریگەرییەکـی نەرێنــی لەســەر ئــەو کارانــەی لــە بوارەکانــی کشــتوکاڵ و ئاژەڵــداری و بەڕێوبەرایەتــی یاسـایی و یارمەتـی کۆمەڵایەتـی کـە بـۆ ئـەم ویلایەتانـە تەرخانکـراوە، دروسـت نـاکات.

دامەزراندنـی ئـەم جـۆرە دامەزراوانـە، دەبێـت سـاڵانە ڕەزامەنـدی لەسـەر بدرێـت و سـەرەتا پێویسـتە لـە ناوەنـدە گونجاوەکانـدا بکرێنـەوە.

بـۆ دەسـتپێک، دەبێـت ئـەم جـۆرە دامەزراوانـە لـە قەزاکانـی گەڤـەش (وان)؛ بەیتـۆش-شـەباح (هـەکاری)، هیـزان (بەتلیـس) مەلاسـگرۆ (مـوش)؛ پەرڤـەری (سـیرد)؛ ئەگیـل یـان سـەربەر (دیاربەکـر)؛ دێـرک (ماردیـن) و وێرانشـار (ئورفـە)دا بکرێنـەوە.

**ج** ژمارەیــەک لــە کەســایەتییە بەرجەســتە و شــارەزاکان بــاس لــەو ڕۆڵــە گرنگــە دەکــەن کـە ویلایـەت، قـەزا و ناوەندیـی شـارەکان هەیانـە، دەکرێـت تێیـدا ناوەنـدی بەهێـزی تورکـی بـۆ تواندنـەوەی کـورد دابمەزرێـن؛ بـەڵام شـێوازەکانی پیادەکردنـی ئەم پێشـنیازە بێهاوتایـە، بەرەوپێشـچوونێکی کەمـی لەسـەر دەسـتی ئـەو کاربەدەسـتانەوە بەخـۆوە

بینیوە کە بە هەڕەمەکی دامەزراون و جیا لە کاری ڕۆژانە ناتوانن هیچ کارێکیتر بکەن و بیر لە داهاتوو ناکەنەوە. ئەگەر بێت و هەلومەرج لەبار بێت، لە دوای ماوەیەکی کەم دەستکەوتی گەورەی بۆ حکومەت لێدەکەوێتەوە.

بە بڕوای من دەکرێت کاریگەری ئەم ناوندانەی سەرەوە لە سێ ڕێگەوە زیاد بکرێت، ئەوانیش بریتین لە ئابووری، تەندروستی- کۆمەڵایەتی و کلتوریی.

**کاریگەریی ئابوریی**

باڵادەستیی ئابوریی وەک مەڵبەندێک بۆ تورکیزم دەبێت لە ناوجەرگەی ناوچەیەکی بەرفراواندا دابمەزرێت و بەدەست گروپێکەوە بێت کە بە تەواوەتی لە زمانی کوردی دابڕابن. لەمەش زیاتر، بازرگانەکان دەبێ بە تورکی لەگەڵ تەواوی کوردە شاخاوییەکاندا قسە بکەن. هەروەها، گروپێکی هەڵبژێردراو لە میانەی ئەنجوومەنی گەلەوە دەبێ ڕێنمایی تایبەتی ئەو بازرگانانە بکەن کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا بکەن و چۆن کوردە شاخاوییەکان هان بدەن حکومەتیان خۆش بوێت.

لەمەش زیاتر، پێویستە ئەو بەقاڵە گەڕۆکانەی لە گوندێکەوە بۆ گوندێکیتر دەچن و هەموو شتێک دەفرۆشن و کاڵا بێ نرخەکانیان لەگەڵ هێلکە و ڕۆن و کەرەی گوندەکان دەگۆڕنەوە و بە بەردەوامی بە کوردی قسە دەکەن و دەتوانن هەموو جۆرە هەواڵێک بڵاو بکەنەوە و دەبنە بەربەست لەبەردەم نزیک بوونەوەی گوندنشینەکان لە شارەکان، پێویستە ئەو کەسانە دوور بخرێنەوە. کارگەکان و شوێنی کارکردن لەلایەن تورکەکانەوە دابمەزێن و کرێکارە تورکەکان کاریگەری لەسەر بواری ئابوری دروست بکەن.

دەبێ ڕێکارە پێویستەکان بۆ هاتوچۆی ڤیتەرنەرەکان و بەرپرسانی کشتوکاڵی فەراهەم بکرێن، تا بتوانن سەردانی گوندەکان بکەن و لەگەڵ جوتیاران قسە بکەن و لە نێوانیاندا پڕوپاگەندە بڵاوبکەنەوە. ئەمەش یەکێک دەبێت لەو ئامرازانەی دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی کاریگەری ئەو ناوەندانەی دەمانەوێت دایانمەزرێنین.

## کاریگەریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی

گرنگیدان بە تەندروستی کەسێک، ترس لە مردن، خۆشەویستی بۆ ژیان، کۆمەڵە فاکتەرێکی گرنگن، نەک تەنیا دڕندەکان ملکەچ دەکات، بەڵکو ئاژەڵەکانیش ملکەچی دەبن. ئێستا لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەلات، ئێمە ناتوانین پشتگیریی پزیشکی بۆ فەرمەنبەرەکانی خۆمان دابین بکەین کە لەوێ خزمەت دەکەن. تەنانەت ئەگەر بێت و لەمڕۆوە دەست پێبکەین، ناتوانم بڵێم تا چەند ساڵیتر دەتوانین ئەو ئامانجەی هەمانە دەستەبەری دەکەین.

ئەو شتانەی من دەمەوێت ئەنجام بدرێن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

لە هەر ویلایەتێکدا پێویستە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی تەندروستی هەبێت کە ژمارەی پێویستی پزیشکی بۆ دەڤەرەکان لەبەردەستدا بێت، واتە هەم بۆ ناوەندی ویلایەتەکان و هەمیش بۆ قەزاکان. دەبێ ئەو پزیشکانە مووچەی گونجاویان بۆ تەرخان بکرێت و گشت ئەو بابەتانەی تایبەتن بە بواری تەندروستییەوە نابێ لە دەرەوەی کارەکانی ئەواندا بێت. ئەمەش لەبەرئەوەی پزیشکەکە لە شارەوانی یان لە هەندێك بنکەی تایبەت یان لە ئەنجوومەنێک مووچەکەی وەردەگرێت، بۆیە پێویستە گرنگی بە ئەرکەکانی خۆی بدات، یان لەبەرئەوەی ئەو پزیشکێکی سەر بە یەکەیەکی ئیدارییە، نابێ هیچ جیاوکێکی هەبێت.

پزیشکی تەندروستی لە کەرتی گشتیدا نابێ پارە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پزیشکی و چارەسەریی لە نەخۆش وەربگرێت. ئەگەر بێت و تێچونی سەفەرکردن زیاد بێت، دەبێ لەلایەن حکومەتەوە بە پێی یاسایەک قەرەبوو بکرێتەوە.

دەبێ گشت جۆرە یاسایەکی تایبەت بە بواری تەندروستی گشتی، تەنانەت بە پێچەوانەی یاسای سەربازیش بێت، دەبێ جێبەجێبکرێن.

بێگومان ئەم ژمارە پزیشکە لەگەڵ ژمارەیەک لە فەرمانبەری بواری تەندروستی و دەرمانفرۆش، دەتوانن چەند ڕێکخراوێک دابمەزرێنن کە لە میانەی گەشتەکانیان بۆ گوندەکان، کاریگەریی کلتوری زۆر دروست بکەن.

ئەگـەر فەرمانبەرانـی ناحیـە بـە بەردەوامـی سـەردانی گونـدەکان بکـەن و پەیوەندیـی لەگـەڵ خەڵـک دروسـت بکـەن، کـورد و تـورک و عەلـەوی ژن و ژنخـوازی لەگـەڵ یەکـتردا ئەنجـام بـدەن، ئەگـەر سـەرباز و فەرمانبـەران لـە بەشـی ڕۆژئـاوای تورکیـا بێنـە ئـەم ناوچەیـە و زەویـان بـۆ دابیـن بکرێـت و لەگـەڵ کچـە کـورد هاوسـەرگیری بکـەن و لێـرە نیشـتەجێ بـن، کاریگەریـی کۆمەڵایەتـی گشـت ئـەم فاکتەرانـە زۆر بەرچـاو دەبێـت.

## کاریگەریی کلتوریی ناوەندەکان

بـۆ بڵاوکردنـەوەی کلتـوری [تـورک]، ئـەو شـارانەی کـە بـە ناوەنـد هەڵبژێـردراون، دەبێ وەهـا گەشـە بکـەن، ڕەنگدانـەوەی لەسـەر دەوروبـەری خۆیانـدا هەبێـت. ئەگـەر کارەکان پشـتگوێ بخرێـن، هیـچ کـەس ناتوانـێ بانگەشـەی ئـەوە بـکات، ئـەو بەرەوپێشـچوونەی بەدەسـت هاتـووە، بەسـە بۆئـەوەی بتوانیـن بەرپەرچـی هـەر ڕووداوێکـی نەخـوازراو بدەینـەوە. هەربۆیـەش دەبـێ ڕێـکاری خێـرا بگرینەبـەر. سـەرەکیترین ڕێـکار بریتییـە لـە کۆکردنـەوەی فەرمانبەرانـی سـەر بـە یەکـە کارگێڕییـەکان لـە ناوەنـدە کلتورییەکانـدا، ئـەو فەرمانبەرانـە دەتوانـن وەک ڕێبەریـی خەڵکـی ڕەفتـار بکـەن، هەروەهـا فەرمانبـەرە خوێنـدەوارەکان دەتوانـن بـە هـۆی زانیـن و وزەیـان کاریگـەری لەسـەر گەنجـان و ئـەو مامۆسـتایانە دروسـت بکـەن کـە خۆیـان لـە چـوار دیـواردا سـنووردار ناکـەن و ئەو شـتانەی فێربیوونـە بڵاویدەکەنـەوە.

دەبـێ بزانیـن، تـا هەنوکـە ئێمـە فەرمانبـەری گونجـاو و پێویسـتمان بـۆ ناوەنـدە کلتورییـەکان دانەمەزرانـدووە. بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئامانجەکانمـان ناتوانیـن پشـت بـەو فەرمانبەرانـە ببەسـتین کـە هەنوکـە لەسـەر ئەرکەکانیانـن. پێویسـتە وەزیـرەکان وریابـن لـە دامەزراندنـی فەرمانبـەرە پلـە بـەرزەکان. هەروەهـا بـۆ فەرمانبـەرە پلـە نزمـەکان پێویسـتە، خولـی ڕاهێنـان بکرێتـەوە.

دەبـێ توانـای ناوەنـدە کلتورییـەکان بـۆ چاندنـی کلتـوری تـورک بـەرز بکرێتـەوە، بـە پێچەوانـەوە، ئەگـەر بێـت و کـورد بـۆ خۆیـان کلتورێـک بدۆزنـەوە، گرفتی چاندنـی کلتوری تورکـی زۆر قورسـتر دەبێـت.

**د** بـۆ ئـەوەی پڕۆسـەی تواندنـەوە ئەنجامـی خێـرای لێبکەوێتـەوە، پێویسـتە تەرکیـز بخەینـە سـەر پرسـی قسـەکردن بـە زمانـی کـوردی.

دەبـێ قسـەکردن بـە زمانـی کـوردی لەگشـت ئەنجوومەنەکانـی خەڵـک، لـە نێـوان خوێندەوارەکانـدا، لـە نـاو فەرمانبەرانـی حکومـەت، لـە نـاو دامەزراوەکانـی حکومـەت و بە تایبەتیـش لـە کاتـی جێبەجێکردنـی ئەرکەکانیانـدا، بـە تەواوەتـی قەدەغـە بکرێـت. ئەگـەر بێـت و گوندییـەک کارێکـی هەبێت و زمانی تورکـی نەزانێت، فەرمانبەرەکە نابێت یەکسـەر دەسـت بـە ڕوونکردنـەوە بـە زمانـی کـوردی بـکات، بەڵکـو دەبـێ گوندییەکـە وەرگێڕێـک بێنێـت و نابـێ وەرگێڕەکـە فەرمانبـەر بێـت. ئـەو گرفتەی لـەم ڕێگەیەوە بۆ خەڵک دروسـت دەبێـت، وا دەکات خەڵـک هـەوڵ بـدەن داواکارییەکانیـان بـە زمانـی تورکـی بخەنـەڕوو.

ئـەو فەرمانبەرانـەی پێداگـری لـە بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی دەکـەن، یەکەمجـار بـە نـووسراو ئـاگادار دەکرێنـەوە، ئەگـەر هـەر بـەردەوام بـوون، بـە ڕێـژەی جیـاواز مووچەکەیـان دەبڕدرێـت، ئەگـەر هـەر بـەردەوام بـوون لـە کارەکانیـان دەردەکرێـن.

تـەواوی بەڕێوەبـەری بەشـەکان دەبێـت وەك پۆلیـس بەسـەر بەشـەکەی خۆیانـدا بگەڕێـن و ڕێگـە نـەدەن زمانـی کـوردی بـەکار بهێنرێـت.

پێـش ئـەوەی کۆتایـی بـە بابەتـی تواندنـەوەی [کـورد لـە نـاو تورکەکانـدا] بهێنـم، دەمەوێـت ئاماژە بـە ڕێکارێـک بـدەم کـە بـە لای منـەوە گرنگـە؛ کـورد بـە هـەر هۆکارێک بێـت خـووی بـە بیرۆکـەی حکومەتێکـی خـاوەن یاسـا نەگرتـووە. بـۆ کـورد، بەهێزتریـن مـرۆڤ سـەرۆک خێڵەکـەی، یـان، سـەرۆک گوندەکەیەتـی، واتـە پیاوێـک خـاوەن کێڵگەیـە و ئەویـش مـەڕ و ماڵاتەکـەی لـەو کێڵگەیـەدا دەلەوەڕێنێـت. ئـەو کـوردە ملکەچـی فەرمانەکانـی سـەرۆک خێـڵ و سـەرۆکی گوندەکەیەتـی و هـەوڵ دەدات داواکارییەکانـی ئـەوان جێبەجـێ بـکات، لـە ژێـر دەسـەڵاتی ڕژێمـی کۆماریـدا ئەمجـۆرە پەیوەندییـە دوو لایەنـە لاواز کـرا، بـەڵام بـە تەواوەتـی لـە نـاو نەچـووە.

کوردێـک وەهـا وێنـا دەکات، کاتێـک فەرمانبەرێکـی حکومـی بـە نەرمـی و میهرەبانـی ڕەفتـاری لەگەڵـدا دەکات، ئـەو ڕەفتـارە بـە هـۆی جـۆری خیلقەتـی کوردەکەیـە نـەک بـە

هـۆی بەخشـندەیی حکومـەت. هەربۆیـەش ئەگـەر حاڵـی حـارزا هەندێـك خەڵـک بـە پێـی ئـەم دیدگایـە هەڵسـوکەوت دەکـەن، بـە تایبەتیـش ئەوانـەی لـە دەرەوەی سـنوورەکانی ئێمـەدا کار دەکـەن و ئـەو کەسـانەش کـە لـە نـاوەوەی سـنوورەکانی ئێمـەدا یارمەتـی ئـەو کەسـانە دەدەن کـە لـە دەرەوە کار دەکـەن، هـەوڵ دەدەن سـەبارەت بـە پڕۆسـەی تواندنـەوە لـە نێـوان خەڵـک و حکومەتدا بەربەسـت دروسـت بکەن و خەڵک هـان دەدەن لـە دژی حکومـەت بوەسـتنەوە؛ ئەمـەش شـتێکی سروشـتییە. شـێخێک کـە جیاوکەکانـی لەدەسـتداوە؛ ئاغایـەک کـە خـووی بـە چەوسـاندنەوەی خەڵکـەوە گرتـووە؛ چەتـەکان، نەیارانـی دەسـەڵاتی حکومـەت؛ ئـەو کەسـانەی گوندەکانیـان کەوتووەتـە چوارچێـوەی ناوچـە قەدەغەکـراوەکان، قاچاغچییـەکان، ئـەو کەسـانەی حـەز دەکـەن دەسـت بەسـەر زەوییەکـی بەرفراوانـدا بگـرن و تاوانبـارەکان، گشـتیان دەچنـە نـاو پۆلیـن بەنـدی [نەیارانـی حکومـەت]. لەوانەیـە ئـەو گرفتـەی ئـەم جـۆرە خەڵکانـە دروسـتی دەکـەن، گرفتـی گـەورە بـن و تواندنـەوەی ئـەو کەسـانەش لـە نـاو کتـوری تورکیـدا کارێکـی قـوڕس بێـت. دەبێـت ئـەو کەسـانە لـە کـورد جیـا بکرێنـەوە و پـەرت و بـڵاو بکرێـن. سـەختە بزانیـن ژمـارەی ئـەو جـۆرە کەسـانە چەنـدە. حکومـەت ڕازی بـووە، لـەم سـاڵەدا ٣٠٠٠ کـەس لـەم پۆلێـن بەندییـە بـۆ ویلایەتەکانـی ڕۆژئـاوا بگوازرێنـەوە. ئـەو کەسـانەی دوای ١٥ تـا ٢٠ سـاڵ نەتوابنـەوە، دەبـێ لـە خەڵکیـتر جیـا بکرێنـەوە، و ماباقـی دەگەنـە قۆناغێـک، پابەنـدی کلتـوری تورکـی بـن. تـا ئـەم ڕێـکارە جیبەجـێ نەکرێـت، مـن بـڕوا ناکـەم بتوانیـن کێشـەی تواندنـەوە چارەسـەر بکەیـن.

**ه** لە پرسی تواندنەوەدا، دەستپێشخەرییەکانی وەک:

١. گرنگیدان بە ئەنجوومەنی خەڵک؛

٢. کردنـەوەی خوێندنـگا و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی خوێندنـەوە بـۆ خەڵـک تـا بتوانن هەواڵـەکان، ڕۆژنامـەکان و گۆڤـارەکان بخوێننەوە.

٣. کردنەوەی مۆزەخانە و خستنەڕووی بەرهەمە تورکییەکان (هونەری، ئەدەبی و...).

هەروەهـا شـانۆی گـەڕۆک، ئـەو ئەکتەرانـەی گۆرانـی تورکـی دەڵێـن، سـینەمای

گونـدەکان و ڕادیـۆ، هەمـوو ئـەم فاکتەرانـە کاریگەریـی بـاش دروسـت دەکـەن.

دوای ئـەوەی زۆر بـە کورتـی بۆچوونەکانـی خۆمـم لەسـەر تواندنـەوە خسـتەڕوو، چەندیـن بابـەت هـەن پێویسـتە جێبەجـێ بکرێـن و دەکرێـت یەکەیەکـی ئیـداری بـۆ جێبەجێکردنیـان دابمەزرێـت:

٤. چ بـۆ ڕیشەکێشـکردنی کوردیـزم یـان بـۆ دامەزراندنـی ئیدارەیەکـی پتـەو، پێویسـتیمان بـە ڕێگاوبـان هەیـە. هاوینـان دەکرێـت بـۆ گشـت قـەزاکان بـە ئۆتۆمۆبێـل هاتوچـۆ بکرێـت، بـەڵام کاتێـک بـاران دەبارێـت، ڕێبـواران و گواسـتنەی کاڵا ڕووبـەڕووی گرفـت دەبنـەوە و ناتوانـن بـە ئۆتۆمۆبێـل بـارە قوڕسـەکانیان لـە دیاربەکـر و ناوچەکانیـتر بگوازنـەوە. جیـا لەمـەش، پێداویسـتییە سـەربازییەکان، ئارامـی و ئاسایشـی گشـتی، پێدوایسـتییە مەعنەوییەکانیـتر، وەک کلتـور و ڕێکارەکانـی توانـەوە پشـت بـە بوونـی ڕێگاوبـان دەبەسـتێت.
ئەو ڕێگاوبانانەی بونیات دەنرێن، پێویستە بەم شێوەیەی خوارەوە بن:

**ا** دیاربەکر-سێلوان-مەلەفان-زیارەت-بەتلیس-تاتوان.

**ب** زیارەت-سیرد-پەرڤارە (Pervare)-شاتاک-وان.

**ج** وان-باشکالە-هەکاری-پەرڤاری(Pervari).

**د** ماردین-ساڤور-میدیات-گەرجوش-سیرد

کێشـانی ئـەم ڕێگاوبانانـە، دەبـێ بگاتـە ناوچـەی یەکـەم لێکۆڵـەری گشـتی و گشـت کەرەسـتە مـادی و مەعنەوییەکانـی پێشـکەوتنی بۆ تەرخـان بکرێت و بەمجۆرەش گەرەنتی ئـەوە دەکرێـت بـۆ هەمیشـە ئـەم ناوچەیـە بـە بەشـێک لـە خاکـی وڵاتـی دایـک بمێنێتەوە.

مـن نازانـم تاچەنـد ئـەو دەنگـۆ و پڕوپاگەندانـە ڕاسـتن [کـە گوایـە کـورد] لەگـەڵ کلتـوری تورکـدا ڕێـک ناکـەون، یـان ئـەو دەنگۆیـەی دەڵێـت ئـەو کوردانـەی خزمەتـی سـەربازییان ئەنجامـداوە، لـە مـاوەی خزمەتـی سـەربازیان، بـە خۆشـحاڵییەوە گەڕاونەتەوە. لەڕاسـتیدا، ئـەو ڕێژەیـەی لـە ناوچەیەکـی تـەواو کوردنشـیندا بوونەتـە سـەرباز، دەگاتـە

نزیکەی ٢٠٪. بە چاوپۆشین لەهەر جۆرە هەست و سۆزێك، بەلای منەوە باش نییە ئەو کوردانەی خزمەتی سەربازی دەکەن، لە بەتالیۆنەکانی کارکردندا ناونووس بکرێن و ڕێگاوبانەکانی ناوچەکەیان پێ دروست بکرێن، کەچی لە هەمانکاتدا هەوڵەکانمان خستووەتەگەڕ، ئەوان بتوێنینەوە و فێرە زمانی تورکیان بکەین.

**بەندی دووەم:** لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا پرسی فەرمانبەران بابەتێکی جیدییە. ئەم پرسە دوو لایەنی هەیە:

ا لە دیاریکردنی فەرمانبەرەکاندا ڕێکاری پێویست نەگیراوەتەبەر. ئەو فەرمانبەرانەی لە ویلایەتەکانی ڕۆژئاوادا پێویستیان پێنەبووە و دەبا بگوازرێنەوە، بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات نێردراوان. بۆچی تەنانەت سوپاش هەوڵیداوە، ئەو فەرمانبەرانە بۆ دامەزراوەکەی من بنێرێت کە پێویستیان پێنەبووە و دەبا بەهۆی خراپ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان، لە پۆستەکانیان دوورخرابانەوە. بۆچی کۆمیسیۆنەکان و وەکیل وەزیرەکان (Under-Seceretary)، واتە ئەو کەسانەی لە دەستنیشانکردنی فەرمانبەراندا بەرپرسیارن، تا هەنوکەش نازانن ناوچەکەی من، ناوچەیەکی تایبەتە و دەبێ باشترین فەرمانبەری بۆ بنێردرێت.

**ب** ئەو فەرمانبەرانەی هاتوون ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن، هیچ ئارەزوویێك بۆ کارەکانیان نیشان نادەن. لە لایەکەوە، ئەم بابەتە پەیوەستە بە توانای کەسییەوە. لە لایەکیترەوە، یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ئەم ناوچەیە، بریتییە لەوەی یان ئەم بابەتانەی خوارەوە زۆر گەورە کراون، یان دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ حەز نەکات لەم ناوچەیە کار بکات. ئەم بابەتانەش بریتین لە:

١. ئەو ڕاستییەی لە زۆرێک لە ناوچەکانی ئەم هەرێمە بینای یەکەی کارگێڕی نییە، تەنانەت ئەگەر کەمترین ئیمکاناتیشی هەبێت، تا بتوانرێت تێیدا کاربکرێت؛ ٢. نەبوونی خانوو تا فەرمانبەران تێیدا بژین.

لە هەندێك قەزادا، فەرمانبەران و ئەفسەران لە ترسناکترین هەلومەرجدا دەژین. سەرۆک وەزیرە گەورەکەمان، بۆ دۆزینەوەی چارەسەریەک بۆ ئەم بارودۆخە،

فەرمانی بە ئەلعەزیز (Elaziz) کرد، تا پلانێکی یەک ملیۆن لیرەیی بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشەیە ئامادە بکات. هەروەك ئاشکرایە، وەرزی دروستکردنی بینا لەم ناوچەیەدا زۆر کورتە؛ لەگەڵ ئەوەشدا بودجەیەکی پێویست بۆ دروستکردنی خانوو بۆ فەرمانبەران تەرخاننەکراوە، هەر بۆیەش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، دەبێ یاسایەک دەربچێت. من پلانێکم داڕێشتووە گشت ئەم خاڵانەی لەخۆ گرتووە (و پلانەکە بە جیا دەخەمەڕوو).

لە ڕاستیدا، باشترین ڕێگە بۆ جێبەجێکردنی کاری بینا دروستکردن، بریتییە لەوەی ئەرکەکە بەو کۆمیسیۆنانە بسپێردرێت کە لەسەرەوە پێشنیازم کردوون. هەروەها دەکرێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت لە ڕێگەی ڕێگەدان بە کۆمیتەکانی خۆجێیی کاری گشتی بیناکردن (Local Public Work Building Committees)، کە بێن و ئەم بینایانە دروست بکەن، یان بە کۆنتراکت وەریگرن.

٢. یەکێک لەو ڕێگەیانەی فەرمانبەرانی پێ هانبدرێن تا بێنە ئەم ناوچەیە، بریتییە لە بەرفراوانکردنی تۆڕی تەندروستی گشتی بۆ گشت قەزایەک. هەروەها لە کاتی نەخۆشیی قورس بەدانی تێچوونەکانی سەفەر و دەرمان، دەبێ یارمەتی پێشکەش بە فەرمانبەران بکەین.

٣. من گلەییەکم لە فەرمانبەرێک بیست کە بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات هاتبوو، ئەو نیگەرانی خوێندنی منداڵەکانی بوو، بەوەی لێرە قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی نییە.

بە بۆچوونی من زۆر بە ئاسانی دەکرێت ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت و ببێتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە فەرمانبەرە دروستکار و ماندوو نەناسەکان، لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات پابەندی ئەرکەکانی خۆیان بن و تەنانەت وەک خۆبەخشێک کار بکەن.

بە پێی یاسا، پێویستە وەزارەتی پەروەردە بۆ ١٠٠٠ قوتابی خوێندن بە خۆڕایی دابین بکات.

مەرجەکانی پێشنیازەکەی من بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندنی خۆڕایی

بـۆ منداڵـەکان ئەوەیـە، دەبـێ ئـەم منداڵانـە، منداڵـی ئـەو فەرمانبەرانـە بـن کـە لـە ویلایەتەکانـی ڕۆژئـاواوە بـۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهـەڵات هاتـوون و بەردەوامن لـە کارەکانیان و لـە شـوێنێک نیشـتەجێ بوونـە، هیـچ دامەزراوەیەکـی تێـدا نییـە منداڵەکانیـان بتوانـن دواناوەنـدی تێـدا تـەواو بکـەن. ئەگـەر بـە پێـی ئـەم مەرجانـە وەزارەتـی پـەروەردە، بـۆ هـەر یـەک منـداڵ [لـە ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەلات] لـە کـۆی دە منـداڵ کـە لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا دەستنیشـان کـراون، خوێندنـی خۆڕاییـان بـۆ تەرخـان بـکات، ئـەم بڕیـارە بـۆ گشـت وڵات، بڕیارێکـی بـە سـوود دەبێـت. بێگومـان ئـەم کارەش یاسـایەکی تایبەتـی پێویسـتە.

٤. بێگومـان ئـەو فەرمانبەرانـەی دێنـە ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات، تووشـی کێشـەی زۆر دەبنـەوە. لەوانەیـە نەتوانـن ئـەو کاڵایانـە دەسـتەبەر بکـەن کـە پێویسـتیان پێیـە، ساڵانە یەکجـار سـەردانی شـارە گـەورەکان دەکـەن، بەمجـۆرەش گشـت ئـەو پارەیـەی کۆیـان کردووەتـەوە، خەرجـی دەکـەن.

لـە ڕاسـتیدا، تێچـووی ژیـان لەویلایەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا زۆرە. ئـەو کەسـانەی ڕۆژانەیـان بـە کۆتکێـک دۆ و هەندێـک ئـاردەوە دەگوزەرێنـن، لەوانەیـە بڵێـن خەرجـی ئەرزانـە. بـە پێچەوانـەوە، بـە بـەراورد لەگـەڵ ویلایەتەکانـی ڕۆژئـاوا، لـە ویلایەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا، خـۆراك، سـەوزە و جـل و بـەرگ زۆر گرانـە.

فەرمانبەرێـک لـە مـوش بـۆ ئـەوەی ژیانێکـی وەک فەرمانبـەرە هاوتاکـەی لـە ئەنتالیـادا هەبێـت، ناچـارە هێنـدە و نیـوی فەرمانبـەرە هاوتاکـەی پـارە خـەرج بـکات. تەنانـەت ئـەو ‹والی›یانـەی مووچـەی مانگانەیـان ٩٠٠ لیرەیـە، بـە هـۆی گرانـی نرخـی کاڵاکان گلەیـی لـە بارودۆخـی ژیانـی خۆیـان دەکـەن. هـەر بۆیـەش، ئەگـەر بتانەوێـت ئـەو والـی و قائیمەقامانـەی بـۆ ئـەم ویلایەتانـە هاتوونـە، بـە باشـی کارەکانیـان جێبەجـێ بکـەن، دەبـێ ئـەوان بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ لـە ئەرکەکانیانـدا بمێننـەوە، و دەبـێ تێچـووی ژیانیـان بـۆ دابیـن بکەیـن.

٥. دەبـێ تۆمـاری ژیانـی گشـت فەرمانبـەر، دادوەر، ئەفسـەرانی جەندرمـە کـە لـە ویلایەتەکانـی ڕۆژهەڵاتـدا کار دەکـەن، بـە وردی بپشـکێنرێن.

ئەگـەر هـات و دەرکـەوت دۆخـی ژیانـی فەرمانبەرێـک زۆر بـە خێرایـی بـاش بـووە

و لەلایــەن فەرمانبــەرە پلــە جیاوازەکانــەوە تــا دەگاتــە لێکۆڵــەری گشــتی پشتڕاســتیان کــردەوە کــە فەرمانبەرەکــە گەندەڵــە، پۆســتەکەی خــراپ بەکارهێنــاوە، دزیکــردووە، یــان فەرمانبەرێکــی بــاش نییــە، لەوکاتــەدا دەبــێ بــۆ ماوەیــەک کــە لەســاڵێك کەمــتر نەبێــت، ئــەو فەرمانبــەرە لــە کارەکــەی دوور بخرێتــەوە. یــان ئەگــەر ســکاڵا لەســەر ئــەو جــۆرە کردارانــە لەســەر فەرمانبەرێــک تۆمــار کــرا، دەکرێــت فەرمانبەرەکــە، بــۆ نموونــە ئەگــەر لــە ڕۆژهەڵاتــی وڵات بــوو، بــۆ ســمیرنا (Smyrna) بگوازرێتــەوە.

**بەنـدی ٣:** هــەر ڕەوتێــك کــە ئێمە لەهەمبــەر کوردیزمــدا بیگرینەبەر، دەبــێ دان بەوەدا بنێیــن، ئــەو ناوچەیــەی مــن بەڕێــوەی دەبــەم هیــچ لەیەکچوونێکــی لەگــەڵ پارچەکانیــتری وڵاتــدا نییــە. بۆئــەوەی ئــەم ناوچەیــە بە پێی ئەو یاسـایانە بەڕێـوە ببەین کە بۆ سەرتاسـەری وڵات دەردەچن، ئەم یاسـایانە چارەسـەری کیشـەی توانەوە، بەرقەرارکردنی ئاشـتی و ئارامی ناکـەن، ئەمانـەش ئامانجـی سـەرەکی ئێمەن لـەم ناوچەیەدا.

١. هیــچ ڕێگەیــک نییــە بۆئــەوەی تاڵانچــی، ڕێگــر و چەتــە، ســیخوڕەکان، دەنگــۆ-بڵاوکــەرەوەکان بــە هەزارانیــان لــەم ناوچەیــەدا هــەن، پابەنــدی یاســا بکرێــن. لەڕاســتیدا پڕوپاگەندەچییــەک یــان ســیخوڕێک کــە ڕۆژانــە ســنوورەکان دەبەزێنێــت و ســزاش نادرێــت؛ هەروەهــا هیــچ شــتێک لــە دژی ڕێگــر و چەتــەکان ئەنجــام نــەدراوە لەگــەڵ خێزانەکانیــان بــە ئازادانــە لــە گوندەکانیانــدا دەژیــن و خــاوەن موڵــک و زەویــن، لێیانگەڕێیــن ئــەو شــتانەی بــە تاڵانیــان بــردووە بۆخۆیــان بــن، بێگومــان ئەگــەر لــە دژی ئەمانــە نەوەســتینەوە، ئــەوا دەبێتــە هــۆی ئــەوەی ژمــارەی ئــەو کەســانەی ئــەم جــۆرە کارانــە ئەنجــام دەدەن، ڕۆژ لــە دوای ڕۆژ زیاتــر بــن.

ئەگـەر بێـت و کەسـێک بـە بـێ پاسـپۆرت لـە سـنوورەکانی ئێمـە دەربـاز بێـت و بزانێت لەسـەر سـنوورەکان وەبـەر گولـە دەدرێـت، یـان بـۆ چەندیـن مانـگ بەنـد دەکرێـت، یـان ئەگـەر بێـت و مرۆڤێـک خێـزان و سـامانەکەی لـە گونـدا بەجـێ هێشـتبێت و دەسـت بـەکاری تاڵانچێتـی بـکات، ئەگـەر بێـت و بزانێـت لـەم دۆخـەدا گشـت موڵـک و سـامانی لـە گوندەکـە لێوەردەگیرێتـەوە، ئـەو کات بـە دڵنیاییـەوە ژمـارەی ئـەو کەسـانەی خوویـان بەمجـۆرە کارانـەوە گرتـووە، کـەم دەبێتـەوە.

بە بڕوای من هیچ پێویست ناکات، بۆ نموونە دەسەڵاتێکی زۆر بە والی قۆنیا یان ئاماسیا بدرێت، بەڵام بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات، پێویستە ئەم جۆرە دەسەڵاتە بە والیماردین بدرێت. ئەگەر بێت و ناڕەزایەتی لەسەر پێدانی ئەم دەسەڵاتە بۆ والی دەرببڕدرێت، ئەو کات دەکرێت ئەم پرسە بە لێکۆڵەری گشتی بسپێردرێت. لەم جۆرە بارودۆخەدا، ئەگەر والی ماردین بەگوێرەی بەندی ١٨ی یاسای پۆلیس، کەسێکی خستە ژێر چاودێرییەوە، بەرگریکردن لە مافی ئازادی ئەم کەسە (ئەگەر ئەم جۆرە مافەی هەبێت)، بە داواکاری گشتی ماردین دەسپێردرێت. بەمجۆرەش لە ڕێگەی وەزارەتی دادەوە، ڕێکاری پێویست دەگیرێتەبەر بۆ بەهێزکردنی ئەو دەسەڵاتەی بە پێی یاسا بە والی بەخشراوە.

ئەگەر ئەمڕۆکە پڕوپاگەندەی کوردیزم و لە داهاتوودا ڕەوتی سەربەخۆخوازی کورد لە گشت بەشەکانی ئەم هەرێمەدا بڵاو ببێتەوە، ئەو کات من ناتوانم دڵنیا بم بەم بنەما دادوەریانەی هەنوکە هەن، وڵات پارێزراو بێت، بەڵام ئەگەر هاوکارانی من پێداگربن لەسەر بەرگریکردن لە مافی گشتی لەم هەرێمەدا [واتە لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتدا]، ئەوکات با خۆیان لە شوێنی کەسێک دابنێن کە بڕیاریداوە بیری نەتەوەیی بخاتە سەرووی گشت شتێک.

تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانەوە هەبێت، من بڕوا ناکەم سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان تا هەنوکە پێکهێنرا بن. جیاوازییەکە لێرەدا بریتییە لەو شێوازەی کەسێک ئەرکەکانی ڕادەپەڕێنێت و ئەو تەحەفوزاتەی لەجێبەجێکردنی یاسادا هەیە. بۆ نموونە کاتێک داواکاری گشتی هەندێك یاسا جێبەجێ ناکات و فەرمانبەرێک کە قایمەقام یان والییە، هەوڵی جیبەجێکردنی یاساکە دەدات.

**ب** بە ڕەچاوکردنی ئەو ئەنجامانەی من لە پەرەگرافی (ئـ) لە سەرەوە پێیگەیشتووم، هەروەها بەهۆی ئەو ڕاستییەی خەڵکێکی نەزان، دواکەوتوو و مێشک وشک ناتوانن لە دامەزراوە دادوەرییەکانی ئێمە بگەن، من لەو بڕوایەدام ڕژێمێکی دادوەری تایبەت دەبێ لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکەم لێکۆڵەری گشتیدا، بێتەکایەوە.

من خاڵە سەرەکییەکانی ئەم دامەزراوەیە، بەم شێوەی خوارەوە کورت دەکەمەوە:

١. گشت دادگاکانی تاوان، مەدەنی و بەدواداچوون و گشت دادگاکانیتر دەبێ هەڵبوەشێنەوە و لە گشت قەزاکاندا دادوەرێکی ناوچەیی دابمەزرێت، تا تەواوی کار و ڕێکارە یاساییەکان لە ئەستۆ بگرێت.

٢. بۆ ئەوەی کەیسە دادوەرییەکان بە خێرایی یەکلابکرێنەوە، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی ئەم ناوچانە زۆر لە پایتەختەوە دوورن، دەبێ دوو ناوەندی پێداچوونەوە بە کەیسەکان دابمەزرێن. هەر ناوەندێک سێ ئەندامی هەبێت. ناوەندێک لە بەتلیس بێت و ئەوەیتریان لە دیاربەکر. ئەو ناوەندانە دەتوانن کاری دادگای پێداچوونەوە ئەنجام بدەن.

٣. بە هەڵوەشاندنەوەی ناوەندی دادوەری، خودی دادوەری ناوچەکان کاری لێکۆڵینەوەی بەرایی ئەنجام دەدەن و حوکمەکانیشی پشت بەم لێکۆڵینەوەیە دەبەستێت.

٤. ئەو حوکمانەی لەلایەن یاساناسەوە دەدرێن، دەبێ دادگاکانی پێداچوونەوە وەک دوایین حوکم پەسەندی بکەن.

٥. هەروەها پێویستیمان بە پلانێکی جودا هەیە، بتوانێت بە شێوەیەکی کاتی مافی تاکە کەس و گشتییەکان بە بێ هیچ داواکارییەکی پێشوەختە و بە بێ پێویست بوون بە دەرکردنی یاسایەک، زەوت بکات.

ئەگەرچی لێکۆڵەری گشتی گشت هەوڵەکانی خۆی بەگەڕ دەخات بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەی من لەم ڕاپۆرتەدا وروژاندوومە، و تا ئەو شوێنەی پێی دەکرێت بە دواداچوون بۆ ئەم بابەتانە دەکات؛ منیش بۆیە ئەم ڕاپۆرتەم نووسیوە، چونکە بەو هیوایەم لەبەرچاو بگیرێت و بۆ چارەسەرکردنی ئەو دەردەی لە سەردەمی سەرۆکی گەورەمان ‹ئیسمەت ئنۆنۆ›وە کە سەرکردایەتی ئەم وڵاتە دەکات و هەوڵ دەدات بەختەوەری بۆ تورکەکان دابین بکات، وڵات تووشی بووە، بەکار بهێنرێت.

یەکەم لێکۆڵەری گشتی

عابدین ئۆزمان

زۆر نهێنی

ژمارە ١١ (٤٣/١٧/٩٧)

نوێنەرایەتی بەریتانیا

تاران

٣ی فێبریوەری ١٩٤٣

بەڕێز...

١. من بە حەزەوە نامەکەتان بە ژمارە ١١ (198/3A/43)، کە لە ٧ی فێبریوەری ناردبووتان، خوێندەوە. ئەگەر بێت و شاندەکە موڵەت بدات ئێرانییەکان هێزی پێویست لە ڕۆژئاوای ئازەربایجاندا ڕاگرن، بۆ ئەوەی کورد بترسێنن، نەک یارمەتی دارایی پێشکەش بە کوردە دۆستەکان و گوندنشینەکان بکەن، تا لەبەرانبەر دراوسێ یاغیبووەکانیاندا بوەستن، کەواتە ئەو ئەنجامەی بەڕێزتان لە پەرەگرافی ٣دا پێگەیشتوون، ئەنجامێکی گونجاو نییە. تەنانەت ئەگەر ڕووس یارمەتی ئێرانییەکان بدەن، من لەوە بەگومانم، ئایا ئێرانییەکان دەتوانن هیچ ڕێکارێکی کاریگەر بگرنەبەر، چونکە حاکمی گشتی، باسی لە ڕاستییەکان کرد، کاتێک ئاماژەی بەوەدا، حکومەتی تاران هێندە سەرقاڵی کاروبارێترە، ناتوانێت بە جیددی بیر لەم کێشەیە بکاتەوە.

٢. دواجار پاشکۆی سەربازی لە ئازەربایجان گەیشتە ئەو قەناعەتە، پێویستە خەڵکی خۆجێیی بۆ سوپا ناونووس بکرێت و نزیکەی ٣ فیرقە لەم خەڵکە پێکبهێنرێت. هەر فیرقەیەک لە یەک فەوجی سوارە، یەک فەوجی پیادە و یەک فەوجی تۆپخانە پێکهاتبێت. بەهەرحاڵ، بە هۆی کەمی پارەوە، لەوانەیە ئەم کارە زۆر بە لەسەرخۆیی ئەنجام بدرێت. هەمان هۆکاری بێ پارەیی لەوانەیە ڕێگر بێت لە زیادکردنی ژمارەی جەندرمەکان.

٣. لەوانەیە لەلایەن حاکمی گشتییەوە وەزارەتی جەنگ هاندرابێت، شێوازە کۆنەکەی

پارەدارکــردن و چەکدارکردنــی خێڵــە دۆســتەکان بگرێتەوەبــەر، تــا پشــتیوانی لــە هێزەکانــی حکومــەت بکــەن و ڕێگربــن لــە ئەنجامدانــی هــەر جــۆرە کردەوەیەکــی دوژمنکارانــە (یــان ســەرکوتی ئــەم هێزانــە بکــەن). پلانێکــی هاوچەشــن بــۆ ماکــۆ داڕێژرابــوو، حکومــەت وای بــۆ دەچــوو لەوانەیــە بەشــێک لــە کــورد هاندرابــن، تــا هێــرش بکەنــە ســەر خێڵــی جەلالییــەکان و ئــەو خێڵانــەی بــە بەردەوامــی لــە تــاران ســکاڵا تۆمــار دەکــەن. بەهەرحــاڵ، بــە ڕەچاوکردنــی هەڵوێســتی ڕووس کــە لەلایــەن بەڕیزتانــەوە ئامــاژەی پێــدراوە، چــاوەڕوان ناکرێــت ڕووس یارمەتــی ئێــران بــدەن.

٤. بەگشــتی، بــە بــڕوای مــن باشــترە دۆخەکــە بــۆ دەســەڵاتدارانی ڕووســیا بەجێبهێڵرێــت و خۆیــان دۆخەکــە چارەســەر بکــەن. لــەم دواییانــەدا ئــەوان لــە هەندێــك چالاکــی ئێمــە بــە گومــان بــوون و مــن نامەوێــت بــە هیــچ شــێوەیەک ئــەم گومانــە بــرەو بســێنێت. تــا ئــەو کاتــەی ســوپای ئێــران و جەندرمــە گرنگــی بــەم بابەتــە دەدەن، ئێمــە داوایــان لێدەکەیــن ئاسایشــی باشــووری ئێــران بپارێــزن، هەروەهــا، لــە بەرژەوەندیــی ئێمــەدا نییــە گوشــار بخەینــە ســەر هێزەکانــی ئێــران و ئەرکەکانیــان بەرفراوانــتر بکەیــن، تەنیــا ئــەو کاتــە نەبێــت بەرژەوەندیــی بەریتانیــا و هاوپەیمانــان ڕووبەڕووی مەترســی جیددی ببێتــەوە. مــن خۆشــحاڵ دەبــم ئەگــەر هــەر زانیارییــەک هەبێــت بۆمــان بنێریــت.

٥. ئاماژەیەکــی زۆر باشــە هــاوکارە تورکەکــەت، هەڵوێســتێکی عاقڵانــەی گرتووەتەبــەر. لــەم هەفتانــەی دواییــدا، هەمــان هەڵوێســت لەلایــەن باڵیــۆزی تورکیــا لــە تــاران گیراوەتەبــەر.

مــن کۆپییــەك لــەم نامەیــە بــۆ نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە، وەزیــری دەرەوە، باڵیوزی خاوەنشــکۆ لــە بەغــدا، لــە ئەنقــەرە و بــۆ زوییبیشــاڤ (Zuibyshav) و بــۆ فەرماندەیــی گشــتی هێــزی ئاســمانی لــە ژێــر فەرماندەیــی مێنبرانــچ (Minbranch) لــە بەغــدا، دەنێــرم.

سێر،

من ئەو شانازییەم هەیە خزمەتکاری وەفاداری بەڕێزتان بم.

واژوو: (R. W. BULLARD)

کۆپی (D. O. 40) نووسینگەی ئەفسەری سیاسی

دیمەشق ١٤ی مارچ ١٩٤٣

بەڕێز نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان

لە ١٢ی مارچ، قەدری جەمیل پاشا، کە کوردە و لە دیمەشق دەژیێت، سەردانی ئێمەی کرد. ئەکرەم جەمیل پاشا و عوسمان سەبری، لەگەڵدا بوون کە ئەوانیش کوردن.

قەدری جەمیل پاشا، نامەیەکی داخراوی بە مستەر دابباس (Mr. Dabbas) دا و گوتی، ئەو بەناوی خۆیبوونەوە ئەم نامەیە ئاڕاستەی مستەر چەرچل دەکات و تێیدا ئاماژەی بە نیەتە ئەهریمەنییەکانی تورکیا لەبەرانبەر نەتەوەیەکی بچووکی وەک کورد داوە. ئەو ئاماژەی بەو پەیوەندییە باشە کرد کە بە کۆتایی هاتنی ئەم جەنگەی بەم دواییە لە نێوان کورد و بەریتانییەکاندا هاتووەتە ئاراوە و ئاماژەی بە سەردانی مێجەر نوێل (Major Noel) بۆ کوردستان کرد. هەروەها گوتی، سەبارەت بە دۆستایەتی نێوان ئەنگلۆ-تورک، کورد وێڕای ئەوەی ڕقیان لە تورکە و چەندین جار ئاماژەشیان پێداوە، بەڵام بێ دەنگ مانەوە. گوتی کورد دڵنیان لەوەی کاتێک هاوپەیمانان سەرکەوتن، خواستی کورد لەبەرچاودەگرن.

خزمەتکارتان

دیمەشق

نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان

نوێنەرایەتی بەریتانیا

بەیروت

ژمارە ١٧ RWU, HH

کۆنسوڵگەری گشتی بەریتانیا

تەورێز

٢٠ی مارچ ١٩٤٣

سێر،

١. شەرەفمەندم ڕاپۆرتەکەی مستەر ئۆگدێن (Mr. Ogden) جێگری کۆنسوڵ ئەوەی لەم دواییەدا سەردانی ڕەزاییەی کردبوو، بۆتان بەرز بکەمەوە.

٢. مستەر ئۆگدێن ناخۆشییەکانی گەشت کردنی بە بێ شەمەندەفر لەم گەشتەدا چێشتووە، بە تایبەتیش لەم وەرزەدا کە گەشتکردن سەختە، بەڵام بە بڕوای من سەرەڕای هەموو ئەمانە، گەشتەکە بایەخی خۆی هەیە. بە بڕوای من باشترە لە کۆتایی مانگی ئەپریلدا ئەم جۆرە گەشتە دووبارە ئەنجام بدرێتەوە. بەمجۆرەش لەم ساڵەدا ئێمە زانیاری باوەڕپێکراومان دەبێت لەبارەی ئەگەری ئەنجامدانی هەرجۆرە دەستدرێژیەک کە لەلایەن کوردەوە ئەنجام بدرێت.

٣. ڕاپۆرتی مستەر ئۆگدن باس لە هەندێك خاڵ دەکات کە پێشتر زانراون. ئەو خاکە بە پیتەی لە کەناراوی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ درێژ دەبێتەوە، سەرنجی کوردە شاخاوییە برسییەکان ڕادەکێشێت. حکومەتی ئێران دەیەوێت بنکەکانی جەندرمە دووبارە دامەزرێنێتەوە و بەهێزیان بکات، بەڵام ڕووس لەبارەی ژمارەی بنکەکان ڕازی نین و ڕێگەش نادەن ئەو ژمارە سەربازە لە هەر بنکەیەکدا بێت کە بنکەکە بەهێز بکات. بەمجۆرەش ئەم هێزە لاوازە لەلایەن کوردەوە لە ناو دەبردرێت. ئەو کوردانە بڕیاریانداوە، هەروەک چۆن ساڵی پاریش بڕیاریاندابوو، ڕێگە نادەن بنکەکانی جەندرمە لە ناوجەرگەی ناوچەکانی ئەواندا بکرێنەوە.

٤. کۆنسولی نوێی تورکیا لە ڕەزاییە، تا هەنوکە ئەم پۆستەی پڕ نەکردووەتەوە و جێگری کونسول کاروبارەکان بەڕێوە دەبات. ئەمەش جێی داخە. ئەو کەسێکی

مەترسیدارە و شتەکان گەورە دەکات. پێوستە ئاگادار بین، ئایا ئەو لەم ئەرکەدا بەردەوام دەبێت کاتێک وەرزی دەستدرێکژیکردنی [کورد] دەست پێدەکات.

٥. پڕوپاگەندە سەبارەت بە دۆخی تەندروستی جێگری کۆنسولی تورکیا، لەوانەیە کارێکی سیاسی نەبێت، هەروەک چۆن ‹میس پالمێر-سمیس (Miss Palmer-Smith) لەم دواییانەدا، خانوویەکی بۆ چاودێریکردنی منداڵان لە ڕەزایەدا دروست کردووە، یان ئەو یارمەتییە پزیشکییەی ئێمە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بۆ خەڵک ئەنجامی دەدەین، چالاکی سیاسی نین.

٦. دوایین تێبینی من بریتییە لەوەی وادیارە ڕووس خەریکی بەدەستهێنانی کاتن لە ڕۆژئاوای ئازەربایجاندا و ڕێکاری سەربازیی پێشگیرانە دەگرنەبەر. من هیچ ئاماژەیەک نابینم، نیشان بدات، ڕووس سیاسەتەکەیان دەگۆڕن. هیچ ئاماژەیەک نییە، نەرمی بنوێنن لەبەرانبەر ڕووداوە لۆکاڵییەکان. هیچ ئاماژەیەکیش لە مۆسکۆوە نابینرێت، بیەوێت ئەم سیاسەتە بگۆڕێت.

گەورەم،

من ئەو شانازییەم هەیە خزمەتکاری وەفاداری بەڕێزتان بم.

واژوو

(R. W. BULLARD)

Sir, Bullard, K,C M, G… C.I.M

H.M. Minister، Tehran

## یاداشتنامە

١. لــە ٢٦ی فێبریــوەری بــە شــەمەندەفەر تەورێــزم بــەرەو ڕەزایــە بەجێهێشــت. شـەمەندەفەر لـە کاتژمێـر ١١ی بەیانـی بەڕێکـەوت و لـە کاتژمێـر ٣ی ئێـوارە گەیشـتە شــەریف خانــە. دواتــر بــۆ مــاوەی نیــو کاتژمێــر لــە ‹ســۆڤیان› و ٢٠ خولەکیــش لــە ‹زیبـا› وەسـتا. لـە شـەریف خانـە، مـن لەلایـەن ‹مسـتەر سـەتارزادە›، سـەرۆکی بەشـی دەریاوانــی، بانگهێشــتی ماڵەکــەی کــرام، تــا ئــەو کاتــەی پاپــۆڕ دەســت بەڕۆیشــتن دەکات، لەگـەڵ یەکـتردا بمێنینـەوە. مسـتەر سـەتارزادە کـە لـە سـاڵی ١٩٢٤ بـۆ ١٩٢٩، لـە پۆلیتەکنیکـی لەنـدەن، ئەندازیاریـی خوێنـدووە؛ ئینگلیـزی، فەرەنسـی و ڕووسـی بەباشـی قسـە دەکات. ئـەو سـەبارەت بـە خزمەتگوزارییەکانـی ئـەو پاپـۆڕەی لەژێـر فەرمانـی ئەودایـە، زانیـاری باشـی بـە منـدا. شـەریف خانـە لـە دواییـن خاڵـی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی دەریاچـەی ورمـێ هەڵکەوتـووە. ئەوێـرێ گوندێکـی بچووکـە، بـە هەندێـك تەمـۆخ لـە دەریچەکـە جیـا دەبێتـەوە و ئـەم تەمۆخانـە وا دەکـەن، گوندەکـە بـۆنی ئـاوەڕۆی لێبـێ. لـەم ناوچەیـەدا ئەگـەری تـووش بـوون بـە مالاریـا زۆرە. لـە وەرزی هاوینـدا نزیکـەی ٥٠٪ کرێـکاران لـە کارگەکانـی نوێژەنکردنـەوە کار دەکـەن. پاپۆڕەکـە لـە کاتژمێـر ١٠ی بەیانـی بـەڕێ کـەوت. سـەرەڕای باهۆزێکـی بەهێـز کـە بـە ئاڕاسـتەی باکــووری ڕۆژئــاواوە دەهــات، نزیکــەی کاتژمێــر ٢ی نیــوەڕۆ گەیشــتینە گوڵمەخانــە، کـە بەنـدەری ڕەزایەیـە. لەوێـوە بـە گالیسـگە بەردەوامیـم بـە گەشـتەکەمدا و نزیـک کاتژمێـر ٥:٣٠ خولەکـی ئێـوارە گەیشـتمە ڕەزایـە.

٢. لـە ڕۆژی دووشـەممە، ١ی مـارچ، بـە فەرمـی پەیوەندیـم بـە فەرمانـدار، ئەفسـەری فەرماندەیـی هێزەکانـی ئێـران و کۆنسـولی سـۆڤیەت و جێگری کۆنسـولی تورکیاوە، کرد. بـۆ پاشـنیوەڕۆ و ڕۆژەکانـی دواتـر ئـەم سـەردانانە بـەردەوام بـوون. مـن بـە بەردەوامـی پەیوەندیـم بـە فەرماندەیـی جەندرمـە و سـەرۆک پۆلیسـەوە دەکـرد و لەسـەر داوای ئـەو پەیوەندیـم بـە ئسـقۆفی ئاشـورییەکانەوە کـرد. وەک ڕاگرتنـی هاوسـەنگییەک بـۆ ئـەو پەیوەندییـەی بـە ئسـقوفەوە کردبـووم، پەیوەندیـم بـە موجتەهدیشـەوە کـرد، کـە دەکاتـە سـەرۆکی ئەنجوومەنـی موسـڵمانان.

٣. ڕەوشی خۆراک. وەک هەر شوێنێکی دیکە، لێرەش ڕەوشی خۆراک خراپە. گەنم بە هۆی کردەوەکانی پارساڵی کورد، هەڵگرتنی بەشێک لە گەنم لەلایەن خاوەن زەوییەکان و قۆرغکارەکانەوە، کەمە. لە ناوەڕاستی فێبریوەریدا، بارودۆخەکە وەها مەتریسدار بوو، ترس لە ڕوودانی پشێوی هەبوو. خودی کۆلۆنێل موعین و فەرماندەی گشتی هێزەکانی ئێران، سەردانی بازاڕیان کرد و بەڵێنیاندا ڕەوشی نان باشتر بکەن. لە ڕۆژەکانی دواتردا، گەنم بەرهەمهێنرا و مەترسی ڕەوێنرایەوە. بە گوێرەی قسەکانی فەرماندار لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا نرخی گەنم لە بازاڕدا، لە دوو سەد تمەن بۆ هەر یەک تەن بۆ سەرووی هەزار تمەن بەرز بووەتەوە. لە میانەی دوو هەفتەی یەکەمی مانگی مارچدا، نرخی گەنم دابەزی و نرخی هەنوکە نزیکەی ٩٥٠ تمەنە بۆ هەر تەنێک. فەرماندار ئاماژەی بەوە دا، ڕەزایە ئەنباری پێویستی نییە، بەڵام گوتی، بە دڵنیاییەوە کورد دوای ئەو تاڵانەی پارکردیان، گەنمێکی زۆریان گڵ داوەتەوە، تەنانەت ئەو گەنمە بە قاچاغ بۆ ئێراق دەبەن. ئێستا کورد بەشێکی کەم لەو گەنمە بۆ ڕەزایە دەنێرن، تا بە نرخێکی گران بیفرۆشنەوە. نرخی کاڵاکانیتر هەروەک نرخی تەورێزە. تەنیا هێلکە نەبێت کە لە ڕەزایە هەر هێلکەیەک بە ١٦ شاهیە و لە تەورێز بە ٩٠ شاهیە. برنج لە ڕەزایە ٣٠ شاهی و لە تەورێز بە ٤٠ شاهییە.

یەکەم هەنگاو بۆ کردنە کۆبۆن شکستی هێنا، بڕیار بوو لە مانگی دێسەمبەرە دەست بە دابەشکردنی شەکر بکرێت و کۆبۆنەکانیش ئامادەکران تا بەسەر خەڵکدا دابەش بکرێت. دواتر دەرکەوت ژمارەی ئەو خەڵکەی کە حسە وەردەگرن لە ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕەزایە زۆرترە. فەرمانبەرە پلە نزمە گەندەڵەکان، ناوی خەیاڵییان بۆ ناو لیستی کۆبۆنەکە زیاد کردووە. لە ئەنجامدا، کۆبۆنەکان دابەش نەکران و تا ئێستاش شەکر دابەش نەکراوە. ئەگەر بێت و میکانیزمێکی نوێش بۆ دابەشکردنی خۆراک بدۆزرێتەوە، سەختە بەشە خۆراکی ئەنبارکراوی مانگەکانی ڕابردوو دابەشبکرێت. ئەگەر ئەم بەشە خۆراکە دابەش نەکرێت، باشترە بزانین ئایا حکومەت ئەو شەکرە ئەنبارکراوە بۆ ڕەزایە دەنێرێت یان نا. دوای گەڕانەوەم باسی ئەم بابەتەم بۆ مستەر ڤیڤیان (Me. Vivan) کرد. سەبارەت بە نرخی حکومیی نان

کـە نرخێکـی کەمـە، ئاشـورییەکان گلەییـان هەیـە حکومـەت جیـاوازی لـە نێـوان ئاشـوری و موسـڵمانەکاندا دەکات و حکومـەت بـۆ موسـڵمانەکان باشـترە. ئەگەرچـی ئـەم قسـەیە دروسـتە، بـەڵام شـتێکی تـازە نییـە و کێشـەیەکی زۆر جیدیـش نییـە. فەرمانـدار بەڵێنـی بـە باوکـە فرانسـۆن، کـە سـەر بـە شـاندی کاسـۆلێکە، داوە، نانـی هـەرزان بـۆ گشـت خێزانـە مەسـیحییە نـەدارەکان دابیـن دەکات. ئەمـەش بـە پێـی لیسـتێک دەبێـت کـە لەلایـەن باوکـە فرانسـۆنەوە ئامـادە دەکرێـت و لەلایـەن فەرمانـدارەوە پشتڕاسـت دەکرێتـەوە.

٤. وەپاشـنان (Hoarding). یاسـای دژی وەپاشـنانی خـۆراک، بەتایبەتیـش ئـەو بەندانـەی ئامـاژە بـە ئاشـکراکردنی ئـەو کەسـە دەدات، خۆراکـی شـاردبێتەوە (ئەنبـار کردبێـت)؛ بـە پێـی یاسـاکە ٢٠٪ خۆراکـە ئەنبارکـراوە دەستبەسـەر گیراوەکـە، دەدرێتـە کەسـەکە. ئۆسـقۆفی ئاشـورییەکان لـەو بڕوایەدایـە ئەگـەر خەڵـك ئاشـنای یاسـاکە بـوون، خەڵکێکـی زۆر زانیـاری بـە حکومـەت دەدەن و ئەنبـارە گەورەکانـی خـۆراک کـە لـە دەوروبـەری شـارەکاندا هـەن، ئاشـکرا دەبـن، بـەڵام بـە بـڕوای ئەو، ئـەم کارە بێ سـوود دەبێـت، ئەگـەر بێـت و زانیارییـەکان بـە کاربەدەسـتانی حکومەتـی ئێـران بدرێـن.

٥. برنـج: ئەمـەش لـە گشـت ناوچەکانـی ڕەزایـەدا بـە ڕێژەیەکـی زۆر بەدەسـت دەکەوێـت و بـە هـۆی بارینـی بەفرێکـی زۆر لـەم زسـتانەدا، بەروبومـی کشـتوکاڵی زۆر دەبێـت. چـل تـەن شـتڵی برنـج کـە لەلایـەن حکومەتـی ئێرانـەوە بەڵێـن درابـوو، [بەسـەر جوتیارانـدا] دابەشـکراوە. حاڵـی حـازر، ئـەم برنجـە لـە شـاری میانـە بـە یارمەتـی هێزەکانـی بەریتانیـا، بـۆ تەورێـز دەنێردرێـت و بـۆ پاککردنـەوە ڕێـک لـە کاتـی خۆیـدا گەیشـتە ڕەزایـە. بەهەرحـاڵ، ئاسـۆی بەروبوومـە کشـتوکاڵییەکان، تـا ڕادەیەکـی زۆر پشـت بـە کـردەوەی کـورد دەبەسـتێت.

٦. کـورد و ئاسـایش. هـۆکاری زۆر هـەن بـڕوا بـەوە بکرێـت، کورد چەکـدار دەکرێـن. ئەوان بـە نرخێکـی زۆر گـران چـەک دەکـڕن. کـورد بـە پـارەی دانەویڵـە دزراوەکـەی پـار ئـەو چەکانـە دەکـڕن. لـە سەرتاسـەری ناوچەکانـی ڕۆژئـاوای ئازەربایجانـدا، جوتیـاران لـەوە دەترسـن ڕووداوەکانـی پـار دووبـارە ببنـەوە. تـا هەنوکـە حکومـەت هیـچ شـتێکی نەکـردووە، تـا لـە ئاسـتی ئـەم ترسـە کـەم بکاتـەوە، مـرۆڤ فڕاندنەکانـی ئـەم دواییـەش

(وردەکارییەکان دواتر دەخرێنەڕوو) دۆخەکەی خراپتر کردووە. ئەم دۆخەش ڕووس لێی بەرپرسیارن. ئێرانییەکان لە دوورەوە سەیری دۆخەکە دەکەن. وەڵامی ڕووسیش بریتییە لەوەی ئەوان بەرپرسیار نین، بەڵام ئەم خۆدوورگرتنەی هەردوو لایەنەکە، کێشەکە چارەسەر ناکات. دوای پەیوەندییە فەرمییەکانم لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕووس و ئێرانی لە ڕەزایە، بۆم دەرکەوت ڕووس هاتوونەتە ناو ئەم وڵاتە، بە بێ ئەوەی هیچ سیاسەتێکی دیاریکراویان هەبێت. یەکەم بیرۆکەیان بریتی بوو لەوەی فارس و کورد هیچ یارمەتیان نادەن. هەر بۆیەش، ئەگەر بێت و دژی فارسەکان بن، لەوانەیە کورد یارمەتیان بدەن، تەنانەت هەوڵی هاندانی کوردیشیاندا. بۆ ڕووس لە قەفقازیا شتەکان بە باشی بەڕێوە چوونە، بۆیە سروشتییە کورد لایەنگری ڕووس بن، بەڵام من دڵنیام ئەگەر بێت و ئەڵمانەکان سەرکەون و لە قەفقازیاوە بێنە ناو خاکی ئێران، کورد چەکی ڕووس لە دژی خودی ڕووس بەکار دێنن. بە هەرحاڵ حاڵی حازر ڕووس خۆیان لەبەرانبەر بێزارکەرترین دۆستدا دەبیننەوە.

مستەر مەگزیمۆف (Mr. Maximoff)، کۆنسولی سۆڤیەت لە ڕەزایە، لە گرنگی چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژئاوای ئازەربایجان تێدەگات و لەو بڕوایەدایە بۆ ئەم ساڵ ڕێژەی کاڵا خۆراکییەکان بەرز دەبێتەوە. ئەو بۆ چەندین جار لەبەرانبەر پشێوینانەوەی کورد، یارمەتی دەسەڵاتدارانی ئێرانی داوە. بە دڵنیاییەوە ئەمەش کاریگەری لەسەر مەعنەویاتی کورد دەبێت. ئەگەرچی ڕووس مەبەستیان نییە یارمەتی ئێران بدەن، بەڵام بە بڕوای من، ئەوان هەوڵی وروژاندنی کوردیش بۆ نانەوەی ئاژاوە نادەن. جێگری کۆنسولی تورکیا لە ڕەزایە بۆچوونی پێچەوانەی هەیە و بە گومانەوە باس لە چالاکییەکانی دوو کوردی ڕووسیای دەکرد بە ناوەکانی یۆسۆڤ و جافارۆڤ کە بە بەردەوامی لە ناو کورددان. ئەو لەوە بە گومان بوو، ئایا کۆنسولگەری سۆڤیەت ئاگاداری کردەوەکانی ئەو دوو کەسەیە یان نا. ناکرێت بە تەواوەتی ئەوە ڕەتبکەینەوە کە ڕووسیا خەریکی پیلانگێڕی نییە. ئەو بەکرێگیراوانەی ڕووسیا، ڕێک وەک ئەفسەرەکانی خۆمان لە کوردستانی ئێراق، ئەهریمەنانەن و ئەرکیان بریتییە لە ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتدارانی ڕووس لە کار و کردەوەکانی کورد.

بەهەرحاڵ وەک چۆن ئێمە لە ڕووس بە گومانین، ئەوانیش لە ئێمە بە گومانن و ئەمەش لە دەستگیرکردنی کوردە ئاشتیخوازەکەی ڕەزایە بە ناوی محەمەد سەدیق دەبینرێت، لە دەرکردنی لەو بەشەی ڕەزایە کە لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسدایە. تۆمەتەکەش بریتی بوو لەوەی ‹بەکرێگیراوی بەریتانیا›یە، ئەمەش لەبەرئەوەی کوڕی کوردێکی عێراقە، خوێندەوارە و ئینگلیزییەکی زۆر باش دەزانێت.

جێگری کۆنسولی تورکیا لە ڕەزایە نیگەرانی کارە تاڵانچییەکانی کوردە کە لە ناو خاکی تورکیا، لەسەر سنوورەکانی ئەنجامی دەدەن. ئەو گوتی یەکێک لە حاکمەکانی سەر سنووری تورکیا نامەیەکی ئاڕاستەی ئەو کردووە و تێیدا نووسیویەتی، خەڵک ئارامیان نەماوە و دەڵێن، ئەگەر بێت و ئەم تاڵانچێتییە نەوەستێت، ئەوانیش وەک تۆڵەسەندنەوە هەمان کار لەناو خاکی ئێراندا ئەنجام دەدەن. جێگری کونسولی تورکیا نیگەرانی چارەنووسی کورد نییە، تەنانەت نیگەرانی ئەو کاریگەرییانەش نییە کە ئەم کارە تاڵانچێتییە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و تورکیادا دروست دەکات، بەڵکو ئەو نیگەرانی ئەوەیە ئەگەر بێت و خەڵکی چەکداری تورکیا سنوورەکانی ئێران ببەزێنن، ڕووبەڕووی سوپای سۆڤیەت دەبنەوە. دەبێ بە هەر نرخێک بێت ئەمە ڕوونەدات. ئەو گوتی لە وەرزی بەهاردا هێزە تورکییەکانی سەر سنوور بەهێز دەکرێن. ڕووسیش لەم جووڵەیە و هۆکارەکانی ئاگادار کراونەتەوە. لە دوایین تاڵانکاری کە کورد بۆ ناو خاکی تورکیا ئەنجامیانداوە، ١٠٠٠ سەرە مەڕیان بردووە. ڕووس نزیکەی ٢٠٠ سەریان گەڕاندووەتەوە و داویانەتە دەست جێگری کۆنسول. ئەگەرچی ئەوان ناوی تاڵانچییەکانیشیان داوە، بەڵام بانگەشەی ئەوەیان کردووە، نەیانتوانیوە دەستبەسەریان بکەن. لە ڕوانگەی تورکەکانیش ئەمە بە مانای ‹نامانەوێت› دێت نەک ‹ناتوانین›.

هەروەها جێگری کۆنسولی تورکیا خەریکی ئامادەکارییە بۆ گەڕاندنەوە ١٥ خێزانی تورک کە کۆی گشتیان دەکاتە نزیکەی ٨٠ کەس و بۆ ماوەی چەندین ساڵە لە ئازەربایجان نیشتەجێن، بەڵام ئێستا لە ترسی کورد نایانەوێت

بگەڕێنەوە گوندەکانیان. بە بڕوای من جێگری کۆنسولی تورکیا بارودۆخی خۆجێیی لەڕادەبەدەر قوڕس نیشان دەدات، بەڵام منیش وەک ئەو لەو بڕوایەدام هەر کەسێک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ڕەزایە ژیابێت، وا بیر دەکاتەوە کە بەرژەوەندییە بەرتەسکەکان وەک بەرژەوەندی نێودەوڵەتی گرنگن. نەشئەت بێی مرۆڤێکی زۆر چالاکە. کاتێک من لە ڕەزایە بووم، چاودێرێکی بیانی بە منی گوت کاتێک کۆنسولی پێشووی تورکیا لە ڕەزایە بوو، کۆنسول ‹ڤاگۆن› بوو و نەشئەت بێی ‹لۆکۆمۆتیڤ›. [واتە گشت کارەکان بە دەست نەشئەت بێ بوون]. بە دڵنیاییەوە ئەو کاریگەریی لەسەر فەرماندار هەیە. ئەو باس لە گەندەڵی ئێرانییەکان دەکات و بە منی گووت، بە کۆتایی هاتنی جەنگ دەبێت سیستەمی کاپیتالیزم بگەڕێتەوە. بە بڕوای من ئەمە تەنیا بۆچوونی کەسییە و هیوادارم ئەو بەم جۆرە لەگەڵ هاوڕێیە سۆڤییەتیەکانی کراوە نەبێت و گشت بۆچوونەکانی بەوان نەڵێت. نەشئەت بێی هەواڵێکی دەستەکەی بە مندا سەبارەت بەوەی کە فەرماندەیێکی سوپای ئێران لە کاتی هێرشکردنی یەکێتی سۆڤیەت بۆ سەر سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئازەربایجان، بەرپرسی بەرگریکردن بوو لەو هێڵە. هێڵەکە لە دوو سەنگەری هاوتەریب پێکهاتبوو. دووەم سەنگەر بە مەودایەکی زۆر لە یەکەم سەنگەر هەڵکەندرابوو. فەرماندەکە ١٠ ریاڵی دابووە هەر سەربازێک تا بەرگری لە سەنگەری دووەم بکەن. کاتێک ڕووس هاتبوون، فەرماندەکە بەرەو تاران هەڵاتبوو.

جیا لە هێرشی کورد بۆ سەر خاکی تورکیا، لە ماوەی مانەوەکەم لە ڕەزایەدا دوو ڕووداوی گرنگتر ڕوویاندا. یەکەم پێکدادان لە نێوان جەندرمە و کوردی سەر بە ئیبراهیم بەگی شکاک لەسەر ڕێگای شاپور-ڕەزایە ڕوویدا. جەندرمەیەك و سێ کورد لەم پێکدادانەدا کوژراون. کۆلۆنێل موعین فەرماندەیی گشتی هێزەکانی ئێران لە ڕەزایە و کۆنسولی سۆڤیەت پێکەوە سەردانی ئیبراهیم بەگی شکاکیان کردووە، بێ ئاگایی خۆی لە ڕووداوەکە نیشانداوە. هیچ هەنگاوێکیتر سەبارەت بەم ڕووداوە نەگیراوەتەبەر، بەڵام بەشداریکردنی کۆنسولی ڕووسیا لەم سەردانەدا وەک شۆکێک بووە بۆ ئیبراهیم بەگی شکاک.

ماوەیـەک لەمەوبـەر کەسـێک بـە نـاوی زێـڕۆ لەگـەڵ هەرکییەکـی عێراقی سـنوورەکانی ئێرانیـان بەزانـدووە و دەسـتیان بەسـەر گونـدی کۆکیـە (Kukiya)دا گرتـووە، کـە گوندەکـە هــی کۆلۆنێــل ئەفهــەر (Afhar)ە و ئەفســەرێکی خانەنشــینکراوی ئێرانــە و لــە تــاران دادەنیشـێت. زێـڕۆ سـەر بـە ڕووسـە، کۆمەڵێـک ئەندامـی خێڵەکـەی لـە عێراقـەوە بـۆ ئێـران هێنـاوە و نازنـاوی بەگـی لەخـۆ نـاوە. یەکێـک لـە بنکەکانـی جەندرمـەی ئێـران لـە ناوچەکـەی ژێـر دەسـەڵاتی ئەودایـە، وەک پاشـایەکی بچـوک حوکمڕانـی تێـدا دەکات. ئیبراهیـم بەگـی شـکاکیش لـە ژێـر دەسـەڵاتی جەندرمـەدا نییـە و هەندێـك کاری دزی لـە ناوچەکـە ئەویشـدا ڕوویـداوە. هەربۆیـەش کاتێـک جەندرمـە بڕیاریـداوە یەکێـک لـە بنکەکانـی لـە ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی ئـەودا دروسـت بـکات، ئیبراهیـم بەگـی شـکاک هەسـتی ئیرەیـی گرتویەتـی و بـە جەندرمـە ڕاگەیانـدووە ڕێگـە نـادات کەمتر لـە ‹زێڕۆیەک› کـە تـازە سـەری دەرهێنـاوە، مامەڵـە لەگـەڵ ئـەودا بکرێـت. بەهـۆی دزییەکانـی زێـڕۆ لـە مانگـی فێبریـوەری لـە نێـوان جەندرمـە و هێزەکانـی زێـڕۆدا پێکـدادان ڕوویـدا.

دووەم ڕووداو لـە ٥ی مانگـی مـارچ لـە ڕۆژی دووشـەمەدا ڕوویـدا، واتـە کاتێـک کـورد و ئاشـوورییەکانی گونـدی نازلـو (Nazlu) (ئاشـوورییەکانی ئـەم ناوچەیـە تەنانـەت لــە نێــوان هاوئایینەکانــی خۆشــیاندا ناوبانگــی خراپیــان هەیــە)، پێکــەوە هێرشــیان کردووەتـە سـەر بنکەیەکـی جەندرمـە کـە تەنیـا دوو جەندرمـەی تێـدا بوونـە. نـاوی سـەرۆکی گونـد بریتیـە لـە .... کـە کەسـێکە بـە خراپـی ناوبانگـی دەرکـردووە و سـەرۆکی ئــەو تاقمــەی هێرشــەکەی ئەنجامــداوە برازاکەیەتــی (nephew). لــە دوو ژاندارمەکــە یەکێکیـان برینـدار بـووە و ئەویتریـان خـۆی ڕادەسـتکردووە. کاتێـک کـورد ویسـتویانە بریندارەکـە بەجێبهێڵـن، سـەرۆکی تاقمەکـە گوتویەتـی ئەرکیـەتی چاودێـری دیلەکانـی خــۆی بــکات. دواتــر بریندارەکەیــان داوەتــە پــاڵ دیــوار و کوشــتوویانە. هێزێکــی پشــتیوانی جەندرمــە لەلایــەن کــوردەوە پاشەکشــەیان پێکــراوە و دوو جەندرمــەش کـوژراون. لـە ٧ی مانگـی مـارچ فەرماندەیـی گشـتی هێزەکانـی ئێـران لـە ڕەزایـە، کـە سـەرۆکی جەندرمـە و کۆنسـولی سـۆڤیەت و چەنـد ئەفسـەری ڕووسـی هاوڕێـی بـوون، بـەرەو نازلـو چـوون. چەندیـن کـورد دەسـتگیر کـراون و دواتـر ئازادکـراون. کونسـولی

سۆڤیەت بە کوردی گوتووە، ئەوان دوو بنکەی جەندرمە لە هەر شوێنێک پێیان خۆش بێت، دەکەنەوە و هەر جۆرە ئاژاوەنانەوەیەکیتر زۆر بە توندی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. هەنوکە دۆخی ناوچەکە ئاساییە.

لە ناوچە شاخاوییەکان بەرەو باشووری ڕۆژئاوا نوری بەگ حوکم دەکات. لەم دواییانەدا هێزەکانی ئێران ویستیان دوو بنکەی جەندرمە لە [ ..... ] بکەنەوە، نوری بەگ پیاوەکانی نارد، تا ڕێگری لە کردنەوەی ئەم دوو بنکەیە بکەن، بە بێ هیچ پێکدادانێک سەرکەوتن و دوو بنکەکە دروست نەکران. هەروەها نوری بەگ سێ ئەرمەنی لەلایە کە لە بنکەکەی لە گوندی ... کار دەکەن.

ڕووداوێکیتر لە ڕووی سیاسییەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە ئەوەیە، چەند هەفتە لەمەوبەر لە گوندی بابارود (Babarud)، گەنجێکی ئەرمەنی ناوبانگی خراپی هەیە لە ناو ئەرمەنیەکاندا دەستی بە کۆکردنەوەی [پارە] کردووە بۆ سوپای ڕووسیا. لە یەکێک لە خانووەکاندا ئەو بە ١٠ تمەن ڕازی نەبووە و داوای ٢٠ تمەنی کردووە. کاتێک پارە کۆکەرەوەکە خەریکی جنێودان بووە، کوڕە بچوکەکە وەژوور کەوتووە و هەوڵیداوە پارەکۆکەرەوەکە بە شەنە بکاتە دەرەوە. لەوکاتەدا کەسەکە کوژراوە و بکوژەکە بەرەو چیاکان هەڵاتووە. دەسەڵاتدارانی ڕووسیا داوای دەستگیرکردنی بکوژەکەیان کردووە، تا ڕادەستی دادگای بکەن.

ڕوانگەی گشتی بریتییە لەوەی ئەگەر ڕووس پاڵپشتی کورد نەکەن، کورد وەک پار دەست بە خراپەکاری ناکەن. هەنوکە ڕووس هەڵویستێکی توندتریان لەبەرانبەر کورد گرتووەتەبەر. هەربۆیەش لەوانەیە کەمتر پێکدادان لە نێوان کورد و هێزەکانی جەندرمەدا ڕووبدات، بەڵام بە بڕوای ئاشورییەکان، ئەگەر بێت و هێزەکانی ڕووسیا پیش ئەوەی هێزەکانی ئێران ئەوەندە بەهێز بن، بتوانن ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن، هێزەکانی ڕووسیا لە ناوچەکە دەربچن، ئەو کات کورد، چۆن گورک وەناو ڕانە مەڕ دەکەوێت، وا دەکات.

تەنیا پێشنیازێکی باش بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارودۆخە من لە فەرماندە [کەمال] سەرۆکی جەندرمەی ئێرانم بیست. ئەو گووتی، تەنیا چارەسەری بریتییە

لـە ڕێککەوتنێکـی ئەنگلۆ-سـۆڤیەت-ئێران؛ هەروەهـا ڕاگەیاندنـی جەنـگ لـە دژی وڵاتانـی میحـوەر لەلایـەن ئێرانـەوە. بـەم جـۆرەش ئێـران لەبـری ئـەوەی هاوپەیمانێکـی نـاکارا بێت، دەبێتـە هاوپەیمانێکـی کارا. بـەم جـۆرەش ڕووس لـە دژی بەهێزکردنـی سـوپای ئێـران لـە ڕۆژئـاوای ئازەربایجـان ناوەسـتنەوە، تـا ئـەو سـوپایە بتوانێـت ڕووبـەڕووی کـورد ببێتـەوە. ئـەو گوتـی، ئەفسـەرێکی زۆر لـە سـوپای ئێـران ئـەم بۆچوونەیـان هەیـە. لەوانەیـە ئـەم قسـەیە ڕاسـت بێـت، بـەڵام زەحمەتـە ڕووس بـە گەرمییـەوە پێشـوازی لـەم پێشـنیازە بکەن.

٧. پڕوپاگەنـدە. خەڵـک زۆر بـڕوای بـە پڕوپاگەنـدەی بەریتانیـا هەیـە. مـن بابەتـی زۆرم بـۆ بریکارەکانمـان لـە ڕەزایـە هێنـاوە. گشـت بڵاوکراوەکانمـان لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـردا فـرۆشران. ڕووس پڕوپاگەنـدە نـاکات و ئـاگاداری پڕوپاگەنـدەی مەبەسـتداری ئێمـەن و نەختێـك ئیرەییشـی پـێ دەبـەن. لەوانەیـە ئەمـەش بـەو هۆیـەوە بێـت، ئـەوان دامەزراوەیەکـی کاریگـەری هاوشـێوەی دامەزراوەکـەی ئێمەیـان نییـە. ڕووس دەیانەوێـت بـە تەواوەتـی ئـاگاداری کردەوەکانـی ئێمـە بـن و بزانـن ئێمـە لـە داهاتـوودا چ کارێـک دەکەیـن. مـن سـەبارەت بـە سـینەما گەڕۆکەکەمـان (sinema van) لەگـەڵ کۆنسـولی سـۆڤیەت قسـەمکرد و پێمڕاگەیانـد، هیـوادارم لـەم بەهـارەدا بێـت و سـەردانی ڕۆژئـاوای ئازەبایجـان بـکات. ئـەو گوتـی، ئەمـە بیرۆکەیەکـی باشـە و بیـری لـەم بابەتـە کردووەتـەوە، بـەڵام ئـەو توانیویەتـی تەنیـا یـەک سینەمای گەڕۆکـی سـەربازی بـۆ گەشـتێکی بچـووک ئامـادە بـکات. ئـەم سـینمایە گەڕۆکـەش لەوانەیـە ئـەو سـینەما گەڕۆکـە بێـت کـە چەندیـن زنجیـرە هەواڵـی لـە ئێمـە وەرگرتـووە.

لــە کاتێکـدا سـۆڤیەت هیـچ پڕوپاگەندەیـەک نـاکات، کەچـی جێگـری کونسـولی تورکیـا زۆر پڕوپاگەنـدە دەکات. ئێمـە ئـەم کارە وەک پێداویسـتییەکی سـەردەمی جەنـگ ئەنجـام دەدەیـن. هەروەهـا لەوانەیـە ڕووسـیش بۆچوونـی خۆیـان سـەبارەت بـە دڕندەیـی ڕژێمـی نـازی و فاشیسـتەکان دەربـبڕن، بـەڵام تـورک وەک بێلایەنێـک لـەم شـەڕەدا، ئـەم بیانـە مەشروعەیـان بەدەسـتەوە نییـە، لـە ڕێگەیـەوە دەسـت بـە ئەنجامدانـی پڕوپاگەنـدە بکـەن. مـن لـەوە دەترسـم هەڵچوونـی نەشـئەت بـێ لـەم بـارەوە، لەگـەڵ ئێـران و ڕووسـیا تووشـی گرفتـی بکاتـەوە. دوایيـن بیرۆکـەی

ئـەو بریتـی بـوو لـە ناردنـی کۆمەڵێـک هێڵـکاری ڕەنگکـراو بـە زمانـی تورکـی بـۆ خەسـتەخانە و پزیشـکەکان تێیـدا ئامـاژە بـە چۆنیەتـی چارەسـەرکردنی مالاریـا، سـیل و نەخۆشـییەکانیتر کرابێـت. بێگومـان ئـەم ڕێنماییانـە زۆر پێویسـتن، بـەڵام دەرکردنـی ئـەم ڕێنماییانـە لـە کونسـولی تورکیـا و بـە زمانـی تورکـی، بـە دڵنیاییـەوە دەبێتـە هـۆی خراپ-لێکدانـەوەی ئـەم کارە لەلایـەن ئێـران و ڕووسـیاوە.

٨. سیاسـەتی خۆجێیـی. وادیـارە دوای نەمانـی پارێـزگار، بارودۆخـی ڕەزایـە نـە خراپـتر بـووە و نـە باشـتر. گرێدانـی ڕەزایـە بـە دەسـەڵاتدارێتی پارێـزگای تەورێـز، لەلایـەن خەڵکـەوە بـە سـاردی پێشـوازی لێکـرا. دکتـۆر مەرزبـان (Dr. Marzeban) کـە لـە مانگـی دێسـەممبەر بـە ئۆتۆمۆبێلێکـی حکومـی گەڕایـەوە تـاران، ئۆتۆمۆبێلەکـەی ناردووەتـەوە ڕەزایـە.

ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی شـارەوانی ڕەزایـە زۆر دواکەوتـووە. ڕێگاوبانـەکان زۆر خراپـن و هیـچ ئاماژەیێـک بـۆ باشـترکردنی دۆخەکـە نابینرێـت. سـەرۆکی شـارەوانی کەسـێکە بـە نـاوی حوسـێن... کەسـێکی دەوڵەمەنـدە. ئـەو پێشـتر بەرپرسـی ئیرشـاد بـووە.

بەرپرسـی ئێسـتای ئیرشـاد بـە نـاوی ... بووەتـە هـۆی توڕەبـوونی خەڵکـی ڕەزایـە بـە هـۆی ئـەوەی بـە دوای ئـەو کچانـە دەکەوێـت کـە دەچنـە قوتابخانـە [و توانجیـان لێـدەدات]. دەنگـۆی ئـەوە هەیـە، کـوڕی فەرمانـدار شـوێنی ئـەو دەگرێتـەوە.

٩. سـوپای ئێـران. لێهاتوویـی ئەفسـەری فەرمانـدە، کۆلۆنێـل [موعیـن]، وایکردبـوو، بتوانێـت لەگـەڵ گشـت کەسـێکدا هـەڵ بـکات، تەنانـەت لەگـەڵ کوردیـش. ئـەو بـۆ شـوێنێکیتر گوازراوەتـەوە و ئـەو کاتـەی لـە ڕەزایـە بـووم، ئـەو ڕەزایـەی بەجێهێشـت. هەمـوو خەڵـک نیگەرانـی چوونـی ئـەون و ترسـیان لـەوە هەیـە جێگیرەوەکـەی کۆلۆنێـل «بەیلـەری بـەگ»، هەمـان کاریگـەری ئـەوی نەبێـت. دەبـێ بوەسـتین و چـاوەڕوان بیـن، ئایـا ئـەو ئـەم کاریگەرییـەی هەیـە یـان نـا، بـەڵام کۆلۆنێلـی نـوێ نـە وزە و کاریگـەری کۆلۆنێـل [موعینـی] هەیـە و نـە وەک ئەویـش دیپلۆماسـییە. کۆلۆنێـل بەیلـەری بـەگ لـە شـاری خـۆی گوازراوەتـەوە بـۆ ئێـرە.... پێویسـت نـاکات ئەفسـەرە پلـە نزمەکانـی ئێـران بەناوبانـگ بـن. ئـەوان گەندەڵـن.

بـە پێـی قسـەکانی باوکـە [فرانسـۆن] هـۆکاری ئـەو گەندەڵیـەش بریتییـە لـەوەی ئـەو ئەفسـەرانە هەڵگـری بڕوانامـەی ناوەندیـن و زۆربەیـان ئـەو کەسـانەن لـە قوتابخانـە زۆر تەمبـەڵ بوونـە، یـان ئـەو کەسـانەن نەیانتوانیـوە لـە تاقیکردنەوەکانـی قوتابخانـە دەربچـن. ئەفسـەر و (N. C. Os) لـە نەبوونـی ڕۆحـی ڕاسـتەقینە بـۆ ئەنجامدانـی ئەرکەکانیـان، لـە نـاو بنکەکانـی سـەربازیدا بەرپرسـیارن.

١٠. سـوپای سـۆڤیەت. دیسـپلینی سـوپای سـۆڤیەت زۆر بەهێـزە. بەهەرحـاڵ هیـچ ئاماژەیەکـی دامەزراندنـی دۆسـتایەتی نێـوان سـوپای سـۆڤیەت لەگـەڵ خەڵکـی خۆجێیـدا نابینرێـت، هەروەهـا ئەفسـەرەکانی سـۆڤیەتیش هیـچ پەیوەندییەکیـان لەگـەڵ کاربەدەسـتانی ئێـران و بیانیـدا نییـە.

کۆنسولی گشتی بەریتانیا

تەورێز

[تێبینـی: نـاوی شـوێنەکان لـە دەقـە ئینگلیزکـەدا نـووسراون، بـەڵام ئـەم ڕاپۆرتـە زۆر بـە خراپـی چـاپ و کۆپـی کـراوە، بۆیـە، نـاوەکان و بەشـێک لـە ڕسـتەکان ناخوێندرێنـەوە و وەرنەگێـڕدراون. وەرگێـڕ]

## پاشکۆ

خزمەتگوزاریی شەمەندەفەر و پاپۆڕ لە نێوان تەورێز و ڕەزایە

**تەورێز-ڕەزایە**

**شـەمەندەفەر:** دەرچـوون لـە تەورێـز سێشـەممە و هەینـی. کاژمێـر ١١ی بەیانـی. گەیشـتن بـە شـەریف خانـە لـە کاتژمێـر ٣ی ئێـوارە.

**پاپـۆڕ:** دەرچـوون لـە شـەریف خانـە، سـێ شـەممە و هەینـی. کاژمێـر ٨ی بەیانـی. گەیشـتن بـە ڕەزایـە لـە کاتژمێـر ٦ی ئێـوارە.

**ڕەزایە-تەورێز**

**پاپـۆڕ:** دەرچـوون لـە گولماخانـە، یەکشـەممە و پێنـج شـەممە، کاتژمێـر ٨ی بەیانـی. گەیشـتن بـە شـەریف خانـە لـە کاتژمێـر ٦ی ئێـوارە.

**شـەمەندەفەر:** دەرچـوون لـە شـەریف خانـە، دووشـەممە و هەینـی، کاژمێـر ٦ی ئێـوارە، گەیشـتن بـە تەورێـز لـە کاتژمێـر ١١ی بەیانـی.

ئـەم کاتانـەی سـەرەوە بـۆ دەرباز بـوون لـە [دەریاچـەی رەزاییـە] کاتـی مەزەندەکراون. کاتـی گەشـتەکە لـە نێـوان چـوار کاتژمێـر و چارێکێـک بـۆ نـۆ کاتژمێـر دەگۆڕدرێـت، ئەمـەش بـە هـۆی کـەش و هـەوا و بـە گوێـرەی گەورەیـی و بچووکـی قەبـارەی ئـەو ئامـرازەی گواسـتنەوە کـە بـە کاردەهێنرێـت.

ئـەو پاپۆڕانـەی لـە دەریاچـە ورمـێ بەکاردەهێنرێـن، کۆمەڵێـک بارهەڵگریـان لـێ دەبەسـترێن. بەشـی دەریاوانـی سـەر بـە هێڵـی ئاسـنینی ئێـران کارمەنـد و وۆرکشـۆپی لـە شـەریف خانـە هەیـە. بەڕێوەبـەری ئێسـتای ئـەم بەشـە، کارگەیەکـی بچووکـی قورقوشـمی کردووتـەوە و بەمجـۆرەش چەندیـن هەلـی کاری ڕەخسـاندووە کـە پێشـتر بـۆ کارێکـی لـەم شـێوەیە دەبوایـە شـتەکان بـۆ تەورێـز نێردرابـان. شـەش بارهەڵگـر لـە دەریاچەکـە کار دەکـەن. گشـت بارهەڵگـرەکان هـی پێـش جەنگـی گـەورەن. دوو بارهەڵگـری گـەورەش هـەن. بارهەڵگـری پەهلەڤـی و بارهەڵگـری شـاپۆر. هێـزی هـەر کامەیـان ٢٢٠ ئەسـپی

هەڵمـە. سـێ بارهەڵگـری مامناوەندیـش کـە هـەر کامەیـان ٨٠ ئەسـپی هەڵمـن و و یـەک بارهەڵگـری بچـووک هێزەکـەی ٣٥ ئەسـپی هەڵمـە، لـە دەریاچەکـەدا کار دەکـەن.

هەشـت ‹بەلەمـی گـەورەی تەخت›یـش هـەن هـەر کامەیـان دەتوانـن ١٥٠ کـەس هەڵگـرن. شـوێنی حەوانـەوەی سـەر بەلەمـەکان زۆر پیس و سـەرەتاییە و بـۆ ئەورووپییەکان گونجـاو نییـە. بەتایبەیـش لـە وەرزی زسـتاندا کـە ناتوانرێـت لـە سـەر پشـتی بەلەمەکـەدا بمێنیتـەوە. ئەگـەر بێـت و هـەر دوو بارهەڵگرەکـە پیکـەوە کار بکـەن، ئـەوکات دەکرێـت لەبەشـی پشـتەوەدا ‹ wheelhouse›، کابینەیێکـی بچـووک بدۆزیتـەوە.

تـا پێـش داگیرکردنـی ئـەم ناوچەیـە لەلایـەن ڕووسـەوە، هەفتانـە خزمەتگوزاریـی گواسـتنەوە لـە دەریاچەکـەدا هەبـوو و مەراغـە و مهابـادی پێکـەوە گـرێ دەدا. ئـەم خزمەگوزارییـە لەلایـەن ڕووسـەوە پچڕێـنرا و هەنوکـە تەنیـا خزمەتگـوزاری گواسـتنەوەی هاوڵاتیانـی مەدەنـی، دوو هەفتـە جارێکـە، ئەویـش لـە نێـوان شـەریفخانە و گوڵماخانـەدا (بـۆ چوونـە ڕەزایـە). ڕووس بـە بەردەوامـی بـۆ گواسـتنەوەی سـەرباز لـە نێـوان شـەریف خانـە و سـاپور، بەلەمـەکان بـەکار دێنـن.

مـاوەی دە سـاڵە ئاسـتی ئـاوی دەریاچەکـە بـە بەردەوامـی کـەم دەبێتـەوە. ئەمـەش لەوانەیـە بەهـۆی چالاکییەکانـی بوومەلـەرزەوە بێـت. ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی دیـواری بەنـدەری شـەریفخانە بـۆ وەسـتانی بەلەمـەکان بـە ئاڕاسـتەی نـاو دەریاچەکـە درێـژ بکرێـت و هەنوکـە درێژییەکـەی دەگاتـە ١٨٠٠ مەتـر. بەنـدەرە سـەرەکییەکە لەسـەر زەوییـە و بـۆ گواسـتنەوەی شـەمەندەفەرە. بەشـە درێژکراوەکـەی بەندەرەکـە بـە دار دروسـتکراوە و عەرەبانـەی دەسـتیی بـۆ گواسـتنەوەی کاڵا قوڕسـەکان بـۆ سـەر کەشـتییەکان بـەکار دەهێنرێـت. کرێنێـک نییـە بـۆ بەرزکردنـەوەی کاڵاکان.

کۆپییەك لە تەلەگرام

لە تەورێزەوە بۆ تاران ژمارە ٦٨ ڕێککەوت: ٢٦ی مارچ ١٩٤٣

نووسراوەکەم بە ژمارە ١٧

١. مـن زانیـاری بـاوەڕ پێکـراوم لـە ڕەزایـەوە هەیـە، نزیکـەی ٤٠٠ کـوردی شـکاکی چەکدار گوندیـی کەهریـز (ZB 5350)یـان گەمـارۆداوە و بـە تەمـای تاڵانکردنـی ئـەو گونـدەن. هەربۆیـەش کۆنسـولی سـۆڤیەت بـە هاوڕێیەتـی کۆمەڵێـک ئەفسـەری ئێرانـی بـەرەو ئـەم ناوچەیـە چوونـە، تـا لەگـەڵ کـورد گفتوگـۆ بکـەن. بـە گوێـرەی قسـەی ئەفسـەرە ئێرانییـەکان، کـورد گوتوویانـە ئـەوان هاوڵاتـی ئێـران نیـن، بـەڵام کۆنسـولی سـۆڤیەت پێداگـری لەسـەر ئـەوە کـردووە، دەبـێ ئـەوان وەک هاوڵاتـی ئێـران ڕەفتـار بکـەن، یـان لـە ئێـران بچنـە دەرەوە. هەروەهـا هەڕەشـەی ئـەوەی کـردووە، سـوپای ڕووسـیایان لـە ڕەزاییـەوە لـە دژ دەجوڵێنێـت، هەربۆیـەش دواتـر کـورد بڵاوەیـان لێکـردووە. ئـەم کردەوەیـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی پاڵپشـتییەکی زۆری جەمـاوەری بـۆ کۆنسـولی سـۆڤیەت دەسـتەبەر بکرێـت، هەروەهـا ئـەم هەڵوێسـتە مەترسـی ئاژاوەنانـەوە لـەم بەهـارەدا زۆر کـەم دەکاتـەوە.

٢. هەمـان سـەرچاوە دەڵێـت، بەپێـی ڕاپۆرتـەکان لـە ڕەزایـەوە، ئـەو سـایلۆکەی تەورێـزی قفـڵ کـردووە، بـەڵام ڕووس سـایلۆکەیان شـکاندووە و بەسـەر خەڵکدا دابەشیانکردووە. دەڵێـت دۆخەکـە هەنوکـە لـە ڕەزایـە بەجۆرێکـە، خـۆراک تـا ڕادەیەکـی زۆر لـە ئازەربایجـان هەیـە و لـە باشـووریش برسـێتی دەبینرێـت. لـە ڕەزایـە چەندیـن قسـە لەسـەر داخسـتنی سـایلۆکان هـەن، بـەڵام قسـەی بـاو ئەوەیـە کـە ڕووس ئـەم کارەیـان کـردووە. هـۆکاری ئەمـەش بریتییـە لـەوەی ڕووس گەنمیـان لـە سـایلۆکاندا کۆکردووەتـەوە، بۆیـە ڕەتیـان کردووەتـەوە، ئـەم سـایلۆیانە بـە کـرێ بـدەن.

٣. دەنگـۆی ئـەوە هەیـە لەسـەر داواکاری حاکمـی گشـتی، ڤیڤیـان (Vivian) لەلایـەن ڕووسـەوە لـە کارەکـەی دوورخراوەتـەوە.

URQUHART

کورد (165/13/43 G)

تەلەگرامی ژمارە ٣٣، پارێزراو

لەلایەن: وەزیری خاوەنشکۆ لە ئەنقەرە

بۆ: وەزیری دەرەوە، قاهیرە

دووبارە نێردراوە بۆ: شاندی بەریتانیا، بەیروت، ژمارە ١٢ پارێزراو

ڕێکەوت ٢٦ی مارچ ١٩٤٣

زۆر نهێنی

بەدوداچوون بۆ ناوەندی هەواڵگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (M. E. I. C)

١. مـن لـە ڕێکەوتـی ١٩ی مارچ، لە نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییەکانی بەیـروت، نامەیەکم بە ژمارە (٤٣/٢/١٦٢) بە دەسـت گەیشـت؛ نامەی (D. O. 40) لەلایەن ئەفسەری سیاسی لـە دیمەشـقەوە نێردرابـوو، لەخـۆ گرتبـوو. دواتر نامەکـەی ڕێکخراوێکی کـوردی بە ناوی خۆیبـوون بـۆ مسـتەر چەرچـل نێـردرا کـە هاوپێچکرابوو بـە کۆپییەکـی فۆتۆسـتاتیک لە ڕاپۆرتێکـی ڕەسـەن بـە زمانـی تورکـی، ئـەوەی بەڕێزتـان لـە نامەکـەی زۆر زۆر نهێنیتـان بـۆ مسـتەر ناچبۆل-هیوجسـن (Mr. Knatchbull-Hugessen) بـە ژمـارە (M. E. I. C/ DO/2/17/1) کـە لـە ٢٤ی فێبریـوەری، ناردبووتـان. هەروەهـا وەرگێڕانـی ئینگلیـزی ڕاپۆرتەکـەش، کـە لـە وەرگێڕانەکەدا مانای وشـەکان یەک بـە یەک لێکدرابـووەوە، لەگەڵ وەرگێڕانـی نامەکـەی بەڕێزتـان بـەو ناونیشـانەی نامەکـە لەلایـەن مسـتەر مـۆرگان (Mr. Morgan)ەوە ئامادەکـراوە، گشـتیان هاوپێچکرابوون.

٢. پێـش ئـەوەی وەڵامـی بەیـروت سـەبارەت بـە چۆنیەتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ نامەکـەی خۆیبـوون بدەمـەوە، گرنگـە ئـەوە پشتڕاسـت بکەینـەوە، چـۆن کۆپییـەك لـە وەرگێڕانەکـەی مسـتەر مـۆرگان گەیشـتووەتە دەسـت کـورد.

٣. ئـەو کاتـەی خۆیبـوون ئـەم نامەیـەی بگاتـە دەسـت، هیـچ گومانـی تێـدا نییـە، نامەکـە بـە مەبەسـتی تایبەتیـی خۆیـان بەکاردێنـن؛ وەرگێڕانـی نامـە ڕەسـەنەکەش لەوانەیـە

وەک ئاماژەیەکی ئاشکرا بۆ گرنگی نامەکە بە زمانەکانی ئینگلیزی و تورکییەوە بێت. بۆ ئێمە حەقیقەتی هەبوونی ئەم بەڵگەنامەیەی لەبەردەستماندا، بریتییە لەوەی بۆ حکومەتی تورکیا پشتڕاستی بکەینەوە، خۆیبوون ئەم بەڵگەنامەیەی لە ڕێگەی سەرچاوەکانی بەریتانیاوە بەدەست نەگەیشتووە. بەهەر حاڵ لە کاتی وەرگێڕانی نامەکە بارودۆخێکی شەرمەزارکەر دێتە کایەوە.

٤. لەوانەیە باشتر بێت بەڕێزتان سەبارەت بەوەی چ شتێک [بۆ دەرەوە] دزەیکردووە و سەبارەت بە هەستیاری پرسی کورد لێکۆڵینەوە بکەن، لەم بارەوە من خۆشحاڵ دەبم، هەر شتێکتان تێبینیکرد بە تەلەگرام ئاگادارم بکەنەوە.

٥. ئایا وەرگێڕانەکەی مۆرگان بەشێوەی [نامە یان تەلەگرام یان هەر شێوەیەکیتر] بۆ لەندەن نێردراوە؟ ئەگەر نێردرابێت تکایە ناونیشانی وەرگێڕانەکەم بۆ بنێرن.

دابەشکردن: H. E

AKH. CT.

M. A.

زۆر زۆر نهێنی تەلەگرامی کۆددار

لە: MICE بۆ: باڵیۆزی ئەنقەرە

دووبارەکراو بۆ: نوێنەرایەتی بەریتانیا لە بەیروت

نێردراوە لە: ١ی ئەپریل ١٩٤٣ (٢١٢٠ب)

وەرگیراوە لە: (١١٠٠) 2 do

ژمارە: ٥٢٢٦ ١ی ئەپریل

نامەی پارێزراوتان بە ژمارە ٣٣ بۆ ‹MINSTATE›. لەوانەیە بەڵگەنامە ڕەسەنەکە لە ئەفسەری حکومەت لە دیاربەکر لە دێسەمبەری ساڵی ١٩٤١ دزرابێت و دواتر لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٢ کەوتبێتە دەست خۆییبوون.

لە مانگی مارچی ١٩٤٢، وەرگێڕانی فەرەنسی بەڵگەنامەکە لە سەرچاوەی جیاوازەوە بەدەستمان گەیشتووە. بە بڕوای ئێمە ئەم بەڵگەیە لەلایەن وەزیری دەرەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە؟ (FO?)، نێردراوە، بەڵام تۆمارەکان لەبەین براون و ئێمەش ناتوانین لەمە دڵنیا بین. پرسیاری ئەوەمان کردووە، ئایا کۆپییەکی وەرگێڕانەکە هیچ کات دراوەتە کورد. ئەگەر ئەم کارە کرابێت، کەواتە هاوپێچی ئەو نامەیە کراوە کە بۆ مستەر چەرچل نێردراوە. بە هەرحاڵ زانراوە، ئەوان وەرگێڕاوی بەڵگەنامەکەیان بۆ سەر زمانەکانی فەرەنسی و کوردی و ئەرمەنی لەبەر دەستە؛ ئەمەو سەرەڕای ئەوەی خودی بەڵگەنامە ڕەسەنەکەشیان هەیە. کۆپی وێنەیی (photostats) لەلایەن خودی کوردەو گیراوە. لەوانەیە تورک نەزانن خۆیبوون بەڵگەنامەکەی لەبەردەستە، چونکە ئەمە ئەو لایەنە ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە کە بەڵگەنامەکەی بۆ تورکەکان دروستکردووە.

Folio ١٥٦٥ کۆپییەك بۆ: نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان

ACA/HSB

نهێنی (E1670/80/34)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S, W, 1 ٦ی ئەپریل ١٩٤٣

هـەروەک بەڕێزتـان لـە نامـە هاوپێچکراوەکـەدا بینیتـان، باڵیـوزی ئەنقـەرە هـۆکاری هەیـە، دەڵێـت تـورک نیگەرانـی ئـەوەن، لەوانەیـە هەندێـك لـە کارمەندانمـان لـە فەرماندەیـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، لەگـەڵ کـورددا دەسـتی پیلانگێڕیـان هەبێـت.

ئێمـە لەگـەڵ باڵیـۆز هاوڕابوویـن، پێویسـتە زۆر ئـاگاداری ئـەو کردەوانـە بیـن کـە لەوانەیـە بیانـو بدەنـە دەسـت تـورک بـەوەی ئێمـە کـورد هـان دەدەیـن و بەکاریـان دێنیـن. لـە هەمانکاتـدا، ئێمـە لـەو بڕوایـەدا نیـن بەڵگـەی هێنـدە بەهێزمـان لەبەردەسـت بێـت کـە داوا لـە نووسـینگەی جەنـگ بکەیـن ئاگادارکردنەوەیـەک بـۆ دامودەزگاکانـی خـۆی دەربـکات. فەرماندەیـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، شـاندی ئەمنـی لـە بەیـروت لـەم پەیوەندییـە مەترسـیدارە ئـاگادار کردووەتـەوە و نووسـینگەی جەنگیـش لەوانەیـە بـە هەندێـك بەڵگـەوە بانگەشـەی ئـەوە بـکات، ئەمـە بـەو مانایـە دێـت کـە فەرمانبەرانـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا، بـە تەواوەتـی ئـاگاداری هـەر جـۆرە مەترسـییەکن. خۆشـحاڵ دەبیـن ئەگـەر ئێـوە چاودێـری ئـەم کێشـەیە بکـەن و ڕێگـە نـەدەن هیـچ جۆرە پێشـنیازێک بـۆ ئەنجامدانـی چالاکـی زۆرتـر لەگـەڵ کـورد بخرێتـەڕوو کـە لەوانەیـە شـاندی ئەمنـی لـە بەیـروت یـان هـەر ڕێکخراوێکیـتر ئـەم پێشـنیازانە پێشـکەش بـکات.

کۆپییەك لەم نامەیە بۆ سترندال-بێنێت (Sterndale-Bennett) لە ئەنقەرە دەنێرم.

(C.W. Baxter)

H.L. d'A. Hopkinason, Rsq

نووسینگەی وەزیری دەرەوە، قاهیرە

یاداشتنامە

سەرۆکی نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان

ئەوەنــدەی مــن دەزانــم، ناوەنــدی هەواڵگریــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت ‹MICE›، بــە ئەنقەســت کەسـێك دەپارێزێـت. هیـچ مەعقـول نییـە، بڵێـت «مـن نەمبیسـتووە کۆپییــەك لــە وەرگێڕانــە ئینگلیزییەکــە دراوەتــە کــوردی دیمەشــق››، بەبــێ ئــەوەی ئامـاژە بـەوە بـدەن، چـۆن ئـەم کۆپیەیـان دراوەتـێ، یـان کـێ ئـەم کۆپییـەی پێـداون. چ ئـەو کۆپییـە لـە ڕێگـەی یەکێـک لـە ئەندامانـی شـاندی دیپلۆماتیکـی ئێمـە بـە ئـەوان درابێــت، یــان لــە ڕێگــەی ســوپاوە یــان لــە ڕێگــەی فەرەنسییەکانەوە، هیــچ ئامــاژەی بــۆ نەکــراوە، بــەڵام هــەر کەســێک ئــەم کۆپیــەی دابێتــە کــورد، بــە بۆچوونــی مــن ئـەو مافـەی نەبـووە ئـەم کارە بـکات. هـەر بۆیـەش بـە بـڕوای مـن پێویسـتە زۆر بـە تونـدی ئیدانـەی ئـەم کارە بکرێـت.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە، هیچ تێبینییەکم لەسەر ڕاپۆرتەکە نییە.

M. A.

٢١ی ئەپریل ١٩٤٣

ACA/ENH

کورد و کوردستان G ١٩,٤٣/١٦٥

کەسیی

باڵیوزخانەی بەریتانیا

ئەنقەرە

٢٣ی ئەپریل ١٩٤٣

١. هەستم کرد پێویستە سەرنجتان بۆ ئەم بابەتەی خوارەوە کە پەیوەستە بە چالاکی کورد، ڕابکێشم.

٢. لە مانگی فێبریوەریدا، ئێمە نامەیەکمان لەلایەن ناوەندی هەواڵگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (MEIC/DO/2/17/1) کە لە ٢٤ی فێبریوەی نووسراوە، بەدەست گەیشت، وەرگێڕانی ڕاپۆرتێکی لەخۆ گرتبوو، لەلایەن ئەفسەرێکی پلەنزمی تورکیا لەبارەی کوردستانی تورکیا نووسرابوو. ئەم وەرگێڕانە [بۆ سەر زمانی ئینگلیزی] لەلایەن ‹مۆرگان›ەوە ئەنجامدراوە کە تا ئەم دواییانە لێرە وەزیر بوو. هەروەها لە نامەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، لەسەر پێشنیازی نووسینگەی ئێوە، ئەم نامەیە بۆ ئێمە نێردراوە.

٣. لە مانگی مارچ، نامەیەکی ڕەسەن [واتە بەو زمانەی کە نووسراوە] لەلایەن نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکانی بەیروت بە دەستمان گەیشت، نامەکە لەلایەن ڕێکخراوێکی کوردی بە ناوی خۆیبوونەوە ئاڕاستەی سەرۆک وەزیران کراوە، کە بۆ ئێمە نێردراوەتەوە، تا تێبینییەکانی خۆمانی لەسەر بخەینەڕوو. ئەو نامەیەی بۆ چەرچل نێردراوە، کۆپییەك لە وەرگێڕانی ڕاپۆرتی ئەفسەرە تورکەکەش لە خۆ دەگرێت کە مۆرگان بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەریگێڕابوو.

٤. هەروەک دەزانن بارودۆخی کورد، بارودۆخێکی زۆر هەستیارە و ئێمە کەمترین قسەمان لەسەر ئەم بارودۆخە کردووە و ئاگادار کراوینەتەوە بەڵگەنامەیەکی زۆر نهێنی کە لەلایەن بەرپرسێکی بەریتانیاوە ئامادەکرابوو، بە کورد دراوە.

٥. ستێندال-بێنێت (Sterndale-Bennett) کە بەرپرسە [لە ئەنقەرە]، نامە هەڵگیراوەکەی بە ژمارە ٣٣ لە ڕێگەی ئێوەوە بۆ M. E. I. C ناردووە. لەو نامەیەدا پرسیاری کردووە، چۆن وەرگێڕانەکەی مۆرگان گەیشتووەتە دەست کورد و ئاماژەی بە مەترسییەکانی ئەم دزەکردنە کردووە. دوای چەند وەڵامدانەوەیەکی ئاڵۆز و ناڕوون، ئێستا M. E. I. C، لە ڕێگەی پاشکۆ سەربازییەکەمەوە، وەڵامی منی داوەتەوە. کۆپییەکم لە تەلەگرامەکەی ئەوانم هاوپێچ کردووە.

٦. ناتوانم یەکەم ڕستەی ئەم تەلەگرامە، وەک وەڵامێکی قەناعەت پێهێنەر، بۆ وەڵامی پرسیاری ئەوەی چۆن کۆپییەك لەم وەرگێڕانە گەیشتووەتە دەست کورد، هەژمار بکەم. هەروەها دەبێ دان بەوەدا بنێم M. E. I. C، لەگەڵ ئێمە ڕاشکاو نەبووە.

٧. لە پەیوەندی نێوان ئێمە و تورکیادا کێشەی کورد، کێشەیەکی هەستیارە. هەر لە ئێستاوە ئێمە لەبارەی پەیوەندی لەگەڵ کوردەوە، هەندێك گرفتمان لەگەڵ تورکیادا هەیە. ئەمەش بە هۆی ڕەفتاری ناوەندی هەواڵگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە فەرمانبەرەکانی هان دەدات لە کورد زۆر نزیک ببنەوە. خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ئێوە بتوانن لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو بارودۆخە بکەن کە ئەم بەڵگەنامەیەی [بەدەست کورد کەوتووە] ئاماژەی بۆ دەکات. من زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر ئێوە دڵنیامان بکەنەوە، ئەم جۆرە هەڵانە لە داهاتوودا دووبارە ڕوو نادەنەوە.

واژوو:

(HUGHE KNATCHBULL-HUGESSEN)

The right hounrable R. G. Casey, P. C., D. S. O., M.C

Minister of State, Cairo, HK-H:EW

کورد و کوردستان

نوێنەرایەتی بەریتانیا

بەیروت

ژمارە ٤ (٤٣/١٢/١٦٢)

١٠ی مەی ١٩٤٣

وەزیری خاوەنشکۆ لە بەیروت، سڵاو و ڕێز بۆ باڵیۆزی خاوەنشکۆ لە ئەنقەرە دەردەبڕێت و ئەو شەرەفەی هەیە، بەڵگەنامەکانی خوارەوەی پێشکەش بکات.

ناو و ڕێککەوت: نامەی ئاڕاستەکراو بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە، ژمارە ٢٨ (٤٣/١٢/١٦٢)، لە ١٠ی مەی ١٩٤٣.

بابەت: نامەی ئاڕاستەکراو بۆ سەرۆک وەزیران لەلایەن ‹خۆیبوون›ەوە، هەروەها ڕاپۆرتی کاربەدەستێکی تورکیا لەسەر بارودۆخی سیاسی ناوخۆ لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا.

((4) 3479-22862-2)

نوێنەرایەتی بەریتانیا

بەیروت

١٠ی مەی ١٩٤٣

ژمارە ٢٨ (٤٣/١٢/١٦٢)

گەورەم

١. شەرەفمەندم دەقی نامەیەک لەلایەن خۆیبوونەوە بە نوێنەرایەتی گەلی کورد ئاراستەی سەرۆک وەزیران کراوە، بۆتان بنێرم. هەروەها کۆپی وێنەیی و وەرگێڕانی ڕاپۆرتێک کە لەلایەن کاربەدەستێکی تورکیا لەسەر ڕەوشی سیاسی ناوخۆی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا نووسراوە، بۆتان هاوپێچکراوە.

٢. لە وەڵام و وەڵامدانەوەی نێوان نوێنەرایەتی بەریتانیا لە بەیروت و ناوەندی هەواڵگریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (M. E. I. C) و باڵیۆزی حکومەتی خاوەنشکۆ لە ئەنقەرە، دەردەکەوێت، بەڵگەنامە ڕەسەنەکە لە دەوروبەری مانگی دێسەمبەری ساڵی ١٩٤١، لە نووسینگەیەکی حکومی لە دیاربەکر دزراوە و لە سەرەتای مانگی ١٩٤٢ کەوتووەتە دەست خۆیبوون. وەرگێڕانێکی فەرەنسی بەڵگەنامەکە لە ڕێگەی سەرچاوەیەکی سەربەخۆوە لە مارچی ١٩٤٢، کەوتووەتە دەست M. E. I. C. بە پێی زانیارییەکانی من ئەم کۆپییە بۆ بەشەکەی ئێوە نێردراوە. ئەو وەرگێڕانەی ئێستا لە دەست خۆیبوون دایە، بریتییە لەو وەرگێڕانەی مستەر مۆرگان لە M. E. I. C کار دەکات، ئەنجامیداوە و ئەم وەرگێڕانە لەلایەن نوێنەرێکی M. E. I. C، لە دیمەشق بە سەرکردەیەکی کورد دراوە. من هیچ بەڵگەیەکم لەبەر دەست نییە، پشتڕاستی بکەمەوە، ئایا حکومەتی تورکیا ئاگادارە خۆیبوون ئەم ڕاپۆرتەی لەبەر دەستە یان نا. جیا لەم داواکارییەی ئێستا نەبێت، هیچ ئاماژەیەک لە بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە بوونی نییە.

٣. سەبارەت بە ناوڕۆکی خودی ڕاپۆرتەکە، لەلایەن باڵیۆزی حکومەت خاوەنشکۆ

لـە ئەنقـەرە، ئـاگادار کراومەتـەوە هەندێـک لـە پێشـنیازەکانی نووسـەری ڕاپۆرتەکـە جێبەجێکـراون.

٤. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە، بەبـێ هاوپێچەکە، بـۆ وەزیـری دەرەوە و باڵیـۆزی حکومەتی خاوەنشـکۆ لـە ئەنقـەرە دەنێرم.

سێر، شەرەفمەندم خزمەتکاری وەفادرای جەنابتان بم.

واژوو

E. L. SPEARS

نووسینگەی وەزیری کاروباری دەرەوە

Sharia Tolumbat

قاهیرە ٢٠ی مەی ١٩٤٣

سەبارەت بەو بابەتەی لە نامەکەتان (٤٣/١٩/١٦٥) لە ٢٣ی ئەپریل ١٩٤٣، ئاماژەی بۆ کراوە، ڕای من وەرگیراوە و دڵنیاتان دەکەمەوە ڕێکخراوە هەواڵگرییەکانی ئێرە [قاهیرە] بە تەواوەتی ئاگاداری هەستیاریی کێشەی کوردن. هەروەها تا ئێستا سەبارەت بە هاندانی ئەفسەرەکان بۆ نزیک بوونەوە لە کورد، چەند ڕێنماییەکی بۆ دەرچووە کە بەڕێزەوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو کوردانە سنووردار بکەن، یان بە پێی پێداویستییە ئاساییەکانی هەواڵگریی لۆکاڵی هەڵسوکەوتییان لەگەڵ بکرێت. بە واتایەکیتر چۆن مامەڵە لەگەڵ توێژەکانیتری کۆمەڵگا دەکرێت، بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ کورد بکرێت، بەڵام بە وریاییەکی زۆرترەوە. بە هیچ شێوەیەک نابێت فەرمانبەرانی هەواڵگری لەگەڵ کورددا بچنە ناو گفتوگۆ سیاسییەکانەوە.

سەبارەت بەو بەڵگەنامەیەی ئاماژەتان پێداوە، بە بڕوای من هیچ جۆرە دزەکردنێک لە ئارادا نەبووە، خراپ-ئامۆژگاریکردنێک لە ئارادابووە کە وەرگێڕانی بەڵگەنامەکە بە کورد بدەن، بەڵام بەڵگەنامە ڕەسەنەکە لە بەردەستی ئەواندایە و ئەمە چەندین مانگە هیچ پرسیارێک سەبارەت بە دزەکردنی زانیاری نهێنی لە ئارادا نەبووە. تەنیا دەتوانرێ ئاماژە بەوە بدرێت، ئەو ئەفسەرەی وەرگێڕانەکەی داوەتە کورد، هیچ یارمەتییەکی پێشکەش نەکردوون.

ڕێزدار

Sir H.M. Knatchbully-Hugessen, K. C. M. G.

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

ئەنقەرە

نهێنی

کۆپی (E 2864/80/34) (١٢٢)

نووسینگەی وەزیری دەرەوە

10, Sharia Tolumbat

قاهیرە

بەڕێز چارلس

نامە نهێنییەکەی بەڕێزتانم بە ژمارە (E 1679/80/34) کە لە ٦ی ئەپریل ناردبووتان، لەگەڵ لیوا کلایتۆن (Brigadier Clayton)دا تاوتوێ کرد کە تا ئەم دواییانە سەرۆکی ناوەندی هەواڵگری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (M. E. I. C) بوو و حاڵی حازر وەک ڕاوێژکاری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری عەرەب لە لای ئێمە کار دەکات.

بانگەشەی ئەنقەرە لەبارەی ئەوەی فەرمانبەرانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە کورد نزیک بوونەتەوە و سەرنجی ئەوان ڕادەکێشن بە تەواوەتی دوورە لە ڕاستی. هەموو ئەفسەرەکان ئاگادارکراونەتەوە، لە هەر جۆرە گفتوگۆیەکی سیاسی لەگەڵ کورد دوور بکەونەوە و وەک خەڵکانیتر و بە ڕێزێکی ئاساییەوە پێشوازیان لێبکرێت. لە ڕاستیدا ئەو ئاگادارکردنەوەیەی بۆ شاندی ئەمنی لە بەیروت نێردراوە، لەلایەن لیوا کلایتۆنەوە دوای گفتوگۆکردن لە گەڵ مندا نێردراوە. ئەمەش لەبەرئەوەی کورد زۆر سەردانی شاندەکەیان دەکرد و خەریک بوو لێیان تێکدەچوو، چۆن مامەڵە لەگەڵ کورد بکەن.

بە کورد گوتراوە، ئێمە ناتوانین هیچیان بۆ بکەین و ئەگەر بیانەوێت بەشداری لە جەنگدا بکەن، ئەوا ڕێگری لە ئەنجامدانی هەر جۆرە پیلانگێڕیەک دەکرێت. بە بڕوای کلایتۆن، هەنوکە کورد هیچ هیوایەکیان بە ئێمە نەماوە.

لەوە تێدەگەم لەوانەیە ئەنقەرە نیگەرانی ئەم بابەتە بێت، بەڵام دەبێ ئەوان بزانن ئەفسەرەکانی ئێمە لە دەرەوەی سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆدا کار ناکەن.

خزمەتکاری هەمیشەییتان

واژوو: (Henry Hopinson)

C. W. Baxter, Esq., C.M. G M. C

نووسینگەی کاروباری دەرەوە

بۆ باڵیۆزی حکومەتی بەریتانیا

ئەنقەرە

ژمارە ٦ (٤٣/٧/٧١٢) لە ٢٦ی جون ١٩٤٣

کۆنسولگەری گشتی بەریتانیا تەورێز، ٨ی جون ١٩٤٣

783/SA/45 RWU/EGU

ژمارە ٣٠ زۆر نهێنی

گەورەم،

١. بە ئاماژەدان بە نووسراوەکەم بە ژمارە ٢٩، شەرەفمەندم یاداشتی زۆرترتان کە لەلایەن جێگری کونسولگەر، واتە لەلایەن ‹ئۆگدن›وە نووسراوە، بۆتان بنێرم، ئەوەی لەم سەردانەی دوایی بۆ ڕەزایە پێیان گەیشتووە.

٢. لە نووسراوەکەم بە ژمارە ٢٩، ئاماژەم بە ڕەفتاری باشی کورد و ڕەزامەندی کورد کردووە.

٣. ستایشی تێبینییەکەی مستەر ئۆگدن دەکەم لەبارەی کرێکارە چاکەت ڕەشەکان کە زۆرێک لەو کرێکارانە خاوەن موڵکی بچوکن، ئەو موڵکانە دەتوانن یارمەتیدەری ئەو مووچە کەمە بن کە وەردیدەگرن. لەوانەیە لە ڕۆژنامە لۆکالییەکانەوە پێشنیازی دکتۆر میلسپاف (Dr. Millspaugh)تان بەرچاو کەوتبێت کە دەڵێت پێشنیازەکە سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەرانی کەرتی مەدەنی، پێشنیازێکی گونجاوە. ئەمە دروستە، زۆربەی شارنشینانی ئازەربایجان پێیەکیان لە ناو گوندەکانە. هەربۆیەش شارەکان وەک تاران بە تەواوەتی سیمای شارنشینی وەرنەگرتووە، تێیدا دانیشتوان پشت بەو کاڵایانە دەبەستن ڕۆژانە دێنە ناو دوکانەکان. کاتێک لێرە قەیرانی نان دروست بوو، بۆمان دەرکەوت زۆربەی هاوڵاتیان ئەنباری ئارد و کاڵا خۆراکییەکانی تایبەت بە خۆیان هەیە. بە هەمان شێوە زۆربەی ئەو کەسانەی

پارەیـان ئەنبارکردبـوو، پارچـە زەویـەک دەکـڕن و ئەمـەش یارمەتیـدەری سـەقامگیرییە.

٤. مـن باسـم لـە کردەوەیەکـی هێرشـبەرانەی سـوپای بەریتانیـا کردبـوو، بەبـێ [وەرگرتنـی مۆڵەتـی ڕووس] دەربـازی [ناوچەکـەی ژێـر دەسـەڵاتی ئـەوان] ببـوون. بـە بـڕوای مـن ئەمجـۆرە پێکدادانانە لەم سـاڵەدا نابنـە هۆی تێکدانی پەیوەندییە باشـەکانمان، هەروەک ئـەوەی پـار ڕوویـدا، واتـە ئـەو کاتـەی بارودۆخـی سیاسـی و سـەربازی لـە قەفقـاز زۆر ناسـک بـوو و گومانەکانـی ڕووسـیش ئـەو کات زۆر سـەرەتایی بـوون و مەترسیشـییان کەمـتر بـوو. ئێمـە هەموومـان بێزاری خۆمان لـەو بەربەسـتانەی هاتوچۆکـردن دەربڕیوە کـە ڕووس دروسـتیانکردووە. بـۆ هەموومـان دەرکەتـووە، ڕووس ڕێگـە نـادەن ئێمـە ئازادانـە لـە باکـوور هاتوچـۆ بکەیـن، هـەروەك چـۆن ئێمـە لـە باشـوور ئازادانـە ڕێگـە بەهاتوچۆکـردن دەدەیـن، بـەڵام پێویسـتە ڕووبەڕووی ڕاسـتییەکان ببینەوە و سـەربازانی ئێمـە دەبـێ یەکـەم کـەس بـن کـە لـەوە تێبگـەن، ئەگـەر ڕووس فەرمانیـان پـێ بـوو کـە داوای مۆڵەتـی هاتووچـۆ بکـەن، باشـترین ڕێگـە چـارە بریتییە لەوەی هـەوڵ بدرێت ئەم فەرمانانـە بـە ڕێـکاری دیپلۆماتیکـەوە بگۆڕێـن، نـەک پشـتگوێیان بخەیـن.

٥. لـە هـەر ڕووداوێکـدا چەندیـن ڕاپـۆرت لەسـەر بەنـدەری حەیدەرئابـاد بـەرز دەکرێتەوە و لــە مانگــی ســێپتەمبەردا دەســتەیەکی ئەنگلۆ-سـۆڤیەت ســەردانی دەروبــەری دەریاچــەی ڕەزایەیانکــرد، تــا لێکۆڵینــەوە لەســەر ئــەوە بکــەن چــۆن دەتوانــن بــۆ گواســتنەوە و گەیانــدن بــەکاری بهێنــن. باشــترە حاڵــی حــازر، گروپێکیــتر بچێــت و جارێکیـتر سـەردانی ئـەو کارگۆیـە بکاتـەوە کـە لـە بەنـدەری حەیدەرئابـاد هەیـە، دواتر بـۆ مـاوەی دوو شـەو لـە ڕەزایـە بمێننـەوە و پاشـان هـەوڵ بـدەن بچنـە سـەلماس، پێویسـتە بـە ڕووس بگەیێنیـن، ئەوەتـا یـان ئیـدارەی ئێمـە کارا نییـە، یـان هەندێـك هاندەریـتر هـەن نەخراونەتـەڕوو [هەربۆیـەش دۆخـی گەیانـدن خراپـە]. لـە ڕاسـتیدا زۆرتـر پەنـا بـۆ دەربڕینـی دووەم دەبردرێـت. ڕووس لـەوە تێناگـەن دیسـپلینی ئێمـە بـەم شـێوەیەیە، بـە پێچەوانـەوە ئەفسـەرە بەرپرسـیارەکان دەبـێ تاقمێکـی سـەربازیی ببەنـە نـاو ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی ڕووس، ئەمـەش زۆر کـردەنی نییـە و بـە پێچەوانـەی سیاسـەتی گشـتی ئێمەیـە کـە بریتییـە لـە سازشـکردن.

٦. بـە بۆچوونی مسـتەر ئۆگدن وا دەردەکەوێـت، ڕووس پڕوپاگەندەیەکی کەم بڵاودەکەنەوە و ئـەو نەیتوانیـوە هیـچ نامیلکەیەکـی پڕوپاگەندەکـردن بـە زمانـی کوردی یـان ئەرمەنی بدۆزێتـەوە، ئەمـەش بـە پێچەوانـەی ئـەو پێشـنیازەی ئێـوە دێـت کـە لـەم دواییانـەدا بۆ مـن ئامـاژەت پێدابـوو، گوایـە ڕووس لـە ڕێگـەی کەرەسـتەی چاپکـراوەوە هانـی کـورد و کەمـە نەتەوایەتیەکانیـتر دەدەن، تـا ڕووەو خواسـتی جیاخوازی و ناسیۆنالیسـتی ئاڕاسـتە بکرێـن، بـەڵام لەڕاسـتیدا ڕووس لـە پڕوپاگەندەکردن بە سـتاندارەکانی ئێمـە کار ناکەن و گرتنەبـەری میتـۆدە ناکاراکانـی پڕوپاگەنـدە گێـڕان بەو مانایـە نایێـت ڕووس پڕوپاگەندە بـڵاو ناکەنـەوە، بـە پێچەوانـەوە ئـەم میتۆدانـە زۆر کاریگـەرن. فیلمـە ڕووسـیەکان، ئەنجامدانـی ئاهەنگـی مۆسـیقا بـۆ خەڵـک، هەڵسـوکەوتی باشـی سـەربازەکانیان، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە ئـەو ئارامییـەی ڕووس لـە نـاو خەڵکـدا بەرقەراریان کـردووە ( بەشـێکی بـۆ سـنووردارکردنی دەسـەڵاتی ئێرانییـەکان دەگەڕێتـەوە، حاڵـی حـازر، متمانە و پاڵپشـتی خەڵکـی بـۆ ڕووس دەسـتەبەر کـردووە. بەخشـینی ٥٪ گەنمـی دروێنەکـراو بە خاچی سـووری ڕووسـی، نیشـانەی سـەرکەوتنی سیاسـەتی ڕووسـە.

٧. لـە ئەنجامـدا، خۆشـحاڵم مسـتەر ئۆگدێـن لەلایـەن دەسـەڵاتی خۆجێیـی و ڕووسـەوە بـە ڕێـزەوە پێشـوازی لێکـراوە. بـە بـڕوای مـن سـەردانەکەی ئـەو بـۆ ڕەزایـە، سـەردانێکی زۆر بەنرخــە و دەبــێ دەستخۆشــی لێبکرێــت کــە توانیویەتــی پەیوەنــدی زۆر بــاش لەگـەڵ گشـت لایەنـە پەیوەندیـدارەکان دروسـت بـکات.

سێر، شەرەفمەندم کە خزمەتکاری وەفاداری بەڕێزتان بم. واژوو (R. W. Urquhart)

٨. کاتێـک پەرەگرافـی (٤)م دەنووسـی، بیـرم لـە هێرشـەکانی پێشـووتر و هەڵسـوکەوتی ئەفسـەرە پەیوەندیـدارەکان بـەم کارەوە دەکـردەوە. هەروەهـا بیـرم لـە تەلەگرامەکـەی مینبرانـچ (Minbranch) بـە ژمـارەی ٧٢ کـە بـۆ بەڕێزتانـی ناردبـوو و تێیدا ئامـاژەی بەو ئەفسـەرانە کردبوو، چووبونە ناو ناوچەی ژێر دەسـەڵاتی ڕووس، بە بێ ئەوەی مۆڵەتیان لـە بەرپرسـانی سـەربازی بەریتانیـا وەرگرتبێـت و ئەمـەش بـەو مانایـە دێـت، پێویسـتە دیسـپلینی نـاو سـوپا دووبـارە ڕێکبخرێتـەوە. مـن تەلەگرامێکیتری مینبرانچ بـە ژمارە ٣٧م پێگەیشـتووە کـە بـۆ مینسـتێت (Ministate)ی نـاردووە، ئامـاژە بە پوختـەی ڕاپۆرتەکەی

فەرمانـدەی گشـتی دەدات، بـۆ نووسـینگەی جەنـگ ناردوویەتـی. بـە لەبەرچاوگرتنـی لێدوانەکانـی مینبرانـچ، سـەبارەت بـە هێرشـکردنەکە، مـن بـە تەواوەتـی پاشەکشـە لـە بۆچوونـی خـۆم دەکـەم، بـەوەی لـە سـەر ڕێگەی شـنۆ و لـە حەیەدەرئاباد ئەفسـەرەکان دەوری بنکەکانـی سـوپای ڕووسـیایان داوە، تـا بگەنـە ڕەزایـە، هەروەهـا پاشەکشـە لـە بەکارهێنانـی وشـەی تاقمـی سـەربازی دەکـەم، بـۆ ئـەم ئەرکـەی بـەکارم هێنابوو.

٩. لـەو تەلەگرامـەی بـە ژمـارە ١٤٤ بـۆ بەڕێزتانـم نـاردووە، مـن لێکۆڵینـەوەم لەسـەر ئـەو قسـەیە کـرد کـە ئەفسـەرەکانمان نەچوونەتـە ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی ڕووس.

١٠. هیـوادار بـووم بتوانـم بڵێـم خۆزگـە داوکاری بـۆ کۆکردنـەوەی زانیـاری پێویسـت سـەبارەت بـەوەی ئایـا مومکینـە ڕێگـەی ڕوانـدز بکرێتـەوە، پێشـکەش بـە مـن کرابـا، هەمـوو تواناکانـی خـۆم لـەم بـارەوە وەگـەڕ دەخسـت. بـە ڕاشـکاوییەوە دەڵێـم، نەمتوانیـوە بـۆ بەخشـینی زانیـاری لـەم جـۆرە بـە باشـی یـان بـە خێرایـی مامەڵـە لەگـەڵ هەندێـك داواکاریـدا بکـەم، بـەڵام زۆر شـارەزای ڕێگـەی ڕوانـدزم و دەتوانـم زۆر بـە ئاسـانی وەڵامـی هـەر پرسـیارێک لـەم بـارەوە بدەمـەوە. لەمـەش زیاتـر، پێویسـتە دووبـارە سـەرنجتان بـۆ ئـەو ڕاسـتییە ڕاکێشـم، ئـەو ڕێگەیـە لـە کاتـی داگیرکردنـی ئـەم ناوچەیـە، بـە بەردەوامـی لەلایـەن سـوپای بەریتانیـاوە دەگیرێـت.

١١. لـە ٨ی مانگـی جـوون لـە یاداشـتی ڕۆژانەمـدا، پرسـی یارمەتیدانـی قسـەکردنم بـە زمانـی ڕووسـی وروژانـد. مـن لێـرەوە دووبـارەی دەکەمـەوە، ئەگـەر بەرپرسـە سـەربازییەکان بتوانـن ئـەم یارمەتیـەم پێشـکەش بکـەن، دەتوانـم هـەر کاتێـک ئـەوان پێویسـتیان بـە زانیـاری هەبـوو، خێراتـر یارمەتیـان بـدەم، هەروەهـا ئـەوکات ئەوانیـش زۆرتـر دەتوانـن داوای یارمەتـی لـە مـن بکـەن و لەوانەیـە ئـەو کات پێویسـتیان بـەوە نەبێـت، هیـچ کەسـێک بنێرنـە ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی ڕووس.

دووبـارە ئـەو بەڵێنـەی بـە مـن درابـوو، وەبیـر دێنمـەوە، پێـش هاتنـی ئـەم جـۆرە کەسـانە، پێشـوەختە مـن ئـاگادار بکرێمـەوە. لەوانەیـە ئێـوەی بەڕێـز ئـاگاداری گەشـتی [ئەفسـەرەکان] نەبووبـن.

١٢ی جون ١٩٤٣

زۆر نهێنی

یاداشتنامە

١. لە ١٨ی مانگی مەی تەورێزم بەرەو ڕەزایە بەجێهێشت و ئەو گەشتەم بە شەمەندەفەر و پاپۆڕی هەڵمی ئەنجامدا. لە دوای دوایین ڕاپۆرتم لەسەر گەشتی پێشووم، خشتەی کاتی گەشتی شەمەندەفەر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەنوکە شەمەندەفەر لە کاتژمێر ٧:٣٠ خولەکی بەیانی لە تەورێز دەردەچێت و کاتژمێر ١١ی بەیانی دەگاتە شەریفخانە. لە گەشتی گەڕانەوەدا شەمەندەفەر کاتژمێر ٢:٣٠ خولەکی پاش نیوەڕۆ لە شەریفخانە دەردەچێت و کاتژمێر ٦ی ئێوارە دەگاتە تەورێز، بەڵام خشتەی ڕۆژانی هاتوچۆ هەروەک خۆی ماوەتەوە، واتە سێ شەممە و هەینی بۆ دەرچوون و یەکشەممە و پێنج شەممە بۆ گەڕانەوە.

٢. لە میانەی گەشتەکەمدا هیچ ڕووداوێک ڕووینەدا، هەروەها لەم گەشتەدا سەرنجم دایە نەریتی کورد، بە پێچەوانەی گشت ڕێبوارانیتر ئەوان پۆشاکی جوان دەپۆشن و جوان و کەشخە دێنە بەرچاو، یەکێکیان تەنانەت زۆر بە لەخۆباییبوونەوە، چاوێلکەیەکی لە چاو کردبوو، جەنتایەکی لە چەرم دروستکراویشی لە مل بوو. لە میانەی ئەم گەشتەمدا، چاوم بە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای شقارتەی ئێران کەوت لە تەورێز. ئەو بەڕێوەبەرە مەیلی کەوتبووە سەر کۆمپانیای گلۆپ کە لە ڕەزایە هەیە. سەردانی ڕەزایەی کردبوو، تا بارودۆخی کۆمپانیاکە هەڵبسەنگێنێت، چونکە ئەوان تەنیا بۆ یەک مانگیتر نەوتیان هەبوو تا کۆمپانیاکە لە کار نەوەستێت، ئەمەو سەرەڕای ئەم ڕاستییە کە ڕۆژانە کارەبا نییە. دیارە هەروەك جاران گواستنەوە و گەیاندن گرفتی هەیە.

٣. لە شەریفخانە ڕۆژەکەم لەگەڵ مستەر سەتارزادە، بەڕێوەبەری بەندەرەکە بەسەر برد و سەردانی کارگەیەکمان کرد، کارگەکە کاری دەکرد (جاری پێشوو من ڕۆژی هەینی سەردانی کارەگەکەم کرد و هەینیش پشووە). هەروەها من سەردانی کارگەی دروستکردنی بەلەمیشم کرد کە لەو دواییانەدا دووبارە خرابووەوە کار و کۆمەڵێک

بەلەمـم بینـی لـە کەنـار ئاوەکـە وەسـتێنرابوون و لـە مـاوەی چەنـد هەفتـەی داهاتوودا بەلەمـەکان کاریـان پـێ دەکرێـت. وا دیـار بـوو ئـەو بەلەمانـە نـۆژەن کرابوونـەوە. هەروەهـا بەلەم دروسـتیش دەکرێت. کارێکیتر کە مسـتەر سـەتارزادە بە نیـازە ئەنجامی بـدات، بریتییـە لـە نۆژەنکردنـەوەی پاپۆڕێـک، نزیکـەی ١٥ سـاڵە لـە قـوڕدا چەقیـوە. نۆژەنکردنـەوەی ئەو بەلەمە پێویسـتی بە پلێت (تەنەکـە) و بڕخوکردنەوەی زۆرە. ئەگەر بێـت و بـۆ ئـەم بەلەمـە ماتۆڕیـان دەسـت بکەوێت، ئـەوکات بەشـی دەریاوانـی دەبێتە خـاوەن دوو بارهەڵگـر (tug). مـن بـە ‹مسـتەر سـەتارزادە›م گـوت بە هۆی ئـەو گەمارۆ سـەربازییەی بەسـەر وڵاتانیتردا سـەپێنراوە، دۆزینەوەی ماتۆڕی پاپۆڕ کارێکی زۆر قوڕسە، بـەڵام ئەگـەر بێـت و حکومەتـی ئێـران پاساوێکی مەعقـول بخاتـە بـەردەم [حکومەتـی بەریتانیـا] ئـەوکات بـە دڵنیاییـەوە ئـەم داوکارییـە زۆر بە بایەخـەوە گرنگـی پێدەدرێت. باشـترین پاسـاویش بریتییـە لـەوەی ڕووس دەریاچەی ڕەزایە بۆ گواسـتنەوەی سـەرباز و کەرەسـتەکانیان بەکاردێنـن، هەربۆیـەش ئەگەر بێت و ئـەم ئامرازانەی گواسـتنەوە [واتە پاپـۆڕ و بارهەڵگـری دەریایـی] زۆرتـر بـەکار بهێنرێـن، کەواتـە کەمـتر تایـەی [ئۆتۆمبێـل بەکاردەهێنرێـت و ئـەو تایانـە لـە نـاو ناچن].

٤. لـە شـەریفخانە بـە یەکێـک لـە دوو پزیشـکی حکومەتـی خۆجێیـی ناوچەکـە ئاشـنا بـووم. ئـەو پزیشـکە خەسـتەخانەیەکی بچووکـی لـە بەندەرەکـەدا هەیـە. وەرزی مێشـوولە دەسـتی پێکـردووە، بـەڵام مسـتەر سـەتارزادە گلەیـی ئـەوەی دەکـرد، ئـەو وەک پێویسـت قڕکـەری بەدەسـت نەگەیشـتووە. ئەگـەر ئـەم نەخۆشـییە چارەسـەر نەکرێـت، دەبێتـە هـۆی کـەم بوونـەوەی کاتژمێرەکانـی کارکـردن لـە بەندەرەکـەدا.

٥. کاتژمێـر ٣ی ئێـوارە گەیشـتمە گۆڵمەخانـە. دواتـر سـواری ئۆتۆمۆبێلـی سـەرۆکی پۆلیسـی ڕەزایـە بـووم، هـەر بۆیـەش پێـش کاتژمێـر ٤ گەیشـتمە ڕەزایـە.

٦. لـە ٢٠ی مانگـی مـەی پەیوەندیـم بـە فەرمانـدارەوە کـرد و نزیکـەی یـەک کاتژمێـر پێکـەوە بوویـن و لەسـەر بابەتـی جۆراوجـۆر گفتوگۆمـان کـرد. دواتـر پەیوەندیـم بـە کۆنسـولی سـۆڤیەتەوە کـرد، بـەڵام ئـەو [بـۆ پشـوویەک] بـەرەو شـاخەکان چـوو بـوو. هـەر بۆیـەش نامەیەکـم بـە جێهێشـت و تێیـدا ئامـاژەم بـەوە کردبـوو، ڕۆژی دواتـر

پەیوەنـدی دەکەمـەوە. دواتـر پەیوەندیـم بـە کۆنسـولی نوێـی تورکیـا، مسـتەر ئۆرهـان گوینـدەن (Orhan Gunden)ەوە کـرد. پاشـان پەیوندیـم بـە کۆلۆنێـل ‹بەیلـەری بێـی› فەرمانـدەی هێزەکانـی ئێـران و دواتریـش پەیوەندیـم بـە سـەرۆک پۆلیسـەوە کـرد.

٧. دروێنـەی بەروبومـی کشـتوکاڵی. لـە سەرتاسـەری ئـەم ناوچەیـەدا دۆخـی بەروبومـی کشـتوکاڵی زۆر باشـە و نرخەکـەش زۆر بـەرزە و ئـەم سـاڵەش تاڵانـی لـە ئـارادا نییـە. جوتیـاران بـە بـەراورد لەگـەڵ سـاڵانی ڕابـردوو کێڵگـەی زۆرتریـان کێـڵاوە. وادیـارە ئـەم سـاڵ بەروبومـی میـوە بـە بـەراورد لەگـەڵ سـاڵانی ڕابـردوو، زۆر باشـترە. هەروەهـا چەڵتـوك کـە لەلایـەن سـوپای بەریتانیـاوە لـە ‹میانـە› بـۆ ‹تەورێـز› هاوردەکـراوە، لـە کاتـی خۆیـدا گەیشـتووە تـا بکرێتـە شـەتڵ.

٨. دۆخـی خـۆراک. بەگشـتی بـە هـۆی بوژانـەوەی کشـتوکاڵ، دۆخـی خـۆراک و خـواردن باشـتر بـووە. ژمارەیـەک لـە بازرگانـان بـە درێژایـی زسـتان کشمیشـیان لـە ئەنبارەکانـدا گڵدابـووەوە، وادیـارە زۆر بـە خراپـی زەرەریـان پێگەیشـتووە. دەگوترێـت نزیکەی ١٢٠٠ تـەن کشمیشـی پـار لـە ڕەزایـەدا ماوەتـەوە، کەچـی نرخەکـەی زۆر دابەزیـوە. ڕووس تا هەنوکـەش ڕێگـە نـادەن کشـمیش لـە ئازەربایجـان بچێتـە دەرەوە. هەنوکـە بازرگانەکان چوونەتە لای کۆنسـولی ڕووسـیا و داوایان لێکردووە یان ڕووس خۆیان ئەو کشمیشـەی لە ئەنبارەکانـدا ماوەتـەوە بکـڕن، یان ڕێگە بدەن هەناردەی شـارەکانیتری ئێـران بکرێت. بە ڕەچاوکردنـی ئـەوەی لـە چەند مانگی کەمـی داهاتـوودا بەرهەمێکی زۆرتری کشـتوکاڵی دێتـە نـاو بازاڕەکانـەوە و نرخی کاڵاکانیش زۆرتـر دابەزێت، ئەمەش نیگەرانـی بازرگانانی لێکەوتووتـەوە. سـەختە ئـەم بازرگانانـە بتوانن هاوسـۆزی ڕووس بەدەسـت بهێنن.

(٥٪) ی بەرهەمـی گەنمـی ئـەم سـاڵ لەلایـەن خـاوەن زەوییەکانـی ڕەزایـەوە بـە ڕووس دراوە (نامـەی مسـتەر ئۆرکهـارت (Mr. Urquhart) کـە لـە ٢١ی ئەپریـل بـۆ سـێر ریدێـر بـۆلاردی (Sir Reader Bulard) ناردبـوو)، لـە ڕاسـتیدا وەک دیـاری پێشـکەش بـە خاچـی سـووری ڕووسـی کرابـوو. فەرمەنـدار ئـەم هەواڵـەی پشتڕاسـت کـردەوە. هەروەهـا فەرمانـدار ئامـاژەی بـەوەدا، ئـەم بابەتـەی بـۆ ‹حاکمـی گشـتی›یش باسـکردووە. بە قسـەی فەرمانـدار ئـەم دیارییـە لەلایـەن خاچـی سـووری ڕووسـەوە قبـوڵ کـراوە.

٩. نرخـەکان. لـە ناوەڕاسـتی مانگـی مەیـدا، نرخـی بەروبومـی ناوخۆیـی زۆر دابـەزی. ئەمـەش بـە هـۆی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی بەرهەمهێنانـی بەرهەمـە ناوخۆییەکانـی بـوو. تـا ٢٧ی مانگـی مـەی کـە مـن [ئازەربایجـان]م بەجێهێشـت، نرخـەکان وەك خۆیـان مابوونـەوە. ئـەم خشـتەی خـوارەوە نرخـی کۆمەڵێـک بەرهەمـی سـەرەکی لـە کۆتایـی مانگـی مـارچ و ٢٠ی مانگـی مـەی (نزمتریـن نـرخ) و ٢٥ی مانگـی مـەی دەخاتـەڕوو.

| | مارچ | ٢٠ی مەی | ٢٥ی مەی |
|---|---|---|---|
| گەنم | ١٢٥٠ تمەن یەک تەن | ٥٤٠ تمەن | ٧٨٠ تمەن |
| جۆ | ٩٠٠ تمەن یەک تەن | ٤٨٠ تمەن | ٥٧٠ تمەن |
| کشمیش | ١٨٠٠ تمەن یەک تەن | ٤٠٠ تمەن | ٧٣٠ تمەن |
| نۆک | ١٠٨٠ تمەن یەک تەن | ٤٨٠ تمەن | ٤٨٠ تمەن |
| پەمۆ | ٢٤٤٠ تمەن یەک تەن | | ١٢٢٠ تمەن |
| کەرە | ٦٧.١٠ ریال یەک کیلۆ | | ٣٩.٥٥ ریال |

نرخـی کـەرە دووبـارە بەرزبووەتـەوە، چونکـە بـە گوێـرەی قسـەکانی بەڕێوەبـەری بانکـی میللـی، ڕووس بـە ڕادەیەکـی زۆر کـەرە دەکـڕن. بـە بۆچوونـی بەڕێوەبـەری بانکـی میللـی، نرخـی گەنـم سـەر لـە نـوێ دادەبەزێتـەوە چونکـە، وەرزی دروێنـەی گەنـم نزیـک بووەتـەوە. نرخـی نـان بـەم جۆرەیـە: لـەواش ٧.٥٠ ریـال بـۆ یـەک کیلـۆ . سـەنگەک ٧ ریـال. نانـی وشـک ٦ ریـال (coarse bread).

نرخی کارکردن دووبارە بەرزبووەتەوە و کرێکاران جاران ڕۆژانە ٥ ریالیان وەردەگرت، ئێستا ٢٥ بۆ ٣٠ ریال وەردەگرن، بۆ هەندێك کاریش ڕۆژانە نزیکەی ٤٠ ریال وەردەگرن، کەواتە ئاستی نیگەرانیی خەڵک کەم بووەتەوە، تەنیا لە نێوان کرێکارە چاکەت ڕەشەکان (black-coat workers)دا نەبێت. هەروەها خەڵکی ئێرە زۆربەیان خاوەن زەویی بچووکن و لە ڕێگەی ئەم زەوییانەوە توانیویانە ئاستی مووچە کەمەکەیان بەرز بکەنەوە. خەڵک متمانەیەکی زۆر کەمیان بە پارەی کاغەز هەیە. گوتم، سەر لەنوێ لێدانی پارەی ئاسنینی زێڕ یان زیو- یان هەر کانزاییێکیتر- لە هەر ڕێکارێکیتر کاراترە بۆ دابەزاندنی نرخی کاڵاکان.

١٠. کـورد. لەبـارەی کـوردەوە شـتێکی پـتر لەوەم نییە کـە لە ڕاپۆرتی پێشـتردا باسـم کردووە. وادیـارە کـورد زۆر بـە جیـددی ئاگادارکردنەوەکـەی ڕووسـیان سـەبارەت بـە چۆنیەتـی ڕەفتارکـردن، وەرگرتـووە. لـە مانگـی مەی فەرمانـدار، سـەرکردەی کـورد و نوێنەرەکانیانی بانگێشـتی کۆبوونەوەیەک کردووە لە ڕەزایە. نزیکەی بیسـت لەم سـەرکردە و نوێنەرانە بەشـدار ببوون، بەڵام هیچ کەسـێکیان لە ناوچەی برادۆسـت نەبوون. کۆنسـولی ڕوسـیا و کۆلۆنێـل ‹بەیلـەر بێی›ش لە کۆبوونەوەکەدا بەشـدار بـوون. کورد بەڵێنیانداوە ئەم سـاڵە ئاشـتی و ئارامی پێشـێل نەکەن و کۆنسـولی ڕووسـیاش دووبـارە ئـاگاداری کردوونەتەوە، ئەگـەر بێـت و کـورد بەڵێنەکەیان پێشـێل بکەن [ڕووسـیا هێزەکانی لـە ڕەزایەوە لە دژی کـورد دەجوڵێنێـت]. سـەرۆکی پۆلیـس ڕەشـبینە و گوتی هەمـوو کورد درۆزنـن و نابێ بە هیـچ شـێوەیەک متمانەیـان پێبکرێـت. خـودی سـەرۆک پۆلیـس ئازەربایجانـی نییـە (ئەو زۆر بـە دەگمـەن بـە تورکـی قسـە دەکات)، هـەر بۆیـەش دەکرێـت کە [قسـەکانی ئەو] سـەبارەت بـە کـورد ڕەنگـدەرەوەی هەڵوێسـتی حکومەتـی ناوەنـدی بێت. بـە بۆچوونی کۆنسـولی سـۆڤیەت، کـورد هیچ گرفتێکـی ئەوتۆ دروسـت ناکەن کە بیانو بدەنە دەسـت دەسـەڵاتدارانی ئێـران. ڕووداوەکانـی نازلـو، ئـەوەی لـە یاداشـتنامەکەی بەرایـدا ئامـاژەم پێـدا، کـەم تـا زۆر چارەسـەر کـراوە. بـە بۆچوونـی کۆنسـولی سـۆڤیەت، ئەگـەر زۆرتـر پێداگـری لەسـەر ئـەم بابەتـە بکرێـت، لـەم بـارەوە هیـچ نییـەت پاکیـەک بەدیناییێـت، هەروەهـا بـە بۆچوونی ئـەو، چۆنیەتی باش هەڵسـوکەوتکردن لەگەڵ بەرپرسـیارانی ئەم ڕووداوە، ئەرکـی جەندرمەیـە. کۆنسـولی ڕووسـیا بـە منـی گـوت، کاتێـک ئێرانییـەکان بە ڕەزامەنـدی ڕووسـیا بڕیـاری دامەزراندنـی بنکەیەکـی جەندرمەمـان لـە نازلـو دەرکـرد، نزیکـەی ٢٠ جەندرمـە بـۆ گونـدی نازلـو نێـردران. لەبـری ئـەوەی ئـەو جەندرمانـە بـە لـۆری یـان بـە پیادە بنێردرێنـە گوندەکە، ئـەوان گەمـارۆی گوندەکەیانداوە. گوندنشـینان ترسـاون لـەوەی هێـرش بکرێتـە سـەریان، هەربۆیـەش خۆیـان بـۆ بەرگریکـردن ئامـادە کـردووە. هەڵبـەت هـەردوو لایـەن، بانگەشـەی ئـەوە دەکەن، لایەنـی بەرامبەر دەسـتی بـە تەقەکـردن کـردووە. بە بۆچوونی کۆنسـولی ڕووسـیا ئـەم بابەتە بابەتێکـی گرنگ نییە و بەهـۆی کارە نەشـیاوەکەی جەندرمـە، سـزای دانیشـتوانی گوندەکـە نـادات.

پێــش ئــەوەی ڕەزایــە بەجــێ بهێڵــم هەواڵــی ئــەوەم پێگەیشــت، لــە نێــوان دوو

دەستەی شکاک لە باکووری [ڕەزایە] پێکدادان ڕوویداوە. دەستەیەک لەلایەن ‹سەرتیپ› و ‹حەسەن هەناری› سەرکردایەتی دەکرێت و دەستەکەی دیکە لەلایەن ‹عومەرخان› و ‹کۆتای محەمەد›ەوە. بە بڕوای من ئەم ڕووداوەش، ناکۆکییەکی خێزانییە و هیچ بایەخی نییە.

١١. پەیوەندییەکانی نێوان ڕووس و تورک. وادیارە مستەر ئۆرهان گوندەن (Orhan Gunden) کونسولی نوێی تورکیا، کونسولێکی باشە و دژی بۆچوونەکان جێگری کۆنسول بێت [کە تا پێش هاتنی کۆنسولی نوێ کاروباری کۆنسولگەری تورکیا لە ڕەزایەی بەڕێوەدەبرد]. مستەر گوندەن بە منی گوت بە بڕوای ئەو نەشئەت بێی، جێگری کۆنسول کە ساڵی رابردوو کاروباری کۆنسولی تورکیای لە ئەستۆ بوو، سەبارەت بە هێرشی کورد و دزینی مەڕ لەناو خاکی تورکیادا، بابەتەکەی زۆر گەورە کردووە. خودی کۆنسول ئەم بابەتە زۆر بە جیددی وەرناگرێت. بەبەردەوامی دەستدرێژی لەم جۆرە هەبووە و تا ئەوکاتەی کوردێک مابێت، ئەم جۆرە کارانە ئەنجام دەدرێن. بە پێچەوانەی نەشئەت بێی، کۆنسول لەو بڕوایەدا نییە دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت هانی کوردیان دابێت، ئەمجۆرە کارە ئەنجام بدەن. کۆنسول ئاماژەی بەوەدا، لەوانەیە ژمارەیەک لە سەربازی ڕووسی نابەرپرس هانی کوردیان دابێت ئەم کارە بکەن و چاویان لە کورد داخستبێت، بە تایبەتیش ئەگەر بێت و بەشێک لە دزییە وەبەر ئەم سەربازانە کەوتبێت، بەڵام کێ دەتوانێت لەم ڕەوشە سەختەدا گلەیی لەم سەربازانە بکات؟

بۆ مستەر گوندەن سەرەکیترین پرس بریتییە لە داهاتووی ئازەربایجان لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕ. ئەو زۆر هەوڵیدا من ڕازی بکات بەوەی بڵێم لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕ، ڕووس بە نیاز نین لە ئازەربایجان بچنە دەرەوە. تەنیا ئەوەم گوت، من هیچ هۆکارێک نابینم حکومەتی سۆڤیەت پابەندی ئەو بەڵێنە نەبێت کە لە ڕێککەوتنە سێ قۆڵییەکدا هاتووە. بە بۆچوونی ئەو و هەروەها لەبەرئەوەی ئەم لەم دواییانەدا لە ئەنقەرەوە هاتووە، گەیشتمە ئەو ئەنجامە، حکومەتی تورکیا زۆر لەسەر ئەم بابەتە کار دەکات.

مستەر گوندەن بەمنی گوت لەم دواییانەدا هێزەکانی سۆڤیەت لە ناوچەی سەلماس جووڵەیان کردووە و ئەمەش ڕووداوێکی زۆر گرنگە و دەیەویست بۆچوونی من لەم بارەوە بزانێت. لە وەڵامدا گوتم، هیچ زانیارییەکم لەم بارەوە نییە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە سوپا دەست بە ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی بکات، چونکە لە کاتی زستاندا ناکرێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت؛ هەربۆیەش بە ڕای من سەلماس لە دوای داگیرکردنی لەلایەن سۆڤیەتەوە، بووە بە مەڵبەندێکی گەورەی سوپای سۆڤیەت، باشترین شوێنە بۆ ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی. وادیاربوو کۆنسولگەری قەناعەتی بەم وەڵامەی من هاتبێت، کە لەوانەیە لە بۆچوونی ئەو لەم بارەوە نزیک بێت.

١٢. پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا. بە بۆچوونی من لە پاش سەردانی پێشووم، پەیوەندی نێوان ئێران و ڕووسیا تاڕادەیەک تێکچووە. ئەمەش بە هۆی تووڕەبوونی ئێرانییەکان لەوەی ڕووس بڕیاریانداوە نەهێڵن کورد ئاژاوە بنێنەوە و بە ئارامی ڕایانگرن، بەڵام ئەمەش لە هەڕەشەکردنەوە دەرباز نەبووە و هیچ کردارێکی بەخۆوە نەبینیووە. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، بۆچی لە مانگی فێبریوەریدا فەرماندار هەوڵیدا هێرشکردنی کورد بۆ ناو خاکی تورکیا [بۆ ئەنجامدانی کاری تاڵانی] بە شتێکی کەم هەژماری بکات، بەڵام لە مانگی ‹مەی›دا، ئەم هێرشانە لە ڕادەبەردەر گەورە نیشاندەدا. دەسەڵاتدارانی ئێران ناتوانن ڕێگری لەم کارەی کورد بکەن. کەواتە ئەنجامدانی ئەم جۆرە کردەوانە لە بەرپرسیارێتی ئەواندا نییە، چونکە دەستی حکومەتی ئێران لەلایەن ڕووسەوە بەستراوەتەوە، ئێستا ئێرانییەکان تووڕەن و هەوڵ دەدەن ڕووس بێ ئیعتیبار و وا نیشان بدەن کە لەبارەی ئارام ڕاگرتنی کوردەوە ڕووسیش، هەر بە قەدەر ئێرانییەکان سەرکەتوو بوونە.

خاڵێکیتر بریتییە لەوەی فەرماندار هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی هەمیشەیی کۆنسولگەریی بەریتانیا لە ڕەزایە بکرێتەوە؛ ئەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد، لە سەرچاوەیەکی زۆر باوەڕپێکراو و بیستوویەتی، ئەفسەرێکی سەربازیی بەریتانیا لەم

نزیکانـەدا لـە ڕەزایـە دەسـت بـەکار دەبێـت. ئێرانییـەکان دەیانەوێـت کەسـێک لـە ڕۆژئـاوای ئازەربایجانـدا هەبێـت، بتوانێـت لـە دژی ڕووس بوەسـتێتەوە، هەربۆیـەش دەیانەویـت ئـەم ڕۆڵـە بـە ئێمـە بسـپێرن.

لەوانەیــە هەڵوێســتی ئێرانییــەکان ســەبارەت بــە ڕووس لــەم پەیوەندییــەی خــوارەوەدا زۆر بــە باشــی نیشــان بدرێــت، کاتێــک فەرمانــداری شــاری خــۆی بــە بــێ ئاگادارکردنــەوەی حاکمــی گشــتی تەورێــز، بانگێشــتی تــاران کــرا. هــۆکاری ئــەم بانگهێشــتکردنەش بــە گوێــرەی قســەکانی حاکمــی ڕەزایــە، بریتــی بــووە لــەوەی فەرمانــداری شــاری خــۆی لەگــەڵ دەســەڵاتدارانی ڕووســیا لــە ناوچەکــەدا پەیوەنــدی زۆر نزیکــی هەیــە و ڕۆژێــک بــۆ پێکەنیــن گوتبــووی لــەم نزیکانــەدا ئــەو دەبێتــە ‹فەرمانــــدار تۆڤاریـــچ› (Tovaritch Farmandar).

ئــەم قســەیەش گەیشــتووەتە گوێــی دەســەڵاتدارانی تــاران و فەرمانــداری شــاری خــۆی، هەســتی کــردووە تووشــی گرفــت بــووە و هەوڵیــداوە بــە خێــرا دەســەڵاتدارانی تــاران ببینێــت، چونکــە دەســەڵاتدارانی تــاران هیــچ شــتێکی پێکەنیناویــان لــەم قســەی فەرمانــداردا نەبینیــوە. ئەگــەر بێــت و ئەمــە هــۆکاری بانگێشــکردنی فەرمانــدار بێــت (کــە مــن تەنیــا لەســەر زاری حاکمــی ڕەزایــە ئــەم قســەیەم بیســتووە)، ئــەوە ڕوون دەکاتــەوە، بۆچــی تــاران حاکمــی گشــتی تەورێــزی لــە بانگێشــتکردنی فەرمانــداری خــۆی ئــاگادار نەکردووەتــەوە؛ واتــە لــە ترســی ئــەوەی حاکمــی گشــتی دەســتی لەگــەڵ ڕووســەکاندا هەبووبێــت و دەســت تێکەڵکــردن لەگــەڵ ڕووســیش لــە ناوەندەکانــی حکومەتــدا ڕەگــی داکوتابێــت.

١٣. پەیوەندییەکانــی نێــوان ئەنگلۆ-ســۆڤیەت. ئــەم پەیوەندییانــە تــا هەنوکــە، پەیوەنــدی باشــن. لــە گشــت شــوێنێک ڕووس زۆر بــە ڕێــزەوە مامەڵەیــان لەگــەڵ منــدا کــردووە. کۆنســولی ســۆڤیەت لــە ڕەزایــە پێشــنیازی کــرد، بــۆ گەڕانــەوەم بــۆ گۆلەمخانــە، ئۆتۆمۆبێلەکــەی ئــەو بــەکار بهێنــم، هەروەهــا لــە کاتــی گەیشــتنم بــە ڕەزایــە، ســەربازەکانی ســۆڤیەت یارمەتــی منیانــدا و جانتایــان بردمــە نــاو بەلەمەکــە. یەکێــک لــەو شــتانەی لــە کاتــی گەیشــتن بــە ڕەزایــە لێــی ئــاگاداری

کرامـەوە، بریتـی بـوو لـەوەی لـە هەفتـەی رابـردوو، کـە دەکاتـە ١١ی مـارچ، سـێ ئەفسـەری بەریتانیـا لەگـەڵ دوو سـەرباز و یـەک وەرگێـڕ، لـە ڕێگـەی ڕوانـدزەوە گەیشـتوونەتە ڕەزایـە، بـە بـێ ئـەوەی دەسـەڵاتدارانی ڕووس ئاگاداربکەنـەوە، یـان مۆڵەتیـان لێوەرگـرن. بەهـۆی ئامادەنەبوونـی فەرمانـدەی هێزەکانـی ڕووسـیا کـە لـە مانۆڕەکـەدا بـووە، مسـتەر ماگزیمـۆف (Mr. Maximoff)، کونسـولی ڕووسـیا، مۆڵەتـی بـەو کەسـانەداوە، بـۆ مـاوەی دوو شـەو لـە ڕەزایـە بمێننـەوە. کۆنسـول نەیتوانیـوە ڕێگـە بـەو کەسـانە بـدات سـەردانی باکـوور[ی ئازەربایجـان] بکـەن. خۆشـبەختانە ئەفسـەرە بەریتانییەکـە لەگـەڵ کۆنسـول زۆر کـراوە بـووە و کۆنسـولی ئاگادارکردووەتـەوە ئـەوان بـۆ تاقیکردنـەوەی ئامرازەکانـی بەنـدەری حەیدەرئابـاد هاتوونەتـە ئێـرە. کۆنسـول ئـەم کارەی ڕەت نەکردووتـەوە و لەگـەڵ ئـەوان سـەردانی ئـەم شـوێنەی کـردووە، بـەم جـۆرەش کۆنسـول پێشـگیریی لـەو دەنگۆیانـە کـردووە کـە ڕەزایـە لەلایـەن ڕووسـەوە گەمـارۆ دراوە. وەرگێڕکـە کەسـێکی بەڕەگـەز ئاشـوری بـووە، لـە شـاردا باسـی ئـەوەی کـردووە ئەفسـەرەکانی بەریتانیـا هاتوونـە تـا سـەردانی حەیـدەر ئابـاد بکـەن و شـوێنی حەوانـەوە بـۆ سـوپای بەریتانیـا بدۆزنـەوە کـە جێگـەی سـوپای سـۆڤیەت دەگرنـەوە. بـە بـڕوای مـن ئـەم پێشـوازییەی کـە لـەم ئەفسـەرانە کـراوە، لـە لایەکـەوە بەهـۆی گۆڕینـی هەڵوێسـتی ڕووس بـووە لەبەرانبـەر ئێمـەدا بـە هـۆی ئـەو سـەرکەوتنەی لـە تونـس دەسـتەبەریان کـرد. هەروەهـا لـە لایەکیـترەوە بـە هـۆی مسـتەر ماگزیمـۆڤ بـووە کـە مرۆڤێکـی کراوەیـە و [ڕێگەیـداوە ئەفسـەرەکان لـە ڕەزایـە بمێننـەوە]. ئەگـەر فەرمانـدەی سـەربازی لـەوێ بـا، بابەتەکـە زۆر جیـاواز دەبـوو. مـن داوای لێبوردنـم لـە مسـتەر ماگزیمـۆف کـرد و بەڵێنمـدا، تـەواوی هەوڵـی خۆمـان دەدەیـن، تـا ڕێگـری لـە دووبـارە بوونـەوەی ئـەم جـۆرە کارانـە بکەیـن، هەروەهـا سوپاسـمکرد کـە لەگـەڵ ئەفسـەرەکان زۆر بـە ڕێـزەوە ڕەفتـاری کـردووە. سـەبارەت بـە ڕووپێوکردنـی بەنـدەری حەیدەرئابـاد، بـە کۆنسـولم ڕاگەیانـد بـە بـڕوای مـن دەسـەڵاتدارانی بەریتانیـا هیـچ کات ئـەوە پشـتگوێ ناخـەن لـە ڕێـگای ڕوانـدزەوە یارمەتـی و هـاوکاری پێشـکەش بـە سـوپای ڕووسـیا بکـەن، هـەر بۆیـەش ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن بـۆ ئەنجامدانـی

ئـەم کارە گشـت تواناکانـی خۆمـان بەکاربهێنیـن. لـەم بـارەوە مسـتەر ماگزیمـۆڤ هـاوڕای مـن بـوو و هیـوادارم ڕووس ئـەم بابەتـە [هاتنـە نـاوەوەی ئەفسـەرەکان بـۆ ڕەزایـە بـە بـێ مۆڵـەت وەرگرتـن] داخـەن؛ هەروەهـا مـن لـەو بڕوایـەدا نیـم دەسـەڵاتدارانی سـەربازیی سـۆڤیەت، هەڵوێسـتێکی ناخـۆش لـەم بـارەوە بنوێنـن.

١٤. پەیوەنـدی نێـوان موسـڵمان و مەسـیحی. بەگشـتی ناکۆکییەکـی کـەم سـەبارەت بـە بۆچوونـی ئایینـی هەیـە، ئەمـەش بەهـۆی ئـەو کاریگەرییـەی موجتەهیـد لـەم بـارەوە هەیبـووە کـە کەسـێکی میانـڕەو بـووە، بـەڵام سـەرەڕای ئەمـەش هەندێـك هـۆکار و لایـەن هـەن بـە ئاڕاسـتەی ئاژاوەنانـەوە لـەم بـارەوە کار دەکـەن. بەرچاوتریـن دەمارگـرژی مسـوڵمانان لـە کۆتایـی مارچـدا بـوو، واتـە کاتێـک کـە باوکـە فرانسـێن، کـە سـەرۆکی شـاندی کەنیسـەی کاسـۆلیکی فەرەنسـایە، پاکێتێکـی بەدەسـت گەیشـتبوو و کاتێـک پاکێتەکـەی کردبـووە، لاشـەی منداڵێکـی مـردووی تێـدا بـوو. نامەیـەک لەلایـەن کەسـێکی نەنـاسراوەوە لـە پاکێتەکـەدا بـوو، بـۆ یەکێـک لـە ئەندامانـی شـاندەکە نێردرابـوو کـە دەکاتـە باوکـی منداڵەکـە. باوکـە فرانسـێس یەکسـەر پۆلیسـی ئـاگادار کردووەتـەوە، بـەڵام لـەو کاتـەوە تـا ئێسـتا پۆلیسـی بەرەوپێشـچوونێکی زۆر کەمـی لەبـارەی ئـەم بابەتـە تۆمـار کـردووە. لەوانەیـە موسـڵمانێک هەوڵیدابێـت لـە شـکۆی شـاندەکە کـەم بکاتـەوە، لەبەرئـەوەی دەسـەڵاتدارانی ئێـران گشـتیان موسـڵمانن، نایانەوێـت ئـەم پیلانگێڕییـە ئاشـکرا بکـەن، چونکـە ڕەنگـە یەکێـک لـە هاو-ئایینەکەیـان لـەم کارەدا بەشـدار بێـت، بـەڵام باوکـە فرانسـیس بڕیاریـداوە بـەدوای بابەتەکـەدا بچێـت و ئەگـەر پێویسـت بـوو لـە ڕێگـەی نوێنەرایەتـی پـاپ لـە تارانـەوە ئـەم کارە دەکات. هەروەهـا باوکـە فرانسـیس داوای لێکـردم، داوا لـە پۆلیسـی خۆجێـی بکـەم، بـە جیدیـی بـەدوای ئـەم کارە بکـەون. هەربۆیـەش مـن لەگـەڵ سـەرۆکی پۆلیـس قسـەم کـرد، ئەگـەر بێـت و دامەزراوەیەکـی فەرەنسـی بێتـە نـاو بابەتەکـەوە، ئێمـە ناتوانیـن لـە دوورەوە بوەسـتین. سـەرۆکی پۆلیـس لـە وەڵامـدا گوتـی، ئـەو بابەتەکـەی زۆر بـە جیـددی وەرنەگرتـووە و پێوابـووە منداڵەکـە، منداڵێکـی قوتابخانەیـە. گوتـم بـە پێچەوانـەوە،

مــن بابەتەکــەم زۆر بــە جیــددی وەرگرتــووە و تووشــی سەرســوڕمان بوومــە کــە ئــەو بابەتەکــەی وەهــا بــە ســووکی وەرگرتــووە و تــا هەنوکــە پۆلیــس نەیتوانیــوە شوناســی منداڵــە مردووەکــە دیــار بــکات. دواتــر دڵنیایکردمــەوە پۆلیســی نهێنــی لــە لێکۆڵینــەوە بەردەوامــە و نزیکــن لــە دیارکردنــی ئــەو کەســەی ئــەم کارەی کــردووە. مــن دڵنیــا نیــم ئــەم لێکۆڵینەوەیــە هیــچ ئەنجامێکــی هەبێــت، تەنیــا ئــەو کاتــە نەبێــت کــە نوێنەرایەتــی پــاپ لــە تــاران بێتــە نــاو بابەتەکــەوە.

١٥. پڕوپاگەنــدە. وا دەردەکەوێــت ڕووس زۆر بــە کەمــی پڕوپاگەنــدە دەکــەن و مــن هیــچ ئاماژەیەکــم بــە فرۆشــتن، یــان دابەشــکردنی مەلزەمەکانــی پڕوپاگەنــدە بــە زمانــی فارســی، تورکــی، ئەرمەنــی، کــوردی و ڕووســی نەبینیــوە. ئەمــەش بــەو مانایــە نایێــت ئــەم جــۆرە نامیلکانــە نیــن. کۆنســولی تورکیــا لــە ئاهەنگێکــی زۆر گــەورەدا پێیگوتــم، ســێ هەفتــە لەمەوبــەر لەلایــەن فەرمانــدارەوە ســینەمایەک کرابــووەوە، تێیــدا پۆســتەر و وێنــە و ئەدەبــی ڕووســیا دابــەش دەکــران و هەڵــواسرا بــوون، بــەڵام کۆنســول ئــەم کارەی بــە ناگرنــگ هەژمــار کردبــوو و پشــتگوێی خســتبوو و گوتبــووی، ئــەم بڵاوکراوانــە بریتیــن لــە پڕوپاگەنــدەی ئاســایی ســەردەمی جەنــگ. لەمــەش زیاتــر، ئەگــەر بڵاوکردنــەوەی نامیلکــەی پڕوپاگەنــدە نیگەرانــی لێبکەوێتــەوە، کەواتــە کارەکــەی ئێمــە [بەریتانیــەکان] دەبــێ زۆرتریــن نیگەرانــی لێبکەوێتــەوە. پاکێجــی پڕوپاگەندەکــردن- مــن بــە بابەتــی دەنگــۆ بڵاوکردنــەوە نــاوی دەبــەم- مــن لەگــەڵ خــۆم هێنابــووم لــە مــاوەی ٤٨ کاتژمێــردا لەلایــەن بریکارەکانمانــەوە فــرۆشران. ئەگەرچــی ئــەم پاکێجانــە تەنیــا چاپکــراوە کۆنــەکان و هەندێــك بابەتــی تایبــەت بــە شــەیپور-ی لەخۆگرتبــوو. بابەتــە نێردراوەکانیــتر لــە تارانــەوە زۆر درەنــگ لــە تەورێــز گەیشــتە دەســت مــن. دەبــێ بڵێــم بابەتەکانــی تایبــەت بــە شــەیپور زۆر بــە جوانــی نووسرابــوون و یەکێــک لــەو بابەتانــە دوای دەربازبوونــی ماوەیەکــی زۆر، کــۆن نابێــت. بــە بــڕوای مــن باشــترە بــۆ شــوێنێکی دوور هەڵکەوتــووی وەک ڕەزایــە، لــە دوای کۆتایــی هاتنــی جەنــگ ئــەو چاپکراوانــە بــڵاو بکەینــەوە کــە لــە ڕووی داهاتــووی بازرگانییــەوە گرنــگ بــن.

بۆ یەکەمجارە سەردانی سینەمای ناوچەکە دەکەم، لە سینەماکەی تەوریز باشترە، هەروەها خودی باڵاخانەکەش باشترە. ئەو شەوەی من چوومە سینەماکە خەڵکی زۆری تێدا بوو، بەڵام دەکرێ ئەمەش بەو هۆیەوە بێت کە شەوەکە، شەوی پێنج شەممە بوو. فیلمەکەش فلمێکی کلاسیکی بوو بە ناوی ‹The Bridge of Frankestein›، من پێشتر ئەم فیلمەم نەبینیبوو و هیوادارم کە نەشیبینمەوە. هەفتەی دواتر فیلمی ‹Stalingrad› نیشاندرا، هیچ کام لەم پێنج سینەما گەڕۆکە کە هی ڕووسن، لەناوچەی ڕەزایە نەبینراون.

سەرۆک پۆلیسی ڕەزایە بڕیاریداوە، نابێ هیچ پڕوپاگەندەیەکی دوژمن لە ڕەزایەدا هەبێت. دەگوترێت لەم دواییانەدا گۆشت فرۆشێکی نەزان وێنەیەکی هیتلەری لە دوکانەکەیدا هەڵواسیوە. پۆلیس گۆشت فرۆشەکەی دەستبەسەر کردووە و ئەویش گوتوویەتی وێنەکەی لە ناو هەندێك کاغەز و بابەتی کۆندا دۆزیوەتەوە و تەنانەت کەسایەتی سەر وێنەکەش ناناسێت. گۆشتفرۆشەکە لەلایەن سەرۆکی پۆلیسەوە ترسێنراوە بە بێ ئەوەی ئاماژە بە جۆری ترساندنەکە بدات، بەڵام گۆشتفرۆشەکە ڕادەستی ڕووس نەکراوە. ئەگەر ڕاپۆرتەکان ڕاست بن، کێشەکە، بە بەخشینی یەک یان دوو کیلۆ کەبابی جوان بە سەرۆک پۆلیس چارەسەر کراوە.

دەنگۆی دانی گۆشت و خواردنەوە بە خەڵکی ڕەزایە زۆر بڵاو بووەتەوە. هەروەها بە گوتەی یەکێک لە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی فەرماندار، مستەر چەرچل، ستالین و سەرۆک رۆزڤێلت بەم نزیکانە لە تاران کۆدەبنەوە.

١٦. تەندروستی گشتی. دکتۆرەکەی حکومەت پێیگوتم ئەم ساڵ ژمارەی تووشبووانی تیفۆ لە پار زۆرترە. نزیکەی هەر ٣٠ کەس لە مانگێکدا، بەڵام نەگەشتووەتە ئەو ئاستەی لە تاران و تەوریز هەیە. ڕووس دەستیان بە کوتانی تەواوی دانیشتوانی خۆی و سەلماس کردووە لە دژی نەخۆشی تیفۆ. هەروەها کۆنسولی سۆڤیەت بە منی گوت، لە ماوەی چەند هەفتەی داهاتوودا ئەوان هەمان کار لە ڕەزایەش ئەنجام دەدەن. خەستەخانەی حکومی لە ڕەزایە داوودەرمانی زۆر کەمی تێدایە، بۆیە دکتۆرەکان ناچارن ڕۆژانە ٣-٤ حەب بە نەخۆشەکانیان بدەن. ئەو ڕێژە حەبەش بۆ

چارەسـەرکردنی مالاریـا بـێ سـوودە. حاڵـی حـازر، ڕۆژانـە ٢٠٠ حاڵەتـی تـووش بـوون بـە مالاریـا تۆماردەکـرێ. ئەگـەر بێـت و ئـەم ڕێـژەی تـووش بوونـە بـەرز ببێتـەوە و دەرمانـی پێویسـتیش نـەگات، ئـەوکات دورینـەوەی بەروبومـی کشـتوکاڵی، بەهـۆی کەمـی دەسـتی کار، تووشـی گرفـت دەبێتـەوە.

١٧. سـیخوڕی. ژنێـک لـە ڕەزایـە هەیـە، بانگەشـەی ئـەوە دەکات خزمـی قەوامولسـەڵتەنەیە و هیـچ کاتێـک هاوسـۆزی خـۆی لەگـەڵ ئەڵمانەکانـدا نەشـاردووتەوە. دەگوترێـت ئەڵمانـەکان ئامرازێکـی پەیوەندیکردنیـان هەیـە، لـە هەمـوو شـوێنێک کار دەکات، هەروەهـا دەگوترێـت ئەڵمانـەکان لـە ماڵـی ئـەودا دەژیـن، دەزگایەکـی پەخشـی ڕادیـۆی نهێنیـش لـە ماڵەکەیـدا دۆزراوەتـەوە. سـەختە بـڕوا بکەیـن ئـەم شـتە لـە ئـارادا بێـت و ڕووس ئـاگاداری نەبـن. تەنانـەت ئەگـەری ئـەوەش هەیـە ژنەکـە بریـکاری ڕووس بێـت. تەنانـەت ئـەو ئـەم قسـانەی لەلایـەن خوشـکانی فەرەنسـی (French Sisters) کـردووە کـە خەریکـی وانەبێـژی زمانـی فەرەنسـین! بەهەرحـاڵ، باوکـە فرانسـین کۆنسـولی سـۆڤیەتی لـەم بـارەوە ئـاگادار کردووەتـەوە.

١٨. هێزەکانـی ئێـران. حاڵـی حـازر، سـوپای ئێـران لـە ڕەزایـە لـە سـێ فەوجـی پیـادە و چـوار فەوجـی هاونـی ٧٥ (pounder guns-٧٥) پێکدێـت. تەنیـا یـەک لەسـەر سـێی هێـزی پیـادە تفەنگـی هەیـە، بـەڵام چـاوەڕوان دەکرێـت بـەم نزیکانـە ئـەم ڕێژەیـە بـۆ نیـوە بـەرز بێتـەوە. ئەمـەش بـە هـۆی ئـەوەی فەوجێـک دەنێرێتـە تـاران و چەکەکانیـان بەجێدێڵـن و ئـەم چەکانـەش بەسـەر دوو فەوجەکەیـتردا دابـەش دەکرێـن. مـن نازانـم ئەمـە بڕیـاری ڕووسـە، یـان هـی ئێرانییەکانـە.

واژوو (F. C. Ogden)

کۆنسولی گشتی بەریتانیا

تەورێز

٥ی جونی ١٩٤٣

کورد و کوردستان

ژمارە: ٤ (٤٣/٦/٧١٢)

شاندی بەریتانیا لە تاران

١٣ی جون ١٩٤٣

وەزیـــری حکومەتـــی خاوەنشـــکۆ لـــە تـــاران، ســـڵاو و ڕێـــز بـــۆ باڵیـــۆزی خاوەنشـــکۆ لـــە ئەنقـــەرە دەنێرێـــت و شـــەرەفی ئـــەوەی پێبـــڕاوە، بەڵگەنامەکانـــی خـــوارەوەی پێشـــکەش بـــکات.

ناونیشـانی نامـەی پێشـوو: نـووسراوی تـاران ژمـارە ٢ (٤٣/٣/٧١٢ ) لـە ٣٠ی مـارچ ١٩٤٣.

نـاو و ڕێکـەوت: کۆنسـولی گشـتی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لـە تەورێـز. نـووسراوی ژمــارە ٢٩ ل٢ ١٩٤٣/٦/٢..

بابەت: سەردانی جێگری کۆنسول بۆ ڕەزایە.

((4) 3479-22862-2)

زۆر نهێنی
کۆنسولگەری گشتی بەریتانیا، تەورێز
٢ی جونی ١٩٤٣
ژمارە ٢٩ (RWU/BGU) (737/SA/43)

بەڕێز

١. شـــەرەفی ئـــەوەم پێبـــڕاوە، یاداشـــتێک کـــە لەلایـــەن مســـتەر ئۆگـــدن (Mr Ogden) جێگـــری کۆنســـولگەری ســـەبارەت بـــە ســـەردانی ئـــەم دواییـــەی بـــۆ ڕەزایـــە نـــووسراوە، بۆتـــان بنێـــرم.

٢. هەواڵێکـی دڵخۆشـکەرە، کۆنسـولی تورکیـا لـە ڕەزایـە لەبەرانبـەر ئـەو ڕووداوانـەی لـە سـەر سـنوورەکان ڕوودەدەن، هەسـتیارە و بـە ئارامـی چاودێـری ڕووداوەکان دەکات. ئێـوەم ئـاگادار کردووەتـەوە، کۆنسـولی گشـتی تورکیـا لـە تەورێـز ڕێـک بـە پێچەوانـەی کۆنسـولگەری پێشـوو کـە ترسـی دەنایـەوە و لایەنگـری ئەڵمانـەکان بـوو، هەڵسـوکەوت دەکات، کەواتـە دەبـێ هیـوادار بیـن لـە داهاتـوودا، حکومەتـی تورکیـا تەنیـا ڕاپۆرتـی ورد و دروسـتی لـە نوێنەرایەتییەکانـی لـە تەورێـز و ڕەزایـە بـە دەسـت دەگات. تـەواو هـاوڕام لەگـەڵ قسـەکەی کونسـولخانەی [تورکیـا] سـەبارەت بـەوەی پشـتگیریی ڕووس بـۆ کـورد تەنیـا بـە هـۆی لاوازیـی سـوپای خۆجێیـی بـووە، ئـەم کارەش لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی کاتـدا ئەنجـام دراوە. ئەمـەش هەنگاونانـە بـەرەو ئاڕاسـتەیەکی عەقڵانـی.

٣. بەهەرحـــاڵ، بەداخـــەوە کۆنســـولگەری پێشـــووی ویلایەتـــە یەکگرتـــووەکان لـــە تەورێـز، مسـتەر کونیهـۆلم (Mr Kuniholm) دەبـا بـەردەوام بـا لـە ئارامکردنـەوەی پەیوەندییەکانـی نێـوان ڕووسـیا و تورکیـادا. لەوانەیـە لەبیرتـان بێـت، سـاڵی ڕابـردوو ئـەو لێدوانێکـی بـۆ کونسـولخانەی گشـتی تورکیـا لـە تەورێـز دا، کـە بـووە هـۆی نانـــەوەی گرفـــت بـــۆ هەندێـــك لـــە نووســـینگەکانی ئێمـــە (بڕوانـــە تەلەگرامـــی ئەنقـەرە بـە ژمـارە ٩٤١ لـە ٨ی مـەی ١٩٤٢ بـۆ وەزیـری دەرەوە). ئـەوان خۆیـان

ئامـادە دەکـەن بـۆ نانـەوەی گرفتـی هاوشـێوە، ئەگـەر بێـت و مسـتەر کونیهـۆلم بۆماوەیەکـی درێـژ لـە تارانـدا بمێنێتـەوە و ئـازاد بێـت لـە لێداوانـە زیانگەیێنەکانـی لەبـارەی سیاسـەتی ڕووسـیا لـە ئازەربایجانـدا.

٤. بـە بـڕوای مـن مسـتەر ئۆگدێـن (Mr Ogden) ڕاسـت دەڵێـت بـەوەی ئێرانییـەکان هـەوڵ دەدەن هێرشـە جارناجارەکانـی کـورد بـۆ نـاو خاکـی تورکیـا وەک ئامرازێـک بـۆ کـەم بایەخـی ڕووس بـەکار بهێنـن. لـەم بارەشـەوە نەشـئەت بێـی (Nshaat Bey) بـۆ ئێرانییـەکان پیاوێکـی بەسـوودە کـە دەتوانێـت لـە کاتـی ڕوودانـی هـەر ڕووداوێکـدا، فەوزایەکـی لـە ڕادەبـەدەر دروسـت بـکات. فەرمانـداری گشـتی لەبـارەی ناڕەزایەتـی جیـددی جێگـری کۆنسـولگەری تورکـی پەیوەنـدی بـە منـەوە کـرد، ناڕەزایـی دەربڕیـوە، بۆچـی ڕووس ڕێگـە بـە ئێرانییـەکان دەدەن، سـەربازی زۆرتـر بێننـە نـاو ئازەربایجـان (بڕوانـە نامەکـەم بـە ژمـارە ١١ لـە ٧ی فێبریـوەری، پەرەگرافـی ٣ (ii) و ٦).

کاتێـک دوو ڕۆژ پێـش مـن پیرۆزبایـم لـە فەرمانـدەی گشـتی کـرد بـە هـۆی ئـەو ئارامـی و سـەقامگیرییەی لـە ئازەربایجانـدا هێناویەتـە ئـاراوە، ئـەو هیـچ خۆشـحاڵییەکی دەرنەبـڕی. ئـەوە یەکەمجـارە [لـە تەورێـز] هیـچ ڕووداوێکـی ناخـۆش ڕووی نـەداوە و تورکیـاش ناڕەزایـی لەبـارەی هەبوونـی نائارامـی و مەترسـی دەرنەبڕیـوە تـا وەک بەڵگەیـەک بـۆ سەرزەنشـتی ڕووس بـەکاری بهێنێـت.

٥. ئەگـەر ڕووس بـە هـۆی ئـەو نائارامییـەی لـە ئـارادا بـوو، شـایانی ئـەوە بـن گلەییـان لێبکرێـت، بـەڵام هەنوکـە دەبـێ دەستخۆشـیان لێبکرێـت، بـە هۆی ئـەو سـەقامگیرییە باشـەی لـە ئارادایـە. بـە قسـەی مسـتەر ئۆگدێـن، هۆکاری ئـەم سـەقامگیرییە سـادەیە، ئەویـش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کۆنسـولخانەی سـۆڤیەت لـە تەورێـز بـە هـۆی نائارامییەکانـی مانگـی مارچـی ڕابـردوو بـە کـوردی گوتـووە، پێویسـتە سـەقامگیری و ئارامـی ڕاگـرن، یـان دەبـێ ئەنجامەکانـی هاتنـە نـاوەوەی هێزەکانـی ڕووسـیا لـە ئەسـتۆ بگـرن. ئەمـڕۆ لەلایـەن کوردێکـی مهابـاد ئـاگادار کرامـەوە، سـۆڤیەت شـاندی نـاردووە، هەمـان پەیـام بـە سـەرکردەکانی کـورد لـە مهابـاد بگەیێنـن.

٦. ڕووس خۆشحاڵن بە هۆی کاریگەریی ئەم قسانەیان و کاریگەریی ئاگادارکردنەوەکانیان بایەخێکیان بەدەستهێناوە. هیچ گومانێکیان لەوە نییە بارودۆخی ئابوری [ئەم ناوچانە] یارمەتیدەریانە، تا هەنوکەش زۆرێک لە خێڵەکان گەنمیان ئەنبار کردووە و بە قازانجەوە دەیفرۆشنەوە ڕووس.

٧. لەڕاستیدا، ڕووس هەڵوێستێکی هاوشێوەیان لەبەرانبەر خودی ئێرانیەکانیش (فارسەکان) گرتووەتەبەر. ئێران دەیەوێت هێزی چەکداری تایبەت بە خۆی دامەزرێنێت، تا لەم ڕێگەیەوە کورد چەکبکات و دووبارە بیانخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. دەگوترێت کردەوەکانی سەرهەنگ حێشمەتی بووە هۆی هەڵگیرساندنی ئاژاوەکانی ساڵی رابردوو، وا دیارە ئەگەر حکومەتی تاران لە دژی کورد دەست کراوەبا، هەنوکە پارێزگاکانی کورد لە ئاشوب و ئاژاوەدا بوون.

٨. ڕووس هیچ یەک لەمانەی سەرەوەی ناوێت. ئەوان ڕەتیان کردووەتەوە هێزەکانی ئێران ئاشتی تێک بدەن. لەڕاستیدا، حکومەتی تاران پێویستە چەند ڕۆژێک خۆی سەرقاڵی چەکداماڵین لە کورد و کەسانیتر بکات، بەڵام بە بڕوای من، هەڵوێستی ڕووس، حاڵی حازر، بریتییە لە ڕێگە نەدان بە ئەنجامدانی ئەم کارە، چونکە هەنوکە شەڕێکی سەخت لە ئارادایە و ڕووسیا پێویستی بە ڕێرەوێکی ئارام هەیە، تا کاڵاکان بەرەو ڕووسیا بچن و دڵنیا بن بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بە باشترین سوود بۆ ڕووسیا دەنێردرێن.

٩. بە بڕوای من ئەم شتانەی خوارەوە لەم بارودۆخەدا دەتوانرێت هەڵێنجێنرێن. ڕووشانی کەرامەتی سوپای ئێران، ترسی سیاسەتمەدارانی ئێران لەبارەی داهاتووی ئازەربایجان و نیگەرانی خاوەن زەوییە نادیارەکان، کاریگەرییان کەمتر نییە لە خیانەتکردن لە هەوڵەکانمان بۆ شەڕی داهاتوو.

من لەو بڕوایەدا بووم، ڕووس سیاسەتی ئەم ناوچەیەیان قوفڵ کردووە، بەڵام دوای تێپەڕ بوونی هەفتە لە دوای هەفتە بەبێ تێکچوونی ئارامی و سەقامگیریی گشتی، دووبارە بیرم کردەوە، ئایا ڕووس بە چانس بێت یان بە پێی پلان،

باشـــترین سیاســـەتی کورتخایەنیـــان گرتووەتەبـــەر لـــە بـــێ تواناکردنـــی حکومەتـــی تـــاران لـــە ڕووی ســـەربازییەوە لـــەم ناوچەیـــەدا. بـــۆ ئـــەو کەســـانەی لـــەو بڕوایـــەدان لـــە داهاتـــوودا ئـــەم سیاســـەتە بـــۆ ئێـــران ســـوودمەند دەبێـــت، مـــن دووبـــارە دووپاتـــی دەکەمـــەوە، کاتـــی ئـــەوە هاتـــووە تـــاران لەگـــەڵ کـــورد بـــۆ گەیشـــتن بـــە ڕێککەوتنێکـــی چارەســـەری، دانوســـتان بـــکات، بۆئـــەوەی کـــورد دووبـــارە ڕوو لـــە تـــاران بکەنـــەوە.

سێر،

من ئەو شەڕەفەم هەیە، خزمەتکاری وەفادارتان بم.

R. W. URQUHART(sgd.)

**یاداشتنامە**

**پەلامار کورد بۆسەر تورکیا (Kurdish Raids on Turkey)**

لـە میانـەی سـەردانەکەم بـۆ ڕەزایـە، لەگـەڵ کۆنسـولگەریی نوێـی تورکیـا مسـتەر ئۆرهـان گونـدەن ئاشـنا بـووم. پێیگوتـم لـەو بڕوایەدایـە، پەلامـار کـوردی ئێـران بـۆ سـەر سـنوورەکان، ‹نەشـئەت بێـی› کـە بـۆ مـاوەی پـتر لـە سـاڵێک جێگـری کۆنسـولگەری بـووە بـە تەواوەتـی سـەرقاڵی ئـەم بابەتـە دەکات. ئـەو خـۆی ئـەو پەلامارانـە زۆر بـە جیـددی وەرناگرێـت. ئـەم پەلامارانـە هەمیشـە هەبـوون و تـا ئـەو کاتـەی یـەک کـورد مابێـت، پەلامـارەکان بـەردەوام دەبـن. بـە بۆچوونـی مـن، چونکـە ئۆرهـان گونـدەن تـازە لـە ئەنقـەرەوە هاتـووە، کەواتـە فەرمانـی هەیـە ئـەم پەلامارانـە سـەرکوت بـکات.

لــە لایەکیــترەوە، لــە مــاوەی ســەردانەکەی پێشــووم لــە مانگــی فێبریوەریــدا، دەســەڵاتدارانی ئێــران، تیشــکیان خســتە ســەر ئــەم پەلامارانــە و پێیــان ڕاگەیانــدم ئەمجـارە ئـەم پەلامارانـە زۆر جیددیـن. تەنانـەت فەرمانـدار بـە منـی ڕاگەیانـد ئـەم جـارە ٥٠٠٠ سـەرە مـەڕ لـە تورکیـا دزراون، ژمارەیـەک، تەنانـەت نەشـئەت بێیـش گاڵتـەی پێدێـت، تەنیـا ئـەو کاتـە نەبێـت فەرمانـدار ئـەم ژمارەیـە بخاتـە چوارچێـوەی زەمەنێکـی مێژوویـی دوورودرێـژ. بـەلای منـەوە ئـەم هەڵوێسـتە تازەیـەی ئێـران تەنیـا بــۆ بــێ بایەخکردنــی ڕووســە.

بـە بـڕوای نەشـئەت بێـی، ڕووسـیا هانـی کـورد دەدات، ئـەم جـۆرە پەلامارانـە بـۆ سـەر تورکیـا ئەنجـام بـدەن، بـەڵام بـە بۆچوونـی کۆنسـولگەری نـوێ [ئۆرهـان گونـدەن]، دەکرێـت ژمارەیـەک لـە سـەربازەکانی ڕووس لـە ناوچـە سـنوورییەکاندا دەسـتییان لەئەنجامدانـی ئـەم پەلامارانـەدا هەبێـت، بـە تایبەتیـش ئەگـەر بێـت و ئەوانیـش پشـکێک لـە گۆشـتی تـازەی ئـەم سـەرە مەڕانەیـان وەبـەر بکەوێـت. ئـەو، دڵنیاییـە هیـچ کاتێـک دەسـەڵاتدارانی ڕووسـیا، هانـی ئـەو سـەربازانە نـادەن بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم جـۆرە کارانـە.

**پەیوەندییەکانی ڕووسیا-تورکیا**

مستەر گوندەن بە دوورودرێژی باسی لە مەبەستی ڕووس کرد سەبارەت بە ئازەربایجان لە دوای شەڕ. ئەو دەیەویست هانم بدا بڵێم ڕووس بە تەما نین وڵات [واتە ئێران] بەجێبهێڵن. پێمگوت هیچ بەڵگەیەکم لەبەردەست نیە بیسەلمێنێت ڕووس پابەند نابن بە ڕێککەوتنی ئەنگلۆ-سۆڤیەت-ئێران. دواتر مستەر گوندن گوتی، ئەو کاتەی لە تاران بووە، وەک تێگەیشتووە، ئەمریکیەکان هەمان بۆچوونی [هاوشێوەی بۆچوونی منیان] نییە. من پرسیم ئایا مەبەستی ئەو لە ئەمریکاییەکان مستەر کونیهۆڵم (Mr Konihulm)ە. ئەو بەم قسەی من تووشی سەرسوڕمان بوو و ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە لە یانەی تاران (Tehran Club) گفتوگۆیەکی دوور و درێژی لەگەڵ مستەر کونیهۆڵمدا کردووە. دواتر پێمگوت ناتوانم متمانە بە بۆچوونەکانی کونیهۆڵم سەبارەت بە ڕووسیا بکەم و گومانم هەیە بۆچوونی ئەو لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەمریکاوە پەسەندکراو بێت.

لە گفتوگۆکانمدا لەگەڵ مستەر گوندەن گەیشتمە ئەو ئەنجامە، حکومەتی تورکیا زۆر نیگەرانی پرسی داهاتووی ئازەربایجانە لە دوای شەڕ.

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و کۆمۆنوێلس

تەورێز

١ی جون ١٩٤٣.

تەلەگرامی ژمارە ٧٩

لەلایەن: ترێبیزۆند (Trebizond)

بۆ: ئەنقەرە (R T Nopar)

ڕاپۆرتی: ئیستانبۆل

ڕێککەوتی: ٥ی ئۆگۆست ١٩٤٣.

نێردراو: ٥ی ئۆگۆست ١٣٠٠

تۆمار: ٦ی ئۆگۆست ٠٩٠٠

ڕاگەیێندراو: ٦ی ئۆگۆست ١٢٢٠

بۆ وۆلفسۆن (Wolfson)

من لەلایەن سەرچاوەیەکی متمانە پێکراوەوە ئاگادار کراومەتەوە تاقمێك چەکداری کورد ئێران، چەندین کاری تاڵانکاری و ڕاوڕوتیان لە نزیک بایەزید [لە تورکیا] ئەنجام داوە. دەگوترێت ئەم تاقمانە لەلایەن دوو تورکەوە بەڕێوە دەبردرێن [......]. بەتاڵیونێکی سوارە بۆ سەرکوتکردنی ئەم تاقمانە نێردراوە کە لە بۆسەیەکدا ٤٧ کورد کوژراون و سێ سەربازی تورکیش بریندار بوونە. [حوکمڕانی] بایەزید سەبارەت بەم پەلامارانە، شکایەتی لەلایەن فەرماندەی ڕووس، تیپی سەر سنوورەکان، کردووە. فەرماندەکە، [حوکمرانی] بایەزیدی دڵنیا کردووتەوە، دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ ئەو کوردانەدا نییە و هیواخواز بووە هیچ ڕووداوێک لەسەر سنوورەکاندا ڕوو نەدات، کە بە تەواوەتی لەلایەن ئەڵمانەکانەوە داگیرکراوە، بەڵام ئەوان هێزی پێویستیان نییە ئەم تاڵانچیانە (marauder) بوەستێنن.

CT.

Dist: H. E. Minister Councellor File.

تەلەگرامی ژمارە ١٧

لەلایەن: تاران، (H. M. Legation) (R T Nopar)

بۆ: سێر هـ. ناچبۆل-هیوجسێن (Sir H. Knatchbul-Hugessen) ئەنقەرە

ڕاپۆرتی: نووسینگەی کاروباری دەرەوە ٨٩٩

نێردراو: ١٥ی ئۆگۆست ١٩٤٣

تۆمار: ١٦ی ئۆگۆست ٢٢٢٥

ڕاگەیێندراو: ١٧ی ئۆگۆست ١٢٠٠

ئەمەی خوارەوە لە تەورێز، بە تەلەگرامی ژمارە ١٨٩ لە ١٢ی ئۆگۆست، بە دەستمان گەیشتووە:

تەلەگرامەکەتان ژمارە ٩١

١. هیچ دەنگۆیەک سەبارەت بەم ئاژاوەیە [واتە پێکدادانەکانی ترێبیزۆند (Trebizond)] نەگەیشتووەتە تەورێز. فەرماندەری گشتی لە میانەی گفتوگۆیەکی بەرفراواندا، ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە، کورد زۆر بە باشی هەڵسوکەوت دەکەن.

٢. ئەمڕۆ بەیانی لە میانەی گفتوگۆیەک لەگەڵ کۆنسولگەری گشتی تورکیا، ئاماژەم بەوە دا، بیستوومە کۆنسولی تورکیا لە تەورێز کە لەم دواییانە دەست نیشان کراوە، واز لە پۆستەکەی دێنێت. دواتر لێم پرسی ئایا ئەویش سەرقاڵی شکایەتەکانی پەیوەست بە پەلامار کورد لەسەر سنوورەکانی تورکیا نییە، کە بۆ هاوپیشەکەی پێشووی (جێگرەوەکەی) بووە کانگای نیگەرانی. کونسوڵی گشتی ئاماژەی بەوەدا، بە بڕوای ئەو ئەم پەلامارانە بۆ ماوەی سەدان ساڵ بەردەوام بووە و لەوانەیە بۆ چەندین ساڵیتریش بەردەوام بێت. هەروەها ئەو خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە [ئەرکی پاراستنی] سنوورەکانی نێوان ئێران و تورکیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی کۆنسولی ئەودا نییە، بەڵام لە ڕەزایە ئەم ئەرکە

لـە دەسـەڵاتی کونسـولدایە، کەچـی ئـەو لەگـەڵ کۆنسـولی ڕەزایـە هـاوڕا بـووە کـە سـنوورەکان زۆر شـاخاوین و پەیوەندیکـردن (گەیانـدن) لـەم ناوچەیـەدا زۆر سـەختە، بـە جۆرێـک هیـچ لایەنێـک [نـە ئێران و نـە تورکیـا] بەتەنیـا ناتوانـن گەرەنتی پاراسـتنی ئـەم سـنوورانە لـە ئەنجـام نەدانـی پەلامـار بکـەن.

٣. ئـەو دڵنیاییـدا حکومەتەکـەی هەمـوو تواناکانـی خـۆی دەخاتەگـەڕ، تـا ڕێگـری لـە ئەنجامدانـی ئەمجـۆرە پەلامارانـە بـکات. پێداگـری لـەوە دەکـرد حکومەتـی ئێرانیـش، ئەگـەر بتوانێـت، هەمانـکار ئەنجـام دەدات. هەروەهـا ئـەو دڵنیایـە ڕووس ئـارەزووی ئەوەیـان هەیـە. [بـە بـڕوای کونسـولی گشـتی] ڕووس خەریکـی جەنگێکـی سـەختن و ناکرێـت لێیـان چاوەڕوان بیـن تەرکیزێکـی زۆر بخەنـە خوویەکـی کۆنـی کۆمەڵێـک خێڵـی لـە یاسـا دەرچـووی کـورد، هـەر کاتێـک مەترسـییان لەسـەر نەبێـت، بـە دوای ئامانجـی تایبـەت بـە خۆیـان دەکـەون. مـن هیـچ ئاماژەیەکـم بـەو پێکدادانـە نەکـرد کـە لـە ترێبیزۆنـد (Trebizond) ڕوویـداوە کـە لـە تەلەگرامـی ژمـارە ٧٩ ی ئەنقـەرە، ئامـاژەی بـۆ کـراوە. هەروەهـا خـودی کۆنسـولگەری گشـتیش نەپرژایـە سـەر بابەتەکـە، هـەر بۆیـەش پێموایـە ئەویـش هـەروەک فەرمانـداری گشـتی [ترێبیزۆنـد] دەیەوێـت باسـی ئـەم بابەتـە نـەکات. یـان ڕاپۆرتەکـە [ڕاپۆرتـی ژمـارە ٧٩، پێـش ئـەوەی نائارامـی بگاتـە ترابـزۆن]، بابەتەکـەی گـەورە کـردووە.

٤. کونسـولی تورکیـا لـە ڕەزایـە سـبەی بەڕێدەکەوێـت، تـا لـە پۆسـتە نوێیەکەیـدا لـە قاهیـرە دەسـت بـە کار بێـت. مـن هیـوادارم بتوانـم مێوانـداری ئـەو بکـەم و هەرکاتێک زانیاریـی زۆرتـری پەیوەسـت بـەم بابەتـەم دەسـتەبەر کـرد، ئاگادارتـان دەکەمـەوە.

CT

Distribution: H. E. Minister Councellor File.

تەلەگرامی ژمارە ١٩٢

لەلایەن: تەورێز

بۆ: تاران (R T Nopar)

ڕاپۆرتی: ئەنقەرە ١

ڕێککەوتی: ١٧ی ئۆگۆست ١٩٤٣

نێردراو: ١٨ی ئۆگۆست ١٢٠٠

تۆمار: ٢٤ی ئۆگۆست ٠٩٠٠

ڕاگەیێندراو: ٢٤ی ئۆگۆست ١٧٠٠

**تەلەگرامەکەم بە ژمارە ١٨٩**

کونسـولی تورکیـا لـە ڕەزایـە، پێیڕاگەیانـدم هەندێـك هەواڵـی تەمومـژاوی بیسـتووە سـەبارەت بـە هێرشـی کـورد لـە نزیـک بایەزیـد، هەروەهـا ئـەو ئامـاژەی بـەوە دا، ئـەو دەزانێـت کـورد زیانێکـی قورسـیان پێگەیشـتووە، بـەڵام لـەم بـارەوە هیـچ زانیارییەکـی فەرمـی لەبـەر دەسـتدا نییـە. ئەمڕۆ لـە ڕێگـەی دەروازەی سـنووریی بـازرگان و ئـەرزەڕۆم، بـەرەو ئەنقـەرە بـەڕێ دەکەوێـت و لـە میانـەی سـەفەرەکەیدا چـاوی بـە کاربەدەسـتانی تورکـی بەرپـرس [لــە پاراسـتنی] سـنوورەکان دەکەوێـت. مسـتەر گونـدەن گوتـی بـە نیـازە پەیوەنـدی بـە باڵیـوزی بەریتانیـا لـە ئەنقـەرە بـکات، و مەبەسـتیەتی سـەبارەت بـە گەشـتەکەی بـۆ قاهیـرە داوای ڕێنمایـی بـکات. لەوانەیـە ئـەوکات سـەبارەت بـەم ڕووداوە زانیاریـی زۆرتـری دەسـت بکەوێـت.

CT

Distribution: H. E. Minister Councellor File.

کورد و کوردستان

تەلەگرامی ژمارە ٣٦ (R T)

لەلایەن: سێر هـ. ناچبۆل-هیوجسێن (Sir H. Knatchbul-Hugessen) ئەنقەرە

بۆ: (H. M Legation)، تاران

ڕاپۆرتی: تەورێز ژمارە ١

ڕێکەوتی: ٣٠ی ئۆگۆست، x١٩٤٣

نێردراو: ٣١ ئۆگۆست ١٢٣٠

تەلەگرامی تەورێز بە ژمارە ١٩٢ بۆ بەڕێزتان لە ١٧ ئۆگەست: کورد

لە ٣٠ی ئۆگۆست کونسولی تورکیا ڕایگەیاند دەسەڵاتدارانی سنوور ڕاستی و دروستی ڕاپۆرتی ترێبیزۆند [سەبارەت بە پێکدادانەکانی ئەم دواییەی] پشتڕاستیان کردووەتەوە. ئەوان ژمارەی کوژراوانی کورد بە ٣٩ کەس هەژمار دەکەن نەک ٤٧ کەس و ڕایانگەیاندووە یەک یان دوو سەربازی تورک بە سووکی بریندار بوونە. کۆنسول پێشنیازی ئەوەی کردووە، گرنگییەکی کەم بە ڕووادوەکە بدرێت.

Distribution: H. E. Minister Councellor File.

AKH. LF

زۆر نهێنی

(PIC/215/30)

(P I C PAPER NO. 34)

کۆمەڵە سەرنجێک لەبارەی پرسی کورد

١. ڕەچەلەکی کورد بابەتێکە جێگەی مشتومڕە، بەڵام بۆ مەبەستی ئەم ڕاپۆرتە، کورد بە کۆمەڵە خێڵێک پۆلێن کراون، ڕەچەڵەکیان بۆ ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە. کورد لە بنەڕەتدا کۆچەرین (چادرنشین)، بەڵام حاڵی حازر، خەریکە دەبن بە خێڵی نیشتەجێ و لە ناوچەیەکدا دەژین کە لە باکوورەوە بە درێژایی هێڵی ئەلەکسەندریا-ماراش-مالاتیا-ئەرزەنجان-ئەرزەرۆم-ئیڕەوان دەورە دروان. لە ڕۆژهەڵاتەوە، واتە لە ئێران، ناوچەی کورد بەرەو ئاڕاستەی ڕۆژهەڵاتی باشوور لە ئێریڤانەوە درێژ دەبێتەوە و ناوچەکانی ورمێ (ڕەزایە) ساوج بلاغ [ئەمە دەبێ سابلاغ بێت، ساوج بڵاغ ناوچەیەکە لە نزیک کەرەج-وەرگێڕ]، سنە و کرماشان لە خۆ دەگرێت. لە باشوور و ڕۆژئاوا بە هێڵێک لە نزیکی خانەقینەوە درێژ دەبێتەوە بەرەو چیای حەمرین، دواتر بەرەو دیجلە دەچێت و لەوێوە بۆ بنارەکانی تورکیا درێژ دەبێتەوە. لە باشووری ڕۆژهەڵات لەسەر ڕێگای خێرای خانەقین بۆ کرماشان لەک و لوڕەکان نیشتەجێن کە هەندێکجار بە کورد هەژمار دەکرێن.

کورد مسوڵمانی سونەن و زمانەکەیان لە ڕەچەڵەکی هیندو-ئەوروپیەکانە. ئەم زمانە بە سەر دوو شێوەزاری سەرەکیدا دابەش بووە، ئەوانیش زازایی و کرمانجین، یەکێک لە شێوەزارەکان لە تورکیا قسەی پێدەکرێت و ئەویتریش لە ئێران و عێراقدا. جیاوازی لە نێوان ئەم دوو شێوەزارەدا زۆر بەرچاوە و ئەگەر کوردێک بە یەکێک لەم شێوەزارانە قسە بکات، کوردێکیتر بە شێوەزاریتر قسە بکات، لێک تێناگەن. بەهەرحاڵ، هەردوو ناوچەکە لە زمانی نووسین تێدەگەن، بەڵام ئەو کوردانەی دەتوانن زمانی خۆیان بخوێننەوە ژمارەیان کەمە. تا ئەم دواییانە، کورد ڕێنووسی عەرەبیان بەکار

دێنـا، بـەڵام کاتێـک تـورک پیتـی لاتینیـان بـەکار هێنـا، ناسیۆنالیسـتەکانی کـورد هەمـان پیتیـان بەکارهێنـا و هەنوکـە کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامەکانیـان بـەم پیتانـە دەنووسرێـت.

هـەروەک جـووەکان، ڕەچەڵەکـی کـورد هـەر شـتێک بێـت، بـەڵام خـاوەن خۆڕاگـری نەتەوەییــن و دژی هــەر هەوڵێــک دەوەســتنەوە کــە هەوڵــی تواندنەوەیــان دەدات. هەندێــك خێڵــی بچووکــی کــورد لــە ســوریا هــەن، ژمارەیــان نزیکــەی چوارســەد [هــەزار] کەســن، نزیکـەی سـێ سـەدەیە لـەوێ نیشـتەجێن و بـە تەواوەتـی لەلایـەن عەرەبەکانــەوە دەورە دراون، بــەڵام هــەر کــورد ماونەتــەوە و پارێزگارییــان لــە نەریتــی کــوردەواری خۆیــان کــردووە.

ژمـارەکان لەسـەر ڕێـژەی دروسـتی کـورد جیـاوازە. ئـەم خشـتەیەی خـوارەوە کەمتریـن و بەرزتریـن ژمـارەی کـورد دەخاتـەڕوو.

| | زۆرترین | کەمترین |
|---|---|---|
| تورکیا | ٣،٨٠٠،٠٠٠ | ١،٥٠٠،٠٠٠ |
| ئێران | ٣،٠٠٠،٠٠٠ | ٧٠٠،٠٠٠ |
| عێراق | ١،٠٠٠،٠٠٠ | ٥٠٠،٠٠٠ |
| سوریا | ٣٠٠،٠٠٠ | ٢٥٠،٠٠٠ |
| ڕووسیا | ١٦٠،٠٠٠ | ٢٠،٠٠٠ |
| | ----- | ------- |
| کۆی گشتی | ٨،٢٦٠،٠٠٠ | ٢،٩٧٠،٠٠٠ |

٢. لـە ژێـر دەسـەڵاتی تورکـە عوسـمانیەکاندا، کـورد تاڕادەیـەک پێگەیەکـی بەرجەسـتەیان هەبـوو، ئەویـش بـە هـۆی ئـەو یارمەتییـەی کـورد لە شـەڕی دژی سیلسـیلەی سـەفەوی لـە ئێـران لـە سـەرەتای سـەدەی شـانزدەیەمدا، پێشکەشـی سـوپای عوسـمانیان کـرد. کـورد بڕێـك لـە ئۆتۆنۆمیـان دەسـتەبەر کـرد و بـە پێـی تۆمـاری مێـژوو، تـا سـەرەتای سـەدەی نۆزدەیـەم هیـچ جـۆرە ناکۆکییەکـی قـووڵ لـە نێـوان کـورد و دەسـەڵاتی

ناوەنـدی عوسـمانی نەهاتووەتـە کایـەوە، واتـە کاتێـک سـوڵتان محەمـەدی دووەم سیاسـەتی بەمۆدێرن کردنـی گرتەبـەر و لـە سەرتاسـەری وڵاتـدا لـە دژی دەرەبەگـەکان و کەسـایەتییە خێڵەکییـەکان وەسـتایەوە. لـە نێـوان سـاڵانی ١٨٣٩-٤٠دا، کاتێـک حکومەتـی تورکیـا دەسـتی بەسـەر سـوریادا گـرت، تاکـو ڕێگـری لـە هێرشـی سـوپای میـسر بـە سـەرکردایەتی ئیبراهیـم پاشـا بکـەن، ئاغایەکـی کـورد، واتـە بەدرخـان بێـی، لـە دەرگولـی، نەخشـەی دامەزراندنـی میرنشـینێکی کوردیـی سـەربەخۆ بـە فەرمانڕەوایـی خـۆی و لـە ژێـر سەرپەرشـتی ئێـران داڕێشـت. ئـەو کۆنفدراسیۆنێکی لـە نێـوان هـەکاری و بۆتـان و خێڵـە گرنگەکانـی کـورد دامەزرانـد و دەگوترێـت سـەردەمی فەرمانڕەواییـە کورتەکـەی پـڕ بـووە لـە دادپـەروەری و ئاشـتی، بـەڵام دواجـار ئـەو لەلایـەن تورکەکانـەوە لـە دەسـەڵات لادرا و میرنشـینە هاوکارەکانیشـی لـە قوسـتەنتینیە دەستبەسـەرکران. ئـەو ناوچانـەی بەردخـان بێـی فەرمانڕەوایـی دەکـرد، بـە نائارامـی مانـەوە و لـە سـاڵانی ١٨٥٠-٥١، ١٨٥٢ و ١٨٥٣، کـورد ڕاپەڕیـن. دوای شـەڕی کریمیـە، بابـی عالـی لەبەرانبـەر خێڵـە کوردییـەکان ڕەفتارێکـی ئاشـتیخوازانەی گرتەبـەر و، تـا سـاڵی ١٨٨٠-٨١، کاتێـک شـێخ عوبەیـدوڵای شـەمزینان هەوڵیـدا دەوڵەتێکـی کـوردی لـە ناوچـەی ئێـران لـە ڕۆژئـاوای دەریاچـەی ورمـێ دابمەزرێنێـت، هیـچ ناکۆکیەکـی جیـددی لـە نێـوان هـەردوو لایەنـدا ڕووی نـەدا. شـێخ عوبەیـدوڵا ‹کۆمەڵـەی کـورد›ی (Kurdish League) دامەزرانـد و بـە پێنـج هـەزار سـوارچاک هێرشـی کردە سـەر ئێران، بـەڵام کۆنسـولخانەکانی بەریتانیـا و ڕووسـیا لـە تەورێـز، هاتنـە نـاو بابەتەکـە و شـێخ عوبەیدوڵایـان هانـدا، بـە ئاشـتی هێزەکانـی بکشـێنێتەوە. شـێخ لەلایـەن بابـی عالیـەوە وەک سـزادانێک بـۆ مەککـە دوورخرایـەوە، بـەڵام بیرۆکـەی کۆمەڵـەی کـوردی مایـەوە و کاریگـەری خسـتە سـەر هەندێـك گەنجـی کـورد، بەتایبەتیـش کاریگـەری خستەسـەر کـوڕی سـەرۆک خێڵـەکان کـە لـە قوتابخانەکانـی قوسـتەنتەنیە خوێندبوویـان.

ڕۆژنامەیەکـی کـوردی بە ناوی ‹کوردسـتان› لـە قاهیرە چاپکرا، بەڵام بەهۆی گوشـارەکانی تورکیـاوە، ڕۆژنامەکـە لـە قاهیـرە بـۆ بەریتانیـا گوازرایـەوە و یەکەمجـار لـە سـاڵی ١٨٩٢ لـە فۆلکسـتۆن بڵاوکرایـەوە. دواتر کۆمیتەیەک لە کەسـایەتییەکانی کـورد پێکهێنرا. ئەم کۆمیتەیە سـەرەتا لـە دەرەوە چالاکـی دەگێـڕا، بـەڵام دواتـر لـە ژێـر دەسـەڵاتی تورکـە گەنجـەکان و

بـە نـاوی کۆمیتـەی نەتەوەیـی کـورد، ڕێگەیـان پێـدرا لـە ئیسـتانبوڵ چالاکـی ئەنجـام بدات، لەبەرانبـەردا ئـەم کۆمیتەیـە پشـتیوانی لە کۆمیتەی شۆڕشـگێریی ئیتحـاد و تەرەقی کرد. ئەم گروپـە لـە ئەمیـن عالـی بەدرخـان و کوڕەکانـی، شـەریف پاشـا، سـەعید عەبدولقـادر، بابـان فـواد بێـی، بابـان شـوکری بێـی و چەندیـن کەسـایەتیتر پێکهاتبـوو. دوای شـۆڕش، کۆمیتـەی ئیتیحـاد و تەرەقـی، لـە بەڵێنەکانـی خـۆی پەشـیمان بـووە و هەوڵیـدا جوڵانـەوەی کـورد سـەرکوت بـکات. شـەریف پاشـا و ئەمیـن عالـی بەدرخـان حوکمی سـێدارەیان بـۆ درا، بەڵام لـە وڵات هەڵاتـن. هەوڵێکیـتر بـۆ ئاشـتی لـە سـاڵی ١٩١٢دا ئەنجامـدرا، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو. کۆمیتـەی کـورد لەلایەن تورکەکانەوە هەڵوەشـێندرایەوە و سـلێمان ئاغـا بەدرخان لە بۆتـان لەلایـەن پۆلیسـی تورکیـاوە کوژرا.

٣. لـە میانـەی شـەڕی سـاڵانی ١٩١٤-١٨دا، عەبدولـڕەزاق یەکێکـە لـە ئەندامانـی بنەماڵـەی بەدرخـان، کـە لـە باڵیوزخانـەی تورکیـا لـە سـێنت پێترێزبـۆرگ کاری دەکـرد، چـووە ڕووسـیا و هەوڵیـدا هـاوکاری نێـوان کـورد و هێزەکانـی ڕووسـیا لـە پەلاماردانیـان بـۆ سـەر بەتلیـس و ئەرزەنجـان لـە سـاڵی ١٩١٦دا دروسـت بـکات، لـە بەرانبەریشـدا داوای لـە ڕوسـیا کـرد، بـۆ بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمـی پشـتگیریی کـورد بـکات. لـە ناوچوونـی ڕووسـیا [بـە هـۆی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەرەوە] ئـەم پلانـەی بـێ ئـاکام کـرد، بـەڵام لـە دوای شکسـتهێنانی تورکیـا و هاتنـە نـاوەوەی هێزەکانـی هاوپەیمانـان بـۆ نـاو ئیسـتانبول، کـورد کۆمیتەیەکیـان پێکهێنـا و ناویـان نـا جەمعیەتـی تەعالی کوردسـتان و بـە ئینگلیزی بـە (Committee of Deliverence) نـاو نـرا. ئـەم کۆمیتەیـە بـە سـەرکردایەتی سـەید عەبدولقـادر بـوو و ئەمیـن عالـی بەدرخـان و کۆمەڵێـک ڕۆشـنبیری کـوردی لـە خـۆ گرتبـوو. ئـەوان لـە ڕێگـەی جەنـەڕاڵ دیدسـەوە (General Deeds) کـە سـەر بـە هێزەکانـی بەریتانیـا بـوو، پەیوەندییـان لەگـەڵ هاوپەیمانـان دامەزرانـد و شـەریف پاشـایان وەک نوێنـەری خۆیـان نـاردە کۆنفرانسـی ئاشـتی لـە پاریـس. جەنـەڕاڵ دیـدس، لەگـەڵ مێجـەر نۆئێـل (Major Noel) ئاهەنگێکـی سـاز کـرد بـە بەشـداری هەریـەک لـە جـەلادەت و کامـەران، واتـە کوڕەکانـی ئەمیـن عالـی بەدرخـان و ئەکـرەم بێـی نـەوەی جـەلال پاشـای دیاربەکـر، تـا گەشـتێک بـۆ ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئەناتۆلیـا

ئەنجام بدەن، و زانیاری لەسەر کێشەی کورد لەم دەڤەرەدا کۆ بکەنەوە. هاوکات شاندێک لە هەر یەک لە بریگارد کێلی بێل (Brigarder Keighley Bell) و مێجەر وۆلی (Major Woolly) پێکهاتبوو، هەنوکە بە سێر لیۆنارد ناو دەبردرێت، سەردانی وێرانشاریان کرد و لە لای ئیبراهیم پاشا سەرکردەیەکی کورد مانەوە. ئیبراهیم پاشا میللی تا ساڵی ١٩٠٨دا کەسایەتییەکی بەهێزی مەیدانی بوو، واتە تا ئەو کاتەی کونفدراسیۆنی میللی لەلایەن تورکە گەنجەکانەوە هێرش کرایە سەر.

لە ئەنجامی ئەو سەردانانەی سەرەوەدا، پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠دا، ئەم بەندانەی خوارەوەی گرتەخۆ.

**بەندی ٦٢:** کۆمیتەیەک لە قۆستەنتەنیە (ئیستانبول) دروست دەکرێت و لە سێ ئەندامی وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا پێک دێت، لە ماوەی شەش مانگ لە دوای پیادەکردنی ئەم پەیماننامەیە، کۆمیتەکە ئۆتۆنۆمی بۆ ئەو ناوچانە دەستەبەر دەکات کە زۆرینەی کورد تێیدا نیشتەجێن و دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری فوڕات و درێژ دەبێتەوە بەرەو باشووری سنووری ئەرمەنیا، ئەم سنوورەش دواتر دیار دەکرێت، لەوێشەوە بەرەو سنوورەکانی تورکیا-سوریا-میزۆپۆتامیا درێژ دەبێتەوە.

بەندی ٦٤: ئەگەر هاتوو، دوای یەکساڵ لە پیادەکردنی ئەم پەیماننامەیە، کوردی ئەو ناوچانەی کە لە بەندی ٦٢دا ئاماژەی بۆ کراوە، بانگەوازی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلانی کرد کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە خوازیارن لە تورکیا نەبن و سەربەخۆ بن و ئەگەر هاتوو ئەنجوومەنەکە بڕیاریدا دانیشتوانی ئەم ناوچانە توانای [بەڕێوەبردنی] ئەم [دەوڵەتە] سەربەخۆیەیان هەیە و [ئەنجوومەن] لەسەری ئەم داواکارییە ڕێککەوت، پێویستە تورکیا پابەندی ئەم راسپاردانە بێت و دەستبەرداری گشت ماف و نازناوەکانی (titles) خۆی بێت لەم ناوچانە. ئەگەر هاتوو ئەم دەستبەردار بوو نەجێبەجێکرا، نابێ هیچ ناڕەزایەتیەک لەلایەن هێزە هاوپەیمانە سەرەکییەکانەوە دەرببڕێت لە دژی لکاندنی خۆویستانەی ئەو کوردانەی کە لەو بەشەی کوردستاندا دەژین، ئەوەی ئێستا بە ویلایەتی موسڵ ناو دەبردرێت، بۆ ناو ئەم دەوڵەتە کوردییە سەربەخۆیە.

٤. پەیماننامــەی ســیڤەر لــە ئۆگۆســتی ١٩٢٠دا واژوو کــرا، هیــچ کات جێبەجــێ نەکــرا و پەیماننامــەی لــۆزان لــە ئۆگۆســتی ١٩٢٣دا واژوو کــرا جێگــەی گرتــەوە. هەروەهــا سیاســەتی کەمالیســتی لــە تواندنــەوە و بەتورککردنــی کــورد، جێگــەی سیاســەتی هێــزە هاوپەیمانەکانــی ســەبارت کــورد، گرتــەوە. ســەرەڕای ئەمــەش، سیاســەتی مســتەفا کەمــال، هیــوای کــوردی لــە نــاو بــرد و ســەرکردەکانی جوڵانــەوەی نەتەوەیــی کــورد، ئــەم مەرجانــەی پەیماننامــەی ســیڤەر و لــۆزان وەک دان پێدانانێــک لەلایــەن هێــزە ئەوروپییەکانــە بــۆ پرســی کــورد هەژمــار دەکــەن و هیــچ کات لــە هەوڵــدان بــۆ دەســتەبەرکردنی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کــورد نەوەســتاون.

٥. دوای ئــەوەی مســتەفا کەمــال هەســتی بــەوە کــرد بــە پێــی پێویســت بەهێــز بــووە، دەســتی بــە سیاســەتی تواندنــەوەی کــورد کــرد. مســتەفا کەمــال بــە کــوردی گوتبــوو، ئەگــەر هاتــوو دەوڵەتــی تورکیــا بــە تەواوەتــی دامــەزرا، دان دەنێــت بــە داواکاریــی کــورد بــۆ ئۆتۆنۆمــی. بــەم جــۆرەش مســتەفا کەمــال توانــی پشــتگیریی زۆربــەی کــورد دەســتەبەر بــکات، تەنیــا بەشــێکی کەمــی ناسیۆنالیســتەکانی کــوردی ئَســیتانبوڵ نەبــن کــە بڕوایــان بــە بەڵێنەکانــی مســتەفا کەمــال نەکــرد وهەربۆیــەش دوورەپەرێــز کــران. دوای پەیماننامــەی لــۆزان، کــورد داوای مافــی خۆیــان کــرد، بــەڵام هیــچ وەڵامێکیــان وەرنەگــرت. دوای ســاڵی ١٩٢٥ کــورد گوشــاری زۆرتریــان هێنــا و داوای مافــی خۆیــان دەکــرد و هەربۆیــەش تورکیــا بڕیاریــدا لــە ڕێگــەی بەکارهێنانــی هێــزەوە کــورد ســەرکوت بــکات. ئەنجامــی ئــەم کارەش هەڵگیرســانی شۆڕشــەکەی شــێخ ســەعید بــوو. ئــەو شۆڕشــە لــە ناوچەکانــی ناوەنــد و باشــووری کوردســتانی تورکیــا ســەریهەڵدا، واتــە لــەو ناوچانــەی زۆربــەی خێڵــە گرنگــە کوردییــەکان و هەندێــك لــە خێڵەکانــی کــوردی ســوریاش بــە پیــر بانگەوازەکــەی شــێخ ســەعیدەوە هاتــن. هێزەکانــی تورکیــا بــە درێژایــی هێڵــی ئاســنینی حەلەب-بەغــدا بــڵاو بوونــەوە و شۆڕشــەکەیان تێکشــکاند.

٦. کۆمیتــەی نەتەوەیــی کــورد لــە ســاڵی ١٩١٨دا و لــە ئیســتانبول پێشــوازی لــە هێــزە هاوپەیمانەکانــی کــرد، لــە ســاڵی ١٩٢٠دا هەڵوەشــایەوە ئەویــش بــە هــۆی ئــەوەی ســەرکردەکەی ســەید عەبدولقــادر لەلایــەن تورکەکانــەوە وەک ســەرۆکی ئەنجوومەنــی

دەوڵـەت دەسـت نیشـانکرا. لەبەرانبـەر ئـەم دەستنیشـان کردنـەدا، سـەید عەبدولقـادر لێدوانێکیـدا و خـۆی لـە سیاسـەتی کـوردە ناسیۆنالیسـتەکان بـە دوور گـرت. کۆمیتـەی نەتەوەیـی کـورد هەڵوەشـایەوە و ئەنجوومەنێکـی نوێیـان دامەزرانـد بـە نـاوی ‹جەمعیەتـی تەشـکیلاتی ئیجتیماعـی› بـە سـەرکردایەتی ئەمیـن عالـی بەدرخـان. ئـەم جەمعیەتـە ناچـار کـرا، تورکیـا بەجـێ بهێڵێـت و ئەندامەکانیشـی پەرتوبـڵاو بوونـەوە.

دوای ماوەیـەک زۆربـەی ئەندامانـی ئـەم جەمعیەتـە لـە سـوریا کۆبوونـەوە، ئەویـش بـە هـۆی سیاسـەتی فەرەنسـا لـە سـوریا، لەبەرانبـەردا کـورد زۆر نەرمـتر بـوو بـە بـەراورد لەگـەڵ سیاسـەتی حکومەتەکانـی تورکیـا و ئێـران و عێـراق. دوای سـەرکوتکردنی شۆڕشـی شـێخ سـەعید، کـوردە پەنابەرەکانیتریـش لـە تورکیـاوە بـەرەو سـوریا هەڵاتـن و خوێـن و وزەیەکـی نوێیـان بـە گروپـی نەتەوەیـی کـوردی ئـەوێ بەخشـی. لـە سـاڵی ١٩٢٧دا، کۆبوونەوەیـەک لـە بەیـروت ئەنجامـدرا و بڕیـاردرا ئەنجوومەنێکـی نـوێ بـە نـاوی کۆمیتـەی خۆیبـوون دابمەزرێنـن. سـەرۆکی ئـەم ئەنجوومەنـە جـەلادەت بەدرخـان کـوڕی ئەمیـن عالـی بـوو.

بـۆ چەندیـن سـاڵ سیاسـەتی تـورک لەبەرانبـەر ئەرمەنـەکان هـەروەک سیاسـەتی تـورک بـوو لەبەرانبـەر کـورد، هەربۆیـەش ئـەم دوو نەتەوەیـە چەندیـن جـار هەوڵیانـدا هەماهەنگییـەك لەگـەڵ یـەک دروسـت بکـەن. لـە سـاڵی ١٩١٢دا، لـە ئیسـتانبول هەوڵێکـی لـەم جـۆرە درا، بـەڵام لەلایـەن دەسـەڵاتی عوسـمانییەوە سـەرکوت کـرا. لـە سـەردەمی ‹شـەڕی گـەورەدا› حکومـەت تورکیـا هەوڵیـدا کـە درز بخاتـە نێـوان ئـەم دوو نەتەوەیـە و ئەویـش بـە بەکارهێنانـی کـورد لـە پرۆسـەی کۆمەڵکـوژی ئەرمەنـەکان، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩١٨دا، شـەریف پاشـا، لـە نزیکـەوە لەگـەڵ سـەرکردەی ئەرمەنـەکان، بۆگـۆ نۆڤـا پاشـادا، کاری کـرد. دواتـر کاتێـک کـە لـە سـاڵی ١٩٢٧دا کۆمیتـەی خۆیبـوون دامـەزرا، لەلایـەن کۆمیتـەی داشـناکی ئەرمەنیەکانـەوە (Armanian Dashnak Committee)، یارمەتـی دارایـی و پشـتیوانی کـرا. هەندێـك لـە ئەرمەنـەکان ڕازی بـوون هەوڵـی دامەزراندنـی کۆمیتەیەکـی نـوێ بـدەن. تـورک وەک یـەک ڕقیـان لـە هـەردوو کۆمەڵگاکـە بـوو و هـەردوو کۆمەڵگاکـە ڕێککەوتـن بـە پێـی توانـا

یارمەتـی یەکـتر بـدەن. کـورد دەیانتوانـی لـە ڕێگـەی دابینکردنـی شـەڕکەرەوە یارمەتـی ئەرمەنــەکان بــدەن. ئەرمەنەکانیــش کــە دەوڵەمەندتــر و خوێندەوارتــر بــوون، پــارە و زانیاریـی تەکنیکیـان یارمەتیدەرێکـی گـەورە بـوو بـۆ هێرشـە هاوبەشـەکان. کۆمیتـەی خۆیبــوون نوێنەرایەتــی و پەیوەنــدی لەگــەڵ تورکیــا و ئێــران و عێــراق و زۆرێــک لــە وڵاتانـی ئەوروپـی وەک بەریتانیـا و فەرەنسـا و ئەڵمانیـا و ڕووسـیا هەبـوو.

٧. سـەرەڕای سـەرکوتکردنی شۆڕشـی شـێخ سـەعید لـە سـاڵی ١٩٢٥دا، بـەڵام خۆڕاگـری کـورد لـە دژی حکومەتـی تورکیـا بـەردەوام بـوو و لـە سـاڵی ١٩٣٠، حکومەتـی تورکیـا بڕیاریـدا، بـۆ لەناوبردنـی ئـەم بەرخودانـە، ڕێـکاری تونـد بگرێتەبـەر. هێزەکانـی چـوار و شەشـی سـوپای تورکیـا، بـە هـاوکاری لەگـەڵ هێزەکانیـتر کـە بـە گشـتی پـتر لـە شەسـت هـەزار سـەرباز بـوون و لەلایـەن هێـزی ئاسـمانییەوە پشـتگیریی دەکـران، بـەرەو ناوچـە کوردییـەکان جوڵێنـدران. ئۆپۆزیسـیۆنی کـورد لەلایـەن ئیحسـان نـوری پاشـاوە سـەرکردایەتی دەکـرا و بنکـەی فەرماندەییەکـەی لـە چیاکانـی ئـارارات بـوو. کـورد زۆر بـە باشـی جەنـگان و لەلایـەن کۆمیتـەی خۆیبوونـەوە یارمەتیان پێدەگەیشـت و لـە ئێـران و ئێـراق و سـوریاوە، پیـاوی شـەڕکەری بـۆ تورکیـای دەنـارد، و هەوڵیـدا گوشـاری تورکیـا لەسـەر ئیحسـان نـوری کـەم بکاتـەوە، بـەڵام لـە دواجـاردا، بـە هـۆی زۆری ژمـارەی سـەربازەکانی تورکیـا و بـە هـۆی چەکـە باشـەکانیانەوە، لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٣٠دا کۆتایـی بـەم شۆڕشـە هێـنرا و ئیحسـان نـوری ناچـار کـرا بـەرەو ئێـران هەڵبێت. مەزەنـدە دەکرێـت، تورکیـا لـەم شـەڕەدا دوو هـەزار سـەربازی لـە دەسـت دابێـت.

٨. بـۆ جێبەجێکردنـی سیاسـەتی تواندنـەوەی کـورد، حکومەتـی تورکیـا لـە جونـی ١٩٣٥دا، لێکۆڵـەری مەدەنـی ‹عابدیـن عوسـمان›ی لـە پارێزگاکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئاناتۆلیـای، دامەزرانـد. لـە سـاڵی ١٩٣٦دا، عابدیـن عوسـمان، پلانێکـی پێشـکەش بـە حکومەتـی تورکیـا کـرد و پلانەکـە ئـەم ڕاسـپاردانەی تێدابـوو:

ا نیشـتەجێکردنی تورکـی ناوچەکانیـتری تورکیـا لـە حـەوزی دەریاچـەی وان، دەشـتی مـوش، قـەزاس، بولانیـک، مەلازگـرد و بـە درێژایـی گشـت ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئاناتۆلیـا ڕێـگاکان و هێڵـی شـەمەندەفەری پێـدا تێپەڕدەبێـت.

ب پێویستە قوتابخانەکان، بە تایبەتیش قوتابخانە ٢٤ کاتژمێرییەکان (boarding schools) دروست بکرێن و منداڵەکانی گوندە کوردنشینەکان لەم قوتابخانانەدا کۆبکرێنەوە و بە زمانی تورکی بخوێنن، و قسە کردنیش بە زمانی کوردی بە تاوان هەژمار بکرێت و سزای هەبێت.

ج ئەو کوردانەی لەبەرانبەر سیاسەتی توانەوەدا بەرخودان دەکەن، بە کۆمەڵ بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا بگوازرێنەوە.

د بۆ ئەوەی بەڕێوەبردنی [ناوچە کوردییەکان] ئاسانتر بێت، پێویستە ڕێگاوبان بنیات بنرێن.

ه پێویستە ڕژێمێکی تایبەت[ لەم ناوچانەدا] دابمەزرێت، گشت دادگا تاوانکارییەکان و دادگا بەراییەکان هەڵبوەشێنرێنەوە، هەندێك دادوەر دابمەزرێن، بە بێ پێوەرە باوەکانی لێکۆڵینەوە، وەک یەک لەگەڵ گشت کەیسەکاندا مامەڵە بکەن. دوو ناوەندی پێداچوونەوە دابمەزرێن، یەکێکیان لە بەتلیس و ئەویتریان لە دیاربەکر. بڕیارەکانی ئەو دادگایە کۆتا بڕیار دەبن و چیتر پێداچوونەوەی بۆ ناکرێت. دەسەڵاتی زۆرتر بە لێکۆڵەری گشتی بدرێت، تا بە ئازادانە و بە بێ هیچ لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی بە پێی پێویست، لەگەڵ هاوڵاتیان مامەڵە بکات.

٩. لە ئەنجامی ڕاپۆرتی عوسمان عابدین، لە جانیوەری ساڵی ١٩٣٧دا، حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند بۆ ویلایەتە کوردییەکان یاسایەکی نوێی دەرکردووە. ئەم خاڵانەی خوارەوە پوختەیەکن لەم یاسایە کە بۆ ماوەی چوار ساڵ بەرکار دەبێت.

ا حاکمێکی سەربازی دادەمەزرێت.

ب کارگێڕیی مەدەنی هەڵدەپەسێردرێت و یاسای سەربازیی جێگەی دەگرێتەوە.

ج دادگا خۆجێیەکان دادەمەزرێن و دەسەڵاتی لە سێدارەدانیشیان دەبێت.

د حاکمی سەربازی دەست کراوە دەبێت لە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازیی لەم ناوچانەدا.

ه بەکارهێنانی هەر زمانێک، جگە لە زمانی تورکی قەدەغەیە.

- خوێنـدن لـە خوێندنگاکانـدا بـە زمانـی تورکییـە و هـەر کتێبێـک بـە زمانێکـی بیانـی قەدەغەکـراو نووسرابێـت، دەسـتی بەسـەردا دەگیرێـت.

بـە پێـی سـەرچاوە کوردییـەکان، سـەید ڕەزای سـەرکردەی کـورد، لەگـەڵ حکومەتـی تورکیـا گفتوگـۆی کـردووە و ڕێگـر بـووە لـە جێبەجێکردنـی ئـەم یاسـایە بەسـەر ناوچـە کوردسـتانییەکاندا، جگـە لـە دەرسـیم، نزیکـەی شەسـت میـل لـە باشـووری ئەرزەڕۆمەوەیە. دەرسـیم لـەو کاتـەدا لـە هیـچ شۆڕشـێک لـە دژی حکومەتـی تورکیـا بەشـدار نەبـووە و تـورک لـەو بڕوایـەدان لـەم ناوچەیـە ڕووبـەڕووی هیـچ دژایەتیـەک نەبنـەوە، بـەڵام جـۆش و خرۆشـی دەرسـیم لـە ئاسـتێکی بەرزدایـە و [کـورد] گرددەبنـەوە و شـاندەکان سـەردانی حاکمـی مەدەنیـان کـردووە و نامـەی ناڕەزایـی دەربڕینیـان پێـداوە. سـێ نێردراوەکـە نامەکەیـان پـێ بـووە دەسـت بەسـەر کـراون و دوای چەنـد ڕۆژێـک لـە ئەلعەزیـز لـە سـێدارە دراون. وەک تۆڵەسـەندنەوەیەک کـورد کاروانـی پۆلیسـی تورکیـان ڕاگرتـووە و پۆلیسـەکانیان بـە بارمتـە گرتـووە. شـۆڕش دەسـتی پێکـردووە. هێزێکـی بەرچـاوی تـورک کـۆ کراوتـەوە و لـە مانگـی مـەی ١٩٣٧دا ئۆپراسـیۆنی سـەربازی لـە دژی سـەرهەڵدانەکە بەڕێـوە چـوو. ئـەم ئۆپراسـیۆنانە تـا سـاڵی ١٩٣٨ بـەردەوام بـوون و سـێ کەرتـی سـەربازی لـەم ئۆپراسـیۆنانەدا بەشـدار بوونـە. گونـدەکان سـوتێندراون، بـەڵام کـورد تەکتیکـی پارتیزانیـان بەکارهێنـاوە و هێـزی تورکیـان لـە چیاکانـدا شـکاندووە. زانیـاری زۆر کـەم لەبەر دەسـتە لەبـارەی ئـەوەی ڕوویـداوە، تەنیـا لـە سـەرچاوە کوردییەکانـەوە نەبێـت، کـە بـاس لـەوە دەکـەن، سـەرەڕای کۆمەڵکوژییەکـی دڕندانـە، بـەڵام ورەی کـورد تێکنەشـکێندراوە.

١٠. بارودۆخـی کـورد [لـە چـوار پارچەکـەی کوردسـتان، لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی شـەڕ لـە سـاڵی ١٩٣٩دا، تـا هەنوکـە، بـە کورتـی بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

- گەورەتریـن گـروپ کـە لـە تورکیـا دەژییـت، تێکشـکێندراوە، بـەڵام کـورد بوێـری و ئامادەگـی ئەوەیـان هەیـە، سـوود لـە هـەر بارودۆخێکـدا وەرگـرن، ئەگـەر بێـت و تورکیـا پەلکێشـی هەلومەرجێکـی ئاڵۆزیـی دەرەکـی یـان شـەڕ ببێتـەوە.
- لـە ئێـران، خێڵـە کوردییـەکان تـا ڕادەیـەک و بـە نابەدڵـی دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەندیـان قبـوڵ کـردووە، دەسـەڵاتێک لـە سـنووری شـارە گەورەکانـدا تێناپەڕێـت.

- لە عێراق، سەرهەڵدانی کورد لە سلێمانی و لە دەڤەری بارزان بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانیا سەرکوت کراوە. کوردی عێراق لە ناوخۆدا دابەش بوونە. گروپێکی بچووکیان تا هەنوکەش لەو هیوایەدان، ڕێککەوتنی ئەنگلۆ-عێراقی هەندێك ماف و ئیمتیازی بە کورد بەخشی بوو، جێبەجێ بکرێت. گروپی دووەم، بە شێوەیەکی سەرەکی لە فەرمانبەرانی حکومەت پێکدێت، بەو هیوایەن بە ملکەچ بوون بۆ حکومەتی عێراق ژیانێکی خۆش بۆ خۆیان دابین بکەن. گروپی سێیەم، بە ڕاشکاوی مادەگەران، چاوەڕوانی هیچ شتێک لە هیچ کەس ناکەن، بەڵام ئامادەن لە پێناو بەرژەوەندیی کەسی سوود لە هەر دەرفەتێک وەربگرن.
- لە سوریا، کەمینەیەکی کورد هەن، لەلایەن هێزی ئینتیدابەوە بە باشی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەو هێزانە لەلایەن کوردەوە بە پارێزەر لەبەرانبەر جوڵانەوەی نەتەوەگەرایی عەرەب هەژمار دەکرێن.

پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات، تورکیا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسا واژوو کرد و جەنەڕاڵ وێگەند (General Weeygend) بە دوای جەلادەت بێی بەدرخانیدا نارد کە لەلایەن فەرەنسیەکانەوە وەک نوێنەری کورد لە سوریا هەژمار دەکرا.... [ لە خودی ڕاپۆرتە رەسەنەکەدا پەرەگرافی ١٠ بە نیوەچنی ماوەتەوە. وەرگێڕ].

زۆر نهێنی

(PIC/215/30)

P.I.C Paper No, 34

تکایــە پەرەگرافــی ١٠ لــە ڕاپۆرتــی (P.I.C Paper No, 34) بســڕنەوە و ئەمــەی خــوارەوەی لــە جێگــە دابنێــن.

١٠. بارودۆخــی چــوار گروپــی ســەرەکی کــورد، [واتــە کــورد لــە هــەر چــوار پارچــە کوردســتان] لــە ســەرەتای دەســتپێکردنی شــەڕ لــە ســاڵی ١٩٣٩دا، تــا هەنوکــە، بــە کورتــی بــەم شــێوەیەی خــوارەوە بــووە:

- گەورەتریــن گروپــی کــورد کــە لــە تورکیــا دەژیێــن، تێکشــکێندراوە، بــەڵام کــورد بوێــری و ئامادەگــی ئەوەیــان هەیــە، ســوود لــە هــەر دەرفەتێــک وەرگــرن، ئەگــەر بێــت و تورکیــا پەلکێشــی هەلومەرجێکــی ئاڵــۆزی دەرەکــی یــان شــەڕ ببێتــەوە.
- لــە ئێــران، خێڵــە کوردییــەکان تاڕادەیــەک و بــە نابەدڵــی دەســەڵاتی حکومەتــی ناوەندیــان قبــوڵ کــردووە، دەســەڵاتێک کــە لــە ســنووری شــارە گەورەکانــدا تێناپەڕێــت.
- ســەبارەت بــە عێــراق، بــۆ وەرگرتنــی عێــراق لــە کۆمەڵــەی گــەلان، لــە ســاڵی ١٩٣٢دا حکومەتــی عێــراق ڕاگەیێندراوێکــی پێشــکەش بــە ئەنجومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان کــرد، کــە کۆمەڵێــک کاروبــاری پەیوەســت بــە کــوردی لــە خــۆ گرتبــوو وەک لــە قەزاکانــی لیواکانــی موســڵ، هەولێــر، کەرکــوک و ســلێمانی، لــە پــاڵ زمانــی عەرەبیــدا دان بــە زمانــی کــورد دەنێــرت، وەک زمانێکــی فەرمــی لــەم قەزایانــەدا، هەروەهــا فەرمانبەرانــی ئــەم ناوچانــە دەبــێ کــورد بــن یــان بــە زمانــی کــوردی قســە بکــەن. لــە مــاوەی نێــوان ساڵەکانی وەرگرتنــی عێــراق وەک ئەندامــی کۆمەڵــەی گــەلان و ســەرهەڵدانی شــەڕی ئێســتا، ئــەم بەڵێنانــە بــە باشــی جێبەجێکــران، بــەڵام لــە ڕووی کارگێڕییــەوە قــەزا کوردییــەکان پشــتگوێ خــراون. ئامرازەکانــی پەیوەنــدی

کـــردن [اتصـــالات] لـــە ئاســـتی پێویســـتدا نیـــن، کەرتـــی خزمەتگوزاریـــی ناکارایـــە و قوتابخانـــە کوردییـــەکان بـــە بـــەراورد لەگـــەڵ قوتابخانـــەی ناوچـــە عەرەبیـــەکان زۆر خراپـــن.

لەمـــەش زیاتـــر، ســـەرچاوە سروشـــتییەکانی ناوچـــە کوردییـــەکان گەشـــەیان نەکـــردووە. لەبـــری ئـــەوەی قازانجـــی توتـــن بـــۆ جوتیارانـــی کـــورد بێـــت، توتـــن لەلایـــەن کۆمپانیاکانـــی جگـــەرەوە قـــۆرغ کـــراوە. ئـــەم بارودۆخـــە لـــە ســـاڵی ١٩٣٩دا، هەمـــوو ناوچـــە کوردییەکانـــی گرتبـــووە و زۆر کـــورد باســـیان لـــەوە دەکـــرد، پێویســـتە چ هانگاوێـــک بگیرێتەبـــەر، بۆئـــەوەی قەرەبـــوو بکرێنـــەوە. بەشـــێک لـــە کـــورد و لەوانەشـــە زۆرینەیـــان، چاوەڕوانـــی دەســـترۆیی بەریتانیـــا بـــوون، چارەنووســـیان باشـــتر بـــکات، بـــەڵام بەشـــەکەیتری کـــورد هیـــچ ئۆمێدێکیـــان بـــە داهاتـــووی کـــورد لـــە عێراقێکـــی زۆرینـــە عەرەبیـــدا نەمابـــوو، دووبـــارە بیریـــان لـــە جۆریـــک لـــە یەکبـــوون و ســـەربەخۆیی کـــورد دەکـــردەوە کـــە لـــە پەیماننامـــەی ســـیڤەردا لەبـــار بـــرا. ئـــەم گروپـــە، لـــەو بڕوایەدابـــوون ئومیدێکـــی زۆر کـــەم هەیـــە، بەریتانیـــا پشـــتگیریی لـــەم جـــۆرە سیاســـەتە بـــکات [واتـــە سیاســـەتی بەخشـــینی مـــاف بـــە کـــورد] و هـــەر کاتێـــک شـــەڕ دەســـت پێبکاتـــەوە ئـــەو ســـەیری دەوروبـــەری خـــۆی نـــاکات و ســـوود لـــەو دەرفەتـــە وەرناگرێـــت هاوڕێـــی نـــوێ بدۆزێتـــەوە.

دابەشکردن: بەپێی نووسراوی ژمارە ٣٤ی پی. ئای. سی دەبێ.

باڵیوزخانەی بەریتانیا، بەغدا

ژمارە:٣١

١٨ی جانیوەری ١٩٤٦

(٤٦/٤/١٦٦)

بەڕێز...

١. شــەرەفی ئــەوەم هەیــە کۆپییەکتــان لــە ڕاپۆرتــی کاپــتن هــ. م. جاکســۆن (H. M. Jackson)، جێگـری یاریـدەدەری ڕاوێـژکاری سیاسـی هێزەکانـی بەریتانیـا لـە هەولێـر، سـەبارەت بـە دۆخـی ناوچـەی ڕوانـدز لـە کوردسـتانی عێـراق بـۆ بنێـرم. لـەو بڕوایـەدام ئێـوە هـاوڕان لەگەڵـم کاپـتن جاکسـۆن، وێنەیەکـی زۆر باشـی لـە بارودۆخـی ئەم بەشـە پـڕ کێشـەیەی وڵاتیـان خسـتووتەڕوو و هەروەهـا پێویسـتە سوپاسـی بکەیـن بـۆ ئـەو چاودێرییـە ورد و دەربڕینـە بێلایەنـە و حەقیقیانـەی لـەم بـارەوە خسـتوویەتەڕوو. بـە تایبەتیـش گفتوگـۆ لەگـەڵ سـێ ئاغـای کوردسـتانی عێـراق زۆر سـەرنج ڕاکێشـە.

٢. بـە گشـتی لەگـەڵ بیروبۆچوونـی کاپـتن جاکسـۆن دام و هەروەهـا مـن و سـتافەکەم هیـچ دەرفەتێـک لـە دەسـت نادەیـن، تـا گوشـار بخەینـە سـەر حکومەتـی عێـراق، بـۆ ئـەوەی بـۆ چارەسـەرکردنی گلەیـی و گازنـدە ڕەواکانـی کـورد هەنـگاو بنێـت. ئـەو گلەییـە تایبەتییـەی لەلایـەن کاپـتن جاکسـۆنەوە ئامـاژەی بـۆ کـراوە، مـن نیگـەران دەکات و هیـوادارم حکومـەت هـان بـدەم، ئـەم گلەییانـە چارەسـەر بـکات.

٣. بـە بـڕوای مـن، ئـەوە ڕاسـتە، کوردێکـی زۆر سـەرهەڵدانی هێزێکـی نـوێ لـە ئاسـۆدا دەبینـن و دەچنـە پـاڵ ئـەم هێـزە نوێیـە. زۆر سـەختە بۆیـان لـەوە تێبگـەن حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـە بەردەوامـی لـە پێنـاو ئەوانـدا کار دەکات و هیـچ بەڵێنێـک نـادات، ئەگـەر نەتوانـێ جێبەجێـی بـکات. بـە دڵنیاییـەوە بەرهەمـی ئـەم جـۆرە سیاسـەتە زۆر بـە هێواشــی دەچێنرێـت و ئـەو بەڵێنـەی لەلایـەن ‹دیموکراتەکانـی› ئازەربایجانـەوە [بـە کـورد] دراوە، زۆر سـەرنج ڕاکێشـە بەلانیکەمـەوە بـۆ ئـەو کەسـانەی لـە بیریـان نایێـت چـۆن ڕوانـدز لـە میانـەی جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا لەلایـەن ڕووسـەوە

ئاگری تێبەردرا، بەڵام بە بڕوای من تەنیا ناوچەیەکی بچووکی کوردستانی عێراق دەکەوێتە ژێر [کاریگەری ئەم پڕوپاگەندەیە]. ئەویش ئەو ناوچەیەیە کە لە ژێر دەستڕۆیی مەلامستەفا دایە و تا ئەو ناوچەیە درێژ دەبێتەوە، لە پاییزی ڕابردوودا سوپای عێراق تێیدا جەنگا.

٤. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ باڵیۆزی خاوەنشکۆ لە ئەنقەرە و تاران و سەرۆکی نووسینگەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی بەریتانیا لە قاهیرە دەنێرم. کۆپییەك لە دوایین بەشی ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن سەرۆکی ڕاوێژکاری سیاسییەوە بۆ سوپای ئەمریکا لە واشنتۆن نێردراوە.

لەگەڵ ڕێزدا.. بەندەی خزمەتکار (Ernest Bevin)

تێبینی لەسەر سەردان[ی باکووری عێراق]

جێگری یاریدەدەری ڕاوێژکاری سیاسی، هەولێر

ڕواندز-ڕایەت: ٦-٩ ژانیوەری ١٩٤٦

**ڕێگاکان**

١. هەولێر-باتاس-ڕواندز-ڕێزان-ڕایەت-زینۆ-شێخ-سەلالە-ڕێزانوک-جوندیان-دیانا-هەریر-هەولێر.

٢. بارودۆخی جادەی سەرەکی هەولێر-ڕایەت، تاڕادەیەک باشە. پێویستە ئەو ڕێگایە لە نزیک پردی گەڵاڵە-ڕایەت بە خێرایی نۆژەن بکرێتەوە کە لەم شوێنە لە هاوینی ڕابردوو چەکە قورسەکانی جۆری (W. T) و ستارەکانی سوپا بە هۆی بارانەوە تێکچوون. ئەگەر نا (W. T) ناتوانێت ئەم ڕێگایانە بەکار بهێنێت. بەردی گەورە لە سەر ڕێگای گەلی عەلی بەگ و لە ڕێگای نێوان ڕایەت و ڕواندز، بەربوونەتە خوارەوە. (P. W. D) هیچ کارێکی نۆژەنکردنەوە لە هیچ شوێنێکی ئەم ڕێگایە ئەنجام نادرێت.

٣. لە پشتەوەی ڕایەت، نزیک حاجی ئۆمەران، ڕێگاکان بە هۆی بەفری زۆرەوە داخراون. لە ساڵە ئاساییەکاندا، لەم کاتەی ساڵ، ئەم ڕێگایانە لە دەربەند بۆ سەرەوە دادەخرێن.

**کەش و هەوا**

١. لەم کاتەی ساڵدا پلەی گەرما بەرزە. تەنانەت لە زینوێ و شێخ لە بەرە بەیانان و شەوان زۆر ساردە، لەم ڕۆژانەدا هەوا گەرمە. پلەی گەرما لەم ڕۆژانە یەکێک لەو هۆکارانەیە کە شەڕ لە وەرزی بەهاردا ئەنجام بدرێت، نەک لە وەرزی زستاندا. هەنوکە لە گشت ناوچەکەدا بارانێکی بە خوڕ دەبارێت.

**سیاسی**

**١. ڕواندز**

**ا** تەنیا دوو شتی سەرنجڕاکێش لەبارەی ڕواندزەوە هەن، بریتین لە نەورۆز و ئاهەنگەکانی مەسیحییە ئاشوورییەکان. لەڕاستیدا نەک تەنیا بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە، بەڵکو بۆ خودی حکومەتی عێراقیش، ئەم زستانە تا هەنوکە کەش و هەوایەکی مامناوەندی هەبووە؛ ئەگەر نا ئاستی نەهامەتی و ناخۆشی قوربانییەکانی ئەم شەڕەی دوای زۆر بەرزتر دەبوو. هەروەها دەکرێت لە دەشتی دیانا، خەڵک بە بێ گرفتێکی زۆر، لە ژێر خێمەدا بژیێت. زۆربەی ئاشوورییەکانی هاودیان بە لانیکەمەوە یەکێک لە ژوورەکانی خانووە وێران بووەکانیان، پێش بارینی باران نۆژەن کردووەتەوە، بەڵام کوردی هاودیان یان شوێنەکانیتری دەشتی دیانا، خانووەکانیان نۆژەن نەکردووتەوە، تا بتوانن تێیدا بژیێن. حکومەت هەندێك دانەوێڵەی وەک یارمەتی بۆ ئەم ناوچانە ناردووە، بەڵام دەبێ لە دروێنەی بەرهەمی هاوینی داهاتوو، پارەی ئەم دانەوێڵەیە بە حکومەت بدرێتەوە. تا هەنوکە قەرەبووی زیانی موڵک و بەرهەمەکان نەدراوەتەوە. بەهۆی ئەو سوودەی بەغدا دەستی کەوتووە، موتەسەڕیفی هەولێر هیوادارە لە نزیکترین کاتدا، دانەوێڵە بە یەکسانی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکرێت. ڕێژەی نەخۆشی لەم ناوچانەدا وەها بەرز نییە باس دەکرا. لە دیانا لە ماوەی دوو هەفتەدا چوار کەس کۆچی دواییان کردووە. لە هەموو حاڵەتێکدا، پزیشکی ڕواندز هیچ چارەسەرییەکی نەکردووە. وا دیارە مردنەکە بە هۆی هەوکردنی سییەکان و زگ ئێشە بووە. لەوانەیە ئەم زگ ئێشەیە بە هۆی کەمخۆراکی بێت.

**ب** هۆکاری سەرەکی خەمۆکی گشتی خەڵکی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارەکانی دادگای هەولێر کە تێبینی زۆری لەسەرە. بە گشتی خەڵک لەو بڕوایەدایە حکومەت بە لانیکەمەوە لە داهاتوویەکی نزیکدا نیەتی نییە ئەم بڕیارانە هەڵوەشێنێتەوە، ئەمەش لە پێناو ئەوەدا هەم بەردەوامی بەم کۆنترۆڵە توند و تۆڵە بدات لەم ناوچەیە و هەمیش بۆئەوەی بیانوی لەبەر

دەسـت بێـت، هیـچ کارێـک بـۆ دووبـارە ئاوەدانکردنـەوەی ئـەم ناوچانـە ئەنجـام نـەدات. لـە ئـەرزی واقیعـدا دۆخـی ئاواراتـە لـە ئارادایـە.

وێـڕای ئەمـەش، بـەردەوام بوونـی بڕیـاری دادگا بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژ لـە دوای دەسـتپێکردنی شـەڕی ڕاسـتەقینە، وەک نیەتێکـی مەترسـیداری حکومـەت بـۆ ناوچـە کوردییـەکان هەژمـار دەکرێـت. سـەپاندنی سـزای قـوڕس لەلایـەن دادگاوە، لـە ئێسـتا و لـە ڕابـردوودا، بووەتـە هـۆی نەبوونـی متمانـە [لـە نێـوان کـورد و حکومەتـی ناوەندیـدا]. دوای ئـەوەی ئـەم سـزایانە ڕاگەیەنـدران. خەڵـک دەڵێـن: « ئـەوان دەزانـن، بـە هاتنـی بەهـار، چیـان بەسـەر دێنیـن››. ئەگەرچـی ئـەم جـۆرە قسـانە خـۆی لـە خۆیـدا هیـچ گرنگییەکـی نییـە و ئاماژەیەکیـش نییـە بـەوەی لـە وەرزی بەهـاردا شـتێک ڕوو دەدات، بـەڵام دەربـڕی ئـەو دڵەڕاوکێیەیـە خەڵـک ڕووبـەڕووی بووەتـەوە و دەربـڕی نائۆمێدییـە لـەوەی لـە کاتێکـدا کـوردی پارچەکانیـتر، لـە پێنـاو ڕزگار بوونیـان، بـە ئـاگا دێـن، بـەڵام کـوردی عێـراق تووشـی نەهامەتـی و چەقبەسـتوویی بوونەتـەوە. ئـەم دڵەڕاوکێیـە بەلانیکەمـەوە یـەک ئەنجامـی هەیـە، کاتێـک هەواڵـەکان سـەبارەت بـە جیهانێکـی نـوێ سـنوورەکان دەبەزێنـن، هیـوا بـە باشـتر بوونـی دۆخەکەیـان لـە دەسـت لـە حکومەتـی عێـراق یـان لـەو چارەنووسـەی [کـە بەریتانیـا بـۆ کـوردی دیـار کـرد] وا دەکات چاوەڕوانیـەکان بـەرەو ڕۆژهـەڵات [واتـە بـەرەو روسـیا] بسـوڕێتەوە.

ج لـە کاتێکـدا دروسـتە بڵێـن ئومێـدی کـوردی ناوچـەی ڕوانـدز بـە کـوردی ئـەو دیـو سـنوورەکانە، هـاوکات ئـەوان هیـچ بیرۆکەیەکـی ڕوونیـان نییـە لەبـارەی ئـەوەی لـە پارچەکانیـتری کوردسـتان چ دەگوزەرێـت. ژمارەیەکـی زۆر کەمـی کـورد خوێنـدەوارن، یـان ئـەو توانایەیـان هەیـە گشـت پارچەکانـی لوغـزی کـوردی لـە پـاڵ یەکـتر دابنێـن و وێنـە گەورەکـە ببینـن و بگەنـە ئەنجامێـک. نەبوونـی ڕادیـۆ و ڕۆژنامـە گرفتێکـی سـەرەکییە لەبـەردەم کـورد، تـا بـە ڕوونـی ئـاگاداری گرنگیـی ڕووداوەکانـی ئازەربایجـان بـن. بـە هەرحـاڵ، سێ خاڵـی گرنـگ هـەن لەلایـەن زۆرینـەی دانیشـتوانەوە جەختـی لەسـەر دەکرێتـەوە؛ ١، یەکێـک لـەو بابەتانـەی خەباتـی ئازەربایجـان بریتییـە لـە سـەربەخۆیی بـۆ کـورد. ٢. یەکێـک لـە زلهێزەکانـی جیهـان هاوسـۆزی ئـەم خەباتەیـە.

٣، مەلامستەفا و هەڤالانی لەلایەن حکومەتی عێراق و بە پاڵپشتی سەرۆک خێڵەکانی کورد لە عێراق دەرکران، بەشداریکەریی سەرەکین لەم خەباتە لە پێناو ئازادیدا. دەربڕینی ئەوەی هیچ سنوورێک لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا نییە، کورد بەم ئەنجامە لۆژیکییە گەیشتوون، کاتێک دۆخی سەر سنوورەکان سەقامگیر بوو، مستەفا لەگەڵ کوردی ئازەربایجان بەرەو ئێراق دەسوڕێنەوە. وێڕای ئەمەش، ئەو خەڵکانەی هاتوچۆی سنوورەکان دەکەن، باس لەوە دەکەن مەلامستەفا گوتوویەتی، ئامانجی تەنیا ئەوە نییە کوردی عێراق ڕزگار بکات، بەڵکو ئەو کەسانەش سزا بدات کە پار، خیانەتیان لە دۆزی کورد کرد.

د شایانی ئاماژە پێدانە ساڵی ڕابردوو خێڵە کوردییەکان یارمەتییەکی بەرچاوی حکومەتی عێراقیان دا، بەڵام بە بۆچوونی من چەندین هۆکار هەن ڕێگر دەبن لە دووبارە بوونەوەی ئەم ڕووداوە:

١. بە بڕوای من، هیچ گومانێک لەوەدا نییە ئەو سەرۆک خێڵانەی یارمەتی حکومەتی عێراقیان دا لە کوردە هەرە خراپەکانن، بە گشتی ئەو سەرکردانە خۆشەویست نین و پاڵنەری سەرەکییان بریتی بووە لە بەرژەوەندی و پەیوەندی کەسی و ئیرەیی و بەدەستهێنانی سوودی کەسی. نموونەکان کەمن. بۆ نموونە شێخ ڕەشیدی لۆلان، شێخ ڕەقیب سورچی و ئاغاکانی زێباری، هەمیشە بێڕەحم و سەرکوتکەر بوونە. هەرگیز بەدناوی ئەم سەرکردانە بە هۆی ئەو کارەی پار ئەنجامیاندا، ناسڕێتەوە. ئەوان ئەم شتە دەزانن کە بەم شێوەیە باس لە شێخ ڕەشیدی لۆلان دەکەن، بۆیە، بە بڕوای من، ئەوان جارێکی دیکە کاری لەمشێوەیە دووبارە ناکەنەوە.

٢. ئومێدێکی زۆر کەم بە سەربەخۆیی کوردستان هەبوو، وا دیارە دژایەتی حکومەت لەبەرانبەر مەلامستەفادا، تەنیا بریتی بێت لە تەمبێکردنی دەربەگێکی کەلە ڕەق، کە هەر لە کۆنەوە لەگەڵ حکومەت دەستەویەخە بووە، بەڵام هەنوکە بارودۆخەکە بە تەواوەتی گۆڕاوە و مەلامستەفا خاوەن پێگەی خۆیەتی.

٣. ناکرێ پڕوپاگەنـدە کاریگەرەکـەی کاربەدەسـتە خۆجییـەکان و سـوپای عێـراق، ئـەوەی سـاڵی ڕابـردوودا کردیـان، بـە کـەم سـەیر بکرێـت. حکومەتـی بەریتانیـا، یەکێـک لـە زلهێـزەکان، هـەر لـە کاتـی دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق، هەمیشـە لـە باکـووری عێراقـدا خـاوەن کاریگەریـی و دەسـتڕۆیی بـووە، هەروەهـا کـوردی عێـراق هەمیشـە وەک دۆسـت و پشـتیوانیکەری خۆیـان هەژمـار کـردووە، لـە نێـوان خێڵەکانـدا وەک هێزێکـی سـەرەکی لـە پشـت کردارەکانـی حکومەتـی بەغـدا لـە دژی مەلامسـتەفا هەژمـار دەکرێـت. سـوپا ئامـاژە بـە چـەک و تفـاق و فڕۆکەکانـی و تـۆپ و دەبابـە و لۆرییەکانـی و نێردراوەکانـی سـوپای بەریتانیـا دەدات کـە گشـتیان لەلایـەن حکومەتـی بەریتانیـاوە دابیـن کـراون، تـا مەلامسـتەفا لـە نـاو بـەرن، بـەڵام هەنوکـە زلهێزێکیـتر سـەریهەڵداوە، ئەگـەر بـە فەرمیـش نەبێـت، بـەڵام لەگـەڵ ئاواتـی کـورد هاوسـۆزە و هانیـان دەدات [ئـەم ئاواتانـە بێنـەدی].

**هـ** ئەگەرچـی ئـەوەی نـوێ لەبیـری نییـە چـی ڕوویـداوە، بـەڵام بـە سـاڵاچووەکانی ڕوانـدز ناخۆشـییەکانی هێرشـی ڕووسـیایان بۆسـەر ڕوانـدز لـە بیـرە کـە چـۆن هەمـوو شـوێنێکیان سـوتاند و بـە تاڵانیـان بـرد و تەنیـا شـارێکی ڕووتیـان بەجـێ هێشـت، بـەڵام ئامـاژە هـەن ئـەم ڕك لێبوونـەوە کۆنـە کـەم بووەتـەوە، ئەویـش نـەك تەنیـا بـە هـۆی ئـەو هەواڵـە دادپەروەرانـەی مامەڵـە کردنـی ڕووس لەگـەڵ کـوردی ئێرانـدا، بەڵکـو وا هەسـت دەکرێـت، چیـتر ناکـرێ ئـەم بارودۆخـە بـەردەوام بێـت و پاڵپشـتی ڕووس لـە نەبوونـی هیـچ پاڵپشـتیەک باشـترە، تـا هەنوکـەش وشـەکانی کۆمۆنیسـت و بەلشەفیسـت ئـەو وشـانەن خەڵکـی خێڵەکـی لێیدەترسـن و خەڵکـی بەسـاڵاچوو دوو دڵ دەبـن لـە بـوون بـە دراوسـێی ڕووس، لەوانەیـە نائومێـدی هانیـان بـدات دووبـارە پەنـا بـۆ چەکەکانیـان ببەنـەوە.

**و** هەڵەیـە وا بیـر بکەینـەوە، هەسـتێکی بەرفراوانـی دژە بەریتانـی [لـە نێـوان کـورددا] لـە ئارادایـە. کـورد لـەوە تێگەیشـتوون، بـێ بوونـی بەریتانییـەکان لـە عێراقـدا، چارەنووسـی کـورد نەهامەتبارتـر دەبێـت، هەروەهـا دەزانـن بەریتانییـەکان کاری زۆر چاکیـان لـە کوردسـتان ئەنجـام داوە. تـا هەنوکـەش هیوایـەک لـە ئارادایـە،

بەریتانییـەکان هاوخەمـی خۆیـان لەگـەڵ کـورد دەرببـڕن، بـەڵام لـە ڕۆژانـی ڕابـردوودا ئـەم ئومێـدە پوکاوەتـەوە. لـە نێـوان خوێندەوارانـی کـورددا بـاوە، زۆر بـە جیـددی ڕەخنـە لـە بەریتانیـا بگـرن، لەسـەر ئـەو بنەماییـەی بەریتانیـا بـۆ ماویەکـی دوور و درێـژ باسـی لـە بڵاوکـراوەی ئەتلانتیـک و مافـی نەتـەوە بچووکـەکان دەکـرد، کەچـی هەنوکـە ئـەم شـتانەی لـە بیـر کـردووە، بـەڵام خەڵکـی خێڵەکـی تەنیـا ئەوەیـان لـە بیـر مـاوە، لـە ڕۆژانـی زوودا، کاتێـک ڕوانـدز تـاڵان دەکـرا و ڕووبـەڕووی قـات و قـڕی ببـووە، کاربەدەسـتانی بەریتانـی هاتـن و ژیانیـان بـۆ ئـەم ناوچەیـە گەڕانـدەوە.

**ی** بانگـەوازی سـاڵی ١٩٢٧ بـۆ خزمەتـی سـەربازیی، لـە ١ی جانیـوەری ١٩٤٦دا، بـووە هـۆی هێنانـەدی خەمۆکـی گشـتی، ئەویـش لـە دوای ئـەوەی هەندێـك ڕووداوی نالەبار لـە سـاڵی ڕابـردوودا ڕوویـدا، بوونـە هـۆی ئـەوەی خەڵـک کەیفـی بـە سـوپا نەیێـت. (ئـەم پەرەگرافـە ناخوێندرێتـەوە، بۆیـە نەمتوانـی وەریبگێـڕم)...

### ٢. ئازەربایجان

ئـەو دەرفەتـە ڕەخسـا، لـە سـەر سـنووری نێـوان عێـراق و ئێـران لـە شـێخی زینـوێ چـاوم بـە سـێ کەسـایەتی کـوردی کوردسـتانی ئێـران بکەوێـت، واتـە محەمـەد ئەمیـن ئاغـا لـە شـیناوە کـە سـەرۆک عەشـیرەتی پیرانـە لـە ئێـران، قەرەنـی ئاغـا لـە قەڵاتـە ڕەشـی پیـران و شـێخ موسـڵح خزمـی شـێخ عوبەیـدوڵای زینوێیـە، دیدارەکـە هەندێـك زانیـاری جۆراوجـۆر و سەرنجڕاکێشـی لـە بـارەی ڕووداوەکانـی ئازەربایجـان خسـتەڕوو. سـەرەڕای ئەمـەش، حاڵـی حـازر، کۆمەڵێـک ڕووداوی گرنـگ لـە ئێـران ڕوو دەدەن. ڕووداوگەلێـک ئـەم کەسـایەتییانە لـە کاتـی گێڕانەوەیانـدا، ئازاریـان دەچێشـت، ئازارێـک بـە هـۆی لـە دەسـتدانی ناوچەیەکـی زۆر دەیانچێشـت و هـەر بۆیـەش ڕێگایەکـی دوورودرێژیـان بڕیـوە و بـەرەو عێـراق هاتوونەتـەوە، تـا لـە ڕانیـە داوای یارمەتـی لـە کچـی سـوار ئاغـای پێـران بکـەن. بـە پێچەوانـەی بارودۆخـی چەنـد مانـگ لەمەوبـەر، واتـە کاتێـک سـەخت بـوو بـۆ کـوردی ئێـران بـە ئازادانـە سـەبارەت بـە بارودۆخـی سیاسـی لـە [کوردسـتانی ئێرانـدا] قسـە بکـەن، بـەڵام ئـەم سـێ کەسـایەتییە هیـچ دوودڵ نیـن لـە قسـەکردن سـەبارەت

بــە بارودۆخــی سیاســی ئــەو دیــوی ســنوور، بەڵکــو بــە پێچەوانــەوە ئــەوان موشــتاق بــوون زانیـاری زۆرتـر بخەنـەڕوو، چونکـە فەرمانیـان پێکرابـوو، پڕوپاگەنـد بکـەن. مـن لـە خـوارەوەوە پوختەیـەک لـە گفتوگۆکەمـان، دەخەمـەڕوو.

هـ. م. جاکسۆن: ئاغا، گوندەکەی بەڕێزتان لە ئێران لە کوێیە؟

قەرەنی ئاغا: گوندەکەی من لە قەڵاتە ڕەشە و ببورە لە ئێرانیش نییە لە ئازەربایجانە.

هــ. م. جاکسـۆن: ئەمـە چـۆن دەبـێ؟ مـن لـەو بڕوایـەدا بـووم ئازەربایجـان بەشـێکە لە ئێـران، واتـە پارێزگایەکـی باکـووری ئێرانـە.

قەرەنی ئاغا: ئۆ، بۆ ئاگات لێ نەبووە؟ ئێمە هەنوکە حکومەتی تایبەت بە خۆمان هەیە.

هــ. م. جاکســۆن: بەڵــی مــن هەندێــك شــتم لــەو بــارەوە بیســتووە، ئایــا هەندێــك شــەڕیش لــەوێ ڕوویـنــەداوە؟

قەرەنــی ئاغــا: نــە، شــتێکی ئەوتــۆ نەبــووە، لــە زۆربــەی ناوچەکانــدا زۆر بــە کەمــی شــەڕ ڕوویــداوە.

هــ. م. جاکســۆن: کەواتــە ئێــوە دەبــێ چــەک و تفاقــی زۆر باشــتان هەبێــت. ئــەم هەمــوو چەکەتــان لــە کــوێ هێنــاوە؟ ئایــا دزیوتانــە؟

قەرەنـــی ئاغـــا: نەخێـــر، بـــە دڵنیاییـــەوە نەخێـــر. ئێمـــە ئـــەو چەکانەمـــان لـــە دۆســـتەکانمان وەرگرتـــووە. لـــە ڕووس.

هــ. م. جاکســۆن: بەڕاســت، مــن وام بیــر دەکــردەوە ڕووس هیــچ ڕۆڵێکیــان لــە ڕووداوەکانــی ئازەربایجانــدا نییــە. ئــەوان دەڵێــن بەشــدار نیــن.

قەرەنــی ئاغــا: ئــۆ، ڕاســتە، ئەوانیــش لــە ڕۆژنامەکانــی تەورێــز و ڕەزایــەدا هــەر وا دەڵێــن، بــەڵام ئەمــە بــەس قســەیە. لــە ڕووی چــەک و تەقەمەنییــەوە زۆر بــە باشــی یارمەتیــمان دەدەن. بــۆ نموونــە، لــە ناوچــەی ئێمــەدا (لــە مهابــاد)، ٥٠٠ تفەنــگ و ٩ لۆریــان بــە ئێمــە داوە. ئــەوان چــەک و ئۆتۆمۆبێلیــان داوەتــە هەمــوو شــوێنێك. ئــەوان زۆر باشــن بۆمــان.

هـ. م. جاکسۆن: سەرەتا پێکدادان لە کوێ ڕوویدا؟

قەرەنـی ئاغـا: ئـۆ، لـە مهابـاد، ئێمـە سـەرەتا کاربەدەسـتان و سـەربازانی ئێرانمـان دەرکـرد. دواتـر لـە شـوێنەکانیتر هەمـان کار دووبـارە کرایـەوە.

ح ، م. جاکسـۆن: کەواتـە هەنوکـە هـەروەک پێشـتر ئامـاژەت پێـدا، ئێـوە حکومەتـی تایبـەت بـە خۆتـان هەیـە؟

محەمـەد ئەمیـن ئاغـا: لـە ڕاسـتیدا، نەخێـر، بـەڵام بـەم نزیکانـە دەمانبێـت. ڕووس وەهایـان گوتـووە. حاڵـی حـازر، هەندێـك بارگـرژی لـە نێـوان تـورک و کـورددا هەیـە. تـورک داوای حکومەتێکـی سـەربەخۆ بـۆ خۆیـان لـە تەورێـز دەکـەن و کوردیـش حکومەتی خۆیـان دەوێـت کـە لـە مهابـاد بێـت، بـەڵام ئێمـەی کـورد، چونکـە کەمینەیـن، تەنیـا یـەک حکومەتمـان دەوێـت، ئەویـش لـە تەورێـز بێـت.

هـ. م. جاکسۆن: چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت؟

قەرەنـی ئاغـا: ئـۆ، سـەرۆکەکەمان قـازی محەمـەد بـەرەو مۆسـکۆ ڕۆیشـتووە، تـا لەگـەڵ سـتالین ڕاوێـژ بـکات و ئێمـە دەزانیـن وەڵامەکـەش چـی دەبێـت. ڕووس هەمیشـە پشـتیوانی ئێمـەی کوردیـان کـردووە.

هــ. م. جاکسـۆن: کەواتـە ئـەو قـازی محەمـەدە مرۆڤێکـی گەورەیـە، ئـەرێ ئـەو سـەرۆکی کۆمەڵـە نەبـوو لـە مهابـاد؟

محەمـەد ئەمیـن ئاغـا: ئـۆ، چیـتر کۆمەڵـە نەمـا. هەنوکـە ئێمـە گشـتمان دیموکراتیـن، بـەڵام تـا هەنوکـەش قـازی محەمـەد سـەرۆکی ئێمەیـە. ئـەو زۆر پیاوێکـی گەورەیـە. ئـەو زمانەکانـی ئینگلیـزی و فەرەنسـی و ڕووسـی و زۆر زمانیـتر دەزانێـت.

هـ. م. جاکسۆن: ئایا ئێوە لە مهاباد ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆتان هەیە؟

قەرەنـی ئاغـا: بەڵـێ. ماوەیەکـی کەمـە ڕۆژنامەکـە دەسـت بـە کار بـووە. ڕووس کاغـەز و ئامێـری چاپیـان بـە ئێمـە داوە.

هـ. م. جاکسۆن: ئێوە هیچ پیاوێکیتری گەورەتان هەیە، وەکو قازی بێت؟

قەرەنــی ئاغــا: بەڵــێ، جەنــەڕاڵ مەلامســتەفا، سەرپەرشــتی کەرتــی ســەربازی دەکات. ڕووس زۆر کەیفیـان بـە مەلامسـتەفا دێـت. قـازی محەمـەد لـە دوروبـەری شـنۆ، زەویەکـی گـەورەی بـە مەلامسـتەفا داوە و نزیکـە ٩٠٠٠ مەتـرە بـۆ ئـەو و پیاوەکانـی.

هـ. م. جاکسۆن: ئایا ئەو و پیاوەکانی لەم شەڕەی ئێستادا بەشدارن؟

قەرەنــی ئاغــا: ئــۆ، بەڵــێ، ئەحمــەد ئاغــای مێرگەســۆری و شــێخ ئەحمــەدی بــارزان، بەرپرسـیاری ئۆپراسـیۆنی ڕەزایـە بـوون. مەلامسـتەفا بەرپرسـی هەواڵگـری بـوو. ئـەو چەنـد ڕۆژ پێـش هاتـە شـیناوە و دواتـر چـوو بـۆ سەردەشـت.

هـ. م. جاکسۆن: ئایا ئێوە سەردەشتیش دەخەنە ناو ناوچەی [حکومەت] خۆتان؟

قەرەنی ئاغا: بەڵێ، هەروەها سنەش.

هـ. م. جاکسۆن: ئەی کەی ئەم کارە دەکەن؟

قەرەنی ئاغا: زۆر ناخایێنێت.

هـ. م. جاکسۆن: لەم ناوچەیەدا کەسێک هەیە سەر بە ئێوە بێت؟

قەرەنی ئاغا: بەڵێ، حەمە ڕەشید خان سەر بە ئێمەیە.

هـ. م. جاکسۆن: هەنوکە لە ئێرانە؟

قەرەنــی ئاغــا: لــەم دواییانــەدا بــەرەو عێــراق هــەڵات. ڕووس لــە ڕۆژنامــەدا بڵاویــان کردووەتــەوە، بەریتانییــەکان یارمەتــی ئەویانــداوە تــا ڕا بــکات، بۆئــەوەی ســەر لەنــوێ ناوچەکــەی لــە دژی ئێــران بجوڵێنێــت.

هــ. م. جاکسـۆن: بـەڵام چـۆن و کـەی حکومەتـە نوێیەکـەی ئێـوە دامـەزرا، ئایـا ئێـوە خەڵکـی شـارەزاتان هەیـە کاروبـاری کارگێـڕی بەڕێـوە ببـات؟

محەمــەد ئەمیــن ئاغــا: ئێمــە خەڵکــی شــارەزامان زۆر هەیــە، بــەڵام ڕووس بەڵێنیــان داوە تـا ئـەو کاتـەی پێویسـتیمان بێـت، ئـەوان یارمەتیـمان دەدەن، لەمـەش زیاتـر ئێمـە مۆڵەتمـان بـەو کاربەدەسـتانە داوە کـە سـەر بـە ئازەربایجانـن، بمێننـەوە.

هـ. م. جاکسـۆن: ئـەی چـی سـەبارەت بـە پـارە؟ ئـەی زۆرێـک لـە موڵـک وماڵـی ئێـوە لـە تـاران، دەسـتی بەسـەردا نەگیـراوە؟

قەرەنـی ئاغـا: بەڵـێ، بـەڵام ڕووس بە ئێمەیـان گوتووە، هـەر کاتێک بەریتانیـا و ئەمریکا بـە فەرمـی دان بـە حکومەتەکـەی ئێمـەدا بنێـن، ڕووس دراومان بۆ چـاپ دەکەن.

هـ. م. جاکسـۆن: جـا بـا گریمانـەی ئـەوە بکەیـن بەریتانیـا و ئەمریـکا دان بـە حکومەتەکـەی ئێـوەدا نانێـن؟

قەرەنـی ئاغـا: دەبـێ ئـەوان دانـی پێدابنێـن. ئـەی ئـەوان هـەر باسـی مافـی نەتـەوە بچووکـەکان ناکـەن.

هـ. م. جاکسۆن: ئەی ئەم ساڵ بابەتی توتونەکەتان جیاواز نەبوو؟

قەرەنـی ئاغـا: بەڵـێ، تـا ئێسـتا تـاران دوو ملیـۆن ڕیـال بەرهەمـی پـار قـەرزدارە و بەرهەمـی ئـەم سـاڵەش وەرناگـرن، بـەڵام ڕووس بـە ئێمەیـان گۆتـووە، ئەگـەر تـاران بەرهەمەکانـی ئێـوە وەرنەگرێـت، ئێمـە لێتـان وەردەگریـن و دوو ملیـۆن ڕیالەکـەی پاریشـتان دەدەینـێ.

هـ. م. جاکسۆن: وا دیارە ڕووس حکومەتەکەتان بەڕێوە دەبەن؟

قەرەنـی ئاغـا: ئـۆ، ئـەوان زۆر باشـن. ئـەوان باشـترین دۆسـتی کـوردن. هەمـوو ئـەو شـتانەیان پێداویـن کـە ئێمـە داوامـان کردبێـت.

هـ. م. جاکسۆن: ئەی لەبەرانبەر ئەو میهرەبانییەی ڕووس، ئێوە چیتان بە ئەوان داوە؟

قەرەنی ئاغا: ئۆ. ئیمتیازی نەوتیان وەرگرتووە.

هـ. م. جاکسۆن: ئایا دەست بە کار بوون؟

قەرەنی ئاغا: بەڵێ، ژمارەیەکی زۆری ئەندازیاریان لە ڕووسیاوە هێناوە.

هـ. م. جاکسـۆن: ئـەی خەڵکی هـەژار لەم هەمـوو دەرفەتەی بە ڕووسـتان بەخشـیووە، چـی دەسـتەبەر دەکەن؟

قەرەنـی ئاغـا: زەویـان لـە موڵکەکانـی سـەر بـە لۆردەکانـی تـاران، بەدەسـت کەوتـووە. جیـا لەمانـەش، ئێمـە دەسـتمان بـە دروسـتکردنی قوتابخانـە و خەسـتەخانە و کێشـانی ڕێگاوبـان و هێڵـی شـەمەندەفەر کـردووە.

هــ م. جاکسـۆن: ئـەی ئێسـتا ئـەم لـۆردە دەوڵەمەندانـەی تـاران لـە کوێـن؟ ئایـا ئاغـای وەک ئێـوەش زەوی بـە خەڵکـی هـەژار دەدەن؟

محەمەد ئەمین ئاغا: ئۆ، نەخێر، ئێمە کۆمۆنیست نین، ئێمە دیموکراتین.

هــ م. جاکسـۆن: وا دیـارە سـەربەخۆیی ئێـوە، بابەتێکـی زۆر ئاڵـۆز نەبێـت. حاڵی حازر، ڕووس حکومەتەکەتـان بەڕێـوە دەبـەن و هەروەهـا گشـت یارمەتییەکتـان لـە ڕووسـیاوە بـۆ دابیـن دەکرێـت.

قەرەنـی ئاغـا: ئـۆ، ئـەم یارمەتییانـە تەنیـا تـا ئـەو کاتـە دەبـن کـە ئێمـە لەسـەر پێـی خۆمـان ڕاوەسـتین. ڕووس ئـەم بەڵێنەیـان بـە ئێمـە داوە.

هــ م. جاکسـۆن: وا دەردەکەوێـت ئێـوە لـە نێـوان دوو ئاگـردا بـن. ڕووس بەڵێنیان داوە کـە لـە ١ی مارچـدا، ئـەم ناوچەیـە بەجـێ بهێڵـن.

قەرەنــی ئاغــا: ئەمــە ئــەو شــتەیە ئــەوان گوتویانــە. ئێمــە دەزانیــن، تــا ئــەو کاتــەی پێویسـتیمان پێیـان هەبێـت، دەمێننـەوە.

هـ م. جاکسۆن: خەڵکیتر لە ئازەربایجان هەن؟

قەرەنی ئاغا: ئەرمەنی و ئاشوری هەن.

هـ م. جاکسۆن: ئەرمەنیەکان ناچن لە ئەرمەنیای سۆڤیەتدا نیشتەجێ بن؟

قەرەنـی ئاغـا: ئێمـە بـە ڕووسـمان گـوت خراپـە ڕێـژەی دانیشـتوانی ئازەربایجـان کـەم ببێتـەوە، ئەوانیـش ڕێنمایـی ئەرمەنەکانیـان کـردووە لـەو جێگەی هـەن بمێننـەوە، هەروەها بەڵێنـی ئەوەیـان داوە سـێ ناوچـەی تورکیـا بـەم نزیکانـە بـە ئازەربایجانـەوە بلکێندرێـن.

لـەم گفتوگۆیـەی سـەرەودا، دەردەکەوێـت پڕوپاگەنـدەی ڕووس لـە ئازەربایجانـدا. ڕێـک بـە قـەوارەی هـزری خێڵەکـی دوراوە. بێگومـان ئەمینـی و ئامانجـداری سیاسـەتی بەریتانیـا

لە عێراقدا، سیاسەتێکی درێژخایەنە هەربۆیەش هزری خێڵەکی سادە ستایشی ئەم سیاسەتە ناکات، هزرێک هیچ کات بیر لە سبەی ناکاتەوە. لە لایەکیترەوە، ڕووس بە بەڵێنە خێراکانییانەوە، جا نیەتی ئەوەیان هەبێت ئەو بەڵێنانە جێبەجێ بکەن، یان پشتگوێی بخەن، بێگومان دەستڕۆیی و کاریگەریی گەورە لە ناوچە کوردییەکاندا دەستەبەر دەکەن.

لە کۆتاییدا، بەراوردی ئەم جۆش و خرۆش و هیوایەی کوردی ئێران، لەگەڵ کەشی سەرکوتکاری و تەمومژاوی ڕواندز بکەن، هەربۆیەش درەنگ یان زوو لەم دیوی سنووردا هەندێك پەرچەکردار [لەهەمبەر ئەم کەشە دژوارەدا] ڕوو دەدات.

واژوو :

کاپتن هـ م. جاکسۆن (H. M. JACKSON)

(D. A. P. A. ERBIL)

ژمارە ١٤، (E 1211/1211/89)

لە مستەر شۆن بۆ مستەر بێڤین (لە ١١ی فێبریوەری بە دەست گەیشتووە)

ژمارە ١٣، بەیروت ٢١ی جانیوەری ١٩٤٦

بەڕێز..

١. ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییە لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ئەو دەردەخات ڕووداوەکانی ئازەربایجان و کوردستانی عێراق، لە ناو هەندێک ناوەندی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، ئەم گومانەی دروست کردووە، حکومەتی سۆڤیەت سیاسەتێکی درێژخایەنی داڕێشتووە بۆ گەمارۆدانی تورکیا، ئەویش بە هاندانی جوڵانەوە نەتەوەگەرا و جوداخوازەکان لە نێوان کەمینەکانی ناوچەکانی باشووری تورکیا و سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی، بە تایبەتیش لە نێوان کورد و ئەرمەندا. هەربۆیەش وا باشە هەندێك لەو زانیارییانەی تا هەنوکە لەم بارەوە و سەبارەت بە سوریا دەست کەوتوون، بخەینەڕوو.

٢. لەوانەیە ژمارەی کوردی سوریا بگاتە سەرووی ٢٠٠ هەزار کەس (هیچ ژمارەیەکی دروست لەبەر دەست نییە). زۆرێک لەو کوردانە کەم تا زۆر لە ناو کۆمەڵگای خۆجێییدا [واتە لە ناو عەرەبەکاندا] تواونەتەوە. ژمارەیەکی کەمی کورد لە لوبنان دەژین و هەندێك کۆمەڵەی بچووکیش لە شارەکانی سوریادا دەژین، بەڵام زۆربەیان لە ناو گروپە خێڵەکییەکاندا بە درێژایی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوان سوریا و تورکیادا دەژین، واتە لەو ناوچانەی تێکەڵ بە بەدەوییەکان و تورکمانەکان دەبن.

ئەم گروپە خێڵەکیانە خەریکی کاری کشتوکاڵن و زۆربەیان نەخوێندەوارن و لە دۆخێکی دواکەوتوودا دەژین و بە تەواوەتی لەلایەن ئاغاکانییانەوە (سەرۆک خێڵ) و موریدەکان (چینی خوێندەوار و ئایینی) کۆنترۆڵ کراون. لە کاتێکدا سەرۆکەکانیان ڕاهاتوون، جاروبار هەروەك زۆربەی کەمە نەتەوەکانیتر گلەیی و گازندە بکەن، لەوەی دەسەڵاتدارانی سوریا جیاکاری لە دژی کورد دەکەن، بەڵام سەرەڕای ئەمەش،

ئـەوان هیـچ جـۆر ئاڕاسـتەیەکی جوداخوازیـان نەگرتووەتەبـەر. ئەگەرچـی لـەم دواییانـەدا سـەرنجێکی زۆر بـە کاروبـاری کـوردی تورکیـا دەدەن، بـەڵام هیـچ بەڵگەیەک لەبەر دەسـت نییـە کـوردی سـوریا پەیوەندییەکـی پتەویـان لەگـەڵ کـوردی عێـراق یـان ئێرانـدا هەبێـت. تـا چ ڕادەیـەک بیرۆکـەی کوردسـتانی یەکگرتـوو، دەتوانێـت کاریگـەری بخاتـە سـەر ئـەم کۆمەڵـە دوورەپەرێـزە [واتـە کـوردی سـوریا]، بابەتێکـە جێگـەی مشـتومڕە. حاڵـی حـازر، وا دەردەکەوێـت ئـەم بیرۆکەیـە هیـچ کاریگەریـی یـان کاریگەرییەکـی کەمـی خسـتووەتە سـەر کـوردی سـوریا. هەروەهـا بـە هـۆی ئـەو هۆکارانـەی لـە پەرەگرافـی ٥دا خرانـەڕوو، سـەرکردەکانی کـوردی سـوریا هیـچ مەیلێکیـان بـۆ لای یەکێتـی سـۆڤیەت نییـە.

٣. لـە نێـوان کۆمەڵـە بچوکەکـەی کوردانـی دیمەشـق دوو دەسـتە هـەن بـە ناوەکانـی ‹کۆمەڵـەی کـورد› (Kurdish League) و ‹کۆمەڵـگای سـەلاحەدین› (Society of Salah Iddin). یەکەمیـان لەلایـەن هـەردوو براکـە، واتـە جـەلادەت و کامـەران بەدرخـان بەڕێوەدەچێـت و داوای دەوڵەتێکـی کـوردی خـاوەن ئۆتۆنۆمـی دەکـەن، ئـەم گروپـە نامیلکەیەکیـان بڵاوکردووەتـەوە و لـە ٣ی ئۆکتۆبـەری ١٩٤٥ بـۆ نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە بەیـروت ناردوویانـە. دەسـتەی دووەم، گرنگـی بـە بوژانـەوەی زمانـی کـوردی و بەرزکردنـەوەی پێگـەی کـورد لـەو وڵاتانـەدا دەدات کـە تێـدا نیشـتەجێن، بـەڵام وا دیـارە نایانەوێـت دۆخـی هەنوکەیـی خۆیـان لەگـەڵ دۆخـی کوردسـتانێکی بـە کێشـە بگۆڕنـەوە.

٤. لەنێـو کـوردی دیمەشـقدا، تاقمێـک چەتـەی ڕێکخـراو هەیـە، کـە بـۆ هـەر جـۆرە کارێکـی نایاسـایی بـە کـرێ دەگیرێـن. هەبوونـی ئـەو تاقمـە پێـش ڕووداوەکانـی مانگـی مـەی ١٩٤٥، ئامـاژەی پێـدراوە، بـە کـرێ گیـراون تـا سـورییەکان و فەرەنسـیەکان برینـدار بکـەن.

٥. سـەرۆکی پارتـی کۆمۆنیسـتی لوبنـان، خالیـد بەگـداش، کەسـێکی بـە ڕەچەڵـەک کـوردە و لـە مۆسـکۆ ڕاهێنانـی بینیـوە. ئەگەرچـی لـەم دواییانـەدا، ڕاپۆرتێکـی نهێنـی لـە بەغـدا، ئامـاژەی بـە ناوەکـەی کـردووە کـە لـە نـاو کـورددا خەریکـی پیلانگێڕییـە و سـەر بـە ڕووسـیایە. هیـچ بەڵگەیـەک لەبـەر دەسـت نییـە، لـەو بـارەوە کـە ئـەو خـۆی

بـۆ کۆمەڵگاکـەی خـۆی [واتـە بـۆ کـورد] تەرخـان کردبێـت، یـان هیـچ کاریگەریـی و دەسـترۆییەکی لـە نێـوان کـورددا هەبێـت. سـەرەتا ئـەو کۆمۆنیسـتە، دواتـر لوبنانیـە و دوای ئــەوە کــوردە. لــە بارودۆخــی هەنوکــەدا، کۆمۆنیــزم شانســێکی زۆر کەمــی هەیـە لـە نێـوان خێڵـە کوردییەکانـدا بـڵاو ببێتـەوە، چونکـە ئـەو خوێنـدەوار و پیـاوە ئایینیانـەی لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێـدان، دژی بـاوەڕی کۆمۆنیسـتین کـە لـە دواجـاردا دەبێتــە هــۆی لەناوبردنــی پێگــە و دەســترۆیی خــودی خۆیــان. هیــچ بەڵگەیــەک لەبـەر دەسـت نییـە نیشـانی بـدات کۆمۆنیـزم لـە نێـوان گروپـی کـوردی نیشـتەجێی شـارەکانی سـوریادا، جەماوەریـی و پەسـەندکراو بێـت. دەنگـۆ هەیـە سـۆڤیەت خـۆی لـە کـورد نزیـك دەکاتـەوە، بـەڵام هیـچ بەڵگەیەکـی ڕوون لەمبارەیـەوە لەبـەر دەسـت نییـە و هیـچ هاوسـۆزییەکی تایبـەت بـۆ پشـتگیریی کـردن لـە سـۆڤیەت نەبینـراوە، بـە تایبەتیـش لـە نێـوان کـوردی نیشـتەجێی شـارەکاندا، کامـەران بەدرخـان لـە گفتوگـۆی ئــەم دواییانەیــدا لەگــەڵ ســکرتێری ڕۆژهــەڵات (oriental secretary) بــە ڕوونــی ئومێــدی خــۆی بــۆ پشــتگیری بەریتانیــا لــە کــورد دەربڕیــوە، بــەڵام ســەرکردەکانی کـورد لـە دیمەشـق نائومێـد بوونیـان سـەبارەت بـە خۆپارێـزی بەریتانیـا سـەبارەت بـە خواسـتی کـورد دەربڕیـوە. بەهەرحـاڵ ئەگـەری ئـەوە هەیـە لـە ئەنجامـدا بە ئاڕاسـتەی سـۆڤیەت بـڕۆن، بـەڵام ئەگـەر تەنانـەت ئـەم کارەش بکـەن، حاڵـی حـازر، چانسـیان بـۆ ڕێکخسـتنی جوڵانەوەیەکـی سـەربەخۆخوازانە لـە نێـوان کۆمەڵـە ناگرینگەکانـی کـورد لـە سـوریادا، شـتێکی دوورە.

٦. ژمــارەی ئەرمەنــەکان لــە ســوریا ١٢٠ هــەزار کــەس و لــە لوبنــان ٧٠ هــەزار کەســە. زۆربـــەی ئـــەو کەســـانەش ئـــەو پەنابەرانـــەن بەهـــۆی لێپیچینەوەکانـــی تورکیـــا هەڵاتــوون و لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٢٢ و ١٩٣٨دا لــە ســوریادا نیشــتەجێ بوونــە. ئـەوان هەسـتێکی شـاراوەی بەهێـزی دژە-تورکیـان هەیـە. لـە پیشـە جۆراوجـۆرەکان و لـە کاری دەسـتیدا شـارەزان، واتـە ئـەو کارانـەی خەڵکانیـتر کەمـتر تێیـدا سـەرقاڵن. هــەر لــە کاتــی نیشــتەجێ بوونیــان، ناســنامەی لوبنانــی یــان ســوریان وەرگرتــووە و دەســتیان بــە بازرگانــی کــردووە و لــە ژیانێکــی ئاســودەدا دەژیــن. لــەم دواییانــەدا

هــەردوو حکومەتــی ســوریا و لوبنــان هەوڵیانــداوە، لــەو ئەرمەنیانــەی وەریانگرتــوون، تێبگەیــن نەترسـێن و پێشــوازیش لــە پیشــە و کارەکانیــان دەکرێــت. بەهەرحــاڵ ئەرمەنــەکان، بیرۆکەیەکــی لــە بیــر نەکراویــان ســەبارەت بــەو نەهامەتیانــەی کــە لــە تورکیــا بینیویانــە، هەیانــە. هەربۆیــەش خوازیــاری ئــەوەن بــە شــێویەکی گونجــاو لەگــەڵ خەڵکانــی دەوروبــەری خۆیانــدا بژیــن و خۆیــان لــە هــەر جــۆرە چالاکیەکــی سیاســی بــە دوور بگــرن کــە بەدڵــی ئــەو خەڵکانــە نەبێــت. ئەرمەنــە کاســۆلیکەکان کــە نزیکــەی ٢٥٪ ئەرمەنەکانــی ســوریا پێــک دێنــن و لەلایــەن فەرەنســاوە پشــتگیریی دەکرێــن، زۆر لــە ئۆرتۆدۆکســەکان کەمــترن کــە پەلکێشــی نــاو دەوڵەتــی ســوریا بوونــە و نیگەرانــی ئــەوەن پێگەکەیــان لــە دەوڵەتێکــی ناسۆنالیســتی [ســوریایدا] ڕووبــەڕووی مەترســی ببێتــەوە.

٧. پەیامــی [ڕۆژنامــەی] تــاس (Tass)، ئــەوەی لــە تەلەگرامــی مۆســکۆ، ژمــارەی ٥١٩٣ لــە ٤ی دێســەمبەری ١٩٤٥دا، ئامــاژە پێکــراوە، بانگەشــەی ئاســانکاری بــۆ ئەرمەنــەکان دەکات، تــا بــەرەو ئەرمەنیــای ســۆڤیەت کــۆچ بکــەن، ئەمــەش بووەتــە هــۆی دڵخــۆش بوونــی ئەرمەنــەکان، بەتایبەتیــش لــە شــاری حەلــەب. ڕۆژنامەکانــی ئــەم شــارە بــۆ چەنــد ڕۆژێــک تێبینیــان لەبــارەی ئــەم بابەتــە بــڵاو دەکــردەوە. یەکێــک لــە تێبینیــەکان بریتــی بــوو لــەوەی لــە کاتێکــدا زۆرێــک لــە ئەرمەنــەکان پێیــان باشــترە لــەو شــوێنەدا بمێننــەوە کــە تێــدا دەژیــن، بــەڵام هەندێــك لــە ئەرمەنــە گەنجــەکان، لەوانەیــە ســود لــەم دەرفەتــە پێشکەشــکراوەی ســۆڤیەت وەرگــرن. پەخشــی ئیریڤــان لــە ٧ی دێســەمبەری ١٩٤٥ (تەلەگرامــی مۆســکۆ ژمــارە ٥٣٢٦ لــە ١٣ی دێســەمبەر) کاریگــەری هەیــە لەســەر وروژاندنــی شــانازیی نــەژادی لــە نێــوان ئەرمەنــەکان و لایەنگــری ســۆڤیەت، بەتایبەتیــش بڵاوکردنــەوەی دەنگــۆی ئــەوەی حکومەتــی ســۆڤیەت بــە نیــازە کۆنســولگەرییەکی گشــتی لــە حەلــەب بکاتــەوە. هەروەهــا بڵاوکردنــەوەی دەنگــۆی ئــەوەی گوایــە حکومەتــی ســۆڤیەت داوا لــە حکومەتــی ســوریا دەکات دان بــە نوێنەرایەتــی ئەرمەنەکانــی ســۆڤیەتدا بنێــت، ئەگەرچــی ئــەم دەنگۆیانــە بــڵاو بوونەتــەوە، بــەڵام لــە هەمانکاتــدا پشــتگوێ خــراون.

٨. بەلایەنیکەمەوە دوو لە دابەش بوونە سیاسییەکەی نێوان ئەرمەنەکان بە هۆی دەستێوەردانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بووە؛ کە بووەتە هۆی ڕق بوونەوەیان لە تورک، هەروەها زۆرێک لە ئەرمەنەکان سەر بە حزبە کۆمۆنیستیە ناوخۆییەکانن، چونکە ئەرمەن لایەنگری سەرەکیی ئەو حزبانەن. سەرەڕای ئەمەش، ئەو هەیەجانەی بە هۆی پەیامەکەی تاس و ڕادیۆی دەنگی ئێریڤان بڵاودەکرایەوە، تەمەنەکەی زۆر کورت بوو، بێگومان ئەوەش لەبەر ئەو هۆکارەیە کە لە پەرەگرافی ٦دا ئاماژەمان پێدا. هەروەها هەر لە دوای ئەم پەیامانە، چاپەمەنیەکانی حەلەب بڵاویان کردەوە، گروپێکی زۆری ئەرمەن لەلایەن وتەبێژەکانیانەوە ئاگادار کراونەتەوە لەو ناوچانەدا بمێننەوە کە تێیدا ژیاون. هەمان ئەنجام لە کۆبوونەوەکانی نێوان ئەرمەنەکانی لوبناندا، ڕاپۆرتکراوە. وێڕای ئەمەش زۆرێک لەو ئەرمەنانەی پێشوازیان لەو دەرفەتە کرد کە بۆ زێدی خۆیان لە ویلایەتەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بگەڕێنەوە، لەوانەیە هێندە موشتاق نەبن، بۆ ئەرمەنیای سۆڤیەت کۆچ بکەن کە هیچ زانیارییەکیان لەبارەیەوە نییە.

٩. ئەگەرچی حاڵی حازر هیچ ئاماژەیەک لە ئارادا نییە لەسەر هەبوونی بزوتنەوەی سەربەخۆخواز یان تێکدەری ئەرمەنەکان یان کوردی سوریا کە لەلایەن سۆڤیەت یان لایەنێکیترەوە پاڵپشتی بکرێت، بەڵام ئەم دوو نەتەوەیە، بەتایبەتیش ئەرمەنەکان ئامادەن بە ئاسانی یارمەتییەکانی سۆڤیەت قبوڵ بکەن و لەسەر ئەم بنەمایەش حکومەتی سۆڤیەت بڕیار لەسەر سیاسەتی داهاتووی خۆی لە سوریا دەدات، بەڵام بە پێی ڕاپۆرتی پێشوو، وا دیارە حاڵی حازر ئەمە بابەتێکی گرنگ نەبێت. وا دیارە نێردراوەکانی سۆڤیەت لە دیمەشق و بەیروت سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاری بن لەبارەی بارودۆخی خۆجێیی، نەک خۆ هەڵقورتاندن لە هەر جۆرە چالاکییەک. هەروەها، هیچ ئاماژەیەک لە پڕوپاگەندەی سۆڤیەت لە سوریا نابینرێت، تەنیا ئەوە نەبێت، دەتوانین بڵێین چالاکی حزبە کۆمۆنیستیە خۆجێیەکان، بە هاندانی سۆڤیەت ئەنجام دەدرێن. ترس و بێ متمانەیی بە سۆڤیەتی ڕووسیا لە نێوان سەرکردەی خێڵەکان

و دەربەگـەکان و بازرگانەکانـدا زۆر بەهێـزە؛ واتـە لـە نێـوان ئـەو کەسـانەی تـا هەنوکـەش بـە فەرمـی بەرپرسـیارن لـە فۆڕمۆلەکردنـی ڕای گشـتی لـە هـەردوو دەوڵەتـدا [واتـە لـە سـوریا و لوبنـان]، بـەڵام ڕووداوەکانـی ئازەربایجـان وەک شـۆکێک بـوو و لـە ڕاسـتیدا هەسـتێکی شـایانی ئامـاژە پێدانـی لـە نێـوان ئـەو چیـن و توێژانـەدا دروسـت کـردووە کـە لـەو بڕوایـەدا بـوون، دەسـتڕۆیی سـۆڤیەت زۆر بـە خێرایـی لـە دەوروبەریانـدا تەشـەنە دەکات. هەنوکـە نارەزایەتـی سـوریا لـە سیاسـەتەکانی فەرنسـا و تـا ڕادەیەکیـش لـە سیاسـەتەکانی بەریتانیـا، نابێتـە هـۆی ئـەوەی وا وێنـا بکەیـن، لـە دواجـاردا هەندێـك کـەس دەردەکـەون و ئـەو ئارگیۆمێنتـە دەخەنـەڕوو کـە دەسـتڕۆیی سـۆڤیەت ناتوانێـت بـە گشـت کـون و قوژبنێکـدا بـکات و پێویسـتە ئـەم دەسـتڕۆییە بـە سـوودی خواسـتە ناسـیۆنالیزمییەکانی سـوریا و لوبنـان جڵـەو بکرێـت، چونکـە وا دیـارە حکومەتـی سـۆڤیەتیش لەگـەڵ ئـەم خواسـتانە هاوسـۆزە.

١٠. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ باڵیـوزی خاوەنشـکۆ لـە قاهیـرە، بەغـدا، تـاران و بـۆ کۆمیسـاری بـاڵا بـۆ پرسـی فەلەسـتین و ئـەردەن لـە ئۆرشـەلیم، وەزیـری خاوەنشـکۆ لـە جـەدە و نووسـینگەی بەریتانیـا بـۆ کاروبـاری ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت لـە قاهیـرە دەنێـرم.

لەگەڵ ڕێزدا...

TERRENCE SHONE

## سەرنجێک لەبارەی کورد

### لەلایەن مالکۆلم بۆر، د. ئێس، سی (Malcolm Bur, D, Sc)

بۆئـەوەی بگەینـە تێگەیشـتنێکی دروسـت لـە کێشـەی ئێسـتای کـورد، پێویسـتە خوێندنـەوەی ئـەم بابەتـە لـە چوارچێـوە مێژووییەکەیـدا بکەیـن. کـورد گەلێکـی کۆنـن، خـاوەن هەمـوو خەسـڵەتەکانی ئابوریـی تەقلیدیـی چیاکانـن. لـە سـەرەتای سـەدەی هەژدەیەمـدا کلتـوری کـورد زۆر لـە کلتـوری هاوچەرخـی ئـەو سـکۆتلەندییانە دەچـێ کـە لـە بەرزاییەکانـدا دەژیـن. لەڕاسـتیدا، لـە ناوەنـدی شـارەکانی وەک دیاربەکـر و سـنە و لـە ئەنجوومەنـە دەرەبەگییەکانـدا لـە بەتلیـس و ئامێـدی و شـارەزور ماونەتـەوە، کلتـوری کۆشـکی خێزانـە دەسـەڵاتدارەکان، بـە بـەراورد لەگـەڵ کلتـوری ئـەو سـەرۆک خێڵانـەی لـە بەرزاییەکانـدا دەژیـن، خۆشـگوزەرانتر و کراوەتـرە.

تراژیدیـای کلتـوری چیـاکان کوردسـتانی بـۆ سـەدان سـاڵ دواخسـتووە. تراژیدیاکـە لـە نـاو ئـەو خەڵکانـەی لـە چیاکاندا دەژیـن لە دوای سـاڵی ١٩٤٥دا بەرجەسـتە بوو. لەڕاسـتیدا تراژیدیاکـە بریتییـە لـە کاریگـەری دەوڵەتـی مۆدێـرن لەسـەر کۆمەڵـگا بەراییەکانـدا، کۆمەڵگایـەک کـە پشـت بەخـۆ بەسـتوو و پاشـاگەردانە، شـانازیی بەخۆکـەر و جوامێـر بـوو و بـە ئاسـانی نەیاندەتوانـی لەگـەڵ ژینگـەی دەوروبـەردا بگونجێـت. تەنانـەت لـە سـەردەمی ئەمـڕۆدا لـە عێـراق، هاوکارییەکانـی بەریتانیـا بـۆ پاراسـتنی [کلتـوری] گروپـە کۆمەڵایەتییـە جۆراوجـۆرەکان لەناوچـوون، کەچـی ئـەم وڵاتـە تـازە پێگەیشـتووە، چەنـد سـەرۆك خێڵێکـی ئەوتـۆی لەخـۆ گرتـووە کـە دەکرێـت لەگـەڵ ئـالان برێـک سـتیوارت[1](Allan Breck Stewart) و ڕۆب ڕۆی[2] (Rob Roy) بـەراورد بکرێـت.

ئەنجامـی وێرانکردنـی بەرزاییەکانـی شـوێنی نیشـتەجێ بوونـی گالیـک زمانـەکان [گالیـک زمانـی سـکۆتلەندییەکانە] بریتـی بـوو لـە بڵاوبوونـەوەی ژمارەیەکـی بەرچـاوی دانیشـتوانی ئـەم ناوچانـە لـەو شـارانەدا کـە لـە ئەنجامـی شۆڕشـی پیشەسـازیدا بونیاتـنرا

(١) سەربازێکی سکۆتلەندی بوو، دەستی باڵای لە کوشتاردا هەبوو [وەرگێڕ].

(٢) لە یاسا دەرچوویەکی سکۆتلەندی بوو، دواتر بوو بە پاڵەوانی نەتەوەیی [وەرگێڕ].

بـوون وەک گلاسـکۆ و بێلفێسـت و شـارەکانی ئەمریـکا. هـەروەک چۆن ناوچـە نەوتییەکانی قەفقازیـا، لـە سـەرەتای ئـەم سـەدەیەدا توانیـان لـە ڕێگـەی نـەوەی ئـەو کەسـانەی کـە لـە شـاخەکاندا نیشـتەجێ بـوون و بـە درێژایـی شەسـت سـاڵ لـە دژی ڕووس جەنـگان، ڕێژەیەکـی کەمـی حەقدەسـتی کارەکەیـان دەسـتەبەر بکەن. هەنوکـە خێڵـە کۆچەرییەکانی کـورد -کـە بەهـۆی سـەد سـاڵ شۆڕشـە سـەرنەکەوتووەکانی و بـە هـۆی داماڵینـی لـە شـێوازی ئابوریـە مێژووییەکـەی و هێـرش بردنیـان بۆسـەر گونـدە دەشـتاییەکان- دواتـر ڕێگەیـان بـەرەو کێڵگـە نەوتییەکانـی کەرکـوک دۆزیـەوە و بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن، لـە ڕۆشـنبیریی و کلتـورەوە هاوتـای نەتەوەکانیـترن و لـە کارگەکانـی چوارگۆشـەی ناوچـەی نوێـی پیشەسـازی ئاناتۆلیادا-واتـە مالاتیـا، سـیواس، قەیسـەری و ئەدانـا -نیشـتەجێ بوونـە.

زۆر سـەختە ناسـیۆنالیزمی کـورد، لـە ڕێگـەی چەمکـە بەکارهاتووەکانـی ئاسـتی بەرزەی ناسـیۆنالیزمی ئەوروپـای ناوەنـد، یـان وەک ناسـیۆنالیزمی کۆمەڵـگا ئاڵۆزەکانـی وەکـو میسر و شـام و هیندسـتان لێـک بدرێتـەوە.

ناسـیۆنالیزمی کـورد بریتییـە لـە وەسـتانێکی بوێرانـەی خەڵکـی کۆمەڵـگا بەراییـەکان لـە دژی پرۆسـەی بـە میکانیزمکـردن کـە لـە سـەدەی ڕابـردوودا لـە نـاو ئـەم کۆمەڵگایانـەدا سـەریهەڵدا. ئـەم خۆڕاگرییـە حکومەتـە یـەک لـە دوا یەکەکانـی تورکیـا لـە بەڕێوەبردنـی ناوچـە شـاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتـی وڵاتـدا تووشـی ببـوو، هـەروەک ئـەو سـەرهەڵدانەیە لـە قەفقازیـا ڕوویـدا و حکومەتـی ڕووسـیا ڕووبـەڕووی بـووە، تـا خەڵکـی ئـەم ناوچانـە بخاتـە نـاو جیهانـی مۆدێـرن. ئـەو هەڵمەتانـەی لـە سـەدەی ڕابـردوو و لەلایـەن سیسـتەمی چاکسـازیی سـوڵتان محەمـەدی دووەمـەوە لـە دژی ئاغاکانـی کـورد ڕێکخـرا، هـەروەک ئـەو هەڵمەتـە بـوو، ڕوسـەکان لـە دژی گەلـی داغسـتاندا بەرپایـان کـرد، بـەڵام خۆڕاگـری قەفقازییـەکان ڕێکخراوتـر و یـەک دەسـتتر بـوو، چونکـە ئـەم خۆڕاگریـە لـە سـەر بنەمـای نیـەت پاکـی و ڕادیکالیزمـی جوڵانـەوەی موریـد (Murid movement) وەسـتابوو. لـە کاتێکـدا ئاغـا و پـارەداری کـورد تەنیـا نوێنەرایەتـی بەژەوەندییـە تاکەکەسـی خۆیـان دەرکـرد. پەرەچەکـرداری هاوشـێوەی ئەمـەش لـە نـاو خەڵکـی دەرێ بێـی(dere-beys) لـە چیاکانـی ئالـپ و بۆسـنیا دەبیـنرا.

کاتێــک خێڵــە کوردییــەکان لــە دامەزراندنــی کۆمەڵەیەکــی ســەربازی مەترســیدار شکســتیان هێنـا و دوای شکسـتی سـەربازی ئیمپیراتوری عوسـمانی لەلایـەن میسرییەکانەوە لـە سـاڵی ١٨٣٩ لـە ناوچـەی نەسـیب، دەرفەتێکـی گەورەیـان بـۆ ڕەخسـا، بـەڵام کـورد هیــچ هەوڵێکــی یەکدەســت و کۆنکریتیــان نــەدا. هــاوکات لــە هەمــان ســەردەمدا ‹پێغمبـەر موردیـد شـامیل›، لـە سـاڵی ١٨٤٥دا، کـە سـێیەکی سـەربازانی ڕوسـیای لـە بـەرەی قەفقازیـا سـەرکردایەتی دەکـرد لـە ناوچـەی دارگـۆ، بـڵاوەی بـە سـوپا بەهێزەکـەی ڕوسـیا کـرد. دوای نەوەیـەک، کاتێـک شکسـتی قەفقازیـا بـووە هـۆی چۆڵکردنـی گشـت چیاکانـی ڕۆژئـاوا لـە نیشـتەجێبووەکانی و کۆچـی نزیکـەی یـەک ملیـۆن چەرکـەز بـۆ نـاو خاکـی ئیمپراتـوری عوسـمانی، وەک پەرچەکردارێـک، سـەرۆک خێڵـە گەورەکانـی کـورد، لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی عەبدولحەمیـد و لـە کۆتاییەکانـی سـەدەی نۆزدەیەمـدا سـوارەی حەمیدییەیـان پێکهێنـا و بوونـە ملکەچـی دەسـەڵاتی سـتەمکاری ئیمپراتـوری عوسـمانی.

لەمیانــەی جەنگــی یەکەمــی جیهانیــدا، کــورد ملکەچــی حکومەتــی عوســمانی بــوون، هەروەهـا ئەمـەش سـەلمێنرا سـوارچاکە ناڕێکخراوەکانـی کـورد، ناتوانـن ڕووبەڕووی سـوپای سـوارەی باراتـۆڤ (Baratov) ببنـەوە کـە لـە سـاڵی ١٩١٥دا لـە گشـت ناوچـە کوردییـەکان لـە ئۆرمیـەوە تـا تاتـوان بڵاوببوونـەوە. کـورد وەک ئەرەمەنـەکان ڕووبـەڕووی نەهامەتـی بوونـە- کۆچـی زسـتانان، نەخۆشـی کولێـرا، قـات و قـڕی و سـەربڕینی مەڕوماڵاتیـان. کاتێک قـەزاق باراتـۆڤ و فەرمانـدەی ئەرمەنـەکان لـە سـاڵی ١٩١٦دا، دەسـتیان بەسـەر ڕوانـدزدا گـرت، تەنیـا یـەک لـە سـەر شەشـی دانیشـتوان بـە زیندوویـی مابوونـەوە.

لـە مـاوەی نێـوان جەنگـی یەکەمـی جیهانـی و جەنگـی دووەمـی جیهانیـدا، کارگـەی کوشـندەی جیهانـی مۆدێـرن بەسـەر خەڵکانـی چیانشـیندا وەدەرکـەوت. لێـرەدا، دووبـارە ڕووداوەکانـی کوردسـتان و قەفقازیـا، هاوتەریب (پارالێل) بوون. سـێ کەرتی سـوپای ڕوسـیا بـۆ مـاوەی شـەش مانگ بـۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینە مەزنەکەی داغسـتان لە زسـتانی ١٩٢١-١٩٢٢دا، لـەم ناوچەیـەدا جێگیـر کـران. شـۆڕش بە گشـت ناوچەکانـی باشـووری ڕۆژهەڵاتی قەفقازیـدا بـڵاو ببووە. لە دەیەی بیسـتەکان بەتەواوی و لە سـاڵی ١٩٣٢دا، بەرگری جوتیاران لـە دژی سیاسـەتی بەدەسـتەجەمعی کردنـی [زەویـە کشـتوکاڵییەکان] گەیشـتە ئـەو پەڕی.

لـە تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٢٠ و ١٩٢٢دا، پەرچەکردارێکـی تونـد لـە ئەنقـەرە لـە دژی حکومەتـی کەمالیسـتی سـەریهەڵدا بـوو کـە بـە ‹جوڵانـەوەی خەلافـەت› نـاوی دەرکـرد. شۆڕشـەکە لایـەن هەوادارانـی سـوڵتان وەحدەتدینـەوە بەرپـا کـرا و لەلایـەن زەویـدارە کۆنەپارێزەکانـی بۆلـۆ و ئاماسـیا و لەلایـەن پیاوانـی ئایینـی بەهێـزی ناوچـەی قۆنیـا و شـارە کۆنەکانـی دەوروبـەری قۆنیـا، پشـتگیری کـرا. جوڵانـەوەی خەلافـەت لـە ناوچـە کوردییەکانـی دەوروبـەری دیاربەکـر و سیڤەرەک بڵاوبوویـەوە، بـەڵام ڕۆحـی جوڵانەوەکـە ڕۆحێکـی ئایینـی و کۆنەپارێـزی بـوو. جوڵانەوەکـە سـەرەڕای مەترسـیدار بوونـی لـە بەینـبرا، ئەویـش دوای ئـەوەی سـەرۆکەکانی جوڵانـەوەی ئەحمـەد بێـی و براکانـی لـە سـەرهەڵدانە سـەربازییەکەیاندا شکسـتیان هێنـا و بـەرەو یۆنـان ڕایـان کـرد.

بـە هـۆی چاکسـازیی زەوی و شـۆکی بـە عەلمانـی کردنـی [کۆمەڵـگای تورکـی] لەلایـەن ئەتاتورکـەوە، لـە ناوەڕاسـتی بیسـتەکاندا پەرچەکـردارەکان هەڵگیرسـانەوە و وا دەگوترێـت کـە لـە پارێزگاکانـی ڕۆژهەڵاتـی ئـەم پەرچەکردارییـە مەترسـیدارترین شـێوازی چەکداریـی لـە خـۆ گـرت. شـێخ سـەعید، کەسایەتی خـاوەن زەوی و سـەرکردەی بەڕێـزی ئایینـی لـە دەرسـیم وخێڵـی حەیدەرانلیـەکان لـە هینـس، ناوچەکەیـان کۆنـترۆڵ کـرد و چەندیـن ئۆپراسـیۆنی سـەربازیی لەلایـەن حکومەتـی چاکسـازیخوازەوە بەڕێـوە بـردران. لـە دەرسـیم کـە ڕێـژەی قرقیزەکانـی تێـدا بـەرزە، لـە سـاڵی ١٩١٦دا هێرشـی دەکـردە سـەر تورکـەکان و پاشەکێشـەیان پێدەکـرد و لـە سـاڵی ١٩١٧دا، لەلایـەن تورکەکانـەوە تـاڵان کـرا، بـەڵام سـەرەڕای ئەمانـەش تـا سـاڵی ١٩٣٧، ملکەچـی تورکیـا نەبـوو.

ڕۆحـی ناسـیۆنالیزمی کـوردی لەلایـەن چالاکییـە کلتورییەکانـی کـورد لـە ئیریڤـان و دیمەشـق ئـاو دەدرا و لـە هەنـدەران چەکـەرەی کـرد. لـە کاتێکـدا کـە زۆرینـەی کـورد نەخوێنـدەوار بـوون و نـەوەی کۆنیـش تەنیـا لـە زمانـی عەرەبـی شـارەزا بـوو، بـەڵام حاڵـی حـازر، دەتوانرێـت لیسـتێکی دوورودرێـژی سـەرچاوە لەبـارەی کورد کـۆ بکرێتەوە. سـەختە هەسـتی ڕاسـتەقینەی ناسـیۆنالیزمی کـوردی هەڵبسـەنگێندرێت. کـوردە ناسیۆنالیسـتە بـە جـۆش و خرۆشـەکان ژمـارەی کـورد بـە ١٠ ملیـۆن کـەس مەزەنـدە دەکـەن، کـە لـە ناوچـەی سـیلیکانی تۆرۆسـەوە بـەرەو دەریاچـەی خـەزەر لـە ئێـران و بـە درێژایـی هێڵـی زنجیـرە

چیاکانـی زاگـرۆس بـەرەو کەنـداوی فـارس نیشـتەجێن. زۆرێـک لـەو خێڵانـەی بـە کـورد هەژمـار دەکرێـن، وەک قەشـقەیی و لـوڕەکان نـە بـە کـوردی قسـە دەکـەن و نەزانراویشـە بـە کـورد هەژمـار کرابـن. زمانـی کـوردی چەندیـن شـێوەزاری جۆراوجـۆری هەیـە، بـە یەکێـک لـە لقەکانـی زمانـی هیندو-ئەوروپـی نـاسراوە. کـوردی ئێـران ژمارەیـان نزیکـەی دوو ملیـۆن کەسـە، بـە تونـدی کاریگـەری کلتـوری فارسـیان لەسـەرە.

لـە باکـووری عێراقـدا، نزیکـەی ٧٥٠،٠٠٠ کـورد لـە بەرزاییەکانـی، ڕۆژهەڵاتـی ڕووبـاری دیجلـەدا دەژیـن. ئێزدییـەکان لـە شـاخی سـنجاردا دەژیـن و ناوچەیەکـی بچووکـی باکووری موسـڵ بـە زمانـی کـوردی قسـە دەکـەن، بـەڵام ئەمانـە لـە ڕووی کلتـور و بـاوەڕەوە لـە درواسـێیە موسـڵیەکانیان زۆر جیـاوازن. لـە شـارەزور و دۆڵـە بەرزەکانـی زاگـرۆس، [کلتورێکـی] شـێوە نۆردیکـی (Nordic Type) [ناوچـەی باکـووری ئەوروپـا] زۆر بـاوە، بـەڵام لـە دەڤـەرە کوردزمانەکانـی هـەردوو وڵاتـی ئێـران و عێـراق، دەسـتەیەک هـەن بـە ‹گـۆران› ناودەبرێـن و هـەروەک ئێزدییـەکان، سـەربە چینـی پێش-ئارياییەکانـن. کـوردی ئامێـدی قسـەبکات، کوردێکـی سـلێمانی زۆر بـە سـەختی لـە زمانەکەیـان تێـدەگات، سـەر بـە ئارمێنسـیدەکانن (Armencid Type)، بـەڵام لـە ڕووی بەهێـزی جەسـتەوە سـەر بـە هەکارییەکانـن. ئاشورناسـەکان، وەبیـر دێننـەوە کـە ئاشـورییەکان دوژمنەکانیـان لـە ڕووی جەسـتە و نەریتـەوە بـە قەفقازییـەکان دەشـوبهێنن.

مەزەنـدە دەکرێـت کـوردی تورکیـا نزیکـەی یـەک ملیـۆن و نیـو بـن. لـە دیاربەکـر و لـە ناوچەکانـی باشـووری ڕۆژئـاوا، بـەرەو ناوچـە بەردییەکانـی دەرسـیم، لـە نێـوان هـەر دوو لقـی فـوڕات، شـێوازی جەسـتەیی و زمانـی، شـێوازێکی دوو ڕەگەییـە (Mongrel Type). مەزەنـدە دەکرێـت ٤٠٪ زمانـی کـوردی دیاربەکـر لـە وشـەی تورکـی و عەرەبـی پێکهاتبێـت. دانیشـتوانی ئـەم ناوچـە سـنوورییە و ناوچـەی بیابـان کـە ڕێگـە مێژووییەکانـی پێـدا تێپەڕدەبێـت، تێکەڵێکـە لـە گشـت ئـەو نەژادانـەی لـە ئاسـیای بچووکـدا پێکـەوە ژیـاون و جەنـگاون. کۆنتریـن دانیشـتوان، زازاییـن؛ خەڵکانێکـی کۆمەڵـگا بەراییـەکان کـە لەوانەیـە بەجێماوەکانـی هیتاتیـەکان بـن. ئەگەرچـی حکومەتـی تورکیـا بـە درێژایـی ئـەم بیسـت ساڵەی ڕابـردوو، سیاسـەتی نیشـتەجێ کردنـی خێڵـە کۆچەرییەکانـی گرتووتەبـەر،

تـا بـن بـە خەڵکـی جوتیـار، بـەڵام تـا هەنوکـەش ئابـوری کۆچەریـی لـە دەوروبـەری بەرزاییەکانـی تـۆرۆس و لـە ڕۆژئـاوای دەریاچـەی وان لـە باشـووری قۆنیـا ماوەتـەوە.

کـوردی ڕۆژهـەڵات [ی تورکیـا] وەهـا لەگـەڵ تورکـمان و عەرەبەکانـدا تێکـەڵ بوونـە، ناتوانرێـت لێـک جیـا بکرێنـەوە، بـەڵام بـەرەو ڕۆژئـاواوە، واتـە لـەو ناوچانـەی ڕەگـەزە کوردییـەکان لاوازن، تورکـمان و یۆرکـەکان (واتـە چادرنشـین و کۆچەریـی) بـاڵا دەسـتن. لـە هیـچ شـوێنێکی وڵاتـی کوردسـتاندا، هیـچ ڕەگەزێـک نادۆزرێتەوە، بـۆ بنیاتنانـی دەوڵەتێکی سـەربەخۆ پشـتی پێ بەسـترێت. ئەزموونە جوانەکەی لە سلێمانی لە سـاڵانی ١٩١٩-١٩٢٠دا، بـە هێـز و بـە خوێنڕشـتن کۆتایـی پێهێـنرا. ناوچەیەکـی بەرفـراوان- واتـە ناوەڕاسـتی تـۆرۆس کـە لـە باشـوورەوە بـەرەو زاگرۆس هەڵدەکیشـێت، هیـچ یەکبوونێکی جوگرافیـای تێدا بەدی ناکرێـت و هیـچ جـۆرە ئابورییێکی مۆدێرنیشـی تێدا نییە. ئاژەڵداری، شـێوازی بـاوی ئابورییە، کشـتوکاڵ سـەرەتاییە و بـە ڕێـک و پێکـی ئەنجـام نادرێـت. پیشەسـازیی بوونـی نییـە. بـە بـەراورد بـە کـورد، ئەلبانەکان کـە نیشـتەجێی شـاخەکانن، زۆر پێشـکەتووترن و بارودۆخیان لـە دوای سـاڵی ١٩١٨دا، زۆرتـر گونجـاوە بـۆ بـەردەوام بوونـی دەوڵەت، بەڵام مێـژووی کورد لـە نێـوان دوو جەنگـی یەکـەم و دووەمـی جیهانیدا، بریتییـە لە مێژوویەکی تاڵـی تۆمار کراو لـە ململانـێ کـە بـە دوای بەدەسـتهێنانی پشـتگیری زلهێزتریـن دراوسـێدا دەگەڕێن.

ڕیشــەی ناســیۆنالیزمی کــورد بــۆ کێشــەی هەموارکردنــەوەی سیســتەمی ئابــوری و کۆمەڵایەتـی دەگەڕێتـەوە. تراژدیاکـە لـەو گۆڕانکاریـە لـە ناکاوانـەدا هەڵدەقوڵێـت کـە بەسـەر ئابوریـی کۆنـی خێڵەکـی و دەربەگایەتـدا هـات، تـا واقعیتەکانـی دەوڵەتـی مۆدێرن ڕەنگرێـژ بـکات. کەواتـە چارەسـەری کێشـەکەش گرتنەبـەری ڕێبازێکـی مۆدێرنـە. لێـرەوە بارودۆخـی عێـراق و تورکیـا لێکجیـاوازە. لـە عێراقـدا تـا هەنوکـەش ڕژێمـی کۆنەپاریـز نەیتوانیـوە چارەسـەری کێشـەکانی پەیوەسـت بـە چاکسـازیی زەوی بکات و خۆشـگوزەرانی شارنشـینی دابیـن بـکات، بـەڵام لـە تورکیـا، شۆڕشـی کەمالیسـتی زۆرێـک لە خەسـڵەتەکانی شۆڕشـی کشـتوکاڵی لەخـۆ گرتـووە. ئـەم شۆڕشـە، خەسـڵەتێکی وریایانـەی هەیـە، واتـە ئەم شۆڕشـە پرۆسـەیەکی بەردەوامـە و خـۆی لـە یاسـای چاکسـازی زەویـدا، نـوێ کردووەتـەوە.

هاوتەریـب لەگـەڵ دابەشـکردنی زەویـە گـەورەکان بەسـەر جوتیارانـدا، حکومـەت

سیاسەتێکی بوێرانەی لە خۆشگوزەرانی شارنشینی پەیڕەو کردووە. قوتابخانە و خانەی گوندەکان، لە زۆربەی گوندە دورەدەستەکانی پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتدا دامەزراون. لە ناوچە کوردییەکاندا ئاستی خزمەتگوزار و بوونی فەرمانبەرانی پزیشکی و ڤێتەرنەری زۆر باشترە بە بەراورد لەگەڵ سوریا و عێراقدا، لەم دوو وڵاتەدا سیستەمی کارگێڕی بۆ ماوەی چارێکە سەدەیەکە لەلایەن فەرنسا و بەریتانیاوە بەڕێوە دەبردرێت یان ڕێنمایی دەکرێت. پیاوێکی ئینگلیز کە ئەزموونی ڕابردووی لەسەر ژیانی گوندنشینی لە سوریا و عێراقدا هەیە و لەم دواییانەدا لە گەشتێک لە ناوچە کوردییەکانی تورکیا گەڕاوەتەوە، لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی باشتری تەندروستی جوتیاران لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بووە. نەخۆشییەکانی چاو و مەلاریا لە ناوچە کوردییەکانی تورکیادا زۆر بە باشی کۆنترۆڵ کراوە، ئەو دوو نەخۆشییە لەناو کوردی عێراقدا بەر بڵاوترین ئافاتن.

بە گشتی، نەوەیەکی گەنج لە کاربەدەستە سیاسییەکان- کە لە ناو سوپادا خزمەتیان کردووە- لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەبینرێن و موشتاقی کارەکانیانن و زۆر بە باشی لەگەڵ جوتیارەکاندا گونجاون. زمانی کوردی بە ئازادی و بە بەربڵاوی قسەی پێ دەکرێت و کاربەدەستە تورکەکان وای نیشان دەدەن ئاشنای ئەم زمانەن. بارودۆخی ئەمنی زۆر ئاساییە و بە بەراورد لەگەڵ زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا باشترە-و ئاساییە لە ئەرزەڕۆمەوە بۆ جۆلەمێرگ سەفەر بکەی کە نزیکەی پەنجا میل لە باکووری سنووری عێراقەوە دوورە بە ئۆتۆمۆبێل و بە پاسەوانییەکی ڕووکەش لەلایەن جەندرمەوە ڕەخسێنراوە کە لە ڕاستیدا ئەرکی ڕێنمایی کردن دەگێڕن.

کەواتە تورک نموونەیەکیان پیشکەش کردووە، دەکرێت پەیڕەوی لێبکرێت. ئەویش نە تەنیا لە ناوچە کوردنشینەکانی وڵاتانی دراوسێی تورکیا، بەڵکو لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا. نموونەیەک لە شۆڕشی کشتوکاڵییەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەلایەن ئەتاتورکەوە داڕێژراوە.

١٩٤٦/٣/١٣

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S. W. 1

٢ی ئەپریل ١٩٤٦

(E 2782/104/34)

بەڕێز نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان

١. کۆپییەك لە ڕەشنووسی ڕاپۆرتی کێشەی کوردمان بۆ ئێوە ناردووە. بەشی توێژینەوە ئەم ڕاپۆرتەی ئامادە کردووە، ئاماژە بەوە دەکات، ڕاپۆرتەکە لە هەندێك لایەنەوە ناتەواوە.

٢. خۆشحاڵ دەبین بە زوترین کات سەرنجەکانتان و هەر زانیارییەک پێتان وایە پێویستە بۆ تەواوکردنی وێنەی گشتی ڕاپۆرتەکە، بۆمان بنێرن؛ تا ڕاپۆرتەکە دوا شێوەی خۆی وەربگرێت.

خزمەتکارتان...

بەشی ڕۆژهەڵات.

نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، باڵیوزخانەی بەریتانیا، ئەنقەرە.

نهێنی

## کێشەی کورد

### عێراق

بیرۆکەی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ کە ناوچەکانی زۆرینەی کوردنشین لە تورکیا و عێراق لەخۆدەگرێت (بەڵام ناوچە کوردنشینەکانی ئێران لە خۆ ناگرێت) لە پەیماننامەی سیڤەری ٢٩ی ئۆگۆستی ١٩٢٠دا واژوو کرا، بەڵام جێبەجێ نەکرا، ئاماژەی بۆ کراوە. پرۆژەکە دوای سێ ساڵ و بە واژووکردنی پەیماننامەی لۆزان لە ٢٤ی جولای ١٩٢٣دا، پشتگوێ خرا. بەڵام ئەنجامی ئەم پەیماننامە بریتی بوو لەوەی لە میانەی ئەم ماوەیەدا [ماوەی نێوان دوو پەیماننامەکە] سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆ و حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی ئیمکانی جێبەجێکردنی مادە پەیوەندیدارەکان بە کورد کە لە پەیماننامەی سیڤەردا ئاماژەی بۆ کرا بوو، دارێژرا. لەبری ئەم بارودۆخە، کوردی لیوای موسڵ و هەولێر پێش ساڵی ١٩٢١ ناسنامەی هاوڵاتی بوونی عێراقیان وەرگرتبوو و دانیشتوانی سلێمانیش ئەو ناسنامەیەیان ڕەتکردبووەوە، ئەوەیان ڕەتکردەوە لە هەر هەلومەرجێکدا بە حکومەتی عێراقەوە بلکێن و بەشدارییان لەو ڕیفراندۆمە نەکرد کە لەو ساڵەدا بۆ دەنگدان بە مەلیک فەیسەڵ ڕێکخرابوو. لێکەوتەی چالاکییەکانی شێخ مەحمود لە سلێمانی و شێخ ئەحمەد و برایەکەی، مەلامستەفا، لە دەڤەری بارزان، لەو نامەیەی پێشتر بەناونیشانی ‹کێشەی کورد› (RR X/9/ii) ناردوومانە، بە کورتی تیشکی خراوەتەسەر و ئاماژە بەوە دەدات بەردەوام بوونی نائارامییەکانی ئەم سێ سەرکردەیە بۆ شکستی حکومەتی عێراقی لە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی دەگەڕێتەوە. ئەمەش تەنیا بەشێکە لە ڕاستییەکە. دوژمنایەتی ئەم سێ سەرکردەیە لەبەرانبەر حکومەتی بەغدا زۆر جیدییە و هەربۆیەش ئەوان وەک پاڵەوانانی ناسیۆنالیزمی کوردی سەیر دەکرێن، بەڵام ناسیۆنالیزمێک لەبری ئەوەی لە نیشتیمانپەروەرییەوە هەڵقوڵابێت، سنووردارە بە دەستەبەرکردنی خواستی کەسی ئەو سەرکردانە. ئامانجی سەرەکی ئەوان بریتییە لە ڕێگە پێدانیان تا مومارەسەی

دەسـەڵاتی دەرەبەگایەتـی سـتەمکاری خۆیـان بەسـەر هاونیشـتیمانیەکانیاندا بکـەن و بیانخەنـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـان. ئەمـەش بـەو مانایـە نایێـت ویسـت بـۆ هەبوونـی دامـەزراوە کوردییـەکان لـە نێـوان چیـن و توێژەکانـدا بوونـی نییـە. داواکاریـی بـێ ژمـار کـە داوای دانانـی بـە مافـە زاتـی و بەدەسـتهاتووەکان دەکـەن، ئامـاژەن بـۆ هەسـتی نەتەوایەتـی. هـەر لـە سـاڵی ١٩٢٤ەوە ناسـیۆنالیزم لـە ژێـدەرە سـەرەکییەکەی واتـە سـلێمانی بـەرەو هەولێـر و ناوچـە کوردییەکانـی دەڤـەری موسـڵ بـرەوی سـەندووە. ژمارەیەکـی بەرفراوانـی قوتابـی و پارێـزەرە گەنجـەکان، هەڵگـری ڕوانگەیەکـی بەرفراوانـترن لـەو نیشـتیمانپەروەریە خۆویسـتانە و بەرتەسـکەن کـە لـە سـەردەمانی زووتـر لـە سـلێمانیدا هەبـووە. ئەگەرچـی هـەردوو داواکاری [واتـە زمانـی سـەرکردەکان و خەڵکـی ئاسـایی] بـە یـەک زمـان دەردەبڕێـن، بـەڵام مانـای جیاوازیـان هەیـە. هەربۆیـەش بەریتانیـا و حکومەتـی عێـراق ڕووبـەڕووی دووڕیانـی دانـان بـە پێداویسـتییەکانی سیاسـەتێکی لیـبرال لەبەرانبـەر ناوچـە کوردییـەکان و زەرورەتـی سـەرکوتکردنی سـەرهەڵدانی سـەرکردە لـە یاسـا دەرچووەکانـی بووەتـەوە. سیاسـەتمەدارانی عێـراق زۆربەیـان پێشـتر سـەرباز و قوتابـی، قوتابخانەکانـی تورکیـا بوونـە، ئـەو لێهاتووییەیـان نییـە ڕووبـەڕووی ئـەم بارودۆخـە ببنـەوە.

بـە پێـی ڕاسـپاردەی کۆمیسـیۆنی دیارکردنـی سـنووری کۆمەڵـەی گـەلان، کـە لـە فێبریـوەری ١٩٢٥دا سـەردانی عێراقیـان کـرد، بەرپرسـیارێتی فەرمـی خرایـە ئەسـتۆی حکومەتـی عێـراق و ئینتیدابـی بەریتانیـا. ئـەوان لـە دواییـن ئەنجامگیریـدا، ڕایانگەیانـد:

«پێویسـتە ویسـتی کـورد لەبەرچـاو بگیرێـت، و پێویسـتە لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری تایبـەت بـە وڵاتەکەیـان و بـۆ بەدیهێنانـی دادپـەروەری و خوێنـدن لـە قوتابخانـەکان، فەرمانبـەری کـورد لـەم ناوچانـەدا دابمەزرێـت و هەروەهـا پێویسـتە کـوردی ببێتـە زمانـی فەرمـی لـە هەمـوو ئـەم کەرتانـەدا».

ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان، سـەبارەت بـە سـنووری باکـووری عێـراق و سـەبارەت بـە پرسـی کـورد بـەم شـێوەیەی خـوارەوە بۆچوونـی خـۆی دەربـڕی:

«حکومەتــی بەریتانیــا وەک دەســەڵاتی خــاوەن ئینتیــداب، بانگهێشــتکراوە لەبــەردەم ئەنجوومەنــی کۆمەڵــەی گــەلان ئــەو ڕێــکارە کارگێڕییانــە بخاتــەڕوو کــە بــۆ دانیشــتوانی کــورد دەگیرێنەبــەر و لــە ڕاپۆرتەکــەی کۆمیســیۆنی دۆزینــەوەی ڕاســتییەکاندا ئامــاژەی پێــدراوە، تــا گەرەنتــی خۆبەڕێوەبردنــی خۆجێیــی بــۆ کــورد بکرێــت کــە کۆمســیۆن لــە دوایــن ئەنجامگیریــدا ئامــاژەی پێــداوە».

بڕیــاری ئەنجوومەنــی وەزیــران، ئــەوەی لــە ســاڵی ١٩٢٣دا دەرکــرا و لێداونــی ســەرۆک وەزیــران لەبــەردەم ئەنجوومەنــی نوێنەرانــدا جەختــی لەســەر کرایــەوە، ڕێنماییــەکان بــۆ ئەندامانــی کابینــە خرانــەڕوو، بــۆ ئــەوەی دووپــات بکرێتــەوە، دەبــێ لــە ناوچــە کوردییەکانــدا، فەرمانبــەرەکان کــورد بــن و زمانــی فەرمیــش کــوردی بێــت و لــە قوتابخانەکانیــش بــە زمانــی کــوردی بخوێندرێــت.

مەبەســتی حکومەتــی بەریتانیــا بــۆ کەمکردنــەوەی ڕژێمــی ئینتیــداب لــە ســاڵی ١٩٣٢دا، بــووە هــۆی نیگەرانــی کــورد لــە دوای پاشەکشــێی دەســتڕۆیی بەریتانیــا [لــە عێراقــدا]، چیــتر کــورد نەتوانــن لــەو ئیمتیازاتانــە ســوودمەند بــن کــە لەلایــەن کۆمەڵــەی گەلانــەوە ڕاســپێردراوە. ئــەوان داوای گەرەنتــی بــۆ داهاتــوو دەکــەن. بەندەکانــی پەیماننامــەی ٣٠ی جونــی ١٩٣٠، ئــەم ترســەی دووپــات کــردەوە؛ هیــچ زەمانەتێکــی ئەوتــۆی تێــدا نەبــوو بتوانێــت لــەو ترســە کــەم بکاتــەوە، چونکــە لەلایــەن دەوڵەتــە ســەربەخۆیە هاوپەیمانەکانــدا بارودۆخەکــە بــۆ ســەپاندنی ئــەم مەرجانــە، گونجــاو نەبــوو. بەهەرحــاڵ ســەبارەت بــە مافــی کەمینــەکان، ڕاگەیاندنێکــی فەرمــی لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە لــە مــەی ١٩٣٢، خرایــە بــەردەم کۆمەڵــەی گــەلان. پەرەگرافــی پەیوەســت بــەم بابەتــە لــە پاشــکۆی (A)دا ئامــاژەی بــۆ کــراوە.

H131لــە مانگــی جولایــدا، دە کەســایەتی نــاوداری ســلێمانی داواکارییەکیــان بــۆ کۆمەڵــەی گــەلان نــاردووە و داوای دامەزراندنــی حکومەتێکــی کــوردی لــە ژێــر چاودێــری کۆمەڵــەی گــەلان دەکــەن. دواتــر هەشــت داواکاریــتر لــە نێــوان ئۆگســتی ١٩٣٠ و ئەپریلــی ١٩٣١دا، لــە ژێــر تێبینیەکانــی کۆمیســیۆنی ئینتیــداب لــە جــولای هەمــان ســاڵ، بــەرز کراونەتــەوە، بــەڵام کۆمیســیۆنی ئینتیــداب لــە ڕاســپاردەکانیدا بــۆ ئەنجوومەنــی گــەلان

تەنیا ئەو پێشنیازەی خستوەتەڕوو کە پێویستە داوا لە هێزەکانی ئینتیداب بکرێت، گوشاری زۆرتر بخەنە سەر حکومەتی عێراق، تا لە مامەڵە کردن لەگەڵ هاوڵاتیی کورددا ئەوپەڕی ڕۆحی لێبوردەیی بگرێتەبەر.

حکومەتی خاوەنشکۆ لە چاوخشاندن بە داواکاریی کورد کە لە جولای ۱۹۳۰دا بەرزیان کردبووە، پشتگیریی لە حکومەتی عێراق کرد و ناڕەزایی لەبەرانبەر ئەو بەیاننامەیە دەربڕی کە زۆربەی فەرمانبەرە کارگێڕی و جێبەجێکارەکانی ناوچە کوردستان عەرەبن و ئاماژەی بەوەدا لە کۆی ۱۵۷ کاربەدەستی دەڤەری سلێمانی، ۱۰۹ کەسیان کورد و تەنیا ۱۲ کەسیان عەرەبن. سەرەڕای ئەمەش دان بەوەدا نراوە لە دەڤەرەکانیتری کوردستاندا، ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد کەمتر بووە. هەروەها ئاماژە بە سەختی دۆزینەوەی فەرمانبەرە کوردە شیاو و خاوەن بەهرەکان دراوە بۆ پڕکردنەوەی پۆستە تەکنیکی و جێبەجێکارییەکان. هەروەها دان بەوە دانراوە، دەبوو زووتر یاسایەک دەرچووبا، کوردیی لە مامەڵە حکومیەکاندا و لە دەرچوونی بڕیاری دادگاکان و لە خوێندنگاکانی ناوچە کوردنشینەکاندا بە زمانی فەرمی هەژمار بکات، بەڵام پاساو بۆ ئەمەش هێنراوەتەوە کە کوردی وەک زمانی نووسین تا «ئەم ساڵانەی دوای»، زمانێکی نەناسراو بووە. لەم بارەوە، هەمان هەڵوێست لە وەڵامی نامەیەکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە وەکالەت لە ۱۹ی ئۆگۆستی ۱۹۳۰دا، دراوتەوە و ئاماژە بەوە کراوە، سیاسەتی حکومەت [بەریتانیا] بریتی دەبێت لە پاراستنی باشترین بەرژەوەندی بۆ کورد، بە مەرجێک لەگەڵ مەرجەکانی کۆمەڵەی گەلان دژ نەبێت.

بە کورتی ئەم مەرجانە بریتین لەوەی دامەزراندنی کورد تەنیا لە لیوا کوردییەکاندا، ڕێگر دەبێت لە دامەزراندنیان لە بەشەکانیتری عێراقدا، ئەمەش بە زیانی بەرژەوەندییە گشتیەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنە. لەهەمانکاتدا پارێزگاری لە زمانی کوردی دەکرێت وەک زمانی خوێندن لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا و لە دادگاکاندا و لە گشت کاروبارە کارگێڕییەکاندا.

ئەم نامەیە ئاماژە بە یاسایەک دەکات کە لە ۲۳ی مەی ۱۹۳۱دا دەرچووە. بە پێی ئەم یاسایە نووسراوێک بۆ گشت وەزیرەکان نێردراوە (تەنیا وەزیری بەرگری و

کاروبـاری دەرەوە نەبێـت) و ڕێنمایـی کـراون لـە ناوچـە کوردییەکانـدا ئـەو کاربەدەسـتانە بگـۆڕن کـە زمانـی کـوردی نازانـن و ئەگـەر ئـەو کارەش مومکیـن نەبـوو، [کاربەدەسـتی غەیـرە کـورد] فێـرە زمانـی کـوردی بکـەن. لەهەمانکاتـدا کۆمیتەیـەک پێکهێـنرا، تـا بڕیـار لەسـەر شـێوازی ئـەو کوردییـە بـدات کـە بـەکار دەهێنرێـت.

ئـەو مەرجانـەش بـۆ نووسـینگەی وەرگێـڕان لـە بەغـدا نێـردراون، تـا یاسـا، ڕێـکار و ڕێنماییـە ئیدارییـەکان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی وەرگێڕێـت. پێویسـتە سەرپەرشـتیارێکی کـورد بـۆ قوتابخانـە کوردییەکان و کوردێـک وەک یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشـتی کارگێڕیی لـە وەزارەتـی ناوخـۆدا، دابمەزرێـت. لـە هەمـوو ئـەم خاڵانـە تەنیـا دامەزراندنـی کوردێـک وەک یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی جێبەجێکـراوە و تـا هەنوکـەش بەردەوامـە. تـا سـاڵی ١٩٤٥، سەرپەرشـتیاری کـورد لـە قوتابخانەکانـدا دانەمـەزرا و ئەگەرچـی وەرگێڕانـی هەندێـك لـە کتێبـەکان بـۆ سـەرزمانی کـوردی ئەویـش لـە ژێـر گوشـاردا، ئەنجامـدراوە ، بـەڵام تـا هەنوکـەش نووسـینگەیەکی هەمیشـەیی بـۆ وەرگێـڕان دانەمـەزراوە.

لەلایـەن حکومەتـی خاوەنشـکۆوە، ئـەم بابەتانـەی سـەرەوە خراونەتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان و دان بـەوە نـراوە، حکومەتـی عێـراق لـە جێبەجێکردنـی بەرپرسـیارێتی خـۆی لـە گشـت بوارەکانـدا شکسـتی هێنـاوە. بێگومـان تـا ئەمـڕۆ ئـەو ڕێکارانـەی بـۆ دەسـتەبەرکردنی ویسـتی کـورد گیراونەتەبـەر، سـەرکەوتووانە لـە نـاو بـردراون. لەوانەیـە یەکێـک لـە هۆکارەکانیـش بریتـی بێـت لـە نەبوونـی توانـا لـە چارەسـەرکردنی جیاوازییـە سروشـتییەکاندا، بـەڵام بـە گشـتی، پێویسـتە ئەمـە وەک بـێ مەیلییێکـی بەئەنقەسـت هەژمـار بکرێـت، بـەوەی گرتنەبـەری ئـەو ڕێکارانـە لەبـری هێنانـەدی یەکێتـی بـۆ کۆمەڵـگای عێـراق، ببێتـە هـۆی پارچـە بوونـی (بـۆ نموونـە، هەنـگاوی وەک دروسـتکردنی یەکەیەکـی ئیـداری تایبـەت بـە کـورد).

لـە ئەنجامـی ئـەم تێڕوانینـە نەرێنییـە لەبەرانبـەر پرسـی کـورددا، چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لەلایـەن حکومەتـە یـەک لـە دوای یەکەکانـدا لەمـاوەی نێـوان ئەندامێتـی عێـراق لـە کۆمەڵـەی گەلانـدا و دەسـتپێکردنی شـەڕ لـە سـاڵی ١٩٣٩دا، بەرەوپێشـچوونێکی کەمـی بەخـۆوە بینیـوە. بـە گشـتی، وا دیـارە ناسـیۆنالیزمی کورد بـەرەو کزبوونـە، ئەگەرچی

دەکرێت لە هەرکاتێکدا هەستی نەتەوایەتی یان هاندانی ئەم هەستە دووبارە زیندوو بێتەوە و سات نا ساتێك ئەم هەستە دەوروژێنرێت، ئەویش بە هۆی ئەو وەفادارییە تایبەتە کە حکومەت بۆ پرسی عەرەب دەیخاتەڕوو.

ئاستەنگە ئابورییەکان لەبری ئەوەی لە هەستی ناسیۆنالیزم کەم بکەنەوە، بناغەی ناڕەزایی کوردی لە میانەی سالانی شەڕدا پێکدێنا. بەرزیی ئاستی تێچووی ژیان و نەبوونی کارگەی ڕستن و چنین بووە هۆی ئەوەی کاری قاچاغ لە سەرتاسەری عێراقدا تەشەنە بکات، بەڵام دۆخەکە زۆر مەترسیدار نییە، قەرەبوی ئەو کێڵگانە کراونەتەوە کە سوپای بەریتانیا تێیاندا بووە، بەڵام کورد لێی بێبەش بوونە. لەو چارەسەرییەی لەگەڵ مستەفابارزانی لە جانیوەری ١٩٤٤دا پێیگەیشتن، وا چاوەڕوان دەکرا، دانەوێڵە بۆ ناوچەی بارزان بنێردرێت و کار لەسەر ڕێگاوبانەکان بکرێت. لەبری ئەم چارەسەرییە مستەفابارزانی بوو بە دوژمنکار (truculent)، و حکومەتی عێراقیش بوو بە حکومەتێکی ناکارمە کە کارەکان بە درەنگی جێبەجێ دەکات[١].

جوڵانەوەکانی سوپای عێراق و مەلامستەفا زۆر بە خێرایی ئاستی گرژییەکانیان زیاد کرد، بەڵام لە جونی ١٩٤٥دا، هەواڵەکانی بارزان «زۆر هاندەرانە» بوون. لە ٢ی ئۆگۆستدا شتەکان بەرەو خراپی هەڵگەڕانەوە و لە ناوەڕاستی مانگدا مەلامستەفا دەستی بە ڕاپەڕینێکی کراوە کرد. ئەو ڕاپەڕینەش لەلایەن حکومەتی عێراق بە یارمەتییەکی زۆری سەرۆک عەشیرەتەکانی دژی مەلامستەفا سەرکوت کرا[٢]. مەلامستەفا بەرەو ئێران هەڵات و وەک مەترسییەکی بەردەوام بۆ سەر ئاشتی وڵاتەکەی مایەوە.

---

(١) لە جانیوەری ١٩٤٥دا، مەجید مستەفای جێگری [پارێزگاری] سلێمانی و وەزیری پێشوو بە بێ وەزارەت کە پار گفتوگۆی چارەسەریی لەگەڵ مستەفا بارزانیدا ئەنجامدا، هێرشی کردە سەر وەزارەتی ناوخۆ و گۆتی ئەو شتەی کورد دەیانەوێت بریتیی نییە لە سەربەخۆیی، بەڵکو بریتییە لە چا و شەکر.
(٢) یەکێک لەلایەنەکانی جێگەی سەرنجی پەیوەندی لە نێوان سەرکردەکانی کورد ئەو ڕاستییەیە، لە کۆتایی ئۆگۆستی ١٩٤٥ کاتێک ڕاپەڕینی بارزانی لە ترۆپکدا بوو، شێخ مەحمود لە سلێمانی و بابەکر سەلیم ئاغا لە پشدەر، (کە هەردووکیان رکابەری دێرینی یەکتر بوون)، داوکارییەکیان بۆ حکومەت بەرز کردەوە لە دژی فەرمانێک کە پەیوەست بوو بە دیارکردنی نرخی کڕینی توتن و پێوەری دەستنیشانکردنی کوالێتی گەڵای توتن.

مومکیـــن نییـــە، پاســـاو بـــۆ حکومەتـــی عێـــراق بهێنرێتـــەوە، بـــۆ ئـــەو کارانـــەی لـــە ئێســـتا و ڕابـــردوودا ئەنجامیـــداوە[1]. کاتێـــک ئاشـــتی هەبـــوو، ئـــەوان [ئـــەم ئاشـــتیەیان] پشـتگوێ خسـت، کاتێـک نائارامـی سـەریهەڵدا، ئـەوان خوازیـاری تۆڵەسـەندنەوە بـوون. لـە هـەر شـوێنێک لـە سیاسـەتێک ڕازی نەبـوون، ئاسـتەنگیان دروسـتکرد و بەربەسـتیان لەبـــەردەم جێبەجێکردنیـــدا دانـــا. لـــە لایەکیـــترەوە زۆر ســـەختە بۆیـــان هاوســـۆزییان لەگـەڵ کۆمەڵگایەکـدا هەبێـت کـە سـەرکردەکانی بـە ڕێزپەرێکـی زۆر کـەم نەبێـت، سـوودیان لـە هـەر دەرفەتێـک وەرگرتـووە بـۆ سەرزەنشـتکردنی ‹حکومەتـی بەغـدا› و گشـت ئـەو کارانـەی ئەنجامیانـداوە. ئەگـەر کارەکـە بـۆ ئـەوان [واتـە بـۆ حکومەتـی عێـراق] بەجێبهێڵدرێـت، بـێ گومـان ئـەوان هەوڵـی چارەسـەرکردنی گرفتەکـە دەدەن، هـەروەک چـۆن شـای ئێـران کێشـەکەی خـۆی چارەسـەر کـرد؛ ئەویـش لـە ڕێگـەی لـە ناوبردنـی سـەرۆک خێڵـە بەهێـزەکان. یـان چـۆن پێشـتریش، محەمـەد عەلـی لـە میـسر، لـە ڕێگـەی کۆمەڵکـوژی مەملوکـەکان ئـەم کارەی ئەنجامـدا. ڕاوێـژکارە میانڕەوەکانـی بەریتانیـا و مەیلـی کۆمەڵـەی گـەلان سـەبارەت بـە کاروبـاری کەمینـەکان، بـووە هـۆی دوورکەوتنـــەوەی ڕاوێـــژکارە بەریتانیـــەکان لـــەم ڕەوتـــەدا. ســـەرکوتکردنی غەریـــزە سروشـتییەکانی کـورد و ئـەو مەعریفەیـەی سـەرکردەی کـورد لەسـەر ئـەم بارودۆخـە مامەڵـەی پێـوە دەکـەن، ئازارهێنـەرە و بووەتـە هـۆی پەرچەکردارێـک بـە سـوودی هێنانـەدی گۆڕانـکاری ڕاسـتەقینە نەبێـت.

---

(١) لـە مانگـی مـەی ١٩٤٤دا، ژمارەکانـی خوارەوە پەیوەسـتن بە کەرتـی پەروەردە لە سـلێمانی خرانەڕوو. «ئەگەرچـی لـە دوای کۆتایـی هاتنـی ئینتیـداب، ژمـارەی قوتابیانـی قۆناغـی سـەرەتایی دوو قـات بەرزتـر بووتـەوە، بـەڵام لـە کـۆی گشـتی ١٨٠،٠٠٠ تەنیـا ٣،٥٠٠ کـەس دەچنـە بـەر خوێنـدن. ٤٣ قوتابخانـەی سـەرەتایی هـەن، ١٢یان لە شـاری سـلێمانین و ١٦٥ مامۆسـتایان هەیـە، دوو قوتابخانـەی ناوەندیش هەن بـۆ کچـان و بـۆ کـوڕان و ٢٣ مامۆسـتایان هەیـە. لـە کـۆی ١٦٥ مامۆسـتای سـەرەتایی، ٤٣یـان بـە کـوردی قسـە ناکـەن، لـە یـەک دوو حاڵەتیشـدا تەنیـا یـەک مامۆسـتا هەیـە، بـە کـوردی قسـە نـاکات. خوێندن لە قوتابخانـە ناوەندییەکانـدا بـە زمانـی کوردییە››.

**ئێران:**

ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای ئێران لەماوەی ئەم چوار ساڵەی ڕابردوودا، بە تەواوەتی ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە کە لە نامەی پێشتردا ئاماژەی پێکرابوو، بەوەی کوردی ئێران «نائومێدانە لە نێوان خۆیاندا دابەش بوونە››. گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەرکردەی خێڵەکان لە دوای کۆتاییهێنان بە ڕەزا شا، لە ماوەی چەند مانگێکدا بووە هۆی زیندوو بوونەوەی بارودۆخی بێ یاسایی کە پێش لەناوبردنی ئەم سەرۆک خێڵانە لە ئارادا بوو، هەروەها تا ئەو شوێنەی هێزەکانی ئێران دەستکراوەن لە ئەنجامدانی چالاکی (کە بە شێوەی سەرەکی لە ناوچەکانی دەرەوەی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیایە)، ڕێکارەکانی ملکەچکردن و کۆنترۆڵ کردنی ئەو سەرۆک خێڵانە، زۆر سەرکەوتوو بووە[1]. هەر بۆیەش، مێژووی ڕووداوەکان لە ناوچە کوردییەکانی دەرەوەی پارێزگای ئازەربایجان، شێوازێکی تەقلیدیی وەرگرت. تەنیا ئەو ڕێژپەڕە نەبێت کە هیچ بەڵگەیەک لەسەر خواستی ناسیۆنالیزمی کە جیاوازە لە خواستی خێڵگەرایی، لەبەر دەست نییە، هەر بۆیەش هیچ تێبینییەکی تایبەت لەبارەی ئەو سەردەمە نییە.

لە مانگەکانی دوای چوونە ناوەوەی سوپای بەریتانیا و ڕوسیا بۆ ئێران، سیاسەتی هەردوو وڵات لەبەرانبەر کورد، پەیوەست بوو بە هەبوونی کورد لە هەردوو دیوی سنوورەکانی تورکیا. ئێمە هەمیشە وریای هەستیاریی تورک بووین سەبارەت بە پرسی کورد و خۆمان لە هەرجۆرە دەستێوەردانێک لە کاروباری ئێران پاراستووە، کە لەوانەیە وەک هاندانێک بۆ پان-کوردیزم یان بە هاندانی کوردی تورکیا لێک بدرێتەوە. لە لایەکیترەوە، ڕووس، دەیانویست، ئەگەر هاتوو بارودۆخی سەربازیی لە قەفقاز بەرەو خراپی چوو، هەندێك خێڵی دۆستیان لە سنوورەکانی نێوان ئازەربایجان و تورکیادا هەبن ، ئەگەرچی پاڵنەری ڕووس تا ڕادەیەک ناڕوونە و مرۆڤ وا هەست دەکات، سیاسەتی ئەوان بریتییە لە باشتر کردنی دۆخەکە، هاندانی کوردی ئێران لەلایەن

(١) لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥، باشووری کوردستان بوو بە دەوڵەتێک کە کۆنترۆڵ نەکرێت. ئەمەش پێش ئەو کاتە بوو کە ڕەزا شا دەست بە سەرکوتکردنی خێڵەکان بکات.

ڕووسـەوە، وەک ئاگادارکەرەوەیـەک بـوو بـۆ حکومەتـی تورکیـا، بـەڵام هیـچ کاریگـەری لەسـەر کـوردی خـۆی نەبـوو. باشـترکردنی بارودۆخـی سـەربازی و تێگەیشـتنی تـەواو لـە ڕاسـتییەکان (کـە بـووە هـۆی ئـەوەی ڕووس لـە مەترسـی ئاڵـۆزی نانـەوەی خێڵـەکان بـە درێژایـی سـنووری ئێـران، تێبگـەن) بـووە هـۆی گۆڕینـی ڕەفتـاری ڕووسـەکان. لـە کۆتایـی ساڵی ١٩٤٢دا ئـەوان هـەوڵ دەدەن خێڵـە کـوردەکان ئـارام ڕاگـرن و هاوسـەنگی هێـز لـە نێـوان ئـەوان و دەسـەڵاتی ئێرانـدا بپارێـزن. کـورد لـە ئەنجامـدا نائومێـد بـوون. بـە بـڕوای ئـەوان، ڕووس هاوڕابـوون لەسـەر پشـتگیری کردنـی یەکێتـی کـورد (ئامـاژە بـۆ ڕزگار بـوون لـە دەسـت دەسـتێوەردانی حکومەتـی ئێـران)، بـەڵام دواتـر پاشەکێشـەیان کـرد.

ئـەم سیاسـەتە تـا سـاڵی ١٩٤٤ بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان بـەردەوام بـوو. ئامـاژە هـەن، دووبـارە لـە سـەرەتاکانی ئـەم سـاڵدا هانـی ناسـیۆنالیزمی کـورد دراوە. ئەگەرچـی بارودۆخەکـە تـا ڕادەیـەک بـە سـەرهەڵدانی حزبـی تـودە ئاڵـۆز بـوو کـە سـەربەخۆیانە پەیوەنـدی لەگـەڵ کـورد گرێـدا و کاریگەریشـی لەسـەر کـوردی هەبـوو. لەوانەیـە ئەویـش لـە پێنـاو دژایەتـی کردنـی حکومەتـی تـاران بێـت، نـەک هاندانیـان بـۆ جیابوونـەوە، بـەڵام حزبـی تـودە بـە هەبوونـی کـوردە سیاسـییەکان (politically-minded Kurds) لـە ناوخۆیـدا، حزبێکـی جەمـاوەری نەبـوو. هەروەهـا دیـار بـوو، ڕووس لـە گەیشـتن بـە چارەسـەرییەک بـۆ ڕکابەرێتـی نێـوان ئەندامانـی حزبـی تـودە و کۆمەڵـەی ژیانـی کـورد (Jiana Kurd) ڕووبـەڕووی کێشـە ببوونـەوە. [لـە ئینگلیزیـدا بـە کۆمەڵـەی گەنجانـی کـورد تەرجومـە کـراوە (Young Kurd)].

لـە سـاڵی ١٩٤٤ مهابـاد بـوو بـە سـەنتەری ناسـیۆنالیزمی کـورد لـە ئێرانـدا و قـازی محمـەد، کەسـایەتیی نـاوداری ئـەم شـارە، بـوو بـە سـەرۆکی ئـەم جوڵانەوەیـە. ئامانجـی سـەرەکی ئـەو بریتـی بـوو لـە دەسـتەبەرکردنی ئۆتۆنۆمییەکـی هاوشـێوەی ئـەوەی کـوردی عێـراق داوایـان دەکـرد. بـە کۆتایـی هاتنـی هاویـن، قـازی محەمـەد دەسـەڵاتەکانی خـۆی پتەوکـرد و فەرمانـدار بوونێکـی ئەوتـۆی نەمـا. لـە مانگـی نۆڤەمبـەردا، بـە هاوڕێیەتـی کۆمەڵێـک سـەرۆک خێـڵ، قـازی محەمـەد سـەردانی تارانـی کـرد و هەوڵیـدا، ڕەزامەنـدی دەسـەڵاتدارانی تـاران بەدەسـت بهێنێـت کـە ئـەو مرۆڤێکـی وەفـاداری [دەسـەڵاتی تارانـە]

بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو. ئەگەرچـی زۆرێـک لـە ڕاپۆرتـە بـێ لایەنـەکان ئـەوە نیشـان دەدەن، زۆرێـک لـە کـورد سـەربەخۆییان نـاوێ، بەڵکـو ڕازیـن بـە هەبوونـی ئیدارەیەکـی دادپەروەرانـە، قوتابخانـە و خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی، خزمەتگـوزاری تەندروسـتی و باشـترکردنی ئامرازەکانـی پەیوەندیکـردن. تـا هەنوکـە سیاسـەتی ڕووسـیا گۆڕانـی بەسـەردا نەهاتـووە و هـەواڵ هـەن لـە تێکەڵبوونـی خۆیـی بـوون و هیـوا و کۆمەڵـەی ژیانـی کـورد، و گوایـە قـەرزداری ئیلهامەکانـی ڕووسـیا نیـن[1]. پێویسـتە لـە نـاو دوو کەوانـەدا ئامـاژە بـەوە بدەیـن، هیـچ بەڵگەیـەک لەسـەر پشـتگیریی ڕووسـەکان بـۆ دەوڵەتێکـی کـوردی سـەربەخۆ لـە ئـارادا نییـە.

پێـش سـەردانی قـازی محەمـەد بـۆ تـاران، ئـەو بڕوایـە لە ئـارادا بـوو، ڕووس بە شـێوازی جیـا پشـتگیریی لـە جوڵانـەوەی کـورد دەکـەن. وەک چاپکردنـی بڵاوکـراوەی نیشـتیمان کـە ئۆرگانـی کۆمەڵـەی ژیانـی کـوردە. لـە فێبریـوەری ١٩٤٥دا، نائارامیـەک لـە مەهابـدا ڕوویـدا و حکومەتـی ئێـران سـتونێکی سـوپا بـۆ ئـەم شـارە نـارد. ڕووسـیەکان هاتنـە نـاو بابەتەکـەدا وسـوپای ئێرانیـان وەسـتاند. ئـەم ڕووداوە هـاوکات بـوو لەگـەڵ چڕبوونـەوەی پڕوپاگەنـدەی ناسیۆنالیسـتەکانی کـورد و ڕووس وەک ڕزگارکـەر وێنـا کـران. تێڕوانینێـك کـە پەیوەنـدی بـە کردنـەوەی لقـی کۆمەڵگـەی کلتوریـی ئێرانی-سـۆڤیەتی (Irano-Soviet Cultural Society) نییـە کـە لـە مانگـی ئەپریـل لـە مهابـاد کرایـەوە. لەهەمانکاتـدا کۆمەڵـەی کـورد، خـۆی وەک جێگـرەوەی ژیانـی کـورد نیشـاندا و وەک حزبێکـی سـەربەخۆ لـە حزبـی تـودەی بـێ جەمـاوەر دەرکـەوت، بـەڵام لـەو کاتـەدا ڕووسـیا زۆرتـر پشـتگیریی لـە تـودە دەکـرد تـا لـە کۆمەڵـە.

بەرەبـەرە تێکچوونـی بـارودۆخ لـە ناوچـەی بـارزان لـە عێـراق، ئـەوەی لە سـەرهەڵدانی سـێپتەمبەری ١٩٤٥دا تەقیـەوە، هیـچ بەڵگەیەکـی پشتڕاسـت کـراو لەبەردەسـت نییـە، بسـەلمێنێ ئـەو سـەرهەڵدانە لەلایـەن کۆمەڵـە و ڕووسـەوە هـان دراوە. بەڵگـەی پشتڕاسـت نەکـراو هـەن، ڕووس لـە مانگـی سـپتەمبەردا هانـی قازیـی محەمەدیـان داوە، کـە هـاوکاری بـۆ مەلامسـتەفا بنرێـت، بـەڵام لەبەرانبـەردا، ئـەو داوای ڕاگرتنـی چالاکییەکانـی حزبـی

(١) لەم دواییانەدا خۆیی بوون تا ڕادەیەک ناچالاک بووە. هیوا کۆمەڵەیەکی نهێنییە لە سلێمانی.

تـودەی کـردووە. هەروەهـا بـاس لـەوە دەکرێـت خـودی مەلامسـتەفا سـەردانی ئێرانـی کـردووە و داوای پشـتگیریی کـردووە، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـووە. ئـەم شـتانە ڕاسـت بـن یـان نـا، ڕاسـتی ئەوەیـە ڕاپەڕینـی کـوردی عێـراق کاریگـەری بەسـەر ڕەوتـی ڕووداوەکان لە ئێرانـدا نەبـووە. سـەرەڕای هەبوونـی هەندێـك هـەواڵ کـە ستایشـی پێگـەی مەلامسـتەفا وەک سـەرکردەیەکی نەتەوەیـی دەکـەن، تەنانـەت لـەو کاتـەوە خەریکـی شـەڕە لـە سـەر سـنوورەکان، بـەڵام کۆمەڵێـک بەڵگـە ئـەوە نیشـان دەدەن پێشـوازی لـە ئـەو و لـە پەیـڕەوە بـێ دەرەتانەکانـی، نەکـراوە.

پێـش ئـەوەی مەلامسـتەفا لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە تێـک بشـکێندرێت، قـازی محەمـەد و کۆمەڵێـک سـەرۆک خێڵێـتر بانگهێشـتی باکـۆ کـران، تـا پەیوەنـدی بـە حزبـی دیموکراتـی ئازەربایجانـەوە بکەن. لەبەرانبەر ئەمەشـدا سـۆڤیەت بەڵێن دەدات، پشـتگیریی لـە جوڵانـەوە سـەربەخۆیی خوازەکـەی ئـەوان بـکات. دوای دەرکەوتنـی حزبـی دیموکـرات لـە ئازەربایجـان، لـە مانگـی دێسـەمبەردا شـاندێک کـە لـە پێنـج کـورد پێکهاتبـوو و نوێنەرایەتـی «پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرکردەکەی قـازی محەمەد››یـان دەکـرد، پیرۆزبایـی خۆیـان ئاڕاسـتەی ئـەم حزبـە کـرد و داوای پێکـەوە کارکردنیـان لـە گشـت بوارەکانـی ئابـوری و کلتوریـدا کـرد.

بـەڵام لـە هەمانکاتـدا، ئـەو شـاندە ڕایگەیانـد، بـەم نزیکانـە ئـەوان ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی کوردسـتان دەکەنـەوە و ئاماژەیـان بـە گەلـی خـاوەن ئۆتۆنۆمـی لـە کوردسـتانی ئێـران کـرد (خودموختـاری کوردسـتانی ئێـران). قـازی محەمـەد بانگهێشـتی تەورێـز کـرا و لەلایـەن پیشـەوەری سـەرۆکی حکومەتـی ئازەربایجـان هانـدرا، تـا بـە پێکـەوە کار بکـەن. ئەگەرچـی ڕاپۆرتـەکان تـا ڕادەیـەک دژ بەیەکـن، بـەڵام وا دەردەکەوێـت، ڕووس تـا ڕادەیـەک پشـتگیریی دیموکراتەکانـی ئازەربایجانـی کردبێـت. هەروەهـا لـەو کاتـەوەی سـەرکردەی کـورد سـەردانی باکـۆی کـردووە، سیاسـەتی ڕووس گۆڕانـی بەسـەردا نەهاتـووە. بەهەرحـاڵ، لـە دوای ئـەوەی قـازی محەمـەد بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ خـاوەن سـەربەخۆیی ڕاسـتەقینە بـوو، وا دەردەکەوێـت کـە لـە خـۆی دڵنیایـە سـەربەخۆیی خـۆی لـە تەورێـز بپارێزێـت، بـەڵام سـەختە ئـەو بـە بـێ پشـتگیریی ڕووس بتوانێـت ئـەم کارە بـکات.

## ڕووس و جوڵانەوەی پان-کورد

سیاسەتی ڕووس لە بەرانبەر کورد لە پەرەگرافی تایبەت بە کوردی ئێران ئاماژەی پێدراوە و تا هەنوکە هیچ بەڵگەیەک لەسەر پشتگیریی ڕووس بۆ جوڵانەوەیەکی بەرفراوان کە داوای کوردستانی سەربەخۆ بکات، لە ئارادا نییە. ئەو بەڵگانەی لەسەر کاروباری کوردی دەرەوەی ئێران هەن لە چوارچێوەی ئەو ڕاپۆرتانەدان گوایە [ڕووس] لە سێپتەمبەری ١٩٤٥دا، هانی کوردی ئێرانی داوە یارمەتی مەلامستەفا بدەن؛ هەروەها ئەو چیرۆکە گۆماناویانە لەخۆ دەگرێت کە باس لە دانی چەک بە بارزانییەکان دەکات. ئەو ڕاستییەی ئەم ڕاپۆرتانە باسیان کردووە و تا هەنوکەش هەر باسی دەکەن، بریتییە لە هەوڵدانێکی کەم یان هەوڵ نەدانی ڕووس بۆ ئەوەی کاریگەری بخەنە سەر ئەو کوردانەی لە دەرەوەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیان لە ئێراندا، تەنیا ئاماژەیە بە وەستانێک لە وەرچەرخانی سیاسەتێک کە لە بنەڕەتدا بۆ هێنانەدی یەکگرتوویی لە ئازاربایجاندا داڕێژرابوو.

بەڵام بە بێ هیچ هەوڵدانێکی مەبەستدار، سروشتییە، ئامادەگی سەربازی ئەوان و پەیوەندی سیاسییان لەگەڵ کوردی دراوسێ، ببێتە هۆی جووڵانی مەیلی کوردی عێراق. ئەم مەیلەش چەند مانگ بەر لە سەرهەڵدانەکەی مەلامستەفا لە پاییزی ١٩٤٥دا، هەستی پێکراوە و ئومێدیان بە پشتیوانی ڕووسە بۆ بەدیهێنانی خواستەکانیان، لە ناو مێشکی هەندێك لە شێخەکان و ڕۆشنبیرانی کورددا چەکەرەی کردووە، پشتیوانییەک ئێمە [واتە حکومەتی بەریتانیا] ناتوانین یان نامانەوێت بە کوردی ببەخشین. سەرکەوتنی قازی محەمەد و مانەوەی مەلامستەفا لە ئێران، سەرەڕای داواکاریی حکومەتی عێراق بۆ دەستبەسەرکردن و ڕادەست کردنەوەی، کاریگەری لەسەر بەرجەستەکردنی ئەو بیرۆکەی ناروونەی دروست کردووە و برەویشی پێداوە کە چاوڕوانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی خودموختار لە ئێران و بە ڕێنمایی یەکێتی سۆڤیەت دەکات و کوردی عێراق و تورکیا بە بێ هیچ گرفتێک لە خۆ بگرێت. گشت ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن، تا هەنوکە هیچ هەوڵێک بۆ هێنانەدی ئەم ئەنجامگیرییە لە ئارادا نییە- ڕووس ناچالاکن و کورد لە چاوەڕوانیدان.

## کۆمەڵەی سەربەخۆی کوردستان

سووریا بۆ چەندین ساڵێک مەڵبەندی چالاکی ڕۆشنبیرەکانی پان-کورد بووە و هێشتاش کۆمیتەی کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان (Kurdish Independence League Committee) کە پاشماوەی خۆیی بوونە، لە دیمەشق هەیە. چالاکییەکی زۆر کەمی ڕاستەقینەی ناسیۆنالیستی لە سووریا هەیە، زۆر سەختە جوڵانەوەیەکی کوردی دژە-حکومەت لە سووریا پەیدابێت. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە ڕایانگەیاندووە، لەگەڵ کوردی تورکیا لە پەیوەندیدان، تا ڕۆحی نەتەوەیی [لە نێوان کوردی سووریا] زیندوو بهێڵنەوە، بەڵام دان بەوەدا دەنێن، هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ کوردی ئێران نییە و پەیوەندیەکی کەمیان لەگەڵ کوردی عێراق هەیە. هەلومەرجێک کە ناچاریان دەکات پشت بە یارمەتی ڕووسیا ببەستن و ئەمەش تێکۆشانی بێ وچانی دەوێت بۆ دەستەبەرکردنی.

### تورکیا

ماوەیەکی کەم لە دوای چوونە ناوەوەی هێزەکانی ڕووسیا و بەریتانیا بۆ ناو ئێران، حکومەتی تورکیا نیگەرانی خۆی دەربڕی لەبارەی هاندانی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتەوە، بەڵام تا هەنوکە هیچ ئاماژەیەک لە ئارادا نییە، کوردی تورکیا چووبنە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی عێراق و ئێران. بەهەر حاڵ، هەواڵەکان لە ماوەی چاوپێخشاندنەوەکاندا و ئەو هەواڵە تازانەی بە دەست گەیشتوون، باس لەوە دەکەن، سەرەڕای دروستی ڕاپۆرتەکانی پەیوەست بە بەردەوامی پەیوەندیی لە نێوان کوردی تورکیا و «کۆمەڵەی سەربەخۆیی» لە سووریا و دەستپێکردنی نامەنووسین لە نێوان ئەوان و قازی محەمەددا، ڕێکارەکانی تورکیا بەسن بۆ سەرکوتکردنی هەر جۆرە چالاکیەکی سیاسی (ئەوەی ڕاپۆرتەکان باسی دەکەن). ئامادەبوونی ئیحسان نوری بەگ لە ئازەربایجانی ئێراندا، کە لە ساڵی ١٩٢٧دا سەرکردایەتی سەرهەڵدانی کوردی تورکیای دەکرد، لە چەندین ڕاپۆرتدا ئاماژەی بۆ کراوە؛ ئەگەرچی وا دەردەکەوێت ئەو هیچ ڕۆڵێکی لە کاروباری ئازەربایجاندا نەبێت، بەڵام ئەگەر بێت و ڕووس بڕیار بدەن، دووبارە

هانـی کـوردی تورکیـا بدەنـەوە، تـا لـە دژی حکومەتـی تورکیـا ڕاپـەڕن، لەوانەیـە ئـەو وەک سـەرکردەیەک هەڵبژێردرێـت.

**بڵاوکراوە کوردییەکان:**

کورتەیەک لەسەر بڵاوکراوە کوردییەکان لە پاشکۆی (B)دا خراوەتەڕوو.

**کۆمەڵە کوردییەکان:**

پوختەیەک لەسەر کۆمەڵە سیاسییەکانی کورد لە پاشکۆی (C)دا خراوەتەڕوو.

## پاشکۆی (A)

لە گۆڤاری فەرمی کۆمەڵەی گەلان هەڵهێنجراوە

هاوپێچی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئەنجوومەنی [کۆمەڵەی گەلان] لە ڕێککەوتی ٩ی مەی ١٩٣٢

ڕەشنووسی ڕاگەیێندراوی حکومەتی عێراق

**بەشی یەکەم**

**مادەی ١**

پارێزگاریکردن لە کەمینەکان. دەقە ئاماژە پێکراوەکانی ئەم بەشە بە یاسای بنەڕەتی عێراق هەژمار دەکرێن و نابێ هیچ یاسا، ڕێنمایی یان کردارێکی فەرمی لە دژ یان پێچەوانەی ئەم دەقانە بێت. هەروەها نابێ هیچ یاسا، ڕێنمایی یان کردارێکی فەرمی، نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا، لە سەرووی ئەم دەقانە بێت.

**مادەی ٤**

١. هەموو نەتەوەکانی عێراق لەبەرانبەر یاسادا یەکسانن و مافی مەدەنی و سیاسی یەکسانیان هەیە بە بێ جیاوازی نەژادی، زمانی یان ئایینی.

٢. دەبێ سیستەمی هەڵبژاردن گەرەنتی یەکسانی لە نوێنەرایەتیکردن لە نێوان کەمینە نەژادی، ئایینی و زمانییەکانی عێراقدا بکات.

٣. جیاوازی نەژادی، زمانی و ئایینی، نابێ ببێتە هۆی جیاوازیکردن لە نێوان هاوڵاتیانی عێراقیدا لەو بابەتانەی پەیوەستن بە دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکان. بۆ نموونە، وەرگرتن بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، ئەرک و شانازییەکان، یان ئەزمونکردنی کارە پیشەیی و پیشەسازییەکان.

٤. هیچ سنووردارییەک لەسەر هیچ نەتەوەیەکی عێراقدا ناسەپێنرێت لە ئازادانە بەکارهێنانی هەر زمانێک، لە پەیوەندییە تایبەتییەکان، لە بازرگانی، لە ئایین، لە چاپەمەنی، یان لە هەر جۆرە بڵاوکراوە، یان لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا.

٥. سـەرەڕای ئـەوەی زمانـی عەرەبـی لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە بـە زمانـی فەرمـی هەژمـار کـراوە. هەروەهـا سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو ڕێـکارە تایبەتانـەی لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە گیراونەتەبـەر، لـە ژێـر مـادەی ٩ی ئـەم ڕاگەیێندراوەدا، سـەبارەت بـە بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی و تورکـی، بـۆ بەکارهێنانیـان لـە دادگاکاندا، ئاسـانکاریی پێویسـت بـۆ گشـت ئـەو هاوڵاتییـە عێراقییانـە دابیـن دەکرێـت کـە زمانـی دایکیـان زمانـی فەرمـی نییـە، تـا بتوانـن زمانـی خۆیـان بـەکار بهێنـن، جـا بـە شـێوەی زارەکـی بێـت یـان بـە نووسـین.

**مادەی ٥**

ئـەو هاوڵاتییـە عێراقییانـەی سـەر بـە کەمینـەی نـەژادی، ئایینـی و زمانیـن، هـەروەک هاوڵاتیانیـتری عێـراق، لـە ڕووی یاسـاوە ڕەفتـاری یەکسـانیان لەگەڵـدا دەکرێـت و پارێـزراو دەبـەن. بـە تایبەتیـش ئـەوان مافـی یەکسـانیان دەبێـت بـۆ پاراسـتن، ئیـدارەدان و کۆنترۆڵکردنـی [ڕێکخراوەکانـی] خۆیـان لەسـەر تێچـووی خۆیـان، یـان دامەزراندنـی ڕێکخـراوە خێرخـوازی، ئایینـی و کۆمەڵایەتییـەکان، قوتابخانـە و دامەزراوەکانیـتری پەروەردەیـی لـە داهاتـوودا. ئەمـەو سـەرەڕای ئـازادی لـە بەکارهێنانـی زمـان و ئەزمونکردنـی ئایینەکەیـان لـەو ڕێکخراوانـەدا.

**مادەی ٨**

١. لـە سیسـتەمی پـەروەردەی گشـتی لـە شـار و شـارۆچکەکاندا، ئەگـەر زمانـی ژمارەیەکـی بەرچـاوی هاوڵاتییـە عێراقییـەکان زمانـی فەرمـی نەبـوو، حکومەتـی عێـراق هـەوڵ دەدات، ئاسـانکاری بـکات بـۆ دڵنیابـوون لـەوەی لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکاندا، خوێنـدن منداڵانـی ئـەم هاوڵاتیانـە بـە زمانـی خۆیـان بێـت [واتـە بـە زمانـی دایـک بێـت]. هەروەهـا ئـەم مەرجـە بـەو مانایـە نییـە حکومەتـی عێـراق، نەتوانێـت خوێنـدن بـە زمانـی عەرەبـی لـە قوتابخانـە ئامـاژە پێکراوەکانـدا، بکاتـە بەخورتـی.

٢. لـەو شـارو شـارۆچکانەدا ژمارەیەکـی بەرچـاوی هاوڵاتییـە عێراقییەکانـی سـەر بـە کەمینـەی نـەژادی، ئاینـی و زمانیـن، ئـەم کەمینانـە دڵنیـا دەکەینـەوە مافـی یەکسـانیان

دەبێت لە دەست گەیشتن بەو بڕە پارەیەی لەوانەیە لە دەرەوەی تەمویلی گشتی و لە ژێر چاودێری دەوڵەت، شارەوانی یان هەر بودجەیەکیتر بۆ مەبەستەکانی پەروەردەیی، ئایینی و خێرخوازی تەرخان دەکرێت.

**مادەی ٩**

١. عێراق پابەندە لە لیواکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی، لە پاڵ زمانی عەرەبی، زمانی فەرمی لەو قەزایانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، کوردی دەبێت.

٢. بەڵام لە قەزاکانی کفری و کەرکوک کە لە لیوای کەرکوکن، واتە لەو شوێنانەی ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوان تورکمانن، لە پاڵ زمانی عەرەبی، زمانی فەرمی یان کوردی دەبێت یان تورکمانی.

عێراق دان بەوەدادەنێت، لەو قەزایانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، فەرمانبەران، لە هەندێك حاڵەتی ڕێزپەڕدا نەبێت، پێویستە زانیاریی پێویستیان لەسەر [زمانی] کوردی یان تورکمانی هەبێت.

٣. هەروەها لە قەزا ئاماژە پێکراوەکانی سەرەوەدا، پێوەری دەستنیشانکردنی فەرمانبەران، هەروەك شوێنەکانیتری عێراق، بریتییە لە شارەزا بوونی زمان، نەک لەسەر پێوەری نەژادی. عێراق کار دەکات، تا فەرمانبەرانی [ئەو قەزایانەی سەرەوە]، لە یەکێک لەم قەزایانە دابمەزرێنێت، هەروەک چۆن تا ئێستا ئەم کارەی کردووە.

**مادەی ١٠**

ڕێکارەکانی تایبەت بە مادەکانیتری ئەم ڕاگەیێندراوە، کە پەیوەستن بە تاکەکانی سەر بە کەمینەی نەژادی، ئایینی و زمانەوانی، [جێبەجێکردنیان] پابەندی نێودەوڵەتی وەردەگرێت و لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە گەرەنتی دەکرێن. بە بێ ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، هیچ هەموارکردنەوەیەک لەم مادانەدا ناکرێت.

## پاشکۆی (B)

## بڵاوکراوە کوردییەکان

**هــاوار:** لەلایــەن جــەلادەت بەدرخانــەوە دەردەچێــت، پێــش ســەرهەڵدانی شــەڕ لــە ژێــر چاودێــری خۆیــی بــوون لــە دیمــەش دەردەچــوو. هەندێکجــار لــە میانــەی شەڕیشــدا دەردەچــوو. لــەم دواییانــەدا دووبــارە دەســتی بــە چــاپ کردووەتــەوە. هەروەهــا، لــەم دواییانــەدا خۆیــی بــوون دەســتی بــە بڵاوکردنــەوەی گۆڤارێکــی سیاســیی کــردووە بــە نــاوی ‹ڕۆناهــی›.

**نیشــتیمان:** یەکــەم جــار لــە ســاڵی ١٩٤٣دا وەک ئۆرگانــی ژیانــی کــورد (Jianeh Kurd) دەرچــوو. لەوانەیــە لــە تەورێــز و بــە پشــتگیریی ڕووس دەرچێــت. لــە ســلێمانیش بڵاودەبێتــەوە.

**ئازادی:** گۆڤارێکی کۆمۆنیستییە، نازانرێت سەر بە کێیە. لە سلێمانی بینراوە.

**یەکێتــی تێکۆشــین:** بڵاوکراوەیەکــی کــوردی لاپــەڕە گەورەیــە (broadsheet)، چــوار ژمــارەی لــە بەغــدا بیــنراوە. بڵاوکراوەیەکــی کۆمۆنیســتییە. لەوانەیــە ســەر بــە بڵاوکــراوەی عەرەبــی زمانــی ‹وەحــدەت ئەلنیــزال› و ‹ڕزگاری کــورد› بێــت. نامیلکەیەکــی بچــووک بــە نــاوی ‹شــۆڕش› لەگــەڵ مانشــێتی یەکێتــی تێکۆشــان بــڵاو بووەتــەوە.

## پاشکۆی (C)

## کۆمەڵە کوردییەکان

### خۆیبوون

لـە بنەڕتـدا پارتـی سـەربەخۆخوازی کـوردە. زۆر دژە تورکـە. بـارەگای سـەرەکی لـە سـوریایە و پەیوەنـدی لەگـەڵ عێـراق و قاهیـرەی هەیـە. هـەر لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانـی دامـەزرا و دواتـر هێزەکانـی لەگـەڵ ئەرمەنیـەن داشـناکس (Armenian Dashnaks) یەکخسـت. هـەروەک چـاوەڕوان دەکـرا، ئـەم هەماهەنگییـە لـە بەیـن چـوو، چونکـە داشـناکس بـوو بـە هێزێکـی دژە سـۆڤیەت. پەیوەنـدی کـردن بـەم هێـز دەبـووە هـۆی وەسـتانی بەرژەوەندییەکانـی سـۆڤیەت لـە چالاکییەکانـی خۆیـی بوونـدا. لـە میانـەی ئـەم جەنگـەی دواییـدا، ئـەو حیزبـە بـە ئەنقەسـت چالاکییەکانـی وەسـتاند، تـا لـە ئیحراجـی تورکیـا دوور بکەوێتـەوە. ئامـاژە هـەن لـەم دواییانـەدا دەسـتی بـە چالاکـی کردووەتـەوە و دوای وەسـتانی بـۆ مـاوەی سـاڵێک یـان دوو سـاڵ، دووبـارە دەسـتکراوە بـە بڵاوکردنـەوەی بڵاوکراوەکـە.

### کۆمەڵەی کورد.

لـە سـەرەتاکانی ١٩٤٥ لـە ئازەربایجانـی ئێـران سـەریهەڵدا. بـارەگای سـەرەکی لـە مهابـادە. لەلایـەن قـازی محەمـەد ئیلخانـی زادە کـە خەڵکـی مهابـادە بەڕێوەدەبردرێـت. دەڵێـن ئـەم حزبـە جێگـرەوەی ژیانـی کـوردە و هەنوکـە لـە نـاو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا تواوەتـەوە. پەیوەنـدی لـە گـەڵ پـژدەر (Pizhder) و هەندێـك کـوردی عێـراق هەیـە، بـەڵام کاریگـەری ئەوتـۆی لـە دەرەوەی ئێـران نییـە.

### ژیانی کورد (Yong Kurd) (Jianeh Kurd)

دەگوترێـت لـە سـاڵی ١٩٤٣دا دامـەزراوە. بـە گوێـرەی ئۆرگانەکـەی ‹نیشـتیمان›، (دووەمیـن ژمـارە لـە سـاڵی ١٩٤٤ە)، بەرنامەکـەی بریتییـە لـە یەکبوونـی کـورد و دژایەتـی کردنـی ئاغـاکان، بـەڵام حزبێکـی کۆمۆنیسـتی نییـە. هەندێـک بـە نهێنـی چالاکییەکانـی

ئەنجـام دەدات، بـە تایبەتیـش لـە ڕووی چاپکردنـی ‹نیشـتیمان›. لـە ڕێـی نیشـتیمان، هەندێـك کاریگـەری لـە سـلێمانیدا هەیـە. ڕاپۆرتێـک کـە لـە ئۆگۆسـتی ١٩٤٤دا بـڵاو بووەتـەوە، بـاس لـە هەوڵێـک دەکات بـۆ تێکـەڵ بـوون لەگـەڵ هیـوا و خۆیـی بـوون. ‹زێـڕۆ بەگـی هەرکـی› بەرجەسـتەترین کەسـایەتی ئـەم حزبەیـە. دژی حزبـی تودەیـە، بـەڵام لایەنگـری ڕووسـیایە. لـە کۆتایـی ١٩٤٥دا کۆمەڵـەی کـورد شـوێنی گرتـەوە.

### حزبی دیموکراتی کوردستان

لـە دوای سـەردانی قـازی محەمـەد و کۆمەڵێـک کوردیـتر بـۆ باکـۆ لـە سـاڵی ١٩٤٥دا دامـەزرا. بەیاننامەکـەی بـە زمانـی کـوردی و فارسـی لـە ئۆکتۆبـەری ١٩٤٥دا، دەرچـوو و ئـەم داواکارییانـەی خـوارەوەی خسـتەڕوو:

**ا** کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتی ئێراندا.

**ب** بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و فەرمانگەکانی کوردستاندا.

**ج** ئەنجامدانـی هەڵبـژادن بـۆ ئەنجومەنـی پارێزگاکانـی کوردسـتان بـۆ چاودێـری کردنـی هەمـوو کاروبـارە کۆمەڵایەتـی و حکومییـەکان.

**د** هەڵبژاردنی فەرمانبەرانی حکومەت تەنیا لە کورد.

**ه** ڕاگەیاندنـی یاسـایەک بـۆ ڕێکخسـتنی پەیوەندییەکانـی نێـوان جوتیـار و ئاغـاکان (خـاوەن زەوی).

**و** هاوکاریکـردن لەگـەڵ ئازەربایجانـی، ئەرمـەن و ئاشـوورییەکان، لـە پێنـاو دامەزراندنـی یەکێتـی و برایەتـی لـە وڵاتـدا.

**ی** دەرهێنانی سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

وا دیـارە ئـەم حزبـە شـوێنی ‹کۆمەڵـەی کـوردی› گرتووتـەوە و بـووە بـە حزبـی فەرمانـڕەوا لـە ناوچـە کوردییەکانـی ئازەربایجانـدا.

**هیوای کورد:**

کۆمەڵەیەکی نهێنیە لە سلێمانی. زانیاری کەم لەسەری و لەسەر چالاکییەکانی هەیە.

**ڕزگاری کورد:**

لەم دواییانە لە بەغدا دەرکەوتووە، بە گوێرەی نووسراوەکەی، پشتگیریی کوردی ئێران دەکات و داوای مافی کوردی عێراق دەکات.

بەشی توێژینەوە، نووسینگەی کاروباری دەرەوە. شەقامی پرەنسێس (W .S. ۲۲ی مارچ ۱۹٤٦

باڵیوزخانەی بەریتانیا

ئەنقەرە

(٤٦/١٧/١٤)

١٦ی ئەپریل ١٩٤٦

بەڕێز بەشی توێژینەوە

١. سوپاستان دەکەین بۆ ئەو ڕەشنووسەی لەبارەی کێشەی کورد لەلایەن بەشی توێژینەوە ئامادە کرا بوو و لە نامەکەتان بە ژمارە (E.2782/104/34) لە ٢ی ئەپریل، بۆ ئێمەتان نارد.

٢. بە بۆچوونی ئێمە باشترین کار ئەوەیە ئەم ڕەشنووسە، سەرەتا نیشانی پاشکۆی ڕۆژنامەوانی و پسپۆڕی کوردمان بدەین. تێبینییەکانی ئەو جێگەی سەرنجن و بۆ یەکەمجارە هیچ ڕەخنەیەکی لەبارەی ئەم پیشنیازە نییە، بەڵام بە بڕوای ئەو باشترە ئێوە ئەو بەشەی تایبەتە بە کوردی تورکیاش تەواو بکەن، مەبەستەکەتان لەم بارەوە لە یاداشتێکدا بنووسن. هیواداریـن کۆپییەك لە تێبینییەکانی بۆ ئێوە سوودمەند بێت.

٣. ئێمە لەلایەن خۆمانەوە، هیچ تێبینییەکمان نییە، هەروەک ئەوەی لە نامەکەمان بە ژمارە ١٣٤ لە ٢١ی مارچ ڕوونمان کردەوە، بۆچوونی گشتیمان بریتییە لەوەی کێشەی کورد، کێشەیەکی ناوخۆیی نییە. مستەر ئالێن (Mr Allen) لە یاداشتەکەیدا ئاماژەی بەو هۆکارانە داوە کە بوونەتە هۆی گەیشتن بەم ئەنجامە.

لەگەڵ ڕێزدا.

نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، ئەنقەرە

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، (S.W. I)

## یاداشت

لەلایەن پ. ئەی/بۆ ڕاوێژکار

ڕەشنووسی ئەو ڕاپۆرتەی لەبارەی کورد پێشکەشکراوە

١. ئـەم ڕاپۆرتـەی لەبەردەسـتدایە، بـە بابەتییانـە بارودۆخـی کـورد بـە تایبەتیـش لـە عێـراق دەخاتـەڕوو. ئـەو پەرەگرافـەی تایبەتـە بـە کـوردی تورکیـا، دەربڕینێکـی دروسـتە لـەو ڕاسـتییانەی تـا هەنوکـە لـە ئـارادان، بـەڵام باشـترە هەندێـك لایەنـی گشـتی کێشـەی کـورد زۆرتـر ڕوون بکرێنـەوە. بـە تایبەتیـش سـەبارەت بـە پرسـی کـورد لـە تورکیـا.

٢. ناوەنـدە فەرمییەکانـی تورکیـا بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـە لەڕاسـتیدا کێشـەی نەتەوەیـی کـورد لـە ناوخـۆی سـنوورەکانی تورکیـادا بوونـی نییـە، [ بە بـڕوای حکومەتی تورکیـا] ئـەوەی تـا ئێسـتا لـە کێشـەی کـورد کاریگـەری لەسـەر تورکیـا دروسـت بـکات، «کێشـەی سـنوورەکان»ە.

٣. لـە زۆر لایەنـەوە، لایەنـی گرنگـی کێشـەی کـورد، بریتییـە لـە کێشـەی کۆمەڵایەتـی و ئابـووری. خێڵـە کوردەکان زۆرتـر نوێنەرایەتـی حاڵەتێکـی کۆمەڵایەتـی دەکـەن، نـەک نەتەوەیـی، نەتەوایەتییـەک بـە مانـای ئەوروپـی، یـان تەنانـەت بەمانـای جوڵانـەوە نەتەوەگەراکانـی عـەرەب لـە ڕۆژهەڵاتـدا نییـە. (لـەم ڕووەوە دەکرێـت کـورد لەگـەڵ قرغیـزەکان یـان خێڵـە فینلەنـدی زمانەکانـی ناوچـەی ڤۆلـگا، یـان لەگـەڵ دانیشـتوانە قەرەچەکانـی (کۆچەریـی) بالـکان بـەراورد بکرێـن، کە هێـدی هێـدی و هەندێکجار زۆر بـە ئـازارەوە لەلایـەن حکومەتەکانیانـەوە لـە نـاو دەوڵەتـی مۆدێرنـدا توێنراونەتـەوە).

٤. زمانـی کـوردی تەنیـا لـە ماوەی ٢٥ سـاڵی ڕابـردوودا، وەک زمانـی نووسـین بەکارهاتووە- بـە تایبەتیـش بـە هـۆی مۆتیڤـی ڕۆشـنبیرەکانەوە، کـە لەلایـەن دامـەزراوە خـاوەن بەرژەوەندییەکانـی ئێریڤـان و دیمەشـق یارمەتـی دەدران. زمانـی کـوردی شـارەزور، زۆر بـە سـەختی لەگـەڵ زمانـی کـوردی بادینـان دەگونجێـت و زمانـی کـوردی دیاربەکـر (کـە گیـرۆدەی عەرەبـی بوونـە) زۆر جیـاوازە لـە شـێوەزاری زازایـی ناوچـەی دەرسـیم. هـەر بۆیـەش سـەختە کـورد لـە ڕووی زمانـەوە پێناسـە بکرێـت. (تەنانـەت خـودی

ناسیۆنالیستەکانی کورد هیچ بیرۆکەیەکی ڕوونیان لەم بارەوە نییە، چونکە هەندێك جار لوڕ و ئەشقیاکانیش بە کورد هەژمار دەکەن).

٥. لە ڕووی کلتورەوە- لەم ڕاپۆرتەدا باسی دەکرێت- کوردی ئێران لە ژێر کاریگەری قوڵی کلتوری ئێرانییەکاندان و تەنیا لەڕووی وردەکارییەوە ناڕەزایەتیان لەسەر بارودۆخی لکاندنیان بە دەوڵەتی ئێرانەوە هەیە. ئێزدییەکانی عێراق، کە بە کوردی قسە دەکەن، هیچ شتێکی هاوبەشیان لەگەڵ کوردی دراوسێی باکووری خۆیاندا نییە و بە بەردەوامی بوونەتە قوربانی ڕق لێبوونەوەیان.
کوردی هەکاری لەلایەن ئاینورس (Ainworth)، لەیارد (Layard) و گەریدەکانیتری سەدەی نۆزدەیەم بە بێگەردترین کورد هەژمار کراون کە ڕەچەڵەکی بەتلیسیان دامەزراند، بە گشتی وەفاداری حکومەتی تورکیان. (ئەوان زۆر بوێرانە لە دژی ڕووسەکان و یاریدەدەرە ئاشوری و ئەرمەنەکانیان لە شەڕی نێوان ١٩١٤-١٩١٨ جەنگاون).

کوردی حەیدەرانلی- لە بەرزاییەکانی نێوان باکووری دەریاچەی وان و ئاراکس نیشتەجێن- لە هەڵمەتەکانی سالانی نێوان ١٩١٤-١٧ بۆ فەرماندە تورکەکان وەفاداربوون. ئەوان زۆر بە توندی لەلایەن ڕووسەوە لە ناو بردران. کەسایەتییە بەرجەستەکانی حەیدەرانلی لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا پشتگیریی جوڵانەوەی کەمالیستیان کرد (کۆنگرەکانی ئەرزەڕۆم و سیواس)، بەڵام ئەوان دواتر چوونە ناو هەڵمەتە جۆراوجۆرەکانی پەرچەکردارەکانی تایبەت بە بەرگریکردن لە سیستەمی خەلافەت لە تورکیادا. ئاغا کۆنەپارێزەکانی حەیدەرانلی دوای ساڵی ١٩٢٧ لە دوای هەندێك جەنگی توند، هێدی هێدی بێ دەسەڵات کران.

٦. ناوچەی نێوان کیلۆ داغ (باکووری سنووری عێراق) بەرەو ئاگری داغ (بەسەر دۆڵی ئاراکسدا زاڵە) ویلایەتەکانی هەکاری، شرناخ، سیرت، وان، موش، بەتلیس و ئاگری پێکدێنێت. ئەمەش ئەو ناوچەیەیە کە ‹کێشەی سنوور› پێک دێنێت. هاوینی ڕابردوو ئەمنیەت و ئاسایش لەم شەش ویلایەتەدا لەوپەڕی باشیدا بوو. لە ویلایەتی هەکاری (١٥،٥٠٥ کیلۆمەتری چوار گۆشە) تەنیا یەک

بەتالیۆنــی جەندەرمــە خرانــە کار و هیــچ ســوپایەک لــە ڕۆژئــاوای ســنوورەکانی باشکالی-یوکســەکۆڤادا نەبــوو. دانیشــتوانی ئــەم شــەش ویلایەتــە نزیکــەی ٦٠٠ هــەزار کەســن. دەتوانیــن بڵێــن ٦٠٪ی کــورد زمانــن، تورکمانــە کۆچەرییــەکان و جوتیــارە تورکــەکان و دانیشــتوانی شــارەکان هاوســەنگیان پاراســتووە [واتــە ئەوانــەی بــە تورکــی قســە دەکــەن]، ئەمــە و ســەرەڕای ڕێژەیەکــی کەمــی عــەرەب کــە لــە ویلایەتــی ســێرت نیشــتەجێن.

٧. زۆرتریــن ڕێــژەی دانیشــتوانی کــورد لــە ڕۆژئــاوا لــەم ویلایەتانــەی خوارەوەدایــە؛ دیاربەکــر، چاپاکچــۆر، ئالازیــق، تونجەلــی، مالاتیــا، مــەراش، لــە باشــووری ئەرزەنجــان و ئــەرزەڕۆم، هەروەهــا لــە بەشــی باکــوور ســێ ویلایەتــی هاوســنووری ســوریا، واتــە ماردیــن، ئورفــە و غــازی عەنتــاب هــەن. بــە بــێ گەشــتێکی درێژخایــەن، یــان نیشــتەجێ بــوون لــەم ناوچانــەدا، زۆر ســەختە خێڵــە کــوردە جۆراوجــۆرەکان لێــک جیــا بکرێنــەوە، چونکــە ئــەوان بــە هــۆی نائارامییــەکان و گۆڕینــی بارودۆخــی ئــەم ٢٥ ســاڵەی دوایــی، لەگــەڵ یەکــتر تێکــەڵ بوونــە و لــە یــەک شــوێندا نیشــتەجێن. جیــاوازی شــێوەزارەکان- شــتێکی سروشــتییە و هــۆکاری کۆچــڕەوە مێژووییــەکان بــووە- تێکەڵێکــە لــە کــوردی و تورکــی و عەرەبــی، ئەگــەر بێــت و تیرەکانــی قزلباشــی دەرســیم بــە کــورد هەژمــار بکەیــن، ژمــارەی دانیشــتوانی ئــەم شــەش ویلایەتــە لــە ســەرووی یــەک ملیــۆن کــەس دەبێــت.

٨. لــە ســەرەتای ســەرهەڵدانی جوڵانــەوەی کەمالیســتەکاندا، ڕاپەڕینێکــی چەکداریــی بــۆ پشــتیوانی لــە سیســتەمی خەلافــەت لــە دیاربەکــر، ســیڤەرک، مالاتیــا، ئەلبیســتان و ئەراپکێــر ســەریهەڵدا. ئــەم ڕاپەڕینــە چەکدارییــە هــاوکات بــوو لەگــەڵ ســەرهەڵدانەکانی قۆنیــا، ئاماســیا و کۆتاهیــا لەگــەڵ ناوچەکانیــتری ئاناتۆلیــا کــە بــە تەواوەتــی تــورک نشــین بــوون. ڕاپەڕیــوەکان پیاوانــی ئایینــی و لایەنگرانــی ڕژێمــی پاشــایەتی بــوون. لــەم قۆناغــەدا ناســیۆنالیزمی کــورد هیــچ دەربڕینێکــی جیددیانــەی نەبــوو، ئەگەرچــی هــاوکات هەندێــك لــە گروپــە کوردییــەکان لــە پایتەختەکانــی ئەوروپــادا بــەدوای بەدەســتهێنانی پشــتگیریدا دەگــەڕان.

٩. دوایین جوڵانەوەی چەکداریی کوردی تورکیا لە دەرسیم (ویلایەتەکانی ئالازیق و تونجەلی) لە ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨دا بوو. ئەم ناوچە بەرینە، دەکەوێتە سەرووی ڕوباری فورات (کارا سو و مورات سو) هەرگیز لە ژێر دەسەڵاتدارێتی ڕاستەوخۆی رژێمی عوسمانیدا نەبووە. دوای بەرەوپێشچوونەکانی ڕووس لە ئەرزەنجان لە ساڵی ١٩١٦دا، ئەرزەنجان بووە بە ناوچەیەکی ستراتیژی زۆر گرنگ، چونکە ببوو بە هێڵی پێشڕەویی بەرەو ڕۆژئاوا (بەرەو سیواس) و بەرەو باشوور (لە چاپاکچورەوە بۆ دیاربەکر و دۆڵی دیجلە).

وا دەردەکەوێت ئۆپەراسیۆنی تورکەکان لەم ناوچەدا لە ساڵانی ١٩٣٧-٣٨، لەو پێناوەدا بوو ئەم ناوچانە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی سوپا.

١٠. لە ناوچە کوردییەکاندا هیچ کۆچپێکردنێکی بەزۆر هاوشێوەی ئەوەی ڕووس لە دوای داگیرکردنی سیرکاسیا (circassia) لە ١٨٦٤دا ئەنجامیاندا، ئەنجام نەدرا. یان هاوشێوەی ئەوەی لە کالمیک (Kalmyk)ی سۆڤیەت، یان لە ناوچەکانی خاوەن ئۆتۆنۆمی لە باکووری قەفقازیا کە کەمینە نەتەوەییەکانی تێدا نیشتەجێن و لە ساڵانی ١٩٤٤-٤٥ دەرکردنی خەڵک لەلایەن ڕووسەوە ئەنجام دەدرا.

١١. هاوکات لە میانەی ئەم ٢٠ ساڵەی دواییدا، کۆچێکی پێچەوانەی دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان بەرەو ئەم ناوچانە هاتووەتە کایەوە. بۆنموونە بۆ دەشتی سیلیکیا کە بوژانەوەیەکی خێرای بەخۆوە بینیووە، یان بەرەوە شارە تازە بەپیشەسازیی بووەکانی وەک سیواس، قەیسەری و مالاتیا.

ئەم پرۆسەیەش لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکار بوو کە بریتیین لە (ئـ) لەناوچوونی ئابوری پشت بەستراو بە زەوی کە لەلایەن گەورە خاوەن زەوییەکانی کوردەوە بەجێ مابوو.

ا ڕێگری کردنی حکومەتی تورکیا لە کوێستان و گەرمیان کردنی خێڵە کۆچەرییەکان (هاوکات لەگەڵ هێرشکردنە سەر جوتیارە دەشتەکییەکان).

**ب** کێشکردن بەرەو شارە تازە بەپیشەسازیی بووەکان و زەوییە گەورەکانی کەتان و باغەکانی دەشتی سیلیکیا.

لــە ناچوونــی شــێوازی ژیانــی کۆچەریــی (ڕەشماڵنشــین)، یەکێــک لــە هــۆکارە ســەرەکییەکانی لاوازکردنــی خێڵگەرایــی کــورد بــووە. حکومەتــی تورکیــا لــە پشــتگیریی نەکردنــی بــۆ شــێوازی ژیانــی کۆچەریــی، سیاســەتێکی گرتەبــەر هاوشــێوەی سیاســەتی پیادەکــراو لەســەر قەرەچــەکان (gypsies)، تورکمانــەکان، یۆروکــەکان، تەهتاســیەکان (Tahtacis) و کۆچەرییەکانیــتری تــورک زمــان بــوو. ئــەم سیاســەتە تایبــەت نەبــوو بــە کــورد و ڕێــک وەک ئــەو سیاســەتە بــوو، لەلایــەن حکومەتــی ســۆڤیەتەوە لــە دژی قرغیــزەکان و کۆچەرییەکانــی ناوەنــدی ئاســیا گیرایــە بــەر. یــان هاوشــێوەی ئــەو سیاســەتە بــوو لەلایــەن حکومەتەکانــی بولگاریــا و یۆگوســلاڤیا لــە نێــوان گروپــە قەرەچــە جۆراوجۆرەکانــدا گیرایەبــەر.

لـە هەمانکاتـدا، حکومەتـی تورکیـا زەوی، کەرەسـتەی بیناسـازی، دانەوێڵـە و ئامـرازی کشـتوکاڵی بـۆ نیشـتەجێ بووەکانـی ئـەم ناوچانـە دابیـن کـرد. لـە ناوچـە کوردییەکانـی ویلایەتەکانـی ڕۆژهـەڵات، قوتابخانـە، دامـەزراوەی گونـدەکان، خزمەتگوزاریـی پزیشـکی و ڤیتەرنـەری لـە ئاسـتێکی زۆر بەرفراونـتر بـە بـەراورد لەگـەڵ وڵاتانـی دراوسـێ دابیـن کـران.

١٢. کەواتــە دەتوانیــن بڵێیــن کێشــەی کــورد لــە تورکیــادا، لــە بنەڕەتــەوە کێشــەی تواندنـەوەی ئابورییێـک بـووە کـە لـە ناوچـە شـاخاوییە دوورە پەرێـزەکان، بـە شـێوەی دەرەبەگایەتــی و کۆچــەری مابــووە. بــە دڵنیاییــەوە ئــەم جــۆرە ئابوورییــە لەگــەڵ شـێوازی مۆدێرنـی کشـتوکاڵ و کۆمەڵـگای بەپیشەسـازیی بـوو، ناتەبایـە. کۆمەڵگایـەک لــە ڕووی سیاســییەوە یەکســانخوازە. دواجــار ئــەم پرۆســەیەی توانەوەیــە، بــووە هـۆی هێنانـە ئـارای پێکدادانێکـی قـووڵ. سـەردەمی لوتکـەی پێکـدادان لـە نێـوان ئابوریـی دەرەبەگایەتـی کـوردی و حکومەتـی تورکیـا لەوانەیـە بگەڕێتـەوە بـۆ قۆناغـی «شۆڕشـی›› چاکسـازیی خێـرا لـە تورکیـادا. یەکـەم قۆناغـی سـەرەکی سـەرهەڵدانی کـورد لـە سـییەکانی سـەدەی نۆزدەیـەم بـوو، واتـە لـە سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتی سـوڵتان محەمـەدی دووەم. لـە کۆتایـی ئـەم سـەدەیەدا و لە سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتی عەبدولحەمیـد، ئاغاکانـی کـورد لـە سیاسـەتەکانی بابـی عالـی زۆر نزیـک بوونـەوە و میلیشـیاکانی کـورد (سـوارەکانی حەمیدیـە) لـە دژی کەسـایەتییە پێشـکەووتنخوازەکان

بەکارهێـنران (هـەروەك قەزاقـەکان کـە لـە میانـەی یەکـەم شۆڕشـی ڕووس لـە سـاڵی ١٩٠٥دا بەکارهێـنران). لـە میانـەی قۆناغـی دووەمـدا (قۆناغـی کەمالیسـت) لـە چاکسـازی تورکـەکان، دووبـارە ئاغاکانـی کـورد، هـەروەک سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتی سـوڵتان محەمـەد، بەرەیەکـی کۆنەپارێـزی بەهێزیـان پێـک هێنـا.

١٣. سـەرەنجام لـە پارێزگاکانـی ڕۆژهـەڵات، حکومەتـی تورکیـا سـەرکەوتوو بـووە لـە لەناوبردنـی کرۆکـی بەرگریکـردن لـە نێـوان دەربەگـە خـاوەن زەوییەکانـی کـورددا. لـە بەرانبـەردا، هـەروەك ئـەم ڕاپۆرتـە ئامـاژەی بـۆ دەکات، بارودۆخ لـە عێراقدا زۆر قورسـە و حکومـەت شکسـتی هێنـاوە لـە ئیـدارەدانی لێکەوتـە ئابـوری و کۆمەڵایەتییەکانـی کێشـەی کـورد (بـۆ نموونـە وەسـتان لـە دژی بەرژەوەندیخـوازی تێکدەرانـەی سـەرۆک خێڵـە دەرەبەگـەکان).

١٤. لـە تورکیـا بیرۆکـەی فەرمـی حکومـەت بریتییـە لـەوەی کێشـەی کـورد کێشـەیەکی ناوخۆیـی نییـە، بەڵکـو کـورد هـەروەك خێڵـە کۆچەرییەکانیـتر لـە پارێزگاکانـی ڕۆژهـەڵات و باشـووردا، لەگـەڵ کۆمەڵانـی جەمـاوەری جوتیـاری ئاناتۆلیـا لـە پرۆسـەی توانـەوەی خێـرا [لـە نـاو دەوڵەتـی مۆدێرنـی تورکیـا] دان. بێگومـان لـەم پرۆسـەیەدا خورتیـی سیاسـیش لـە ئارادایـە، بـەڵام پێویسـتە حکومەتـی تورکیـا بایـەخ بـە سیاسـەتە جۆراوجۆرەکانـی چاکسـازیی زەوی و خۆشـگوزەرانی گوندنشـیان بـدات و کارێکـی زۆریشـی ئەنجـام داوە تـا ئاسـتی ئـەم بارۆدۆخـە کۆمەڵایەتییـە لـە پارێـزگا کوردییەکانـدا کـەم بکاتـەوە و کۆچەرییـەکان ئاشـنای ژیانـی نیشـتەجێ و جوتیـاری بـکات.

پاشکۆی ڕۆژنامەوانی

سوریا

سیاسی

کوردی سوریا

١. لـە دیمەشـق داوا لـە سـەرچاوەیەکی بـاوەڕ پێکـراو کـراوە، تـا ڕاپۆرتێـک لەبـارەی پێشـنیازەکەی ئـەم دواییـە کامـەران بەدرخـان بـەرز بکاتـەوە، لەبـارەی ئـەوەی باشـترە کۆمیتـەی نەتەوەیـی کـورد لـە قامشـلۆ هەڵبوەشـێتەوە و لەگـەڵ کـوردی ئازەربایجـان یەکبگرنـەوە. هەروەهـا، داوا لـەم سـەرچاوەیە کـراوە، بۆچوونـی کـوردە پلـە بـاڵاکان سـەبارەت بـە کۆبوونـەوەی ئـەم دواییـە لـە بـارەگای کـورد لـە دیمەشـق وەرگرێـت کـە بڕیـاردراوە داوا لـە حکومـەت بکرێـت ئۆتۆنۆمـی بـە ‹جزیـرە› بـدات.

٢. نوێنەرانـی کـورد: هەفتـەی ڕابـردوو گشـت نوێنەرانـی کـورد لـە ئەنجوومەنـی سـوریادا (Syrian chamber) لـە دیمەشـق بـوون و سـەرچاوەیەکی ئێمـە لەگـەڵ هەموویـان قسـەی کـردووە. بـە پێـی قسـەکانی سـەرچاوەکە، نوێنـەرەکان کۆدەنگـن و دژی هـەر جووڵەیەکـی کـوردی سـوریا لە دژی حکومەتی سـوریا دەوەسـتنەوە؛ بـە بۆچوونی ئەوان هەوڵەکانـی کامـەران و جـەلادەت بەدرخـان هیـچ سـەرکەوتنێک لـە سـوریا دەسـتەبەر ناکەن، ئەگەرچی لەم دواییانەدا ئەوان لەلایەن سـەرکردەی کۆمۆنیسـت ‹خالید بیوداش› (Khalid Biodash) و ‹قـەدری بـەی› پاڵپشـتی کـراون. هیچ یەک لـەم نوێنەرانە هیچیان لەبـارەی کۆنگـرە چاوەڕوانکراوەکـەی کـورد لـە ئازەربایجـان نەبیسـتووە، کـە نامەکـەی کامـەران بەدرخـان ئامـاژەی بـۆ دەکات. ئـەوان هیـچ گرنگییـەک بـە کۆبوونـەوەی ئـەم دواییـەی بـارەگای کـورد لە دیمەشـق نـادەن. هەروەهـا ئـەوە ڕەتدەکەنـەوە، جوتیارانی جزیـرە خوازیـاری گۆڕینـی بارودۆخەکەیـان بن.

٣. ناسـیۆنالیزمی کـورد لـە دەرەوەی سـوریا. سـەرچاوەکە ئامـاژە بـەوە دەدات گشـت نوێنـەرەکان پشـتگیریی لـە جوڵانـەوەی سـەربەخۆیی کـورد [لـە پارچەکانیـتر] دەکـەن، تەنیـا لـە سـوریا نەبێـت. ئـەوان بـە سـەرچاوکەیان گۆتـووە هەمـوو کـوردی ئێـران لاگیـری حکومەتـی ئازەربایجانـن و ئەوەیـان پشتڕاسـت کردووەتـەوە، جـار نـا جـار

چـەک و پارەیـان لـە سـوریاوە بـۆ بـە قاچـاغ دەبردرێـت. بـە بۆچوونـی ئـەم نوێنەرانـە، ئەگـەر بێـت و سـێ مليـۆن کـوردی سـوريا سـەربەخۆیی بەدەسـت بهێنـن، شـەش مليـۆن کـوردی تورکيـا و عێـراق و ئێـران دەتوانـن هەمـان کار ئەنجـام بـدەن، بـە تایبەتيـش ئـەوان پاڵپشـتی حکومەتـی سـۆڤیەتیان هەیـە. سـەبارەت بـە کـوردی تورکيـا، نوێنـەرەکان ڕایانگەیانـدووە، هۆشـیاریی بەردەوامـی حکومەتـی تورکيـا، وایکـردووە تـا هەنوکـە نەتوانرێـت هيـچ کارێـک ئەنجـام بدرێـت.

باڵیوزخانەی بەریتانیا

A/279

ئیستانبول

١٩٤٦/٧/١٤

بەڕێز جۆن

ڕاپۆرتە هاوپێچکراوەکە، ئەوەی پەیوەستە بە عێراق، لەوانەیە بۆ بەڕێزتان گرنگ نەبێت، بەڵام من بۆتانی دەنێرم؛ لەوانەیە بتانەوێت هەموو شتێکی پەیوەست بە کاروباری کوردەوە ببینن.

j. l. Reed Esq

باڵیوزخانەی بەریتانیا

ئەنقەرە

٤٣٧/١/١٢٠

٣٣٧٣

٣ی جوڵای ١٩٤٦

عێراق

سیاسی

پارتی ڕزگاری کورد

١. سەرچاوەیەکی نزیک لە پۆلیس، کۆپییەك لە نامەی ژمارە: (نهێنی/٢٨٢ لە ١٦ی جونی ١٩٤٦) کە لە بارەگای سەرەکی پۆلیس لە هەولێر دەرکراوە، بۆمانی ناردووە و پەیوەستە بە چالاکییەکانی پارتی ڕزگاری کورد. نامەکە دەڵێت، پارتەکە لە بەغدا و لەلایەن قوتابیانی کۆلێژی یاسا و کۆلێژی ڕاهێنانی مامۆستایانی خوێندنی باڵا، دامەزراوە.

٢. پارتەکە بانگەشەی ئەوە دەکات، تەواوی هاوڵاتیانی کورد لە خۆ دەگرێت، هەنوکە لە ڕێگەی قوتابیانەوە بە کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، کۆیسنجەق، ڕواندز، ئامێدی و زاخۆدا بڵاو بووەتەوە و پەیوەندی لەگەڵ ئەو بارزانییانە هەیە هەنوکە لە ئێران پەنابەرن. ڕۆژنامەی ئەم پارتە لە مهاباد چاپ دەکرێت، لەلایەن عەلی عەبدوڵا کە لە ڕواندز کتێب فرۆشە، بۆ [کوردستانی عێراق] دەنێردرێت تا بە نهێنی بەسەر پارتەکە دابەش بکرێت.

٣. پارتەکە لە هەولێر، لەلایەن کۆمەڵێک فەرمانبەر و قوتابی، لە کاتی ئاهەنگەکانی نەورۆزەوە ئاشکرا بوو و دەرکەوتووە کۆبوونەوەکانیان لە کتێب فرۆشی شێخ محەمەد محەمەد ئەنجام دەدرێت. هەروەها نووسراوەکانی پەیوەست بە چالاکییەکانی ئەم پارتە لە ئەملاکی ئەنوەر فەیزە (Anwar Faidha) لە مێرگەسۆر دۆزراونەتەوە؛ هەروەها نەخشەی کوردستانی عێراق و تورکیا و سوریا و ئێرانیشی لەگەڵدا دۆزراوەتەوە.

٤. پۆلیس بە وردی چاودێریان دەکات و لیستێک لە ناوی ئەندامانی ئەم پارتەی لە هەولێر (بڕوانە پاشکۆ) و چالاکییەکانی بڵاو کردووەتەوە، گوایە هەوڵی ڕووخانی بەها و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی عێراق دەدەن.

## پاشکۆی نامەی ٣٣٧٣

ناوی ئەندامانی پارتی ڕزگاری کورد لە هەولێر

| | |
|---|---|
| عەونی یوسف | لایەنگر |
| ڕۆستەم جەبار | لایەنگر |
| عاسم حەیدەری | چاودێری کاتبەکان، هەولێر |
| عومەر عوسمان | چاودێری پێشووی کاتبەکان(ex-Clerk Supply Control)، هەولێر |
| فایق نادر | هەمان شت |
| میرزا عەبدولکەریم | کاتبی دادگا- هەولێر |
| ئەنورە حوسێن مەلا | هەمان شت |
| ڕەشید قادر | هەمان شت |
| جەمال حەیدەری | مامۆستای زانکۆ- کۆلێژی ڕاهێنان |
| عەزیز موحەمەد | کاتبێکی نیمچە فەرمی، بەشی دارایی، هەولێر |
| مەجید ڕەئۆف | پیشتر قوتابی ناوندی بووە. هەولێر |
| یونس یەحیا | هەمان شت |
| عەلی فەتاح | پیشتر قوتابی ناوندی بووە-هەولێر |
| عەلی قادر | هەمان شت |
| حەمید عوسمان | هەمان شت |
| ڕەسول محەمەدئەمین | هەمان شت |
| ڕەقیب حوسێن مەلا | هەمان شت |
| جەواهیر حوسێن مەلا | هەمان شت |

| | |
|---|---|
| مارف عەبدولقادر | هەمان شت |
| خالس جواد | هەمان شت |
| نامق ئەحمەد پاشا | قوتابی سەرەتایی، هەولێر |
| مونیر عوزێر قەساب | مامۆستا، کۆلێژی ڕاهێنان |
| فەتاح ماهیر | مامۆستا، کۆلێژی راهێنان |
| کەریم رەئوف | هەمان شت |
| حەیدەر عوسمان | هەمان شت |
| ڕەفعەت ئیسمائیل | چاودێری پێشووی کاتبەکان- هەولێر |
| نیازی عومەر ئەمین | یایدەدەری چاودێر (P. W.D)، هەولێر |
| موسا سلێمان | قوتابی کۆلێژی ئەندازیاری |
| شێخ محەمەد محەمەد | کتێب فرۆش |
| عەبدولڕەزاق ڕەفیق | قوتابی پێشووی ناوەندیی |
| یاسین تەها | پۆلیسی سەربازیی |

زۆر زۆر نهێنی

From: H.B.M. Council, Aleppo.

To: H.B.M. Minister at Beirut No, 21 Saving of July 23, 1946.

بۆ نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە دیمەشق ژمارە نۆ، پارێزراو، دووبارە کراوەتەوە.

نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە ئەنقەرە، بێ ژمارە. نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە بەغداد، بێ ژمارە. نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە موسڵ، بێ ژمارە.

١. ئەمڕۆ، کۆنسولی گشتی تورکیا لێرە [واتە لە سوریا]، وردەکاریی ئەو زانیاریانەی خستەڕوو کە لە سەرچاوەیەک لە ٢١ی جولای لە دێرەزور و جزیرە گەڕابووە، بەدەستی گەیشتبوو و پەیوەستە بە کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە نێوان سەرکردەکانی خێڵ و سەرکردە سیاسییەکان، ئەوەی لە عەین دیڤار (Ain Divar)، لە دوورترین گۆشەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا گرێدراوە. خاڵە گرنگەکانی زانیارییەکە بۆ من نێردراون.

٢. لە کۆبوونەوەکەدا، نزیکەی ٢٥٠ کەس لە کەسایەتییە گرنگەکانی کورد بەشدار بوونە، بە تایبەتیش لە سوریا. لە نێوان بەشداربووەکاندا، شەریف (Cherif) کوڕی خاجۆ ئاغا (Khadjou Agha) کە تورکە و ئەفسەرێکی سوپای عێراق، بەشدار بوونە. ئامادە بوونی ئەم ئەفسەرە لە کۆبوونەوەکەدا و لەسەر خاکی سوریا، بووەتە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕینی حکومەتی سوریا لەبەرانبەر حکومەتی عێراق. کۆبوونەوەکە دوو ڕۆژی خایاندووە، ١٢ و ١٣ی جولای، و دوای بەدەستهێنانی مۆڵەتی حکومەتی سوریا، ئامانجەکانی کۆبوونەوەکە بریتی بووە لە ئاسانکاریکردن لە چارەسەری پرسە عەشایرییەکان و بابەتە پەیوەندیدارەکان بەم پرسە. کۆبوونەوەکە ئامانجی سیاسی تریشی هەبووە، هەنوکە ئاشکرا بوونە.

لە نێوان سەرکردە کوردە ئامادە بووەکاندا هەر یەکە لە: دکتۆر ئەحمەد نافز، پرۆفیسۆر حەمزە بوز شاهین و مستەفا شاهین (لە عەین عەرەب)، قەدری جەمیل پاشازادە و جەمیل پاشازادە بەدری، مەمدوح سەلیم (چاودێری پەروەدەیی)

و دکتـۆر بەیتـار نـوری، ئامـادە بـوون. لـە نێـوان ئـەم بەشـدار بووانـەدا دوو کەسـی یەکـەم لەگـەڵ هـەر یـەک لـە جـەلادەت و کامـەران بەدرخـان وەک ئەندامـی کۆمیتـەی ڕاوێـژکاری هەڵبژێـردارن. ئەرکـی ئـەم کۆمیتەیـە ئاڕاسـتەکردنی چالاکـی کـوردە کـە بڕیـاری ڕێکخسـتنی دراوە. کۆمیتـەی ڕاوێـژکاری لەلایـەن ئەنجوومەنـی گشـتی کـورد دەستنیشـان کـراوە و لـە ٢٥ ئەنـدام پێـک دێـت، بـە هەڵبـژاردن لەلایـەن کـوردە ئامـادە بووەکانـەوە هەڵبژێـردراون. ئەنجوومەنەکـە، بـە سـەرۆکایەتی دکتـۆر ئەحمـەد نافـز دەبێـت.

ئەندامانیـتری بەرجەسـتە و خـاوەن کاریگەریـی بریتیـن لـە عەبدولکەریـم مـەلا سـەدیق لـە عەیـن دیـوار (نوێنـەری دێـرک)، شـێخ مـوس جگەرخوێـن (شـاعیرەکی کـوردە) و حەمـزە مـەلا، مامۆسـتای زانکۆیـە.

٣. یەکێـک لـەو بڕیارانـەی ئەنجوومەنەکـە دەریکـردووە، ئەمەیـە: پێویسـتە هەمـوو کـورد بەشـداربن لـە پـارە بەخشـین، ئـەوەی بـە (زەکاتـی ئەلحەیـات) نـاسراوە. ئـەو پارەیـەی لـەو باجانـە کۆدەکرێتـەوە، دەخرێتـە سـەر بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان و مەڕومـاڵات. ئـەو پارەیـەی کـۆ دەکرێتـەوە لـە بوارەکانـی کلتـوری و بـۆ چارەسـەریی پزیشـکی تەرخـان دەکرێـت. ئەنجوومەنەکـە بڕیاریـداوە کار لەسـەر باشـتر بوونـی دۆخـی کورد و نەهێشـتنی جیـاوازی و پشـتگوێی خسـتنی کـورد لەلایـەن حکومەتـی سـوریاوە بـکات.

٤. ئەنجوومەنەکـە و گشـت کـوردە ئامـادە بـووەکان لەلایـەن عەبدولکەریـم مـەلا سـەدیق، لـە عەیـن دیـوار ئـاگادار کراونەتـەوە لەلایـەن مسـتەفا بارزانـی و قـازی محەمـەد، لـە ئێـران نامـەی پشـتگیریی کردنیـان بـۆ هاتـووە. ئـەو نامانـە بـە زمانـی عەرەبـی نـووسراون. شـایانی ئامـاژە پێدانـە وێنەیـەک لـە ١٧ی جـولای لـە ڕۆژنامـەی بەیروتـی «لـێ ژۆر» (Le Jour) بڵاوبووەتـەوە، مسـتەفا بارزانـی جلـی فەرمـی جەنەڕاڵەکانـی ڕووسـی لەبەردایـە. ڕاپـۆرت هاتـووە عەبدولکەریـم بـە کـوردە ئامـادە بووەکانـی کۆبوونەوەکـەی ڕاگەیانـدووە، دڵنیـا بـن پلانـەکان زۆر بـە باشـی بەڕێـوە دەچـن لـە گرتنەبـەری ڕێـکاری سـەربازیی و کـورد لـە ڕێگـەی هێـزەوە هەمـوو مافەکانیـان بەدەسـت دێنـن، هەروەهـا ئـەو دووپاتـی کردووتـەوە، کـورد پێویسـتە لـەوە تێبگـەن، لـە شـەڕەکەدا یـان سـەردەکەون یـان دەمـرن.

٥. هەروەهــا کۆنســولی گشــتی تورکیــا ئامــاژەی بــەوە دا، بــە گوێــرەی هەواڵەکانــی ســەرچاوەکە، ڕووس لــە ئازەربایجــان و کوردســتانی ئێــران، زێــڕ و پارەیــان بــە کــورد داوە. هەروەهــا ڕووس کــوردی ئــاگادار کردووەتــەوە، چاوەڕوانــی ئامــاژەکان بــن بــۆ بەدەســتەوەگرتنی دەســەڵات؛ کــە لەوانەیــە هــاوکات بێــت لەگــەڵ هێرشــی ڕووس بــۆ ســەر تورکیــا.

Vaughan Russell

ئەم بەڵگەنامەیە موڵکی حکومەتی شکۆداری بەریتانیایە

عێراق

نهێنی (١٧٠٨١)

٣ی ئۆگۆست ١٩٤٦

پاژی یەکەم

(E 7580/19/93)

کێشەی کورد

(لەگەڵ نەخشەکان)

پوختە

**عێراق**

بیرۆکـەی دەوڵەتێکـی کـوردی سـەربەخۆ لـە پەیماننامـەی سـیڤەردا ئامـاژە پێـدراوە (لـە سـاڵی ١٩٢٠دا واژوو کـرا، و هەرگیـز جێبەجـێ نەکـرا)، بـەڵام دوای سـێ سـاڵ بـە واژووکردنـی پەیماننامـەی لـۆزان، پەیماننامـەی سـیڤەر پشـتگوێ خـرا. کـوردی لیـوای موسـڵ و هەولێـر پەسـندیان کـرد ببنـە هاوڵاتیـی عێـراق، بـەڵام کـوردی سـلێمانی ڕەتیـان کـردەوە. ناسـیۆنالیزمی کـوردی ڕاسـتەقینە و ئامانجـە خۆویسـتەکانی سـەرکردە خێڵەکییـەکان، شـان بـە شـانی یەکـترن. گرفتەکانـی بـەردەم حکومـەت [واتـە حکومەتـی عێـراق] بریتییـە لـە ڕەخسـاندنی پێداویسـتییەکانی سیاسـەتێکی لیـبرال لەبەرانبـەر کـورد، و زەرورەتـی سـەرکوتکردنی سـەرهەڵدانی سـەرۆک خێڵـە گێرەشـێوێنەکانی کـورد، بـەڵام بەرپرسـەکانی عێـراق لـە جیبەجێکردنـی ئـەم ئەرکـە شکسـتیان هێنـاوە (پەرەگرافـی ١).

کۆمیسـسـیۆنی سـنووری دیارکـەری سـەر بـە کۆمەڵـەی گـەلان، لـە سـاڵی ١٩٢٥دا، ڕاسـپاردەی دامەزراندنـی کـورد لـە بەڕێوەبردنـی وڵاتەکەیـان و کەرتەکانـی دادپەروەریـی و بـۆ خوێندنـی لـە قوتابخانەکانیانـدا خسـتەڕوو، هەروەهـا ڕایسـپارد، زمانـی کـوردی وەک زمانـــی فەرمـــی لـــەم کەرتـــە خزمەتگوزاریانـــەی ســـەرەوەدا بـــەکار بهێنرێـــت.

حکومەتـی بەریتانیـا وەک دەسـەڵاتی ئینتیـداب، لەلایـەن ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان بانگهێشـت کـرا تـا ئـەو ڕێکارانـە بگرێتـە بـەر کـە لەلایـەن کۆمیسـیۆنەوە خراونەتـەڕوو، تـا ڕاسـپاردەکان جێبەجـێ بکرێـن. لـە سـاڵی ١٩٢٣دا، حکومەتـی عێراقـی چەنـد ڕێنماییەکـی دەرکـرد و ڕایگەیانـد، لـە ناوچـە کوردییـەکان فەرمانبـەرەکان کـورد دەبـن و کوردیـی بـە زمانـی فەرمـی ئـەو ناوچانـە هەژمـار دەکرێـت و لـە قوتابخانەکانـدا دەخوێندرێـت (پەرەگرافـی ٢-٤).

لـە پێنـاو نەهێشـتنی ترسـی کـورد سـەبارەت بـەوەی ئـەو ئیمتیازاتانـەی لەلایـەن ئەنجوومەنـی گەلانـەوە بـە کـورد دراوە، لەگـەڵ کۆتایـی هاتنـی ئینتیـداب، پاشەکێشـەیان لـێ بکرێـت، لـەم بـارەوە لـە سـاڵی ١٩٣٢دا، ڕاگەیێندراوێـک لەلایـەن حکومەتـی عێراقەوە، پێشکەشـی ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان کـرا. (پەرەگرافـی ٥ و پاشـکۆی (A)).

لــە ســاڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا، داواکاری بــێ ژمــار ئاڕاســتەی کۆمەڵــەی گــەلان و کۆمیسـیۆنی ئینتیـداب کـران، داوای پێکهێنانـی حکومەتێکـی کوردیـان دەکـرد، بـەڵام کۆمیسـیۆن تەنیـا ڕاسـپاردەی دەرکـرد کـە ‹پێویسـتە حکومەتـی عێـراق لەبەرانبـەر هاوڵاتیانـی کـورددا زۆر لێبـوردە بێـت›. (پەرەگرافـی ٦).

سـەبارەت بـە داواکاری کـورد، لـە جـوڵای ١٩٣٠دا، حکومەتـی خاوەنشـکۆ بەرگریـی لـە حکومەتـی عێـراق کـرد و دانـی بـەوەدا نـا، جیـا لـە سـلێمانی، لـە ناوچەکانیـتری کوردنشـین ژمـارەی فەرمانبەرانـی کـورد کەمـە و ڕاگەیاندنـی زمانـی کـوردی وەک زمانـی فەرمـی، دواکەوتـووە، بـەڵام بێگومـان، ئـەو ڕێکارانـەی بـۆ هێنانـەدی خواسـتی کـورد گیراونەتەبـەر، پێشـێل کـراون. لـە ئەنجامـدا تـا سـاڵی ١٩٣٩ جەنـگ دەسـتی پێکـرد، پێشـڤەچوونێکی کـەم لـە چارەسـەری کێشـەی کـورد بـەدی هاتبـوو. وا دیـارە ناسـیۆنالیزمی کـورد بـەرەو کـزی دەچێـت، تەنیـا ئـەو کاتانـە نەبێـت کـە حکومەتـی عێـراق گرنگییەکـی تایبـەت بـە پرسـی عـەرەب دەدات (پەرەگرافـی ٧-١١).

گرفتـە ئابوورییـەکان لەبـری نەهێشـتنی ناسـیۆنالیزمی کـورد، بنەمـای سـەرەکی گلەیـی کـورد بـووە لـە مـاوەی شـەڕدا. لـەو ڕێککەوتنـە چارەسـەریەی لـە جانیـوەری

١٩٤٤دا لەگــەڵ مەلامســـتەفا گرێــدرا، بەڵێنــدرا دانەوێڵــە بــۆ بــارزان بنێردرێـــت و خزمەتگوزاریــی فریاکەوتــن پێشــکەش بکرێــت. دوژمنکاریــی مەلامســتەفا و ناکارامەیــی حکومەتــی عێــراق بــووە هــۆی خێراترکردنــی ســەرهەڵدان کــە لــە ئۆگۆســتی ١٩٤٥دا هەڵگیرســا. بــە پاڵپشــتی زۆری ســەرۆک خێڵەکانــی کــورد، ســەرهەڵدان ســەرکوتکرا و مەلامســتەفا بــەرەو ئێــران هــەڵات و بــە هەڕەشــەیەکی جیــددی [بــۆ ســەر حکومەتــی عێــراق] مایــەوە. (پەرەگرافــی ١٢-١٣).

ناکرێــت سەرزەنشــتی حکومەتــی عێــراق نەکرێــت. کاتێــک ئاشــتی بەرقــەرار نەکرێــت، ئــەوان پشــتگوێ دەخرێــن، کاتێــک کێشــە ســەریهەڵدا، ئــەوان گلەییــان کــرد. ئــەوان هەوڵیانــدا بەربەســت بخەنــە بــەردەم سیاســەتی [دابینکردنــی مافــی کــورد]. دەســتڕۆیی بەریتانیــا و کۆمەڵــەی گــەلان لەمپــەر بــوو لەبەرانبــەر ئەگــەری پەنابردنــە بــەر کۆمەڵکــوژی [لەلایــەن حکومەتــی عێــراق لــە دژی کــورد]، بــەڵام بــۆ حکومەتــی عێراقیــش ســەختە هاوســۆز بێــت لەگــەڵ کۆمەڵگایــەک کــە هیــچ دەرفەتێــک لــە دەســت نــادەن بــۆ ئیهانەکردنــی. (پەرەگرافــی ١٤).

**ئێران**

کــوردی ئێــران «بــە نائومێدیــەوە لــە نێــوان خۆیانــدا دابــەش بوونــە». گەڕانــەوەی ســەرۆک خێڵــەکان لــە دوای کۆتاییهێنــان بــە دەســەڵاتی ڕەزا شــا، بارودۆخەکــەی وەک ســەردەمی پێــش نەهێشــتنی ســەرۆک خێڵــەکان بــەرەو خراپــی بــرد. بەڵگەیــەک لەبــارەی بوونــی، خواســتی ناسیۆنالســیتیەکان کــە لــە ئاواتــە خێڵگەراییــەکان جیــاوازە، لــە دەرەوەی ئازەربایجــان لەبــەر دەســت نییــە. (پەرەگرافــی ١٥).

چەنــد مانگــی دوای چوونــە نــاوەوەی ســوپای ســۆڤیەت و بەریتانیــا بــۆ ناو خاکــی ئێران، سیاســەتی هــەردوو حکومەتەکــە، بەســترابووەوە بــە بوونــی کــورد لــە ســەر ســنوورەکانی تورکیــا. حکومەتــی خاوەنشــکۆ خــۆی لەهــەر کردەوەیــەک بــە دوور گــرت ببێتــە هــۆی وروژاندنــی گومانــی تــورک. لــە لایەکیــترەوە، ڕووس زەنگــی مەترســی بــۆ تــورک لێــدا، ئەویــش لــە ڕێگــەی هاندانــی کــوردی ئێــران و نیگەرانییــان لــە هەبوونــی خێڵــە کوردییــە

دۆستەکان لەسەر سنووری نێوان ئازەربایجان و تورکیا. دواتر هەڵویستی ڕووس گۆڕانی بەسەردا هات و لە ١٩٤٢دا هەوڵیاندا باڵانسی هێز لە نێوان کورد و دەسەڵاتدارانی ئێراندا بپارێزن. لە ساڵی ١٩٤٤دا ئاماژەکانی دووبارە هاندانی ناسیۆنالیزمی کورد لەلایەن ڕووسیاوە وەدەرکەوتەوە. (پەرەگرافی ١٦-١٧).

بە گشتی مەبەستی حزبی تودە سەربەخۆیی کورد نییە، بەڵکو هەوڵ دەدات کورد لە دژی حکومەتی تاران هان بدات، بەڵام لە ناو کورددا حزبێکی جەماوەری نییە و کورد هاوسۆزییەکی کەمیان بۆ ئامانجەکانی ئەم حزبە هەیە. (پەرەگرافی ١٧).

لە سەرتاسەری ساڵی ١٩٤٤دا، لە ئێران، مهاباد بوو بە مەڵبەندی ناسیۆنالیزمی کوردی و لەم شارەدا قازی محەمەد کەسایەتییەکی خۆجێیی، وەک سەرۆکێک پەیدابوو. لە هەمانکاتدا، جوڵانەوەیەکی بێ پشتیوان لە ئارادا بوو، تا هەر سێ کۆمەڵە ناسیۆنالیستیەکەی کورد یەک بخات (پەرەگرافی ١٨).

لە فێبریوەری ١٩٤٥دا، ڕووس ڕێڕەوی سوپای ئێرانیان داخست کە بە نیاز بوون نائارامیەکانی مهاباد سەرکوت بکەن. ڕووس لەلایەن کوردەوە وەک ڕزگارکەر ستایشکران. ئەم ڕوانگەیەش نەبەستراوەتەوە بە کردنەوەی لقێک لە کۆمەڵەی کلتوری ئێرانی-سۆڤیەت (Irano-Soviet Cultural Society) لە مهاباد لە مانگی ئەپریلدا. کۆمەڵەی کورد (کۆمەڵەیەکی ناسیۆنالیستییە) بە جیگرەوەی کۆمەڵەی ‹ژیانی کورد› هەژمار دەکرێت. تێکچوونی بارودۆخ ‹لە نێوان کوردی عێراقدا بە شێوەیەکی گوماناوی پەیوستە بە چالاکیەکانی ڕوسیا و کۆمەڵە، بەڵام هیچ کاریگەری لەسەر کوردی ئێران نەبووە. لە هەمانکاتدا، قازی محەمەد و هەندێك سەرۆک خێڵیتری کورد بانگهێشتی باکۆ کراون و داوایان لێکراوە بچنە ناو پارتی دیموکراتی ئازەربایجان و لە بەرانبەردا سۆڤیەت پشتگیریی لە جوڵانەوە سەربەخۆیی خوازەکەیان دەکات. ڕێککەوتنی ئەم دواییانەی نێوان مهاباد و تەورێز بەڵگەیە لەسەر نەگۆڕینی سیاسەتی ڕووس، سەختە ئەم ڕێککەوتنە بە بێ ڕەزامەندی ڕووس کرابێت. سنووری ناوچەی کورد بە دروستی دیار نەکراوە، بەڵام سنوورەکانی باشوور تاڕادەیەک دیارن (پەرەگرافی ١٩-٢٠).

## ڕووس و جوڵانەوەی پان کورد

هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەست نییە، بیسەلمێنێت ڕووس پاڵپشتی لە جوڵانەوەیەکی بەرفراوانی کورد بۆ سەربەخۆیی دەکات. ڕاپۆرتەکان تەنیا لەو بارەوەن ڕووسیا هانی کوردی ئێران دەدات پاڵپشتی لە مەلامستەفا بکەن. ئەمەش لەوانەیە تەنیا وچانێک بێت لەو سیاسەتەی بۆ یەکخستنی هەوڵەکان لە ئازەربایجان داڕێژراوە. سەرکەوتنی قازی محەمەد و ئەو ڕاستییەی مەلامستەفا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ئێران ماوەتەوە، سەرەڕای داواکاریی عێراق بۆ ڕادەستکردنی، ئەم بیرۆکەیەی بەرجەستە کردووە کە لەوانەیە لە ژێر ڕێنمانی ڕووس، دامەزراندنی دەوڵەتێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بەرفراوانتر بکرێت، تا کوردی عێراق و تورکیاش بگرێتە خۆ. تەنیا لە ئێران نەبێت، ڕووس هیچ هەوڵێکی جیددی بۆ ئاڕاستەکردنی جوڵانەوەی کورد نادەن. دەبێ کورد بۆ ئەم کارە سوپاسگوزار بن، چونکە لەو شوێنەی بانگەوازی ناسیۆنالیزمی لە یەکخستنی سەرۆک خێڵە ڕکابەرەکان شکستی هێنا، ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی کە بۆ زۆربەیان بێزارکەرە، سەرکەوتوو نابێت، تەنیا لەو کاتە نەبێت، لە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی سۆڤیەتدا بێت. هاوکات پڕوپاگەندە زەمینە بۆ گۆڕانکاریی سیاسی لە داهاتوودا خۆش دەکات و ئەم پڕوپاگەندەیەش وەک کابوسێک لە کاتی پێویستدا بەرهەم دەهێنرێت، کەمی پاڵپشتی کردن لە ناسیۆنالیزمی کوردی، یارمەتیدەری لاوازکردنی دەسترۆیی بەریتانیایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (پەرەگرافی ٢٢-٢٤).

## دەوڵەتەکانی شام (Levant States)

مەزەندە دەکرێت کە ژمارەی کورد نزیکەی ٥٠-٦٠،٠٠٠ هەزار کەس بن و بە شێوەیەکی سەرەکی لە گروپە خێڵەکییەکان و بە درێژای سنووری نێوان سوریا و تورکیادا دەژین. لە دیمەشق، نزیکەی ٢٠ هەزار کورد هەن. زۆربەی ئەندامانی ئەم خێڵانە نەخوێندەوارن و خەریکی کشتوکاڵن. ئەوان لەگەڵ جوداکارییەکانی دەسەڵاتی سوریا ڕاهاتوون، بەڵام هیچ ئاڕاستەیەکی جیابوونەوەش نیشان نادەن و هیچ بەڵگەیەک لە بەردەست نییە کوردی سوریا، پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ کوردی عێراق یان ئێراندا هەبێت.

لەنـاو کـوردی دیمەشـق (لەگـەڵ ئـەو کوردانـەی لـە باکـوورن، قوڕسـاییەکی کـەم دروسـت دەکـەن) دوو دەسـتە هـەن: کۆمەڵـەی کـورد (Kurdish League) و کۆمەڵـگای سـەلاحەدین (Society of Salah ed Din). کۆمەڵـەی کـورد داوای پێکهێنانـی دەوڵەتێکـی کوردیـی خـاوەن ئۆتۆنۆمـی دەکات و لەمبـارەوە هەندێـك نامیلکـەی چـاپ کـردووە و بـۆ ڕێکخراوەکانی نەتـەوە یەکگرتووەکانـی نـاردووە. کۆمەڵـگای سـەلاحەدین کار لەسـەر بەرزکردنـەوەی پێگـەی کـورد و زیندووکردنـەوەی زمانـی کوردیـی دەکات. حاڵـی حـازر، سـەرکردەکانی ئـەم دەسـتەیە هیـچ مەیلێکیـان بـەرەو ڕووسـیا نییـە، بـەڵام کۆمەڵـەی کـوردی لەوانەیـە بـەرەو ڕووسـیا هەڵگەڕێتـەوە، ئەگـەر بزانێـت حکومەتـی خاوەنشـکۆ هیـچ یارمەتییەکـی نـادات. ئەگەرچـی سـەرۆکی پارتـی کۆمۆنیسـتی لوبنـان، بـە ڕەچەڵـەک کـوردە، بـەڵام هیـچ بەڵگەیـەک لـە بەردەسـت نییـە بیسـەلمێنێت، ئـەو هیـچ بەرژەوەندییەکـی ئەوتـۆی لـە نـاو کـورددا هەبێـت (پەرەگرافـی ٢٦-٢٧).

**بەشی ٢- کوردی تورکیا**

لـە کـۆی گشـتی نزیکـەی (٣،٠٠٠،٠٠٠) کـورد کـە لـە جیهانـدا هـەن، ١،٥٠٠،٠٠٠یـان لـە تورکیـادا دەژیـن و دڕکـی سـەرەکین لـە جەسـتەی تورکیـادا. هەرگیـز و لەلایـەن هیـچ هێزیکـەوە ملکـەچ نەکـراون.

**مێژووی هاوچەرخ**

کوردسـتانی تورکیـا وڵاتێکـی شـاخاوییە، و ژیانـی دانیشـتوانەکەی بـە شـێوەی خێڵەکـی و دەرەبەگایەتییـە. تەنانـەت لـەو کاتـەوەی تـورک لـە سـاڵی ١٥٣٤دا دەسـتی بەسـەر تورکیـادا گـرت، ویسـتی کـورد بـۆ مانـەوە بـە سـەربەخۆیی بـووە هـۆی هەڵگیرسـانی چەندیـن شـۆڕش یـەک لـە دوای یـەک کـە دواییـان لـە سـاڵی ١٩٣٧دا بـوو. بـە بەکارهێنانـی شـێوازی مۆدێرنـی جەنگـی بەشـێوەیەکی بەرفـروان، تورکیـا کێشـەیەکی کەمـی هەبـوو لـە سـەرکوتکردنی سـەرهەڵدانەکانی ئـەم دواییانـە، بـەڵام دڕندەیـی ئـەم شـێوازانە تـۆوی سـەرهەڵدانی زۆرتـری چانـد. (پـەرەگاف ٢٩-٣٠).

سـەختە هەڵوێسـتی هەنوکـەی تورکیـا هەڵبسـەنگێندرێت، بـەڵام حکومەتـی تورکیـا

ئـەوە ڕەتدەکاتـەوە، دان بـە کەمینـەی کـورد بنێـت و هەوڵـە بەرفراوانەکانـی لـە تواندنـەوەی کـورد، شکسـتی هێنـاوە. سـەرەڕای ئـەوەی حکومەتـی ئێسـتا بـە بـەراورد لەگـەڵ حکومەتەکانـی ڕابـردوو، سیاسـەتێکی توندتـری گرتووەتەبـەر. هەوڵـەکان بـۆ پەرەپێدانـی ڕاگەیانـدن لـە ناوچـە کوردیەکـەی تورکیـا، تاکـو کلتـوری تورکـی بڵاوبکرێتـەوە بـە دوودڵـی ئەنجامـدراوە و کاریگەریشـی نەبـووە. بەگشـتی ڕێـکارە ئەمنیەکان باڵادەسـت بوونـە، ئەویـش لەبەرئـەوەی سـوپای تورکیـا لـەم ناوچەیـەدا ئامادەگـی هەیـە. هەروەهـا ناسـیۆنالیزمی کـوردی گەشـەی کـردووە و لەلایـەن ڕۆشـنبیرانی کـورد لـە سـوریا و عێـراق بـرەوی پـێ دەدرێـت (پەرەگرافـی ٣١).

**دانیشتوان**

دوایيـن وردەکارییـەکان کـە هـی سـاڵی ١٩٣٥ن، ژمـارەی تـورک و ئـەو کەسـانەی بـە کـوردی قسـە دەکـەن، لـەو ناوچانـەی بـە ویلایەتـە کوردییـەکان نـاو دەبردرێـت، لـە خشـتەیەکدا خراوتـەڕوو. تـا هەنوکـەش، وردەکارییەکانـی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٤٤ بڵاونەبووەتـەوە، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە ڕێـژەی ئـەو کەسانەی بـە کـوردی قسـە دەکـەن لـە ٣٧٪ی سـەرژمێری سـاڵی ١٩٣٥ کەمـتر نییـە. لـە ڕووی نـەژادەوە، کـورد زۆرتـر لـە تـورک وەچـە دەخەنـەوە. دابەشـبوونی کـورد لـە گشـت ویلایەتەکانـدا وەک یـەک نییـە و لـە هەندێـك لـە وێلایەتەکانـدا ڕێـژەی ئـەو کەسـانەی بـە زمانـی کـوردی قسـە دەکـەن لـە سـەرووی ٦٤٪ بـۆ ٧٩٪یـە. (پەرەگرافـی ٣٢).

ویلایەتـە کوردییـەکان بـە هـۆی کـرداری توندی سـزادان [لەلایـەن حکومەتـی تورکیـاوە] لـە دانیشـتوان چـۆڵ کـراون. هەروەهـا بەسـەربازگرتنیان لـە شـەڕەکانی ١٩١٤-١٨، ژمارەیەکـی زۆر کەمیـان بـە زیندوویـی مانـەوە و هەروەهـا گومـان هەبـوون لـە دروسـتی سـەرژمێری تورکـەکان [گشـتیان هـۆکارن بـۆ کەمبوونـەوەی ژمـارەی کـورد]. بـە گوێـرەی سـەرژمێرییەکان لـە سـاڵی ١٩٤٤دا، ڕێـژەی دانیشـتوانی تورکیـا بـە بـەراورد لەگـەڵ سـاڵی ١٩١٤، دوو بەرابـەر بـووە. ئەمـەش سـەرەڕای مردنـی زۆری تـورک بـە هـۆی جەنگـەکان و هەروەهـا کەمـی وەچەخسـتنەوەی تـورک. دەکرێـت بـە نـاوی کوردەوە لـە ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا، ئـەو سـەرژمێرییانە بخرێنـە ژێـر پرسـیارەوە (پەرەگرافـی ٣٣).

### ئۆتۆنۆمی و ڕووس

بە پێی پەیماننامەی سیڤەر لە ساڵی ١٩٢٠دا. بەریتانیای مەزن و فەرەنسا و ئیتاڵیا، دەبووایە پلانێکی ئۆتۆنۆمیان بۆ هەندێک لە ناوچە کوردییەکان داڕێشتبا و داوا کرابا دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بە پێی سەلاحیاتی کۆمەڵەی گەلان دروست کرابا. هەروەها پلانێکیش بۆ دەوڵەتێکی کوردی-ئەرمەنی خرایەڕوو، بەڵام هیچ یەک لەم پلانانە بە هۆی پێداگری کەمال ئەتاتورك، سەریان نەگرت. تورک بە پلەی یەکەم و بەریتانیای گەورە بە پلەی دووەم بەرپرسیارن لە داواکردنی کورد بۆ ئەوەی ڕووسیا پشتگیریان بکات. (پەرەگرافی ٣٤-٣٦).

هەمیشە سیاسەتی تورکیا لەبەرانبەر کورد بریتی بووە لە سیاسەتی بەتورککردنی کورد، ئەمەش لە کاتێکدایە سۆڤیەت سیاسەتی هاندانی کلتوریی بۆ کەمینەکانی گرتووەتەبەر، کە لە ڕاستیدا ئەم سیاسەتەش هاندەری شاراوەی لە پشتە. (پەرەگرافی ٣٧).

هیچ بەڵگەیەک لەبەردەست نییە، تورک دان بە ئەگەری چارەسەریی ئابوری بۆ کێشەی کورد بنێن. ئەوان سیستەمی ئابوری کۆنیان لە ناو بردووە، بەڵام کارێکی ئەوتۆیان ئەنجام نەداوە، ئابوری مۆدێرن جێگەی ئابوری کۆن بگرێتەوە. لە ڕاستیدا، حکومەتی تورکیا تەنیا دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە لە ناوچە کوردییەکاندا خزمەتگوزاریی باشی پزیشکی و ڤێتەرنەری دابین کردووە (پەرەگرافی ٣٨-٣٩).

تا هەنوکە هیچ بەڵگەیەک لە بەردەستدا نییە سەبارەت بە دەستێوەردانی چالاکانەی سۆڤیەت، هەروەها جوڵانەوە ناسیۆنالیزمییەکان کە لەلایەن سۆڤیەتەوە پاڵپشتی دەکرێن تەنیا لە ڕێگەی توانای تورکیا لە سەرکوتکردنی وروژاندنی ئەم هەستە، دەتوانرێت سنووردار بکرێن. تەنانەت جوڵانەوە ئۆتۆنۆمی خوازەکانی کوردی ئێران و عێراقیش، تا ئەو کاتەی کە تورکیا بتوانێت سنوورەکانی بپارێزێت، ناتوانن ببنە هۆی نیگەرانی تورکیا، بەڵام ئەو کەیسەی کە ڕووسیا سەبارەت بە کوردستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی بیخاتە بەردەم جیهان، کەیسێکی بەهێزە. دوو هۆکار هەن کە بۆچی ڕووسیا گرنگی بە کوردی تورکیا دەدات: یەکەم، لە ویلایەتە کوردییەکاندا

زۆرتریــن ئەگــەری دۆزینــەوەی نــەوت هەیــە؛ دووەم، هەبوونــی کــورد لــە ســلیکیا (Cilicia) و لـە سـەر سـنووری نێـوان تورکیا-سـوریا کـە ٣٥ میـل لـە ئەلکسـاندراتیا دوورە، لەوانەیـە بیانوێـک بـدات بەدەسـتەوە بۆئـەوەی کـە سـنووری کوردسـتان بەرفـراوان بـکات تـا بەنـدەری ئەلکسـاندرتیا لەخـۆ بگرێـت، یـان بـۆ ئـەوەی کـە بانگەشـە بـکات سـلیکیا بـۆ ئەرمەنـەکان بێـت (پەرەگرافـی ٤٠-٤٣).

تەنانـەت ئەگـەر بێـت و تـورک ڕەفتارێکـی لیبرالانـە لەبـارەی ئازادیـی کـورد بگرنەبـەر، هەڕەشــەی ڕووس ئــەم جــۆرە سیاســەتە نامومکیــن دەکات. تــرس لــەوەی کــە دۆخــی کەمینـەکان بـەرەو ئۆتۆنۆمـی و دواتـر بـەرەوەی سـەربەخۆیی هەنـگاو بنێـت، لەوانەیـە تورکـەکان زۆرتـر هـان بـدات کـە سیاسـەتی بەتـورک کـردن بگرنەبـەر (پەرەگرافـی ٤٤).

.

## کێشەی کورد

### بەشی ١

عێراق

بیرۆکەی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ کە ناوچەکانی زۆرینەی کوردنشینی تورکیا و عێراقی لە خۆ دەگرێت، (بەڵام ناوچە کوردییەکانی ئێرانی لە خۆ نەدەگرت)، لە پەیماننامەی سیڤەردا کە لە ٢٩ی ئۆگۆستی ١٩٢٠دا واژوو کرا و هەرگیز جێبەجێ نەکرا، هاتووە. ئەم پەیماننامەیە دوای سێ ساڵ و بە واژوو کردنی پەیماننامەی لۆزان لە ٢٤ی جولای ١٩٢٤، پشتگوێ خرا، بەڵام ئەنجامی ئەم پەیماننامەیە بریتی بوو لەوەی سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆ و سیاسەتی حکومەتی عێراق لە چوارچێوەیەکدا داڕێژرا، بتوانن مادده پەیوەندیدارەکان [بەکورد] لە پەیماننامەی سیڤەر جێبەجێ بکرێن. لە بەرانبەر ئەم بارودۆخەدا، کوردی لیوای موسڵ و هەولێر لە پێش ساڵی ١٩٢١ ناسنامەی هاوڵاتی بوونی عێراقیان قبوڵکرد، بەڵام کوردانی سلێمانی ئەم هاوڵاتی بوونەیان ڕەتکردەوە و ئەوەیان ڕەتکردەوە لە ژێر هەر بارودۆخێکدا بچنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و لە ڕاپرسی ئەو ساڵدا دەنگیان بە مەلیک فەیسەڵ نەدا. لێکەوتەکان و چالاکییەکانی شێخ مەحمود لە سلێمانی و شێخ ئەحمەد و براکەی مەلامستەفا لە ناوچەی بارزان، بە کورتی لە نامەی پێشتردا بە ژمارەی (ii/٩/RR X) باس کراوە. هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە، بەردەوامی نائارامی ئەو سێ سەرکردەیە بۆ شکستی حکومەتی عێراق لە جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتییەکانی دەگەڕێتەوە.

١. ئەمەش تەنیا بەشێکی ڕاستییە. دوژمنایەتی ئەو سێ سەرکردەیە لەبەرانبەر حکومەتی بەغدا زۆر جیدییە و هەر بۆیەش وەک پاڵەوانانی ناسیۆنالیزمی کوردی سەیر دەکرێن، بەڵام ناسیۆنالیزمێک لەبری ئەوەی لە نیشتیمانپەرییەوە هەڵقوڵابێت، سنووردارە بە دەستەبەرکردنی خواستی شەخسی ئەم سەرکردانە. ئامانجی سەرەکی ئەوان بریتییە لە ڕێگە پێدانیان تا مومارەسەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی ستەمکاری خۆیان بەسەر هاونیشتیمانیەکانیاندا بکەن و بیانخەنە

ژێر ڕکێفی خۆیان[1]. ئەمەش بەو مانایە نایێت، ویست بۆ هەبوونی دامەزراوە کوردییەکان لە نێوان چین و توێژەکاندا نییە . داواکاریی بێ ژمار کە داوای دانان بە مافە زاتی و بەدەستهاتووەکان دەکات، ئاماژەن بۆ هەستی نەتەوایەتی. هەر لە ساڵی ١٩٢٤ەوە، ناسیۆنالیزم لە ژێدەرە سەرەکیەکەی واتە سلێمانی بەرەو هەولێر و ناوچە کوردییەکانی دەڤەری موسڵ برەوی سەندووە. ژمارەیەکی بەرفراوانی قوتابی و پارێزەرە گەنجەکان، هەڵگری تێڕوانینێکی بەرفراوانترن لەو نیشتیمانپەروەرییە خۆویستانە و بەرتەسکەی لە سەردەمانی زووتر لە سلێمانیدا هەبووە. ئەگەرچی هەردوو داواکاری [واتە زمانی سەرکردەکان و خەڵکی ئاسایی] بە یەک زمان دەردەبڕێن، بەڵام مانای جیاوازیان هەیە. هەربۆیەش بەریتانیا و حکومەتی عێراق ڕووبەڕووی دووڕیانی دانان بە پێداویستییەکانی سیاسەتێکی لیبراڵ لەبەرانبەر ناوچە کوردییەکان و زەرورەتی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی سەرکردە لە یاسا دەرچووەکانی بووەتەوە. سیاسەتمەدارانی عێراق زۆربەیان پێشتر سەرباز و قوتابی، قوتابخانەکانی تورکیا بوونە، ئەو لێهاتووییەیان نییە، ڕووبەڕووی ئەم بارودۆخە ببنەوە.

٢. بە پێی ڕاسپاردەی کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنووری کۆمەڵەی گەلان، کە لە فێبریوەری ١٩٢٥دا سەردانی ناوچە کوردییەکانی عێراقیان کرد، بەرپرسیارێتی فەرمی خرایە ئەستۆی حکومەتی عێراق و ئینتیدابی بەریتانیا. لە دوایین ئەنجامگیریدا، ڕایانگەیاند: «پێویستە ویستی کورد لەبەرچاو بگیرێت، و پێویستە لە بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەت بە وڵاتەکەیان و بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و خوێندن لە قوتابخانەکان، فەرمانبەری کورد لەم ناوچانەدا دابمەزرێت، هەروەها پێویستە کوردی ببێتە زمانی فەرمی لە تەواوی ئەم کەرتانەدا».

---

(١) ئەو پشتگیرییەی ئەو سەرکردانە لە کوردی میانڕەو و پابەند بە یاسا هەیانبوو، دەکرێت لەو ڕوانگەیەوە هەڵبسەنگێندرێت، لە ماوەی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود لە سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٢٢-٢٤دا، ژمارەی دانیشتوانی شارەکە بۆ ٧٠٠ کەس کەم بوویەوە ، بەڵام لە دوای دووبارە دەستبەسرداگرتنەوەی ئەم شارە لەلایەن هێزەکانی بەریتانیا و عێراقەوە، دوای دوو مانگ بۆ ١٢ هەزار کەس و دوای چوار مانگ بۆ ٢٠ هەزار کەس بەرز بووەوە.

٣. ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان، سـەبارەت بـە سـنووری باکووری عێـراق و سـەبارەت بـە پرسـی کـورد بـەم شـێوەیەی خـوارەوە بۆچوونـی خـۆی دەربـڕی:

«حکومەتـی بەریتانیـا وەک دەسـەڵاتی خـاوەن ئینتیـداب، بانگێشـتکراوە لەبـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان ئـەو ڕێـکارە کارگێڕییانـە بخاتـەڕوو کـە بـۆ دانیشـتوانی کـورد دەگیرێنەبـەر و لـە ڕاپۆرتەکـەی کۆمیسـیۆنی دۆزینـەوەی ڕاسـتییەکاندا ئامـاژەی پێـدراوە، تـا گەرەنتـی خۆبەڕێوەبـردن بـۆ کـورد بکرێـت، ئـەوەی کۆمسـیۆن لـە دوایـن ئەنجامگیریـدا ئامـاژەی پێـداوە».

٤. بڕیـاری ئەنجوومەنـی وەزیـران لـە سـاڵی ١٩٢٣دا دەرکـرا، و لێدوانـی سـەرۆک وەزیـران لەبـەردەم ئەنجوومەنـی نوێنـەران جەختـی لەسـەر کرایـەوە، ڕێنماییـەکان بـۆ ئەندامانـی کابینـە خرانـەڕوو، بـۆ ئـەوەی دووپـات بکرێتـەوە دەبـێ لـە ناوچـە کوردییەکانـدا، فەرمانبـەرەکان کـورد بـن و زمانـی فەرمیـش کـوردی بێـت و لـە قوتابخانەکانیـش بـە زمانـی کـوردی بخوێندرێـت.

٥. مەبەسـتی حکومەتـی بەریتانیـا بـۆ کەمکردنـەوەی ڕژێمـی ئینتیـداب لـە سـاڵی ١٩٣٢دا، بـووە هـۆی نیگەرانـی کـورد لـە دوای پاشەکێشـەی دەسـتڕۆیی بەریتانیـا [لـە عێراقـدا]، چیـتر کـورد نەتوانـن لـەو ئیمتیازاتانـە سـوودمەند بـن کـە لەلایـەن کۆمەڵـەی گەلانـەوە ڕاسـپاردە کـراون. ئـەوان داوای گەرەنتـی بـۆ داهاتـوو دەکـەن. بەندەکانـی پەیماننامـەی ٣٠ی جونـی ١٩٣٠، ئـەو ترسـەی دووپـات کـردەوە؛ هیـچ زەمانەتێکـی ئەوتـۆی تێـدا نەبـوو، بتوانێـت لـەو ترسـە کـەم بکاتـەوە، چونکـە لەلایـەن دەوڵەتـە سـەربەخۆیە هاوپەیمانەکانـدا بارودۆخەکـە بـۆ سـەپاندنی ئـەو مەرجانـە، گونجـاو نەبـوو. بەهەرحـاڵ سـەبارەت بـە مافـی کەمینـەکان، ڕاگەیاندنێکـی فەرمـی لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە لـە مـەی ١٩٣٢، خرایـە بـەردەم کۆمەڵـەی گـەلان. پەرەگرافـی پەیوەسـت بـەم بابەتـە لـە پاشـکۆی (A)دا ئامـاژەی بـۆ کـراوە.

٦. لـە مانگـی جولایـدا، دە کەسـایەتی نـاوداری سـلێمانی داواکارییەکیـان بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان نـاردووە و داوای دامەزراندنـی حکومەتێکـی کوردییـان کـرد بەچاودێـری کۆمەڵـەی گـەلان. دواتـر هەشـت داواکاریـتر لـە نێـوان ئۆگۆسـتی ١٩٣٠ و ئەپریلـی

١٩٣١دا، لـە ژێـر تێبینیەکانـی کۆمیسـیۆنی ئینتیدابـدا لـە جـوڵای هەمـان سـاڵ، بـەرز کراونەتـەوە، بـەڵام کۆمیسـیۆنی ئینتیـداب لـە ڕاسـپاردەکانیدا بـۆ ئەنجوومەنـی گـەلان تەنیـا ئـەو پێشـنیازەی خسـتووەتەڕوو، پێویسـتە داوا لـە هێزەکانـی ئینتیـداب بکرێـت، گوشـاری زۆرتـر بخەنـە سـەر حکومەتـی عێـراق، تـا لـە مامەڵـە کـردن لەگـەڵ هاوڵاتییانـی کـورددا ئەوپـەڕی ڕۆحـی لێبوردەیـی بگرێتەبـەر.

٧. حکومەتـی خاوەنشـکۆ لـە چاوخشـاندن بـە داواکاریـی کـورد کـە لـە جـوڵای ١٩٣٠دا بەرزیـان کردبـووەوە، پشـتگیریی لـە حکومەتـی عێـراق کـرد و ناڕەزایـی لەبەرانبـەر ئەو بەیاننامەیـە دەربـڕی، بـەوەی زۆربـەی فەرمانبـەرە کارگێـڕی و جێبەجێکارەکانی ناوچەی کوردسـتان عەرەبـن و ئامـاژەی بـەوەدا لـە کـۆی ١٥٧ کاربەدەسـتی دەڤـەری سلێمانی، ١٠٩ کەسـیان کـورد و تەنیـا ١٢ کەسـیان عەرەبن. سـەرەڕای ئەمەش دان بـەوەدا نراوە لە دەڤەرەکانیـتری کوردسـتاندا، ڕێـژەی فەرمانبەرانی کـورد کەمتر بووە. هەروەهـا ئاماژە بە سـەختی دۆزینـەوەی فەرمانبـەرە کوردە شـیاو و خاوەن بەهـرەکان دراوە بۆ پڕکردنەوەی پۆسـتە تەکنیکـی و جێبەجێکارییـەکان. هەروەها دان بەوە دانراوە، دەبا زووتر یاسـایەک دەرچووبـا، کوردیـی لـە مامەڵـە حکومیەکانـدا و لـە دەرچوونـی بڕیـاری دادگاکان و لـە خوێندنگاکانـی ناوچـە کوردنشـینەکاندا بـە زمانـی فەرمی هەژمـار بکات، بەڵام پاسـاو بۆ ئەمـەش هێنراوەتـەوە، کوردیـی وەک زمانی نووسـین تا «ئەم سـاڵانەی دوایـی»، زمانێکی نەنـاسراو بـووە. لـەم بارەوە، هەمان هەڵوێسـت لـە وەڵامی نامەیەکی سـەرۆک وەزیرانی عێـراق بـە وەکالەت لە ١٩ی ئۆگۆسـتی ١٩٣٠دا، دراوتەوە و ئاماژە بەوە کراوە سیاسـەتی حکومەتـی [بەریتانیـا] بریتـی دەبێـت لـە پاراسـتنی باشـترین بەرژەوەنـدی بـۆ کـورد، بە مەرجێـک دژ نەبێـت لەگـەڵ مەرجەکانـی کۆمەڵـەی گەلان.

بـە کورتـی ئـەم مەرجانـە بریتیـن لـەوەی دامەزراندنـی کـورد تەنیـا لـە لیـوا کوردییەکانـدا، ڕێگـر دەبێـت لـە دامەزراندنیـان لـە بەشـەکانیتری عێراقـدا، ئەمـەش بـە زیانـی بەرژەوەندییـە گشـتیەکانی سیسـتەمی بەڕێوەبردنـە. لـە هەمانکاتـدا، پارێـزگاری لـە زمانـی کـوردی دەکرێـت وەک زمانـی خوێنـدن لـە قوتابخانـە سـەرەتاییەکان و لـە دادگاکان و لــە گشــت کاروبــارە کارگێڕییەکانــدا.

٨. ئـەم نامەیـە ئامـاژە بـە یاسـایەک دەکات کـە لـە ٢٣ی مـەی ١٩٣١دا دەرچـووە. بـە پێـی ئـەم یاسـایە، نووسراوێـک بـۆ گشـت وەزیـرەکان نێـردراو (تەنیـا وەزیـری بەرگـری و کاروبـاری دەرەوە نەبێـت) و ڕێنمایـی کـراون لـە ناوچـە کوردییەکانـدا ئـەو کاربەدەسـتانە بگـۆڕن کـە زمانـی کـوردی نازانـن، و ئەگـەر ئـەم کارەش مومکیـن نەبـوو، [کاربەدەسـتی غەیـرە کـورد] فێـرە زمانـی کـوردی بکـەن. لـە هەمانکاتـدا کۆمیتەیـەک پێکهێـنرا، تـا بڕیـار بـدات چ زارێکـی زمانـی کـوردی بـەکار دەهێنرێـت.

٩. ئـەم مەرجانـەش بـۆ نووسـینگەی وەرگێـڕان لـە بەغـدا نێـردراوە تـا یاسـاکان، ڕێـکارەکان و ڕێنماییـە کارگێڕییـەکان وەرگێڕێتـە سـەر زمانـی کـوردی. پێویسـتە سەرپەرشـتیارێکی پەروەردەیـی کـورد بـۆ قوتابخانـە کوردییـەکان و کوردێـک وەک یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی کارگێڕیـی لـە وەزارەتـی ناوخـۆدا، دابمەزرێـت. لـە هەمـوو ئـەم خاڵانـە، تەنیـا دامەزراندنـی کوردێـک وەک یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی جێبەجێکـراوە و تـا هەنوکـەش بەردەوامـە. تـا سـاڵی ١٩٤٥، سەپەرشـتیاری پەروەردەیـی کـورد لـە قوتابخانەکانـدا دانەمـەزراوە، ئەگەرچـی هەندێـك کتێـب، ئەویـش بـە فشـار دروسـتکردن، وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمانـی کـوردی، بـەڵام تـا هەنوکـەش نووسـینگەیەکی هەمیشـەیی بـۆ وەرگێـڕان دانەمـەزراوە.

١٠. لەلایـەن حکومەتـی خاوەنشـکۆوە، ئـەم بابەتانـەی سـەرەوە خراونەتـە بـەردەم ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان و دان بـەوە نـراوە، حکومەتـی عێـراق لـە جێبەجێکردنـی بەرپرسـیارێتی خـۆی لـە گشـت بوارەکانـدا شکسـتی هێنـاوە. بێگومـان، تـا ئەمـڕۆ، ئـەو ڕێکارانـەی بـۆ دەسـتەبەرکردنی ویسـتی کـورد گیراونەتەبـەر، سـەرکەوتووانە لـە نـاو بـردراون. لەوانەیـە یەکێـک لـە هۆکارەکانـەش بریتـی بێـت لـە بـێ توانایـی لـە چارەسـەرکردنی جیاوازییـە سروشـتییەکان، بـەڵام بـە گشـتی، پێویسـتە ئەمـە وەک بـێ مەیلیەکـی بەئەنقەسـت هەژمـار بکرێـت بـەوەی گرتنەبـەری ئـەم ڕێکارانـە لەبـری هێنانـەدی یەکێتـی بـۆ کۆمەڵـگای عێـراق، ببێتـە هـۆی پارچـە بوونـی (بـۆ نموونـە، هەنـگاوی وەک دروسـتکردنی یەکەیەکـی کارگێـڕی تایبـەت بـە کـورد).

١١. لـە ئەنجامـی ئـەم تێڕوانینـە نەرێنییـە لەبەرانبـەر پرسـی کـورددا، چارەسـەرکردنی کێشـەی کـورد لەلایـەن حکومەتـە یـەک لـە دوای یەکەکانـدا لـە مـاوەی نێـوان ئەندامێتـی عێـراق لـە کۆمەڵـەی گـەلان و دەسـتپێکردنی شـەڕ لـە سـاڵی ١٩٣٩دا، بەرەوپێشـچوونێکی کەمـی بەخـۆوە بینیـوە. بـە گشـتی، وا دیـارە ناسـیۆنالیزمی کـورد، لـە کزبـوون بێـت، ئەگەرچـی دەکرێـت لـە هـەر کاتێکـدا هەسـتی نەتەوایەتـی یـان هاندنـی ئـەم هەسـتە دووبـارە زینـدوو ببێتـەوە و مـاوە مـاوە ئـەم هەسـتە دەوروژێنرێـت، ئەویـش بـە هـۆی ئـەو وەفاداریـە تایبەتەیـە حکومـەت بـۆ پرسـی عـەرەب دەیخاتـەڕوو.

١٢. بارگرانییـە ئابورییـەکان لەبـری ئـەوەی لـە هەسـتی ناسـیۆنالیزم کـەم بکاتـەوە، بناغـەی ناڕەزایـی کـوردی لـە میانـەی سـاڵانی شـەڕدا پێکدێنا. بـەرزی ئاسـتی تێچوونەکانـی ژیان و نەبوونـی کارگـەی ڕسـتن و چنیـن، بـووە هـۆی ئـەوەی کاری قاچـاغ لـە سەرتاسـەری عێراقـدا تەشـەنە بـکات، بـەڵام دۆخەکـە زۆر مەتریسـدار نییـە، قەرەبـوی ئـەو کێڵگانـە کراوەتـەوە کـە سـوپای بەریتانیـای تێـدا بـووە، کەچـی کـورد لێـی بـێ بەشـە. لـەو ڕێکەوتنـەی لەگـەڵ مسـتەفا بارزانـی لـە جانیـوەری ١٩٤٤دا ئەنجامـدرا، وا چـاوەڕوان دەکـرا دانەوێڵـە بـۆ ناوچـەی بـارزان بنێردرێـت و ڕێگاوبانـەکان کاریـان تێـدا بکرێـت. لەبـری ئـەم چارەسـەرییە مسـتەفا بارزانـی بـوو بـە دوژمـن و حکومەتـی عێراقیـش بـوو بـە حکومەتێکـی ناکارمـە کـە کارەکان بـە درەنگـی جێبەجـێ دەکات[1].

١٣. جوڵانەوەکانـی سـوپای عێـراق و مەلامسـتەفا زۆر بـە خێرایـی ئاسـتی گرژییەکانـی زیـاد کـرد، بـەڵام لـە جونـی ١٩٤٥دا، هەواڵەکانـی بـارزان «زۆر هاندەرانـە» بـوون. لـە ٢ی ئۆگۆسـتدا شـتەکان بـەرەو خراپـی هەڵگەڕانـەوە و لـە ناوەڕاسـتی مانگـدا مەلامسـتەفا دەسـتی بـە ڕاپەڕینێکـی کـراوە کـرد. ئـەم سـەرهەڵدانەش لەلایـەن

(١) لـە جانیـوەری ١٩٤٥دا، مەجیـد مسـتەفا جێگـری [پارێـزگاری] سـلێمانی و وەزیـری پێشـوو بـە بـێ وەزارەت کـە سـاڵی پیشـتر [واتـە سـاڵی ١٩٤٤] گفتوگـۆی چارەسـەریی لەگـەڵ مسـتەفا بارزانیـدا ئەنجامـدا، هێرشـی کـردە سـەر وەزارەتی ناوخـۆ و گوتـی: ئـەو شـتەی کـورد دەیانەوێـت سـەربەخۆیی نییـە، بەڵکـو بریتییـە لـە چـا و شـەکر.

حکومەتـی عێـراق، بـە یارمەتیەکـی زۆری سـەرۆک عەشـیرەتەکانی دژی مەلامسـتەفا، سـەرکوت کـرا[١]. مەلامسـتەفا بـەرەو ئێـران هـەڵات و وەک مەترسـییێکی بـەردەوام بـۆ سـەر ئاشـتی وڵاتـە ڕەسـەنەکەی خـۆی مایـەوە.

١٤. مومکیـن نییـە پاکانـەی حکومەتـی عێـراق بکرێـت بـۆ ئـەو کارانـەی لـە ئێسـتا و ڕابـردوودا ئەنجامیـداوە[٢]. کاتێـک ئاشـتی هەبـوو، ئـەوان پشـتگوێیان خسـت، کاتێـک نائارامـی پەیدابـوو، خوازیـاری تۆڵەسـەندنەوە بـوون. ئـەوان لـە هـەر شـوێنێک لەسـەر سیاسـەتێک ڕازی نەبـوون، ئاسـتەنگ و بەربەسـتیان لەبـەردەم جێبەجێکردنیـدا دروسـت کـرد. لـە لایەکیـترەوە زۆر سـەختە بۆیـان هاوسـۆزی لەگـەڵ کۆمەڵگایەکـدا هەبێـت کـە سـەرکردەکانی بـە ڕێزپەرێکـی زۆر کـەم نەبێـت، سـوودیان لـە هـەر دەرفەتێـک وەرگرتـووە بـۆ سەرزەنشـتکردنی ‹حکومەتـی بەغـدا› و گشـت ئـەو کارانەی ئەنجامیانـداوە. ئەگـەر کارەکـە بـۆ ئـەوان [واتـە بـۆ حکومەتـی عێـراق] بـە جـێ بهێڵدرێـت، بـێ گومـان هەوڵـی چارەسـەرکردنی گرفتەکـە دەدەن، هـەروەك چـۆن شـای ئێـران کێشـەکەی خـۆی چارەسـەر کـرد؛ ئەویـش لـە ڕێگـەی لـە ناوبردنی سـەرۆک خێڵە بەهێـزەکان. یـان چـۆن پێشـتریش، محەمـەد عەلـی لـە میـسر، لـە ڕێگـەی کۆمەڵکـوژی مەملوکـەکان ئـەم کارەی ئەنجامـدا. ڕاوێـژکارە میانڕەوەکانـی بەریتانیـا و مەیلـی

(١) یەکێـک لەولایەنانـەی جێگـەی سـەرنجە، پەیوەنـدی نێـوان سـەرکردەکانی کـوردە، ئـەو ڕاسـتییەیە لـە کۆتایـی ئۆگۆسـتی ١٩٤٥، کاتێـک ڕاپەڕینـی بـارزان لـە ترۆپکـدا بـوو، شـێخ مەحمـود لـە سـلێمانی و بابەکـر سـەلیم ئاغـا لـە پشـدەر، (هەردووکیـان ڕکابـەری دێرینـی یەکـتر بـوون)، داوکارییـەکان بـۆ حکومـەت بـەرز کـردەوە لـە دژی فەرمانێـک کـە پەیوەسـت بـوو بـە دیارکردنـی نرخـی کڕینـی توتـن و پێـوەری دەستنیشـانکردنی کوالێتـی گـەڵای توتـن.

(٢) لـە مانگـی مـەی ١٩٤٤دا، ژمارەکانـی خـوارەوە کـە پەیوەسـتن بـە کەرتـی پـەروەردە لـە سـلێمانی خرانـەڕوو. «ئەگەرچـی لـە دوای کۆتایـی هاتنـی ئینتیـداب ژمـارەی قوتابیانـی قۆناغـی سـەرەتایی دوو هێنـدە بەرزتـر بووەتـەوە، بـەڵام لە کۆی گشـتی ١٨٠،٠٠٠ [قوتابی سـەرەتایی] تەنیـا ٣،٥٠٠ کەس دەچنە بەر خوێندن. ٤٣ قوتابخانەی سـەرەتایی هەن، ١٢یان لە شـاری سـلێمانین و ١٦٥ مامۆسـتایان هەیە، دوو قوتابخانـەی ناوەندیـش هـەن، هـەم بـۆ کچانە و هەمیش بۆ کوڕان و ٢٣ مامۆسـتایان هەیـە. لە کۆی ١٦٥ مامۆسـتای سـەرەتایی، ٤٣یان بە کوردی قسـە ناکەن، لە یەک دوو حاڵەتیشـدا تەنیا یەک مامۆسـتا هەیە، بـە کـوردی قسـە نـاکات. خوێندن لـە قوتابخانـە دواناوەندییەکانـدا بە زمانـی عەرەبیە.

کۆمەڵـەی گـەلان سـەبارەت بـە کاروبـاری کەمینـەکان، بـووە هـۆی دوورکەوتنـەوەی ڕاوێـژکارە بەریتانیـەکان لـەم ڕەوتـەدا. سـەرکوتکردنی غەریـزە سروشـتییەکانی کـورد و ئـەو مەعریفەیـەی سـەرکردەی کـورد لەسـەر ئـەم بارودۆخـە مامەڵـەی پێـوە دەکـەن، ئازارهێنـەرە و بووەتـە هـۆی پەرچەکردارێـک کـە بـە سـوودی هێنانـەدی گۆڕانـکاری ڕاسـتەقینە نەبێـت.

**ئێران**

١٥. لـە مـاوەی ئـەم چـوار ساڵەی رابـردوودا، ڕووداوەکانـی ڕۆژئـاوای ئێـران بـە تەواوەتـی ئـەم بۆچوونـە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە لـە نامـەی پیشـتردا ئامـاژە پێکرابـوو، بـەوەی کـوردی ئێـران «بـە بەبـێ ئومێـدی لەنێـوان خۆیانـدا دابـەش بوونـە». هاتنـەوەی دەسـەڵاتی سـەرکردەی خێڵـەکان لـە دوای کۆتایـی هێنـان بـە ڕەزا شـا، لـە مـاوەی چەنـد مانگێکـدا بـووە هـۆی زینـدوو بوونـەوەی بارودۆخـی بـێ یاسـایی کە پێـش لەناو بردنـی ئـەم سـەرۆک خێڵانـە لـە ئـارادا بـوو، هەروەهـا تـا ئـەو شـوێنەی هێزەکانـی ئێـران دەسـتکراوەن لـە ئەنجامدانـی چالاکـی (بـە شـێوەی سـەرەکی لـە ناوچەکانـی دەرەوەی ژێـر دەسـەڵاتی ڕووسـیایە)، ڕێکارەکانـی ملکەچکـردن و کۆنـترۆڵ کردنـی ئـەم سـەرۆک خێڵانـە، زۆر سـەرکەوتوو بـووە[1]. هەربۆیـەش، مێـژووی ڕووداوەکان لـە ناوچـە کوردییەکانـی دەرەوەی پارێـزگای ئازەربایجـان، شـیوازێکی تەقلیدیـی وەرگـرت. تەنیـا ئـەو ڕێزپـەڕە نەبێـت کـە هیـچ بەڵگەیـەک لەسـەر خواسـتی ناسـیۆنالیزمی کـە جیـاوازە لـە خواسـتی خێڵگەرایـی، لەبـەر دەسـت نییـە، هـەر بۆیـەش هیـچ تێبینییەکـی تایبـەت لەبـارەی ئـەو سـەردەمە نییـە.

---

(١) لـە کۆتـای سـاڵی ١٩٤٥دا، پیـش ڕەزا شـا، دۆخـی باشـووری کوردسـتان، دۆخێکی کۆنـترۆڵ نەکراوبوو. لـە مـاوەی ئـەم سـاڵانەدا ناوچـە سـنووریەکانی دەوروبـەری سەردەشـت، بانـە، مەریـوان و هەورامـان، تـا لـە ئـەرزی واقیعـدا دوو لـە کۆنترۆڵـی دوڵـەت بـوون و لـە ژێـر فەرمانڕەوایـی خێڵەکانـدا بـوون. بنکـە سـەربازییەکانی سـوپای ئێـران، لـە کاتـی داگیرکارییەکانـی ئەنگلۆ-سـۆڤیەت لـە سـاڵی ١٩٤١دا، یـان پاشەکشـەیان کـرد، یـان لەلایـەن کـوردەوە دەرکـران. ئـەم بنکانـە تـا پایـزی سـاڵی ١٩٤٤ نەکرانـەوە. پێگـەی ئـەوان تـا هەنوکـەش جێگـر نەبـووە و دەسـترۆیی حکومـەت زۆر کەمـە.

١٦. لـە مانگەکانـی دوای چوونـە ناوەوەی سـوپای بەریتانیا و ڕوسـیا بۆ ناو ئێران، سیاسـەتی هـەردوو وڵات لەبەرانبـەر کـورد پەیوەسـت بـوو بـە هەبوونـی کـورد لـە هـەردوو دیوی سـنوورەکانی تورکیـا. ئێمـە هەمیشـە وریـای حەساسـیەتی تورکـەکان بوویـن سـەبارەت بـە پرسـی کـورد و خۆمـان لـە هەرجـۆرە دەسـتێوردانێک لـە کاروباری ئێـران پاراسـتووە، کـە لەوانەیـە وەک پاڵپشـتییەك بـۆ پان-کوردیـزم یـان بـە هاندانێـك بـۆ کـوردی تورکیـا لێـک بدرێتـەوە. لە لایەکیترەوە، ڕووس دەیانویسـت، ئەگەر هاتوو بارودۆخی سـەربازیی لـە قەفقـاز بـەرەو خراپـی چـوو، هەندێـك خێڵـی دۆسـتیان لـە سـنوورەکانی نێـوان ئازەربایجـان و تورکیـادا هەبـن، ئەگەرچـی هاندەری ڕووس تا ڕادەیـەک ناڕوونە و مرۆڤ وا هەسـت دەکات سیاسـەتی ئـەوان بریتییـە لـە باشـترکردنی دۆخەکـە. هاندانـی کوردی ئێـران لەلایـەن ڕووسـەوە، وەک ئاگادارکەرەوەیـەک بـوو بۆ حکومەتی تورکیـا، بەڵام هیچ کاریگـەری لەسـەر کوردی خۆی نەبوو. باشـترکردنی بارودۆخی سـەربازیی و تێگەیشـتنی تـەواو لـە ڕاسـتییەکان ( بـووە هۆی ئـەوەی ڕووس لە مەترسـی نانەوەی ئاڵـۆزی لەلایەن خێڵـەکان بـە درێـژای سـنووری ئێـران، تێبگـەن) بووە هـۆی گۆڕینی هەڵسـوکەوتی ڕوس و لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٤٢دا هـەوڵ دەدەن، خێڵەکانـی کـورد ئـارام ڕاگـرن و هاوسـەنگی هێـز لـە نێـوان ئـەوان و دەسـەڵاتی ئێرانـدا بپارێزن. کـورد لـە ئەنجامدا بێ ئومێـد بوون. بـە بـڕوای ئـەوان، ڕووس هـاوڕان لەسـەر پشـتگیریی کردنـی یەکێتـی کـورد (ئاماژەیە بۆ ڕزگار بـوون لەدەسـت دەسـتێوەردانی حکومەتـی ئێـران)، بـەڵام دواتر پاشەکێشـەیان کرد.

١٧. ئەم سیاسەتە تا ساڵی ١٩٤٣ بە جۆرێک لە جۆرەکان بەردەوام بوو. ئاماژە هەن دووبارە لە سەرەتاکانی ئەم ساڵدا هانی ناسیۆنالیزمی کورد دراوە. ئەگەرچی بارودۆخەکە تا ڕادەیەک بە سەرهەڵدانی حزبی تودە ئاڵۆز بوو کە بە سەربەخۆیانە پەیوەندی لەگەڵ کورد گرێدا و کاریگەریشی لەسەر کورد هەبوو. لەوانەیە ئەویش لە پێناو دژایەتی کردنی حکومەتی تاران بێت، نەک هاندانیان بۆ جیابوونەوە، بەڵام حزبی تودە بە هەبوونی پیاوە سیاسییەکانی کورد لە ناوخۆیدا، حزبێکی جەماوەری نەبوو. هەروەها دیار بوو ڕووس لە گەیشتن بە چارەسەرییەک بۆ ڕکابەرێتی نێوان ئەندامانی حزبی تودە و کۆمەڵەی ژیانی کورد (Jian-i- Kurd) (Youg Kurd) ڕووبەڕووی کێشە ببوونەوە.

١٨. لـە سـاڵی ١٩٤٤ مهابـاد بـوو بـە سـەنتەری ناسـیۆنالیزمی کـورد لـە ئێـران و قـازی محمـەد کەسـایەتییەکی نـاوداری ئـەم شـارە بـوو بـە سـەرۆکی ئـەم جوڵانەوەیـە. ئامانجـی سـەرەکی ئـەو بریتـی بـوو لـە دەسـتەبەرکردنی ئۆتۆنۆمیەکـی هاوشـێوەی ئـەوەی کـوردی عێـراق داوایـان دەکـرد. بـە کۆتایـی هاتنـی هاویـن، قـازی محەمـەد دەسـەڵاتەکانی خـۆی پتەوکـرد و فەرمانـدار دەسـەڵاتێکی ئەوتـۆی نەمـا. لـە مانگـی نۆڤەمبـەردا، بـە هاوڕێتـی کۆمەڵێـک سـەرۆک خێڵ، قـازی محەمـەد سـەردانی تارانـی کـرد و هەوڵیـدا، ڕەزامەنـدی دەسـەڵاتدارانی تـاران بەدەسـت بهێنێت کە ئـەو مرۆڤێکی وەفـادارە، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو. ئەگەرچـی زۆرێـک لـە ڕاپۆرتـە سـەربەخۆکان ئـەو نیشـان دەدەن، زۆرینـەی کـورد خوازیـاری سـەربەخۆیی نیـن، بەڵکـو ڕازیـن بـە هەبوونـی ئیدارەیەکـی دادپەروەرانـە، قوتابخانـە و خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی، خزمەتگوزاریـی تەندروسـتی و باشـترکردنی ئامرازەکانـی پەیوەندیکـردن. تـا هەنوکـە سیاسـەتی ڕووسـیا گۆڕانـی بەسـەردا نەهاتـووە و هـەواڵ هـەن لـە تێکەڵبوونـی خۆیـی بـوون و هیـوا و کۆمەڵـەی ژیانـی کـورد و گوایـە قـەرزداری ئیلهامەکانـی ڕووسـیا نیـن[١]. پێویسـتە لـە نـاو دوو کەوانـەدا ئامـاژە بـەوە بدەیـن، هیـچ بەڵگەیـەک لەسـەر پشـتگیریی ڕووس بـۆ دەوڵەتێکـی کـوردی سـەربەخۆ لـە ئـارادا نییـە.

١٩. پێـش سـەردانی قـازی محەمـەد بـۆ تـاران، ئـەو بڕوایـە لـە ئـارادا بـوو ڕووس بـە شـێوازی جـودا پشـتگیرییان لـە جوڵانـەوەی کـورد کـرد. وەک چاپکردنـی بڵاوکـراوەی «نیشـتیمان» ئۆرگانـی کۆمەڵـەی ژیانـی کـوردە. لـە فێبریـوەری ١٩٤٥دا، نائارامیـەک لـە مهابـاددا ڕوویـدا و حکومەتـی ئێـران سـتونێکی سـوپای بـۆ ئـەو شـارە نـارد. ڕووسـەکان هاتنـە نـاو بابەتەکـە و سـوپای ئێرانیـان وەسـتاند. ئـەم ڕووداوە هـاوکات بـوو لەگـەڵ چڕبوونـەوەی پڕوپاگەنـدەی ناسیۆنالیسـتەکانی کـورد و ڕووس وەک ڕزگارکـەر وێنـا کـران. تێڕوانینێـك کـە پەیوەنـدی بـە کردنـەوەی لقـی کۆمەڵگـەی کلتوریـی ئێرانـی-سـۆڤیەتی (Irano-Soviet Cultural Society) نییـە، ئـەوەی لـە مانگـی ئەپریـل لـە مهابـاد کرایـەوە. لەهەمانکاتـدا کۆمەڵـەی کـورد، خـۆی وەک جێگـرەوەی ژیانـی

(١) لەم دواییانەدا خۆیی بوون تا ڕادەیەک ناچالاك بووە. هیوا کۆمەڵەیەکی نهێنییە لە سلێمانی.

کـورد نیشـاندا و وەک حزبێـک سـەربەخۆیە لـە حزبـی تـودەی بـێ جەمـاوەر، بـەڵام لەوکاتـەدا ڕووسـیا زۆرتـر پشـتگیریی لـە تـودە دەکـرد تـا لـە کۆمەڵـە.

٢٠. بەرەبـەرە تێکچوونـی بـارودۆخ لـە ناوچەکانی بـارزان لە عێراق، ئەوەی لە سـەرهەڵدانی سێپتەمبەری ١٩٤٥دا تەقییـەوە، هیچ بەڵگەیەکـی پشتڕاسـت کـراو لەبەردەسـت نییـە، ئـەم سـەرهەڵدانە لەلایـەن کۆمەڵـە و ڕووسـەوە هـان دراوە. بەڵگـەی پشتڕاسـت نەکـراو هـەن، ڕووس لـە مانگـی سێپتەمبەردا هانـی قـازی محەمەدیـان داوە، هـاوکاری بـۆ مەلامسـتەفا بنرێـت، بـەڵام لەبەرانبـەردا، ئـەو داوای ڕاگرتنـی چالاکییەکانـی حزبـی تـودەی کـردووە. هەروەهـا بـاس لـەوە دەکرێـت، خـودی مەلامسـتەفا سـەردانی ئێرانـی کـردووە و داوای پشـتگیریی کـردووە، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـووە. ئـەو شـتانە ڕاسـت بـن یـان نـا، ڕاستی ئەوەیـە ڕاپەڕینـی کـوردی عێـراق کاریگـەری بەسـەر ڕەوتـی ڕووداوەکان نەبـووە لـە ئێرانـدا. سـەرەڕای هەبوونـی هەندێـك هـەواڵ کـە ستایشـی پێگـەی مەلامسـتەفا وەک سـەرکردەیەکی نەتەوەیـی دەکـەن، تەنانـەت لەوکاتـەوەی خەریکـی شـەڕە لـە سـەر سـنوورەکان، بـەڵام کۆمەڵێـک بەڵگـە ئـەوە نیشـان دەدەن، پێشـوازی لـە ئـەو و لـە پەیـڕەوە بـێ دەرەتانەکانـی، نەکـراوە.

٢١. پێـش ئـەوەی مەلامسـتەفا لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە تێـک بشـکێندرێت، قـازی محەمـەد و کۆمەڵێـک سـەرۆک خێڵیـتر بانگهێشـتی باکـۆ کـران، تـا پەیوەنـدی بـە حزبی دیمۆکراتـی ئازەربایجانـەوە بکـەن. لەبەرانبـەر ئەمەشـدا سـۆڤیەت بەڵێنـی پشـتگیریی لــە جوڵانــەوە ســەربەخۆیی خوازەکــەی ئــەوان دەکات. دوای پەیدابوونــی حزبــی دیموکـرات لەئازەربایجـان، لـە مانگـی دێسـەمبەردا شـاندێک لـە پێنـج کـورد پێکهاتبـوو و نوێنەرایەتـی «پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و سـەرکردەکەی قـازی محەمەد»یـان دەکـرد، پیرۆزبایـی خۆیـان ئاڕاسـتەی ئـەم حزبـە کـرد و داوای هاوئاهەنگییـان لـە گشـت بوارەکانـی ئابـوری و کلتوریـدا کـرد.

لـە هەمانکاتـدا، ئـەم شـاندە ڕایگەیانـد، بـەم نزیکانـە ئـەوان ئەنجوومەنـی نیشـتیمانی کوردسـتان دروسـت دەکـەن و ئاماژەیـان بـە گەلـی خـاوەن ئۆتۆنۆمـی لـە کوردسـتانی ئێـران کـرد (خودموختـاری کوردسـتانی ئێـران). قـازی محەمـەد بانگێشـتی تەورێـز کـرا

و لەلایەن پیشەوەری سەرۆکی حکومەتی ئازەربایجان هاندرا، تا بە پێکەوە کار بکەن. ئەگەرچی ڕاپۆرتەکان تا ڕادەیەک دژ بەیەکن، بەڵام وا دەردەکەوێت، ڕووس تا ڕادەیەک پشتگیریی دیمۆکراتەکانی ئازەربایجانی کردبێت. هەروەها لەوکاتەوە کە سەرکردەی کورد سەردانی باکۆیان کردووە، سیاسەتی ڕووس گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. ڕێککەوتنی ئەم دواییانەی نێوان مهاباد و تەورێز دەرخەری بەردەوام بوونی ئەم سیاسەتەی ڕووسە. دانان بە مافی بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ کورد زمانەکان و بەکارهێنانی زمانی تورکی بۆ تورک زمانەکان لە خاکی یەکتردا، گەرەنتی کراوە. هەروەها ڕێککەوتن کراوە یارمەتی سەربازیی یەکتر بدەن. بەڵگەنامەیەکی گوماناوی لە مهاباد بڵاوکراوەتەوە (نوسخە بڵاوبووەوەکەی تەورێز نەبینراوە) کە خۆشحاڵی خۆی لەبەرانبەر ئەم بەیاننامەیە [ڕێککەوتنی نێوان مهاباد و تەورێز] دەردەبڕێت. ئەوەی دەتوانرێت بگوترێت، ئەوەیە هەموو ئەم شتانە بە بێ ڕەزامەندی ڕووس ناتوانرێت ئەنجام بدرێت. هیچ ڕاپۆرتیک نییە لەسەر دیارکردنی سنووری زۆنی کورد، بەڵام سنوورەکانی باشوور تا ڕادەیەک دیار کراون کە بە هێڵێک لە تەباقاچ (Tabbaghach) ئەوەی چەند میلێک لە باشووری بۆکانەوە درێژدەبێتەوە بۆ سنوورەکانی عێراق لە نزیک سەردەشت.

## ڕووس و جوڵانەوەی پان کورد

٢٢. سیاسەتی ڕووس لەبەرانبەر کورد لە پەرەگرافی تایبەت بە کوردی ئێران ئاماژەی بۆ کراوە و تا هەنوکە هیچ بەڵگەیەک لەسەر پشتگیریی ڕووس بۆ جوڵانەوەیەکی بەرفراوان کە داوای کوردستانی سەربەخۆ بکات، لە ئارادا نییە. ئەو بەڵگانەی لەسەر کاروباری کوردی دەرەوەی ئێران هەن، لە چوارچێوەی ئەو ڕاپۆرتانەدان گوایە [ڕووس] لە سێپتەمبەری ١٩٤٥دا، هانی کوردی ئێرانی داوە یارمەتی مەلامستەفا بدەن؛ و هەروەها هەندێك بەڵگەی گوماناوی هەن، ڕووس لە هەمانکاتدا چەکیان بۆ بارزانی دابین کردووە. گومانێک هەیە لەوکاتەوە مەلامستەفا پەنای بۆ ئێران بردووە، ڕووس خەریکی ئەو کارەن. ئەو ڕاستییەی ئەم ڕاپۆرتانە باسیان کردووە و تا هەنوکەش هەر باسی دەکەن، بریتییە لە

هەوڵدانێکی کەم یان هەوڵنەدانی ڕووس بەخۆیان، بۆئەوەی کاریگەریی بخەنە سەر ئەو کوردانەی لە دەرەوەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتیانن لە ئێراندا، تەنیا ئاماژەیە بە وچانێك لە وەرچەرخانی سیاسەتێک کە لە بنەڕەتدا بۆ هێنانەدی یەکگرتوویی لە ئازاربایجاندا داڕێژرابوو.

٢٣. بە بێ هیچ هەوڵدانێکی مەبەستدار، سروشتییە، بەکارهێنانی سەربازییانەی کورد و پەیوەندیی سیاسییان لەگەڵ کوردی دراوسێ، دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی مەیلی کوردی عێراق. ئەم مەیلەش چەند مانگ بەر لە سەرهەڵدانەکەی مەلامستەفا لە پاییزی ١٩٤٥دا، هەستی پێکراوە. تەنانەت سەرەڕای ئەو ڕاستییەی، ئەم شۆڕشە بە هاوکاری بەرفراوانی خێڵەکانی تری کورد سەرکوت کرا، بەو مانایە نایێت، بەربەستێک بێت لەبەردەم هیوای یەکگرتن. سەرکەوتنی قازی محەمەد و مانەوەی مەلامستەفا لە ئێران، سەرەڕای داواکاریی حکومەتی عێراق بۆ دەستبەسەرکردن و ڕادەست کردنەوەی، هەروەها بوونی ئەفسەرانی پێشوی سوپای عێراق لەگەڵ مەلامستەفادا، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆیان و لەگەڵ کەسانی دەرەوەدا هەیە، کاریگەری لەسەر بەرجەستەکردنی ئەو بیرۆکە ناڕوونە دروست کردووە و برەویشی پێداوە، چاوەڕوانی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی خودموختار لە ئێران و لە ژێر ڕێنمایی یەکێتی سۆڤیەت دەکات و کوردی عێراق و تورکیا بە بێ هیچ گرفتێک لە خۆ بگرێت. هەربۆیەش ئەو ئاڕاستەیەی لە پاڵپشتی ڕووس، وەک ئومێدێک بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان دەبینی لە ناو مێشکی هەندێك لە شێخەکان و فەرمانبەران و قوتابیەکاندا چەکەرەی گرتووە، پشتیوانییەک کە ئێمە [واتە حکومەتی بەریتانیا] ناتوانین یان نامانەوێت بۆ کورد دابینی بکەین. بەرژەوەندی ئەم کوردانە تەریبە لەگەڵ پڕوپاگەندەی ڕێبازی ناسیۆنالیست و کۆمۆنیستەکان.

٢٤. گشت ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن، بێجگە لە ئێران، حاڵی حازر، دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت هیچ هەوڵێک بۆ ئاڕاستەکردنی جوڵانەوەی کورد نادەن، تەنانەت لە [ناوچە کوردییەکانیش] ئامانجی ڕووس سنووردارە. کاتێک داواکاریی ناسیۆنالیستەکانی کورد لە سەرکەوتن بەسەر ململانێی نێوان سەرۆک خێڵەکاندا

شکستی هێنا، بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیست، کە لە دژی بەرژەوەندی سەرۆک خێڵەکانە و بۆ لایەنگرانی ناسیۆنالیستەکانیش بێ مانایە، سەختە لە یەککاتدا ئەم ئایدیۆلۆژیایە بتوانێت کوردستانێکی یەکگرتوو دابمەزرێنێت. ئەم ئامانجەش تەنیا لە ژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەت بەدی دێت. هەروەها دەربڕینی ئەم دواییانەی خواستی کورد بۆ گەڕانەوە بۆسەر شوناسی ئێرانی بوونیان، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سۆڤیەت مەبەستی کۆنترۆڵکردنی کوردی نییە. هاوکات لە حاڵەتی نەبوونی هیچ بەرپەرچدانەوەیەک، یان پڕوپاگەندەیەک، جا بە ڕاستەخۆ بێت لەلایەن ڕووسەوە یان، ڕەنگدەرەوەی کردارەکانیان بێت، ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەگەری گۆڕینی سیاسەتی ڕووس لە یەکخستنی کورد و کێشانیان بۆ ناو یەکێتی سۆڤییەت. تەنانەت ئەگەر بێت و یەکێتی سۆڤیەت نەیەوێت ئەم سیاسەتە بگرێتەبەر، کە دەکرێت ئەگەر پێویست بوو ئەم سیاسەتە بگرێتەبەر، پاڵپشتی نەکردن لە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد [لەلایەن حکومەتی بەریتانیاوە] یارمەتیدەری پرۆسەی نەهێشتنی دەستڕۆیی و بایەخی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دەکات.

**دەوڵەتەکانی شام**

٢٥. ژمارەی کورد لە وڵاتی شام (سوریا) نزیکەی ٥٠-٦٠،٠٠٠ کەسن (ئاماری دروست لەبەر دەست نییە) زۆربەی ئەو کوردانە کەم تا زۆر لە ناو دانیشتوانی خۆجێیدا [واتە لە ناو عەرەبەکاندا] تواونەتەوە. ژمارەیەکی کەم لە کورد لە لوبنان هەن و زۆربەی کورد لە چوارچێوەی گروپی خێڵەکان و بەدرێژایی سنوورەکانی نێوان سوریا و تورکیادا دەژین. لە دیمەشق ژمارەی کورد پتر لە ٢٠،٠٠٠ کەسە. گروپە خێڵەکییەکان خەریکی کشتوکاڵن و دواکەوتوون و زۆربەیان نەخوێندەوارن و لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆک خێڵەکان و موریدەکان (Mureddin) دان. (موریدەکان چینی ئایینی و خوێندەوارن). لە کاتێکدا کە سەرکردەکانی کورد، ڕاهاتوون کە هەندێك جار نارەزایەتی دەرببڕن لەوەی کە حکومەتی سوریا جیاکاری لە دژی کورد دەکات (هەروەها حکومەتی سوریا لە دژی کەمینەکانیتریش جیاکاری دەکات)، بەڵام ئەم نارەزایەتیە گەشەی پێنەدراوە، ببێتە جوڵانەوەیەکی جوداخواز. ئەگەرچی

جموجۆڵـی کـورد لـە دیوەکانیـتری سـنووردا بەرزبووەتـەوە، بـەڵام هیـچ بەڵگەیـەک لەبـەر دەسـت نییـە، کـوردی سـوریا پەیوەندییەکـی نزیکیـان لەگـەڵ کـوردی ئێـران و عێراقـدا هەبێـت.

٢٦. لـە نێـوان کۆمەڵـە کوردییـە سیاسـییەکانی دیمەشـق، کـە حاڵـی حـازر قوڕسـاییەکی کەمیـان لەگـەڵ کـوردی باکووردا هەیـە، دوو گروپـی سیاسـی هـەن بە نـاوی ‹کۆمەڵەی کـورد› (Kurdish League) و ‹کۆمەڵـگای سـەلاحەدین› (Society of Selah ed Din). یەکەمیـان لەلایـەن دکتـۆر نافـز و هـەر دوو بـرا، جـەلادەت و کامـەران بەدرخـان سـەرکردایەتی دەکرێـت، داوای دەوڵەتێکـی کـوردی خـاوەن ئۆتۆنۆمـی دەکـەن و لـەم بـارەوە چەندیـن بڵاوکراوەیـان بـڵاو کردووەتـەوە بـۆ کۆنفرانسـی سـان فرانسیسـکۆ و ڕێکخراوەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و لایەنەکانیتریـان نـاردووە.

کۆمەڵـگای سـەلاحەدین داوای زینـدوو کردنـەوەی زمانـی کـوردی و بەرزکردنـەوەی پێگـەی کـورد لـەو وڵاتانـەدا دەکات کـە تێـدا نیشـتەجێن، بـەڵام وا دیـارە هـەوڵ نـادەن بارودۆخـی هەنوکەیـی خۆیـان بـە کوردسـتانێکی خـاوەن کێشـە بگۆڕنـەوە. ئاشـکرایە حاڵـی حـازر، سـەرکردەکانی کـورد هیـچ مەیلێکیـان بـەرەو یەکێتـی سـۆڤیەت نییـە، بـەڵام لەوانەیـە هەندێـك لـە کـوردە گەنجـەکان و کەسـە پێشـکەوتنخوازەکانی کـورد، پەلکێشـی پڕوپاگەنـدەی ڕووس بـن. هەروەهـا لەوانەیـە لایەنگرانـی ‹کۆمەڵـەی کـورد› داوای پشـتگیریی لـە ڕووسـیا بکـەن، ئەگـەر بۆیـان دەرکەوێـت، هیـچ ئومێدێـک نییـە لـە حکومەتـی خاوەنشـکۆوە.

٢٧. سـەرکردەی پارتـی کۆمۆنیسـتی لوبنـان، خالیـد بەگتـاش، بـە ڕەچەڵـەک کـوردە، بـەڵام هیـچ بەڵگەیـەک لەبـەر دەسـت نییـە لـەو بـارەوە، ئـەو هیـچ بەرژەوەنـدی یـان کاریگەریـی لـە نـاو زێـدی خۆیـدا هەبێـت.

بڵاوکراوەی کورد

پوختەیەک لە بڵاوکراوە کوردییەکان لە پاشکۆی (B)دا خراوەتەڕوو.

کۆمەڵە کوردییەکان (Kurdish Societies)

پوختەیەک لە کۆمەڵە سیاسییە کوردییەکان لە پاشکۆی (C)دا خراوەتەڕوو.

**بەشی دووەم: کوردی تورکیا**

٢٨. نزیکەی ٣،٠٠٠ ملیۆن کورد لە جیهاندا هەن و لەم ژمارەیە نزیکەی ١،٥٠٠،٠٠٠یان لە تورکیا دەژین. ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژین، هەمان ئەو پارێزگایانەی ڕۆژهەڵاتی تورکیان کە ئەرمەنەکان تێیدا دەژیان، تا ئەوکاتەی لە ساڵی ١٩١٥-١٩١٦، لەلایەن تورکەکانەوە کۆمەڵکوژی کران یان دەرکران. کورد دەتوانن شانازی بەوەوە بکەن، بە درێژایی مێژوو، هیچ کاتێک بە تەواوەتی ملکەچی تورک یان هیچ هێزێکیتر نەبوونە، و تا هەنوکەش گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر تورکەکان پێک دێنن.

**مێژووی هاوچەرخ**

٢٩. کوردستانی تورکیا- کە وەک دەربڕینێکی جوگرافییە بۆ تورکەکان تاپۆیە- وڵاتێکی شاخاوییە و شێوازی ژیانی کورد، شێوازی خێڵەکی و دەرەبەگایەتییە. تەنانەت کاتێک تورک لە ساڵی ١٥٣٤ ئەم وڵاتەیان داگیر کرد، ویستی سەرۆک خێڵەکان بۆ سەربەخۆیی، بووە هۆی هەڵگیرسانی ڕاپەڕین و شەڕ. هەوڵەکانی بابی عالی بۆ بەرفراوانکردنی سنوورەکانی چاکسازیی ئیداریی تا پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیاش لەخۆ بگرێت، بووە هۆی سەرهەڵدانێکی جەماوەری کورد و هەڵمەتی سزادانیان لە ساڵی ١٨٣٠دا. هەروەها لە ساڵی ١٨٤٣ دووبارە کورد شۆڕشیان کرد. دواتر لە ماوەی شەڕی نێوان ڕووس و تورک لە ساڵی ١٨٧٧-٨، کورد دووبارە شۆڕشیان بەرپاکرد و جارێکیتر، لە ساڵی ١٨٨٠دا ڕاپەڕین. سەردەمی فەرمانڕەوایی عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩)، سەردەمی وەستانی شۆڕشی کورد بوو و کورد بە هۆی سیاسەتی ئاشتەوایی، ئارامیان گرت- ئەو ئاشتییەش زۆر جار لەسەر حیسابی دراوسێیە ئەرمەنەکانیان بوو، بەڵام سیاسەتی کۆماری تورکیای نوێ بە

سـکۆلار کـردن و بـە ڕۆژئاوایـی کردنـی کۆمەڵـگا، بـووە هـۆی هەڵگیرسـانی دوو شۆڕشـیتر، یەکێکیـان لـە سـاڵانی ١٩٢٥-٢٦دا، و ئەوەیتریـش لـە چیاکانـی ئـارارات لـە سـاڵی ١٩٣٠، دواتـر لـە سـاڵانی ١٩٣٧-٣٨دا شۆڕشـێکیتر چیاکانـی دەرسـیم هەڵگیرسا (ئـەم ناوچەیـە هەنوکـە بـە تونجەلـی نـاو دەبرێـت).

٣٠. پاڵنـەری شۆڕشـەکەی ١٩٢٥-٢٦، بـە شـێوەی سـەرەکی، پاڵنەرێکـی ئایینـی بـوو. کـورد زۆربەیـان سـوونەن، بـە هـۆی سیاسـەتی نوێـی دژە ئایینـی ئەنکـەرە تووشـی شـۆک هاتـن. تـورک بـە ئاسـانی ئـەو شۆڕشـەیان سـەرکوت کـرد. دواتـر هـەر کاتێـک شۆڕشـێک ڕوویدابـا، تـورک بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ یـان زۆرتـر، لـە ئاسـتێکی بەرفراوانـدا، چەندیـن کەرتـی سـەربازی و چـەک و فڕۆکەیـان بـەکار دەهێنـا، بـۆ ئەوەی شۆڕشـەکە سـەرکوت بکـەن، بـەڵام لەبەرئـەوەی شـەڕەکە زۆر دڕندانـە بـوو و تـورک خەسـارەتی زۆریـان بەرکـەوت و بـە هـۆی دڕندەیـی لـە ڕادەبـەدەری هەڵسـوکەوتی سـوپا، کاتێـک شۆڕشـێک سـەرکوت دەکـرا، بـە هـۆی ئـەم هەڵسـوکەوتەی سـوپا کـورد هەسـتێکی ناخۆشـتریان پەیـدا دەکـردوو دووبـارە ڕادەپەڕیـن. سیاسـەتی گشـتی بریتـی بـوو لـەم خاڵانـەی خـوارەوە، ڕاگرتنـی ئارامـی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی هێـزی زۆرەوە- هەندێکجـار نیـوەی سـوپا بـەکار دەهێـنرا؛ سـەرکوتکردنی هـەر سـەرهەڵدانێک بـە دڕندانەتریـن شـێواز؛ لـە ناوبردنـی سیسـتەمی خێڵایەتـی و دەرەبەگایەتـی لـە ڕێگـەی دەرکردنیـان لـە شـوێنەکانیان یـان کەمکردنـەوەی دەسـتڕۆییان (بـەگ و ئاغـا) و دابەشـکردنی موڵکەکانیـان. لـە هەمانکاتـدا هەوڵـدان بـۆ کێشـانی هێڵـی ئاسـنین بـەرەو ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا و کێشـانی ڕێـگا وبـان بـۆ ناوچـە دوورەکان، کردنـەوەی قوتابخانـە بـۆ فێربوونـی زمانـی تورکـی و بەرەوپێشـبردنی ڕێـگا سـەرەتاییەکانی کشـتوکاڵ، تـا لـەم ڕێگەیـەوە چادرنشـین و کۆچەرییەکانـی کـورد بـەزۆر هانبـدەن تـا نیشـتەجێ بـبن.

٣١. دەسـەڵاتدارانی تـورک ئـەوە ڕەتدەکەنـەوە، دان بـە کـورددا بنێـن وەک کەمینـە یـان هـەر شـتێکیتر و تەنیـا بـە کێشـەی سـنوور هەژماریـان دەکـەن. بـە هۆکارگەلێـک بـۆ هەمـوو کـەس ڕوونـە، حکومەتـی تورکیـا پارێزگاکانـی ڕۆژهەڵاتـی بـەڕووی بێگانەکانـدا

داخستووە؛ هەر بۆیەش سەختە بارودۆخی ڕاستەقینەی ناوچەکە هەڵبسەنگێنرێ، بەڵام دەتوانرێت بگوترێت، سیاسەتی تورکیا کە لە پەرەگرافەکانی پێشتردا، ئاماژەی پێکرا، تا هەنوکەش ئەو توانایەی بە حکومەتی تورکیا نەبەخشیوە، بتوانێت کوردی خۆی بتوێنێتەوە، هەربۆیەش ئەم حکومەتە بە بەراورد لەگەڵ حکومەتەکانی ڕابردوو، سیاسەتێکی خنکێنەرانەتری لەبەرانبەر کورد گرتووەتەبەر. خێزانی کوردە کێشە دروستکەرەکان (لەوانەیە لە سێدارە بدرێن)، بە ڕێژەیەکی کەم بەرەو ڕۆژئاوای کوردستان گواستراونەتەوە و نیشتەجێ کردنی تورکە ئاوارە بووەکانی باڵکان لەو ناوچە کوردییانەی لە کورد چۆڵکراون، بە نابەدڵی ئەنجام درا. بەهۆی لەناوبردنی بەخورتی ئابوریی کشتوکاڵی لەلایەن حکومەتەوە و لەمپەر نواندن لە کۆچی وەرزیانە بۆ گەرمیان و کوێستان (کردەوەیەک کە یەکێتی سۆڤیەت لەبەرانبەر قرغیزەکان و کۆچەرییەکانیتری ئاسیایی گرتییەبەر)، بووە هۆی ئەوەی کورد لە شارە پیشەسازییەکانی وەک سیواس، قەیسەری، مالاتیا و سیلیکیادا بە دوای کاردا بگەڕێن، بەڵام ئەم کۆچە بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا، لەو ئاستەدا نییە، بتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەگوریشەی کێشەکە دروست بکات [واتە ببێتە لە ناوبەری پرسی کورد]. هێڵی ئاسنین زۆر بە کەمی گەیشتووەتە ناوەندی ناوچە کوردییەکان و کێشانی ڕێگاکەش زۆر بە هێواشی بەرەو پیشەوە دەچێت. دروستکردنی ڕێگاوبان وا پشتگوێ خراوە، لە وەرزی زستاندا ناوچەکانی باشوور زۆر بە سەختی دەگەنە دیاربەکر. کەمی پارە و مامۆستا بووەتە هۆی ئەوەی قوتابخانە بە ڕادەی پێویست دروست نەکرێن. خوێندنی تورکی بەرەو پێشچوونێکی کەمی بەخۆوە بینیوە. تەنانەت ئەو کوردانەی لە ناو سوپادان و دوای تەواوکردنی ماوەی خزمەتیان و گەڕانەوەیان، وەک تورکێکی باشیان لێنەهاتووە. بە گشتی فەرمانبەرە تورکەکان مووچەیان کەمە و تووڕەن و هەوڵێکی کەم بۆ بڵاوکردنەوەی کلتوری تورکی دەدەن. بێ گومان، بە گشتی باری ئەمنی باشتر بووە، ئەمەش بەو هۆیەوە هێزەکانی تورک بە بەردەوامی لە ئامادە باشیدان. ئەنقەرە بە ڕەزامەندی کورد، فەرمانڕەوایی کورد ناکات و ئەگەر بێت و سوپا پاشەکشە بکات، کورد دەسەڵاتی تورکیا دەلەرزێنن. ئەو دڕندەییەی

بـۆ سـەرکوتکردن و لـە ناوبردنـی کـورد بەکارهێـنراوە، بووەتـە هـۆی دروسـتکردنی تورەییـەک کـە لـە دژی ئاشـتەوایی دەوەسـتێتەوە. لەمـەش زیاتـر ناسـیۆنالیزمی کـورد لـە بوژانەوەدایـە. تـا هەنوکـە، ناسـیۆنالیزم پاڵنـەری سـەرەکی سـەرکردەکان نەبـووە لـە شۆڕشـکردندا، بەڵکـو هەندێکجـار پاڵنـەری ئایینـی، هەندێکجـار پێداویسـتی ئابـوری و زۆربـەی جارانیـش بەرژەوەندیـە کەسـییە دەرەبەگایەتییەکانیـان هـۆکاری سـەرەکی سـەرهەڵدانی شۆڕشـی کـورد بـووە و سـەرۆک خێڵـەکان بـە نەبوونـی یەکگرتوویـی ناوبانگـی خراپیـان دەرکـردووە. حاڵـی حـازر، کەسـایەتییە کێشـە دروسـتکەرەکان یـان کـوژراون یـان لـە زێدی خۆیـان دوور خراونەتـەوە، هەسـتی خزمایەتی ئەوەی هەمیشـە هەبـووە، بـەرەو هەسـتێکی ناسـیۆنالیزمی گەشـەی کـردووە و لەلایـەن کەسـایەتییە ڕۆشـنبیرەکانی کـورد لـە سـوریا و عێـراق و بـە سـوود وەرگرتـن لـە سـەرکردەکانی راپەڕینـی کـورد، چ ئەوانـەی زینـدوون یـان کـوژراون بـەوەی وەک پاڵەوانـی نێسـتیمانی هەژمـار بکرێـن، دەروژێنرێـت. ڕوون و ئاشـکرایە ململانێیـەک لەنێـوان ناسـیۆنالیزمی کـوردی و سیاسـەتی تواندنـەوە لەلایـەن تورکـەکان هەیـە.

**دانیشتوان**

٣٢. بەپێـی سـەرژمێری حکومەتـی تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٣٥دا، وردەکارییـەکان لەبەردەستە، ژمـارەی گشـتی ئـەو کەسـانەی بـە کـوردی قسـە دەکـەن و ئـەو کەسـانەی بـە تورکـی قسـە دەکـەن لـەو ناوچانـەی بـە ویلایەتـە کوردییـەکان هەژمـار دەکرێـن، بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

| ویلایەت | تورک | کورد | ژمارەی گشتی دانیشتوان | ڕێژەی کورد |
|---|---|---|---|---|
| سێرت | ٧٩٠٤ | ١٠١٣١١ | ١٢٧٥١٨ | ٪٧٩ |
| دیاربەکر | ٥٥٩٩٣ | ١٥٥٨٤٦ | ٢١٤،١٤٢ | ٧٢ |
| وان | ٣٨٩٦٠ | ١٠٣٧٨٦ | ١٤٣٤٣٤ | ٧٢ |
| ئاگری (ئارارات) | ٢٩٦٥٠ | ٧٧٢٧١ | ١٠٧٢٠٦ | ٧٢ |
| موش | ٣٨٠٣٢ | ٩٩٤٣٣ | ١٤٣٨٩٩ | ٦٩ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ماردین | ١٥٨٣٦ | ١٤٦٧٠٤ | ٢٢٩٩٢١ | ٦٤ |
| ئورفە | ٨٣٨٠٨ | ١١١٥٧٩ | ٢٢٩٦١٤ | ٤٨ |
| ئەلازیق | ١٤٤٢٥١ | ١٠٥١٠١ | ٢٥٦١٨٩ | ٤١ |
| ئەرزەنجان | ٩٢٩٧٢ | ٦٤٠٤٨ | ١٥٧٣٤٤ | ٤٠ |
| مالاتیا | ٢٤٧٠٠١ | ١٦١٢٥٩ | ٤١٠١٦٢ | ٣٩ |
| کەرس | ٢٣٢٣٨٤ | ٧٠٨٧٦ | ٣٠٥٥٣٦ | ٢٣ |
| ئەرزەرۆم | ٣٢٦٧٧٧ | ٥٧٦٢٧ | ٣٨٥٣٨٧ | ١٥ |
| غازی عەنتاب | ٢٤٤٧٤٠ | ٣٤٤٣٩ | ٢٨٣٥٠٦ | ١٢ |
| مەراش | ١٦٠٨٥٧ | ٢١١٥٩ | ١٨٨٨٧٧ | ١٢ |
| سیواس | ٣٧٢٠٤٤ | ٥٠٧٣٠ | ٤٣٢٩٩٦ | ١١ |
| ---------- | | | | |
| | ٢،٠٩١،٢٠٩ | ١،٣٦١،١٦٩ | ٣،٦١٥،٧٣١ | ٪٣٧ |

لە سەرژمێری ساڵی ١٩٤٤دا، دانیشتوانی ئەم ویلایەتانە بۆ نزیکەی ٤ ملیۆن کەس بەرز بووەوە، بەڵام هیچ وردەکاریەک بڵاو نەکراوەتەوە تا نیشانی بدات، هێشتا ژمارەی ئەو کەسانەی بە کوردی قسە دەکەن، دەگاتە ٣٧٪. بە هەر شێوەیەک پشت بە ئاماری حکومەتی تورکیا ببەستین، پێویستە ئەوە لەبەرچاوبگرین کە ئەوانەی بە تورک زمان هەژمار کراون بریتین لە تورکمانەکان و ئەو کەسانەش کە تورک نین، هەربۆیەش کوردی زمانەکان بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٣٥، بە لانیکەمەوە لە سەرووی ٣٧٪ی دانیشتوان پێک دێنن. ئەوەی شایانی سەرنجدانە هەر بە گوێرەی خودی ئاماری تورکیا، ژمارەی کورد لە ویلایەتەکانی باشوور (بەتلیس، وان، موش، دیاربەکر، سیرت، ماردین و ئورفە) لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧ بۆ ١٩٣٥، ٢٥٠،٠٠٠ کەسی زیادی کردووە، لە کاتێکدا ژمارەی تورکەکان تەنیا ٢٠،٠٠٠ کەس زیادی کردووە. هیچ هۆکارێکیش نییە وەها بیربکەینەوە

لـە ویلایەتیەکانـی باکووریـش، بـە هەمـان شـێوە ژمـارەی کـورد بـەرز نەبووبێتـەوە، چونکە نـەژادی کـورد بـە بـەراورد لەگەڵ تـورک زۆرتـر وەچـە دەخەنەوە.

لەڕاسـتیدا، ژمـارەی دانیشـتوانی کـورد هـەروەك لـە خشـتەی سـەرەوە خراووەتـەڕوو، لـە ویلایەتەکانـی نزیـک سـنوورەکانی ئێـران و عێـراق و دەریاچـەی وان و دەوروبـەری ڕووبـاری ئـاراس و ڕووبـاری مـورات، بـەرزە؛ بـەڵام کاتێـک بـەرەو باکـوور و ڕۆژئـاوا دەچیـن، ژمـارەی کـورد کـەم دەبێتـەوە. ویلایەتەکانـی قـارس، ئـەرزەڕۆم و سـیواس، مـاراش و غـازی عەنتـاب، هیلالێـک پێکدێنـن، تێیـدا ژمـارەی کـورد کـەم دەبێتـەوە. ژمـارەی کـورد لـە گشـت ناوچەکانـدا ٣٧٪ بێـت یـان نەبێـت، حەقیقەتەکـە بریتییـە لـەوەی بـە پێـی ئامـاری حکومەتـی تورکیـا لـە شـەش ویلایەتـی، سێرت، دیاربەکـر، وان، ئاگـری (ئـارارات)، مـوش و ماردیـن، ژمـارەی کـورد لـە سـەرووی ٦٤٪- ٧٩٪ی دانیشـتوان پێکدێنێـت، ئەمـەش زەنگـی ئاگادارکردنەوەیـە بـۆ تـورک.

٣٣. وەک ناوچـەکانی دیکـەی تورکیـا، ئـەو ویلایەتـە کوردییانـەی دەسـتی حکومەتـی پێدەگەیشـت، کـورد بـۆ شـەڕی سـاڵانی نێـوان ١٩١٤-١٩١٨، بـۆ سـەربازیی ناونـووس کـران و ژمارەیەکـی کەمیـان بـە زیندوویـی گەڕانـەوە. سـەرهەڵدانی سـاڵی ١٩٢٠ەکان و ١٩٣٠یـەکان، بـووە هـۆی کۆمەڵکـوژی، ئاوارەبـوون، دەرکردنـی کـورد و وێرانکردنـی ناوچـە کوردییـەکان و بـە هـۆی ئـەم سیاسـەتەش ناوچـە کوردییـەکان لـە دانیشـتوان چـۆڵ کـران و مۆڵـەت بـە ژمارەیەکـی زۆر کەمـی خەڵکـی بیانـی دەدرا، سـەردانی ئـەم ناوچانـە بکـەن. بەرژەوەندیـی تـورک لـە نیشـاندانی ئـەوەی ئـەو ناوچانـە چۆڵـن و پێویسـتییان بـە گەشەسـەندنێکی سروشـتی هەیـە، دەبێتـە هـۆی ئـەوەی مـرۆڤ گومانێکـی بەڵگـە نەویسـتانەی لەسـەر ئامارەکانـی حکومەتـی تورکیـا کـە تایبەتـن بـە دانیشـتوان، هەبێـت. تەنانـەت ئەگـەر ئـەو ئامارانـە ورد و ڕاسـتیش بـن، بـەڵام ئـەم گومانـە دروسـتە، ژمـارەی دانیشـتوانی تورکیـا بـە شـێوەیەکی نائاسـایی زیـادی کـردووە. لـە سـاڵی ١٩١٤دا، کـۆی گشـتی ژمـارەی دانیشـتوانی تورکیـای ئێسـتا لـە ژێـر ١٠،٠٠٠،٠٠٠ ملیـۆن کـەس بـوو، بـەڵام سـەرەڕای ئـەو نەهامەتیـەی لـە شـەڕی ١٩١٤-١٩١٨دا ڕوویـدا و بـە هـۆی کـەم وەچـە خسـتنەوەی تورکـەکان، کەچـی لـە سـاڵی

١٩٢٧دا ئـەو ژمـارە بـوو بـە ١٤،٠٠٠،٠٠٠ ملیـۆن کـەس و لـە سـاڵی ١٩٣٢دا پـتر لـە ١٦،٠٠٠،٠٠٠ ملیـۆ کـەس و لـە سـاڵی ١٩٤٤دا، ژمـارەی دانیشـتوانی تورکیـا دەگاتـە ١٩،٠٠٠،٠٠٠ کـەس. هەروەهـا لـە سـاڵی ١٩٢٢ەوە، تـورک خۆیـان لـە تۆڵەسـەندنەوەی شـەڕ بـە دوور گـرت و تەندروسـتی گشـتییان بـەرەو پێشـەوە بـردووە کـە هـاوکاری بەرزبوونـەوەی ژمـارەی دانیشـتوانە. سـەرەڕای ئەمـەش، جێگـەی سەرسـوڕمانە، ئـەوان لـە مـاوەی کەمـتر لـە چارێکـە سـەدەیەک ژمـارەی دانیشـتوانیان دوو بەرابـەر بـووە. هەروەهـا سـەبارەت بـەو بانگەشـەیەی لـە ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا و بـە نـاوی کـوردەوە کـرا، دەکرێـت سـەرژمێری حکومەتـی تورکیـا بخرێتـە ژێـر پرسـیار، بـەڵام لەبەرئـەوەی هیـچ ئامارێکـی جێگـرەوە لەبـەر دەسـت نییـە، هەربۆیـە دروسـتی سـەرژمێرییەکەی حکومەتـی تورکیـا دەکرێـت پەسـەند بکرێـت یـان ڕەت بکرێتـەوە.

**ئۆتۆنۆمی ڕووسیا**

٣٤. ڕاگەیاندنـی ئەنگلۆ-فەرەنسـی لـە ٧ی نۆڤەبـەری ١٩١٨دا، ئامانجەکانـی شـەڕی حکومەتەکانـی بەریتانیـا و فەرەنسـا لـە ڕۆژهەڵاتـدا بـەم شـێوەیە دەخاتـەڕوو « ئازادکردنـی یەکجارەکـی و تەواوەتـی ئـەو خەڵکانـەی بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژە لـە ژێـر دەسـتی تـورک دەچەوسـێنرێنەوە و دامەزراندنـی چەنـد حکومەتێکـی نەتەوەیـی و ئیدارەیـەك، دەسـەڵاتەکانی هەڵقـوڵاوی هەڵبژاردنـی ئازادانـەی دانیشـتوانە ڕەسـەنەکەی بێـت». ئەگەرچـی لـەم ڕاگەیاندنـەدا ئامـاژە بـە کـورد و هیـچ نەتەوەیەکیـتر نەکـراوە، بـەڵام کوردیـش لـە خـۆ دەگرێـت، بـەم پییـەش بـە گوێـرەی مادەکانـی ٦٢-٦٤ لـە پەیماننامـەی سیڤەر کـە لـە سـاڵی ١٩٢٠دا واژوو کـرا، بەریتانیـای گـەورە، فەرەنسـا و ئیتاڵیـا دەبـا نەخشـەیەک ئامـادە بکـەن بـۆ بەخشـینی ئۆتۆنۆمـی بـە ناوچەکانـی زۆرینـەی کوردنشـین، لـە ڕۆژهەڵاتـی فـورات و باشـووری ئەرمەنیـای ویلسـۆن و باکـووری سـوریا و عێراقـی لەخۆدەگـرت. هەروەهـا زەمانەتـی تـەواوی ئاشـوری و کلدانییـەکان و کەمینـە ئایینـی و نەتەوەییەکانیـتر کـرا بـوو.

لەمـەش زیاتـر، ئەگـەر زۆرینـەی دانیشـتوان لـە مـاوەی یـەک سـاڵدا داوای دەوڵەتـی سـەربەخۆیان کـرد، لـە ژێـر دەسـەڵاتی کۆمەڵـەی گـەلان، دەوڵەتی سـەربەخۆی کوردسـتان

دادەمەزرێت و ڕێگە بە کوردی ویلایەتی موسڵ دەدرێت، بچنە پاڵ ئەم دەوڵەتە.

٣٥. پلانێکیتر لە دوای ١٩١٨ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی-ئەرمەنی داڕێژرا. ئەگەرچی سیاسەتی تورکەکان بریتی بوو لە هاندانی کورد لە دژی ئەرمەنەکان، بەڵام بە پێچەوانەوە دژایەتی لەنێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا سەریهەڵنەدا. سەرکردەکانی کورد و ئەرمەن لە ساڵی ١٩١٩ لە پاریس لەسەر سیاسەتێکی هاوبەش ڕێککەوتن، بەڵام هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە.

٣٦. بە هۆی پێداگری تورک بە سەرکردایەتی مستەفا کەمال کە پەیماننامەی سیڤەری ڕەتکردەو و ئەوەشی ڕەتکردەوە لە پەیماننامەی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣دا کە جێگەی پەیماننامەی سیڤەری گرتەوە، هیچ ئاماژەیەک بە ناوی کورد و ئەرمەنەکان بدرێت، بەم هۆیەشەوە هیچ یەک لەم پلانانەی سەرەوە بۆ کورد جێبەجێ نەکران. هەربۆیە کورد ڕاستەوخۆ تورک بە پووچەڵکردنەوەی ئارەزووەکانیان تاوانبار دەکەن، بەڵام ئەوە لەبیر دەکەن ئەمانە بە هۆی پشتگیریی دیپلۆماسی و مادیانەی یەکێتی سۆڤیەت ڕوویاندا. ئەوان هەوڵیاندا ئەم بەرپرسیارێتییە بخەنە ئەستۆی حکومەتی بەریتانیای گەورە. لە ڕاستیدا، هەندێك بەڵگە لە بەردەست هەن، هەنوکە کوردی تورکیا، هاوشێوەی شوێنەکانیتر، زۆرتر چاوەڕوانی پشتگیریی ڕووسیان نەک بەریتانیا، چونکە لەو بڕوایەدان، بەریتانیا ناتوانێت یان نایەوێت هیچ کارێکیان بۆ بکات. ئەم جۆرە هەستە بە هۆی چارەنووسی نادیاری ئاشوورییەکان قووڵتر بووە، چونکە حکومەتی بەریتانیا [پشتگیریان نەکرد] و بە دوای بەرژەوەندییە تەقلیدییەکانی خۆی کەوت و ئاشوورییەکانیش نەیانتوانی لە کۆنفرانسی لۆزان کە لە ساڵی ١٩٢٣دا بەسترا، تورک ناچار بکەن دان بە زێدەکەیان لە چیاکانی هەکاری لە تورکیادا بنێن.

٣٧. ئەگەرچی سیاسەتی حکومەتی تورکیا لەبەرانبەر کورد بریتییە لە سیاسەتی بە تورک کردن، بەڵام حکومەتی سۆڤیەت لەبەرانبەر کورددا سیاسەتی هاندانی کلتوری کەمینەکانی گرتووەتەبەر. لەبەرانبەر دژایەتیکردنی حکومەتی تورکیا لە کردنەوەی قوتابخانەی کوردی لە کۆماری ئەرمەنیای

سۆڤیەت، بەڵام کورد لە زانکۆی ئیریڤان وەردەگیرێن، پیتی کوردییان بۆ داڕێژراوە و لەلایەن حکومەتی یەکێتی سۆڤیەتەوە کورد هان دەدرێن، تا گەشە بە توێژینەوەکانی «کوردۆلۆژی» و زمانی کوردی بدەن- ئەگەرچی ئەمانەش هۆکاری شاراوەی هەن- حکومەتی تورکیا لەبەرانبەر ئەم ڕاستیەدا، تەنیا خوێندن بە زمانی تورکی بۆ هاوڵاتییانی کوردی دابین کردووە کە هەردووکیان دوو زمانی جیاوازیان هەیە.

٣٨. بەو سیاسەتەی حکومەتی سۆڤیەت لەبەرانبەر کوردی گرتووەتەبەر، لەوانەیە حکومەتی تورکیا بیر لەوە بکاتەوە، چارەسەری ئابوریی دەتوانێت کێشەی کورد چارەسەر بکات، بەڵام لەم بوارەشدا کارێکی ئەوتۆی نەکردووە. لەناوبردنی سیستەمی دەرەبەگایەتی لە ناو کورددا بەو مانایە دێت، حکومەتی تورکیا شێوازە سەرەتاییەکانی کشتوکاڵی لە ناو دەبات. هەڵمەتە یەک لەدوایەکەکانی سزادانی کورد لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، بووە هۆی چۆڵکردنی ناوچە کوردییەکان و خاپور کردنیان. ئەو خێڵانەی کۆچەری بوونە، تا هەنوکەش لە ئاستێکی بەرفراواندا نیشتەجێ نەکراون. ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت تا شێوازە نوێکانی کشتوکاڵ، شوێنی شێوازە سەرەتاییەکان بگرێتەوە. بەڵگەی کەم لەبەردەستدان حکومەتی تورکیا لە دوای لە ناوبردنی شێوازە سەرەتاییەکانی کشتوکاڵ، لەهێنانەناوەوەی شێوازی مۆدێرنی بوژانەوەی کشتوکاڵدا سەرکەوتوو بوو بێت. ئەگەرچی هەندێك لە شارەکان سەر لە نوێ بونیاتنراونەتەوە، بەڵام زۆربەی گوندەکان لە دۆخی داتەپینی ئابوریدان.

٣٩. لە نێوان ئەو شتانەی تورك دەتوانن بانگەشەی بۆ بکەن، بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی و ڤێتەرنەری و زۆربەی گوندەکانیش بە شێوازی ڕۆژئاوایی بوونیات نراون.

٤٠. بێگومان یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ کوردی تورکیادا پاراستووە، بەڵام بەڵگەی کەم هەن حکومەتی سۆڤیەت هانی ئەو کوردانە بدات. ئەگەر لە ڕوانگەی سنوورەکانەوە سەیر بکەین، بۆ حکومەتی سۆڤیەت زۆر ئاسانە لە

ڕێگـەی کـوردی باکـووری ڕۆژئـاوای ئێـران، بەتایبەتیـش لـە ڕێگـەی ئـەو هـەزاران کــوردەی ئــاوارەی قامیشــلۆی باکــووری ســوریا بوونــە، هانــی کــوردی تورکیــا بـدات. تەنانـەت ئەگـەر بێـت و کـورد حاڵـی حـازر، بـە بـەراورد لەگـەڵ ڕابـردوو، پێشــکەوتووتر بــن و مەیلیــان بــۆ ئایدیۆلۆژیــای کۆمۆنیســتی دژە-دەرەبەگــی هەبێــت، ســەرەڕای ئەمــەش زۆرتــر خزمــەت بــە ئەنقــەرە دەکــەن تــا مۆســکۆ، بــەڵام ئەگــەر بێــت و ســۆڤیەت لەســەر بنەمایەکــی ناسیۆنالیســتی هانــی کــورد بـدات، لـەم جـۆرە بارودۆخـەدا، کـورد کـە دژایەتییەکـی دوورودرێژیـان لـە گـەڵ تورکەکانـدا هەیـە، تەنیـا دەتوانرێـت بـە پێـی توانـای تورکـەکان لـە سـەرکوتکردنی ئــەم [هەســتە ناسیۆنالیســتییە] ســنووردار بکرێــت. تــا هەنوکــە وا دەردەکەوێــت سیاســەتی کۆنترۆڵکــردن و سیاســەتی دژە-ســیخوڕی تورکیــا، سیاســەتێکی کاریگــەر بـوو بێـت. تەنانـەت ئەگـەر بێـت و کـوردی ئێـران و عێـراق لەگـەڵ کـوردی تورکیـادا جوڵانەوەیەکــی ســەربەخۆخوازانە پێــک بێنــن، تــا ئــەو کاتــەی حکومەتــی تورکیــا بتوانێــت پارێــزگاری لــە ســنوورەکانی بــکات، زۆر نیگەرانــی ئــەم بابەتــە نابێــت.

٤١. ئــەو کەیســەی حکومەتــی ســۆڤیەت ســەبارەت بــە ســەربەخۆیی یــان ئۆتۆنۆمــی بـۆ کـورد دەخاتـە بـەردەم جیهـان، کەیسـێکی بەهێـزە. ئـەو کەیسـە ئـەم خاڵانـەی خــوارەوە لەخۆدەگرێــت:

١. بوونــی نــاوی کــورد وەک ناوێکــی مێژوویــی. ئــەم نــاوە بــە لانیکەمــەوە بــۆ ٢٠٠٠ ســاڵ پێــش زاییــن دەگەڕێتــەوە.

٢. ڕاگەیاندنی ئەنگلۆ-فەرەنسی لە ٧ی نۆڤەمبەری ١٩١٨ (پاراگرافی ٣٤ لە سەرەوە).

٣. دانپێدانانــی هاوپەیمانــان بــە مافــی ئۆتۆنۆمــی و تەنانــەت دەوڵەتــی ســەربەخۆ بــۆ کــورد (پەرەگرافــی ٣٤) و شکســتی هاوپەیمانــان لــە جێبەجێکردنــی.

٤. هەڵســوکەوتی تۆمارکــراوی تــورک لــە دڕندایەتییــان لەبەرانبــەر کــورد و دابیننەکردنــی هیــچ شــتێک بــۆ نەتــەوەی کــورد (وەک ئــەوەی لــە پەرەگرافــی ٣٠ و ٣١دا ئامــاژە بــۆ کــرا).

٥. ئەگـەری دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی کوردی-ئەرمەنـی (پەرەگرافـی ٣٥)، ئەویـش ئەگـەر هاتـوو ژمـارەی کـورد ئەونـدە کـەم بـوو، تـا ویلایەتـە کوردییـەکان لـە تورکیـا جیـا بکرێنــەوە و [بــە ئەرمەنیــا بلکێنرێــن]. ئەمــەش لەگــەڵ بانگەشــەی ئەرمەنــەکان دەگونجێـت و دەبێتـە هـۆی لاوازکردنـی بانگەشـەی تـورک کـە گوایـە ئەرمەنـەکان لــە تورکیــا نیــن. لەمــەش زیاتــر ناوچــە باکوورییەکانــی کوردســتان، ســنووری باشـووری ئەرمەنیـای ویلسـۆنە. هەروەهـا لـە ناوچەکانـی باشـووری کوردسـتان، تـا سـاڵی ١٩١٥ ژمارەیەکـی بەرچـاوی ئەرمـەن دەژیـان.

٦. ئەگــەری دامەزراندنــی دەوڵەتێکــی نــوێ، بــۆ دووبــارە نیشــتەجێکردنەوەی ئاشــوورییەکان لــە وڵاتەکەیانــدا (پەرەگرافــی ٣٤).

٧. کەمـی دانیشـتوانی بـە ڕەگـەز تـورک. ئەمـەش لەوانەیـە ببێتـە هـۆی ورژانـدی ئـەم پرسـیارە بـێ ئەنجامـە، «تـورک کێیـە؟» (What is a Turk?) (پەرەگرافـی ٣٢ و ٣٣).

٤٢. دوو خــاڵ هــەن وا دەکــەن یەکێتــی ســۆڤیەت ســەرنجێکی تایبــەت بخاتــە ســەر کوردســتانی تورکیــا. یەکــەم: لەڕاســتیدا، ئەگــەری زۆرە لــە ویلایەتــە کوردییەکانــدا نــەوت بدۆزرێتــەوە. کۆمپانیــای ســتاندارد ئۆیــل مافــی دەرهێنــان و بەدواداچــوون و دۆزینــەوەی نەوتــی لــەم ناوچانــەدا وەرگرتــووە.

٤٣. دووەم: هەبوونــی کــورد لــە ســیلیکیا و کــورد داغ، بــە درێژایــی ســنووری نێــوان ســوریا و تورکیــا و بــە قوڵایــی ٣٥ میــل لــە بەنــدەری ئەســکەندەرون، لەوانەیــە وەک بیانوێــک لەلایــەن ڕووســەکانەوە بەکاربهێنرێــت، تــا جوگرافیــای کوردســتان بەرفــراوان بکــەن و تــا بەنــدەری ئەســکەندەرون بــڕۆن. ئــەم بانگەشــەیە لەگــەڵ بانگەشــەی ئەرمەنــەکان لەســەر ســیلیکیا دەتوانرێــت پێکــەوە گــرێ بدرێــت و بخرێتــە ڕوو. ئەمــە و ســەرەڕای بانگەشــەی گورجســتان لەســەر چیاکانــی تــۆرۆس.

٤٤. ســەختە وێنــای ئــەوە بکەیــن، تــورک لــە چ ڕێگەیەکــەوە ســازش لەســەر داواکاری کــورد بــۆ ســەربەخۆیی بکــەن. تەنانــەت ئەگــەر بێــت و تــورک بــە سروشــتی و بــە پێــی نەریــت، لــەو خەڵکانــە بــن کــە هەڵوێســتێکی لیبرالانــە لەبەرانبــەر کــورد

بگرنەبــەر، بــەڵام لــە بارودۆخــی هەنوکەییــدا، بــە هــۆی هەڕەشــەی ڕووس، ئــەم کارە مومکیــن نییــە. تەنانــەت ئەگــەر بێــت و تــورک ڕازی بــن لــە ســەر کاغــەز مافــی کەمینــەی کــورد بــدەن، بــەڵام ســەختە ئــەم مافەیــان لــە پراکتیکــدا پــێ ببەخشرێــت. ترســی تــورک لــە گەشــەکردنی پێگــەی کەمینــەی کــورد بــۆ ئۆتۆنۆمــی و لــە ئۆتۆنۆمییــەوە بــۆ دەوڵەتــی ســەربەخۆ، وا دەکات تــورک لەبــری مەترســی لــە دەســتدانی بەشــێکی بەرفراوانــی خــاک و دانیشــتوانەکەی، زۆر بــە تونــدی سیاســەتی بــە تــورک کــردن و شــەڕکردن لەگــەڵ کــورد بگرنەبــەر. (بەشــی توێژینــەوە، نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە؛ ٣ی ئۆگۆســتی ١٩٤٦)

## پاشکۆی (A)

لە گۆڤاری فەرمی کۆمەڵەی گەلان هەڵهێنجراوە

هاوپێچی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئەنجوومەنی [کۆمەڵەی گەلان] لە ڕێککەوتی ٩ی مەی ١٩٣٢

ڕەشنووسی ڕاگەیێندراوی حکومەتی عێراق

**بەشی یەکەم**

**مادەی ١:** پارێزگاریکردن لە کەمینەکان. دەقە ئاماژە پێکراوەکانی ئەم بەشە بە یاساکانی بنەڕەتی عێراق هەژمار دەکرێن و نابێ هیچ یاسا، ڕێکار یان کردارێکی فەرمی لە دژ یان بە پێچەوانەی ئەم دەقانە بێت. هەروەها نابێ هیچ یاسا، ڕێکار یان کردارێکی فەرمی، نە لە ئێستا و نە لە داهاتوودا، لە سەرووی ئەم دەقانە بێت.

**مادەی ٤**

١. گشت نەتەوەکانی عێراق لەبەرانبەر یاسادا یەکسانن و مافی مەدەنی و سیاسی یەکسانیان هەیە بە بێ جیاوازی نەژادی، زمانی یان ئایینی.

٢. دەبێ سیستەمی هەڵبژاردن گەرەنتی یەکسانی لە نوێنەرایەتیکردن لە نێوان کەمینە نەژادی، ئایینی و زمانییەکانی عێراقدا بکات.

٣. جیاوازیی نەژادی، زمانی و ئایینی، نابێ ببێتە هۆی جیاوازیکردن لەنێوان هاوڵاتیانی عێراقیدا لەو بابەتانەی پەیوەستن لە دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و مەدەنیەکان. بۆ نموونە، وەرگرتن بۆ دامەزراندن لە کەرتی گشتی، ئەرک و شانازییەکان، یان ئەزمونکردنی کارە پیشەیی و پیشەسازییەکان.

٤. هیچ سنووردارییەک لەسەر هیچ نەتەوەیەکی عێراقدا ناسەپێنرێت لە ئازادانە بەکارهێنانی هەر زمانێک، لە پەیوەندییە تایبەتیەکان، لە بازرگانی، لە ئایین، لە چاپەمەنی، یان لە هەر جۆرە بڵاوکراوە یان لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا.

٥. سەرەڕای ئەوەی زمانی عەرەبی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە زمانی فەرمی

هەژمار کراوە، هەروەها سەرەڕای ئەوەی ڕێکارە تایبەتەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گیراونەتەبەر، لە ژێر مادەی ٩ی ئەم ڕاگەیێندراوەدا، سەبارەت بە بەکارهێنانی زمانی کوردی و تورکی، بۆ بەکارهێنانیان لە دادگاکاندا، ئاسانکاریی پێویست بۆ گشت ئەو هاوڵاتییە عێراقییانەی زمانی دایکیان زمانی فەرمی نییە، دابین دەکرێت، تا بتوانن زمانی خۆیان بەکار بهێنن، جا بە شێوەی زارەکی بێت یان بە نووسین.

**مادەی ٥**

ئەو هاوڵاتییە عێراقییانەی سەر بە کەمینەی نەژادی، ئایینی و زمانین، هەروەك هاوڵاتیانیتری عێراق، لە ڕووی یاساوە ڕەفتاری یەکسانیان لەگەڵ دەکرێت و پارێزراو دەبەن. بە تایبەتیش ئەوان مافی یەکسانیان دەبێت بۆ پاراستن، ئیدارەدان و کۆنترۆڵکردنی [ڕێکخراوەکانی] خۆیان لەسەر تێچووی خۆیان، یان دامەزراندنی ڕێکخراوی خێرخوازی، ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان، قوتابخانە و دامەرزاوەکانیتری پەروەردەیی لە داهاتوودا. ئەمەو سەرەڕای ئازادی لە بەکارهێنانی زمان و مومارەسەکردنی ئایینەکەیان لەم ڕێکخراوانەدا.

**مادەی ٨**

١. لە سیستەمی پەروەردەی گشتی لە شار و شارۆچکەکاندا، ئەگەر زمانی ژمارەیەکی بەرچاوی هاوڵاتییە عێراقییەکان زمانی فەرمی نەبوو، حکومەتی عێراق هەوڵ دەدات، ئاسانکاری بکات بۆ دڵنیابوون لەوەی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، خوێندنی منداڵانی ئەم هاوڵاتییانە بە زمانی خۆیان بێت. هەروەها ئەو مەرجە بەو مانایە نییە حکومەتی عێراق، نەتوانێت خوێندن بە زمانی عەرەبی لە قوتابخانە ئاماژە پێکراوەکاندا، بکاتە بەخورتی.

٢. لەو شار و شارۆچکانەدا ژمارەیەکی بەرچاوی هاوڵاتییە عێراقییەکانی سەر بە کەمینەی نەژادی، ئاینی و زمانین، ئەم کەمینانە دڵنیا دەکەینەوە کە مافی یەکسانیان دەبێت لە دەست گەیشتن بەو بڕە پارەیەی لەوانەیە لە دەرەوەی

تەمویلی گشتی و لە ژێر چاودێری دەوڵەت، شارەوانی یان هەر بودجەیەکیتر بۆ مەبەستەکانی پەروەردەیی، ئایینی و خێرخوازی تەرخان دەکرێت.

**مادەی ٩**

١. عێراق پابەندە لە لیواکانی موسڵ، هەولێر، کەرکوک و سلێمانی، لە پاڵ زمانی عەرەبی، زمانی فەرمی لەو قەزایانەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، کوردی دەبێت. بەڵام لە قەزاکانی کفری و کەرکوک لە لیوای کەرکوک، واتە لەو شوێنانەی ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوان تورکمانن، لە پاڵ زمانی عەرەبی، زمانی فەرمی یان کوردی دەبێت یان تورکمانی.

٢. عێراق دان بەوەدا دەنێت لەو قەزایانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، فەرمانبەران، لە هەندێك حاڵەتی ڕێزپەڕدا نەبێت، پێویستە بەپێی پێویست [زمانی] کوردی یان تورکمانی بزانێت.

٣. هەروەها لە قەزا ئاماژە پێکراوەکانی سەرەوەدا، پێوەری دەستنیشانکردنی فەرمانبەران، هەروەك شوێنەکانیتری عێراق، بریتییە لە شارەزا بوونی زمان، نەک لەسەر پێوەری نەژادی. عێراق کار دەکات، تا فەرمانبەرانی [ئەو قەزایانەی سەرەوە]، لە یەکێک لەو قەزایانە دابمەزرێنێت، هەروەك چۆن تا ئێستا ئەم کارەی کردووە.

**مادەی ١٠**

ڕێکارەکانی تایبەت بە مادەکانیتری ئەم ڕاگەیێندراوە، کە پەیوەستن بە تاکەکانی سەر بە کەمینەی نەژادی، ئایینی و زمانەوانی، [جێبەجێکردنیان] پابەندی نێودەوڵەتی وەردەگرێت و لەلایەن کۆمەڵەی گەلانەوە گەرەنتی دەکرێن. بە بێ ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، هیچ هەموارکردنەوەیەک لەم مادانەدا ناکرێت.

ئەم ڕاگەیێندراوە لە ١٣ی جولای ١٩٣٢دا واژوو کراوە و پەسەند کراوە.

## پاشکۆی (B)

## بڵاوکراوە کوردییەکان

حاڵی حازر، ئەم چاپکراوە کوردیانەی خوارەوە بە شێوەیەکی بەردەوام یان پچڕ پچڕ بڵاو دەکرێنەوە:

١. **ژیان:** لەلایەن حاجی تۆفیق پیرەمێرد، لە سلێمانی دەردەچێت؛ ڕۆژنامەیەکی کوردییە و هەفتانە جارێک بڵاو دەکرێتەوە.

٢. **گەلاوێژ:** لەلایەن ئیبراهیم ئەحمەد، مانگانە یەک جار لە بەغدا دەردەچێت، بە باشترین گۆڤاری ئەدەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین هەژمار دەکرێت.

٣. **ئازادی:** جار ناجار دەردەچێت و ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی عێراق لقی کوردستانە و هاوتای بڵاوکراوەی نایاسایی ‹عەقایدە›یە کە بە زمانی عەرەبی دەردەچێت. حاڵی حازر، ‹یەکێتی تێکۆشان› کە بڵاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی کوردییە، بوو بە بەشێک لە ڕۆژنامەی ئازادی، زانیاریی باشی لەسەر ڕووداوە ناوخۆییەکان و هەواڵەکانی کوردستانی عێراق هەیە. بانگەشەی یەکبوونی عەرەب و کورد لە دژی ئیمپریالیزم و هێزە کۆلۆنیالیزمەکان دەکات.

٤. **دەنگی گێتی تازە:** بۆ یەکەمجار لە بەغدا و لەلایەن بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی، باڵیوزخانەی بەریتانیا دەرچوو. هەنوکە سەربەخۆیانە لەلایەن تۆفیق وەهبی و سەعید حوسێن حوزنی موکریانی بەڕێوە دەچێت.

٥. **هاوار:** سەرنووسەرەکەی جەلادەت بەدرخانە و لە دیمەشق و بە پیتی لاتینی دەردەچێت.

٦. **ڕۆناهی:** سەرنووسەرەکەی جەلادەت بەدرخانە و لە دیمەشق و بە پیتی لاتینی دەردەچێت. ڕوونکەرەوەی ڕۆژنامەی هاوارە، بە لاتینی دەردەچێت.

٧. **ڕۆژا نوێ:** ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە لەلایەن دوکتور کامەران بەدرخان لە بەیروت و بە پیتی لاتینی دەردەچێت.

**٨. ستێر:** مانگانـە یـەک جـار لـە بەیـروت بە پیتـی لاتینـی دەردەچێـت و سەرنووسـەرەکەی دکتـور کامـەران بەدرخانە.

**٩. ڕێیـا تـازە:** لـە ئێریڤـان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت دەردەچێـت، نازانرێـت بـە پیتـی لاتینـی یـان بـە پیتـی ڕووسـی دەردەچێـت.

**١٠. نیشـتیمان:** ئۆرگانـی ژیانـی کـوردە (ژ. کاف). لەوانەیـە لـە مهابـاد یـان لـە تەورێـزەوە دەرچێـت. ڕۆژنامەیەکـی زۆر ناسـیۆنالیزمییە و لـەو بڕوایەدایـە سـەرۆک خێـڵ و ئاغاکان بەرپرسـیارن لـە پاشـکەوتوویی کوردسـتان. جـار بـە جـار دەردەچێـت.

**١١. کوردسـتان:** ڕۆژنامەیەکـی نوێیـە کـە ڕۆژانـە لـە مهابـاد دەردەچێـت و دەنگـی کۆماری دیموکراتـی سـەربەخۆی کوردە.

**١٢. هاواری کورد:** ئەویش ڕۆژنامەیەکی نوێیە کە لە مهاباد دەردەچێت.

**١٣. ئـاڵای کـورد:** بڵاوکراوەیەکـی نوێیـە و بانگەشـەی ئـەوە دەکات کـە لەلایـەن «خانـووی شارسـتانیەتی سـۆڤیەت، تەورێـز» (Home of Soviet Civilisation, Tabriz) دەردەچێـت.

**تێبینـی:** جیـا لـەو بڵاوکراوانـەی کـە ئاماژەیـان پێکـرا بـە پیتـی لاتینـی دەردەچـن، ئەوانیـتر گشـتیان بـە پیتـی عەرەبـی دەدەچـن.

## پاشکۆی (C)

## کۆمەڵە کوردییەکان (Kurdish Societies)

### خۆیبوون

لــە بنەڕەتــدا پارتــی ســەربەخۆخوازی کــوردە. زۆر دژە تورکــە. بــارەگای ســەرەکی لــە ســوریایە و پەیوەنــدی لەگــەڵ عێــراق و قاهیــرەی هەیــە. هــەر لــە دوای جەنگــی یەکەمــی جیهانــی دامــەزرا و دواتــر هێزەکانــی لەگــەڵ ئەرمەنیــەن داشــناکس (Armenian Dashnaks) یەکخســت. هــەروەك چــاوەڕوان دەکــرا، ئــەم هاوبەشــییە لــە بەیــن چــوو، چونکــە داشــناکس بــوو بــە هێزێکــی دژە ســۆڤیەت. پەیوەنــدی کــردن بــەم هێــزە، دەبــووە هــۆی وەســتانی بەرژەوەندییەکانــی ســۆڤیەت لــە چالاکیەکانــی خۆیــی بوونــدا. لــە میانــەی ئــەم جەنگــەی دواییــدا، ئــەم حزبــە بــە ئەنقەســت چالاکییەکانــی وەســتاند، تــا لــە ڕووگیــری تورکیــا دوور بکەوێتــەوە. ئامــاژە هــەن لــەم دواییانــەدا دەســتی بــە چالاکــی کــردووە و بڵاوکراوەکــەی دوای وەســتانی بــۆ مــاوەی ســاڵێک یــان دوو ســاڵ، دووبــارە دەســتی بــە بڵاوکردنــەوە کردووەتــەوە.

### کۆمەڵەی کورد

لــە ســەرەتاکانی ١٩٤٥ لــە ئازەربایجانــی ئێــران ســەریهەڵدا. بــارەگای ســەرەکی لــە مهابــادە. لەلایــەن قــازی محەمــەد ئیلخانــی زادە کــە خەڵکــی مهابــادە، بەڕێوەدەبردرێــت. دەڵێــن ئــەم حزبــە جێگــرەوەی ژیانــی کــوردە و هەنوکــە لــە نــاو پارتــی دیموکراتــی کوردســتاندا تواوەتــەوە. پەیوەنــدی لەگــەڵ پــژدەر (Pizhder) و هەندێــك کــوردی عێراقــدا هەیــە، بــەڵام کاریگەریــی ئەوتــۆی لــە دەرەوەی ئێــران نییــە.

### ژیانی کورد (Kurdish Life)

دەگوترێت لە ساڵی ١٩٤٣دا دامەزراوە. بە گوێرەی ئۆرگانەکەی ‹نیشتیمان›، (دووەمین ژمارە لە ساڵی ١٩٤٤)، بەرنامەکەی بریتییە لە یەکبوونی کورد و دژایەتی کردنی ئاغاکان، بەڵام حزبێکی کۆمۆنیستی نییە. هەندێک بە نهێنی چالاکییەکانی ئەنجام دەدات بە تایبەتیش لە ڕووی چاپکردنی ‹نیشتیمان›. لە ڕێی نیشتیماندا، هەندێك کاریگەری لە سلێمانیدا هەیە. ڕاپۆرتێک کە لە ئۆگۆستی ١٩٤٤دا بڵاوبووەتەوە، باس لە هەوڵێک دەکات بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ هیوا و خۆیی بوون. ‹زێڕۆ بەگی هەرکی› بەرجەستەترین کەسایەتی ئەم حزبەیە. دژی حزبی تودەیە، بەڵام لایەنگری ڕووسیایە. لە کۆتایی ١٩٤٥دا کۆمەڵەی کورد شوێنی گرتەوە.

### حزبی دیموکراتی کوردستان

لە دوای سەردانی قازی محەمەد و کۆمەڵێک کوردیتر بۆ باکۆ، لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا. بەیاننامەکەی بە زمانی کوردی و فارسی لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٥دا، دەرچوو و ئەم داواکارییانەی خوارەوەی خستەڕوو:

ا کورستانێکی خاوەن ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی سنوورەکانی دەوڵەتی ئێراندا.

ب بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە و فەرمانگەکانی کوردستاندا.

ج ئەنجامدانی هەڵبژادن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان بۆ چاودێریکردنی تەواوی کاروبارە کۆمەڵایەتییەکان و حکومەت.

د هەڵبژاردنی فەرمانبەرانی حکومەت تەنیا لە کورد.

ه ڕاگەیاندنی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان جوتیار و ئاغاکان (خاوەن زەوی).

و هاوکاریکردن لەگەڵ ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاشورییەکان، لە پێناو دامەزراندنی یەکێتی و برایەتی لە وڵاتدا.

**ی** دەرهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانی کوردستان بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

وا دیـارە ئـەم حزبـە شـوێنی ‹کۆمەڵـەی کـوردی› گرتووەتـەوە و بـووە بـە حزبـی فەرمانـڕەوا لـە ناوچـە کوردییەکانـی ئازەربایجانـدا.

**هیوای کورد:**


کۆمەڵەیەکی نهێنییە لە سلێمانی. زانیاریی کەم لەبارەی خۆی و چالاکییەکانی هەیە.


**ڕزگاریی کورد:**

لـەم دواییانـە لـە بەغـدا دەرکەوتـووە، بـە گوێـرەی پەیڕەوەکـەی، پشـتگیریی کـوردی ئێـران دەکات و داوای مافـی کـوردی عێـراق دەکات. ئـەم پەیـڕەوە لـە دیسـەمبەری ١٩٤٥دا بـۆ کۆنفرانسـی وەزیرانـی دەرەوە لـە مۆسـکۆ و بـۆ کۆنفرانسـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە لەنـدەن نێـردراوە، هاوشـێوەی گوتارەکانـی ئازادیـن (Azadi articles). زانیـاری لەسـەر شـوناس و ئەندامانـی ئـەم حزبـە لەبـەر دەسـت نییـە.

**ک. ک. ک:**

لـە مانگـی فێبریـوەری لـە بەیـروت ژمارەیـەک لـە ئەندامانـی ‹ڕۆژا نـو›، ئاماژەیـان بـە ک. ک. ک کـرد، واتـە کۆمەڵـەی کۆمۆنیسـتی کوردسـتان و ئامانجـە سیاسـییەکانیان خسـتووەتەڕوو. بانگەشـەی ئـەوە دەکرێـت ئـەم هەواڵـە لـە ڕۆژنامەیەکـی فارسـی بـە نـاوی ئەلبـورز وەرگیـراوە کـە لـە ڕشـت دەردەچێـت.


BLACK SEA
Map showing
DISTRIBUTION OF KURDS
70% to 100%
60% to 70%
40% to 60%
20% to 40%
20% and under
U.S.S.R.
KARS
L. Sevan
ANKARA
ERZINCAN
ERZURUM
AGRI
SIVAS
TURKEY
TUNCELI
BINGOL
Murat Su
ELAZIG
MALATYA
MARAS
DIYARBAKIR
BITLIS
L. Van
VAN
TABRIZ
PERSIA
HAKKARI
MARDIN
URFA
GAZIANTEP
Euphrates
Aleppo
MOSUL
ERBIL
Great Zab
Little Zab
SULAIMANIYA
KIRKUK
Tigris
SYRIA
CYPRUS
MEDITERRANEAN
SEA
BEIRUT
DAMASCUS
Kermanshah
Ba'quba
BAGHDAD
IRAQ


Map to accompany memoranda on
ARMENIAN & GEORGIAN CLAIMS TO TURKISH TERRITORY" & "THE KURDS OF TURKEY"
GEORGIAN S. S. R.
TBILISI (TIFLIS)
AJARIAN AUT. S.S.R.
ARMENIAN S. S. R.
AZERBAIJAN S. S. R.
NAKHICHEVAN AUT. S.S.R.
KIROVABAD
ERIVAN
Mt. Ararat
NAKHICHEVAN
Aras Su
LAZISTAN
Artvin
Ardahan
L. Cildir
KARS
Giresun
Gümüşane
Çoruh Su
Ispir
Bayburt
Tortum
Oltu
Kelkit Irmak
Kizil Irmak
SIVAS
Erzincan
Kara Su
ERZURUM
Murat Su
TUNCELI
T U R K E Y
Malazgirt
KAYSERI
HARPUT
Elaziğ
MUŞ
Ahlat
VAN
BITLIS
MALATYA
Saimbeyli
Zeytun
Maraş
Kozan
Euphrates
DIYARBEKIR
SIIRT
HAKKÂRI
Khoi
TABRIZ
Rizaia
Maragha
P E R S I A
Taurus Mts
C I L I C I A
ADANA
Mersin
Gaziantep
URFA
MARDIN
Kamishli
Kilis
Iskenderun (Alexandretta)
Antakya
ALEPPO
S Y R I A
MOSUL
Tigris
Great Zab
I R A Q
RESEARCH DEPT. F.O. May 1944

نهێنی

کۆنسوڵی گشتی بەریتانیا

ژمارە ٣٠

تەورێز

(850/645/A-7/46)

١١ی سێپتەمبەر ١٩٤٦

بەڕێز...

١. شەرەفی ئەوەم هەیە سەرنجڕاکێشترین ڕاپۆرت لەسەر بارودۆخی کورد کە دوێنێ لەلایەن قاسم ئاغای ئیلخانی زادە لە خێڵی دابوکری (Dahbukri) بەدەستم گەیشتووە، بۆ بەڕێزتان بەرز بکەمەوە، من ئاماژەم بە سەردانی ئەو کەسە بۆ لای خۆم لە تەلەگرامی ژمارە ٢٨٥دا کردبوو.

٢. قاسم ئاغا کوڕی بایەزید ئاغایە، لەگەڵ براکانی، واتە محەمەد ئاغا و عەلی ئاغا (ئەمیر ئەسەد)، خێڵی دابوکری بەڕێوە دەبەن و لە ناوچەی بۆکانن، دەکەوێتە باشووری مهاباد، خاوەن زەوی و زاری بەرچاون. بایەزید و محەمەد ململانێیەکی درێژخایەنیان لەگەڵ عەلی ئاغادا هەبووە و خێزانەکەیان بە گشتی، دوژمنی قازی محەمەدە ، ئەویش لە دوای ئەوەی ڕووس گرنگیان بە قازی محەمەددا. قاسم یەکێک بووە لەو سەرۆک خێڵانەی پار لەلایەن سۆڤیەتەوە، بانگهێشتی باکۆ کرابوو. هەروەها لە دوای گەڕانەوەی، بۆ من باسی ڕووداوەکانی کرد. بە بڕوای من، ئەوان هەروەك ئەو نیشانی دەدات، لایەنگری بەریتانیا نین. بە بڕوای من باشترە ئەو هەروەک گشت سەرۆک خێڵەکانیتر بە بەکرێگیراو و هەڵپەرست و متمانە پێنەکرا، هەژمار بکەین. من لە دوای شۆڕشی ئازەربایجان لە دێسەمبەری ڕابردووەوە، قاسم ئاغام نەبینیوە.

٣. بە گشتی قاسم گوتی، بارودۆخی حکومەتە ناسیۆنالیستییەکەی کورد لە پەلەقاژەدایە و کێماسی داراییان هەیە. قازی محەمەد لە ڕووی شکڵییەوە

سـەرۆکی ئـەم حکومەتـە و سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانە، دەسـەڵاتێکی زۆر کەمـی بەسـەر خێڵەکانـدا هەیـە و ناتوانێـت پشـت بـە وەفـاداری سـەرۆک خێڵـەکان ببەسـتێت. کـورد لەبـەر ئـەو هـۆکارە ئەویـان وەک سـەرکردەیەکی شـکڵی پەسـەند کـردووە، چونکـە لـە کاتـی خۆیـدا، ئـەو ڕۆڵـی سـەرەکی هەبـوو لـە وەرگرتنـی چـەک و پـارە لـە ڕووسـەوە. گفتوگـۆی قاسـم لەگـەڵ قەواموسـەڵتەنەدا لـە سـەرەتای جـووڵای سەرنجڕاکێشـە. قەواموسـەڵتەنە پێداگـری لەسـەر ئـەوە کـردووە، پێویسـتە کـوردی ئازەربایجـان وەک بەشـێک لـە دانیشـتوانی ئازەربایجـان هەژمـار بکرێـن کـە لـە بەندەکانـی ڕێککەوتنامـەی تاران-تەورێـزدا لـە ١٤ی جونـدا ئامـاژەی پێکـراوە. قـازی محەمـەد لـە دژی ئەمـە دەوەسـتێتەوە.

٤. خواسـتی مەلامسـتەفا بارزانـی بریتیـە لـە دەرکردنـی قـازی محەمـەد لـە سـەرکردایەتیکردنی بزوتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد. لـە سـەرەتای ئـەم سـاڵەدا و بـە پشـتیوانییەکی کەمـی کـوردی ئێـران، پیاوەکانـی مەلامسـتەفا ڕۆڵـی سـەرەکییان بینیـوە لـە شـەڕی دژی هێـزە ئێرانییـەکان لـە هەرێمـی سەردەشت-سـەقز. مەلامسـتەفا نزیکـەی هـەزار پیـاوی چەکـداری هەیـە و چەکەکانیـان لەلایـەن ڕووسـیاوە دابیـن دەکرێـت و خـودی مەلامسـتەفاش هـەوڵ دەدات، ڕووس ناچـار بـکات، لەبـری قـازی محەمـەد پشـتگیریی ئـەو بکـەن. بـە بۆچوونـی قاسـم، حەمـە ڕەشـید گەڕاوەتـەوە عێـراق.

٥. سیاسـەتی کـوردی ڕەزایـە، بـە تەواوەتـی سیاسـەتێکی هەڵپەرسـتانەیە. ئۆمـەر ئاغـای شـکاک، گرنگتریـن سـەرۆک خێڵـی ناوچەکەیـە، پـارە لـە هەمـوو کەسـێک وەردەگرێـت، بـەڵام بەرپرسـیارێتی هیـچ شـتێک لـە ئەسـتۆ ناگرێـت. سـاڵی ڕابـردوو بـڕی ٢٠ هـەزار دینـاری لـە ڕووس وەرگـرت، تـا هێزەکانـی بـەرەو بـەرەی هەرێمـی سەردەشت-سـەقز ببـات. ئـەو بـەرەو ئـەم ناوچەیـە ڕۆیشـت و نزیکـەی پێنـج هـەزار تمـەنی دیکـەی لـە مهابـاد لـە قـازی محەمـەد وەرگـرت، بـەڵام پیاوەکانـی شـەڕێکی ئەوتۆیـان نەکـرد و هـەر زوو پاشەکشـەی بـە پیاوەکانـی کـرد. لـە مانگـی جـوڵای سـەردانی تەورێـزی کـرد و حکومەتـی ئازەربایجـان، ئۆتۆمۆبێـل و چـەک و پـارەی وەک دیـاری پێبەخشـیووە.

٦. پەیوەنـدی ڕووس لەگـەڵ کـورد دا بـە هـۆی سـەردانە بەردەوامەکانـی ڕاوێژکارەکانـی ڕووس لـە تەورێـز و ڕەزایـە بـۆ مهابـاد، بەردەوامـە. بـە تایبەتیـش لـە میانـەی نوێنەرایەتـی ئاژانسـی بازرگانـی ڕووسـی لـە مهابـاد کـە گەنـم و توتنـی کـورد دەکڕێـت و شـەکر و کەتانـی ڕووسـی دەفرۆشـێتە کـورد، هـاوکات ئـەم ئاژانسـە وەک کەناڵێکـی دابینکردنـی چەکـە و وەک بەرپرسـی سیاسـی هەڵسـوکەوت دەکات. بەرپرسـی ئـەم ئاژانسـە موسـڵمانە و خەڵکـی باکۆیـە.

٧. لەکاتێکـدا خـودی کـورد بـێ هیـوان لـە یەکگرتـوو نەبوونیـان، بـەڵام هەموویـان دژی لکاندنیانـن بـە ئازەربایجـان. ئـەوان گلەیـی ئـەوە دەکـەن، ڕێککەوتنـی نێـوان کـورد و ئازەربایجـان لـە ٢٣ی ئەپریـل (نامەکـەم لـە ١٠ی مانگـی مـەی بـە ژمـارە ١٩٤٠)، هیـچ ئاماژەیەکـی بـە ناوچـە فرەنەتـەوەکانی وەک ڕەزایـە و میانـدواو نـەداوە. بـە پێچەوانـەوە، حکومەتـی ئازەربایجـان گریمانـەی ئـەوە دەکات، دەسـەڵاتی بەسـەر ئـەو شارانەشـدا بشـکێت، بـە تەواوەتـی دانیشـتوانەکەی کـوردن و لـەم دواییانـەدا محەمـەد سـەیفولقازی (وەزیـری جەنـگ لـە حکومەتـی نەتەوەیـی کـورددا) بـە حوکمڕانـی مهابـاد دەستنیشـان کـردووە. هـاوکات حکومەتـی ئازەربایجـان وا بیـر دەکاتـەوە، ئـەم مافـەی هەیـە، غـولام یەحیـا دانشـیان وەک فەرمانـدەی جەندرمـە بـۆ مهابـاد بپاڵێورێـت (تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ٢٧٠). قـازی محەمـەد بـە تونـدی دژی ئـەم هەنـگاوە وەسـتاوەتەوە و ڕایگەیانـدووە کـورد هیـچ جەندرمەیـەک قبـوڵ ناکـەن، تەنیـا جەندرمـەی کـورد نەبێـت. سـەرەڕای ئەمـەش، دانشـیان بـە مۆڵەتـی قـازی محەمـەد سـەردانی مهابـادی کـردووە.

٨. کـوردی ماکـۆ و خـۆی وەکـو یـەک لـە دەسـەڵاتی حکومەتـی ئازەربایجـان بێـزارن و نوێنەرانـی ئـەم دوو شـارە هەنوکـە لـە تەورێـزن، تـا ڕاوێـژ لەگـەڵ قـازی محەمـەد بکـەن. شـێخ عەبدولقـادر سـەرۆکی خێڵـی کـوردە جەلالییەکانـی ماکـۆ، کۆچـی دوایـی کـرد و حەسـەن ئاغـای کـوڕی جێگـەی گرتووتـەوە. بۆچوونـی قاسـم ئاغـا لەبـارەی هەوڵـی کـورد بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی خـۆی لـە سـەرەتای جـوڵای، وەک ئـەو بۆچوونەیـە کـە لـە نامەکـەم بـە ژمـارە ٢٤ لـە ٢٣ی جـوڵای، لـە پەرەگرافـی ٨

و ٩دا ئامـاژەم پێکردبـووو. ئـەو ئەوەشـی زیـاد کـرد، هێزەکانـی کـورد لـە ژمارەیـەک لـە کەسـانی خێڵـی میـلان بـە سـەرۆکایەتی سـەرۆکی خێـڵ سـەعید ئاغـا، پێکهاتـووە. هەروەهـا ئامـاژەی بـەوەدا، تـا هەنوکـەش کـوردی خـوی وەفـاداری حزبەکەیانـن. جەبـار زاری کـە حوکمڕانـی شـاری خۆیـە و سـەر بـە ئازەربایجانـە، زۆر دژی کـوردە.

٩. لـە ڕەزایـە کـورد لـە دەسـەڵاتدا هاوپشـک نیـن. زەویدارەکانـی کـورد لـەم ناوچەیـەدا، لەسـەر شـێوازی سیسـتەمی کـوردی، بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان، لـە نێـوان خۆیانـدا دابـەش دەکـەن، بـەڵام زەویـدارە عەجەمـەکان (تـورک زمانـەکان)، یاسـای حکومەتـی ئازەربایجـان لـە دابەشـکردنی بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکان، جێبەجـێ دەکـەن.

١٠. سـەبارەت بـە سیاسـەتی کـورد بـە گشـتی، قاسـم ئاغا لـەو بڕوایەدایـە بانگەشـەی پارتی دیموکراتـی کوردسـتان بـۆ ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی ئێرانـدا، سیاسـەتێکی کوێرانەیـە و پیشـنیازی قـازی محەمەد بـۆ هاوکاریکردن لەگەڵ بـەرەی یەکگرتووی حزبە لیبرالەکانـی ئێـران، دووڕوویيـە. ئامانجـی سـەرەکی بریتییـە لـە دامەزراندنـی کۆمـاری سـەربەخۆی کوردسـتان کـە کـوردی ئێـران و عێـراق و سـوریا و تورکیا لە خـۆ بگرێت. بە قسـەی قاسـم، گشـت جوڵانەوەکە لەلایەن ڕووسـەوە هان دەدرێت و ئاڕاسـتە دەکرێت. قاسـم پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکـرد، قـازی محەمـەد بـە ئـەوی گۆتـووە، ناتوانێـت بـە ئیـرادەی خـۆی هیـچ کارێـک بـکات و دەبـێ پەیـڕەوی فەرمانـی ڕووس بێت.

١١. قـازی محەمـەد بـە پێـی ڕێنمایـی ڕووس هەڵسـوکەوت دەکات، ئـەو هەمـوو توانـای خـۆی وەگەڕخسـتووە، تـا خێڵـی دابوکـری ناچـار بـکات، هـاوکاری حزبـی دیموکراتـی کوردسـتان بـکات، بـەڵام نەیتوانـی سـەرکردەکانی دابوکـری ڕازی بـکات، تـا بـە ناردنـی پاسـەوان بیانهێنێتـە مهابـاد. ئـەم سـەرکردانە ڕەتیـان کـردەوە بچنـە مهابـاد. دواتـر قـازی محەمـەد نزیکـەی ١٠٠٠ سـەربازی بـەرەو بـۆکان نـارد. بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو مەترسـییە، قاسـم ئاغـا ئەندامانـی خێزانەکـەی ناچارکـرد، کێشـە ناوخۆییـەکان وەلا بنێـن و ڕێککەوتنێـک لـە نێـوان ئەمیـر ئەسـەد و براکانـی هاتـە کایـەوە. کاتێـک سـوپای مهابـاد گەیشـتە بـۆکان، ئیلخانیـزادە پاشەکشـێی بـە پیاوەکانـی کـرد بـۆ گوندەکـەی کـە چەنـد میلێـک لـە بـۆکان دوورە و دواتـر لایەنگرەکانـی چەکـدار کـرد و لـە دژی سـوپای

کورد وەستایەوە. لە هەمانکاتدا ئەو پەیامی بۆ خەڵکەکەی لە ناوچە چیاییەکان نارد تا ڕاپەڕن و یەکێک لە گوندە شاخاوییەکانی کردە پەناگە و لەوێدا خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کرد. دواتر قازی محەمەد داوای لە سەرۆک خێڵەکانی ناوچەی ڕۆژئاوای [کوردستانی ئێرانی] کرد و هێزێکی تێکەڵی لە خێڵی شکاک و هەرکی پێکهێنا کە ژمارەیان دەگەیشتە هەزاران کەس و گەمارۆی پێگەکانی دابوکریان دا. دواتر قازی محەمەد پێشنیازی ڕێککەوتنی لەگەڵ ئیلخانیزادە کرد، چونکە ژمارەی هێزەکانی قازی محەمەد زۆر بوون، ئەوانیش ئەم پێشنیازەیان قبوڵ کرد.

١٢. سەرەڕای ئەمەش قاسم ئاغا لەو بڕوایەدایە، خێزانی ئەو لە بەردەم مەترسییەکی گەورە دان، چونکە ڕووس بە دوژمنیان دەزانێت. ئەو گۆتی ئیلخانیزادەکان دەیانویست بەرگری بکەن، بەڵام بە بێ پشتگیریی بەریتانیا، سەرکەوتن سەختە. داوای یارمەتی لە سەرتیپ هۆمایونی فەرماندەی ئێرانی لە سەقز کردووە، بەڵام وەڵامێکی سارد و سڕی وەرگرتووەتەوە و ئیلخانیزادەکان هیچ هیوایەکیان بە حکومەتی ئێران نەماوە. قاسم ئاغا لەوە تێگەیشتووە، لە ڕێگەی تەورێزەوە یارمەتییەکانی بەریتانیا ناگاتە خێڵەکەی، تا ئەو کاتەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراقدا بەردەوام بێت، ئەو پرسیاری ئەوەی کرد، ئایا هیچ بریکارێکی حکومەتی بەریتانیا لەو دیو سنوورەوە ناتوانێت سەردانی بۆکان بکات و یارمەتیان بدات و ڕێنماییان بکات. ئەو گۆتی ئەگەر بێت و دابوکرییەکان یارمەتییەکی کەمی بەریتانیایان هەبێت، ئەوا دەتوانن پارتی دیموکراتی کوردستان و گشت بزاڤە ناسیۆنالیستییەکان، پێش سەرهەڵدانیان لەناو بەرن.

١٣. لەو گفتوگۆیە دڵسارد بووم و لەو بڕوایەدام قاسم ئاغا هەموو کارێک دەکات بۆ سەرزەنشتی قازی محەمەد. باشترین پلانی بریتی بوو لەوەی هەنگاوەکانی لەگەڵ قازی محەمەد ڕێکبخات، تا وا نیشان بدات ئەو، ئەو کات هاوڕێی قازی محەمەد دەبێت، کە قازی محەمەد بە دروستی لە خواستە مەشروعەکانی کورد تێبگات و لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ئێران بگاتە چارەسەرێکی ئاشتییانە. قاسم ئاغا نارەزایی دەربڕی کە قسەکردن لەگەڵ قازی محەمەد بێ سوودە، چونکە ئەو گشت فەرمانەکان لە ڕووسیاوە وەردەگرێت.

١٤. لە کاتێکدا گفتوگۆ لەگەڵ ئەم پیاوە بێ سوودە، بەڵام هەندێك بنەمای نارِوون لە یەکبوون و نیشتیمانپەروەری لەم مرۆڤەدا دەبینرێت کە نیگەرانییە سەرەکییەکەی بریتییە لەوەی چۆن سوودی زۆرتر لە ڕکابەرە کۆنەکەی دەستەبەر بکات و بەرژەوەندییە مادییەکانی لە مەترسی کۆمۆنیست بپارێزێت. من هەوڵمدا قاسم ئاغا تێبگەیێنم، باشترین ڕێنمایی بۆ خێزان و خێڵەکەی بریتییە لە ئارام ڕاگرتنی کوردستان و باشترین بەرگری لە دژی دەستڕۆیی ڕووس بریتییە لە دژایەتیکردنی یەکگرتوویی خەڵکی ئێران. بەهەر حاڵ، من هەستم کرد چاوەڕوانی قاسم ئاغا بریتیی بوو لە نەمانی یەکجارەکی حکومەتی ئێران لەم پارێزگایەدا [واتە لە کوردستان] و دەسەڵاتە بە گومانەکەی لە گشت ناوچەیەکی پاشایەتیدا. چاوڕوانییەک، دەکرێت بە هۆی ڕەشبینیەکەیەوە لەبەرچاو نەگیرێت.

بەڕێز، من شەرەفی ئەوەم هەیە وەفادارترین بەندەی خزمەتکارتان بم.

J. W. WALL

Sir Jhon H. Le Rougetel, K. C. M. G. M. C.

His Majesty's Ambassador, TEHRAN

**سوریا**

ئێمە زانیاری ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە لەبارەی ئەوەی کوردی سوریا، عێراق و ئێران و تورکیا (تا ئەو شوێنەی من ئاگادار بم) چۆن بیر دەکەنەوە. هەروەها حاڵی حازر پرسیاری سەرەکی بریتییە لەوەی، ئایا کورد پێویستییان بە هیچ جۆرە ئامۆژگاری و ڕێنمایکردنێکی بەریتانیا هەیە؟ من لەو بڕوایەدا نیم ئەوان پێویستیان بە ئامۆژگاری هەبێت. تەواوی ئەو شتەی ئێمە دەیزانین بریتییە لە تێبینییەکانی سکرتێر شوکری کویەتلی (Shukri Kuwatli) لەوەی کە حکومەتی سوریا نیگەرانی ئەوەیە، کورد چاویان بڕیوەتە ڕووسیا. بەهەرحاڵ ئەمە خاڵێکە بەڕای من پێویستە لەگەڵ شاندی حکومەتی خاوەنشکۆ لە دیمەقشق، قسەی لەبارەوە بکەین. ئەگەر کوردی سوریا پێویستیان بە هەندێك ئامۆژگاری هەبێت، ئەو کات دەتوانین ئەم کارە بە کۆلۆنێل ئێلفیستۆن (Elphistone) بسپێرین کە بۆ ئەم کارە کەسێکی شیاوە و لەوانەیە سەردانی ئەو، ئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە. من لەو بڕوایەدا نیم، ئەو لەلایەن سورییەکانەوە گومان دروست بکات، بە تایبەتیش سەبارەت بەو شتانەی شوکری کوەیتلی پێیگوتبێت. هەروەها هیچ بیانوێك نابینم کە تورکەکانیش بخاتە گومانەوە. بەهەرحاڵ، ئەگەر کۆلۆنێل ئێلفیستۆن بڕیاریدا ئەم کارە بکات، لەو بڕوایەدا نیم سەردانەکەی ئەو [بۆ سوریا] هیچ زیانێکی لێبکەوێتەوە.

لەم ڕۆژانەدا ئێمە زۆر گوێبیستی ئەوە دەبین، کورد پتر لە ڕابردوو، چاویان بڕیوەتە ڕووسیا، هیچ بەڵگەیەکم لەبەر دەست نییە، ئەمە پشتڕاست بکاتەوە.

١٣ی فێبریوەری ١٩٤٣

زۆر نهێنی

(E 1301/1301/89)

CYPHER/OTP

DEPARTMENTAL, NO 2

لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ دیمەشق

ژمارە ٨٨

کاتژمێر ١٢:٤٥ پاشنیوەڕۆ، ٢١ی فێبریوەری ١٩٤٧

٢٠ی فێبریوەری ١٩٤٧

دووبارەکراو بۆ: بەیروت بە ژمارە ٦، پارێزراو، نووسینگەی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، قاهیرە، ژمارە ٥٣، پارێزراو، ئەنقەرە، ژمارە ٧، پارێزراو

لەلایەن هۆی(Howe)ەوە بەدواداچوون دەکرێت.

١. کۆلۆنێل ئێلفیستۆن، لەوکاتەوەی لە ساڵی ١٩١٩، لە ناوچەکانی کوردستان لە باکووری سوریا یاریدەدەری ئەفسەری سیاسییە، پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەک کورد دروستکردووە. کۆلۆنێل لەم دواییانەدا لەلایەن سکرتێری سەرۆک، موحسین بێی بەرازی، بانگهێشت کراوە، تا سەردانی سوریا بکات و ‹ئامۆژگاری باش› پێشکەش بە کوردی سوریا بکات. حکومەتی سوریا لەوە دەترسێت، کورد چاو ببڕنە ڕووسیا. لە دوای گەڕانەوەی موحسین بۆ سوریا، کۆلۆنێل ئێلفیستۆن، بانگێشتنامەیەکی نووسراوی ‹مستەفا شاهین›، سەرۆکی گەورەی کوردی بەرازی، بەدەست گەیشتووە، تا سەردانیان بکات.

٢. کۆلۆنێل ئێلفیستۆن پرسیاری لە ئێمە کردووە، ئایا ئێمە هیچ مەبەستێکی تایبەتمان هەیە، خوازیارین ئەو ئەم بانگێشتنامەیە قبوڵ بکات، ئەگەر نا، لەوانەیە ئەو ئەم بانگهێشتە ڕەت بکاتەوە. من خۆشحاڵ بووم تەلەگرامەکەی ئێوەم سەبارەت بە بەدواداچوونی ئەم دواییە [لەسەر ئەم بابەتە] بینی.

ئایــا ئێــوە هیــچ بەڵگەیەکتــان لەبەردەســتە بیســەلمێنێت، کــوردی ســوریا پێویســتی تایبەتییــان بــە ‹ئامــۆژگاری بــاش› هەبێــت؟

CYPHER/OTP

DEPARTMENTAL, NO 2

لە دیمەشقەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە

Mr. Eyres

ژمارە ٦٧

١٠ی مارچ ١٩٤٧

ڕێککەوت: کاتژمێر ١:٣٢ پاش نیوەڕۆ، ١١ی مارچ ١٩٤٧

گەیشتووە لە: کاتژمێر ٢:١٠ پاش نیوەڕۆ، ١١ی مارچ ١٩٤٧

تەلەگرامەکەتان ژمارە ٨٨

وەڵامی سێر ر. ج. هۆی (Sir. R. G. Howe)

١. موحسین بەرازی دژی سەردانی کۆلۆنێل ئێلفیستۆن نییە بۆ کوردستان، هەروەها ئەو ڕانەشکاوانە ئاماژەی بەوە دا، لە بنەڕەتدا ئەمە پێشنیازی کۆلۆنێل ئێلفیستۆن بووە نەک هی ئەو.

٢. ئەگەرچی ئێمە دەمانەوێت زانیاریی زۆرباشمان لەبارەی ناوچەکانی کوردستان بەدەست بکات، بەڵام ناتوانم بڵێم حاڵی حازر، کوردی سوریا پێویستییەکی تایبەتیان بە ‹ئامۆژگاری باش› هەیە. ڕاستە کورد لەلایەن ڕادیۆی ڕووسەوە بە ئامانج گیراون، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئازەربایجان نەبوونەتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەپێکردنی کورد بە ڕووسیا، هەربۆیەش من هیچ هۆکارێک نابینم، داوا لە کۆلۆنێل ئێلفیستۆن بکەین، ئەم بانگهێشتەی کورد قبوڵ بکات، بە تایبەت ئەگەر خۆی مەیلی لەسەر ئەم کارە نەبێت.

کۆپییەك لەم نووسراوە بۆ ‹سێر ر. هۆی›، نێردراوە

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S.W. 1

(E. 2195/1301/89)

١٩ی مارچ ١٩٤٧

سوپاس بۆ نامەکەتان لە ٧ی فێبریوەری، لەبارەی پێشنیازی ئەوەی بەڕێزتان سەردانی خێڵە کوردییەکانی سەر سنووری نێوان سوریا و تورکیا بکەن، چونکە ئێوە ئاشنای ئەم پرسەن. من داوای لێبوردن دەکەم، نەمتوانی پێشتر وەڵامتان بدەمەوە، بەڵام بە بۆچوونی من باشتر بوو پێش ئەوەی وەڵامتان بدەمەوە، ڕاوێژ لەگەڵ نوێنەرایەتی بەریتانیا لە دیمەشق بکەم.

ئێمە هیچ هۆکارێکمان لەبەردەست نییە، تا گوشارتان بخەینەسەر بۆ ئەنجامدانی ئەم گەشتە، هاوکات هیچ هۆکارێکیشمان لەبەر دەست نییە، دژی چوونی ئێوە بین. ئەگەر بڕیارتاندا ئەم گەشتە ئەنجام بدەن، ئێمە خۆشحاڵ دەبین، زانیاریی زۆرباشمان لەبارەی بارودۆخی ناوچەکانی کوردستان پێ بدەیت.

من دووبارە نامەکەی مستەفا شاهینتان بۆ دەگەڕێنمەوە.

(R. Howe)

Colonel W. E. Elphinstone

34, Hurlingham Court, S. W. 6

سنووردار

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S. W. 1

(E. 2875/1301/89)

٢١ی مارچ ١٩٤٧

چونکە سێر ڕۆبێرت هۆی (Sir Robert Howe) بەرەو سودان ڕۆیشتووە، من وەڵامی نامەکەتان لە ڕێککەوتی ٣٠ی مارچ دەدەمەوە کە داواتان کردبوو، ئایا ئێمە دەتوانین یارمەتی ئەمیر جەلادەت عەلی بەدرخان بدەین یان نا.

بەداخەوە لە بارودۆخی ئێستادا مومکین نییە، هەروەك بەڕێزتان پێشنیازتان کردبوو، وەک ئاسانترین ڕێگە بۆ هێشتنەوەی ئەمیر لە پێگەکەیدا و هێشتنەوەی وەک لایەنگری بەریتانیا، پشکمان لە ڕۆژنامەکەی ئەمیر جەلادەتدا هەبێت. بەشی زانیاریی تاڕادەیەکی بەرچاو خەرجییەکانی خۆی کەم کردووەتەوە. ئێمە هیچ ڕێگەیەکیتر شک نابەین، بتوانین لە میانەیدا یارمەتی مادی پێشکەش بە ئەمیر بکەین.

بەهەر حاڵ، نوێنەرایەتی بەریتانیا لە دیمەشق ئاگادار دەکەینەوە، ئەگەر لە توانایاندا بوو یارمەتی ئەمیر جەلادەت بدەن.

من نامەکەی ‹ئەمیر جەلادت›ان بۆ دەنێرمەوە.

(P. Garran)

Colonel W. E. Elphinstone

34, Hurlingham Court, S. W. 6

تۆمارکراو

(E 2875/1301/89)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S, W, 1

٢١ی ئەپریل ١٩٤٧

نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە دیمەشق

لەلایەن بەشی ڕۆژهەڵاتەوە

بەڕێز نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان

کۆپییەك لە نامە گۆڕینەوەی نێوانمان لەگەڵ کۆلۆنێل ئێلفیستۆن، سەبارەت بە پرسی ‹ئەمیر جەلادەت عالی بەدرخان›تان بۆ ڕەوانە دەکەین (بڕوانە تەلەگرامەکەمان بە ژمارە ٨٩ لە ٢٠ی فێبریوەری).

هەروەك دەبینن، بەڵینماندا بوو، ئاماژە بەناوی ئەمیر جەلادەت بکەین و داوا بکەین، ئەگەر لە تواناتاندا بێت، یارمەتییەکی بدەن.

خزمەتکاری هەمیشەیتان،

بەشی ڕۆژهەڵات

زۆر نهێنی

باڵیوزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(251/19/48)

٢٨ی جوولای ١٩٤٨

بەڕێزتــان دەتوانــن زانیاریــی بەســوود ســەبارەت بــە ڕەوشــی هەنوکەیــی کوردســتانی عێــراق لــە تەلەگرامــی نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە بــە ژمــارە ٧١٣ لــە ٢٩ی جــون، هەڵێنجــن.

لــە کرماشــانەوە زانیاریــمان پێگەیشــتووە، ســوپای ئێــران لــە دژی پیاوەکانــی ســەر بەخێڵــی جوانرۆیــی ئۆپراســیۆنێکیان ئەنجــام داوە. لەوانەیــە لــە دوای شکســتی ئــەم خێڵــە، هەندێــك لــە پیاوەکانیــان بــەرەو ســنوورەکانی عێــراق بپەڕنــەوە. دەســەڵاتدارانی عێــراق ئــاگاداری ئەمــەن، ئەمــەش نــە ئــەوان و نــە ئێمــەی زۆر نیگــەران نەکــردووە. ئێمــە هیواداریــن ســنوورەکان تــا ئــەو شــوێنەی دەکرێــت، داخــراو بــن.

جیــا لەمــەش، تــا هەنوکــە هیــچ ئاماژەیــەک لــە نائارامــی لــە نێــوان خێڵــە کوردییەکانــی کوردســتانی عێراقــدا نەبیــنراوە. هەنوکــە هــەردوو شــاری ســلێمانی و هەولێــر بوونەتــە مایــەی نیگەرانیــمان. یاســای ســەربازیی بووەتــە هــۆی ئــارام گرتنــی ئــەوان، بــەڵام ئــەم ئارامییــە، ئارامییەکــی ڕووکەشــە. هــاوکات پیلانەکانــی حزبــە کۆمۆنیســتە نایاســاییەکان بەردەوامــن و لــە ئاســتی چالاکییەکانــی ئــەم حزبانــە کــەم نەبووەتــەوە. هەروەهــا کەرتــی کارگێــڕی مەدەنــی هێنــدە لاوازە، بــە بــێ پاڵپشــتی یاســای ســەربازی، زۆر ســەختە بتوانــن ئیــدارەی شــارەکان بکــەن. تــا هەنوکــە خــودی یاســای ســەربازیش، زۆر بــە تونــدی هــەروەك ئــەوەی ئێمــە دەمانویســت، پیــادە نەکــراوە. لــە کاتێکــدا جەنــەڕاڵ مســتەفا ڕەقیــب پاشــا فەرمانــدەی گشــتی فەرماندەیــی کەرتــی دوو لــە کەرکــوک بــوو، ئــەو گشــت توانــای خــۆی بەگەڕخســت، تــا بــە پێــی سیاســەتی هــاوکاری نەکــردن [لەگــەڵ کۆمۆنیســتەکاندا] سیاســەتەکە لــە ڕێگــەی

کارگێڕی مەدەنییەوە جێبەجێ بکا و کۆمۆنیستەکانی هەولێر بۆ ئێمە دەستبەسەر بکات، بەڵام بە هۆی گواستنەوەی ئەم کاربەدەستە و جێگرتنەوەی لەلایەن فەرماندەیەکی لاوازەوە، دادگای سەربازیی حوکمێکی زۆر سووکی بۆ زۆربەی ئەو ئاژاوەگێڕە دەستبەسەرکراوانە دەرکرد.

وێڕای ئەمەش لاوازیی کەرتی کارگێڕی مەدەنی لە مەڵبەندی سەرهەڵدانی نائارامییەکان، واتە سلێمانی، ئەم شارە نزیکەی سێ مانگە بە بێ موتەسەڕیفە. ماوەیەکە سلێمانی بووەتە شاری تەقینەوەی [نائارامیەکان] و زۆرێک لەلایەنگرانی حزبە چەپڕەوەکانی لە خۆ گرتووە کە دەرکەوتنە بەرفراوانەکەیان لە سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنە بەراییەکانی ئەم دواییەی شاری سلێمانیدا نیشاندرا. هەروەها مەترسی ئەوە لە ئارادایە، لاوازیی کەرتی کارگێڕی مەدەنی، ببێتە هۆی ئەوەی شێخ لەتیفی کۆنەپارێز دەست بەسەر یاسادا بگرێت. بە تایبەتیش ئەگەر هاتوو یاسای سەربازی هەڵبگیرێت. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەرۆک وەزیرانم لەم بارەیەوە ئاگادار کردووەتەوە. ئەو فەرمانی کردووە بە دانانی موتەسەڕیفێکی باش بۆ سلێمانی لە کورترین ماوەدا، بەڵام گلەیی ئەوەی کرد، دۆزینەوەی پیاوی دروست بۆ ئەم پێگەیە (پێویستە کورد بێت و جەماوەری بێت و لە کوردستاندا ڕێزی هەبێت) کارێکی زۆر سەختە. بەهەرحاڵ، ئەو گرنگییەکی تایبەت بەم بابەتە دەدات.

هەروەها سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوە دا، هیواداره بتوانێت لە دوای گەڕانەوەی ڕێگنت (Regent) بۆ عێراق، بتوانێت سەردانێکی کورتی کوردستان بکات، تا دووبارە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسایەتییەکانی کورددا نوێ بکاتەوە. هەروەها پێشنیازی ئەوەی کرد، شێخ مەحمود ببێت بە ئەندام پەرلەمان، بەڵام نەیزانی، ئایا ڕێگنت بەم پێشنیازە ڕازی دەبێت یان نا.

لەکۆتایدا، پێشنیازی ئێمە بریتییە لەوەی، ئەگەرچی شارە کوردییەکان ژمارەیەکی زۆری ئاژاوەگێڕیان تێدایە، بەڵام هەنوکە، هیچ ئاماژەیەکی جیددی لەسەر نانەوەی ئاژاوە لە کوردستاندا بەدی ناکرێت. بارودۆخەکە لە کوردستان کاتێک مەترسیدار دەبێت، ئەگەر بێت و ڕووداوەکانی فەلەستین ببنە هۆی رووخانی حکومەتی بەغدا،

یـان ڕووس بیانەوێـت هانـی ئـاژاوە بـدەن. هەربۆیـەش لەوانەیـە باشـتر بێـت ئێمـە لـە هاتنـەدی نائارامـی جیـددی لـە بەغـدا بترسـین کـە ڕاسـتەوخۆ دەبێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی نائارامـی لـە سـلێمانی، هەولێـر و موسـڵ. دواتـر لـەم ناوەندانـەوە نائارامییـەکان بـەرەوە ناوچـە خێڵەکییەکانـی کـورد تەشـەنە دەکات.

ئـەو هێـزە چەکدارانـەی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو نائارامییانـە بەکارهێـنرا بـوون، زۆر بـێ توانـان، ئەویـش بـە هـۆی تێکەڵکردنیـان لەگـەڵ پێنـج بەتالیۆنیـتر و هێزەکانـی پشـتیوانی سـەر بـە کەرتـی دوو کـە بنکـەی فەرماندەییـان لـە کەرکوکـە و ڕەوانەکردنیـان بـۆ فەلەسـتین. ئـەو هێزانـەی ماونەتـەوە، تەنیـا دەتوانـن ڕووبـەڕووی نائارامـی بچـووک ببنـەوە و ناتوانـن سـەرهەڵدانی گشـتی سـەرکوت بکـەن.

هـەروەک لـە تەلەگرامـی باڵیۆزەکەمـان بە ژمـارەی ٧٥٤، لـە ٨ی جوڵای بینیوتانـە، ئاماژە بـەوە دەدات، پۆلیسـی خـولاو (Mobile Police) بەسـە بۆئـەوەی ڕووبـەڕووی هـەر جـۆرە سـەرهەڵدانێک لـە کوردسـتان ببێتـەوە کـە لـە ئاسـتێکی سروشـتی دابێـت. لەوانەیـە ئـەم قسـەیە ئەوکاتـە ڕاسـت بێـت، ئەگـەر بێـت و ئـەم هێزانـە بـە خێرایـی بجوڵێـن و لەگـەڵ ئـەو یەکـە سـەربازییانەی لـە باکـووردا ماونەتـەوە، پێکـەوە هـاوکاری بکـەن، بـەڵام کارایـی ئـەم پۆلیسـەش بـە هـۆی بەرپرسـیارێتییان لـە شـوێنەکانیتر سـنووردارە. حاڵـی حـازر، هیـچ شـتێک لـە ئـارادا نییـە ببێتـە هـۆی نیگەرانیـمان، کەچـی پێویسـتە زۆر بـە وردی چاودێـری ڕووداوەکانـی کوردسـتان بکەیـن و لەهـەر بەرەوپێشـچوونێک ئاگادارتـان بکەینـەوە.

مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ بریـکاری کارەکان لـە تـاران و سـەرۆکی نووسـینگەی بەریتانیـا بـۆ کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن دەنێـرم.

نهێنی کۆنسولخانەی گشتی بەریتانیا

تەورێز

(435/79/A-7/50)

٢٨ی جوڵای ١٩٥٠

هەروەك ئاگادارن، لە ڕاپۆرتە شەش مانگییەکەمدا لە مانگی جانیوەرەی، سەبارەت کرمانشان، ئاماژەم بە هەڵوێستێکی بڕیار لەبارە نەدراوی دەسەڵاتدارانی ئێران کرد، سەبارەت بە گرتنەبەری سیاسەتی چەکدارکردنی خێڵەکان. چەند ڕۆژ لەمەوبەر کاتێک پەیوەندیم بە شابەختیەوە کرد، ئەم بابەتەم لەگەڵیدا باس کرد. ئەو تیشکی خستەسەر سەرکەوتنەکانی لە کوردستاندا کە لە ماوەی ٢٤ ڕۆژدا بە دەستی هێنابوو.

باسی ئەوەی کرد، لە کاتی داگیرکردنی ئێران لەلایەن ڕووسەوە، کورد کە ئەو بە سەربازەکانی خۆی ناوی بردن، هێزێکی بەهێزی نهێنی پێکدێنن. من بە شابەختم گوت، نازانم بۆچی هیچ کاتێک، تیپە سەربازییەکانی کورد، هاوشێوەی گاردەکانی سکۆتلەندا، پێکنەهێنراون. ئەو گۆتی هیچ کاتێک ڕێگە نادات، ئەمە ڕوو بدات. ئێران ‹یەک میللەتە› و فارس و ئەرمەن و کورد و تورک شان بە شانی یەکتر خزمەتی ئەم وڵاتە دەکەن.

بە بۆچوونی من شابەختی لەو بڕوایەدا نییە، کورد سەرەڕای ڕێز گرتن لە شابەختی، هیچ کات ملکەچی حکومەتی ئێران بن، بەڵام تێنەگەیشتم بۆچی هەوڵیدا ئەم وێنا خەیاڵییەم پێ نیشان بدات. ئەگەر بێت و فەرماندەی باڵا بە ڕاستی بڕوای بەم یەک ڕیزییە هەبێت، بە بڕوای من ئەوان هەڵە دەکەن. لە لایەکیترەوە، هیچ بەڵگەیەکم لەبەر دەست نییە ئەم بڕوایە [بە یەک دەست بوونی گەلانی ئێران]، لە ئەرزی واقیعدا جێبەجێ کرا بێت، ئەگەرنا [دەسەڵاتدارانی ئێران] چەکیان نەدەدایە خێڵەکان.

C. T. Sandy Esq

Brirtish Embassy- Tehran

تەلەگرامی پارێزراو بۆ جیهانی دەرەوە

پارێزراو بۆ: تاران

لە واشنتۆنەوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە

سێر، ئۆ. فرانکس

(D. 3.45 pm)

٦ی سێپتەمبەری ١٩٥٠

ژمارە ٢٣٨٢

٥ی سپتەمبەری ١٩٥٠ (R 10. 50 pm) ٦ی سێپتەمبەری ١٩٥٠

بـۆ تەلەگرامـی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـە ژمـارە ٢٣٨٢ لـە ٥ی سـێپتەمبەر نێـردراوە

وەڵامی نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە بەغدا، تاران.

مەکگی (McGhee) سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قسە دەکات.

١. بەشـی کاروبـاری دەرەوە، لـە ١ی سـێپتەمبەر، پێشـنیازەکەیان سـەبارەت بـە بەرنامـەی کاری باڵیۆزخانەکەیـان لـە لەنـدەن، تەلەگـرام کـردووە. ئێمـە لـە ٧ی سـێپتەمبەر، لەبـارەی بابەتەکانـی تەلەگرامەکـە گفتوگۆیـان لەگـەڵ دەکەیـن و هیـوادارم ئەنجامـی گفتوگـۆی بابەتەکانتـان بـۆ بنێـرم.

٢. یەکـەم بابـەت پەیوەسـتە بـە کوردسـتانەوە. ئـەوان هیـوادارن هەڵسـەنگاندنی ئێـوە لـەم بارەوەیـە و لەبـارەی مەترسـییەکانی ئـەم بابەتـە بزانـن، هەروەهـا لەوانەیـە دەسـەڵاتدارەکان هـان بدرێـن، تـا عێـراق بێننـە نـاو مەرجەکانـی دابینکردنـی یارمەتـی سـەر بـە بەرنامـەی یارمەتـی سـەربازیی.

تکایـە نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان ئـەم نامەیـە وەک تەلەگرامـی پارێـزراوی مـن بـە ژمـارەی ٥٠ و ١٢، بـۆ تـاران و بەغـدا بنێـرە.

وەڵامی نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان بۆ بەغدا و تاران.

ژمارە ۷۸۱۵

۱۹۵۰/۹/۱۱

سوریا-یەکێتی سۆڤیەت

سیاسی-دژە سیخوڕی

کاروباری کورد

٣. لەمـاوەی چەنـد مانگـی ڕابـردوودا، لایەنگـری ڕووس بـۆ ناسـیۆنالیزمی کـوردی لـە ناوچـەی قامشـلۆی سـەر بـە جزیـرە، زیـادی کـردووە. پڕوپاگەنـدەی ڕووسـەکان کـە لـە ڕێگـەی ڕادیـۆی ئێرانـەوە بـە زمانـی کـوردی پەخـش دەکرێـت و لـە ڕێگـەی نامیلکـەوە لەلایـەن کـوردە کۆمۆنیسـتەکانەوە بڵاودەکرێتـەوە و لـە ڕێـگای زارەکیشـەوە لەلایـەن ئـەو کوردانــەی لــە ڕووســیاوە بــۆ ئێــران و عێــراق و ســوریا گەشــت دەکــەن بــڵاو دەکرێتـەوە، ئـەم پڕوپاگەندانـە ئـەم هێڵانـەی خـوارەوە لـە خـۆ دەگـرن:

ا تیشکخستنەسـەر ئـەو کارانـەی لەلایـەن ڕوسـیاوە بـۆ زیندووکردنـەوەی کلتـور و زمانـی کوردەکانـی خـۆی ئەنجامیـداون. ئـەو خاڵـەی پێداگـری لەسـەر دەکرێـت، هاندانـە بـۆ خوێنـدن بـە زمانـی کـوردی لـە قوتابخانـەکان، هەروەهـا ڕوسـیا تەنیـا وڵاتـی بێگانەیـە گرنگـی بـە خۆشـگوزەرانی بـۆ کـورد دەدات.

**ب** ئەگـەر کـورد هەوڵـی زیندووکردنـەوەی زمـان و کلتـوری خۆیـان نـەدەن، لـە نێـوان تـورک و فـارس و عەرەبـدا دەتوێنـەوە. پێگـەی کـورد وەک جەنـگاوەرە لێهاتووەکانـی قەفقازیـا، بـە پێچەوانـەی بندەسـت بوونیـان دێـت. ئەویـش بـە هـۆی پشتگوێخسـتنی مافـی مومارەسـەکردنی زمـان و کلتـوری خۆیـان و ملکەچکردنیـان.

**ج** بــەردەوام دەنگــۆی دامەزراندنــی هێزێکــی نەتەوەیــی کــوردی بــە ســەرکردایەتی مەلامسـتەفا بارزانـی لـە ڕوسـیا دەدرێـت. هەروەهـا ڕووس پشـتگیریی لـە نیشـاندانی بیرۆکـەی بارزانـی وەک قارەمانێکـی نەتەوەیـی و ڕزگارکـەر دەکـەن.

٤. بڵاوکــراوە پڕوپاگەندەکانــی کــوردی کــە لــە ئێریڤــان و بــە زمانــی کــوردی چــاپ

دەکرێـت، لەلایـەن کـوردە کۆمۆنیسـتەکانەوە بڵاودەکرێتـەوە و کاریگەریـی زۆری لەسـەر گەنجانـی کـورد هەیـە، بـەڵام ڕەفتـاری سـەرکردە پیرەکانـی کـورد لەبەرانبـەر ئـەم پڕوپاگەندەیـەدا، ڕەفتارێکـی ناکارایـە. ئـەو سـەرکردانە ناتوانـن ڕووبـەڕووی ناسـیۆنالیزمی کـورد بوەسـتنەوە و تەنیـا یـەک بەدیـل نەبێـت، ئەگـەر نـا هیـچ بەدیلێکیشـیان بـۆ پلانەکـەی ڕووس نییـە.

٥. ئـەم پلانـە بەدیلـە لەلایـەن قـەدری بێـی (Kadri Bey) جـەلال پاشـاوە کـە دەسـتڕۆترین و جەماوەریتریـن سـەرۆک خێڵـی جەزیرەیـە خراوەتـەڕوو، بـە پوختـی بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە:

ا هانـی تورکیـا بدرێـت (کـە زۆرتریـن ژمـارەی کـورد تێیـدا نیشـتەجێن) بـۆ کەمینـە کوردەکـەی ئـەم مافانـەی خـوارەوە گەرەنتـی بـکات:

١. ئۆتۆنۆمیەکی سنووردار لە ژێر سەروەری تورکیادا.

٢. ئازادیی زمان.

**ب** لـە دوای نموونـەی تورکیـا، ئێـران و عێـراق و سـوریا هانبدرێـن، بـۆ کەمینـەی کـوردی خۆیـان گەرەنتـی ئـازادی زمانیـی بکـەن، بـە بـێ ئۆتۆنۆمـی.

قـەدری بێـی لـەو بڕوایەدابـوو، بـە بـێ جێبەجێکردنـی ئـەم پلانـە، کـورد دەبنـە ئامرازی دەسـتی ڕووس. حاڵـی حـازر، سـەرکردایەتی کـورد لـە دەسـت نـەوەی کـۆن دەرچـووە و پارتـی کۆمۆنیسـت بـە سـەرکردایەتی سـلێمان ئیـبن حاجـو ئاغـا، بووەتـە سـەرچاوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد کـە بنکەکـەی لـە قامیشـلۆیە.

ژمارە: ٠٦٠٥ ٢١٣

١٨ سێپتەمبەری ١٩٥٠

عێراق

سیاسیی/سەربازیی

بۆچوون و چالاکیی کورد (ئۆگۆست-سێپتەمبەر ١٩٥٠)

هەوڵێکی زۆر بۆ بەدیهێنانی گەڕانەوەی مەلامستەفا (over attempt to obtain Mulla Mustafa's return)

١. لە سەرەتای سێپتەمبەر عەلی حەیدەر سلێمان، سەرکردەیەکی سیاسی کورد و محەمەد زیاد ئاغا، جێگری پێشووی ئۆپۆزیسیۆنی کورد، پەیوەندی بە تۆفیق سوەیدی (suweidi) و دواتر سەرۆک وەزیرانەوە کرد و هەوڵیانداوە سەرۆک وەزیران ڕازی بکەن، ڕێگە بدات مەلامستەفا بگەڕێتەوە عێراق. ئەوان پێداگرییان لەسەر ئەوە کرد، بەهۆی بارودۆخی هەنوکەیی جیهان، لەبری ئەوەی مەلامستەفا لە دەرەوە بێت، گەڕانەوەی ئەو زۆرتر خزمەت بە مەبەستەکانی حکومەت دەکات. وێڕای ئەمەش پێداگریان لەسەر ئەوەکرد، ئەمنیەتی مەلامستەفا پارێزراو بێت و لە ئەبوغرێب لە ڕۆژئاوای بەغدا نیشتەجێ بکرێت، یان لە هەر شوێنێکیتر جیا لە کوردستان نیشتەجێ بێت. سەرۆک وەزیران بەڵێنیدا ئەم پێشنیازە لەگەڵ پاشا تاوتوێ بکات، چونکە تەنیا ئەو دەتوانێت لەسەر ئەم بابەتە بڕیار بدات.

**کوردی عێراق پەیوەندی بە مەلامستەفاوە دەکەن.**

٢. لە کۆتایی ئۆگۆستدا، پیاوێکی سەر بەخێڵێک لە سەرچاوەیەکی نەزانراوەوە کە لە لەوەڕگە هاوینییەکانی فەتاح ئاغای هەرکی لە ئێران کار دەکات، سەردانی دیانای کردووە، ٤ میل لە باکووری ڕواندزەوەیە. پیاوەکە گوتوویەتی پەیام و پارەی لە بنەماڵەی بارزانییەوە هێناوە. ئەو گوتوویەتی

هاوڕێیەک (ناوەکەی نەزانراوە) لە لەوەڕگە هاوینییەکەی فەتاح ئاغادا چاوەڕوانیەتی، تا هەواڵی بارزانییەکان بۆ مەلامستەفا بباتەوە. بە قسەی ئەم پیاوە، هێزەکانی مەلامستەفا پەیوەندیان لەگەڵ ئەمریکاییەکان هەیە و یەکەمین هێرشیان بۆ سەر تورکیا دەبێت.

٣. لە سەرەتای ئۆگۆستدا، توتیخان، دایکی ئەسعەد خۆشەوی، یاریدەدەری پێشوی مەلامستەفا، کە هەنوکە لە ڕواندز دەژییێت، ئاماژەی بەوەداوە ئەسعەد خۆشەوی لە ڕێگەی خێڵە شکاکەکانی تورکیا، پەیوەندی بە مەلامستەفاوە دەکات.

**دەنگۆی چوونی مەلامستەفا بۆ تورکیا**

٤. لە دووەم هەفتەی ئۆگۆستدا، فەرزەندال ئیبن جەنگوێر ئاغا (Ferzandal Ibn Janguir Agha)، کە سەرۆکێکی خێڵی هەرکییە و سەردانی سنوورەکانی ئێرانی کردبوو، لە گەڕانەوەیدا بۆ موسڵ، ئاماژەی بەوە داوە، ئێران پاشەکشەی بە هێزەکانی لەسەر سنوورەکانی نێوان ئێران-عێراق کردووە. هۆکاری ئەمەش بریتیی بووە لەوەی مەلامستەفا بە هاندانی ڕووسەوە، سنوورەکانی ئێرانی بەزاندووە، ئازاری هاوڵاتیانی ئێران دەدات و کاڵاکانیان تاڵان دەکات. هەربۆیەش حکومەتی ئێران خەریکی بەهێزکردنی هێزەکانیەتی تا ڕووبەڕووی ئەم هێرشبەرە ببێتەوە.

**دەنگۆی ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕش لە کوردستانی ئێراندا**

٥. ئاشوورییەک لە سەرچاوەیەکی نەزانراوەوە، کە لە ١٢ی ئۆگۆست لە ڕەزایەوە هاتووەتە هەولێر، ڕایگەیاندووە گشت دەوڵەمەندەکانی ڕەزایە ماڵ و موڵکیان بۆ تاران دەگوازنەوە. بە گوێرەی قسەکانی ئەم ئاشوورییە، هەندێک سەرۆک خێڵی کوردی ئێران فەرمانیان بە جوتیارەکانیان کردووە، پەلە بکەن لە دروێنەی بەرهەمەکانیان، ئەمەش وەک ئامادەکارییەک بۆ سەرهەڵدانی شۆڕشێکی گەورە. ئەو ئاماژەی بەوە کردووە، ژمارەیەک لە

بنکــە ســەربازییەکانی ســەر ســنوورەکان، پاشەکشــەیان کــردووە بــۆ نــاوەوەی ئێــران و تەرکیزیــان خستووەتەســەر هەندێــك ئەرکــی قوڕســتر.

**قسەیەک لەبارەی دەستێوەردانی ڕووسیا لە کاروباری ئێران**

٦. ئـەم ئاشـوورییە لەسـەرەتای ئۆگۆسـت لـە ڕەزایـە لەلایـەن ئەندامانـی خێڵـی فەتـاح ئاغـای هەرکییــەوە کــە لــە لەوەڕگــە هاوینییەکەیــدا کار دەکــەن، پێــی گوتــراوە، ماوەیـەک لەمەوبـەر پێیـان گوتـراوە، ڕووسـیا لـە مـاوەی ئـەم هەفتەیـەدا هێزەکانـی بــە پەڕەشــوت بــۆ ســەر ڕەزایــە دادەبەزێنــێ. ئــەم ماوەیــە تەواوبــووە، هــەر بۆیــە ئــەوان دەیانەوێــت بزانــن، ئایــا ڕووس دەســتیان بەســەر ڕەزایــەدا گرتــووە یــان نــا.

ژمارە ٧٨٨٥

١٩٥٠ /٩/٢٥

سوریا

سیاسی/کۆمۆنیزم

کاروباری کورد

**١. چالاکیی ناسیۆنالیستیی کورد**

چالاکییە ناسیۆنالیستییەکانی کورد لە جزیرە لە دوو گروپی سەرەکیدا کورت بووەتەوە:

**ا کۆمیتەی خۆیبوون:**

ئـەم کۆمیتەیـە نوێنەرایەتـی کەسـە دیارەکانـی سـەر بـە نـەوەی کـۆن دەکات، هـەر یـەک لەمانـەی خـوارەوە لەخۆدەگرێـت:

- جەلادەت بەدرخان
- حوسێن حاجۆ ئاغا
- محەمەد جەمیل پاشا
- ئیبراهیم جەمیل پاشا
- د. ئەحمەد نافز

ئــەم کەســانە دەیانەوێــت ناســیۆنالیزمیی کــورد زینــدوو ببێتــەوە، بــەڵام ئــەوە ڕەتدەکەنــەوە، بــۆ هێنانــەدی ئامانجەکانیــان پەنــا بــۆ یەکێتــی ســۆڤیەت و جوڵانــەوەی کۆمۆنیســتی ببــەن.

**ب گروپی سلێمان حاجۆ ئاغا**

ئـەم گروپـە نوێیـە، لەلایـەن سـلێمان حاجـۆ ئاغـاوە بەڕێـوە دەبردرێـت و لـەو بڕوایـەدا پەیوەندییەکـی نزیـک لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەت و جوڵانـەوەی کۆمۆنیسـتی باشـترین ئامـرازە بـۆ دەسـتەبەرکردنی سـەربەخۆیی کـورد.

### ٢. پەیوەندی لەگەڵ عێراق

هــەردوو گروپەکــە لــە ڕێــی دوو کەناڵــەوە، پەیوەندییەکانیــان لەگــەڵ ســەرکردەکانی کــورد لــە ســلێمانی و کەرکــوک لــە عێراقــدا پاراســتووە:

**ا** لـە ڕێگـەی ئـەو پەیامنێرانـەی بـە نهێنـی لـە سـنوورەکانی عێـراق و سـوریادا لـە نێـوان هاسـتەچە **(Hassetche)** لـە جزیـرە و جەبـەل سـنجار لـە عێراقـدا، هاتوچـۆ دەکـەن.

**ب** لــە میانــەی ســوود وەرگرتــن لــەو فەرمانبەرانــەی لــە هێڵــی شــەمەندەفری نێــوان موسـڵ-حەلەب کار دەکـەن، کـە لـە نزیـک سـنوورەکانی نێـوان سـوریا و تورکیـا دەربـاز دەبێــت.

### ٣. ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی جزیرە

مەڵبەنــدی ســەرەکیی چالاکیــی کۆمۆنیســتی لــە قامشــلۆیە و لقەکانــی لــە کۆبانــێ، دەرباسـیە، عامـودا و دێرکـدا هــەن.

سەرکردەکانی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی بریتین لە:

- ســلێمان ئاغــا حاجــۆ؛ کــوڕی حوســێن حاجــۆ ئاغایــە و ســەرکردەیەکی کــوردی ناسیۆنالیســتگەرایە.
- جگەرخوێن: شاعیر و گوتاربێژە. سەرۆکی کۆمیتەی هەڵمەتی ئاشتی قامشلۆیە.
- جۆزێف موسەلی: سەرۆکی ڕێکخراوی گەنجانی دیموکرات، لقی قامشلۆ.

لـە پـاڵ حزبەکـە، دوو ڕێکخـراو هـەن، لەلایـەن حزبـی کۆمۆنیسـتەوە کۆنـترۆڵ کـراون، ڕێکخـراوی گەنجانـی دیموکـرات (بەشـی جیـاوازی بـۆ پیـاوان و ئافرەتـان هەیـە)، هەروەها جوڵانـەوەی ئاشـتی جیهانـی. بنکـەی هەرێمایەتـی هـەردوو ڕێکخراوەکـە لە قامشـلۆیە.

زۆربــەی لایەنگرانــی حزبــی کۆمۆنســیت کــوردن، بــەڵام ژمارەیــەک لــە ئاشــوورییە عەرەبـەکان و ئەرمەنەکانیـش پشـتگیریی ئـەم حزبـەن. ئـەم دوو نەتەوەیـە (واتـە ئاشـوری و ئەرمـەن)، لەگـەڵ ناسیۆنالیزمی کـورددا نیـن و تەنیـا بـە هـۆی هـۆکاری ئایدیۆلۆژییـەوە پشـتگیریی لـەم حزبـە دەکـەن.

٤. سـەرکردەکانی کۆمۆنیسـت لـە جەزیـرە لـە ڕێگـەی کۆمیتـەی هەرێمـی حەلەبـەوە، لـە ژێـر کۆنترۆڵـی کۆمیتـەی ناوەنـدی حزبـی کۆمۆنیسـتی سـوریادان. کۆمیتـەی حەلـەب بەرپرسـیارە لـە بڵاوکردنـەوەی بابەتـە پڕوپاگەندەییەکانـی کۆمۆنیسـت لەئاسـتی خۆجێییـدا. ئـەم کارەش بـە هـاوکاری کۆمۆنیسـتەکان، بەتایبەتیـش ئەرمەنـەکان ئەنجـام دەدرێـت کـە وەک شـۆفێری لـۆری لـە نێـوان حەلـەب و قامشـلۆدا کار دەکـەن.

**٥. سیاسەت و چالاکیی کۆمۆنیست**

سـەرکردەکانی کۆمۆنیسـت، سـوودێکی تـەواو لـە پڕوپاگەنـدەی ڕووس لـە بەرژەوەنـدی سـەربەخۆیی کـورد وەردەگـرن. پرۆپاگەنـدەکان لەلایەن ڕادیـۆی ئێریڤانـەوە بڵاودەکرێنەوە و بەشـێوەی نامیلکـەش لـە ئێریڤانی سـۆڤیەت چـاپ دەکرێن و لە ڕێگـەی عێراقەوە دەگاتە جزیـرە. ئامانجی سـەرەکیی سـەرکردەکانی کۆمۆنیسـت بریتیـی نییە لە کۆکردنـەوەی ئەندام بـۆ پارتی کۆمۆنیسـتی سـوریا، تـا ژمارەیەکی زۆری هاوسـۆزی بۆ [سیاسـەتەکانی] سـۆڤیەت لـەم ناوچەیـەدا، بدۆزنـەوە. سـۆڤیەتییەکان لـە پەیڕەوکردنـی ئـەم سیاسـەتەدا سـەرکەتوو بوونـە، (جـا ئەگـەر بـە شـێوەی کاتیـش بێـت)، ئەویـش بـە ڕازیکردنـی زۆربـەی گەنجانـی کـورد کـە باشـترین ڕێگـە بـۆ بەدیهێنانـی ئاواتـە نەتەوەییەکانیـان لـە ڕێگـەی جوڵانـەوەی کۆمۆنیسـتی و لـە نزیکـەوە هاوکاریکـردن لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەتەوە دەبێت.

ئامرازێکیـتر کـە لەلایـەن حزبـی کۆمۆنیسـتەوە بەکارهێـنراوە بـۆ دەسـتەبەرکردنی پشـتیوانی بریتییـە لـە ڕازی کردنـی کـوردە عەوامـەکان، بـەوەی ئامانجـی حزبـی کۆمۆنیسـتی هاوشـێوەی ئامانجەکانـی کۆمیتـەی خۆیبوونـە، چونکـە سـەرکردەکانی ئـەم کۆمیتەیـە لەلایـەن گشـت چیـن و توێژەکانـی کـوردەوە ڕێـز لێگیـراون.

**٦. پڕوپاگەندەی ڕادیۆ**

پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت و حزبـی کۆمۆنیسـت کاریگـەری زۆری لەسـەر کـوردە گەنجـەکان دروسـت کـردووە، ئەمـەش لەبەرئـەوەی ئـەم ڕادیۆیـە ئـەم ناوچەیـەی قـۆرغ کـردووە و هیـچ هەواڵێـک یـان پەخشـێکیتر بـە زمانـی کـوردی لـەم ناوچەیـەدا نییـە. مەزەنـدە دەکرێـت هەواڵەکانـی ڕادیـۆی ئێریڤـان بـۆ ٧٥٪ی خێزانـە کوردەکانی دانیشـتوی

جزیـرە، ڕادیۆیەکـی نـاسراوە. هـەر بۆیـەش سروشـتییە هەواڵەکانـی ئـەم ڕادیۆیـە، بابەتـی سـەرەکی گفتوگۆکـردن بـن لـە نێـوان ئـەم خەڵکانـەدا کـە بوونەتـە ئامانجـی پڕوپاگەنـدەی بەردەوامـی سـۆڤیەت، بـە بـێ ئـەوەی هیـچ کات گوێیـان لـە هەواڵێکـی جیهانـی ڕۆژئـاوا بێـت. ئەمانـەی خـوارەوە پوختەیەکـن لـە مەغـزای پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت:

ا ئەمریـکا و بەریتانیـا بەڵێنـی سـەربەخۆییان بـە کـورد داوە، بـەڵام ناتوانـن ئـەم بەڵێنـە جێبەجـێ بکـەن. یەکێتـی سـۆڤیەت چـۆن یارمەتـی ئەرمەنەکانیـدا بۆئـەوەی دەوڵەتـی کۆماریـی خۆیـان دروسـت بکـەن، یـان یارمەتـی چینییەکانیـدا کە لە دەسـت باڵادەسـتی ئیمپریالیـزم ڕزگار بـن، بـە هەمـان شـێوەش پشـتیوانی مـادی و مەعنـەوی کـورد دەکات.

ب مەلامســتەفا ١٠ هــەزار لایەنگـری کـوردی هەیــە و گشــتیان بــە چەکـی مۆدێرنــی ڕووسـی پڕچـەک کـراون و لـە ئەرمەنیـای سـۆڤیەت چـاوەڕێ دەکـەن، تـا لـە پێنـاو سـەربەخۆیی کـورددا شـەڕ دەسـت پێبکەنـەوە.

ج جەنگـی کۆریـا و کێشـەی پەنابەرەکانـی فەلەسـتین، بەکاردەهێنرێـن بـۆ وروژاندنـی هەسـتی دژە بەریتانـی و دژە ئەمریکـی.

**٧. پڕوپاگەندەی نووسراو:**

هــەروەك لەســەرەوە ئامــاژەی پێــدراوە، پڕوپاگەنــدەی نــووسراو لــە بەرژەوەنــدی سـەربەخۆیی کـورد، لـەو نامیلکانـە پێکدێـت کـە لـە ئەرمەنیـای سـۆڤیەتەوە چـاپ کـراون. هەروەهـا کۆپییـەك لـە ڕۆژنامـەی ‹ئـاراد› کـە لەلایـەن مـەلا شـەریف لـە عێـراق چـاپ دەکرێـت، لـە ڕێگـەی پارتـی دیموکراتـی کـوردەوە بـۆ جزیـرە دەنێردرێـت.

**٨. هەڵسوکەوتی دانیشتوان**

لـە ئەنجامـی پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت و چالاکییەکانـی پارتـی کۆمۆنیسـتی خۆجێیـی، نـەوەی گەنجـی سـەرکردەی کـورد، لەسـەر حیسـابی سـەرکردە پیـر و کۆنەپارێزەکانـی کـورد، هێـز و کاریگەریـی زۆرتریـان بەدەستهێناوە. پەیوەسـت بـە پرسـی نەتەوایەتـی ئـەم ڕێـژە سـەدییەی خـوارەوە وەک ئاماژەیـەک بـۆ هەڵسـوکەوتی هەنوکەیـی دانیشـتوانی

کـورد لـە جزیـرە خراوەتـەڕوو:

٦٠٪ی کـورد لـەو بڕوایـەدان یەکێتـی سـۆڤیەت و جوڵانـەوەی کۆمۆنیسـت باشـترین ڕێگەیـە بـۆ هێنانـەدی سـەربەخۆیی کـورد. ٢٥٪ خوازیـاری سـەربەخۆیین، بـەڵام هیـچ بڕوایـان بـە بەڵێنەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەت و هێـزە ڕۆژئاواییـەکان نییـە. ١٥٪ خەڵکـی بێلایەنـن و دەیانەوێـت بـە ئاشـتییانە لـە سـوریادا بژیـن.

**٩. هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارە خۆجێیەکان**

دەسـەڵاتدارانی خۆجێـی، هیـچ کردەوەیەکـی ئەوتـۆ نانوێنـن لەبەرانبـەر بڵاوبوونـەوەی چالاکـی کۆمۆنیسـتی لەنێـو کـورددا، هـۆکاری سـەرەکی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بوونـی کـورد لـە پۆسـتە باڵاکانـی پۆلیـس (surete) و وەزارەتـی ناوخـۆدا. وەزیـری [ناوخۆ]، ڕەشـید بارمـەدا و بەڕێوەبـەری پۆلیـس و ئاسـایش، ڕائیـد شـەوکەت و بەڕێوەبـەری پۆلیـس لـە حەلـەب، کاپـتن بەکـر کـۆت ڕەش، گشـتیان کـوردن. شـەوکەت و کۆتـڕەش پەیوەنـدی خێزانـی و خێڵەکیـان لەگـەڵ خێزانـی ‹خالیـد بەگـداش› هەیـە، خالیـد سـکرتێری گشـتی حزبـی کۆمۆنیسـتی سـوریایە.

نموونەیـەک لـە هەڵسـوکەوتی نەرمـی پۆلیـس لـە خۆپێشـاندانی ئـەم دواییـەی حزبـی کۆمۆنیسـت لـە قامشـلۆدا بیـنرا. لـە نـاو پۆلیـس و خۆپێشـاندەراندا برینـدار کەوتـەوە، بـەڵام پۆلیـس لەلایـەن سـەرۆک خێڵەکانـی ناوچـەوە سەرزەنشـت کـران، کـە هێزیـان لـە دژی خۆپێشـاندەران بەکارهێنـاوە.

زۆر نهێنی

پرسی کورد

ژمارە ٣، (٥٠/٢/١٠٦٢٢)

نوێنەرایەتی بەریتانیا

دیمەشق

٢٩٧ سێپتەمبەر ١٩٥٠

وەزیـری خاوەنشـکۆ لـە دیمەشـق، سـڵاو و ڕێـز بـۆ باڵیـۆزی خاوەنشـکۆ لـە بەیـروت دەردەبڕێـت و شـەرەفی ئـەوەی هەیـە، ئـەم بەڵگەنامانـەی خـوارەوە پێشـکەش بـکات.

نـاو و ڕێککـەوت: بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە، نـووسراوی دیمەشـق بـە ژمـارە ١٥٧ (٥٠/٢/١٠٦٢٢)، لـە ڕێککەوتـی ٢٩ی سـێپتەمبەر ١٩٥٠.

بابەت: دەستڕۆیی کۆمۆنیستی لە کوردستانی سوریا.

(8479A 33953 (8))

زۆر نهێنی

ژمارە ١٥٧

(٥٠/٢/١٠٠٢٣)

نوێنەرایەتی بەریتانیا

دیمەشق

٢١ سێپتەمبەر ١٩٥٠

گەورەم،

١. شەرەفمەندم ئاگادارتان بکەمەوە، چەندین سیاسەتمەداری سوریا بەنهێنی قسەیان لەگەڵ کردووم و نیگەرانیی خۆیان لەبارەی بارودۆخی جزیرە دەربڕیوە. بە بۆچوونی ئەوان لە ڕووداوەکانی جەنگی جیهانیدا ڕووسیا لە ئازەربایجان دەمێنێتەوە و لە ڕێگەی کوردستانی ئێران و عێراق و سوریاوە بۆردمانی هێڵەکانی نەوت و نۆکەندی سوێس دەکات. لە کوردستانی سوریا، کورد لەگەڵ کۆمۆنیزم بە باشی گونجاون و ناسیۆنالیستە کوردەکانی لایەنگری کۆمۆنیست لەلایەن حاجو ئاغاوە سەرکردایەتی دەکرێن کە کوڕی سەرکردەیەکی کوردی ناسراوە.

٢. من چەند ڕۆژ لەمەوبەر گفتوگۆیەکەم لەگەڵ جەلادەت بەدرخاندا هەبوو کە سەرکردەی گروپێکی پارێزکاری کوردی سوریایە، زۆر بە توندی لایەنگری بەریتانیا و دژی کۆمۆنیستە. پێیگوتم لەو هەڵسوکەوتەی حکومەتی عێراق لەگەڵ کوردانی عێراقدا هەیەتی، ڕازییە کە ئاستێکی بەرزی ئۆتۆنۆمی کلتوری بۆ کورد دابین کردووە. [ئەم بەڵگەنامەیە بەهۆی خراپ کۆپیکردنی ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ]

٣. ئاگادارکراومەتەوە، سۆڤیەت لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا لە قوبرسەوە خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ پڕوپاگەندە بڵاوکردنەوە بە زمانی کوردی، بەڵام جارێ دەست لەم بیرۆکەیە هەڵگیراوە، هەم بە هۆی تێچوونی و هەمیش لەبەرئەوەی داخۆ ئەم جۆرە پەخشە دەتوانێت بە ژمارەیەکی بەرفراوانی گوێگر بگات. نەتەنیا ئامرازێکی

کەمــی ڕادیۆیــی لەبەردەســت کــورددا هەیــە، هەروەهــا شــێوەزارە کوردییــەکان هێنــدە لێــک جیــاوازن، پەخــش بــە یــەک شــێوەزار بــۆ تــەواوی خەڵکــی کوردســتان بــەس نییــە. لــەم بــارەوە بەدرخــان ئامــاژەی بــەوە دا، لــە ڕاســتیدا چەندیــن شــێوەزاری کــوردی هــەن. مــن دڵنیــام، ئەگــەر ئێمــە داوا بکەیــن، بەدرخــان دەتوانێــت لــەم بــارەوە زانیــاری زۆرمــان بداتــێ. هەروەهــا بــۆم دەرکــەوت حاڵــی حــازر ڕادیــۆی ئێریڤــان لــە جزیــرە گوێگــری زۆری هەیــە. ســەرچاوەیکیتر پێــی ڕاگەیانــدم، پەخشــی ســۆڤیەت بــە شــێوەزاری باشــووری [کوردســتانی] ئێــران، دەگاتــە ٧٥٪ ئــەو خەڵکــە.

٤. بەشــێوەیەکی سروشــتی، کێشــەی کــورد لــە ســوریا بایەخــی کەمــترە بــە بــەراورد لەگــەڵ کێشــەی کــورد لــە ئێــران و عێــراق و تورکیــادا. مــن نازانــم تــا چ ڕادەیــەک ئــەم بابەتــە گرنگــی پێــدراوە، بــەڵام هــۆکاری ئــەوەی ســەر لەنــوێ ئــەم پرســەم وروژاندووەتــەوە بریتییــە لــەوەی: یەکــەم، پڕوپاگەنــدەی کۆمۆنیســتەکان لــە نێــوان کــوردی ســوریادا بەهێــزە. دووەم، بــە هــۆی پێداگــری ئێمــە لەســەر کێشــە ســتراتیژییەکانەوە، کوردســتان بــە ناوچەیەکــی ســتراتیژی بــۆ یەکێتــی ســۆڤیەت هەژمــار دەکرێــت کــە لــە ڕێگەیــەوە ڕووســیا بــە نۆکەنــدی ســوێس و هێڵەکانــی نــەوت گــرێ دەدرێــت، هەربۆیــەش لەوانەیە حاڵــی حــازر بــە بــەراورد لەگــەڵ ڕابــردوو، کوردســتان گرنگــی زۆرتــری پێبدرێــت.

٥. ئەگــەر بێــت و بڕیــاردرا پڕوپاگەنــدەی حکومەتــی بەریتانیــا بــە زمانــی کــوردی دەســت پــێ بــکات، بــە بۆچوونــی مــن باشــترە پێشــوەخت لەگــەڵ حکومەتــی ســوریا و لایەنــە پەیوەندیدارەکانیــتر قســە بکرێــت.

٦. لــەم بــارەوە ســکرتێری گشــتی وەزارەتــی ناوخــۆ، کــە هەمیشــە بــە ڕاشــکاوی ڕەخنــە لــە حکومــەت دەگرێــت، بــە منــی گــوت ئــەو نیگەرانــە کــورد پێگــەی بــەرز و دەســتڕۆیان لــە نــاو سیاســەت و ســوپادا هەیــە. گوتــی، لــە کاتــی ســەرهەڵدانی قەیرانــدا، ئــەو کاربەدەســتانە یەکەمجــار خۆیــان وەک کــورد دەناســێنن، دواتــر وەک ســورییەکی نیشــتیمانپەروەر. بــە بــڕوای مــن ئــەو ترســەی ئــەو تــا ڕادەیــەک گــەورە کــراوە و تەنیــا ژمارەیەکــی کەمــی کــورد کــە پۆســتی هەســتیاریان هەبێــت، لەگــەڵ کۆمۆنیســتەکاندا دەســتیان هەیــە. ســەرەڕای ئەمــەش لەبــارەی ئــەم بابەتــەوە دەبــێ چــاوەڕوان بیــن.

٧. [بەڵگەنەماکە بە هۆی خراپ چاپکردن ناخوێندرێتەوە. وەرگێڕ].

٨. خۆشحاڵ دەبم، هەر ڕاپۆرتێکی تایبەت بە پەخشی پڕوپاگەندەی ڕووس بە زمانی کوردی و تایبەت بە سوریا کە لەبەر دەستی نووسینگەی کاروباری دەرەوەیە، بۆم بنێرن.

٩. کۆپییەك لەم نووسراوە بۆ باڵیۆزی خاوەنشکۆ لە ئەنقەرە، بەغدا و تاران و بۆ بەڕێوەبەری نووسینگەی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەنێرم.

گەورەم،

شەرەفمەندم خزمەتکاری وەفاداری بەڕێزتان بم

واژوو

(W. H. Montagu-Pollock)

نهێنی، ژمارە ٢١٨

(٥٠/٢٥/١٠١٤)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا بەغدا

٢ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠

بەڕێز

١. لـە دوای دەرچوونـی مەلامسـتەفا و ڕادەسـتکردنی براکـەی بـە دەسـەڵاتدارانی بەغـدا لـە سـاڵی ١٩٤٧دا، کوردسـتانی عێـراق هیـچ ئاژاوەیەکـی بـە خـۆووە نەبینیـوە تەنیـا دوژمنایەتـی نێـوان خێڵـەکان و مشـتومڕ نەبێـت لەسـەر زەوی. سـەرەڕای ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو پڕوپاگەندەیـەی لەلایـەن ڕادیـۆی ڕووسـیاوە ئەنجـام دەدرێـت، تـا هاوسـۆزی کـورد بەدەسـت بهێنێـت، بۆیـە هـەروەك چـۆن لـە ڕاپۆرتـی کۆنسـوڵگەری و ڕاپۆرتەکانیـتر لـە کەرکـوک و موسـڵ ڕەنگـی داوەتـەوە، باشـترە ئاماژەیـەک بـە بارودۆخـی سیاسـی و ئەمنـی سـاڵی ١٩٥٠ بدرێـت.

٢. قـەزای دهـۆک سـەر بـە لیـوای موسـڵە، لـەم سـاڵەدا بـە هـۆی لـە یاسـا دەرچـوون لێـرە و لـەوێ، تووشـی ئـاژاوە بـووە. سـەرۆکی سـەرەکیترین خێـڵ لـەم ناوچەیـەدا، مرۆڤێکـی گەنـج و بـێ ئەزموونـە. باوکـی لـە سـاڵی ١٩٤٨دا لەلایـەن ڕکابەرەکانـی سـەر بـە هەمان خێـزان کـوژرا، ئەگەرچـی بکوژەکە لەلایـەن حکومەتی عێراقـەوە دەسـتگیرکرا و دواتر لە سـێدارە درا، بـەڵام دوژمنایەتییەکـە هـەر ماوەتەوە. گلەیی و گازنـدە دەکرێت لەبەرانبەر ئـەو سـەرکوتکارییانەی لەلایـەن مەحمـود ئاغـای زێبـاری و عوبەیـدوڵا شـێروانی ئەنجام دراون، بـەڵام ئـەو سـەرکوتکارییە بـە هیـچ شـێوەیەک بـە نائاسـایی هەژمـار ناکرێـت. ئەو شـتەی زۆر سەرنجڕاکێشـە بریتییە لەوەی، ئەگەرچی موتەسـەڕیفی موسـڵ ئەندامی ئەنجوومەنـی نیشـیمانی بـووە، بـەڵام هێنـدە بەهێـزە، بتوانێـت هەندێـک کـردە ئەنجام بـدات، لـە دژی ئـەو زەویـدارە سەرکێشـانە و یاسـا بچەسـپێنێت.

٣. هیـچ ڕاپۆرتێـک لەسـەر تێکدانـی ئاسـایش لـە لیـوای هەولێـر نییـە، بـەڵام لـە چوارتـا و پێنجوێـن کە سـەر بە سـلێمانین، ئـاژاوە لەلایەن چەتەیـەک بە ناوی خولە پیزە، دروسـت

بـووە. ئـەم پیـاوە بۆ ماوەی هەشـت سـاڵ خـۆی شـاردبووەوە و بە کوشـتنی ١٠٠ پۆلیس و ژمارەیـەک خەڵکـی مەدەنـی تاوانبـار کـراوە. دەسـەڵاتدارانی عێـراق هەوڵـی جیدیـان داوە بـۆ دەسـتگیر کردنـی ئـەم پیـاوە و لـەم دواییانـەدا براکـەی و هەندێـك لـە خـزم و کـەس و کاری دەستبەسـەر کـراون، بـەڵام بـە هـۆی ئـەو یارمەتییـەی لـە گوندنشـینان و زەویدارەکانـی ناوچەکـە و لەلایـەن سـنوورەکانی ئێرانـەوە بـە خولـە پیـزە دەگات، ئـەو هەمیشـە لە دەسـتگیرکردن دەرباز دەبێت. دەگوترێت سـەرەکیترین پشـتیوانی خولەپیزە شـێخ لەتیف و شـێخ بابە عەلین کە هەردووکیان کوڕی شـێخ مەحمودن. شـێخ مەحمود سـەرۆکی شۆڕشـەکانی کـورد لـە سـاڵانی ١٩١٩، ١٩٢٣ و ١٩٣٠ بـووە. خولە پیـزە لە میانە سـاڵی ١٩٤٩دا، سـەرنجی نەك تەنیا خەڵکی خۆجێیی، بەڵکو هی خەڵکانیتریشـی ڕاکێشـا؛ و دوای کوشـتنی دادوەرێـک لـە مانگـی مـەی سـاڵی ١٩٥٠، لەسـەر ڕێگـەی پێنجوێـن، کارەکانـی خولـە پیـزە بووەتـە بابەتـی سـەرەکی گفتوگۆکانـی خەڵکـی لیـوای سـلێمانی و وەک ڕۆبـن هـۆدی کـورد وێنـا دەکرێـت. بـە دڵنیاییـەوە بایەخـی حکومـەت بەهـۆی دەستەوەسـتانیی لـە دەسـتگیرکردنی ئـەم کەسـە، چووەتـە ژێـر پرسـیارەوە.

٤. ئۆپراسـیۆنی سـەربازی حکومەتـی ئێـران ئێسـتا لـە دژی کـوردی خێڵـی جوانـڕۆ ئەنجـام دەدرێـت، لـە عێراقـدا هیـچ گرنگییەکـی سیاسـی پێنـەدراوە، ئەگەرچـی خێڵـی جـاف و هەورەمـان لـە کوردسـتانی عێـراق، لەگـەڵ خێڵـی جوانـڕۆ لـە پەیوەندیـدان، بـەڵام ئەگـەری بڵاوبوونـەوەی ئـاژاوە لـە عێراقـدا بەدیناکرێـت.

٥. دەنگـۆی گەڕانـەوەی مەلامسـتەفا کە لەلایەن ڕووسـیاوە پشـتیوانی و یارمەتی سـەربازیی دەدرێـت، ئـەم سـاڵە بـە توانـەوەی بەفـرەکان هـەروەك جـاران، لـە نـاو خەڵکـدا بـڵاو نەبووەتـەوە. هەربۆیـەش ئـەم دەنگۆیانـە لـە جوڵای و ئاگۆسـت دەسـت پێکـراون، واتە لـە دوای هەواڵەکانـی شـەڕی کوریـای باکـوور. هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییە مەلامسـتەفا لەگـەڵ خـزم و کـەس و کار و لایەنگرانـی لـە عێراقـدا لـە پەیوەندیدایـە، بەڵام سـەرەڕای ئەمـەش، هیـچ هۆکارێـک نییـە، بـڕوا بـە دەنگـۆی گەڕانـەوەی مەلامسـتەفا بکەیـن، ئەگەرچـی ئـەم سـاڵ بـە بـەراورد لەگـەڵ سـاڵانی ڕابـردوو، دەنگـۆکان زۆرتـرن. لـەم دواییانـەدا قایمقامـی ڕوانـدز ڕایگەیانـدووە، کۆنسـولی کەرکوک بەوەکالـەت گوتوویەتی،

ئەگەر ئەم دەنگۆیانە ڕاست بن، کەواتە دەبووایە خێڵە کوردەکانی عێراق کە تازە لە لەوەڕگاکانی ئێران گەڕاونەتەوە، هەواڵیان لەم بارەوە هەبا.

٦. هەڵوەشاندنەوەی یاسای سەربازیی لە دێسمبەری ساڵی ١٩٤٩دا، بووە هۆی بوژانەوەی چالاکییە پڕوپاگەندەییەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، هەروەها بە هۆی یەکێک لە چالاکترین سەرکردەکانی کۆمۆنیست کە بە ڕەگەز کوردە، چاپکراوە کۆمۆنیستییەکان زۆرتر لە بەغدا و کوردستان بڵاودەبنەوە، نەک لە باشووری عێراقدا، بەڵام تا هەنوکەش هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەست نییە، بیسەلمێنێت، ئەم چالاکییانە کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبێت. بەدرێژایی ساڵی ١٩٥٠، چالاکییە سیاسییە هاندەرەکانی کۆمۆنیستی بە تەواوەتی لە سلێمانی نەبوون، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٤٨دا ئەم چالاکییانە خەسڵەتی سەرەکی ئەم شارە بوون. هیچ ڕاپۆرتێک لەسەر ئاژاوەگێڕی کرێکارانی کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک لەبەر دەست نییە.

لە نامەیەکدا لە فێبریوەری ١٩٥٠دا، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی موسڵ نووسیویەتی دەڵێت:

«خێڵە کوردەکانی ناوچە شاخاوییەکان تا باکووری موسڵ بە تەواوەتی لە ژێر کۆنترۆڵدان؛ لەم دواییانەدا یەک یان دوو حاڵەت لەسەر نائارامی خێڵەکان تۆمارکراون، بەڵام ئەو وڵاتە دڕندە و دوورە دەستەی ئەوان تێیدا نیشتەجێن، بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی بەها ئازاردەرەکانیان. هەرئەمەش وا دەکات، ئامادە بن سوود لە دەرفەتی بێهێزبوونی حکومەتی ناوەند وەربگرن، تا بەدوای کارە دوژمنکارییەکانی خۆیان بکەون. بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی بەرفراوان بوونی دەسترۆیی موسڵ بەسەر شاخ و بەسەر دەشتە دەورەدراوەکانیدا، هەستی ناسیۆنالیزمی کوردی لە نێوان ئەم خێڵانەدا جڵەو کراوە.»

لەوکاتەوە تا هەنوکە، هیچ هەواڵێک لەبەر دەست نییە، ئەم بۆچوونەی سەرەوە لەبارەی بەهێزیی ناسیۆنالیزمی کورد لە نێوان کوردی لیوای موسڵدا، پێچەوانە بکاتەوە.

٧. ئەگەرچی هیچ کات ناسیۆنالیزمی کورد لە لیواکانی سلێمانی و هەولێر، زۆر قووڵ نەبووە، بەڵام هەمیشە ئەم ناسیۆنالیستە فۆڕمێکی گلەیی ئامێزی لە دژی

ناشایستەیی، گەندەڵی و پشتگوێ خستنی داواکارییەکانی کورد لەلایەن حکومەتی بەغداوە، بە خۆوە گرتووە. هەروەها هیچ بەڵگەیەک لەسەر چالاکی ناسیۆنالیزمی لە ساڵی ١٩٥٠دا لە نێوان کورددا لەبەر دەست نییە، بەڵام بێگومان گفتوگۆکردن لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد، بە هۆی بەرژەوەندییە ڕوو لە زیادەکانی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کوردستان، وروژێنراوە. ئەمەش لەڕێگەی سەردانە بەردەوامەکانی پاشکۆی خزمەتگوزاریی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا بۆ کوردستان دەبینرێت. هەروەها چاپەمەنی ئەمریکا بە بەردەوامی باس لە کێشەی کورد دەکات. لەوکاتەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ مەحمود ئەنجامدراوە، ئەوە بووەتە ئامانجی گشت ڕۆژنامەنووسێک، سەردانی سلێمانی بکات و چاوپێکەوتن بکات. جێگەی سەرسوڕمان نییە کە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە هەستێک دروستکراوە، ئەمریکاییەکان مەبەستیانە لە ڕووسیا زۆرتر هاوسۆزی لەبارەی ناسیۆنالیزمی کورد، لەخۆیان نیشان بدەن. سەردانی شێخ بابا عەلی بۆ ئەمریکا لە هاوینی ساڵی رابردوو، ئەم هەستەی بەرفراوانتر کرد. بەرژەوەندیی ئەمریکییەکان لە عێراقدا هەم لەلایەن ڕادیۆی مۆسکۆ و هەمیش لەلایەن حکومەتی بەغداوە ئاماژەی بۆکراوە. ڕادیۆی مۆسکۆ لەلایەک پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، مەبەست لە بایەخی ئەمریکا بۆ کورد بریتییە لە بەکارهێنانی کوردستان وەک بنکەیەک لە دژی ڕووسیا؛ لە لایەکیترەوە، ئەمریکا هەوڵ دەدات شوێنی دەسترۆیی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگرێتەوە.

٨. ئەگەرچی نکۆڵی لەوە ناکرێت، پڕوپاگەندەی ڕووس لە کوردستاندا، بووەتە هۆی سەرنجڕاکێشانی خەڵکی کوردستان، بەڵام ئەم پڕوپاگەندەیە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی کوردی ئێران دەکرێت. ئەم پڕوپاگەندەیە هەندێك کاریگەری لەسەر کوردستانی عێراق هەیە، بەڵام وەها دیارە بارودۆخ لە کوردستانی عێراقدا زۆر ئاساییە.

کۆپییەك لەم نامەیە بۆ سەرۆکی نووسینگەی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قاهیرە، و کونسڵی کەرکوک بەوەکالەت دەنێرم.

گەورەم، شەرەفمەندم بەندەی خزمەتکاری بەڕێزتان بم.

ژمارە ٤٥٧

١٠ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠

سوریا/سیاسی

کورد

١. بە گوێرەی قسەکانی عادل ئەرسەلان، کە وەزیری سوریایە لە ئەنقەرە، دۆزینەوەی ٥٠٠ پارچە چەکی دروستکراوی ڕوسیا لە ناوچەی قامشلۆ لە باکووری سوریا، ئاژاوەی ناوەتەوە و بووەتە مایەی لێدانی زەنگی ئاگادارکردنەوە. دەگوترێت کە ئەمە یەکەمین کارگۆ نییە و چەکی ڕووسی لە ڕێگەی ئازەربایجانی ڕووسیا و ئازەربایجانی ئێرانەوە، بە سوریا دەگات.

٢. بە گوێرەی قسەکانی وەزیری سوریا، لەوانەیە ڕوس لە ئەنجامی بارودۆخی کۆریاوە، خۆیان ئامادە بکەن کە لە ڕێگەی ئازەربایجانەوە هێرش بکەنە سەر ئێران.

٣. هەروەها ڕوس هەوڵ دەدەن، ئاژاوە لە نێوان کوردی ئێراندا دروست بکەن، کە داوای کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن. بە گوتەی وەزیرە سورییەکە، لەوانەیە ڕووس لەناو کوردی ئێراندا سەرکەتوو بن، نەک لەنێو کوردی سوریادا، چونکە کوردی سوریا خاوەن نیمچە سەربەخۆین و وێڕای ئەمەش زۆرێک لە کوردە دەسترۆکان لە ناو سیستەمی کارگێڕی سوریادا بەرپرسیارن.

٤. ئامانجی ڕوس بەدەستهێنانی ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە کێڵگە نەوتییەکانی عێراق. بۆ ئەم مەبەستەش دەیانەوێت بەسەر کوردی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ و لە ڕێگەی ئەوانیشەوە بەسەر ناوچەی کەرکوکدا زاڵ بن.

٥. پڕوپاگەندەی سۆڤیەت لە نێوان کوردی باکووری عێراقدا بڵاوبووەتەوە و هەوڵ دەدرێت ئەم پڕوپاگەندەیە لەناو کوردی سوریاشدا بڵاو بێتەوە.

٦. لە دوای دۆزینەوەی چەک لە سوریا، بە بیانوی پشتگوێخستنی ئەرکەکانی، پارێزگاری قامشلۆ لەکار دوورخراوەتەوە.

لە ڕاپۆرتی چاودێری بی بی سی لە ١٣ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠، هەڵنجێنراوە

**هێرشکردنە سەر قوبادیان:**

قوبادیـان نوێنـەری کـوردە لـە مەجلیـس (Maklis)، لـە پەخشـی زمانـی کـوردی ڕادیـۆی پارتـی دیموکراتـی ئازەربایجـان هێرشـی کرایەسـەر، چونکـە ڕادیۆکـە ڕەتـی کردووەتـەوە ئـەو وەک کـورد بناسـێنێت، بەڵکـو ئـەوی بـە سـیخوڕێکی کۆنـی باڵیوزخانـەی بەریتانیـا لـە قەڵەمـداوە. قوبادیـان هەوڵیـدا وەک کـورد بناسـێنێت و گلەیـی لـە [خراپـی] ئاسـتی هەلومەرجـی تەندروسـتی و پـەروەردەی کـورد کـرد، سـەرەڕای ئـەوەی وەهـای نیشـاندا لـە دژی پلانـی بەریتانیەکانـە لـە کوردسـتان و هیـچ کارێکـی نەکـردووە لەلایـەن باڵیوزخانـەی بەریتانیـاوە فەرمانـی پێکـرا بێـت. بە قسـەی بێژەرەکە، ئـەم پلانـەی بەریتانیا لە کوردسـتان، بۆئـەوە دارێـژراوە، بەریتانیـەکان بتوانـن لـە ڕێگـەی دامەزراندنـی حکومەتـی کوردسـتانی پارێـزراو لەلایـەن بەریتانیاکانـەوە، بـۆ خۆیـان وڵات تـاڵان بکـەن.

هەنوکـە دوو کێشـە ڕووبـەڕووی بەریتانییـەکان بووەتـەوە: [یەکـەم] بەڵێنـی ئەمریکیـەکان بـە کـورد، بـۆ ئـەوەی بەریتانیـەکان [لـە کوردسـتان] دەربکـەن و خۆیـان کاروبـارەکان بگرنـە دەسـت. [دووەم]، کێشـەی بانگەشـەی خـودی نەتـەوەی کـورد بـۆ دامەزراندنـی کوردسـتانێکی یەکپارچـە بـۆ کـورد. ئەمـەش ئامانجـی کـوردە کـە لەلایـەن پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانەوە سـەرکردایەتی و پشـتیوانی دەکرێـت وەک مافێـک کـە چاوپۆشـی لێناکرێـت. (ADP in Kurdish ,١٧,٣٠ ,٧,١٠,١٩٥٠).

زۆر نهێنی باڵیوزخانەی بەریتانیا

ژمارە ٢٨

تەورێز

(592/111/A-7/50)

١٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠

بەڕێز...

١. لە یاداشتی ڕۆژانەمدا بە ژمارە ٩، بەڵێنی ئەوەمدا، ڕاپۆرتێک لەبارەی بارودۆخی کوردستانی ئازەربایجان ئامادەبکەم. ئێستا شەرەفمەندم ڕاپۆرتەکە بە پاشکۆی یاداشتنامەکەوە بلکێنم.

٢. ئەم ڕاپۆرتە بە نەختێک وریاییەوە دەخەمەڕوو، هەروەك ئاگادارم، زانیارییەکانمان لەبارەی کوردستانەوە ناتەواون و بە بەردەوامی گومانی ئەوە هەیە ئەم ڕاپۆرتانە لەو سەرچاوانەوە دێن کە لە دێر زەمانەوە لەبەرانبەر ئێمەدا نییەتیان باش بووە. یان لەلایەن سەرچاوە فەرمییەکانەوە دێت، ئەوانەی زانیارییەکانیان هەڵقولاوی سیاسەتی حکومەتی بەرقەرارە.

زۆربەی زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن مستەر چ. جی. فەربودی (Mr H, G, Farbudi) و هەروەها لەلایەن م، ب، ی، مۆنشی (M, B, E, Munshi) لە کونسولخانەی گشتییەوە کۆ کراونەتەوە. ئەمەش بە پێی ئەو هێڵە گشتییەی لەلایەن منەوە بۆیان پێشنیاز کراوە. هەموو هەوڵێک دراوە، تا حەقیقەت و شێوەکان بە پێی ڕۆژ بن و بابەتە گوماناوییەکان بسڕێنەوە.

شەرەفی ئەوەم هەیە بەندەی خزمەتکاری ئێوە بم.

باڵیوزی خاوەنشکۆ،

باڵیوزخانەی بەریتانیا، تاران

## یاداشتنامە لەبارەی کوردستانی ئازەربایجان

## (Memorandum on Azerbaijani Kurdistan)

### پێکهاتەی خێڵەکی لە کوردستانی ئازەربایجاندا

کوردستانی ئازەربایجان خۆی بەسەر سێ ناوچەی سەرەکیدا دابەش بووە. لە دوورترین خاڵی باکووردا، لە دەوروبەری ماکۆ، خێڵی جەلالی هەن. خێڵێکی گەورەی سەرکێش، لە کۆمەڵە خەڵکێک پێکهاتوون لە دۆخێکی سەخت و دڕندانەدا دەژین. لە شاپورەوە بەرەو خانەی حەیدەرئاباد (لەسەر دەریاچەی ڕەزایە)، هەرکییەکان لەم ناوچەدا باڵادەستن و لە باکوورەوە شکاک (لە دەوروبەری شاپور)، بەگزادە (لە ڕۆژئاوای ڕەزایە) و حەیدرلەر (باشووری ڕەزایە) لە خۆ دەگرێت. هەرکی لە سەرتاسەری ئەم ناوچەیەدا هەن. خێڵەکانی ئەم ناوچەیە دەوڵەمەند و ئاژاوەگێڕن. ناوچەی سێیەم لە باکوورەوە بە خانێ، شنۆ و مهاباد دەورە دراوە؛ لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو سەقز درێژدەبێتەوە و لە باشوورەوە بە هێڵێک لە ڕۆژئاوای ئەم ناوچەیە و بەرەو سنوورەکانی بانە لە ڕۆژهەڵات دەچێت. وێنەی ئەم لاکێشەیە لە ڕۆژئاواوە بەرەو سنوورەکانی عێراق تەواو دەبێت، هەڵبەت هەندێك خێڵ بە درێژایی سنوور هەن.

مهاباد مەڵبەندێکی گەورەی خێڵەکانە و خێڵەکانی مامەش، دابوکری، پیران و گێڤۆرک (Givork) تێدا پێک دەگەن. گێڤۆرک و مەنگوڕ لە سەقز پێک دەگەن، دووبارە مەنگوڕ و بانەییەکان لە دەوروبەری سەردەشت و بانە پێک دەگەنەوە. خێڵێکی غەریبەش هەن ناویان خێڵی فەیزوڵا بەگە لە باشووری سەقز. گردبوونەوەی ئەو هەموو خێڵە لە مهاباد خەسڵەتێکی تایبەت بەم شارە دەبەخشێت و بووەتەوە هۆی ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچوونەکان. هەروەها لەم شارەدا بیرۆکە بێگانەکان زۆرتر قبوڵ دەکرێن و لایەنگر پەیدا دەکەن.

**فرەیی بۆچوونی سیاسی**

دەتوانیــن بڵێیــن تــەواوی ئــەو خێڵانــە لــە جــۆری ئــەو ڕەفتــارەی کــە حکومەتــی ناوەنــدی لەگەڵیــان ئەنجــام دەدات، ناڕازیــن. هەروەهــا دەتوانیــن بڵێیــن پڕوپاگەنــدەی یەکێتــی ســۆڤیەت کاریگــەری گــەورەی لەســەر هیــچ یــەک لــەم خێڵانــە نەبــووە، هەرچەنــدە هەرکییــەکان پەیوەندییەکــی پچــڕ پچڕیــان لەگــەل مەلامســتەفادا هەیــە [بــەڵام ئەوانیــش نەچوونەتــە ژێــر کاریگــەری پڕوپاگەنــدەی ســۆڤیەت]. فەیــزوڵا بــەگ، تەنیــا خێڵێکــە مەیلــی کۆمۆنیســتی هەیــە. لــەم کەیسەشــدا، وشــەی کۆمۆنیســت زۆر بــە عاقڵانــە و وریاییــەوە بــەکار دێــت. لــە ســەردەمی ڕژێمــی دیموکراتەکانــدا، هەندێــك ســەرۆک خێــڵ زەوییەکانیــان لــە نێــوان ئەندامانــی خێڵــدا دابــەش کــرد. دەکرێــت وەک ڕێزپەڕێــک ســەیری پێگــەی ئــەو خێڵانــە لەبەرانبــەر ئایدیۆلۆژیــای کۆمۆنیســتدا بکرێــت. بــە ڕێزپەڕکردنــی ئــەو خێڵانــەی ســەرۆک خیڵەکانیــان زەوییەکانیــان بەســەر جوتیارانــی خێڵــدا دابــەش کــردووە، گشــت خێڵەکانیــتر لــە دۆخێکــی سەرلێشــێواویدا دەژیــن و بــە دوای ســەرکردایەتیدا دەگەڕێــن. نــە لەلایــەن ئێــران و نــە لەلایــەن ڕووســەوە ناتوانرێــت ئــەم ســەرکردایەتیە لــە قاڵبــی وشــە و بەڵێنــدا بەرجەســتە بێــت.

ئــەم دۆخــەش ڕێنمایــمان دەکات بــۆ هەڵســەنگاندنی بەرپەرچدانــەوەی خێڵــەکان لــە کاتــی هێــرش کردنــی ڕووس بــۆ ســەر ئێــران. لێــرەوە ڕێگەمــان پێبــدەن، بڵێیــن، ئەگــەر هاتــوو مەلامســتەفا هاتــە نــاو بابەتەکــەوە، بــە بــێ پشــتیوانی بەرچــاوی ڕووس، ســوپای ئێــران کــە لــە باکــووردا کۆکراونەتــەوە، گرفتێکــی ئەوتۆیــان نابێــت لــە دۆزینــەوەی مەلامســتەفادا و [دەستبەســەرکردنی]، لــەم حاڵەتــەدا، لەوانەیــە خێڵــە کوردیەکانیــش بــێ دەنــگ بمێننــەوە، یــان بچنــە نــاو هێزەکانــی ســوپای حکومــەت. هــەروەك چــۆن لاهۆنــی (Lahouni) لــەم شۆڕشــەی دواییــەی جوانڕۆییــەکان ئــەم کارەیــان کــرد، ئــەم ڕووداوە پێمان دەڵێــت کــورد لــە شــەڕکردن لــە دژی یەکــتر پەشــیمان نابنــەوە.

ئەگــەر هاتــوو ڕووس بــە زەبــەری هێــز هاتنــە [نــاو خاکــی ئێــران]، گومــانی تێــدا نییــە خێڵــی جەلالــی دەچنــە پــاڵ هێزەکانــی ڕووســیا. خێڵــی جەلالــی لەلایــەن ڕەزا شــاوە بــۆ باشــوور نێــردران و پەرتوبڵاوکــران، هەربۆیــە تــا هەنوکــەش ڕق و کینەیــان

لەبەرانبەر ئێرانییەکان هەیە. پێویستە زۆر ئاگادار بین، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە دەتوانێت تەشەنە بکات و ئەو خێڵانەی لە گروپی دووەم لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کردن، دەتوانن چارەنووسیان بخەنە دەست هێرشبەری ڕووس، بەڵام زۆر سەرۆک خێڵ، بە هۆی کردەوەکانی ڕابردوویان، بەرەو تورکیا یان عێراق هەڵدێن. لەهەر حاڵەتێکدا، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم خێڵانە لە پێناو ڕزگاریدا، ئازادی بخەنە ژێر پێ و دەست بە تاڵانکردن و کۆمەڵکوژی مەسیحییەکان بکەن لە ناوچەکانیاندا.

ئەو خێڵانەی زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت کاریان تێبکرێت، بریتین لە خێڵەکانی گروپی سێیەم. لایەنگیری ئەو خێڵانە لەسەردەمی ڕژێمە دیموکراتەکاندا دابەش بوون. لە دواجاردا دەتوانین بڵێین، ئەگەر ئەوانیش چارەنووسیان بە ڕوسیاوە گرێ نەدا، سەرۆک خێڵە ملکەچەکانیان بەرەو عێراق هەڵدێن. هیچ یەک لەم خێڵانە لەو بڕوایەدا نین سوپای ئێران بتوانێت بۆ ماوەیەکی کورتیش بەرگری بکات. ئەوان چاوەڕوانن هەر کاتێک سوپا چەکەکانی خۆی فڕێدا، بەزوترین کات کۆیان بکەنەوە. تەنیا چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت، هەندێك مرۆڤی بوێر لە پاڵ سوپای ئێراندا بمێننەوە، ئەگەر بێت و ئەم شتە ڕوو بدات، لەوانەیە هەندێك خێڵی گروپی سێیەم پشت بەم جۆرە کەسانە ببەستن.

من لەو بڕوایەدا نیم، حکومەتی ئێران بتوانێت لە داهاتویەکی نزیکدا ڕێگر بێت لە پارچە پارچە بوونی گەورەی خێڵەکان. بەهەرحاڵ تەنیا کارێک حکومەت دەتوانێت بیکات دابینکردنی خزمەتگوزاریی پەروەردەیی و پزیشکییە بۆ کوردستان و ناردنی کاربەدەستی باشە بۆ ئەم ناوچانە. ماوەیەکی زۆر دەخایێنێت ئەگەر هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە هەستی کورد [لەبەرانبەر حکومەتی ئێراندا] دروست بکرێت. وەک بەرنامەیەکی درێژخایەن، پێویستە حکومەت دۆخی خێڵەکان باشتر بکات، بەڵام پێویستە چاوەڕوانی ئەوە نەبێت، بە زوترین کات ملکەچ بوونی ئەو خێڵانە لەبەرانبەر دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان دەستەبەر بکات. لە ماوەیەکی کورتدا بەهۆی بەڵێنی باشترکردنی دۆخی ئەو خێڵانە، حکومەت ڕووبەڕووی گرفت ببێتەوە.

## چەکدارکردنی خێڵەکان

مـن لەگـەڵ حاکمـی گشـتی ئازەربایجـان هـاوڕام کـە چەکدارکردنـی خێڵـەکان وەک هێزێکـی ناڕێکخـراو لـە دژی ڕووس زۆر بـێ سـوودە. تەنانـەت ئەگـەر بێـت و هیـچ گومانێکیـش لەسـەر وەفـاداری ئـەم خێڵانـە نەبێـت، چونکـە ئـەو ژمـارە بچووکـە لـە چەکدارانـی خێڵـەکان کـە لـە باشـترین حاڵەتـدا بـە نیـوە چڵـی ڕاهێنانیـان کـردووە، لەبەرانبـەر هێرشـی هێزێکـی بـاش ڕاهێـنراو پڕچـەک کـراو زۆر بـێ سـوود دەبێـت.

لـەڕووی مەیلـی کـورد بـۆ پڕچـەک کـردن و ڕاهێنـان، مـن ئـەو پێشـنیازە دووبـارە دەکەمـەوە کـە بـە زارەکـی بـە باڵیـۆزی خاوەنشـکۆم ڕاگەیاندبـوو. ئەویـش ئەمەیـە، بـە بـێ ئـەوەی ئاسایشـی ناوخۆیـی ناوچەکـە ڕووبـەڕووی مەترسـی بکەینـەوە، دروسـتکردنی هێزێـک لەلایـەن تارانـەوە کـە لـە کـورد پێکهاتبێـت، کاریگەرییەکـی باشـی ڕۆحـی لەسـەر کوردسـتان دروسـت دەکات، تەنانـەت دەکرێـت ببێتـە هـۆی کرۆکـی پێکهێنانـی فەوجێـک کـە بـە تێپەڕینـی کات پشـتی پـێ ببەسـترێت.

## هێزی مرۆیی خێڵەکان

لـە باشـترین حاڵەتـدا، ژمـارەی تایبـەت بـە هێـزی مرۆیـی خێڵـەکان بـە مەزەندەیـە نـەک ژمارەیەکـی ورد و دروسـت. سـێیەم سـتونی خشـتەی خـوارەوە ئاماژەیـە بـۆ ئـەو پیاوانـەی دەتوانـن بجەنگـن، بـەڵام لەبەرئـەوەی زۆربـەی پیاوانـی خێـڵ چەکـدارن، هەربۆیـەش سـتونی چـوارەم زیـاد کـراوە کـە سـەرەڕای خسـتنەڕووی ژمـارەی مەزەندەکـراو، ژمـارەی ئـەو پیاوانـەش زیـاد کـراوە ئامـادەی شـەڕکردنن و چەکـدارن. ئـەم خشـتەیە تەنیـا پەیوەسـتە بـە گروپـی سـێیەمی خێڵـەکان، چونکـە سـەبارەت بـە گروپەکانیـتر هیـچ ژمارەیەکـی مەزەندەکـراوی شـایانی پشـت پـێ بەسـتن لەبـەر دەسـت نییـە.

| خێڵ | ژمارەی دانیشتوانەکەی | پیاوی شەڕکەر | چەکداریتر |
|---|---|---|---|
| دابوکری | ٤٠،٠٠٠ | ٣،٠٠٠ | ٧،٠٠٠ |
| مامەش | ٣٠،٠٠٠ | ١٥،٠٠ | ٢،٠٠٠ |
| پیران | ٥،٠٠٠ | ٢٠٠ | ٦٠٠ |
| گێڤۆرک | ٢٠،٠٠٠ | ١،٠٠٠ | ٢٠٠٠ |
| مەنگوڕ | ٢٥،٠٠٠ | ١،٥٠٠ | ٢٠٠٠ |
| بانە | ٢٠،٠٠٠ | ٤٠٠٠ | ١٠٠٠ |
| فەیزوڵا بەگی | ٢٠،٠٠٠ | ٥٠٠ | ٤٠٠٠ |

کەمی ژمارەی شەڕکەر لەم خێڵانەدا، بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، خێڵەکان زۆر ناڕێکخراون و هیچ سەرۆک خێڵێکی گەورەیان نییە و بەسەر چەندین گروپی بچووکدا دابەش بوونە.

نهێنی

نوسینگەی کاروباری دەرەوە، S, W, 1

(E 1822/14)

٢٦ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠

بەڕێز بێرنارد،

هــەروەك چــاوەڕوان دەکــرا، ئەمریکاییــەکان، لــە میانــەی گفتوگۆیەکــی فەرمیــی ئــەم دواییانــەی نێوانمانــدا، لەبــارەی کێشــەی کــورد پرســیاریان کــرد و گوتیــان: بــە پێــی ئــەو زانیارییانــەی هەیانــە، کۆمەڵێــک گرفتــی جیــددی لــەو ناوچانــەدا ســەرهەڵدەدەن کــە کــورد تێیــدا نیشــتەجێن. ئەمــەش بــە هــۆی پڕوپاگەنــدەی چــڕی ڕووس کــە ئــەم کوردانــەی بــە ئامانــج گرتــووە و هەروەهــا بــە هــۆی ڕازی نەبوونیــان لــەو ڕژێمانــەی لــە ژێــر دەســەڵاتیاندا دەژیــن. ئــەوان داوای بۆچوونــی ئێمەیــان کــرد و داوای هــەر جــۆرە زانیاریەکیــان کــرد، بــۆ ئێمــە گرنــگ بــن.

١. هەروەهــا، ئەمریکاییــەکان ئەوەیــان خســتەڕوو، ئــەوان ڕێــکاری جۆراوجــۆر دەگرنەبــەر بــۆ چۆنیەتــی مامەڵەکــردن لەگــەڵ ئــەم کێشــەیە. بۆنموونــە گرتنەبــەری ڕێــکاری باشــترکردنی هەواڵگریــی، باشــترکردنی هەماهەنگــی زانیاریــی لــە نێــوان ویلایەتــە یەکگرتــووەکان و شانشــینی یەکگرتــوودا. لــە ســەرووی هەمــوو ئەمانــەش، گرتنەبــەری ڕێــکاری پێویســت، بــۆ دڵنیــا بــوون لــەوەی حکومەتەکانــی پەیوەســت بــەم بابەتــە بــە دروســتی لەگــەڵ کــورد هەڵســوکەوت بکــەن و کاری پێویســت بــۆ باشــترکردنی دۆخــی کــورد لــە ناوچەکانیانــدا بگرنــە بــەر.

٢. ئێمــە بــە ئەمریکاییەکانمــان گــوت، ســەرچاوەی زانیارییەکانــی ئێمــە لەبــارەی کورد بەســە [و پێویســتی بە ســەرچاوەی زیاتر ناکات]؛ هەروەها ئەوەشــمان خســتەڕوو، بە بۆچوونی ئێمــە بــە پێــی ئــەو زانیارییانــەی لەبەردەســتماندان، کــورد هیــچ کێشــەیەکی جیــددی دروســت ناکــەن. کــورد کەمینەیەکــی دواکەوتــوون و لــە ناوخــۆدا بــە هــۆی ڕق و کینەی خێڵایەتییــەوە پارچــە بوونــە و بــە هۆی دەمدەمی بوونیان، شــایانی پشــت پێبەســتن نین. ئێمــە و ئەمریکاییــەکان هــاوڕا بوویــن، کــورد کەمینەیەکــن دەتوانــن بتەقنــەوە، ئەمــەش

بـە هـۆی ناکۆکـی قووڵیـان لەگـەڵ ئـەو حکومەتانـەی لـە ژێـر دەسـەڵاتیاندا دەژیـن و هەروەهـا لـەم دواییانەشـدا بوونەتـە ئامانجـی پڕوپاگەنـدەی ڕووس، بـەڵام بـە بـڕوای ئێمـە، ئـەو پڕوپاگەندەیـە کاریگـەری زۆری نەبـووە و ئەگـەر بێـت و کـورد لـە هـەر حاڵەتێکـدا لـە دۆخـە نائارامەکـەی [ناوچەکـەدا] ببنـە مایـەی دروسـت کردنـی گرفـت، بـەڵام کـورد زۆر لـەوە دوورن کـە بـۆ ئێمـە ببنـە مایـەی نیگەرانـی جیـددی.

٣. هەروەهــا ئێمــە ئەوەشــمان خستەســەر، تــا هەنوکــە بیرمــان لــە گرتنەبــەری هیــچ هەنگاوێکـی تایبـەت بـۆ مامەڵەکـردن لەگـەڵ کـورد نەکردووەتـەوە. بەتایبەتیـش بـە بـڕوای ئێمـە زۆر ناعاقڵانەیـە، ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە کـوردەوە بکەیـن، چونکـە بــەم هۆیــەوە ئێمــە دەبینــە هــۆی بەرزکردنــەوەی ئاســتی دوژمنکارێتــی ئــەوان [لەبەرانبــەر حکومەتەکانیانــدا] بــە دروســتکردنی هەســتێک لەلایــان کــە کــورد بــۆ ئێمــە گرنگــی تایبەتییــان هەیــە.

٤. وا دەردەکــەوت ئەمریکاییــەکان هــاوڕای بۆچوونەکانــی ئێمــەن، بــەڵام داوایانکــرد هــەر زانیارییــەک لەبــارەی ئــەم کێشــەیە هەبێــت، بیاندەینــێ. مــن دوو کۆپــی لــەم لێکتێگەشــتنەی نێوانمــان و دوو کۆپــی لــە ڕاپۆرتــی ئــەم دواییــە کــە لــە تەورێــزەوە هاتـووە، بۆتـان دەنێـرم و خۆشـحاڵ دەبـم، ئەگـەر ئێـوە کۆپییـەك لـە هـەر کامەیـان بـۆ وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە بنێـرن. زانیارییەکانـی نـاو لێکتێگەیشـتنەکە، بـە تەواوەتـی پشــت بــەو ڕاپۆرتانــە دەبەســتن کــە لــە وڵاتانــی خــاوەن کێشــەکە بۆمــان نێــردراون. نامـەی تـاران بـە ژمـارە ٢٧٣، لـە ٢٣ی سـێپتەمبەر، کـە کۆپییـەك لێـی بـۆ واشـنتۆن نێـردراوە، ڕەنگـە هەندێـك زانیـاری تێـدا بێـت، بـۆ ئەمریکاییـەکان گرنـگ بـن.

٥. هەندێــك کۆپــی لــەم نامەیــە و لــە لێکتێگەیشــتنەکە بــۆ تــاران دەنێــرم. هەروەهــا کۆپییـەك لـە نامەکـە و ناوەرۆکـی هـەردوو بابەتـی سـەرەوە بـۆ نووسـینگەی بەریتانیـا بــۆ کاروبــاری ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن دەنێــرم. کۆپییــەك لــە نامەکــە و ناوەرۆکەکــەی و پاشـکۆی تـاران بـە ژمـارە ٢٧٣ بـۆ بەغـدا، ئەنقـەرە، دیمەشـق و مۆسـکۆ دەنێـرم. ئێمـە خۆشـحاڵ دەبیـن بـە هـەر تێبینییـەک ئـەوان هەیانبـێ.

(G. W. Furlonge)

## کێشەی کورد

ئەگەرچـی مەغـزای ناسـیۆنالیزمی کـوردی، تـەواوی خەسـڵەتەکانی تێدا بـەدی دەکرێت، بەڵام تەنیا یەک ‹کێشـەی کورد› لە ئارادا نییە، بەڵکو ئەم کێشـەیە، کێشـەیەکی فرە ڕەهەندە و هەندێـك جاریـش لەگـەڵ هەندێـك لایەنـی ‹کوردیزمـدا› ناکۆکە. لـەو کاتـەوە جوڵانەوەی ناسـیۆنالیزمی کـورد، هاندەرێکـی ناسـەرکەتووی لـە دوای جەنگـی یەکەمـی جیهانییـەوە بەدەسـتهێنا، بـەڵام هیـچ کوردێـک نییـە، بتوانێـت بانگەشـەی ئـەوە بـکات نوێنەرایەتـی ئاواتەکانـی کـورد دەکات یـان پشـتگیریی کـوردی ئێـران، عێـراق، سـوریا و تورکیـای هەیـە. سـمکۆ، شـێخ مەحمود لە سلێمانی، شـێخ سـەعید، شـێخ ئەحمەدی بارزان، قازی محەمەد و مـەلا مسـتەفا، هەرکامەیـان بە هـۆی ڕاپەڕین لـە دژی حکومەتـە تەقلیدیەکانیانـەوە بەدناو بوونـە. تـەواوی ئەم سـەرکردانە تەنیا پشـتگیرییەکی کەمـی خۆجێیان بەدەسـتهێناوە. ئەگەر لـەم میانەیـەدا مەلامسـتەفا ڕێزپـەڕ بکەیـن، ئەوانەیتر هەموویـان لەلایەن ئـەو حکومەتەوە کـە لـە دژی ڕاپەڕیـون، سـەرکوت کراون.

سـەرەڕای ئەمـەش، دروسـت نییـە، چالاکـی هەمـوو ئـەو سـەرکردانەی سـەرەوە لـە چوارچێوەیەکـی بەرفراوانـدا بـە چەنـد چالاکییەکـی ناسیۆنالیسـتی هەژمـار بکەیـن. شـۆڕش چ لـە ئێـران بێـت یـان تورکیـا یـان عێـراق، ئـەم شۆڕشـە تەنیـا کردەیەکـی نەرێنـی تاکەکەسێکە لـە دژی حکومـەت، نـەک هەوڵێکـی ئەرێنـی بێـت لـە پێنـاو یەکگرتنـەوەی کـورد. شۆڕشـەکە کردەیەکـی نارەزایەتـی دەربڕینـە لەلایـەن سـەرۆک خێڵێکـەوە لـە دژی حکومـەت، کردەیـەک لـە پێنـاو کۆکردنـەوەی پشـتگیریی لـە پێنـاو بەرژەوەندیـی تاکەکەسـی خـۆی نـەک لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی کۆمەڵـی کـورد. تەنانـەت لـە چوارچێـوەی سـنووری ناوچـەی خۆیانـدا، گشـت کـورد پشـتگیری لـەم سـەرکردانە ناکـەن و شـتێک نییـە نـاوی یارمەتـی کـوردی ئەودیـو سـنوور بـێ.

هیـچ کـەس هێنـدەی کـورد ئامانجـە سـنووردارەکانی شۆڕشـەکانیان ڕوون ناکەنـەوە. تـا هەنوکـە هیـچ دەسـکەوتێک لـە شۆڕشـی کـورد بەدەسـت نەهاتـووە. ئـەوە بـۆ ئـەو کـوردە ڕۆشـنبیرە بەڕۆژئاوایـی بـووەکان بەجێـماوە کـە لـە جیهانـدا نوێنەرایەتـی بانگـەوازی کـوردان بـۆ سـەربەخۆیی بکـەن. ڕۆشـنبیرانی وەک، شـەریف پاشـا، بەدرخـان

و کەسانیتر، جوڵانەوەی خۆیبوونی دژە تورکیا و کۆمەڵەی کوردی لە ئەمریکا کە لەم دواییەدا ناچالاک بووە. ماوەیەکی دورودرێژە پشتگیریی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی ئەرمەنەکان و پشتگیریی بەریتانیا بۆ سەربەخۆیی کورد وەک بابەتێک لە سیاسەت، پشتگوێ خراوە، بەڵام تا هەنوکەش هەندێك کورد بەو هیوایەن، ئەگەر کاتی هات، بەریتانیا پشتگیری لە دۆزی کورد دەکات.

ئەوان دەزانن، بەتەنیا بە هەوڵی خۆیان، ناتوانن بەسەر ململانێی سەرۆک خێڵە دەرەبەگەکاندا زاڵ بن کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە و ناشتوانن تەنیا بە هەوڵی خۆیان دەوڵەت دروست بکەن. ئەمەش لاوازیی سەرەکییە کە مەترسی گەورە بۆ سەر جوڵانەوەی دەوڵەتی سەربەخۆخوازی کورد دروست دەکات. هیچ یەک لەو وڵاتانەی کوردستانی بەسەردا دابەش بووە، وەک بەشداربوونێک لە دامەزراندنی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستان، ئامادەنین بە خواستی خۆیان چاوپۆشی لە پارێزگا کوردییەکانیان بکەن. هەروەها پەیوەندی وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ هەر یەک لە ئێران و عێراق و سوریا و تورکیا ڕێگرە لەبەردەم هاندانی سەرکردەکانی کورد و گریمانەکردنی ئەوەی لە ژێر ئەم بارودۆخەدا هیچ یەک لەم هێزە ڕۆژئاواییانە ئامادە بن یارمەتی کورد بدەن، تا لەم وڵاتانە جیا ببنەوە. هەر بۆیەش بادانەوەی کورد بەرەو سۆڤیەت شتێکی ئاساییە.

گروپی سێیەم [واتە جیا لە سەرۆک خێڵ و گروپە خێڵەکان] لە کورد هەن کە لە سوریا و عێراقدا دەژین و ژمارەیان بە بەراورد لەگەڵ کوردانی ئێران و تورکیا زۆرترە، ئەم گروپی سێیەمە لە قوتابیان و فەرمانبەران و کاربەدەستان پێک دێت. ئەمانە خەڵکانی بێ ئومێد و پێنەگەیشتوو و نیمچە ڕۆشنبیرن کە لە ڕێگەی کۆمۆنیزمەوە سەرکردایەتی ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن (ئەویش بە پێی تێگەیشتنی خۆیان لە ناسیۆنالیزم)، یان بە پێچەوانەوە، [کۆمۆنیزم لە ڕێگەی ناسیۆنالیزمەوە، بڵاودەکەنەوە]. ئەم گروپە هیچ پەیوەندی و هاوسۆزییەکیان لەگەڵ ئاغاکاندا نییە و ئاغاکانیش پەیوەندی و دڵسۆزییان لەگەڵ ئەواندا نییە. ئەگەرچی حاڵی حازر، مەلامستەفا بە هۆی پەیوەندییەکانیەوە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، وەک قارەمانێکی نەتەوەیی سەیر دەکرێت.

لـە عێراقـدا چینـی چـوارەم هەیـە کـە ئاسـتی خوێندەواریـان بـەرزە و ڕۆشـنبیرن و وەفـاداری پاشـان، هــەروەک چــۆن بــاب و باپیرانیــان وەفــاداری ســوڵتانی عوســمانی بــوون- ئەمانــە هیــچ کات ڕەچەڵەکـی کـورد بوونـی خۆیـان لـە بیـر نەکـردووە و لـە پێنــاو بەرژەوەنــدی کــوردی عێراقــدا خزمەتیــان کــردووە. ئــەوان لەلایەنــی پرۆســەی کامڵبوونــەوە دەڕوانــە ناســیۆنالیزمی کــوردی و ڕەخنــەی ئەوەیــان لێدەگیرێــت، لەگــەڵ حکومــەت هــاوکارن و ســەبارەت بــە کێشــەی کــورد میانــڕەون. بــە گشــتی چاوەڕوانــی حکومەتــی بەریتانیــان، گوشــار بخاتــە ســەر حکومەتــی عێــراق، تــا بارودۆخــی ژیــان لــە پارێــزگا کوردنشــینەکاندا باشــتر بــکات.

لەوانەیـە ئـەم پەرەگرافـەی سـەرەوە، لەڕادەبـەدەر سـادەکردنی بارودۆخـی کـورد بێـت و حەقیقەتــەکان کەمــتر خرابنــەڕوو. هەمــوو ئاغــاکان، دز نیــن و هەندێــك بەرژەوەنــدی هاوبـەش لـە نێـوان ئاغـای پابەنـدی یاسـا و ڕۆشـنبیران و کاربەدەسـتاندا هەیـە. لەوانەیـە هەندێـك کـەس زۆرتـر لەگـەڵ خەڵکـی ڕەشـۆکی دابـن، بـەڵام ڕاسـتییەکە ئەوەیـە چەنـد گروپێکــی جیــاواز هــەن و زۆربــەی ســەرۆک خێڵەکانــی کــورد کــە خــاوەن دەســەڵاتی ڕاسـتەقینەن، دەیانەوێـت تـا ئـەو شـوێنەی مومکیـن بێـت، بـە نیمچـە سـەربەخۆ لـە هـەر جـۆرە حکومەتێـك بمێننـەوە، نـەک هـاوکار بـن بـۆ دروسـتکردنی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ.

ڕووبەڕووبوونـەوە و پەیوەنـدی گروپـەکان لەگـەڵ یەکـتردا پشـت بـە بارودۆخـی هـەر یــەک لــەو وڵاتانــە دەبەســتێت کــە کــورد بەســەریدا دابــەش بــووە. ئەگەرچــی خواســتی بەدرخانــەکان ســەرکردایەتیکردنی ناســیۆنالیزمی کــوردە، بــەڵام دەســەڵاتیان تەنانــەت لــە دەوڵەتــی شــام و لوبنانیشــدا، دەســەڵاتی بــاڵا نییــە و لــە شــوێنەکانیتریش هــەر پشــتگوێ خـراون. پەیوەنـدی لـە نێـوان ناسیۆنالیسـتەکانی کـورد لـەو وڵاتانـەی کوردسـتانی بەسـەردا دابــەش بــووە، تەنیــا پەیوەندییەکــی کلتــوری و تیۆرییــە. کاریگەریــی ئەدەبیاتــی سیاســی کەسـایەتییە سیاسـییەکان، لەبـری گرێدانـی کـورد پێکـەوە، تەنیـا جوڵانـەوە خۆجێییەکانـی کـورد دەوروژێنێـت. لەبـەر ڕۆشـنایی ئـەم پێداچوونـەوە گشـتییەی سـەرەوە، پێگـەی کـورد لـە هـەر وڵاتێکـدا بـە جـودا و بـە پوختـی لـە خـوارەوە دەخرێتـەڕوو.

**عێراق**

بیرۆکـەی دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کودسـتان کـە لـە ناوچەکانـی زۆرینـە کوردنشـینی عێـراق و تورکیـا پێکهاتبێـت (ئێـران لـە خـۆ ناگرێـت)، لـە ڕێککەوتنامـەی بـە مـردوو لـە دایـک بـووی سـیڤەر ئامـاژەی پێـدراوە، بـەڵام دواجـار، دوای سـێ سـاڵ، بـە واژووکردنـی پەیماننامـەی لـۆزان لـە جـوڵای ١٩٢٣دا، ئـەم پڕۆژەیـە پشـتگوێ خـرا. لـە نێـوان ئـەم سـاڵانەدا، سیاسـەتی حکومەتـی خاوەنشـکۆ و حکومەتـی عێـراق بریتـی بـووە لـە دارێشـتنی چوارچێوەیـەک بـۆ پیادەکردنـی ئـەو بەندانـەی پەیماننامـەی سـیڤەر کـە پەیوەسـتن بـە کـوردەوە. ئـەم ڕەوتـە لـە مـاوەی ئـەم سـاڵانەدا پەیـڕەو کـرا و ڕاسـپاردەکانی کۆمیسـیۆنی دیارکردنـی سـنووری سـەر بـە کۆمەڵـەی گـەلان، کـە لـە فێبریـوەری سـاڵی ١٩٢٥دا سـەردانی کوردسـتانیان کـرد، خەسـڵەتێکی تایبەتیـان بـە ‹کوردیـزم› لـە عێـراق بەخشـی، کـە لـە هیـچ شـوێنیکیتردا نابینرێـت.

لەلایـەن کۆمیسـیۆنی دیارکردنـی سـنوورەوە، پابەندیـی بەخورتـی بەسـەر حکومەتـی عێراقـدا سـەپێنرا، و کۆمیسـۆن لـە دوا ئەنجامەکەیانـدا دەڵێـت:

«پێویسـتە خواسـتی کـورد لەبەرچاوبگیرێـت و فەرمانبەرانـی کـورد بـۆ بەڕێوەبردنـی وڵاتەکەیـان دابمەزرێنـن، بەرقەرارکردنـی دادپـەروەری و خوێنـدن لـە قوتابخانەکانـدا بـە زمانـی کـوردی بێـت و پێویسـتە زمانـی کـوردی لـە هەمـوو ئـەو کەرتـە خزمەتگوزاریانـەدا، زمانـی فەرمـی بێـت».

ئەنجوومەنـی کۆمەڵـەی گـەلان لـە بڕیارەکەیـان سـەبارەت بـە سـنوورەکانی باکـوور، بـەم جـۆرە ئامـاژە بـە پرسـی کـورد دەکـەن:

«حکومەتـی بەریتانیـا وەک دەسـەڵاتی ئینتیـداب، بانگهێشـتکراوە، لەبـەردەم ئەنجوومەنـی [کۆمەڵـەی گەلانـدا]، ئـەو ڕێـکارە کارگێڕییانـەی بـۆ پاراسـتنی دانیشـتوانی کـورد [لـە عێراقـدا] گیراونەتەبـەر، بخاتـەڕوو.... واتـە گەرەنتییەکانـی پەیوەسـت بـە بەڕێوەبردنـی خۆجێیـی [ناوچـە کوردییـەکان] کـە لەلایـەن کۆمیسـیۆنی [دیارکردنـی سـنوورەوە] لـە دوا ئەنجامگیریـدا ئامـاژەی پێکـراوە».

لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە، لـە سـاڵی ١٩٣٢دا، کۆمەڵێـک ڕێنمایی دەرچـوون، بەوەی لـە ناوچـە کوردییەکانـدا، فەرمانبـەران کـورد دەبـن و کـوردی زمانـی فەرمـی دەبێـت و لـە قوتابخانەکانیشـدا بـە زمانـی کـوردی دەخوێندرێـت. هەروەهـا حکومەتـی خاوەنشـکۆ مافـی ئـەوەی هەبـوو لەبـەردەم کۆمیسـیۆنی ئینتیدابـەوە لـە سـاڵی ١٩٣١دا سـەبارەت بـە شکسـتی حکومەتـی عێـراق لـە جێبەجێکردنـی پابەندییەکانـی لەبەرانبـەر کـورددا، بەرگـری لـە حکومەتـی عێـراق بـکات. ئاشـکرایە ئـەم یاسـایە لـە مانگـی مـەی سـاڵی ١٩٣١دا دەرچـوو و یاسـاکە بـۆ گشـت وەزیـرەکان نێـردرا (بێجگـە لـە وەزیـری دەرەوە و بەرگـری) و فەرمانیـان پێکـرا، لـە ناوچـە کوردییەکانـدا هەمـوو فەرمانبەرانـی وەزارتەکانیـان بکـەن بـە فەرمانبـەری کـورد، یـان ئەگـەر فەرمانبـەری کـورد نەبـوون، فەرمانبەرەکانیـان فێـرە زمانـی کـوردی بکـەن، بـەڵام لـە مـاوەی هەشـت سـاڵی ڕابـردوودا، وەک پاداشـتێک بـۆ لەدەسـت نەدانـی پارێـزگا کوردنشـینەکان [و لکاندنـی بـە حکومەتـی عێراقـەوە]، هیـچ کارێـک نەکـراوە، یـان زۆر کـەم کـراوە، بـۆ جێبەجێکردنـی ئـەو سیاسـەتەی حکومەتـی عێـراق پەسـەندی کردبـوو. مومکیـن نییـە پاسـاو بـۆ حکومەتـی عێـراق بهێنرێتـەوە بـۆ بارودۆخـی ڕابـردوو و هەنوکەیـی [کـورد]. ئـەوان ئـەو سیاسـەتەی بـە دڵیـان نییـە، پشـتگوێی دەخـەن و لـە هـەر شـوێنێک بۆیـان بلوێـت، بەربەسـت لەبـەردەم جیەجێکردنیـدا دروسـت دەکەن.

ئـەو ڕێکارانـەی بـۆ هێنانـەدی خواسـتی کـورد گیراونەتەبـەر زۆر سـەرکەوتوانە لـە ناوبـراون. ئەمـەش لەوانەیـە بـە هـۆی بـێ دەسـەڵاتی بێـت لـە ئیدارەدانـی جیاوازیـە سروشـتییەکانی [نـاو کۆمەڵـگادا]، بـەڵام بەگشـتی ئەمـە بەهـۆی بـێ مەیلـی حکومەتـی عێراقـە لـە گرتنەبـەری ئـەم ڕێکارانـە کـە لـەو بڕوایەدایـە، ئـەم ڕێکارانـە لەبـری بەهێزکردنـی یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق، دەبێتـە هـۆی دابەشـبوونی عێـراق (بـۆ نموونـە، گرتنەبـەری ڕێـکاری تایبـەت بـە دامەزراندنـی یەکەیەکـی کارگێـڕی تایبـەت بـە کـورد). لـە لایەکیـترەوە، سـەختە بـۆ حکومەتـی عێـراق، هاوسـۆزی کۆمەڵگایـەک بێـت، سـەرکردەکانی بـە ڕێژەیەکـی زۆر کـەم نەبێـت، هیـچ دەرفەتێـک لـە دەسـت نـادەن بـۆ دەربڕینـی ڕقیـان لەبەرانبـەر حکومەتـی بەغـدا و گشـت ئـەو کارانـەی کردوویەتـی. هەربۆیـەش حکومـەت هـەوڵ دەدات ئـەم کێشـانە بـە لابردنـی سـەرۆک خێڵـە بەهێـزەکان

چارەسـەر بـکات. ئـەم جـارە بەڕێوەبەرایەتـی ئەنجوومەنـی ئامۆژگاریـکارە بەریتانییـەکان (Moderating Council of British Advisors) و حـەزی ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ پرسـی کەمینـەکان، لـەم بابەتـە هەڵنەقورتـاون. نائومێدبوونـی حکومـەت لـە جیاوازییـە سروشـتییەکانی کـورد و تێگەیشـتن لـەوەی سـەرکردەی کـورد مامەڵـە بـەم دۆخـەوە دەکەن، بوونەتـە هـۆی ئەنجامدانـی پەرچەکردارێـک، بـە سـوودی گۆڕینـی ئـەم بارودۆخـە نەبێـت.

سـەرەڕای ئـەو بارودۆخـەی بـە هـۆی پەیماننامـەی سـیڤەرەوە هاتووەتەکایـەوە، بـەڵام کـوردی لیـوای موسـڵ و هەولێـر پێـش سـاڵی ١٩٢١، قبوڵیـان کـردووە بـبن بـە هاوڵاتـی عێـراق، بـەڵام کـوردی لیـوای سـلێمانی ئەوەیـان ڕەتکـردەوە بـبن بـە هاوڵاتـی حکومەتـی عێـراق و بـە دەوڵەتـی عێراقـەوە بلکێندرێـن. هەروەهـا ڕەتیـان کـردەوە لـە ڕیفراندۆمـی هەمانسـاڵدا، دەنـگ بـە مەلیک فەیسـەڵ بـدەن. چالاکییەکانی شـێخ مەحمود لە سـلێمانی، شـێخ ئەحمـەد لـە بـارزان و براکـەی مەلامسـتەفا، هەندێکجـار بـە شکسـتی حکومەتـی عێـراق هەژمـار دەکرێـن لـە جێبەجێکردنـی بەرپرسـیارێتیەکان، بـەڵام ئەمـە تەنیـا بەشـێکی ڕاسـتییەکانە. دوژمنایەتـی ئـەو سـەرکردانە بـۆ حکومەتـی عەرەبـی بەغـدا، دوژمنایەتییەکی ڕیشـەییە. (هــەروەك چـۆن مێـژووی زووی شـێخ مەحمـود ئەمـە نیشـان دەدات). لـەم ڕووەوە دەکرێـت ئـەم سـەرکردانە بـە پاڵەوانـی ناسـیۆنالیزمی کـورد هەژمـار بکرێـن، بـەڵام ئـەم ناسـیۆنالیزمە لـە پێنـاو بەدیهێنانـی بەرژەوەندییـە کەسـییەکانی خۆیاندایـە، نـەک ئـەوەی هاندەرەکـەی بریتـی بێـت لـە هەسـتی نیشـیمانپەروەری. ئامانجـی سـەرەکی ئـەو سـەرکردانە ئازادبوونـە لـە مومارەسـەرکردنی دەسـەڵاتی سـتەمکاری دەرەبەگایەتیەکەیـان بەسـەر زۆربـەی هـەرە زۆری ئـەو هاوڵاتیانـەدا دەسـەڵاتیان بەسـەردا دەشـکێن.

شۆڕشـی مـەلا مسـتەفای بـارزان لـە سـاڵی ١٩٤٥، ئەگەرچـی لـە ڕووکەشـدا، شۆڕشـێک بـوو لـە دژی شکسـتی حکومەتـی عێراقـی لـە باشـترکردنی بارودۆخـی ئابـوری کـورد، بـەڵام ئـەم شۆڕشـە بـە هـۆی یارمەتـی سـەرۆک خێڵـە کـوردە دوژمنەکانـی مـەلا مسـتەفا لەناوبـرا، لەوانەیـە وا گریمانـە بکرێـت، نەمانـی مـەلا مسـتەفا لـە عێراقـدا بـە دڵـی زۆر کـەس بـوو بێـت. سـەرەڕای ئـەو خەسـڵەتە ناسـیۆنالیزمەی ڕووس لـە ڕێگـەی یارمەتـی و پڕوپاگەندەکانیـان هــەر لــە دوای دەرچوونــی مــەلا مســتەفا لــە عێـراق دەیخەنــە

پـاڵ، بـەڵام خـودی شۆڕشـەکە، شۆڕشـێکی ڕاسـتەقینە بـوو. شـێخ مەحمـود هەرگیـز نەیتوانیـوە فەرمانڕوایـی خەڵکێکـی زۆر بـکات، تەنانـەت لـە خـودی سـلێمانیش، خـودی مەلامسـتەفاش بـە بـێ پـارە و چەکـی ڕووسـیا، نەیدەتوانـی ئـەم جـۆرە کارە بـکات.

بـەڵام وەک جیاکەرەوەیـەک، مەلامسـتەفا وەک قارەمانێکـی شـەڕکەر دەرکـەوت و بەڵگەیەکـی زینـدووی مەیلـی سـۆڤیەت بـوو بـۆ ناسـیۆنالیزمی کـورد. توانـای مەلامسـتەفا لـە ئـاژاوە نانـەوە، نیگەرانکەرتریـن هـۆکار بـوو بـۆ حکومەتـی عێـراق. ئـەم نیگەرانیـە بـە بڵاوبوونـەوەی دەنگـۆی گەڕانـەوەی مەلامسـتەفا وەک سـەرۆک هێزێـک کـە پشـتیوانی ڕووسـیای هەیـە، مایـەی نیگەرانـی بەردەوامـی حکومـەت بـوو.

لـەو ماوەیـەی مـەلا مسـتەفا لـە وڵات دوور بـوو، ئـەو هێڵێکـی پەیوەنـدی لـە نێـوان ناسـیۆنالیزمی کـوردی و کۆمۆنیزمـدا دروسـت کـرد و بـوو بـە ئیلهامـدەری قوتابیـان، مامۆسـتایانی ئایینـی، شـۆفێری لۆری کە ناسـیۆنالیزمی کـوردی هۆکاری سـەرەکی ڕاپەڕینیانە لـە دژی کۆمەڵگایـەک تێیـدا دەژیـن و بێگومـان کەرەسـتەی خـاوی ئـەم بیرۆکەیـەش تیۆری کۆمۆنیسـتە. لە چالاکییەکانی ئەم چینانەی سـەرەوەدا، زۆر سـەختە ناسـیۆنالیزم و کۆمۆنیزم لێک جیابکرێنەوە، هەر بۆیەش دروسـتە، ئەم جوڵانەوەیە وەک جوڵانەوەیەکی کۆمۆنیسـتی هەژمـار بکەیـن کە ناسـیۆنالیزمی کـوردی بەکاردێنێت و هیچ کوردێـک ناتوانێت ڕووبەڕووی تۆمەتـی خیانـەت نەبێتـەوە، ئەگـەر کۆمۆنیـزم بـە ئامرازێکـی سیاسـی لە قەڵەم بـدات نەک ئامانجێکی سیاسـی. (لەم حاڵەتەدا دەبێ ئەم چینە لە هەندێك سـەرکردەی پایەبەرزی وەک بەدرخانـەکان جیـا بکرێنـەوە کـە بە هـۆی هـۆکاری جۆراوجـۆرەوە مامەڵە لەگەڵ سـۆڤیەت دەکـەن). خواسـتی [سـەربەخۆیی] و سـەختی [بارودۆخـی ئابـوری] لـە تەواوی کوردسـتاندا بەربڵاوە، ئـەم دۆخـە زۆر بـە ئاسـانی دەتوانرێـت بقوزرێتەوە، ئاغـاکان بە بێ ئـەوەی هیچ هاوسـۆزیەکی حەقیقیـان لەگـەڵ جوڵانـەوە ناسیۆنالیسـتیەکەی کـورددا هەبیـت، نایانەوێت یارمەتـی حکومەتـی عێـراق بـدەن و هەربۆیـەش لەوانەیـە ئەگـەر بارودۆخەکـە لە دەسـت دەرچـوو، هەندێـك مەرجیـان هەبێـت لـە پێنـاو هێنانـەدی بەرەژەوەندییـە تایبەتییەکانـی خۆیـان. لەوانەیـە لەڕاسـتی دووربێت کە بۆ هاندەرانـی کۆمۆنیزم، ناسـیۆنالیزم وەک پلانێک بـۆ خوڵقاندنـی ئـاژاوە لـە کوردسـتانی عێراقـدا لێـک بدرێتـەوە، بـەڵام ئـەو هەلومەرجانەی

بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم ناسیۆنالیزمە، لە ئەنجامی پێکەوە گرێدانی لاوازی حکومەت و ئاژاوەنانەوەی ڕووسە.

ئەمەش تێبینییەکی خەمهێنە لەسەر نیەت پاکی داڕێژەرانی پەیماننامەی سیڤەر و ئەندامانی کۆمیسیۆنی ئینتیدابی کۆمەڵەی گەلان کە دەبێ عێراق هەوڵ بدات، خواستی کورد تەنانەت لە ئاستێکی نزمیش بێ، بەدی بهێنێت، کەچی شۆڕش و دوژمنکاری هەر بەردەوامە. دۆخی خراپی ئەمنی پارێزگا کوردییەکان هەرگیز نەبووەتە هۆی نیگەرانی حکومەتی عێراقی بۆ باشترکردنی ئەم دۆخە.

مەلامستەفای بارزان کاتێک لە ساڵی ١٩٤٥ بەرەو ئێران ڕۆیشت، وازی لەوە هێنا تەنیا ببێتە کەسایەتییەکی عێراقی. پێداچوونەوەیەک بە چالاکییەکانی ئەم دواییەی ئەو، لە بەشی تایبەت بە ئێران و سیاستی سۆڤیەت-کوردی دەخرێتەروو.

**ئێران**

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕەزاشادە، کورد و خێڵەکانیتر بە توندی کۆنترۆڵکران. سەرۆک خێڵەکان بەرەو تاران و ناوچەکانیتر ڕاگوێزران. لە دوای لە کارلادانی ڕەزاشا، ئەو سەرۆک خێڵانە گەڕانەوە ناو خێڵەکانیان و دوای چەند مانگێکی کەم، دۆخی سەروەرنەبوونی یاسا بۆ ئەم ناوچانە گەڕایەوە. لە میانەی ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٤دا، ناوچە سنوورییەکانی سەردەشت، بانە، مەریوان و هەورامان بە تەواوەتی لە کۆنترۆڵی حکومەت دەرچوو بوون و سەربەخۆ بوون. لە سەردەمی داگیرکاری ئەنگلۆ-سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤١دا، بنکە سەربازییەکانی ئێران پاشەکشەیان کرد، یان لەلایەن کوردەوە دەرکران، تا پاییزی ١٩٤٤ ئەم بنکانە دووبارە لەم ناوچانەدا نەکرانەوە.

لە زۆنی داگیرکراو لەلایەن ڕووسەوە، هێزەکانی ئێران ئازادیی ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازیان نەبوو و لە ساڵی ١٩٤٤دا مهاباد بووە مەڵبەندی چالاکیی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئێران، واتە لەو شوێنەی قازی محەمەد، کەسایەتییەکی خۆجێیی، وەک سەرۆکی جوڵانەوەکە پەیدابوو. ئامانجی سەرەکی قازی محەمەد بریتی بوو لە بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی خۆجێیی هاوشێوەی ئەوەی شێخ مەحمود لە سلێمانی لە نێوان ساڵانی

١٩١٨-١٩١٩دا هەیبـوو. بـە هاتنی مانگی فێبریوەری ساڵی ١٩٤٥، دەرکـەوت قازی محەمەد پشـتگیریی ڕووسـیای هەیـە. لـەو مانگـەدا لـە مهابـاد نائارامـی سـەریهەڵدا و ڕووسـیا هاتـە نـاو بابەتەکـەوە و ڕێگـری لـە دەسـتێوردانی هێزێکـی ئێرانـی کـرد کـە بـۆ کۆنتـڕۆڵ کردنـی بارودۆخەکـە بـەرەو مهابـاد نێردرابـوو. پەیوەنـدی نێوان قـازی محەمەد و پارتـی دیموکراتی تەورێـز، کـە لـە دێسـەمبەری ١٩٤٦دا لـە دژی حکومەتـی ئێـران ڕاپـەڕی، هیـچ کات ڕوون نەبـوو، بـەڵام بـە گوێـرەی هەواڵـەکان لە زۆنـی کوردیـدا، کۆمارێکـی کـوردی دامـەزرا، دواتر قـازی محەمـەد بـوو بە سـەرۆکی ئـەم کۆمارە.

کۆمـار لـە ئەنجامـی دژایەتـی خێڵـەکان و کاردانـەوەی حکومـەت لـە دژی کۆمارەکـە لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٤٦دا ڕووخـا. قـازی محەمـەد خـۆی ڕادەسـتی فەرمانـدەی هێزەکانـی ئێـران کـرد، لـە فێبریـوەری ١٩٤٧ دادگایـی کـرا و لـە سـێدارە درا.

ئـەوکات لەلایـەن حکومەتـی ئێرانـەوە هەندێـك مـەرج خرانـە بـەردەم مەلامسـتەفا و هاوەڵانـی، بـەڵام مەرجـەکان پەسـەند نەکـران و زۆرێـک لـە پیاوانـی خێـڵ و سـەرکردەکان لەلایــەن هێزەکانــی ئێرانــەوە بــەرەو ســنووری عێــراق نێــردران، کەچــی مەلامســتەفا لـە ڕێگـەی خاکـی تورکیـاوە، دووبـارە گەڕایـەوە نـاو خاکـی ئێـران و لەوێشـەوە بـەرەو ئازەربایجانـی سـۆڤیەت ڕۆیشـت و لـەوێ مایـەوە.

لەوکاتــەوە تــا هەنوکــە هیــچ شــتێکی گرنــگ لەبــارەی کوردســتانی ئێرانــەوە تۆمــار نەکـراوە. ڕاپۆرتـی ئـەوە هەبـوو، لـە سـەرەتای ئـەم سـاڵەدا مهابـاد ئـارام بـووە و ئـەو کەسـانەی لایەنگـری سـۆڤیەت بـوون، چیـتر لـەوێ نەمـاون. لـەم مانگـەدا (سـپتەمبەری ١٩٥٠) هەواڵــی ســەرهەڵدانی خێڵــی جوانــڕۆ هەیــە، ســەرهەڵدانێک کــە وا دیــارە بەرگریکـردن بێـت لـە دژی چەککردنـی خێڵـەکان. پەرچەکردارێکـی سروشـتی کـە هیـچ پەیوەنـدی بـە ناسـیۆنالیزمی کوردییـەوە نییـە.

چینـی ڕۆشـنبیر و بـێ ئومێـد کـە کارەکتـەری جوڵانـەوەی ناسـیۆنالیزمی کوردیـن لـە ئێـراق و وڵاتانـی شـام، لـە ئێرانـدا نیـن. [دەوڵەتەکانـی شـام لـە هـەر یـەک لـە سـوریا و لوبنـان و ئیسرائیـل و تورکیـا و ئـەردەن و میـسر پێـک دێـت؛ بـەڵام لێـرەدا مەبەسـتی نووسـەر لوبنـان و سـوریایە. وەرگێـڕ].

### وڵاتانی شام (The Levant States)

ژمارەی کورد لە لوبنان کەمە و گرنگی سیاسییان نییە. ئەو کوردانەی لە سوریاش دەژین ژمارەیان نزیکەی ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ هەزار کەسە. زۆربەی کوردی سوریا بەسەر گروپە خێڵەکییەکانی ناوچەی جزیرەدا و بە درێژایی سنووری تورکیا دابەش بوونە. لە دیمەشق کۆمەڵەیەکی ٢٠ هەزار کەسیی کورد دەژین.

ئەگەرچی جاروبار کورد لە دژی حکومەتی سوریا نارەزایی دەردەبڕن، بەڵام تا هەنوکە هیچ ئاماژەیەک بۆ شۆڕش لە دژی حکومەت یان داوای جیا بوونەوە لە سوریا نەبینراوە، هەروەك ئەوەی کە لە عێراقدا هەیە. هەندێك پەیوەندی لە نێوان کوردی جزیرە و براکانیان لە تورکیادا هەیە، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوە خێڵەکییەکان لە تورکیادا، پەیوەندی نێوان ئەم دوو کۆمەڵە کوردەی لاواز کردووە. لە کاتی گوشار خستنەسەر کورد، هەواڵ هەن لەسەر هاتوچۆی بەردەوامی نێوان کوردی سوریا و عێراق و ئێران، بەڵام دەکرێت بگوترێت، هەندێك هەواڵ و پەیام لەسەر هاندانی کورد لە دژی حکومەت بیستراوە. کاریگەری ڕووداوەکان لە خودی سوریادا پشتگوێ خراوە، بەڵام چینی خوێندەواری کوردی سوریا لە جزیرە هەروەك کوردی عێراق ئاڵودەی کۆمۆنیزم بوونە، بەڵام ئەمانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر سەرۆک خێڵەکان و لایەنگرەکانیاندا نییە.

لەڕاستیدا، ئەوەی براکانی بەدرخان لە دیمەشق و بەیروت نیشتەجێبوونە، بە ڕێکەوت بووە. ئەوان جێماوەی خێزانێکی بەرجەستەی کوردن کە لەلایەن تورکەکانەوە چەندین ساڵ لەمەوبەر دەرکراون. هەنوکە لە ناوچەی وان وەک ڕۆشنبیرە ناسیۆنالیستەکانی کورد هەژمار دەکرێن. چالاکی بەدرخانەکان نەبووەتە مایەی نیگەرانی حکومەتەکانی سوریا و لوبنان. پار پێشنیازەکەی جەلادەت بەدرخان بۆ گرێدانی کۆنگرەیەکی کوردی لە بەیروت، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە قبوڵ نەکرا و هیچ پەرچەکردارێکی دوژمنکارانە لە دژی ئەم بڕیارەی حکومەت نەگیراوەتە بەر.

### تورکیا

نزیکـەی نیـوەی سـێ ملیـۆن کوردەکـەی [هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان] لـە پارێزگاکانـی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـادا دەژیـن. تـا سـاڵی ۱۹۵۳ کـە تورکـەکان وڵاتیـان بـە تەواوەتـی کۆنـترۆڵ کـرد، خواسـتی سـەرۆک خێڵەکانـی کـورد بـۆ پاراسـتنی سـەربەخۆیی خۆیـان بـووە هـۆی هەڵگیرسـانی سـەرهەڵدان و شـەڕی نەپچـڕاو. سیاسـەتی کۆمـاری نوێـی تورکیـا بـۆ بەعەلمانیکـردن و بـە ڕۆژئاواییکردنـی کۆمەڵـگای تورکیـا، بـووە هـۆی هەڵگیرسـانی دوو شـۆڕش، یەکێکیـان لـە سـاڵانی ۱۹۲۵-۲٦، ئەویتریشـیان لـە ناوچـەی چیاکانـی ئـارارات لـە سـاڵی ۱۹۳۰دا، دواتـر لـە سـاڵانی ۱۹۳۷-۳۸دا، شۆڕشـێکیتر لـە چیاکانـی دەرسـیم کـە هەنوکـە بـە تۆنجەلـی ناودەبرێـت، سـەریهەڵدا.

هەمـوو ئـەو شۆڕشـانە بـە دڕندەییـەوە سـەرکوتکران و دواتـر لـە ڕێگـەی دوورخسـتنەوەی سـەرۆک خێڵـەکان لـە زێدیـان یـان لـە سـێدارەدانیان و دابەشـکردنی مـاڵ وموڵکیـان سیاسـەتی لەناوبردنـی سیسـتەمی خێڵایەتـی و دەرەبەگایەتـی لەلایـەن حکومەتـی تورکیـاوە گیرایەبـەر. هـاوکات لـە ڕێگـەی ڕاکێشـانی هێڵـی ئاسـنین بـۆ پارێزگاکانـی ڕۆژهەڵاتـی وڵات و ڕاکێشـانی ڕێگاوبـان بـۆ ناوچـە دوورەدەسـتەکان و بـە کردنـەوەی قوتابخانـەکان و خوێنـدن بـە زمانـی تورکـی و باشـترکردنی شـێوازەکانی کشـتوکاڵی و بـۆ سـەرنج ڕاکێشـانی خێڵـە کۆچەرییەکانـی کـورد تـا بـن بە خێڵی نیشـتەجێ، حکومەتـی تورکیـا هیواخـواز بـوو کـورد لـە نـاو تورکـدا بتوێنێتـەوە. پرۆسـەیەک، بـە هیـچ شـێوەیەک تـەواو نەکـرا، بـەڵام بـاری ئەمنـی بـە هـۆی بوونـی ژمارەیەکـی زۆری سـوپای تـورک لـە ناوچـە کوردنشـینەکاندا باشـتر بـوو.

دەسـەڵاتدارانی تورکیـا زۆر بـە ڕاشـکاوی ئەوەیـان ڕەتکـردەوە دان بـە کـورد بنێـن وەک کەمینەیـەک و تەنیـا وەک کێشـەیەکی سـنوور دەیانڕوانیـە پرسـی کـورد، بـەڵام جـار نـا جـار ئـەوان نیگـەران بـوون لـە ئەگـەری کاریگـەری نوانـدە سـەر کردەکانیـان بـە هـۆی ئـەو پرۆپاگەنـدا ناسیۆنالیسـتیانەی کـە لـەو دیـو سـنوورەکانی تورکیـاوە ئەنجـام دەدرا.

### سیاسەتی ڕووسیا لەبەرانبەر ناسیۆنالیزمی کورددا

لــە مانگەکانــی دوای هاتنــە نــاوەوەی ســوپای ڕووســیا و بەریتانیــا بــۆ نــاو خاکــی ئێـران لـە سـاڵی ١٩٤١دا، ڕووس بـە هـۆی تێکچوونـی بارودۆخـی سـەربازییان لـە قەفقـاز، بــە بەردەوامــی بیریــان لــە دۆزینــەوەی خێڵــی کــوردی دۆســت، لــە ســەر ســنووری نێــوان ئازەربایجــان و تورکیــادا دەکــردەوە. باشــتربوونی بارودۆخەکــە و تێگەیشــتنی ڕوون لــە ڕاســتییەکان، بــووە هــۆی ئــەوەی ڕووســیا لــە مەترســی ئاژاوەگێــڕی خێڵــەکان لــە هێڵــی بەرگــری بەدرێژایــی [ســنووری ئێــران] تێبــگات، ئەمــەش بــووە هــۆکاری گۆڕانــکاری لــە هەڵســوکەوتی ڕووس و لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٤٢دا، هەوڵیانــدا خێڵــە تورکـەکان [دەبێـت مەبەسـتی نووسـەر خێڵـە کوردییـەکان بێـت و ئەمـە هەڵـەی چاپـی بێــت. وەرگێــر] بەهێمنــی بهێڵنــەوە و باڵانســی نێــوان ئــەوان و دەســەڵاتدارانی تورکیــا ڕابگـرن. ئـەم سیاسـەتە تـا سـاڵانی ١٩٤٣ بـەردەوام بـوو و لـە سـاڵی ١٩٤٤دا، هـەروەك لــە ســەرەوە ئامــاژە پێــدرا، هانــی جوڵانــەوەی قــازی محەمــەد درا. ســەرەڕای ئەمــەش هیــچ بەڵگەیــەک لەبەردەســت نییــە، ئــەوە پشتڕاســت بکاتــەوە، ڕووس بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ و بەرفــراوان پشــتگیریی ســەربەخۆیی کــورد دەکــەن.

بەهەرحــاڵ، شــایانی ئامــاژە پێدانــە لــە هەڵســوکەوتی ســۆڤیەت لــە ســاڵی ١٩٤٦دا، بەمجــۆرە تۆمــار کــراوە: «بــە نەبوونــی هیــچ پڕوپاگەندەیەکــی کاریگــەری پەرچەکردارانــە [لــە دژی پڕوپاگەنــدەی ســۆڤیەت]، جــا پڕوپاگەندەکــە ڕاســتەخۆ لەلایــەن ســۆڤیەتییەکانەوە بێــت، یــان ئیلهامــی لــە کردارەکانیــان وەرگرتبێــت، ئــەم پڕوپاگەندەیــە ڕێگــە دەکاتــەوە سیاســەتی ڕووســیا بگۆڕدرێــت بــۆ سیاســەتی یەکگرتنــەوەی کــورد و ڕاکێشــانیان بــۆ نــاو یەکێتــی ســۆڤیەت. تەنانــەت ئەگــەر بێــت و ســۆڤیەت نیەتــی گرتنەبــەری ئــەم سیاســەتەی نەبێــت، بــەڵام ئەمــە سیاســەتێکی ترســناکە، دەتوانێــت لەکاتــی پێویســتدا، بــە هــۆی ئــەو پشــتگیرییە ســنووردارەی ڕووسـیا لـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد دەکات، [ئـەم سیاسـەتە] ببێتـە یارمەتیـدەری پرۆسـەی نەهێشــتنی دەســتڕۆیی و قەڵەمــڕۆی بەریتانیــا لــە ڕۆژهەڵاتــی ناڤینــدا».

لـە سـاڵی دواتـر، مەلامسـتەفا بـەرەو روسـیا هـەڵات و هـەر لەوێـوە وەک هەڕەشـە

لەسەر ئاشتی عێراق و ئێران مایەوە و دەکرێت وەک سەرۆکێکی شیمانەکراو (کە بە توندی لە ژێر کۆنترۆڵی سۆڤیەتدا بوو)، لە ئەگەری ڕوودانی هەر ڕووداوێک دەکرێت بانگێشت بکرێت بۆ سیاسەتێکی کارا [لە بەرژەوەندی سۆڤیەتدا] لەو ناوچانەی پێویستە مەلامستەفا تێیدا چالاکی ئەنجام بدات.

لەکاتێکدا لە ڕێگەی مەلا مستەفاوە پەیوەندی لەگەڵ سەرۆک خێڵە کوردەکانی عێراق بەردەوامی پێدرا و لەم ڕێگەیەوە ئەدەبیاتی خراپکارانە [واتە پڕوپاگەندەی کۆمۆنیزمی] دەگەیشتە کوردە سیاسییەکانی بەغدا و سلێمانی و شوێنەکانی دیکە. ڕووبەڕووی دووڕیانبوونەوەی کوردە ڕۆشنبیرەکانی بەیروت و دیمەشق، ئەو دەرفەتەی بە [ڕووس بەخشی]، بە شاراوەیی، بەڵام بە بێ هیچ بەڵێنێکی ئەرێنی، کورد بوروژێنن.

پێوست ناکات ڕووسیای سۆڤیەت هیچ کارێکی دیکە ئەنجام بدات، یان لێرەدا [واتە لە کوردستان] هەوڵەکانی هیچ تێچوێکی پێویست بێ، بەڵام کۆمۆنیزم، کە [بۆ کورد] خراوەتەڕوو لەلایەن سەرۆک خیڵەکانەوە پەسەند ناکرێت و پەیڕەوکردنی پڕۆگرامە خامەکەی، بۆ لایەنگرانی ئەم سەرۆک خێڵانە بابەتێکی بێ مانایە. لە کاتی ئاشتیدا، گەنجە نیمچە خوێندەوارەکان بە کەڵک دێن تا بیرۆکەی ڕووس، بەوەی ئەوان پارێزەری کوردستانن، بە زیندوویی بهێڵنەوە. بەڵێنی کێشانی سنوورەکانی کوردستانی باکوور و بەڵیندان بە دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی لە کاتی شەڕدا بەکار بهێنرێت.

نهێنی

کۆنسولگەری گشت بەریتانیا

تەورێز

(614/112/A-7/50)

٣١ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٠

بەڕێز کریستۆفەر

١. لـە دوای نووسـینی نامەیەکـم بـە ژمـارە ٢٨ لـە ١٦ی ئۆکتۆبـەر لەبـارەی کوردسـتانی ئازەربایجـان، لەگـەڵ فەرمانـداری گشـتی [تەورێـز] گفتوگۆیەکـی دوورودرێـژم لەبـارەی ئـەم سـەردانەی دوایـی بـۆ ئـەم ناوچەیـە ئەنجـام داوە. دکتـۆر ئیقبـال لـە میانـەی گەشـتەکەیدا، کـە لەلایـەن سـەرۆک پۆلیـس و بەڕێوەبـەری نۆژەنکردنـەوەی ڕێگاوبانـەکان و کۆمەڵێـک کاربەدەسـتی دیکەشـی لەگـەڵ بـوون، لـە مەراغـە، میانـدواو، بـۆکان، مهابـاد و سـەقز بـەرەو سەردەشـت چـووە. دواتـر ئـەو بـەرەو باکـوور و تـا ڕۆژئـاوای دەریاچـەی ڕەزایـە و لەوێشـەوە بـەرەو ماکـۆ ڕۆیشـتووە و لەوێـوە گەڕاوەتـەوە تەورێـز. بەگشـتی، هەڵسـانگاندنەکانی فەرمانـداری گشـتی ڕاپۆرتەکـەی مـن پشتڕاسـت دەکاتـەوە، بـەڵام یـەک یـان دو و خاڵـی سەرنجڕاکێشـیتر دەرکەوتـوون.

٢. سـەرەکیترین تێگەیشـتنی دوکتـور ئیقبـال ئەوەبـوو خێڵـی جەلالـی لـە دەوروبـەری ماکـۆ نیشـتەجێن، هـی متمانـە پێکـردن نیـن؛ پرسـی ناسـەقامگیریی فەرمانـڕەوا لـە مهابـاد، لـە هەمووشـیان سەرسـوڕهێنەرتر، بوونـی ملکەچییەکـی بەهێـز لـە سەردەشـت بـۆ [ڕژێمـی ئێـران].

٣. سـەبارەت بـە خێڵـی جەلالـی، بـە بـڕوای دکتـۆر ئیقبـال هـەر جـۆرە هەوڵدانێـک بـۆ بەدەسـتهێنانی ئینتیـمای ئـەم خێڵـە، درێـژ دەخایەنێـت. هەروەهـا ئـەو دڵنیایـی خـۆی دەدایـەوە بـەوەی لـە نزیکـەوە چاودێـری ئـەم خێڵـە دەکات.

٤. بـە بـڕوای دکتـۆر ئیقبـال، بـە گشـتی لەنێـو کـورد و بەتایبەتیـش لـە شـاری مهابـاددا پڕوپاگەندەیەکـی زۆر هەیـە و پڕوپاگەنـدەی ڕووس هەندێـك پێشـکەوتنی لـە مهابـاد

بـە خـۆوە بینیـوە. بـە بـڕوای ئـەو، لـە هەمـوو بارێکـدا بارودۆخەکـە لـە کۆنـترۆڵ دەرناچێـت، بـەڵام بـە بۆچوونـی ئـەو، ڕووس بـەردەوام دەبـن لـە پڕوپاگەنـدە کـردن، تـا ئەوکاتـەی دۆخەکـە کۆنتـڕۆڵ دەکـەن، تەنیـا پەرچـە کـرداری ئێـران دەتوانێـت ڕێگـری لـەم کارە بـکات. دکتـۆر ئیقبـال، دەسـەڵاتدارانی ئـاگادار کردووەتـەوە، بـە زووتریـن کات وێسـتگەیەکی پەخشـی ڕادیـۆ لـە مهابـاد دابمەزرێنـن. هـاوکات ئـەو هەندێـك ڕێکاریـتری پڕوپاگەنـدەی گرتووتەبـەر کـە بـۆ مـن باسـی وردەکارییەکانـی نەکـرد. مـن هیـچ گومانـم لـەوەدا نییـە، ئـەو ڕێکارانـە، ڕێـکاری ئارامکـەرەوەن، بـەڵام هـەروەك لـە ڕاپۆرتەکەمـدا ئامـاژەی پێـداوە، لـەم ناوچەیـەدا کـردە، نـەک گۆتـار، پێویسـتە بگیرێتەبـەر. هەروەهـا حکومـەت نابـێ دوودڵ بێـت لـەوەی، تـا دەسـتکەوتەکان بچنێتـەوە، دەبـێ هەوڵـی بـەردەوام بـدات.

٥. فەرمانـداری گشـتی لـەو پێشـوازییە گەرمـەی لـە سەردەشـت لێیکرابـوو، تووشـی سەرسـوڕمان ببـوو. لـە سەردەشـت وەک زۆر شـوێنیتر، دکتـۆر ئیقبـال، یەکـەم فەرمانـداری گشـتی بـووە، سـەردانی ئـەم شـوێنە بـکات. وەڵامـی ئـەم ئینتیمایـە لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـردا بـە نامەیـەک لەلایـەن شـاوە درایـەوە و ئەمـەش دانیشـتوانی سەردەشـتی خۆشـحاڵ کـرد.

٦. لـە وەڵامـی پرسـیارێکمدا سـەبارەت بـە سـەختی دابەشـکردنی [سـوتەمەنی] لـە ناوچـە دوورە دەسـتەکاندا، دکتـۆر ئیقبـال گوتـی: کۆمپانیـای نەوتـی ئێـران، ئەنبـاری باشـی بـۆ گڵدانـەوەی بەرهەمـە نەوتییـەکان لـە هەمـوو شـوێنێکدا دروسـت کـردووە، هەروەهـا لـە هـەر شـوێنێک پێویسـتیان بـە دانەوێڵـە بـوو، بۆیـان دابیـن دەکرێـت.

٧. لـە مـاوەی گەشـتەکەیدا، دکتـۆر ئیقبـال، سـەری سـوڕما بـوو لـەوەی لـە هەمـوو چایخانەیەکـدا بـێ تـەل هەیـە، واتـە ئـەو شـتەی ئێمـە پێشـتر دەمانزانـی.

(C. T. Gandy Esq)

باڵیوزخانەی بەریتانیا

تاران

زۆر نهێنی

باڵیوزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(1026/33/50)

٨ی نۆڤەمبەری ١٩٥٠

١. خۆشحاڵ بووم بە بینینی نامەکەتان بە ژمارە (E.1822/12)، لە ٢٥ی ئۆکتۆبەر کە بۆ مۆنتاگۆ-پۆلۆک (Montagau-Pollock) ناردبووت و ئاماژەت بەوەدابوو، پێداچوونەوە بە ئامانجی پێشوت دەکەیەوە سەبارەت بە دووبارە دەستپێکردنەوەی پەخشی ڕادیۆیی [بە زمانی کوردی] لە کوردستان.

٢. بە گشتی بارودۆخی ئەمنی ناوچە کوردییەکانی عێراق باشە و لەو بڕوایەدا نیم، هیچ ئاژاوەیەک لەم ناوچەیەدا سەرهەڵبدات. (هەروەك لە نامەکەمدا بە ژمارە ٢١٨ (٥٠/٢٥/١٠١٤)، لە ٢ی ئۆکتۆبەر ئاماژەم بۆ کرد و کۆپییەکیش بۆ تاران، ئەنقەرە، دیمەشق و واشنتۆن دەنێرم)، بەڵام نیگەرانی کاریگەرییەکانی پەخشی ڕادیۆی ئێریڤانی سۆڤیەتم لەسەر کوردستان. لەوانەیە لەبیرتان بێت کاتێک پار لەبارەی دووبارە زیندوو کردنەوەی پەخشی ڕادیۆی کوردستان گفتوگۆمان کرد، ترێڤێلیان (Trevelyan) لە نامەکەیدا بە ژمارە (P. 49/73) لە ٢٥ی ئۆگۆست، ١٩٤، بۆ مارای (Murray)، مەزەندەی ئەوەی کرد ٣٠٠ ئامێری ڕادیۆی مۆڵەت پێدراو و نزیکەی هەمان ژمارە لە ئامێری ڕادیۆی مۆڵەت پێنەدراو لە شاری سلێمانیدا هەن.

لە ناوچەکانیتری ئەم لیوایەدا، ٢٠٠ ئامێری ڕادیۆی مۆڵەت پێدراو هەن و لە هەولێر ٢١٥ ئامێری ڕادیۆی مۆڵەت پێدراو هەن. هەروەها ئەو ئاماژەشی بەوەداوە لە هەر گوندێکدا ڕادیۆ کافەیەک هەیە [واتە چایخانەیەک هەیە کە ڕادیۆی تێدا بێت] و لە ڕێگەی بڵندگۆیەکەوە کە بە ڕادیۆکەوە گرێدراوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵک گوێی لە ڕادیۆکە دەبێت. ئەم ژمارانە، ئاماژەن بەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی کورد دەستیان بە ئامێری ڕادیۆ دەگات.

ویلفرێـد تێسـگێر (Wilfred Thesiger)، لـەم دواییـەدا لـە گەشـتێک لـە باکـووری عێـراق گەڕاوەتـەوە، بـە یەکێـک لـە ئەندامانـی سـتافەکەمی گوتبـوو، دۆش دامـاوە لـە ئاسـت بەرزیـی ئاگایـی کـورد لـە ڕادیـۆ. هەروەهـا تووشـی سەرسـوڕمان ببـوو لـەوەی کـورد زیاتـر لـەوەی ئـاگاداری کاروبـاری گونـدی دراوسـێیان بـن، ئـاگاداری کاروبـاری کۆریـان، ئەمـەش بـۆ حـەزی کـورد بـۆ گـوێ گرتـن لـە ڕادیـۆ دەگەڕێتـەوە.

جیـا لـە تـاران، تـا ئـەو شـوێنەی ئێمـە ئاگاداریـن، تەنیـا ڕادیۆیـەک بەرنامەکانـی بـە زمانـی کـوردی پەخـش دەکات، لەلایـەن سـۆڤیەتەوە، پاڵپشـتی دەکرێـت. ئەگـەر بێـت و ئـەم ڕادیۆیانـە بۆماوەیەکـی بـاش بـە بـێ بەرپەرچدانـەوە بمێننـەوە، ئەمـە دەبێتـە هـۆی کاریگەریـی نوانـدن لەسـەر هەڵسـوکەوتی کـورد لەبەرامبـەر حکومەتـە میترۆپۆلیتەنەکانیـان [واتـە حکومەتەکانـی ئێـران و عێـراق و سـوریا و تورکیـا] و لەبەرانبـەر حکومەتـە ڕۆژئاواییـە دیموکراتەکانـدا. هەربۆیـەش بـە بـڕوای مـن باشـترە، بە بێ دواخستن ڕادیـۆی ڕکابـەری ئـەم ڕادیۆیانـە بـۆ کـورد بکرێتـەوە.

ئێمـە زۆر بـە وردی کردنـەوەی پەخشـی ڕادیۆمـان لـە کوردسـتانم هەڵسـەنگاند. جگـە لـە تێچووەکـەی، گرفتـە سـەرەکییەکانی کردنـەوەی ڕادیۆکـە بریتیـن لـە:

**ا** چۆنیەتی چاودێریکردنی پەخشی ڕادیۆکە.

**ب** هەستیاریی حکومەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا.

**ج** پەرچەکرداری کورد بۆ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانیان.

٣. بـا هـەر یـەک لـەم خاڵانـەی سـەرەوە بـە جیـا بخەینـەڕوو. یەکـەم، کـورد گەلێکـن جێگـەی متمانـە پێکـردن نیـن و ئـەو لەخشـتەبردنەی بـە هـۆی پەخشـی ڕاسـتەوخۆوە دروسـت دەبێـت، لەوانەیـە لـە درێژخایەنـدا ببێتـە هـۆی دروسـتبوونی دڵەڕاوکـێ لای کـورد. هەربۆیـەش بـە بۆچوونـی ئێمـە، گرنگـە هاوڵاتییەکـی بەریتانـی کـە دەتوانێـت بـە کـوردی قسـە بـکات، چاودێـری ڕادیۆکـە بـکات.

٤. دووەم، ئەمـەش ئـەو خاڵەیـە مـارای لـە نامەکەیـدا بـۆ تریڤێلیـان، بـە ژمـارە (PR. 2707/38/9) لـە ١٨ی ئۆکتۆبـەر ١٩٤٩دا، ئامـاژەی پێدابـوو، واتـە پەخشـی ڕادیـۆ بـە

زمانـی کـوردی، دەبێتـە هـۆی هێنانـەدی تەنگـەژە لـە تـاران و ئەنقـەرە و دیمەشـق و بەغـدا. مـن لـە تۆمـاری ئـەم دواییـەی گفتوگـۆی نێـوان ئێـوە و ئەمریکییـەکان، کـە تۆمارەکەتـان بـە ناونیشـانی نامـەی ژمـارە (E.10213/12) لـە ٢١ی ئۆکتۆبـەر ١٩٥٠ ناردبـوو، بـۆم دەرکـەوت، باڵیـوزی تورکیـا لـە لەنـدەن لـە گفتوگـۆی لەگـەڵ میکائیـل ڕایـت، لەسـەر کردنـەوەی دەنگـی ئەمریـکا بـە زمانـی کـوردی ناڕەزایـی دەربڕیـوە. هەڵبـەت، هیـچ شـتێک نییـە ڕێگرمـان بێـت لـە کردنـەوەی ڕادیـۆی دەنگـی کـوردی و ئـەو حکومەتانـەی کوردسـتانی بەسـەردا دابـەش بـووە لەوانەیـە ڕازی بـن بـەوەی هـۆکاری سـەرەکیی کردنـەوەی ئـەم ڕادیۆیـە، وەسـتانە لـە دژی پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت، کـە مەبەسـتیەتی کـورد لـە دژی ئـەم حکومەتانـە هـان بـدات. سـەرەڕای ئەمـەش، لـە پەخشـەکانی ئـەم ڕادیۆیـەدا، پێویسـتە خۆمـان بـە دوور بگریـن لـە وروژاندنـی هـەر بابەتێـک کـە حکومەتەکانـی مێترۆپۆلیتێـن وای لێکبدەنـەوە ئەمـە هەوڵدانێکـە بـۆ لاوازکردنـی دەسـەڵاتەکەیان بەسـەر کەمینـەی کوردیانـدا.

بەهەمانشـێوە، ئێمـە دەبـێ خۆمـان دوور بگریـن لـەوەی ئـەو هەسـتە لەلایـەن کـورد دروسـت بکەیـن بـەوەی زلهێزێـک هاوسـۆزە لەگـەڵ خواسـتە ناسیۆنالیسـتییەکەیاندا. لـە کۆتاییـدا هەندێـک شـت لـەو قسـانەی باڵیـوزی تورکیـا بـە میکایـل ڕایتـی گوتـووە، هـەن. هەروەهـا، ئێمـە لێـرە لـە بۆنەیەکـدا، پێشـنیازمان بـۆ کارمەندانـی باڵیۆزخانـەی ئەمریـکا کـردووە، نیشـاندانی مەیلـی زۆر بـە کـورد، کارێکـی ناعاقڵانەیـە. بەهەرحـاڵ، ئـەم گرفتانـە بـەو مانایـە نایێـن، ناتوانیـن تێیـان بپەڕێنیـن.

خاڵێـک لـە نامەکـەی مۆنتاگۆ-پۆلـۆک بـە ژمـارە ١٥٧ (٥٠/٢/١٠٦٢٢) لـە ٢٩ی سـێپتەمبەردا هەیـە کـە مـن لـە پەرەگرافـی ٦دا باسـی دەکـەم. ئـەو ئامـاژە بـەوە دەکات، لەبـارەی کردنـەوەی ڕادیـۆ بـە زمانـی کوردی، باشـترە پێشـوەختە لەگـەڵ سـوریا و حکومەتە پەیوەندیـدارەکان قسـەبکەین. مـن ڕێـز لـەو پێشـنیازە دەگـرم و هـەروەك لـە پەرەگرافـی پێشـووتردا باسـم کـردووە، پێویسـتە ئێمـە لـە مەترسـی نیگەرانـی ئـەوان ئـاگادار بیـن، بـەڵام بـە بـڕوای مـن باشـترە ئـەم مەترسـییە قبـوڵ بکەیـن، نـەک قبوڵـی بکەیـن ئـەوان دەسـتێوەربدەنە چۆنیەتـی بەڕێوەبردنـی وێسـتگەکە. حکومەتـەکان لـە عێراقـدا زۆر

بـە خێرایـی دەگۆڕدرێـن و ڕێـڕەوی پەیوەندییەکانـی نێـوان سـوریا و عێراقیـش پێشـبینی نەکـراوە. هەربۆیـەش بـە بـڕوای مـن زۆر سـەختە، لەیەککاتـدا هـەم داواکارییەکانـی ئـەم دوو حکومەتـە جێبەجـێ بکرێـن و هەمیـش لـە دژی پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت بوەسـتینەوە. هەروەهـا پێویسـتە نیگەرانییەکانـی ئێـران و عێراقیـش لەبەرچـاو بگریـن.

٥. بــە پێــی هەمــوو ئــەو خاڵانــەی لــە ســەرەوە باســمان کــرد، گەیشــتوومەتە ئــەو ئەنجامــە، ئەگــەر بێــت و ئێمــە ڕادیــۆی زمانــی کــوردی بکەینــەوە [پێویســتە بەرنامەکانـی] میانڕەوانـە بـن. ئامانجـی سـەرەکی ئێمـە بریتییـە لـە هـەواڵ گەیانـدن بـە کـورد، تـا بـە پێچەوانـەی ئـەو شـتانەی لـە ڕادیـۆ ئێریڤانـەوە گـوێ بیسـت دەبـن، بجوڵێنـەوە. هەربۆیـەش بـە بـڕوای مـن، پێویسـتە لـە سـەرەتادا، بەرنامەکانـی ڕادیۆکـە پەخشـکردنی هـەواڵ و مۆزیکـی کـوردی بـن. دەکرێـت دواتـر ئـەم پەخشـە لـە ڕێگـەی بڵاوکردنــەوەی هەواڵنامەیــەک بــە زمانــی کــوردی بەهێــز بکرێــت. ئــەو شــتەی لــە مێشـکی منـدا هەیـە، بـۆ نموونـە، بریتییـە لـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو شـتانەی مسـتەر فیلیپس-پرایـس (Mr. Philips-Price) لـەم گەشـتەی دواییـدا بـۆ کوردسـتانی عێـراق و ئێـران بینیویەتـی. دواتـر دەکرێـت پڕۆژەیتریـش بخرێنـەڕوو.

زۆر نهێنی

نوێنەرایەتی بەریتانیا (British Legation) ، دیمەشق

١٦ی نۆڤەمبەر ١٩٥٠

(10622/9/50)

١. داوات کردبــوو، تێبینیەکانــم لەبــارەی نامەکــەت بــۆ بــۆرۆس (Burrows) بــە ژمــارە (E.18822/14) لــە ئۆکتۆبــەر ســەبارەت بــە پرســی کــورد، بخەمــەڕوو.

٢. مـن زۆر حـەزم لـە خوێندنـەوەی ئـەو یاداشـتنامەیە کـرد، کـە لەلایـەن بەشـی توێژینەوە ئامـادە کـراوە و وێنەیەکـی هاوسـەنگی [لەسـەر پرسـی کـورد خسـتووەتەڕوو]. لـەو شـوێنەی کـە ئامـاژە بـە سـوریا دەکات، لەگـەڵ بۆچوونەکانـی هـاوڕام؛ تەنیـا ئـەوە نەبێــت، گومانــم لــەو بۆچوونــە هەیــە کــە لــە لاپــەڕە ٩دا دەیخاتــەڕوو بــەوەی چالاکییەکانـی بەدرخانییـەکان نابێتـە هـۆی نیگـەران بوونـی حکومەتـی سـوریا. مـن لـەو بڕوایـەدام، حکومەتـی سـوریا زۆر بـە وردی چاودێـری چالاکییـە ناسیۆنالیسـتیەکانی سـەرکردەکانی کـورد دەکات، بـە تایبەتـش چالاکییەکانی جەلادەت بەدرخـان. جەلادەت، وەک ڕێبوارێـک هەژمـار کـراوە [کـە لـە تورکیـاوە بـۆ سـوریا چـووە]، ئەمـەش هەڵەیـە.

٣. بـە گشـتی مـن لەگـەڵ ئـەو بۆچوونـە هـاوڕام کـە حاڵـی حـازر لـە ڕوانگـەی حکومەتـی سـوریاوە، کـورد کێشـەیەکی ئەوتـۆ دروسـت ناکـەن. هەنوکـە ئـەوان بەسـەر پێنـج وڵاتـدا دابـەش بوونـە و لـە ناوخۆشـدا ململانێـی خێڵایەتـی هەیـە. لـە لایەکیـترەوە، هـەروەك لـە نامەکـەم بـە ژمـارە ١٥٧، لـە ٢٩ سـێپتەمبەردا، ئامـاژەم پێـداوە، هەندێـك ئامـاژە هـەن، پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت بـەرە بـەرە لـە نـاو کـورددا گەشـە دەکات و لـە هەمانکاتـدا پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بدەیـن سـتراتیژی جیهانـی حاڵـی حـازر گرنگییەکـی تایبـەت بـە ناوچـە کوردییـەکان دەدات.

٤. بـە دڵنیاییـەوە ڕووبـەڕوو بوونـەوەی پڕوپاگەنـدەی کۆمۆنیسـتەکان لـە نـاو کـورددا، مەترسـی هەیـە کـە ببێتـە هـۆی ئـەوەی کـە ناسیۆنالیسـتەکانی کـورد وا بیربکەنـەوە ئـەوان هێزێکـی سیاسـی گرنگـن و دەتوانـن لـە ڕێگـەی هاندانـی ڕۆژهـەڵات لـە دژی

ڕۆژئاوا، بەرژەوەندییەکانیان دەستەبەر بکەن. لە لایەکیترەوە، ئەگەر بێت و ناوچە کوردییەکان خاوەن گرنگی ستراتیژی بن، من گومانم لە دروستی بۆچوونەکەتان لە پەرەگرافی ٢ی نامەکەتان هەیە بەوەی کە کورد هێندە دورن کە نەتوانن نیگەرانی جیددی بۆ ئێمە دروست بکەن.

٥. سەبارەت بە سەردانی ئەم دواییەم بۆ جزیرە و کێشەی کورد و کاریگەرییەکانی لەسەر حکومەتی سوریا، بە جیا نامەیەکتان بۆ دەنووسم و بۆچوونی خۆم دەخەمەڕوو.

٦. من کۆپییەکتان لەم نامەیە بۆ دەنێرم. (W. N. Montagu-Pollock)

بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە، لەندەن، S, W. 1

زۆر نهێنی

(10622/8/50)

نوێنەرایەتی بەریتانیا

دیمەشق

١٦ی نۆڤەمبەر ١٩٥٠

١. لـە نامەکەتـان بـە ژمـارە (S.1822/12) لـە ٢٥ی ئۆکتۆبـەر، ئێـوە پرسـیارتان کـرد سـەبارەت بـە بۆچوونـی مـن لەبـارەی بارودۆخـی کـورد لـە جزیـرە. دەتوانـم لـەوەوە دەسـت پێبکـەم، سـەختە بتوانیـن زانیـاری جێـی بـاوەڕ لەبـارەی ئـەم بابەتـە دەسـتەبەر بکەیـن. بەداخـەوە، سـەردانم بـۆ لای سـەرکردەی کـورد لـە جزیـرە، زۆرتـر سـەردانێکی فەرمـی بـوو، ئەمـەش بـە دڵـی مـن نەبـوو، چونکـە دەسـەڵاتدارانی ئەمنـی سـوریا، لـە سـەرنجدانی مـن لەسـەر ئـەم پرسـە زۆر بـە گومـان بـوون.

٢. بـە پشـت بەسـتن بـەو سـەرچاوانەی لەبەردەسـتم دان، مـن بـەم جـۆرەی خـوارەوە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەتان دەدەمـەوە کـە لـە پەرەگرافـی ٢دا، وروژاندبووتـان:

ا خەڵکـی بـە ڕەگـەز کـورد لـە سـوریا بـە هاوڵاتیـی بـاش دادەنرێـن و ڕێگەیـان پێـدراوە لـە حکومەتـدا بگەنـە پلـەی بـەرز. ئەگەرچـی خواسـتی ناسیۆنالیسـتی و کلتـوری [لەلایـەن حکومەتـی سـوریاوە] پشـتگوێ خـراوە، بـەڵام هیـچ جیاکاریەکـی بەرچـاو لـە دژی کـورد نابینرێـت. زۆرێـک لـە کاربەدەسـتە خۆجێیەکانـی جزیـرە یـان کـوردن یـان بەڕەگـەز کـوردن. لـە لایەکیـترەوە، لـە قوتابخانـە و دادگاکان ڕێگـە نادرێـت بـە زمانـی کـوردی قسـە بکرێـت، هەروەهـا مۆڵـەت بـە بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامـە بـە زمانـی کـوردی نـەدراوە.

ب زۆربـەی گلەیـی و گازنـدەکانی کـوردی سـوریا هەیانـە، گلەیـی هاوبەشـن لـە نێـوان هەمـوو خەڵکـدا. ئـەوان گلەیـی لـە ناکارایـی سیسـتەمی کارگێـڕی و حکومـی و دەسـتێوەردانی سـوپا لـە کاروبـاری مەدەنیـدا دەکـەن. تەنیـا گلەییەکـی تایبـەت [بـە کـوردان] کـە بـۆ مـن هاتـووە، بریتییـە لـەوەی دەسـەڵاتدارانی سـوریا دابونەریتـی کورد

پشـتگوێ دەخـەن و ڕێـزی لێناگـرن و دەزگا هەواڵگرییەکانـی سـوریا زۆر هەسـتیارن و بـە بـێ هـۆکار لـەم دابونەریتـە بـە گومانـن.

ج نەمبیسـتووە بریـکاری سـۆڤیەتی لـە جزیـرە چالاکـی بگێڕیـت، بـەڵام پارتی کۆمۆنیسـتی سـۆڤیەت لـە جزیـرە چالاکـە و لەلایـەن لایەنگرانـی ئاشـتی و ڕێکخـراوی دیموکراتیـی گەنجـان یارمەتـی دەدرێـت. کـورد بـە گشـتی زۆر لـە حکومەتـی ئـەو وڵاتـەی تێیـدا دەژیـن، نـاڕازی نیـن، بـەڵام لەبەرئـەوەی مرۆڤـی خۆڕاگـرن و خـاوەن داب و نەریتێکـی کۆنـن، خۆیـان بـە بەرزتـر لـە عـەرەب هەژمـار دەکـەن، هەربۆیـەش زۆربـەی کـورد پێشـوازی لـە بیرۆکـە ناسیۆنالیسـتییەکان دەکـەن. ئەگـەر بێـت و کۆمۆنیسـتەکان لـە نێـوان کـورددا زەمینەیەکـی لەبـار بدۆزنـەوە، گرنگتریـن هـۆکار لـە دۆزینـەوەی ئـەم زەمینەیـە ناسـیۆنالیزمی کـوردە کـە ڕووسـیا بـە تاکـە هێـز دەبینێـت، لەوانەیـە بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان یارمەتیـان بـدات.

د هیـچ ژمارەیەکـی جێـی بـاوەڕم لەبەردەسـت نییـە، بـەڵام جـەلادەت بەدرخـان پێـی گوتـم لـە جزیـرە بـە بەرفراونـی گـوێ لـە ڕادیـۆ ئێریڤـان دەگیرێـت. ئەگـەر لـە ڕوانگـەی منـەوە بڕوانینـە ئـەم بابەتـە، بـە پێـی ئـەو گەشـتەی بـۆ جزیـرە کـردم، بـە گومانـم لـەوەی ژمارەیەکـی زۆری کـورد ڕادیۆیـان هەبێـت. کاتێـک نامـەی ‹مـەک› (Mack) بـە ژمـارە (٥٠/٣٣/١٠٢٦) لـە ٨ی نۆڤەمبـەری ١٩٥٠ بـۆ بەڕێزتانـی ناردبـوو، دەمخوێنـدەوە، هەسـتم کـرد ژمـارەی ئامـرازی بێتـەل (ڕادیـۆ) لـە کوردسـتانی سـوریا بـە بـەراورد لەگـەڵ کوردسـتانی ئێـراق زۆر کەمـترە. هەروەهـا دەبـێ ئـەوەش لەبەرچاو بگریـن، ژمارەیەکـی زۆری خەڵکـی هـەژاری خێڵـەکان حەزیـان لـە بابەتـی سیاسـییە، هەربۆیـەش دەتوانیـن وێنـای ئـەوە بکەیـن، چـۆن دەنگۆیـەک بـە خێرایـی لـە نـاو گونـدە کوردییەکانـدا بڵاودەبێتـەوە.

هـ حاڵـی حـازر، کـورد ناتوانـن لـە ڕێگـەی نانـەوەی نائارامیـی مەدەنییـەوە، حکومەتـی سـوریا ناچـار بکـەن [داوکارییەکانیـان جێبەجـێ بـکات]. گواسـتنەوە و گەیانـدن لـە جزیـرە زۆر لاوازە، هەربۆیـەش ئەگەرچـی بۆ سـەرکوتکردنی ئاژاوەنانەوە کات پێویسـتە، بـەڵام سـەخت نییـە ڕێگـە نەدرێـت ئـەم نائارامیـە لـە سـنووری ناوچەییـدا دەرچێـت.

مەترسـی سـەرەکی لـە دەسـتێوەردانی ڕووسـیایە، ئەگـەر هاتـوو شـەڕ ڕووبـدات. ئەمـەش ئـەو خاڵەیـە مـن لـە نووسراوەکـەم بـە ژمـارە ١٥٧ لـە ٢٩ی سـپتەمبەردا، لـە پەرەگرافـی ٥ ئامـاژەم پێدابـوو.

بـە بانگەشـەکردن بـۆ ئـەوەی ڕووسـیا تەنیـا لایەنگـری خواسـتی کـوردە، پارتـی کۆمۆنیسـتی سـوریا هەوڵـدەدات، کەشـێک لـە جزیـرە دروسـت بـکات، بتوانێـت لەبەرانبـەر هـەر جـۆرە بڕیارێکـی حکومەتـی سـوریا بـۆ چوونـە پـاڵ ڕۆژئـاوا لـە دژی ڕووسـیا، بوەسـتنەوە. ئەمـەش لـە ڕاسـتیدا بابەتێکـی سـتراتیژییە و بـۆ مـن سـەختە بتوانـم بڵێـم: گرنگـی جزیـرە لـە کاتـی سـەرهەڵدانی شـەڕێکی لـەم جـۆرە چەنـدە. بـە دڵنیاییـەوە لـەم جـۆرە دۆخـەدا، ڕووبـاری فـوڕات گرنگییەکـی بەرچـاوی دەبێـت. هەروەهـا دەکرێـت وێنـای ئـەوە بکرێـت، لـە ناوچەیەکـی وا ئاڵـۆز و سـەخت بـۆ کۆنتڕۆڵکـردن، کۆمۆنیسـتەکان و کـوردە ناسیۆنالیسـتەکان پێکـەوە دەتوانـن هەڕەشـەیەکی جیـددی لەسـەر گواسـتنەوە و گەیانـدن دروسـت بکـەن.

٣. هـاوڕام لەگـەڵ ئـەم بۆچوونـەی بەڕێزتـان سـەبارەت بـەوەی کـورد لـە ناوخۆیانـدا دابەشـبوونە و ئەمـەش وایکـردووە، هێزێکـی کەمـتر کاریگـەر بـن. ئـەم دابەشـبوونەش نـە تەنیـا لـە ئەنجامـی خێلگەرایـی و ململانێیـە، بەڵکـو لـە ئەنجامـی بەرژەوەندیـی ئابـوری و سیاسـی جیاوازیشـە. هەندێـك کـورد پشـتگیریی لـە بیرۆکـەی یەکبوونـی نێـوان کـوردی سـوریا و عێـراق دەکـەن؛ جـا ئەمـە لەبـەر ئـەوە بێـت کـە ئـەوان وا بیـر دەکەنـەوە، ئـەم یەکبوونـە، ئاسـانکاری دەکات بـۆ هەناردەکردنـی بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکانیان بـۆ خـوارەوەی ڕووبـاری فـوڕات [بـۆ ناوچـە عەربییەکانـی عێـراق]؛ یـان تەنیـا لەبەرئەوەیـە دەیانەوێـت لەگـەڵ کـوردی عێـراق دووبـارە یـەک بگرنـەوە. کۆمەڵێکیـتر لـە دژی یەکبوونـە، چونکـە ئـەو کات ناچـار دەبـن واز لـەو شـتانە بهێنـن کـە هەیانـە، یـان لەبەرئـەوەی بـە بۆچوونـی ئـەوان حکومەتـی عێـراق بـە بـەراورد بـە حکومەتـی سـوریا لێبوردەیـی کەمـترە. ئەگەرچـی ئەمـەش بـە مانـای جیاوازییەکـی زۆر لەنێـوان بۆچوونـی کـورد نایێـت، بـەڵام جێـی سـەرنجە یەکێـک لـە ئەندامانـی خێزانـی شـاهین (Shahine family) لـە کۆبانـێ، جێگـری سـەرۆکی حزبـی گەلـە (People

Party)، بـەڵام کوڕەمامەکـەی لایەنگـری پارتــی ناسیۆنالیســتە (Nationalist Party).

٤. دوو شـت کـە تـا ڕادەیـەک منیـان نیگەران کـردووە، بریتیـن لـە تەشـەنەکردنی کۆمۆنیزم لەنێـو کـورد و هەروەهـا ئەگـەر ڕووسـیا لـە نیشـاندانی هاوخەمـی خـۆی بـۆ کـورد سـەرکەوت؛ ئـەو مەترسییەیە کـە کۆمۆنیـزم لـە کاتـی هەڵگیرسـانی جەنگـدا دەتوانـن بـە هـۆی ئـەم هاوخەمییـەوە بۆمـان دروسـت بکـەن. نـازم... (Nazim ….) بـە منـی گـوت، ئـەو زۆر نیگەرانـی تەشـەنەکردنی کۆمۆنیـزم نییـە، چونکـە زۆربەی کـورد خاوەن زەویـن، بەڵکـو مـن نیگەرانـی ئـەوەم ئـەو هەسـتەی لـە میانـەی گەشـتەکەمدا بـۆم دروسـت بـوو، بریتـی بـوو لـەوەی کـە تەنیـا سـەرۆک خێڵەکانـی کـورد خـاوەن زەوی زۆرن [واتـە جیـا لـە سـەرۆک خێڵـەکان، کەسـیتر خـاوەن کێڵگـەی گـەورەی کشـتوکاڵی نییـە]. لەوانەیـە ئـەو سـەرۆک خێڵانـە هاوسـۆزی جوڵانـەوەی ناسیۆنالیسـتی کـورد بـن و دەتوانـن ڕووسـیا بەکاربهێنـن کـە یارمەتـی ئـەم جوڵانەوەیـە بـدات، ئەمـەش بـەو مانایـە نایێـت کـورد لایەنگـری کۆمۆنیسـتن. لـە لایەکیـترەوە، هـەروەك لاپـەڕە ٨ لـە یاداشـتنامەی بەشـی توێژینـەوە (Reasearch department) لەبـارەی کـورد ئامـاژەی پێـداوە، دوو چیـن [لـە نـاو کـورد] هـەن، ڕەنگـە بەسـتێنی گونجـا بـۆ تەشـەنەکردنی کۆمۆنیـزم فەراهـەم بکـەن، ئەوانیـش ڕۆشـنبیران و چەوسـاوەکان. چەوسـاوەکان بریتین لـە سـەپانەکان، ئـەو کەسـانەی لـە کێڵگەکانـدا بـە پارەیەکـی کـەم کار دەکـەن، و هەروەهـا ئـەو خەڵکـەی بیانـوی جیاوازیـان بـۆ ناڕەزایـی دەربڕیـن هەیـە. بـۆ نموونـە، بەلهاریزیـا و مالاریـا کاریگەریـی کەمـی لەسـەر ورەی خەڵکـی ئـەم ناوچەیـە هەیـە [بـە بـەراورد لەگـەڵ کردەوەکانـی حکومەتـی سـوریا].

٥. سـەبارەت بـە پەخشـکردنی [پڕوپاگەنـدە] بـە زمانـی کـوردی ئەمـە کێشـەیەکی جیدییـە کـە بـە بـەراورد لەگـەڵ دراوسـێکانی سـوریا، کەمـتر کاریگـەری لەسـەر سـوریا دروسـت دەکات. هۆکارەکـەش ئەوەیـە ژمـارەی کـورد لـە سـوریا بـە بـەراورد لەگـەڵ دراوسـێکانی کەمـترە. مـن ئـاگادارم تـورک سـەبارەت بـە کـوردە کەمینەکـەی خۆیـان چەنـد هەسـتیارن. هەروەهـا مـرۆڤ دەبـێ ڕێـز لـەم ڕوانگەیـەی [تورکەکانیـش] بگرێـت.

ئـەم جـۆرە پەخشـکردنە، دەبێـت هـۆی بـێ بەهاکردنـی سیاسـەتی تـورک کـە هەوڵـی تواندنـەوەی کـورد دەدەن. پرۆسـەی تواندنـەوەی کـورد لـە سـوریاش هاوشـێوەی تورکیایـە، بـەڵام بـە خێراییەکـی کەمـتر، بەردەوامـە. لەوانەیـە ئـەم پرۆسـەیە خێراتـر بکرێـت، ئەگـەر بێـت و حکومەتـی سـوریا لـە بەرزکردنـەوەی ڕێـژەی دانیشـتوانی جزیـرە سـەرکەتوو بێـت، جـا چ لـە ڕێگـەی نیشـتەجێکردنی فەلەسـتینیەکان لـەو ناوچەیـە، یـان لـە ڕێگـەی ئامرازیـترەوە.

لـەو نامەیـەی بـۆ مـەک (Mack) نووسـیومە، پێشـنیازەکەم، سـەبارەت بـەوەی پێـش ئـەوەی ئێمـە دەسـت بـە پەخشـی ڕادیـۆ بکەیـن بـە زمانـی کـوردی، بـە هەڵـە لێکدراوەتـەوە، باشـترە لەگـەڵ ئـەو حکومەتانـەی پەیوەندییـان بـە پرسـەکەوە هەیـە، قسـە بکەیـن [واتـە لەگـەڵ ئێـران، سـوریا، عێـراق و تورکیـا]. مەبەسـتی مـن ئـەوە بـوو، جوانـترە بەڕێـزەوە ئـەوان ئـاگاداری پلانەکـەی ئێمـە بـن. هەڵبـەت نابـێ هیـچ ڕۆڵێـک لە سیاسـەتی چۆنیەتـی پەخشـکردن بـەم لایانەنانـە بدرێـت. لەڕاسـتیدا، بەشـێوەیەکی نافەرمـی مـن بـە سـەرۆک وەزیرانـی سـوریام گـوت، دامەزراندنـی ڕادیۆیـەک بـۆ بەرپەرچدانـەوەی پڕوپاگەنـدەی ڕادیـۆی ئێریڤـان، بیرۆکەیەکـی نایابـە.

٦. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ وەرگێڕەکانی بەڕێزتان دەنێرم.

واژوو

(W. H. Montagu-Pollock)

نهێنی

ME 89/51

## کێشەی کورد ١٩٤٦-١٩٥٠

**١٩٤٦: ئێران**

١. چارەنووسی کوردی ئێران لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٤٦دا، بە ‹کۆماری ئۆتۆنۆمی ئازەربایجان›، بە سەرکردایەتی پیشاوەریەوە، گرێدراوە. ڕێککەوتنی باسکراو لە نێوان پیشاوەری و قازی محەمەد، سەرۆکی کوردی مهاباد (بڕوانە پەرەگرافی ٧ لە نامەی نهێنی بە ژمارە ١٧٠٨١)، وا دیارە هەرگیز جێبەجێ ناکرێت. لە هیچ کاتێکدا پەیوەندی لە نێوان ئەم دوو حکومەتە ئاسان نەبووە. لەوانەیە بەخراپوونی بارودۆخی ناوخۆیی ئازەربایجان و مەیلە بەرفراوانخوازەکانی کورد و گوشاری تاران لەسەر هەردوو حکومەتدا، ببێتە هۆی ئەوەی ڕێککەوتننامەکە ببێتە لاپەڕەیەکی مردوو. لە جونی ١٩٤٦دا، قازی محەمەد سەردانی تارانی کرد و دواتر ئاشکرابوو، هەوڵیداوە حکومەتی ئێران هان بدات «قەڵەمڕەوەی کورد›› تا شاپور (سەلماس) بەرفراوان بکات. لە کاتێکدا سەرۆک وەزیران پێداگربووە لەسەر ئەوەی پێویستە کوردستان وەک بەشێک لە ئازەربایجان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لە ڕێککەوتنەکەیدا لەگەڵ پارتی دیموکراتی ئازەرەبایجان لە ١٤ی جوندا ئاماژەی پێبکرێت، بەڵام هێزە کوردییەکان لەسەر حیسابی ئازەربایجانییەکان ڕەزایەیان داگیرکرد، کۆنترۆڵی سەردەشت، بانە و تەکابیان کرد. هەروەك دواتر دەبینین هیچ یەک لەم ڕێکارانە کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی کورد نەبوو.

٢. لە بەهاری ١٩٤٦دا، جەنگێکی پچڕپچڕ لە نێوان کورد و هێزەکانی حکومەتی ئێراندا ڕوویدا، و هێزەکانی ژێر فەرماندەیی بارزانی زۆرترین هێرشیان ئەنجامداوە. لە کۆتایی هاویندا دەسەڵات و پێگەی بارزانی لە دۆخێکی خراپدا بوو و بووە سەرەتایەک بۆ گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق.

٣. بە هاتنی سپتەمبەری ١٩٤٦، کۆماری کورد بە هۆی کورتهێنانی دارایی و بێ ئارامیی

گشـتی، ڕووبـەڕووی گرفتـی جیـددی ببـووە. سـەرکردەکانی کـورد بە لانیکەمەوە بەسـەر سـێ دەسـتەدا دابـەش ببـوون. ئەوانـەی لایەنگـری قـازی محەمەد بـوون، ئەوانـەی دژی قـازی محەمـەد بـوون، پەنابەرەکانـی سـەر بـە بارزانـی لەژێـر فەرماندەیـی مەلامسـتەفا کـە سـەر بـە هیـچ دەسـتەیەك نەبـوون لـە دووەکـەی سـەرەوە. بەڵگـەی زۆر لەسـەر پەیوەنـدی نزیکـی مەلامسـتەفا و دەسـەڵاتدارانی سـۆڤیەتدا هـەن. هەروەهـا ئاغـاکان خۆیـان بـە نەیـاری کۆمۆنیـزم نیشـاندەدا، بـەوەی قـازی محەمـەد و مەلامسـتەفا ئالـودەی ئـەم ئایدیۆلۆژیایـە بوونـە کـە لەگـەڵ ئیسـلامدا یـەک ناگرێتـەوە. کەچـی ئـەم ئاغـا بـێ ئاکارانـە، ئەگـەر چـەک و پـارەی ڕووسـی هەبووایـە، وەریانـدەگرت. یـان پشـتگیرییەکی کەمـی قـازی محەمەدیـان دەکـرد لـەو کاتانـەدا کـە قـازی محەمـەد پشـتگیریی ڕووسـیای هەبـوو و وەک کەناڵێـک بـۆ وەرگرتنـی یارمەتـی دارایـی ڕووسـیا.

٤. بـە شـێوەیەکی گشـتی بارودۆخـی کـورد لـە ژێـر کارتێکـەری هەلومەرجـی ئازەربایجانـدا بـوو. دانوسـتاندنی درێژخایەنـی نێـوان دیموکراتەکانـی ئازەربایجـان و حکومەتـی ئێران، بـووە هـۆی بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنۆمییەکـی سـنووردار بـۆ پارێـزگای ئازەربایجـان، بـەڵام ڕەتکردنـەوەی حکومەتـی تەورێـز بـەوەی ئـەم حکومەتـە لایـەن تارانـەوە کۆنتـڕۆڵ بکرێـت، بـووە هـۆی ئـەوەی دەسـتێوەردانی سـەربازیی بژاردەیەکـی چاوەڕوانکـراو بێـت. هەڕەشـەی ڕووس بـەوەی دەسـتێوەردان دەرهاوێشـتەی مەترسـیداری دەبێـت، لەلایـەن حکومەتـی ئێرانـەوە گرنگـی پێنـەدرا و تەورێـز لـە ١٢ی دێسـەمبەردا دەسـتی بەسـەردا گیـرا. پەیامـی ملکەچیـی لەلایـەن ئازەربایجانییـەکان بـۆ سـەرۆک وەزیـران لـە تـاران و بـۆ شـا نێـردراو و سـەرۆک وەزیرانـی تەورێـز، پیشـاوەری، هەڵاتـە ڕوسـیا.

٥. هـاوکات سـۆڤیەت هیـچ هەنگاوێکیـان بـۆ جێبەجێکردنـی هەڕەشـەکانیان نەگرتەبـەر، و پشتیوانیشـی لـە قـازی محەمـەد نەکـرد و ئەویـش لـە میانـدواو خـۆی رادەسـتی فەرمانـدەی هێـزە چەکدارەکانـی ئێـران کـرد. لەگـەڵ ئـەم ڕووداوانـە ‹بەڕێوەبەرایەتیەکـەی› قـازی محەمـەد لـە لێـواری ڕووخانـدا بـوو. ئـەو لـە مهابـاد زیندانیکـراو، دواتـر لەگـەڵ هەندێـك لایەنگرەکانـی لـە سـەرەتای فێبریـوەری ١٩٤٧دا لـە سـێدارە درا.

٦. ئەگەری سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی حکومەتی ئێران لە دژی کورددا بووە هۆی نیگەرانی دەسەڵاتدارانی عێراق و هیچ کات لە هێزی حکومەتی عێراقدا دەرنەچوو کە لەوانەیە مەلامستەفا لەلایەن ئێرانەوە بۆ عێراق دەربکرێت و دووبارە ببێتە هۆی هەڕەشە لەسەر ئاشتی لە نێوان خێڵە کوردییەکانی عێراقدا. هەربۆیەش ئەوان گوشاریان خستە سەر حکومەتی ئێران تا مەلامستەفا و فەرماندە کوردە هەڵاتووەکانی سوپای عێراق کە یاوەری مەلا مستەفیان دەکرد، دەستبەسەر بکەن و ڕادەستی حکومەتی عێراقی بکەنەوە. لە سەرەتای جانیوەری ١٩٤٧دا، مەلامستەفا ملکەچیی خۆی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران دەربڕی و بەرەو تاران نێردراو و بۆ ماوەیەک لە ژێر چاودێریدا مایەوە. زۆربەی لایەنگرانی مەلامستەفا لە نەغدە نیشتەجێ بوون. حکومەتی ئێران مەیلی نەبوو مەلامستەفا ڕادەستی حکومەتی عێراق بکات، بەڵام پێشنیازی ئەوەیان بۆ ئەو و لایەنگرانی خستەڕوو[ببنە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئێرانی]، یان ئەگەر گشت لایەنگرانی پێشنیازەکەیان قبوڵ نەکرد، بەلانیکەم ١٠٠ کەس لەلایەنگرە بەرجەستەکانی ڕەگەزنامەی ئێرانی وەربگرن و لە کێڵگەکانی شای ئێراندا کە ٣٠ میل لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تاران بوو، نیشتەجێ بن و بۆ ماوەی شەش مانگیش لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە پشتگیریی [دارایی] دەکرێن.

ڕەتکردنی ئەم پێشنیازە، دەبووە هۆی ئەوەی ئەوان لە ئێران دەربکرێن، بەڵام چەک نەدەکران و ڕادەستی حکومەتی عێراقیش نەدەکرانەوە. مەلامستەفا پێشنیازەکەی ڕەت کردەوە و لە کۆتایی فێبریوەریدا، واتە پێش توانەوەی بەفر، لەگەڵ لایەنگرانی هێدی هێدی بەرەو باشوور بە ئاڕاستەی سنووری عێراق چوون و لەلایەن سوپای ئێرانەوە چاودێری دەکران. لە ٨ی مانگدا گەیشتنە دەشتاییەکانی مەرگەوەڕ و دەیانەویست لە سنووری تورکیا و بەو ڕێگایەوە کە لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٥دا لە ئێراق دەرچوو بوون، بگەڕێنەوە عێراق، بەڵام دوای یەک هەفتە، هەواڵ هات، ئەوان گەڕوانەتەوە ناو خاکی ئێران و لەگەڵ سوپای ئێراندا شەڕیان کردووە. کەچی پاشەکشە بە مەلامستەفا و هاوەڵانی کرا و و بەرەوە عێراق پاڵیان پێوە نرا، بەڵام لە مانگی مەی ١٩٤٧دا، مەلامستەفا و کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی بەرەو خاکی سۆڤیەت هەڵاتن.

٧. لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٤٦دا، بارودۆخــی باکــووری ڕۆژئــاوای ئێــران، لەڕادەبــەدەر ئاڵــۆز ببــوو. ســوپای ئێــران ناوچەکانــی بانــە، سەردەشــت و ســەقزیان داگیرکردبــوو و دەســتیان بــە هەڵمەتــی چەککردنــی خێڵەکانــی کــورد کردبــوو. تەنانــەت پێــش ئــەوەی قــازی محەمــەد خــۆی ڕادەســتی ســوپای ئێــران بــکات، وازهێنانــی لــە خێڵەکانــی باکــووری ڕۆژئــاوا پێــش بینــی کــراو بــوو. زۆربــەی ســەرۆک خێڵەکانــی مامــش، مەنگــوڕ و دابوکــری بڕیاریانــدا بچنــە پــاڵ حکومەتــی تــاران، بــەڵام لەنــاو خــودی خێڵەکانیشــدا ڕای جیــاواز هەبــوو.

**ساڵی ١٩٤٧**

لــە کۆتایــی مانگــی جــون، پێــش ئــەوەی مەلامســتەفا و یاوەرانــی لــە دەســت حکومەتــی ئێــران ڕزگار بــن، زۆربــەی ئەندامانــی خێڵەکــەی، لــە ســەرەتای مانگــی مەیــدا ئێرانیــان بەجــێ هێشــت و مەلامســتەفا دەســتەیەک و شــەش ئەفســەری [کــوردی] هەڵاتــوو لــە ســوپای عێــراق، بــەرەو ئازەربایجانــی ڕووســیا کەوتنــە ڕێ. پێــش مانگــی مــەی یاســای ســەربازی لەســەر کوردســتانی عێــراق هەڵگیــرا و پرۆســەی چەککردنــی [خێڵــە کــوردەکان] بــە ســەرکەوتوویی بەڕێوەدەچــوو. شــا بــۆ ئــەو کەســانەی بەشــدارییان لــە شــەڕی دژی ســوپای ئێــران کردبــوو، لێبوردنــی گشــتی دەرکــرد. لەمــاوەی ئــەم ســاڵەدا دۆخــی ئاشــتەوایی بــەردەوام بــوو.

٨. لــە سەرتاســەری ســاڵی ١٩٤٨دا، دەنگــۆی گەڕانــەوەی مەلامســتەفا لەگــەڵ هێزێــک بــۆ عێــراق، بەرگــوێ دەکــەوت. بەهەرحــاڵ، جیــا لــە ئەنجامدانــی ئۆپراســیۆنێکی ســەربازی لــە دژی خێڵــی جوانــڕۆ، کــە ئەویــش گرنگیەکــی ئەوتــۆی نەبــوو و هیــچ هەواڵێــک لەســەر ئــەوان، تــا ماوەیەکــی دوورودرێــژ بڵاونەبــووەوە، بارودۆخــی کوردســتانی ئێــران ئــارام مایــەوە.

### ساڵی ١٩٤٩

٩. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٩دا، لە ڕێگەی هەندێك ئامرازی پڕوپاگەندەوە (لەوانەیە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی ڕزگارییەوە بوو بێت) و لە ڕێگەی دیموکراتەکانی کورد، هەندێك هەوڵ لە مهاباد بۆ دووبارە نوێکردنەوەی جوڵانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئارادا بوو. لە مانگی فێبریوەری، مارچ و ئەپریل هەندێك لە بەشداربووانی پڕوپاگەندەکە لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە دەستگیر کران. کردەوەیەک کە پەیوەندی بە هەوڵی کوشتنی شاوە هەبوو، ئەوەی لە مانگی فێبریورەیدا لەلایەن یەکێک لە بەشداربووەکانەوە ئەنجامدرابوو. ئەگەرچی خێڵی جەلالی و شکاک بە نهێنی دژایەتی حکومەتی ئێرانیان دەکرد، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لەبەردەست نییە کورد بەتاوانی [هەوڵی کوشتنی شاوە] گرێ بدات. وا دیارە کارەکە لەلایەن هەندێك سەرۆک خێڵەوە ئەنجام درابێت کە لە دژی حکومەتی ئێران بوون و هەوڵی بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی کەسییان داوە.

### ساڵی ١٩٥٠

لە سەرتاسەری زستانی ١٩٤٩-٥٠دا، ئاشتی و ئارامی بەرقەرار بوو و دەنگۆ وەرزییەکانی نائارامی کە لە مانگەکانی سەرەتای ساڵی ١٩٥٠دا بڵاو دەکرانەوە، پێش هاتنی وەرزی هاوین کپ بوونەوە. تەنانەت کۆمەڵەش هیچ چالاکییەکی ئەنجام نەدا، خێڵەکان زستانێکی سەختیان نەبوو و چاوەڕێی دروێنەی بەرهەمێکی باشیان دەکرد.

١٠. پارتێکی ئیسلامی کورد لە تاران و لەلایەن کۆمەڵێک سەرۆک خێڵی ناسراوەوە دامەزرا، کە لە مانگی مەی و لەکاتی پشودانی رەزاشا سەردانی ئەویان کرد بوو، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکیتر ئاماژەی بەم حزبە نەکردووە.

١١. دوو ڕاپۆرتی سەرنجڕاکێش، پشت بەستراون بە ئەزموونی دوو بەریتانی شارەزا، کە لە ئۆگۆستی ١٩٥٠دا بە جیا گەشتێکیان بۆ کوردستانی ئێران ئەنجام دابوو، بەم شێوەی خوارەوە هەستیان لەبەرانبەر هەڵسوکەوتی کورد خستووەتەڕوو:

ا لـە ناوچـە کوردییەکانـی باکـووری سـەقز، هەمـوو ئـەو خەڵکانـەی قسـەیان لەگـەڵ کـراوە، لـە ڕووی بنەمـاوە لەگـەڵ دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتاندان، هۆکارەکانـی ئـەم خواسـتەش بریتـی بـوون لـە جیـاوازی نـەژادی و گەندەڵـی [حکومەتـی تـاران] و سـتەمکاری بەرپرسـانی حکومەتـی ئێـران وفەرمانـدە سـەربازییەکان، واتـە ئـەو کەسـانەی بـە گوتـەی کـورد نایانەوێـت، یـان بـە ئەنقەسـت بەربەسـت لەبـەردەم گەشەسـەندنی گشـت ناوچەکانـی کوردسـتان دروسـت دەکـەن.

ب سـەرەڕای دڵگرانـی خەڵـک لـەم جـۆرە هەڵسـوکەوتە، بـەڵام هیـچ ئاماژەیـەک نییـە بـۆ هەبوونـی پلانێکـی کردەیـی یـان هەبوونـی ڕێکخراوێکـی کاریگـەر، مەبەسـتی سـەربەخۆیی بێـت، تەنانـەت ئەمـە بۆچوونـی بەرپرسـە سـەربازییەکانی مهابادیـش بـووە. لەمـەش زیاتـر، هیـچ ئاماژەیـەک بـۆ هەسـتی پان-کوردسـتان لـە ئـارادا نییـە. کێشـەی کـورد لـە سـوریا، عێـراق یـان تورکیـا گرنگـی ئەوتـۆی بـۆ کـوردی ئێـران نییـە، یـان گرنگییەکـی کەمـی هەیـە.

ج گازنـدەی خەڵکـی ناوچەکانـی باشـووری سـەقز لـە دژی حکومـەت هەمـان، گازنـدەی خەڵکـی باکـووری سـەقز بـوو، بـەڵام جیاوازییەکـە لـەوەدا بـوو لـە باشـوور، مەبەسـت لـە گازنـدەکان بریتـی بـوو لـەوەی دەسـەڵاتدارانی حکومـەت لـە مەترسـی ئـەم گازندانـە ئـاگادار بکەنـەوە، نـەک ئـەوەی مەبەسـتیان سـەربەخۆیی بێـت. سـەردانی ئـەم دواییـەی شـا[1]بۆ ئـەم ناوچانـە کاریگـەری باشـی هەبـووە، بـەڵام گرنـگ جێبەجـێ کردنـی بەڵێنەکانـە.

١٢. لـە مانگـی مـەی، دوو بنکـەی سـەربازی لەناوچـەی جوانـڕۆ دامـەزران. لەوکاتـەدا تێگەیشـتنی بـاو بریتـی بـوو لـەوەی کردنـەوەی ئـەم بنکـە سـەربازییانە بەشـێکە لـە سیاسـەتی نیشـاندانی هێـزی سـوپا بـۆ خێڵـەکان. پێکدادانێکـی بچـووک لـە نێـوان خێڵـی جوانـڕۆ و خێڵـی ئیمامیـدا، بـووە هـۆی ئـەوەی فەرمانـدەی ناوچەکـە بڕیـاری

(١) وا دیـارە شـا لـە ئۆگۆسـتی ١٩٥٠دا سـەردانێکی سـەرکەوتووانەی بـۆ هەریـەک لـە هەمـەدان، کرماشـان و باشـووری کوردسـتانی [ئێـران] ئەنجـام داوە.

کۆکردنەوەی چەکەکانی ئەم دوو خێڵە بدات. خێڵەکان ئەوەیان ڕەتکردەوە چەکەکانیان ڕادەست بکەن و هەربۆیەش لە ٢٨ی سێپتەمبەردا، هێرشیان کردە سەر بنکەی سەربازی ‹پلێنگانە›، بەڵام لەلایەن خێڵە ڕکابەرەکانی جوانڕۆوە یارمەتی سوپا دراوە و لە سەرەتای ئۆکتۆبەردا بە ڕادەستکردنی سەدان پارچە چەک لەلایەن خێڵەکانەوە، کۆتایی بە ئۆپراسیۆنەکە هات. لەلایەن ڕادیۆی ڕووسیا و هەندێك ڕۆژنامەی بیانییەوە، ڕووداوەکە لە ڕادەبەدەر گەورە کرا.

**عێراق: ١٩٤٦-١٩٤٧**

٣١. ئۆپراسیۆنی دژی مەلامستەفا کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە وەک بەشێک لە دووبارە ڕێکخستنەوەی پارێزگای ئازەربایجان بەڕێوەدەچێت، بە کورتی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا. لە بری ترسی بەردەوام لە گەڕانەوەی مەلامستەفا و نانەوەی ئاژاوە لە عێراقدا، ئەزموونی بارزانی و یاوەرانی لە ئێران و ئەو زیانەی کە لەلایەن سوپای ئێرانەوە پێیان کەوتووە، وا دیارە لێی فێرە وانەیەک بوونە. لە ئەپریلی ١٩٤٧دا حزبە گەورەکان بەرەو عێراق چوون و بە بێ هیچ مەرجێک خۆیان ڕادەست کردەوە و ئەمەش بووە بە نموونەیەک بۆ ئەو کەسانەی لە دوای ئەمانە [هاتنە ناو عێراق و بە بێ هیچ مەرجێک خۆیان ڕادەست کردەوە]. لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕێکاری چۆنیەتی وەرگرتنیان گیرایەبەر و میانڕەویی حکومەت لە پێشوازی کردنی پلە جیاوازەکانی بووە هۆی ڕەخنە لێگرتنیان لەلایەن ڕۆژنامەکانی بەغداوە.

لە ١٥ی ئەپریل، ڕادەستکردنەوەی چەک دەستی پێکرد و سێ تفەنگی دەستی، پازدە تفەنگی ئۆتۆماتیکی، نزیکەی پێنج سەد تا شەش سەد برنۆ و هەندێك تفەنگی میکانیکی ڕادەست کران. دەگوترێت ڕێژەیەکی بەرچاوی چەک لە سەر سنوورەکان قاچاخ دەکرێت و لەلایەن پەنابەرەکانەوە دەشاردرێتەوە. نزیکەی شەش هەزار پیاو و ژن و منداڵ بۆ چوونەوە عێراق ناونووس کراون. چوار ئەفسەرە کوردەکەی پیشووی سوپای عێراقیش خۆیان ڕادەست کردووەتەوە. ئەوان دادگایی کران و لە ٩ی جوندا لە سێدارە دران.

### ساڵی ١٩٤٨

١٤. بـە درێژایـی ماباقـی سـاڵی ١٩٤٧ و لـە سـاڵی ١٩٤٨دا، بارودۆخـی کوردسـتانی عێـراق بـە ئارامـی مایـەوە. دەنگۆکانـی گەڕانـەوەی مەلامسـتەفا لـە سـەرەتای سـاڵدا هەبـوو و هەروەهـا دەنگـۆی ئـەوەی ئـەو بـە تەمایـە لـە کاتـی سـەرقاڵ بوونـی سـوپای عێـراق بـە شـەڕی فەلەسـتین، بگەڕێتـەوە عێـراق، نیگەرانـی حکومەتـی عێراقـی زیاتـر کـرد. خۆپیشـاندان لــە سـلێمانی کــە هەندێـك ئاژاوەشــی لێکەوتــەوە، لــە فێبریــوەری و سێپتەمبەر ئەنجـام دران و لـە دژی ڕێککەوتنامەی پۆرتسـمۆس (Portsmouth Treaty) جێبەجێکردنـی یاسـای سـەرباز بـوو، هیـچ پێشـینەیەکی ناسـیۆنالیزمی کـوردی نەبـوو.

### ساڵی ١٩٤٩

١٥. لـە سـاڵی ١٩٤٩دا، خێڵـەکان چالاکییەکیـان نەبـوو. تـا کۆتایـی هاویـن، پەیـام گۆڕینەوە لـە نێـوان مەلامسـتەفا و ئاغـا سـەرکردەکان لـە عێراقـدا، لـە ئارادابـوو. چیرۆکـی هاتنەخـوارەوەی پەرەشـوتچیەکان لـە عێـراق، لەلایـەن کەسـێکەوە بـەوە گەیشـت کـە شـەش پەرەشـوتچی گەیشتوونەتە خاکی [کوردسـتانی عێراق]. ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئـەوەی پڕوپاگەندەچییـەکان، یـان ئەو کەسـانەی ئـەم پڕوپاگەندچییانەیـان هانداوە، لەو دەنگـۆ سـارد و سـڕانە مانـدوو بوونـە کە مەلامسـتەفا لـە ڕێگەیە یـان پەیوەنـدی لەگەڵ هاوڕێکانـی لـە عێراقـەوە هەیە. هەربۆیەش پێویسـتیان بـەوە هەبـووە، وێنایەکی وردتر و جوانـتر لـە وێناکـەی خۆیـان بخەنـەڕوو. لـە مانگـی مـەی، دەنگۆی ئـەوە هەبـوو، بەم نزیکانـە مەلامسـتەفا دەگەڕێتـەوە، بـەڵام وا دەرکـەوت ترسـی [حکومەتـی عێـراق] بـێ بنەمایـە و سـاڵ بـە بـێ هیـچ جـۆرە هەڕەشـەیەک کۆتایـی هات.

### ساڵی ١٩٥٠

١٦. لـە مانگـی ئەپریل و مەیدا، هەواڵی ئەوە هەبوو مەلامسـتەفا لەگەڵ سـەرۆک خێڵەکانی کـورد دا لـە پەیوەنـدی دایـە و چـەک بـە قاچـاغ لـە ئێرانـەوە بۆ عێـراق دێـت. هەروەها لـە مانگـی جولایـدا، دەنگـۆی ئەوە بە پۆلیسـی عێراق گەیشـت کـە مەلامسـتەفا هەوڵی داوە مۆڵـەت لـە حکومەتـی ئێـران وەربگرێت، تـا لە خاکـی ئێرانەوە بەرەو عێـراق بێت،

بـەڵام دواتـر هەواڵـی ئـەوە هـات [حکومەتـی ئێـران بـە ئـەوی ڕاگەیانـدووە] خـۆی و هاوڕێیانـی دەبـێ بـە بـێ چـەک بچنـە ناوخاکـی عێـراق. لەلایـەن مەلامسـتەفاوە ئـەم مەرجـە قبـوڵ نەکـراوە. هیـچ گومانێـک لـەوەدا نییـە، مەلامسـتەفا لەگـەڵ هاوڕێکانی و کـەس و کاری لـە عێراقـدا لـە پەیوەنـدی بەردەوامـدا بـووە، بـەڵام دواتر دەرکـەوت، ئەم دەنگۆیانـە لـە دەنگـۆی سـاڵانی ڕابردوو، ڕاسـتتر نین.

١٧. لـە پارێـزگا کوردییـەکان موسـڵ، سـلێمانی و هەولێـر، پێشـێلکردنی یاسـا و ئارامـی، تەنیا لـە حاڵەتێکـدا نەبێـت، پێشـێلکردنە کـە لـە ئاسـتێکی ئاسـایدا بـووە. حاڵەتـە ڕێزپەڕەکـە تایبەتـە بـە خولـە پیزە، چەتەیەک بۆ ماوەی هەشـت سـاڵە هەڵدێت و دەسـتگیرنەکراوە. کارەکانـی ئـەو لـە سـاڵانی ١٩٤٩-١٩٥٠دا، سـەرنجێکی لەڕادەبـەدەری ڕاکێشـاوە و لـە لیـوای سـلێمانی وەک ڕۆبـن هـۆدی کورد هەژمـار دەکرێـت. دەگوترێت ئەو پشـتگیریی شـێخ بابـا عەلـی و شـێخ لەتیفـی هەیە، ئەو دوو کەسـە کوڕی شـێخ مەحمـودن. بایەخی حکومـەت، بـە هـۆی پارێـزراو بوونـی خولـە پیـزە، ماوەیەکـە کەوتووەتە ژێر پرسـیارەوە.

١٨. ناسـیۆنالیزمی کـوردی، لـە هەولێـر و سـلێمانی هیـچ کات ئاسـتە ڕووکەشـەکەی تێنەپەڕانـدووە، بووەتـە هـۆی وروژاندنـی پاشـکۆی [دیپلۆماسـی] باڵیوزخانـەی ولایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لـە بەغـدا. حەزی چاپەمەنـی ولایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سـەردانی بابـا عەلـی بـۆ ئەمریـکا، وەک ئاماژەیـەک بـۆ نیەتـی حکومەتـی ولایەتـە یەکگرتـووەکان هەژمـار کـراوە، تـا ڕووس زۆرتـر هاوسـۆزی خۆیـان بـۆ کـورد نیشـان بـدەن.

**دەوڵەتەکانی شام**

١٩. کۆمەڵـەی کـوردی لـە لوبنـان ژمارەیـان کەمـە و گرنگییەکـی ئەوتۆشـیان نییـە. هەروەك لـە ڕاپۆرتـی پێشـودا ئامـاژەی بـۆ کراوە، شـاری بەیـروت، وەک شـوێنی نیشـتەجێ بوونی کامـەران عالـی بەدرخـان، کـە بـە بەردەوامـی لەگـەڵ براکانـی کـە هـۆکاری سـەرەکی [وروژاندنـی] ناسـیۆنالیزمی کـوردن، بـووە بـە مەڵبەنـدی چالاکـی کـورد، بـەڵام تیشـکی سـەرەکیی چالاکییـەکان لەسـەر جزیرەیـە، واتـە ئـەو شـوێنەی دکتـۆر ئەحمـەد نەفیز کە خەڵکـی قامشـلۆیە، چالاکتریـن کەسـایەتییە لەدەربڕینـی خواسـتی نەتەوەیـی کـورد.

### ساڵی ١٩٤٦

٢٠. بە شێوەیەکی سروشتی، ڕووداوەکانی ئێران، کوردی سوریای وروژاندووە. ئەگەرچی لە ساڵی ١٩٤٦دا، ئەم چالاکییانە تەنیا سنووری سیاسەتمەداره پرۆفیشناڵەکانی دەگرتەوە و زۆر بە کەمی کاریگەری لەسەر ڕێکخراوە سەرەکییەکانی کورد لە سوریا دروستکرد. جیا لە پێشنیازێکی مردوو، سەبارەت بە کۆبوونەوەی کورد لە مەککە لە کاتی چوون بۆ حەج، (کە بەدرخان بەرپرسی ڕێکخستنەکەی بوو) ئەم ساڵە بە بێ ڕوودانی هیچ ڕووداوێک کۆتایی هات. بە هۆی ڕووداوەکانی جزیرە، خەڵک تووشی نائومێدی بوونە و لە ڕووسیاش تووڕەن، چونکە ڕووسیا پشتی لە کورد کرد و بووە هۆی کەوتنی کورد. لە مارچی ١٩٤٧دا، دکتۆر نەفیز نامەیەکی ئاڕاستەی مستەر بێڤین (Mr Bevin) کرد و تێیدا باسی لە مێژووی کورد لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە و ئەو ڕێکارە سەرکوتکەرانەی کردووە کە لە دژی کورد و لەلایەن ئەو وڵاتانەی کوردستان بەسەریاندا دابەش بووە، گێراونەتەبەر. دکتۆر نەفیز پێشنیازی ئەوەی کردووە، بە هۆی ئەو ڕەنجەی کورد کێشاویانە، جێگەی سەرسوڕمان و گلەیی نییە، ئەگەر بێت و کوردە گەنجەکان لە ژێر کاریگەریی چەمکە تایبەتییەکانی پوچگەرایی و بێ هیوایی پەنا بۆ توندوتیژی ببەن.

### ساڵی ١٩٤٧

٢١. تاکە ڕووداو لە ساڵی ١٩٤٧ جێی سەرنج بووە، بریتی بووە لە هەواڵی هەوڵێکی هاوکاری لە نێوان کورد و ئاشوورییەکان؛ ئەویش وا دەردەکەوێت هیچ نییە، تەنیا بیرۆکەیەکە. لەوانەیە ئەم بیرۆکەیە بە نهێنی لە لایەن خالید بەگتاشەوە کە سەرکردەیەکی کۆمۆنیستە و بۆ یەکەمجار لە سەر سەکۆی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ساڵی ١٩٤٦دا وەدەرکەوت، کاری لەسەر کرابێت.

٢٢. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٧دا، هەوڵەکانی حکومەتی سوریا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کورد بۆ بەشداریکردن لە شەڕی فەلەستین وەک خۆبەخش، لەلایەن سەرکردەکانی کوردەوە پێشوازی لێنەکرا.

### ساڵی ١٩٤٨

٢٣. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٨دا، دکتۆر کامەران عەلی بەدرخان لە سویسراوە گەڕایەوە بەیروت و دەنگۆی ئەوە هەیە، ئەو لە پشت ئاژاوە نانەوەی کوردانی سوریادا بووە و بە نوێنەرایەتی گشت کوردیش کار دەکات.

### ساڵی ١٩٤٩

٢٤. سەبارەت بەو کۆنفرانسەی بە قسەی جەلادەت بەدرخان بڕیار بوو لە بەیروت لە مانگی مەی ١٩٤٩دا ببەسترێت، ئاماژە بە ناوی دوو ڕێکخراو بە ناوەکانی ‹یەکێتی پارتە کوردییەکان› و ‹پارتی دیموکراتی کورد› دراوە. دیار نییە، ئایا ئەمانە دوو ناوی نوێن بۆ [دوو ڕێکخراوە کوردییەکەی جاران] واتە ‹کۆمەڵەی کورد› و ‹کۆمەڵگای سەلاحەدین› کە لە ڕاپۆرتەکانی پێشودا ئاماژەمان بۆ کرد، یان ئەم دوو ڕێکخراوە، ڕێکخراوی نوێن. ئەگەرچی وا دەردەکەوێت، جەلادەت بەدرخان لە چالاکییەکانی بەردەوامە، بەڵام وا دیارە بە بەراورد لەگەڵ سلێمان حاجی ئاغا، دکتۆر نەفیز، قادر بێی جەمیل پاشا و سەرکردەکانیتری جەزیرە کە لە پەیوەندیی نزیک لەگەڵ هاونیشتیمانیاندان، ئەو کاریگەریی کەمتری لەسەر ناوەندی کورددا هەیە.

٢٥. لە ڕاستیدا، ڕاپۆرتێکمان لە سێپتەمبەری ١٩٤٩دا بە دەست گەیشتووە، ئەو بە هۆی دووبارە نزیک بوونەوەی لە تورکیا و هێزە ڕۆژئاواییەکانەوە، لەلایەن نەوەی گەنج ڕەخنەی لێگیراوە. ئاڕاستەیەک کە جەلادەت بەدرخان بە ڕاشکاوی بە لاگیرییەکی نوێ ناوی بردووە.

### ساڵی ١٩٥٠

٢٦. ئەگەرچی لەم دواییانەدا هەندێك لە کاربەدەستانی حکومەتی سوریا نیگەرانیان لەبەرانبەر مەترسی کەمینەی کورد لەسەر دەوڵەتی سوریا و مەترسی هەڵسوڕانەوەیان بەرەو کۆمۆنیزم دەربڕیوە، بەڵام چالاکی کورد بە درێژایی ساڵی ١٩٥٠، هیچ گوڕ و تینێکی بەخۆوە نەبینی.

### تورکیا

٢٧. بارودۆخی کوردی تورکیا بە تێر و تەسەلی لە یاداشتنامەی پێشودا تیشکی خراوەتەسەر (نامەی نهێنی بە ژمارە ١٧٠٨١) و لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا گۆڕانکارییەکی کەم بەسەر بارودۆخی ئەواندا هاتووە. لە ساڵی ١٩٤٩دا، لە ناکاو چاپەمەنی تورکی تیشکی خستە سەر پرسی کورد و وا دیار بوو زیندووبوونەوەیەکی سنووورداری هەستی نەتەوەیی کوردی لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتدا سەریهەڵداوە. دەسەڵاتدارانی تورکیا بە بەردەوامی ئاماژەیان بەوە دەکرد، کێشەی کوردی تورکیا چارەسەر بووە، ئەگەرچی ئەم دەربڕینەش، دەربڕێنێکی زیادە-مەزندەکراو بوو، چونکە ئەگەر بێت و حکومەتی عێراق کۆنترۆڵی پارێزگا کوردییەکانی خۆی لە دەست بدات، یان ئەگەر بێت و ڕووسیا هێرش بکاتە سەر تورکیا، کوردی تورکیا دەتوانن کێشە دروستبکەن.

٢٨. لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی ١٩٥٠دا، پارتی دیموکرات زۆرینەی دەنگی دەنگدەرانی ڕۆژهەڵاتی تورکیای دەستەبەر کرد، بەڵام وا دیارە هیچ نوێنەرێکیان لەو پارتەدا نییە. بە پێی لێدوانی ئەو کەسانەی لەم دواییانەدا سەردانی ئەم ناوچانەیان کردووە، ئارامی و یاسا زۆر بە باشی بەرقەرارە، بەڵام هەوڵەکانی حکومەتی تورکیا بۆ بەتورککردنی کورد، زۆر بە توندی لەلایەن کوردەوە بەرپەرچ دەدرێتەوە.

### داواکاری لە نەتەوە یەکگرتووەکان و بابەتیتر (Appeals to United Nations and etc)

٢٩. لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوە، محەمەد حیلمی بێی کە لە میسر نیشتەجێیە و خۆی بە نوێنەری پارتی دیموکراتی نەتەوەیی کورد ناساندووە، شەریف پاشا، چەندین ساڵ لە فەرەنسا و ئیتالیا ژیاوە و لە سەردەمی ئاشتەوایی لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی وەک کوردێکی ناسیۆنالیستی دیار دەرکەوت؛ دکتۆر نەفیز کە خەڵکی قامشلۆیە و کامران عالی بەدرخان و نورەدین زۆزۆر کە ئەندامی شاندی کوردی بوو بۆ پاریس ‹Bulliten du Centre dEtudes Kurdes› (periodical) و جاروبار نامەی دەردەکرد، داواکارییەک ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەرەوە (١٩٤٧) و سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٤٨) کراوە. هەروەها شاندەکە لە ١٣ی سپتەمبەری ١٩٥٠دا، ناڕەزایی

نامەیەکیان لە دژی ئۆپراسیۆنی [حکومەتی ئێران] بۆ سەر خێڵی جوانڕۆ ئاڕاستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە جیا ئاڕاستەی هەر یەک لە دەوڵەتانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە کرد.

**کۆمۆنیزم و کورد**

**دەوڵەتانی شام**

٣٠. لە ڕادەبەدەر سەختە ڕێژەی بەشداریکردنی سەرکردەکانی کوردی دەوڵەتانی شام [سوریا و لوبنان] لە پیلانگێڕی یەکێتی سۆڤیەتدا مەزەندە بکەین. چەندین ڕاپۆرت هەن، لەبارەی پەیوەندی نێوان بەدرخانییەکان و شاندی دیپلۆماتی سۆڤیەت لە ماوەی [مانەوەیان لە پاریس]. هەروەها بڵاوکراوەی بۆلتۆنی (Bulletin) فەرەنسی کە بڵاوکراوەیەکی ناکۆمۆنیستیە، لەم دواییانەدا کۆمەڵێک وتاریان لەسەر مەیلی ڕووس بۆ زمان و مێژووی کورد بڵاوکردووەتەوە و ئەم مەیلەی لەگەڵ بێ مەیلی ڕۆژئاواییەکان [بۆ پرسی زمان و مێژووی کورد] هەڵسەنگاندووە. لە لایەکیترەوە، ڕاپۆرتەکان باسی ئەوە دەکەن، جەلادەت بەدرخان زۆر بە توندی دژە- کۆمۆنیستە و وا دیارە، زۆرینەی سەرکردە پیرەکانی کورد هەمان ئاڕاستەیان هەیە. بەهەرحاڵ، گومان لەوەدا نییە، گەنجانی کورد لە جزیرە کە لەلایەن سلێمان حاجۆ ئاغاوە سەرکردایەتی دەکرێن، بە تەواوەتی لایەنگری کۆمۆنیستن. باس لە پەیوەندی ئەم گروپە لەگەڵ کۆمۆنیستە ئەرمەنەکان دەکرێت. ئاماژەکانی دووبارە زیندووبوونەوەی خۆیبوون، ئەگەری بەهێزتربوونی هاوپەیمانی نێوان کورد و ئەرمەن دەخاتەڕوو، بەڵام هەمیشە ئەو هاوپەیمانییە لەگەڵ پارتی ئاشناک-ئەرمەندا بووە، پارتێک زیاتر دژە سۆڤیەتە تا دژە تورک.

٣١. سەرچاوە و دۆخی هەنوکەیی کوردی سوریا هاوتەریبی دۆخی کوردی پارچەکانیتری کوردستان نییە و هەڵسوکەوتی کوردی سوریاش دەرهاوێشتەی ئەم فاکتەرانەی خوارەوەن. جیا لە سەرکردە کۆن و پیرەکان، کوردی دیمەشق و شارەکانیتری ڕۆژئاوای سوریا مەیلێکی ئەوتۆیان بۆ پرسی کورد نییە. ئەوان کاربەدەستی حکومین، ئەفسەری سوپا و ئەندامی پەرلەمانن و سەرەڕای بەدگومانی هەندێك لە سەرکردە عەرەبەکان لەبەرانبەر کورد، بەڵام وا دیارە کە

کـوردی سـوریا لـە نـاو عەرەبەکانـدا تواونەتـەوە، و بۆیـەش کەمـتر لـە ژێـر کاریگەریـی پڕوپاگەنـدەی ناسیۆنالیسـتی کوردیـدان. لـە جزیـرە، کـە ژمارەیەکـی بەرچـاوی کـوردە پەنابەرەکانـی تورکیـای لەخـۆ گرتـووە، هەسـتی ناسیۆنالیسـتی زۆر زیندووتـرە. لـە هەمانکاتـدا، جزیـرە سـەنگەری کوردایەتـی نییـە و هەسـتیاری ئـەم شـارە وەک لەمپەرێکـە لەبەرانبـەر سـەرهەڵدانی شۆڕشـی کـورد لـەم شـارەدا. سـەرکردەکانی ناچـار دەکات، بـە مەرجەکانـی حکومەتـی سـوریا ڕازی بـن و کار بـۆ ئـەو ڕۆژە دەکـەن جەنـگ هەڵبگیرسـێت و تۆڵـە لـە تـورک بکەنـەوە و سـەرکەوتنی ڕووسـیش دەبێتـە هـۆی مۆرکردنـی سـەربەخۆییەکەیان. مەیلـداری ئـەوان بـۆ [پرسـی کـورد] پێویسـتی بـە هاندانـی ڕاسـتەوخۆ هەیـە لەلایـەن بریکارانـی سـۆڤیەتەوە. نەبوونـی ئەزموونـی ڕاسـتەوخۆیان لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەتدا، وایـان لێـدەکات بـڕوا بـە پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت بکـەن و نزیکییـان لەگـەڵ سـنوورەکانی تورکیـا وایـان لێـدەکات هیـچ دژە-ئارگیومێنتێـک قبـوڵ نەکـەن، ئەگـەر بێـت و سـزادانی تورکیـای لـە خـۆ نەگرتبێـت. بـە بـێ هەبوونـی پاڵپشـتیی خێڵـە دووره دەسـتەکان و یـان سـنووری تایبـەت بـە خۆیـان، کـورد چاوەڕوانییەکـی ئەوتۆیـان لـە حکومەتـی سـوریا نییـە، ئۆتۆنۆمیـان بداتـێ.

**عێراق**

٣٢. ڕاپۆرتەکانی ئێسـتا لەسـەر هەڵسـوکەوتی خێڵە کوردییەکانی عێراق، پشتڕاسـتکەرەوەی ڕاپۆرتەکانـی پێشـوون. هاوسـۆزییەکی بەرفـراوان لەگـەڵ مەلامسـتەفادا بوونـی نییـە. ژمارەیەکـی زۆری سـەرۆک خێڵـە ناگرنگـەکان لایەنگـری حکومەتـن، یـان لایەنگـری بەریتانیـان و هیـچ بەڵگەیـەک لەبەردەسـت نییـە پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت کاریگـەری لەسـەر ئـەو سـەرۆک خێڵانـە دروسـت کـردووە. بـە پێـی ڕاپۆرتێـک لەبـارەی ناوچـە خێڵەکییەکانـی عێراقـدا، هیـچ ئاماژەیـەک لـە پڕوپاگەنـدەی ڕاسـتەخۆی سـۆڤیەت لـەم ناوچـەدا لـە ئـارادا نییـە. چالاکییەکانـی مەلامسـتەفا شـوێنی ئـەو پڕوپاگەندانـەی گرتووەتـەوە. ئاشـکرایە دەسـەڵاتدارانی عێـراق زۆرتـر نیگەرانـی ئـەوەن، ئـەم دۆخـە تەنیـا بریتـی نەبێـت لـە هەڵمەتـی پڕوپاگەنـدەی یەکێتـی سـۆڤیەت، بەڵکـو ببێتـە هـۆی سـەرهەڵدانی شۆڕشـی کـورد لـە دژی حکومـەت.

٣٣. لـە شـارەکاندا و بـە تایبەتیـش لـە سـلێمانی بارودۆخەکە کەمـتر جێگیـرە. پاریت (The Parit)، (کـە باڵێکـی پارتـی دیموکراتـی کـوردە)، لـە سـلێمانی و هەولێـر و کەرکـوک و ڕوانـدز چالاکـە. پارتـی ڕزگاری نیشـتیمانی (حزبـی وەتەنـی تەحریـری)، کـە پەیوەندی لەگـەڵ پارتـی دیموکراتی کـورددا هەیە، لـە چالاکییەکانی بەردەوامە. هـەردوو پارتەکە وا لـە ژێـر کاریگـەری پارتـی کۆمۆنیسـتی بەغـدا دان، تەنانـەت لـە هـزری ئەندامانـی خـودی ئـەم دوو پارتـەش هیـچ جیاکەرەوەیەکـی ڕوون لـە ئامانجەکانیان کـە بریتیە لە کوردسـتانێکی ئـازاد و دیموکـرات، لەگـەڵ ئامانجـە ناڕوونەکانـی حزبـی کۆمۆنیسـتیدا بوونـی نییـە. نـە تەنیا ئەم حزبانە لە ژێر گوشـاری حزبی کۆمۆنیسـتی بەغدادان، بەڵکو دیموکراتـە کوردەکانـی باکـووری ئێـران، یان ئـەو ئەندامانەی لەم پارتـە بەجێماون، ئەو بابەتانـە بـۆ ئەو حزبانـە دەنێرن کە ڕاسـتەخۆ لەلایەن سـۆڤیەتەوە دەوروژێنرێن، بەڵام ئەندامانی ئەم گروپانە-لەگەڵ سـێ گروپیتر، ئەوانەی لەلایەن پۆلیسـەوە سـەرکوتکران، گرنگییەکـی ئەتۆیـان نییـە و بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە قوتابـی، مامۆسـتا، دوکاندار، پیـاوی ئایینـی و فەرمانبـەرە پلـە نزمـەکان پێکهاتـوون. کاریگەریـی ئـەو کەسـانەش لـە شـارەکانیان تێپـەڕ نـاکات و ناتوانـن هانـی ئاژاوەگێـڕی بـدەن، هـەروەك چـۆن پێشـتر ئـەم کارەیـان کـردووە و بوونەتـە هـۆی کێشـە نانـەوە لـە نـاو فەرمانبەرانـی کۆمپانیای نـەوت و لـە دامەزراوەکانـی حکومەتـدا. لەڕاسـتیدا، هـەر جـۆرە چالاکییـەک بـە نـاوی ناسـیۆنالیزمی کوردییـەوە ئەنجـام دەدرێـت، لـە بنەڕەتـدا دیاردەیەکـی کۆمۆنیسـتییە. هەربۆیـەش هیـچ یـەک لـەم گروپانـە ناتوانـن هیـچ بەشـدارییەکی کارا و ئەرێنـی لـە پرۆسـەی ناسـیۆنالیزمی کوردیـدا دروسـت بکـەن، بـەڵام لـە هـەر کاتێکـدا دەکرێـت لەلایـەن کۆمۆنیزمەکانـەوە بـەکار بهێنرێـن.

**ئێران**

٣٤. چالاکـی ڕاسـتەخۆی سـۆڤیەت لـە ناو کـوردی ئێرانـدا- بە هۆی پەخشـی ڕادیـۆ ئێریڤان و وێسـتگەی ڕادیـۆی دیموکراتەکانـی ئازەربایجـان کە زۆر ناسراو نییـە- چالاکییەکی کاتی و هەڵپەرسـتانەیە. دەسـەڵاتدارانی ئێـران کۆنتڕۆڵێکـی کەمیـان بەسـەر بەرزاییەکانـی کوردسـتاندا هەیـە، هەربۆیـەش دەسـتێوەردانی بریکارەکانـی سـۆڤیەت لـە ئاسـتێکی

بەرتەسک و بە پچڕپچڕی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت لەم ناوچەیەدا هەر بەردەوامە، بەڵام نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی پشتگیری کردن لە ساڵی ١٩٤٦ لە کوردی مهاباد دەکرا و هیچ هەوڵێک بۆ ئەم جۆرە پشتگیرییەش لە ئارادا نییە. ئاشکرایە خێڵی جوانڕۆ، سۆڤیەتی لە پشت نییە و بەڵگە هەن چالاکی کۆمۆنیستی لە ناوچەکانی باشووری سنە و کرماشاندا نییە. هەروەها بەڵگە لەبەردەست هەن جگە لە شکاک و هەرکی، خێڵەکانی دیکە لە داگیری کردنی [ئێران] لەلایەن ڕووسەوە بێ ئۆمێد بوونە، و پڕوپاگەندەکانیش هیچ کاریگەرییان لەسەر دروست ناکات. باشترین نموونە خێڵی فەیزوڵا بەگە، کە لەلایەن کۆنسولی گشتی حکومەتی خاوەنشکۆ لە تەوریز، ئاماژەی بۆ کراوە، سەرۆک خێڵەکەی لە سەردەمی ژێمی دیموکراتەکاندا، زەوییەکانی بەسەر ئەندامانی خێڵەکەیدا دابەش کردووە، کەچی سەرۆك خێڵەکانی دیکە چاویان لێ نەکرد و چاوەڕوانیش ناکرێ چاوی لێ بکەن و زەوەییەکانیان بەسەر ئەندامانی خێڵەکەیاندا دابەش بکەن.

٣٥. بەکارهێنانی زمانی توندوتیژ و توندڕەوی لە بەرنامەکانی ڕادیۆی پەخشی کوردی، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بەردەوامی دان بە بەرژەوەندیی سۆڤیەت لە کوردستاندا و سنووردارکردنی چالاکییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران لەم ناوچەیەدا و لەلایەن خێڵە کوردییەکانیشەوە پشتگیری دەکرێت. ئەمەش نیشانەی ئەو ڕاستییەیە سۆڤیەت سەرکەتوو بووە لە [چاندنی بیرۆکەی ئەوەی] لە هەر کاتێکدا، بە هاتنی سوپای ڕوسیا چەک و پارە بەسەر کورددا دابەش دەکات، بەم جۆەش سۆڤیەت خێڵە کورد بە خواستی خۆی ئاڕاستە دەکات. کەواتە توانای ڕووس لە ڕاگرتنی خێڵەکانی کورد بە تەواوەتی بەندە بە باڵادەستبوونیان لە ناوچە کوردییەکاندا و بەردەوامیدان بە دابەشکردنی چەک و پارە.

بەشی توێژینەوە

نووسینگەی کاروباری دەرەوە

٢ی ئەپریلی ١٩٥١

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا- بەغدا

(1025/122/51)

٦ی ئەپریل ١٩٥١

بەڕێز وەزارەتی...

١. لـە نامەکـەی بـۆرۆس (Burrows) بـۆ فـرای (Fry) بـە ژمـارە (٥١/٢٣/١٦٨٣) هەواڵـی ئـەوەی مەلامسـتەفا مۆڵەتـی حکومەتـی ئێرانـی بەدەسـتهێناوە، بـۆ پەڕینـەوە بـەرەو عێـراق، گەیشـتووەتە دەسـت وەزارەتـی دەرەوە. ئەمـەش لـە تەلەگرامـی سـێر هێـنری مـەک (Sir henry Mack) بـە ژمـارە ٦ لـە ٣١ی جانیوەریـدا ئەرشـیف کـراوە.

٢. ئـەم هەواڵـە کـە بۆمـان نێـردراوە، لەلایـەن حکومەتـی تورکیـاوە گەیشـتووەتە دەسـت حکومەتـی عێـراق و بـۆ قایمقامـی ڕوانـدز، بووەتـە بابەتێکـی گرنگـی لێکۆڵینـەوە. قایمقـام لـە فێبریوەریـدا، گەشـتێکی بـۆ دوورتریـن خاڵـە سـنووریەکانی وەک کانـی ڕەش ئەنجامـداوە، تـا بزانێـت ئایـا هیـچ ڕاسـتییەک لـەم هەواڵـەدا هەیـە یـان نـا. ئـەو بـە کۆنسـولی حکومەتـی خاوەنشـکۆی لـە کەرکـوک ڕاگەیانـدووە، هیـچ بەڵگەیەکـی بەدەسـت نەکەوتـووە، ئـەم هەواڵـە پشتڕاسـت بکاتـەوە. هەروەهـا گوتوویەتـی، تووشـی سەرسـوڕمان نابێـت، ئەگـەر بێـت و ئـەم دەنگۆیـە لەلایـەن ئـەو ئاغایانـەوە بڵاوبکرێتـەوە کـە لـە سـەردەمی ئـاژاوە نانـەوەی مەلامسـتەفادا یارمەتـی داراییـان لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە پێیـان دەدرا و هەنوکـەش غەمـی نەمانـی ئـەم یارمەتییانـە دەخـۆن. موتەسـەڕیفی هەولێـر بـۆ ڕاوێژکاریـی ڕۆژهەڵاتناسـی پشتڕاسـت کردووەتـەوە، حکومەتـی عێـراق دڵنیایـە، ئـەم دەنگۆیـە دوورە لـە ڕاسـتییەوە.

ئێمـە کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان لە واشـنتۆن و تاران دەنێرین.

خزمەتکارتان (Chancery)

بەشی ڕۆژهەڵات، نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S, W, 1

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(1025/11/51)

٦ی ئەپریل ١٩٥١

بەڕێز وەزارەتی...

١. لە سۆنگەی بەرژەوەندیی بەردەوامی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەسەر [پرسی] کورد کە لە نامەکەی بۆرۆس (Burrows) بۆ فرای (Fry) بە ژمارە (٥١/٢٣/١٦٨٣) باس کراوە، شایانی ئەوەیە لە دوای نامەکەی سێر هێنری مەک (Sir henry Mack) بە ژمارە ٢١٨ کە لە ٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٠دا نوسراوە، دووبارە ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق بە کورتی هەڵبسەنگێندرێتەوە.

٢. لە میانەی شەش مانگی ڕابردوودا، باری ئەمنی لیواکانی باکوور تا ڕادەیەک دوور بووە لە ئاژاوەگێڕی. دیوالی ئاغا دۆسکی، کە لە ڕاپۆرتی بەغدا ئاماژەی بۆ کراوە، لە قەزای دهۆک گرفتی ناوەتەوە و لەلایەن موتەسەڕیفەوە و لە ناوەڕاستی ئۆکتۆبەردا دەستبەسەر کراوە، تا هەنوکەش دەست بەسەرە. لە لیوای سلێمانی تا هەنوکەش چەتەگەری خولە پیزە لە ئاستێکی بەرفراواندا بەردەوامە. کردەوەکانی ئەو لە مانگی دێسەمبەردا کە قوربانی بوونی هەندێك پۆلیسی لێکەوتووتەوە، لەوانەیە وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بووبێت لە تۆڵەی لە سێدارەدانی براکەی کە چەند ڕۆژێک بەر لە کردەوەی هێرشکردنە سەر پۆلیس لە سێدارە دراوە. موتەسەڕیفی سلێمانی لە ٢٨ی دێسەمبەردا، شێخ لەتیف، کوڕە بچوکەکەی شێخی مەحمودی بە گومانی یارمەتیدانی خولە پیزە دەستبەسەری کردووە. لەتیف هەنوکە لە باشووری عێراق لە زیندانی زۆرەملێدا (residence force) ڕاگیراوە. ئەم دەستبەسەرکردنە لەلایەن شێخ مەحمود و لایەنگرانییەوە هیچ کاردانەوەیەکی لێنەکەوتووەتەوە.

٣. لە کۆتایی ئۆکتۆبەر، نزیکەی ٣٠ لایەنگری کۆمۆنیست لە سلێمانی دەستگیرکران. دواتر ژمارەیەکی زۆرتر لە کۆمۆنیستەکان لە کەرکوک و سلێمانی و هەولێر دەستگیر کراون. هاوکات لە هەردوو ڕووداوەکەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە بڵاوکراوەکانی کۆمۆنیستی دەستی بەسەردا گیرا. بۆ جاری دووەم کۆمەڵێك بەڵگەنامە دۆزراونەتەوە، ئاماژەیان بە کاری تێکدەرانە کردبوو و زانیاری لەسەر سوپای عێراق و دۆخی پۆلیس لە باکوور، بارودۆخی ڕێگاوبانەکان، پردەکان و چەندین بابەتیتریان لە خۆ گرتبوو. سەرەڕای هەموو ئەمانە، بە بڕوای ئێمە، تا هەنوکەش ئەو شتەی بە چالاکی کۆمۆنیستی لە باکووردا ناو دەبرێت، هیچ مەترسییەکی جیددی نییە.

٤. موتەسەڕیفی هەولێر بە ڕاوێژکاری ڕۆژهەڵاتناسی (oriental counsellor) ڕاگەیاندووە، ئەم جۆرە چالاکییانە وەک کڵاو ڕۆژنەیەکن بۆ گەنجە بێ ئومێدەکان و ئەم گەنجانە زۆرتر لەلایەن سەرکردە کۆنە پارێزە خۆجێییەکانەوە هان دەدرێن و بۆ دژایەتیکردنی سەرکردە کۆنەپارێزە ڕکابەرەکانیان بە کاردێن کە ململانێیەکی بەردەوامیان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

٥. بەهەرحاڵ، حکومەتی عێراق تا هەنوکەش سەبارەت بە هەلومەرجی کوردستان نیگەرانە. لە کۆتایی مانگی جانیوەریدا، جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە (under-secretary)، سەردانی کۆنسوڵخانەی [بەریتانیای] کردەوە و نیگەرانی خۆی لەبارەی لێکەوتە خراپەکانی ئەگەری دامەزراندنی ئازەربایجانێکی نوێ بە لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت و بە شێوازی ساڵی ١٩٤٦، لەسەر عێراق دەربڕیوە. دواتر ئەو کۆپییەك لە پوختەی ڕاپۆرتیک کە لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەتەوە ئامادە کرابوو، پێشکەش بە ڕاوێژکاری ڕۆژهەڵاتناسیی کردبوو و تێیدا ئاماژە بە پێویستی دووبارە پڕ چەک کردنەوەی سوپای عێراق کردبوو، بیانوەکەش بریتی بوو لەوەی لەوانەیە بە سپۆنسەری سۆڤیەت، نائارامی لە کوردستان پەیدابێت.

من کۆپییەك لە وەرگێڕانی ئەم ڕاپۆرتە [بۆسەر زمانی ئینگلیزی] هاوپێچ دەکەم. تێبینیی کونسولی حکومەتی خاوەنشکۆ لە کەرکوک، لەبارەی ئەم

ڕاپۆرتــە بریتــی بــووە لــەوەی، گشــت ناوچەکانــی خێڵەکانــی کــورد زۆر ئارامــە. تەنیــا لێکدانــەوەی کۆنســول بــۆ ئــەم بارودۆخــە ئەوەیــە، دەســتگیرکردنی مەحمــود ئاغــای زێبــاری، دیوالــی ئاغــای دۆســکی و شــێخ لەتیــف لەلایــەن حکومەتــەوە بــۆ ئــەوە بــووە، حکومــەت نیشــانی ســەرۆک خێــڵ و ســەرکردەکانی بــدات، حکومەتــی عێــراق ســوورە لەســەر جێبەجێکردنــی دەســەڵاتەکەی.

ئێمــە کۆپییــەك لــەم نامەیــە بــە بــێ هاوپێــچ بــۆ نووســینگەی پاراســتنی زانیارییــەکان لــە واشــنتۆن و تــاران دەنێریــن.

خزمەتکاری هەمیشەییتان

(Chancery)

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا، تاران

ژمارە ١٤

(G. 10123/13/51)

٩ی ئەپریل ١٩٥١

گەورەم...

١. کاتێک لە ٥ی ئەپریل، چاوم بە سەرۆک وەزیرانی ئێران کەوت، کۆنفرانسەکە نزیک بوو کۆتایی پێ بێت. یەکێک لە بەشداربووانی کۆنفرانسەکە، حاکمی کوردستان، دکتۆر محەمەد دادوەر بوو. وا دیار بوو حکومەتی ئێران نیگەرانی ئەو دەنگۆیانە بوو، گوایە ڕووس لە کوردستانی ئێراندا خەریکی ئاژاوە نانەوەن. دوای ئەوەی کۆنفرانسەکە تەواو بوو. مستەر عەلا (Mr. Ala) پرسیاری لە من کرد، ئایا من لەم بارەوە هیچ زانیارییەکم هەیە یان نا و منیش لە وەڵامدا گۆتم ، هیچ زانیارییەکم نییە، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی ڕووس لە نانەوەی ئاژاوە بەناوبانگن؛ هەر کاتێک ئەم ئاژاوەیە باشترین ئامراز بێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، کەواتە زۆر لۆژیکییە ئەگەر ئەوان سوود لەم بارودۆخە هەنوکەییەی ئێران وەرگرن و پڕوپاگەندەکانیان لە کوردستان چڕتر بکەنەوە. مستەر عەلا، لەگەڵ ئەم بۆچوونەی من هاوڕا بوو و گوتی، ئەوان هیچ بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگریان لە چالاکی ڕووس لە کوردستانی ئێراندا نەدۆزیوەتەوە و لە کوردستانی عێراق و تورکیاشەوە هیچ هەواڵێکی لەم جۆرەیان نەبیستووە.

٢. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ باڵیۆزانـی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لـە واشـنتۆن، مۆسـکۆ، بەغـدا، ئەنقـەرە و بـۆ سـەرۆکی نووسـینگەی بەریتانیـا بـۆ کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن لـە قاهیـرە، بـۆ کۆنسـولی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لـە تەورێـز و بـۆ کۆنسـولی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لـە کرماشـان دەنێـرم.

گەورەم، شەرەڤی ئەوەم هەیە، خزمەتکاری هەمیشەیی بەڕێزتان بم.

(F. M. Shepherd)

The Right Honourable

Herbert Morrison, M, P.

Etc., etc. etc, Foreign Office, S, W, 1

زۆر نهێنی

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S, W, 1

(PB 10141/5G)

٧ی مەی ١٩٥١

سپاس بۆ نامەکەتان لە ٦ی ئەپریل بە ژمارە (٥١/٤/١٠٢١٨) لە بارەی پەخشی ڕادیۆی کوردی.

لەو کاتەی ئەم نامەیەی سەرەوەتان نووسیووە، بە دڵنیایەوە تەلەگرامەکەی ئێمەتان بە ژمارە ١٢٩٠، بۆ واشنتۆن بینیوە کە بە ژمارە ٣٢، پارێزراو، لە ٤ی ئەپریل بۆ ئێوەمان ناردووە. ئەم نامەیەش ئامانجە سیاسی و پراکتیکییەکانی پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی دەست نیشان دەکات، کە لەسەر پەخشی ڕادیۆی ‹شەرق ئەلئەدنا› و ‹بی بی سی› پەیڕەو دەکرێت.

هەروەها، هەروەک ئێوە ئاماژەتان پێداوە، گیروگرفت هەیە لە دامەزراندنی وێستگەیەکی ڕادیۆ بە زمانی عەرەبی کە وەڵامدەرەوەی پەخشی ڕادیۆی کوردی بێت. بە وردی سیاسەتی ئێمە بریتییە لە هاندانی ئەو وڵاتانەی نیگەرانی پەخشی ڕادیۆی زمانی کوردین، بۆ ئەوەی خۆیان ڕادیۆیەک بە زمانی کوردی بکەنەوە و بەم شێوەیەش لە دژی هەر مەترسییەک بووەستنەوە کە دەبێتە هۆی وروژاندنی ناسیۆنالیزمی کوردی.

ببورە من ئاوا نائۆمێدکەرم، بەڵام بە ڕاستی ئێمە ناتوانین لە کاتی ئێستا پلانێک دابڕێژین بۆ کردنەوەی پەخشی ڕادیۆیەک بە زمانی کوردی.

من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ ئەنقەرە، دیمەشق، تاران، (B, M, E, O) و واشنتۆن دەنێرم.

(A.C.E. Malcolm)

H. Beeley, Esq, C. B. E.

Baghdad

کۆپییەك بۆ: ئەنقەرە، دیمەشق، تاران، (B, M, E, O)، واشنتۆن.

زۆر نهێنی

(1683/82/51)

٧ی مەی ١٩٥١

١. خۆشحاڵین تەلەگرامەکەتامنان بە ژمارە ١٢٩٠ لە ٤ی ئەپریل لەبارەی پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی بەدەست گەیشت. نامەکەتان ئەو جۆرە زانیاریانەی لەخۆ گرتووە کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە پێویستیەتی. لە سەر پێشنیازەکەی ئەوان، ئێمە سەرەقەڵەمە سەرەکییەکانی [زانیاریەکە]مان بە نووسین بۆ ناردوون.

٢. حاڵی حازر، ئێمە وەڵامێکی زارەکیمان لەلایەن یەکێک لە فەرمانبەرانی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە وەزارەتی دەرەوە پێگەیشتووە. ئەو گوتی، بە گشتی وەزارەتی دەرەوە لەسەر ئەو خاڵانە هاوڕایە کە لە نامەکەماندا ئاماژەمان پێداوە. ئەوان پێداگریان لەسەر ئەوە کردووە، نابێت ئێمە هانی خەونی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی بدەین (یان ئاماژە بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەین). دواتر ئاماژەیان بەم پێکهاتەی خوارەوە دا «لە ململانێی هەنوکەیی نێوان زلهێزەکانی جیهاندا، هەوڵە پڕوپاگەندەکارییەکانی هەر چوار دەوڵەتی خاوەن کێشەی کورد، سەبارەت بە پرسی کورد، هیچ قورسایی و کاریگەریی ئەوتۆیان نییە». بە بڕوای ئەوان لەبارەی مەترسیی سیاسی کورد، پێویستە ئێمە هەندێك وریا بین. خودی بەشی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە وەزارەتی دەرەوە خەریکی لێکۆڵینەوەن لەسەر ئەوەی چۆن و کەی دەبێ ئێمە قورسایی خۆمان بەکاربهێنین، نەک لە دوای چوار دەوڵەتەکەوە بڕۆین، تا یارمەتی سیاسەتەکانیان بدەین کە لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا [کورد] دەتوێننەوە.

٣. دواتر یاداشتنامەیەکیان پێ نیشاندراین، لەلایەن دەنگی ئەمریکا، لە واشنتۆن ئامادەکرا بوو، بەڵام یاداشتنامەکە لەلایەن کۆهلێرەوە (Kohler) پەسەند نەکرابوو، چونکە ئەوەی دەخستەڕوو، هەنوکە دەنگی ئەمریکا بە تەواوەتی سەرنجی خستووتە سەر ئەوەی، خۆیان ڕادیۆیەک بە زمانی کوردی بکەنەوە.

یاداشتنامەکە بە پشتبەستن بە چەندین هۆکار ئەوەی خستووتەڕوو، ئامانجی ئێمە بریتییە لە ئارامڕاگرتنی کورد، نەک وروژاندنیان. هەروەها ئامانجی دەنگی ئەمریکا بریتییە لە بەرپەرچدانەوەی پەخشی ڕادیۆی کوردی لەلایەن سۆڤیەتەوە، نەک وروژاندنی پرسی کورد کە تەنیا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت دەکات. دوای خوێندنەوەی ئەو پێکهاتەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە، یاداشتنامەکە ئەم پێشنیازانەی خوارەوەی بۆ وەزارەتی دەرەوە خستووتەڕوو، تا ڕەچاوی بکەن. نوێنەرایەتی ئەمریکا لەو چوار دەوڵەتەی کە کەمینەی کوردی هەن، پێویستە لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە بە وردی تیشک بخاتە سەر ئەم هێلانەی خوارەوە:

ا  چۆن حکومەتەکان خۆیان دەڕواننە کێشەی ڕازیکردنی کورد و ئەم دەرفەتەیان بۆ بڕەخسێنن، لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا بەشدار بن و چۆن پشکیان لە سوودەکانی بەشداری کردن لە حکومەتدا دەستەبەر بکەن؟

ب ڕێژەی سەرکەوتنی ئەو سیاسەتە چەندە کە هەنوکە ئەم حکومەتانە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دەرفەتە گرتوویانەتەبەر و ڕێژەی سوودمەند بوونی دانیشتووانی کورد چەندە؟

ج  دەنگی ئەمریکا دەتوانێت چ جۆرە یارمەتییەك بخاتەڕوو، بۆ داڕێشتنی پلانێک بۆ نەهێشتنی ڕەوتی بەردەوامی ناسیۆنالیزمی کورد، کە هەنوکە لەلایەن ڕووسیاوە ئومێدی پێ دەبەخشرێت.

د  ئەگەر بێت و ئەم چوار حکومەتە لەسەر هاوکارییەکی پتەو [لەگەڵ دەنگی ئەمریکا] ڕێککەوتن، چۆن دەتوانرێت لە پرۆگرامەکاندا ئاماژە بە بایەخ و کاریگەریی بەرچاوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تەنانەت بەریتانیاش بدرێت.

تا هەنوکە وەزارەتی دەرەوە هیچ ئەنجامێکی یەکلاکەرەوەی بۆ ئەم پێشنیازە نەبووە. ئەوان گومانیان هەیە، داخۆ ئەم پێشنیازانە بۆ تورکیا، بیرۆکەی باشن. وێڕای ئەمەش ڕوانگەی تورکیا هۆکاری سەرەکی جێبەجێ نەکردنی پلانەکەی جاری پێشوو

بـوو، بـەڵام بۆچوونێـک لـە ئارادایـە، ڕەنگـە گونجاوبێـت کارێـک لـە سـوریا و ئێـران و عێراقـدا ئەنجـام بدرێـت.

٤. لـەو کاتـەی نامەکەتـان بـە ژمـارە (E 1821/16) لە ٢٦ی ئەپریل بەدەسـتمان گەیشـتووە، زانیاریـی زۆرترمـان کۆکردووتـەوە. هەڵبـەت ئێمـە ئـەم بەڵگەیـە بـۆ وەزارەتـی دەرەوە دەنێریـن. هیـچ پێویسـت نـاکات، بـاسی زیانەکانـی [دەوڵەتـی] سـەربەخۆیی ناسـیۆنالیزمی کوردییـان بـۆ بکەیـن. ئەمریکاییـەکان لـە ڕووی پـەروەردە و سیاسـەتی گشـتی خۆیانـەوە، وەرگـری باشـترن لـە ئێمـە.

٥. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـەم بـۆ ئـەو کەسـانەی پێشـتر تەلەگرامەکـەم بۆیـان نـاردووە، دەنێـرم؛ واتــە بــۆ باڵیوزخانەکانــی تــاران، بەغــدا، ئەنقــەرە، دیمەشــق و مۆســکۆ و نووسـینگەی بەریتانیـا بـۆ کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی ناڤیـن لـە قاهیـرە.

B. A. B. Burrows

زۆر نهێنی

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S, W, 1

(PB 1041/15/G)

١٦ی مەی ١٩٥١

تکایە ئاماژە بە نامەی بۆلەند (G 10123/18/51) بۆ لۆگان (Logan) بە ژمارە لە ١٦ی ئەپریل ١٩٥١، بکرێت.

بی بی سی کە لێرە چاودێری خەڵک دەکات، هیچ هەواڵێکی لەبارەی کردنەوەی ڕادیۆیەکی نوێی پەخشی زمانی کوردی نەبیستووە؛ هەروەها ئەمریکییەکانیش لە قوبرس نەیانتوانیوە [شوناس] ئەم ڕادیۆیە دیار بکەن. بەم پێیەش، تەنانەت ئەگەر بێت و ئەم ڕادیۆیەش هەبێت، لە وێستگەکانی پەخشی ئێمە، ناتوانین گوێبیستی بین.

لە بڵاوکراوەکانی ئەم دواییەی ڕادیۆی دیموکراتەکانی ئازەربایجانیش، کەمترین ئاماژە بە بابەتە کوردییەکان دراوە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەم بابەتانە لەلایەک دووبارە کردنەوەی ئەو بابەتانەن پێشتر پەخش کراون، لە لایەکیترەوە، بە هۆی ئەوەیە بابەتی کەم لە قوبرسەوە بۆ ڕادیۆکە نێردراوە، ئەویش بە هۆی دووبارە ڕێکخستنەوەی فەرمانبەرانی ڕادیۆکە. کوردێک و فارسێک لە ڕادیۆی ئازەربایجانەوە بۆ ڕادیۆکە نێردراون.

(Mrs. L. O'Malley)

C. T. Gandy Esq

باڵیوزخانەی بەریتانیا، تاران

نهێنی باڵیوزخانەی بەریتانیا، ئەنقەرە

ژمارە ١١٧

(16315/4/51)

٢١ی مەی ١٩٥١

گەورەم...

١. شەرەفمەندم کۆپییەك لە ڕاپۆرتی مستەر ئارسور (Mr. Arthur)، سکرتێری دووەمی ئەم باڵیوزخانەیە، کە لە ئەپریلی ١٩٥١دا، گەشتێکی بۆ باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ئەنجامدا بوو، بۆتان ڕەوان بکەم. گەشتی مستەر ئارسور بۆ ئەو ناوچانە بووە، زۆرینەی دانیشتوانی کوردن و زۆر کەم گەشتیارە ڕۆژئاواییەکان ئەم ناوچانەیان بینیووە. هەر بۆیەش لە ڕوانگەی ئەو پڕوپاگەندەیەی لەلایەن سۆڤیەتەوە ئاڕاستەی کورد دەکرێت، لەوانەیە ڕاپۆرتەکەی ئەو زۆر سەرنج ڕاکێش بێت.

٢. لە ڕاپۆرتەکەی مستەر ئارسور بۆ ئەو ناوچانەی سەردانی کردووە، ئاماژە بە قوڕسبوونی هەڵسەنگاندنی خواستە ناسیۆنالیستییەکانی کورد کراوە، بەڵام داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن ڕووسەوە و لە میانەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، بیرەوەرییەکی تاڵی لەلای خەڵکی ناوچەکەدا بەجێهێشتووە. هەر بۆیەش ئاشکرایە، کورد نایانەوێت ئاغا تورکەکەیان بە ئاغا ڕووسەکە بگۆڕنەوە.

٣. کۆپییەك لەم نامەیە بۆ حکومەتی خاوەنشکۆ لە موسکۆ، تاران، بەغدا و دیمەش و بۆ سەرۆکی نووسینگەی بەریتانیا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەنێرم.

گەورەم، شەرەفمەندم خزمەتکاری بەردەوامی بەڕێزتان بم.

The Right Honourable,

Herbert Morrison, M, P.

Ect. Ect. Ect, Foreign Office, London S, W, 1.

نهێنی (ل ٢٧٢-٢٧٩)

گەشتێک لە ڕۆژهەڵاتی باکووری ئەناتۆلیا لە بەهاری ساڵی ١٩٥١

**١. ڕێگە**

مـن گەشـتەکەم لـە غـازی عەنتابـەوە دەسـت پێکـردوو بـە پـاس بـەرەو ئورفـە، دیاربەکـر و ماردیـن ڕۆیشـتم. لـە دیاربەکـرەوە بـۆ کۆرتـالان (دەکەوێتـە ٢٥ میلـی ڕۆژئـاوای سـێرت) بـە شـەمەندەفەر گەشـتم کـرد و دواتـر بـە پـاس بـەرەو بەتلیـس و ڕۆژئـاوای کەنـاری دەریاچـەی وان ڕۆیشـتم. لـە دەریاچـەی وان بـە بەلەمـی هەڵمـی پەڕیمـەوە و بـۆ یـەک یـان دوو ڕۆژ لـە وان مامـەوە و دواتـر بـە هەمـان ڕێگـە بـۆ دیاربەکـر گەڕامـەوە، ڕێگاکانیـتر کـراوە نەبـوون.

**٢. وەسفێکی گشتی**

غـازی عەنتـاب شـارێکی گـەورە و بوژاوەیـە، لـە نـاو وشـکاییەکی پـان و بەریـن و لـە دووری ٤٠ میـل لـە ڕۆژئـاوای فـوڕات هەڵکەوتـووە. غـازی عەنتـاب شـارێکی بـێ فۆڕمـە و شـەقامەکانی کـۆن و خراپـن و مۆدێرنیتـە تـازە تێیـدا دەسـتی پێکـردووە. دانیشـتوانی بـە مەشروبخـۆری و ئاژاوەنانـەوە بـە ناوبانگـن. ئۆرافـا، شـارێکی بچووکـتر و سـەرنج ڕاکێشـترە، لەسـەر دەشـتی میزۆپۆتامیـا و لـە ژێـر قـەڵای تێکچـووی ئێدێسـا (Edessa) هەڵکەوتـووە. ئورفـە، مەڵبەنـدی هەرێمێکـی بەرفراوانـی کشـتوکاڵکردنە. خەڵکـی ئورفـە، خەڵکێکـی پارێـزکارن. مزگەوتـە کـۆن و شـوێنە پیرۆزەکانـی، کـەش و هەوایەکـی ئایینـی بـەم شـارە بەخشـیووە. دیاربەکـر، بـە دیـوارە ڕەشـە بەناوبانگەکانیـەوە، تـا هەنوکـەش ئـەم دیوارانـە وەک خـۆی ماوەتـەوە. ئـەم شـارە لەسـەر کەنـاری ڕۆژئـاوای ڕووبـاری دیجلـە بونیاتـنراوە. شـارێکی قەرەبالـغ و لـە دۆخـی بوژانەوەدایـە و گرنگتریـن شـاری میعـماری ڕۆژهەڵاتـی تورکیایـە. ماردیـن لەسـەر بەرزاییەکانـی باکـووری دوایـین تەپکـە، پێـش ئـەوەی بگاتـە دەشـتی میزۆپۆتامیـا، هەڵکەوتـووە و دەڕوانێتـە سـەر ڕۆژهەڵاتـی سـوریاوە. زۆرینـەی دانیشـتوانی ئـەم شـارە عەرەبـن و یـەک لەسـەر سـێی دانیشـتوانی مەسـیحین.

تـەواوی ئـەم ناوچەیـە بەسـەر دەشـتێکی بەردیـن هەڵکەتـووە؛ تەپۆلکـە بەیارەکانـی

تێکەڵ بە دۆڵی بە پیت و حەوزی ئاو دەبنەوە. کۆمەڵێک ڕووەکی چەند ساڵەش لەم ناوچەیەدا دەڕوێن و بەروبومی سەرەکیش بریتییە لە گەنم و جۆ، بەڵام لە هەندێك ناوچەشدا ئاو بە ڕادەیەک هەیە، بتوانرێت بەروبومی هاوینەش بچێنرێت. دانیشتوانی گوندەکان زۆرینەیان کوردن.

دووەم بەشی گەشتەکەی من لە ناوچەی شاخاوییە بەیارەکاندا بوو. بەتلیس کە شارێکی بچووکی هەژارە، لەسەر ڕێڕەوێکدا بونیاتنراوە، ڕێگەی کۆرتالان بە چیاکانی تۆرۆسی کوردەوە گرێ دەدات و دواتر بە ڕێڕەوێکی نزم تێپەڕ دەبێت و دەگاتە دەریاچەی وان. خودی وان هەر بە قەدەر بەتلیس دەبێت و بەسەر دەشتێکی بەرتەسکی ئاودار هەڵکەوتووە و دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای دەریاچەی وان و نزیکەی ٥٦٤٠ پێ لە ئاستی دەریا بەرزە. دانیشتوانی ئەم ناوچەیەش بە پلە یەک کوردن.

٣. باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا و بە تایبەتیش ناوچە شاخاوییەکانی، سەرکوتکراوترین ناوچەی تورکیان. لە گشت شوێنێک چیرۆکێک بۆ من دەگێڕدرایەوە؛ هێمای پێشکەوتوویی لە ڕابردوودا لەم ناوچەیە بەرچاو دەکەون. «ئەمە ئەو شوێنەیە مەسیحییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون»؛ لە غازی عەنتاب کەنیسەی ئەرمەنەکان کراوە بە سینەما، لە ئورفە کەنیسەی ئەرمەنەکان کراوە بە بەندیخانە، لە بەتلیس کراوە بە ئەنباری توتن، لە وان کەنیسەی ئەرمەنەکان بە تەواوەتی تێکدراوە. لە ئورفە سەردانی گوندێکم کرد کە ئەتاتورک بە سەعدونەکانی مونتەفیک (Saaduns of the Muntafik) بەخشیبووی، ئەمەش لەبەرانبەر وەفاداریان بۆ تورکیا لە هەڵمەتی میزۆپۆتامیادا کە لە میانەی یەکەم جەنگی جیهاندا، ئەنجامدرا. گوندێکی ئەرمەنەکان خانوەکانی بە بەرد دروستکرا بوون و کەنیسەیەکی گەورەی هەبوو، هەنوکە وەک گوندێکی سەردەمی بابیلۆنەکان دێتە بەرچاو و ئەو شەست خێزانەی لەم گوندەدا دەژیان، ئێستا لە ناو کوخ و خانووە وێران بووەکاندا دەژین. من گوندێکیتری هاوشێوەی ئەو گوندەم لە نزیک ماردین بینی. وان و بەتلیس سەردەمانێک شاری بوژاوە و گەشەکردوو بوون و

دانیشـتوانی پێنـج قـات لـە دانیشـتوانی ئێسـتای زۆرتـر بـوو، ئـەم شـارە لـە دوای داگیـرکاری ڕووس لـە سـاڵی ١٩٠٥ەوە تـا هەنوکـە نەبوژاوەتـەوە، داگیرکارییـەک تێیـدا سـەرەتا موسـڵمانەکان و دواتـر ئەرمەنـەکان ڕەشـەکوژ کـران و هەڵاتـن. خاکـی ئـەم خەڵکـە، لـە دانیشـتوان چۆڵکـرا، پیشـەوەرەکانی ڕۆیشـتن و بازرگانییـە بوژاوەکەیـان لەگـەڵ ڕووسـیا و ئێرانییـەکان لەناوچـوو؛ تـا هەنوکـەش ئـەم دوو شـارە بـە گوندەکانیانـەوە، ماتـەم دایگرتـوون.

لـە سـەرتاپای گەشـتەکەمدا، سـەرەڕای غـازی عەنتـاب و ئورفـە، هاوڵاتـی و فەرمانبـەران گلەییـان هەبـوو لـەوەی حکومەتـە یـەک لـەدوا یەکەکانـی تورکیـای نـوێ، هیـچ هەوڵێکیان بـۆ بوژاندنـەوەی ناوچەکانـی باکـووری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا نـەداوە. هیـچ گومـان لـەوەدا نییـە، پارێزگاکانـی باکـووری ڕۆژهـەڵات، دواکەتـوو و پشـتگوێ خـراون. جێـی سەرسـوڕمان نییـە، ‹پەیمانـگای گونـد› (Village Institute)، کـە جۆرێکـە لـە کۆلێـژی ڕاهێنانـی مامۆسـتای گونـدەکان، بـۆ خزمەتکردنـی پارێـزگا شـاخاوییەکانی باشـووری ڕۆژهـەڵات دامـەزراون، پـاش تەواوبوونـی دروسـتکردنیان لـە گشـت ناوچەکانیـتری تورکیـا، ئەوجـا لـەم ناوچەیـە دروسـتکران و کەمتریـن کەرسـتە لـە دروسـتکردنیاندا بەکارهێـنراوە (ئـەم قسـەیە بـە مـن گوتـرا و دەکـرێ بـڕوا بـەم قسـەیە بکەیـن). یـان وان تـا ئـەم شـەڕەی دوایـی، هیـچ ‹نووسـینگەیەکی ویلایەتـی› ئەوتـۆی لێنەبـوو [کارەکان تێیـدا جێبەجـێ بکرێـن]. لـە ڕۆژهەڵاتـی پارێـزگای ئورفـە هەندێـك هێـمای کـەم لـە کشـتوکاڵی مۆدێـرن بەرچـاو دەکـەون. لـە بەتلیـس جگـە لـە کارگەیەکـی بچووکـی جگـەرە، هیـچ جـۆرە پیشەسـازییەکیتر نییـە. بـە بـەراورد لەگـەڵ ناوچەکانیـتر، هـەژاری لـەم ناوچەیـەدا زۆرتـرە. بەتلیـس دەتوانێـت وەک گشـت شـارە عەرەبیەکانیـتر، لـە هەبوونـی ڕێژەیەکـی زۆری سـواڵکەر، شـانازی بەخۆییـەوە بـکات!.

٤. دەسـەڵاتدارانی وان نیگەرانـن، چۆڵبوونـی پارێزگاکانیـان، بـە هێنانـی پەنابـەر لـە بولگاریـاوە پـڕ بکەنـەوە، بـەڵام تـا هەنوکـە هیـچ پەنابەرێـک بـۆ وان نەنێـردراوە، چونکـە ئـەوان ناتوانـن لەگـەڵ زسـتانی سـەختی ئـەم ناوچەیـدا بگونجێـن. تورکەکانـی بولگاریـا وەک جوتیـاری ماندوونەنـاس، دەناسرێـن. هەندێـک لـەو تورکـە بولگاریانـە

نزیکـەی ١٠ سـاڵ لەمەوبـەر لـە نزیـک دیاربەکـر نیشـتەجێکران. هەروەهـا مـن سـەردانی گوندێکـی ئـەو کەسـانەم کـرد. بـە بـەراورد لەگـەڵ گونـدە ڕەسـەنەکەی دروسـێیان، گوندێکـی خاوێنـتر و بوژاوەتـر بـوو، بـەڵام کاربەدەسـتانی وان لـەوە بەگومـان بـوون، حکومەتەکانـی پێشـوو هەمیشـە هێڵـی بەرگریکردنـی سـەرەکییان لـە دژی ڕووس لـە بـەرەی ڕۆژئـاوای وان دروسـت دەکـرد، هـەر بۆیـەش ڕێگرییـان لـە دووبـارە ئاوەدانبوونـەوەی ئـەم ناوچەیـە یـان ڕێگریـان لـە هاتنـی سـەرمایە بـۆ ئـەم ناوچەیـە دەکـرد.

**٥. سیاسەتی ناوخۆ**

خەڵکـی دەشـتایی لـە هەڵبژاردنـە گشـتییەکانی سـاڵی ١٩٥٠دا، بـە شـێوەی سـەرەکی دەنگـی بـە دیموکراتـەکان داو و خەڵکـی پارێـزگا شـاخاوییەکان دەنگیـان بـە پارتـی کۆماری گـەل داوە، بـەڵام شـارە شـاخاوییەکان لـە هەڵبژاردنەکانـی شـارەوانیدا کـە لـە کۆتایـی ئـەم سـاڵ بەڕێوەچـوو، خەڵـک دەنگـی بـە دیموکراتەکانـدا، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو بـڕە پارەیـەی حکومەتـی سـەر بـەم پارتـە بـۆ پارێزگاکانـی خـەرج کـردووە.

لـە ئاسـتی جەماوەریـی دیموکراتـەکان، بەهـۆی ئـەو ململانـێ ناوخۆییـەی لـە نـاو ئـەو پارتـەدا هەیـە و بەهـۆی ململانـێ لەگـەڵ ئۆپۆزیسـیۆندا، کـەم بووەتـەوە، هەروەهـا، لەبەرئـەوەی لـەم هەرێمـەدا دیموکراسـی بابەتێکـی نامۆیـە، هەربۆیـەش وا بیـر دەکرێتەوە [دیموکراسـی] لـە پێگـەی حکومـەت کـەم دەکاتـەوە؛ هەروەهـا بـە هۆی هێرشـکردنە سـەر سـەرۆکی پێشـوو، ئینۆنـۆ، کـە بەهـۆی ناوبانگـی سـەرباز بوونەکـەی پێگەیەکـی تایبەتـی هەیـە، بـە تایبەتیـش لـە نێـوان ئـەو خەڵکـەی بابەتـە مادییـەکان لـە سـەرووی گشـت بابەتەکانیـترەوە دادەنێـن. لـە لایەکیـترەوە، سیاسـەتە لیبرالییەکانـی دیموکراتـەکان لـە نێـوان خەڵکـدا ڕێـزی لێدەگیرێـت، (تەنانـەت عەرەبـە مەسـیحییەکانی ناوچـە دوورەکانـی ماردین هەسـت بـەم سیاسـەتە دەکـەن)، هەروەهـا دەگوترێـت (زۆرجـار بـە بـێ هیـچ بەڵگەیەک) حکومەتـی دیموکراتـەکان بـە بـەراورد لەگـەڵ حکومەتەکانـی بەرایـی، پارەیەکـی زۆرتریـان بـۆ پارێزگاکانـی ڕۆژهـەڵات لـە کەرتـی گشـتیدا تەرخانکـردووە.

بێگومـان دوای هەڵبژاردنەکانـی سـاڵی پـار، کاربەدەسـتانی پارتـی گەلـی کۆمـاری

(بـە تایبەتیـش پۆلیـس) لـەم پارێزگایانـەدا کێشـە بـۆ ئـەو کەسـانە دروسـت دەکـەن، دەنگیـان بـە پارتـی دەسـەڵاتدار دابێـت. حاڵـی حـازر، تـا ئاسـتێکی زۆر لـە ئاسـتی ئـەم کارە نەشـیاوە کـەم بووەتـەوە، بـەڵام یـەک یـان دوو کاربەدەسـت، کـە لـە شـوێنە دوورە دەسـتەکاندا کار دەکـەن، لـە لای مـن گلەیـی ئەوەیـان کـردووە، دەسـەڵاتیان نەمـاوە و لەوانەیـە بـۆ هەمیشـە وەک [سـزادانێک] بـۆ ئـەوەی تاوانەکانیـان پـاک بکەنـەوە، لـەم ناوچـە دوورەدەسـتە کاربکـەن. ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە وایکـردووە دەنگدەرانـی ناوچەکـە، پشـتگیری لـەو کاربەدەسـتانە نەکـەن.

**٦. کارگێڕی**

ناتوانـم بـەراورد لـە نێـوان ئـەو شـوێنانەدا بکـەم، [لـە تورکیـا] بینیمـن، لەگـەڵ ئـەو شـوێنانەی لـە عێـراق بینیـم. سـەرەتا جیاوازییەکـی کـەم لـە نێـوان ئـەم دوو شـوێنانەدا هەیـە. چیـتر بەرهەمـە کشـتوکاڵییەکانی تورکیـا جێـی سـەرنج نییـە. شـارەکانی تورکیـا کـەم تـا زۆر وێرانـەن. گونـدەکان خاوێنـتر نیـن، هەژاریـش کـەم تـا زۆر یـەک ئاسـتە، بـەڵام ڕوحییەتـی خەڵـک [لـە شـارەکانی هـەردوو وڵاتـدا] لێـک جیـاوازە، نایەکسـانی سـامان کەم تـا زۆر بەرچـاوە (سـەرەڕای ئـەوەی جوتیـاران بـاج نـادەن)، هەروەهـا بـێ ئومێـدی لـە نـاو وڵاتانـی عەرەبـدا لـە ئاسـتێکی بەرزدایـە، لـە تورکیـا هەسـتی پێناکرێـت.

مـن هـەوڵ نـادەم هۆکارەکانـی ئـەم جیاوازییـە دەسـت نیشـان بکـەم، بـەڵام یەکـەم هـۆکار دەگەڕێتـەوە بـۆ باڵایـی سیسـتەمی کارگێـڕی تورکیـا. ئەگەرچـی سیسـتەمی کارگێـڕی تورکیـا لـە ڕووی شـێوەوە وەک هـی عێراقـە، بـەڵام کاراتـر و ئامانجدارتـرە. هەرچەنـدە دەنگـۆی ئـەوە هەیـە، جیاوازییەکـی کـەم [لـە نێـوان سیتسـەمی کارگێـڕی ئـەم دوو وڵاتـەدا] لـە ڕووی، سـەروەری و خزمەتگـوزاری هەیـە، بـەڵام قسـەی کـەم لەسـەر بەرتیـل و نایەکسـانی هەیـە. کۆمەڵێـک کاربەدەسـت لـە ناوچـە دوورەدەسـتەکاندا هـەن، بـە بـێ هیـچ گلەییـەک ئەرکەکانیـان بەڕێـوە دەبـەن. [لـە تورکیـا] ئەوانـەی سـکاڵایان هەیـە، پێویسـتیان بـەوە نییـە، بـۆ پێداچوونـەوە بـە بڕیارەکانـی کاربەدەسـتە خۆجێیـەکان سـەردانی پایتەخـت بکـەن.

**٧. ئایین و کاردانەوە**

هێـما دەرەکییەکانـی ئیمانـی موسـڵمانان و کۆمەڵـگای موسـڵمانان لـە گشـت ئـەو شـوێنانە دەبینرێـت کـە مـن سـەردانم کـردن. لـە ڕۆژانـی هەینیـدا مزگەوتەکانـی ئورفـە پـڕ دەبـن و نوێژکـەران بێرایـی مزگـەوت و شـەقامەکان دەگـرن. دیمەنێـک مـن هیـچ کات لـە وڵاتانـی عەرەبیـدا نەمبینیـوە. بـە گشـتی پاسـەکان لـە کار دەوەسـتن، تـا نوێژکـەران بتوانـن نوێژەکانیـان [لەسـەر شـەقامەکاندا] بکـەن. لـە پاپـۆڕی هەڵمـی کـە بـەرەو وان دەچـوو، تێبینـی ئـەوەم کـرد، ژمارەیەکـی زۆری خەڵـک کـە دوو پیـاوی ئایینـی بەساڵاچووشـیان لەگەڵـدا بـوو، عەمامەیـان لەسـەر کردبـوو و لەگـەڵ پیاوێکـی ئەفەنـدی پیـر کـە خەڵـک بـە ڕێـزەوە مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکـرد، کۆمەڵێـک دەقـی ڕێزمانـی و ئایینـی بـە زمانـی عەرەبـی دەخوێنـدەوە. لـە شـارەکاندا زۆربـەی ژنـەکان بـە حیجابـەوە بـوون. هەندێکیـان سـەرتاپا حیجـاب بـوون. مـن گومانـم لـەوە نییـە، پێکهاتـەی (بنیاتـی) کۆمەڵـگای لادێیـی و زۆرێـک لـە بـڕوا و خوڕافـەی گوندنشـینان تـا هەنوکـەش بـڕوای و خوڕافـەی ئیسـلامین. لـە گوندەکانـدا فرەژنـی هەیـە، ئەگەرچـی یاسـا ڕێگـەی بـەم کارە نـەداوە؛ هەروەهـا ئەگـەر کەسێک ئاشـنای قورئـان بێـت، یـان لـە حـەج گەڕابێتـەوە، ئـەو کەسـە ڕێزێکـی تایبەتـی هەیـە.

بەهەرحـاڵ، هیـچ پەرچەکردارێـک لـە دژی ئـەم کارانـەی سـەرەوە لـە ئـاراد نییـە و لـە سـەردەمی حوکمڕانـی ئەتاتورکـدا ئـەم کردەوانـە لـە ئاسـتی جۆراجـۆردا لـە پارێـزگا پارێزکارەکانـی (conservative) باشـووری ڕۆژهەڵاتـدا بەرجەسـتە کـران. لەبەرانبـەر ئـەم بـڕوا ئایینیانـەدا، دەتوانیـن ئـەو ڕاسـتییە لەبەرچـاو بگریـن، کاریگـەری و ژمـارەی پیاوانـی ئایینـی (هەروەهـا ئەگـەر ئـەم چەمکـە بەسـەر ڕێکخـراوە ئایینیەکانـی ئیسـلامدا پیـادە بکەیـن)، تـا ڕادەیەکـی بەرچـاو کـەم بووەتـەوە و تەریقەتـی دەروێشـیش لەبەیـن چـووە. هـەر بۆیـەش چینـی ڕۆژوگـر و نوێژکـەر زۆرتـر چینـی بەسـاڵاچوو، خەڵکـی هـەژار و گوندنشـینەکانن. قوتابخانە(مەدرەسـە)ی ئایینـی داخـراون و زانیـاری لەسـەر فیقهـی ئیسـلامی بـەرەو لەناوچـوون دەچێـت، بـەڵام تـا هەنوکـەش هـەروەك جـاران، ژیانـی لادێنشـینی لـە چوارچێـوەی بـاوەڕی ئیسـلامیدایە، بـەڵام مـن لـەو بڕوایـەدا نیـم، چیـتر

ئیسلام ئەو هێزە بێت، کۆمەڵگا ئاراستە بکات، یان بتوانێت لەبەرانبەر وەرچەرخانی ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بوەستێتەوە.

مەبەستی من لە کۆنەپارێزی ئایینی لە تورکیا بریتییە لە داواکردن بۆ گەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ فۆڕمەکانی ئیسلامی تایبەت بە ژیان کە وا بیردەکرێتەوە، شۆڕشی ئەتاتورک ئەم فۆڕمانەی لەناو برد. لەم ڕوانگەیەوە من بڕوا ناکەم، هیچ جۆرە کۆنەپارێزییەکی جیددی بۆ گەڕانەوەی ئەم جۆرە ئیسلامە لە ئارادا بێت. هەندێك پیاوی دانیشتوی شار داوای جێبەجێکردنی یاسای شەرع لە پرۆسەی هاوسەرگیری و جیابوونەوە دەکەن؛ هەروەها خوازیاری منداڵی زۆر یان خوازیارن هاوسەرێکی گەنجیان هەبێت، بەڵام کۆنەپارێزەکان ناتوانن کارێکی ئەوتۆ بکەن و ملکەچی یاسا و سنووره نوێیەکانن.

ئێستا، ئازادی عیبادەت، وەک سیمبولێک هەژمار دەکرێت و بەهۆی نەهێشتنی قەدەغەکردنی بانگدان بە عەرەبی، ئەم کارە بە بەرفراوانی لەلایەن خەڵکەوە ستایشت دەکرێت، بەڵام ئەم کردارانە و چەندین کرداریتر، ناکرێت وەک هەنگاوێک بۆ گەڕانەوەی تەواوەتی ئیسلام هەژمار بکرێت. دووبارە گەڕانەوەی بە ئازادانە هەڵبژاردنی خوێندنی وانەی ئایین لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا (هەروەها داواکاری هەن ئەم وانەیە لە قوتابخانەی ناوەندیشدا بخوێندرێت) لەوانەیە ببێتە هۆی ژیانەوەی ئیسلام لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات و لەلایەن گەنجەکانەوە، بەڵام بە بڕوای من ئەوە پەرچەکردارێک نییە لەبارەی ئەو شتەی کە لەسەرەوە باسمکرد. تەنانەت حاڵی حازر، زۆرێک لە گەنجە تورکەکان (لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا، لەو پارێزگایانەی من گەشتم بۆ کردن) لەوانەیە بە پەسیوانە پابەندی بنەما سەرەکییەکانی ئیسلام بن- بە تایبەتیش چەندین کەس پێکەنینان بە عیبادەتە ئاساییە جەماوەرییەکان دێت، بەمنیان گوتووە ئەوانیش بە بێ دەنگی و لە شەواندا عیبادەت دەکەن، بەڵام ئەوە مانای ئیسلام بە مانا ڕاستەقینەکەی نادات، بەڵکو بریتییە لە جۆرێک لە بیرۆکەی محەمەدی کە بانگەشەی ئەوە دەکات، ئیسلامی بێگەردە. بەم پێیەش بنەماکانی ئایینی ئیسلام بە بێ دەستکاریکردنی ناوەڕۆکەکەی ئاسانکراون، هەروەها بە هۆی چاکسازیی زمان و ئەلف و بێی تورکی، ئەمە وایکردووە گەنجان هیچ

جـۆرە پەرچەکرداریـان سـەبارەت بە ئایینی ئیسـلام نەبێت [بەهۆی نەزانینـی زمانی عەرەبی کـە زمانـی ئایینـی ئیسـلامە]. ڕاسـتە، لەوانەیـە شـەڕ ببێتـە هـۆی دەمارگرژیـی موسـڵمان و ببێتـە هـۆی پاشـگەزبوونەوەی بیرۆکـە نوێیەکانـی ئـەم ئایینـە، بـەڵام هەموو ئـەو هۆکارانە ناتوانـن ببنـە هـۆی دووبـارە سـەرهەڵدانەوەی تەواوی فیکـرە کۆنەکانی ئیسـلام.

لــە هەمانکاتــدا، ژمارەیــەک خەڵــک وا بیــر دەکەنــەوە، چاکســازییە ئایینیەکانــی ئەتاتـورک زۆر ڕەق بوونـە (تەنانـەت ئەگـەر بێـت و ئـەم چاکسـازییە پێویسـتیش بـوو بێـت) و ئێسـتا خوازیـاری ئـەوەن ئـەم چاکسـازییانە میانڕەوانـە بـن. دوو کـەس کـە بوێـری ئەوەیـان هەبێـت دژایەتـی بڕیارەکانـی ئەتاتـورک بکـەن، ڕوونیـان کـردەوە، مەبەسـتیان ڕەخنەگرتــن لــە بڕیارەکانــی ئەتاتــورك نەبــووە، بەڵکــو ئــەم ڕەخنانــە لەلایــەن خەڵکــەوە بــە هەڵــە لێکدراونەتــەوە.

**٨. کورد**

هیـچ کاربەدەسـتێکی تورکیـا دان بـەوەدا نانێـت، لـە تورکیـا کێشـەی کـورد هەیـە. چەندیـن جـار مـن دڵنیـا کرامـەوە، کـورد هـەر ئـەو تورکـەن کـە بـە زمانێکـی جیـاواز قسـە دەکـەن. بـە بـڕوای مـن، کاربەدەسـتە گەنجـەکان لـە دڵـەوە بڕوایـان بـەم ئەفسـانەیە هێنـاوە. سـەبارەت بـە تورکـە پیرەکانیـش ئەمـە وەک بنەمایەکـی ئیمانـی لێهاتـووە [کـورد هـەر تورکـن] و نایانەوێـت لەسـەر ئـەم بابەتـە گفتوگـۆ بکـەن. ئـەم ڕوانگەیـە و ئـەو ڕاسـتییەی مــن نەمتوانــی ســەردانی تونجەلــی، هــەکاری و گونــدە دوورە دەســتەکانی پارێزگاکانـی هـەکاری، مـوش و وان بکـەم (ئـەو شـارانەی زۆرینەیـان تورکـن [لەوانەیـە مەبەسـتی نووسـەر کـورد بـن و بـە هەڵـە تـورک نـووسرا بێـت. وەرگێـڕ]، بوونـە هـۆی ئـەوەی، بـۆم سـەخت بێـت، بتوانـم بارودۆخـی کـورد لـە تورکیـا هەڵبسـەنگێنم.

ئاســایشی تــەواو بــۆ ناوچــە کوردییەکانــی تورکیــا دابینکــراوە ، تەنیــا لــە هــەکاری نەبێـت، تێیـدا کاری چەتەیـی و دزی دەکرێـت و ئـەم کارانـە بـە نەزانییـەوە دەخرێنـە پـاڵ نەسـتورییە ئاشـورییەکان کـە هێـرش دەکەنـە سـەر سـنوورەکانی عێـراق. ئـەو کوردانـەی مـن بینیمـن و لـە ڕۆخ ڕێـگاکان دەژیـان، خەڵکـی بـێ چـەک بـوون، کەواتـە ئـەوان هیـچ مەترسـییەك بـۆ سـەر حکومەتـی تورکیـا دروسـت ناکـەن.

نازانـم سیاسـەتی حکومەتـی تورکیـا لـە تواندنـەوەی کـورد سـەرکەوتوو بـووە یـان نـا، بـەڵام تەنیـا دەتوانـم ئـەوە بڵێـم، ئـەم سیاسـەتە نەبووەتـە هـۆی کەمکردنـەوەی ئاسـتی بەکارهێنانـی زمانـی کـوردی و لـە هەمـوو شـوێنێک قسـەی پێدەکرێـت. لـە یەکێـک لـە گوندەکانـی جزیـرەی تورکیـا، مـن لەلایـەن ئـەو کوردانـەوە دەورە درام کـە نەیاندەتوانـی یـان نەیاندەویسـت بـە تورکـی قسـە بکـەن، بـەڵام کاتێـک مـن تەنیـا بـەو سـێ وشـە کوردییـەی دەمزانـی، قسـەم کـرد، یەکێـک لـەو کەسـانە بـە پێکەنینـەوە نەڕانـدی، ئەمـەش نیشـانەی ئەوەیـە کـورد بەهیـچ شـێوەیەک ناسـنامەی خۆیـان لـە دەسـت نـەداوە.

لـە لایەکیـترەوە، کورد بە باشـی لەگەڵ دەسـەڵاتدارانی تورکیا دەگونجێـن. من یەک ڕۆژی تـەواو لەگـەڵ قائیمقامـە گەنجەکـەی ناوچـەی زازای کـورد کـە سـەر بـە ناوچـە چیاییەکانی ڕۆژئـاوای بەتلیسـە، بەسـەر بـرد. ئـەو زۆر بـە کراوەیـی لەگـەڵ ‹خەڵکـی› ناوچەکـە قسـەی دەکـرد. خەڵـک کەیفیـان پێدەهـات و قائیمەقـام ڕێـک وەک تـورک لەگـەڵ ئـەم خەڵکـەدا هەڵسـوکەوتی دەکـرد. ئـەم کارەش ئەوکاتـە بـە لۆژیکـی دێتەبەرچاو کە کەسـێک لـە دڵەوە خـۆی بـە تـورک دابنێـت. قائیمقـام وەک زۆرێـک لـە کەسـانیتر، کارە لـە یاسـا دەرچووەکانی ڕابـردووی خـۆی دەگەڕانـدەوە بـۆ سـەر دەمارگـرژی ئایینـی، نەک بـۆ هـۆکاری نەتەوەیی.

بـە بـڕوای مـن کـوردی تورکیـا زۆر بەباشـی لەبەرانبـەر پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت، پارێـزراون. تەنانـەت کاتێـک لەگـەڵ کارەبەدەسـتێکی پلـە بـەرز قسـەم دەکـرد، هـەر هیـچ زانیارییەکـی لەسـەر ئـەم بابەتـە نەبـوو. سـنوورەکان، بـە تایبەتیـش هێڵـی سـنووری لەگەڵ جزیـرەی سـوریا، زۆر بـە وردی چاودێـری دەکرێـت. مـن خـۆم لەلایـەن پۆلیسـی نهێنیـەوە (plain-clothe policeman) لـە ماردیـن چاودێـری دەکـرام، بـەڵام لـە گشـت ناوچەکانیـتر، هـەر کارێـک ویسـتبام ئەنجامـم دەدا. پێموایـە، زۆرینـەی کـوردی تورکیـا، تەنانـەت نازانـن پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت هەوڵـی ڕاکیشـانی سـەرنجیان دەدات، بـەڵام هەمـوو کەسـێک لـە باشـووری ڕۆژهـەڵات شـتێکی بیسـتووە لەبـارەی سـەرهەڵدانەکەی مەلامسـتەفای بـارزان، و ئەگەرچـی بـە بـڕوای مـن ئـەو لـەو ناوچانـە وەک قارەمـان نابینرێـت، بـەڵام بـە بۆچوونـی مـن کـوردی هـەکاری و وان، کاتێـک کـە مەلامسـتەفا لـە سـاڵی ١٩٤٦ بـەرەو ڕوسـیا هـەڵات، یارمەتیـان داوە.

بـە گشـتی بـە بـڕوای مـن کـوردی پارێـزگا شـاخاوییەکانی مـن گەشـتم بـۆ کـرد (واتــە گشــت ئــەو ناوچانــەی لــە دەمــی جەنگــی یەکەمــی جیهانیــدا لەلایــەن ڕووســیاوە داگیرکـرا) هـەروەك چـۆن تورکێـک لـە دژی ڕووس دەجەنگێـت، وا لـە دژی ڕووس دەجەنگــن. ســەختە بتوانیــن بڵێیــن، ئایــا بریــکارە کــوردی ســۆڤیەت، کــە ســوود لــە ناســیۆنالیزمی کــوردی وەردەگــرن، دەتوانــن [لــە دژی حکومەتــی تورکیــا] خەڵــک بوروژێنــن.

**٩. ورە و ڕای گشتی**

«لێــرە بەریتانیــا بایەخــی لــە دەســتداوە، ئێــران ئێــوە دەردەکات. میــسر ئێــوە دەردەکات. چیــتر عێــراق ئێــوەی ناوێــت». ئەمــە ئــەو قســانە بــوون گەنجێکــی تــورک لــە دەســتپێکی گەشــتەکەم لــە غــازی عەنتــاب پێــی گوتــم. خۆشــحاڵ بــووم بــەوەی گفتوگۆکانـم لەگـەڵ گشـت جـۆرە خەڵکێـک، ئـەوە نیشـان دەدات، ئێمـە لـە باشـووری ڕۆژهەڵاتــی تورکیــا بایەخــی خۆمــان لەدەســت نــەداوە. مــن بــۆ هــەر شــوێنێک چــووم، خەڵکێکــی زۆر حەزیــان لــە بەریتانیــا و دامەزراوەکانــی بەریتانیــا دەکــرد، بــە تایبەتیــش [سەرســامی] توانــا جەنگیەکانــی بەریتانیــا بــوون. گەیشــتمە ئــەو ئەنجامــە، ئێمــە و ئەڵمانــەکان زۆرتریــن جەماوەرمــان هەیــە.

ســەرەڕای ئەمــەش، سیاســەتی ئێمــە ســەبارەت بــە ڕۆژهەڵاتــی دوور، بــە تونــدی و لەلایــەن تــەواوی خەڵکــەوە ڕەخنــەی لێدەگیرێــت. هەمــوو ئــەو کەســانەی کــە مــن قســەم لەگەڵیانــدا دەکــرد، داوایــان لــە مــن دەکــرد کــە ســەبارەت بــە سیاســەتەکەمان لـە چیـن ڕوونکردنـەوە بـدەم. کردارەکانـی هێزەکانـی تورکیـا لـە کۆریـا، ورەی خەڵکـی بـەرز کردووەتـەوە و تەنانـەت سـەربازێکی تـورک پێیگوتـم، هاوڕێکـەی لـە کوریـا لـە دژی سـوپای ڕووس دەجەنگێـت. خـودی سـوپای تورکیـا پرسـتیژێکی زۆری بەدەسـتهێناوە و لــە دۆخێکــی باشــدایە، فەرمانــدەی فەوجێــک لــە بەتلیــس بەشــانازییەوە پێیگوتــم ئــەو ١٤ ســەرباز لــە نێــوان ٣٠٠ خۆبەخــش بــۆ جەنگــی کۆریــا هەڵدەبژێرێــت. خەڵکـی ئـەو پارێزگایانـەی لەلایـەن ڕووسـەوە داگیـر کرابـوو، زۆر ڕقیـان لـە ڕووسـە. پرســی کۆمۆنیــزم بــۆ ئــەم خەڵکــە بابەتێکــی پلــە دووە. لــەم جــۆرە کەشــەدا ســەختە

هەڵوێستی ئێمە لەبەرانبەر چین گرفتی لێبکەوێتەوە، یان گۆڕینی ژەنەڕاڵ مەک ئارسور (MacArthur) نیگەرانی خەڵکی لێبکەوێتەوە.

زۆربەی خەڵک ڕەخنە لە هەڵوێستی ئێمە لەبەرانبەر دژایەتیکردنی تورکیا لە چوونە ناو پەیمانی ئەتلانتیک (Atlantic Pact) دەگرێت. هەروەها یەک دوو کەس زۆر بە وردی پرسیاری ئەوەیان کرد، ئەگەر بێت و ڕووسیا هێرش بکاتە سەر تورکیا تا چ ئاستێک بەریتانیا یارمەتی تورکیا دەدات. هەروەها لە پرستیژی عەرەب و فارسەکانیش کەمبووەتەوە. هەروەها ئەگەر بێت و ئێمە کێڵگە نەوتییەکانی ئێران لەدەست بدەین، بە دڵنیاییەوە لە پرستیژی ئێمەش دادەبەزێت (لێرەوە قسەی ئەو گەنجەی غازی عەنتاب ڕاست بوو). خەڵکی کەیفیان بە بابەتێکی دیکەش دێ، ئەویش پرسی قوبرسە. لە هەموو شوێنێک پرسیار لەمن دەکرا، دڵنیایان بکەینەوە، هیچ کات ئێمە قوبرس ڕادەستی یۆنانییەکان ناکەین.

هیچ پێویست ناکات، پڕوپاگەندەی دژە کۆمۆنیست لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بگێڕین، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەڵوێستە بڕاوەکەی خۆمان بخەینەڕوو، کە خەڵک تا ڕادەیەک لێی بە گومانە. کاریگەرترین سیاسەتی ئێمە، حاڵی حازر، بریتییە لە دووپاتکردنەوەی بوونی سەربازەکانی ئێمە و تورکیا بەیەکەوە لە کۆریا، باسکردن لە بواژنەوە و بەهێز بوونی ئەورووپای ڕۆژئاوا، ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی دوور [واتە لە ئاسیای دوور] کە تێیدا پێداگری لەسەر گرنگی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت، بێسوود بوونی هەڵگیرسانی جەنگ لە دژی چین لەبری ئەوەی لە دژی ڕووسیا بێت و چەندین پرسیتر کە پێویستە ڕوون بکرێنەوە. هەروەها پێویستە ڕوون بکرێتەوە، کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ-ئێرانی (Anglo Iranian Oil Company) (A. I. O. C)، چی بۆ ئێران کردووە.

لەڕاستیدا، لێرە ڕادیۆ زۆر کاریگەرترە لە ڕۆژنامە. ژمارەی ئەو کەسانەی ڕادیۆی تایبەت بە خۆیان هەبێت کەمە. خەڵک لە ناو و لە دەرەوەی چایخانەکان گوێ لە ڕادیۆی ئەنقەرە، ئیستانبول، بی. بی. سی و دەنگی ئەمریکا دەگرن. هەروەها لە ماردین گوێ لە ڕادیۆی شەرق ئەلئەدنا دەگرن.

١٠. خەڵکــی بیانــی زۆر بــە کەمــی لــە پارێزگاکانــی باشــووری ڕۆژهەڵاتــی تورکیــا دەبینرێــن؛ تەنیــا دیاربەکــر نەبێــت، ژمارەیەکــی کــەم لــەو ئەمریکایانــەی لــە مەدرەجــی فرۆکەخانــە کار دەکــەن، هــەن. هەروەهــا بەریتانییەکــی شــێت نەبێــت کــە بــە پــاس گەشــت بــکات، تــا گومــان [لــە لای خەڵــک دروســت بــکات، کەســیتر بــۆ ئــەم ناوچانــە گەشــت نــاکات]، بــەڵام هــەر کاتێــک ئــەم گومانــە ڕەوییــەوە، هەمــوو کەســێک لــە والییــەوە بگــرە تــا شــۆفێری لــۆری، زۆر یارمەتیــدەر و دەســتکراوەن.

نهێنی

کاروباری کورد

شەوی ڕابردوو لە میانەی گفتوگۆیەکی دوور و درێژدا، لە ماجد مستەفا (Majid Mustafa)م پرسی، ئایا پەخشی پڕوپاگەندەی سۆڤیەت هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کورد هەبوو یان نا. ئەو گوتی، بە دڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆری کورد گوێ لەم ڕادیۆیە دەگرن و هەر بۆیەش بێگومان ئەم پەخشە لەسەر ناوچە کوردییەکاندا کاریگەریی دروست کردووە. ڕادیۆی ئازەربایجان بە زمانەکانی تورکی، فارسی و کوردی بەرنامەکانی پەخش دەکات، واتە ئەو سێ زمانەی کورد باشتر لە عەرەبی لێی تێدەگەن. کاتێک کاتی پەخشی بەرنامەکانی ڕادیۆکە دێت، شۆفێرەکەی [واتە شۆفێری ماجد مستەفا] ڕادیۆی ئۆتۆمۆبێلەکەی دەگۆڕێتە سەر ڕادیۆ ئازەربایجان. ئەم شۆفێرە، بۆیە ئەم کارە دەکات، چونکە هیچ بەرنامەیەکیتر نییە، ئەو حەزی لێبێت گوێی لێ بگرێت.

من پرسیاری ئەوەم لە ماجد مستەفا کرد، ئایا باشتر نییە دەست بە گێڕانی پڕوپاگەندە دژی پڕوپاگەندەی سۆڤیەت بکەین. ئەو گوتی نەك تەنیا باشە، بەڵکو پێویستە، هەر بۆیە ئەو یەکسەر پێشنیازی ئەوەی کرد، باشترە بی بی سی لە لەندەن یان ڕادیۆی شەرق ئەلئەدنا دەست بە پەخش بە زمانی کوردی بکات. دوای کەمێك بیر کردنەوە، گوتی باشترە ڕادیۆ شەرق ئەلئەدنا ئەم کارە بکات، چونکە نزیکتر و جەماوەریتر و خۆشەویسترە لە بی بی سی. من پرسیاری ئەوەم کرد، ئایا حکومەتی عێراق ناڕازی نابێت، ئەگەر بێت و شەرق ئەلئەدنا بەرنامە بە زمانی کوردی پەخش بکات. ماجد مستەفا یەکسەر لە منی پرسی، ئایا مەبەستی من لەم پرسیارە ئەوە بووە، پێشوەخت پێشنیازی کراوە، ئەم پەخشە دەست پێ بکات [واتە خۆتان بۆ ئەم کارە ئامادە کردووە]. من وەڵامم دایەوە، پێشنیازی ئەوەی کە پێویستە بەرنامەی زمانی کوردی پەخش بکرێت لەبەرچاو گیراوە و بیر لەوە کراوەتەوە لەوانەیە حکومەتە مێترۆپۆلیتنەکان [واتە سوریا، ئێران، عێراق و تورکیا] لەم کارە ڕێزپەڕ بکرێن. دواتر ماجد مستەفا وەڵامیدایەوە، ئەو هیچ هۆکارێک نابینێت، حکومەتی عێراق دژی ئەم کارە بوەستێتەوە. دوای ماوەیەک

وەستان، گوتی لەوانەیە تورک دژی ئەم کارە بن. من پرسیارم لە ماجد مستەفا کرد، بە بڕوای ئەو دەبێت بەرنامەکانی ئەم پەخشە ڕادیۆییە چۆن بێت؟ ئەو پێشنیازی ئەوەی کرد بەرنامەکان لە هەواڵ، مۆسیقا و گۆرانی کوردی و پڕوپاگەندەی دژی کۆمۆنیست پێکهاتبێت. ئەو جەختی لەوە کردەوە، نابێ هیچ شتێک بڵاو بکرێتەوە، ئەم هەستە لەلایەن کورد دروست بکات کە ئێمە هەوڵی گۆڕینی دۆخی سیاسی ئەوان دەدەین. [واتە دۆخی سیاسی کورد باشتر بکرێت].

دواتر ماجد مستەفا گوتی، سەرەڕای پەخش بە زمانی کوردی، شتێکیتریش هەیە دەبێ ئێمە ئەنجامی بدەین. ئەو گوتی ئەگەر بێت و ڕووس هێرش بکەنە سەر عێراق، دوای هەندێك خۆڕاگری حکومەتی عێراق واز لە ناوچە کوردییەکان دێنێت و دواتر کاتێک ئاشتی بەرقەرار دەبێت، لەم ناوچانەدا بە توندی بەرهەڵستی دەسەڵاتی عێراق دەکرێت. هۆکاری ئەمەش ماجد مستەفا بۆ ئەوەی گەڕاندەوە، حاڵی حازر پەخشی سۆڤیەت کوردی وروژاندووە و ئەگەر بێت و حکومەتی عێراق وازیان لێبێنێت، کورد وا بیردەکەنەوە، حکومەتی عێراق لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لەبەرانبەر کورددا شکستی هێناوە. ئەو خۆی پێشنیازی ئەوە ناکات، عێراق [کوردستان] بەجێ بهێڵێت. ئەو ئامادەیە بچێتە چیاکانی کوردستان و بیسەلمێنێت پارەی هەیە و ژمارەیەک چەکی بچووکیشی هەیە و لە دژی ڕووس دەوەستێتەوە، تا ئەو کاتەی بەریتانییەکان بگەڕێنەوە عێراق. (ماجد مستەفا کاتێک لەگەڵ ‹لیمان ڤۆن ساندێرز (Liman Von Sanders) لە جەنگی یەکەمی جیهانی لە فەلەستین خزمەتی دەکرد، میدالیای خاچی ئاسنی (Iron Cross) بەرزترین پلەیە، وەریگرت). ئەو داوای لێ کردین، لە ئەگەری هێرشکردنی ڕووسیا چەکی و تفاقی پێویست و پارە بۆ ناوچە کوردییەکان دابین بکەین؛ هەروەها لە پێناو ئەوەدا لەم ناوچانەدا ئەم بیرۆکەیە بە زیندووی بهێڵینەوە کە بەریتانیای گەورە دەگەڕێتەوە، تا عێراق لە دەست ڕووس ڕزگار بکات. ماجد مستەفا پێداگری لەوە کرد هەر ڕێکارێک ئێمە بیگرینەبەر، بۆ نموونە ئەو ڕێکارانەی لە پەخشەکەمان بە زمانی کوردی دەگرینەبەر، دەبێ کارێک نەکەین، کورد وا بیربکەینەوە، دەمانەوێت دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دابمەزرێنین.

زۆر نهێنی

(G.1025/11/51)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٣ی جون ١٩٥١

١. مـن بـێ ئومێـد بـووم کاتێـک، نامـە زۆر نهێنییەکـەی مالکـۆڵم (Malcolm) بـە ژمـارە (PB.10141/5G) لـە ٧ی مانگـی مـەی، بینـی، ئـەوەی بـۆ بیلـی (Beeley) نووسـی بـووی و ئامـاژەی بـەوە کردبـوو، ئێـوە حاڵـی حـازر هیـچ پلانێکتـان نییـە بـۆ کردنـەوەی ڕادیـۆی پەخشـی زمانـی کـوردی. مـن دووبـارە لەبـارەی ئـەم بابەتـەوە ئـەم نامەیەتـان بـۆ دەنووسـم و ڕایدەگەیێنـم، ئـەم بڕیارەتـان بڕیارێکـی بەجـێ نییـە.

٢. بـە تایبەتیـش ئێمـە ناتوانیـن ئـەم ئارگۆمێنتـە قبـوڵ بکەیـن، هـەروەك لـە تەلەگرامـی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـە ژمـارە ١٢٩٠، کـە لـە ٤ی ئەپریـل بـۆ واشـنتۆن نێـردراوە، گوایـە ئێمـە هیـچ بەڵگەیەکـی بەهێزمـان، لەسـەر کاریگەریـی پەخشـی سـۆڤیەت [لەسـەر کـورد]، لەبـەر دەسـتدا نییـە؛ هەروەهـا، لەبەرئـەوەی بارودۆخـی کوردسـتان ئاسـاییە، هـەر بۆیـەش هیـچ پێویسـت بـەوە نـاکات، ڕادیۆیـەک [بـە زمانـی کـوردی] دابمەزرێنیـن، بەرپەرچـی ڕادیـۆی سـۆڤیەت بداتـەوە. تێبینـی ئێمـە بریتییـە لـەوەی لـە درێژخایەنـدا پەخشـی ڕادیـۆی سـۆڤیەت [بـە زمانـی کـوردی]، کـە بـە بـڕوای ئێمـە کـورد بـە بەرفراوانـی و هۆشـیارانە گـوێ لـەم پەخشـە دەگـرن، کاریگـەری لەسـەر کـورد دروسـت دەکات و مەترسـی لەسـەر هەڵسـوکەوتی کـورد لەبەرانبـەر حکومەتەکانـی خۆیـان دروسـت دەکات، هەربۆیـەش ئێمـە ناتوانیـن ناچـالاک بمێنینەوە، لەکاتێکـدا بـارودۆخ خەریکـە تێکدەچێـت.

٣. بـە بـڕوای ئێمـە، ئێمـە ناتوانیـن لـە ڕێگـەی ڕادیـۆ بەغـداوە بەرپەرچـی ڕادیـۆ سـۆڤیەت بدەینـەوە، ئەمـەش بـە هـۆی بـێ توانایی ئـەو کەسـانەی لـە بەرنامەکانی ئـەم ڕادیۆیەدا بەشـدارن، هەروەهـا بـە هـۆی ناکارایـی کاربەدەسـتە ئیدارییەکانـی ئـەم ڕادیۆیە.

٤. بە بڕوای ئێمە بە هۆی هۆکاری سیاسی و ئابوری، پێویستە ڕادیۆی بی بی سی دەست بە پەخشکردنی بەرنامە بە زمانی کوردی بکات. ئێمە لەو بڕوایەدا نین، ڕادیۆی شەرق ئەلئەدنا هیچ نارەزاییەک لەم بارەوە دەرببڕێت کە بەرنامەکانی [ئەم دوو ڕادیۆیە] هاوشێوەن. لە پەرەگرافی ٧ی نامەی سێر هێنری مارک (Sir Henry Mark) کە لە ٨ی نۆڤەمبەری ١٩٥٠ بۆ فۆرلۆنگ (Furlonge) نووسراوە، پێشنیازی ئەوە کراوە، ڕادیۆی شەرق ئەلئەدنا واز لە یەکێک لە شەپۆلەکانی بۆ پەخشی ڕادیۆی کوردی بهێنێت. پێشنیازەکەی ئێمەش بریتییە لەوەی پەخشی ڕادیۆکە ناوێکی تایبەت بە خۆی هەبێت و بە ڕادیۆ شەرق ئەلئەدناوە گرێ نەدرابێت، ئەگەر هاتوو حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دژی کردنەوەی ئەم ڕادیۆیە بوون، دەکرێت ڕادیۆی شەرق ئەلئەدنا ئەوە ڕەت بکاتەوە، هیچ پەیوەندییەکی بەم ڕادیۆیە هەبێت، هەروەك چۆن ئەمە لە ڕابردوو ڕوویداوە.

٥. هەروەها دەمەوێ ئاماژە بە پەرەگرافی ٤ لە تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ١٢٩٠ بدەم کە لە ٤ی ئەپریل بۆ واشنتۆن نێردراوە. ئەم قسەیە باڵیۆزی حکومەتی خاوەنشکۆ لە بەغدا «هەندێك لایەنی پێشنیازی [کردنەوەی ڕادیۆ بە زمانی کوردی] پێی باش بووە، بەڵام بە هۆی هەمان هۆکار، ڕێنمایی کردووە، وشیار بین›››، ئەم قسەیە تا ڕادەیەک سەر لێتێکدانە، لە پەرەگرافی ٤ لە نامەکەی مەک (Mack) کە لە ٨ی نۆڤەمبەریساڵی ١٩٥٠ بۆ (Furlonge) نووسیویەتی، مەک دەڵێت، دەبێ وشیار بین، بەهۆی ناشارەزاییەوە لە پەخشی بەرنامەکانی زمانی کوردیدا، هەستی نەتەوەیی کورد بەرز نەکەینەوە. هەروەها ئەو دەڵێت، نایەوێت باس لە ئاگادار بوون لە کردنەوە یان نەکردنەوەی ڕادیۆ بە زمانی کوردی بکات. ئاماژەشی بەو بەربەستانە کردووە کە خۆتان لە هەمان پەرەگرافی تەلەگرامەکەتان بۆ واشنتۆن، ئاماژەتان بۆ کردووە، بەڵام ئێمە دەزانین، دەکرێت بەسەر ئەم بەربەستانەدا زاڵ بین.

٦. کەواتە هیوادارم، نامەکەی مالکۆلم دوایین قسە نەبێت لەبارەی ئەم بابەتە. ئەگەر پێشنیازەکەی ئێوە سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامێری پەخشی ڕادیۆی شەرق ئەلئەدنا شیاوی جێبەجێکردن بێت، بە بڕوای ئێمە کردنەوەی ئەم ڕادیۆیە

تێچــووی ســاڵانەی لــە نێــوان ٥٠٠٠ بــۆ ٦٠٠٠ پاوەنــد دەبێــت؛ ئەمــەش مووچــەی چاودێرێکــی ئینگلیــزی، ســێ فەرمانبــەری کــورد، کرێــی خانــوو و بودجــەی تەشــغیلی لەخــۆ دەگرێــت. پاراســتنی ئامێــرەکان و دابینکردنــی هەواڵــەکان لــە ئەســتۆی ڕادیــۆ شــەرق ئەلئەدنــا دەبێــت. مــن هیــچ شــێوازێکی کاریگەرتــر نابینــم، بتوانێــت لــە نێــوان کــورددا بەرپەرچــی پڕوپاگەنــدەی ســۆڤیەت بداتــەوە. هەروەهــا لــەو بڕوایــەدا نیــم، ئــەم بــڕە پارەیــەی ســەرەوە پارەیەکــی ئەوەنــدە زۆربێــت، نەتوانرێــت دابیــن بکرێــت.

٧. ســەبارەت بــە ڕووداوەکان، لەوانەیــە بەڕێزتــان بتانــەوێ ئــاگاداری ئــەو گفتوگۆیــە بــن، شــەوی ڕابــردوو ســکرتێری ڕۆژهەڵاتنــاسی لەگــەڵ ماجــد مســتەفا، وەزیــری کاروبــاری کۆمەڵایەتــی، هەیبــووە کــە کوردێکــی نــاوداره. [ئــەم گفتگۆیــە لــە تۆمارێکــدا بــۆ بەڕێزتــان هاوپێــچ کــراوە].

٨. لــە کۆتایــدا مــن ئامــاژە بــەوە دەکــەم، پرســی کردنــەوەی ڕادیۆیــەک بــە زمانــی کــوردی لــە کۆبوونەوەیەکــی هاوبــەش لەگــەڵ کارمەندانــی باڵیوزخانــەی ئەمریــکا لێــرە [واتــە لــە بەغــدا] گفتوگــۆی لەســەر کــراوە، ئــەم کۆبوونەوەیــە مانگانــە ســەبارەت بــە سیاســەتی زانیــاری (Information Policy) گرێدەدرێــت. بۆچوونــی فەرمانبەرانــی باڵیۆزخانــەی ئەمریــکا لەســەر ئــەم پرســە کــە لــە کۆبوونــەوەی ١ی نۆڤەمبــەر و ٣٠ی دێســەمبەری ڕابــردوو باســی لێوەکــرا، هاوشــێوەی بۆچوونــی ئێمــە بــوو، بــەوەی پێویســتە دەستپێشــخەری بــۆ کردنــەوەی پەخشــی ڕادیــۆ بــە زمانــی کــوردی بکەیــن، جــا ئــەم پەخشــە لــە ڕێگــەی ئامــرازی پەخشــکردنی (transmitter) ئەمریــکا بێــت یــان بەریتانیــا، یــان لــە ڕێگــەی باشــترکردنی ڕادیــۆ بەغــدا بێــت، هەروەهــا هــەروەك لەســەرەوە باســمکرد، ئێمــە گەیشــتینە ئــەو ئەنجامــەی هیــچ ئاسۆیەک لــە بەرنامەکانی ئێســتای ڕادیــۆ بەغــدا نابینرێــت.

مــن کۆپییــەك لــەم نامەیــە بــۆ واشــنتن، ئەنقــەرە، تــاران، دیمەشــق و نووســینگەی بەریتانیــا بــۆ کاروبــاری ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت دەنێــرم.

واژوو

(J. M. TROUTBECK)

نهێنی

ژمارە (A-7/51/401/95)

کۆنسولگەری گشتی بەریتانیا

تەورێز

٨ی ئۆگۆست ١٩٥١

بەڕێز نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان

١. لە تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٦٧، باسم لەوەکرد، لەم دواییانەدا ژاندارمیری لە کوردستان داوای کردووە ژمارەی دەستی کار لە ناو خێڵەکاندا دیاربکرێت و ژمارەی ئەو چەکانەی لە دەست خێڵەکاندایە [بۆ حکومەت] بەرز بکرێتەوە تا ئاستی ملکەچی بۆ حکومەت لەم هەرێمەدا بزانرێت. دەستەبەرکردنی زانیاری لە ناوچە دوورەدەستەکانی وەک کوردستانی ئێران، کارێکی سەختە و ئەم ناوچانە بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ ناوەندەکانی دەروبەری خۆیان مامەڵە دەکەن. بۆنموونە، ئەو ناوچانەی لە دەوروبەری مهابادن [لەگەڵ مهاباد مامەڵە دەکەن]. لە کۆکردنەوەی ئەم زانیارییانە، پشت بە گفتوگۆ لەگەڵ کورد بەستراوە، لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی لە مهاباد گەڕاونەتەوە، بە تایبەتیش لەگەڵ تەقی مەولەوی کە خاوەن زەوییەکی زۆرە و زەوییەکانی لە شاهین دژەوە، تا سنوورەکانی عێراق دەبڕێت.

٢. دەکرێ هەڵوێستی کورد لەبەرانبەر دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر دوو گروپدا دابەش بکرێت. زۆرینە کە خێڵە کۆچەرییەکانیش لە خۆ دەگرێت. ئەم گروپە خوازیارن، سەربەخۆ بن و تا ئەو ڕادەیەی بکرێت هیچ پەیوەندییان لەگەڵ کاربەدەستانی باج وەرگری حکومەت و ئەفسەرە دوو ڕووەکانی سوپادا نەبێت. سوپا لە ناو ئەم گروپەدا پەسەندکراو نییە و تا هەنوکەش ناوبانگیان بە بەزۆر پارە وەرگرتن دەرکردووە. ئەو ئەفسەرانەی لە

تەورێـزەوە بـۆ کوردسـتان نێـردراون، سـەرنجیان بریتـی بـووە لـەوەی، یەکەمیـن داوکارییـان بریتـی بـوو لـە پۆشـاکی مەدەنـی [تـا لەبـری یەکپۆشـی سـەربازیی لەبـەری کـەن]، چونکـە سـوپا لـەم هەرێمـەدا تـا ئـەو ئاسـتە ناپەسـەندە، کـە ئەفسـەرەکان پێویسـتیان بـەو کەرەسـتانەیە لـە ئەگـەری هـەر جـۆرە سـەرهەڵدانێکدا بتوانـن خۆیـان بشـارنەوە.

دووەمیـن گـروپ دەکرێـت بـە ‹ئاگایـی کەمینـە› (minority consciousness) وەسـف بکرێـت. ئـەم هەڵوێسـتەش لـە نێـوان خێڵـە نیشـتەجێ بووەکانـی وەک دابوکـری (Dehbukri)،مامـەش، جیڤـۆرک (Givork) و مەنگـوڕ دەبینرێـت. لەبەرانبـەر ئـەم هەڵسـوکەوتە جێگربـووەدا، ئـەم گروپـە چاوەڕوانـی هەڵسـوکەوتی پشـت بەیـەک بەسـتنن و نارازیـن کـە ئـەم هەڵسـوکەوتی پشـت بەیـەک بەسـتنە لەلایـەن حکومەتـەوە بـەدی ناکـرێ. لـە ڕووی دابینکردنـی خزمەتگوزاریـی کۆمەڵایەتییـەوە، ئـەوان دۆخـی خۆیـان لـە دۆخـی کەمینەکانیـتر (ئاشـوورییەکان) بەخراپـتر دەزانـن. بـۆ نموونـە، عیـادەی پزیشـکی لـە بـۆکان (Buqqan) لەلایـەن کەسـێکی نەمسـاوییەوە بەڕێوەدەبردرێـت. کەرسـتەکانی ئـەم عیادەیـە زۆر کەمـن و تەنیـا دەتوانێـت ڕەچەتـە بنووسـێت بـە بـێ ئـەوەی بتوانێـت دەرمـان دابیـن بـکات. بـەڵام، [تەنانـەت لـە نێـوان ئـەم گروپەشـدا] دەتوانرێـت هەندێـک کـەس بدۆزرێنـەوە کـە نەیـاری حکومەتـن. لـەم دواییانـەدا کـوردە دەوڵەمەنـدەکان ڕەتیـان کـردەوە، خۆبەخشـانە یارمەتـی دارایـی حکومـەت بـدەن، کـە بـە هـۆی ناکۆکـی لەسـەر نـەوت، حکومـەت ڕووبـەڕووی قەیرانـی دارایـی بووەتـەوە.

٣. هاتنەکایـەوەی ناکۆکـی لەسـەر نـەوت، هەندێـك گرفتـی بـۆ ڕادیـۆ هاندەرەکـەی ڕووس دروسـت کـردووە کـە بـە مەبەسـتی ڕاکێشـانی کـورد، پڕوپاگەنـدە ئەنجـام دەدات. لـە لایەکـەوە ئـەم ڕادیۆیـە بەردەوامـە لـە هاندانـی کـورد تـا لەپێنـاو دەسـتەبەر کردنـی حوکمـی زاتـی ڕاپـەڕن. لـە لایەکیـترەوە هـەوڵ دەدات کـورد لـەوە ئـاگادار بکاتـەوە هەرجـۆرە یارمەتـی وەرگرتنێـک لـە بەریتانیـا، تەنیـا بـۆ ڕووگیرکردنـی حکومەتـە، تـا ناکۆکـی لەسـەر نـەوت درێـژە بکێشـێت.

کاتێـک بەریتانیـا سـوپای لـە عێراقـەوە بـۆ جوانـڕۆ، حەیـدەری و ڕوانـدز هەنـارد، ڕادیۆکـە لـە سـنە و کرماشـان، پڕوپاگەنـدەی سـەربەخۆیی [بـۆ کوردسـتانی] ئەنجـام دەدا. ڕادیۆکـە کـوردی ئاگادارکـردەوە، ڕاپەڕیـن بـێ ئامـادەکاری کارێکـی گەمژانەیـە، هەربۆیـەش باشـترین ڕێگـە بـۆ بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی بریتییـە لـە ڕێکخسـتنی ڕاپەڕینـی کـورد لـە یەککاتـدا لـە تورکیـا، عێـراق و ئێـران.

٤. وا دەردەکەوێـت ئـەم پڕوپاگەنـدە دوژمنکارییـە بـە کەمـی کاریگـەری لەسـەر کـورد دروسـت بـکات. سـتایش و گەورەکردنـی نەوانـزادە (Navanzadah)، وەک قارەمانێکـی نەتەوەیـی تەنانـەت لـە مهابادیـش پێشـوازی لێنەکـرا کـە تێیـدا هۆشـیاری سیاسـی بەهێزتـرە. هەربۆیـەش سـەختە جۆرەکانیـتری پڕوپاگەنـدە گێـڕان- بـۆ نموونـە بانگـەواز بـۆ ئاشـتی - بتوانێـت زۆرتـر سـەرنجی کـورد ڕاکێشـێت. لـە ١٦ی جـوڵای ڕادیـۆی مۆسـکۆ بانگـەوازی ئاشـتی لەلایـەن موفتـی گـەورەی ئاسـیای ناوەڕاسـت و کازاخسـتان بڵاوکـردووە، تێیـدا داوای لەلایەنگرانـی ئاشـتی دەکـرد، لـە دژی ئیمپریالیسـتەکان بوەسـتنەوە و وەفـاداری بـۆ خێـڵ لـە وڵاتـە جۆراوجۆرەکانـدا لەبەرژەوەنـدی دەسـەڵاتی ڕوسـیادا [وەلا بنرێـن]. لەوانەیـە مەبەسـت لـەم پڕوپاگەندەیـە بـە ئامانجگرتنـی کـورد بێـت، بـەڵام پڕوپاگەندەکـە لـەو جـۆرە نییـە، قەناعـەت بـە کـورد بهێنێـت، ئەگـەر بێـت و پشـتیوانی ڕوسـیا بکـەن، دەسـتکەوتی زۆرتـر دەسـتەبەر دەکـەن.

٥. کـوردە دۆسـتەکانی [بەریتانیـا] دەڵێـن، بریکارەکانـی ڕووسـیا لـە نـاو خێڵەکانـی کـورددا هـەن و خۆیـان شـاردۆتەوە. ئەمجـۆرە دەنگۆیانـە بـە بەردەوامـی هـەن، بـەڵام جێگـەی گومانـن. بەهەرحـاڵ یەکێـک لـەم دەنگۆیانـە لەلایـەن ئەفسـەرانی سـەربازییەوە پشتڕاسـت کراوەتـەوە. دەنگۆیەکـە بریتییـە لـەوەی نەمازعەلیـۆڤ (Namazaliov) فەرمانـدەی ڕووس کـە لـە سـاڵی ١٩٤٥ لـە کوردسـتان بـوو، دووبـارە گەڕاوەتـەوە و هەنوکـە لـە نـاو مەنگـوڕان لـە گونـدی سـەرگەرمێش قـازی (Sargarmish Ghazi) کـە لـە نزیـک میانـدواوە، چالاکـی ئەنجـام دەدات. سـوپا لـە دۆزینـەوەی ئـەم کەسـەدا سـەرکەتوو نەبـووە.

٦. لـە تەورێز فەرمانـدەی فەرمانده‌یی گشـتی (General officer commanding- G.O.C) کەرتـی ٣، بـاردۆخ و هەڵسـوکەوتی کـورد بـە دۆخێکـی تاڕادەیـەک ڕازیکـەر نـاو دەبات. تـا ئێسـتاش حاکمـی گشـتی لـە پڕوپاگەنـدەی ڕادیـۆی ڕووس نیگەرانـە و نەیتوانیـوە وێسـتگەیەکی پەخشـی ڕادیۆیـی لایەنگـری ئێـران بـۆ بەرپەرچدانـەوەی پڕوپاگەنـدەی ڕووس، لـە مهابـاد بکاتـەوە. هـەم فەرمانـدەی فەرماندەیـی گشـتی و هەمیـش حاکمـی گشـتی، هەرجـۆرە ئاژاوەنانەوەیـەک لەلایـەن کـوردەوە بـە دوور دەزانـن. تەنیـا ئـەو کات نەبێـت، ئەگـەر بێـت و ڕووس هێـرش بکـەن و هەردووکیـان لـەم بڕوایـەدان، هـەر جـۆرە سـەرهەڵدانێکی خێڵـەکان، ئەگـەر لـە ئاسـت سـەرهەڵدانی سـاڵی پـاری خێڵـی جوانـڕۆ بێـت، لـە تواناياندایـە بەرپەرچـی بدەنـەوە.
خزمەتکاری هەمیشەیتان

(L. A. Forward)

نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان، باڵیۆزی بەریتانیا، تاران.

## کورتەیەک لەبارەی پەخشی جیهانی (World Broadcasts)

## بەشی چوارەم

ژمارە ١٨٥

لە ٢٤ی ئۆگۆست ١٩٥١

پەخشی ڕادیۆی پارتی دیموکراتی ئازەربایجان

«ساڵوەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان»

ڕاگەیاندنی فەرمی

**دەستکەوتەکانی ڕابردوو**

لە ١٦ی [ئۆگۆست] ڕادیۆی پارتی دیموکراتی ئازەربایجان، (پەخشی زمانی کوردی لە کاتژمێر ١٢.٠٠ لە ١٦-٨-١٩٥١-FBIS)، ڕاگەیاندنێکی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستانی سەبارەت بە شەشەمین ساڵوەگەری ئەم پارتەی بڵاوکردەوە. ڕاگەیاندنەکە بەوە دەست پێدەکات، تەنیا ئەم پارتە لە کوردستان هەیە و بە پێی بنەما نەگۆڕەکان و بنەمای پارتە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان، ئەم حزبە لە «سەردەمێکی هەستیار و گونجاودا (timely and decisive campaign)» سەرکردایەتی نەتەوەی کورد دەکات. ئەم پارتە تەنیا ڕێکخراوە، توانیویەتی پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ خێڵە کوردییەکاندا دابمەزرێنێت و توانیویەتی گشت ڕەنجدەر و کرێکارانی کوردستانی لە دەوری ڕێکخراوێکی یەکگرتوودا کۆبکاتەوە. سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەندکردن، نەفی کردن و ئەشکەنجەدان، ئەم پارتە توانیویەتی بە بێوچان لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا سەرکردایەتی گەلی کورد بکات. ئەم پارتە توانیویەتی هێزە خۆڕاگرەکانی کورد پێکەوە گرێ بدات و پلانی داگیرکەرانی کوردستان پوچەڵ بکاتەوە. بە بێ هیچ گومانێک، ئەگەر ئەم پارتە نەبووایە، گەلی کورد نەیدەتوانی ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان ببێتەوە و ئێستا کورد لە ژێر هێرشی دوژمنەکان لەناو چووبوو. هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، ئەم پارتە لە پێناو گەلی کورد و چینی کرێکار تێکۆشاوە و ملکەچی «بنەما ستاندارەکانی پارتە دیموکراتەکانی جیهان» بووە.

ئەمەش هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی ئەم پارتە و دەستەبەرکردنی دەستکەوتەکانی نەتەوەی کورد بووە. هەر بۆیەش ئەم پارتە لە ناو هەموو خەڵکی کورددا ڕێز و پێگەی خۆی هەیە. ئیمپریالیستی بەریتانیا و ئەمریکا و «وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانی گەورە›› تەواوی هەوڵی خۆیان بۆ ناوزڕاندنی ئەم پارتە خستووەتەگەڕ، بەڵام ئەم پارتە هەرگیز هێزی خۆی لە دەست نەداوە، بە ڕاشکاوی ئامانجە پیرۆزەکانی خستووتە بەردەم [ڕای گشتی] جیهان.

**ئامانجەکانی ئەم پارتە**

ئامانجی ئەم پارتە بریتییە لە لەناوبردنی خائینەکانی کوردستان و لە ناوبردنی چەوسانەوە و ئیمپریالیزم و داگیرکەرانی کوردستان. ئەم پارتە هەوڵ دەدات لە پێناو ئازادکردنی کوردستان لە دەست بیانییەکان و دامەزراندنی «حوکمی خەڵک و بۆ خەڵک (the rule of the people for the people)›› لە سەرتاسەری کوردستانی گەورەدا. ئەم پارتە هەوڵ دەدات بۆ دامەزراندنی پارتێکی دیموکراتی و حوکمی خەڵک بەسەر گەلی کورددا و تەرخانکردنی داهاتەکانی کوردستان بۆ خۆشگوزەرانی جەماوەری کوردستان. ئەم پارتە هەوڵ دەدات بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی ئێستای وڵاتانیتر بەسەر پارچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا و بەرزکردنەوەی ئاستی [ژیانی] خەڵکی کوردستان، کە بگاتە [ئاست ژیانی گەلانی] وڵاتانیتری دیموکراتی لە جیهاندا. ئەم پارتە هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕ لە پێناو ئازادکردنی گەلی کوردستان لە ڕەنجی زۆرتر و ڕێگەگرتن لە بێ ڕێزیکردن لەبەرانبەر سەرکردە ئایینییەکان و ڕۆشنبیرانی هۆزە کوردییەکان لەلایەن هێزە داگیرکەرەکانەوە و [نەهێشتنی] سیاسەتی ‹ژەهراویکردن (opium-smoking)› و تاڵانکاریی جەندرمەکان. هەموو ئەمانە ئامانجی ڕاستەقینەی ئەم پارتەن و هەرچی دوژمن دەیڵێت [با بڵێت]، بەڵام چیتر گەلی کورد فریو نادرێت. ئەم پارتە پتر لە جاران پێگەی خۆی پتەوتر و سەقامگیرتر دەکات. لە هەڵمەتە نهێنی و ئاشکراکانی ئەم پارتەدا، ئەندامانی ئەم حزبە بڕوای خۆیان بەم پارتە سەلماندووە و پاڵپشتی لێدەکەن. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چالاکی ئەندامانی ئەم پارتە بەرچاوتر و کاریگەرتر دەبن.

**ئەرکی ئەندامان**

ئەرکی ئەندامانی ئەم پارتەیە، هەڵمەتەکانیان لە دژی ئامانجە دژە شۆڕشگێڕانەکانی ئیمپریالیستی ئەمریکا و بەریتانیا و وڵاتە داروەدەستەکانیان بەهێز بکەن. تەنیا لە میانەی یەکبوونێکی پتەو وەفاداری بۆ نەتەوەی کورد و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دیموکراتیکی جیهاندا و یەکگرتن لە چوارچێوەی ڕێکخراوی بەهێزی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، دەکرێت ئەم ئەرکانە بەجێ بگەیێندرێن. ئەم پارتە داوا لە خەڵکی ئازادیخوازی کورد دەکات، هەڵمەتێکی قارەمانانە و چارەنوسساز لە دژی دەستێوەردانی ئەمریکا، لە دژی فریوەکانی بەریتانیا لە بابەتی بەنیشتیمانیکردنی نەوت، لە دژی بۆرژوازی ئێران و لە دژی هەوڵە شەیتانییەکانی ئەنگلۆ-ئەمریکا بووستنەوە کە لە دژی یەکێتی سۆڤیەت ئەنجامی دەدەن. ئەم پارتە ڕایدەگەیێنێت:

١. ڕێکخراوی گەنجانی کورد و کۆمیتەکانی ئەم پارتە وکۆمیتە فەرعییەکان، لە ناو خەڵکدا کۆبوونەوەکانیان بەڕێوە ببەن و بۆیان باسی گرنگی هەبوونی ئەم پارتە لە مێژووی نەتەوەی کورد بکەن و باس لە هەوڵە چارەنووسسازەکانی ئەم حزبە بکەن. پێویستە ئەم ڕێکخراو و کۆمیتانە باس لە ئامانجەکانی حزب بکەن و بارودۆخیک بخولقێنن، تا دەکرێت زیان بە دوژمن بگەیێنن.

٢. تەواوی خێڵە کوردییەکان، کرێکار و ڕەنجدەرن و هەموو ئەوانەی «بە دوای شکۆمەندیدا دەگەڕێن»، دەبێ هەوڵکەنیان بۆ ئاشتی جیهانی و بەختەوەری بخەنەگەڕ. هەروەها پێویستە هەوڵ بدەن، زۆرترین واژوو بۆ ئەنجوومەنی ئاشتی جیهانی (W. P. C)کۆ بکرێتەوە، تا پێنج وڵاتە زلهێزەکە پەیماننامەی ئاشتی گرێ بدەن، تا ئاشتی هەمیشەیی دەستەبەر بکرێت. لەم بابەتەوە [گشت خێڵە کوردییەکان و کرێکاران و ڕەنجدەران] دەتوانن لەگەڵ ئاشتیخوازانی ئێران یەک بگرن.

٣. کورد نابێ بۆ یەک چرکەساتیش واز لە هەڵمەتەکەیان بۆ دەرکردنی ئیمپریالیستی ئەمریکی و بەریتانی لە ئێران بهێنن و خۆماڵیکردنی ڕاستەقینەی نەوت دەستەبەر بکەن. لەم بارەوە باشترە پەیوەندی نزیک لە نێوان ڕەنجدەرانی ئێران و ئازەربایجان

دابمەزرێت و ڕێگە نەدرێت ئیمپریالیزم لەناو ئەم نەتەوەیەدا ڕەگ دابکوتێت.

ڕاگەیاندنەکە بەم دروشمانەی خوارەوە کۆتایی پێدێت: «هەر بژییێت شەشەمین ساڵوەگەری دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان؛ هەر بژییێت گەلی کوردی قارەمان؛ هەر بژییێت خێڵە کوردییە ڕزگاریخوازەکان؛ هەر بژییێت پارتی دیموکراتی کوردستان؛ هەر بژییێت ئاشتی جیهانی؛ هەربژییێت دیموکراسی و سۆشیالیزمی لانکەی ئاشتی! هەر بژییێت یەکێتی سۆڤیەتی گەورەی پشتیوانی دیموکراسییەکانی جیهان؛ هەر بژییێت هەموو ئاشتیخوازانی جیهان؛ نەمری بۆ ستالینی گەورە!».

**«بەرەی یەکگرتووی کوردستان و ئازەربایجان»**

«هەروەها پەخشی ڕادیۆی ئازەربایجان تیشکی خستەسەر ئەم ساڵوەگەڕە (AMP ٫١٦,٣٠ ,١٨-٨-٥١- FBIS)، و دەڵێت گەلی ئازەربایجان لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبایی لە گەلی کورد دەکات «کە تا هەنوکەش لە دەست سەرکوتکاریی هێزە کۆنەپارێزەکانی ئێران دەناڵێنن». پەخشەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت، بە درێژایی مێژوو، گەلی کورد لە دژی پاشا ستەمکارەکان، شایەکان، ئەمیرەکان و ئەو کەسانەی ویستویانە کوردستان پارچەپارچە بکەن و بیخەنە ژێردەستی خۆیان، خەباتی نەپساویان ئەنجامداوە». لە ماوەی فەرمانڕەوایی ڕەزاخاندا، گەلی کورد «بەدڵسۆزییەوە بەرگرییان لە سەربەخۆیی نەتەوەیی کرد»، بەڵام ڕەزاخان «نەهامەتی» بەسەر ئەم گەلەدا باراند. چەندین خێڵ دابەشکران و بۆ ناوچە دوورەدەستەکانی ئێران گوازرانەوە و سەدان کوردی پێشکەوتوخواز و ئاشتیخواز لەناو بردران. سەرەڕای ئەمانەش، کورد وازیان لە خەباتەکەیان نەهێناو و بەرەیەکی یەکگرتوویان لەگەڵ سوپای سووری ئازەربایجان و کوردستان دامەزراند و سەردەمێکی نوێ لە مێژووی نەتەوەی کوردا کرایەوە و ڕێکخراو و ئەنجوومەن و لایەنە جۆراوجۆرەکان سەریانهەڵدا.

«بەڵام هەر لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران سەرشێتانە بەرپەرچی [کوردی] دایەوە. چاوچنۆکی ئیمپریالیستەکان زیادی کرد و بە ناو وڵاتاندا بڵاوبوونەوە، هاوتەریب لەگەڵ ئەم ڕووداوانەدا، جوڵانەوەی نەتەوەیی لە دژی کۆنەپارێزی لە کوردستان ژیایەوە و شەش ساڵ لەمەوبەر نوێنەرانی هەموو کوردستان

لـە ژێـر سـەرکردایەتی قارەمانانـەی قـازی محەمـەد کـۆ بوونـەوە و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتانیان دامەزرانـد. ئـەم پارتـە پارتێکـی نەتەوەیـی ڕاسـتەقینەیە. ئـەم پارتـە لـە ڕێگـەی کردارەکانیـەوە سـەلماندوویەتی، پارتێکـی پێشـکەوتنخوازە و لـە ژێـر سـەرکردایەتی سـەرکردەکەیدا، گەلـی کـورد چەکـی بەدەسـتکەتووە و حکومەتـی دیموکراتـی نەتەوەیـی لـە کوردسـتان دامـەزرا. سـەرەڕای هەوڵەکانـی حکومەتـی ئێـران بـۆ سـەرکوتکردنی زمـان و ئەدەبـی کـوردی، حکومەتـی نەتەوەیـی لـە کوردسـتان چەندیـن چاکسـازیی ئەنجامـداوە و خەسـتخانە و دامـەزراوە کلتورییـەکان دامـەزراون.

«[دەسـەڵاتدارە] کۆنەپارێزەکانـی ئێـران بـە بەردەوامـی هەوڵیانـداوە، پەیوەنـدی پتەوی (sincere) نێـوان گەلـی ئازەربایجـان و کوردسـتان لەبەیـن ببـەن؛ ئیمپریالیسـتەکان و چینی دەسـەڵاتداری ئێـران لـەم پەیوەندییـە نیگەرانـن. بـەو چەکـەی لـە ئیمپریالیسـتەکانەوە وەریانگرتـووە، سـوپا «خائینەکـەی›› شـا، هێرشـی کـردە سـەر کوردسـتان و لـە شـارەکانی کوردسـتاندا چەندیـن تاوانیـان ئەنجامـدا. سـەرەنجام ئـەم سـوپایە گشـت ئـەو چاکسـازییانەی لەلایـەن حکومەتـی نەتەوەیـی کـوردەوە ئەنجامدرابـوو، لـە نـاو بـرد، بـەڵام نەیانتوانـی خەڵکـی کوردسـتان بترسـێنن. دامـەزراوە پەروەردەییـەکان لـە مـاوەی فەرمانڕەوایـی حکومەتـی نەتەوەیـی کوردسـتان دامـەزران، بـەڵام لەلایـەن حکومەتـی کۆنەپارێـزی ئێرانـەوە کـران بـە بەندیخانـە؛ نەخۆشـی و برسـێتی و قـات و قڕی[لـە سەرتاسـەری کوردسـتاندا] بـڵاو بووەتـەوە. سـەرەڕای هەمـوو تـرس و تۆقاندنێـک، گەلـی کـورد دووپاتـی کردووتـەوە، ئـەوان دژی سیسـتەمی پاشـایەتین. گەلـی کوردسـتان دەسـت لـە نـاو دەسـت لەگـەڵ گەلـی ئازەربایجـان و ئێـران، لـە خەباتیـان بـۆ ئـازادی و سـەربەخۆیی بەردەوامـن. «هـەر بژییێـت پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و ئـەو پەیوەندییـە پتـەوەی لـە نێـوان هـەردوو نەتەوەیـی کـورد و ئازەربایجانـدا هەیـە».

زۆر نهێنی

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S. W. 1

(PB 1041/22/G)

٤ی ئۆکتۆبەر ١٩٥١

ببورە، ماوەیەکی درێژە چاوەڕوانی وەڵامی نامەکەتانن کە لە ١٣ی جون بۆ جیم بۆکێر (Jim Bowker) سەبارەت بە پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی ناردبووت. من دڵنیاتان دەکەمەوە، هەموو ڕەهەندەکانی پەیوەست بەم کارە، هەم لە ڕووی توانا و هەمیش لە ڕووی خواستی [کردنەوەی ئەم ڕادیۆیەیە] زۆر بە وردییەوە لەبەرچاو گیراون.

ئێمە دەزانین کورد بە خرۆشەوە گوێ لە پەخشی ڕادیۆی سۆڤیەت [بە زمانی کوردی] دەگرن و هەربۆیەش دەبێ بەرپەرچی ئەم کارە بدرێتەوە. ڕووس لەم بارەوە کاریگەری خۆیان نواندووە، ئەمەش لە ڕێگای هاندانی خواستی ناسیۆنالیزمی کوردی بووە. ئێمە ناتوانین شتێکی هاوشێوە ئەنجام بدەین و بەڵێنی جێبەجێکردنی خواستی ناسیۆنالیستی کورد بدەین بەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان دادەمەزرێنین کە [لە هەر چوار پارچەی کوردستانی] تورکیا، سوریا، ئێران و عێراق پێکهاتبێت. هەربۆیەش تەنیا دەتوانین ئەو هەواڵانە بڵاوبکەینەوە کە لە هەواڵی ڕووس سەرنج ڕاکێشتر بن. هەڵبەت دەبێ ئەم پەخشە بەرنامەی دژی بەرنامەکانی سۆڤیەت لەخۆ بگرێت. وێڕای ئەمەش، دەبێ لە دۆخی بەرگریکردندا بین، هەروەها سەختە ئەم حەقیقەتە لەو گوێگرە کوردانە بشاردرێتەوە کە دەتوانن بەراوردی نێوان شێوازی ئێمە [لە پەخشی زمانی کوردی] و بەڵێنەکانی ڕکابەرەکانمان بکەن. ئێمە لەو بڕوایداین هێزە ڕۆژئاواییەکان ناتوانن کاریگەرییەکی ئەوتۆ لە ڕێگەی ئەم پەخشەوە لەسەر کورد دروست بکەن. ئەو بەرنامانەی ئێمە لەم پەخشەدا بەکاری دێنین، ناتوانن بەرپەرچی بەرنامەکانی سۆڤیەت بدەنەوە، یان وەپێش بەرنامەکانی ئەوان بکەون. ئێمە هیچ شتێکمان نییە پێشکەش بە کوردی بکەین، تەنیا ئەوە نەبێت [هەر

شتێک پێشکەش بە کورد بکەین] بە زیانی ئەو وڵاتانە دەبێت کە کورد تێیدا نیشتەجێن. بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم دۆخە، دەبێ شیوازێک بگیرێتەبەر کە بە زیانی حکومەتی ئەم وڵاتانە نەبێت. هەربۆیەش باشترین شێواز ئەوەیە ئەو حکومەتانەی دانیشتووی کوردیان هەیە خۆیان ڕادیۆی پەخشی زمانی کوردی بکەنەوە، تا بتوانن لە ڕێگەی ئەم پەخشەوە جەماوەر لە سیستەمی کارگێڕیی خۆیان لە هەرێمە کوردییەکاندا و لە دژی کۆمۆنیزمیش بوەستنەوە. هەروەها دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکەین کە حکومەتی تورکیا و حکومەتی ئێران خوازیاری ئەوە نین، ئێمە ڕادیۆ بە زمانی کوردی بکەینەوە.

هەربۆیەش بەدواداچووڼمان بۆ پێشنیازەکەی ئێوە کرد کە لەوانەیە ڕادیۆی شەرق ئەلئەدنا بتوانێت بە زمانی کوردی بەرنامە پەخش بکات. دۆستانی ئێمە پێشنیازی ئەوەیان کرد، پێویستە ئەم جۆرە پەخشە وەک بەشێک لە خزمەتگوزاریی ڕادیۆی شەرق ئەلئەدنا هەژمار بکرێت. هەروەها هەر جۆرە پیشنیازێکی فەرمی بۆ جیاکردنەوەی ئەم پەخشە لە ڕادیۆی شەرقئەلئەدنا، پێشنیازێکە، سەختە جێبەجێ بکرێت. ئێمە ئەوەمان لەبەرچاوگرتووە، سەرەڕای ئەوەی ئەم ڕادیۆیە لەلایەن ئێران و تورکیاوە ڕەت دەکرێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستی عەرەب کە بۆچی وێستگەیەکی پەخشی ڕادیۆیی سەربەخۆی عەرەب، [بەرنامەکانی] ئاڕاستەی خەڵکی غەیرە عەرەب دەکات. ئەمەو سەرەڕای ئاستەنگی پراکتیکی لەبەردەم کردنەوەی ئەم ڕادیۆیە، وەک وێستگەیەکی نوێ پێویستە دابمەزرێت، ناتوانرێ وێستگەکانی ئێستا بگەیەنرێنە کوردستان، سەختە فەرمانبەری پێویست بۆ ئەم کارە بدۆزرێتەوە، تێچووی ساڵانە هەروەك ئێوە ئاماژەتان بۆ کردووە ٦٠٠٠ پاوەندە، ئەمەو سەرەڕای خەرجی دەستپێک کە نزیکەی ٥٠٠٠ پاوەندە.

بە کورتی، ئێمە لەو بڕوایەدا نین، لە نێوان ئەو ئاستەنگ و تێچوونانەی، بۆ کردنەوەی ڕادیۆی زمانی کوردی هەیە، لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی دەمانەوێت [لە ڕێگەی ئەم ڕادیۆیەوە] دەستەبەری بکەین، هاوسەنگییەک هەبێت. من تێبینیم کردووە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا خوازیاری کردنەوەی ڕادیۆی زمانی کوردییە،

بـەڵام ئێمـە هەمیشـە لـەوە تێدەگەیـن، ئەمریکاییـەکان کاریگەرییەکانـی ئـەم ڕادیۆیـە لـە ئاسـت خـۆی گەورەتـر دەکـەن. بـۆ زانیاریـی بەڕێزتـان، مەیلـی ئـەوان بـۆ کردنـەوەی ئـەم ڕادیۆیـە کـەم بووەتـەوە، چونکـە کۆنگرێـس ١٥٪ی بودجـەی بەشـی زانیارییەکانـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکای کـەم کردووەتـەوە.

مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ واشـنتن، ئەنقـەرە، تـاران، دیمەشـق و نووسـینگەی بەریتانیـا بـۆ کاروبـاری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە قاهیـرە دەنێـرم.

(J. W. Nicholls)

زۆر نهێنی

ئەرشیڤکراو لە ٢١ی نۆڤەمبەری ١٩٥٨

کورد

١. ئێوە ئاماژەتان بەوە دا، باشترە ئێمە باڵیۆزخانەی [بەریتانیا] لە تاران ئاگادار بکەینەوە کە ئێرانییەکان هان بدات، بیر لە نانەوەی ئاریشە لە نێوان کوردی عێراقدا نەکەنەوە. کاتێک ژەنەڕاڵ بەختیار لە ١٠ی سێپتەمبەر چاوی بە فەرماندە نۆبێل (Nobel) کەوت، ئەو پرسیاری ئەوەی کردبوو، ئایا بەریتانیا پشتگیریی لە پلانی ئێران لە کوردستانی عێراقدا دەکات یان نا. فەرماندە نۆبێل لە وەڵامدا گوتبووی، ئەم بابەتە پێویستی بە لێوردبوونەوە هەیە.

٢. دوو ڕاپۆرت لەسەر ئەم بابەتە ئامادەکراون. یەکەمیان بریتیە لە «سەرنجەکانی پەیوەست بە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەشی دووەم›› (Points for a Middle East Policy part II)، کە پەرگرافەکانی ٣٤ و ٣٥ی ئەم ڕاپۆرتە ئاماژە بە کوردستان دەدەن و بەو ئەنجامە گەیشتووە، نانەوەی گرفت لە کوردستانی عێراقدا هیچ سوودێکی بۆ ڕۆژئاوا نییە. ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن کۆمیتەی ڕێنماییکردنەوە پەسەند کراوە و دوای ناردنی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، دواتر بۆ کۆمیتەی فەرمی بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Middle East Official Committee) دەنێردرێت.

ڕاپۆرتی دووەم، ڕەشنووسێکە لەلایەن کۆمیتەیی هەواڵگریی هاوبەشەوە ئامادەکراوە و ئاماژە بە ئەگەرەکانی خێراکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی (autonomous state) کورد لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە کراوە. ئێستا ڕەشنووسی نووسینگەی کاروباری دەرەوە، لەلایەن کارمەندانی کۆمیتەی هەواڵگریی هاوبەشەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت. حاڵی حازر، ئەنجامی ئەو ڕەشنووسە بریتییە لەوەی لە داهاتوویەکی نزیک یەکێتی سۆڤیەت هەوڵی خێرا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ نادات، بەڵام لەوانەیە کوردی عێراق بەکاربهێنرێن بۆ نانەوەی کێشە و گرفت لە ناو کوردی ئێران و تورکیا دا.

٣. هیچ یەک لەم دوو ڕاپۆرتە بە دیارکراوی نەپڕژاونەتە سەر پرسی ئەو ئامۆژگەرییەی دەمانەوێت بیخەینە بەردەم ئێرانییەکان [واتە ئاژاوە دروست نەکردن لە کوردستانی عێراقدا]. بەهەرحاڵ، بەدواداچوونێکی لۆژیکی لە پەرەگرافی ٣٥ی ڕاپۆرتەکەی کۆمێتەی ڕێنماییکردندا هەیە لەوەی ئەگەر بێت و ئەنجامگیرییەکەی ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە پەسەند بکرێت، ئێمە دەتوانین هەرچییەک لەتوانامانـدا بێت ئەنجامی بدەین، لەوانەیە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمریکاییەکان، بۆئەوەی ڕێگری لە ئێرانییەکان بکەین کە کێشە و گرفت لە کوردستانی عێراقدا دروست نەکەن.

٤. هاوکات، سێر میکائیل ڕایت (Sir Michael Wright) نامەیەکی بۆ مستەر فرانسیس بڕاون (Mr. Francis Brown) نووسیووە و ئاماژەی بە گفتوگۆی نێوان فەرماندە نۆبێل و ژەنەڕال بەختیار کردووە. لە نامەکەدا ئەو ئاماژە بەوە دەدات هەر پلانێکی ئێرانییەکان لە کوردستانی عێراقدا یان لەگەڵ جوڵانەوەی ناسیۆنالیستی کورد، مەترسی جیدی لێدەکەوێتەوە. بە گشتی ئەنجامەکانی پەرەگرافی ٥ و ٦ی نامەکە تەریبە لەگەڵ بۆچوونی ئێمە. هەروەها من لەو بڕوایەدام، باشترە وەڵامی سێر میکائیل ڕایت بدەینەوە و ئەوە بخەینە ڕوو، بۆچوونی هەردووکمان لەم بارەوە وەک یەکە. دەکرێ ئەم نامەیە بۆ تاران بنێردرێت، تا ئەگەر هاتوو ژەنەڕاڵ بەختیار دووبارە ئەم پرسیارەی کردەوە، باڵیۆزخانەی [بەریتانیا] لە تاران، ژەنەڕاڵ لە ئەنجامدانی ئەم کارە دڵسارد بکاتەوە.

٥. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ سێر میکائیل ڕایت دەنێرم.

(W. I. Combs)

Sir Roger Stevens

زۆر نهێنی

کورد

١. ڕەشنووســـی [کۆمیتـــەی هاوبـــەش]م تاڕادەیـــەك دەســـتکاری کـــرد، چونکـــە لـــەو بڕوایـــەدام لەوانەیـــە لەمکاتـــەدا ئێـــران و تورکیـــا پلانێکـــی گەمژانـــەی لـــەم چەشـــنە ئەنجـــام بـــدەن. هەروەهـــا باشـــترە باڵیۆزخانـــەی تـــاران ڕابســـپێرین تـــا بـــە ڕاشـــکاوی لـــەم بـــارەوە نـــەك تەنیـــا لەگـــەڵ ژەنـــەڕاڵ بەختیـــار، بەڵکـــو لەگـــەڵ گشـــت لایەنەکانـــی پەیوەندیـــدار بـــەم پرســـە قســـە بـــکات.

٢. هەروەهـــا مـــن پێشـــنیازی ئـــەوەم کـــرد، تێبینییەکانـــی ئێمـــە لـــەم بـــارەوە تـــا تاڕادەیـــەك لاگیرییـــان تێدابـــێ. بـــە بـــڕوای مـــن پێویســـتە ئەنجامدانـــی ئـــەم کارە لـــە ئەولەویەتـــی [سیاســـەتی ئێمـــە] بێـــت، لەوانەیـــە لـــە ڕێگـــەی خســـتنەڕووی ئـــەم خاڵانـــەی خـــوارەوە یارمەتیـــدەر بـــن، چـــۆن مـــن لەلایەنـــە جۆراوجۆرەکانـــی ئـــەم کێشـــەیە تێدەگـــەم.

٣. بـە بۆچوونـی من حاڵـی حازر، گرنگترین کورد، کوردی عێراقن. تا ڕادەیەک کوردی ئێرانیش گرنگـن، چونکـە ئەوانیش پشـتگوێ خراون و لە دۆخی دواکەوتووییـدان و ڕابردوویەکیان لەگـەڵ ڕووسـیادا هەیـە، لەوانەیـە ئـەو کوردانـە [لەلایـەن ڕووسـەوە] فریودرابـن. مـن زانیاریـی زۆر کەمـم لەبـارەی کـوردی تورکیـاوە هەیـە، بەڵام لـەو زانیارییانەی بەدەسـت مـن گەیشـتوون، ئـەوان تـا ڕادەیـەک لـە کوردبـوون خـراون (de-Kurded)، هەروەها لە نـاو ئەوانیشـدا نارەزایەتـی لـە ئارادیە، بەڵام تـا ڕادەیـەک نارێکخراون.

٤. گرنگـی ئێسـتای کـوردی عێـراق لەوەدایـە، ئـەوان ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە ژیانـی سیاسـی ئێسـتای ئـەم وڵاتـەدا دەگێـڕن، بـەڵام کـوردی پارچەکانیـتر ئـەم ڕۆڵەیـان نییـە. ئەمـەش پرسـی لایەنگـری سیاسـی عێـراق لـە داهاتـوودا دەوروژێنێـت. بـە واتایەکیـتر، تـا ئەوکاتـەی حکومەتـی عێـراق بـە تەواوەتـی ملکەچـی [جەمـال عەبـدول] نـاسر یـان ڕووس نەبێـت، لەوانەیـە کـورد بتوانـن زۆرتـر گوشـار بخەنـە سـەر ئـەم حکومەتـە، کورد بـە هـۆی ئـەو هۆکارانـەی ‹سـێر میکایـل وایـت›، خسـتوویەتەڕوو، باشـترین گرێنتیکەری سـەربەخۆیی عێراقـن.

٥. ئەگـەر بێـت و عێـراق زۆر بـە تونـدی لـە دژی نـاسر بێـت، هـەروەك سـەردەمی نـوری [سـەعید]، ئەمـەش ئەگەرێکـی دووره، بـە بـڕوای مـن، میـسر و وڵاتانیـتری عەرەبـی نایانەوێـت کێشـە لـە نێـوان کـورددا دروسـت بکـەن [واتـە لـە ڕێگـەی کـوردەوە کێشــە بــۆ حکومەتــی عێــراق دروســت بکــەن]. ئــەوە لــە بەرژەوەنــدی وڵاتانــی عەرەبیدایـە، وڵاتێکـی عەرەبـی لەگـەڵ ئـەو هاوڵاتییـە [ناعەرەبانـەی] کـە لـە نـاو ئـەم وڵاتـەدا دەژیـن پەیوەندییەکـی ڕووکەشـی دۆسـتانەیان هەبێـت و دەتوانـن لـە یەکگرتــن (اتحــاد) لەگــەڵ کــورد ســوودمەند بــن و ئەگــەر بکرێــت گرفــت لەگــەڵ کــورددا دروســت نەکــەن. ناســیۆنالیزمی عەرەبــی دەســتکەوتی زۆرتــری دەبێــت، ئەگــەر بێــت و هەســتی نەتەوەیــی کــوردی عێــراق لەخــۆ بگرێــت، نــەک کــوردی عێـراق لـەم هەسـتە بـێ بـەش بکرێـت، یـان ئـەم هەسـتەی کـوردی عێـراق بـە هەسـتێکی پەسـت هەژمـار بکرێـت، یـان ڕەچـاوی ئـەم هەسـتە نەکرێـت.

٦. لــە لایەکیــترەوە، ئەگــەر بێــت و حکومەتــی عێــراق هاوشــێوەی خــودی یەکێتــی ســۆڤیەت پەیــڕەوی سیاســەتی یەکێتــی ســۆڤیەت نــەکات، وا گریمانــە دەکرێــت، یەکێتـی سـۆڤیەت لـە میانـەی ئـەو دەسـتڕۆییەی لـە نـاو کـورددا هەیـە، گرفـت بـۆ حکومەتـی عێـراق دروسـت دەکات و هەسـتی دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردســتان لــە ژێــر دەســتڕۆیی کۆمۆنیزمــدا دەوروژێنێــت. خاڵــی سەرنجڕاکێشــی ئــەم کردەیــە لــە ڕوانگــەی ڕووســەوە بریتییــە لــەوەی، ئــەم سیاســەتە دەبێتــە هــۆی بڵاوکردنــەوەی ناکۆکـی لـە تورکیـا و ئێرانـدا و ئەگـەر بێـت و ئـەم سیاسـەتە ســەرکەتوو بێــت، دەبێتــە هــۆی لەناوبردنــی یەکپارچەیــی خاکــی ئــەو وڵاتــە نەیارانــە. لــە لایەکیــترەوە، بــە بــڕوای مــن، ڕووس نایانەوێــت کــوردی عێــراق و کــوردی وڵاتانیــتر وا بزێــو بکــەن، چونکــە باردۆخــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــە گشـتی نائارامـە و ئـەم زەمینەیـە بـۆ ڕووس نارەخسـێنێت کـە بـە سیاسـەتێکی کەمـتر مەترســیدار و کــەم کاریگەرتــر، بەرژەوەندییەکانیــان دەســتەبەر بکــەن. بــە بــڕوای مــن مەترســییەکانی سیاســەتی [چــالاک کردنــی] کــورد ئەونــدە زۆر نییــە، ڕووس ڕوانگـەی عەرەبـەکان لـەم بـارەوە بگـۆڕن. (مـن دڵنیـا نیـم لـەوەی عـەرەب زۆرتـر

لـە عێراقییـەکان گرنگـی بـە گرێدانـی پەیوەنـدی لەگـەڵ کـورد بـدەن). ئەمـەش وا دەکات عێـراق بکەوێتـە ژێـر دەسـتی کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو (U. A. R)، بـە دڵنیاییـەوە ڕووس نایانەوێـت ئـەم شـتە ڕوو بـدات. هەروەهـا پرسـی بەرهەمهێنانـی نـەوت، لەوانەیـە ئەنجامـی چـاوەڕوان نەکـراوی بـۆ ڕووس هەبێـت، هەروەهـا نانـەوەی گرفـت بـۆ حکومەتـی ئێـران، کـە بەلانیکەمـەوە لـە حاڵـی حـارزدا ڕووس دەیانەوێـت پەیوەندییەکـی دۆسـتانەی لەگـەڵ ئێرانـدا هەبێـت، [گشـت ئـەم پرسـانە، بـۆ ڕووسـیا پرسـی جیدیـن].

٧. لەوانەیـە مەترسـی سـەرەکی لەسـەر کـوردی ئێـران و تورکیـا، بـە هـۆی چەنـد ئەگەرێکیـترەوە سـەرهەڵبدات، واتـە بـە هـۆی چوونـە نـاوەوەی کـوردی عێـراق بـۆ نـاو جەمسـەرگیریی چەکـداری لـە دژی وڵاتانـی ڕۆژئاوایـی کـە لەوانەیـە ئـەم دەسـتەبەندییە تەنیـا لـە عێـراق یـان لـە سـەرجەم بلۆکـی عەرەبـی پێکبهێنرێـت. لـەم حاڵەتـەدا، لەوانەیـە کـوردی عێـراق وەک پێشـەنگی لەناوبردنـی ڕەگـەزی [ناسـیۆنالیزمی] کـوردی لـە تورکیـا و ئێـران کار بکـەن و بـەم جـۆرەش ‹پەیماننامـەی بەغـدا› (Baghdad Pact) لـەرزۆک بکـەن. ئەگـەر لـە ئاسـتێکی فراوانـدا بڕوانینـە ڕووداوەکان، لەوانەیـە کـوردی عێـراق هێزێکـی بەرچـاوی سەرنجڕاکیشـیان بـۆ کـوردی پارچەکانیـتر هەبێـت، و ئەگـەر بێـت و حکومەتـی ئـەم دوایـە زیـرەک بێـت، دەتوانێـت پێشـنیازی ئۆتۆنۆمـی لـە چوارچێـوەی دەوڵەتێکـی عەرەبیـدا بخاتـە بـەردەم کـورد.

٨. مـن ناڵێـم ئەگـەری ڕوودانـی ئـەم [پێشـبینیانەی] سـەرەوە زۆرە، بـەڵام بـۆ مـن ئەگـەری ڕوودانیـان کەمـترە لـەوەی کـە تـورك بـە تونـدی ناسـیۆنالیزمی کـورد سـەرکوت دەکـەن، یـان ئێرانییـەکان کـە بـۆ ماوەیەکـی دوور و درێـژ کـوردی خۆیـان پشـتگوێ خسـتووە، هیـوادار بـن بـە پێـی ئـەو ئەزموونـەی کـورد لـە تورکیـا یـان لـە ئێرانـدا بینیویانـە، هەسـتی نەتەوەیـی کـورد لەنـاو بـەرن. ئەگـەر ئەمـە ڕوو بـدات، بـۆ مـن جێگـەی بایەخـە بتوانیـن کـوردی عێـراق تـا ئـەو ئاسـتەی بکرێـت بـە خـاوەن کاریگەریـی [لەسـەر حکومەتـی عێراقـدا] بهێڵینـەوە. هـاوکات دەکرێـت

هانــی کــورد بدرێــت، هەمــوو کارێــک ئەنجــام بــدەن، کــورد لەنــاو وڵاتەکــەی خۆیانــدا زۆرتــر ڕازیــن [تــا بچنــە پــاڵ یــەک وڵات]. ئەمــەش دواتــر دەبێتــە هــۆی باشــترکردنی ئــەو بارودۆخــەی مــن لــە پەرەگرافــی ٧دا ئامــاژەم بــۆ کــردووە، ڕووس هــەوڵ دەدەن، بەرپەرچــی پڕوپاگەنــدەی عێراق-عەرەبــەکان بدەنــەوە، بــەوەی کــوردی عێــراق هــان بــدەن بــە دوای ئۆتۆنۆمــی لــە ژێــر حکومەتێکــی ئاریایــدا بگەڕێــن لەبــری ئــەوەی لــە ژێــر ئــاڵای دەوڵەتێکــی عەرەبیــدا ئــەم ئۆتۆنۆمییــە دەســتەبەر بکــەن.

٢٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٥٨

زۆر نهێنی

(G.1025/13/51)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٥ی نۆڤەمبەر ١٩٥١

١. سوپاس بۆ نامەکەتان بە ژێدەری (PB 1041/22/G) لە ٤ی ئۆکتۆبەر، سەبارەت بە کردنەوەی پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی. من وەڵامی ئەرگیۆمێنتە جۆراجۆرەکەتان بە هەندێك وردەکارییەوە دەدەمەوە کە بە بڕوای من، ئێمە تا ڕادەیەک هەمان مەبەستمان هەیە.

٢. ئامانجی سەرەکی ئێمە لە خستنەڕووی ئەم پێشنیازە، بەرپەرچدانەوەی ڕووس نییە. ئێمە بە هۆی ئەو هۆکارانەی بەڕێزتان لە پەرەگرافی ٢دا ئاماژەتان پێداوە، ناتوانین ئەم کارە بکەین. بە بڕوای من نابێ ئامانجی سەرەکی لە پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی بەرپەرچدانەوەی ڕاستەوخۆی پڕوپاگەندەی ڕووس بێت، بەڵکو دەبێ دوورخستنەوەی کورد بێت لە خووی گوێگرتن لە ڕادیۆی دەنگی ئێریڤانی ڕووس. بە بڕوای من پێداگری لەسەر ئەم بابەتە، لە ئامانجەکەمان دوورمان دەخاتەوە.

٣. زۆرینەی کورد تەنیا بە زمانی کوردی قسە دەکەن. تەنیا ژمارەیەکی کەمی خوێندەوار نەبن دەتوانن بە زمانی تورکی یان بە عەرەبی قسە بکەن و گوێ لە ڕادیۆکانیتر بگرن، ئەمەش جێگەی نیگەرانی نییە. بیرۆکەی دامەزراندنی قەوارەیەکی گەورە بۆ کورد، بیرۆکەیەکی سنووردارە و بەرژەوەندییەکانیشی بەرتەسکە. کورد بە هۆی بەرژەوەندیی ڕاستەقینەیان گوێ لە ڕادیۆ ئێریڤان ناگرن، بەڵکو بە هۆی بەرزی کوالێتی تەکنیکی پەخشی ئەم ڕادیۆیە، گوێی لێدەگرن، بەڵام بێگومان ڕۆژ بە ڕۆژ و مانگ لە دوای مانگ چەقاندنی بیرۆکەی ڕزگاربوون لە بەندایەتی حکومەتی عێراق و سەربەخۆ بوون، بە دڵنیاییەوە

کاریگەریــی خــۆی لەســەر کــورد دروســت دەکات. ئەگــەر ئێــوە بڕواننــە ئــەو چاودێرییــەی بــی بــی ســی بــۆ مــاوەی دوو تــا ســێ هەفتــە لەســەر ڕووماڵــی ڕادیــۆ ئێریڤانــی دانــاوە و بێننــە بەرچــاوی خۆتــان، ئــەم پڕوپاگەندەیــە بــۆ چەندیــن مانــگ بــەردەوام بێــت، ئــەو کات تێدەگــەن مەبەســتی مــن چییــە.

٤. حاڵــی حــازر، گۆڕەپانەکــە بــە تەواوەتــی بــۆ ڕووس بەجێهێڵــراوە. پــەروەردەی سیاســەتی کــورد بــە تەواوەتــی لــە ژێــر کۆنتڕۆڵــی ڕووســدایە، ئەگــەر بێــت و ئێمــە بتوانیــن ئــەم قۆرغکارییــە بشــکێنین، دەتوانیــن تــا ڕادەیــەک ئــەو کاریگەرییــە لــە بەرژەوەنــدی خۆمــان بەکاربێنیــن. پەخشــکردنی بەرنامــەی وەک مۆســیقا، هــەواڵ، قســەکردن لەســەر حــەزی خەڵکــی خۆجێیــی چەنــد بابەتێکــی ســەرنج ڕاکێــش دەبــن. بــەم جــۆرە بــە بــڕوای مــن، ئێمــە دەتوانیــن ڕکابەرێتــی ڕادیــۆ ئێریڤــان بکەیــن و تــا ڕادەیەکــی بــاش ژمارەیەکــی زۆری گوێگــر لــەم ڕادیۆیــە دوور بخەینــەوە. ئــەم سیســتەمەش بــە ســەرکەتووانە لەلایــەن ڕادیــۆ بــی بــی ســی و شــەرق ئەلئەدنــاو ڕادیــۆ عەرەبییەکانــەوە پەیــڕەو کــراوە و لــە جیهانــی عەرەبیــدا گوێگــری زۆری هەیــە. بــە هــۆی باشــیی بەرنامــەی ئــەم ڕادیۆیانــە بــە بــەراورد لەگــەڵ ڕادیــۆ لۆکالییــە ڕکابەرەکانیــان، توانیویانــە پارێــزگاری لــە ژمــارەی گوێگرانیــان بکــەن؛ تەنانــەت ئــەو کاتــەی بەرنامــەی دژی هەســتی [نەتەوایەتــی] عەرەبەکانیــش بڵاودەکەنــەوە. ئەمــە دەکرێــت بــۆ ڕادیۆیەکــی پەخشــی زمانــی کوردیــش ڕاســت بێــت، تەنانــەت ئەگــەر بێــت و ڕادیۆکــە بەڵێنــی سەرنجڕاکێشــیش بــە کــورد نــەدات.

٥. ڕاســتە لــە لایەکــەوە ئامانجــی ئێمــە ئامانجێکــی نەرێنیــە، بــەڵام ئەگــەر بێــت و واز لــە کردنــەوەی ئــەم ڕادیۆیــە بهێنیــن، بــەو هۆیــەی ئێمــە لــە بــاری بەرگریکــردن دایــن، نابــێ لــە تــەواوی جیهانــی عەرەبــی و لــە ئێــران واز لــەم کارە بهێنیــن، واتــە لــەو شــوێنانەی ئێمــە لــە دۆخــی بەرگریکردنیــن لەبەرانبــەر هەوڵەکانــی بەنیشــتیمانیکردنی [کەرتــی نــەوت]. حاڵــی حــازر بــە هــۆی ئــەو ڕووداوانــەی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا لــە نــاوەوەن، دوورخســتنەوەی کــورد لــە گــوێ نەگرتــن لــە ڕادیــۆ ئێریڤــان، گرنگییەکــی زۆری هەیــە، ئەمــەش دەســتکەوتێکی ئەرێنیــە ژمــارەی

ئـەو کەسـانە کـەم بکەیەنـەوە ڕۆژانـە هـان دەدرێـن گرفـت بـۆ حکومەتـی عێـراق دروسـت بکـەن. هەروەهـا ئەمـە تەواوکـەری سیاسـەتی ئێمەیـە، کـورد هـان بدەیـن، خۆیـان لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـەدا بگونجێنـن کـە تێیـدا دەژیـن. هەروەهـا سـوودێکیتری [کردنــەوەی ڕادیــۆی زمانــی کــوردی بریتیــە لــەوەی] ئێمــە ســەرنجی کەمینــەکان بەدەسـتبهێنین، بـەم شـێوەیەش ئـەم جـۆرە بەرنامانـە نابنـە هـۆی نیگەرانکردنـی حکومەتەکانــی ئــەو وڵاتانــەی کــوردی تێــدا دەژیــن. لەوانەیــە ئێــوەش تێبینــی ئەوەتـان کردبێـت، حاڵـی حـازر پێویسـت نـاکات هەسـتیاریی ئێـران سـەبارەت بـە کردنــەوەی ڕادیــۆی کــوردی زۆر بەجیــدی وەربگریــن؛ تەنانــەت لــە چوارچێــوەی [سیاســەتی] نوێــی بەرگریــی لــە ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا هــەر جــۆرە نارەزایەتــی دەربڕینــی تورکــەکان [ســەبارەت بــە کردنــەوەی ئــەم ڕادیۆیــە] دەکــرێ ئاســانتر مامەڵــەی لەگەڵــدا بکرێــت.

٦. مـن لـەو بڕوایـەدام ڕوونکردنـەوەی مەبەسـتەکانمان [بـۆ ئـەو وڵاتانـەی کـوردی تێـدا دەژیــن]، کاتێکــی زۆری دەوێــت، تــا ئــەو ئامانجــە سیاســییانە دەســتەبەر بکەیــن ئێـوە ئاماژەتـان بـۆ کـردووە و منیـش لـەو بڕوایـەدام بەرنامەگەلـی تایبـەت بـە کـورد دەتوانێـت بەشـداریکەرێکی کارا بێـت لـە بەرزکردنـەوەی پێگەمـان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. لەکاتـی ئێسـتا پـتر لـە هـەر کاتێکیـتر ئـەم بەرنامانـە پێویسـتن.

٧. لێـرە بـەدواوە بـاس لـە گرفتـە تەکنیکییانـە دەکـەم کە لـە پەرەگرافی سێیەمدا سـەبارەت بـە پەخشـی ڕادیـۆ بـە زمانـی کـوردی لـە ڕادیـۆی شـەرق ئەلئەدنـاوە ئاماژەتـان پێـداوە. تێناگـەم بۆچـی هاوڕێکانـی ڕیلـی (Reilly)، پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکـەن، دەبـێ شــەرق ئەلئەدنــا بــە ڕاشــکاوی ئــەم بەرنامانــە لــە ئەســتۆ بگرێــت. کێشــەکە ئەوەیــە کـە تەنیـا فریکوێنسـییەک کـە لەبـەر دەسـتە ئـەو فریکوێنسـییەیە لەلایـەن شـەرق ئەلئەدنـاوە بـۆ پەخشـی عەرەبـی بـەکار دەهێنرێـت، بـەڵام ڕاسـتم گوتـووە کـە گشـت فریکوێنسـییەکانی شـەرق ئەلئەدنـا بـە بـێ مۆڵـەت بەکاردەهێنرێـن، هـەر بۆیـەش هیـچ نارەزایەتییەکـی بەرچـاو نابینرێـت لـە بەکارهێنانـی ئـەم فریکوێنسـیانە لەلایـەن لایەنێکیـترەوە و تەرخانکردنـی بـۆ پەخشـی بەرنامەکانـی زمانـی کـوردی.

٨. بەم جۆرەش هیچ جۆرە پچڕانێک لە پەخشی زمانی عەرەبی ڕوونادات، یان هیچ ئاماژەیەک بۆ گوێگرانی شەرق ئەلئەدنا ناخرێتەڕوو کە ڕادیۆیەکی تر دەست بەکار دەبێت. بەشی کوردی دەکرێت سەربەخۆ بێت و لە ڕێگەی هێڵی زەمینییەوە بە تراسنمیتەرەوە گرێ بدرێت. بێگومان فەرمانبەرانی وێستگەکە ئاگاداری ئەم بابەتە دەبن، بەڵام لە ڕابردوودا زۆر ژیرانە سەبارەت بە سەرچاوە و پەیوەندییەکانی ڕادیۆ شەرق ئەلئەدنا هەڵسوکەوتیان کردووە، هەر بۆیەش هیچ هۆکارێک نابینرێت، بۆچی هاوڵاتیانی وڵاتانی عەرەبی دەبێ پەیوەندی نێوان ڕادیۆ شەرق ئەلئەدنا و پەخشی زمانی کوردی بزانن. بەهەرحاڵ بە بڕوای من ئەم کارە تەنیا مەترسی وەکارخستنی هەیە، ئەمەش مەترسییەکی ئاساییە و هیچ مەترسییەکی ئەوەندە گەورەی نییە کە هاوڕێکانمان باسی لێوە دەکەن.

من لەو پێگەیەدا نیم، بتوانم سەرنج لەسەر بابەتە تەکنیکییەکان بدەم، یان داوای کردنەوەی وێستگەیەکیتری ئاسمانی بکەم. ئەگەر بێت و فریکوێنسییەکیتر بۆ ڕادیۆی کوردی تەرخان بکرێت، لەوانەیە پێویستیمان بە وێستگەیەکیتری ئاسمانی هەبێت. پەخشکردن لەوانەیە گرفتی ئەوتۆی نەبێت، چونکە حاڵی حازر پەخشە عەرەبییەکان زۆر بە ئاسانی دەگەنە ناوچەکانی حەلەب، فوڕات و موسڵ و بە ئاسانی لە کوردستانی عێراق و ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ئێران و لەوانەیە ناوچەی دوورتریش، زۆر بە ئاسانی گوێبیستی ئەم ڕادیۆیە دەبەن.

٩. من پێشنیازی ‹وازهێنان لە کورد تا گوێ لە ڕادیۆ لۆکالییەکان بگرن›، وەک دوا بابەت باس دەکەم. لەم بارەوە دەتوانم تەنیا لەسەر عێراق قسە بکەم کە دۆخەکەی ڕەزایەتمەند نییە. سەرەڕای کردنەوەی وێستگەیەکی نوێ کە دەتوانێت ڕووماڵی هەموو ناوچەکە بکات، کەچی کەمتر لە یەک لەسەر سێی کات بۆ پەخش بە زمانی کوردی تەرخانکراوە و لەم ماوە کەمەدا، ئاستی پرۆگرامەکان هێندە نزمە، هیچ کاریگەرییەک لەسەر ناوچە کوردییەکاندا دروست ناکات. هەوڵی فەرمانبەرەکانی من بۆ ڕازیکردنی حکومەتی عێراق بۆ ئامادەکردنی بەرنامەکانی زمانی کوردی کە لە ئاست بەرنامەکانی زمانی عەرەبیدا بێت، سەرکەتوو نەبوو.

ئەگەرچــی مــن هیــچ ئــاگاداری هەڵوێســتی وڵاتانــی دراوســێی عێــراق نیــم، دەزانــم، ناکــرێ پەخشــی کــوردی پێشــەنگی بەرنامەکانــی ڕادیــۆ بێــت، بــەڵام ناکرێــت بــەم شــێوەیەش پشــتگوێ بخرێــت.

١٠. لـە کۆتاییـدا، بـە بـڕوای من لـە بارودۆخی ئاڵـۆزی ئێسـتادا، کردنەوەی ڕادیۆی پەخشـی زمانـی کـوردی زۆر پێویسـتە. هەروەهـا باشـترە ئەولەویەتـی ئـەم ڕادیۆیـە بریتـی بێـت لـەوەی کـورد تەنیـا گـوێ لـە ڕادیـۆ ئێریڤـان دەگـرن، گـوێ لـە شـتێکیریش بگـرن، و حاڵـی حـازر هـەر بیرۆکەیـەک سـەبارەت بـە بەرپەرچدانـەوەی پڕوپاگەنـدەی [ڕووس] یانـی پێشخسـتنی سیاسـەتەکانمان، دەبـێ لە پێنـاو ئـەم ئەولەویەتەدا پشـتگوێ بخرێت. لـەو بڕوایـەدا نیـم نەهێشـتنی پڕوپاگەنـدەی ناسیۆنالیسـتی باشـتر بێـت لـە بوونـی بەدیلێکـی بەسـوود و هاوسـەنگ. هەروەهـا هیـوادارم بتوانیـن بەسـەر ناڕەزایەتـی ئێـران و تورکیـادا زاڵ بیـن، ئەگەرچـی مـن گرنگـی بـەو ناڕەزایەتییـە تەکنیکییانـە نـادەم کـە هاوڕێیەکانـی ‹ڕیلـی› باسـی دەکـەن، بـەڵام پێشـنیاز دەکـەم، دەکرێـت ئـەم ناڕەزایەتیانـە لـە سـۆنگەی ئـەو ئارگیۆمێنتـەی لەسـەرەوە خسـتوومەتەڕوو، دووبـارە پێیدابچنـەوە. دواجـار، مـن لـەو بڕوایـەدا نیـم، ئاسـۆیێک بـەدی بکرێـت، لـە هاندانـی وێسـتگەیەکی پەخشـی لۆکالـی کـە ئەرکـی [پەخـش بـە زمانـی کـودی] بـە شـێوەیەک جێگـەی ڕەزامەنـدی بێـت، لـە ئەسـتۆ بگرێـت.

مــن کۆپییــەك لــەم نامەیــە بــۆ واشــنتن، ئەنقــەرە، تــاران، دیمەشــق و نووســینگەی بەریتانیــا بــۆ کاروبــاری ڕۆژهەڵاتــی ناڤیــن لــە قاهیــرە، دەنێــرم.

واژوو

(J. M. TROUTBECK)

زۆر نهێنی

کورد

داواکاریتان لە یاداشتی ٢٨ی ئۆکتۆبەر سەبارەت بە ڕاپۆرتی بەشی [کاروباری دەرەوە]، لەبەرچاو گیراوە. ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن مستەر وێست (Mr. West)ەوە نووسراوە و لەلایەن بەشی توێژینەوەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە (Foreign Office Research Department) و بەشی توێژینەوەی زانیارییەکان (Information Research Department) پێداچوونەوەی بۆ کراوە.

هەڵبەت بە بەراورد لەگەڵ ڕاپۆرتی کۆمیتەی زانیاریی هاوبەش (Joint Intelligence Committee) یان ڕاپۆرتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشی دووەم (Middle East Policy Paper Part II) ئەم ڕاپۆرتە بۆ مەبەستێکی زۆر جیاواز و کەمتر تایبەت و بە وردەکاری کەمترەوە نووسراوە. هەر بۆیەش ئەم ڕاپۆرتە ڕێک وەک ئەو دوو ڕاپۆرتە نەنووسراوەتەوە، بەڵام بە گشتی لە هێڵە سەرەکییەکانی ئەم دوو ڕاپۆرتەش لاینەداوە.

بە ڕای من ڕاپۆرتەکە هەموو ئەو بابەتانەی ئێوە لە یاداشتنامەی ٢٨ی ئۆکتۆبەر باستان کردووە، لەخۆ گرتووە، تەنیا پەرەگرافی ٧ نەبێت. ئەو ئەنجامگیرییەی ئەم پەرەگرافە پێیگەیشتووە (بۆ نموونە لەوانەیە ئێرانییەکان هێلی بەرگری کوردی خۆیان نۆژەن بکەنەوە) لە پەرەگرافی (١٥g)دا دووبارە بووەتەوە. ئەگەر ئێوە لەو بڕوایەدابن ئەم پەرەگرافە ڕیزبەندی ڕاپۆرتەکەی تێکداوە، دەکرێت بۆ کۆتایی پەرەگرافی ١٣ بگوازرێتەوە.

من ڕەشنووسەکەتان بۆ دەنێرم، ئەگەر هاتوو ڕاپۆرتەکە پەسەندکرا بۆ تاران، بەغدا، ئەنقەرە، واشنتن، مۆسکۆ، شاندی شانشینی یەکگرتوو لە ناتۆ و (POMEF) بنێرن.

هەروەها من ڕەشنووسێک پێشکەش بە ژێدەری (E. 1821/11) دەکەم، تا خاڵەکانی پەیوەست بە تورکیا لە باکووری عێراق ڕەچاو بکرێن کە لەلایەن مستەر ستوارت (Mr. Stewart) لە ئەنقەرەوە وروژێنراون.

(F. D. W. Brown)

٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٥٨

Sir R. Stevens

Sir. H. Trevelyan

زۆر نهێنی

کێشەی کورد

**ناوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە**

١. ئـەم ڕاپۆرتـە لـە دەسـپێکێک پێکهاتـووە، تیشـک دەخاتـە سـەر پێشـینەی کێشـەی کـورد و مێژووکـەی لـە نێـوان سـاڵانی ١٩١٨ و ١٩٤٦دا، بەشـەکانی دواتـر تیشـک دەخەنـە سـەر سیاسـەتی ڕابـردوو و ئێسـتای یەکێتـی سـۆڤیەت، کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو، عێـراق و ئێـران لەبەرانبـەر کـورد. پەرەگرافـی ١٥، تیشـک دەخاتەسـەر ئـەوەی پێویسـتە سیاسـەتی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەبەرانبـەر کـورد چـۆن بێـت.

**دەستپێک**

٢. گرنگـی کـورد لـە پێگـە جیوگرافیەکەیانـدا هەڵدەقوڵێـت (بڕوانـەی نەخشـەی هاوپێچکـراو). ناوچـە سـەرەکییەکانی کـورد لـەو شـوێنانە هەڵکەوتـوون کـە سـنوورەکانی ئێـران و عێـراق و تورکیـا یـەک دەگرنـەوە. ناوچـەی کـورد لـە هیـچ شـوێنێک ناگاتـە دەریـا. لـە گشـت ئـەو ناوچانـەی کـوردی تێـدا نیشـتەجێن یـان زۆرینـە پێکدێنـن یـان کەمینەیەکـی بەهێـزن و بەمجـۆرەش ‹تورکـی› تورکیـا لـە ‹فارسـی› ئێـران جیـا دەکەنـەوە و بەشـی باکـووری غەیرە-عەرەبـی بـۆ دووبـەش دابـەش دەکـەن. ئـەو ڕێگەیـەی لـە باکـووری ڕۆژهەڵاتـی عێـراق و لـە گـەرووی ڕوانـدز دەربـاز دەبێـت و بـە ئازەربایجانـی ئێـران تێدەپەڕێـت، نزیکیتریـن ڕێگـەی زەمینییـە کـە دەکەوێتـە نێـوان یەکێتـی سـۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

٣. هیـچ سـەرژمێرییەکی باوەڕپێکـراو سـەبارەت بـە ژمـارەی ڕاسـتەقینەی کـورد نییـە، بـەڵام باسـی هەشـت ملیـۆن کـەس دەکرێـت، ژمارەیەکـی زۆر بـەرزە. بڵاوکراوەیەکـی سـۆڤیەت بـە نـاوی (Sovietskaia Etnografiya) ژمـارەی کـورد بـە پێنـج ملیـۆن کـەس دەخەمڵێنێـت. بـە بـڕوای ئێمـە ژمـارەی کـورد لـەو شـوێنانەی لـە سـەرەوە باسـکران نزیکـەی ٤،٢٥٠،٠٠٠ کەسـە، بـەم شـێوەیەی خـوارەوە دابـەش بوونـە:
تورکیا ٢ ملیۆن (کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوان نزیکەی ٢٨ ملیۆن)

ئێران ١ ملیۆن (کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوان نزیکەی ٢٠ ملیۆن)

عێراق ١ ملیۆن (کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوان نزیکەی ٥ ملیۆن)

سوریا ١٥٠،٠٠٠ (کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوان نزیکەی ٤ ملیۆن)

یەکێتی سۆڤیەت ١٠٠،٠٠٠

٤. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی نزیکەی ٨٠٠،٠٠٠ کورد لە ناوچەکانیتری ئێراندا دەژین، کەواتە خەملاندنی یەکێتی سۆڤیەت و خەملاندنەکانیتر سەبارەت بە ژمارەی کورد تا ڕادەیەک لێک نزیکن.

٥. کورد گەلێکی دێرینن و شانازی بە شوناسی نەژادی خۆیانەوە دەکەن و ئەم شوناسە زۆر بە ڕوونی کورد لە ڕووی زمان و داب و نەریتەوە لە تورک، عەرەب و فارس جیا دەکاتەوە، ئەگەرچی ئەوان لە فارسەکان نزیکترن. هاوشێوەی زۆربەی عەرەبەکان و بە پێچەوانەی ئێرانییەکان، کورد سەر بە ئایینزای سوونەن، بەڵام زۆر بە نەرمی ئایینەکەیان وەرگرتووە.

٦. لە ڕووی سیاسییەوە، هەرگیز کورد وەک یەک گەل، یەکگرتوو نەبوونە. سروشتی شاخاویی هەرێمەکەیان، نەبوونی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و گەیاندنی ناوخۆی و خەسڵەتی خێڵایەتی کۆمەڵگای کورد، کوردی بەسەر گروپی بچووکی لۆکالیدا دابەشکردووە کە زۆرجار دوژمنایەتی یەکتر دەکەن. ئەگەرچی شێوەزار و داب و نەریتەکەیان بنەمایەکی هاوبەشی هەیە، بەڵام، ئەم شێوەزار و داب و نەریتە لە باکوورەوە بۆ باشووری «کوردستان» زۆر لێک جیاوازە. هەر بۆیەش زۆرێک لە ڕاپەڕینی کورد لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی لە عێراق و ئێران و تورکیادا، لەسەر کاروباری خۆجێی بووە و هەرگیز وا بڵاونەبووەتەوە، ببێتە ڕێبازێک بۆ سەرهەڵدانی پان-کوردیزم.

٧. لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، کورد بە ئاستی جیاواز ملکەچی دەسەڵاتی حکومەتەکانی سێ دەوڵەت کران و لە دوای هەرەسهێنانی ئیمپراتۆری عوسمانی، بەسەر ئەم دەوڵەتانەدا دابەشکران. تورک، لەبەرانبەر نزیکبوونەوەی کورد لە

یەکێتی سۆڤیەت هەستیارن، سیاسەتێکی دڕندانەیان لە دژی کورد پەیڕەو کرد، تا گەیشتە ئاستی تواندنەوەی کورد. هەروەها ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕەزاشا، کوردی خۆی سەرکوت دەکرد، بەڵام بە کاراییەکی کەمتر لە تورکیا. لە عێراق و لە ژێر چاودێریی بەریتانیا، سیاسەتێکی لیبراڵتر لەبەرانبەر کورد گیرایەبەر و تا ڕادەیەک ڕەوشی کورد باشتر کرا، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم سیاسەتە بووە هۆی گەشەکردنی هۆشیاری سیاسی کوردی [عێراق]. دوو سەرکردەی کورد بە جیا لە یەکتر، جار نا جار تا ساڵی ١٩٣٩ لە دژی حکومەتی عێراق ڕاپەڕین. یەکێک لەم سەرکردانە شێخ مەحمود بوو، لە باشووری سلێمانی ڕاپەڕی، ئەوەیتریان مەلامستەفا بوو، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دۆڵی بارزان ڕاپەری، بەڵام لەم دوو سەرکردەیە تەنیا ئەوەی یەکەمیان دەتوانین بە سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی ڕاستەقینە هەژمار بکەین. مەلامستەفا پێش شەڕ و لە دوای شەڕ و تا کاتی دەرکردنی لە عێراق لە ساڵی ١٩٤٦دا، تەنیا سەرۆک خێڵێکی ئاژاوەچی بوو، دژی جێبەجێکردنی [بڕیارەکانی] حکومەتی ناوەندی بوو بەسەر خێڵەکەیدا. بەهەرحاڵ، هەم شێخ مەحمود و هەمیش مەلامستەفا، کەم تا زۆر، پێش سەرهەڵدانی جەنگی دووەمی جیهانی، سەرکوتکران، بەڵام بە هۆی هاندانی کورد لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانی و لە دوای ئەم جەنگەش، ئێستا کێشەی کورد چارەسەر کراوە بەوەی هیچ هیوایەک بۆ دەستەبەرکردنی پشتیوانی دەرەکی لە دۆزی کورد لە ئارادا نییە.

٨. لە ساڵی ١٩٤١، بە گەیشتنی سوپای یەکێتی سۆڤیەت بۆ باکووری ئێران، ئەم هاتنە هاوکات بوو لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی خێڵەکان لەسەرتاسەری وڵاتدا لە دژی دەسەڵاتی ناوەندی. هاوشێوەی ناوچەکانیتر، لە ناوچەکانی کوردستانیش، خێڵەکان سەرکەتووانە پێداگری لەسەر سەربەخۆیی خۆیان دەکرد، بەڵام لەوکاتەدا قسەی کەم لەسەر ‹ناسیۆنالیزم› بە مانا ڕاستەقینەکەی هەبوو. تەنیا دواتر و لە سەردەمی داگیرکاری ڕاستەوخۆی ڕووس و بێگومان لە ژێر چاودێری سیاسی سۆڤیەت، مهاباد، کە دەکەوێتە نزیک دەریاچەی ڕەزایە، بووە بە مەڵبەندی وروژاندنی

ناسیۆنالیزمی کوردی، ئەمەش بووە هۆی سەرنجدانی ئێمە لەسەر کوردی عێراق و تورکیا. سیاسەتی سۆڤیەت، بە بەردەوامی سیاسەتێکی هەڵپەرستانە بووە و بە پێی بەربەستەکان و داوکارییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەم سیاسەتە لە هاندان [بۆ دەستەبەرکردنی] ئۆتۆنۆمی لۆکالی بۆ کورد تا ڕازی بوون بە ڕادەستکردنی کورد (و دواتر دەست هەڵگرتن لە کوردی ئێران) [گۆڕانی بەسەردا هاتووە].

بەهەرحاڵ، بۆ کوردە ناسیۆنالیستەکانی مهاباد، یەکێتی سۆڤیەت وەک باشترین هیوا بۆ داهاتووی کورد دەبینرا، بەڵام هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەست نییە، نیشان بدات لەو کاتەدا یەکێتی سۆڤیەت ئامادەبووە پشتیوانی [دامەزراندنی] دەوڵەتی یەکگرتوو و سەربەخۆی کوردستان بکات. هەر بۆیەش یەکێتی سۆڤیەت زۆر بە باشی لەوە تێگەیشتبوو، کورد لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە کەمینە ناڕازییەکانی سێ وڵاتی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەکرێت لە پێناو بەها خراپەکانیاندا (disruptive value) بەکاری بهێنن.

٩. بە هاتنی ساڵی ١٩٤٥ «کۆمارێکی کوردی» بە پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوچەی دەوروبەری مهاباد لە باکووری ئێران خەریک بوو لەدایک بێت. دووبارە مەلامستەفا لە عێراق ڕاپەڕیبوو؛ پارتە کۆمۆنیستییەکان لە ئێران و عیراق زۆر چالاک بوون؛ تورک دەبوایە ڕێکارە ئەمنییەکانیان لە ناوچە کوردییەکانی خۆیان توندتر بکەن. بەهەر حاڵ، سوپای عێراق مەلامستەفای شکاند و مەلامستەفا لەگەڵ لایەنگرانی بەرەو ئێران ڕۆیشت. لە ئێران بوو کە مەلامستەفا (لەوانەیە بە پاڵپشتی سۆڤیەت) وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی پێشوازی لێکرا و لە یۆنیفۆڕمی ژەنەڕاڵیدا، وەک کەسایەتیەکی نیشتیمانی بۆ گشت کوردستان وێنا کرا. گەورەترین شکستی کورد بریتی بوو لە پاشەکشەی پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەت لە کورد لە ئەنجامی شکستی یەکێتی سۆڤیەت لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٦، لە پاڵپشتیکردنی لە کۆماری سەربەخۆی ئازەربایجانی ئێرانی سەر بە سۆڤیەت. (لە سەرەتای ئەم ساڵەدا سوپای ڕووسیا لە ئێران کشایەوە). سەرکردەی کوردی ئێران، قازی محەمەد، خۆی ڕادەستی حکومەتی ئێران کرد و لەگەڵ چەندین کەسیتر لە فێبریوەری

ساڵی ١٩٤٧، لە سێدارە درا. مەلامستەفا لەگەڵ ژمارەیەک لەلایەنگرانی بەرەو یەکێتی سۆڤیەت هەڵات. لایەنگەرە سەرەکییەکانی مەلامستەفا گەڕانەوە عێراق و [لەلایەن حکومەتی عێراقەوە] بە نەرمی مامەڵەیان لەگەڵ کرا و یارمەتی ئابوری دران تا نیشتەجێ بن. لەو کاتەوە لە ئەرزی واقیعدا کوردستانی عێراق ئارامە.

**سیاسەتی سۆڤیەت**

١٠. بەرژەوەندیی سۆڤیەت لە ناو کورددا لە ساڵی ١٩٤٦دا، نەوەستا، بەڵکو لەوکاتەوە یەکێتی سۆڤیەت، بە گشتی، سەرقاڵی گەمەی چاوەڕوان کردنە. پەخشی ڕادیۆ بە زمانی کوردی لە ئێریڤانی سەر بە ئەرمەنیای سۆڤیەت، تەنیا دوو کاتژمێرە لە یەک هەفتەدا و بە شێوەی سەرەکی ئاڕاستەی کوردی یەکێتی سۆڤیەت دەکرێت و پەخشی بەرنامەکان بە شێوەزاری کرمانجیە (کوردی باکوور) و زۆر کوردی ئێران و عێراق کە لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا دەژین، لێی تێناگەن. بەهەرحاڵ، ئەو پەخشە لە دژی سەرکوتکردنی کورد لەلایەن حکومەتەکانی ئێران و تورکیا و عێراقە و لەبەرانبەردا کورد بوون لە یەکێتی سۆڤیەت وەک دڵخۆشیەک وایە.

١١. ئێمە نازانین ئایا ئەم پەخشە دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی عێراق وازی لە ڕەخنەگرتن لە عێراق هێنا یان نا، بەڵام ئەگەری زۆرە وازی هێنابێت. تا ئەو کاتەی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت بریتی بێت لە ئارام ڕاگرتنی حکومەتی عێراق، تا نەچێتە باوەشی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو یان باوەشی ڕۆژئاوا، یەکێتی سۆڤیەت خوازیاری ئەوە نییە کێشە و گرفت لە کوردستانی عێراقدا دروست بکات، یان بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بدات. لەبەرانبەردا لەوانەیە هانی نارەزایەتی لە نێوان کوردی ئێران و تورکیا بدات (لەوانەیە بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە کوردە کۆمۆنیستەکانی عێراق بەکاربهێنێت). لە هەمانکاتدا هانی کوردی عێراق بدات، لەگەڵ برا عەرەبەکانیان بەرەیەکی نیشتیمانی لە دژی ئیمپریالیست دابمەزرێنن. ڕێگەدان بە مەلامستەفا لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە کە دوای ١٢ ساڵ مانەوە لە پشت پەردەی ئاسنینەوە، بگەڕێتەوە عێراق، بەشێکە لەم سیاسەتە. بەهەر حاڵ، ئەگەر بێت و سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت

لەبەرانبەر عێراقدا گۆڕانی بەسەر هات، مەلامستەفا وەک کارتێکی بەسوود لە دەست سۆڤیەتدا دەمێنێتەوە. ئامرازێکی دیکەی بەردەست یەکێتی سۆڤیەت، سەرۆکی کۆمۆنیستەکانی سوریا، ‹خالید بەکتاش›ە، کە کوردە. هەروەها ئامرازیتر ئەنجوومەنە بچووکەکانی ڕۆشنبیریی کوردن کە لە پایتەختی وڵاتانی ئەوروپی وەک پاریس هەن و کۆمۆنیستەکان دەستڕۆییان بەسەردا هەیە. یەکێک لە نموونەکان ئەو پەرتووکەیە لەلایەن لاورێنس و ویشارت (Lawrence and Wishart) لە دوای شۆڕشی عێراق بڵاو کرایەوە، کە سیاسەتی ‹مارکسیستی›› بۆ کورد دادەڕێژێت، تا ئەم سیاسەتە پەیڕەو بکەن. هێڵە سەرەکییەکانی ئەم سیاسەتە لە پاشکۆی ئەم ڕاپۆرتەدا هاوپێچکراوە.

**سیاسەتی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو**

١٢. کوردی عێراق زۆر بە باشی ئاگاداری ئەو قورساییەن لە عێراقدا هەیانە، ئەمەش بە هۆی ئەو حەقیقەتەی ئەوان یەک لەسەر پێنجی دانیشتوانی عێراق پێکدێنن. هەر بۆیەش هۆکاری پێکەوەبوونی کورتخایەنی عێراق و ئەردەن بۆ متمانە بەیەک نەکردن دەگەڕێننەوە، تەنانەت چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت، پەیوەندی نزیکی نێوان عێراق و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو هەڵبوەشێتەوە کە دانیشتوانی ئەم کۆمارە پێنج قات لە دانیشتوانی عێراق زۆرترن. سەرەڕای ئەمەش، خودی ناسر سەرەتای ئەم ساڵ هزری لەو ئیمکانیاتانە کردەوە دەکرێ کورد پێشکەشی بکەن. باس لەوە دەکرێت، کاتێک ناسر لە ئەپریلی ڕابردوو لە سوریا بووە، پشتیوانی خۆی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەربڕیوە و لە کۆتایی هەمان مانگدا لە مۆسکۆ لەگەڵ خروشچێڤ باسی لە کێشەی کورد کردووە. پێش سەرهەڵدانی شۆڕش لە عێراقدا، ڕادیۆی قاهیرەی «دەنگی کوردستان›› کوردی عێراقی لە دژی حکومەتی عێراق و دەوڵەتانی ئەندامی پەیمانی بەغدا دەوروژاند و هانی کوردی دەدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن. بەهەر حاڵ، حاڵی حازر کۆماری عەرەبی یەکگرتوو هەروەك یەکێتی سۆڤیەت، ئاگاداری ئەوە بوو، عێراق لەخۆ دوور نەکاتەوە، تەنانەت ئەو کاتەی باڵی لایەنگری ناسر لە عێراق بە هۆی

سیاسەتەکانی کۆلۆنێل عارف تووشی زۆر گرفت بوون، چونکە لەوە دەترسا عێراق بکەوێتە باوەشی وڵاتانی ڕۆژئاوا، یان بکەوێتە دەست کۆمۆنیستەکانی عێراق یان یەکێتی سۆڤیەت. هەربۆیەش ئێستا سیاسەتی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، هەروەك یەکێتی سۆڤیەت، بریتیە لە خۆ دوورگرتن لە نانەوەی ئاژاوە لە ناو کوردی عێراقدا، یان هاندانیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تا بتوانێت تیشک بخاتە سەر کوردی ئێران و تورکیا. کوردی سوریا و عێراق، بە تایبەتیش کوردی سوریا، ئامرازی ئامادەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە.

**سیاسەتی عێراق**

١٣. سیاسەتی ڕژێمی نوێی عێراق ئەوەیە کورد بەشێکی دانەبڕاو و سەرەکی لە دەوڵەتی عێراق پێکدێنن. ئەمەش سیاسەتێکی باشە، چونکە کورد کەمینەیەکی گەورەن و لە ناوچەیەکدا نیشتەجێن هەر جۆرە گرفتێک لەم ناوچەیە مەترسی لەسەر سەرچاوەکانی سامانی عێراقدا دروست دەکات-واتە لەسەر سەرچاوەی پیشەسازیی نەوت. ڕژێمی نوێ هەوڵەکانی وەگەڕخستووە، تا بۆچوونی کورد لەبەرچاو بگرێت. یەکێک لە سێ ئەندامەکەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کوردە، کوڕێکی شێخ مەحمود وەزیرە، هەروەها وەزیرێکیتریش کوردە. لەمە زیاتر، بانگێشتی مەلامستەفا و لایەنگرانی کە لە مەنفان، کراوە بگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەڵام لەوانەیە حکومەت [لە کاتی گەڕانەوەی مەلامستەفادا] بیخاتە ژێر چاودێرییەوە. هەر لەم بارەیەوە، لەوانەیە مەلامستەفا زۆربەی کاتەکانی لە بەغدا بەسەر بەرێت.

١٤. پەیوەندی نێوان عێراق و ئێران تەنانەت لە سەردەمی پێش شۆڕشیش، هەرگیز وەک ئێستا نزیک و دۆستانە نەبووە. پاش ماوەیەک، بەرنامەکانی کوردی ڕادیۆ بەغدا کە ڕۆژانە بۆ ماوەی هەشت کاتژمێر بەرنامە پەخش دەکات، دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر ئێران و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ کوردی ئێراندا. بەهەمان شێوە ڕادیۆ تاران بەرپەرچی [ڕادیۆ بەغدای] دایەوە، بەڵام لە مانگی ئۆکتۆبەردا هەر دوو حکومەت ڕێککەوتن لەسەر ڕاگرتنی نافەرمی شەڕی ڕادیۆیی. بەهۆی کەمی ڕێکارەکانی بەردەست لە چاودێریکردنی بەرنامەکانی دەنگی کوردی، ئێمە

نازانین ڕاگرتنی شەڕەکە بە کوێ گەیشتووە، بەڵام بارودۆخی کوردی عێراق زۆر باشترە لە بارودۆخی ئەو کوردانەی لە سنوورەکانی ئێراندا دەژین و ئەگەر شەڕی پڕوپاگەندە دووبارە دەست پێبکاتەوە، عێراق لە پێگەیەکی بەهێز دایە. هەربۆیەش لە ئەگەری هاتنەپێشی هەر جۆرە ئاستەنگێک لە باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێراندا، عێراق دەتوانێت دەستڕۆیی زۆر لە نێوان کوردی ئێراندا دروست بکات. وێڕای ئەمەش، عێراق دەتوانێت لە ڕێگەی چەکدارکردنی کوردی ئێران و هەڵگیرساندنی شۆڕش لە کوردستانی ئێراندا، گرفتی گەورەی ئەمنی بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران دروست بکات، بە تایبەتیش عێراق دەتوانێت ناوچەیەکی ئەمن بۆ پەنابەرە کوردەکانی ئێران لە خاکی عێراقدا دروست بکات، ئەگەر هاتوو گوشاری هێزە ئەمنییەکانی ئێران لەسەر کوردی ئێراندا زیاتر بوو، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ژمارەی کوردی خۆی و هەڵکەوتەی بیرە نەوتییەکانی خۆی، لە ئەگەری وروژاندنی کورددا، دۆخی عێراق زۆر لە هی ئێران لەرزۆکترە و ئەگەری تۆڵەسەندنەوەی ئێران لە ڕێگەی هاندانی کوردی عێراق [لەدژی حکومەتی عێراق] بەربەستی جیددی لەبەرانبەر هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ هەر جۆرە کردەیەکی تێکدەرانەی قەبارە گەورە (large-scale subversion) دروست دەکات.

**سیاسەتی ئێران**

١٥. بۆ حکومەتی ئێران، یان بەلانیکەمەوە بۆ بەشێک لە ئەندامانی ئەم حکومەتە، وەک ژەنەڕاڵ بەختیار، وا دەردەکەوێت بە تەواوەتی بیرۆکەی نەگونجاویان (disproportionate idea) سەبارەت بە دەستڕۆیی ئێران لەسەر دانیشتووانی غەیرە-عەرەبی عێراق، یان کاریگەری نواندنە سەر کوردی عێراق لە ڕێگەی تیشک خستنەسەر بابەتی پەیوەندی نەژادی لە نێوان کورد و فارسدا، هەیە. سەرەڕای ئەوەی حکومەتی ئێران ڕایگەیاندووە، هەوڵ دەدات گەشەی ئابوری لە کوردستانی ئێراندا خێراتر بکات، کەچی دەیانەوێت ئەوە پشتگوی بخەن کە لە ڕووی مادییەوە کوردی عێراق بارودۆخیان باشترە. هەروەها حکومەتی ئێران لەو بڕوایەدا هەموو ئەو شتەی پێویستە ئەنجام بدرێت، بانگهێشتکردنی کوردی

عێراقـە بـۆ ئـەوەی «دووبـارە بگەڕێنـەوە بـۆ نیشـتیمانی دایـک». ڕاسـتییەکە بریتییـە لـەوەی حکومەتـی عێـراق لەسـەرەتای مانگـی ئۆکتۆبـەردا لەسـەر ڕاگرتنـی شـەڕی ڕادیـۆ ڕێـک کـەوت، ئەمـەش لەوانەیـە بۆچوونـی ئێرانییـەکان پشتڕاسـت بکاتـەوە کـە ئـەوان [لـە بـارەی کێشـەی کـوردەوە] باڵادەسـترن- لەوانەشـە ئـەم ڕێککەوتنـە بەهـۆی ترسـی حکومەتـی عێـراق بـوو بێـت لـە هەڵگیرسـانی کێشـە و گرفـت لەلایەن کـوردەوە لـە نـاو یـان لـە نزیـک کێڵگـە نەوتییەکانـی باکـوور. چەندیـن ئاماژە هـەن، حکومەتـی ئێـران و تورکیـا خەریکـی گفتوگۆکردنـن لەسـەر گرتنەبـەری کۆمەڵـە ڕێکارێـک- ئەگەرتەنانـەت ئـەم ڕێکارانـە نەچنـە بـواری جیبەجێکردنیـش- بـۆ کۆنترۆڵکردنـی هـەر جـۆرە کێشـە نانەوەیـەک لـە کوردسـتانی عێراقـدا.

**ئەنجام**

ا  لـە بەرژەوەنـدی ڕژێمـی ئێسـتای عێراقدایـە، کـورد بـە بەشـێکی دانەبـڕاو و سـەرەکی لـە دەوڵەتـی عێـراق هەژمـار بـکات.

ب  هەروەهـا حاڵـی حـازر ئەمـە لـە بەرژەوەنـدی شانشـینی یەکگرتـوو و وڵاتانـی ڕۆژئاواشـدایە، لەبـەر ئـەم هۆکارانـەی خـوارەوە: یەکـەم، چونکـە هەر جـۆرە ئاژاوەیەک لـە کوردسـتانی عێراقـدا، سـەرمایەگوزاری ئێمـە لـە کەرتـی نەوتـدا ڕووبەڕووی مەترسـی دەکاتـەوە. دووەم، چونکـە دەسـتڕۆیی کـورد ڕێگـر دەبێـت لـە هـەر جـۆرە هەوڵێکـی حکومەتـی عێـراق بـۆ یەکگرتـن لەگـەڵ کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی. ئەمـەش وەک گەرەنتییێکـە بـۆ سـەربەخۆیی عێـراق.

ج  لـە هـەر جـۆرە ململانێیەکـدا (لـە ڕێگـەی پڕوپاگەنـدەوە بێـت یـان کاری تێکدەرانـە) بـۆ دەسـتبەرکردنی وەفـاداری کـورد، پێگـەی عێـراق لـە هـی ئێـران و تورکیـا باشـترە؛ چونکـە کـوردی عێـراق بـە بـەراورد لەگـەڵ کـوردی تورکیـا و ئێـران، مامەڵـەی باشـتریان لەگەڵـدا دەکرێـت.

د  وا دەردەکەوێـت لـە هەلومەرجـی ئێسـتادا، پێویسـت نـەکات ئێمـە هـەوڵ بدەیـن ئـاژاوە لـە نێوخـۆی کـورددا دروسـت بکەیـن. هەروەهـا باشـترە هەوڵەکانمـان

بخەینەگـەڕ، تـا ڕێگـری لـە حکومەتـی ئێـران و تورکیـا بکەیـن، تـا کارێکـی لـەم چەشـنە ئەنجـام نـەدەن، یـان بەرنامـەی وروژێنـەر پەخـش بکـەن. نوێنەرایەتییـەکان و کۆنسـولگەرییەکانی حکومەتـی خاوەنشـکۆ دەبـێ ئـەو کەسـانەی هەوڵـی ئـاژاوە نانـەوە دەدەن، ڕێگریـان لێبکـەن، یـان ڕێگـر بـن لـە هـەر جـۆرە جوڵانەوەیەکـی سـەربەخۆخوازی کـورد، یـان هـەر جـۆرە بەرهەڵسـتی کردنێکـی [حکومەتـی عێـراق]. بەهەرحـاڵ، پێویسـتە خۆمـان تـەدارەك بکەیـن، بـۆ نموونـە ئەگـەر هاتـوو عێـراق بـەرەو بـەرەی سـۆڤیەت مەیلـدار بـوو، یـان چووەپـاڵ کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی، لـەو کاتـەدا پێویسـتە ئێمـە چـاو بـە سیاسـەتەکەمان بخشـێنینەوە [و سیاسـەتی ئاژاوەنانـەوە لـە کوردسـتانی عێـراق بگرینەبـەر].

**هـ** ئەگـەر هەریـەک لـە یەکێتـی سـۆڤیەت یـان کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو بـە هـۆکاری جیـاوازەوە، کێشـە و گرفتیـان لـە نـاو کـوردی [عێراقـدا] دروسـتکرد، پێویسـتە پشـتگیری بـێ مەرجـی دیپلۆماسـی و مەعنـەوی پێشـکەش بـە تورکیـا و ئێـران بکەیـن، هەروەهـا دەبـێ ئامادەبیـن پشـتگیری هاوشـێوە پێشـکەش بـە عێـراق بکەیـن، بۆئـەوەی بەرژەوەنـدی خۆمـان دەسـتەبەر بکەیـن.

**و** پێویسـتە هانـی حکومەتـی ئێـران بدەیـن، دۆخـی کـوردی ئێـران باشـتر بـکات و ئەرکـی ئـەو کەسـانەی دەیانەوێـت لـە کوردسـتانی ئێرانـدا گرفـت دروسـت بکـەن، قورسـتر بـکات.

**ی** پێویسـتە پاڵپشـتیی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان لـەم بـارەوە دەسـتەبەر بکەیـن، بـە تایبەتیـش سـەبارەت بـە خاڵـی (د).

**پاشکۆ**

ئـەم خاڵانــەی خــوارەوە بریتیــن لــە خاڵــە ســەرەکییەکانی سیاســەتی مارکســیی (Marxist line) کـە لـەو پەرتووکـەی لـە پەرەگرافـی ١٠ی ئـەم ڕاپۆرتـەدا ئامـاژەی بـۆ کــراوە خراونەتــەڕوو:

١. «هـاوکاری دوو لایەنـە، بـە لانیکەمـەوە لـە ئاسـتی بـاڵادا و ئەوپـەڕی هەماهەنگـی لـە نێـوان پارچەکانـی کوردسـتان کـە لـە ڕووی سیاسـییەوە [لـە نێـوان چەنـد دەوڵەتێکـدا] دابەشـکراون، پێویسـتە».


٢. «دەرفـەت لەبـارە بـۆ دامەزراندنـی ڕێکخراوێکـی جەماوەریـی کـورد، تـا هەمـوو ئـەو کەسـانەی هەوڵـی ئـازادی نەتەوەیـی دەدەن، لەخـۆ بگرێـت».

٣. ڕێکخراوێکـی یەکگرتـووی نەتەوەیـی کـورد، دەبـێ ڕێگـەکان و ئامرازەکانـی هـاوکاری لەگـەڵ ڕێکخـراوە غەیرە-کـوردەکان، بدۆزێتـەوە››.

٤. «مارکسـییەکانی کـورد بوونـە یـەك لەگـەڵ ڕێکخـراوی دیموکراتـی جەمـاوەری کـوردی، پارێـزەری یەکپارچەیـی و سـەربەخۆیی حزبـی مارکسـییە».

٥. «ناکرێــت لــە بارودۆخــی هەنوکەیــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، لــە ڕادەبــەدەر پێداگربیـن، هیـچ کارێـک نەکەیـن، ئەگـەر بێـت و خەباتـی هاوبـەش لـە پێنـاو ئاشـتی، بەرخـودان لـە دژی هاوپەیمانـی سـەربازیی دوژمنکارانـە، و پشـتگیریی چالاکانـە لـە جوڵانــەوەی نەتــەوەی عــەرەب، توشــی لاوازی ببێتــەوە».

٦. «گرێدانـی کۆبوونەوەیەکـی [بەرفـراوان] لـە نێـوان کـورددا، بـە مەبەسـتی دیارکردنـی سیاســەتێکی هاوبــەش، پێویســتییەکی هەنوکەییــە».


Map showing
DISTRIBUTION OF KURDS
BLACK SEA
ANKARA
SYRIA
MOSUL
BAGHDAD
DAMASCUS
BEIRUT
CYPRUS
MEDITERRANEAN
SEA

نهێنی (١/٢٢)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

ئەنقەرە

٤ی جانیوەری ١٩٦٠

بەڕێز جۆرج

١. خۆشحاڵ بووم بە خوێندنەوەی توێژینەوەکەی س. ج. ئێدمۆندز (C. J. Edmunds) لەبارەی کوردەوە کە لە ڕێگەی پاکێتنامەی بەشەکەی بەڕێزتان بە ژێدەری (E 1821/9) لە ١٦ نۆڤەمبەر، بۆ منی ناردبوو. پێموایە ئەم ڕاپۆرتە بە تایبەت بۆ چاتهام هاوس (Chatham House) یان چەند دامەزراوەیەکیتری نافەرمی و ئەو دامەزراوانە نووسراوە کە مەرج نییە ئەم لایەنانە ڕەنگدەرەوەی سیاسەتی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بن. لەڕاستیدا، لەبەرئەوەی ئەم ڕاپۆرتە ناچێتە چوارچێوەی پۆلینبەندی ئەمنییەوە، کەواتە ئەم بۆچوونەی من ڕاستە [کە ئەم ڕاپۆرتە بۆ لایەنی نافەرمی نووسراوە].

٢. لەم ڕاپۆرتەدا چەند خاڵێک هەن، من لەسەر کۆمەڵێکیان هاوڕا نیم و هەندێك خاڵیش لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بە توندی ڕەتدەکرێنەوە. پێش هەر شتێک، مەزەندی ئێدمۆندز سەبارەت بە ژمارەی کورد لە تورکیا (دوو ملیۆن و نیو)، لەگەڵ مەزەندەی خۆمان سەبارەت بە ژمارەی کورد ناگونجێت، کە کەمتر لە یەک ملیۆن کەسە (بڕوانە نامەکەم (٤٨/١٨٢٢) لە ٤ی دێسەمبەری ١٩٥٨).

٣. من ڕێزپەرێکی تایبەت بۆ پێشنیازەکەی پەرەگرافی ٣٦ دادەنێم، سەبارەت بەوەی ئێمە یان ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەوڵ بدەین تورکیا بە گرتنەبەری سیاسەتێکی نەرمتر لەبەرانبەر کورد بتوانێت هاوپەیمانییەک لەگەڵ کوردە جودایخوازەکانیدا ببەستێت. لە پەرەگرافی ٢٦دا ئەدمۆندز باس لەوە دەکات، دەوڵەمەدارانی تورکیا پێیان باشترە هەستی نەتەوەیی کورد پشتگوێ بخەن و هەموو جۆرە چالاکییەکی کلتوری و ئەدەبی کورد قەدەغە بکەن. بە بڕوای من ئەم پێشنیازە داگرتنی نرخی بابەتەکەیە.

سیاسـەتی هەنوکەیـی حکومەتـی تورکیـا زۆر قووڵـترە لـە سیاسـەتی تواندنـەوەی کـورد. ئەگـەری زۆرە لـە داهاتوویەکـی نزیکـدا، حکومەتەکانـی تورکیـا سیاسـەتێک بگرنەبـەر، تەنانـەت ڕێگـری بکـەن لـە هـەر جـۆرە دانانێـک بـەوەی کـە کـورد کەمینەیەکـی جیـاوازە [لـە تـورک]. (تکایـە لـەم بارەیـەوە بڕوانـە پەرەگرافـی ٣ لـە نامەکـەم بـە ژێـدەری (١/١٨٢٢) لـە ٢ی جانیـوەری ١٩٦٠). لـەم جـۆرە دۆخـەدا، ئێمـە تەنیـا دەتوانیـن بـۆ حکومەتـی تورکیـا دووپاتـی بکەینـەوە، وریـای سیاسـەتەکەیان بـن، ئـەم سیاسـەتەش بـە دڵنیاییـەوە نـە بەسـوودی بەرژەوەندییەکانـی ئێمەیـە، نـە هـی کـورد.

٤. ئەگەرچـی لـە سـەلاحیەتی منـدا نییـە، بـەڵام بـە بـڕوای مـن ڕاپۆرتەکـە زۆر بـە باشـی مامەڵـەی لەگـەڵ دابەشـبوونی کـوردی عێراقـدا نەکـردووە. ئـەم دابەشـبوونەش زۆر بـە ئاشـکرا دەرکـەوت کاتێـک چەنـد مانگێـک لەمەوبـەر حکومەتـی عێـراق بـە نیـاز بـوو دان بـە بارزانییەکانـدا بنێـت وەک خێڵـی سـەرکردەی کـورد و لـە ڕێگـەی ئـەم خێڵـەوە حکومەتـی دەسـەڵاتی خـۆی لـە هەرێمـی کـوردەکان پیـادە بـکات. [لـە لایەکیـترەوە]، جێگـری سـکرتێری گشـتی لـە وەزارەتی کاروبـاری دەرەوە، بـە منی ڕاگەیانـد هەموو ئەو کوردانـەی بـەرەو تورکیـا ڕۆیشـتوون، ئێسـتا گەڕاونەتـەوە عێـراق.

٥. بـەڵام ژەنـەڕاڵ بەتمەنگلیـج (Batmanglidj) کـە هەنوکـە هـەروەك ئێوە ئـاگادارن، وەک نوێنـەری ئێـران و وەک جێگـری کۆمیتـەی سـەربازی لـە پەرلەمانـی ئێـران، سـەردانی تورکیـا دەکات، پێـی ڕاگەیانـدم بـە هیـچ شـێوەیەک لـە ئێـران [پرسـی پەنابـەرەکان] نەبووەتـە بابەتێکـی گرنـگ و تـا ئێسـتاش ژمارەیەکـی زۆری کـوردی عێـراق لـە ئێـران ماونەتـەوە. ئـەم دابەشـبوونە لـە نێـوان بەشـە جۆراوجۆرەکانـی کـوردی عێراقـدا و ویسـتیان بـۆ چوونـە ژێـر دەسـەڵاتی ئێـران یـان تورکیـا، لەبـری ئـەوەی بچنـە ژێـر دەسـەڵاتی بەشـێک لـە گەلەکـەی خۆیـان، ئـەوە دەخاتـەڕوو [سـەبارەت بـە کـورد] گرفتەکـە زۆر لـەوە گەورەتـرە ئەدمۆنـدز لـە ڕاپۆرتەکەیـدا دەیخاتـەڕوو و هـەوڵ دەدات لـە ڕێگـەی جوڵانـەوەی یەکگرتـووی کـوردەوە ئـاژاوە لـەم دوو وڵاتـەدا [تورکیـا و ئێـران] دروسـت بـکات. هەروەهـا بارودۆخـی کـوردی تورکیـا و ئێـران وا خـراپ نییـە ئـەو باسـی دەکات، ئەگـەر نـا پەنابـەری کـورد لـە عێـراق نەدەچوونـە ئـەم دوو وڵاتـە.

٦. لەم بارەوە لەوانەیە حەز بکەن، چاوێک بەو باسەدا بخشێننەوە کە سەردانکەرێکی بریتانی لەم دواییانەدا بۆ ناوچە دوورەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا ئەنجامیداوە و ئەم باسە لە نامەی نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان (Chancery) بە ژێدەری (٢/١/١٨٢٢) ئاماژە پێدراوە و وا دیارە حکومەتی تورکیا وازی لە کوردی ناوچە شاخاوییەکان هێناوە [واتە ئەم کوردانە تا ڕادەیەک سەربەخۆن].

٧. فاکتەرێکیتر کە لە ڕاپۆرتەکەی ئەدمۆندز ئاماژەی بۆ نەکراوە، ئەو دوژمنایەتییەیە لە نێوان تورک (یان تورکمانەکان) و کوردی عێراقدا هەیە، ئەم دوژمنایەتییە بە تایبەتی، لە ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی کەرکوکدا زۆر بە باشی بەرجەستەکرا و ئەم بابەتەش لەوانەیە کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوەی حکومەتی تورکیادا دروست بکات.

٨. فاکتەرێکیتر بریتییە لەو ئاستە بەرزەی دۆستایەتی قاسم لەبەرانبەر حکومەتی تورکیا گرتویەتەبەر. بە دڵنیاییەوە تورک زۆر بە جیددی کاریان کردووە، تا بتوانن ئەم ئاستەی دۆستایەتی دەستەبەر بکەن. ئەگەرچی ئەوان تا هەنوکە لە دەستەبەرکردنی ئەو دۆستایەتییە سەرکەتوو بوونە، بەڵام وا دەردەکەوێت، ئەگەر بارودۆخی ئێستای عێراق هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، و هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی کوردەوە کێشە بۆ تورکیا دروست بکرێت، ئەم کارە لەلایەن عێراقەوە ئەنجام دەدرێت. لە لایەکیترەوە، وا دەردەکەوێت بێ توانایی لە پێشبینیکردنی هەڵسوکەوتەکانی قاسم، بە جۆرێکە ئێمە نەتوانین پشت بەم فاکتەرەی سەرەوە ببەستین.

٩. هەروەها بە بڕوای من لە ڕاپۆرتەکەدا وەک پێویست ڕەچاوی ئەو گرفتانە نەکراوە کە لەوانەیە ڕووس لە گرتنەبەری سیاسەتەکەیان [لەبەرانبەر کورددا]، ڕووبەڕووی ببنەوە. لە لایەکیترەوە، کوردی تورکیا و ئێران دەتوانن ئامرازی تێکدەری باش بن، تا بۆ دژایەتیکردنی ئەم دوو حکومەتە بەکاربهێنرن. لە لایەکیترەوە، سەختە بتوانرێت کورد بەم شێوەیە بەکار بهێنرێت، بە بێ ئەوەی بەڵێنی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیان پێ بدرێت. بەهەرحاڵ، ئەگەر بێت و ڕووسیا ئەم سیاسەتە ڕابگەیێنێت، کوردی عێراق لە ڕووی سیاسییەوە لە پێشەوەن و دەنگیان بەرزترە، داواکارییەکانیان بۆ سەربەخۆیی چڕ دەکەنەوە. ئەمەش لەگەڵ سیاسەتی عێراق سەبارەت بە

یەکپارچەیی خاکی عێراق ناگونجێت.

١٠. ئەگەر بێت و ڕووس ئاگاداری ئەم گرفتانە بن، ئەوکات لەوانەیە هەوڵەکانیان بۆ کردنی عێراق بە دەوڵەتێکی کوردی-عەرەبی وەگەڕ بخەن. ئەمەش نەك تەنیا کوردی عێراق، بەڵکو کوردی تورکیا و ئێرانیش لەخۆ بگرێت. بەم جۆرەش لەوانەیە ڕووس ڕووبەڕووی گرفتێکی نوێ ببنەوە، چونکە بەم جۆرە ئەگەر بێت و هەموو کورد لەم دەوڵەتەدا کۆبکرێنەوە. ژمارەی عەرەبەکانی عێراق لە ژمارەی کورد کەمتر دەبێت. هەربۆیەش لەوانەیە بارودۆخی ئێستای عێراق، کەم تا زۆر وەک خۆی بمێنێتەوە، بەمجۆرەش لەوانەیە ڕووس یان حکومەتی عێراق لە بەکارهێنانی [کارتی] کوردی دوور بکەونەوە. لەوانەیە جاروبار هەوڵ بدرێت، کارتی کورد بەکاربهێنرێت یان لە ناو کورددا گرفت [بۆ ئەو وڵاتانەی کوردیان بەسەردا دابەش بووە] دروست بکرێت؛ بەڵام ڕاگەیاندنی پڕوپاگەندەیەکی سەداسەد بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەگەرێکی لاوازە.

١١. هەڵبەت ئەگەر بێت و قاسم لە دەسەڵاتدا نەمێنێت، بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا دێت. تەنانەت لەو کاتەشدا من لەو بڕوایەدا نیم ڕووس بۆ خێراترکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی، گشت هەوڵەکانیان وەگەڕ بخەن، بە تایبەتیش ئەگەر ئەم کارە نیگەرانی جیهانی عەرەبی لێبکەوێتەوە. بە هەرحاڵ ڕووس، تەنانەت پێش سەرهەڵدانی شۆڕشی عێراق سەبارەت بە [هەڵگیرسانی هەستی نەتەوایەتی کورد] کارا نەبوون.

١٢. من هەندێك لەم بۆچوونانەم خستە بەردەم ژەنەڕاڵ بەتمەنگلیج (Batmanglidj). وەڵامی ئەو بۆ ئەم بۆچوونانە زۆر ڕوون نەبوو، بەڵام وا دیار بوو، بە بڕوای ئەو، ڕووس بەلانیکەمەوە پارێزگاری لە کارتی کورد دەکەن و ئەگەری هەیە ئەم کارتە بەکاربهێنن، تەنانەت ئەگەر بێت و لەم بارەوە لەگەڵ عەرەبەکانی عێراق توشی کێشە ببنەوە.

١٣. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ تریڤێلیان (Trevelyan) لە بەغدا، هاریسۆن (Harrison) لە تاران، ریلی (Reilly) لە مۆسکۆ و ئۆروی (Orowe) لە قاهیرە دەنێرم.

(B. A. B. Burrows)

نهێنی

(1044/3/60)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١ی فێبریوەری ١٩٦٠

١. ئێمە خۆشحاڵ بووین بە بینینی سەرنجەکەتان لەسەر توێژینەوەکەی ئەدمۆندز کە لەبارەی کورد نووسی بووی. بە بڕوای ئێمە ڕاپۆرتەکە بە باشی پرژاوەتە سەر پێگەی مێژوویی و ئێستای کوردستان، ئەگەرچی لەوانەیە لە ڕاپۆرتەکەدا هەندێك زیادەبێژی و گەورەکردنی کاریگەری ڕاستەقینەی کورد لەسەر سیاسەتی عێراقدا هەبوو بێت؛ بە تایبەتیش لە پەرەگرافی ٣٢دا کاتێک دەڵێت ناسیۆنالیزمی کوردی هۆکاری سەرەکی بووە لە پەنابردنی قاسم بۆ سیاسەتی جیاخوازی عێراق لە دژی یەکێتی عەرەبی. لە ڕاستیدا، نەک کێشەی کورد، بەڵکو هەوڵەکانی قاهیرە بۆ زاڵبوون بەسەر عێراق، هۆکاری سەرەکی بوون لە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە لەلایەن قاسمەوە.

٢. ئێمە زانیاری کەم و کەم تا زۆر ڕاستمان لەسەر بارودۆخی کوردستان لەبەردەستدایە، بەڵام ئاگاداری ئەوەین، ئەمەش بە چەندین ڕاپۆرت پشتڕاست کراوەتەوە، کە ناکۆکی خێڵایەتی و دابەشبوون [کورد لە ناوخۆیاندا]، ئەم [دیاردەیەش] لەم ناوچەیەدا بووە بە نەخۆشییەکی گشتگیر، بە شێوەیەکی گشتی چارەسەرکراوە، یان وازی لێهێنراوە. هۆکاری سەرەکی ئەم چارەسەریەش بۆ هەوڵەکانی مەلامستەفا بارزانی بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی دەگەڕێتەوە کە لە دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٥٨دا، هەوڵەکانی بۆ یەکگرتنی خێڵە کوردییەکان و وەلانانی جیاوازییەکانیان چڕ کردووەتەوە. وا دیارە ئێستا ئەو [لەلایەن خێڵەکانی کوردەوە] وەک گوتەبێژ و سەرۆکی کورد هەڵبژێردراوە و لەسەر ئەم بنەمایە لەگەڵ قاسم گفتوگۆ دەکات. بەدەستهێنانی ئەم پێگەیە لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکیدا، کارێکی

قـوڕس نییـە، چونکـە لـەم کۆمەڵگایـەدا فاکتـەری هاوبەشـی وەفـاداری، بریتییـە لـە وەفـاداری بـۆ خـودی خێـڵ.

٣. وا دیـارە مەلامسـتەفا، حاڵـی حـازر، ئەگـەر بـە شـێوەی کاتیـش بێـت، وازی لـە هەڵمەتەکانـی بـۆ کوردسـتانێکی یەکگرتـوو هێنـاوە )لـە سـاڵانی مانـەوەی لـە مەنفـا، لـە یەریڤانـەوە لەدڵـەوە پڕوپاگەنـدەی بـۆ ئـەم بابەتـە دەکـرد) و هەنوکـە پشـتگیری لـە ڕژێمەکـەی قاسـم دەکات. ئەگەرچـی هـۆکاری سـەرەکی ئـەم کارە بەرژەوەنـدی تاکـە کەسـییە (self-interest)، بـەڵام پاڵنـەری سـەرەکی لەلایـەن کـورد و عەرەبەکانەوە [بـۆ پشـتگیری کـردن لـە ڕژێـم]، بریتییـە لـە هەڵسـوکەوتی ڕژێـم سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد. قاسـم ڕێزگرتنـی لـە ئامادەگـی کـورد [بـۆ چارەسـەری کێشـەی کـورد] لەڕادەبـەدەر گـەورە کـردووە. هەروەهـا بـۆ نموونـە، مامەڵـەی نەرمـی ئـەو لەگـەڵ ئـەو کوردانـەی لـە سـاڵی ١٩٥٨ و ١٩٥٩دا لـە عێـراق هەڵاتـن و دواتـر بـە هـۆی لێبوردنـی گشـتییەوە گەڕانـەوە، هـۆکاری سـەرەکی پشـتیوانی لـە ڕژێمەکـەی قاسـمە. سـەرەڕای ئەمـە دوژمنایەتـی قاسـم بـۆ نـاسر و کۆمـاری عەرەبـی یەکگرتـوو لـە ترسـی کـورد لـە توانـەوەی کـورد لـە نـاو بلۆکـی وڵاتانـی عەربیـدا کـەم کـردووە.

٤. بەهـەر حـاڵ دەبـێ مـرۆڤ ئـەوە لەبیـر نـەکات، زاڵبوونـی مەلامسـتەفا بەسـەر کورددا، کاتییـە و ئەگـەر بێـت و ئـەو خێڵانـەی لـە ژێـر سـەرکردایەتی ئـەودان، بۆیـان دەرکەوت چیـتر سیاسـەتەکانی ئـەو لەگـەڵ بەژەوەندیـی تایبەتـی ئـەم خێڵانـە ناگونجێـت، بـە دڵنیاییـەوە پشـت لـەم سـەرکردایەتییە دەکـەن. هەروەهـا لـە خـودی هەڵوێسـتەکانی مەلامسـتەفادا هیـچ شـتێکی هەمیشـەیی لـە ئارادانییـە: ئێمـە لـە سـەرچاوەی باوەڕپێکـراوەوە ئاگادارکراوینەتـەوە، حاڵـی حـازر مەلامسـتەفا بـە تەواوەتـی پشـتگیریی لـە سیاسـەتەکانی قاسـم دەکات، بـەڵام ئەگـەر بێـت و قاسـم بـەرەو باڵـی چـەپ یـان باڵـی ڕاسـت شـۆڕ ببێتـەوە، ئـەوکات زەحمەتـە مەلامسـتەفا پشـتیوانی لـە قاسـم بـکات.

٥. مەلامســتەفا بــە بەردەوامــی پێداگــری لــەوە دەکات، ئــەو دژی کۆمۆنیزمــە (لــە ڕاسـتیدا، دژی ئـەو کۆمۆنیزمەیـە لەلایـەن پارتـی کۆمۆنیسـتی عێراقـەوە نوێنەرایەتـی دەکرێـت) و بەهێـزی سیاسـی خـۆی خسـتووەتە پـاڵ پارتـی یەکگرتـووی دیموکراتـی

کوردستان (پارتی). ئەو پارتە ڕایگەیاندووە کۆمۆنیستەکانی لە گشت پۆستەکانیان دوور خستووتەوە. بۆ نموونە، ئەو کەسانەی مەنشوری بەرەی ناسیۆنالیستی کۆمۆنیستیان (Commonist inspired National Front Charter) لە جونی ١٩٥٩دا واژوو کردووە [لە پۆستەکانی ناو ئەم پارتە دوور خراونەتەوە].

٦. بەدڵنیاییەوە، ئەو ڕاپۆرتانەی لە باکوورەوە دێن، ئاماژە بە چالاکی چالاکانەی ‹پارتی› لە دژی پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پشتیوانی زۆرینەی خێڵەکان بۆ پارتی، دەدەن. ئێستا پارتی نەتەوەیی دیموکراتی بانگەشەی ئەوە دەکات، پەیوەندی نزیکی لەگەڵ ‹پارتی›دا دامەزراندووە.

٧. سەختە پێشبینی ئەوە بکرێت چی ڕوودەدات، ئەگەر هاتوو قاسم لەلایەن جەمسەری ناسیۆنالیستە بەعسییەکانەوە لەکار لادرا، یان لە لایەکیترەوە، ئەگەر بێت و عێراق بەرەو جەمسەربەندی کۆمۆنیزم ئاراستە کرا. لەم جۆرە بارودۆخەدا، لەوانەیە مەلامستەفا دووبارە دەست بە هەڵمەتەکانی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکاتەوە و هەوڵ بدات ئەم هەڵمەتە بۆ کوردستانی ئێران، تورکیا و سوریا بگوازێتەوە. بە بڕوای ئێمە ئەو ناتوانێت لەم بارەوە پشتیوانی سۆڤیەت دەستەبەر بکات، چونکە سۆڤیەت تەنیا دەتوانێت لە سەر حیسابی سیاسەتی ئێستای لەبەرانبەر عەرەبەکان، پشتیوانی لە کورد بکات. [واتە لە دژی عەرەبەکان بوەستێتەوە] بەهەرحاڵ ئێمە لەگەڵ ژەنەڕاڵ بەتمەنگلیج (Batmanglidj) هاوڕاین کە کورد وەک کارتێک لەدەست سۆڤیەتدا دەمێننەوە.
من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ هیلێر (Hiller) لە بەشی کاروباری ڕۆژهەڵات، هاریسۆن (Harrison) لە تاران، ڕیلی (Reilly) لە مۆسکۆ و ئۆروی (Orowe) لە قاهیرە دەنێرم.

(Humphrey Trevelyan)

نهێنی

(10213/16/2)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

مۆسکۆ

١٦ی فێبریوەری ١٩٦٠

١. سـێر بێرنـارد بـۆرۆس (Sir Bernard Burrows) بـۆ باڵیۆز[ەکەمـان لـە مۆسـکۆ] (خەریکـە ئێـرە بەجـێ دێڵێـت) کۆپییـەك لـە نامەکـەی بـە ژمـارە (١/١٨٢٢) لـە ٤ی جانیـوەری نـاردووە و تێیـدا سـەرنجەکانی لەسـەر ڕاپۆرتەکـەی س. ج. ئەدمۆنـدز (C. J. Edmunds) ئـەوەی لەبـارەی کـورد نووسـی بـووی، خسـتووەتەڕوو. ئێمـە سـوودمان لـە سـەرنجەکانی وەرگـرت، سـەبارەت بـەو ئاسـتەنگانەی لەوانەیـە ڕووس لەکاتـی گرتنەبـەری سیاسـەتی پشـتگیریکردن لـە کـورد ڕووبـەڕووی ببنـەوە. هەروەهـا لەوانەیە بـۆ ئێـوە بەسـوود بێـت، زانیاریتـان لەسـەر ئـەوە هەبێـت، ئێمـە چـۆن لێـرەوە [واتـە لـە مۆسـکۆوە] کێشـەکە دەبینیـن.

٢. بێگومـان هەنوکـە، بەرژەوەندیـی سـەرەکی سـۆڤیەت لـەم بەشـەی جیهانـدا، پارتـی کۆمۆنیسـتی عێراقـە، تـا ئـەو ڕادەیـەی ئێمـە ئاگاداریـن، شانسـی بـڕاوەی بۆ گەیشـتن بە دەسـەڵات هەیـە. تـا ئـەو کاتەی کۆمۆنیسـتەکانی عێراق لـەم پێگە بەهێزەدا بـن، کەواتە بەرژەوەندییەکانیـان بڕیـار لەسـەر جۆری سیاسـەتی سـۆڤیەت لەبەرانبەر کـورد دەدات. لـە کاتـی ئێسـتادا ئەمـەش ڕێگـری دەکات لـە پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی کوردسـتان کـە لـە بەشـێک لـە عێـراق پێکهاتبێـت. ئەگـەر بێـت و یەکێتـی سـۆڤیەت ئـەم سیاسـەتە بگرێتەبـەر، بـە دڵنیاییـەوە حکومەتـی عێـراق دوو دڵ نابێـت لـە بەکارهێنانـی پرسـی کـورد بـۆ نیگەرانکردنـی ئێـران و تورکیـا، بـەڵام ئەگەر بێـت و پڕوپاگەنـدەی سـۆڤیەت ببێتـە هـۆی بەرپەرچدانـەوەی کـوردی عێـراق [لـە دژی حکومـەت]، ئەمـەش نیگەرانـی پارتـی کۆمۆنیسـتی عێراقـی لێدەکەوێتـەوە، لەوانەیـە ڕووس لـە هەلومەرجـی ئێسـتادا واز لـەم پڕوپاگەندەیـە بهێنـن.

٣. بە گوێرەی پێشبینییەکانی ئێمە، بەهۆی ئەو کاریگەرییەی ناسر [بەسەر کورددا] هەیەتی، سەختە یەکێتی سۆڤیەت واز لە سیاسەتەکەی لەبەرانبەر کورد بهێنێت. ڕووس نیشانیان داوە، ئەوان دەتوانن پشتیوانی لە قاسم و کۆمۆنیستەکانی عیراق بکەن، بە بێ ئەوەی ناسریان لە دەست دەربچێت، یان تا ئەو کاتەی بتوانن بە سەرکەتوویی ناسر کۆنترۆڵ بکەن، ڕووس نیگەرانی بەرپەرچی ناسر نابن سەبارەت بە سیاسەتەکەیان لەبەرانبەر کورد (بۆ نموونە لە ڕێگەی بەرفراوانکردن و پارێزگاریکردن لە دەستڕۆیی ئابوریان بەسەر کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا). لەوانەیە بۆ قاهیرە، بە بەراورد لەگەڵ گەشەی کۆمۆنیزم لە عێراقدا، پرسی کوردستان پرسێکی زۆر لاوەکی بێت، چونکە ڕووس ڕاستەوخۆ دەست وەردەدەنە پرسە کۆمۆنیستییەکان.

٤. سەرباری ئەمەش، سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت لەبەرانبەر کورد، بە پێی ڕووداوەکان و بارودۆخ لە عێراقدا، گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەگەر بێت و پارتی کۆمۆنیستی لەناو برا و ڕژێمێکی نیشتیمانی عێراقی دژە ناسری هاتە سەرکار، ئەو کات لەوانەیە ڕووس دەست بە پڕوپاگەندەی کوردستانی یەکگرتوو بکەنەوە و لەم ڕێگەیەوە شتێکی کەمتر لە دەست بدەن. ئەم پڕوپاگەندەیەش بە تایبەتی ئەو کات ئەنجام دەدرێت، ئەگەر بێت و کۆمۆنیزم لە ناو کوردی عێراقدا لایەنگر پەیدا بکات. لە لایەکیترەوە، ئەگەر ڕژێمێکی لایەنگری ناسر لە عێراق دەسەڵاتی گرتە دەست و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو دامەزراند، بۆ ڕووس زۆر مەترسیدار دەبێت، هانی ناسیۆنالیزمی کوردی بدەن، چونکە لەو کاتەدا مەترسی ئەوە لەسەر جیهانی عەرەب دروست دەکات کە بەشێکی زۆری خاکەکەی لە دەست بدات. هەروەها ئەگەر بێت و کۆمۆنیستەکان لە عێراق دەسەڵات بگرنە دەست و شوێن پێی خۆیان قایم بکەن، لەوانەیە دووبارە پرسی کورد بێتەوە بەرباس. ئەوکات ڕووس هیچ شتێکی ئەوتۆیان نییە لە دەستی بدەن، یان زۆر کەم زیانمەند دەبن لەبەرانبەر عەرەبە ناسیۆنالیستیەکاندا و لەوانەیە عێراق لە جیهانی عەرەبی دەربکرێت و بێتە ناو بەری یەکێتی سۆڤیەت.

لـەم هەلومەرجـەدا، ئەگـەر دەرکـەوت کۆمۆنیسـتەکانی عێـراق بـە ئەنـدازەی پێویسـت بەهێـزن، ئـەوان لەوانەیـە بەرژەوەندییـە لاوەکییەکانیـان لـە پێنـاو سیاسـەتە باڵاکانـی یەکێتـی سـۆڤیەت وەلا بنێـن و دەچنـە نـاو هەڵمەتـی [دامەزراندنـی] کوردسـتانێکی یەکپارچـە، تـا لـەم ڕێگـەوە ئاسـتەنگ لەبـەردەم ئێـران و تورکیـا دروسـت بکـەن و بەمجـۆرەش پەیوەندیـی زەمینـی ڕاسـتەوخۆ [لـە نێـوان عێـراق] و یەکێتـی سـۆڤیەتدا دروسـت بکرێـت، بـەڵام بـە گشـتی، ئەگـەری پیادەکردنـی ئـەم سیاسـتە، زۆر کەمـە.

٥. هەڵبـەت ئەم هەڵسـەنگاندنەی سیاسـەتی یەکێتی سـۆڤیەت، هەڵسـەنگاندنێکی هزرییە (speculative) و زانیـاری کـەم لەبەردەسـتن، بـۆ ئـەوەی بزانرێـت ڕووس بیـر لـە چـی دەکەنـەوە. بەهەرحـاڵ، ئێمـە وتارێکـمان لەبـارەی کـوردی عێـراق بەرچـاو کـەوت کـە لـە گۆڤـاری ‹ڕۆژهەڵاتـی هاوچـەرخ› (Contemporary East) لـە جانیـوەری ١٩٦٠دا، بـڵاو بووەتـەوە. نووسـەری بابەتەکـە چـاوی بەچەندیـن کـورد کەوتـووە، یەکێـک لـە کـوردەکان بـە نووسـەرەکەی گوتـووە، مێـژوو زۆر بـە تونـدی ئەوانـی بـە عـەرەب گرێـداوە و کـورد هەوڵـی زۆریـان داوە، تـا شۆڕشـی عێـراق سـەربکەوێت، هـەر بۆیـە ئەرکـی ئەوانـە پارێـزگاری لـە دەسـتەکەوتەکانی ئـەم شۆڕشـە بکـەن. سـەرۆک خێڵێکـی کـورد بـە نـاوی سـەڵاح بـەگ، بـە نووسـەرەکەی گوتـووە، دەنگـۆی ئـەوە هەیـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا و بەریتانیـا هەوڵەکانیـان وەگـەڕ خسـتووە، تـا کـورد لـە نـاو دەوڵەتێکـی سـەربەخۆدا یـەک بخـەن، بـەڵام سـەرۆک خێڵەکـە گوتوویەتـی ئەمـە ڕاسـت نییـە، چونکـە «بۆچـی دەبـێ ئیمپریالیسـتەکان ئـەم کارە بکـەن؟ ئـەوان ئێسـتا لـە کوردسـتانی ئێـران و تورکیـا باڵادەسـتن و ئامـادەکاری دەکـەن بـۆ بونیاتنانـی بنکەیەکـی هاوێشـتنی موشـەك لـەم بەشـانەی کوردسـتاندا. لەنـاو دەوڵەتێکـی ئـازادی کوردیـدا، ناتوانـن ئـەم کارانـە بکـەن و لـە ئەنجامـدا ئـەو شـتانەی هەنوکـە هەیانـە لـە دەسـتی دەدەن. زۆر بـە باشـی زانـراوە سـەرکردەکانی کـورد لـە گشـت پارچەکانـی کوردسـتاندا لـە دژی ئیمپریالیسـتەکانن و خەڵـک بەریتانیـا و ئەمریـکا بـە دوژمنـی خۆیـان هەژمـار دەکـەن. ئیمپریالیسـتەکان ئامانجـی جیاوازیـان هەیـە و دەیانەوێـت کوردسـتانی باشـوور پارچـە پارچـە بکـەن و بەسـەر تورکیـا و ئێرانـدا دابەشـی بکـەن.

ئێمـەی کـورد حاڵـی حـازر، لـەو بڕوایەدایـن، ئەرکـی ئێمـە پتەوکردنـی یەکێتیمانـە لەگـەڵ عـەرەب، تـا بـەم شـێوەیە بتوانیـن بەرگـری لـە کۆمـاری عێـراق بکەیـن و گەشـە بـە پەیوەندییەکانمـان بدەیـن لەگـەڵ یەکێتـی سـۆڤیەتدا کـە هەمیشـە باشـترین دۆسـتی ئێمـە بوونـە››. ئـەم قسـانە ڕەنگـدەرەوەی ڕاسـتەوخۆی ئـەو سیاسـەتەن، حاڵـی حـازر سـۆڤیەت هیواخـوازە کـورد بیگرنەبـەر.

٦. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە ئەنقـەرە، بەغـدا، تـاران و قاهیـرە دەنێـرم.

(W. H. Young)

نهێنی

(E 1821/1)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S. W. 1

١٧ی فێبریوەری ١٩٦٠

سوپاس بۆ نامەکەتان بە ژمارە (١/١٨٢٢) لە ٤ی جانیوەری، تێیدا سەرنجتان لەسەر ڕاپۆرتەکەی س. ج. ئەدمۆندز کە لەبارەی کوردە، خستووتانەڕوو. ڕاپۆرتەکە بە ژێدەری (E 1821/9) لە ١٦ی نۆڤەمبەری ١٩٥٩دا، بۆتان ڕەوانە کراوە. ئێمە داوای لێبوردن لە ئێوە و گشت ئەو کەسانە دەکەین، ئەو ڕاپۆرتەمان بۆ ناردوون و ڕوونمان نەکردووەتەوە، مەبەست لە نووسینی ئەم ڕاپۆرتە چی بووە. ئەدمۆندز، هەروەك ئێوە دەیناسن، لە وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا بۆ چەندین ساڵ لە نێوان [هەردوو جەنگی جیهانیدا] کاری کردووە و شارەزایەکی گەورەی بواری کوردە.

١. ڕاپۆرتەکەی ئەو لەبارەی کورد لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩دا بۆ گروپی گفتوگۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Middle Eastern Discussion Group) لە چاتهام هاوس (Chatham House)، نووسراوە. ئەدمۆندز کۆپییەکی ڕاپۆرتەکەی بۆمان ناردووە و ئێمەش بە باشمان زانی، سەر لەنوێ بیخەینەوە بەرباس و چاوی پێدا بخشێنینەوە، بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بدەین، هەندێك بابەت لە ڕاپۆرتەکەدا هەن، ئێمە لەسەر ئەم بابەتانە [لەگەڵ ئەدمۆندز] هاوڕا نین.

٢. بە بڕوای ئێمە نامەکەی بەڕێزتان و نامەی هامفرێی ترێڤێلیەن (Humphery Trevelyan) بە ژێدەری (٦٠/٣/١٠٤٤)، لە ١ی فێبریوەری ناردووتانە، بەسوودترین نامەن و بە گشتی ئێمە لەسەر بۆچوونەکانی ئەو نامانە هاوڕاین. بە تایبەتیش کۆکین لەسەر ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی کورد لە ڕاپۆرتەکەی ئێمەدا، بەڕێزتان کۆپییەك لە ڕاپۆرتەکە بە ژێدەری (E 1821/13) لە ٢٤ی نۆڤەمبەر ١٩٥٨ بۆ ئێمەتان ناردووە، ئەدمۆندز خەمڵاندنی زۆرتری (over-estimate) بۆ ژمارەی دانیشتوانی کورد لە تورکیا، ئێران و عێراق کردووە. ژمارەی کورد لە ڕاپۆرتەکەی ئێمەدا لە ڕاستی نزیکترە.

بـە هەمـان شـێوە، ئەدمۆنـدز لـە قەبـارەی ئـەو ئاسـتەنگانە کـەم کردووەتـەوە کـە ڕووبـەڕووی ڕووس دەبنـەوە، ئەگـەر هاتـوو ڕووس لـە قووڵایـی دڵـەوە بڕیاریانـدا پشـتگیریی لـە خواسـتی ناسیۆنالیسـتی کـورد بکـەن. هەروەهـا بـە بـڕوای ئێمـە، هەڵەیـە بـەو شـێوەیەی ئەدمۆنـدز لـە کۆتایـی ڕاپۆرتەکەیـدا پیشـنیازی کـردووە، دەسـتوەربدەینە کاروبـاری کـورد. (بڕوانـە تەلەگرامەکەمـان بـە ژمـارە ٢٧٥، پارێـزراو، لـە ٢٨ی مـارچ ١٩٥٩ بـۆ تـاران نێـردراوە).

٣. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ ڕیلـی، ترێڤێلیـەن، هاریسـۆن و هەروەهـا بـۆ ئـەو کەسـانە دەنێـرم ڕاپۆرتەکـەی ئەدمۆندزیـان بەدەسـت گەیشـتووە.

(C. F. Hiller)

Sir Bernard Burrows, K. C. M. G

Ankara

نهێنی

(10114/5/6)

بالیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٣ی فێبریوەری ١٩٦٠

بەڕێز جۆرج

١. مـن لـە ٢١ی فێبریـوەری ئێوارەیەکـی زۆر خۆشـم بەسـەربرد. هـەر کـە پارتـی کـوردی پێکهێـنرا، مـن تەلەفۆنـم بۆیـان کـرد و داوام کـرد مەلامسـتەفا بارزانـی ببینـم. تـا دوێنێ، ئێـوارەی یەکشـەممە، هیـچ وەڵامێکـم وەرنەگرتـەوە؛ کاتێـک لـە ڕاوە قـاز (duck shoot) دەگەڕامـەوە، پەیامێکـی تەلەفۆنیـم بەدەسـت گەیشـت و پرسـیاری کردبـوو، ئایـا مـن ئامـادەم بـۆ بینینـی مەلامسـتەفا. مـن و فاڵـی (Falle) پێکـەوە چوویـن. مەلامسـتەفا لـەو خانـووەدا دەژییـت کـە نـوری سـەعید پێـش بارکردنـی بـۆ خانـووە نوێیەکـەی، تێیـدا دەژیـا. ئاسایشـی شـوێنەکە زۆر بـە باشـی لەلایـەن ئـەو بارزانیانـەوە پارێـزراوە کـە تەنیـا بـە کـوردی و ڕووسـی قسـە دەکـەن. سیمای خانووەکـە بـە نیشـتەجێ بـووە تازەکەیـەوە، بـە سیمای بـارەگای سـەرۆک خێڵێکـی کـوردی دەچێـت.

٢. سـەرەتا چاوەڕوانـی ئەنجامدانـی چاوپێکەوتنیکـی فەرمـی بـووم لەگەڵ مەلامسـتەفادا، بـە بـێ ئـەوەی لەسـەر بابەتێکـی دیارکـراو قسـە بکەیـن، بـەڵام لەڕاسـتیدا شـتەکان پێچەوانـە بوونـەوە. دوای ئـەوەی ئێمـە بـۆ چەنـد خولەکێـک چـاوەڕوان بووین، شـێخ ئەحمـەد، بـرا گەورەکـەی مەلامسـتەفا هـات کـە سـەرۆکی خێڵـی [بارزانـە]، بـەدوای ئـەودا مەلامسـتەفا هـات. هەردووکیـان جلوبەرگـی کوردیـان لەبـەر بـوو، هەروەهـا پیاوێـک جلی دەسـتکردی ڕووسـی لەبەر بـوو و کڵاوێکی هامبۆرگـی (Homburg hat) بـە دەسـتەوە بـوو، لـە تـەواوی چاوپێکەوتنەکـەدا ئامادە بـوو و هەندێك ئینگلیزیشـی دەزانـی و گفتوگۆیەکـەی بـۆ سـەر زمانـی ئینگلیـزی وەردەگێـڕا کـە جـار ناجـار وەرگێڕانەکـەی لەگـەڵ ڕووسـی تێکـەڵ دەکـرد. لـە بەشـی یەکەمـی چاوپێکەوتنەکـەدا

تەنیا شێخ ئەحمەد قسەی کرد. ئەو زۆر بە وردییەوە باسی لە ڕووداوەکانی سەرەتای سەردەمی بەریتانییەکان لە عێراق کرد و مەبەستی بریتی بوو لەوەی نیشانی بدات ئەو هەمیشە یارمەتی بەریتانییەکانی داوە، کەچی دواتر وەڵامی ئەو بە هەڵەتێگەیشتن و ١٢ ساڵ دوورخرانەوە بۆ بەسرا دراوەتەوە. دواتر مەلامستەفا دەستی بە قسەکردن کرد، بەڵام هیچ پرسیارێکی فەرمی و سەرەکی نەبوو، هەروەك چۆن ئاڕاستەی شێخ ئەحمەد کرا، بخرێتە بەردەم مەلامستەفا. پاشان کەشەکە ئارام بووە و چاوپێکەتنەکە بەرەو ئاڕاستەی بانگەشەی دووبارە نوێکردنەوەی دۆستایەتی نێوان بەریتانیا و بارزانی ڕۆیشت. من زۆر وریابووم لەوەی هیچ پێشنیازێک نەخەمەڕوو بەوەی ئێمە خۆمان ئامادەکردووە بۆ دامەزراندنی هەر جۆرە دۆستایەتیەک، ئەگەر لە دەرەوەی حکومەتی عێراقیش بێت. من جەختم لەسەر سیاستی دۆستایەتیمان لەگەڵ گشت گەلانی عەرەب، کورد و مەسیحییەکانی عێراقدا کردەوە و تیشکم خستەسەر ئەوەی هەوڵمانداوە عێراق هان بدەین سیاسەتێکی نیشتیمانی بگرێتەبەر و دەستوەرنەدەینە کاروباری ناوخۆی عێراق. ئاماژەم بەوە دا، حکومەتی بەریتانیا ئەو کەسانە لەبیر ناکات خزمەتی بەریتانیایان کردووە، هەروەها پێویستە ئێمە هەڵەتێگەیشتنەکانی ڕابردوو لەبیر بکەین و دووبارە جەخت لەسەر دۆستایەتی دێرینمان بکەینەوە. ئەگەرچی بەرهەڵستی زۆریش لە دژی ئەم دۆستایەتیە کراوە و ئەنجامەکانی ئەم دۆستایەتیش دەبێ بۆ هەردوو لایەن ڕوون بێت.

٣. بە درێژایی ئێوارەکە تەنانەت بۆ یەکجاریش ئاماژە بە ناوی عەبدولکەریم قاسم نەدرا. تەنیا ڕووداوێک لەم دواییەدا ڕوویدابوو، تیشکی خرایەسەر، ئەویش بریتی بوو لەو دزی و کوشتنەی ئەم دواییە کە لەلایەن خێڵی زێبارییەوە ئەنجامدرا بوون. بە قسەی ئەوان پۆلیس دەستی لەگەڵ تاوانبارانـدا هەبووە. کاتێک من گوتم ئەمە ئەرکی حکومەتی عێراقە کەرتی پۆلیس وەپێشبخات، ئەوان ئاماژەیان بەوەدا کە حاڵی حازر، هیچ شتێک بوونی نییە بەناوی حکومەتی عێراق. گوتیان هەموو کورد یان زۆرینەی کورد پشتگیریی لە کۆمۆنیزم دەکەن. مەلامستەفا لەسەر ئەم بابەتە ڕوونکردنەوەیدا بەوەی،

یەکـەم ئـەوان دان بـە دۆسـتایەتی پراکتیکیـدا دەنێـن، ئەگـەر بێـت و پێشـنیازی ئـەم دۆسـتیایەتییە بخرێتـە بەردەمیـان؛ دووەم، مرۆڤـی سیاسـیی دەسـت بـە هەمـوو شـتێکەوە دەگرێـت. ئـەم ڕسـتەیەی کۆتایـی لەوانەیـە ئاماژەیـەک بێـت، بۆئـەوەی لـە ڕابـردوودا چـی ڕوویـداوە، دەکرێـت سـەر لـە نـوێ پیـادە بکرێتـەوە. مـن ئامـاژەم بـەوە دا، ئێمـە هیواداریـن لەگـەڵ ڕووس لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی ئاشـتی جیهانیـدا گفتوگـۆ بکەیـن، بـەڵام نامانەوێـت کۆمۆنیـزم لـە وەڵاتەکەمانـدا هەبێـت. زۆر لەسـەر بابەتـی کۆمۆنیـزم قسـەم نەکـرد، چونکـە دڵنیابـووم لـەوەی پیـاوە کڵاو هامبۆرگیەکـە، ئەگـەر مەلامسـتەفاش ئـەم کارە نـەکات، بـەڵام ئـەو چاوپێکەوتنەکـە دەخاتـە بـەردەم باڵیـۆزی ڕووسـیا. هـەر بۆیـەش لـەو بڕوایـەدا بـووم باشـترە لەبـری ئـەوەی هێـرش بکەمـە سـەر کۆمۆنیسـتەکان، کـە کـورد بـە دۆسـتی نزیکـی خۆیـان هەژماریـان دەکـەن، تیشـک بخەمەسـەر سیاسـەتی دۆسـتایەتی لەگـەڵ کـورد وەک بەشـێک لـە گەلـی عێـراق. ئـەوان [مەلامسـتەفا و شـێخ ئەحمـەد] تـا ڕادەیـەک بـە پێـی هەلومەرجـی ڕابـردوو بیـر دەکەنـەوە، ئەمـەش شـتێکی سروشـتییە. هـەر بۆیـەش وایـان نیشـان دەدا خوازیـارن باڵیـۆزی بەریتانیـا بێـت و سـەردانیان بـکات و قسـەکەیان بـەوە تـەواو کـرد، هیـوادار بـوون حکومەتـی بەریتانیـا هیـچ کات پشـت لـەوان نـەکات، تـا بەدەسـت خەڵکـی ناپـاک (wicked) بچەوسـێنرێنەوە.

٤. لەوانەیـە لـە دوای شـەڕی [دووەمـی جیهانـی] ئەمـە یەکەمجـار بێـت، کاربەدەسـتێکی بەریتانـی پەیوەندییەکـی کۆمەڵایەتـی لەگـەڵ بارزانییەکانـدا هەبێـت. مـن هیـوادارم لە داهاتـوودا ئـەم پەیوەندییـە کەسییە [لـە پێنـاو بەرژەوەنـدی بەریتانیـا] بـەکار بهێنرێـت و لـە داهاتـوودا سـەرەڕای بەربەسـتەکان بەردەوامـی بـەم پەیوەندییـە دەدەم. هەڵبەت دەبێـت زۆر ئـاگادار بـم، گومـان لای حکومەتـی عێـراق دروسـت نەکـەم. بە گشـتی، لای هاشـم جـەواد (Hashim Jawad) بـاسی چاوپێکەتنەکـە و هۆکارەکانـی ئەنجامدانـی چاوپێکەوتنەکـەم کـرد. ئـەو بابەتەکـەی بـە ئاسـایی وەرگـرت و گوتـی بیرۆکەیەکـی باش بـووە چـاوم بـە سـەرۆکی پارتـی کەوتـووە. هەروەهـا هـاوکارە تورکەکانیشـم ئـاگادار کـردووە کـە پەیوەندیـم بـە کـوردەوە کـردووە.

٥. یەکـەم هەسـت لـەم چاوپێکەوتنـەدا لام دروسـت بـوو، بریتـی بـوو لـەوەی بەرنامـەی پارتـی [دیموکراتـی] کوردسـتانم هێنـا بەرچـاوی خـۆم و [بـەو ئەنجامە گەیشـتم] مانگی هەنگوینـی لـە نێـوان قاسـم و بارزانییـەکان لەسـەر بناغەیەکـی پتـەو دانەمـەزراوە و لەوانەیـە دیموکراتـە نیشـتیمانییەکان، وەک هاوپەیمانێکـی ڕەسـەن، زۆرتـر پشـت بـە مەلامسـتەفا ببەسـتن کـە دەتوانێـت و توانـای ئـەوەی هەیـە بـە سیاسـەتێکی میانڕەوانـەی ناکۆمۆنیسـتی سـەرکردایەتی کـورد بـکات، بـەڵام ئێمـە ناتوانیـن لەمبـارەوە بگەینـە هیـچ ئەنجامگیرییەکـی دڵنیاکـەرەوە.

کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ بێرنـارد بـۆرۆس (Bernard Burrows) جێفـری هاریسـۆن (Jeffrey Harrison) و بـۆ نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییەکانی ‹POMEF› واشـنتن دەنێرم.

خزمەتکاری هەمیشەیتان

(Humphrey Trevelyan)

نهێنی

(10114/8/60)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٩ی فێبریوەری ١٩٦٠

بەڕێز جۆرج

١. لە ٢٨ی مارچ، مەلامستەفا بارزانی وەڵامی پەیوەندییەکەی منی دایەوە، [لەم گفتوگۆیەدا] ئەم خاڵانەی خوارەوە باسکران:

ا ئەوان [بارزانییەکان] زۆر نیگەرانی کارە تاڵانکارییەکانی ئەو تاوانبارانەن، واتە ئەو کەسانەی لە چاوپێکەوتنەکەی ڕابردوودا، ئاماژەیان پێکرا، داوایان لە قاسم کردووە [بارزانییەکان] لە بارزان دەربکەن و لە شوێنێکیتر زەویان بۆ تەرخان بکەن، بۆ نموونە، لە سلێمانی بێت. قاسم ئەم داواکارییەی ڕەتکردووەتەوە. حکومەت هیچ ڕێکارێکی نەگرتووەتەبەر بۆئەوەی دزەکان دەستبەسەر بکات، ئەمەش سەرەڕای ئەو هەموو نارەزاییەی لەمبارەوە خراوەتەبەردەم وەزیری کاروباری ناوخۆ. هەروەها ڕێگە بە بارزانییەکان نادرێت، تا تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. (ئەمەش ئەو قسەیە پشتڕاست دەکاتەوە هاوکارە یۆگسلاڤیەکەم بە منی گوت، حاڵی حازر بارزانییەکان زۆر لاوازن).

ب بە گوێرەی مێژووی ڕابردوو، شتێکی سروشتییە، زۆربەی کورد پشتگیریی لە کۆمۆنیستەکان بکەن؛ ئەمەش لە چاوپێکەوتنی ڕابردوودا بە من گوترا، بەڵام بۆچوونە کەسییەکانی خودی مەلامستەفا لەبارەی کۆمۆنیزمەوە، هاوشێوەی بۆچوونەکانی منن (چونکە ئەم جارە ئەو بە تەنیا بوو و من دەرفەتم قۆستەوە، ئازادانەتر قسەی لەگەڵدا بکەم). ئەو خۆی لەبەرانبەر پرۆگرامی پارەتەکەی بەرپرسیار نییە، چونکە پرۆگرامەکە لەلایەن کۆمیتەی حزبەوە بڕیاری لەسەر دراوە. لەوانەیە پرۆگرامێکی نوێ دابڕێژرێت، من پێموایە پرۆگرامێکی باش

دەبێت. دەتوانم ببینم هەڵوێستی مەلامستەفا بە گوێرەی کردەوەکانی لەبەرانبەر کۆمۆنیزمدا چۆن دەبێت.

**ج** مەلامستەفا بارزانی وەفاداری حکومەتی عێراق و عەبدولکەریم قاسمە.

**د** ئێستا بارزانی لە عێراقە و نیگەرانی پەیوەندی نێوان کوردی تورکیا و کوردی ئێران نییە لەگەڵ حکومەتەکانیاندا. (ئەم وەڵامەش، بۆ وەڵامی پرسیارێکی من هات، سەبارەت بە پرۆگرامی پارتەکە پرسیارم کرد).

**ه** (ئەم خاڵە زۆرترین کاتی برد). مەلامستەفا بارزانی لەلایەن شێخ ئەحمەدەوە ڕاسپێردرا بوو، داوا لە من بکات، نامەیەک بۆ شێخ ئەحمەد بنووسم و ئەم نامەیە بە هیچ کەس جیا لە کاربەدەستانی بەریتانی نیشان نادرێت و لە نامەکەدا ئاماژە بەوە بدرێت، حکومەتی بەریتانیا خوازیاری دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانەیە لەگەڵ بارزانییەکاندا. من بۆ مەلامستەفا بارزانی ئەوەم ڕوونکردەوە شێخ ئەحمەد بە گوێرەی هەلومەرجێکی سیاسی قسە دەکات کە ماوەیەکی زۆرە ئەم هەلومەرجە تێپەڕیوە. من لەم وڵاتەدا نوێنەری حکومەتی بەریتانیام و تەنیا پەیوەندیم لەگەڵ حکومەتی عێراقدا هەیە. ئێمە خوازیارین پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵ گشت گەلانی عێراقدا هەبێت، بە بارزانییەکانەوە، بەڵام ناتوانین هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی تایبەتیان لەگەڵدا دامەزرێنین. بە بێ مۆڵەتی حکومەتی بەریتانیا و بە بێ ڕەزامەندی حکومەتی عێراق، ناتوانم نامەیەکی لەم چەشنە بنووسم. مەلامستەفا باسی لەوەکرد، بۆ شێخ ئەحمەدی ڕوونکردووەتەوە، من بە هۆی ئەو هۆکارانەی ئاماژەم پێکردن، ناتوانم نامەیەکی لەم چەشنە بۆ شێخ ئەحمەد بنووسم، بەڵام شێخ ئەحمەد پێداگری لەسەر ئەوە کردووە، ئەگەر مەلامستەفا ئەم نامەیە لەگەڵ خۆی نەباتە بارزان، ئەو [شێخ ئەحمەد] چیتر بڕوا بە قسەکانی من [نوێنەری بەریتانیا] ناکات. گوتم بە داخەوە، بەڵام ئەم [هەڵوێستە] یارمەتیدەر نییە. بەهەرحاڵ، من ئەوە لەبەرچاودەگرم، چۆن دەتوانم یارمەتی مەلامستەفا بدەم کە شێخ ئەحمەد ڕازی بکات بەوەی ئێمە فریوی نادەین و ئەم بابەتە بۆ لەندەن دەخەینەڕوو.

٢. ئـەم چاوپێکەتنـە زۆر دۆسـتانە بـوو و زمینەیەکـی بـۆ پاڵپشـتی کردنـی ئـەم بۆچوونـە ڕەخسـاند، کـە ئێمـە زۆر گـوێ بیسـتی دەبیـن، بـەوەی مەلامسـتەفا پـتر لـە دیموکراتـە نیشـتیمانییەکان (National Democrats) نزیکـە تـا لـە کۆمۆنیسـتەکان، بـەڵام بـە لەبەرچاوگرتنـی چاوپێکەوتنـی ڕابردووم لەگەڵ مەلامسـتەفا و بـە ڕەچاوکردنی پڕۆگرامی حـزب [پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان]، وا دێتـە بەرچـاو، حاڵـی حـازر مەلامسـتەفا لـەم بـارەوە دەسـتڕۆیی ئەوتـۆی لەسـەر ئەندامەکانیـتری بەرجەسـتەی ئـەم حزبـەدا نەبێـت.

٣. ئـەو هیـچ دژایەتییەکـی بـۆ پێشـنیازەکەی مـن دەرنەبـڕی، مـن دەبـێ لەگـەڵ هاشـم جـەواد سـەبارەت بـەم داواکارییـە قسـە بکـەم، هـاوکات ئـەوەش لەبەرچـاو دەگریـن ئـەم داواکارییـە هیـچ گرنگییەکـی سیاسـی لـە پشـتەوە نییـە، یـان ببێتـە هـۆی نیگەرانی دروسـتکردن لـە پەیوەندییەکانـی نێـوان بەریتانیـا و حکومەتـی عێراقـدا. ئـەو کۆتایـی بـە قسـەکانی هێنـا بـە دەربڕینـی خزمەتکـردن و خۆفیداکـردن بـۆ حکومەتـی بەریتانیا، مـن ئـەم قسـەیە تەنیـا وەک موجاملەیەکـی خێڵەکییانـە هەژمـار دەکـەم.

٤. مـن پێشـنیاز دەکـەم [داواکاری شـێخ ئەحمـەد سـەبارەت بـە نووسـینی نامـەی دۆسـتایەتی نێـوان بەریتانیـا و بارزانییـەکان] هاشـم جـەوادی لێـی ئـاگادار بکەینـەوە و ئەگـەر ئـەو ڕازی بـوو، پێمباشـە ئێمـە نامەیـەک بـۆ شـێخ ئەحمـەد بنووسـین و کۆپییـەك لـە نامەکـە بـۆ هاشـم جـەواد بنێریـن و بـاس لـەوە بکەیـن، سیاسـەتی حکومەتـی بەریتانیـا بریتییـە لـە هەبوونـی پەیوەنـدی دۆسـتانە لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق و لـە ڕێگـەی حکومەتـی عێراقـەوە لەگـەڵ گشـت عێراقییەکانـی ئـەم وڵاتـە، بـەم جـۆرەش ئـەو دڵنیـا دەبێـت، ئـەم سیاسـەتە هـەروەك چـۆن بارزانییـەکان لەخـۆ دەگرێـت، گشـت دانیشـتووانیتری عێـراق دەگرێتـە خـۆ.

مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ هاریسـۆن (Harrison)، بـۆرۆس (Burrows)، مـەک دێرمـۆت (McDermott) و نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە واشـنتن دەنێـرم.

خزمەتکاری هەمیشەییتان (Humphrey Trevelyan)

نهێنی

لەلایەن بەغداوە بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوە

دابەشکردن بەسەر بەشەکانەوە (departmental distribution)

Cypher/OPT

سێر هـ. ترێڤێلیەن (Sir. H. Trevelyan)

ژمارە ٣٧٧، ١١ی مارچ ١٩٦٠

ڕێکەوت: ٦.٢٩ خولەکی پاش نیوەڕۆ، ١١ی مارچ ١٩٦٠

گەیشتن: ٦.٤٨ خولەکی پاش نیوەڕۆ، ١١١ی مارچ ١٩٦٠

ئەولەویەت/نهێنی

نێردراوە بۆ تەلەگرامی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بە ژمارە ٣٧٧ لە ١١ی مارچ ١٩٦٠

بۆ زانیاری پتر دووبارە کراوەتەوە بۆ: ئەنقەرە، تاران

هەروەها پارێزراوە لە: POMEF، واشنتن

تەلەگرامی ئەنقەرە بە ژمارە ٣٧٧ و تەلەگرامی ئێوە بە ژمارە ٤٦٣: کوردی عێراق

١. من هیچ ناڕەزایەتیەکم نییە، ئەو بابەتەی خراوەتەڕوو، بایەخێکی ئەوتۆی نییە و پێشنیازی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەم. سەردانێکی فەرمی مەلامستەفا بارزانیم کرد، وەک سەرۆکی یەکێک لە حزبەکانی تازە مۆڵەت پێدراو؛ ئەویش وەڵامی داوکارییەکەی منی دایەوە. لە سەردانەکەمدا، ئەو، شێخ ئەحمەدی لەگەڵدا بوو کە بە شێوەی سەرەکی باسی لە پەیوەندییەکانی ڕابردوو لە نێوان بەریتانیا و بارزانییەکان کرد [گلەیی و گازندەی لە جۆری پەیوەندییەکانی ئێستای هەبوو]. ئەم خاڵانەی خوارەوە لەم گفتوگۆیە و لە گفتوگۆی نێوان من و وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق هاتنەکایەوە:

ا هەندێك جیاوازی لە نێوان حکومەتی عێراق و بارزانییەکاندا لە ئارادایە،

سەبارەت بە کێشمەکێشی نێوان بارزانییەکان و زێبارییەکان کە لە دوای گەڕانەوەی بارزانییەکان [لە ڕووسیاوە] بۆ عێراق ڕوویانداوە. (لەم دواییانەدا قاسم پێشوازی لە کۆمەڵێک سەرۆک خێڵێتری کورد کردووە).

**ب** بەهەرحاڵ، وا دەردەکەوێت، ئەم بابەتە کاریگەری لە سەر پەیوەندی قاسم لەگەڵ پارتی [دیموکراتی] کوردستان نەبووە. وادیارە ئەم حزبە قبوڵی کردووە بە پرۆگرامەکەی خۆیدا بچێتەوە، ئەگەرچی تا هەنوکە ئەو دانەیەی پێداچوونەتەوە، بڵاونەبووەتەوە.

**ج** ئەگەرچی بارزانییەکان [واتە شێخ ئەحمەد و مەلامستەفا]، لە یەکەمین چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا، ئەوەیان خستەڕوو، کورد لە ژێر ڕۆشنایی ئەزموونی ڕابردوویان، زۆرتر لایەنگری کۆمۆنیستن، بەڵام کاتێک مەلامستەفا بە تەنیا چاوی بە من کەوت، سیاسەتێکی دژە کۆمۆنیستی گرتەبەر، لەگەڵ ئەو بۆچوونە سیاسییە یەکی دەگرتەوە، ئێمە لە دیموکراتە ناسیۆنالیستەکان گوێبیستی بووین.

**د** دەتوانم ڕاگەیاندنێک لە مەلامستەفا وەربگرم و ئاماژە بەوە بکات، ئێستا ئەو گەڕاوەتەوە عێراق، بە هیچ شێوەیەک دەستوەرناداتە کاروباری کوردی دەرەوەی عێراق.

٢. داواکاری شێخ ئەحمەد بۆ نامەی دۆستایەتی (من ناتوانم ئەم داواکارییە جێبەجێ بکەم) نابێ (دووبارەی دەکەمەوە نابێ) ئاماژەی بۆ بکرێت. هەروەها دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، حکومەتی عێراق ئاگادار بکرێتەوە، من چیتر ئەو سەردانانە ئەنجام نادەم، تا هیچ جۆرە بە هەڵە تێگەیشتنێک لەم سەردانانەدا نەیێتەکایەوە.

٣. هەوڵ دەدەم، لە بارەی ئەم خاڵانەوە لەگەڵ هاوکارە تورکەکەم قسە بکەم. لەگەڵ بەرپرسە ئێرانییە کاربەڕێکەرەکان قسەم نەکردووە، ئەویش بە هۆی ئەو هۆکارانەی ئێوە درکی پێدەکەن، بەڵام هیچ کێشەم نییە لەوەی مستەر ئارام (Mr. Aram) لە تاران لەم بارەیەوە ئاگادار بکرێتەوە، ئەگەر هاتوو ئەم کارە سوودی هەبوو.

٤. هـاوکارە ئەمریکییەکـەم [واتـە باڵیـۆزی ئەمریـکا] لـەم بارەیـەوە ئـاگادار کردووەتـەوە. مەلامســتەفا بارزانــی هــەوڵ دەدات لــە ڕێگــەی پاکســتانییەکانەوە پەیوەنــدی بــە هــاوکارە ئەمریکیەکەمــەوە بــکات، بــەڵام ئێمــە ڕێککەوتوویــن، نابــێ حاڵــی حــازر، بـە هـۆی ئامۆژگارییەکانـی پەیوەسـت بـە ‹جـەواد›ەوە، ئـەو چـاوی بـە مەلامسـتەفا بکەوێــت. بەهەرحــاڵ، هەنوکــە مەلامســتەفا لــە بارزانــە.

تکایــە نووســینگەی کاروبــاری دەرەوە تەلەگرامەکــەم بــە ژمــارە ٣٣٤٩ بــۆ تــاران و ئەنقــەرە بنێــرە؛ هەروەهــا تەلەگرامەکــەم بــە ژمــارە ١٣ و ٥٢ بــۆ نووســینگەی پاراســتنی زانیارییــەکان ‹POMEF› و واشــنتن بنێــرە.

(هەروەك داواکراوە دووبارە کراوەتەوە)

دابەش بکرێت بەسەر: بەشی ڕۆژهەڵات، بەشی باشوور.

نهێنی

ئەرشیڤ

(E 182/11)

١ی ئەپریل ١٩٦٠

سێر هـ. ترێڤێلیەن و کورد (Sir H. Trevelyan and the Kurds)

لە پەرەگرافی ٥ی گفتوگۆی نێوان مستەر پرۆمۆفۆ (Mr. Profumo لەگەڵ باڵیۆزی تورکیا لە ٢٤ی مارچ، مستەر پرۆمۆفۆ، پرسیاری لە بەشی [کاروباری دەرەوەی] کردووە، ئایا هیچ زانیارییەکی زۆرتر هەیە سەبارەت بە گفتوگۆی نێوان سێر هـ. ترێڤێلیەن لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی سەرۆکی کوردی عێراق کە ئێمە بتوانین بە مستەر موحەرەم نوری بیرگی (Mr. Muharram Nuri Birgi) بڵێین.

لە بارەی ئەم گفتگۆیە، نیگەرانییەکی زۆر لە ئارادایە، پێویست بەم نیگەرانییە زۆرە ناکات. ئەو پێشبینیەی نامەکەی سێر هـ. ترێڤێلیەن لە ٢٣ی فێبریوەری (E 1821/5) ئاماژەی بۆ دەکات، خاڵی سەرەکی تێدا بریتییە لەوەی، دوای دامەزراندنی پارتی نیشتیمانی دیموکراتی کوردستان (National Democratic Party of kurdistan)، تەلەفۆن بۆ باڵیۆز کرابوو، داوای چاوپێکەوتن بکات. دواتر هیچ شتێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا، تا لە ٢١ی فێبریوەری سێر هـ. ترێڤێلیەن پەیامێکی جیدی بەدەست گەیشتووە، داویان لێکردبوو، یەکسەر پەیوەندی بە بارەگای فەرماندەیی کوردەوە بکات. کاتێک مەلامستەفا وەڵامی پەیوەندییەکی باڵیۆزی [بەریتانیای] داوەتەوە، ناوەڕۆکی سەرەکی لەم چاوپێکەوتنە و لە چاوپێکەوتنی دواتردا، گەیشتووەتە دەست باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا؛ هەروەها دواتر لە ١٧ی مارچ بە دەست کۆبوونەوەی جێگرانی ئەنجوومەنی سێنتۆ گەیشتووە (بڕوانە تەلەگرامی بەغدا بە ژمارە ٣٧٧، هەروەها تەلەگرامی ئەنقەرە بە ژمارە ٤٢٤).

ئاستی نیگەرانیی تورکیا پاساو هەڵنەگرە. هەروەها هیچ شتێکی گرنگ لەم چاوپێکەوتنەدا نەهاتووەتە کایەوە، تەنیا لێدوانە ڕەزامەندییەکەی تورکیا نەبێت،

سەبارەت بە دەربڕینەکەی مەلامستەفا، ئەوەی گوتبووی، ئێستا ئەو گەڕاوەتەوە عێراق و بە هیچ شێوەیەک دەستێوەردان لە کاروباری کوردی دەرەوەی عێراق ناکات.

سەبارەت بە خواستی وەزیری کاروباری دەرەوە، بەشی [ڕۆژهەڵات] بە پێویستی نازانێت، نە مستەر پرۆمۆفۆ (Mr. Profumo) سەردانی باڵیۆزی تورکیا بکات، نە خودی ئەم بەشە سەردانی ڕاوێژکاری تورکیا بکات. لەڕاستیدا هیچ شتێکی زیاتر نییە بخرێتە سەر ئەو قسانەی لە بەغدا و ئەنقەرە بە باڵیۆزی تورکیا [سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکە] گوتراوە.

هەڵوێستی سێر هـ. ترێڤێلیەن، هەڵوێستێکی زۆر گونجاو بووە. ئەو زۆر بە باشی وەڵامی هەستیاریی تورکەکانی داوەتەوە (تەلەگرامی بەغدا بە ژمارە ٤٢٢) هەروەها خودی تورکەکانیش چیتر نیگەرانی ئەم بابەتە نین (تەلەگرامی ئەنقەرە بە ژمارە ٤٣٦). لە ئەگەری ئەنجامدانی هەر گفتوگۆیەکی زیاتر [لەسەر ئەم بابەتە] لەگەڵ باڵیۆزخانەی تورکیا، تەنیا باس لە پرس و بەرژەوەندی ناگرنگ دەکرێت. [واتە کات بە فیڕۆدانە].

(G. F. Hiller)

٢٨ی مارچ ١٩٦٠

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/22/60)

١٧ی مەی ١٩٦٠

بەڕێز بەشی [ڕۆژهەڵات]

هەفتەی ڕابردوو کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسترا. ئەم کۆنگرەیە هیچ پرسێکی جێی سەرنجی نەوروژاند. مەلامستەفا بارزانی بە سەرۆکی ئەم پارتە هەڵبژێردرا. کۆنگرەکە تەلەگرامێکی پشتیوانی بۆ قاسم نارد و هەندێك بڕیاری ڕۆتینیش دەرکران. تەنیا خاڵی گرنگ لەم کۆنگرەیەدا ئەمەی خوارەوەیە:

١. «پیرۆزبایی، جەخت و بە تەواوەتی پشتیوانی لە نەتەوەی کوردی بوێر، پارتەکەیان، ڕێکخراوەکانی سەر بەم پارتە و کۆڕە تێکۆشەرەکانیان لە دژی ئیمپریالیستەکان و ئاژانسە خائیینەکانیان دەکەین. هەروەها پشتیوانی ئامانج و خواستی ڕێگەپێدراوی گەلی قارمانی کورد دەکەین. سیاسەتی جیاکاری نەتەوایەتی سەرکۆنە و شەرمەزار دەکەین کە لەلایەن هێزە کۆنەپارێزەکانی تورکیا، ئێران و سوریا لە دژی گەلی کورد پیادە دەکرێت».

٢. ڕۆژنامەی ‹ئەلخەبات››ی سەر بەم پارتە، لە ١٥ی مانگی مەی، پەیامێکی بڵاوکردووەتەوە کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و خەباتگێڕانی دیموکرات (Democratic Strugglers)ی کوردی سوریا بۆ کۆنگرە نێردراوە. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لەم پەیامانە:

«پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی خۆی بۆ هاوڕێ تێکۆشەرەکانمان لە کۆنگرەی پێنجەمی پارتەکەمان ناردووە. ئەوان داوایان کردووە، پاڵپشتی جیدیی لە گەلی کورد بکرێت کە بە دەست دەسەڵاتی کۆنەپارێزی تاران و ئەنقەرە دەناڵێنن. لە

لوتکەی چیا سەربەرزەکانی کوردستانەوە، کورد دەڕواننە سەر سێ بەشە دزراوەکەی نیشتیمانەکەمان و بە نیگەرانییەوە دەڕواننە هاوڕێکانمان لە بەندیخانەکانی ‹غەزەل قەڵات (Kazal Kalaat)ی تاران بە دەستی جەلادەکانی ‹شا›، ‹بەختیار› و ‹شارەزایانی سەربازیی ئەمریکی› ئەشکەنجە دەدرێن. ئەوان بە تامەزرۆییەوە لە پێناو ڕزگاری گەلی کورد و کوردستان، چاوەڕوانی تێکۆشانی ئێمەن لە دژی قەڵای ئیمپریالیزم.

بڕۆخێت دەسەڵاتی شا، ئیقبال و بەختیار و سەرکەوتن بۆ گەلی تێکۆشەری کوردستان و ئازەربایجان››.

پەیامێکیتری پیرۆزبایی لەلایەن پارتی خەباتگێڕانی دیموکراتی کوردی سوریا بۆ کۆنگرەی پێنجەمی [پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق] نێردراوە و «هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەی کردووە. هەروەها هیوای سەرکەوتن بۆ کۆماری شکۆمەندی عێراق دەخوازن، کۆمارەکەی عەرەب و کورد بە سەرکردایەتی پاڵەوانی ١٤ی جوڵای، سەرکردەی عەرەب و کورد، عەبدولکەریم قاسم. خوازیارن کۆنگرەکە ئەو ڕێگا و ئامرازانە بدۆزێتەوە کە چالاکانە پشتیوانی تێکۆشانەکەمان و پشتیوانی براکانمان لە تورکیا و ئێران بێت››.

٣. ئێمە کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، قاهیرە و تاران دەنێرین.

خزمەتکاری هەمیشەیتان

(ئەرشیف)

نهێنی

(10114/32/60)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٣ی ئۆگۆست ١٩٦٠

بەڕێز بەشی [ڕۆژهەڵات]

١. نورەدین محیەدین، بەڕێوەبەری گشتی بیناسازی، لە گفتوگۆی ئەم دواییەدا لەگەڵ (de Coursey-Ireland) قسەی لەبارەی کورد کردووە. ئەم خاڵانەی خوارەوە تاڕادەیەکی زۆر پشت بە قسەکانی ئەو دەبەستن، چونک ئێمە پەیوەندی زۆر کەمان لەگەڵ کورددا هەیە. خودی نوردەدین کوردێکی ناسیۆنالیستی زۆر توندە. وا دیارە زۆربەی سەرکردە کوردەکان دەناسێت و زانیاریی زۆریشی هەیە.

٢. بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ، تا پێش شۆڕشی [ساڵی ١٩٥٨]، کورد لە چارەنووسی خۆیان لە عێراقدا ناڕازیی بوون و هەستیان دەکرد، ئەوان وەک بوونەوەرێکی پەست مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. لەوانەیە گەورەترین هاندەر بۆ شانازی ناسیۆنالیستی کورد بریتی بێت لەوەی دوای تێکۆشانێکی زۆر، توانیان خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا دەستەبەر بکەن، حکومەتە یەک لە دوا یەکەکان ڕێگەیان نەداوە زمانی خوێندن لە قوتابخانە ناوەندییەکاندا زمانی کوردی بێت، هەروەها بابەتی مێژوویی و ئەدەبی پێویست بە زمانی کوردی لەبەر دەست نین. بەهەرحاڵ، دەربازبوونی دوو ساڵ بەسەر شۆڕش، چارەنووسی کوردی تا ڕادەیەک باشتر کردووە، هەر بۆیە ئیرادەیەک هەیە بۆ ئەوەی [حکومەتی عێراق] هەندێك تەنازولات بکات، تەنانەت ئەگەر سنووردariش بن، بۆ ئەوەی هەستی ناسیۆنالیستی کورد ئارام بکاتەوە.

٣. کاتێک شۆڕش ڕوویدا، کوردێکی زۆر ئومێدیان بەوە هەبوو، دروشمی برایەتی

کــورد و عــەرەب، واتایەکــی ڕاســتەقینەی هەیــە و کــورد بڕێــك لــە ئۆتۆنۆمــی لــە بــواری کارگێــڕی و کەرتــی پــەروەردە دەســتەبەر دەکــەن و لــە بەرنامەکانــی بوژانــەوەش ســودمەند دەبــن، بــەڵام هــەر زوو کــورد نائومێــد کــران. [لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە ســەبارەت بــە ئۆتۆنۆمــی] کارگێــڕی هیــچ تەنازولێــک نەکــرا، هەروەهــا بەڕێوەبەرایەتــی گشــتی خوێندنــی کــوردی کــە لــە وەزارەتــی پــەروەردەدا دانــرا، دەســتکەوتێکی زۆر کــەم یــان هیــچ دەســکەوتێکی تۆمــار نەکــرد و لــەم ڕووەوە گلەیــی و گازنــدەی زۆری لەســەرە.

٤. لەوانەیـە دوو دەسـتکەوتی سـەرەکی شۆڕشـی [سـاڵی ]١٩٥٨ بـۆ کـورد بریتـی بـن لـە گەڕانــەوەی مەلامســتەفا بارزانــی و هاوڕێکانــی لــە ڕووســیا، هەروەهــا مۆڵەتــدان بــە کردنــەوەی پارتێکــی کــوردی کــە بــە ئاشــکرا چالاکییەکانــی بەڕێــوە ببــات، واتــە پارتــی دیموکراتــی کوردســتان. بەهەرحــاڵ دەســتکەوتی دووەم، دەســکەوتێکی جەوهــەری نییــە. هەمــوو کــورد هــەروەك لەناویــان دیــارە، خوازیــاری دامەزراندنــی دەوڵەتــی کوردســتانی ســەربەخۆن، پارتــی دیموکراتــی کوردســتانیش هــەر ئــەم ئامانجــەی هەیـە، بـەڵام دەسـتی کـورد بەسـتراوەتەوە. ئـەوان حاڵـی حـازر، پابەندیـی خۆیـان بـۆ پشـتگیری لـە حکومەتـی عێـراق نیشـانداوە، هەربۆیـەش ناتوانـن بـە ڕاشـکاوی بـاس لـە کوردسـتانی سـەربەخۆ بکـەن و قاسـمیش دژی ئـەم بابەتەیـە. هـەر بۆیـە ئـەوان ئـەم ئامانجەیـان (plank) لـە پرۆگرامـی پارتەکەیـان سـڕیوەتەوە، لـەم بـارەوە کـورد بێدەنگیـان هەڵبـژاردووە و تەنیـا لەسـەر بابەتـە بـێ زیانەکانـی وەک [دابینکردنـی] پـەروەردە و بەپیشەسـازیکردنی [کوردسـتان] قسـە دەکـەن.

٥. پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بانگەشــەی ئــەوە دەکات، پارتێکــی مارکســییە و بــە دڵنیاییــەوە بــە نزیــک بوونیــان لــە کۆمۆنیســتەکانەوە، لەلایــەن ناسیۆنالیســتەکانەوە هێرشــیان دەکرێتــە ســەر، بــەڵام نوردەیــن ئــەم تۆماتەنــە ڕەت دەکاتــەوە [ئــەوان مارکسـیی بـن]. مەلامسـتەفا پێـی گوتـووە، کاتێـک لـە دوای شـەڕ بـەرەو ڕووسـیا چـوو، هیـچ بژاردەیەکـی دیکـەی نەبـووە و ڕووسـیا تەنیـا وڵاتێـک بـووە، لـەو بڕوایەدابـوو پێشـوازی لێبـکات. ئـەو و هەڤاڵانی کاتێـک لـە ڕووسـیا دەژیـان، کاتێکـی زۆر سـەختیان

بەسـەر بـردووە و ئەنجامەکانـی کۆمۆنیـزم کاریگـەری ئەوتـۆی لەسـەر ئـەودا دروسـت نەکـردووە. سـەرەڕای ئەمـەش، کاتێـک نورەدیـن سـەبارەت تۆنـی چەپڕەوانـەی ‹خەبـات›، ڕۆژنامەکـەی سـەر بـە پارتـی، پرسـیاری لـە ئیبراهیـم ئەحمـەد، سـکرتێری پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـردووە، لـە وەڵامـدا گوتوویەتـی، تـا هەنوکـە پارتـی هێنـدە لـە باڵـی چـەپ دوورنەکەوتووەتـەوە، هـەروەك چـۆن ئەمـە بـە خوێندنـەوەی ڕۆژنامەکـە دەردەکەوێـت. ئـەوان بـە ئەنقەسـت سیاسـەتی چەپڕەویـان گرتووەتەبـەر، تـا لـەم ڕێگەیـەوە پاڵپشـتی کۆمۆنیسـتەکان دەسـتەبەر بکـەن. نورەدیـن ئامـاژەی بـەوە کـردووە، پارتـی لەگـەڵ کۆمۆنیسـتەکان لـە ململانێـی بەردەوامـدا بـووە، بۆئەوەی بتوانێـت خێڵـە کوردییـەکان کۆنـترۆڵ بـکات.

٦. بارودۆخـی ئابـوری کوردسـتان خراپـە. بـە هـۆی بـاران نەباریـن لـە سـاڵی ڕابـردوودا، بەروبومـی کشـتوکاڵی زۆر کـەم بوو و چەندیـن ناوچە بە تایبەتیش ناوچە دەشـتاییەکان، تووشـی وشکەسـاڵی جیـددی بوونەتـەوە؛ تەنانـەت دابینکردنـی ئـاوی خواردنـەوەش کەمـە و لـەو گوندانـەی زۆر بەخراپـی تووشـی وشکەسـاڵی بوونەتـەوە، ئـاو بـە نرخێکـی زۆر گـران دەفرۆشرێـت. سـەرەڕای ئەمـەش ژمارەیەکـی زۆر ئەسـپ بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی ‹نەخۆشـی ئەسـپی ئەفریقـی› تۆپیـون، ئەمـەش کاریگەرییەکـی زۆری لەسـەر کەرتـی کشـتوکاڵ دروسـت کـردووە. سـەرەڕای بەڵێنـەکان، بـەڵام تـا هەنوکـە حکومـەت هیـچ ڕێکارێکـی بـۆ ڕووبـەڕوو بوونـەوەی وشکەسـاڵی نەگرتووتەبـەر و قەرەبـووی ئـەو کەسـانەی نەکردووەتـەوە کـە ئەسـپەکانیان لەدەسـتداوە. هیـچ پلانێـک بـۆ دامەزراندنـی پـڕۆژە پیشەسـازییەکان لـە کوردسـتاندا لـە ئـارادا نییـە و کـورد هیـچ دەسـتکەوتێکی هەسـتپێکراویان لـە پلانـی بوژانـەوەی ئابـوری دەسـتەبەر نەکـردووە، لەڕاسـتیدا تەنیـا دەسـکەوتیان لەدەسـتدانی کێڵگـە کشـتوکاڵییە بەپیتەکانـی دەوروبـەری دوکان و دەربەندیخـان بـووە، کـە بـە دروسـتکردنی ئـەم بەنداوانـە لـە دەسـتی دەدەن، بـە بـێ ئـەوەی لەبـری ئـەم زیانـە بـە شـیاوی قەرەبـوو بکرێنـەوە.

٧. نـاڕازی بـوون و گلەیـی کـردن لـە حکومـەت لـە سەرتاسـەری کوردسـتاندا بەرچـاو دەکەوێـت. ئێمـە گوێبیسـتی هەندێـك دەنگـۆ بووینـە، گوایـە لـە ئەگەری سـەرهەڵدانی

هـەر جـۆرە پشـێوییێک لـە عێراقـدا، کـورد بـۆ دەسـتەبەرکردنی ئـەو دەسـکەوتانەی نەیانتوانیـوە لـە ڕێگـەی ئاشـتییەوە دەسـتەبەری بکـەن، بـۆ دەسـتەبەرکردنیان پەنـا بـۆ بەکارهێنانـی هێـز دەبـەن، بـەڵام حاڵـی حـازر ئـەم قسـانە تەنیـا دەنگـۆن.

ئێمـە کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیاریـی لـە تـاران، واشـنتن، ئەنقـەرە و نووسـینگەی سیاسـیی سـەر بـە هێزەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، قوبـرس و بـارەگای فەرماندەیـی، هێزەکانـی بەریتانیـا لـە دورگـەی عەرەبـی و عـەدەن، دەنێریـن.

خزمەتکاری هەمیشەیتان

(Chancery)

نهێنی

(10114/33/60)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا- بەغدا ١٢ی سێپتەمبەر ١٩٦٠

بەڕێز ستێفێن

مـن وەرگێڕانـی یاداشـتێک، لـە ڕۆژنامەی ‹ئەلحوریە›ی سـەر بـە پارتی ناسیۆنالیسـتەکان بڵاوکرابـووەوە و شـاندی کـوردی لـە کۆتـای ئۆگۆسـتدا، بـۆ قاسـم ناردبوویان، بۆتـان دەنێرم. هــەروەك بەڕێزتــان دواتــر دەیبینــن، یاداشــتەکە ڕەخنــە لــە بارودۆخــی گشــتی وڵات، چۆنیەتـی بەڕێوەبردنـی یاسـای چاکسـازیی زەوی کشـتوکاڵی و کۆمۆنیسـتەکان دەگرێـت. مـن ئـاگادار کراومەتـەوە، قاسـم لـەم جـۆرە یاداشـتە تـوڕە بـووە و ڕەتـی کردووەتـەوە چـاوی بـە شـاندەکە بکەوێـت. ئـەو کەسـانەی یاداشـتەکەیان نووسـیووە دەرەبەگـەکان، کۆنەپارێـزەکان، میانـڕەوەکان و دژە کۆمۆنیسـتەکان بـوون، ئەمـەش بـە پێـی قسـەی ئـەو کەسـەی بـۆ مـن باسـی یاداشـتەکە کـردووە.

تێگەیشـتنی مـن بریتییـە لـەوەی، ئـەم شـاندە نوێنەرایەتـی خـاوەن زەوییـەکان و چینـی سـەرەوەی کوردسـتان دەکات. مـن ئـەو کەسـانە بـە میانـڕەو و دژی کۆمۆنیسـت وەسـف دەکـەم، هەروەهـا یەکێـک لـە فەرمانبەرانـی باڵیۆزخانـەی ئەمریـکا هەمـان هەسـتی منـی هەیـە. ئـەو کەسـە پێشـتر کۆنسـولی ئەمریـکا بـووە لـە کەرکـوک و لـەم دواییـەدا لـە گەشـتێک بـۆ باکـووری کوردسـتان گەڕاوەتـەوە.

(S. Falle)

S. J. Whitwell, Esq, N. C

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S. W. 1

**ئەلحوریە (٣٠ی ئۆگۆست ١٩٦٠)**

شـاندێکی کـورد هەفتـەی ڕابـردوو سـەردانی بەغدایـان کردبـوو، ئـەم یاداشـتە گرنگـەی خوارەوەیـان خسـتەبەردەم سـەرۆک وەزیـران. شـاندەکە لـە کـوردی موسـڵ، هەولێـر، کەرکـوک، سـلێمانی، خانەقیـن، بادینـان، رانیـە، پشـدەر، کفـری، تۆزخورماتـوو، ڕوانـدز، زینـۆ و ناوچەکانیـتر پێکهاتبـوو. بـە گەیشـتنیان بـۆ بەغـدا، شـاندەکە تەلەگرامێکیـان بـۆ سـەرۆک نـارد و پشـتگیریی تـەواوی خۆیـان بـۆ حکومەتـی نیشـتیمانی لـە گفتوگۆکانیـدا لەگـەڵ کۆمپانیاکانـی نـەوت دەربـڕی:

«پێـش هـەر شـتێک، ئـەم شـاندە هاتـووە پشـتگیری لـە یەکپارچەیـی خاکـی عێـراق، سیسـتەمی کۆمـاری پایەدار و سـەرکردایەتی ڕاسـتەقینەی شۆڕشـی ١٤ی جـوڵای دەربـڕێت. ئـەم سێ بنەمایـە، بناغـەی کاری ئێمـە پێکدێنـن و گشـت قسـەکانی ئێمـەش لـە ئەنجامـی هەسـتکردنمانە بـە بەرپرسـیارێتیمان بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر ئاسـتەنگەکان کـە ڕووبـەڕووی کۆمارەکەمـان بووەتـەوە. بـۆ نموونـە، یـەک نەگرتـن لـە نێـوان خەڵکـدا. بـە بـڕوای ئێمـە بەرژەوەندیـی نیشـتیمانی و ئاسایشـی گشـتی، گشـت ئـەو کەسـانەی بڕوایـان [بـەم کۆمـارە هەیـە] ناچـار دەکات، لەبەرانبـەر حکومەتـی نیشـتیمانی و سـەرکردەکەی ڕاشـکاو بـن. ئەمـەش ئێمـەی هانـداوە بێینـە ئێـرە و [پاڵپشـتی] خۆمـان بـۆ ئێـوە دەربـڕیـن.

هـەر لـە سـەرەتاوە گەلـی کـورد پشـتگیریی خـۆی بـۆ شـۆڕش دەربڕیـوە و پاداشـتی ئــەم کارەشــیان لــە بەنــدی ٣ی دەســتوری کاتیــدا دراوتــەوە، بــەوەی کــورد لەگــەڵ عــەرەب بــە هاوبــەش لــەم وڵاتــەدا هەژمــار دەکرێــن. ئێمــە دڵنیایــن، ئــەم بەنــدە کــە خواســتی گەلــی ئێمــەی کــورد بــوو بــۆ یەکپارچەیــی خاکــی عێــراق، کۆمــاری عێــراق و خــودی بەڕێزتــان، هــەروەك کۆمارەکــە بــۆ هەمیشــە بمێنێتــەوە و لــە دەســتوری هەمیشــەیدا جێگیــر بکرێــت. داوا لــە ســەرۆکەکەمان دەکەیــن، بەرپرســیارێتییە ئامــاژە پێــدراوەکان لــەم بەنــدەدا کــە لەلایــەن حکومەتــی شۆڕشــگێڕەوە پەســەندکراوە، جێبەجــێ بکرێــت. گەلــی کوردمــان چاوەڕوانــن بــرا عەرەبــە هاوبەشــەکەیان، گرنگــی زۆرتــر بداتــە ســەر کێشــە و بەرژەوەنــدی کــورد، چونکــە هــەروەك دەزانــن، ئــەم گەلــە لەلایــەن ڕژێمەکانــی ڕابــردووە پشــتگوێ خرابــوو. گەلــی ئێمــە پێویســتی بــە

قەرەبووکردنــەوەی ئــەو مــاف و ئیمتیازاتانــە هەیــە لــە ڕابــردوودا لــە دەســتی داوە؛ هەروەهــا دەخوازێــت داواکارییــە نەتەوەییەکانــی کــورد زیندووبکرێنــەوە و کاری جیــددی لــە بوارەکانــی کلتوریــی، سیاســی، کۆمەڵایەتــی و ئابوریــدا ئەنجــام بدرێــت.

لــە بــواری کلتورییــدا، پێویســتە کار لەســەر کەرتــی پــەروەردە بکرێــت و تواناکانــی ئــەو کەرتــە پــەرەی پێبدرێــت. ئەمــەش وادەکات، ئــەو کەرتــە بــە دروســتی ئەرکەکانــی جێبەجــێ بــکات و کلتــوری کــوردی زینــدوو بکاتــەوە و نەخوێنــدەواری نەهێڵێــت. کۆمەڵێــک بەربەســت هــەن بــۆ ناردنــە دەرەوەی قوتابیانــی کــورد، ئەمــەش هۆکارێــک بــووە بــۆ نزمــی ئاســتی توانــای ئــەم قوتابیانــە. پێویســتە هەوڵــەکان بــۆ نەهێشــتنی ئــەم گرفتانــە بخرێنەگــەڕ، چونکــە دادپەروەرانــە نییــە، بــەم هەمــوو گرفتانــەوە، داوا لــە قوتابــی کــورد بکرێــت، بەرهەمــی باشــی هەبێــت.

ســەبارەت بــە کەرتــی ئابوریــی، یاداشــتەکە ئامــاژە بــە هــەژاری دەدات کــە باڵــی بەســەر گەلــی کــوردا کێشــاوە و دۆزینــەوەی بژێــوی ژیــان لــە کوردســتان زۆر قورســە. هــەر بۆیــەش پێویســتە کارگــە و پیشــە لــە شــارەکانی کوردســتاندا بکرێنــەوە کــە کەرســتەی خــاو لــەم شــارانەدا زۆرە. لەپــاڵ ئەمــەش بــۆ دەســتەبەرکردنی پشــت-بەخۆ بەســتن، دەکــرێ کارگەیەکــی شــەکر لــە ســلێمانی و کارگەیەکــی ڕســتن و چنیــن لــە هەولێــر بکرێتــەوە. جوتیــاری کــورد پێویســتی بــە پێشــینەی کشــتوکاڵییە، پێویســتی بەوەیــە بەروبومــە کشــتوکاڵییەکەی لــە دژی مێــش و مەگــەز پارێــزراو بێــت و بــە هێنانــی تراکتــۆر و ئامرازەکانیــتر کەرتــی کشــتوکاڵی مۆدێــرن بکرێــت.

زۆریــک لــە گونــدەکان لــە ئــاوی بــۆ خواردنــەوەوە تــا ئــاوی ئاودێــری بێبەشــن، بــە تایبەتیــش لــە وەرزە وشــکەکاندا، هەربۆیــەش پێویســت دەکات بیــری ئیرتیــوازی (artisian well) لێبدرێــت. پێویســتە ڕێگــە بــە جوتیــاران بدرێــت بــە ئــازادی و بــە بــێ مۆڵــەت وەرگرتــن توتــن بەرهەمبهێنــن و نابــێ نرخــی توتــن کــەم بکرێتــەوە، چونکــە زۆرێــک لــە خێزانــی کــورد پشــت بــە داهاتــی توتــن دەبەســتن. بەهــەر حــاڵ، ئــەو شــتەی زۆر زەرورە، بریتییــە لــە دروســتکردنی ڕێگاوبــان و پــرد بــۆ پەیوەندیکــردن و گەیانــدن. ئەنبارەکانــی هاوینــان دەبــێ باشــتر و بەرفراونــتر بکرێــن و ئــەم پڕۆژەیــە، پــڕۆژەی ســەربەخۆ بــن و

بـە پڕۆژەکانـی گەشـتیارییەوە گـرێ نەدرێـن. ئێمـە لـەو بڕوایەدایـن چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـە ئابوریانـە، پێویسـتی بـە سـەرچاوەی داهـات هەیـە، ئـەوەی لـە بودجـەی ئابـوری وڵات بـۆ کوردسـتان تەرخانکـراوە، دابیـن بکرێـت.

ئــەم بابەتانــەی باســکران، بابەتــی گشــتین، کاریگــەری بەســەر گشــت کــورددا دروســت دەکات. ئێســتا ئێمــە دەمانەوێــت بــاس لــە کێشــە تاکــە کەســییەکان بکەیــن کــە تایبەتــن بــە چەنــد گروپێکــی تایبەتــەوە. بــۆ چارەســەری ئــەم کێشــانە، ئێمــە یــەک بەیــەک ئاماژەیــان پــێ دەدەیــن.

**١. هەموارکردنـەوەی یاسـای چارەسـەری کێشـەی زەوی (amandments of landsettlement law)**

بـە هـۆی هەموارکردنـەوەی یاسـای کۆنـی تایبـەت بـە کێشـەی زەوی، هەڵـەی زۆر لـە زۆرێـک لـە ناوچـە کوردییـەکان ئەنجامـدراوە؛ بـە جۆرێـک لـەو پارێزگایانـەی ئـەم یاسـایە جێبەجـێ نەکـراوە، خەڵکێکـی زۆر تـەواوی زەوییەکانیـان لەدەسـت داوە. لـە لایەکیـترەوە زەوی زۆر کـەس بـۆ تەنیـا ٢٠٠ دۆنـم زەوی دێمـەکار، کـەم کراوەتـەوە، هەروەهــا کەمــتر لــەوەش بــۆ زەوییــە بــەراوەکان تەرخانکــراوە، ئەویــش لــەو پارێزگایانـەدا کـە تـا هەنوکـە یاسـاکە تێیـدا جێبەجـێ نەکـراوە. ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی ئێمـە نەزانیـن چـۆن بژیـن، یـان چـۆن زەوییەکانمـان دابچێنیـن. ئێمـە وەک هاوڵاتـی وەفـادار بـە وڵاتەکەمـان، داوا دەکەیـن یاسـای هەموارکـردن هەڵبوەشـێتەوە و بـە پێـی یاسـا وەک کەسـانیتر مامەڵـە لەگـەڵ ئێمـەدا بکرێـت. لـە نـاو شـاندی ئێمـەدا کۆمەڵـە کەسـێک هـەن نەکەوتوونەتـە ژێـر کاریگـەری ئـەم یاسـایە، چونکـە یاسـای چارەسـەری کێشـەی زەوی پێـش هەموارکردنـەوە بەسـەریاندا جێبەجێکـراوە. ئێمـە داوا لـە سـەرۆکەکەمان دەکەیـن ئـەم یاسـایە هەڵبوەشـێنێتەوە.

**٢. یاسای چاکسازیی زەوی (agrarian reform law)**

ئـەو یاسـایە بـە دەسـکەوتێکی شـۆڕش هەژمـار دەکرێت و ئەگـەر بە دروسـتی جێبەجێ بکرێـت سـوودی زۆری بـۆ وڵات و گەلەکەمـان دەسـتەبەر دەکات. ئێمـە هەموومـان هاوکاریـن بـۆ سـەرکەوتنی ئـەم یاسـایە و لـە هەمانکاتـدا کـەم و کوڕییەکانـی ئـەم یاسـایە

بخەینەڕوو، چونکە دڵنیان کە ئێوە [واتە قاسم] هەوڵ دەدەن لەسەردەمی کۆماریدا دادپەروەری لە گشت کارەکانتان بەدیبهێنن. ئەمەی خوارەوە تێبینییەکانی ئێمەن:

ا دەست بەسەرداگرتن یان دابەشکردنی زەوی، دەبێ دوور بێ لە کردەوەی وروژێنەر، لەلایەن هەندێك بەرپرسەوە ئەنجام دەدرێت، سوکایەتی بە خاوەن زەوی دەکەن و جوتیارەکان لە دژی خاوەن زەویەکە هان دەدەن. لە بەرژەوەندی یاسای چاکسازی زەوی و ئاسایشی نیشتیمانیدایە ئەم کارە بە ئاشتییانە و بێ وروژاندن ئەنجام بدرێت. ئەم بەرپرسیارێتیە دەبێت بە پێی بەجێگەیاندنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری عێراق و هاوتەریب لەگەڵ ڕۆحی شۆڕشگێڕیی ئەنجام بدرێت. ئێمە لەو بڕوایەداین [وەزارەتی کشتوکاڵ] دەبێ بێلایەن بێت و پابەندی ڕێنماییەکانی ئێوە بێت. لە ڕابردوودا، لە هەر بژاردەیەک بێ بەشکرا بووین و هەر جۆرە ناڕەزایی دەربڕینێک، ئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە.

ب بە بڕوای ئێمە گونجاوە پارەی قیستی یەکەم وەک قەرەبووێک بەو کەسانە بدرێت، زەوییەکانیان دەستبەسەردا گیراوە. ئەمەش وا دەکات بتوانن ئەرکەکانیان لەبەرانبەر یاسای چاکسازی زەوەی جێبەجێ بکەن. ئێمە پێشنیاز دەکەین یەکەمین بڕە پارە ٢٠،٠٠٠ دیناری عێراقی بێت و بە پێی چەند قیستێکی یەکسان پارەکە بەسەر خاوەن زەویەکاندا دابەش بکرێت. هەروەها پێمان باشە تا ئەو کاتەی پارەی یەکەمین قیست نەدرێت، زەویە دەستبەسەر گیراوەکە لە خاوەنداریێتی خاوەن زەویەکەدا بمێنێتەوە، چونکە ئەم کەسە ناتوانێت بژیێت، ئەگەر یەکێک لەم دوانەی نەبێت [واتە پارەکە یان زەوییەکە].

ج بەرژەوەندی گشتی دەخوازێت بە زووترین کات کەمترین قەبارەی زەوی تەرخان کراو بۆ هەر کەسێک، بە کەسەکە بدرێت. ئەمە وا دەکات خاوەن زەویەکە بتوانێت سوود لە زەویەکەی وەربگرێت؛ ئەمەش دەبێتە هۆی بێدەنگ کردنی ئانارشیستەکان و هەژمارنەکردنی هەر خاوەن زەوییێک بە دەرەبەگی کۆنەپارێز. بەڕێزتان لە چەندین بۆنەدا ئاماژەتان بەوە کردووە، لە دوای پیادەکردنی یاسای چاکسازیی زەوی، دەرەبەگایەتی لە عێراقدا نەماوە. هەر بۆیەش دادپەروەرانەیە

خاوەنـی پارچـە زەوییێـک وەک کەسـانیتر بـە هاوڵاتـی هەژمـار بکرێـت. هەروەهـا ئێمـە لـەو بڕوایەدایـن وێسـتگەی پەخشـی ڕادیۆکەمـان، پێویسـتە لـەم بـارەوە هەڵسـوکەوتەکانی خـۆی بگۆڕێـت و بـە نـاڕەوا واز لـە تۆمەتبارکردنمـان بهێنێـت.

د دابەشـکردنی زەوی بەسـەر جوتیارەکانـدا هیـچ سـوودێکی نییـە، ئەگـەر حکومـەت سـەرەتا پێشـینەی کشـتوکاڵی و تۆویـان بـۆ دابیـن نـەکات. هەروەهـا، لەبەرئـەوەی ناوچەکانـی کوردسـتان بـە شـێوەیەکی سـەرەکی پشـت بـە کشـتوکاڵ دەبەسـتن، گرنگـە یارمەتـی جوتیـاران بدرێـت، تـا ئاسـتی سـتانداردی ژیانیـان بـەرز بکرێتـەوە.

٣. پێویسـتە زۆر بـە وریاییـەوە مامەڵـە لەگـەڵ زەوییـە بـەر ئـاو کەوتووەکانـی دوکان و دەربەندیخـان بکرێـت، چونکـە خەڵکێکـی زۆر ئامرازەکانـی بژێـوی ژیانیـان لەدەسـتداوە و ناچـار بوونـە بـۆ ناوچەکانیـتر کـۆچ بکـەن. زۆر پێویسـتە کێشـەی ئـەو کەسـانە چارەسـەر بکرێـت و قەرەبـوو بکرێنـەوە. لـەو کاتـەوە زۆر کـردەی غەریـب ڕوو دەدەن. زۆرێـک لـە جوتیارەکانـی ناوچـە بـەر ئـاو کەوتـووەکان، چوونەتـە سـەر کێڵگـە چێنراوەکانـی جوتیارەکانیـتر کـە کێلگـەی هاوبەشـن. ئەمـەش بووەتـە هـۆی ئـەوەی سـەدان خێـزان لـە ناوچەکانـی نونـدا مـەڕە (Nunda Merra)، مەنهـوڕ (Manhour)، خۆشـناو و بڵبـاس، زەوییـەکان لـە دەسـت بـدەن و بـێ ئـاو بمێننـەوە. کێشـەی ئـەو جوتیارانـە لـە کێشـەی ئـەو کەسـانەی زەوییەکانیـان بەرئـاو کەوتـووە زۆر ئاڵۆزتـرە. ئێمـە داوا لـە دەسـەڵاتداران دەکەیـن، لـە داهاتـوودا ئـەم جـۆرە کارانـە [واتـە دروسـتکردنی بەنـداو] ئەنجـام نـەدەن.

٤. لـە ناوچـەی کوردسـتان پیاوانـی ئایینـی زۆر پێویسـتیان بـە یارمەتـی هەیـە، ئەگەرچـی ژمارەیەکـی کەمیـان ڕاهێنانـی ئایینیـان بینیـوە. ئـەم پیاوانـە پارێـزەری قورئانـن و پێویسـتە کۆمـارە نەمرەکەمـان بـە تەرخانکردنـی بـڕە پارەیەکـی مانگانـە لەبەرانبـەر ئـەو خزمەتـەی پێشـکەشی دەکـەن، یارمەتـی ئـەم پیاوانـە بـدات. ئێمـە لـەو بڕوایەدایـن باشـترە ئەوقـاف پاشـکۆی بەڕێوەبەرایەتـی بکاتـەوە کـە سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی بێـت، تـا لـە ناوچەکانـی کوردسـتاندا چاودێـری کاروبـاری ئایینـی بـکات. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش دەکرێـت بودجەیەکـی سـەربەخۆ تەرخـان بکرێـت.

٥. بـــرا کـــوردە ‹فەیلـــی و ‹......› (لـــە موســـڵ) ماوەیەکـــی دوورودرێـــژە لـــە عێراقـــدا نیشـــتەجێن و عێـــراق بـــە نیشـــتیمانی خۆیـــان هەژمـــار دەکـــەن و وەک هـــەر هاوڵاتیەکیـــتر وەفـــاداری ئـــەم خاکـــەن. هـــەر بۆیـــەش ئێمـــە پێشـــنیاز دەکەیـــن، ناســـنامەی هاوڵاتـــی عێراقـــی بـــەو کەســـانە بدرێـــت، تـــا لـــە ژێـــر ســـێبەری کۆمـــاری عێراقـــدا بـــە ئاشـــتی و دوور لـــە هەڕەشـــە و دەرکـــردن بژییـــن.

٦. داوای لـە بەڕێزتـان دەکەیـن، کێشـە دڵتەزێنەکـەی موسـڵ و کەرکـوک چارەسـەر بکـەن و هەوڵەکانــی کەلێــن دروســتکردن لــە نێــوان کــورد و عــەرەب و تورکــمان ڕاگــرن، بــە تایبەتیــش هەوڵەکانــی بەدناوکردنــی کــورد. بــە بــڕوای ئێمــە چارەســەری ئــەم کێشـەیە تەمبێکردنـی گشـت تاوانبارێکـە سـەر بـە هـەر لایەنێـک بێـت. ئێمـە دڵنیاتـان دەکەینـەوە، گەلـی کـورد گشـت هەوڵەکانـی هێرشـکردنە سـەر کەسـەکان و مـاڵ و سـامانیان ڕیسـوا دەکات و زۆر غەمبـارن بـە هـۆی ئـەو ڕووداوە دڵ تەزێنانـەی بەسـەر براکانیـان لـە موسـڵ و کەرکـوک هاتـووە. گەلـی ئێمـە داوا لـە گشـت تاکێـک دەکات، دەسـت بـە بەرژەوەندیـی نیشـتیمانی و سـەروەری یاسـا بگـرن.

ئێمــە ئەندامانــی ئــەم شــاندە کوردییــە، گشــت ئــەو کەســانە شــەرمەزار دەکەیــن هـــەوڵ دەدەن گەلـــی ئێمـــە تاوانبـــار بکـــەن بـــۆ ئـــەو کارە هەڵانـــەی لەلایـــەن ئانارشیســـتەکانەوە ئەنجامـــدراوە. ئێمـــە دڵنیایـــن ئێـــوە ئـــەم کێشـــەیە بـــە شـــێوەیەکی دادپەروەرانـــە چارەســـەر دەکـــەن.

٧. ناوچـــەی کوردســـتان زۆر ســـەختی و وێرانـــی بەخـــۆوە بینیـــووە، ئەمـــەش بـــە هـــۆی ئـــەو فەوزایـــەی لەلایـــەن کۆمۆنیســـتەکانەوە بڵاوبووەتـــەوە کـــە بڕوایـــان بـــە هیـــچ شـــتێک نییـــە و تەنیـــا بڕوایـــان بـــە وێرانکردنـــە. هەروەهـــا دان بـــە یاســـای کۆمـــاری عێـــراق و پارتـــی کۆمۆنیســـتی کـــە پارتێکـــی فەرمیـــە نانێـــن و فەرمـــان لـــە پارتـــە قەدەغەکراوەکەیـان وەردەگـرن. ئـەو ئاژاوەگێڕانـە بوونەتـە هـۆی درەنـگ گەیشـتنی گشـت خزمەتگوزارییـەکان و ئاشـتی و ئاسایشـیان تێکـداوە و دەسـت درێـژی دەکـەن سـەر [بـۆ سـەر مافـی] کەسـانیتر و بـە پێـی یاسـای دارسـتان هەڵسـوکەوت دەکـەن. ئـەوان بوونەتـە هـۆی لێکدابڕانـی بـاوک و کـوڕ، بـرا و بـرا، دراوسـێ و دراوسـێ و

بوونەتـە هـۆکاری ئـەوەی زۆر کـەس وڵاتەکەیـان بەجـێ بهێڵـن. ناکرێـت چاوپۆشـی لـە تاوانەکانیـان بکرێـت و ئەمـە ئەرکـی دەسـەڵاتدارانی خۆجێییـە، گوشـار بخەنەسـەر ئـەو کەسـانە و مەترسـی ئـەم کەسـانە دوور بخەنـەوە. ئەگـەر ڕێگـە بدرێـت، گەلـی ئێمـە دەتوانێـت ڕۆڵێکـی گـەورە لـە پاڵپشـتیکردنی دەسـەڵاتدارە خۆجێییـەکان بگێڕێت و بەمجـۆرەش ئارامـی و یاسـا بەرقـەرار دەبێتـەوە. ناوبانگـی وڵات بـە هـۆی پیلانـی ئـەم ئاژاوەگێڕانـە ڕووبـەڕووی مەترسـی جیـدی بووەتـەوە. ئەمـە ئەرکـی ئێمەیـە وەک عێراقیـەک، وەک موسـڵمانێک، وەک ئێزدیـەک و وەک ئایینەکانیـتر ڕووبـەڕووی ئـەم بـێ باوەڕانـە ببینـەوە و گـەل و وڵاتەکەمـان لـە کـردە شـەیتانیەکانیان بپارێزیـن.

لـە ئەنجامـدا، یاداشـتەکە ئامـاژە بـەوە دەدات، گەلـی کـورد شـانازی بـە برایەتـی و هاوبەشـی لەگـەڵ گەلـی عـەرەب دەکات و چاوەڕوانـە شۆڕشـە شـکۆدارەکە یارمەتیـان بـدات تـا بتوانـن هەسـتی نەتەوایەتـی خۆیـان بەهێـز بکـەن و، بـەم جـۆرەش پارێـزگاری لـە کـوردی وڵاتانیـتر بکـەن. ئـەم گەلـە وەفـادرە پشـتیوانیتان لێـدەکات و لـە لاپەڕەکانـی مێـژوودا بـە شـکۆوە باسـتان دەکات. هەروەهـا کـورد ئامـادەن بەرگـری لـە خەباتـی گەلـی شـکۆمەندی عـەرەب بکـەن، ئێمـە ئـەم کارە بـە ئەرکێکـی برایانـە دەزانیـن.......... ٩-٨-١٩٦٠

نهێنی

(10114/35/60)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١١ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٠

بەڕێز ستیڤن

١. لە ٨ی ئۆکتۆبەر، من لەگەڵ نورەدین محیەدین، بەڕێوەبەری گشتی کار و بیناسازی گشتی، لە وەزارەتی کار و نیشتەجێکردن، قسەم کرد. نورەدین کوردە و جار ناجار پێیخۆشە، قسەی دڵی خۆی بۆ ئێمە بکات.

٢. ئەو ڕاپۆرتەکانی ئێمەی پشتڕاستکردەوە سەبارەت بە شەڕی ئەم دواییەی کوردستانی نێوان زێباری و بارزانییەکان. بە گوێرەی ئەم ڕاپۆرتانە و بە گوێرەی قسەکانی نورەدین، زێبارییەکان هێرشبەر بوونە. ئەوان [گوندی] بارزانیان گەمارۆداوە و دواتر هێرشیان کردووەتەسەر. دەگوترێت قاسم لە ڕێگەی چەکدارکردنی زێبارییەکان، لە پشت ئەنجامدانی ئەم کارەیە؛ بە هۆی ئەم کارەی قاسم، مەلامستەفا بارزانی تورە بووە (بڕوانە کەسایەتییە سەرکردەکانی عێراق ١٩٦٠، ژمارە ١٥٥). مەلامستەفا بۆ ماوەیەک پشتگیریی لە قاسم کردووە و لەبەرانبەردا قاسم خزمەتی باشی پێشکەش بە ئەو کردووە. وادیارە پشێوی لە نێوان خێڵە کوردییەکاندا سەریهەڵداوە. ئەمەش لە ڕەتکردنەوەی حکومەت بۆ ڕێگەدان بۆ سەردانکردنی باکوور دەردەکەوێت، ئەگەر بێت و سەردانەکە لە دەرەوەی شارە سەرەکییەکان بێت. من کورتەیەک لە وەرگێڕانی گوتارێک کە لە ٨ی ئۆکتۆبەر لە ڕۆژنامەی خەباتی ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوبووەتەوە، هاوپێچی ئەم نامەیە دەکەم، ئەو قسەیە پشتڕاست دەکاتەوە، شەڕ بەردەوامە.

٣. نورەدیـن پێـی ڕاگەیانـدم، حاڵـی حـازز گرنگتریـن ڕووداو لـە کوردسـتاندا بەرزبوونـەوەی هێـزی پارتـە جوداخوازەکـەی کـوردە. ئـەم پارتـە نهێنـی، دژی قاسـم و دژی کۆمۆنیسـتە، ئەگەرچـی هەندێـك لـە ئەندامانـی ئـەم پارتـە بـە فەرمـی ئەندامـی پارتـی کۆمۆنیسـتن. هێـزی بزوێنـەری ئـەم پارتـە ئاگادارکردنـەوەی کـوردە لـە سیاسـەتەکانی قاسـم. بـە بـڕوای ئـەم پارتـە، قاسـم هیـچ یـەک لـە بەڵێنەکانـی لەبەرانبـەر کـورددا جێبەجـێ نەکـردووە، هـەر بۆیـەش کـورد تـووڕەن. نوردەیـن گوتـی، حاڵـی حـازر، ئـەم پارتـە زۆر بەهێـزە و بەهێزتریـش دەبێـت. ئەگـەر پێویسـت نەبێـت ئـەم پارتـە، دژایەتـی حکومەتـی عەرەبـی ناسیۆنالیسـتی لـە عێراقـدا نـاکات، بـەڵام ئەمـەش بەنـدە بـەوەی ناسیۆنالیسـتە عەرەبـەکان چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ کـورد دەکـەن. ئەگـەر بێـت و ئـەوان ئامـادە نەبـن ئاسـتێکی بەرچـاو لـە ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد دابیـن بکـەن، کـورد لـە سـەرکردایەتی ئـەم پارتـە نوێیـە، بەرەنگاریـان دەبنـەوە.

٤. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە ئەنقـەرە، تـاران، واشـنتن و بـۆ نووسـینگەی سیاسـی هێزەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە قوبـرس، دەنێـرم.

خزمەتکاری هەمیشەیتان

(S. Falle)

S. J, Whitwell, Esq, M. C

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن. S. W. 1

خەبات

٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٠

خەبات لە سەروتارەکەیدا سەرنج دەداتە سەر هێرشی تاقمێک لە دەرەبەگە کورد و لایەنگرانی ڕژێمی لەناوچوو بۆسەر بارزان. سەدان تەلەگرام، هەزاران واژووی لەخۆگرتووە بەدەستمان گەیشتووە کە ناڕەزایەتی خۆیان لەبەرانبەر ئەم کردەوەیە دەردەبڕن و داوا لە حکومەت دەکەن، کۆتایی بەم دەستدرێژییانە بهێنێت و پارێزگاری لە ژیان و سامانی هاوڵاتیان بکات.

گەلی کورد هۆشداری دەدات سەبارەت بە ئەنجامەکانی ئەم تاوانە و هێرشکردنە سەر بارزان لەلایەن ئیمپریالیستەکان و دوژمنانی گەلی کورد ڕیسوا دەکات. ئەوان بە هێرشکردنە سەر بارزان دەستیان پێکرد، تا دواتر دەستدرێژی بکەنە سەر کوردی دیکە و سەر کوردستان.

بەرژەوەندیی نیشتیمانی دەخوازێت، پێویستە ڕێکاری خێرا بۆ پاراستنی سەقامگیریی لەلایەن حکومەتی نیشتیمانییەوە بگیرێتەبەر و دەستدرێژی زۆرتر بوەستێنرێت. براکانی ئێمە لە گشت پارتە دیموکراتیک و ناسیۆنالیستیەکان، داوا لە حکومەت دەکەن هەستیاریی بارودۆخەکە و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر ئاسایشی کۆمار و یەکێتی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرێت. پێویستە حکومەت لە دژی ئەم کردە تاوانکاریی و کۆناپەرێزییە بوەستێتەوە، بۆئەوەی پەیوەندی نێوان عەرەب و کورد و متمانەی دوو لایەنە لە نێوانیان بەهێزتر بێت.

نهێنی

(10114/37/60)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٤ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٠

بەڕێز ستیڤن

١. لـە گفتوگۆیـەک لەگـەڵ جۆنسـتۆن (Johnston)دا، محەمـەد بریفکانـی، سەرنووسـەری ‹تەقـەدوم› کـە خۆشـی کـوردە، گوتوویەتـی نزیکـەی ١٪ کـوردی عێـراق لایەنگـری کۆمۆنیسـتن. مەیلـداری سیاسـی مەلامسـتەفا بارزانـی هـەر چییـەک بێـت، حەقیقەتەکـە بریتییـە لـەوەی هەوڵدانـی ئـەو لـە ڕابـردوودا بـۆ بەدەسـتهێنانی پاڵپشـتی کۆمۆنیسـت بـووە بـۆ خواسـتەکانی کـورد، ئەمـەش وایکـرد لـە ڕوانگـەی کوردێکـی زۆر ئـەو بـە کۆمنیسـت هەژمـار بکرێـت. بریفکانـی ئامـاژەی بـەوەدا، بـەم پێیـەش پشـێوی ئـەم دواییـە بریتـی بـوو لـە خۆپیشـاندانی ناسیۆنالیسـتە کـوردەکان لـە دژی کۆمۆنیسـتەکانی کـورد، واتـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە دژی بارزانـی. هەربۆیـەش بـە بۆچوونـی بریفکانـی یارمەتـی قاسـم بـۆ زێبارییـەکان [تـا هێـرش بکەنـەوە سـەر بارزانییـەکان] لـە شـوێنی خۆیـدا بـووە. ئەمـەش سیاسـەتی قاسـمە کـە دووبەرەکـی دروسـت بـکات و ڕێگـە نـەدات، هیـچ گروپێـک زۆر بەهێـز بێـت. [ئـەو گوتـی] لەگـەڵ کۆمۆنیـزم هیـچ ناکرێـت.

٢. نورەدیـن محیەدیـن لـە گفتوگۆیـەک لەگـەڵ (de Courcy Ireland)دا، کۆمەڵێک بابەتی وروژانـد، دەکرێـت بـۆ ڕاپۆرتەکـەم بـە ژمـارە (١٠١١٤/٣٥/٦٠) لـە ١١ی ئۆکتۆبـەر زیـاد بکرێـت. ئـەو گوتـی، مەلامسـتەفا بارزانـی بـە هـۆی دەربڕینـی پشـتیوانی خـۆی بـۆ شـاندی کـوردی، یاداشـتنامەیەکیان لـە مانگـی ئۆگۆسـت خسـتەبەردەم قاسـم، گومانـی لـە لای قاسـم دروسـتکردووە. (بڕوانـە نامەکـەم (١٠١١٤/٣٣/٦٠) لـە ١٢ی سـێپتەمبەر). هەروەهـا قاسـم لەلایـەن یەکێـک لـە دوژمنانـی مەلامسـتەفا بارزانـی

ئـاگادار کراوتـەوە، مەلامســتەفا هەوڵـی یەکخســتنی کوردســتان لـە دژی ڕژێمەکـەی قاسـم دەدات. خـودی مەلامسـتەفا، وەک هــەر کوردێـک، لـە حکومـەت زۆر ناڕازییـە، بـەڵام تـا هەنوکـە بڕیـاری نـەداوە چـی دەکات. ئـەو لـە بەغـدا مایـەوە، نـەک لەبـەر ئـەوەی حکومـەت ناچاریکردبێـت لـە بەغـدا بمێنیتـەوە، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی لـەو بڕوایەدابـوو، ئەگـەر بگەڕێتـەوە باکـوور، مانـەوەی لـە باکـوور لەوانەیـە دۆخەکـە خراپـتر بـکات و گومانەکانـی قاسـم زۆرتـر بـکات.

٣. نورەدیـــن گوتـــی، گرفتـــی ســـەرەکی بریتییـــە لـــە یەکخســـتنی باڵـــە جیاوازەکانـــی کوردســتان. مەلامســتەفا و بابـا عەلـی شـێخ مەحمـود بەرجەسـتەترین کەسـایەتی نـاو کـوردن، بـەڵام مەلامسـتەفا دوژمنایەتـی کۆنـی لەگـەڵ خێڵـە کوردیەکانیـتردا هەیـە، بـە تایبەتیـش لەگـەڵ زێبارییەکانـدا. هـاوکات بابـا عەلـی بـە لایەنگـری ئەمریـکا هەژمــار دەکرێــت. بەهەرحــاڵ ئــەو وەک کــوڕی شــێخ مەحمــود پشــتگیرییەکی زۆری لــە نــاو کــورددا هەیــە. لــە کۆتایــدا نوردەیــن ئامــاژەی بــەوە دا، خواســتی هەنوکەیـی ئـەو و هاوڕێکانـی بریتییـە لـە بەخشـینی جۆرێـک لـە ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی عێراقـدا.

مـن کۆپییـەك لـەم نامەیە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لە ئەنقـەرە، تاران، واشـنتن و نووسـینگەی سیاسـی هێزەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ‹POMEF› ، دەنێـرم.

خزمەتکاری هەمیشەیتان

(S. Falle)

S. J, Whitwell, Esq, M. C

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن. S. W. 1

نهێنی

نووسینگەی کاروباری دەرەوە و دابەشکاریی وایتهۆڵ (Whitehall Distribution)

لە ڕێگەی یەکەی دیپلۆماسییەوە لەلایەن نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ بەشێک لە نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ نێردراوە

ژمارە ١٢٠، هەواڵگری (INTEL)

٢٢ی سێپتەمبەر ١٩٦١

**کورد**

١. چەندین سەدەیە کورد لە ناوچەیەکی شاخاویدا نیشتەجێ بوونە و ئێستا بەشی زۆری ئەم ناوچەیە بەسەر تورکیا، ئێران و عێراقدا دابەش بووە. سەرەڕای داگیرکاری (فەتح) عەرەبەکان لە سەدەکانی ٦ و ٩ی پاش زایین و داگیرکردنی وڵاتەکەیان لە سەدی ١٦ و ١٧، لەلایەن تورکە عوسمانیەکان و ئێرانییەکانەوە، بەڵام کورد هەمیشە سەرکەتووبوونە لە دووبارە بەدەستهێنانەوەی ئاستێک لە سەربەخۆیی و تا ڕادەیەکی زۆریش، لە دژی [سیاسەتی] توانەوەی [ئەم وڵاتانەدا] وەستاونەتەوە. لە ڕۆژگار ئەمڕۆدا، کورد گروپێکی نەژادیی جیاواز [لە نەتەوەکانیتری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست] پێکدێنن و کەمینەیەکی نەتەوەیی و سیاسی گرنگی هەر یەک لەو وڵاتانەن تێیدا دەژین.

**ژمارە و دابەشبوونی کورد**

٢. ژمارەی گشتی کورد لە بەرزترین ئاستیدا بە نزیکەی پێنج ملیۆن و نیو خەمڵێندراوە. لە تورکیا، بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٥، ژمارەی کورد یەک میلیۆن و نیوە، بەڵام بە بۆچوونی هەندێك چاودێر ژمارەی کورد لە تورکیا دەگاتە دوو ملیۆن و نیو. ناوچە سەرەکییەکانی کورد بە درێژایی سنووری نێوان عێراق و ئێران هەڵکەوتووە، واتە لە هەرێمی دەریاچەی وان و لە نێوان بەشی سەرووی هەردوو ڕووباری دیجلە و فوڕات؛ لە بەشی باشووری وڵاتدا ژمارەی کورد بەرە بەرە کەم دەبێتەوە. هەروەك چۆن لە ناوچە دوورەکانی باکووری وڵات، واتە لە کارس (Kars)، ئەرزەڕۆم و ئەرزینجان و

لە بەشی دووری ڕۆژئاوای وڵات وەک سیواس، مەراش و غازی عەنتاب، ژمارەی کورد کەم دەبێتەوە. لە هەر یەک لە ئێران و عێراق ژمارەی کورد بە ١،٢٥٠،٠٠٠ کەس خەملێندراوە. لە ئێران کورد لە ناوچەی باشوور و ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ، تا دەگاتە ناوچە دوورەکانی باشووری کرماشان، نیشتەجێن. لە عێراق کورد بە شێوی سەرەکی لە باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و لە پارێزگای سلێمانی، موسڵ، هەولێر کەرکوک و دیالەدا دەژین. لوڕەکان کە بە فارسی قسە دەکەن و ژمارەیەکی زۆریان لە ئێران نیشتەجێن و بەشێکیان لە عێراق دەژین، لەلایەن کوردەوە بە کورد دادەنرێن. کۆمەڵی ئێزدییەکان (شەیتان پەرست) کە لە عێراق نیشتەجێن، بە زمانی کوردی قسە دەکەن.

٣. هەروەها کورد لە سوریای سەر بە کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا دەژین، واتە لە دیمەشق و لەسەر سنووری نێوان سوریا و تورکیا. مەزەندە دەکرێت ژمارەیان لە ١٠٠،٠٠٠ بۆ ٢٠٠،٠٠٠ کەس بێت. یەکێتی سۆڤیەت نزیکەی ٥٩،٠٠٠ هاوڵاتی کوردی هەیە، زۆرینەیان لە ئەرمەنیا و جۆرجیای سەر بە کۆماری سۆشیالیستی سۆڤیەتدا دەژین.

**ئایین و زمان**

٤. زۆرینەی کورد موسڵمانی سوونەن، هەروەها کوردێکی زۆر پەیڕەوی تەریقەتێکن. کورد بە چەندین شێوەزار قسە دەکەن کە سەر بە زمانی فارسییە و لە نووسیندا پیتی عەرەبی بەکار دێنن. هەروەها لە هەندێك بڵاوکراوەکانی سوریا و لوبنان پیتی لاتینیش بەکار دێت. لە یەکێتی سۆڤیەت پیتی سیریلیک (Cyrillic)یش بەکار دێت.

**شێوازی ژیان**

٥. تا هەنوکەش، کورد بە شێویەکی سەرەکی شوانکار و جوتیارن، کورد ژیانی ڕەشماڵنشینیان هەیە و لە گوندەکانیش نیشتەجێن. هەندێك کورد بەرەو شارەکان کۆچیان کردووە، بەڵام گوندنشینی تا ڕادەیەکی زۆر بە پێی بنەمای خێڵەکی ڕێکخراوە، بە جۆرێک ژمارەیەک گوند پێکەوە، جۆرێک لە وەفاداری دەرەبەگایەتیان بۆ خێڵێک یان سەرۆکێکی ئایینی یان خاوەن زەوییەک هەیە.

**ناسیۆنالیزمی کوردی**

٦. کـورد بـە بەردەوامـی لـە دژی فەرمانـڕەوا بێگانـەکان وەسـتاونەتەوە- شۆڕشـی کـورد لـەم سـاڵانەی دواییـدا و لـە سـاڵانی زوودا- زۆرجـار لەلایـەن سـەرۆک خێڵەکانـەوە هەڵگیرسـاوە، تـا بتوانـن دەسـەڵاتی خۆیـان بـەدەر لـە هـەر جـۆرە بەربەسـتێک پیـادە بکـەن. بـە چاوپۆشـین لـە سـنووره سیاسـییە نێودەوڵەتیـەکان کـە کـوردی دابەشـکردووە، ململانێـی نێـوان خێڵـەکان، سـەختی پەیوەنـدی بەیەکەوەکـردن بـە هـۆی شـاخاویی بوونـی ناوچەکەیـان، بوونەتـە هـۆی بەربەسـتی سـەرەکی لـە دروسـتبوونی یەکێتـی کـورد. سـەرەتای دەسـتپێکردنی جوڵانـەوەی ناسیۆنالێسـتی لـە نـاو کـورددا دەگەڕێتـەوە بـۆ کۆتایـی سـەدەی نۆزدەیـەم و سـەرەتای سـەدەی بیستەم. یەکەمیـن ڕۆژنامـەی کـوردی لـە قاهیـرە لـە سـاڵی ١٨٩٧دا چاپکـرا و دواتـر مـاوە بـە مـاوە لـە چەندیـن شـوێنیتر ڕۆژنامـەی کـوردی چاپکـرا (لـە شانشـینی یەکگرتـووش ڕۆژنامـەی کـوردی چاپکـرا). یانـەی سیاسـی کـورد لـە ئیسـتانبوڵ و لـە سـاڵی ١٩٠٩ کرایـەوە، دواتـر چەندیـن یانـە لـە موسـڵ و بەغـدا دامـەزران. هـاوکات، ئەندامـە کوردەکانـی ئەنجوومەنـی نوێنـەران و پیرانـی ئیمپراتـوری عوسـمانی، پرسـی نەتەوایەتیـان وروژانـد.

٧. لـە کۆتایـی جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا نوێنەرانـی کـورد لـە کۆنفرانسـی ئاشـتی لـە پاریـس ئامادەبـوون. پەیماننامـەی سـیڤەر لـە ئۆگۆسـتی ١٩٢٠، کـە لـە نێـوان شانشـینی یەکگرتـوو، فەرەنسـا و ئیتاڵیـا لەگـەڵ تورکیـا بەسـترا، نەخشـەیەکی بـۆ بەخشـینی ئۆتۆنۆمـی بـە کـورد لـەو ناوچانـەی کـە کـورد تێیـدا زۆرینـەن، داڕێشـت و-بـە پێـی ئـارەزووی دانیشـتوانی ئـەم ناوچەیـە و بـە ڕەزامەنـدی کۆمەڵـەی گـەلان- دەکـرا دەوڵەتێکـی کـوردی لـە کوردسـتانی تورکیـا و عێـراق پێکهاتبێـت، دامەزرێـت، بـەڵام تورکیـا بـە سـەرکردایەتی کەمـال ئەتاتـورک لـە دژی جێبەجێکردنـی پەیماننامەکـە وەسـتایەوە و پێشـنیازەکانی تایبـەت بـە کـورد کـە لـە پەیماننامـەی سـیڤەردا هاتبـوون، لـە پەیماننامـەی لـۆزان دووبـارە نەکرایـەوە، کـە لـە نێـوان شانشـینی یەکگرتـوو و تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٢٣دا گرێـدرا.

٨. یەکەمیــن پارتــی ســەربەخۆی کوردســتان لــە دوای جەنگــی یەکەمــی جیهانــی دامــەزرا، بــارەگا ســەرەکییەکەی لــە ســوریا بــوو. کــوردی بەیــروت لــە لوبنــان و لــە دیمەشــق ســەبارەت بــە وروژاندنــی پرســی کــورد و نوێنەرایەتیکردنــی جوڵانــەوەی پان-کوردیــزم زۆر چــالاک بــوون.

**تورکیا**

٩. سیاسـەتی بـە ڕۆژئاواییکـردن و بەسـێکۆلارکردنی تورکیـا کـە لەلایـەن سیسـتەمی نوێـی کۆمـاری پەیـڕەو دەکـرا، بـووە هـۆی سـەرهەڵدانی شۆڕشـی کـورد لـە سـاڵانی ١٩٢٥-١٩٢٦، هـۆکاری سـەرەکی سـەرهەڵدانی شۆڕشـەکە لـە دژی حکومـەت، هـۆکاری ئایینـی بـوو. شۆڕشـی هاوشـێوە لـە سـاڵی ١٩٣٠ و سـاڵانی ١٩٣٧-٣٨ ڕوویانـدا.

١٠. سیاسـەتی حکومەتـی تورکیـا لەبەرانبـەر کـورد بریتـی بـوو لـە سیاسـەتی تواندنـەوەی کـورد و داننەنـان بـە کـورد وەک کەمینـە. لـە ناوچـە کوردییەکانـدا قوتابخانـە کرانـەوە، تـا زمانــی تورکــی بخوێندرێــت. بەکارهێنانــی زمانــی کــوردی و لەبەرکردنــی جلــی کــوردی قەدەغەکـرا. هـاوکات ڕێگاوبـان و هێڵـی ئاسـنی بـۆ دوورتریـن ناوچەکانـی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا کێـشرا و هانـی گۆڕینـی ژیانـی کۆچەریـی بـۆ ژیانـی نیشـتەجێ بوونــی درا. هەوڵــدرا شــێوازە ســەرەتاییەکانی کشــتوکاڵ بگۆڕدرێــت بــۆ شــێوازی مۆدێـرن. بۆئـەوەی سیسـتەمی دەرەبەگایەتـی و خێڵایەتـی لاواز بکرێـت، حکومـەت هەندێــك لــە ســەرۆکە خۆجێیــە دەســتڕۆیەکانی لــە ناوچەکانیــان دوور خســتەوە و مــاڵ و موڵکیــان [بەســەر کەســانیتردا دابەشــکرد].

١١. پارتـی دیموکـرات، مسـتەر عەدنـان مەندەرێسی سـەرۆکی، لـە ماوەی نێوان سـاڵی ١٩٥٠ تـا کودەتـای مانگـی مـەی ١٩٦٠، سـەرۆک وەزیرانـی تورکیا بـوو، لـە هەڵبژاردنەکاندا، لە ناوچـە کوردییەکانـی ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا، پاڵپشـتی لێکـرا. ڕاپـۆرت هـەن لە دێسـەمبەری ١٩٦٠دا، ١٥٥ خـاوەن زەوی لـە ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا کـە فەرمانـی دەستبەسـەرکردنیان دەرچـوو بـوو لـە ڕۆژئـاوای تورکیـا نیشـتەجێ کران. لـە مانگـی جانیوەری [سـاڵی ١٩٦١] ٤٩ کـەس بـە تۆمەتـی هەوڵـدان بـۆ دامەزراندنـی دەوڵەتی سـەربەخۆی کـورد، دادگایی

کـران؛ ٢٧ کـەس لـەم تۆمەتبارانـە لەلایـەن ڕژێمەکانی پێشـووەوە دەسـتگیر کـرا بوون و ئەوانیتریـش لـە مانگـی مـەی ١٩٦٠ەوە دەستبەسـەر کرابوون.

١٢. لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٦٠دا وێسـتگەیەکی پەخشـی ڕادیـۆ لـە ئـەرزەڕۆم کرایـەوە، تـا بـۆ ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا بەرنامـە پەخـش بـکات، چونکـە دانیشـتوانی ئـەم ناوچانـە نەیاندەتوانـی بـە باشـی گـوێ لـە پرۆگرامەکانـی ڕادیـۆی ئەنقـەرە بگـرن، بـەڵام دەیانتوانـی گـوێ لـە پرۆگرامەکانـی ڕادیـۆی دەنگـی ئێریڤـان لـە یەکێتـی سـۆڤیەت و لـە ڕادیـۆی بەغـدا بگـرن.

**ئێران**

١٣. لـە دوای کۆتایـی هاتنـی جەنگـی یەکەمـی جیهانـی، کـورد لـە هەندێـك ناوچـەی ئێـران سـەرکەوتوو بـوون لـە بەدیهێنانـی سـەربەخۆیی خۆیـان، دواتـر کاتێـک کـە ڕەزا خـان (دواتـر بـوو بـە ڕەزا شـا) لـە سـاڵی ١٩٢١دا دەسـەڵاتی گرتـە دەسـت، توانـی کـورد ملکـەچ بـکات. سـەرۆک خێڵـەکان بـۆ ناوچەکانیـتری ئێـران دوورخرانـەوە، دەسـت بەسـەر زەوییەکانیانـدا گیـرا و حکومەتـی سـەربازیی بەسـەر ناوچـە کوردییەکانـدا سـەپێنرا. بـە هاتنـی سـوپای بەریتانیـا و یەکێتـی سـۆڤیەت بـۆ نـاو ئێـران لـە سـاڵی ١٩٤١، بـۆ ئـەوەی ڕێگـری بکـەن لـە ئەگـەری کودەتـای ئەڵمانیـا لـە ئێـران و لـە دەسـەڵات خسـتنی رەزا شـا، هەندێـک لـە سـەرۆک خێڵـەکان گەڕانـەوە ناوچەکانیـان و دەسـترۆییان بەدەسـتهێنایەوە. قـازی محەمـەد، سـەرکردەیەکی خۆجێیـی کـورد، توانـی پێگـەی خـۆی لـە مهابـاد قایـم بـکات و لـە سـەردەمی پشـتیوانیکردنی سـۆڤیەت لـە سـەربەخۆیی پارێـزگای ئازەربایجانـی ئێـران لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٤٥-٤٦دا، هـاوکات قـازی محەمـەد ‹کۆمـاری کوردسـتان›ی دامەزرانـد. بەهەرحـاڵ بـە کشـانەوەی هێزەکانـی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە ئێـران، ئـەم کۆمـارە ڕووخـا و قـازی محەمـەد لەگـەڵ چەندیـن لەلایەنگرەکانـی لـە سـەرەتای سـاڵی ١٩٤٧دا لـە سـێدارە درا.

١٤. هـەروەك حکومەتـی تورکیـا، حکومەتـی ئێرانیـش سیاسـەتی تواندنـەوەی [کـورد لـە نێـوان فارسـدا] گرتەبـەر.

**سوریا (کۆماری عەرەبی یەکگرتوو)**

١٥. کوردی سوریا بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر سنوورەکانی نێوان سوریا و تورکیا نیشتەجێن، بەڵام کۆمەڵەی کورد لە دیمەشق، لە ڕووی سیاسییەوە زۆر چالاکە و چەندین کەسایەتی پڕوپاگەندەچی ناوداری کوردی لەخۆ گرتووە. سەرکردەی کۆمۆنیستی نەفیکراو، خالد بەکتاش، کوردە.

١٦. لە دێسەمبەری ساڵی ١٩٦٠دا، دادگایی کردنی ٣٢ کورد لە سوریا بە تۆمەتی جیاکردنەوەی بەشێک لە خاکی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ دەستی پێکرد.

**عێراق**

١٧. دوای ئەوەی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٥دا ڕاسپاردەیەکی دەرکرد بەوەی ویلایەتی موسڵ بۆ هەمیشە دەبێتە بەشێک لە خاکی دەوڵەتی عێراق، حکومەتی عێراق کۆمەڵێک ڕێکاری گرتەبەر، بۆ نموونە، دامەرزاندنی فەرمانبەرانی کورد، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگا و قوتابخانەکاندا. پێش کۆتایی هاتنی ئینتیدابی بەریتانی لە عێراق لە ساڵی ١٩٣٢دا، حکومەتی عێراق ڕاگەیاندنێکی فەرمی بڵاوکردەوە، تێیدا ئاماژەی بە گەرەنتیکردنی مافی کورد و کەمینەکانیتر کردبوو.

١٨. سەرەڕای ئەمەش، لە نێوان ساڵانی ١٩١٩ و ١٩٤٣دا چەندین شۆڕشی کوردی لە عێراق هەڵگیرسان. دوایین ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٤٣، بە سەرکردایەتی مەلامستەفای بارزان بوو. شۆڕشەکەش لە ئەنجامی ناڕەزایەتی بارودۆخی کارگێڕی و خراپی دابەشکردنی خۆراک بوو لە ناوچەکانی کوردستان. دوای ئاگربەست، سەر لە نوێ لە ساڵی ١٩٤٥دا، شۆڕش هەڵگیرسایەوە. مەلامستەفا بۆ ئێران پاشەکشەی کرد و چووە پاڵ ‹کۆماری کوردستان› و لە ساڵی ١٩٤٦دا بەرەو یەکێتی سۆڤیەت ڕۆیشت.

١٩. لە عێراق و پێش جەنگی دووەمی جیهانی ژمارەیەک کورد- وەک ژەنەراڵ بەکر سدقی- لە ناو [دەوڵەتی عێراقدا] گەیشتنە پۆست و پێگەی باڵا. هەر لە کاتی سەرهەڵدانی جەنگەوە ژمارەیەک پڕۆژەی گەشەسەندن لە ناوچەکانی کوردستاندا

جێبەجێکـران. کێڵگـە نەوتییەکانـی کەرکـوک زۆر لـە [ناوچـە کوردییـەکان] نزیکـە. کـوردی عێـراق دەرفەتـی زۆرتریـان، بـە بـەراورد لەگـەڵ کـوردی پارچەکانیـتر، لـە کەرتـی پیشەسـازیدا هەیـە.

٢٠. دەسـتوری کاتـی کـە لـە دوای شۆڕشـی ١٤ی جـوڵای ١٩٥٨ دەرکـرا، ئامـاژەی بـەوە داوە بـە بـێ ڕەچاوکردنـی جیاوازیـی ئایینـی، نەتەوەیـی، نـەژادی و زمانـی، هاوڵاتیـان لەبەرانبـەر یاسـادا یەکسـانن و کـورد و عـەرەب لـەم وڵاتـەدا هاوبەشـن. لـە سـێ ئەندامەکـەی ئەنجوومەنـی دەوڵـەت (Council of State) یەکێکیـان کـوردە. ئـاڵای نوێ نەتەوەیـی عێـراق خەنجەرێکـی کـورد و شمشـێرێکی عەرەبـی لەخـۆ گرتـووە. هەروەها دوو ئەسـتێرەکەی سـەر ئـاڵای عێـراق (شـوێنی تاجـی سـەر ئـاڵا کۆنەکـەی گرتووتـەوە) هێـمای هـاوکاری نێـوان کـورد و عەرەبـە. دوای شـۆڕش ژمارەیـەک بەندکـراوی کـورد ئـازاد کـراون. مەلامسـتەفا کـە بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت نەفیکرابـوو، گەڕایـەوە و ئێسـتا سـەرکردایەتی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەکات، بـە پارتـی دەناسرێـت و یەکێـک لـەو پارتـە سیاسـیانەی لـە جانیـوەری ١٩٦٠دا، مۆڵەتـی چالاکـی گێڕانـی وەرگـرت.

٢١. بەهـەر حـاڵ ئـەو بەڵێنانـەی لـە سـەرەتادا ڕژێمـی قاسـم بـە کـوردی دابـوو، جێبەجـێ نەکـران. ناڕەزاییەکـی زۆر سـەبارەت بـە ناکارایـی سیسـتەمی چاکسـازیی زەوی سـەریهەڵداوە. سیاسـەتی قاسـم کـە ‹پەرتکـە و زاڵبـە› بـوو، نەیتوانـی چارەسـەری کێشـەی کـورد بـکات. لـە مـاوەی چەنـد مانگـی ڕابـردوودا بارزانییـەکان لـە قاسـم دڵسـارد بوونەتـەوە. شـەڕی نێـوان خێڵـەکان، کـە تێیـدا خێڵـە هاپەیمانـەکان یارمەتـی یەکتریـان دەدا، دەرفەتێکـی بـۆ خێڵەکانـی لایەنگـری قاسـم، وەک خێڵـی ڕێکانـی و زێبـاری ڕەخسـاند، تـا باڵادەسـتی خۆیـان بسـەپێنن. بـە هـۆی ئـەم شـەڕەوە دەسـەڵاتدارانی عێـراق، کۆنترۆڵـی ناوچـە خێڵەکییەکانـی کوردسـتانیان لـە دەسـتدا. هەروەهـا هێـزی پۆلیسـی خۆجێـی کـە زۆرێـک لـە فەرمانبەرانـی کوردن، بـە هێزیکـی ناڕێکخـراو ماونەتـەوە. پەیوەنـدی لـە ڕێگـەی ڕێگاوبانەکانـەوە بـە هـۆی [کـردەوەی] خێڵەکانـەوە پچـڕاوە. دەسـەڵاتدارانی عێـراق ناچـار بوونـە، لـە ئاسـتێکی بەرفراوانـدا هێـزی سـەربازیی بـۆ کوردسـتان بنێـرن و لـە مـاوەی چەنـد هەفتـەی ڕابـردوودا بـە

پشـتیوانی هێـزی ئاسـمانی چەنـد ئۆپەراسـیۆنێکی زەمینیـان ئەنجـام داوە. خێڵـەکان خۆیـان لـە هـەر جـۆرە پێکدادانێکـی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ هێزەکانـی حکومەتـدا بـە دوور دەگـرن و لـە هەمانکاتـدا هـەوڵ دەدەن، نەچنـە ژێـر دەسـەڵاتی حکومـەت و لەوانەیـە هەوڵـی دامەزراندنـی ئۆتۆنۆمـی خێڵایەتـی لـە کوردسـتان بـدەن.

**هەڵسـوکەوتی کۆمۆنیسـتەکان لەبەرانبـەر کـورددا (The Communist Attitude to the Kurd)**

٢٢. هیـچ پاڵپشـتیەکی ڕاسـتەوخۆ بـۆ خواسـتی کـورد بـۆ گەیشـتن بـە سـەربەخۆیی (autonomy)، لەلایـەن یەکێتـی سـۆڤیەت یـان وڵاتانیـتری کۆمۆنیسـتی نەخراوەتـەڕوو. حاڵـی حـازر، بوونـی کوردسـتانی سـەربەخۆ لەگـەڵ سیاسـەتی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا ناگونجێـت؛ چونکـە جیـا بوونـەوەی کـوردی عێـراق لـە دەوڵەتـی عێـراق، دەبێتـە هـۆی لاوازکردنـی پێگـەی یەکێتـی سـۆڤیەت و بەهێـز بوونـی یەکێتـی عەرەبـی. بـە هـەر حـاڵ، کۆمۆنیسـتەکان لـە پڕوپاگەندەکانیانـدا سـوود لـە ناڕەزایەتـی کـورد لەبەرانبـەر سیاسـەتەکانی ئێـران، تورکیـا و بـەم دواییـە عێراقیـش، وەردەگـرن.

٢٣. مـاوەی پەخشـی ڕادیـۆی یەکێتـی سـۆڤیەت بـە زمانـی کـوردی، لـە مارچـی ڕابـردوو بـۆ دە کاتژمێـر و نیـو لـە هەفتەیەکـدا هەڵکشـاوە. هەروەهـا لـە مانگـی مـەی، وێسـتگەی پەخشـی ڕادیـۆی حزبـی تـودەی ئێـران، ‹پێیکـی ئێـران› کـە لـە ڕۆژهەڵاتـی ئەڵمانیـا بەرنامەکانـی پەخـش دەکات، لـە مانگـی جـولای دەسـتی بـە پەخشـکردنی بەرنامـەی ڕۆژانـە بـە زمانـی کـوردی کـردووە، بـەڵام ئێسـتا شـەش کاتژمێـرە لـە یـەک هەفتـەدا. ‹دەنگـی نیشـتیمانی› (the national voice) ئێـران کـە بـە زمانـی فارسـی و ئـازەری [تورکـی] لـە یەکێتـی سـۆڤیەتەوە پەخـش دەکرێـت، داوا دەکات هەڵسـوکەوتی [حکومەتـی ئێـران] لەبەرانبـەر کـورد باشـتر بکرێـت. هەروەهـا ‹ڕادیـۆی ئێمـە› (Our Radio)، کـە وێسـتگەیەکی تورکـی نیمچـە نهێنییـە و بارەگاکـەی لـە ئەڵمانیـای ڕۆژئاوایـە، هەوڵـی هەڵگیرسـاندنی هەسـتی دژە حکومـەت لـە نێـوان کـوردی تورکیـا دەدات.

٢٤. لــە کۆبوونــەوەی دیــداری گەنجانــی جیهــان (World Youth Forum) لــە مۆســکۆ، لــە ٢٥ی جــوڵای تــا ٣ی ئۆگۆســت بەڕێوەچــوو، بڕیارێــک لەســەر کوردســتان دەرکــرا بــەوەی «لــە کوردســتانی عێراقــدا، کــورد بــە تەواوەتــی لــە گشــت مافــە نەتەوەییــەکان بێبەشــکراون و لــە بارێکــی ئابــوری ســەخت و لــە ژێــر ســەرکوتکاری پۆلیســدا دەژیــن».

٢٥. ئێمــە نامانەوێــت بخزێینــە نــاو پرســی کــورد. لــە حاڵــی حــازدا پێویســت بــەوە نــاکات حکومەتــی خاوەنشــکۆ دەســت لــە پشــێوییەکانی ئێســتای [ناوچــە کوردییــەکان] وەربــدات؛ چونکــە ئــەو کێشــانە، بابەتــی ناوخۆیــی حکومەتــی عێراقــن. مەبەســت لــەوەی باســکرا، ئــەوە بــوو، هەندێــك زانیاریــی [ســەبارەت بــە دۆخــی کــورد] بخاتــەڕوو و دەکرێــت لەگــەڵ ســەرچاوە باوەڕپێێــراوەکان ســوودیان لێوەربگرێــت.

[ کۆپییــەك لــەم نووســینە بــۆ نوێنــەرە پلــە باڵاکانــی شانشــینی یەکگرتــوو لــە گشــت وڵاتانــی کۆمۆنوێلــس و بــۆ باڵیــۆزی حکومەتــی خاوەنشــکۆ لــە دۆبلیــن نێــردراوە].

نهێنی

(10114/1/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢ی جانیوەری ١٩٦٥

١. تکایـە ئامـاژە بـدە بـە نامەکـەم (٦٤/١١٢/١٠١١٤) لـە ٩ی دێسـەمبەر کـە پەیوەسـتە بـە ڕووداوەکانـی کوردسـتان. ئەگەرچـی گفتوگـۆی نێـوان حکومەتـی عێـراق و کـورد بـە پچڕپچـڕی لەگـەڵ شـەوکەت ئاکرەیـی بەردەوامـە کـە پێناوێکـی دڵسـارد و بـێ ئیعتیبـارە، بـەڵام بارودۆخەکـە زۆر بـە خێرایـی بـەرەو خراپـی دەچێـت. هـاوکات، بـە پێـی زانیارییەکانـی سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکـراوی کـورد، ئـەو پیشـنیازەی لـە نامەکەمدا بـە ژێـدەری (٦٤/١١٢/١٠١١٤) ئامـاژەم پێدابـوو، لـە بنەڕەتـدا، پێشـنیازەکە هـی خـودی شـەوکەت ئاکرەییـە و هـی مەلامسـتەفا نییـە.

٢. بەتالیۆنێکـی سـوپا بیـنراوە لـە کەرکوکـەوە بـۆ سـلێمانی جوڵێـنراوە. ڕاپۆرتکـراوە، لـە ناوچـەی خانەقیـن سـوپای عێـراق هێرشـی کردووەتـە سـەر ژمارەیـەک گونـدی کـورد. ئەمـەش لەوانەیـە لـە تۆڵـەی ڕووداوەکانـی چەنـد هەفتـە لەمـەو بـەر بێـت. هەروەهـا حکومـەت مەبەسـتیەتی دەسـەڵاتەکەی بگەڕێنێتـەوە بـۆ ئـەم ناوچانـە [بـە بـەراورد لەگـەڵ ناوچەکانیـتری کوردسـتان] تـا ڕادەیـەک کۆنترۆڵکردنیـان ئاسـانترە. هەروەهـا بـاس لـە پێکدادانـی سـووک لـە نێـوان کـورد و سـوپای حکومـەت دەکرێـت کـە لـە چەندیـن ناوچەیـتر ڕوویـداوە.

٣. لـە هەفتـەی ڕابردوودا چەنـد جووڵەیەکی هاتنە دواوە بۆ ‹H. 3› ڕوویـداوە. ئێمە نازانین قەبـارە و ڕێـژەی ئـەم پاشەکشـەیە چەنـدە، بـەڵام لـەو بڕوایەدایـن ئەمـە کردەوەیەکـی ڕۆتینیـە و بـە هـۆی بارودۆخی سـەختی ژیان لـە ناوچەی ‹H. 3› و بە هۆی [ئاسـتەنگی] بەرزاییە سەرسـوڕهێنەرەکانی ئەم ناوچەیە بووە. بە گوێرەی قسـەی ئەفسـەرێک سـوپا ئاگادارکراوەتـەوە نانێردرێنـە باکـوور و لەوانەیـە ئەمەش ڕاسـت بێت.

٤. ئێمە لە چەندین سەرچاوەی جیاواز و باوڕپێکراو ئاگادار کراوینەتەوە، کورد داوا لە حکومەت دەکەن، ئامانجەکانی داهاتووی بخاتەڕوو. کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن، لە مارچ هێرشەکانی سوپای عێراق، زۆرتر هێرشی ئاسمانی دەبن تا هێرشی زەمینی. بە قسەی کورد، لە هێرشی ئاسمانیدا ناپاڵم و گازی ژەهراوی بەکاردەهێنرێت. لە کوردستان ناپاڵم شتێکی نوێ نییە و هێزی ئاسمانی عێراق لەم دواییانەدا چەندین جار ناپاڵمی لە دژی کورد بەکارهێناوە. پرسی بەکارهێنانی گاز لەوانەیە پرسێکی جیدیی بێت؛ چونکە حکومەتی عێراق هیچ پارێزێکی ئەخلاقی نییە لەبەکارهێنانی ئەو گازە، بەڵام گازی ژەهراوی کاڵایەک نییە ئازادانە لە بازاڕی چەک وەدەست بکەوێت، هەربۆیەش دەبێ حکومەتی عێراق ئاگاداری مەترسییەکانی ناڕەزایەتی دەربڕین بێت، لە ئەگەری بەکارهێنانی ئەم گازە. چیرۆکی بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لەوانەیە بۆ ئەو حەقیقەتە بگەڕێتەوە کە لە کۆتایی سێپتەمبەر دا ١٩٦٤، وەزارەتی بەرگری عێراق، داوای لە ئێمە و ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و باڵیۆزەکانی ڕووسیا کرد، نزیکەی ٦٠،٠٠٠ ماسکیان بە زوترین کات بۆ دابین بکەین، ئەم ژمارەیەش بەشی تەواوی هێزی عێراق دەکات. ئەگەری زۆرە حکومەتی عێراق وەک چەکێکی تاکتیکی، بیر لە بەکارهێنانی یەکێک لە بەهێزترین گازەکانی ڕشانەوە (nausea-producing riot gas) بکاتەوە.

٥. داواکاریەکیتری وەزارەتی بەرگری عێراق لە باڵیۆزی ئەمریکا، دابینکردنی ژمارەیەکی زۆر لە نەخشەی کوردستان بوو کە بە زووترین کات بەدەستیان بگات. هەشت لە دە بۆمبهاوێژە مامناوەندییەکانی (TU 16)ی عێراق، دووبارە چالاک کراونەتەوە و بەشداری لە ڕۆژی سوپا کە دەکاتە ٦ی جانیوەری، دەکەن. لەوانەیە ئەو فڕۆکانە زۆر بە کەمی یان لە هێرشی تاکتیکی زەمینیدا بەکارنەهێنرێن؛ هەروەها سوپای عێراق لە ڕابردوودا زۆرتر پشت بە فڕۆکە شەڕکەرەکان و بۆمبهاوێژەکانی (IL 28) بەستووە. باندی فڕۆکەخانەی موسڵ گەورەتر کراوە و لەم نزیکانەدا ستانداردەکەی دەگاتە ستانداردی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان. حاڵی حازر، کەرکوک بووەتە ئەنباری (re-stocked) فڕۆکەی جێتی یەدەک.

٦. وێنــە گشــتییەکە بریتییــە لــەوەی ســوپا بنکــە ســەربازییە لاوازەکانــی لــە باکــووردا بەهێــز دەکات و خــۆی ئامــادە دەکات بــۆ هــەر کردەیــەک لــە داهاتــوودا ئەنجــام بدرێــت. ئێســتا، بــە هــۆی ســەرما، جێــی متمانــە نەبوونــی ئامرازەکانــی گواســتنەوە و گەیانــدن [واتــە ڕێگاوبــان] و بەهــۆی ئاســمانی هەوریــن، ســوپای عێــراق، ســوپایەکی نەزانــە، ئەگــەر پێــش مــارچ دەســت بەئەنجامدانــی ئۆپەراســیۆنێکی ســەربازیی بەرفــراوان بــکات. هەروەهــا، گومانــی کــورد ســەبارەت بــە مەبەســتەکانی حکومــەت لــە مانگــی مارچــدا، تەنیــا لێکدانەوەیەکــی هزرییــە. وەرزی ئێســتا بــۆ کــورد باشــترین وەرزە بــۆ بەرگریکــردن لــە خۆیــان. بــۆ ئەوانیــش هێرشــکردنێکی بەرفــراوان، کارێکــی ســەختە. بەهەرحــاڵ، ســەختە پێکدادانــە ســووکەکانی ئێســتا بــەرەو جەنگێکــی بەرفــراوان تەشــەنە بــکات.

٧. مــن کۆپییــەک لــەم نامەیــە بــۆ نووســینگەکانی پاراســتنی زانیارییــەکان لــە عەمــان، ئەنقــەرە، بەحرێــن، بەیــروت، قاهیــرە، دیمەشــق، کوێــت، مۆســکۆ، تــاران، واشــنتن و بــۆ نیکۆســیا (Nicosia)، بــۆ ســکرتێری (J. I. G) و بــۆ ‹P.O.M. E. C› لــە عــەدەن، دەنێــرم.
(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/5/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٩ی جانیوەری ١٩٦٥

١. تکایە ئاماژە بدە بە نامەکەم (١٠١١٤/١/٦٥) لە ٢ی جانیوەری کە پەیوەستە بە ڕووداوەکانی کوردستان. وادیارە بارودۆخ لە کوردستان باشتر نەبووە. هەروەها ئەم هەفتەیە لەلایەن سەرنووسەرانی (editorial) ڕۆژنامە عەرەبی و ئینگلیزییەکانی بەغدا، ڕووداوی پێکدادانەکەی نزیک چەمچەماڵ کە لە ١ی جانیوەرەی ڕوویدا زۆر قسەی لەبارەوە کرا. لە ڕووداوەکەدا ژمارەیەک کورد، چەند سەربازێکی بێ چەکی سوپای عێراقیان ڕەشەکوژ کردووە کە دەگەڕانەوە سەر ئەرکەکانیان. شتێکی نائاسییە ڕۆژنامەکانی بەغدا بپرژێنە سەر ڕووداوی لەم جۆرە. ئەگەرچی ئێمە زانیاریی دروستمان لەبەردەست نییە سەبارەت بە ژمارەی کوژراوان، بەڵام بە بڕوای ئێمە ئەم ڕووداوە، ڕووداوێکی زۆر جیددیە. ژمارەکان جیاوازن و باس لە کوژرانی ٤٠ کەس بەرەو سەرەوە دەکرێت.

٢. لە حاڵی حارزدا، پەیوەندیکردن (اتصالات) لە کوردستان زۆر سەخت بووە. دوو هەفتەیە ڕێگەی نێوان جەلەولا و دەربەندیخان داخراوە. ڕێگەی کەرکوک-سلێمانی تەنیا بۆ هاتوچۆی سوپا نەبێت، ئەگەرنا ئەویش داخراوە. هێڵی ئاسنی لە نێوان کەرکوک و هەولێر پچڕاوە.

٣. ئاماژەیەکیتر بۆ سەرهەڵدانی بارگرژی لە باکوور بریتییە لەوەی حکومەت داوای لە کۆمپانیای نەوتی عێراق کردووە، مووچەی ١٠٠٠ چەکداری ‹پۆلیسی نەوت› بدات. ئەزموونەکان نیشانیانداوە، ئەم کارەی حکومەتی عێراق زۆرتر بۆ سەرنجڕاکێشانی کوردە نەک بۆ ترساندنیان، چونکە لە یەکەم تەقەدا ئەو پۆلیسانە چەکەکانیان فڕێدەدەن و هەڵدێن، کۆمپانیا ئەم داواییەی

ڕەتکردووەتـــەوە و ڕایگەیانـــدووە، تەنیـــا مووچـــەی ٣٠٠ پۆلیـــس دەدات.

٤. مـن کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـمان، ئەنقـەرە، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، بـۆ سـکرتێری (J. I. G) و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/8/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا ١٦ی جانیوەری ١٩٦٥

**کوردستان**

باڵیۆزی تورکیا زۆر بە نهێنی ئێمەی ئاگادار کردووەتەوە لەبارەی کۆبوونەوەیەک لە نێوان پاشکۆی سەربازی باڵیۆزخانەی تورکیا و وەزیری کاروباری ناوخۆی عێراق؛ کۆبوونەوەکە لەسەر داوای وەزیری کاروباری ناوخۆی عێراق بووە، تا گفتوگۆ لەسەر هاوکاری تورکی-عێراقی بکەن، بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوورەکانی نێوان تورکیا و کوردستانی عێراق. لە کۆبوونەوەکەدا پاشکۆی سەربازی باڵیۆزخانەی تورکیا پرسیاری کردووە، ئایا حکومەتی عێراق بە نیازە یەکە سەربازییەکان بەرەو باکوور بجوڵێنێت، تا کردەوەی سەربازیی لە دژی کورد ئەنجام بدات؟

١. کۆلۆنێل سوبحی عەبدولحەمید پێیگوتوون، حکومەت مەبەستی ئەنجامدانی ئەم کارەی هەیە، بەڵام نەک لە وەرزی زستاندا، چونکە بۆ شەڕکردن وەرزێکی سەختە. بە بۆچوونی کۆلۆنێل، لەوانەیە لە سەرەتای مانگی ئەپریل یان دواتر دەست بە ئەنجامدانی [ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لە باکوور] بکرێت.

٢. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ لایەنە پەیوندیدارەکان دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

M. St. E. Burton, Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، لەندەن S. W. 1

نهێنی

(10114/12/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٣ی جانیوەری ١٩٦٥

**کوردستان**

١. لە چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر، ئاگادارکراینەوە لەم هەفتەیەدا شاندێکی کوردی کە لە سێ ئەندام پێکهاتووە، سەردانی بەغدایان کردووە و کەمترین ئاستی مەرجەکانی کوردیان بۆ چارەسەری کێشەی کورد خستووەتە بەردەم سەرۆک وەزیران. مەرجەکانی کورد، مەرجی مامناوەندین. چاوپۆشی لە مافی ئۆتۆنۆمی کراوە. لەبەرانبەردا کورد داوایان کردووە، پێویستە کورد لە پۆستە گرنگەکانی کارگێڕی لە باکوور، ڕێژەیەکی بەرچاویان بۆ تەرخان بکرێت. «ڕێژەیەکی مەعقول» لە داهاتی نەوت بۆ باکوور تەرخان بکرێت. ئەو خاڵانەی لەوانەیە ناکۆکی لەسەر دروست بێت، بریتین لە داواکاری حکومەتی عێراق بۆ هەڵوەشاندنەوەی هێزە ناڕێکخراوەکانی کورد، جا لایەنگری حکومەت بن، یان دژی حکومەت. هەروەها پێکهێنانی هێزێکی ژاندارم لە ٣٠٠٠ بۆ ٤٠٠٠ کەس کە لە ژێر کۆنترۆڵی مەلامستەفادا بن. لەوانەیە عەرەبە ناسیۆنالیستەکان دژی داواکاریی هەموارکردنەوەی بەندی یەکی دەستوری کاتی بن بە بەندێک کە بڵێت «گەلی عەرەبی عێراق بەشێکن لە نەتەوەی عەرەب».

٢. لەبەرانبەردا حکومەت پێشنیازەکانی خۆی بۆ شاندەکە خستووەتەڕوو کە بریتین لە هەڵوەشاندنەوەی هێزە ناڕێکخراوە کوردییەکان، چ لایەنگری حکومەت بن، یان دژی حکومەت، بە بێ دروستکردنی هیچ هێزێکی سەربازیی هاوتەریب (para-military). هەروەها حکومەت جەختی لەسەر یەکسانی مافی کورد [لەگەڵ عەرەب] کردووەتەوە. ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات بریتییە لەوەی کە هەر لایەنێک

وەک دەرگایەک بۆ کردنەوەی گفتوگۆکانی داهاتوو سەیری پێشنیازی لایەنی بەرامبەر دەکات.

کورد لەو بڕوایەدا نین، حکومەت مەرجەکانیان پەسەند بکات، بەڵام بیر لەوە دەکەنەوە، لەوانەیە ئەو مەرجانە ببنە هۆی هێنانەدی گفتوگۆ و دروستکردنی ناکۆکی لە ناو خودی کابینەی حکومەتدا. هەروەها لەوانەیە بەم شێوەیە لایەنگرانی ناسر و ئەو کەسانەی بە پێی بەرژەوەندییەکانی عەرەبی عێراقی هەڵسوکەوت دەکەن، لە دژی یەکتر بوەستنەوە. لەلایەن خۆیانەوە سەختە کورد گوێ لە چارەسەریەک بگرن، داوا بکات کورد چەک دابنێن و بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان متمانە بە نیەت پاکی حکومەت بکەن.

٣. کردەوەی چەتەگەریی لە جەبەل حەمرین کە دەکەوێتە نێوان بەغدا و کەرکوک بەردەوامە. ڕێگەی سەرەکی نێوان دوو شار چیتر بەکارناهێنرێت. ڕاپۆرتێک لەبەردەستە-کە تا هەنوکە پشتڕاست نەکراوەتەوە- ئاماژە بە پێکدادان لە ناوچەی سلێمانی دەکات.

٤. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ لایەنە پەیوندیدارەکان دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

M. St. E. Burton, Esq.,

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن S. W. 1

نهێنی

(10114/23/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٣ی فێبریوەری ١٩٦٥

**کوردستان**

١. پێشـنیاز گۆڕینـەوە لـە نێـوان حکومەتـی عێـراق و کـورد بەردەوامـە، بـەڵام زۆرتـر و زۆرتـر هەسـت بـەوە دەکرێـت، حکومـەت تەنانـەت مەبەسـتی ئـەوەی نییـە، کەمتریـن تەنـازول بـۆ کـورد بـکات. ماوەیەکـە دەنگۆیەکـی بەرفـراوان هەیـە، حکومـەت بـە نیازە لـە سـەرەتای مانگـی ئەپریلـدا هێـرش بکاتـە سـەر کوردسـتان. بـە نزیـک بوونـەوەی ئــەم کاتــە، هــەردوو لایــەن زۆر بــە وردییــەوە ئــاگاداری لێکەوتەکانــی دووبــارە سـەرهەڵدانەوەی جەنگـن. کـورد ئـاگاداری کەموکـووڕی دارایـی و نەبوونـی پشـتیوانین بـۆ دابیکردنـی چـەک. ناڕەزایەتـی لـە نێـوان [پیشـمەرگەکانی] کـورد سـەریهەڵداوە، دوو مانگــە مووچەیــان وەرنەگرتــووە؛ ئەمــەش بووەتــە هــۆی ئــەوەی هەندێــك پێشـمەرگە واز لـە ئەرکـی خۆیـان بهێنـن، ئـەم ناڕەزایەتییـە تـا ڕادەیـەک بـە دانـی هـاوکاری ‹جەژنـی ڕەمـەزان› (٢ی جانیـوەری) کـەم کراوەتـەوە. ئینشـیقاق لـە نێـوان باڵــی کـۆن و نوێـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، تـا هەنوکـە چارەسـەر نەکـراوە، بـەڵام وەک پێشـوو، بـە سـەرهەڵدانی شـەڕ، ئـەم ئینشـیقاقە بـە کۆتـا دێـت.

٢. وادیـارە هانـدەری حکومـەت [بـۆ هێرشـکردنە سـەر باکـوور] ئـەو بڕوایەیـە، گوایـە کورد زۆر لاواز بوونـە. کاربەدەسـتێکی وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە و بەرپـرس لـە کاروبـاری کـورد، کـە یەکێـک لـە شـارەزاترین کەسـایەتی عێراقییـە [لەسـەر پرسـی کـورد] داوای بینینـی منـی کـرد تـا «بۆچوونـی›› مـن سـەبارەت بـە کاروبـاری کـورد بزانێـت. ئـەو ئامـاژەی بـەوەدا، وەزیـری کاروبـاری دەرەوە پێشـوازی لەهـەر بۆچوونێکـی پەیوەسـت بــەم بابەتــە دەکات، و وەک هەندێــک ئەندامــی کابینــە بــە تەواوەتــی پابەنــدی

سیاسـەتی دژە کـورد نیـە. لـە میانـەی گفتوگۆکەمـان، بـۆم دەرکـەوت، مەبەسـتی ئـەو لـە زانینـی ئـەوەی کـورد چەنـد بەهێـزن؛ ڕوانگـەی حکومەتـە تـا لـە ڕێگـەی پێداگـری یـان میانـڕەوی داوکارییەکانـی کـورد هەڵبسـەنگێندرێت. ئەوپـەڕی میانـڕەوی نوانـدن لـە داواکارییەکانـی ئـەم دواییـەی کـورد (نامەکـەم لـە ٢٣ی جانیـوەری)، بووەتـە هـۆی ئـەوەی حکومـەت لـەو بڕوایـەدا بێـت، کـورد زۆر لاوازن. ئـەوان لـەو بڕوایـەدا نیـن، کـورد ئـەو ژمـارە چەکدارەیـان هەبێـت کـە بـۆ پێکهێنانـی هێـزی ژانـدارم لـە ٣،٠٠٠ بـۆ ٤،٠٠٠ کـەس پێکهاتبێـت.

٣. بەبـێ خسـتنەڕووی هیـچ زانیارییەکـی وردی گوماناویـی لەسـەر بارودۆخـی کـورد، مـن گوتـم، بـە بـڕوای مـن ئـەم بۆچوونـە، بۆچوونێکـی تـەواو هەڵەیـە و ئەگـەر بێـت و حکومـەت هەڵمەتێکیـتر لـە دژی کـورد بەرپـا بـکات، لەوانەیـە دواتـر حکومـەت لـەم کردەوەیـەی خـۆی پەشـیمان ببێتـەوە، هـەروەك چـۆن دوو حکومەتەکـەی ڕابـردوو پەشـیمان بوونـەوە. کێشـەی کـورد دەکرێـت لـە ڕێگـەی گفتوگـۆوە چارەسـەر بکرێـت.

٤. لەڕاسـتیدا، پێگـەی کـورد پێگەیەکـی لاوازە، بـەڵام هـی سـوپا لاوازتـرە. لـە کاتێکـدا لەوانەیـە ئەفسـەرە کۆنـەکان حـەز نەکـەن بەشـداری ئـەم شـەڕە بـن، بـەڵام بەڵگـە لـە بەردەسـت هـەن، ئەفسـەرە نوێیـەکان و پلەدارەکانیـتر ئـەم هەسـتیان نییـە. ڕاپۆرتـی بـەردەوام هـەن لـە وازهێنـان لـە ئەرکـی سـەربازی لـە نـاو کەرتـی ١دا، کـە لەوانەیـە لە یـەک یـان دوو هەفتـەی داهاتـوو لـە دیوانیـە و موسـەیب بـەرەو هەولێـر بجوڵێنرێـن.

٥. لـە هەولێـر، سـلێمانی و کەرکـوک مانگرتنی سەرتاسـەری لـە ١٠ی فێبریوەری بـۆ ناڕەزایی دەربڕیـن لەسـەر خۆئامادەکردنی حکومەت بۆ هێرشـکردنە سـەر باکـوور بەڕێوەچوو. تا ئێسـتاش ڕێـگای نێـوان بەغـدا و کەرکوک بەسـەر هاتوچۆی ئاسـایدا داخراوە.

٦. مـن کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، بـۆ سـکرتێری (J. I. G) و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.
(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/25/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٧ی جانیوەری ١٩٦٥

**کوردستان**

١. قۆناغی ئێستا، قۆناغی خۆئامادەکردنی سوپای عێراقە، بۆ سەر لەنوێ دەستپێکردنەوەی دوژمنکاری و هێرشکردنە [سەر کورد] هەر کاتێک کەش و هەوا بۆ ئەنجامدانی ئەم هێرشە لەبار بوو. بەتالیۆنێکی نوێی پیادە گەیشتووەتە کەرکوک و یەکێکیترش لە هەولێر جێگیر بووە. سەرچاوە شایەت حاڵەکانمان پشتڕاستیان کردەوە، تیپێکی سەربازی بەهێز گەیشتووەتە سلێمانی. هەروەها ئەو شایەتحاڵە ژمارەیەکی زۆری بنکەی سەربازیی لەسەر ڕێگەی سلێمانی بۆ کەرکوک بینیووە، لە کاتێکدا لە پاییزی ڕابردوودا هیچ بنکەیەک لەسەر ئەم ڕێگەیە نەبووە. دۆخی کوردستان تەنگژاوییە و ئەم سەرچاوە خۆشحاڵە لەم ناوچەیە دەرچووە.

٢. لە بەغدا کۆمپانیای بەرهەمهێنانی تەلیس بە توندی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی دوو ملیۆن تەلیسە (sandbag) بۆ سوپای عێراق. یەک ملیۆن تەلیسیتر لە هیند هاوردە کراوە.

٣. ئێمە بە بەردەوامی گوێ بیستی وازهێنانین لە ئەرکی سەربازی لە نێوان ئەو یەکانەی فەرمانیان پێکراوە بەرەو باکوور بجوڵێنرێن.

٤. وادیارە هۆکاری سەرەکی توڕەبوونی حکومەتی عێراق بریتییە لە دامەزراندنی ئیدارەی هاوتەریبی [ئیدارەی حکومەتی بەغدا] لە کوردستان لەلایەن کوردەوە. ئیدارەی کوردی بانگەشەی ئەوەی کردووە، نووسراوەکانی حکومەتی عێراق لە ئیدارەی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا جێبەجێ ناکرێن، هەروەها دەست بەسەر ئۆتۆمۆبیلەکانی پۆلیسدا گیراوە و بەندکراوەکانیش ئازاد کراون. بە گوێرەی ئەو ڕاپۆرتانەی لەهەولێرەوە هاتوون، کورد دەستیان بەسەر ئۆتۆمۆبێلەکانی حکومەتدا

گرتــووە و ئــەم ئۆتۆمۆبێلانــە بــەرەو ناوچــە شــاخاوییەکان بــردراون.

٥. حکومـەت دەسـتی بـە هەڵمەتـی ڕاگەیانـدن کـردووە و لـە ڕێگـەی ئەنجامدانـی چاوپێکەوتـن لەگـەڵ چاپەمەنییەکانـی عێراقـی، میـسری و لوبنانـی هەوڵـدەدات ڕای گشـتی جیهانـی دەرەوە بۆ هێرشـکردنە سـەر کـورد و ترسـاندنی کورد ئامادە بـکات. ئەم بیرۆکەیـەی حکومـەت لەبری ئـەوەی بیرۆکەیەکی خۆگونجێنی بێـت، داهێنەرانەیە. (یان دەکـرێ بیرۆکەیەکـی فریودەرانـە بێت، ئەگەر بێـت و پەرەگرافی ٢ لە نامەکەی پێشـووم ڕاسـت بێـت). بیرۆکـەی گشـتی بریتییـە لـەوەی حکومـەت بـڕی ١٠ ملیـۆن پاوەنـدی بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان خـەرج کـردووە؛ یـان هەمـوو هەوڵەکانـی خـۆی بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی کوردسـتان وەگەڕخسـتووە. هـەر بۆیەش حکومەت هەرگیـز داواکاری کـوردە ‹جوداخـوازەکان› قبـوڵ نـاکات و تەنیـا ژمارەیەکـی کەمـی کـورد (لە شـوێنێک بە ٣٠٠ کـەس مەزەندەکـراوە) دژایەتـی حکومـەت دەکـەن و هەوڵـی جیابوونـەوە لـە بـرا عەرەبـەکان دەدەن. ئـەو ژمـارە کەمـەش کـە دژی حکومەتـن لێکجیـاوازن و تەنانـەت مەلامسـتەفا بەربەرێکانێـی براکـەی شـێخ ئەحمـەد دەکات.

٦. ئـەو ئامادەکارییانـەی سـەرەوە لەلایـەن حکومەتـەوە وا دەردەخات، ئەگـەری پێکدادانی کـراوە، ئەگەرێکـی بڕاوەیە. بەهەرحاڵ، هـەروەك بەڕێزتان ئاگادارن، ناتوانرێت پێشـبینی ڕووداوەکانـی عێـراق بکرێـت و دواییـن بڕیـار هـەروەك ئێمـە دەیزانیـن، لەلایـەن حکومەتێکـەوە دەدرێـت کـە بەداخـەوە لـە ناوخۆیـدا دابـەش بـووە.

٧. مـن کۆپییـەک لەم نامەیـە بۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییەکان لە عەمـان، ئەنقەرە، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، بـۆ سـکرتێری (J. I. G) و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.
(E. F. G. Maynard)

M. St. E. Burton, Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن S. W. 1

نهێنی

(10114/36/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٦ی مارچ ١٩٦٥

**کوردستان**

١. ئەم هەفتەیە، گواستنەوەی هێزی سوپای عێراق بە ئاشکرا بەرەو باکوور، دەستی پێکرد. مەبەست لەم گواستنەوە ئاشکرایە، ترساندنی کورد بوو. بەشێک لە پاشکۆی لیوای (ت ٥٤) لە ناوچەی ‹H.3› لە بەغداوە دەرباز بوونە و بەرەو موسڵ چوونە. تۆپخانە لە محاویل (Mahawil) و هێزی پیادەی ١، لە دیوانیە (ئەم هێزە بۆ هەولێر دامەزراوە) لە بەغداوە تێپەڕ بوونە [تا بەرەوە باکوور بڕۆن]. ئەم هێزەی دوایی لە کاتی دەرباز بوونی لە بەغدا، لەلایەن خودی عارفەوە پێشوازی لێکرا، هەروەها عارف لە ‹حەبانیە› گوتارێکی پێشکەش بەو هێزانە کرد کە بۆ هێرشکردنە سەر باکوور پێکهێنراون؛ لەم گوتارەدا عارف داواکارییەکی تایبەتی خستە بەردەم شیعەکان، تا لە دژی کورد پشتگیریی لە حکومەت بکەن. نزیکەی ٨٠٪ پلەدارەکانی [سوپا] شیعەن، ئەم وتارە وادەردەخات حکومەت متمانەیی بە ئەوان نییە. هەروەها عارف پێشوازیی لە کوردی لایەنەگری حکومەت کرد، بەتایبەتیش خێڵەکانی دوژمنی بارزانییەکان. هەروەها بە گوێرەی دوایین ژمارەی ڕۆژنامەی نهێنی ‹خەبات›، ژمارەی هێزی سوارەی سەلاحەدین [فورسان سەلاحەدین] دوو قات زیادی کردووە. کۆمەڵێک لایەنی کوردی هەن، حکومەت لە جەنگی پیادەدا، زۆرتر ئەوان بەکار دێنێت.

٢. هەڵمەتی ڕۆژنامەوانی [لە دژی کورد] هەروەك خۆی بەردەوامە و چیرۆکی پێشنیازە جوامێرەکانی حکومەت بۆ کورد لە خۆ دەگرێت؛ «برا کوردمان›› ئاگاداراکراونەتەوە فریوی پیلانگێڕی ئیمپریالیستەکان نەخۆن و چاوچنۆک نەبن.

٣. حکومـەت ئامـادەکاری دەکات بـۆ دەستبەسـەرکردنی ژمارەیەکـی زۆری کـورد کـە لـە بەغـدان و ئـەو کەسـانەی لـە مـاوەی ڕابـردوودا لـە بەغـدا بـوون و لـە کاتـی سـەرهەڵدانی پشـێووییەکان لەباکـوور خۆیـان ئامـادە کـرد بـەرەو [باکـوور بگەڕێنـەوە].

٤. ڕای گشـتی کـورد لـە بەغـدا، کە لایەنگـری [کـوردە] توندڕەوەکانە، گلەیی لە مەلامسـتەفا دەکـەن بـەوەی لەبەرانبـەر حکومەتـدا زۆر میانـڕەو بووە. بـە بۆچوونی ئـەوان، ئیبراهیم ئەحمـەد و جـەلال تاڵەبانـی، سـەرکردە دەرکراوەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، دەگەڕێنـەوە عێـراق و هـەر بـە دەسـتپێکردنی شـەڕ، پێگەیەکـی گرنگ بەدەسـت دێنن. لەڕاسـتیدا، سـەختە پێشـبینی ئـەوە بکرێـت، چـی ڕوو دەدات. لەوانەیـە شـەڕ ببێتـە هـۆی ئـەوەی کـورد واز لـە جیاوازییەکانیـان بهێنـن، بـەڵام قەیرانەکانی ڕابـردوو ئەوەیان دەرخسـتووە، تەنیـا سـەرکردەی شـەڕکەری کـورد، مەلامسـتەفایە.

٥. هێـزی ئاسـمانی عێـراق کـە بەشـێکی کەمـی [بـەرەو باکـوور] گوازراوەتـەوە، ئامـادەی دەسـتپێکردنی ئۆپەراسـیۆنە. ئـەم هێـزە ڕاهێنـان لەسـەر بەکارهێنانـی بۆمبـی ناپاڵـم دەکات و لـەم بـارەوە زەخیـرەی پێویسـتیان لەبـەر دەسـتە. هەروەهـا کورد هۆشـداریان داوە، لەوانەیـە حکومەتـی عێـراق گاز لـە دژی کـورد بەکاربهێنێـت (پەرەگرافـی ٤ی نامەکـەم لـە ٢ی جانیـوەری).

٦. لـەو کاتـەوە، هەمـوو کەسێک تیشـکی خسـتووەتە سـەر جووڵـەی سـوپا، بەغدا پڕ بووە لـە دەنگـۆ. دەگوترێـت بـەم نزیکانە حکومەت هۆشـداری دەداتـە کورد، تـا چەکەکانیان ڕادەسـت بکـەن. [لەبەرانبـەردا] کـورد دەڵێن هۆشـدارییان بە حکومەتـداوە، ئەگەر بێت و بـەرەو پێنجوێـن پێشـڕەویی بکـەن (دەکەوێتـە سـەر سـنووری ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی سـلێمانی)، کـورد بەرەنگاریـان دەبنەوە. تا ئێسـتا چەندیـن پێکدادانی جیـددی [لە نێوان هێزەکانـی حکومـەت و کـورددا] ڕوویـداوە، لەوانەشـە ئـەم دەنگۆیانە ڕاسـت نەبن.

٧. زۆرتریـن دەنگـۆ سـەبارەت بـە هەڵوێسـتی میسرییەکانـە. یەکێـک لـە بەرچاوتریـن دەنگـۆ بریتییـە لـە چیرۆکێـک، گوایـە باڵیـۆزی میـسر، کـە لـەم هەفتەیـە لـە قاهیـرە گەڕاوەتـەوە، لەلایـەن نـاسرەوە بـۆ عـارف پەیامێکـی پێیـە و داوای لـە عـارف کـردووە،

لـە کاتێکـدا بارگـرژی [لـە نێـوان عـەرەب و] ئیسرائیـل لەوپـەڕی خۆیدایـە، لـە دژی کـورد جەنـگ بەرپـا نـەکات. دەنگۆیەکیتری زۆر بـاو بـە پێچەوانـەی ئـەم دەنگۆیـەی سـەرەوە، کـە وا دەردەکەوێـت لەلایـەن وەزارەتـی بەرگـری عێراقـەوە بـڵاو کرابێتـەوە، بانگەشـەی ئـەوە دەکات، گوایـە ئـەو هێـزە میسریانـەی لـە عێراقـن، بەهێزتـر دەکرێـن، بۆئـەوەی یـان پشـتیوانی هێزەکانـی عێـراق بـن کـە سـەرقاڵی بـە جێگەیاندنـی ئەرکەکانـی پاراسـتنی ئاسایشـی ناوخـۆن، ئـەم هێزانـە دەسـتکراوە بـن بـۆ شـەڕکردن لـە باکـوور [واتـە ئەرکـی ئاسایشـی ناوخـۆ بـە هێزەکانـی میـسر بدرێـت و هێزەکانـی ئێـراق بچنـە باکـوور و بەشـداری لـە شـەڕی دژەی کـورد بکـەن] یـان، ئـەم هێـزە میسریانـە ڕاسـتەوخۆ بەشـداری شـەڕ بکەیـن.

لەڕاسـتیدا، دەنگـۆی ئـەوەی باڵیـۆزی میـسر پەیامێکـی لەلایـەن نـاسرەوە هێنـاوە لـە چاپەمەنییەکانـدا بـڵاو کرایـەوە. یەکـەم دەنگـۆ، هـەروەك لـە ناوەرۆکیـدا دیـارە قسـەیەکی زانـراو بـووە. دووەم دەنگـۆ لەلایـەن ئـەو ئەفسـەرانەی سـوپاوە بڵاوکرایـەوە، دەخـوازن نـاسر زۆرتـر دەسـت لـە کاروبـاری عێـراق وەربـدات.

٨. بـاس لـەوە دەکرێـت سـوپای عێـراق دەسـت بـە دروسـتکردنی بـارەگای سـەربازی[لە کوردسـتاندا] کـردووە، هەروەهـا لەگەڵ دوو ئەفسـەری کۆن و سـتافێکی شـارەزا، لە ژێر فەرماندەیـی براکـەی عارف و سـەرۆکی گشـتی ئـەرکان (C.G.S)، فەرماندەیی هەڵمەتی هێرشـبردنە سـەر باکـوور بەڕێوەدەبردرێـت. سـوپای عێـراق بـە درێژایـی جـادەکان پێشـڕەویی کـردووە، بـەڵام هیچیـان دەسـت نەکەوتـووە و ژمارەیەکـی زۆریـان لەلایـەن کـوردەوە دەورە دراون، هەروەهـا لەوانەیـە فاکتەرە دەرەکییەکان ببنە هۆی پاشەکشـەی سـوپای عێـراق. لەوانەشـە تـەواوی سـوپا بـۆ شـەڕکردن [لـە دژی کـورد بـەرەو باکـوور] نەگوازرێنـەوە، چونکـە کـەش و هـەواش تـا مانگـی ئەپریـل بـۆ شـەڕکردن لەبـار نییـە.

٩. مـن کۆپییـەک لەم نامەیـە بۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییەکان لە عەمـان، ئەنقەرە، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، بـۆ سـکرتێری (J. I. G) و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/37/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا-بەغدا

١٣ی مارچ ١٩٦٥

**کوردستان**

١. گواستنەوەی سوپا بەرەو باکوور و هەڵمەتی چاپەمەنی بۆ هۆشداریدان و ئاگادارکردنەوەی کورد، بەردەوامە. پێشوازیکردن لەو هێزانەی بەرەو باکوور دەچن، بوو بە خوویەکی بەردەوامی سەرۆک عارف.

٢. دەنگۆکان بەردەوامن و زیاتر بوونە. دەنگۆکانی پێکدادان و قوربانی لێکەوتنەوەی ژمارەیەکی زۆری سوپای عێراق بەردەوامن. لەوانەیە ئەم دەنگۆیانە ڕاست نەبن، بەڵام دەنگۆی ئەوەی هێزی ئاسمانی عێراق ناوچەی دەوروبەری دهۆکی بوردمان کردووە، ڕاستە. باس لە ڕێکەوتی جۆراوجۆر دەکرێت وەک ڕۆژی هێرشکردنی حکومەت بۆ سەر باکوور. ڕاستە کەش و هەوا لە جاران گەرمتر بووە، بەڵام تا هەنوکەش گواستنەوەی سوپا بەرەو باکوور تەواو نەبووە و هیچ هۆشدارییەکی ئاشکراش بە کورد نەدراوە بۆ ئەوەی چەکەکانیان ڕادەست بکەن. پەیوەندی نێوان حکومەت و کورد بەردەوامە. داوا لە باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا کراوە سنوورەکانیان لەگەڵ کوردستان دابخەن. وادەردەکەوێت داوکاریی هاوشێوە ببێتە بابەتی سەرەکی گفتوگۆی نێوان وەزیری دەرەوەی ئێران [لەگەڵ حکومەتی عێراق] کە بە نیازە لە ٢٦ی مارچ سەردانی بەغدا بکات.

٣. ئێمە زانیارییەکمان لەبەردەستە و وادەردەکەوێت دروست بێت و تایبەتە بە پلانێکی سەربازیی بۆ کۆتایهێنان بە کێشەی کورد. ٤ کەرتی سەربازی لە ناوچەکانی باکووری موسڵ جێگیرکراون، تا ئۆپەراسیۆنی سەربازی [لە دژی کورد بەڕێوە ببەن]. دوو میحوەری سەرەکی پێشڕەوی سوپا بریتیە لە هەولێر-ڕواندز-ڕایەت (کەرتی ١) و کەرکوک-سلێمانی-پێنجوێن (کەرتی ٢). هەروەها لەوانەیە پێشڕەوییەکی

لاوەکیش لەلایەن کەرتی ٥، بە ئاڕاستەی مەیدان-دەربەندیخان-هەڵەبجە ئەنجام بدرێت. ئەگەر بێت و ئەم پلانە جێبەجێ بکرێت، لەوانەیە سوپا بتوانێت سەرەتا پێشڕەویی زەمینی ئەنجام بدات و دەست بەسەر هەندێك ناوچەدا بگرێت و بۆ ئەم سەرکەوتنەش ئەوپەڕی پڕوپاگەندە بەکاربهێنرێت. قۆناغی یەکلاکەرەوە لە دوای یەکەمین سەرکەوتنەوە دێت، واتە ئەو کاتەی سوپا بەنیاز بێت لە جادەکان دوور بکەوێتەوە و هەوڵ بدات لە دەرەوەی جادەکان ڕووبەڕووی کورد ببێتەوە.

٤. ئەگەری دەستپێکردنی خولێکیتری شەڕ بۆچوونی کوردی [لەبەرانبەر حکومەت زۆر توندتر کردووە. وادیارە کورد بڕیاریانداوە ئەمجارە زۆر جیددیتر لە جارانی پێشوو لە دژی حکومەتی عێراق بجەنگن. من گوێ بیستی یەک دوو دەنگۆ بوومە کە کوردە میانڕەوەکان باسیان لە سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە عێراق کردووە. تا هەنوکە زۆربەی کورد جەختیان لەوە کردووەتەوە، ئەوان خوازیاری خودموختارین لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. هەڵبەت ئەم ئاماژانە، قسەگەلێکن لە کاتی هەڵچوون دەردەبڕێن و هیچ گۆڕانێک بەسەر سیاسەتی کورددا ناهێنێت، بەڵام باسکردن لە سەربەخۆیی شتێکی تازە و نیگەرانکەرە.

٥. من کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، بۆ سکرتێری (J. I. G) و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/45/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٠ی مارچ ١٩٦٥

**کوردستان**

١. خەریکە گواستنەوەی سوپا بۆ باکوور کامڵ بێت. بەغدا هەموو هێزی پیادەی [بەرەو باکوور] گواستووەتەوە، تەنیا بەتالیۆنی پاسەوانی سەرۆکایەتی نەبێت. تەنیا هێزێک کە لێرە [واتە بەغدا] ماوەتەوە فەوجی نیسرییەکان لە ‹تاجی› و ژمارەیک تانکن، بۆ بەرگری لە کۆشکی کۆماری ماونەتەوە. بەغدا پشتی بە یەکێک لە سێ بەتاڵیۆنی پیادەی بەستووە، هەروەها فەوجی پاڵەوان بۆی هەیە هەر ڕۆژێک بەرەو ‹H. 3› بجوڵێنرێن [و بەرەو باکوور بڕوات]، دوو لە سێی فەوجەکەی ‹ت ٥٤› ئێستا لە باکوور جێگیر بوونە. (هێزەکانیتری سەر بە فەوجی پاڵەوان بەرەو ‹H. 3› جوڵێنراون). ئەوەش بەو مانایە دێت، سوپا هەموو هێزی خۆی بەکار دێنێت، تەنانەت پێش ئەوەی ئۆپەراسیۆنەکان لە کوردستان دەست پێبکرێن. هەروەها لە چۆڵکردنی پایتەخت لە گشت هێزە یەدەکەکانی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ، حکومەت خەریکی ئەنجامدانی سەرەڕۆییەکی گەمژانەیە. ئەنجامی ئەم بابەتە بریتییە لەوەی حکومەتی عێراق پەنا بۆ گشت ئامرازێک دەبات کە بە یەکجاری و بۆ هەمیشە کێشەی کورد چارەسەر بکات.

٢. پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و کورد بەردەوامە و مەلامستەفا سیاسەتی میانڕەوانەتری گرتووەتەبەر. زۆر دووره گفتوگۆکان بە چارسەرییەک بگەن، چونکە حکومەت پێداگری لە چەکدانانی هێزە نارێکخراوەکانی کورد دەکات، داواکارییەک، ئەگەری دووره لەلایەن کوردەوە پەسەند بکرێت، بەتایبەتیش لە حاڵی حازردا حکومەت بۆ ترساندنی کورد هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز دەکات.

٣. هەڵمەتــی ڕاگەیانــدن زۆر چڕتــر بووەتــەوە و ســەروتارەکان زۆر ڕاســتەوخۆ و ڕاشــکاوانە هەڕەشــەی بەکارهێنانــی هێــز [لــە دژی کــورد دەکــەن].

٤. بــە گوێــرەی وەزارەتــی کاروبــاری دەرەوەی عێــراق، وەزیــری دەرەوەی ئێــران ســەردانە چاوەڕوانکراوەکــەی کــە بڕیــار بــوو لــە ٢٦ی مــارچ ســەردانی بەغــدا بــکات، هەڵوەشــاندووەتەوە.

٥. زۆربـەی سیاسـییە چالاکەکانـی کـورد بەغدایـان بەجێهیشـتووە و بـەرەو باکـوور چوونـە، تەنیـا دوو وەزیـرە کوردەکـەی پێشـووی حکومەتـی عێـراق نەبێـت؛ واتـە فـواد عـارف و بابـا عەلـی، ئەوانیـش بەنیـازن لـە بەغـدا دەربچـن.

٦. چەندیـن هەواڵـی پشتڕاسـتکراومان سـەبارەت بـە پێکدادانـی نێـوان کـورد و هێزەکانـی حکومەتی عێراق بە دەسـت گەیشـتووە. یەکێک لە ئەفسـەرەکان کە خەڵکی بەغدا بوو، کـوژراوە و بەخاکسـپاردنەکەی زۆر بـە ورياييـەوە لـە چاپەمەنی ناوخـۆدا بڵاوکراوەتەوە.

٧. کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، بـۆ سـکرتێری (J. I. G) و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

M. St. E. Burton, Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن S. W. 1

نهێنی

(10114/52/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٧ی مارچ ١٩٦٥

**کوردستان**

١. حکومەتی عێراق پرۆسەی جێگیرکردنی هێزەکانی وەک ئامادەکارییەک بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان تەواو کرد. دەنگۆی ئەوە لە ئارادایە، حکومەت هۆشداری بە کورد داوە، چەکەکانیان ڕادەست بکەن، بەڵام تا هەنوکە ئەو هۆشدارییە بە ئاشکرا ڕانەگەیێندراوە، هەروەها تا هەنوکەش پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و کورد نەپچڕاوە. هەستی گشتی لە بەغدا ئەوەیە حکومەت هێرشەکەی پاشخستووە، لەوانەیە ئەمەش بە هۆی هۆکاری دەرەکییەوە بێت، بەڵام پێداگری حکومەت لەسەر بەرپاکردنی جەنگ وایکردووە، نەتوانێت پاشەکشە لەم قسەیەی خۆی بکاتەوە.

٢. بودجەی گشتی ساڵی ١٩٦٥-٦٦، کە بڵاو بووەتەوە، باس لە تەرخانکردنی ٨٥ ملیۆن دیناری عێراقی بۆ کەرتی بەرگری کراوە، واتە نزیکەی دوو قاتی بودجەی ساڵانی ڕابردووی تەرخانکراو بۆ ئەم کەرتە. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کڕینی چەک ئاشکرا ناکرێت، کەواتە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێچوونی کەرتی بەرگری زۆر بەرز ببێتەوە.

٣. موحسین ئەلحەکیم سەرکردەی ڕۆحیی شیعەکان لە نەجەف، بووە بە مەڵبەندێکی کارای چالاکی لۆبیگەریی. کورد لە ئەو نزیک بوونەتەوە، تا فەتوایەک دەربکات و تێیدا شەڕ لە دژی کورد حەرام بکات. دەرکردنی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە لەلایەن حەکیمەوە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر سوپا دروست دەکات کە ڕێژەیەکی هەرە زۆری پلە و پۆستەکانی بە دەست شیعەکانەوەیە، هەر بۆیەش سەرۆک عارف دوو لە وەزیرەکانی

بـۆ لای موحسـن ئەلحەکیـم نـاردووە، تـا ڕەزامەنـدی ئـەو دەسـتبەر بکـەن کـە چـاوی بـە عـارف بکەوێـت. باڵیـۆزی ئێـران [لـە بەغـدا] زۆر بـە نهێنی ڕۆبـی (Robey) ئـاگادار کردووەتـەوە کـە پەیامێکـی بـۆ موحسـین ئەلحەکیم ناردووە و پێشـنیازی کـردووە، ڕەتی بکاتـەوە چـاوی بـە عـارف بکەوێـت، هـەر بۆیـەش ئـەم چاوپێکەوتنـە ئەنجام نـەدراوە. بەهەرحـاڵ، سـەختە پێـش هەڵگیرسـانی شـەڕ هەر جـۆرە فەتوایـەک لەلایەن موحسـین ئەلحەکیمـەوە دەربچێـت. ئاسـانە ئەلحەکیـم کـە هەنوکە پیـر و نەخـۆش و وریایە، هان بدرێـت، ئـەم فەتوایـە دەرنـەکات، تا ئـەو کاتەی شـەڕ هەڵنەگیرسـابێت.

٤. هەڵمەتـی ڕۆژنامـەکان هـەر بەردەوامـە، بـەڵام تـا ڕادەیـەک بـە هـۆی ئاڵۆگـۆڕی پێشـنیازەکان لـە نێـوان حکومـەت و کورددا، ئـەم هەڵمەتـە ئارامتر بووەتـەوە، هەروەها نووسـینەکان بـە جۆرێـک ڕێکخـراون، تـا بـاس لـەوە بکـەن کـورد داوای جیابوونـەوەی یەکجارەکـی لـە عێـراق دەکـەن. زۆرێـک لـە عێراقیـەکان بـەم جـۆرە بیـر دەکەنـەوە [کـورد دەیانەوێـت جیاببنـەوە]، بـەڵام زۆرێـک لـە عێراقیـە وردبینەکانیـش ئـاگاداری مەرجـە میانڕەوەکانـی ئـەم دواییـەی کـوردن و بـەم هۆیەشـەوە ڕەخنـە لـە حکومـەت دەگـرن [کـە لەگـەڵ کـورد ڕێـک ناکەوێـت]. بـە پـێ سـەرچاوە باوەڕپێکـراوەکان، ڕادیـۆی بەغـدا ئامـادەکاری بـۆ پەخشـکردنی کۆمەڵێـک بەرنامـە دەکات؛ بۆنموونـە مۆسـیقا پەخشـکردن. وادەردەکەوێـت ئـەم کارەش ئامادەکاریـی بێـت بـۆ ڕاگەیاندنـی یەکـەم سـەرکەوتن لـە هەڵمەتـی [هێرشـکردنە سـەر کـورد].

٥. پێکدادانـی نێـوان کـورد و سـوپا لـە ئاسـتێکی کـەم بەردەوامـە. هێـزی ئاسـمانی عێـراق لـە ناوچەکانـی دهـۆک و ئاکـرێ چەنـد هێرشـێکی ئەنجامـداوە و ئـەم ناوچانـەی بـە موشـەك و بۆمـب بۆردمـان کـردووە.

٦. مـن کۆپییـەک لەم نامەیـە بۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییەکان لە عەمـان، ئەنقەرە، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، بـۆ سـکرتێری (J. I. G) و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/56/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢ی ئەپریل ١٩٦٥

**کوردستان**

١. بەردەوامیی پاشخشتنی هەڵمەتی هێرشکردنی حکومەت بۆ سەرکورد ،بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی دەنگۆکان و بەگومان بوون لە حکومەت. میسرییەکان و لایەنگرانی هەموو هەوڵێکی خۆیان وەگەڕخستووە، تا زۆرترین دەسکەوت لەم بارودۆخە دەستەبەر بکەن، بە جۆرێک پاشخستنی هێرش بۆ سەر کوردستان، بۆ هاتنە ناوەوەی میسر بۆ ناو ئەم کێشەیە دەگەڕێننەوە، تا بەشێوەیەکی ئاشتیيانە کێشەکە چارەسەر بکرێت، بەڵام ئاماژەی ئاشکرا لەلایەن حکومەتەوە بۆ دەستپێکردنی شەڕ لە ئارادایە. هەستی گشتی لە بەغدا بریتیە لەوەی تا کۆتایی هاتنی پشێویەکانی جەژنی قوربان (کە لە ١٤ی ئەپریل بە کۆتا دێت)، هێرش ناکرێتە سەر باکوور.

٢. سەرۆک عارف ئەم هەفتەیە کاتی لە موسڵ و کەرکوک بەسەر بردووە، تا سەردانی یەکەکانی سوپا لەم ناوچانەدا بکات و ڕۆحییەتی ئەم هێزانە بەهێز بکات. هاوکات ئەرکە ئیدارییە مەدەنییەکانیشی [لەم ناوچانەدا] جێبەجێ بکات. لەم گەشتەدا، بە پلەی یەکەم جەخت لەسەر سەردانی ناوچەکانی موسڵ کراوتەوە، واتە مەڵبەندی لایەنگرانی گرتنەبەری سیاسەتێکی توند لە دژی کورد.

٣. هەروەها دووبارە گەمارۆدانی ئابوری سەر کوردستان درێژکراوەتەوە و بارهەڵگرەکانی گواستنەوەی کاڵا مەدەنییەکان، لە سنوورەکانی ئەم ناوچانە دوورخراونەتەوە و بەرەو دواوە گەڕێندارونەتەوە.

٤. باڵیۆزی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ئێمەی ئاگادار کردووەتەوە، لە لێکۆڵینەوەکانیدا سەبارەت بەو بۆمبە ناپاڵمانەی بە دەست حکومەتی عێراق گەیشتوون، بەو ئەنجامە گەیشتووە، ئەم ناپاڵمانە لەلایەن حکومەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە دروستکراون. ئەو گوتی، حکومەتی عێراق داوای ٣٠،٠٠٠ بۆمبیتری لەم جۆرەی کردووە. بە بڕوای ئێمە یەدەکی ئیستای بۆمبی ناپاڵمی حکومەتی عێراق ٢،٢٠٠ بۆمبە.

٥. دوو نوێنەرە کوردەکە لە دوای چاوەڕوانییەکی زۆر لە بەغدا، بە بێ ئەوەی چاویان بە وەزیرەکانی حکومەتی عێراق بکەوێت، گەڕاونەتەوە کوردستان. بێگومان ئەوان هێشتا چارەنووسی شاندی پێشووی کوردیان لە بیر نەکردووە کە لە بەغدا بوون چیان بەسەر هات. بەعسییەکان لە جونی ١٩٦٣دا هێرشیان کردە سەر ئەم شاندە. ئەندامانی ئەم شاندە خرانە بەندیخانە و ئەشکەنجە دران.

٦. نامیلکەیەکی باڵی چەپڕەوی بەعسییەکان، سەرکۆنەی حکومەت دەکات کە بڕیاریداوە هێرش بکاتە سەر کورد. ئەوان دەڵێن داواکاریی کورد بۆ مافە نەتەوایەتییەکانیان مافێکی ڕەوایە و لە دژی بەرژەوەندییەکانی عەرەب نییە. بڵاوکراوەکە هێرشی بەعسییەکان بۆ سەر کورد دەخاتە پاڵ کەسایەتییە کۆنەپارێزەکانی ناو ئەم حزبە کە تا هەنوکەش لە حکومەتدا ماونەتەوە. (ئەمەش ئاماژەدانە بۆ عارف، تاهیر یەحیا و سوبحی عەبدولحەمید).

٧. هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی شیعە بەردەوامە و وەزیری ناوخۆ لە سەردانێک دایە بۆ باشووری عێراق. دەرکردنی فەتوایەک لە دژی کورد هەواڵی سەرەکی چاپەمەنی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە. ئەم فەتوایەش لە ٣١ی مارچ لەلایەن شێخ عەلی کاشیف ئەلغیتە (Ali Khashif Al-Ghite)ەوە دەرکراوە. ئەو کوڕی ئایتوڵای پێشوو، محەمەد کاشف ئەلغیتیە و حکومەت لە هەوڵێکی سەرنەکەوتوودا هەوڵیدا لەبری ئایەتوڵا موحسین ئەلحەکیم، ئەو بە سەرۆکی ڕۆحی و جێگرەوە [محەمەد کاشف ئەلغیتە] بناسێنێت. لەڕاستیدا، ئەلحەکیم جێگری شەرعی و هەڵبژێردراوە.

٨. دەقــی فەتواکــە وەک ئایەتێکــی قورئانــی لەلایــەن ڕۆژنامەکانــی دژی کــورد دەخوێندرایــەوە، لەوانەیــە حکومــەت فەرمانــی ئەنجامدانــی ئــەم کارەی دەرکردبێــت.

٩. بەکارهێنانــی دەقــی قورئانــی بــۆ ڕەخنەگرتــن لــە یاغــی بــوون و ڕەخنەگرتــن لــە ئاژاوەچییــەکان بــووە و بەڵێنی لـە خاچدانیان لەم جیهانە و بڕینی ئەندامانی جەسـتەیان لـە جیهانیـتر دراوە. ئـەم بڵاوکراوانـە لـە ئەگـەری بەرپابوونـی جەنگدا بەڵێنـی لەناوبردنی [کـوردە ئاژاوەگێـڕەکان] و شـێوەنکردنی دایـکان و پیـرە پیاوانـی داوە (ئەمـەش وادیـارە، هەڵسـوکەوتێکی دوو ڕووانەیـە [واتـە حکومـەت هیواخـوازە شـەڕ ڕوو نـەدات]). لـە کۆتاییـدا، بڵاوکراوەکـە داوای برایەتـی نێـوان عـەرەب و کـورد، هاوکاریـی دوو لایەنـەی [نێـوان کـورد و حکومـەت] و دوور کەوتنـەوە لـە پیلانگێـڕی دەرەکـی دەکات.

١٠. ئـەم کردەوەیـەی حکومەتیـش [واتـە پەنابـردن بـۆ فەتـوا و ئـەم جـۆرە بڵاوکراوانـە] بــە کردەوەیەکــی ناپوختــە و خراپ-لێکــدراو هەژمــار کــراوە و نیشــانەی بەگومــان بوونـی حکومەتـە لـە متمانەپێکـردن بـە شـیعەکان. بەجێهێشـتنی خزمەتـی سـەربازی لــە ئاســتێکی بەرفراواندایــە و پشــێوی لــە نــاو یەکەکانــی بەعقوبــە کــە بڕیــارە بــۆ باکــوور بنێردرێــن، ســەریهەڵداوە.

بەهەرحـاڵ، فەتـوای کەسـێکی نەنـاسراو، کێشـەکە چارەسـەر نـاکات و لەوانەیـە بـەم هۆیــەوە موحســین ئەلحەکیــم زۆرتــر دژایەتــی حکومــەت بــکات. هەروەهــا لەوانەیــە بەرپەرچدانـەوەی شـیعە، داوا لـە سـەید موحسـین (Sayyid Muhsin) کـردن بـێ، حاڵـی حـازر، بڕیارێکـی پێچەوانـەوەی فەتواکـەی ‹کاشـیف ئەلغیتـە› دەربـکات و بـەم جـۆرەش لـە پێگەکـەی کـەم بکاتـەوە.

١١. مـن کۆپییـەک لەم نامەیە بۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییەکان لـە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، بـۆ سـکرتێری (J. I. G) و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/60/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٠ی ئەپریل ١٩٦٥

**کوردستان**

١. هێرشـێکی سـوپای عێـراق لـە ٣ی ئەپریـل بـۆ سـەر خەڵکـی ئاسـایی بـێ چـەک لـە سـلێمانی، بووەتـە هـۆی بڵاوبوونـەوەی دەنگـۆکان لـە بەغـدا، بـەوەی شـەڕ دەسـتی پێکـردووە. وا دیـارە لـەم هێرشـەدا بـۆ داخسـتنی شـەقامێک کـە ژمارەیـەک چایخانـە لـە خۆدەگرێـت، تانـک بەکارهێـنراوە و دواتریـش لـە ڕێگـەی چەکـی ئۆتۆماتیکییـەوە، تەقـە لـەو کەسـانە کـراوە کـە لـەم چایخانانـەدا بوونـە. ڕاپۆرتـەکان بـاس لە کوشـتنی ١٦ بـۆ ٩٠ کـەس دەکـەن. دەگوترێـت ئـەم هێرشـە تۆڵەسـەندنەوە بـووە لـەو پێکدادانـەی پێشـتر لـەم ناوچەیـەدا [لـە نێـوان سـوپا و کـورد] ڕوویـداوە، بـەڵام وا دەردەکەوێـت، مەبەسـتی سـەرەکی حکومـەت ترسـاندن و تۆقاندنـی کـوردە، یـان مەبەسـتی سـەرەکی ئـەم کارە هاندانـی کـوردە، تـا وا بیـر بکەنـەوە، ئـەوان [واتـە کـورد] بەرپرسـیارن لـە هەڵگیرسـاندنی شـەڕ. بەهەرحـاڵ وادەردەکەوێـت ئەفسـەرانی سـوپا لـە باشـوورەوە [بـەرەو باکـوور] بێـن (١٢-١٥ ئەپریـل). لـە ٣ی ئەپریلـدا وەزیـری ناوخـۆ لـە لێدوانێکدا بـۆ ئەفسـەرە پلـە بەرزەکانـی سـوپا، ڕایگەیانـدووە کـە لـە ئامادەباشـیدا بـن، چونکـە لـە هـەر کاتێکـدا ئەگـەری ئـەوە هەیـە ‹بـە کۆتایـی هاتنـی› [پشـووی جەژنـی قوربـان] حکومـەت هێـرش بکاتـەوە سـەر کـورد.

٢. لـە ڕۆژی شـەممە، ٣ی ئەپریـل، سـەرۆک وەزیـران و وەزیـری بەرگریی لە نـاکاو بەغدایان بـەرەو قاهیـرە بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژ بەجێهێشـت. (بـە هەمـان فڕۆکـەدا شـاندێکی پێنـج کەسـی لـە ئەندامانـی کابینـە، لـە وڵات دەرچـوون). لـە بەغـدا ڕای گشـتی لـەو بڕوایەدایـە، هـۆکاری سـەرەکی گەشـتی سـەرۆک وەزیـران بـۆ قاهیـرە پەیوەسـتە بـە

دووبارە دەستپێکردنەوەی دوژمنایەتیکردنی [کورد]. زۆربەی ڕوونکردنەوەکان باس لەوە دەکەن، ئامانجی سەرەکی ئەو سەردانە، هاوڕاکردنی میسرییەکانە لەگەڵ سیاسەتەکانی حکومەت لەبارەی کوردەوە. هەندێك ڕوونکردنەوە لەوەش ئەولاتر دەچن و باس لەوە دەکەن، ئامانجی سەرەکی لەم سەردانە ڕێکخستنی خۆپێشاندانی ئاشکرای هاوپەیمانیەتی نێوان عێراقی و میسرییەکانە. (یان لێداون سەبارەت بە یەکێتی نێوان میسر و عێراق). ئەگەر ئەم ڕوونکردنەوانە ڕاست بن، لەوانەیە ئەم کارە ئامانجی شاندێکیتریش بێت بە سەرۆکایەتی وەزیری ڕێنماییکردن کە هاوکات سکرتێری گشتی یەکێتی سۆسیالیستی عەرەبە. دەنگۆیەکیتر کە لەلایەن حکومەتەوە ڕەتکرایەوە، بریتیە لەوەی ئامانج لەم سەردانە داواکاریی سەرۆک وەزیرانە بۆ ناردنی ژمارەیەکی زۆرتر لە سوپای میسر، یان ڕاوێژکاری سەربازی میسریی بۆ عێراق.

٣. پڕوپاگەندەی حکومەت لە دژی کورد ڕێچکەیەکی نوێی وەرگرتووە. سەرەڕای زیندووکردنەوەی بیرۆکەی جاران بەوەی کورد هەوڵی جیابوونەوە لە عێراق دەدەن، حکومەتی عێراق ئەو ئاراستەیەی گرتووەتەبەر، گوایە بەریتانیا (جاران چەمکی ناڕوونی ئیمپریالسیتەکان بەکار دەهێنرا) لە پشت کوردن [و هانیان دەدات لە عێراق جیا ببنەوە]. بڵاوکراوەی ئینگلیزی زمانی «بەغدا نیوز» لەلایەن بەغداوە بەکاردەهێنرێت، تا لە ڕێگەیەوە سیاسەتەکانی حکومەت بە بیانییەکان و بە تایبەتیش شاندە بیانییەکان لە بەغدا بگات، لە ٨ی ئەپریلدا سەر لە نوێ زنجیرە وتارێکی ساڵانی ١٩٦١ و ١٩٦٢ی ڕۆژنامەی ‹ئەلسەورە›ی بڵاوکردووتەوە. مەبەست لەم کارەش بریتییە لە نیشاندانی ئەوەی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ و ١٩٤٥ چەندین ئەفسەری ٢. ٢. سیاسی بەریتانیا، هەروەها خودی باڵیۆزی بەریتانیاش، مەلامستەفایان لە دژی حکومەتی عێراق هانداوە و چەکیان بۆ دابینکردووە. هەروەها وتارێک لە ژمارەی ئێستای ڕۆژنامەی ‹ئەلجمهوریە›دا بڵاوبووەتەوە و ئاماژە بەوە دەدات، لە ساڵی ١٩٤٥ ئەفسەرێکی بەریتانی لە دیانا ٥٠ پارچە چەکی بە مەلا مستەفا داوە.

٤. مــن کۆپییــەک لــەم نامەیــە بــۆ نووســینگەکانی پاراســتنی زانیارییــەکان لــە عەمــان، ئەنقــەرە، بەحرێــن، بەیــروت، قاهیــرە، دیمەشــق، کوێــت، مۆســکۆ، تــاران، تەلەبیــب، واشــنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـرس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عــەدەن، دەنێــرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/60/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٠ی ئەپریل ١٩٦٥

**کوردستان**

١. وادیارە هێرشی سەربازیی حکومەت لە ٦ یان ٧ی ئەپریل دەستی پێکردووە. بە پێی قسەی کورد و ڕاپۆرتەکان، حکومەت تا کۆتایی هاتنی جەژنی قوربان هێرش ناکات، بەشێک بووە لە فریوەکانی پلانە سەربازییەکەی حکومەت، بەڵام ئەم فریودانەش دەستکەوتێکی سەربازیی ئەوتۆی بۆ حکومەت دەستەبەر نەکردووە. حکومەت لەسەر ڕادیۆ هیچ بانگەشەیەکی سەبارەت بە دەستپێکردنی شەڕ لە باکوور، بڵاونەکردەوە. هەموو کەس، چاپەمەنی، وەزیرەکان و بەرپرسەکان، گشتیان لە پشووی [جەژنی قوربان]دان، بەڵام حکومەت بە شێوەیەک قسە و هەڵسوکەوت ناکات، گوایە شەڕ لە باکوور دەستی پێکردووە.

٢. میسرییەکان هەموو هەوڵەکانی خۆیان وەگەڕخستووە، تا قەناعەت بە هەموو کەسێک بهێنن، ئەوان هەرچی لە توانایاندا بووە، کردوویانە، تا ڕێگریی لەسەرهەڵدانی شەڕ بکەن. باڵیۆزی فەرەنسا ڕاپۆرتێکی ڕەسەنی میسری بەدەست گەیشتووە، گوایە ناسر لەم سەردانەی دوایی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ میسر، هەڕەشەی کردووە، ئەگەر بێت و شەڕ دەست پێبکات، ئەو هێزە میسرییەی لە عێراقە، دەیکشێنێتەوە. هەروەها باڵیۆزی تورکیا بەهەمان شێوە لەسەر ئەم ڕووداوە ڕاپۆرتێکیان بەدەست گەیشتووە، تێیدا ئاماژە بەوە دراوە، حکومەتی میسر نەتەنیا بە ڕاشکاوی دژایەتی خۆی بۆ دەستپێکردنی شەڕ لە دژی کورد دەربڕیوە، بەڵکو داوای لە حکومەتی عێراق کردووە، کەرتێکی سەربازی بۆ شەڕکردن بۆ یەمەن بنێرێت. (سێیەم ڕاپۆرت لەو بڕوایەداین لەلایەن هەوڵگریی عێراقییەوە

بڵاوبووەتـەوە، بـاس لـەوە دەکات نـاسر بـە تاهیـر یەحیـای گوتـووە، شـەڕی کـورد بابەتێکـی تایبـەت بـە کاروبـاری ناوخۆیـی عێراقـە؛ ئـەو بۆچوونـی خـۆی سـەبارەت بـە گونجاونەبوونـی دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ دەربڕیـوە).

٣. زۆر سـەختە لێـرەوە بۆچوونـی خۆمـان سـەبارەت بـەوەی سیاسـەتی ڕاسـتەقینەی میـسر لـە عێـراق چییـە، بخەینـەڕوو، بـەڵام وادیـارە تـا ئێسـتا هەڵوێسـتی میـسر سـەبارەت بـە پێشـکەش نەکردنـی هـاوکاری سـەربازیی بـۆ عێـراق نەگـۆڕدراوە. ئـەو ئەفسـەرە میسرییانـەی بـەم نزیکانـە هاتوونەتـە عێـراق، لـە هۆتێلێکـی تایبـەت بـە گواسـتنەوەی ئەفسـەرە میسرییـەکان لـە بەغـدا نیشـتەجێ کـراون.

٤. مـن کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـڕس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.
(E. F. G. Maynard)

M. St. E. Burton, Esq.,

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن S. W. 1

نهێنی

(10114/77/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٤ی ئەپریل ١٩٦٥

**کوردستان**

١. ئەگەرچی هەڵمەتی سەربازی لە باکوور بەردەوامە، بەڵام تا هەنوکە شەڕ، لە ئاستێکی بەرفراوان ڕووینەداوە. ئەمەش بە هۆی دوو هۆکار:

ا نیمچە نابەدڵی سوپا (half-heartedness) [لە هەڵگیرسانی شەڕ] بەهۆی لاوازیی ورەی سوپا. بە گوێرەی سەرچاوە کوردییەکان، ئەفسەرانی ژمارەیەک یەکەی سەربازیی، لە ماوەی ڕاگەیاندنی ئاگربەست، پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ کورد دروست کردووە، هەربۆیەش پێش ئەنجامدانی هەر جووڵەیەک، مۆڵەت لە کورد وەردەگرن. بە هۆی گرتنەبەری ڕێکاری دوو لایەنە [لە نێوان ئەم ئەفسەرانە و کورددا]، تا هەنوکە هیچ شەڕێک ڕووینەداوە.

ب وادیارە کورد، تەنیا لەو شوێنانە شەڕ دەکەن کە بارودۆخ لە بەرژەوەندیی ئەواندا بێت. بۆ نموونە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەولێر شەڕ ڕوویداوە، بەڵام تا ئێستا ئێمە هیچ وردەکارییەکمان سەبارەت بەم شەڕە بەدەست نەگەیشتووە.

٢. بەگوێرەی قسەکانی شایەت حاڵێکی باوەڕپێکراو، سوپا ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمۆبێلی سەربازیی وەکار خستووە، تا پاسەوانی لە ڕێگەی موسڵ-هەولێر و ڕێگەی هەولێر-کەرکوک بکەن. ئەم دوو ڕێگەیە لە ناوچەی دەشتایدا هەڵکەوتوون.

٣. نزیکەی ٦٠ بۆ ٧٠ ئەفسەر کە تا هەنوکە لە بەغدا ماونەتەوە، لەم هەفتەیەدا کۆ کراونەتەوە و بەرەو باکوور نێردراون. وازهێنان لە خزمەتی سەربازی لە نێوان پلە جیاوازەکانی سوپادا، گەیشتووەتە ئاستێکی مەترسیدار. ڕاپۆرتەکان باس لەوە

دەکـەن، بازرگانیـی سـاختەکردنی کارتـی مۆڵەتـی هاتوچـۆ، بازرگانییێکـی ڕێکخـراوە؛ ئـەم کارتانـە وەك یارمەتیدەرێـک بـۆ ڕاکـردن لـە خزمەتـی سـەربازی بـەکار دێـن.

٤. سـەرچاوە کوردییـەکان لـە بەغـدا، بەگومانـن لـە مەبەسـتی سـەرەکی ڕاگەیێندراوەکانـی قاهیـرە؛ هەروەهـا لـە چاپەمەنییەکانـی لایەنگـری ناسریـەت لـە بەیـروت هەوڵەکانـی هەڵمەتـی [حکومەتـی عێـراق] لـە دژی کـورد، بڵاوبووەتـەوە. بـە بـڕوای کـورد نـاسر هـەوڵ دەدات جەنگـی دژی کـورد، بـۆ ئامانجـە تایبەتییەکانـی خـۆی بـەکار بهێنێـت. بـە بۆچوونـی ئـەم کوردانـە، هـەر کاتێـک هەڵمەتـی حکومەتـی ئێسـتای عێـراق شکسـتیهێنا، ئـەو کات نـاسر لـە پێگەیەکـدا دەبێـت، بتوانێـت بانگەشـەی ئـەوە بـکات، ئـەو هەمیشـە لـە دژی شـەڕ بـووە و بەمجـۆرەش لایەنەگرانـی ناسریـەت لـە عێـراق بەهێزتـر دەبـن. کـورد ئامـاژە بـەوە دەدەن، حاڵـی حـازر، نـاسر پشـتیوانی تەکتیکـی و ئاسـتێکی کـەم لـە دابینکردنـی چـەک پێشـکەش بـە حکومەتـی عێـراق دەکات.

٥. مـن کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـرس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/83/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٨ی مەی ١٩٦٥

**کوردستان**

١. تکایە ئاماژە بە نامەکەی مەینارد (Maynard) بە ژێدەری (٦٥/٨١/١٠١١٤) لە ١ی مەی، کە لەبارەی ڕووداوەکانی کوردستان نووسراوە، بدەن.

٢. لە ٣٠ ئەپریل شاندێکی پێکهاتوو لە چوار کوردی لایەنگری حکومەت بە سەرۆکایەتی دوو سەرۆک خێڵ، فەتاح هەرکی و عوسمان میران، لە هەولێرەوە بەرەو قەڵادزی بەڕێکەوتن، تا چاویان بە مەلامستەفا بکەوێت. نەقیبێکی سوپای عیراقیشیان لەگەڵ بووە. مەلا ستەفا بەڕێزەوە پێشوازی لە شاندەکە کردووە و گوێی لە پێشنیازەکانیان لەبارەی چارەسەر کێشەی کورد گرتووە، کە بریتی بووە لە پەسەندکردنی نزمترین ئاستی مەرجەکانی کورد [لەلایەن حکومەتی بەغداوە]، لە سەرەتای فێبریوەری ئەم مەرجانە [خرابوونە بەردەم حکومەت]. (نامەکەی مەینارد ٢٣ و (١٢/١٠١١٤) لە ٢٣ی جانیوەری و ١٣ فێبریوەری). مەرجی مانەوەی جەندرمە کورد کە لە ٣٠٠٠ پێشمەرگە پێکهاتبێت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت لەلایەن حکومەتەوە قبوڵ نەکراوە. مەلامستەفا باسی لەوە کردووە، بەدەستپێکردنەوەی هێرشەکانی ئەم دواییە، پرسەکە لە قۆناغی مانگی فێبریوەری دەرچووە و پێشنیازەکانی شاندەکەی ڕەتکردووەتەوە.

٣. باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بەغدا لەو بڕوایەدایە، شاندەکە ڕاسپێردرابوو، ئەم مەرجانە بخەنەڕوو. ئەم مەرجانە بە بەراورد لەگەڵ ئەو پێشنیازانەی حکومەت لە سەرەتای فێبریوەریدا لە ڕێگەی تاهیر یەحیا و بە ڕەزامەندی تاکتیکییانەی عارف خرابوونە ڕوو، لە ئاستێکی

بەرزتـــردان. دەنگـــۆی ئـــەوە هەیـــە، ڕەتکردنـــەوەی پێشـــنیازەکانی ئـــەم شـــاندە، بووەتـــە هـــۆی نائومێـــدی ژمارەیەکـــی زۆر کاربەدەســـتی بەغـــدا.

٤. شـــاندەکە لـــە ٣ی مانگـــی مـــەی گەڕانـــەوە هەولێـــر. لـــە کاتـــی دانوســـتاندنەکاندا، هەڵمەتەکانـــی هێرشـــکردن لەلایـــەن هـــەردوو لایەنـــەوە وەســـتێنرا بـــوون. ئـــەو ئاگربەسـتە لـە ٤ی مانگـی مـەی کۆتایـی هـات و هـاوکات پێگـە ستراتیژییەکانی کـورد زۆر بـە خەسـتی بۆردمـان کـران؛ بـە تایبەتیـش لـە ناوچـەی زێـوە و بەمـۆ. چـاوەڕوان دەکرێـت، سـوپای عێـراق تـا هەفتـەی داهاتـوو بەردەوامـی بـەم بۆردمانانـە بـدات. ئـەم بۆردمانـە هاوکاتـە بـۆ گوشـار خستنەسـەر ئێـران، تـا سـنوورەکانی دابخـات و بـە زووتریـن کات پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ کـورد بـە تەواوەتـی بپچڕێنێـت.

٥. لـەم هەفتەیـەدا لـە بەغـدا ڕای گشـتی تیشـکی خسـتووەتە سـەر ئـەو دووڕیانـەی حکومـەت ڕووبـەڕووی بووەتـەوە. ئـەو چیرۆکـەی لـە باکـوور هیـچ شـتێک ڕووینەداوە «تەنیـا ئـەوە نەبێـت، لەم ناوچانەدا ژمارەیەک چەتە و یاغیبوو، دەسـتیان داوەتە کوشـتن و دزیکـردن» (ئەلجمهوریـە-٦ی مـەی) هەروەك خـۆی بەردەوامە، بەڵام ئەم بانگەشـەیە لـەرزۆك کـرا، کاتێـک ڕادیـۆی ‹Kol Isreal› گوتارەکـەی دیک بیسـتۆن (Dick Beeston) ی پەخشـکرد کـە گوتارێکـی زۆر ڕەخنەگرانەیـە و بـاس لـە دۆخـی رژێـم دەکات [کـە زۆر لەرزۆکـە]. ئـەم گوتـارە لـە دەیلـی تەلەگـرام لـە ٣ی مانگـی مـەی بـڵاو ببـووەوە. ئـەم پەخشـە ڕۆژی دواتریـش هـەر بـەردەوام بـوو و بابەتێکـی بیسـتۆن بـە ناونیشـانی ‹بەغـدا لە شـەڕی دژی کورد شکسـتی هێنـاوە›› (Baghdad blackout on war against Kurds)؛ بڵاوکرایـەوە، لـە وتارەکـەدا ئامـاژە بـە پاشەکشـەی هێزەکانـی سـوپای عێـراق کـراوە، پەخشـەکە دەگەیشـتە هەمـوو شـوێنێک. بـێ گومـان ئێـوە ئـەم وتارەتـان بینیـووە.

٦. سـەرەڕای هەوڵەکانـی حکومـەت بـۆ لەباربـردن و بەدرۆخسـتنەوەی ئـەم هەواڵـە، حکومـەت هەوڵـی بەرپەرچدانـەوەی ئـەم ڕاپۆرتـە بیانیانـە دەدات، تـا خەڵـک تیشـکی نەخەنەسـەر، کـەم تـا زۆریـش توانیـوە ئـەم کارە بـکات. دوای چەنـد ڕۆژێک لـە هەڵبەز و دابـەزی میدیـا لـە چۆنیەتـی ڕووبـەڕوو بوونـەوەی ئـەم هەواڵانـەدا، ئێسـتا میدیـا هەوڵـی بەرپەرچدانـەوەی ئـەم هەواڵانـە دەدات. لـە ٦ و ٧ی مانگـی مـەی کۆمەڵێـک

سەرۆک خێڵی کوردی لایەنگری حکومەت، کە لە دۆخەکە ناڕازی بوون و زۆربەیان دوژمنایەتی کۆنیان لەگەڵ مەلامستەفادا هەیە، لەسەر تەلەفزیۆنی بەغدا دەرکەوتن، تا هاوکاری نزیکی نێوان مەلامستەفا و هێزەکانی سەنتۆ، بۆ خەڵک ئاشکرا بکەن. بە گوتەی ئەم سەرۆک خێڵانە، ئامانجی سەرەکی هێزەکانی سەنتۆ لە هاوکاریکردنی مەلامستەفا دوورخستنەوەی سوپای عێراقە لە بەجێگەیاندنی ئەرکە سەرەکییەکەی کە ئازادکردنی فەلەستینە. بە گوتەی حکومەت ئەم ‹ئاشکرا کردنە ئامانجی سەرەکی پەخشی ڕادیۆیی وڵاتانی بیانی دەخاتەڕوو، کە بریتییە لە ئاژاوە نانەوە، هەر بۆیەش پێویستە حکومەت سیاسەتێکی بەهێزتر دژە سەنتۆ بگرێتەبەر.

٧. بەڵگە هەن لەبارەی ئەوەی هەندێك ئەفسەر و کاربەدەستی حکومەت زۆر لە هەڵمەتی ‹هیچ شەڕێک [لە کوردستان] لە ئارادا نییە›› دەترسن، بە بڕوای ئەم کەسانە، ئەم سیاسەتە بەپێی ئامۆژگارییەکانی حکومەتی میسر گیراوەتەبەر. کاتێک لە ٢٤ی ئەپریل پاشکۆی (Attache) هێزی ئاسمانی ئێمە لە قاهیرە بوو؛ ئەو لە ئاهەنگێکدا لەلایەن نەقیب عەلی حوسێن جاسم کە پاشکۆی هێزەکانی عێراقە، براوەتە گۆشەیەک و پێی گۆتراوە باڵیۆزی عێراق لە میسر زۆر تووڕەیە، دەسەڵاتدارانی میسری ڕێگەیان نەداوە چاپەمەنییەکانی قاهیرە هەواڵەکانی تایبەت بە عێراق بڵاو بکەنەوە، بە تایبەتیش ئەو هەواڵانەی باڵیۆز بە ‹ڕوونکردنەوەی عەقڵانی› بارودۆخی کوردستان، ناوی بردووە. بە بڕوای من ئەم دوودڵیەی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو لە پاڵپشتی نەکردنی هەردوو لایەن [حکومەتی عێراق و کورد] لەم دۆخە ئاڵۆزەدا پێشبینی کراو بوو. کاریگەریی بڵاو کردنەوەی ئەوەی دۆخەکە لە کوردستان زۆر خراپترە لەوەی خەڵک بیری لێدەکەنەوە؛ دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی جەماوەریی ناسریەکان لە ناو هێزەکانی سوپا و حکومەتدا.

٨. من کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(S. L. Egerton)

نهێنی

(10114/88/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا

١٥ی مەی ١٩٦٥

**کوردستان**

١. تکایــە ئامــاژە بــە نامەکــەم بــدەن بــە ژێــدەری (٦٥/٨٨/١٠١١٤) لــە ٨ی مــەی، کــە پەیوەســتە بــە ڕووداوەکانــی کوردســتان.

٢. پێنـج فڕۆکـەی کۆنـی هێرشـبەری هێـزی ئاسـمانی عێـراق(Iraqi Air Force Hunter) لـە جـۆری ‹Marl IV›، کـە زۆرتـر بـە مەبەسـتی مەشـق و ڕاهێنـان بـەکار دێـن، بـەڵام بـە ناپاڵـم تـەدارەك کـراون، لـە ٨ی مانـگ ‹حەبانیە›یـان بـەرەو کەرکـوک بەجێهێشـت. لــە ٩ی مانگــی مــەی، بیــنراوە دەبابــەی هاوێشــتنی ناپاڵــم، لــە حەبانیــەوە بــەرەو باکـوور جوڵێـنراون؛ لەوانەیـە بـەرەو کەرکـوک بـڕۆن. حاڵـی حـازر، ٢١ فڕۆکـەی جـۆری ‹Hunter Mark IX› لـە بنکـەی فڕۆکەوانـی حەبانیـەدا ماونەتـەوە.

٣. لـە کوردسـتان لـە هەفتـەی ڕابـردوودا ئـەم ناوچانـەی خـوارەوە لـە ئـەرز و ئاسـمانەوە زۆر بـە خەسـتی بۆردمـان کـراون:

ا لـە لێـوای موسـڵ نزیـک فیشـخابور، واتـە لـەو شـوێنەی سـنوورەکانی عێـراق، سـوریا و تورکیـا پێکدەگـەن، هێرشـکراوەتە سـەر نزیکـەی بیسـت گونـد و لـە بۆردومانێکـی تەمبێکاریـدا ناپاڵـم بەکارهاتـووە.

**ب** لـە زێـوە کـە دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتـی سـورداش لـە زنجیـرە چیـای پیـرە مەگـرون (٣٠ میـل لـە باکـووری ڕۆژئـاوای سـلێمانی) دوای سـێ جـار بۆردمانــی ئاسـمانی، سـوپا هێرشـی کردووەتـە سـەر ئـەم ناوچەیـە. ئـەم ناوچەیـە بـۆ کـورد خاڵێکـی سـتراتیژییە و مەڵبەنـدی پەیوەنـدی کـوردە لەگـەڵ دەوروبەریـدا (lateral communications).

**ج** لـە قـەڵادزێ، کە شـارێکی قەبـارە مامناوەندییـە و دەکەوێتە سـەر زێی بچووک، سـوپا لە

گرتنی ئەم شارە شکستی هێنا. لە ١٣ی مانگی مەی، بە بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە، هێرش کرایە سەر ئەم شارە. لەم هێرشەدا ٤٠ کوژراو و ٥٠ بریندار هەن. ژمارەیەکی زۆری منداڵ و ئافرەتیش لە ناو قوربانیەکاندان.

د سەبارەت بە چیای بەمۆ کە دەکەوێتە باکووری خانەقین، دوای چوار جار هەوڵدانی سوپا بۆ گرتنی ئەم شوێنە و شکستی هێنانی لە گرتنیدا، بۆردمانی ئاسمانی، لە حاڵی حارزدا وەستاوە.

٤. سەرچاوەیەک کە لە ٨ بۆ ١٢ی مانگی مەی، بە پاسەوانێتی فەرمییەوە، لە موسڵ و بە ڕێگەی هەولێر بەرەو کەرکوک ڕۆیشتووە، بە باڵیۆزی ئەمریکا لە بەغدای ڕاگەیاندووە، ژمارەی بنکە سەربازییەکان لە هەر سێ ناوچەکە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیادی کردووە. یەکێک لە هۆکاری زیادبوونی ئەم بنکانە لەم سێ شارەدا بۆ شەڕی دەروونی دەگەڕێتەوە، چونکە شەڕی پارتیزانی لەم ناوچەیە زۆر بوو. بۆ نموونە، تەقینەوەیەک لە وێستگەی سەرەکی دابینکردنی کارەبا لە مووسڵ، لە ماوەی نێوان ٨-١٠ مەی تەزوی کارەبای بەسەر شارەکەدا پچڕاند، کە لەوانەیە تەقینەوەکە بە هۆی چاکنەکردنەوەی کەرەستەکانی ناو وێستگەکەوە بوو بێت. کەچی کورد لەسەرتاسەری ناوچەکەدا بڵاویان کردووەتەوە، ئەم تەقینەوەیە سەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتی تێکدەرانەیە. ئەم تەقینەوەیە هەر سێ بنکە سەربازییەکەی ئەم شارەی بۆ ماوەی ٤٨ کاتژمێر لە ئینزاری تەواودا هێشتەوە. بە گوێرەی قسەکانی ئەم سەرچاوەیە بەرچاوترین دیاردە لە کەرکوک بریتی بوو لە چالاکبوونی لەڕادەبەدەری فڕۆکەخانە. لە فڕۆکەخانەدا، فڕۆکەی جێتی لە جۆری یەک ماتۆر و لە جۆری (Ilyushins) بە درێژایی ڕۆژ لە فڕیندا بوون. سەرچاوەیەکیتریش، ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردووەتەوە.

٥. هۆکارێکیتر لە بەرزبوونەوەی ژمارەی بنکەکانی سوپا و نیگەرانی سوپا، بریتییە لە دەرکردنی شەپۆلێک فەرمانی بە پێچەوانەی یەکتر و هەندێك جاریش قوڕس بۆ جێبەجێکردن، کە لەلایەن بارەگای سەرەکی هێزی مەیدانی، بە فەرماندەیی ژەنەڕاڵ عەبدولرەحمان عارف و بە یاریدەدەری سوپاسالار عەبدولجەبار شەنشل،

دەردەچێـت. دەنگـۆی ئـەوە هەیـە سوپاسـالار فەیسـەل ئەلئەنسـاری، فەرمانـدەی کەرتـی ٢، هەڕەشـەی دەسـت لەکارکشـانەوەی کـردووە، ئەگـەر بێـت و خـودی ئـەو سـەرکردایەتی ئۆپەراسـیۆنەکانی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی نـەکات و دەسـتێوردان لـە کەرتەکەیـدا نەوەسـتێت. ئەلئەنسـاری بەرپرسـانی سـەرووی خـۆی ئـاگادار کردووەتـەوە، ورەی سـوپا بەهـۆی بەردەوام گۆڕینـی ڕێنماییـەکان و ئامانجەکان لەلایـەن فەرماندەیـی هێزەکانـی مەیدانییـەوە بـۆ ئاسـتێکی زۆر نـزم دابەزیـووە،

٦. لـە بەغـدا پڕوپاگەنـدەی فەرمـی بەردەوامـە لـەوەی، لـە باکـوور هیـچ شـەڕێک ڕووینـەداوە؛ بـەڵام پڕوپاگەنـدەی ئـەوەی کارە ئاژاوەگێڕییەکانـی بارزانـی ناکرێـت چیـتر چاوپۆشـیان لێبکـرێ، بەردەوامـە. ئـەم پڕوپاگەندەیـە هاوکاتـە لەگـەڵ بڵاوکردنـەوەی وەفاداریـی ساختەی سـەرۆک خێڵـەکان بـۆ دەسـەڵاتی ناوەنـدی. هەروەهـا حکومـەت دەسـتی بـە دەسـتگیرکردنی ژمارەیـەک لـە کـوردی بەغـدای کـردووە؛ ئەمـەش بـە دەسـپێکی ئـەو زنجیـرە دەسـتگیرکردنانە هەژمـار دەکرێـت. لـە ٩ی مانگـی مەیـدا، عەلـی کەمـال، حەسـەن ڕەفعـەت (کەسـایەتی ژمـارە ٩٠ لـە ١٩٦٣) و ڕەشـید جەودەت، واتـە گشـت ئـەو کەسـە ناسراوانـەی کـورد ڕەخنەیـان لـە سیاسـەتی حکومـەت لەبەرانبـەر کـورد دەگـرت، دەسـتگیرکراون. ١٠ لـە ١٥ بازرگانـی کـورد لـە بەغـدا کـە بازرگانـی بچووکـن، لەگـەڵ ژمارەیـەک قوتابـی دەسـتگیرکراون. بـە پێچەوانـەی چەندیـن ڕاپـۆرت، فـواد عـارف (کەسـایەتی ژمـارە ٦٥ لـە ١٩٦٤) دەسـتگیر نەکـراوە. هەروەهـا تـا هەنوکـە هیـچ یـەک لـە باوەڕپێکـراوە بەردەوامـە کوردەکانمـان دەسـتگیر نەکـراون. بـە دڵنیاییـەوە لەمەوبـەدوا دەسـتگیرکردنەکان بـە وریاییـەوە ئەنجـام دەدرێـن و حکومـەت هـەوڵ دەدات، هەڵمەتـی دەسـتگیرکردنی کـورد، بـێ گرفـت تێپەڕێنـێ.

٧. مـن کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـرس و بـۆ .P.O.M. E، C، لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(S. L. Egerton)

نهێنی

(10114/94/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٥ی مەی ١٩٦٥

**کوردستان**

١. تکایە ئاماژە بە نامەکەم بدەن بە ژێدەری (٦٥/٨٨/١٠١١٤) لە ١٥ی مەی، کە پەیوەستە بە ڕووداوەکانی کوردستان.

٢. بە پێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، هێزی پیادە کە لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە پشتیوانی دەکرا، تا دەست بەسەر گوندی شاخاویی و ستراتیژی زێوەدا بگرێت، (ڕۆژهەڵاتی سورداش)، سەرەنجام لە ١٠ی مانگی مەیدا لەم کارەدا سەرکەوت و ئێستا ئەم ناوچەیە لەلایەن یەکەیەکی هێزی سوپای عێراق داگیر کراوە. بەم هۆیەشەوە کورد، دەبێ بە دوای ڕێگەیەکیتردا بگەڕێن، تا بتوانن لە نێوان سلێمانی و ڕانیەدا پەیوەندی دروست بکەن. ئەم کارەش زۆر زەحمەت نییە.

٣. لە ماوەی هەفتە ڕابردوودا، شەڕ دەستی پێکردووە، نزیکەی یەک لەسەر پێنجی هێرشەکانی سوپای عێراق بۆسەر چیای بەمۆ بووە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی خانەقین. ئەم ناوچەیەش تا ڕادەیەک ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە، چونکە چیاکە بە درێژایی سنووری عێراق قیت بووەتەوە و بەسەر ڕێگاکانی نێوان سلێمانی و خانەقیندا زاڵە.

٤. بە هۆی پچڕاندنی ئەم پەیوەندییەی کورد لەگەڵ دەوروبەریدا، سەرچاوەکەی ئێمە لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەوبڕوایەدایە بەم نزیکانە هێرشی سەخت دەکرێتە سەر چیای سەفین کە بەسەر ڕێگەی نێوان کۆیسنجەق-

شـــەقڵاوە-ڕواندز زاڵــە. بــۆ بڵاوکردنــەوەی هێــزی پیــادەی ســوپای عێــراق کــە لــەم ناوچەیــەدا کۆکراوەتــەوە، کــورد لــە هەفتــەی ڕابــردوودا دەســتیان کــردووە بــە ئەنجامدانــی چەنــد هێرشــێک لــە دهــۆک و زاخــۆ [بــۆ ســەر ســوپای عێــراق لــەم ناوچانــەدا] تــا دەگاتــە دوورتریــن ناوچەکانــی باکــووری کوردســتانی عێــراق، بــەڵام تــا هەنوکــە هیــچ هێزێــک لەلایــەن کەرتەکانــی ناوەنــد و باشــووری ڕۆژهەڵاتــەوە بــۆ پشــتیوانی لــەم هێزانــە نەنێــردراون.

٥. لـە ١٨ی مانگـەوە ئاسـتی هەواڵـەکان [سـەبارەت بـە شـەڕی باکـوور] کەمـی کـردووە و لـە بەغـدا دەنگـۆی ئـەوە بڵاوبووەتـەوە، شـەڕ لـە باکـوور ڕووی لـە کەمـی کـردووە. هەندێـک کـەس ئەمـە بـۆ دانوسـتاندنی نێـوان عێـراق و کۆمـاری یەکگرتـووی عەرەبـی دەگەڕێننـەوە کـە حاڵـی حـازر لـە قاهیـرە بەڕێـوە دەچێـت. هەندێکیتریـش بۆئـەوەی دەگەڕێننــەوە، هەنوکــە هێلەکانــی پەیوەندیکردنــی ســوپا لەڕادەبــەدەر بەرفــراوان بوونــە و پێداچوونــەوەش بــەم هێلانــە پێویســتی بــە کات هەیــە. هیــچ بەڵگەیــەک لەبــەر دەســت نییــە، پشتڕاسـتی بکاتـەوە تۆپبارانکـردن لـە کەرکوکـەوە وەسـتاوە.

٦. لــە ٩ی مانگــی مــەی، لــە بەغــدا دوو لــەو ســێ کــوردە نــاودارەی دەســتگیرکرابوون، (پەرەگرافـی ٦ لـە نامەکـەم بـە هەمـان ژێـدەر) دوای ئـەوەی لەبـارەی پەیوەندییـان لەگــەڵ کــوردە چالاکەکانیــتر پرســیاریان لێکرابــوو، ئــازاد کــران. حکومــەت بەخراپــی هەڵســوکەوتی لەگــەڵ ئــەو کەســانە نەکردبــوو. ســێیەم کــەس، واتــە ڕەشــید جـەودەت، تـا هەنوکـەش دەستبەسـەر کـراوە، لـە کاتـی لێپێچینـەوەدا زۆر بـە خراپـی هەڵســوکەوتیان لەگەڵــدا کــردووە.

٧. بـی بـی سـی هەواڵـی گەیشـتنی جـەلال تاڵەبانـی بـۆ لەنـدەن، بـڵاو کردووەتـەوە. لـە ١٨ی مانگـی مـەی، پەخشـی بەشـی عەرەبـی ڕادیـۆی بـی بـی سـی لەسـەر ئـەم بابەتـە، سـەرنجی زۆر ناوەنـدی بـۆ سـەر ئـەم بابەتـە ڕاکێشـاوە و بووەتـە هـۆی ئـەوەی دوو ڕۆژ دواتــر ڕۆژنامــەی ئەلجمهوریــە، بــڵاو بکاتــەوە کــە جــەلال تاڵەبانــی، بۆیــە چووەتــە لەنــدەن، تــا وەفــاداری خــۆی بــۆ بەریتانییــەکان ڕابگەیێنێــت، واتــە بــۆ ئــەو لایەنــەی جوڵانــەوەی یاغیبــووان پــارەدار دەکات و فەرمانیــان پێــدەکات. پەیوەنــدی

دکتۆر بەزار بە مستەر پەدلی (Mr. Padley) لە نووسینگەی کاروباری دەرەوە و ناڕەزایەتی دەربڕین لەبەرانبەر پێشوازی میدیاکانی بەریتانیا لە جەلال تاڵەبانی؛ بە دوور و درێژی لە ژمارەی ٢١ی مانگی مەی ڕۆژنامەی ‹ئەلمەنار›دا باسکراوە. پاشکۆی چاپەمەنی عێراق (Iraqi Press Attache) [لەبەریتانیا] ئەم کارەی لەلایەن حکومەتەکەیەوە بە کردارێکی نادۆستانە هەژمار کردووە. من وەرگێڕانی تەواوی گوتارەکە هاوپێچی ئەم نامەیە دەکەم.

٨. کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(S. L. Egerton)

M. St. E. Burton, Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن S. W. 1

نهێنی

(10114/100/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا

٢٨ی مەی ١٩٦٥

**کوردستان**

١. تکایــە ئامــاژە بــدەن بــە نامەکــەم بــە ژێــدەری (٦٥/٩٤/١٠١١٤) لــە ١٥ی مــەی، کــە پەیوەســتە بــە ڕووداوەکانــی کوردســتان.

٢. لــەم هەفتەیــەدا کەمــی ئاســت و ژمــارەی ئۆپەراســیۆنەکانی باکــوور بەردەوامــی هەبــوو. هێرشــەکانی هێــزی ئاســمانی عێــراق تــا ئاســتێکی زۆر کەمــی کــردووە. خۆئامادەکردنــی هێــزی پیــادە لــە ناوچــەی مەیــدان بــۆ دووبــارە هێرشــکردنە ســەر چیــای بەمــۆ (باکــووری ڕۆژهەڵاتــی خانەقیــن) بــە ناڕێکخراوەیــی بەردەوامــە، بــەڵام بــە گەڕانــەوەی عــارف لــە قاهیــرە ئاســتی هێرشــەکانی ســوپا بــەرز دەبێتــەوە.

٣. لــە ٢٠ مانگــی مــەی دوو شــێخی [فورســانی] ســەلاحەدین، یەکێــکان ســەر بــە خێڵــی لــۆلان و ئەوەیتریشــان لەوانەیــە ســەر بــە خێڵــی برادۆســت بێــت؛ واتــە دوژمنــە کۆنەکانــی بارزانییــەکان، کــە لەگــەڵ لایەنگرانــی لــە هەولێــر جێگریکــراون، بــە دەســەڵاتدارانی ســوپایان ڕاگەیانــدووە، چیــتر ناتوانــن لــە دەرەوەی ناوچەکانــی ســەر بــە خێڵەکانیــان شــەڕ بکــەن. (بڕوانــە پەرەگرافــی ٣ لــە نامەکــەی مەینــارد بــە ژمــارە (٨١/١٠١١٤) لــە ١ی مــەی). هــەر بۆیــەش [هــەر دوو ســەرۆک خێڵەکــە] بــۆ ڕایــەت کــە دەکەوێتــە باکــووری ڕۆژهەڵاتــی ڕوانــدز نێــردراون. مەزەنــدەکان جیــاوازن، بــەڵام دەگوترێــت نزیکــەی ٣٠٠ پیاویــان لەگەڵــدا نێــردراوە.

٤. پێــش بەجێهێشــتنی فەرماندەیــی سیاســی یەکگرتــوو (Unified Politicala Command) لــە قاهیــرە لــە ١٩ی مانگــی مــەی، ســەرۆک عــارف شــاندێکی پێکهاتــوو لــە ١٥ پیــاوی ئایینــی پێکهێنــا- ٥ عەرەبــی ســوونە، ٥ شــیعە و ٥ کــوردی ســوونە، تــا بــەرەو باکــوور

بچــن و داوا لــە مەلامســتەفا بکــەن لــە ئەســپە بەرزەکــەی دابەزێــت و مەرجەکانــی حکومــەت قبــوڵ بــکات. مەلامســـتەفا پێشــوازی لــە شــاندەکەی کــردووە، بــەڵام گــوێ نەداوەتــە قســەکانیان و بــە شــاندەکەی گوتــووە، بگەڕێنــەوە و ســەرکردەکانی عێــراق فێربکــەن لەبــری وانەگوتنــەوە بــە ئــەو، پابەنــدی بەڵێنەکانیــان بــن.

٥. وەک پەراوێزێــک بــۆ مێژووناســان کــە دەیناوێــت ئــاگاداری چارەنووســی تایفــەی ئێزدییــەکان بــن (بڕوایــان بــە کەمکردنــەوەی تورەیــی هێــزە ئەهریمەنییەکانی سروشــت هەیــە، نــەک پەرەســتنی ئــەم هێزانــە)؛ لــە ١٢ی مانگــی مــەی چاپەمەنییــەکان لێداوانێکــی تەحســین بــەگ، شــێخی ڕۆحــی ئێزدییەکانــی بڵاوکــردەوە، داوا لــە گشــت ئــەو ئێزدیانــە دەکات چوونەتــە نــاو هێــزی پێشــمەرگە، خۆیــان و چەکەکانیــان لــە مــاوەی ٣٠ ڕۆژ ڕادەســتی حکومەتــی عێــراق بکــەن، ئەگەرنــا لەلایــەن تەحســینەوە تەکفیردەکرێــن. ئێمــە ئــەم لێدوانەمــان بــە شــتێکی سەرســوڕهێنەر زانــی، چونکــە تەحســین بــە کەســێکی لایەنگــری کــورد نــاسراوە و لــە ســاڵی ١٩٦٣دا خرایــە نــاو هێــزی فورســان ئەلوەلیــد. مــن گوێبیســتی ئــەوە بــووم نزیکــەی شــەش هەفتەیــە تەحســین بــەگ لــە بەندیخانــەی موســڵ ڕاگیــراوە و لەژێــر گوشــاردا ئــەم لێدوانــەی دەرکــردووە. لــە ئەنجامــدا ناوچــەی ئێزدییــەکان (ڕۆژئــاوای موســڵ) کــە نزیکــەی ٥٠،٠٠٠ ئێــزدی تێــدا دەژیــن، پابەنــدی [ئــەم لێدوانــە] نەبوونــە و بۆســەنانەوە بــۆ هێزەکانــی حکومــەت کارێکــی بــاوە. هەرگیــز ئــەم جــۆرە کارانــە لــە ســاڵی ١٩٦٣دا ڕوویانــەداوە. شــێخە ئێزدییەکانــی لایەنگــری حکومــەت (هــەروەك بــاوە هەمیشــە لــە نێــوان کەســە باڵادەســتەکانی [کــورددا] ئینشــقاق هەیــە)، واتــە معاویــە و بایەزیــد، پەنابەرێتــی کوێتیــان وەرگرتــووە. بــۆ مــن ئەمــە بــە مانــای ڕوونکردنــەوەی نموونــەی کلاســیکییە لــەوەی چــۆن کەمینەیەکــی بــێ مەترســی، خوازیــاری ئاشــتی و دژی شــەڕ [لــە نــاو کۆمەڵــگادا] پەراوێــز دەخرێــن، کەمینەیــەک تەنیــا خوازیــاری ئــەوەن پێکــەوە لەگــەڵ ســەرۆکە ڕۆحییەکەیانــدا لــە ئاشــتیدا بژیــن.

٦. کۆپییــەک لــەم نامەیــە بــۆ نووســینگەکانی پاراســتنی زانیارییــەکان لــە عەمــان، ئەنقــەرە، بەحرێــن (Residency and Agency)، بەیــروت، قاهیــرە، دیمەشــق، کوێــت،

مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(S. L. Egerton)

M. St. E. Burton, Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن S. W. 1

نهێنی

لە نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ نوێنەرایەتییە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی خاوەنشکۆ

لە ڕێگەی جەنتای [دیپلۆماسییەوە] by bag

ژمارە ٢٣٠، ڕێنمایی

١ی جون ١٩٦٥

**کورد**

١. نارەزایەتی دەربڕینی باڵیۆزی عێراق سەبارەت بە پێشوازیکردن لە گوتەبێژی کورد [جەلال تاڵەبانی] بووەتە هۆی تیشک خستنەسەر سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆ سەبارەت بە کورد. (بۆ نموونە، بڕوانە ڕاپۆرتێک لەبارەی کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی باڵیۆزی عێراق لە ڕۆژنامەی ‹The Times› لە ٢٧ی مەی)

٢. پێشینەی ئەم ڕووداوە بۆ کاتێک دەگەڕێتەوە، سەرکردەی کوردی نەیاری حکومەت، جەلال تاڵەبانی، ڤیزای پێدرا، تا سەردانی بەریتانیا بکات و ئێمە هیوادار بووین، بە پێی نەریت ئەو هیچ کارێک نەکات نیگەرانیی حکومەتی خاوەنشکۆی لێبکەوێتەوە، بەڵام کاتێک جەلال تاڵەبانی لە بەریتانیا بوو بەشداری لە پرۆگرامی ‹Tonight›ی تەلەڤزیۆنی بی بی سی کرد. ئەگەرچی دەرکەوتنی ئەو لەسەر تەلەفزیۆن زۆر کورت بوو، بەڵام ئەو بانگەشەی هەموو عەرب و کوردێکی کرد لە پێناو ڕووخاندنی دەسەڵاتی «دیکتاتۆریەتی سەربازی کە فەرمانڕەوایی عێراق دەکات›› یەک بگرن. هەروەها ئەو داوای بینینی گروپێک لە پەرلەمانتارانی ئەنجوومەنی گەل (House of Common)ی کرد؛ دەرکەوتنی ئەو لەسەر تەلەفزیۆن و قسەکانی لە چاپەمەنییەکانی شانشینی یەکگرتوودا بڵاوکراوەتەوە. ئەم قسانەش کاریگەریی جیددی نەرێنی لەسەر دووبارە دەستپێکردنەوەی هێرشی حکومەتی عێراق بۆ سەر کورد دروست دەکات.

٣. ئەم لێدوانانە وایکرد، باڵیۆزی حکومەتی عێراق لە بەریتانیا، بڕیاری حکومەتی

خاوەنشـکۆ بـۆ ڕێگـەدان بـە تاڵەبانـی بـۆ هاتنـە نـاو بەریتانیـا بـە ‹کردەیەکـی نادۆستانە› وەسـف بـکات. ئـەو دووجـار نارەزایەتـی خـۆی بـۆ نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە دەربڕیــووە و لــە کۆنفرانســێکی ڕۆژنامەوانیــدا ڕەخنــەی لــە ڕێگــەدان بــە دەرکەوتنـی تاڵەبانـی [لـە میدیاکانـی بەریتانیـادا] گیـراوە. ئـەو گوتویەتـی حکومەتـی خاوەنشــکۆ دەبــێ ڕێگــە نــەدات تاڵەبانــی جارێکیــتر ســەردانی بەریتانیــا بــکات. (بەهەرحــاڵ بــۆ زانیــاری بەڕێزتــان ئێمــە هەڵســوکەوتی تاڵەبانیــمان لەبەرچــاوە و ئەگــەر جارێکیــتر داوای ڤیــزا بــکات، ڕەچــاوی ئــەم هەڵســوکەوتەی دەکەیــن).

٤. سـەبارەت بـە بارودۆخـی کوردسـتان، کۆتایـی سـاڵی ڕابـردوو تێکچوونـی لەسـەرخۆی پەیوەنـدی نێـوان حکومەتـی عێـراق و کـوردی بەخـۆوە بینـی. لـە هەفتەکانی سـەرەتای ئـەم سـاڵەدا حکومەتـی عێـراق سـەر لەنـوێ دەسـتی بـە جوڵاندنـەوەی هێـز بـەرەو باکـوور کـرد. ئـەم جوڵاندنـە لە کۆتایـی مانگی مارچـدا تەواو بـوو و دوژمنکارییـەکان لە سـەرەتای مانگـی ئەپریلـدا دەسـتی پێکـرد. ئەگەرچـی حکومەتـی عێـراق بەردەوامـە لـە بڵاوکردنـەوەی چیرۆکـی ‹هیچ شـەڕێک لـە باکوور ڕووینـەداوە›، بـەڵام هێزەکانی عێراق، هێرشـە زەمینیەکانیـان بەوپـەڕی خـۆی گەیاندووە، تا دەسـت بەسـەر پێگـە بەهێزەکانی کـورددا بگـرن و پەیوەندییەکانیـان بپچڕێنـن. هێزی ئاسـمانی عێراق پێگـە و گوندی کورد بۆمبـاران دەکات. تـا هەنوکـە هێزەکانـی عێـراق سـەرکەوتنی زۆر کەمیان بەدەسـتهێناوە و مەیلـی سـوپای عێـراق بـۆ هێرشـکردنە [سـەر کـورد] لـە ئاسـتێکی زۆر کەمدایە.

٥. حکومەتـی خاوەنشـکۆ لـە چەندیـن بۆنـەدا بـە نوێنەرایەتیەکانـی حکومەتـی عێراقـی ڕایگەیانــدووە، پێکدادانــی [نێــوان حکومەتــی عێــراق و] کــورد، پرســێکی تایبــەت بــە کاروبــاری ناوخــۆی عێراقــە، بــەڵام بــە بۆچوونــی حکومەتــی خاوەنشــکۆ، بــۆ دەسـتەبەرکردنی ئاشـتی و سـەقامگیریی ناوچەکـە، ئـەم کێشـەیە دەکرێـت بـە ئاشـتی چارەسـەر بکرێـت. هەروەهـا حکومەتـی خاوەنشـکۆ هیـچ پشـتیوانێکی پێشـکەش بـە کـورد نەکـردووە، یـان کـوردی لـە دژی حکومەتـی عێـراق هـان نـەداوە. بەهەرحـاڵ، ئــەم دڵنیایــی دانــە، نەبووەتــە هــۆی ڕەوینــەوەی گومانەکانــی حکومەتــی عێــراق ســەبارەت بــە هەڵســوکەوتی حکومەتــی خاوەنشــکۆ [ســەبارەت بــە کــورد].

٦. ئەگەر [لەلایەن حکومەتی عێراقەوە] سەبارەت بە هاتنی تاڵەبانی پرسیارکرا، ئێوە دەتوانن بڵێن، سیاسەتی بەریتانیا سەبارت بە هاتنە ناوەوە بۆ ئەم وڵاتە، سیاسەتێکی لیبرالانەیە و تەلەفزیۆن و میدیاکانی بەریتانیا بە تەواوەتی ئازادن، چۆن مامەڵە لەگەڵ سەردانکەراندا بکەن. هەروەها دانی ڤیزا بە جەلال تاڵەبانی بە پێی ڕێکارە ئاساییەکان بووە و بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە سیاسەتی حکومەتی خاوەنشکۆ سەبارەت بە پرسی کوردەوە نییە. بۆچوونی باڵیۆزی حکومەتی عێراق سەبارەت بەوەی، چالاکییەکانی جەلال تاڵەبانی لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆوە پاڵپشتی کرابوو، دەکرێت ئەم بۆچوونە ڕەتبکرێتەوە بەوەی یەکێک لە ڕەخنە سەرەکییەکانی جەلال تاڵەبانی بریتی بووە لە ڕەخنەگرتن لە حکومەتی خاوەنشکۆ بەوەی چەک بۆ حکومەتی ئێستای عێراق دابین دەکات. (هەڵبەت عێراقییەکان کڕیارێکی کۆنی چەکی بەریتانین و فرۆشتنی چەک شتێکی ئاساییە لە نێوان دوو حکومەتی دۆستدا). باڵیۆزی حکومەتی عێراق ئازادە کە بە ئاشکرا وەڵامی ڕەخنەکانی کورد لەبەرانبەر سیاسەتی وڵاتەکەی بداتەوە؛ لە ڕاستیدا لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا، ئەم کارەی کرد.

٧. (کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەی موسـتەعمەرات و ‹C.R.O› نێـردراوە، تـا لـە دەرەوەی وڵات بـڵاو بکرێتـەوە).

نهێنی

(10114/107/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٤ی جون ١٩٦٥

**کوردستان**

١. تا هەنوکە هیچ ئاماژەیەک بۆ سەر لەنوێ دەستپێکردنەوەی هەڵمەتی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان نەبینراوە، ئەگەرچی ئەم دەستپێنەکردنەوە بە هۆی سەردانی عارف بۆ قاهیرە چاوەڕوانکراو بوو، بووە هۆی پاشخستنی هەڵمەتێکی نوێ [سەربازیی بۆ سەر کوردستان]. بەکورتی ڕەوشی ئێستا بریتییە لەوەی سوپا دەستی بەسەر ئەو دەستکەوتە بەئاسانی بەدەستهاتووانەدا گرتووە کە لەسەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتی سەربازی دەستەبەری کردبوون، بەڵام سوپا بەهۆی هێرشی پارتیزانی و بۆسەنانەوەی کورد قوربانی زۆری داوە. ئەگەر حکومەت دووبارە دەست بە هێرش نەکاتەوە، جا چ لە بەشی باشووری کوردستانی عێراق بێت، کە تا هەنوکە مەڵبەندی سەرەکی هێرشەکان بووە، یان شەڕ لە ناوچەیەکیتر دەست پێنەکات، هیچ بەدیلێکیتر نییە ڕێگر بێت لە دابەزینی بەردەوامی ورەی سەربازەکان، ئەگەرنا دەبێ سەرەڕای ئەو قوربانییە زۆرەی داویەتی، بۆ ئەو شوێنە پاشەکشە بکات کە هاوینی ڕابردوو لێی بوو. بەهەرحاڵ، حاڵی حازر ڕاپۆرتی پشتڕاستکراومان لەبەردەست هەن کە کورد لە پێکدادانەکان دەستپێشخەرن، ئەو پێکدادانانەش لە گشت میحوەرەکان بەردەوامن. هەروەها ڕاپۆرتی پشتڕاستکراومان لەبەردەستە باس لە کەمترین هێرشی تێکدەرانەی کورد دەکات، تەواوی ئەم هێرشانەش کە چواردە شەو لەمەوبەر کرانە سەر سەربازخانەی ڕەشید لە بەغدا، سەرکەوتوو بوون.

٢. کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Residency and Agency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس (بۆ ڕەوانەکردن بۆ H. Q. B. F. C ) و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/113/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا- بەغدا

١٨ی جون ١٩٦٥

**کوردستان**

١. وادیـارە ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی لـە پەرەگرافـی ٢ی نامەکـەم لـە ١١ی جـون ئامـاژەم پێدابـوو، لـە کاتی نووسـینی نامەکەدا دەسـتی پێکردبـوو و هەروەها ژمـارەی قوربانیانی ئەفسـەر کـە لـە پەرەگرافـی ١دا ئامـاژەم پێدابـوو، لـە میانـەی ئۆپەراسـیۆنەکەدا، بەرکەوتـوون. هـاوکات سـێ سـتوونی سـەربازی بـەرەو زنجیـرە چیـای قـەرەداغ جوڵێـنراون. وا دەردەکەوێـت ئـەم سـتوونانە لـە پێکانـی ئامانجەکانیـان سـەرکەوتوو بوونـە. کـورد تـا هەنوکـەش پابەنـدی تاکتیکـی خۆیانـن، واتـە تـا دەتوانـن لـە شـەڕکردن خۆیـان بپارێـزن، تەنیـا ئـەو کاتانـە نەبێـت، دۆخەکـە لـە بەرژەوەنـدی ئەوانـدا بێـت.

٢. هاوکات ئۆپەراسیۆنی دووەم لە چیای سەفینی نزیک شەقڵاوە دەستی پێکردووە.

٣. سـەرۆک عـارف دوای ئەنجامدانـی گەشـتێک بـۆ کوردسـتان، گەڕاوەتـەوە بەغـدا. عـارف لـەم گەشـتەدا چەندیـن لێدوانـی بـۆ سـوپادا و داوایـان لێکـرد هێرشـەکان (بـە فەرمـی ڕانەگەیێنـدراون) بـە زوتریـن کات بـە ئەنجـام بگەیێنـن. بـە گوێـرەی سـەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو، حکومـەت [ڕایگەیانـدووە] سێ دوژمنـی سـەرەکی هەیـە، واتــە بەریتانیــا، ئێــران و ئیسرائیــل (دوژمنــەکان بــەم ڕیزبەندییــە پۆلێــن کــراون). هـەروەك چـۆن بـە بەردەوامـی سـەرکردەکانی عێـراق هـەر شـتێکی خـراپ لـە عێـراق ڕوو دەدات، دەخەنـە پـاڵ لایەنـە دەرەکییـەکان، هەمیشـەش وا بیـر دەکرێتـەوە، ئێمـە دەسـتمان لـەو کارانـەدا هەبـووە، بـە بـڕوای مـن هـۆکاری ئـەم لێدوانـەی [حکومـەت] بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، عـارف لـەوە تێگەیشـتووە، شانسـی سـەرکەوتنی ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییەکانی لـە کوردسـتاندا زۆر کەمـە. سـەرەڕای ئەمـەش، بـە پشتبەسـتن بـە تۆنـی دەنگـی عـارف لـە لێداوانـە جەماوەرییەکەیـدا، وادیـارە داوا لـە سـوپا دەکرێـت

ئۆپەراسیۆنی هێرشبەرانەی زۆرتر [بۆ سەر کوردستان] ئەنجام بدات.

٤. باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێی ڕاگەیاندین، بە پێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی خۆیان، حاڵی حازر ڕاوێژکاری سەربازیی میسر لەگەڵ سوپای عێراق لە باکوورن. هەروەها ئێمە لەم بارەوە ڕاپۆرتمان لە هەندێك سەرچاوەی نەناسراو بەدەست گەیشتووە. ئەگەر ئەمەش وا بێت، دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی جەماوەری بوونی حکومەت لە ناو سوپادا. سوپای میسر مەشق و ڕاهێنانەکانی لە عێراقدا بینیوە، هەستێکی وای لە ناو سوپای عێراقدا دروست کردووە کە میسرییەکان کەمتر لەوەی باس دەکەن، لە کاروباری سەربازی تێدەگەن.

٥. من کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Residency and Agency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S, W, 1

نهێنی

(10114/121/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا ٢٥ی جون ١٩٦٥

**کوردستان**

١. وادیـارە ئۆپەراسـیۆنی قـەرەداغ بەردەوامـە و شـەڕ و پێکدادانێکـی زۆر لـەم ناوچەیـەدا ڕوویـداوە؛ ئەمـەش بـە گوێـرەی ژمـارەی قوربانـی و بەرکەوتنـی ئـەو ئەفسـەر و پلەدارانـەی لـە ڕاپۆرتەکانـدا بەدەسـتمان گەیشـتوون. وا دایـارە سـوپای عێـراق لـە بارودۆخێکـی ناخۆشـدایە و لـە نـاو دۆڵەکانـی چیاکـەدا گیریـان خـواردووە. ئـەو قەرەداغـەی بـاس دەکرێـت، گوایـە حکومەتـی عێـراق دەسـتی بەسـەردا گرتـووە، نـاوی گوندێکـە [نـەک خـودی چیـای قـەرەداغ] و مەڵبەنـدی ناحیە یـان ناوچە لادێنشـینەکانی ئـەم دەڤەرەیـە، گرتنـی ئـەو گونـدەش لـە ڕووی پڕوپاگەنـدەوە گرنگـە، نـەک لـە ڕووی سـەربازییەوە. بـە گوێـرەی دوایـن زانیاریـی کـە بەدەسـتمان گەیشـتوون، تـا هەنوکـەش زنجیـرە چیـای قـەرەداغ لـە دەسـت کورددایـە.

٢. کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن (Residency and Agency)، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـڕس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S, W, 1

نهێنی

(10114/123/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢ی جولای ١٩٦٥

**کوردستان**

١. لە ناوچەی قەرەداغ شەڕ لە ئاستێکی چڕ و بەرفراواندا بەردەوامە و لیستی قوربانییەکانی سوپا هێدی هێدی بەرز دەبێتەوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتێک حاڵی حازر، سوپا هەوڵ دەدات، چیای قەرەداغ بگرێت. کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن، ئەوان ئەو سێ فەوجیان گەمارۆداوە کە بەشدارییان لە ئۆپەراسیۆنی قەرەداغ کردبوو. خودی مەلامستەفا سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنەکان دەکات و لە شەڕی دژی سوپا بەشدارە. ئەمەش لەوانەیە شەڕی پارتیزانی بێت و چەند دەستەیەک لە پارتیزانەکان لە ناوچەکانیترەوە هێنرابن و هێڵی پەیوەندییەکانی ئەو ستوونانەی لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەشدارن، پچڕاندبێت. ئێستا لە شاری کەرکوک بە بەردەوامی دەنگی تەقە دەبیسرێت کە ٢٠ بۆ ٣٠ میل لە قەرەداغ دوورە. ڕەنگە ئەم تەقەکردنە، هێرشکردنە سەر بنکەکانی سوپای عێراق بێت کە دەکەونە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک.

٢. هەروەها ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن، سوپای عێراق هەوڵ دەدات لە سلێمانیەوە بەرەو پێنجوێن بە ڕێگەی چوارتاوە پیشڕەوی بکات و لە هەوڵدایە ڕێگەی قەڵادزێ بکاتەوە. شەڕ لە چیای سەفین بەردەوامە.

٣. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کورد بەو چەکانەی لە هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر چیاکان دەستیان کەوتووە، هێرش دەکەنە سەر بنکەکانی سوپا لە زاخۆ و ڕواندز.

٤. کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Residency and Agency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/125/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٩ی جوڵای ١٩٦٥

١. یەکەمین کۆنفرانسی ئیسلامی لە عێراق، بە بەشداریی کەسایەتییە ناودارەکانی گشت ناوچەکانی عێراق و کۆمەڵێک کەسایەتی ئایینی کە لە دەرەوە هاتبوون، لە ٣٠ی جون لە بەغدا دەستی بە کارەکانی کرد و تا ئێستاش بەردەوامە.

٢. لە کاتی خۆیدا سەبارەت بە ئەنجامەکانی کۆنفرانسەکە ڕاپۆرتێکتان بۆ دەنێرم، هاوکات لەوانەیە پێتان باش بێت، ئاگاداری لایەنێکی تایبەتی کۆنفرانسەکە بن کە لە ناوخۆدا دەنگی زۆری داوەتەوە. ئەو ئیمامە کوردەی بانگهێشتی کۆنفرانسەکە کرا بوو، لایەنگری حکومەتە و مووچە لە وەزارەتی ئەوقاف وەردەگرێت. هەر بۆیەش حکومەت لەو بڕوایەدا بووە ئاسان ئەم ئیمامە ڕازی بکرێت، ڕاگەیێندراوێک بڵاوبکاتەوە و تێدا سەرکۆنەی یاغی بوونی کورد بکات. هاوکات حکومەت هیوادار بوو ئەوانیتریش ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە بڵاو بکەنەوە.

٣. بەداخەوە، ئیمامەکە ڕەتی کردووەتەوە پابەندی ڕێنمایەکانی حکومەت بێت؛ لەبری ئەمەش داوای لە حکومەت کردووە، کۆتایی بەشەڕ و نایاسایی بوونی کوشتنی موسڵمان بەدەست موسڵمان بهێنێت. ئەو ڕەخنەی لە حکومەت گرتووە کە تەنازولاتی بۆ داواکاری کورد نەکردووە، جا ئەم داواکارییانە هەر چییەک بن. دوای چەند ڕۆژ لە دوو دڵی، حکومەت ڕایگەیاندووە [کۆنفرانسەکە] لە ڕاگەیاندراوێکدا پشتیوانی لە حکومەت کردووە، ئەگەرچی تا هەنوکە دەقی ساختەی ڕاگەیێندراوەکەش بڵاو نەکراوەتەوە. لە هەفتەی ڕابردوودا سەرگوتاری چەندین ڕۆژنامە ‹ڕاگەیێندراوەکە› وەک بەڵگەی پشتیوانی لایەنی

ئایینــی (religious teaching) بــۆ کارەکانــی حکومــەت [لــە دژی کــورد] بەکاردێنــن و وەک بنەمایەکــی دادپەروەرانــە هەژمــاری دەکــەن.

٤. پێویســت بــە ئامــاژە پێــدان نــاکات، ئەمــەش تورەیــی ڕادەبــەدەری کــوردی لێکەوتووەتــەوە، هــەر بۆیــە [کــورد] نامیلکەیەکیــان بڵاوکردووەتــەوە و تێیــدا ئامــاژە بــە ڕەوشــی ڕاســتەقینەی [شــەڕ] کــراوە؛ نامیلکەکــە بــە بەرفراوانــی بڵاوبووەتــەوە. مــن وەرگێڕانــی ئــەم نامیلکەیەتــان بــۆ دەنێــرم.

٥. کۆپییــەک لــەم نامەیــە بــۆ نووســینگەکانی پاراســتنی زانیارییــەکان لــە عەمــان، قاهیــرە تــاران و بەیــروت و بــۆ ئەفســەری هەواڵگریــی هەرێمــی لــە بەیــروت، دەنێــرم.

(D. K. Haskell)

نهێنی

(10114/126/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٩ی جوڵای ١٩٦٥

**کوردستان**

١. بە پێی ڕاپۆرتەکان پێشڕەویی بەرەو پێنجوین، بووەتە هۆی هێنانی بەشێک لە [فەوجەکانی] سوپا کە سەرقاڵی هەڵمەتەکانی ناوچەی قەرەداغ بوون، [بۆ یارمەتی ئەو کەرتانەی بەرەو پێنجوین پێشڕەویی دەکەن]. بە پێچەوانەی زۆرێک لەو ڕاپۆرتانەی لێرە بڵاو بوونەتەوە، تا هەنوکە سوپا بە هیچ شێوەیەک سەرکەوتوو نەبووە لە پێشڕەویکردن بەرەو پێنجوێن. بەهەر حاڵ، سوپا توانیویەتی بە لە دەستدانی ژمارەیەکی زۆری سەرباز، دەست بەسەر ڕێڕەوی ئەزمەڕدا بگرێت و بە لەدەستدانی سێ تانک گەیشتووەتە چوارتا. بە پێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کە زانیاریی باشی هەیە، ژمارەی زۆری قوربانیان، بووەتە هۆی دروستبوونی دەمەقاڵی لە نێوان فەرماندەیی گشتی هێزی چەکدار (CGS) و فەرماندەی کەرتی دوو کە دوای تۆمەتبارکردنی سەرووی خۆی بە دارێشتنی پلانی هەڵە، دەستبەسەر کراوە. ( لەڕاستیدا برای سەرۆک کە لەم پێگەیەدایە [واتە CGS]، کۆلێژی سەربازیی (Staff College) تەواو نەکردووە، ئەمەش بووەتە هۆی تووڕەیی ژمارەیەکی زۆری ئەفسەری سوپا).

٢. گەمارۆدانی بەتالیۆنێک لەلایەن کوردەوە لە گوندی قەرەداغ، لەوانەیە ببێتە هۆی گەڕانەوەی سوپا لە ئۆپەراسیۆنی پێنجوێن [و چوونیان بەرەو قەرەداغ].

٣. کورد هەنوکە پەیڕەوی سیاسەتێک دەکەن، تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووە؛ واتە تا ئەو جێگەیەی بکرێت ئەفسەرانی سوپا بکرێنە ئامانج و گورزیان لێبدرێت.

٤. لەمـاوەی چەنـد هەفتـەی ڕابـردوودا دەسـەڵاتدارانی عێـراق زۆر بـە جیدیـی سـەرقاڵی ڕێگەگرتـن لـە وازهێنـانی سـەربازان لـە خزمەتـی سـەربازی و گشـت ئـەو پیاوانـەی لـە تەمەنـی سـەربازیدان، داواکـراون دووبـارە [ناسـنامەی] تۆمـاری خزمەتـی سـەربازیی نـوێ بکەنـەوە، هەڵمەتێکـی بەرفراوانـی پێداچوونـەوە بـە بەڵگەنامەکانـی خزمەتـی سـەربازیی دەسـتی پێکـردووە. هـەر بـەم هۆیەشـەوە کرێکارانـی ئاسـایی کەرتـی بیناسـازیی لـە بەغـدا زۆر دەترسـێن [کـە بانگێشـتی خزمەتـی سـەربازیی بکرێـن].

٥. بەهەرحـاڵ، هەواڵـی کـورد لـەم هەفتەیـەدا، سـەبارەت بـە ڕفاندنـی بێژەرێکـی کـوردی تەلەفزیۆنـی بەغـدا لەلایـەن خـودی کـوردەوە، وا نییـە کـە باسـی لـێ دەکرێـت. لەبـری بڕینـی گـەرووی کوردەکـە [وەهـا باسـکراوە]، ڕفێنـەرەکان بـەو جـۆرە مامەڵەیان لەگەڵـدا کـردووە کـە کاتـی خـۆی سـوپای تورکیـا داوای لـە ‹لۆرانـس› کردبـوو مامەڵـەی لەگەڵـدا بکرێـت. ئـەو بـە هـۆی شـێواندنی ڕووخسـاری لـە خەسـتەخانەی بەغـدا لـە ژێـر چاودێـری پزیشـکیدایە.

٦. مـن کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن (Agency and residency)، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـڕس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S, W, 1

نهێنی

(10114/129/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٧ی جولای ١٩٦٥

١. تکایــە ئامــاژە بــە نامەکــەم بکــە (١٠١١٤/١٢٥/٦٥) لــە ٩ی جــولای ســەبارەت بــە یەکـەم کۆنفرانســی ئیسـلامی و هەوڵەکانــی حکومەتــی عێـراق بـۆ سـوود وەرگرتــن لــەم کۆنفرانســە بــۆ پڕوپاگەنــدە دژی کــورد.

٢. کۆنفرانسـەکە لـە ٣٠ی مانگـی جـون گرێدراو لە تەلەفزیـۆن پەخش دەکرا؛ تێیدا وەزیری ئەوقـاف و شـاندە بیانییـەکان لێدوانێکیـان پێشـکەش کـرد. دوای کردنـەوەی دانیشـتنی گشـتی، پێنـج لێژنـەی تایبـەت بە کاروبـاری کلتوریـی پێکهێـنران، ڕێنماییکـردن، کاروباری ئیسـلامی، ئامادەکردنـی ڕەشـنووس و ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسـی داهاتـوو. بەهەرحاڵ وا دەردەکەوێـت کۆنفرانسـەکە [کۆنابێتـەوە] تا گوێ لـە ڕاپۆرتی پێنج لێژنەکـە بگرێت، یان یاداشـتێک لەسـەر ئەو ئەنجامانەی ئەم لێژنانە لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانەی ڕوویانداوە، پێگەیشـتوون، بـڵاو بکاتـەوە. لەبـری ئەمـەدا، هەمـوو کەسایەتییە بەناوبانگەکانـی ئامادەبـووی کۆنفرانسـەکە [بەبـێ ئـەوەی هیـچ دەسـتەبەربکەن] گەڕانـەوە ماڵەکانیان. جۆریـک لـە ناڕێکخراوەیی بـە کارەکانـی کۆنفرانسـەکەوە دیاربوو.

٣. وادیـارە حکومـەت لـە بەسـتنی کۆنفرانەسـەکە ئامانجەکانـی خـۆی نەپێـکا. حکومەتـی عێـراق سـەرەتا لـەو بڕوایـەدا بـوو، دەتوانێـت کۆنفرانسـەکە وەک پڕوپاگەندەییـەک (بەتایبەتیـش لـە دژی کـورد) بەکاربهێنێـت. هەروەهـا حکومەتـی عێـراق بـۆ ئـەوەی هەیبەتـی ئامادەبـووان بـەرز بکاتـەوە، سـەرۆکی زانکـۆی ئەزهـەری قاهیـرە، پیاوانـی ئایینـی لـە سـوریا و ئـەردەن بانگێشـت کردبـوو؛ ئەمـەو سـەرەڕای بانگهێشـت کردنـی نوێنـەری کـورد و شـیعە کـە خـودی حکومـەت دەستنیشـانی کردبـوون. بەهەرحـاڵ، هـەروەک لـە نامەکەمـدا (بـە ژێـدەرەی سـەرەوە) ئامـاژەم پێـداوە، کـورد کەمـتر لەوەی حکومـەت چـاوەڕوان بـوو، گوێبیسـتی حکومـەت بـوون. شـاندە بیانیەکانیـش خۆیـان لە

بابەتی دژایەتیکردنی کورد هەڵنەقورتاند، هەر بۆیەش حکومەتی هیچ چارەیەکی نەما، تەنیا ئەوە نەبێت بە زووترین کات، کۆتایی بە کۆنفرانسەکە بهێنێت.

٤. تەنیا کەسایەتیەکی ناودار کە کەوتە ناو پلانەکەی حکومەتەوە، بریتی بوو لە شێخ عەبدولا ئەلقیلقیلی (Abdullah Al-Qilqili) کە دەکاتە موفتی ئەردەن و فەتوایەکی دەرکرد و تێیدا سەرکۆنەی ئەو کەسانەی کرد کە لە دژی حکومەت ڕاپەڕیون. من دەقی لێدوانەکەی ئەو، کە لە هەواڵەکانی میدیای بەغدا بڵاوکراوەتەوە، هاوپێچ دەکەم. ڕوونە، دەقی فەتواکە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نووسراوە و هەمان ئایەتەکانی قورئانی دووبارە نووسیوەتەوە کە لە فەتواکەی مانگی مارچی شێخ عەلی کاشف ئەلغیتیدا بەکار هاتبوون، (نامەکەی مەینارد (٦٥/٥٦/١٠١١٤) لە ٢ی ئەپریل ئاماژە بەم فەتوایە دەدات). هەوڵمدا بزانم، ئایا شێخ عەبدوڵا مفتی ڕاستەقینەی ئەردەنە، ئەگەر موفتی ئەردەن بێت، ئایا لێدوانەکە بەناوی ئەو و بە بێ زانیاریی ئەو دەرکراوە، یان وەک ئەوەی لێرە باسی لێوەدەکرێت، ئەو پیر بووە و ناتوانێت لەبەرانبەر گوشاری عێراقدا بوەستێتەوە.

٥. لەوانەیە خاڵیکتری سەرنج ڕاکێشی کۆنفرانسەکە ئەوەبێت، سەرەڕای ئەوەی حکومەت زۆر سوودی لە ناوی ئەلغیتی وەرگرت کە پێشتر هەوڵیدا خۆی وەک ئایەتولا بناسێنێت (من لە نامەکەم (٦٥/٦/١٠١١٥) لە ١٤ی مەی باسی ئەم بابەتەم کردووە)، کەچی هەروەك چاوەڕوان دەکرا، هیچ سەرکردەیەکی ڕاستەقینەی شیعە بانگهێشتی کۆنفرانسەکە نەکرابوو. دوو ڕۆژ پێش بەستنی کۆنفرانسەکە ئەلغیتی نەخۆش کەوت و نەیتوانی لە هیچ یەک لە دانیشتنەکانی کۆنفرانسەکەدا بەشدار بێت؛ بەڵام بەم بانگێشت نەکردنە حکومەت گورزی خۆی لە شیعە وەشاند. بەهەرحاڵ کاتێک سەرۆکی ئەزهەر بینی، شیعە و سوونە پێکەوە لە ساڵۆنێکدا کۆبوونەتەوە، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی. ئەو بە هۆی هەڵەی حکومەت لە [بانگێشت نەکردنی عولەمای شیعە] داوای لێبوردنی کرد.

٦. من کۆپییەک لەم نامەیە لەگەڵ هاوپێچێک بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق و تاران دەنێرم.

(D. K. Haskell)

نهێنی

(10114/128/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٧ی جولای ١٩٦٥

**کوردستان**

١. وادەردەکەوێت گۆڕانکاریی لە کابینەی وەزاری، کاریگەریی ئەوتۆ لەسەر سیاسەتی حکومەت لەبەرانبەر کورددا دروست نەکات. ڕاستە سەرۆک وەزیران لە لێدوانەکەی ١٤ی جولایدا ئاماژەی بەوەدا، خوازیاری هاتنەدی ئاشتین لە باکوور، بەڵام ئەو ئاماژەی بەوە کرد، ئەم ئاشتییە لە ڕێگەی ‹لەناوبردنی لە یاسادەرچووەکان و چەتەکان› دەستەبەر دەکرێت، هەروەها ئاماژەی بە لێبوردنی ئەو کەسانە کرد کە ملکەچی حوکمەت دەبن. سەر لە نوێ عێراقییەکان داواکارییەکانیان خستووەتە بەردەم باڵیۆزی ئێران لە بەغدا؛ بەڵام ئێرانییەکان بە گومانەوە دەڕواننە ئەم داواکارییە بەوەی ئامانجی سەرەکی ئەم داوکارییە داخستنی سنوورەکانی ئێرانە لەگەڵ کوردستاندا.

٢. بە پێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو سەرکردایەتی کورد بەو ئەنجامە گەیشتووە، ئاشتی هەمیشەیی نایێتەدی، تا ئەو کاتەی حکومەتێکی جەماوەری و سەقامگیر لە بەغدا دانەمەزرێت. هەر بۆیەش ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە لە چەند هەفتەی داهاتوودا بەیاننامەیەک دەربکەن و تێیدا داوای ‹بەعێراقیکردنی شۆڕشی کوردستان› بکەن و داوا لە خەڵکی عێراق بکەن بێنە پاڵ کورد. دەنگۆی ئەوە هەیە کورد لە داهاتوویەکی نزیکدا ترانسمیتەرێکی [ئامرازی پەخشی ڕادیۆ] بەهێزیان بەدەست بگات؛ ئەمەش وا دەکات، دەنگیان بگاتە سەرتاسەری عێراق.

٣. تـا هەنوکـە سـوپا نەیتوانیـوە دەستبەسـەر پێنجوێنـدا بگرێـت و سـتوونێکیتر لـە باشـووری ڕۆژئـاواوە بانگێشـت کـراوە، تـا یارمەتییـان بـدات.

٤. مـن کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن (Residency and Agency)، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـڕس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(EQ 1019/7)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە S. W. 1

٢٤ی جولای ١٩٦٥

١. لە نامەکەمدا بۆ رۆگێر ئالێن (Roger Allen) لە ٢٩ی جانیوەری، ئاماژەم بە سەردانەکەی پێشووی باباعەلی کرد. باباعەلی دووبارە لە ٢١ی جولای لە کاتی گەڕانەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیوەندی بە منەوە کرد. ئەو ئەم جارە تەواوی ئەوکاتەی لە هاوین ماوە دەچێتە بەیروت.

٢. باباعەلی باسی لەوەکرد، پاش دوایین یەکتر بینینمان، ئەو دوو جار لەگەڵ عارف سەبارەت بە پرسی کورد قسەی کردووە. لە قسەکانی عارفدا دەرکەوتووە، بەنیاز نییە کێشەی کورد چارەسەر بکا. عارف کەسێکی زۆر دەمارگرژە و حکومەتە نوێیەکەشی بریتییە لە ڕژێمێکی پێکهاتوو لە (سەرەڕۆکان)، حکومەتی پێشووش ڕەتیکردەوە، لەگەڵ کورددا دەست بە دانوستاندنێکی ڕاستەقینە بکات. باباعەلی لەو بڕوایەدایە حکومەتی نوێ سەرەڕای لاوازیی پێگەکەی لە ناوخۆدا، بەڵام زۆر جیدیترە لە بەردەوامیدان بە شەڕ. بەهەرحاڵ، ناسرییەکانی [ناو حکومەت] هەروەك کەسانێتر خوازیارن، سوپا هێرش بکاتە سەر کورد.

٣. باباعەلی هەڵمەتی هێرشکردنی ئێستای سوپای عێراق بە هەڵمەتێکی بێجیاکاری لە خاپورکردنی گوندە کوردییەکان وەسف دەکات. دوایین هەڵمەتی هێزەکانی سوپای عێراق لە ناوچەیەکی زۆر بەرتەسەکدا بووە، دوو یان سێ کەرتی سەربازی لە هێڵێکی بەرتەسکدا دەست بە هێرشکردنە سەر ناوچەی کوردییەکان دەکەن. بۆ گرتنی ئەم ناوچەیەش دەبێ گوندەکان و مەڕوماڵات لەلایەن هێزە سوارە نارێکخراوەکانی حکومەتەوە بسوتێنرێن.

٤. باباعەلی بەردەوامی بە قسەکانیدا و گلەییە باوەکەی دووبارە کردەوە، نابێ حکومەتی بەریتانیا چەک بە حکومەتی عێراق بدات، تا لە دژی کورد بەکاربهێنرێت. ئەو ئاماژەی بەو گفتوگۆیە کرد، لە ڕابردوودا لەگەڵ سێر ڕۆگێر ئالێندا ئەنجامیداوە و ئاماژەی

بـەو فڕۆکانـە کـردووە، ئێمـە ڕادەسـتی ڕژێمـی بەعسـمان کردبـوو. بـە قسـەی باباعەلی، ئـەم فڕۆکەیـە لـە کاتێکـی خـراپ گەیشـتووەتە دەسـتی خەڵکـی خـراپ. باباعەلـی لـە ڕوانگـەی ئـەو شـتانەی بۆ ئێمەی باسـکرد، گوتی ئـەوە حکومەتی بەریتانیا بـوو ئێمەی بە دەوڵەتـی عێـراق لکانـد، هەربۆیـەش بەرپرسـیارێتی ئەوەی لەسـەرە خـۆی دوور بگرێت لـە یارمەتیدانـی حکومەتـی عێـراق، لـەو شـەڕەی هەنوکـە بووە بە شـەڕی قڕکردنـی کورد.

٥. لە وەڵامدا گوتم، ئێمە ناتوانین دڵنیاییەکی ئەوتۆ [ بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی عێراق] بدەین. لەوانەیە ئەو ئاگادار بێت کە سەرۆک وەزیرانی [بەریتانیا] لە سەرەتای ئەم مانگەدا لێدوانێکی ئاشکرای بۆ پەرلەمان (House of Common) سەبارەت بە هەڵوێستی ئێمە [لە بارەی شەڕی نێوان عێراق و کورد دەربڕی] و زۆر بە ڕوونی ڕایگەیاند، حکومەتی بەریتانیا نیگەرانی دووبارە دەستپێکردنەوەی هێرشکردنی حکومەتی عێراقە بۆ سەر کورد، بەڵام ئەمەش پرسێکی ناوخۆیی عێراقە، هەر بۆیەش ئێمە ئامادەنین دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدەین. سەبارەت بە کێشەی کورد، بە گشتی، ئێمە لەو بڕوایەداین، ناتوانین گوشاری ئەوتۆ لەسەر حکومەتی عێراق دروست بکەین، تا کێشەی کورد چارەسەر بکات. سەرۆک ناسر، سەرەڕای پاڵپشتی لە حکومەتی عێراق ، بەڵام نەیتوانیوە گوشار بخاتە سەر حکومەتی عێراق بۆ ڕاگرتنی دوژمنکارییەکانی لەسەر کورد. هەر بۆیەش ئەگەرچی ئێمە خوازیارین شەڕ کۆتایی پێ بێت، بەڵام ناتوانین کارێکی ئەوتۆ بۆ ڕاگرتنی شەڕ ئەنجام بدەین، ئێمە سوود لە هەموو دەرفەتێک وەردەگرین، تا کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێت.

٦. بـە هەرحـاڵ، دووبـارەی دەکەمـەوە، ئێمـە دەتوانیـن کارێکـی کـەم بـۆ دڵنیاکردنـەوەی باباعەلـی بکەیـن. مـن هەسـت دەکـەم ئـەو خۆشـحاڵ بـوو لـەو دەرفەتـەی ڕەخسـا، تـا لەگـەڵ ئێمـەدا گفتوگـۆ بـکات. هەروەك جـاران، من ئەوەم خسـتەڕوو، خۆشـحاڵ دەبین ئـەو بـەردەوام بێـت لە پەیوەندیکردن بە ئێمـەوە، هەروەها گوتـم ئامادەین هەر کاتێک لـە لەنـدەن بـوو، پێشـوازیی لێبکەین.

٧. کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە واشـنتن، قاهیـرە، بەیـروت، تـاران، کوێـت ئەنقـەرە، مۆسـکۆ، دیمەشـق و عەمـان دەنێـرم.

(M. Morris)

نهێنی

(10114/132/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٣٠ی جولای ١٩٦٥

**کوردستان**

١. لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا، حکومەتی عێراق هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی بەرپا کردووە و بانگەشەی ئەوە دەکات، ژمارەیەکی زۆری کورە تۆبەکارەکان خۆیان ڕادەست کردووە و پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی باکوور زۆر بە چڕی بەرەو پێشەوە دەڕوات. یاسای عێراق تایبەت بە بەرهەڵستکاران هاوکات بووە لەگەڵ توندبوونی شەڕ کە قوربانی زۆریشی لێکەوتووەتەوە، بە بێ ئەوەی حکومەت هیچ دەستکەوتێکی سەربازی دەستەبەر بکات. قوربانییەکانی کورد زۆرتر خەڵکی مەدەنین کە دووبارە بوونەتە ئامانجی هێرشە ئاسمانییە بێجیاکارییەکانی حکومەتی عێراق.

٢. شەڕی سەرەکی لە نزیک چوارتا ڕوویداوە (هیچ پێشڕەویەکیش بەرەو پێنجوێن تۆمار نەکراوە). هەروەها وادیارە لە چیای سەفین شەڕەکە خەست بووەتەوە. وتەبێژێکی کورد لە جنێڤ (Geneva) بانگەشەی کردووە، لە بیست ڕۆژی یەکەمی مانگی جولای، ٥٤٠ سەربازی عێراقی و ٤٠ کورد کوژراون.

٣. لە ٢٨ی جولای فڕۆکەیەکی بۆمبهاوێژی عێراق لە جۆری (IL28) هێرشی کردە سەر شاری جوکورجا (Cukurca)ی تورکیا کە ٤ کیلۆمەتر لە سنووری عێراق دوورە. فڕۆکەوانەکە تۆمەتبار کراوە بەوەی ئامرازی گەڕانی ناو فڕۆکەی بە نەزانی بەکار هێناوە، چونکە شارێک بە قەبارەی شاری جوکورجا لە هیچ شوێنێکی ئەم ناوچەیەی عێراق بوونی نییە. هەفت بۆمبی فڕێداوەتە سەر شارەکە و دواتر دەست بەتەقەکردن کراوە.

ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن لەم هێرشەدا، یەک کەس کوژراوە و ١١ کەسیش بریندار بوونە، دۆخی ٣ کەسیان ناجێگیرە. بە گوێرەی باڵیۆزی تورکیا لە بەغدا، بالیۆزی عێراق لە ئەنقەرە داوای لێبوردنی کردووە کە لە لێبوردنەکە لە ئاست پێویستدا نەبووە و ڕۆژی دواتر باڵیۆزی عێراق باسی لە قەرەبووکردنەوەی [زیانەکانی شارەکەی] کردووە. ئەم ڕووداوە دەکرێت بە نموونەیەکی باش هەژمار بکرێت لە جۆری ئەو هەڵسوکەوتەی حکومەتی عێراق لەگەڵ گوند و شارە کوردییەکاندا گرتوویەتەبەر.

٤. من کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S, W, 1

نهێنی

(EQ 1019/76)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە S. W. 1

٨ی ئۆگۆست ١٩٦٥

١. کۆمیسۆنی باڵای کەنەدا (Canadian Higher Commission)، تەلەگرامێکی باڵیۆزخانەکەیان لە تاران بۆ ئێمە ناردووە، تێیدا باس لەو ئەزموونە (impressions) دەکات، جین فرانکویس چاڤێل (Jean Francois Chauvel) کە لە ڕۆژنامەی فیگارۆ کار دەکات، بە هاوڕێیەتی وێنەگەری ڕۆژنامەی ‹پاریس ماچ› ‹Paris Match› لە گەشتێکیان بۆ کوردستانی عێراق بینیوویانە؛ گەشتەکە لە ڕێگەی نووسینگەی پەیوەندییەکانی مەلا مستەفا لە تاران ڕێکخرا بوو.

٢. هەروەك دەزانن، ئەم ئەزموونە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ زانیارییەکانی ئێوە و ئێمە لەبارەی دۆخی ئێستای کوردستان، هاوشێوەیە. لەوانەیە فیگارۆ بەدوداچوونی بۆ وتارەکەی ئەم دواییەی ‹Life› کە تایبەت بوو بە شۆڕشی کورد، کردبێت. لەڕاستیدا، شتێک لە نێوان ئەزموونەکەی چاڤێل و وتارەکە، هاوبەشە، بۆ نموونە، هەڕەشەی تێکدانی کێڵگە نەوتییەکانی موسڵ [لەلایەن کوردەوە]. بە بڕوای ئێمە مەبەست لەم هەڕەشانە، ڕاکێشانی سەرنج و نیگەرانی ڕۆژئاوایە لە بەرفراوانبوونی پێکدادانەکان، بەڵام ئەگەر بێت و کورد بزانن دۆخی سەربازیی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەواندایە، ئەستەمە پاڵاوگە نەوتییەکان تێکبدەن، پەنابردنە بەر کردەوەی تێکدەرانە دوایین ڕێکارە. بەهەر حاڵ، ئێمە زۆر خۆشحال دەبین لەسەر ئەم بابەتە هەر زانیارییەکتان دەست کەوت، ئاگادارمان بکەیتەوە.

٣. ئەم هەلە دەقۆزمەوە تا سوپاستان بکەم بۆ ڕاپۆرتی هەفتانەتان کە پەیوەستە بە ڕووداوەکانی کوردستان. ئەم ڕاپۆرتانە پێکبەستێکی زۆر باشی زانیاریی ئامادەکراو لەسەر خەباتی کورد، بە ئێمە دەبەخشن.

٤. مـن کۆپییـەک لـەم نامەیـە و هاوپێچەکـەی بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە تـاران، ئەنقـەرە، قاهیـرە، واشـنتن و پاریـس دەنێـرم. ئەگـەر بێـت و نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە پاریـس هـەر ڕاپۆرتێکـی لـە فیـگارۆ یـان ‹پاریـس مـاچ› بەرچاوکـەوت، پشـت بـە گەشـتەکەی چاڤێـل بەسـترابێت، تکایـە بۆمـان بنێـرن.

(C. T. Brant)

بەشی ڕۆهەڵات

F. G. Maynard, Esq, Baghdad

FM TEHRAN JUL 29/65 CONFD

TO TT EXTERNAL 252 IMMED DE LDN

INFO LDN TT NATOPARIS KMBPARIS WASHDC PERMISNY CAIRO DE LDN

BAG BERUT ANKARA DE PARIS TAVIV MOCO DE LDN

**جەنگ لە کوردستان**

١. جیـن فرانکویـس چاڤێـل (Jean Franccis Chauvel)، پەیامنێـری ڕۆژنامـەی فیـگارۆ، لەگـەڵ وێنەگـری ‹پاریـس مـەچ›، لـە گەشـتێکی یـازدە ڕۆژی بـۆ کوردسـتانی عێـراق، گەڕاونەتـەوە تـاران. ئـەوان لـە ڕێگـەی زەمینییـەوە لـە ئێـران و بـە ڕەزامەنـدی هێـزە ئەمنییەکانـی ئێـران (ساڤاک) چوونەتـە نـاو خاکـی کوردسـتان. چاڤێـل، شـەوی ڕابـردوو بـاس لـە ئەزموونەکـەی خـۆی سـەبارەت بـە شـەڕی [نێـوان حکومەتـی عێـراق و کـورد] بـۆ مۆنتپێتیـت (Montpetit) کـرد.

٢. ئـەم گەشـتە لەلایـەن نووسـینگەی پەیوەندییەکانـی بارزانـی لـە تـاران ڕێکخرابـوو، ئـەم نووسـینگەیە ئەندامـی ئەنجوومەنـی شۆڕشـگێڕیی کـوردە. چاڤێـل بـاس لـەوە دەکات، سـاڤاک پەیوەنـدی نزیکـی لەگـەڵ بارزانیـدا هەیـە و زۆر بـە وردی چاودێـری هاتوچـۆی کـوردی عێـراق لـە سـنوورەکان، بارهەڵگـری جەنگـی و پێدوایسـتییەکانیتر

دەکات کە لە ئێرانەوە بۆ کوردستان دەنێردرێن. ساڤاک ڕێگە نادات، کوردی ئێران بچنە ڕیزی هێزەکانی بارزانی، هەروەها ئەو ژمارە کەمەی کوردی ئێرانیش کە سنووریان بڕیوە و چوونەتە پاڵ هێزەکانی بارزانی، بە پێی لێکتێگەیشتنێکی نێوان ساڤاک و بارزانی، بۆ ئێران دەگەڕێندرێنەوە. چاڤێل باس لەوە دەکات، ئەم جۆرە هاتوچۆکردنە لەسەر سنوورەکانی تورکیا نابیندرێت.

٣. چاڤێل باس لەوە دەکات، کورد ژمارەیەکی کەمی موشەکی دژە تانکی ‹Eazookas› کە بەرهەمی سویسرایە، هەروەها ژمارەیکی کەم لە هاوەن ‹Mortars›ی ئەمریکی و ئەڵمانیان هەیە کە لە دەرەوە کڕدراوە و بە قاچاغ لە ئێرانەوە بۆ کوردستان دەبردرێت.

٤. مەزەندەکراوە ٧٠،٠٠٠ سەربازی عێراقی لە ناوچەی کوردستان جێگیر کراون، بە تانک و بارهەڵگریی جەنگی و تۆپخانە و پشتیوانی ئاسمانی تەدارەك کراون و لە دژی ١٥،٠٠٠ کورد دەجەنگن کە تەنیا چەکی سوک و ورەیەکی بەرزیان هەیە. هەم بە هۆی هەڵکەوتەی ناوچەکە بە جۆرێک سوپای عێراق لە دەشتاییە و کورد لە چیاکانن، هەمیش بە هۆی تەکتیکە هەڵەکانی سوپای عێراق، چاڤێل لەو بڕوایەدایە، سوپای عێراق هیچ شانسێکی بۆ سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی بارزانیدا نییە. حاڵی حازر، سوپای عێراق لەسەر جادە سەرەکییەکاندا چەقیوە و تەنیا لە نێوان بنکە سەربازییەکاندا هاتوچۆ دەکەن. هەر کاتێکیش هەوڵ بدەن هێرش بکەنە سەر سەنگەرەکانی کورد، کە لە ناوچە شاخاوییەکاندا جێگیر کراون، هەروەك چاڤێل باس دەکات، سوپای عێراق سەرەتا دەست بە بۆردمانکردنی ئەم سەنگەرانە دەکات تا کورد پێگەکانی خۆیان چۆڵ بکەن. کاتێک بۆردمان وەستا، کورد دەگەڕێنەوە پێگەکانی خۆیان و هەر کاتێک سوپای عێراق بە ستوونە سەربازییە خاوەن چەکە قورسەکانیانەوە دەستیان بە جووڵەکرد، وەک کەروێشک بەردەبنەوە [واتە دەکەونە بەر دەستڕێژی کورد]. هێرشی ئاسمانی لە دژی پێگە شاخاوییەکان کاریگەر نییە.

٥. چاڤێل لەو بڕوایەدایە، کورد ئامادەکاری دەکەن، تا لە هەفتەکانی داهاتوودا دەست بە هێرش بکەن و ئەو خاکەی لەلایەن سوپای عێراقەوە داگیرکراوە

ئـازاد بکـەن و دەسـت بەسـەر چەکـی قوڕسـدا بگـرن، بەتایبەتیـش تۆپـی دورهاوێـژ کـە لـە ڕێگەیانـەوە دەتوانـن شـارە گەورەکانـی وەک هەولێـر بۆردمـان بکـەن (چوارڕیانـی سـەرەکی هێلـی ئاسـنین بـۆ بەغـدا)، واتـە ئـەو شـوێنەی مەڵبەنـدی سـەرەکی گردبوونـەوەی هێزەکانـی حکومەتـە. هەروەهـا چاڤێـل لـەو بڕوایەدایـە کـورد ئامـادەکاری دەکـەن بـۆ هێرشـکردنە سـەر کێڵگـە نەوتییەکانـی موسـڵ، ئەویـش لـە ڕێگـەی ناردنـی یەکـەی کۆمانـدۆی تایبـەت بـە تێکـدان.

٦. چاڤێـل بـاس لـەوە دەکات، ئێسـتا کـوردە یاغیبـووەکان خـاوەن ڕادیـۆی خۆیانـن و سـتافێکی تـەواون، شـارەزای شـەفرەی سـوپای عێراقـن و دەتوانـن زۆر بـە باشـی گـوێ لـە گشـت پەیوەندییەکانـی نێـوان یەکـە سـەربازییەکانی سـوپای عێـراق بگـرن، ئەمـەش بووەتـە هـۆی باڵادەسـتی تەکتیکـی کـورد. سـەبارەت بـە بانگەشـەی حکومـەت، گوایـە ژمارەیەکـی زۆری کـورد خۆیـان ڕادەسـتی حکومەتـی عێـراق کـردووە، چاڤێـل گوتـی، هـەرکات ژمارەیـەک سـەرۆک خێـڵ دەچنـە پـاڵ حکومەتـی بەغـدا، ئـەم سـەرۆک خێڵانـە ژمـارەی لایەنگـرە کوژراوەکانیـان زیـاد دەکـەن، تـا لـەم ڕێگەیـەوە پارەیەکـی بـاش لـە بەغـدا وەربگـرن.

٧. چاڤێـل لـەو بڕوایەدایـە، بارزانـی تەنیـا داوای ئۆتۆنۆمـی بـۆ کـورد لـە چوارچێـوەی دەوڵەتـی فیدرالـی عێراقـدا دەکات و داوای دامەزراندنـی دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ نـاکات. ئەگـەر بێـت و بارزانـی داوای دەوڵەتـی سـەربەخۆ بـکات، ئێرانییـەکان هەروەك چـۆن ئێسـتا هـاوکاری بارزانـی دەکـەن، ئـەوکات هـاوکاری بارزانـی ناکـەن. سـەرکردە سیاسـییە کـوردەکان، ئەوانـەی لـە مەنفـا دەژیـن وەک تاڵەبانـی کـە چوونەتـە پـاڵ حکومەتـی بەغـدا، هیـچ کاریگەرییـان بەسـەر یاغیبوونـی کورددا نییـە، چونکـە بارزانی تەنیـا سـەرکردەیەکە ئـەوان کوێرانـە دوای دەکـەون. چاڤێـل نازانێـت ژمـارەی دروسـتی ئەندامانـی ئەنجومەنـی [سـەکردایەتی] شـۆڕش چەنـد کەسـن، بـەڵام لـەو بڕوایەدایـە نزیکـەی ١٥ بـۆ ٢٠ کەسـن.

٨. دوژمنـی سـەرەکی بارزانـی ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی و ئـەو کەسـانەن پشـتگیریی لـە ئامانجەکانـی ئـەم ناسـیۆنالیزمە دەکـەن. بـۆ بارزانـی کەوتنـی عـارف تەنیـا بابەتێکـی

سـەربازیی نییـە، بەڵکـو بەنـدە بـە کاتـەوە. گۆڕینـی ئـەم دواییـەی کابینـەی وەزاری لـە بەغـدا، ئاماژەیەکیـترە لـە کۆتایهاتـن بـە عـارف. خسـتنەڕووی ڕێکارێـک لەلایـەن جێگرەوەکانـی عارفـەوە، بـە دڵـی کـورد بێـت. بـە بابەتێکـی کـراوە دەمێنێتـەوە و بارزانـی لـەم بـارەوە زۆر گەشـبین نییـە.

٩. چاڤێـل ئامـاژە بـەوەدەکات، پەیوەندیـی بازرگانـی لـە نێـوان کوردسـتان و باشـووری عێراقـدا ڕێـک بەنـاو هێڵەکانـی شـەڕدا دەربـاز دەبێـت و بـە هـۆی شـەڕە ئـەم بازرگانییـە نەپچـڕاوە. پشـتگیریی مەسـیحییەکان و شـیعەکانی باشـوور لـە کـورد، بابەتێکـی ئەخلاقییـە و بارزانـی هیـواداره پشـتیوانی هەسـتپێکراو لەلایـەن ئـەم لایانـەوە بەدەسـت بـگات، لـەوە تێـدەگات، خـودی کـورد بـە تەنیـا دەبـێ ئـەم شـەڕە ئەنجـام بـدەن.

١٠. بـۆ زانیاریتـان، ڕاپۆرتەکـەی چاڤێـل لـە ‹لـێ فیـگارۆ› و ڕاپۆرتـە وێنەییەکـەی (photoreportage) ‹پاریـس مـاچ› لـە مـاوەی دوو هەفتـەی داهاتـوو دا بـڵاو دەبێتەوە. هیوداریـن کۆپییەکـمان لـە هـەر دوو ڕاپۆرتەکـە بـۆ بنێـرن.

نهێنی

(EQ 1019/71)

نووسینگەی کاروباری دەرەوە S. W. 1

٩ی ئۆگۆست ١٩٦٥

١. سوپاسـتان دەکەیـن کۆپییـەك لـە بڵاوکراوەکـەی (pamphlet) حکومەتـی عێـراق سـەبارەت بـە پرسـی کـورد، لـە نامەکەتـان بـە ژێـدەری (٦٥/١٨٢١) لـە ٨ی جـوڵای بـۆ ئێمەتـان نـاردووە.

٢. ئـەم نامەیـە بەرچاوڕوونیەکـی باشـمان سـەبارەت بـە نیگەرانیـی عێراقییـەکان پـێ دەبەخشـێت؛ هەروەهـا ئـەو دەسـتەواژەیەی بەڕێزتـان ئاماژەتـان پێـداوە، تەنیـا زانیارییەکـە، ئێمـە دەتوانیـن بۆگلەیـی کـردن لـە [حکومەتـی عێـراق] بـەکاری بهێنـن، تەنانـەت ئەگـەر گلەییەکـی کەمیـش بێـت. لـەو بڕوایەدایـن ئێرانییـەکان ئـاگاداری ئـەم گلەییـە دەبـن. هەروەهـا بەنیازیـن هـەر جـۆرە کردارێکـی ڕاسـتکردنەوەی [هەڵـەکان] بـە ئێرانییـەکان بسـپێرین.

٣. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە لەگـەڵ بڵاوکراوەکـە بـۆ مەینـارد لە بەغـدا دەنێرم. (خۆشـحاڵ دەبیـن، ئەگـەر ئـەو چیتر پێویسـتی بـە بڵاوکراوەکـە نەبـوو، بۆمـان بگەڕێنێتەوە).

(C. Brant)

بەشی ڕۆژهەڵات

A. J. Beamish, Esq

TEHRAN

نهێنی

(1821/65)

تەلەگرام

لەلایەن: نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ: تاران

گەیشتوو: کاتژمێر ١٠:٠٠، ١٢ی ٨

ژمارە: ١٢٧٦ لە ١١ی ئۆگۆست ١٩٦٥

**کاری لەپێشینە**

ئەمەی خوارەوە لە بەغداوە هاتووە.

١. تەلەگرامی ژمارە ٦٤٤ لە ڕێکەوتی ١١ی ئۆگۆست، کە ئاڕاستەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە کراوە، بۆ خستنەڕووی زانیاریی بۆ تاران، قاهیرە، ئەنقەرە و ئەرشیفی (Washington) واشنتن نێردراوە. جێگری سکرتێری هەمیشەیی (Permanent Under Secretary)، ئەمڕۆ بەیانی پەیوەندی بەمنەوە کرد، تا پێم بڵێت لە بارەی کێشەی کورد، ئەو دوو خاڵی زۆر گرنگی هەیە. یەکەم سوپای عێراق دەستی بەسەر بڕێکی زۆری چەکی کورددا گرتووە کە لە بەرهەمی بەریتانیا و ئەمریکان. دووەم، ئێرانییەکان لە ئاستێکی بەرفراواندا [لە شەڕی نێوان کورد و حکومەتی عێراق] هەڵقورتاون.

٢. دەسەڵاتدارانی سوپا، هەڕەشەی ئەوەیان کردووە، ڕاستییەکان سەبارەت بەم چەکە دەستبەسەرگیراوانە بڵاودەکەنەوە و لەوانەیە ئەو چەکانە لەسەر تەلەفزیۆن نیشان بدەن. بە جێگری سکرتێری هەمیشەیی›م ڕاگەیاند، هەروەك ئەو دەزانێت، دەکرێت ئەم چەکانە لە هەر شوێنێکەوە هاتبن. بە دڵنیاییەوە ئەم چەکانە لەلایەن حکومەتی خاوەنشکۆوە بۆ کورد دابین نەکراون و نیشاندانی ئەم چەکانە بەهەڵەدابردنی ڕاستییەکانە. من بە توندی سەرکۆنەی کارێکی لەم شێوەیە دەکەم.

٣. دواتر خەلەف (Khalaf) بە درێژیی و بەجیدیی لەبارەی چالاکیی ئێرانییەکان قسەی کرد. گوتی ئەو چالاکییانە زۆر لە چالاکییەکانی سەردەمی قاسم بەرفراوانترن. چەک و تەقەمەنی و چەکی قورس بۆ [کوردستان] دەنێردرێت؛ ئۆپەراسیۆنەکان لە دیوی سنوورەکانی ئێران بەوپەڕی خۆی گەیشتووون. لە ڕووداوێکدا هەلیکۆپتەر بۆ ڕزگارکردنی کوردە گەمارۆدراوەکان، بەکارهێنرا. تەنانەت ڕاپۆرتێک لە ڕۆژنامەکانی ئێران بڵاو بووەتەوە کە ئەفسەرێکی سوپای ئێران لەسەر شەرەفی ژمارەیەک لە کوردە پەنابەرەکانی عێراق کە ناوەکانیان ئاماژە پێکراوە، خوانێکی ڕێکخستووە. بارودۆخەکە زۆر مەترسیدارە و دەسەڵاتە سەربازییەکانی [عێراق] خوازیاریی گرتنەبەری ڕێکاری بەرپەرچدانەوەی بەهێزن، تەنانەت پەنابردنە بەر ڕێکاری ڕاوەدونانی تەڕدەست [ڕێکارێک لەلایەن هێزە چەکدارەکانەوە بۆ کردە تاوانکارییەکان بەکار دەهێنرێت] بەکار بهێنن. بە گوتەی خەلەف، کردەوەی [ئێرانییەکان] تەنیا بە گرتنەبەری ڕێکارێک سنووردار کراوە کە دەکرێت ئەنجامی مەترسیداریان لێبکەوێتەوە.. سەرۆک وەزیران و وەزیرەی دەرەوەی عێراق فەرمانیان بە خەلەف کردووە، بۆ من، مەترسیداربوونی بارودۆخەکە بخاتەڕوو و داوا لە حکومەتی خاوەنشکۆ بکرێت، دەستڕۆیی خۆی بەکار بهێنێت و گوشار بخاتە سەر حکومەتی ئێران، تا دەست لە چالاکیی [ سەربازیی لە دژی عێراق و پشتیوانی کورد هەڵبگرێت]. ئەو چۆن لەگەڵ بەرپرسانی ویلایەتە یەکگرتووەکان قسەی کردووە، بە هەمان شێوە لەگەڵ من قسەی کرد.

٤. من بە ‹خەلەف›م گوت کە ئاگاداری سیاسەتی ئێمەیە لەبەرانبەر کورد. ئێمە ئەم پرسە بە کێشەی ناوخۆیی عێراق دادەنێین و داوای چارەسەرییەکی ئاشتیانەی ئەم کێشەیە دەکەین. من هیوام خواست [حکومەتی عێراق] هیچ کارێکی بە پەلە ئەنجام نەدات و وەزارەتی دەرەوەی عێراقیش باشترە بەم ئاڕاستەیە کار بکات. (خەلەف دەیەویست ئاماژە بەوە بکات، ئەوان خوازیارن لە ئەنجامدانی هەر جۆرە کردەیەکی سەربازی بەدوور بن، بەڵام لەم

هەلومەرجەدا ئەمە کارێکی ئەستەمە). سەبارەت بە ئێرانییەکانیش من لەو پێگەیەدا نیم، بزانم ئەوان بڕیاری ئەنجامدانی چ کارێک یان ئەنجام نەدانی چ کارێک دەدەن. تەنانەت نازانم حکومەتی خاوەنشکۆ بۆ ئەو داواکارییەی خەلەف خستوویەتیەڕوو، چ شتێک ئەنجام دەدات، بەڵام لەسەر داواکاری خەلەف، من ئاگادارتان دەکەمەوە کە ئەو چی گوت و حکومەتی عێراق چۆن دەڕوانێتە بارودۆخەکە و بە مەترسیدار هەژماری دەکات.

٥. تکایە خێرا سەیری تەلەگرامەکەم بە [ژمارەی] خوارەوە بکەن. تکایە نووسینگەی کاروباری دەرەوە تەلەگرامەکەم بەژمارە ٥٨ بۆ تاران بنێرن.

نهێنی

(10114/137/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٢ی ئۆگۆست ١٩٦٥

١. سوپاس بۆ نامەکەتان بە ژێدەری (EQ1019/76) لە ٧ی ئۆگۆست، سەبارەت بە سەردانی چاڤێل بۆ کوردستان.

٢. تاڕادەیەکی زۆر هاوڕام لەگەڵ ئەو شتانەی چاڤێل باسی کردوون (ئەگەر ئێوە بڕوانن ژمارەی ٧٠،٠٠٠ سەرباز-واتە زۆرتر لە ژمارەی گشت سەربازەکان کە لە کوردستان هەن). من لەگەڵ پەرەگرافی ٥ی تەلەگرامەکەدا نیم. بە گومانم لە ڕستەی یەکەم کە ئاماژە بەوە دەکات، کورد وەک خواستێك بیر لە هێرشکردنە [سەر سوپای عێراق] دەکەنەوە. من لەو بڕوایەدام، کورد خەریکی داڕێشتنی پلانێکن هێرش بکەنە سەر ئەو بنکە سەربازییانەی لێک دوورن. (بۆ نموونە ئەو بنکانەی کەمتر لە بەتالیۆنێکی تێدا بێت) و سوپا ئەم بنکانەی بۆ هێرشی مەیدانی و کۆنترۆڵی زەمینی، چۆڵکردووە (بۆ نموونە لە ناوچەی قەرەداغ). تەنانەت ئەمەش کارێکی سەختە و پێویستی بە هیزێکە، ڕاهێنانی باشی کردبێت. هێرشی ئەم دواییە بۆ سەر ناوچەی ڕانیە و دەستپێکردنی هێرشێکی تازە بۆ سەر میحوەری ڕایەت-ڕواندز، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی، کورد پاشەکشە لە ئەگەری ئەنجامدانی هەر کردەیەکی هێرشبەرانە بکەن.

٣. سەبارت بە هێرشکردنە سەر پاڵاوگە نەوتییەکان، دەبێ دان بەوەدا بنێم، هەمیشە تووشی سەرسوڕمان بوومە لە میانڕەوی کورد کە بووەتە هۆی شکستیان لە گەمەکردن بە گرنگترین کارتی بەردەستیان [واتە کارتی نەوت]. هیچ گومان لەوەدا نییە کە کورد دەتوانن زیانی زۆر جیدیی لەم پاڵاوگانە بدەن؛ بۆ نموونە بە هاوەن و چەکی دژە دەبابە ‹bazooka› هێرش بکەنە سەر کارگەی ئەمباری گاز (de-gassing) لە

نزیـک کەرکـوک. هەروەهـا هـەر لەم دواییـەدا [حکومەتی عێراق] پێنج کـوردی لە کفری لەسێدارە داوە، دوای ئـەوەی لەسـەر تەلەفزیـۆن قسـەیان کـردووە. بیانووەکـەش ئـەوە بـووە، ئـەو کەسـانە پێشـیان لـە هێرشـی کـورد بـۆ سـەر پاڵاوگـەی نـەوت نەگرتـووە. من دڵنیـام و هەروەهـا بـە مـن گوتـراوە، ئەمە سیاسـەتێکی ئەنقەسـتە کە حکومەتـی عێراق بـۆ بەلاڕێدابردنـی ڕای گشـتی ڕۆژئـاوا و عێـراق ئەنجامـی دەدات. بە بـڕوای من هاندری بەهێزتـر پێویسـتن بـۆ بەرپەرچدانـەوەی ئەم سیاسـەتە.

٤. ئەگـەر لـە بیـرم بێـت، چۆنیەتـی بیرکردنـەوەی کـورد لەسـەر ئـەم بابەتـە [واتـە بابەتـی نـەوت] بـە پەیامنێـری ڕادیـۆی بەرلینـی ڕۆژئـاوا ‹هاوپتمـەن (Haumtmann) لـە تـاران لـە چاوپێکەوتنێکـدا کـە سـاڤاک بـۆ ئـەم پەیامنێـرە و ئیبراهیـم ئەحمـەد ڕێکیخسـتبوو، خراوەتـەڕوو. لـەم چاوپێکەوتنـەدا ئیبراهیـم ئەحمـەد ئامـاژەی بەوەدابـوو، ئەگـەر بێـت و شـەڕەکە وەک هـی سـاڵی ١٩٦٦ بێـت ئـەو کات کـورد ناچـار دەبـن پاشەکەشـە بکـەن و شـەڕ بـۆ بەشـەکانیتری وڵات بگوازنـەوە. ئـەم جـۆرە بۆچوونـە لەلایـەن کەسـێکەوە دەربـڕدراوە کـە یەکێکـە لـە توندڕەوتریـن لایەنگرانـی باڵـی وشـک [چەپـی نـاو پارتـی] دژی سـوپا، ئـەم بۆچوونـە بـەو مانایـە دێـت، ئێمـە لـە سـاڵی ١٩٦٥دا، تـا ڕادەیەکـی زۆر پارێزراویـن [لـە هێرشـی کـورد بۆسـەر پاڵاوگـە نەوتییـەکان]. پێـش دەسـتپێکردنی هەڵمەتـی سـەربازیی لـە سـاڵی ١٩٦٦، زۆر شـت هەیـە ئەگـەری ڕوودانـی لـە عێـراق زۆرە.

٥. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیە بە هەمـان ناونیشـانەکانی خۆتـان دەنێرم. هەروەها خۆشـحاڵ دەبـم، ئەگـەر واشـنتن کۆپییـەك لـەو وتـارەی تایبەتـە بـە کوردسـتان و لـە ‹Life› بڵاوبووەتـەوە بـۆم بنێرێـت، چونکـە لێـرە لـە [بەغـدا] ئـەم وتـارە سانسـۆر کـراوە.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Branr, Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، لەندەن، S.W. 1

نهێنی

(10114/135/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

١٢ی ئۆگۆست ١٩٦٥

**کوردستان**

١. لە ١٢ی ئۆگۆستدا، زۆربەی هەرە زۆری چاپەمەنییەکانی عێراق، کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانەی هەڵمەتی هێرشکردنە سەر کوردستان و دەستگرتن بەسەر بڕێکی زۆری چەک و تەقەمەنی وڵاتانی بیانی، کە حکومەت لە ڕووی تەوازوعەوە ناوی ئەم وڵاتانە ئاشکرا ناکات، ڕاگەیاند. چاپەمەنییەکان بە بەرفروانی ئاماژەیان بەوەدا، چەکەکان بە قاچاغ لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ ناو خاکی عێراق هێنراون.

٢. من نازانم هۆکاری بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاگەیاندنە چییە کە ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ خەڵک لە نەزانیدا بهێڵێتەوە. لەوانەشە ئەم ڕاگەیاندنە بەو هۆیەوە بێت، سوپا لە پێنجوێن نزیک بووەتەوە و ئەم نزیکبوونەوەیەش، واتە تەواو بوونی قۆناغێک لە ئۆپەراسیۆنەکە (کە دەکرێت ئەمەش ڕاست بێت)، بەڵام سوپا لە ناوچەکانی سلێمانی، پێنجوێن، قەرەداغ و ناوچەکانیتری باکووری کوردستانی عێراق نەیتوانیوە توانای کورد لە شەڕەکاندا تێکبشکێنێت. گواستنەوەی بەتالیۆنێک لە بەسرا بۆ هەولێر، نیشاندەری ئەوەیە سوپا بەنیازە دەست بە ئۆپەراسیۆنێک بکات لە میحوەری ڕواندزدا.

٣. لە بەغدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەتەوە لێکۆڵینەوە لەسەر گەندەڵ فەیسەڵ ئەلئەنارسی، فەرماندەی کەرتی ٢، ئەنجام دەدرێت. فەیسەڵ ئەو کەسە بوو لەگەڵ فەرماندەیی گشتی، سوپاسالار عەبدولرەحمان عارف، تووشی دەمەقاڵێ ببوو (پەرەگرافی ١ لە نامەکەم بە ژێدەری (٦٥/١٢٦/١٠١١٤) لە ٩ی جولای).

ئـەم جـۆرە لێکۆڵینەوەیـە [لـە نـاو سـوپادا] شـتێکی بـاوە. شـێوازی ئاسـایی ئـەم گەندەڵییـە سـاختەکردنی نـاوی کەسـێکە لـە نـاو هێـزی سـوارەی سـەلاحەدین و وەلیـد، بەمجـۆرەش مووچـە و بەخشیشـی ئـەم کەسـە لـە نێـوان سـەرۆک خێڵەکـەی و فەرمانـدەی پەیوەندیـدار، دابـەش دەکرێـت. دەگوترێـت ئەنجامدانـی ئـەم کارەش تـا ڕادەیەکـی زۆر گرێـدراوە بـە مەیلـی ئەفسـەرە پلەبـاڵاکان بـۆ ئەنجامدانـی کەمپیـن لـە دژی کـورد [تـا لـەم ڕێگەیـەوە گەندەڵـی بکـەن].

٤. مـن کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن (Residency and Agency)، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـڕس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

٥. تێبینـی: لـە دوای نووسـینی ئـەم نامەیـە، هەندێـك لـە چەکـە دەستبەسـەرداگیراوەکە، نیشـانی پاشـکۆی سـەربازی ئێمـە دراوە. ئـەم چەکانـەش پارچـە چەکـی قـوڕس بـوون کـە پارچەپارچـە کرابـوون، بـۆ نموونـە قۆنداغـی هاوەنـی ٢ ئینچـی، نارنجۆکـی ئاگـری، و هەندێـك پارچـە مووشـەکی دژە تانـک.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S, W, 1

نهێنی

(1821/65)

تەلەگرام

لەلایەن: نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ: تاران

گەیشتوو: کاتژمێر ١٧٣٠، ١٢ی ٨

ژمارە: ١٢٧٣ لە ١٢ی ئۆگۆست ١٩٦٥

ئەمەی خوارەوە لە بەغداوە هاتووە و ئاڕاستەکراوە بە تەلەگرامی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بە ژمارە ٦٤٥ لە ١١ی ئۆگۆست. بۆ زانیاری ناردن بۆ تاران، قاهیرە، ئەنقەرە و ئەرشیفی واشنتن، نێردراوە.

تەلەگرامی خێرای پێشووم.

١. ئەم سیاسەتەی [حکومەتی عێراق گرتوویەتەبەر]، سیاسەتێکی بێمانایە (nonsense) «کە هەواڵی شکستی چەتەکان لە بەشی باکووری عێراق، بڵاو دەکاتەوە» (Baghdad News). ئەم هەواڵە لە گشت ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆدا بڵاوبووەتەوە.

٢. بێگومان، خەڵەف هەوڵ دەدات هەستی من بوروژێنێت، بەوەی هیچ ئومێدی بەوە نییە، هەڵمەتە سەربازییەکانی حکومەت لە دوای دوو مانگ و نیو بەردەوامیدان بە شەڕ، هیچ سەرکەوتنێک دەستەبەر بکات.

٣. بابەتی چاپەمەنییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، یاغیبووە شکستخواردووەکان «چەک و تەقەمەنی دەستکردی دەرەکیان بەجێهێشتووە کە ئەمەش سەلمێنەری هەبوونی پەیوەندی لە نێوان ئەوان و ئیمپریالیزم و بەکرێگراوەکانیدایە»، ئەم چەکانە بە قاچاغ و لە ڕێگەی یەکێک لە وڵاتانی دراوسێ کە ئێمە پەیوەندی مێژوویی و ئایینیمان لەگەڵدا هەیە، هێنراونەتە [کوردستان]». بەهەرحاڵ وا دەردەکەوێت، عێراقییەکان نەیانەوێت زۆر پێداگری لەسەر نیشاندانی چەکی بیانی بکەن [بۆ ڕای گشتی]. هەر جۆرە وێنەیەک کە بڕێکی زۆری چەک نیشان بدات، دەبێتە هۆی

ئـەوەی خەڵـک بیـر بکەنـەوە کـورد چـەک و تەقەمەنـی زۆریـان هەبـووە؛ هەروەهـا خەڵــک زۆر بــە ئاســانی ئــەو چەکانــە دەناســنەوە کــە کــورد لــە ســوپای عێــراق بەدەسـتیان کەوتـووە. هەروەهـا لەوانەیـە حکومـەت دوودڵ بێـت لـە خسـتنەڕووی ئـەو گریمانەیـەی وڵاتـە بەهێـزە دەرەکییـەکان بـە ڕاسـتەوخۆ پشـتیوانی کـورد دەکـەن.

٤. لـەوەش جیدیـتر و مەترسـیدارتر بـۆ حکومـەت، پەنابردنـە بـەر ڕێـکاری ڕاوەدونـان بـە تەڕدەسـتی. لەوانەیـە گرتنەبـەری ئـەم ڕێـکارە بـۆ ترسـاندنی ئێمـە بێـت، بـەڵام بـە بـڕوای مـن شـتێک لـە قسـەکانی خەڵەفـدا هەیـە بـەوەی لـە ناوەندەکانـی سـەربازیی و لـە ڕژێمـی سـەربازیدا بەرپەرچدانەوەیەکـی تونـد هەبـوو لەبەرانبـەر [پەنابردنـە بەر ڕێـکاری بەدواداچوونـی گـەرم] کـە ئەمـەش ڕێگـرە لەبـەردەم حکومـەت و فەرمانبـەرە مەدەنیـەکان، ئـەم ڕێـکارە سـنووردار بکـەن.

نووسینگەی کاروباری دەرەوە تکایە تەلەگرامەکەم بە ژمارە ٥٩، بۆ تاران بنێرن.

نهێنی

(1821/65)

تەلەگرام

لەلایەن: نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ: تاران

گەیشتوو: کاتژمێر ۰۸۲۵، ۱۳ی ۸

ژمارە: ۱۲۸۱ لە ۱۲ی ئۆگۆست ۱۹٦٥

ئەمـەی خـوارەوە لـە بەغـداوە هاتـووە و ئاڕاسـتەکراوە بـۆ تەلەگرامـی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە بـە ژمـارە ٦٥١ لـە ۱۲ی ئۆگۆسـت. بـۆ زانیاریـدان بـۆ تـاران، قاهیـرە، ئەنقـەرە و ئەرشـیفی واشـنتن، نێـردراوە. تەلەگرامەکـەم بـە ژمـارە ٦٤٤: کێشـەی کـورد

١. مـن لەگـەڵ بەرپرسـی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان [لـە دۆسـیەی عێـراق] لەسـەر ئـەم هەڵسـوکەوتەی [حکومەتـی عێـراق] قسـەم کـرد، هەمـان چیـرۆک [لەلایـەن خەلـەف] بـۆ ئەویـش باسـکراوە؛ ئەمـەش تـا ڕادەیـەک بۆچوونـی هاوشـێوەی بۆچوونـی ئێمـەی بـۆ ئـەو دروسـت کـردووە.

٢. واشـنتون وەڵامـی بەرپرسـەکەی خـۆی داوەتـەوە بـەوەی بـە [خەلـەف] بڵێـت، لـە ڕووی لۆژیکـەوە ناکرێـت ئـەم داواکارییـە پشـتگوێ بخرێـت؛ هـەر بۆیـەش لـە تـاران ڕێـکاری پێویسـت دەگرێتەبـەر.

٣. بەرپرسـی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان بـە خەلەفـی گوتـووە، لـە سـەڵاحیەتی تـەواوی ئـەودا نییـە، بەدواداچـوون بـۆ ئـەم گلەییـە بـکات. لـەم هەلومەرجـەدا بـە بـڕوای مـن کارێکـی بـاش و بەسـوودە، ئەگـەر مـن بـە جۆرێـک وەڵامـی خەلـەف بدەمـەوە.

٤. بـۆ ئاگاداریتـان، ئەمـڕۆ بەیانـی بەرپرسـی پاشـکۆی سـەربازیی بانگێشـتکراوە، تـا سـەردانی بەڕێوەبـەری هەواڵگریـی سـەربازیی بـکات، تـا قسـە لەسـەر هەمـان بابـەت بکـەن کـە خەلـەف قسـەی لەسـەر کـردووە؛ واتـە لەسـەر بابەتـی، موشـەکی دژی تانـک، نارنجـۆک و گولـە هـاوەن، کـە گشـتیان لـە بەریتانیـا بەرهـەم هاتـوون و

فـرۆشراون (پاشـکۆی سـەربازی بـاسی لـە ژمارەیەکـی زۆری ئـەم چەکانـە کـردووە). بەڕێوەبـەری هەواڵگریـی سـەربازیی گوتوویەتـی، دەزانێـت ئـەم چەکانـە بە ڕاسـتەوخۆ بـە کـورد نـەدراون، بـەڵام داوای لـە پاشـکۆی سـەربازیی کـردووە لەگـەڵ ئێرانییـەکان «بـە یارمەتـی وەرگرتـن لـە سـەرچاوەکانی سـەنتۆ» لێکۆڵینـەوە لـەم بـارەوە بـکات.

٥. تکایە کۆپییەك لەم نامەیە بۆ سوپای ‹M. O. D› بنێرن.

تکایـە نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە ئـەم تەلەگرامـە بـۆ ئەنقـەرە بـە ژمـارەی ١ و بـۆ تـاران بـە ژمـارە ٦٠ بنێـرن.

نهێنی

(1821/65)

تەلەگرام

لەلایەن: نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ: تاران

گەیشتوو: کاتژمێر ١٦٣٨، ١٣ی ٨

ژمارە: ١٢٨٩ لە ١٣ی ئۆگۆست ١٩٦٥

**خێرا**

ئاڕاستەکراوە بۆ بەغدا تەلەگرامی ژمارە ١٠٧٢ لە ١٣ی ئۆگۆست. بۆ زانیاریدان بۆ تاران، قاهیرە، ئەنقەرە و ئەرشیفی واشنتن، نێردراوە.

تەلەگرامەکەتان بە ژمارە ٦٤٤ و ٦٥١: کێشەی کورد.

١. ئێوە زۆر بە باشی قسەتان کردووە.

٢. دەتوانن بە خەلەف بڵێن، من ئەو کاتەی ناجی تاڵب لێرە بووە [واتە لە بەریتانیا] (نامەی نووسینگەی کاروباری دەرەوە بە ژمارە ٣ لە ٤ی جانیوەری) دڵنیام کردەوە، حکومەتی خاونشکۆ بە هیچ شێوەیەک پارەی نەداوەتە کورد. هەروەها بە پێی زانیارییەکانی ئێمە، لە سەرچاوە تایبەتییەکانی شانشینی یەکگرتووش هیچ پارەیەک بە کورد نەدراوە. بەهەمان شێوە هیچ جۆرە چەکێکیش بۆ کورد دابین نەکراوە. بە بڕوای ئێمە کێشەی کورد پرسێکی ناوخۆیی عێراقە و ئێمە بە هیچ شێوەیەک دەستێوەرنادەینە ئەم پرسە. سیاسەتی ئێمە بە بەردەوامی بۆ حکومەتی عێراق دووپات کراوەتەوە و من لە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە دڵنیاتان دەکەمەوە.

٣. دەتوانن [بە خەلەف] بڵێن، خۆشحاڵ دەبین وردەکاری ئەم چەکانە بزانین، بۆ نموونە ژمارەی چەکەکان و ڕێکەوتی بەرهەمهێنانیان، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەین. هەروەک ئێوە ئاماژەتان پێداوە، ئێمە بە توندی ئەم تۆمەتەی عێراق ڕەت دەکەینەوە کە بە ئاشکرا بە خەڵکی ڕاگەیاندووە، ئێمە چەکمان بە

کـورد داوە. لەلایـەن خۆمانـەوە پابەنـدی بابەتـی ‹تۆمەتبارکردنـی ئاشـکراین› [واتـە خۆمـان لـە بەخشـینەوەی ئـەم جـۆرە تۆمەتانـە دوور دەگریـن]. ئـەم جـۆرە تۆمـەت بەخشـینەوەیە دەبێتـە هـۆی تێکدانـی پەیوەندییەکانـی ئەنگلۆ-عێراقـی.

٤. سـەبارەت بـە لایەنـی ئێرانـی، ئێـوە دەتوانـن بڵێـن، بـە بـێ ئـەوەی سـەڵاحیەتی بەدواداچوونـی ئـەم گلەییەتـان هەبـێ [واتـە بەریتانیـا داوا لـە ئێـران بـکات، تـا پاڵپشـتی لـە کـوردی عێـراق نـەکات]، ئێمـە تەنیـا دەتوانیـن داواکاری حکومەتـی عێـراق بخەینـە بـەردەم حکومەتـی ئێـران.

نهێنی

(1821/65)

تەلەگرام

لەلایەن: نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ: تاران

گەیشتوو: کاتژمێر ١٥٤٠، ١٣ی ٨

ژمارە: ١٢٩٠ لە ١٣ی ئۆگۆست ١٩٦٥

**خێرا**

ئاڕاستەکراوە بۆ تاران، تەلەگرامی ژمارە ١٢٩٠ لە ١٣ی ئۆگۆست. بۆ زانیاریدان بۆ تاران، قاهیرە، ئەنقەرە و ئەرشیفی واشنتن، نێردراوە.

تەلەگرامەکەم بە ژمارە ١٠٧٢ بۆ بەغدا: کێشەی کورد.

١. تکایە لە هەر ئاستێک کە ئێوە بە باشی دەزانن، داوکاریی حکومەتی عێراق [سەبارەت بە پاڵپشتی نەکردنی کورد] و وەڵامی ئێمە بۆ ئەم داواکارییە، کە لە تەلەگرامەکەمدا ئاماژەم پێداوە، بیخەنە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئێران.

٢. باڵیۆزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لێرە [واتە لە تاران]، ڕێنماییەکانی وزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکای بۆ بەپرسی (Charge d'Affairse) ویلایەتە یەکگرتووەکان، لە تاران، بە ئێمەی نیشاندا، گلەیی حکومەتی عێراق [لەبارەی چەکەکان] پشتڕاست دەکاتەوە و داوای لەم بەرپرسە کردووە، داوا لە حکومەتی ئێران بکات، ئاگاداری سیاسەتی خۆیان بن لەبەرانبەر کورد. ئێمە نامانەوێت لەمە زۆرتر دەست لەم بابەتە وەربدەین. بە بڕوای ئێمە ئەم کارە دەبێتە هۆی ڕەنجاندنی ئێرانییەکان، بەبێ ئەوەی کاریگەری بخاتە سەر سیاسەتی ئێران، یان ئەم کارەی ئێمە ببێتە هۆی هێنانەدی نیەت پاکی عێراقییەکان. کەواتە، بەبێ نیشاندانی ئەوەی ئێمە پشتڕاستی پاڵپشتی ئێرانییەکان لە کوردە [ڕاپەڕیوەکانی عێراق] دەکەین، ئێوە دەتوانن بە عێراقیەکان بڵێن، بە خستنەڕووی داواکاریتان بۆ بەردەم حکومەتی ئێران، تەنیا ڕۆڵی پۆستە دەبینن.

نهێنی

(1821/65)

تەلەگرام

لەلایەن: نووسینگەی کاروباری دەرەوە بۆ: تاران

گەیشتوو: کاتژمێر ١١.٣٦ خولەک

ژمارە: ١٣٢٢ لە ١٨ی ئۆگۆست ١٩٦٥

ئاڕاستەکراوە بۆ بەغدا تەلەگرامی ژمارە ١٠٩٤ لە ١٨ی ئۆگۆست. هەروەها بۆ زانیاریی زیاتر بۆ تاران، قاهیرە، ئەنقەرە و ئەرشیفی واشنتن، نێردراوە.

تەلەگرامەکەم بە ژمارە ١٠٧٢: کێشەی کورد.

١. باڵیۆزی عێراق لە ١٨ی ئۆگۆست پەیوەندی بە مستەر تامسۆن (Mr. Thamson) ەوە کردووە، تا داواکارییەکی هاوشێوەی داواکاری خەلەف، لە مستەر تامسۆن بکات. ئەو گوتی، حکومەتی عێراق بەڵگەی سەلمێنەری لەبەردەستە، ئێران پاڵپشتی سەربازیی پێشکەش بە کورد دەکات. ئاستی ئەم یارمەتییە بەرزبووەتەوە و ژمارەی چەکی دروستکراوی بەریتانی و ئەمریکی بە دەست کوردەوەیە [کە حکومەت دەستی بەسەردا گرتووە، سەلمێنەری ئەم زیاد بوونەیە].

ئێران بە بێ هاوکاریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هاوپەیمانەکانی لە سەنتۆ، ناتوانێت ئەم کارە بکات. حکومەتی عێراق زۆر بە جیددیەوە دەڕوانێتە بارودۆخەکە و لەم بارەوە چاوەڕانی مامەڵەی باشتری شانشینی یەکگرتووە و حکومەتی عێراق مافی ئەوەی هەبێت چ ڕێکارێک پێویست بێت [بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەم بابەتە] بگرێتەبەر. حکومەتی عێراق لەم بارەوە داوای لە ئێمە کردووە دەسترۆیی خۆمان لەسەر حکومەتی ئێران بەکار بهێنین.

٢. مستەر تامسۆن هەڵوێستی شانشینی یەکگرتووی سەبارەت بە پرسی کورد دووپات کردووەتەوە. بە هیچ شێوەیەک شانشینی یەکگرتوو دەستوەرناداتە ئەو

ڕووداوانـەی لـە کوردسـتان ڕوو دەدەن. چەکـی دروسـتکراوی بەریتانیـا لـە هەمـوو شـوێنی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت زۆر زۆرە و دەکرێـت لـە هـەر شـوێنێکەوە ئـەم چەکانـە هاتبێـت [و بەدەسـت کـورد کەوتبێـت]، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە ئـەم چەکانـە لەلایـەن حکومەتـی بەریتانیـاوە بـۆ کـورد دابیـن نەکـراوە. سـەبارەت بـە لایەنـی ئێرانـی، باڵیۆزخانـەی ئێمـە لـە تـاران ئاگادارکراوەتـەوە، بـە بـێ بەدواداچوونـی ورد بـۆ گلەییەکـە (سـکاڵاکە)، داواکاری حکومەتـی عێـراق بخرێتـە بـەردەم حکومەتـی ئێـران.

٣. باڵیـۆز ئامـاژەی بـە بڕیـارە تازەکـەی ئێمـەی [بڕیـاری حکومەتـی بەریتانیـا] کـردووە سـەبارەت بـە هەڵسـپاردنی دابینکردنـی گولـە هاوەنـی ٣١ ئینـچ بـۆ عێـراق، بـە بیانـوی ئـەوەی هێزەکانـی بەریتانیـا پێویسـتیان بـەم گولـە هاوەنانـە هەیـە. هەروەهـا تێبینـی ئەوامـان کـردووە، ئەگەرچـی ماوەیەکـی دوورودرێـژە عێـراق داوای ئـەم چەکـەی کـردووە، بـەڵام ئـەم چەکـە کەوتووەتـە دەسـت کـورد.

٤. مسـتەر تامسـۆن سـەر لەنـوێ دڵنیایـی داوەتـە ئێمـە، هیـچ پەیوەندییـەک لـە نێـوان دابیـن نەکردنـی هەندێـك جـۆری چەکـی سـووک بـۆ عێـراق و دۆخـی کـورد لـە ئـارادا نییـە. ئێمـە ئـەم جـۆرە چەکانـە بـۆ ئێـران دابیـن ناکەیـن. هەروەهـا مسـتەر تامسـۆن داوای وردەکاریـی ئـەو چەکانـەی کـردووە کـە لـە کوردسـتان دەسـتیان بەسـەردا گیراوە، تـا بتوانـن بەدواداچـوون بـۆ ئـەم چەکانـە بکـەن.
(کاری لەپێشینە-نهێنی)

زۆر نهێنی

(1821/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

تاران

١٨ی ئۆگۆست ١٩٦٥

١. لــە پەرەگرافــی ٧ی تەلەگرامەکــەم بــە ژمــارە ٨٧٢ لــە ١٧ی ئۆگۆســت، ئامــاژەم بــەوە کــرد، لــە ڕێگــەی جەنتــای [دیپلۆماســییەوە] ڕاپۆرتێــک دەنێــرم کــە وەزیــری کاروبــاری دەرەوە و وەزیــری کاروبــاری دەرەوە بــە وەکالــەت (Acting Foreign Ministry) ســەبارەت بــە داواکاری ئــەم دواییــەی عێــراق، چیــان بــە هاوکارەکانیــان لــە ســەنتۆ گوتــووە.

٢. لــە کۆبوونــەوەی نێــوان وەزیــری دەرەوەی [بەریتانیــا] و بریــکاری ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا لــەم پرســە ، لــە ١٣ی ئۆگۆســت، وەزیــری دەرەوە ئامــاژەی بــەم خاڵانــەی خــوارەوە کــرد:

ا ئێران یارمەتی کوردی عێراق نادات.

ب لـە گشـت حاڵەتێکـدا، باسـکردن لـە بەکارهێنانـی هەلیکۆپتـەر [لەلایـەن ئێرانـەوە بـۆ یارمەتیدانـی کـورد] بابەتێکـی دووره لـە ڕاسـتی.

ج بەگشـتی سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق بریتییـە لـە تووڕەکردنـی ئێـران. بـۆ نموونـە، لـە چۆنیەتـی مامەڵەکردنـی لەگـەڵ ئـەو ئێرانیانـەی لـە عێراقـن؛ بـە بڵاکردنـەوەی گۆڤارێـک لـە بـەسرا بـە نـاوی ‹کەنـداوی عەرەبـی›؛ لـە ڕێگـەی پیلانگێـڕی لە خوزسـتان و چەندیـن سیاسـەتیتری هاوشـێوە.

د داواکاری عێراق ســەبارەت بە درێژکردنی دەســتی دۆســتایەتی [لەگــەڵ ئێران]، بە بــێ هیــچ کردەیەک تەنیــا قســەیە. وەک ئاشــکرایە، حکومەتی ئێــران ئامادەیە و خوازیارە لەســەر گشــت ئەو کێشــانەی لە نێوان ئــەم دوو وڵاتەدا هەیــە گفتوگۆ

لەگـــەڵ عێراقدا بـــکات، لە کاتێکدا حکومەتـــی عێراق پێداگری لەســـەر ئەوە دەکات، ســـەرەتا تەنیا گفتوگۆ لەســـەر کێشـــەی کورد دەکەن.

٣. لـە کۆبوونـەی پێنـج هێزەکـەی سـەنتۆ لـە ١٦ی ئۆگۆسـتدا، وەزیـری کاروبـاری دەرەوە بـە وەکالـەت زۆر بـە ڕاشـکاوی ڕایگەیانـد، حکومەتـی ئێـران پاڵپشـتی لـە کـوردی عێـراق نـاکات. دوای ئـەم قسـەیە مێرفێندریسـکی (Mirfendereski) بێدەنـگ بـوو تـا بزانێـت کـێ لـەم قسـەیە بەگومانـە.

٤. دواتـر ئـەو [مێرفێندریسـکی] بـەم شـێوەیەی خـوارەوە درێـژەی بـە قسـەکانیدا؛ سیاســەتی فەرمــی حکومەتــی ئێــران بریتییــە لــەوەی یارمەتــی کــوردی عێــراق نــەدات. جێگــەی گاڵتەجارییــە، بــەو جــۆرەی حکومەتــی عێــراق بانگەشــەی بــۆ دەکات بیربکەینــەوە، حکومەتــی ئێــران یارمەتــی کــوردی عێــراق دەدەن و دەســت لــە کاروبــاری ئــەوان وەردەدەن. ئەگــەر بێــت و بــەم جــۆرە بێــت کــە حکومەتــی عێـراق بانگەشـەی بـۆ دەکات، لـە مـاوەی ٢٤ کاتژمێـردا گشـت شـتەکان بـە سـوودی کـورد بـە کۆتـا دێـن. مومکیـن نییـە دەسـەڵاتدارانی ئێـران بتوانـن چاودێـری هـەر بسـتێکی سـنووری دوورودرێـژ، دارسـتان و ناوچـەی شـاخاویی نێـوان عێـراق و ئێـران بکـەن [تـا بـەم جـۆرە ڕێگـر بـن لـە گەیشـتنی چـەک بـۆ کـورد]. حکومەتـی ئێــران ناتوانێــت ١٠٠٪ ئــەم کارە بــکات، تەنانــەت ئەگــەر بێــت و گشــت هێــزە چەکدارەکانــی بــۆ چاودێریکردنــی ئــەم سنوورانە بــەکار بهێنێــت. تەنانــەت خــودی حکومەتــی عێراقیــش ناتوانێــت چاودێــری ســنوورەکانی خــۆی بــکات. هەڵبــەت حکومەتـی ئێـران بنکـەی چاودێـری سـنوورەکانی دامەزرانـدووە و بـە بەردەوامـی چاودێـری ڕێـگاکان دەکات. ئـەو، ئامـاژەی بـەوە کـرد، هیـچ هۆکارێـک نییـە داوا لـە ئێـران بکرێـت کارێکـی دوور لـە توانـای مـرۆڤ ئەنجـام بـدات، لەکاتێکـدا حکومەتـی عێــراق هــاوکاری ئێــران نــاکات و بــە ئاشــکراش دوژمنایەتــی ئێــران دەکات.

٥. ئەگەرچـی مێرفێندریسـکی بـە ڕاشـکاوی ئـەم قسـەیەیە خـوارەوەی نەکـرد، بـەڵام ئـەم هەسـتەی دروسـتکرد، ئـەو چـەک و تفاقـەی دەگاتـە دەسـت کـوردی عێـراق، لـە ڕێگـەی بازرگانـی نهێنـی بـرا کوردەکانیـان لـە ئێرانـەوە، دابیـن دەکرێـت. ئەمـەش

لەوانەیــە هەڵوێســتی فەرمــی سیاســتی ئێــران بێــت- بــەڵام بــە بــڕوای مــن ئێــران هیــچ کاتێــک بــە ڕاشــکاوی ڕاپناگەیێنێــت کــە هیــچ جــۆرە چــەک و تەقەمەنییێــک لــە ســنوورەکانی ئێرانــەوە دەربــازی کوردســتانی ئێــراق بــووە- بــەڵام مێرفێندریســکی گشــت هەوڵــی خــۆی بەکارهێنــا، تــا ئێمــە بــاوەڕ بــەم قســەیە بکەیــن.

٦. مــن کۆپییــەك لــەم نامەیــە بــۆ نووســینگەی پاراســتنی زانیارییــەکان لــە بەغــدا، قاهیــرە، ئەنقــەرە، واشــنتن و بــۆ نووســینگەی کۆمیســیۆنی بــاڵای شانشــینی یەکگرتــوو لــە کاراچــی دەنێــرم.

(C. D. Wiggin)

نهێنی

نووسینگەی کاروباری دەرەوە S. W. 1

٢٠ی ئۆگۆست ١٩٦٥

١. مــن دوو نامەتــان بــۆ دەنێــرم کــە لەلایــەن کــوردەوە بــۆ ســەرۆک وەزیــران نێــردراون. یەکەمیــان لەلایــەن خــودی مەلامســتەفاوە نێــردراوە؛ دووەمیشــیان لەلایــەن شــەفیق ئەحمــەد، ئەندامــی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی کــورد. بــە پێــی سیاســەتەکەمان کــە بــە شــێوەیەکی فەرمــی پەیوەنــدی لەگــەڵ کــورد دانەمەزرێنیــن، ئێمــە وەڵامــی ئــەم دوو نامەیەمــان نەداوەتــەوە. بەهەرحــاڵ، بــە بــڕوای ئێمــە پێویســتە ڕوانگــەی خۆمــان بــۆ کــورد ســەبارەت بــەو پرســیارانەی لــە نامەکانــدا وروژێــنراون، لــە ڕێگــەی پەیوەنــدی نافەرمییــەوە بۆیــان ڕوون بکەینــەوە، ئــەم کارەش دەکرێــت لــە عێــراق یــان لــە لەنــدەن ئەنجــام بدرێــت.

٢. شــەفیق ئەحمــەد کــە لــە ویلایەتــە یەکگرتــووکان بــووە، بۆمــاوەی یــەک هەفتــە لــە ١٢ی ئۆگۆســتەوە، لــە لەنــدەن مایــەوە. ئــەو بــەرەو پاریــس دەڕوات و دواتــر دەچێتــە ئێــران، بــە گوێــرەی قســەکانی خــۆی، شــەفیق ســەرەتای ســێپتەمبەر دەگاتــە ئێــران. لــۆرد برۆکــوەی (Brockway) و پەرلەمانتــار مســتەر ســتانلی ئــۆرم (Mr. Stanley Orme)، پێشــنیازیان کــردووە، دەکــرێ شــەفیق لەلایــەن وەزیــری کاروبــاری دەرەوە پێشــوازی لێبکرێــت. بەهەرحــاڵ ئێمــە دەتوانیــن بزانیــن پێشــنیازەکانی شــەفیق چیــن. مــن لــە ١٨ی ئۆگۆســت شــەفیق ئەحمــەدم لــە هۆتێــل بینــی.

٣. ئــەو باســی لــە پرســە باوەکــەی کــورد کــرد و داوای یارمەتــی لــە بەریتانیــا کــرد. بەهەرحــاڵ شــەفیق ئــاگاداری سیاســەتی ئێمەیــە لەبەرانبــەر کــورد و کاتێــک کــە مــن بــاس لــە هێڵــە گشــتییەکانی ئــەم سیاســتەم دەکــرد، ئــەو تووشــی سەرســوڕمان نەبــوو. شــەفیق کۆپــی ئــەو نامەیــەی کــە لەلایــەن مەلامســتەفا و خــودی ئــەو بــۆ مســتەر ویلســن (Mr. wilson) نــووسراوە بــە منیــدا. مــن ئــەم هەلــەم قۆســتەوە، تــا بــە هــۆی ئــەو هۆکارانــەی دەیانزانیــن، بــۆ شــەفیق ئەحمــەد

ڕوون بکەمەوە، مستەر ویلسن ناتوانێت بە شێوەیەکی فەرمی وەڵامی ئەو نامانە بداتەوە. بەهەرحاڵ، ئێمە خوازیارین پەیوەندی بەردەوامان لەگەڵ دۆستە کوردەکامنان هەبێت و ڕوانگەی خۆمانیان بۆ ڕوون بکەینەوە. من هیوادار بووم، بەم ڕوونکردنەوەیە لە سەر سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا، وەڵامی پرسیارەکانی ناو نامەکان بدەمەوە. گوتی لەم شتە تێدەگات و لەوە تێدەگات، دەبێ پەیوەندییەکامنان نافەرمی بن. ئەو بەردەوامی بە قسەکانیدا و ئاماژەی بەوە کرد، حاڵی حارز، زۆر سەختە کورد بتوانن لە بەغدا پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن، پەیوەندیکردنیش لە لەندەنەوە تێچووی زۆرە. ئایا دەکرێت لە ڕێگەی باڵیۆزی بەریتانیا لە تاران، لە پەیوەندیدا بین؟ گوتم، من هیچ کێشەیەک لەم کارەدا نابینم. ئەم پەیوەندیەش دەبێ نافەرمی بێت و بەهەرحاڵ، وەڵامی تارانیش هەروەك وەڵامی لەندەن و بەغدایە. من باڵیۆزخانەی تاران ئاگادار دەکەمەوە، پێویستە چی بکەن.

٤. بە گشتی شەفیق ئەحمەد لەسەر شەڕی کورد ڕازی بوو بەوەی بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٩٦٤، ئێستا پێگەی ئەوان زۆر بەهێزترە و تەمەنی [شۆڕشی] کورد لە تەمەنی حکومەتی لەرزۆکی ئێستای عێراق درێژترە. ئەو لە وەڵامدانەوەی بڕی ئەو چەکانەی لەبەردەست کوردە، خۆی دزیەوە، بەڵام ئەم هەستەی دروستکرد، ئێستا بە بەراورد لەگەڵ جارانی پێشوو، کورد بە ڕێژەیەکی زۆر باشتر چەک و تەقەمەنی هەیە. گوتی ئەوان ئێستا خاوەن یەک چەکی دژە فڕۆکەن و بەم زووانە دوویتریشیان بەدەست دەگات، بەڵام ئاماژەی پێنەدا ئەم چەکانە لە کوێ دێن. هەروەها چاوەڕوانی گەیشتنی ترانسمیتەرێکی [پەخشی ڕادیۆ]ین. سەبارەت بە ناکۆکی نێوان کورد، شەفیق ئاماژەی بەوەدا، ئێستا جەلال تاڵەبانی گەڕاوەتەوە کوردستان و لەوانەیە دان بە بارودۆخی بەرقەراری نێوان کورددا بنێت، بۆ نموونە ئەوە قبوڵ بکات، مەلامستەفا سەرکردایەتی کورد بکات. تا ئێستا ئیبراهیم لە ئێران ماوەتەوە و [لەگەڵ مەلامستەفا] ڕێکنەکەوتووە.

٥. ئێمــە بــە دەربڕینــی وشــەی خــۆش، خواحافیزیــمان لەیەکــتر کــرد. بــۆ نموونــە، مــن گوتــم هیــوادارم هــەر کات گەڕایــەوە لەنــدەن، بتبینمــەوە.

٦. مــن کۆپییــەك لــەم نامەیــە و هاوپێچەکــەی بــۆ بۆنــار ســکایس (Bonar Skyes) لــە تــاران دەنێــرم و ئــاگاداری دەکەمــەوە، ئەگــەر شــەفیق ئەحمــەد پەیوەنــدی بــە ئــەو یــان هەرکەســێکیتر لــە نووســینگەی پاراســتنی زانیارییەکانــەوە کــرد، گفتوگــۆی لەگەڵــدا بکــەن.

(P. Gradock)

وەرگێڕان

عێراق

جوڵای ١٩٦٥

سڵاو و ڕێز...

ئیمە شەڕەفی ئەوەمان هەیە، بۆ بەڕێزتان باس لە دوایین ڕووداوەکانی تایبەت بە پرسی کورد لە عێراق و ئەو قەیرانە نوێیەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پەیوەست بەم پرسە دروستکراوە، بکەین.

بەڕێزتان لەوانەیە ئاگادار بن، ئێمە لە ١٠ی فێبریوەری ١٩٦٤ شەڕمان ڕاگرت، تا دەرفەت بۆ حکومەتی عێراق بڕەخسێنین، لە ڕێگەی گفتوگۆیەکی ئاشتیخوازانەوە پرسی کورد چارەسەر بکات و وەڵامی داوکارییە نەتەوەییە رەواکانی گەلی کورد بداتەوە، ئەم مافانەش لە بەخشینی مافی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەربڕاز نابێت. ئەم داواکاریەی، کەمترین داواکارییە، نەتەوەیەک لە سەردەمی ئێستادا لە پێناو پاراستنی مافە نەتەوەییەکانی قبوڵی بکات، بەڵام بەداخەوە، حکومەت ڕەتیکردوتەوە وەڵامی هیچ یەک لە داواکارییە نەتەوەییەکانمان بداتەوە، تەنانەت سادەترین داواکاریش. بە پێچەوانەوە، حکومەت ئەو مافانەشی پشتگوێ خست کە لە دەستوری کاتی عێراق لە ساڵی ١٩٥٨دا، دابینکرا بوون. لەبری ئەمەش، حکومەتی عێراق ڕێچکەی دیکتاتۆریەتی سەربازی شۆڤێنیستی گرتەبەر، تا خۆی بەهێز بکات و داواکارە، ئێمە سوپای ڕزگاریخوازی کورد چەک بکەین. لەڕاستیدا ئەمەش بە مانای خۆڕادەستکردنی بێمەرج دێت، ئەمەش بۆ هەر کوردێکی وەفادار کارێکی نەشیاو و قبوڵنەکراوە.

لە مارچی ساڵی ١٩٦٥، حکومەت سەرلەنوێ دەستی بە شەڕێکی ڕاستەقینە کرد لە دژی ئێمە. پتر لە ٨٠٪ سوپای عێراق نێردراوە، تا شەڕی ئێمە بکەن و ئەوان بە تانک و فڕۆکە و بەکارهێنانی ناپاڵم، دەستیان بە بۆمبارانکردنی شار و گوندە ئاشتیخوازەکانی کورد کردووە. وڵاتە جوانەکەمان وێران دەکەن و دانیشتووانە بێ تاوانەکەی دەکوژن.

لــە مارچــی ســاڵی ١٩٦٥ەوە، پێکدادانــی بــەردەوام لــە نێــوان ســوپای عێراقــی هێرشــبەر و ســوپای ڕزگاریخــوازی کــورد لــە ئارادایــە. تەنانــەت ئێمــە دەزانیــن، حکومەتــی عێــراق بڕێکــی زۆری گازی ژەهــراوی کڕیــوە، تــا لــە دژی کــوردە مەدەنییــەکان بــەکاری بهێنێــت و بیانترســێنێت. ئەمــەش بــە پێچەوانــەی پەیماننامــەی جنێــف و یاســای نێودەوڵەتییــە. ســەرەڕای ئەمــەش، بەردەوامــی ئــەم شــەڕە لــە کوردســتان، ئاشــتی و ئاسایشــی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت ڕووبــەڕووی مەترســی دەکاتــەوە، ئەمــەش لەوانەیــە ببێتــە هــۆی مەترســی خســتنە ســەر ئاشــتی جیهــان.

هــەر بۆیــەش، داوا لــە بەڕێزتــان دەکەیــن، پشــتگیریی لــە گەلــی کــوردی زوڵملێکــراو بکــەن و لــەم دۆخــە قەیراناویــەدا دژی فرۆشــتنی چــەک بــن بــە حکومەتــی عێــراق، هەروەهــا دەســتڕۆیی بەرفراوانــی خۆتــان بــەکار بهێنــن و هەوڵەکانتــان بخەنەگــەڕ، تــا ڕێگــری لــە کاری نادادپــەروەر و دڕندانــەی [حکومەتــی ئێــراق] لەبەرانبــەر گەلەکەمــان بکــەن. گــەلی ئێمــە سوپاســی هەوڵەکانتــان دەکات و سوپاســی هــەر جــۆرە یارمەتیدانێکــی مــادی و مەعنەویتــان دەکات.

تکایە ڕێز و پێزانینمان قبوڵ بفەرموون.

واژوو:

مەلامستەفا بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی
سەرکردایەتی شۆڕش، کوردستان-عێراق.

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق.

فەرماندەیی گشتی شۆڕش.

نهێنی

(10114/151/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٦ی ئۆگۆست ١٩٦٥

**کوردستان**

١. شەڕ لە گشت بەرەکانی باکووردا بەردەوامە و کورد سیاسەتی هێرشکردنیان گرتووەتەبەر. ڕێگەی نێوان ئامێدی و موسڵ داخراوە و فەوجی جێگیرکراوی ئامێدی لە ڕێگەی ئاسمانییەوە پێداویستییەکانی دابین دەکرێت. فەوجێکیتر لە گەلی عەلی بەگ خراوەتە ژێر گولەباران و هاون باران کردن و لە دۆخێکی سەختدا گیریان خواردووە و لەلایەن کوردەوە کە لە ڕووی ژمارەوە لە سوپای عێراق کەمترن، گەمارۆدراون.

٢. تا هەنوکە سوپا بڕیاری نەداوە کە ئۆپەراسیۆنی داهاتوویان لە ڕۆژهەڵاتەوە لە ڕانیە بەرەو ڕواندز بەردەوام دەبێت، یان ئۆپەراسیۆنەکە لە قەڵادزی دەبێت یان لە هەردووکیان. لە بەغدا دەنگۆی ئەوە هەیە، بە پێچەوانەی گشت پێشبینییەکان، حکومەت حاڵی حازر، مەبەستیەتی لە وەرزی زستاندا سوپا لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا بهێڵێتەوە. هۆکاری فەرمی ڕاگەیێندراو بۆ ئەم کارە، بریتییە لەوەی حکومەت ناتوانێت تا پێش هاتنی وەرزی زستان شکست بە کورد بهێنێت. بەهەرحاڵ، زۆر کەس ئەم کارە وا لێکدەدەنەوە، حکومەت دەیەوێت سوپا لە بەغدا دووربخاتەوە؛ ئەم بۆچوونەش لە عێراقدا بۆچوونێکی باوە.

٣. بەهەرحاڵ، زۆر سەختە ئەم پلانە جێبەجێ بکرێت. کێشەکە تەنیا سەرما و بەفر نییە. تەنانەت کەمێك هەوراوی بوونی ئاسمان دەبێتە هۆی ئەوەی گەیاندنی پێداویستییەکان بۆ سوپا کارێکی قورس بێت، ئەم کارە لە ڕێگەی جادەکانیشەوە

سەختە ئەنجام بدرێت، چونکە جادەکان بە تەواوەتی [بەهۆی بەفرەوە] دادەخرێن.

٤. بڕی ئاسایی پێویست بوون بە بەشەخۆراک، چەک و تەقەمەنی زۆر بەرز دەبێتەوە. ئەگەر بێت و ئەم پلانە جێبەجێ بکرێت، پێویستی بە داڕێشتنی بەرنامەی لاوەکی زۆرتر هەیە کە دەبێ لە هەفتەکانی دواتردا جێبەجێ بکرێت و سوپاش توانای جێبەجێکردنی ئەم پلان و بەرنامانەی نییە، بەڵام لەوانەیە حکومەت بەم پلانەدا بچێتەوە. ئەنجامدانی هەڵمەتی زستانە، زۆر بە سەختی دەتوانێت وەرەی تێکشکاوی سوپا بەرز بکاتەوە.

٥. من کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S. W. 1

نهێنی

(10114/153/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٦ی ئۆگۆست ١٩٦٥

١. تکایە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئێران و عێراق ئاماژە بە تەلەگرامەکەتان بدەن بە ژمارە ١٠٧٢ لە ١٣ی ئۆگۆست.

٢. من لە ڕۆژی شەممە ١٤ی [ئۆگۆست] چاوم بە جێگری سکرتێری هەمیشەیی کەوت و پێم ڕاگەیاند سەبارەت بە داواکارییەکەی، ئێمە تاران ئاگادار دەکەینەوە. خەلەف زیاتر لەسەر بابەتەکە نەڕۆیشت، بەڵام لەبری ئەمە زۆر بە درێژی باس لە تاوانی ئێرانییەکان کرد. بە تایبەتیش لەسەر ئەوەی چۆن ئێرانییەکان هەمیشە کێشەی بێ بایەخ لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا دروست دەکەن، کەچی عێراقییەکان باس لە کێشەی گرنگی وەک یارمەتیدانی ئێران بۆ کورد دەکەن. هەروەها ئەو توڕە بوو لەوەی، مستەر ئارام تا هەنوکە بە فەرمی سەردانی عێراقی نەکردووە؛ هەروەک ئەوەی چۆن سوبحی، وەزیری دەرەوەی عێراق، دوو یان سێ ساڵ لەمەوبەر سەردانی ئێرانی کردبوو. خەلەف لەم کارە زۆر دڵسارد بوو و گوتی خودی خۆی ‹بە تەواوەتی دەست لەم کارە دەکێشێتەوە› [واتە چیتر داوا لە ئێرانییەکان ناکات]. من تا ئەوپەڕی توانام هاوخەمانە گوێم لە قسەکانی خەلەف گرت و هیچ بۆچوونێکی ‹گلەیی-ئاسا›م [لەسەر ئەم کارانەی ئێران] دەرنەبڕی.

٣. من دوای یەکەم چاوپێکەوتنم لەگەڵ خەلەف ویستم لەگەڵ بەرپرسی (Charge d'Affaires) ئێران لەم بارەوە قسە بکەم، ئەگەر بێت و ئەو وەڵامی پەیوەندییەکەی من بداتەوە، من مەبەستم لە داوای بینینی ئەو، ڕوون دەکەمەوە و وەڵامەکەم لە تاران وەردەگرم. کاتێک چاوەڕوان بووم، خەلەف ببینم، بەرپرسەکەی ئێران هات تا من ببینێت. من سەبارەت بە

داواکارییەکـــەی خەلـــەف قســـەم لەگەڵـــدا کـــرد، هەروەهـــا ئامـــاژەم بـــەوە دا، ناتوانـم بڵێـم ئێرانییـەکان لـەم بـارەوە چ کارێـک دەکـەن، یـان چ کارێـک ناکـەن. هەروەهـا نازانـم هەڵوێسـتی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەبـارەی وروژاندنـی ئـەم پرسـە لەگـەڵ حکومەتێکـی دۆسـت چـی دەبێـت. بـە بەرپرسـی ئێرانـم گـوت، ئێمـە بـە خەلەفـمان گوتـووە داواکارییەکـەی دەخەینـە بـەردەم حکومەتـی تـاران. هەروەهـا ئەگـەر هاتـوو، حەکیمـی (بەرپرسـەکەی ئێـران) ئـەم داواکارییـەی بـۆ لایەنـی پەیوەندیـدار بەرزکـردەوە و ئـەوان وەڵامـی ئێمـە بدەنـەوە، ڕۆڵـی ئێمـە لـەم بـارەوە تەنیـا بریتـی دەبێـت لـە گەیاندنـی پەیامەکـە (تەلەگرامەکەتـان بـە ژمـارە ١٢٩٠ بـۆ تـاران).

٤. سـەبارەت بـە دۆخـی سیاسـی ناوخـۆی [عێـراق] ئێمـە گـوێ بیسـتی دەنگـۆ بـاوەکان دەبیـن بـەوەی، تـا هەنوکـە شـەڕ لـە باکـوور بـە هیـچ ئەنجامێـک نەگەیشـتووە. هەروەهـا حەکیمـی بـە تامەزرۆییـەوە بەرپەرچـی قسـەکانی خەلەفـی دایـەوە. (پەرەگرافـی ٢ی سـەرەوە).

٥. سـەبارەت بـە دابینکردنـی چـەک لەلایـەن ئێرانییەکانـەوە بـۆ کـورد، حەکیمـی پێـی گوتـم، ئـەم یارمەتییـە بریتییـە لـە بڕێـک گولـە لەگـەڵ دەستنووسـێک لـە ڕژێمـی ڕابـردوو و دراوی ئێـران کـە ناوێکـی عەرەبـی و پێشـگری (prefixed) وشـەی عەرەبـی بەیـت (beit) لەسـەر ئـەم دراوەیـە (مـن بـە خەلەفـم گـۆت، ئەگـەر بێـت و ئێمـە پـارە بدەینـە کـورد، دینـاری عێراقیـان دەدەینـێ).

٦. من كۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە تاران دەنێرم.

(D. J. B. Robey)

W. Morris, Esq, C. M. G.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S. W. 1

نهێنی

(10114/158/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢ی سێپتەمبەر ١٩٦٥

١. تکایـە دەتوانـن ئامـاژە بـە نامەکەم (٦٥/١٣٧/١٠١١٤) لە ١٢ی ئۆگۆسـت بدەن سـەبارەت بـە ئەگـەری هێرشـکردن یـان نەکردنی کورد بۆسـەر کۆمپانیـای نەوەتی عێـراق (I. P. C).

٢. مـن کۆپـی یاداشـتێکتان بـۆ ڕەوانـە دەکـەم کـە گوایـە لەلایـەن کۆمیتـەی ناوەنـدی پارتی دیموکراتـی کوردسـتانەوە هاتـووە. لـە نامەکـەدا هەڕەشـەی ئـەوە کـراوە، ئەگـەر بێت و حکومەتـی عێـراق لـە دژی کـورد گاز [ی ژەهراوی] بەکار بهێنێت؛ وەک تۆڵە سـەندنەوە، ئـەوان دەسـت بـە ئەنجامدانـی کـردەوەی تیرۆری سیاسـی، تێکدان و هێرشـکردنە سـەر باڵیۆزخانـەکان دەکـەن. ڕوونـە کـردەوەی تۆڵەسـەندن کۆمپانیای نەوتـی عێراقیش لەخۆ دەگرێـت. مـن هیـچ گومانێکـم لە دروسـتی ئـەم یاداشـتە نییە.

٣. هەڵبــەت بەکارهێنانــی گاز لەلایــەن حکومەتــی عێراقــەوە، کــە لــە پەرەگرافــی ٣ی نامــەی پێشــووم ئامــاژەم پێــدا ‹بەهێزتریــن هانــدەر› [لــە پەنابردنــی کــورد بــۆ ئەنجامدانــی کردەوەکانــی ســەرەوە] پێکدێنێــت. زۆر ســەختە پێشــبینی ئەگــەری ڕوودانــی ئــەم کردەوانــە بکرێــت. هــەروەک پێشــتر ئامــاژەم پێــداوە، (نامەکــەم بــە ژێــدەری (٦٥/١/١٠١١٤) لــە ٢ی جانیــوەری) ئەگــەر بێــت و ڕووداوەکان بــەم شــێوە خراپـە بـەردەوام بـن، عێـراق لەبەکارهێنانـی گازدا گـوێ لـە لۆمـەی مرۆڤایەتـی ناگرێت. ئـەوان لەوانەیـە بیـر لـە بەرزکردنـەوەی ژمـارەی قوربانیـەکان بکەنـەوە و نیگەرانـی ڕای گشـتی جیهـان نەبـن. حاڵـی حـازر، ئـەوان مەیلێکـی زۆریـان بـۆ گازی [کیمیـاوی] هەیـە. ئێمـە لـەو بڕوایەدایـن ئـەوان بڕێـک گازیـان ئەنبـار کـردووە (لەوانەیـە گشـت جـۆرە گازەکانـی کۆنترۆڵکردنـی ئاژاوەنانـەوە بێـت) و لەوانەیـە بـە دوای سـیلەندری (cylinders) ئـەم گازانـەدا بگەڕێـن. خاڵـی سـەرەکی لـەم بـارەوە بریتییـە لـەوەی بـە

پێـی زانیارییەکانـی ئێمـە سـوپای عێـراق ماسـکی هەناسـەدان (respiratosr)ی نییـە، یـان ژمارەیەکـی زۆر کەمـی هەیـە. لـەم دواییانـەدا ئـەوان داوایـان لـە باڵیۆزخانـەی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا لـە بەغـدا کـردووە ٦٠،٠٠٠ دانـە ماسـکی هەناسـەدان بـۆ حکومەتـی عێـراق دابیـن بکـەن. زۆر سـەختە تەنانـەت لـەم جـۆرە بارودۆخـەدا حکومەتـی عێـراق پەنـا بـۆ بەکارهێنانـی گاز بەرێـت.

٤. لـە لایەکیـترەوە، بەڵگـەی زۆر هـەن، کـورد نیگەرانـی ئەگـەری بەکارهێنانـی گازن. ناکرێ لـەم بـارەوە دەزگا هەواڵگرییەکانـی کـورد پشـتگوێ بخرێـن. بـۆ نموونـە، دەزانـم، کـورد دزەیـان کردووەتـە نـاو دوو بەشـی گرنگـی دەزگای هەواڵگریـی عێراقـی و ماوەیەکـی درێـژە سـیخوڕێکی (سـەرچاوە) بەردەوامیـان لـە وەزارەتـی بەرگـری عێراقـدا هەیـە. هەربۆیـەش لەوانەیـە هەندێـك زانیارییـان دەسـتکەوتبێت، ئێمـە ئاگاداریـان نەبیـن. بـە گشـتی بـە پێـی زانیارییەکانـی ئێمـە، تـا ئێسـتا عێـراق بڕێکـی زۆری ماسـکی هەناسـەدانیان بەدسـت نەگەیشـتووە، بۆیـەش پێویسـت نـاکات نیگـەران بیـن. هیـچ شـتێکمان بـە کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق نەگوتـووە. ئێـوە دڵنیـا بن ئێمـە زۆر هۆشـیارین بـۆ بەدەسـتهێنانی هـەر هەواڵێـک لـەم بارەیـەوە.

٥. زۆر نیگەرانـــی ئەگـــەری هێرشـــکردنە ســـەر ئـــەم باڵیۆزخانەیـــە نیـــن. ســـوورییەکان پڕوپاگەندەیەکـــی زۆر توندیـــان لـــە دژی کـــورد بەرپاکـــردووە، هەروەهـــا میسرییـەکان سـەرەڕای قسـە هەنگوینییەکانیـان [بـۆ کـورد]، جێگـەی متمانـە نیـن و لەوانەیـە [هێرشـکردنە سـەر باڵیۆزخانەکانـی ئـەوان] لـە پێـش [هێرشـکردنە سـەر باڵیۆزخانەکـەی] ئێمـە بێـت.

٦. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە و هاوپێچەکـەی بـۆ نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە تـاران، ئەنقـەرە، قاهیـرە و واشـنتن دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/165/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٩ی سێپتەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. بەگشتی، بۆچوونی کورد لە بەغدا ئەوەیە، گۆڕانکاری لە حکومەتی ئێستای عێراق، تا داهاتوویەکی نزیک نابێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕێگەی دانوستاندنەوە. بە پێچەوانەوە بە بڕوای ئەوان حکومەتی نوێ، گشت هەوڵەکانی وەگەڕدەخات، تا خۆڕاگری کورد تێکبشکێنێت. بەهەر حاڵ، لە ئەرزی واقیعدا، دۆخی سوپای عێراق زۆر خراپە و لە توانایدا نییە هیچ کارێک بکات. هەروەها، فەوجێکی پڕچەککراوە لە ناوچەی ‹H3› ئامادەکراوە، تا بەرەوە باکوور جووڵە بکات.

٢. ئەو هێزەی لە ئامێدی گەمارۆ دراوە، لە ڕێگەی ئاسمانەوە ئاویان بۆ دابین دەکرێت و لە ژێر ئاگری [کورددان]. ئەو هێزەی لە دهۆکەوە بۆ ڕزگارکردنیان نێردراوە، تا هەنوکە نەیانتوانیوە لە گەرووێک بە درێژایی هەفت میل [کە دەکەوێتە نێوان دهۆک و ئامێدی] دەرباز بن. بە گوێرەی قسەی کورد، ئەگەر بێت و سوپا تا سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر پاشەکشە نەکات، ڕەوشی ئاو و هەوا دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن بە درێژایی وەرزی زستان پاشەکشە بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دابینکردنی پێداویستییەکانیان ڕووبەڕووی گرفتی جیددی ببێتەوە. لە ناوچەی ڕواندز شەڕ بەردەوامە و تا ئێستا ئۆپەراسیۆنی گرتنی قەڵادزەش درێژەی هەیە.

٣. لە بەغدا دەنگۆی ئەوە هەیە، فەرماندی کەرتی ١ و٢ دەگۆڕدرێن. ئەمەش لەوانەیە بەهۆی ئەو دەمەقاڵێە بێت، یەک دووجار [لە نێوان ئەم فەرماندانە]

و سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان ڕوویدا، بەڵام حاڵی حازر گۆڕینی فەرماندەی دوو لە چالاکترین کەرتەکان لە شەڕی دژی کورد، کارێکی نەگونجاوە؛ چونکە تەنیا پێنج بۆ شەش هەفتە ماوە بۆ ئەگەری ئەنجامدانی هەر هەڵمەتێکیتری سەربازی [لە دژی کورد]. سەرەڕای ئەمەش، بڕیاری پێشوەختە پێویستە بۆ ئەوەی، ئایا هەڵمەتەکان لە وەرزی زستان لە ناوچەکانی وەک پێنجوێن و گوندەکانی دەوروبەری قەڵادزێ بوەستێنرێت یان نا.

٤. من کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S. W. 1

نهێنی

(10114/167/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا- بەغدا

١٦ی سێپتەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. بەراورد بە هەفتەی ڕابردوو، جەنگ لە باکووری عێراق زۆر بە قورستر و بەرفراوانتر بەردەوامە. دوای شەڕێک کە بۆ هەردوو لایەن قوربانی زۆری لێکەوتەوە، حکومەت بانگەشەی ئەوە دەکات، گەیشتووەتە قەڵادزێ. لە ڕابردوودا بانگەشەی لەم جۆرە تا ڕادەیەک بانگەشەیەکی پێنەگەیشتوو بوو، بەڵام لەوانەیە ئەمجارە گوندەکانی [دەوروبەری قەڵادزی] لە دەست ئەواندا بێت. هەروەها وادیارە حکومەتی عێراق بە نیازە ستوونێکی بەهاناوەچوون بەرەو ئامێدی بنێرێت.

٢. یاساناسێکێ عێراقی بۆ من باسی ورەی لاوازی سوپای کرد لە باکوور، ئەویش بە پێی نامەی هاوڕێیەکی کە لە شەڕدایە، بەدەستی گەیشتووە. ئەم لاوازییە گەیشتووەتە ئاستێک، هاوڕێیەکەی و سەربازانیتر هیوادارن یەک گولەی شەڕی داهاتوو بیانکوژێت و کۆتایی بە گشتیان بهێنێت.

٣. لە ڕۆژنامەکاندا ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە، فەرماندەی کەرتەکانی ١، ٤، و ٥ و مستەفا کەمال (فەرماندی فەوجی ٣) بۆ ناوچەیەکیتر گوازراونەتەوە. فەرماندەی کەرتی ٣ بە هاوڕێیەتی عارف چوونەتە کازابلانکا (دەنگۆی ئەوە هەیە، ئەم هاوڕێیەتییە بە هۆی گواستنەوەی ئەم فەرماندەیە بووە)، کەواتە تەنیا فەرماندەی کەرتی ٢ لە شوێنی خۆی ماوەتەوە. ئاشکرایە، هۆکاری ئەم گواستنەوەیەش سیاسییە و پەیوەندی بە بەستێنی کوردەوە نییە. هێشتنەوەی فەرماندەی کەرتی ٢، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت، لە ناوچەکەی ئەودا شەڕێکی قورس لە ئارادایە.

٤. سوپاسالار عەبدولرەحمان، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ‹C. G. S› بە وەکالەت کە دەکاتە برای سەرۆک عارف، فەرماندەیی بارەگاکانی هێزی زەمینی لە ئەستۆ گرتووە؛ بەڵام لەوانەیە ئەم کارە لەلایەن لیوا ‹عەبدولجەبار شەنشێل›ەوە بەڕێوە ببرێت. ئەم گۆڕانکارییە لەوانەیە زۆرتر بە سوودی کورد بێت تا سوپای عێراق.

٥. سەبارەت بە مەبەستەکانی حکومەت، هەواڵی بە پێچەوانەی یەکتر هەن. دەنگۆی ئەوە هەیە، هەندێك وشە لە دەستوری کاتی دەگۆڕدرێن کە پەیوەستن بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورد (لە ڕاستیدا هیچ شتێک ناگۆڕێت)، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ کورد کە حکومەت دەیەوێت دانوستاندن بکات. هەروەها دەنگۆی ئەوە هەیە، هەردوولایەن خوازیاری دانوستاندنن. ئێستا وەزیری ناوخۆ باس لە سیستەمی کارگێڕیی نامەرکەزی دەکات بۆ کورد. لە لایەکیترەوە، جوڵانەوە لە ‹H٣› بەرەو باکوور بەردەوامە. لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا بینراوە، بەشێک لە فەوجی تۆپخانە لە بەغدا دەرباز بوونە و چاوەڕوان دەکرێت، فەوجی پاڵەوانان بەدوایاندا بچێت. تۆنی دەنگی هەردوو براکە (عەبدولسەلام و عەبدولرەحمان عارف) لە لێدوانەکەی قەڵادزێ لە ٩ و ١٠ سێپتەمبەردا، تۆنێکی هەڕەشەئامێز بوو، وادیارە ئەوان حاڵی حازر، وا بیر دەکەنەوە، زۆر بەهێزن.

٦. من کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/169/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٢٣ی سێپتەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. وادیارە کاتی هێرشە پێچەوانەکەی کورد هاتووە و هێرش لە گشت ناوچەکاندا دەستی پێکردووە. ڕاپۆرت هەن لە هێرشەکانی باکووری دهۆکدا چەکی تایبەت بە شاخەکان بەکارهاتووە. بێگومان مەبەستی ئەم هێرشە پچڕاندنی [گەیشتنی یارمەتی] بۆ هێزە گەمارۆدراوەکانە لە ئامێدی. هێرش بۆ سەر هێزەکانی سوپا لە ڕۆژئاوای ڕواندز بەردەوامە. ئێمە لەو بڕوایەداین، سوپا وازی لە ڕواندز هێناوە، چونکە لەم ناوچەیەدا سوپا زۆر بەرچاوە [و دەکرێت بە ئاسانی وەبەر هێرشی کورد بکەوێت].

٢. قەڵادزە لەلایەن کوردەوە وەرگیرایەوە. وادیارە سوپا هەرگیز نەیتوانیوە وەک پێویست دەست بەسەر تەپۆلکەکانی دەوروبەری قەڵادزێدا بگرێت و هەروەها پەیوەندییان لەگەڵ دەوروبەریدا، بەهۆی دەستگرتنی کورد بەسەر دەشتاییەکانی دەروبەری قەڵادزێدا، پچڕاوە کە پێشتر سوپا لەم دەشتاییانە پیشڕەوی کردبوو. وادیارە کورد لەم شەڕەدا بۆ یەکەم جار چەکێک کە لێرە بە هاوەنهاوێژی گەورە ‹large howitzers› ناو دەبردرێت، بەکارهێناوە کە کاریگەرییەکی زۆر نەرێنی لەسەر ورەی سوپای عێراقدا دروستکردووە. دوای هێرشکردنێکی چڕ بۆ سەر سوپایەک کە خووی بەم جۆرە تەقە بێ کۆتاییە نەکردووە، وادیارە کورد لە هێرشەکانیاندا تەنیا تۆپخانەی مەیدانیان بەکار هێناوە. کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن، لەم جەنگەدا یەکەیەکی عێراقیان بە تەواوی لەناوبردووە و لە گورزەکەیاندا نزیکەی ٥٠٠-٧٠٠ سەربازی عێراق کوژراو و برینداربوونە. ژمارەی ئەو کوردانەی لەم جەنگەدا

کوژراون نزیکەی ٧٠ کەسە. بە پێی ژمارەی [کوژراو و برینداره‌کانی] پێشوو، ئەم ژمارەیە ئاماژەیە بە ڕوودانی شەڕێکی زۆر قورس.

٣. ڕاپۆرتەکانیتر باس لەوە دەکەن کە کورد ڕێڕەوی ئەزمەڕیان بەسەر پەیوەندییەکانی [سوپای عێراقدا] پچڕاندووە کە دەکەوێتە نزیک هەڵەبجە (واتە لە نێوان سلێمانی و چوارتا، هەروەها ئەم ڕێگەیە بۆ چوونە پێنجوێن زۆر بەکار دێت). هێزێکی هێرشبەری کورد لە ناوچەی توزخورماتوو، لەڕێگەی نێوان کەرکووک و بەغدا، ناوچەیەکی تەختی دەشتایی و کراوە، دەستیان بەشەڕ کردووە.

٤. دەستنیشانکردنی سوپاسالار (Major General) عەبدولعەزیزی عوقێلی وەک وەزیری بەرگری، نابێتە هۆی گرتنەبەری سیاسەتێکی نەرمتر لەبەرانبەر کورد. ئەو ئەندامی گروپی ئەفسەرانی موسڵە کە هەمیشە بڕوایان بەگرتنەبەری سیاسەتێکی توند هەیە و بە گوێرەی قسەی یەکێک لە ئامۆزاکانی کاتێک هەفتەی ڕابردوو چاوی بە عەبدولعەزیز کەوتووە، گوتویەتی، سوپا لە باکوور زۆر بە باشی ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات.

٥. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەربازکانی پێشوو [کە ماوەی خزمەتی سەربازیان تەواو بووە] لە ناوچەکانی بەغدا بانگێشتکراون. ئێمە ئاگادار نین، ژمارەی ئەو کەسانەی بانگێشتکراون، چەندە؟ بەڵام بۆ گرتنەبەری ئەم ڕێکارە لەم وەرزەدا، زۆر درەنگە. بەرزبوونەوەی ئاوی ڕووباری دیجلە لە بەغدا، ئاماژەیە بەوەی لە باکوور بارانێکی زۆر باریوە.

٦. من کۆپییەک لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

(10114/172/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٣٠ی سێپتەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. شەڕ لە باکوور لە گشت ناوچەکاندا بەردەوامە. دوایین چارسەری حکومەتی عێراق سەبارەت بە کێشەی کورد ئەوەیە، ئەگەر بێت و یارمەتیدانی کورد لەلایەن ئێرانەوە بوەستێت، هەموو شتەکان باش دەبن. لەڕاستیدا، ئەمەش بەو مانایە دێت، بەدەستگرتن بەسەر قەرەداغ، پێنجوێن و قەڵادزێ هیچ شتێک چارەسەر نابێت. سەرەڕای ئەمەش، حکومەتی عێراق گشت هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆی لەسەر ڕێسایەکی عەرەبی باو وەگەڕ خستووە. [بە پێی ئەم ڕێسایە] ئەگەر بێت و بۆ دوژمن دەست لە خەسڵەتی دڕندانەی خۆت هەڵبگریت، ئەو گشت شتێک ئەنجام دەدات کە تۆ داوای لێدەکەیت، تەنانەت ئەگەر لەبەرانبەردا تۆ هیچ شتێک بۆ ئەو نەکەیت. هەربۆیەش عێراق حاڵی حازر، وازی لە گلەیی کردن لە ئێران هێناوە و بەنیازە باڵیۆزە سوونییە [پەسەند نەکراوەکەی لەلایەن ئێرانەوە] بگۆڕێت بە باڵیۆزێکی شیعی پەسەندکراوی [ئێران]. هەروەها حکومەتی عێراق تاڕادەیەک (نەک بە تەواوەتی) سنووردارکردنی هاتوچۆی زەمینی بە بیانوی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆلێرا لە ئێران، کەم کردووە.

٢. سەرۆک وەزیرانی عێراق لە یەکەم لێدوانی جەماوریدا، گلەیی لە بەریتانیا کرد بۆ هەڵوێستە ناچالاکەکەی لەبەرانبەر پشتیوانیکردنی ئێران لە کورد. ئەو، ئەم گلەییکردنەی کاتێک کە بالیۆزی [بەریتانیا] کۆپییەك لە نامەی ئیعتیمادی (letters of credence) بە سەرۆک وەزیران بەخشی، دووبارە کردەوە. هەروەها سەرۆک وەزیران بە ناڕاستەخۆ ئاماژەی بەوەکرد کە گرێدانی ڕێکەوتنامەی کۆمپانیای

نەوتی عێراق [لەگەڵ بەریتانیا] بەندە بە ڕاگرتنی یارمەتی ئێرانییەکان بۆ کورد تا بەم شێوەیە کێشەی کورد چارەسەر بکرێت.

٣. تا ئیستا لێرە [بەغدا]، هیچ ئاماژەیەک سەبارەت بە ملکەچ بوونی ئێرانییەکان بۆ داوکاری حکومەتی عێراق لە ئارادا نییە. تەنانەت هیچ ئاماژەیەک نابینرێت بۆ سازشکردنی حکومەتی عێراق لەگەڵ کورددا. ئەگەرچی سەرۆک وەزیران ڕایگەیاندووە کە خۆی ئامادە دەکات تا لەگەڵ کورد قسە بکات و لەم بارەوە چەند پەیوەندیەک بە کورد کراوە.

٤. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن، S. W. 1

نهێنی

(10114/177/65)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

٧ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. هێرشی پێچەوانەی کورد هەر بەردەوامە. ڕاپۆرتەکان باس لە هەڵگیرسانی شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک دەکەن و دەنگی تەقە لە ناو شاردا بەر گوێ دەکەوێت و ڕۆژانە بەرکەوتوانی جەنگ (کوژراو و بریندار) بۆ هێڵەکانی پشتەوە دەگوازرێنەوە.

٢. ئێمە و باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پیشوازیمان لە شاندێکی سەرکردەکانی کورد لە بەغدا کرد. ئەوان نیگەرانی ئەوە بوون، هەوڵە دیپلۆماسییە هێرشبەرییەکەی حکومەتی عێراق کە لەوانەیە ئێمە ئەم هەولانە بەهێزتر بکەین، ببێتە هۆی ڕاگرتنی یارمەتییە سەربازییەکانی ئێران. باڵیۆزی ئێران لە بەغدا خوازیارە، کورد وەڵامی بانگەشە گاڵتەجاڕییەکانی بەغدا بدەنەوە و لەگەڵیان بگەنە ئاگربەست. ئەگەرێکی کەمە دەستپێشخەری عێراقیەکان، ئەنجامێکی ئەوتۆ دەستەبەر بکات.

٣. بەداخەوە گرێی دەروونیی حکومەتی عێراق بەردەوامە لەوەی تاکە ڕێگەی چارەسەری کێشەی کورد لە وەستانی پشتیوانی ئێران لە کورد دەبینێتەوە. ئەوان بە تەواوەتی چاوپۆشی لەو حەقیقەتە دەکەن، کورد توانیویانە لە ساڵی ١٩٦٣وە تا ساڵی ١٩٦٥ بجەنگن، بەبێ ئەوەی یارمەتییەکی دەرەکی ئەوتۆیان پێ بگات. ئەگەر کورد بخوازن، دەتوانن تەواوی ئەو چەک و تفاقەی پێویستیانە لە [هێزە] نارێکخراوەکانی عێراق و تەنانەت لە خودی سوپای عێراق بکڕن و هەر جۆرێک بێت پێداویستیان بۆ چەک دابین بکەن. بەرەوپێشچوونی توانای شەڕکردنی کورد لەم ساڵەدا بۆ باشتربوونی

تاکتیکەکانیان و دەستگەیشتنیان بە چەکی قورس دەگەڕێتەوە (هەندێك چەکی قورس کە بۆ شەڕی پارتیزانی زۆر گونجاون). چەکی قورس کاریگەریی زۆری لەسەر بەرزکردنەوەی ورەی کورد و دابەزاندنی ورەی سوپای عێراقدا هەبووە.

٤. لەوانەیە یەکێک لە ئەنجامە ناخۆشەکانی هەوڵەکانی عێراق سەبارەت بە ئەفسانەی پشتیوانی ئێران لە کورد، لە داهاتوودا دەربکەوێت. هەروەک چۆن بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا هێرشیان کردە سەر کورد و شکستی سوپایان لە باکوور بۆ ئەوە گەڕاندەوە، ئامانجی سەرەکی قاسم بریتی بوو لەوەی سوپا لە بەغدا دووربخاتەوە، هەربۆیەش لەوانەیە هەندێک لە حکومەتەکانی عێراق لە داهاتوودا هێرش کردنە سەر کورد بگەڕێننەوە بۆ کەمکردنەوەی ترسی ئێران لە عێراقێکی ناسری و بەم جۆرەش پەیوەندیان لەگەڵ کورددا بپچڕێنن.

٥. ئەمڕۆ بەیانی، چاپەمەنیی عێراق ئاگادارکردنەوەی حکومەتی عێراقی بۆ هێزە ناڕێکخراوەکانی کورد بڵاوکردووەتەوە، بەوەی تا ١ی مانگی نۆڤەمبەر چەکەکانیان ڕادەست بکەن. هەروەها دواین مۆڵەت بۆ لێبوردنی گشتی مانگی مەیە. بڕیارە ئەم مەرجانەش بە نامەیەک لەلایەن حکومەتی بەغداوە بە کوڕێکی مەلامستەفا بدرێت، بڕیارە بۆ وەرگرتنی ئەم نامەیە سەردانی بەغدا بکات. بەهەرحاڵ کورد باس لەوە دەکەن، چیتر ئەوان بۆ جاری سێیەم فریو نادرێن بەوەی پێش دانوستاندن ئاگربەست قبوڵ بکەن. ئەوان دەڵێن، تا گەیشتن بە چارەسەری، ئێمە لە شەڕکردن بەردەوام دەبین.

٦. لەم ساڵەدا وەرزی بارینی بەفر و باران زووتر دەستی پێکردووە (تەنانەت لەبەغداش ڕێژەیەکی زۆری باران باریوە). وادیارە کاتێکی زۆر بۆ بەردەوامیدان بەشەڕ نەماوە.

٧. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S. W. I

(EQ 1019/101)

١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٥

بەڕێز جۆن...

١. من وەڵامی نامەکەی بۆنار سکایس (Bonar Skes) بە ژێدەری (٦٥/١٨٢١) لە ١٨ی سێپتەمبەر دەدەمەوە، تێیدا ئاماژە بە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ شەفیق ئەحمەد کردبوو.

٢. ئەم نامەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی بۆنار دێت، واتە کاتێک شەفیقی بینیووە، دروست پێیگوتووە گفتوگۆی من لەگەڵ ئەو لە لەندەن، سەبارەت بە داواکاریی بەردەوامی کورد بۆ پشتیوانیکردنی بەریتانیا لە کورد، ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئێستای حکومەتی بەریتانیایە. ئەگەر جارێکیتر ‹شەفیق›ت بینی، دەتوانی ئەم سیاسەتە دووپات بکەیتەوە. زۆر بە ڕوونی باسی هۆکارە بەرچاوەکانی ئەم سیاسەتەم بۆ شەفیق کرد، هەر بۆیەش دووبارە لە نامەکەمدا باسی ناکەمەوە، هیچ ئاسۆیەک بۆ یارمەتیدانی شانشینی یەکگرتوو بۆ کورد لە ئارادا نییە.

٣. وادیارە کورد لە مانگی ئۆگۆستەوە مەیلی ئەوەیان نەماوە چیتر لێرە [واتە لە لەندەن] پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن. ئەگەرچی باباعەلی، وەزیری پێشوو، ئاماژەی بەوە دا، لەماوەیەکی نزیکدا سەردانی لەندەن دەکات.

٤. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ ستیفن ئیگێرتۆن (Stephen Egerton) لە بەغدا دەنێرم.

خزمەتکاری هەمیشەیتان

(P. Cradock)

J. H. G. Leahy, Esq

تاران

نهێنی

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، S. W. I

٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٥

١. لەوانەیە بتانەوێت ئاگاداری ئەو کۆبوونەوەیە بن کە لە نێوان مۆریس بریجمەن (Maurice Bridgeman) سەرۆکی بریتیش پترۆلیۆم (B. P) و سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ١٨ی ئۆکتۆبەر گرێدرا، سەرۆک وەزیران لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ عێراق، بە لەندەندا تێپەڕی.

٢. بە پێی ئەو شتەی سەرۆکی بریتیش پترۆلیۆم بە ئێمەی گوتووە، بەزاز و وەزیری نەوت لە کابینەکەیدا زۆر ئاگاداری ڕێککەوتنامەکەی کۆمپانیای نەوتی عێراق نین و دەبێت ئەم ڕێککەوتنامەیە بخوێننەوە. پێش هەموو شتێک، بەزاز دەیەوێت پێش ئەوەی بپرژێتە سەر بابەتی پەسەندکردنی ڕێککەوتنامەی [نێوان کۆمپانیای نەوتی عێراق و بەریتانیا]، هەوڵی بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکی عێراق بە سیاسەتی گشتی ئابوری کابینەکەی و بابەتەکانیتر بدات.

٣. هەروەها بەزاز ئاماژەی بەوە داوە، بەنیازە پرسی کورد چارەسەر بکات. ئەو نەیگوت بەریتانیا و ئەمریکا پشتگیریی لە کورد دەکەن، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەریتانیا و ئەمریکا لە پێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندیتر، هەوڵیان نەداوە [لە باری چارەسەری کێشەی کورد] پشتیوانی لەوان بکەن. لە ناوەرۆکی ئەم قسەیەدا دیار بوو، ئەو ئاماژە بە ئێران دەدات. ئەو ئاماژەی بە کۆبوونەوەی ئەم دواییەی کرد لەگەڵ هەر یەک لە سەرۆک وەزیرانی [بەریتانیا] وەزیری کاروباری دەرەوە و وەزیری کاروباری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەو هیچ ئاماژەیەکی بە ناوەرۆکی گفتوگۆکەی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان نەدا. هەروەها ئاماژەی بە دیدارەکەی لەگەڵ مستەر ئارام دا و هیوای خواست جارێکیتر لە بەغدا چاویان بە یەکتر بکەوێتەوە. ئەو پرسیاری کرد، ئایا بریتیش پترۆلیۆم

ناتوانێـت دەسـترۆیی خـۆی بـۆ سـەر حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەسـەر ئـەم بابەتـە [بابەتـی کـورد] بـەکار بهێنـت [بـۆ گوشـار خستنەسـەر ئێـران]. مسـتەر بریجمـەن، لـە وەڵامـدا گوتـی، کۆمپانیاکـەی ئـەو هیـچ دەسـترۆییەکی بەسـەر حکومەتـی خاوەنشـکۆدا سـەبارەت بـە سیاسـەتی دەرەوە نییـە.

٤. مسـتەر بریجمـەن ئامـاژەی بـە ڕەخنـە نابەرپرسـەکانی بەغـدا لەبـارەی ڕێککەوتنەکـە کـرد. لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا گوتـی، بـە تایبەتیـش [لـەم بـارەوە] بیـر لـە هەڵسـوکەوتی ئەدیـب جـادر دەکاتـەوە. بـەزاز ئامـاژەی بـەوەدا واتێـری (Wattari) لـە کاتـی دانوسـتاندانەکاندا هەڵوێسـتێکی نەشـیاوی لەبەرانبـەر هاوڕێکانـی و بۆچوونـی عێراقـی گرتووەتەبـەر. بـەزاز دەزانێـت ئەدیـب جـادر مرۆڤێکـی بـێ سـەروبەرە و هەوڵـی لابردنـی دەدات. مسـتەر بریجمـەن ئامـاژەی بـەوە دا، ئـەو بیـری لـەم هەڵسـوکەوتەی «واتێـری» کردووەتـەوە و پێشـبینی کردبـوو کـە کاریگەریـی خراپـی لێبکەوێتـەوە.

٥. بریتیـش پترۆلیـۆم ئامـاژەی بـەوە دا، ئـەم کۆبوونەوەیـە کۆبوونەوەیەکـی بەسـوود بـووە، چونکـە لـە دوای سـاڵی ١٩٥٩وە ئەمـە یەکەمجـارە سـەرۆکی بریتیـش پترۆلیـم لەگـەڵ سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق کـۆ دەبێتـەوە. ئـەم دوو لایەنـە لـەو بڕوایـەدا نیـن، ئـەم کۆبوونەوەیـە کاریگەریـی خێـرای لێبکەوێتـەوە، بـەڵام ئـەم کۆبوونەوەیـە بووەتـە هـۆی کردنـەوەی دەرگاکانـی پەیوەنـدی بەیەکـترەوە کـردن و بـەزاز سوپاسـی مسـتەر بریجمەنـی کـرد و مسـتەر بریجمەنیـش هیـوای خواسـت بـەزاز هـەر کاتێـک ویسـتی پەیوەنـدی پێـوە بـکات؛ ئەگـەر بێـت و دەسـتێوردانی مسـتەر بریجمـەن [لەنێـوان بریتیـش پترۆلیـۆم و کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق] پێویسـت بـکات.

٦. ئێمـە ئـەم تێبینییەمـان تۆمـار کـرد: تەنانـەت ئەگـەر بێـت و ئـەم کۆبوونەوەیـە هیـچ دەسـتکەوتێکی مـادی سـەبارەت بـە گرێدانـی ڕێککەوتنامەکـەی کۆمپانیـای نەوتـی عێـراق نەبێـت، بـەڵام کردنـەوەی دەرگای پەیوەنـدی سـوودی خـۆی دەبێـت، تەنانـەت ئەگـەر بێـت و بـەزاز بەڵێنەکـەی سـەبارەت بـە وردبینیکـردن لـە ڕێکەوتنامەکـە جێبەجـێ نـەکات. سـەبارەت بـە ئێمـە، شـتێکی بـاش بـوو بـەزاز

لــە کاتــی دەربــاز بوونــی لــە لەنــدەن چــاوی بــە ئــارام کــەوت. هەروەهــا ئێمــە لــە بەشــی [ڕۆژهــەڵات] بیرمــان لــەوە دەکــردەوە، ئایــا دەکرێــت ئــەم دوو لایەنــە پێــک بگەیێنیــن، بــە بــێ ئــەوەی هیــچ زیانێــک بــە پەیوەندییەکانــی ئێمــە لەگــەڵ هــەردوو لایــەن بگەیێنێــت، بــەڵام وادیــارە ئــەم کێشــەیە خۆبەخــۆ چارەســەر بــوو. ئێمــە هیوادداریــن ئــارام وەڵامــی بانگهێشــتەکەی بــەزاز بداتــەوە کــە ســەردانی بەغــدا بــکات، ئەمــەش دەرفەتێــک دەڕەخســێنێت، بەغــدا لەبەرانبــەر ئێــران تــا ڕادەیــەک نەرمــتر بێــت.

٧. مــن کۆپییــەك لــەم نامەیــە بــۆ دێنیــس ڕایــت (Denis Wright) و بــۆ نووســینگەی پاراســتنی زانیارییــەکان لــە واشــنتن دەنێــرم.

(W. Morris)

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/13/65)

٢٢ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. ئەگەرچی ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن پێکدادان لە گشت میحوەرەکاندا بەردەوامە، بەڵام بە گوێری ژمارەی ئەو برینداراتەی لەم دوو بۆ سێ هەفتەی ڕابردوودا بۆ چارەسەر گواستراونەتەوە نەخۆشخانەی کەرکوک، وا دەردەکەوێت، شەڕێکی قورس ڕووی نەدابێت. سوپا لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک، واتە لەنێوان ئەم شارە و ڕووباری دیالە، زۆر بە چڕی سەرقاڵی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی بەرفراوانە. ئۆپەراسیۆنەکە بە مەبەستی دەستگیرکردنی ئەو گروپە کوردییانە دێت کە لە ناوچە نزم و دەشتاییەکانی هێرشیان کردووەتە سەر سوپا و شارەکانی توزخورماتوو و ئاسکی کفری و مەترسی پچڕاندنی هێڵی پەیوەندییەکانی سوپا لە نێوان بەغدا و کەرکوک لە ئارادایە.

٢. بە گوێرەی زانیارییەکان، سوپا پێگەکانی لە چیای سەفین و گوندی قەرەداغ دوای وێرانکردنی سەنگەرەکان و کەرەستەکانیتر، چۆڵکردووە. ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بێت بەو مانایە دێت سوپا بڕیاری داوە، لە ژمارەی ئەو بارەگایانەی لەبەردەستیدان کە لە ئۆپەراسیۆنی هاویندا دەستی بەسەرداگرتوون، کەم بکاتەوە، چونکە ناتوانێت لە وەرزی زستاندا پارێزگاریان لێبکات. ئێمە زانیاریمان بەدەست گەیشتووە، چەندین فەرماندەی کەرتەکان ناڕەزاییان لەبەرانبەر بڕیاری هێشتنەوەی بارەگاکانی لوتکەی چیاکان. بەهەرحاڵ ئەگەر بێت و کورد باڵادەست بن و سوپا لە ناوچە دەشتاییەکاندا تووشی شەڕی زستانە ببێتەوە، ناتوانێت لە هەڵمەتی زستانەدا دەسکەوتێکی ئەوتۆ دەستەبەر بکات، بەڵام لەم دۆخەدا ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی سوپا لەڕادەبەدەر بەرز دەبێتەوە و وەرەی سوپا زۆر دادەبەزێت.

٣. مـن کۆپییـەک لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن (Agency and residency)، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـڕس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/186/65)

٢٩ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. ئۆپەراسیۆنی سوپا لە دژی کورد لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کەرکوک کۆتایی پێهات. بە گوێرەی قسەی کورد لە شەڕ و پێکدادانەکانی قادر کەرەم (٣٠ی میلی باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی) و لە هەڵەبجە (٣٥ میلی باشووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی) سوپا، کوژراو و برینداری زۆریداوە. (هەندێك لە ڕاپۆرتەکان باس لە کوژران و بریندار بوونی ٢٠٠ کەس دەکەن). بەم هۆیەش، کۆلۆنێل نەزیر تەلعەت، یەکێک لە فەرماندەکانی ئەم شەڕە دەستی لەکارکێشایەوە.

٢. لە هەفتەی ڕابردوودا ڕاپۆرتی بەردەوام هەن، لەسەر ئەگەری دەستپێکردنی هێرشی سوپا لە ڕۆژهەڵاتی ڕواندز. سوپاسالار عوقێلی، بریکاری وەزیری بەرگری بە بەرپرسی فینلاندی [لە دۆسێی عێراق] ڕایگەیاندووە کە بەنیازە لە وەرزی زستاندا بەردەوامی بە هەڵمەتی سەربازی لە دژی کورد بدات، بەمجۆرەش کاتێک لە هاوینی ساڵی داهاتوودا هێرشەکانی سوپا لە گشت میحورەکاندا دەست پێدەکاتەوە، کورد ناتوانن خۆیان ڕێکبخەنەوە. پلانی ئەو بریتییە لە گەمارۆدانی کورد لە سنووری نێوان تورکیا و ئێران. ئەم پلانەش بەو مانایە دێت، سوپا یان لە باکوورەوە پێشڕەوی دەکات (وەک هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٦٣) یان لە ڕۆژهەڵاتی ڕواندزەوە، بەڵام حاڵی حازر، سوپا تەنیا کەمێک زۆرتر لە یەک کەرتی سەربازی لەم ناوچەیەدا هەیە.

٣. ئاسان نیە، هەڵسەنگاندن بۆ ڕادەی گرنگبوونی بۆچوونەکانی سوپاسالار عوقێلی بکرێت. لەوانەیە ئەم قسانە دووبارە بکرێنەوە، یان مەبەست لەم قسانە

ترساندنی کورد بێت. بە گوێرەی قسەی ئەندامانیتری حکومەت، حکومەت بە نیازە لە میانی وەرزی زستاندا پارێزگاری لە هەندێك ناوچە شاخاوییەکان بکات و لەوانەشە هەندێك هێرشی سەربازیش ئەنجام بدات. ئەم کارەی حکومەت بە پێچەوانەی ئامۆژگاری زۆربەی ئەفسەری پلە بەرز و کۆنەکانی سوپای دێت؛ بەڵام ژەنەراڵ عقێلی خەڵکی موسڵە (هەر لە کۆنەوە دژی کوردن)، مرۆڤێکی وشک بڕیاری تێکشکاندنی کوردی داوە. بەفر دەستی پێکردووە و خێمەکانی سوپا دڵۆپە دەکەن و هەر لە دەستپێکردنی سەرماوە دابینکردنی سوتەمەنی ڕووبەڕووی گرفت بووەتەوە. ئەگەر بێت و ژەنەراڵ عوقێلی پێداگری لەسەر بڕیارەکەی خۆی بکات، ورەی سوپا دەخاتە مەترسییەوە.

٤. لە میانەی گفتوگۆکەی لە گەڵ بەرپرسی فیللەندادا، ژەنەڕاڵ عوقێلی گوتوویەتی ئەگەرچی ئەنجامدانی ئەم کارە، زۆر سەختە، بەڵام ئۆپەراسیۆنەکانی ئێستا لە دژی کورد زۆر سەرکەوتوو بوونە. بۆنموونە، ئەو ئاماژەی بەوە کردووە لە ئۆپەراسیۆنەکەی ئەم دواییەی نزیک بەعقوبە، سوپا ٥٠ کوردی کوشتووە و تەنیا دوو کەس لە سوپا کوژراون. ئەم ژمارەیەش دوورە لە ڕاستییەوە. فەرماندەکانی عێراق لەم ڕووەوە زۆر بەدناون؛ بەوەی ژمارەی کوژراوانی لایەنی بەرامبەر لە ڕادەبەدەر زۆر دەکەن و هی خۆیان دەگەیەننە کەمترین ئاست، تەنانەت هەندێکجار دەڵێن، هیچ قوربانییەکیان نەداوە. ئەمەش شتێکی مەحاڵە. لەوانەیە هەر شەڕ لەم ناوچەیە ڕووی نەدابێت، چونکە ئەم ناوچەیە دەشتاییە و نزیکەی یەک کاتژمێر لە بەغداوە دوورە و ئەستەمە کورد لەوێ شەڕ بکەن.

٥. بەهۆی ڕادیۆی بی.بی.سی و ڕادیۆی ئیسرائیل هەواڵی گەڕانەوەی شەوکەت ئاکرەیی لە قاهیرە، لە تەواوی بەغدا بڵاو بووەتەوە. ئەم هەواڵە، هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی یاداشتنامەیەک لە نێوان حکومەتی میسر و سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە لە قاهیرە و لە ٢١ی ئۆکتۆبەردا، نیشاندەری هەوڵەکانی ناسرە بۆ ئارامکردنەوەی عارف. ئەم یاداشتنامەیە ئاماژە بە پشتیوانی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو دەدات لە هەوڵەکانی عارف بۆ «پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق»، لێدوانێک کە

بەرەچاوکردنی زمانی سیاسی ئێستای حکومەتی عێراق بە واتای ترساندنی کورد دێت. بەهەرحاڵ ژمارەیەکی کەمی عێراقییەکان لەو بڕوایەدان هێزەکانی میسر لە عێراق لە دژی کورد بەکاربهێنرێن. هەروەها ئەم بەشداریکردنە دەبێتە هۆی بێزاربوون لە سوپای عێراق و سوپای میسر، ئەگەر بێت و میسرییەکان بەشداریی لە شەڕێکی تایبەت بە خودی عێراق بکەن.

٦. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، لەندەن، S. W. 1

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/190/65)

٥ی نۆڤەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. لە ڕواندزەوە هێرشکردنە سەر چیاکان کە لە پەرەگرافی ٢ی نامەکەم لە ٢٩ی ئۆکتۆبەردا ئاماژەم پێکردبوو، نزیکەی یەک هەفتەیە دەستی پێکردووە. بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی بەدەستمان گەیشتوون، هەر لە سەرتاوە و لە شوێنی خۆیدا [لەلایەن کوردەوە] بەرپەرچی یەکەم هێرش دراوەتەوە. هەروەها دووەم هێرش، ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت، لە دوای سێ یان چوار ڕۆژ لە دەستپێکردنی شەڕ، بەرپەرچدراوەتەوە و وەستێنراوە.

٢. لە چەند ناوچەییەکی باکووری کوردستان لە نێوان ئامێدی و زاخۆ شەڕ ڕوویداوە. سوپا بەنیاز بوو ئەم ناوچانە لە پارتیزانانی کورد پاک بکات.

٣. کۆلۆنێل نزار تەڵعەت، کە لە پەرەگرافی ١ی نامەی پێشووم ئاماژەم پێدا، لەڕاستیدا، ناوی کۆلۆنێل ‹نزار تاڵب›ە ئێمە زانیاریمان لەبەر دەست نییە، ئەو فەرماندەی کام بەشە.

٤. حاڵی حازر، حکومەتی عێراق دەستی بە ئەنجامدانی پڕوپاگەندە کردووە بەوەی تا چ ئاستێک داخستنی سنوورەکانی ئێران بەسەر گشت جۆرە یارمەتیەک بۆ کورد، کاریگەری لەسەر ئەم شەڕە دروستکردووە. بۆ تۆخکردنی ئەم پڕوپاگەندەیە، کە لە ڕاستیدا دوورە لە ڕاستییەوە، سەرۆک وەزیرانی عێراق و وەزیری بەرگری ڕایانگەیاندووە، نامەیەکیان بۆ باڵیۆزی ئێران لە بەغدا ناردووە و لە گفتوگۆیەکی دۆستانەدا لەگەڵ باڵیۆز، گەیشتوونەتە ڕێککەوتن. لەوانەیە عێراقییەکان لە

هەماهەنگی ئێران دڵسارد بوونەوەتەوە، بەم پڕوپاگەندەیە قەناعەت بە خۆیان بهێنن، بەڵام ئەمە کارێکی نەزانانەیە و ناکرێت تا کاتێکی درێژ بەم جۆرە قسانە خەڵک فریو بدرێت و کورد بترسێنرێن و ورەی سوپا بەرز بکرێتەوە.

٥. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/195/65)

١٢ی نۆڤەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. شەڕ لە گشت بەرەکاندا بەردەوامە و هەردوو لایەن هەوڵەکانیان چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی سوود لەو ماوە کەمەی [وەرزی پاییز] وەربگرن، پێش ئەوەی وەرزی زستان دەست پێبکات. وادیارە کورد وازیان لە هەندێك تەکتیکی پارتیزانی هێناوە و دەستیان بە هێرشکردنە سەر سوپا کردووە. هیچ هەواڵێک لەسەر پێشڕەویی زۆرتری سوپا لە بەرەی ڕواندز بوونی نییە، وادیارە سوپا شکستی هێناوە. هەواڵەکانی بەغدا سەبارەت بە ژمارەی کوژرا و بریندارەکانی شەڕی پێنجوێن جیاوازن. پردەکەی بەشی ڕۆژئاوای شاری پێنجوێن تەقینراوەتەوە و بەم جۆرەش هاتوچۆی ئۆتۆمۆبێل پچڕاوە. بە پێی هەواڵێک هێزی پەڕەشوتی بارەگای پێنجوێن بە بێ فەرمان پێکردن، دابەزیون. هەواڵێکیتر بریتییە لەوەی هێزی پەڕەشوتەکە تێکشکێنراون. گشت ئەم هەواڵانە بەو مانایە دێن، لەم ناوچەیە شتێک ڕوویداوە.

٢. من ڕاپۆرتێکی دەستی دووم لە فەرماندەیەکی سەر بە بەتالیۆنی بەشدار بوو لە شەڕی ئەم دواییەی چیای بێخێر (Bikhayr) بە دەست گەیشتووە. ئەم ڕاپۆرتە ئەو شتە پشتڕاست دەکاتەوە کە [لە ناوی سوپای عێراق] لە کوردستان باوە. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە، فەرمان بە بەتالیۆنێک کراوە دەست بەسەر ناوچەیەکی زنجیرە چیای بێخێردا بگرن؛ سوپاش جووڵەی کردووە، تا فەرمانەکە جێبەجێ بکات. بە گەیشتنی بەتالیۆنەکە بۆ داوێنی چیا، تۆپخانە دەستی بە بۆردمانکردنی ناوچەکە کردووە. بەتالیۆنەکە هەوڵی نەداوە بەرزاییەکانی چیاکە بگرێت، کەچی پەیامی سەرکەوتنیان بۆ بارەگاکەیان

ناردووە و ئاماژەی بە ژمارەی قوربانیانی کورد لە شەڕەکەدا کردووە. بە هۆی ئەم سەرکەوتنە مۆڵەت بە چەندین ئەفسەری سوپاکە دراوە [کە بۆ پشوودان بگەڕێنەوە ماڵەکانیان]. شتێکی سەیرە مۆڵەت بەم ئەفسەرانە دراوە، لە کاتێکدا یەکەکانیان سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەرکەکانیانن، بەڵام ئەم شتە لە ناو سوپای عێراقدا زۆر باوە. ئەم مۆڵەتە بە پلەدارەکانیتری بەتالیۆنەکە نەدراوە.

٣. وادیارە کورد دەستیانکردووە بە هەڵمەتی پاکتاوکردنی کوردی لایەنگری حکومەت. لە بەغدا، شاهین تاڵەبانی، بەڕێوەبەری بەشی کوردی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا، لە ماڵەکەیدا لەلایەن چەند کوردێکەوە کوژراوە. دوو لایەنگری حکومەت لە کەرکوک و دوویتریش لە موسڵ کوژران. لە هەڵمەتێکی ڕفاندنی سێ کەس لە دەستەی ئەندازیارانی بەلجیکی کە لەسەر پڕۆژەی دابەشکردنی کارەبا لە نزیک کەرکوک کار دەکەن پاسەوانەکانیان تەقەیان لە کورد کردووە؛ لە ئەنجامدا یەکێک لە ئەندازیارەکان کوژراوە، یەکێکیان بریندار بووە و یەکێکیشیان هەڵاتووە.

٤. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، لەندەن، S. W. 1

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا، بەغدا

(10114/201/65)

١٩ی نۆڤەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. حکومەتی عێراق بەردەوامە لە هەڵمەتە دوور لە ڕاستییەکەی، لەبارەی سەرکەوتن بەسەر کورددا (بڕوانە پەرەگرافی ٤ لە نامەکەم لە ٥ی نۆڤەمبەر). لە ١٥ نۆڤەمبەردا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بەوەکالەت، لێدوانێکیدا، وادیارە ئەم لێدوانە بۆ بیانییەکان و بە تایبەتیش بۆ شاندە دیپلۆماتکارەکان بووە. لێدوانەکە سەرەتا لە ڕۆژنامەی ئینگلیزی زمانی ‹بەغداد نیوز›دا بڵاوکرایەوە و دوای دوو ڕۆژ لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا بڵاوکرایەوە. مەبەست لەم لێدوانە بریتی بوو لەوەی ئەو بەشەی هێزەکانی بارزانی ماونەتەوە، لەلایەن سوپاوە لە دوو ناوچە، لە باکووری ڕانیە و ڕواندز، گەمارۆ دراون. یاغیبووەکان «هەروەك مشکی ترساو بڵاوەیان پێکرا». ئەو گوتی کورد «ڕێژەیەکی زۆری چەکیان لە دوای خۆیان بەجێهێشتووە کە هێمای ئەستێرەی ئیسرائیلیان لەسەر بووە». (ئەگەر بێت و سوپای عێراق بەڕاستی دەستی بەسەر هەر بڕە چەکێکی کورددا گرتبێت، ئەمە دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخان. گشت ئەو پارچە چەکانەی ئەوان توانیویانە بۆ لێکۆڵینەوە بیخەنە بەردەم پەرلەمانتارانی ئێمە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران، بریتییە لە چەند پەرچەیەکی لێکجیاکراوە کە تەقەیان پێکراوە، یان قەوانی تەقەمەنی فڕێدراو بوونە.

٢. هەڵمەتی پڕوپاگەندەی حکومەتی عێراق هاوکات بوو لەگەڵ زنجیرە شکستێکی سوپا لە باکووردا. باپشتیان (Bafestian) واتە ئەو شوێنەی ژەنەڕال عارف، بە شوێنی سەرکەوتنی سوپای عێراقی ناوبرد، یەکێک بووە لەو شوێنانە هەڵمەتی هێرشبەرانەی سوپای عێراق لە ڕواندز تێیدا شکستی هێناوە (لە ڕاپۆرتەکەمدا لە ١٢ نۆڤەمبەر باسم کردبوو). تا هەنوکە هەڵمەتی چیای ‹بێخێر›یش ڕووبەڕووی شکست بووەتەوە. پتر لە دوو فەوج بە پاڵپشتی تانک و تۆپخانە بۆ گرتنی ئەم چیایە بەکارهێنرابوون، کەچی تەنیا توانیویانە یەک لەسەر سێی ئەم چیایە بگرن.

٣. لـە ناوچـەی پێنجویـن، تـا ئێسـتاش دۆخەکـە ناڕوونـە. هەوڵەکانـی ڕزگارکردنـی یەکـەی پەڕەشـوت شکسـتی هێنـاو دیـار نییـە، ئایـا سـوپای عێـراق دەتوانێـت بەردەوامـی بـەم هەڵمەتـە بـدات یـان نـا. لـە بەغـدا بـە گاڵتەجارییـەوە بـاس لـەوە دەکرێـت، ئـەم یەکـەی پەرەشـوتە، بۆیـە بـۆ پێنجویـن نێـرادراوە، چونکـە گومـان لـەوە دەکـرا، هەندێك لـە ئەفسـەرانی ئـەم یەکەیـە پلانـی لـە دەسـەڵات لادانـی سـەرۆک عارفیـان داڕێشـتووە.

٤. دەنگـۆی ئـەوە هەیـە سـوپا ئامـادەکاری دەکات بـۆ نـاردنی هێزێـک بـۆ پێنجوێـن (٢٥ میلـی ڕۆژئـاوای پێنجوێـن). هەروەهـا دەنگـۆی ئەگـەری هێرشـێکیتر لەلایـەن سـوپاوە بـۆ سـەر بەمـۆ لـە ئارادایـە. سـوپا لـە هەڵمەتێکیـتردا بـۆ گرتنـی ئـەم چیایـە شکسـتی خـواردووە، بـە درێژایـی سـنووری ئێـران دەڕوانێتـە سـەر پەیوەندییەکانـی باکـوور-باشـووری ئـەم ناوچەیـە. ئەگـەر بێـت و سـوپا هەڵمەتێکیـتر ئەنجـام بـدات، ئەمـە دەکاتـە نزیکـەی دەیەمیـن هەڵمـەت بـۆ گرتنـی ئـەم چیایـە.

٥. کـورد، کوردێکیـتری لایەنگـری حکومەتیـان تیرۆر کـردووە، ئەندامی بەشـی خزمەتگوزاری ئەمنـی بـووە لـە کەرکوک.

٦. دەنگـۆ لـە بەغـدا هەیـە، سـەرۆک وەزیـران ئامادەیـە لـە سـەر هەندێـك مەرجـی دادپەروەرانـە لەگـەڵ کـورد دانوسـتاندن بـکات. هەندێـك کـەس لـەو بڕوایـەدان ئەمـە خواسـتی عـارف نەبـووە و سـەختە ئـەم دانوسـتاندنە دەسـکەوتی هەبێـت.

٧. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن (Agency and residency)، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـڕس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

C. T. Brant, Esq

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە، لەندەن، S. W. 1

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/204/65)

٣ی دێسەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. تا هەنوکەش شەڕ لە باکوور بە هۆی دەستپێکردنی ڕەوشی کەش و هەوای زستانە نەوەستاوە (کەش و هەوا هێشتا فێنکە). ڕاپۆرتەکان باس لە شەڕ و پێکدادان لە باکووری زاخۆ، دەوروبەری پێنجوێن، دوکان و تەقتەق دەکەن. دۆخی پێنجوین نادیارە. ڕادیۆی ئیسرائیل باس لەوە دەکات لە پێنجوێن بارەگایەکی سەربازی بە نزیکەی ٢٠٠٠ سەربازەوە، گەمارۆدراوە. وادیارە نەختێک زیدەڕۆیی لەم ژمارەیەدا کراوە، بەڵام ورەی سەربازانی بارەگاکە لاوازە و هەندێك سەرباز وازیان لە ئەرکەکەیان هێناوە. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن [خەڵک] قومار لەسەر سیاسەتی وەزیری بەرگری دەکات، بەوەی شەڕ لە زستاندا بەردەوام بێت. سیاسەتەکەی وەزیری بەرگری سەبارەت بە دامەزراندنی هاوکارە موسڵاوییەکانی لە کەرتی ٤دا لە ناوچەی موسڵ جێگیر کراوە، بووەتە هۆی هەڵگیرسانی ڕق و کینە نەك تەنیا لە دژی ئەو، بەڵکو لە دژی گشت موسڵییەکان.

٢. دەنگۆی ئەوە هەیە ڕێگای نێوان موسڵ و هەولێر تەنیا بەسەر ئەو کاروانانەدا کراوەیە کە بە توندی پاسەوانیان لێدەکرێت. ڕێگاکانیتر بەدەست کوردن.

٣. لە ناوچەی خانەقین سێ کردەوەی تیرۆریستی لەلایەن کوردەوە ئەنجام دراون. هەروەها هێرشکراوەتە سەر یانەی ئەفسەران و دوو ئەفسەر، سەرۆک پۆلیس، دوو کوردی لایەنگری حکومەت و فەرمانبەرێک کوژراون.

٤. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن (Agency and residency)، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـرس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/206/65)

١٠ی دێسەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. بەگوێرەی ڕاپۆرتی سەرچاوەیەکی کورد، کە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە، پێنجوێن کەوتە دەست کورد. تا هەنوکە هیچ وردەکارییەک لەسەر بارودۆخەکە لەبەردەست نییە، بەڵام دەنگۆی ئەوە هەیە، بنکەکانی سوپا بێ گرفت پاشەکشەیان کردووە. هەروەها ڕاپۆرتەکان باس لە جەنگێکی سەخت لە دەوروبەری زاخۆ دەکەن.

٢. ترسێکی زۆر لە ناو عەرەبەکانی دانیشتووی سلێمانی بڵاو بووەتەوە لە دوای کۆتایی هاتنی ئاگادارکردنەوەی مەلامستەفا لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، ئەو لە پاراستنی سەر و ماڵی ئەم عەرەبانە بەرپرسیار نییە کە لەم شارەدا دەمێننەوە. ئەم ئاگادارکردنەوە لە تۆڵەی ‹پاکتاوکردنی کورد›ە لە کەرکوک.

٣. وەزیری کشتوکاڵ کە کوردە، لە ٢٨ی مانگ دەستی لەکار کێشایەوە و لەو کاتەوە لە نووسینگەکەیدا ئامادە نەبووە. بیانوەکەی ئەوە بووە، بە [پێچەوانەی مەرجەکەی بۆ وەرگرتنی ئەم وەزارەتە] دوای سێ مانگ لە دەستبەکاربوونی، ئەو حکومەتە نەیتوانیوە لەگەڵ کورد بگاتە ڕێککەوتن. حکومەت دەست لەکارکێشانەوەکەی پەسەند نەکردووە و وا نیشان دەدات هیچ شتێک ڕووی نەداوە، لە کاتێکدا بۆ پڕکردنەوەی ئەم پۆستە بە دوای کوردێکدا دەگەڕێت.

٤. هەڵمەتی پڕوپاگەندەی حکومەت [سەبارەت بە هاوکاریکردنی ئێران] (نامەکەم لە ١٩ی نۆڤەمبەر، پەرەگرافی ١) سەرکەوتنێکی زۆر بەرز و چاوەڕوان نەکراوی بەدەستهێناوە. ڕۆژنامەنووسێکی پلە نزمی خۆجێیی و کرێکارێک لە ئەسفەهان،

بـۆ دروسـتکردنی گومـەزی مـەزاری حەزرەتـی عەبـاس زیارەتـی کەرەبلایـان کـردووە. لـە کەربـەلا، بەڕێوەبـەری مەزارگـە، زۆر زیرەکانـە پرسـیاری لـەو دوو کـەس کـردووە، ئایـا پێیانخۆشـە چاویـان بـە سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق بکەوێـت. بـە قبوڵکردنـی ئـەم پێشـنیازە، پرۆتۆکۆلـی کۆشـکی سـەرۆک کۆمـاری لەگـەڵ چەنـد ئۆتۆمۆبێلێـک بـۆ ئـەم دوو کەسـە نێـردراوە و وەک دوو کەسـی گرنـگ مامەڵەیـان لەگەڵـدا کـراوە و لەگـەڵ سـەرۆک عـارف وێنەیـان گرتـووە. لـە ڕۆژی دواتـر ئـەم ڕووداوە وەک سـەردانی شـاندێکی ئێـران لـە گشـت ڕۆژنامەکانـی عێراقـدا بڵاوکرایـەوە. یەکـەم لێکدانـەوەی ئەم ڕووداوە بریتـی بـوو لـەوەی پەیوەندییەکانـی نێـوان ئێـران بەرزتـر و بەرزتـر دەبنـەوە، یارمەتیدانـی کـورد ڕادەگیرێـت و لـەم نزیکانـەدا گشـت کێشـەکانی عێـراق چارەسـەر دەکرێـن. بەهەرحـاڵ زۆرێـک لـە بەغدادیـەکان تێبینـی ئەوەیـان کـرد، بۆچـی باڵیـۆزی ئێـران هاوڕێیەتـی ئـەم شـاندەی نەکـردووە. باڵیـۆزی ئێـران زۆر لـەم ‹شـاندە› توڕەیـە، بـەڵام لەڕاسـتیدا عێراقیـەکان بـۆ جارێکیـش بێـت فێڵیـان لـە باڵیـۆزی ئێـران کـرد.

٥. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن (Agency and residency)، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـرس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/210/65)

١٧ی دێسەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. ڕاپۆرتی کوردەکەی بەغدا لەبارەی گرتنی پێنجوێن [لەلایەن کوردەوە] هیچ بنەمایەکی نەبووە. ئێمە تا ئێستا، هیچ وردەکارییەکمان لەسەر ڕووداوەکانی پێنجوێن لەبەر دەست نییە، بەڵام تا هەنوکە بارەگای سوپا لەوێ ماوەتەوە. ڕاپۆرتەکان باس لە بەردەوامی شەڕ لە گشت بەشەکانی کوردستان دەکەن. لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا، کەش و هەوا تا ڕادەیەکی باش سارد بووە و لەوانەیە ئەمەش ببێتە هۆی کەمکردنەوەی پێکدادانەکان.

٢. سەرۆک وەزیران لە ١٢ و ١٣ی دێسەمبەردا سەردانێکی باکوور و سەردانی پێنجوین، چوارتا، سەید سادق و هەولێری کرد. گشت سەردانەکان بە فڕۆکە بوون. نووسەرە ڕەشبینەکانی بەغدا بانگەشەی ئەوە دەکەن فیلمی سەردانی سەرۆک وەزیران بۆ پێنجوێن ساختەیە و ئەم فیلمە لە [ڕاپۆرتە تەلەفزیۆنییە] کۆنەکان، دووبارە بەرهەم هێنراوەتەوە. بە گوێرەی قسەی سەرچاوەیەکی غەیرە کورد لە بەغدا، سەرۆک وەزیران بە هۆی خۆپێشاندانەکانەوە، نەیتوانیوە سەردانی سلێمانی بکات، لە دامرکاندنەوەی ئەم خۆ پێشاندانە دوو کەس گیانیان لە دەستداوە.

٣. ئێمە نووسراوێکمان بە دەست گەیشتووە، گوایە لەلایەن «بارەگای گشتی هێزی شۆڕشگێڕی کوردستانە›› (General Headquarters of the Kurdish Revolutionary Army)وە هاتووە و نارەزایەتی خۆی لەبەرانبەر کردەوەی دڕندانەی سوپای عێراق لەبەرانبەر خەڵکی مەدەنیدا دەردەبڕێت و هەڕەشەی کوشتنی سێ ئەفسەر و سێ

پلەداریـتری سـەربازی دەکات، لەبەرانبـەر کوشـتنی هـەر مەدەنییەکـی کـوردی کـە کـوژرا بێـت. ئـەم نـووسراوە بووەتـە هـۆی توڕەبوونـی کـوردی بەغـدا، بـەوەی هیـچ کاتێـک کـورد (ئـەم قسەیەشـیان ڕاسـتە) کردەوەیەکـی لـەم جۆرەیـان ئەنجـام نـەداوە و ئەنجامیشـی نـادەن. هەندێـک لـەو کوردانـە دەڵێـن ئـەم نـووسراوە لەلایـەن ئەندامـە تونـدڕەوە کۆنەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان نـووسراوە، واتـە ئـەو کەسـانەی بەرپرسـیارن لـە تیرۆرکردنـی پەیامنێـری بەشـی کـوردی تەلەفزیۆنـی بەغـدا و چەندیـن کـردەوەی تیرۆریسـتی کـە لـەم دواییانـە ئەنجـام دراون. یـەک شـت گومانـی تێـدا نییـە؛ ئەویـش ئەوەیـە ناکرێـت مەلامسـتەفا فەرمانـی دەکردنـی ئـەم نـووسراوەی دابێـت.

٤. لـە هەواڵەکانـی ئەمـڕۆی ‹بەغـداد نیـوز›دا [بـە زمانـی ئینگلیـزی] و لـە چاپەمەنییەکانی زمانـی عەرەبـی، حکومەتـی عێـراق بانگەشـەی ئـەوە دەکات، گوایـە ئینشـیقاق لـە نێـوان لایەنگرانـی مەلامسـتەفا و لایەنگرانـی جـەلال تاڵەبانـی و ئیبراهیـم ئەحمـەددا دروسـت بـووە. وادیـارە ئەمـەش بەشـێکیترە لـە ئەنجامدانـی پڕوپاگەنـدە.

٥. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن (Agency and residency)، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـڕس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/215/65)

٣١ی دێسەمبەر ١٩٦٥

**کوردستان**

١. لـە هەفتـەی ڕابـردوودا، زنجیـرە هێرشـێک بـۆ سـەر پێنجوێن دەسـتی پێکرد. بـە پێی ئەو زانیارییانـەی لـە بەغـدا بەدەسـتمان دەگـەن، کـورد گەمـارۆی زۆرتریـان خستووەتەسـەر سـوپای عێـراق، تـا بـەم شـێوەیە لەبـری بەکارهێنانـی تەکتیکـی پارتیزانـی، لـە ئاسـتی خۆجێیـدا بەرەنـگاری سـوپای عیـراق ببنـەوە؛ شانسـی سـەرکەوتنیان بـەم شـێوەیە زۆرتـرە. کـورد دەزانـن لـەم میحـورەدا توانـای ئەنجامدانـی هێرشـی لەناکاویـان نەمـاوە. تیپێکـی سـەربازی لـە کەرکوکـەوە بـەرەو پێنجوێـن جوڵێـنراوە، تـا بـارەگای سـەربازیی پێنجوێـن بەهێـز بـکات، بـەڵام هێشـتا نەگەیشـتوونەتە ئـەوێ.

٢. کـورد بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن، دەسـتیان بەسـەر بارەگایەکـی سـنووریی لـە پێنجوێنـدا گرتـووە و ٨٠ سـەربازیان دەسـتگیرکردووە، لەگـەڵ یـەک هاوەنـی ٣ ئینچـی و دوو هاوەنـی ٢ ئینچـی.

٣. ڕاپۆرتـەکان بـاس لـەوە دەکـەن شـەڕ لـە ناوچـەی ئامێـدی، کۆیسـنجەق و قـەڵادزێ بەردەوامـە. دەنگـۆی هێرشـکردنە سـەر خانەقیـن هەیـە؛ ئـەم ناوچەیـە حاڵـی حـازر لەلایـەن حکومەتـەوە زۆر بـە وردی چاودێـری دەکرێـت.

٤. هەوڵـە دیپلۆماسـییەکانی حکومەتـی عێـراق بـۆ ڕاگرتنـی یارمەتـی ئێرانییـەکان بـۆ کـورد، شکسـتی هێنـاوە. هەربۆیـەش دەسـتیان بـە هەڕەشـەکردن کـردووە. لـە دوو هەفتـەی ڕابـردوودا چـوار ڕووداوی سـنووری ڕوویانـداوە؛ دوو جـار هێـزی ئاسـمانی عێـراق هێرشـی کردووەتـە سـەر بنکـە سـنوورییەکانی ئێـران؛ جارێـک هێرشـی زەمینـی

بـۆ سـەر بنکەیەکـی سـنووری لەلایـەن هێـزە نارێکخراوەکانـی عێـراق؛ جارێکیـش بۆردمانکردنـی ناوچـە سـنوورییەکانی ئێـران. تـەواوی ئـەو هێرشـانە لـە ئاسـتی بچووکـدا بوونـە و کۆنسـولی ئێمـە لـە تـاران لـە گەشـتێکی زەمینـی بـۆ ئـەم ناوچەیـە هیـچ جـۆرە جووڵەیەکـی سـەربازی بەرچـاوی لـە هـەردوو دیـوی سـنوورەوە نەبینیـووە.

٥. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە عەمـان، ئەنقـەرە، بەحرێـن (Agency and residency)، بەیـروت، قاهیـرە، دیمەشـق، کوێـت، مۆسـکۆ، تـاران، تەلەبیـب، واشـنتن و بـۆ نیکۆسـیا (Nicosia)، سـکرتێری (J. I. G) لـە قوبـڕس و بـۆ ‹P.O.M. E. C› لـە عـەدەن، دەنێـرم.

(E. F. G. Maynard)

نهێنی

مستەر برێنچلی (Mr. Brenchley)

مستەر ئاربۆسنۆت (Mr. Arbuthnott)

**بارودۆخی کوردستانی عێراق**

١. مستەر ج. گوین مۆرگان (Mr. J. Gwyn Morgan)، وەزیری دەرەوەی پارتی کرێکارانی [بەریتانیا] نامەیەکی بۆ مستەر تامسۆن (Mr. Thoson) نووسیووە و کۆمەڵێک بەڵگەنامەی هاوپێچی نامەکە کردووە نێردراوی نهێنی کوردە ڕاپەڕیوەکانی عێراقن، کە لەم دواییەدا سەردانی لەندەنی کردبوو، بەدەستی گەیشتووە. مستەر ج. گوین مۆرگان، داوای کردووە، خۆشحاڵ دەبێت، ئەگەر نووسینگەی [کاروباری دەرەوە] تێبینییەکانی لەسەر نامەکە بخاتەڕوو.

٢. نێردراوە نهێنیەکە، دکتۆر مەحمود عوسمان بووە کە وەک نوێنەری سەرکردایەتی کوردە ڕاپەڕیوەکان سەردانی دەرەوە دەکات، بەڵام زۆربەی کاتەکانی لەناو کوردستاندا بەسەر دەبات. کوردێکیتر کە سەردانی نووسینگەی گواستنەوە (Transport House)ی کردووە، مستەر د. عەتار (Mr. D. Attar) بووە کە سکرتێری لقی بەریتانیای کۆمەڵەی قوتابیانی کوردە لە ئەوروپا (Kurdish Student Society in Europe/KSSE). ئەم کۆمەڵەیە دوایین کۆنگرەکەی لە بەرلینی ڕۆژئاوا گرێدا، سەر بە یەکێتی نێودەوڵەتی قوتابیانە (International Union of Students/IUS)، لەلایەن پارتی کرێکاری بەریتانیاوە [بە گومانی سەر بە کۆمۆنیست بوون]، قەدەغەکراوە؛ بەڵام ئەمە بەو مانایە نایێت، خودی ڕاپەڕینی کورد لەلایەن کوردەوە هان دەدرێت یان ئاڕاستە دەکرێت.

٣. کۆمیتەی دۆستایەتی کورد لە فەرەنسا و سوید دامەزراوە. دکتۆر عوسمان، بە دوو فەرمانبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی، کە بەنافەرمی و دوور لە بەڵێنەکانی وایتهۆڵ (Whitehall) چاویان بە مەحمود عوسمان کەوتووە، گوتوویەتی: ئەمجارە ئامانجی سەردانەکەی بۆ لەندەن دامەزراندنی کۆمیتەیەکی هاوشێوەیە لە بەریتانیا. ئەو

بـۆ هەمـان مەبەسـت سـەردانی ویلایەتـە یەکگرتـووەکان دەکات. هـەروەك جـاران دکتـۆر مەحمـود عوسـمان لـە ڕێگـەی نووسـینگەی گواسـتنەوە (Transport House) مەوعیدێکـی وەرگرتـووە بـۆ بینینـی فەرمانبەرانـی نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە.

٤. مـن پێمباشـە، نووسـینگەی گواسـتنەوە ئاگاداربکرێتـەوە سـەبارەت بـە سیاسـەتی فەرمی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەبەرانبـەر کێشـەی کـورد. بەتایبەتیش کـە نێـردراوە نهێنییەکانی کـورد زۆرتـر لـە جارێـک هەوڵیانـداوە، لـە ڕێگـەی نووسـینگەی گواسـتنەوەوە چاویـان بـە هـەر وەزیرێکـی حکومەتـی بەریتانیـا بکەوێـت. مـن کۆپییـەك لـە نامەکـەی ‹مسـتەر تامسـۆن›تان بـۆ ڕەوانـە دەکـەم.

(W. Morris)

٢٠ی فێبریوەری ١٩٦٧

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/11/67)

٣١ی فێبریوەری ١٩٦٧

**داواکاریی پارەدارکردنی کورد**

١. تکایە ئاماژە بە نامەکەم بە ژێدەری (٦٧/٤/١٠١١٤) لە ٢٤ی جانیوەری بدەن سەبارەت بەو پێشوازیکردنە گەرمەی لە بەغدا و باشووری عێراق لە ئیدریس بارزانی، کوڕەکەی مەلامستەفا بارزانی کراوە.

٢. هەنگاوێکی تا ڕادەیەک ناڕوون گیراوتەبەر سەبارەت بە لێکنزیکبوونەوەی باشوور و باکووری عێراق (کە بەمەبەستی شەرمەزارکردنی حکومەتی ناوەندی داڕێژراوە) داواکاریی باسکراو لەم هەنگاوەدا لە پاشکۆی ئاژانسی نیمچە فەرمی هەواڵی عێراقی (Iraqi Newa Agency Bulletin) بڵاو کراوەتەوە؛ کە بریتییە لە دابینکردنی پارە بۆ نۆژەنکردنەوە و ئاسانکردنی ژیانی سەختی گوندەکانی باکوور. ئەم لێکنزیکبوونەوەیە لەلایەن پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق، واتە سوونە، شیعە، مەسیحی و کورد، واژووکراوە. هەروەها وەزیرە کوردەکەی دەوڵەت (Minister of the State) و وەزیری خەزێنە کە شیعەیە، واژوویان لەسەر ئەم داوایە کردووە.

٣. ئەگەرچی واژووکەرانی ئەم داوایە لەلایەن سەرۆکی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی خاچی سووری عێراقی بە داوایەک بە مەبەستی دابینکردنی هاوکاری مرۆڤایەتی ناونراوە؛ بەڵام مەبەستی سەرەکی لەم داوایە، سیاسییە و بریتییە لە نیشاندانی شکستی حکومەتی ناوەندی لە تەرخانکردنی بودجە کە لە ٢٩ی جونی ساڵی ڕابردوو بڕیاری دابینکردنی ئەم پارەیەی دابوو، بۆ ئاوەدانکردنی ناوچەی باکوور، بە هۆی ئەو زیانەی لە ساڵی ١٩٦١ەوە بەریکەوتبوو. ئامادەکارانی کورد بۆ ئەم

کاره دان بـەوەدا دەنێـن لەوانەیـە ئـەم کارە نەبێتـە هـۆی کۆکردنـەوەی پارەیەکـی زۆر، بـەڵام وەک تۆپەڵـە بەفرێکـی خلۆرکـراوە دەمێنێتـەوە.

٤. سـەبارەت بـە کۆمەڵـە بیانییـەکان، باڵیـۆزی سـوید سـەرنجی گشـتیانی ڕاکێشـاوە. لـە سـوید سـەبارەت بـە پرسـی کـورد نەرمییەکـی زۆر لـە ئارادیـە. (ئەمـەش لـە دامەزراندنـی کۆمەڵـەی دۆسـتایەتی سـویدی-کوردی دەردەکەوێـت). هەروەهـا حاڵـی حـازر، بالیـۆزی سـوید هاوڕێیەتـی شـاندێکی ئابـوری دەکات کـە هەوڵـی وروژاندنـی بازرگانـی نێـوان عێـراق و سـوید دەدەن. ئـەو لـە ١٧ی فێبریـوەری بـە چەکـە بانکیەکەی خـۆی، بـڕی ٥٠ پاوەنـدی وەک یارمەتـی لەبەرانبـەر داواکاریـی کـورد نـاردووە. ئـەم بەخشیشـە لـە ڕۆژنامەکانـدا بڵاوکرایـەوە و ستایشـکرا. هەروەهـا باڵیـۆزی یەکێتـی سـۆڤیەت، پێشـنیازی کـردووە «لەهـەر ڕێگەیـەک کـە بـۆ کۆمیتـەی [ کۆکردنـەوەی پـارە بـۆ داوای کـورد] گونجـاو بێـت، دەتوانـێ یارمەتیـان بـدات].

٥. بـە دڵنیاییـەوە باڵیـۆزی وڵاتانیتریـش لـەم داوایـە نزیـک دەبنـەوە و یارمەتیـان دەدەن. سـویدییەکان بـە ٥٠ پاوەنـد هاوکاریـان کـردووە، بۆیـە بـە پێـی مێـژووی دەسـتێوەردانمان لـە کاروبـاری عێراقـدا، هـەر بڕێـک بەریتانیـا پێشکەشـی بـکات و لـەو بـڕە کەمـتر بێـت کـە سـودییەکان پێشکەشـیان کـردووە، وەک بـێ ڕیزیکردنێـک لـە قەڵـەم دەدرێـت. مـن دەزانـم لـەم بارودۆخـە ئابورییـەدا سـەختە حکومەتـی خاوەنشـکۆ ڕازی بکـەن لـەم یارمەتیدانـەدا بەشـدار بێـت، بـەڵام تکایـە وەک بابەتێکـی خێـرا ڕەچـاوی ئـەم پرسـە بکـەن. هەروەهـا بـۆ دۆزینـەوەی بەدیلیـتر لـە کۆکردنـەوەی پـارە مسـتەر س. ج. ئەدمۆنـدز (C. J. Edmunds)، ([نووسـەری] کـورد و تـورک و عـەرەب) یـان مسـتەر هاملتـۆن (Mr. Hamilton) ([نووسـەری] ڕێگایـەک بەنـاو کوردسـتاندا] نامەیـەک بـۆ ڕۆژنامـەی ‹The Times› بنووسـن و نامەکـە یـان کورتەیـەک لـە نامەکەمـان بـۆ هاوپێـچ بکـەن و جەخـت لەسـەر ئـەم خاڵـە بکەنـەوە کـە پێویسـتیەکی خێـرا بـەم پارەیـە هەیـە، بـۆ ئاوەدانکردنـەوە و قەرەبووکردنـەوەی خەڵـک. ئەنجامدانـی هەمـوو ئـەم کارانـە کاتێکـی زۆر دەخایێنێـت، بـەڵام لەوانەیـە ببێتـە هـۆی کۆکردنـەوەی بڕێکـی باشـی پـارە.

٦. بـۆ وەرگرتنـی مۆڵەتـی کۆکردنـەوەی پـارە لـە خەڵـک و کردنـەوەی حیسـاب بانکـی، باشـترە ئـەم کارە لـە بانکـی ئینگلەنـد (England Bank) ئەنجـام بدرێـت.

٧. وەک دوا بەدیـل، ئێمـە دەتوانیـن لـە نـاو باڵیۆزخانـە، کۆنسـول و سـتافی پلـە دوو و ئـەو کەسـانەی هۆگـری پرسـی کـوردن، داوای پـارە بکەیـن. ئێمـە بـە تەحەفـوزەوە ئـەم پێشـنیازە دەخەینـەڕوو، چونکـە لەوانەیـە بـڕە پـارەی کۆکـراوە نەگاتـە سـێ پاوەنـد.

٨. تکایە زۆر بە خێرایی ئەم پێشنیازانەی سەرەوە لەبەرچاوبگرن و ڕێنماییمان بکەن.

(S. L. Egerton)

## کۆمیتەی کۆکردنەوەی پارە بۆ باکوور

بەغدا، ١٩ی فێبریوەری

ئەمڕۆ، ئەو کۆمیتەیەی بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ زیان لێکەوتووانی باکوور پێکهێنراوە، ئەم بەیاننامەی خوارەوەیان دەرکرد.

«بەشی باکووری وڵاتە خۆشەویستەکەمان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕووبەڕووی ڕووداوی دڵتەزێن بووەتەوە. لەم ماوەیەدا گوندەکان وێرانکران، دانیشتوان لە زێدی خۆیان ئاوارەکران، خوێنی چەندین کەس ڕژا و چەندین کەسیش گیانیان لە دەستدا، جەنگ لە نێوان برا [کورد و عەرەبەکان] وەستێنرا و یەکێتی وڵاتەکەمان پارێزرا.

یەکێتی نیشتیمانی لە دڵەکانماندا ڕەگ و ڕیشەی قووڵی داکوتاوە و لەسەر بنەمای پەیوەندی دوولایەنە و هەستی هاوبەش دامەزراوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە عێراقییەکان بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرن و دڵە بریندارەکان سارێژ بکەن، فرمێسکەکان وشک بکەنەوە، هەوڵەکان بخەنەگەڕ بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە وێران بووەکان و سەر لەنوێ پێناسەی یەکێتی نیشتیمانی و بەهێزکردنی عێراق بکەنەوە. بە پشت بەستن بەم هاندەرانەی سەرەوە، کۆمیتەیەک پێکهێنراوە بۆ کۆکردنەوەی پارە و خەرجکردنیان بۆ بەرکەتووانی باکوور.

ئەگەرچی ئێمە دڵنیاین لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ نەهێشتنی پاشماوەکانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، داوا لە عێراقییەکان دەکەین یارمەتی براکانیان بدەن لە باکوور. هەروەها داوا لە گشت ڕێکخراو و دامەزراوە خێرخوازییەکان دەکەین، لەم هەڵمەتەدا بەشداربن.

دەکرێ بەخشراوەکان بە خەزنەداری ئەم کۆمیتەیە، سەعید حوسێن عەلی عەبدوڵا هادی (Sayyid Hussein Ali Abdul Hadi)، سەرۆکی ژووری بازرگانی بەغدا بدرێت و لەبەرانبەردا بەخشەر ڕەچەتەیەکی فەرمی وەردەگرێت.

بەیاننامەکە لەلایەن ئەم بەڕێزانەی خوارەوە واژوو کراوە:

باباعەلی شێخ مەحمود (کەسایەتی ژمارە ٦٣ لە ساڵی ١٩٦٥).

فایەق ئەلسامەڕایی (کەسایەتی ژمارە ٦٨ لە ساڵی ١٩٦٥).

فواد عارف، خانەنشینکراو، کەسایەتی کورد (کەسایەتی ژمارە ٧٣ لە ساڵی ١٩٦٥).

ئەحمەد کەمال قادر (وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئاودانکردنەوەی باکوور).

دکتۆر قەرەنی دۆغراماچی (Dr. Qurani al-Dogramachi)، کوردێکی ناسراو، سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەبو غرێب.

نوردەین ئەلوەیس (Nuriddin al-Waidh) زڕبرای دکتۆر ئەلبەزاز.

دکتۆر مستەفا جەواد، سوننی، مامۆستای زانکۆی بەغدا، پێشتر مامۆستای زمانی عەرەبی شا فەیسەڵی دووەم بووە.

ئەنوەر جەواهیر، سەرۆکی ژووری بازرگانی حیللە.

حەمید ئەلدەهان، شیعە، خاوەنی کۆمپانیای بازرگانی بۆ گواستنەوە و گەیاندن.

ئیحسان شێرزاد، کورد، بیناساز، هاوبەشی ڕەفعەت کامیل ئەلچادرچی.

دکتور سانیحە ئەمین زەکی، فێمینیستی کورد، (پێش ١٩٥٨) پیاوەکەی بەڕێوەبەری گشتی کاروباری نەوت بووە.

خاتوو سوعاد ئەلڕازی، سوننی، سەرۆکی بەشی ئافرەتانی خاچی سووری عێراق.

دکتور سابیح ئەلوەهبی (Sabih al-Wahbi). سوننی. سەرۆکی بەشی پیاوان لە خاچی سووری عێراقی و نوێنەری عێراق بۆ کۆنفرانس (W. H. O).

قەشە ئێمانوێل دالی (Emmanual Dalli) قەشەی کلدانییەکانی بەغدا.

ئەفرام هیندو، ئەفسەری خانەنشینکراوی کاسولیکەکانی سوریا. سوارچاکی فەرمانی پاپا لە سێنت سیلڤەستێر.

نهێنی

باڵیۆزخانەی بەریتانیا

بەغدا

(10114/10/67)

٢١ی فێبریوەری ١٩٦٧

**کاروباری کورد**

١. سەردانی ئیدریس بارزانی، کوڕی مەلامستەفا بارزانی، لە کۆتایی مانگی جانیوەری بۆ بەغدا و پێشوازیکردنی لەلایەن شیعەوە، کە ئەم سەردانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسەتمەدار و کوردی بەغدا بوو، بووە هۆی دروستکردنی پشێوی و تا هەنوکەش پەرەچەکردارەکان سەبارەت بەم سەردانە بەردەوامن.

٢. پەیامنێری ڕۆژنامەی لایەنگری ناسریەت، ‹سەوت ئەلعەرەب›، کە بە مۆڵەتی وەزارەتی بەرگری سەردانی باکووری کردووە، زنجیرە وتارێکی لەبارەی ئەم سەردانە نووسی و لە دووەمین وتاردا، بڵاوبوونەوەی قەدەغەکرا (پەرەگرافی ٣ لە نامەکەم (٦٧/٩/١٠١١٤) لە ١١ی فێبریوەری)، بەڵام دواتر بە وتارێکیتری جەدەلئامێز دەستی بە بڵاوکردنەوە کردەوە. من کۆپییەك لە وەرگێڕانی ئەم وتارەتان بۆ دەنێرم (وتارەکە تەنیا بۆ نووسینگەی کاروباری دەرەوەیە). لەم وتارەدا نووسەر ئاماژە دەدات بە «تورەیی سەرسوڕهێنەر، نەک ئاشکرا، لەناو ناوەندە ناسیۆنالیستییە باشەکاندا (بۆ نموونە، باڵی چەپڕە و پان-عەرەب)، بە جۆرێک ئیدریس بارزانی «لەلایەن تاقمێک لە سیاسەتمەدارانی عەرەب› ستایش دەکرێت. نووسەر بەردەوام دەبێت و هەوڵی تاقیکردنەوەی جەلال تاڵەبانی دەدات و قسەیەکی تاڵەبانی دێنێتەوە کە گوتوویەتی››لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا عەرەبەکان تەنیا نەژادێکن دان بە شوناسی جیاوازی نەتەوەیی کورد دادەنێن››. بە بێ عەرەب کورد لەلایەن یەکێک لەو دەوڵەتانەی کوردستانی پێوە لکێنراوە، قووت دەدرێت. هەر بۆیەش پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێ لەگەڵ هێزە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکاندا (جیا

لـە کۆمۆنیسـتەکان) هـاوکار بێـت. نووسـەر قسـەیەکی جـەلال تاڵەبانـی دێنیتـەوە بـەوەی باڵـی سـەر بـە ئـەو، ستایشـی سـەرکردایەتی سـەرۆک عـارف دەکات و هەرگیـز واز لـە ستایشـکردن و چـاو لـە دەسـتیی جەمـال عەبدولنـاسر ناهێنێـت. تاڵەبانـی کۆتایـی بـە قسـەکانی دێنێـت بـە داواکـردن بـە ‹پێکهێنانـی هاوپەیمانـی لـە نێـوان هێـزە سـەرەکییەکان› (Major National Coalition) لـە عێـراق. ڕۆژنامـەی سـەوت ئەلعـەرەب، دەڵێـت، بـە پێکهێنانـی ئـەم هاوپەیمانییـە، تاڵەبانـی و باڵەکـەی توانیویەتی دۆسـتایەتی و هاوسـۆزی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکانی عێـراق بەدەسـت بهێنێـت. لـە کاتێکـدا بارزانـی تـا ئـەم دواییانـە گەورەتریـن بەربەسـت بـوو لەبـەردەم یاسـا و ئارامـی، بووەتـە کەسـێکی پارێـزکار و سـەخت [لـە گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن لەگەڵیـدا].

٣. بەدڵنیاییـەوە ئـەم هێرشـە بەرپەرچدانـەوەی لێکەوتـەوە و بەرپەرچدانەوەکـەش لـە ڕۆژنامـەی ‹ئەلعـەرەب›دا، لـە ٢١ی فێبریـوەری لەلایـەن سـاڵح یوسـفی، نوێنـەری بارزانـی لـە بەغـدا، بڵاوکرایەوە. ئـەو تۆمەتی هـاوکاری نەکـردن و خۆ-دوورەپەرێزگرتنی مەلامسـتەفا ڕەت دەکاتـەوە. بـاس لـەوە دەکات، ئـەوە بارزانـی بـووە، تـەواوی هەوڵەکانـی بـۆ جێبەجێکردنـی پلانـی چارەسـەری کێشـەی کـورد لـە ٢٩ی جـۆن ١٩٦٦ خسـتەگەڕ، بـەڵام حکومـەت نەیهێشـت هەوڵەکانـی سـەر بگرێـت. سـەردانەکەی ئیدریـس بارزانـی [بـۆ لای سـەرۆک] بـە مەبەسـتێکی تایبـەت بـووە و پیرۆزبایـی جـەژن و هیـوای سـەرکەوتنی لەلایـەن مەلامسـتەفاوە بـۆ سـەرۆک عـارف هێنـاوە. پێشـوازی گەرمـی مەلامسـتەفا لـە [پلانەکـەی حکومـەت] بـووە هـۆی بەهێزبوونـی پەیوەندییەکانـی نێـوان ناوەنـد و باکـوور، کەچـی ئێسـتا وتارەکانـی سـەوت ئەلعـەرەب، هەوڵـی لەباربردنـی ئـەم پەیوەندییانـە دەدات.

٤. گشـت ئـەم شـەڕە زمانییـە، بۆچوونەکانـی ئێمـە لـە پەرگرافـی ٤ی نامەکـەم بـە ژێـدەری (٩/١٠١١٤) ئامـاژەم پێدابـوو، پشتڕاسـت دەکاتـەوە، بـەوەی پەیوەندییەکانـی نێـوان بارزانـی و تاڵەبانـی لـە دوای ئـەوەی گفتوگۆکانـی پێکهاتـن بـە ئەنجـام نەگەیشـت، خراپـتر بوونـە. حکومـەت زۆر بـە تامەزرۆییـەوە سـەیری ئـەم مشـتومڕەی [نێـوان تاڵەبانـی و بارزانـی] دەکات. کاتێـك لـە ١٦ی مانـگ مـن

پرسیارم لە تاڵەبانی کرد، ئایا گروپەکەی ئەو بە قەناعەتەوە بەشداری لە ‹یەکێتی سۆشیالیستی› بە سەرکردایەتی عارف دەکات، ئەو لە وەڵامدا گوتی، هیچ هێزێکی کورد نییە، پشتگیریی لەم یەکێتیە ساختەیە بکات، بەڵام وادیارە ئێستا ناکۆکی نێوان ئەم دوو گروپە [گروپی مەلامستەفا و گروپی تاڵەبانی] زۆرتر بووە و لەوانەیە جەلال تاڵەبانی (لەوانەیە ئیبراهیم ئەحمەد نەیکات) خۆی ئامادە بکات، بە ڕاشکاوی نەک بە نهێنی، دژی حکومەتی ناوەندی بوەستێتەوە. ئەگەر بێت و ئەو ئەم هەنگاوە بگرێتەبەر، ئەم کارەش دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هەڵەکانی بەوەی لە مانگی جونی ڕابردوو خۆی زیادتر لە ڕەوتی سەرەکی جوڵانەوەی کورد دوورخستەوە. ئەو کات لەوانەیە کەمێک لە نرخی هاوسەرەکەی [جەلال تاڵەبانی] بەرز ببێتەوە و بچێتە زنجیرەی سەرەوەی لیستی تیرۆری مەلامستەفا بارزانی.

٥. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە عەمان، ئەنقەرە، بەحرێن (Agency and residency)، بەیروت، قاهیرە، دیمەشق، کوێت، مۆسکۆ، تاران، تەلەبیب، واشنتن و بۆ نیکۆسیا (Nicosia)، سکرتێری (J. I. G) لە قوبرس و بۆ ‹P.O.M. E. C› لە عەدەن، دەنێرم.

(S. L. Egerton)

وەرگێرانی وتارەکەی سەوت ئەلعەرەب لە ٢٠ی فێبریوەری ١٩٦٧

قسەیەک لەبارەی سوپا، خەڵک و گەشەی باکوور

سێیەمین وتار، لە نووسینی سامی فەرەج

نووسەر بە ڕێزگرتن لە تەواوی ئەو کەسانە دەست پێدەکات کە بەهۆی ئەم زنجیرە وتارانەوە دەستبەسەربوونە و هەروەها ئەو کەسانەی بەڕاشکاوییەوە پێداگریان لەسەر گوێگرتن بۆ ڕاستییەکان کردووە.

وتارەکە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە مەلا مەستەفا بارزانی گوتی، ئەوە نیەتی ئەو بووە، مەسعودی کوڕی بنێرێتە بەغدا و پیرۆزبایی جەژن [لە سەرۆک وەزیرانی عێراق] بکات. مەلامستەفا گوتی هۆکاری نەچوونی مەسعود بۆ بەغدا بریتی بووە لەوەی کە [مەسعود] لە ئێران بووە. [مەلامستەفا ئامەژی بەوەدا] لەڕاستیدا مردنی کچی مەسعود هۆکار بووە نەچێتە بەغدا. مەلامستەفا گوتی هاوکات کوڕەکەی ئیدریس لە ڕێگە بوو تا بەرەو هەولێر بڕوات و دواتر بۆ بەغدا تا پیرۆزبایی جەژن لە سەرۆک بکات.

ئیدریس چووەتەوە بەغدا و نووسەر بەدواچوونی بۆ سەردانەکەی کردووە. بە گەڕانەوەی نووسەر لە باکوور، نووسەر هەوڵ دەدات بەرپەرچەکانی سەردانی ئیدریس بۆ بەغدا بخاتەڕوو، بە تایبەتیش لە نێوان توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک و هێزە سیاسییەکاندا.

نووسەر دەڵێت هێزە سیاسییە نیشتیمانی و وەفادارەکان، ئەو سەردانەی ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا بەشتێکی ‹سروشتی› وەسف دەکەن و وەک هەوڵێک بە ئاڕاستەی دروستکردنی متمانە لە نێوان حکومەت و مەلامستەفا بارزانی لێکیدەدەنەوە. بەتایبەتیش ئەم سەردانە لە دوای تیرۆرکردنی ‹محەمەد سابیر› دێت کە بە کەسایەتییەکی ناسراو و لایەنگری حکومەتی نیشتیمانی و پێشڕەوی ئەو کەسانە هەژمار دەکرێت کە لایەنگری حکومەتی نیشتیمانیان دەکرد.

ئەم ناوەندە سیاسییانەی سەرەوە، تێبینی ئەوەیان کرد، هەندێك گروپی سیاسی

بـە ئاشـکرا بەخێرهاتنـی بارزانـی دەکـەن و لـە نـاو ئـەم گروپـە سیاسـیانەدا مەیلـداری بـۆ ئیدریـس و باوکەکـەی دەبینرێـت. ئـەم مەیلـەش لـە بۆنەکانـی پێشـوازیکردن لـە ئیدریـس لـە بەغـدا دەربـڕاوە. هەسـتی گشـتی لـەم بـارەوە نزیکـە لـە سەرسـوڕمانبوون و قامـک لــە زارگرتــن و تورەییەکــی ئاشــکرای هێــزە نیشــتیمانییەکان. ئــەو تورەییــە ئــەم هێــزە سیاسـیانەی ناچارکـرد نیشـانەی پرسـیار بخەنەسـەر هەڵسـوکەوتێکی سیاسـی نـوێ لـە کـردار و هەڵسـوکەوتدا، کـە بارزانـی و لایەنگرانـی هـەوڵ دەدەن ئـەم هەڵسـوکەوت و کـرداره سیاسـییە نوێیـە، بخەنـە پـاڵ گروپبەنـدی سیاسـی نێـوان عەرەبـەکان لـە بەغـدا.

«لـەم بـارەوە مـن سـەرنجێکی سیاسـیم بیسـت، بـەوەی بارزانـی لـە چـاوی خەڵکـەوە بـە زەرەرمەنـدی ئـەم گەمـە و بۆنانـە هەژمـار دەکرێـت».

نووسـەر ئـەم هەسـتە بـە سـاڵح یوسـفیەوە گرێـدەدات، کـە یەکێکـە لـە نوێنەرەکانـی مەلامسـتەفا لـە بەغـدا. سـاڵح یوسـفی پاسـاو دێنێتـەوە کـە ناکرێـت لـەم بۆنانـەوە دوور بکەوێتــەوە. لەلایــەن خۆیــەوە ســاڵح یوســفی پرســیاری ئــەوە دەکات، بەچــاو پۆشـین لـە چەنـد کاربەدەسـتێکی بەرپـرس، بۆچـی ئـەم گروپـە نیشـتیمانییانە ئـەم جـۆرە بۆنانـە بـۆ ئیدریـس ڕێـک ناخـەن.

نووسـەر بـاس لـە مانـای پاڵپشـتیکردن لـە چەپڕەوەکانـی عێـراق دەکات کـە لەگـەڵ بەشــێک لــە ڕاســتڕەوەکانی عــەرەب، تۆمەتبــاری ئەنجامدانــی چەندیــن کــردەوەی [تێکدەرانـەن]. هەروەهـا نووسـەر پرسـیاری ئـەوە دەکات، چـۆن لەلایـەن دوو ڕەوتـی دژ بەیـەک پشـتگیریی لـە بارزانـی دەکرێـت. نووسـەر ئـەم پرسـیارە ئاڕاسـتەی جـەلال تاڵەبانـی یەکێـک لـە بەرجەسـتەترین نەیارەکانـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی دەکات. جـەلال تاڵەبانـی دەڵێـت، ئەگـەر بێـت و «هـەر جـۆرە پەیوەندییەکـی تایبـەت›› لـە هـەر جـۆرە بارودۆخێکـدا و لـە هـەر جـۆرە کاتێکـدا جوڵانـەوەی کـورد بـە هێزێکـی دەرەکییـەوە گـرێ بـدات، جـەلال تاڵەبانـی ئـەم پەیوەندییـە بـە زەرورەت هەژمـار دەکات، [بـەڵام] ڕۆحـی نیشـتیمانی وادەخوازێـت، ئـەم جـۆرە پەیوەندییـە هەڵپەسـێرێت و ئامانجـی سـەرەکی بخرێتـە پێشـەوە.

نووسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت، ئەگەر [ئەم قسەیەی جەلال تاڵەبانی کردی]، بارزانی نوێنەرایەتی بکات، کەواتە جەلال تاڵەبانی، دووەم کەسایەتی جەدەلئامێزی کورد لە دوای بارزانی [نوێنەرایەتی چ شتێک دەکات]؟ «پێویستە سەرەتا ئێمە هێزی سەرەکی جەلال تاڵەبانی، چالاکییە سیاسییەکانی و دەسکەوتە [ئامانج] نیشتیمانییەکانی بزانین چییە. جەلال تاڵەبانی گوتویەتی، بڕوای بە یەکێتی تێکۆشانی نێوان کورد و عەرەب هەیە. مادام پێویستە ئەم تێکۆشانە یەک بگرێت، کەواتە نابێ کورد لە عەرەب جیا ببنەوە. جەلال بڕوای بەم قسانە هەیە، چونکە ئەو ملکەچی نەژادەکەیتی». نووسەر پرسیاری کردووە، ئەمە چۆن دەبێت؟ جەلال تاڵەبانی وەڵامی داوەتەوە، «لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا عەرەب تاکە نەژادە بڕوای بە شوناسی نەژادی کورد هەیە و دانی پێدادەنێن». ئەم دانپێدانانەش لە ڕووی مێژوویی، مرۆڤایەتی و سیاسییەوە، لە پێش دانپێدانانی تورک و فارسەکانەوە دێت.

تاڵەبانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت «سەبارەت بە هەڵسوکەوتی هێزە سیاسییەکانی عێراق، تەواوی ئەوان بە شێوازی جیاواز دان بە مافەکانی کورددا دەنێن».

تاڵەبانی سەر لە نوێ باس لە بڕوابوونەکەی بە یەکێتی تێکۆشانی نێوان کورد و عەرەب دەکات و دەڵێت: «با گریمانەی ئەوە بکەین، کورد دەوڵەتی سەربەخۆی دامەزراند، چارەنوسی کورد و ئەم دەوڵەتە چی دەبێت کە لەلایەن ئەو نەژادانەوە دەورەدراون و دان بە کورد و مافەکانیان نانێن؟ چارەنووسی دەوڵەتی کورد بریتی دەبێت لە قووتدانی لەلایەن یەکێک لەم دوو نەژادەوە. بوژانەوە و بەرەوپێشچوونی نەژادی کورد تەنیا لەژێر تیشکی یەکێتیەکی تەندروستی عێراقی و تێکۆشانی هاوبەشی کورد و عەرەب، دێتەدی».

دواتر نووسەر پرسیار لەبارەی ئایدۆلۆژیای نەژادی و ئایدیۆلۆژیەکەی جەلال تاڵەبانی دەکات بەوەی، ئەم لۆژیکە تا چ ڕادەیەک هانی جەلال تاڵەبانی و باڵەکەی، واتە ئەندامە کۆنەکانی مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەدات؟

**یەکەم:** تا هەنوکەش گفتوگۆی نێوان تاڵەبانی لەگەڵ گشت هێزە سیاسییەکانی

عێـراق بەردەوامـە، واتـە ئـەو هێزانـەی پشـتگیریی لـە شۆڕشـی ١٤ی جـولای [١٩٥٨] دەکـەن، تەنیـا پارتـی کۆمۆنیسـتی عێـراق نەبێـت.

**دووەم:** تاڵەبانـی و گروپەکـەی لـە دواییـن کۆنگـرەی سیاسـی حزبەکەیانـدا، [واتـە کۆنگـرەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان] دانیاننـاوە بـە سـەرکردایەتی سـەرۆک عـارف (لاپـەڕەی ١ لـە ڕۆژنامـە نهێنیەکەیـان ‹خەبـات›)، ئـەم بڕیـارەش، بڕیـاری ئـەوان بـووە.

**سـێیەم:** تاڵەبانـی هیـچ کاتێـک لـە ستایشـتکردنی سـەرۆک جەمـال عەبدولنـاسر نەوەسـتاوە و ئـەو بـە پێشـڕەوی جولانـەوەی نەتەوەیـی لـە ڕۆژهەلاتـی ناوەڕاسـت، دوژمنـی ئیمپریالیـزم و بڵاوەپێکـەری شۆڕشـی سۆشیالیسـتی هەژمـار دەکات.

**چـوارەم:** جـەلال و هاوڕێکانـی پشـتیوانی لـە بیرۆکـەی لێکنزیکبوونـەوەی عەرەبـە ڕزگاریخـوازەکان و دامەزراندنـی پەیوەنـدی شۆڕشـگێڕیی دەکات. هەروەهـا جـەلال بانگەشـەی دامەزراندنـی هاوپەیمانـی نیشـتیمانی نێـوان هێـزە سـەرەکییەکانی عێراقی کرد.

**پێنجـەم:** جـەلال تاڵەبانـی و گروپەکـەی، واتـە ئەندامانـی کۆنـی مەکتـەب سیاسـی [پ.د.ک] لـە گۆشـەنیگای جولانـەوەی پێشـکەوتنخوازەوە دەڕواننـە گۆڕانکارییـەکان، نـەک لـە گۆشـەنیگای کۆنەپارێزییـەوە.

بـەم خاڵانـەوە جـەلال تاڵەبانـی توانـی دۆسـتایەتی و هاوسـۆزی هێـزە سیاسـییە نیشـتیمانییەکانی عێـراق بۆخـۆی ڕاکیشـێت، لـە کاتێکدا بارزانـی خۆی دوورەپەرێـز کردووە.

هەروەهـا هێـزە نیشـتیمانییەکان بـە هـۆی هاوسـۆزی جـەلال تاڵەبانـی لەگـەڵ هێـزە ڕزگاریخـوازە نیشـتیمانییەکان و شۆڕشـی سۆشیالیسـتی لەسـەر ئاسـتی هەرێمایەتـی و عەرەبـی هاوسـۆزی خۆیـان بـۆ جـەلال تاڵەبانـی و گروپەکـەی دەردەبـڕن.

ئەگـەر بێـت و هێزە نیشـتیمانییەکان لە جـەلال تاڵەبانیـدا هاوپەیمانی و دۆسـتایەتییەکی بـێ مـەرج و بـێ سـنوور بدۆزینەوە، بـۆ نەبنـە هاوپەیمانی؟

بەهەمانشـێوە ئـەم هێزانـە چەنـد سـاڵ لەمەوبـەر بارزانیـان بـە یەکـێ لـەو کەسـانە وێناکـرد ڕۆڵـی بەربەسـتنانەوە دەگێڕێـت؛ بـۆ نموونـە، وەک کەسـێک کـە گوشـار دەخاتـە

سـەر حکومـەت یـان دەسـت بەسـەر حکومەتـدا دەگرێـت و بودجـەی عێـراق [بـۆ خـۆی] خـەرج بـکات. تـا هەنوکـەش ئـەم هێزانـە داوا لـە بارزانـی دەکـەن لـە ژێـر تیشـکی یەکێتـی هەمیشـەیی نێـوان کـورد و عـەرەب، ببێتـە توخمێکـی بەسـوود بـۆ پێشـکەوتن و ئاوەدانکردنـەوەی عێـراق.

لێـرە لـە گەڵالـە، مـن بـەو پێشـمەرگانەی لـە مـن نزیـک بـوون، گوتـم «هیـوادارم ئێمـە بتوانیـن پێشـمەرگە لەگـەڵ سـوپای نیشـتیمانی یەکبخەیـن و پێکـەوە بـەرەو سـنوورەکانمان بنێریـن تـا لـە دژی ئیسرائیـل بوەسـتنەوە و پاڵەوانەتییـە کۆنەکەیـان زینـدوو بکەنـەوە ئاڵاکـەی سـەلاحەدین هەڵبدەنـەوە››.

واژوو:

سامی فەرەج

نهێنی

٢٢ی فیبریوەری ١٩٦٧

سوپاس بۆ نامەکەتان لە ٨ی فێبریوەری و هاوپێچکردنی ئەو بەڵگانەی لەم دواییە لەسەر بارودۆخی کوردستانی عێراق بە دەستتان گەیشتووە. بە تایبەتیش ئێمە خۆشحاڵ بووین لە خوێندنەوەی وتارە بڵاوبووەوەکەی پەیوەست بە ‹پێشمەرگە›. ئێمە تا ئێستا هیچ نووسینێکی لەم ئاستە باشەمان [سەبارەت بە پێشمەرگە] لە کورد نەبینیوە. هەروەك داواتان کردبوو، تێبینیەکانمان بخەینەڕوو، ئێمە بەم جۆرەی خوارەوە تێبینیەکانمان خستووەتەڕوو.

دکتور مەحمود عوسمان و مستەر ئا. عەتار (ئەو دوو کەسەی کە لەم دواییەدا سەردانی ئێوەیان کردبوو)، هەردووکیان کوردن. کورد لە ئێران، سوریا، تورکیا و یەکێتی سۆڤیت هەن، بەڵام بە پێچەوانەی کوردی عێراق، لە سەرهەڵدانی چەکداری لە دژی حکومەتی ناوەندیدا نین. دکتۆر مەحمود بە نوێنەرایەتی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد لە عێراق بۆ دەرەوە گەشت دەکات. دکتۆر عەتار نوێنەری کۆمەڵەی قوتابیانی کوردە لە ئەوروپا (KSSE). هەروەها ئەو سەر بە یەکێتی قوتابیانی نێودەوڵەتییە. ئەگەرچی یەکێتی سۆڤیەت جار نا جار پشتیوانی خۆی بۆ کوردی عێراق دەردەبڕێت، بەڵام دۆزی کورد، دۆزێک نییە، کۆمۆنیست هاندەری بێت، یان ئاڕاستەی بکات.

کێشەی کورد لە عێراقدا بۆ ساڵی ١٩٢٠ دەگەڕێتەوە، واتە ئەو کاتەی عێراق بووە بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. کوردی عێراق هەر لە ساڵی ١٩٦١ەوە شەڕی چەکداری لە دژی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق دەکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەم شەڕە بەشێکە لە خەباتێک کە لە ساڵانی ١٩٢٠وە دەستی پێکردووە. لە ساڵی ١٩٦٣ کاتێک قاسم لە دەسەڵات لادرا و دواتر لە ١٩٦٤ و ١٩٦٦، بۆ ماوەیەک شەڕ ڕاوەستا. ئەم شەڕانە لە دوای شکستی هەوڵە نابەدڵەکانی [حکومەت] بۆ گەیشتن بە چارەسەری سەر لە نوێ دەستی پێکردووە.

کورد داوای ئۆتۆنۆمی کارگێڕیی لە چوارچێوەی کۆماری عێراق و ڕێژەیەکی

گونجاوی پۆستەکانی سیستەمی کارگێڕی لە گشت عێراقدا دەکەن. هەروەها ئەوان داوای گەڕانەوەی یەکە کوردییەکانی ناو سوپای عێراق دەکەن [بۆ پارێزگاریکردن لە کوردستان] وەک گەرەنتیەک لەبەرانبەر هەر جۆرە پابەند نەبوونێکی حکومەتەکانی داهاتووی عێراق [بە مافی ئۆتۆنۆمی].

لە ٢٩ی جونی ١٩٦٦، بە ڕاگەیاندنی پلانێک لەلایەن دکتۆر بەزاز، سەرۆک وەزیرانی عێراق و بە پەسەندکردنی سەرکردایەتی کورد، بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستانی عێراق، ئاگربەستێکی دیفاکتۆ ڕاگەیێندرا. کابینەی نوێی عێراق کە لە ٩ی ئۆگۆستی ١٩٦٦، لەلایەن ژەنەڕاڵ ناجی تاڵبەوە پێکهێنرا، پابەندی خۆی بە پلانەکەی بەزاز ڕاگەیاند، بەڵام تا ئێستا هیچ پێشکەوتنێک، یان پێشکەوتنێکی کەم لە جێبەجێکردنی ئەم پلانە هاتووەتە کایەوە. بەچاوپۆشین لە دژایەتیکردنی کورد لەلایەن سەرۆک وەزیران و هاوڕێکانی، فاکتەری دیکەی ڕێگر (لەبەردەم چارسەری کێشەی کورد]، بێگومان بریتییە لە ناسەقامگیری دۆخی سیاسی و ئابوری لە عێراق لە ئەنجامی چارسەرنەکردنی ناکۆکی نێوان حکومەتی سوریا و کۆمپانیای نەوتی عێراق (I.C.P). ئەم ناکۆکییە بووەتەوە هۆی بێ بەشکردنی عێراق لە ٥٠ سەنت [بۆ هەر بەرمیلێک] لە داهاتی ئاسایی نەوت. حکومەتی عێراق بە پلەی سەرەکی بۆ خەرجی ڕۆژانە و تێچوونی گەشەپێدانی وڵات پشتی بە داهاتی نەوت بەستووە.

سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی بەریتانیا لەبەرانبەر کێشەی کورددا، ئەوەندە بەسە ئاماژە بە قسەی سەرۆک وەزیرانی [بەریتانیا] لە جونی ١٩٦٥دا، لەبەرانبەر پرسیارێکی پەرلەماندا بدەم بەوەی:

«حکومەتی خاوەنشکۆ شەڕ لە کوردستان بە یەکێک لە فاکتەرەکانیتری ناسەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەژمار دەکات، بەڵام ئێمە پرسی کورد بە بابەتێکی ناوخۆیی عێراق هەژمار دەکەین، هەر بۆیەش بۆ ئێمە گونجا نییە، دەست لەم بابەتە وەربدەین››.

پەیوەندی ئێمە لەگەڵ حکومەتی بەغدا پەیوەندییەکی زۆر دۆستانە نییە، بەڵام ئاستەنگییەکانی لەبەردەم ئەم پەیوەندییە لەلایەن ئێمەوە دروست نەکراون،

هەربۆیـەش گرنگـە، تـا ئـەو شـوێنەی بکرێـت، لەبەرانبـەر حکومەتـی عێراقـدا بـە دروسـتی هەڵسـوکەوت بکەیـن و هیـوادار بیـن ئـەم پەیوەندییانـە باشـتربوونێکی درێژخـان بـە خـۆوە ببینـن. ئێمـە بەرژەوەندیـی ژیانیـمان لـە عێـراق و کێڵگـە نەوتییەکانـی عێراقـدا هەیـە، حکومەتـی عێـراق مۆڵەتـی بـۆ فڕینـی هێـزی ئاسـمانی پاشـایەتی (Royal Air Force) [بەریتانیـا] بەسـەر خاکـی ئـەم وڵاتـەدا داوە. هەروەهـا ئێمـە پەیوەنـدی کلتوریـمان لەگـەڵ عێراقـدا هەیـە و ئەمـە و سـەرەڕای ئـەوەی عێـراق بازاڕێکـی گرنگـە بـۆ هەناردەکردنـی کاڵاکانمـان بـۆ ئـەم وڵاتـە. ئەگـەر بێـت و ئـەم وڵاتـە بتوانێـت سـەقامگیریی سیاسـی دەسـتەبەر بـکات و سـەرچاوە ئابورییەکانـی بـەرەو پێشـەوە ببـات، ئـەم سـەقامگیری و پێشـکەوتنە بـە شـێوەیەکی گشـتی بەشـدار دەبێـت لـە پێشـکەوتن و سـەقامگیری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

ئەگەرچـی بـە گومانیـن لـەوەی ئاگربەسـتی ئێسـتای نێـوان حکومـەت و کـورد، ببێتـە هـۆی گەیشـتن بـە چارەسـەری هەمیشـەیی کێشـەی کـورد، بـەڵام ناتوانیـن لـەم بـارەوە هیـچ کارێـک بکەیـن، ببێتـە هـۆی دروسـتکردنی هەسـتێک کـە حکومەتـی بەریتانیـا دەسـت لـە کاروبـاری ناوخـۆی عێـراق وەردەدات. لـەم بـارەوە پێویسـتە ئامـاژە بـەوە بـدەم، حکومەتـی عێـراق زۆر بـە وردیـی دەڕوانێتـە هەڵسـوکەوتی حکومەتـی خاوەنشـکۆ لەبەرانبـەر کـورددا. ئێمـە چەندیـن جـار بـۆ نوێنەرانـی حکومەتـی عێـراق دووپاتمـان کردووەتـەوە، حکومەتـی خاوەنشـکۆ بـە هیـچ شـێوەیەک یارمەتـی کـوردی عێـراق نـادات و هانیـان نـادات. هەرچۆنێـک بێـت، ئـەم دڵنیاکردنەوەیـە نەبووەتـە هـۆی کەمکردنـەوەی ئاسـتی گومانـی عێراقییـەکان؛ هەروەهـا ئـەوان هـەوڵ دەدەن (هەوڵێکی ناسـەرکەوتووانە) بـەوەی ئێمـە هـان بـدەن، ڕێگـری لـە هاتنـی نوێنەرانـی کـورد بـۆ بەریتانیـا بکـەن.

بـۆ زانیـاری تایبەتـی خۆتـان، نێردراوەکانـی کـورد (وەک دکتـۆر مەحمـود عوسـمان) کـە سـەردانی لەنـدەن دەکات، هەمیشـە پەیوەنـدی بـە نووسـینگەی کاروبـاری دەرەوە دەکات. بەهـۆی پەیوەندیەکانمـان لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق و هەسـتیاری حکومەتـی عێـراق لەبەرانبـەر سـەردانکەرانی کـورد بـۆ بەریتانیـا، ئێمـە ناتوانیـن بـە فەرمـی پێشـوازی لـە کـورد بکەیـن و ناشـتوانین داوا لـە وەزیـرەکان بکەیـن، ئـەم کارە ئەنجام بـدەن. بەهەرحاڵ،

فەرمانبەرە تا ڕادەیەک پلە باڵاکانی نووسینگەی کاروباری دەرەوە، بە شێوەیەکی نافەرمی و لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی لە شوێنێک و لە دەرەوەی بەڵێنە فەرمییەکان، پێشوازی لە نێردەی کورد دەکەن. من خۆشحاڵم بڵێم، کورد تەنانەت ستایشی ئەم جۆرە پێشوازیکردنە دەکەن و هەمیشە چاوپێکەوتنەکانمان دۆستانە بووە. کورد دەزانن پێویستە هەڵوێستی فەرمی ئێمە چۆن بێت و لەم بارەیەوە گلەیی ناکەن.

(GEORGE THOMSON)

نهێنی

باڵیۆزی بەریتانیا

بەغدا

(10114/16/67)

١١ی مارچ ١٩٦٧

**کاروباری کورد**

١. مەلا مستەفا هەوڵێکیتری داوە، بۆ هاندانی حکومەتی عێراق، بۆ جێبەجێکردنی تەواو و خێرای مەرجەکانی بەزاز کە لە ٢٩ی جونی ١٩٦٦ ڕایگەیاندبوو. مەلامستەفا لەم دواییەدا نێردەی خۆی، حەبیب محەمەد کەریم کە چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژی لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراقدا ئەنجامیدابوو و بەپێی قسەکانی سەرچاوەکانمان، ئەم چاوپێکەوتنە وەک ئاگادارکردنەوەیەك بوو [لەلایەن کوردەوە بۆ حکومەتی بەغدا]. سەرۆک نێردەکەی دڵنیاکردووەتەوە، کورد لە دڵی ئەودان و گشت هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنی مەرجە ڕاگەیێنراوەکەی بەزاز دەخاتەگەڕ. ڕاپۆرتەکانیتر باس لەوە دەکەن، سەرۆک داوای درێژکردنەوەی مۆڵەت [بۆ جێبەجێکردنی مەرجەکانی کردووە]، تا بتوانێت هەموو ئەو کەسانەی لە دژی ئەم سیاسەتەن، لابدات. حەکیم سوودی لەم دەرفەتەوە وەرگرتووە و سەرۆک کۆماری لە توڕەیی مەلا مستەفا لە پشتیوانی حکومەت بۆ تاڵەبانی ئاگادار کردەوە.

٢. هاوکات هەندێك پێکدادان لە نێوان ئەم دوو گروپە ڕکابەرەی کورددا ڕوویداوە. لە ٢٠ی فێبریوەری نزیکەی هەزار کەس لەلایەنگرانی بارزانی لە ناوچەی قەرەداغ هێرشیان کردووەتە سەر لایەنگرانی تاڵەبانی، ژمارەی کوژراوان بەو کەسانەشەوە کە بە هۆی برینداربوونەوە گیانیان لەدەستداوە، نزیکەی ١٢ کەسە. تاڵەبانی کە لە ٥ی مارچ چاوی بە من و ستیفێن ئیگێرتۆن (Stephen Egerton) کەوت، هیچ ئاماژەیەکی بەم پێکدادانە نەکرد، بەڵام گاڵتەی بە سەردانەکەی ئیدریس بارزانی

بـۆ لای پیـاوە ‹کۆنەکانـی› شـیعە هـات. ئـەو بانگەشـەی ئـەوەی کـرد، دەبـێ پیـاوە نوێیەکانـی کـورد و شـیعە بچنـە پـاڵ یەکـتر و هەوڵـی جڵەوکردنـی «مـەلا سـورەکە›› بـدەن. هەروەهـا ئـەو ئامـاژەی بـەوەدا، بـەردەوام دەبێـت لـە پلانەکـەی سـەبارەت بـە گرێدانـی کۆنگـرەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە باکـوور کـە لـە کۆتایـی ئـەم مانگـەدا گـرێ دەدرێـت و جـەلال تاڵەبانیـش تێیـدا بەشـدار دەبێـت.

٣. لـە هەمانکاتـدا پرسـی کـورد سـەر لەنـوێ لـە سـەروتاری ڕۆژنامەکانـدا دەرکەوتـووە. سـەروتارەکان هەوڵـی ئیمپریالیسـتەکان بـۆ دەنگۆنانـەوە سـەبارەت بـە سـەرهەڵدانی ناکۆکـی لـە باکـووردا کـە هیـچ بنەمایەکـی نییـە، سـەرکۆنە دەکـەن. هەروەهـا ئامـاژ بـەوە دەدەن، برایەتـی کـورد و عـەرەب سـەردەکەوێت. بەڵگەی ئەم سـەرکەوتنەش ئەو سـەقامگیریی و گونجانەیـە لە ‹باکووری خۆشەویسـتدا› (شـمال الحبیـب) بەرقەرارە. ئەم جـۆرە وتـار و تێبینیانـە لـە ڕۆژنامەکانی عێراقدا، بـە دڵنیاییەوە ئاماژەیە بۆ سـەرهەڵدانی کێشـە. ئاماژەیەکیـتر لـە نیگەرانـی حکومـەت لـەو بـارەوە بریتییـە لـەوەی ڕەجـەب عەبدولمەجیـد (جێگـری سـەرۆک وەزیـران و وەزیری ناوخـۆ)، هەروەهـا ئەحمەد کەمال قـادر (وەزیـری کاروبـاری باکـوور) لە گەشـتێکدان لـە باکوور. هیـچ ئاماژەیـەک نییە ئەو دوو کەسـانە سـەردانی مەلامسـتەفا بکـەن، بـەڵام تـا پشـت ڕوانـدز دەچـن، واتـە ئـەو شـوێنەی سـەخت نییـە لەوێـوە پەیوەنـدی بـە مەلامسـتەفاوە بکـەن.

٤. بەدەنگـەوە هاتنێکـی بەرچـاو بـۆ داواکاریـی کـورد بـۆ کۆکردنـەوەی پـارە لـە ئارادایـە. سـتیفێن ئیگێرتـۆن، لـە نامەکـەی بـە ژێـدەری (٦٧/١١/١٠١١٤) لـە ٢١ی فێبریـوەری ئامـاژەی بـەم بابەتـە کردبـوو. سـەرۆک کۆمـار بـە ٢٠٠٠ دینـاری عێراقـی، سـەرۆک وەزیـران بـە ١٥٠٠ دینـاری عێراقـی و هـەر یـەک لـە وەزیرەکانیـتر بـە ١٠٠٠ دینـاری عێراقـی لـەم هەڵمەتـەدا بەشـدار بوونـە. تەنانـەت نووسـینگەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان کـە هیـچ پشتڕاسـتکردنەوەی لـە بـارەی ڕاپۆرتەکانـەوە نـەداوە، بـەڵام بـاس لـەوە دەکات، ‹یونسـێف›یش لـەم هەڵمەتـەدا بڕێکـی بەرچـاوی پـارەی بەخشـیووە. [پلانـی کۆکردنـەوەی پـارە] کـە هیوایەکـی ئەوتـۆی نەبـوو ئامانجەکـەی بپێکێـت، زۆر بـە باشـی بـە وەزیرەکانـەوە دەسـتپێکرد.

٥. مــن کۆپییــەك لــەم نامەیــە بــۆ نووســینگەکانی پاراســتنی زانیارییــەکان لــە عەمــان، ئەنقــەرە، بەحرێــن (Agency and residency)، بەیــروت، قاهیــرە، دیمەشــق، کوێــت، مۆســکۆ، تــاران، تەلەبیــب، واشــنتن و بــۆ نیکۆســیا (Nicosia)، ســکرتێری (J. I. G) لــە قوبــڕس و بــۆ ‹P.O.M. E. C› لــە عــەدەن، دەنێــرم.

(J. F. Walker)

نهێنی

باڵیۆزی بەریتانیا- بەغدا

(10114/20/67)

١٨ی مارچ ١٩٦٧

**کاروباری کورد**

١. پەرەگرافی ٣ لە نامەکەم بە ژێدەری (٦٧/١٦/١٠١١٤) لە ١١ی مارچ ئاماژە دەدات بە سەردانێکی ڕەجەب عەبدولمەجید (جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ)، ئەحمەد کەمال قادر (وەزیری کاروباری باکوور) بۆ باکوور و ئەگەری چاوپێکەوتنیان بە مەلامستەفا بارزانی.

٢. لە ١٢ی مارچ ڕاپۆرتێکمان بە دەست گەیشتووە، ڕەجەب عەبدولمەجید ڕۆژێک پێشتر، [واتە لە ١١ی مارچ] مەلامستەفای لە گەڵالە (بارەگای مەلامستەفا) بینیووە. سەروتاری ڕۆژنامە عەرەبیەکان ئەم چاوپێکەوتنەیان بە مانیفێستی برایەتی کورد و عەرەب خستەڕوو.

٣. ئێمە گوێبیستی ئەوە بووین، لەم چاوپێکەوتنەدا مەلامستەفا گلەیی ئەوەی کردووە، بەرەوپێشچوونێکی زۆر کەم لە جێبەجێکردنی ١٢ خاڵەکەی بەزازدا بەدیهاتووە. جاش یان فورسانی سەڵاحەدین قەدەغەنەکراون، فەرمانبەرانی عەرەب لە کەرتی مەدەنی لە کوردستان ماونەتەوە؛ حکومەت پشتگیریی لە تاڵەبانی دەکات کە هێزەکانی سەر بە ئەو (هەروەك لە نامەی پێشتردا ئاماژەم بۆ کردبوو)، چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە قەرەداغ لەلایەن هێزەکانی بارزانییەوە تێکشکێنران. بارزانی خوازیاری دەستپێکردنەوەی شەڕ نییە، بەڵام دەستپێکردنەوەی شەڕ بۆ ئەو کارێکی سەخت نییە، لە وەڵامدا، بە گوێرەی قسەکانی هاوڕێیەکی باڵیۆزی [بەریتانیا]، ڕەجەب ئەم چوار خاڵانەی خوارەوەی خستووەتە بەردەم مەلامستەفا:

**یەکەم:** هێزەکانی سەر بە تاڵەبانی لە کەمپی بەکرەجۆ لە نزیک سلێمانی کۆدەکرێنەوە و دواتر دەگەڕێنەوە ماڵەکانیان.

**دووەم:** بەشێک لە پێشمەرگە وەک هێزی پۆلیسی باکوور دادەمەزرێن.

**سێیەم:** فەرمانبەرانی کوردستان، کورد دەبەن.

**چـوارەم:** هێـزی ناڕێکخـراوی فورسـان قەدەغـە دەکرێـت و دەگەڕێنـەوە ماڵەکانیـان، بـەڵام سـێ ئاغـای [سـەر بـە خێڵـی] برادۆسـت، تـا ماوەیـەک لـە کۆمەڵـگای زۆرەملـێ لـە هەولێـر نیشـتەجێ دەکرێـن.

٤. لـە ١٨ی مـارچ ڕۆژنامـەی ئەلعـەرەب، لـە وتارێکـدا ئامـاژەی بـەوە کردبـوو، هـەر لـە دوای گەڕانـەوەی ڕەجـەب لـە باکـوور، دوو یەکـەی کارگێڕیـی کـورد لـە باکـوور دامـەزران؛ یەکەمیـان لـە گەڵاڵـە و ئەوەیتریـان لـە خۆشـناوەتی. مـن وەرگێڕانـی وتارەکـەی ڕۆژنامـەی ئەلعـەرەب هاوپێـچ دەکـەم.

٥. ئەگـەر بێـت و ئـەم قسـەیە ڕاسـت بێـت، لەڕاسـتیدا ئەمـە بەرەوپێشـچوونە [لـە پەیوەنـدی نێـوان کـورد و حکومەتـی بەغـدا]. بـە دڵنیاییـەوە زۆرێـک لـە خەڵکـی بەغـدا بـۆ یەکەمجـار لـە دوای چەندیـن سـاڵ، بـە نیـازن بـۆ پشـووەکانی جـەژن کـە هەفتـەی داهاتـووە، بچنـە [هاوینەهـەواری] سـەڵاحەدین، بـەڵام کـورد تـا هەنوکـەش لـە [نیەتـی] ناجـی تالیـب بـە گومانـن، بەتایبەتیـش لـە [نیەتەکانـی] ڕەجـەب کـە بـە لایەنگـری تاڵەبانـی هەژمـاری دەکـەن.

٦. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە، لەگـەڵ هاوپێچەکەیـدا بـۆ نووسـینگەکانی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە ئەنقـەرە، دیمەشـق، تـاران و بـۆ ڕاوێـژکاری گشـتی لـە بـەسرا، دەنێـرم.

(J. F. Walker)

ئەلعەرەب

١٨ی مارچ ١٩٦٧

پەیامنێری ڕۆژنامەی ئەلعەرەب لە باکوور، نووسیوویەتی:

«لە میانەی سەردانی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ باکوور کە لە هەفتەی ڕابردوودا ئەنجامدرا، بەڕێزیان چاویان بە مەلامستەفا بارزانی کەوت. ئاساییکردنەوەی بارودۆخی باکوور، گەڕانەوەی دامودەزگای کارگێڕیی بۆ ناحیە و گوندەکانی باکوور و دامەزراندنی بنکەی پۆلیس، تاوتوێکرا.

دوای گەڕانەوەی جێگری سەرۆک وەزیران بۆ پایتەخت، ڕێکارەکانی گەڕانەوەی تەواوی دامودەزگا کارگێڕییەکان بۆ ناحیەی گەڵالە، دامەزراندنی بەڕێوەبەری ناحیە، پیاوانی ئایینی و پۆلیس، گیرایەبەر. ناحیەی گەڵاڵە شوێنی مانەوەی مەلامستەفا بارزانییە. ئەم ناحیەیە لە ژێر دەسەڵاتی قەزای ڕواندز و سەر بە لیوای هەولێرە. هەروەها بەڕێوەبەرێک بۆ ناحیەی خۆشناو دامەزراوە کە سەر بە قەزای شەقڵاوە و لیوای هەولێرە.

هەوڵەکان بەردەوامن بۆ دەستنیشانکردنی کەسی شیاو بۆ پۆستە ئایینی، کارگێڕیی و پۆلیس تا پۆستە چۆڵەکان پڕبکرێنەوە و [پرۆسەی] دامەزراندنی دامودەزگا کارگێڕییەکان لە خۆشەویسترین بەشی وڵاتدا تەواو بکرێت. سەرەڕای ئەمەش، حکومەت ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە وەک هێزی پۆلیس دادەمەزرێنێت.

بە گشتی، سەردانی جێگری سەرۆک وەزیران دەسکەوتی باشی هەبووە. سەرەڕای ئەمەش، بەرپەرچی مەلامستەفا بارزانی نیشاندەری ئەوەیە، تا چ ئاستێک براکانمان لە باکوور لە خەمی دەستپێکردنەوەی ژیانی ئاسایی و گەڕانەوەن بۆ سەر کارەکانیان و ئاوەدانکردنەوەی [وڵات]».

نهێنی

باڵیۆزی بەریتانیا

بەیروت

(1067/2/IRQ)

١٣ی سێپتەمبەر ١٩٦٧

**بارودۆخی کوردی عێراق**

١. هەروەك ئاگادارن، لە ٢١ی سێپتەمبەر باباعەلی شێخ مەحمود سەردانی لەندەن دەکات و بە نیازە چاوی بە دیک بیومۆنت (Dick Beaumont) و تۆنی مۆر (Tony Moore) بکەوێت. بێگومان ئەو بە تەواوەتی باس لە بارودۆخی کورد دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش لەوانەیە ئەم پوختەیەی خوارەوە [لەسەر بارودۆخی کورد] سوودمەند بێت.

٢. بەگشتی وادیارە ڕەوشەکە لەم چەند مانگەی دواییدا ئارام بووە؛ ئەمەش بەتایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ سەرقاڵی حکومەت بە کاروباریتر و تێکچوونی بارودۆخی تەندروستی مەلامستەفا بارزانی (تا ئەم دواییەش ددانەکانی ئازاریان دەدا).

٣. باباعەلی گوتویەتی سوپا بەرەو باکوور جوڵێنراوە، بەڵام لەوانەیە مەبەستی سەرەکیش لەم کارە دوورکردنەوەی یەکەکانی سوپا بێت لە بەغدا. بەهەرحاڵ، لە کۆتایی ئۆگۆستدا بارودۆخی سلێمانی زۆر تێکچوو و چەندین پێکدادان لە نێوان هێزەکانی مەلامستەفا و هێزەکانی جەلال تاڵەبانیدا ڕوویدا. باباعەلی ئاماژەی بەوە کردووە، حکومەت ئەم ڕووداوەی قۆستووەتەوە بە مەبەستی جوڵاندنی فەوجێک بەرەو ئەم ناوچەیە؛ بەڵام محەمەد سەعید ئەلخەفاف، بازرگانێکی کوردی نیشتەجێی بەغدایە، پێیگوتم مەبەستی سەرەکی لە جوڵاندنی هێز، لەبەرانبەر ئەو ئاگادارکردنەوەیە بووە مەلامستەفا دەریکردبوو و هەڕەشەی کردبوو، ئەگەر حکومەت نەتوانێت پیاوانی تاڵەبانی چەک بکات، خۆی کۆنترۆڵی ئەم ناوچەیەدا

دەکات. هەروەها ئەو ئاماژەی بەوە کرد، حاڵی حازر سلێمانی بووە بە کوێتی کوردستان، پێداویستییەکانی ژیان لەوێ زۆرن و گشت ئەم پێداویستیانەش لە ئێرانەوە بە قاچاغ دەهێنرێن (ئەو بازرگانە هەنوکە نووسینگەیەکی بە مەبەستی هێنانی کاڵاکان لە ئێرانەوە دامەزراندووە).

٤. بە گوێرەی قسەکانی باباعەلی، هیچ ڕاستییەک لەو دەنگۆیانەدا نییە، کاتێک مانگی ڕابردوو لە لەندەن بووم، بۆ ئێوەم باسکرد بەوەی عەبدولعەزیز ئەلعوقێلی خەریکی بەهێزکردنی سەنگەرەکانیەتی لەبەرانبەر کورد. باباعەلی باسی لەوەکرد، لە کۆبوونەوەیەکی «سەرکردەکانی بژاردەی نەتەوەیی» کە لەلایەن عارف لە ١٢ی جون لە کۆشکی کۆماری و بە مەبەستی چاوخشاندن بە دۆخی عێراق بەسترا، تێیدا کێشەی کورد تاوتوێکرا و عوقێلی بە دوژمنی هەمیشەیی و سەرسەختی کورد هەژمارکرا و تاهەنوکە هەڵوێستی لەبەرانبەر کورد دا نەگۆڕدراوە. عوقێلی هێرشێکی توندی کردبووە سەر بەزاز، سەبارەت بە سیاسەتەکەی لە چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بەزاز بە شێوەیەکی لۆژیکیانە و تا ڕادەیەک ئاشتیخوازانە بەرگریی لە سیاسەتەکەی کردبوو. بەپێچەوانەوە کاتێک باباعەلی ڕوانگەی کوردی خستبوەڕوو و هەم وەک خۆی بە شەخسی و هەمیشە بە نامە کاتێک کە ناجی تاڵب سەرۆک وەزیران بووە، پەیوەندی پێوە کردووە بە ناجی تاڵبی داوە، ناجی تاڵب باسی ئەوەی کردووە، ئاگاداری ئەم پەیوەندییانە نییە.

٥. لەو کاتەوە بەزاز وەڵامی وتارێکی ئەلتەئاخی، ڕۆژنامەی سەر بە مەلامستەفا لە بەغدا داوەتەوە، لای کورد ڕێزی نەماوە، بەزاز لە وتارەکەیدا نکۆڵی لەوە کردووە، هەرگیز لەگەڵ مەلامستەفا لەسەر ئەم ١٢ خاڵە گفتوگۆی کردبێت، یان هیچ جۆرە مەرجێکی نهێنی بۆ ڕێککەوتن لە ئارادا نەبووە. وادیارە ڕۆژنامەکە بە نەرمی وەڵامی بەزازی داوەتەوە و بەزاز نەیتوانیوە وەڵام بداتەوە. وەک باباعەلی دەڵێت «نکۆڵیکردنی بەزاز دەسکەوتی حکومەتەکەی و بڕوای ئێمە بە نیەتپاکی مەبەستەکانی لەبار برد»، تەنانەت غەیرە-کوردی عێراقیش ئاماژە بەوە دەدەن، بەزاز گورزی لە ناوبانگی خۆیدا.

٦. مـن پێموایـە ئـەم [زانیارییانـەی] سـەرەوە، زۆر پشتڕاسـتکراو نیـن، بـەڵام ئـەو کوردانـەی مـن چـاوم پێکەوتـوون وەک باباعەلـی، محەمـەد سـەعید و مەحمـود بابـان، گشـتیان شـتێکی ئەۆتۆیـان نەبـوو، بیڵێـن. وەک دیاربـوو هەمـوو ئـەم کەسـانە بۆچوونیـان وەک بۆچوونـی گشـت عێراقییەکانـە، بریتییـە لـەوەی حکومەتـی ئێسـتا، ناتوانێـت مامەڵـە لەگـەڵ دۆخـی کـورددا بـکات و تەنیـا نیگەرانـی بریتیـە لـە بەشـداریی کـورد (Kurdish-bashers) لـە سـوپادا گرنگـترە لـە پاڵپشـتیکردن لـە پێکـەوە ژیانـی ئاشـتیانە. (بـۆ نموونـە ئیبراهیـم فەیسـەڵ ئەلئەنسـاری، فەرمانـدەی دوو کەرتـی سـەربازی لـە کەرکـوک، ئامـاژەی بـەوە کـردووە، لێگەڕێـن بـا شـتەکان وەک خۆیـان بـن).

٧. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە تاران دەنێرم.

(H. St. J. B. Armitage)

نهێنی

باڵیۆزی بەریتانیا

بەیروت

(1067/2/IRQ)

٢ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٧

**بارودۆخی کوردی عێراق**

١. تکایە ئاماژە بدەن بە نامەکەم بە ژێدەری (1067/2/IRQ) لە ٢٠ی سێپتەمبەر، کە تێیدا ئاماژە بە تەنازولاتی حکومەت بۆ مەلامستەفا بارزانی کراوە.

٢. وادیارە لە دوای گەڕانەوەی سەرۆک وەزیران، تاهیر یەحیا، لە گەشتێک بۆ باکوور و ڕاگەیاندنی جێبەجێکردنی مەرجەکانی مانگی جونی ١٩٦٦، سەبارەت بە ڕێککەوتنی حکومەت و کورد (خاڵەکانی بەزاز)، هەنگاوەکان [بۆ چارسەریی کێشەی کورد] خێراتر بوونە. بە گوێرەی ڕۆژنامەی بەیروت (Beirut Press)، گرنگترین ئەو خاڵانەی حکومەت لە جێبەجێکردنی داواکاریی کورد گرتوویەتییەبەر بریتین لە:

ا دامەزراندنی ئیحسان شەهرزاد وەک وەزیری شارەوانی (ئەم وەزارەتە زۆرترین بەرپرسیارێتی لە بەڕێوەبردنی کاروباری باکووردا لە ئەستۆدایە).

ب ڕێکارەکان گیراونەتەبەر، بۆ گواستنەوەی عەرەبەکان لە ناوچە کوردییەکانی باکوور و گەڕاندنەوەیان بۆ زێدی خۆیان.

ج لێژنەیەکی وەزاری بۆ داڕێشتنی یاسایەکی نوێی تایبەت بە سیستەمی کارگێڕیی خۆجێیی [لە باکوور] دامەزراوە.

د ڕێککەوتنێک لەگەڵ کۆمپانیاییەکی ئیتاڵی گرێدراوە، بە مەبەستی دووبارە ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی باکوور.

٣. لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ مەهدی ڕەحیم کە بازرگانە و پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ تاهیر یەحیا و زۆرێک لە وەزیرەکاندا هەیە، ئەو ئاماژەی بەوەکرد، لە کۆبوونەوەی نێوان مەلامستەفا و تاهیر یەحیا، سەرەڕای خاڵەکانی (س) و (د) لە سەرەوە تەها

یەحیا ئـەم بەڵێنانـەی خوارەوەشـی داوە:

ا چـڕی ئـەو ژمـارە زۆرەی سـوپای حکومـەت لـە باکـوور (بـە تایبەتیـش لـە کەرکـوک) بـۆ ژمـارەی ئاسـایی بـارەگا سـەربازییەکان کـەم دەکرێنەوە.

ب فورسانی ئەلوەلید قەدەغە دەکرێن.

ج جەلال تاڵەبانی و لایەنگرانی لە کوردستان پاشەکشە دەکەن.

٤. لەلایـەن خۆیـەوە مەلامسـتەفا، ڕەزامەنـدی دەربـڕی کە حکومـەت دامـودەزگا کارگێڕییە خۆجییـەکان بکاتـەوە، بەتایبەتیـش کردنـەوەی بـارەگای پۆلیـس لـە پێنجوێن.

٥. هەروەهـا مەهـدی ئامـاژەی بەوەکـرد، شـاندێکی وەزیـران هەفتـەی ڕابـردوو سـەردانی باکووریـان کـرد، تـا لەبـارەی جێبەجێکردنـی ئـەو خاڵانـەی ڕێکەوتنیـان لەبـارە کـراوە گفتوگـۆ لەگـەڵ نوێنەرانـی مەلامسـتەفادا بکـەن، بەتایبەتیـش سـەبارەت بـە چۆنیەتـی دامەزراندنـی [یەکەیەکـی] کارگێـڕی بـۆ کـورد.

٦. لێرە لە بەیروت، ئەو عێراقیيانەی زانیارییان لەسەر ئەم بابەتە هەیە، لەوبڕوایەدان تاهیر یەحیا، بۆیە ئەم دەستپێشخەرییە دەکات، تا پێگەکەی خۆی بەهێز بکات. کورد هەروەك زۆربەی عێراقییەکان بڕوایان بە ئەو نییە، بەڵام بۆئەوەی تاهیر یەحیا ئەو بەڵینانەی داوە، بە زوترین کات جێبەجێیان بکات، دەبێت لەگەڵ کورد ڕێک بکەوێت و بە پشتیوانی بارزانی کەسایەتییەکانی وەک فواد عارف و زیاد عوسمان ببنە ئەندامی کابینەی وزاری. ئەمەش دەبێتە هۆی پووچەڵکردنەوەی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی لە دەوری ئەلعوقێلیدا گردبوونەتەوە (بە تایبەتیش ئەو کەسانەی سەبارەت بە پرسی کورد وەک تاهیر یەحیا هاو بۆچوون نین). هەروەها بۆشایی لە نێوان ئەفسەرانی سوپا کە لایەنگری چارەسەری پرسی کوردن و ئەو ئەفسەرانەی دژی چارەسەرین، دروست بکات. بە چارسەرەکردنی پرسی کورد بە جۆرێک لە جۆرەکان، تاهیر دەتوانێت کات دەستەبەر بکات، تا جۆرێک لە ڕێککەوتنێکی نەوتی بخاتەڕوو کە بۆ خۆشی سوودی دارایی هەبێت.

٧. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ جـۆن لێسـی (John Leathy) لـە نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە تـاران، دەنێـرم.

(H. St. J. B. Armitage)

نهێنی

باڵیۆزی بەریتانیا

بەیروت

(1067/2/IRQ)

٢٦ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٧

**بارودۆخی کوردی عێراق**

١. تکایە ئاماژە بە نامەکەم بە ژێدەری (1067/2/IRQ) لە ٢ی ئۆکتۆبەر بکەن کە پەیوەستە بە دەستپێشخەری تاهیر یەحیا، بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی کورد.

٢. زۆربەی ئەو کوردانەی لەم دواییەدا چاوم پێیان کەوتووە، وەک باباعەلی و زیاد ئەحمەد عوسمان، کە لە دەرەوە گەڕاونەتەوە بەغدا؛ گشت ئەم کەسانە لە نیەتپاکی جووڵەکانی تاهیر یەحیا و ئەگەری هەر جۆرە چارسەرییەک لەگەڵ حکومەتی ئێستای عێراق بە گومانن. مەحمود بابان کە سەرۆک خێڵێکی کوردییە و بۆ چەندین جار پێش ساڵی ١٩٥٨، بووە بە وەزیر و حاڵی حازر لە بەیروت نیشتەجێیە، بە منی گوت تەنازولاتی یەحیا، لە نیوەی ئەو مەرجانەی بەزاز لەسەری ڕێککەوتبوو کەمترە، کەچی تەنازولاتی یەحیا ڕووبەڕووی دژایەتی زۆرتر بووەتەوە. مەحمود بابان گوتی: حکومەت هەنگاوی پێویستی بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەرجانەی تاهیر لەگەڵ [کورد] لەسەری ڕێککەتووە، نەهاوێشتووە و هەروەها دووبارە بارودۆخی دەوروبەری سلێمانی تێکچووە. لەم دواییانەدا شەڕ لە نێوان لایەنگرانی بارزانی و تاڵەبانیدا ڕوویداوە و لەوانەیە ئەمەش ببێتە هۆی هێرشێکی بەرفراوانی [حکومەت]. محەمەد سەعید ئەلخەفاف، کە بەم نزیکانە لە عێراق بۆ بەیروت گەڕاوەتەوە، ئەم قسانەی سەرەوەی بۆ من پشتڕاست کردەوە و ئاماژەی بەوەدا بەرهەمی ئەم ساڵی توتن و دانەوێڵەی کورد زۆر باش بووە و بیر لەوە دەکەنەوە ڕووبەڕووی شەڕێکیتر ببنەوە.

٣. تەنیا هەواڵێک کە بە پێچەوانەی قسەکانی سەرەوە من گوێبیستی بووم، قسەکانی دکتۆر حلمی سامەڕایی بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای نەوتی عێراقە لە کەرکوک. ئەو پێیگوتم ئەو خێزانە عەرەبانەی لە گوندەکانی کورد دەژیان، گوازراونەتەوە، لە شوێنێکیتر نیشتەجێ دەکرێن.

٤. سەبارەت بە سەردانی م. دەمیرێل (M. Demirel) بۆ بەغدا (نامەکەم بە ژێدەری (1067/2/IRQ) لە ٢٥ی ئۆکتۆبەر)، لۆرێنت (L'Orient) لە ٢٢ی ئۆکتۆبەر ڕاپۆرتێکی ناردووە بەوەی ڕۆژنامەی جمهوریەت (Cumhuriyet)ی دژی بارزانی کە لە ئیستانبۆل دەردەچێت، لە سەروتارەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە، جوڵانەوەی کورد لە کێشە هەرە لە پێشەکانی نێوان عێراق و تورکیایە.

٥. بە کورتی بارایانی (Barayani) لە ئەنجوومەنەکانی ڕزگارکردنی کوردستان (Societies for the Liberation of Kurdistan) کە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە دامەزراوە، دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی (autonomus) کوردستانی وێنا کردووە کە خاوەنی کێڵگە نەوتییەکانە. تورکیا ناتوانێت لەبەرانبەر کێشەی بارزانی دەستەوەستان بێت و ئەگەر ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، بەدواهاتی زۆر جیدیی لێدەکەوێتەوە. بە پێی قسەکانی زیاد عوسمان و بابان، ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە هیچ بەهایەکیان نییە؛ بەڵام بە بڕوای بابان، ئەگەر بێت و حکومەتی عێراق ڕەچاوی سیاسەتی تورکیا بکات لەبەرانبەر کورد، لەوانەیە ئەمەش حکومەتی عێراق هان بدات، لە دژی بارزانی دەست بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی بکاتەوە. هەروەها، ئەو ئاماژەی بەوەکرد، حکومەتی سوریا دەستیکردووە بە دەرکردنی کورد لەو ناوچانەی کێڵگەی نەوتین و دوورخستنەوەیان لە سنوورەکانی کێڵگە نەوتییەکان.

٦. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەکانی پاراستنی زانیارییەکان لە ئەنقەرە و تاران دەنێرم.

(H. St. J. B. Armitage)

D. Montgomery, Esq,

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە

نهێنی

بەشی بازرگانی

باڵیۆزی بەریتانیا

بەیروت

(1067/2/IRQ)

٢٩ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٧

**بارودۆخی کوردی عێراق**

١. تکایـە ئامـاژە بـە نامەکـەم بـە ژێـدەری (1067/2/IRQ) لـە ٢٦ی ئۆکتۆبـەر بکـەن کـە پەیوەسـتە بـە کـورد.

٢. هەفتـەی ڕابـردوو، ڕۆژنامـەی بەیـروت (Beirut Press)، ڕاپۆرتێکـی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی بڵاوکـردووە، بـەوەی، چاوەڕوان دەکرێـت بـەم نزیکانـە هەنـگاوی گرنـگ و خێـرا لەلایـەن حکومەتـەوە «بـۆ بەهێزکردنـی ئاسـایش و سـەقامگیریی لـە باکـووری عێـراق›› ڕابگەیێندرێـت؛ ئەمـەش لـە دوای ئـەو کۆبوونەوەیە هات کە لە نێوان شـاندێکی وەزاری (پێکهاتـوو لـە: فەرهـان، [وەزیـری] چاکسـازیی کشـتوکاڵ؛ حەبوبـی، [وەزیـری] کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی و شـاڵی، [وەزیـری] ئاوەدانکردنـەوەی باکوور) و مەلامسـتەفا لە کۆتایـی هەفتـە، لـە ٢٠ و ٢١ی ئۆکتۆبـەر، گرێـدرا. ڕۆژنامـەی جیهانـی عـەرەب (Arab World) ئـەم کۆبوونەوەیـەی بـە ‹مـەرج لـە دواییـن سـاتەکانیدا› (a last-minute bid) وەسـفکرد، بـۆ دوورکەتنـەوە لـە شـەڕ لەگـەڵ کـورد و بـە کورتـی سـەرنجی لەسـەر ئـەو بابەتانـەی لـەم کۆبوونەوەیـدا گفتوگۆیـان لەسـەر کـراوە، خسـتووەتەڕوو. بێگومـان ئەم [زانیاریانـە] لەلایـەن کـوردی سـەر بـە باڵـی ڕاسـتڕەو یـان لەلایـەن سـەرچاوەکانی ئـەم ڕۆژنامەیـەوە خراونەتـە بەردەسـتیان. (مـن کۆپییـەك لـەم سـەرنجە هاوپێـچ دەکـەم).

٣. زانیومـە سـەردانی شـاندەکە بـۆ لای بارزانی لەسـەر داوای خـودی بارزانی بـووە، ئەمەش بـە هـۆی بەرزبوونـی ژمـارەی ئـەو هێرشـانەی لەلایـەن لایەنگرانـی تاڵەبانیـەوە بـۆ

سەر لایەنگرانی بارزانی ئەنجام دەدرێت، کە لە دوای هەر هێرشێک لە بەکرەجۆ، بە هاوکاری سوپای عێراق، پاشەکشە دەکات. بارزانی ٧٢ کاتژمێر مۆڵەتی داوەتە حکومەت، تا تاڵەبانی بۆ شوێنێکیتر بگوازێتەوە و هێرشەکانی بوەستێنرێن. ئەم مۆڵەتەش لە ٢٣ی ئۆکتۆبەر تەواو دەبێت، ئەمەش ڕەزامەندی لەسەر دراو بووە هۆی ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٢ی مانگدا کۆبوونەوەیەکی بەپەلە ئەنجام بدات و تاڵەبانی و پیاوەکانی بۆ چەمچەماڵ گوازرانەوە. ئەگەرچی گواستنەوەی تاڵەبانی بووە هۆی لێکنزیک کردنەوەی بارزانی و تاهیر یەحیا، بەڵام بووە هۆی بەتوندی بەرهەڵستکردنی تاهیر لە ناو سوپادا.

٤. من لە مەحمود بابان، گوێبیستی ئەوە بووم ژمارەیەک پێشمەرگە لە گوندەکانی خۆیاندا نیشتەجێ کراونەتەوە. هەروەها حکومەت بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، بڕە پارەیەکی بۆ عەبدولفەتاح شالی، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی باکوور، تەرخانکردووە.

٥. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ جۆن لێسی (John Leathy) لە نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە تاران، دەنێرم.

(H. St. J. B. Armitage)

D. Montgomery, Esq,

نووسینگەی کاروباری دەرەوە

تێبینی: ڕۆژنامەی ‹ئەلنەهار›ی بەیروتی لە ٣١ی ئۆکتۆبەردا، لە سەر زاری گوتەبێژێکی عێراقی ڕاپۆرتێکی بڵاو کردووەتەوە کە لە ٣٠ی ئۆکتۆبەردا، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، [کورد و حکومەت] گەیشتوونەتە ڕێککەوتن.

جیهانی عەرەب (Arab World)

٢٦ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٧

بــە گوێــرەی ســەرچاوەیەکی ئــاگادار، حاڵــی حــازر، ســەرەکیترین داواکارییەکانــی کــورد، ئەمانــەی خــوارەوەن:

١. بابەتەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی ناوچەکان لە بەر ڕۆشنایی یاسای کارگێڕیی خۆجێیی.

٢. سەر لە نوێ گەڕاندنەوەی ژیانی پەرلەمانی.

٣. ئازادی چالاکییە سیاسییەکانی کورد.

کــورد دەڵێــن ئــەم داواکارییانــە، لــە ڕێککەوتنــی ٢٩٦ جــون ١٩٦٦، کــە لەگــەڵ دکتــۆر عەبدولرەحــمان بــەزازدا گرێــدرا، مەرجــی نهێنــێ بــوون؛ ڕێکەوتنێــک کۆتایــی بــە شــەڕ و دوژمنکاریــی لــە باکــووردا هێنــا؛ هەرچەنــدە دکتــۆر بــەزاز بــە بەردەوامــی دووپاتــی دەکــردەوە، هیــچ مەرجێکــی نهێنــی لــە ڕێککەوتنەمەکــەدا نەبــووە.

داواکاریی ژمارە یەک: سەبارەت بە کارگیڕیی (ئیدارەی) خۆجێیی، ئەم بابەتە بە هەستیارترین بابەت هەژمار دەکرێت. کورد داوا دەکەن، دهۆک کە سەر بە لیوای موسڵە، لە بەر ڕۆشنایی پڕۆژەی یاسای کارگێڕیدا، ببێت بە یەکەیەکی ئیداری سەربەخۆ؛ زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی دهۆک کوردن. کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن بەزاز لەسەر ئەم خاڵە، بە پێی ڕێککەوتنی ٢٩ی جون ١٩٦٦، ڕازیبووە. هەروەها، بارزانی داوا دەکات لیواکانی باکوور، بە پێی یاسای نوێی کارگێڕیی، بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت. ئەم بودجەیە لەلایەن ئەنجوومەنە خۆجییەکانەوە، بۆ پڕۆژەی تایبەت خەرج دەکرێت.

هەروەهــا کــورد داوا دەکــەن، کۆتایــی بــە قۆناغــی گواســتنەوە لــە وڵاتــدا بهێنرێــت و هەڵبژاردنــی گشــتی لــە سەرتاســەری وڵاتــدا بەڕێــوە بچێــت و ژیانــی پەرلەمانتــاری بــو وڵات بگەڕێتــەوە. کــورد پێداگــری لەســەر ئــەوە دەکــەن، نابێــت هیــچ پێــش مەرجێــک لــە ئــارادا بێــت کــە کــێ دەتوانێــت بەشــداری لــە هەڵبژاردنەکانــدا بــکات و کــێ ناتوانێــت. کــورد زۆر بــە تونــدی دژی ڕەشنووســی یاســای هەڵبژاردنــن کــە لــە ســەرەتای ئــەم ســاڵەوە دەرچــوو و مەرجــی دانــاوە، دەبێــت کاندیــدەکان ڕەزامەنــدی ئەنجوومەنــی وەزیــران دەســتەبەر بکەن.

سەبارەت بە ژیانی سیاسی کورد، بارزانی و لایەنگرانی داوای مانەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکەیان، واتە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن و ڕەتیدەکەنەوە، ئەم پارتە تێکەڵ بە ‹یەکێتی سۆشیالیستی عەرەبی عێراق› بکرێت کە لەلایەن حکومەتەوە کۆنترۆڵ کراوە. حکومەت هەوڵدەدات ئەم ڕێکخراوە تەنیا ڕێکخراوی سیاسی وڵات بێت. کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن، بوونی ئەم جۆرە ڕێکخراوە نەك تەنیا نادیموکراتییە، بەڵکو کورد بارودۆخێکی تایبەتیان هەیە، هەر بۆیەش پێویستە خاوەن ڕێکخراوی سیاسی تایبەت بەخۆیان بن کە لە ڕێکخراوە سیاسییەکانیتری بەغدا جیاواز بێت. کورد دەڵێن مافی ئازادی سیاسی بۆ کورد، لە ڕێککەوتنەکەی ٢٩ی جوندا دەستەبەر کراوە.

**__بابەتە لاوەکییەکان:__** کۆمەڵێک بابەتی لاوەکیش لە ئارادا هەن. بارزانی و لایەنگرانی بانگەشەی ئەوە دەکەن، تا هەنوکەش دەسەڵاتداران یارمەتی جەلال تاڵەبانی نەیارەکەی مەلامستەفا دەدەن. تاڵەبانی سەرکردەیەکی کوردە کە لە ساڵی ١٩٦٤دا لەلایەن بارزانییەوە لە [پ.د.ک] دەرکراو پارتێکی کوردی تایبەت بە خۆی دامەزراند و خەریکی کۆکردنەوەی لایەنگرە. تاڵەبانی لە سەرەتای ئەم ساڵەوە، کاتێک حکومەت مۆڵەتی پێدا بگەڕێتەوە بەغدا، هاوکاری حکومەت دەکات.

بە گوێرەی سەرچاوە ئاگادارەکان. لە سەرەتای ئەم مانگەدا زنجیرەیەک پێکدادان لە نێوان لایەنگرانی بارزانی و تاڵەبانیدا ڕوویداوە. دەستەیەک لەلایەنگرانی بارزانی لە ناوچەیەکی نزیک لە شاری سلێمانی گەمارۆی لایەنگرانی تاڵەبانیان داوە. پێکدادانێکی سەخت لە نێوانیاندا ڕوویداوە و حکومەت نەچووەتە ناو بابەتەکە. بارزانی حکومەت بە بەرپرسیار لەم ڕووداوانەدا هەژمار دەکات و پێداگری کردووە، نابێ تاڵەبانی و لایەنگرانی لە سلێمانی بمێننەوە.

بەشداریی نەکردن لە کابینەدا، چونکە تا ئێستا هیچ ڕیککەوتنێک دەستبەر نەکراوە و ڕیککەوتنەکە بە هەڵپسێردراوی ماوەتەوە؛ هەربۆیەش کەسایەتییە ناودارەکانی کوردی لایەنگری بارزانی، بەشدارییان لە کابینەکەی ئێستای سەرۆک وەزیران تاهیر یەحیادا نەکردووە.

نهێنی

باڵیۆزی بەریتانیا

بەیروت

(1067/2/IRQ)

٧ی نۆڤەمبەر ١٩٦٧

**کوردی عێراق**

١. مـن کۆپییـەك لـە وەرگێرانـی بەیاننامـەی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە بۆنـەی شەشـەمین سـاڵوەگەری شۆڕشـی سـاڵی ١٩٦١تـان بـۆ ڕەوانـە دەکـەم.

٢. هیـچ شـتێکی نـوێ لـەم بەڵگەیـەدا نییـە کـە تۆنـی دەنگـی میانڕەوتـرە؛ بـەڵام سـەرەتای مانیفێسـتەکە ئامـاژە بـە پێشـمەرگە و ناکۆکییـە ناوخۆییەکانـی نێوانیـان دەکات.

مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ جـۆن لێسـی (John Leathy) لـە نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە تـاران، دەنێـرم.

(H. St. J. B. Armitage)

D. Montgomery, Esq,

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە لەندەن S. W. 1

شەشەمین ساڵوەگەری شۆڕشە نەمرەکەمان

ئەمڕۆ ساڵوەگەری شۆڕشە نەمرەکەمانە. ئەم شۆڕشە لە گشت خەسڵەتەکانیدا، شۆڕشێکی نەمرە؛ لە بەردەوام بوونیدا، لە سەرهەڵدانە سەرنجڕاکێشەکەیدا، لە شکۆی شەهیدەکانیدا، لە دەسکەوتە گرینگەکانیدا، لە ژێری سەرۆکەکەیدا و لە گەورەیی فیداکارەکانیدا.

ساڵوەگەری شۆڕش- ئەگەرچی هێشتا ئێمە لە شۆڕش بەردەوامین- زۆر شتمان وەبیر دەخاتەوە. ئەم ساڵوەگەرە ترس لە چارەنووسی ئەم شۆڕشەمان لە قۆناغە سەرەتاییەکانیدا و لە سەربەرزیمان وەبیردەخاتەوە، کاتێک کە ئەم شۆڕشە ڕووبەڕووی دیکتاتۆرە بێ باکەکان بووەوە کە لەو بڕوایەدا بوون، دەتوانن گشت خەڵک ملکەچی فەرمانەکانیان بکەن. هەروەها ئەم ساڵوەگەرە هیوای سەرکەوتنمان وەبیر دەخاتەوە کە دواتر ئەم هیوایە بوو بە حەقیقەت.

ساڵوەگەری شۆڕش، بۆ گشت ئەو کەسانەی دەیانەویت فێر بن، وانەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێنا. [وانەکە بریتییە لەوەی] ئێستا چرکەساتێکی مێژووییە بۆ پێداچوونەوەی بە ڕابردوودا و خوێندنەوەی ئێستا، لە پێناو داڕێشتنی پلانی داهاتوو.

لەم بۆنە گەورەیەدا، دەمانەوێت ئاماژە بە گرنگترین وانە بدەین کە دەتوانرێت بەسەر ئێمەدا -ئێمە، واتە ئەندامانی شۆڕش- و هەندێك لە فەرمانڕەواکانی عێراق کە لە دژی ئێمە و لە دژی شۆڕش وەستانەوە، پیادە بکرێت. ئێمە لەو بڕوایەداین هەڵوێستی ئەم کەسانە کاریگەریی زۆری بەسەر شۆڕشدا هەبوو، نە تەنیا لەسەر پرسی داهاتووی کورد، بەڵکو لەسەر داهاتووی عێراق بە گشتی.

لەم بۆنەیەدا، سەرنجی گشت براکانمان، دەسەڵاتدارە بەرپرسەکانی شۆڕش، ڕادەکێشین کە کێشەکانی تایبەت بە دانوستاندن جیاوازن لە کێشەکانی سەردەمی شەڕ، بە تایبەتیش ئەو کێشانەی پەیوەستن بە پێشمەرگە. لە ماوەی شەڕدا، هەموو کەسێک سەرقاڵی شەڕکردن و [دابینکردنی] پێداویستییەکانی شەڕە. لەم ماوەیەدا تا ڕادەیەکی زۆر هیچ کێشەیەکی تاکەکەسی لە ئارادا نییە، بەڵام لە

کاتـی دانوسـتاندا- بەتایبەتیـش لـە دوای دانوسـتاندن کـە لەوانەیـە بـۆ سـاڵێک یـان زۆرتـر بـەردەوام بێـت- کێشـەی جۆراوجـۆر سـەر هەڵـدەدەن. ئـەم کێشـانە جیـاوازن لـە کێشـەکانی سـەردەمی شـەڕ، بەتایبەتیـش کێشـە تایبەتـی و تاکەکەسـییەکانی پێشـمەرگە کـە قوربانییەکـی زۆریانـداوە و بەردەوامیشـن لـە قوربانیـدان. ئێمـە داوا لـە گشـت ئـەو کەسـانە دەکەیـن کـە هیـوادارن کێشـەی پێشـمەرگە چارەسـەر بکرێـت [هەوڵەکانیـان بخەنەگـەڕ]، چونکـە ئێمـە گشـتمان ئەندامانـی یـەک خێزانیـن ولـە ڕاسـتیدا کەسـی بەرپرسـی [نـاو خێـزان] بـاوک یـان بـرای گـەورەی خێزانـە [کـە بەرپرسـی یەکەمـە]. ئاگاداربـوون لـە پێشـمەرگە و چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانەی خـودی پێشـمەرگە ناتوانێـت چارەسـەریان بـکات -هـەر شـێوازێک بێـت- و تـا ئـەو شـوێنەی بکرێـت پێداویسـتییەکانی دابیـن بکرێـت؛ وا دەکات دەسـکەوتی زۆرتـر دەسـتەبەر بکرێـن لەوانـەی لـە دەسـپێکی شۆڕشـی ١١ی سـێپتەمبەری ١٩٦١دا دەسـتەبەر کـران.

دەبـێ لەبیرمـان نەچێـت دوژمـن هیـچ لێبوردەییەکـی نییـە و یەکێـک لـە ئامرازەکانـی بەردەسـتی بـۆ لەباربردنـی شـۆڕش، قەدەغەکردنـی پێشـمەرگەیە. لـەم بارەیـەوە گروپـە خائینەکـە [هیـچ ناوێـک نەهێـنراوە] وەک بریکارێـک کار دەکات. ئـەوان هـەوڵ دەدەن پێشـمەرگە ڕازی بکـەن، تـا واز لـە شـۆڕش بهێنـن و بـەم جـۆرە نرخـی خۆیـان لـە بـازاڕی خیانەتـدا بـەرز بکەنـەوە، بازاڕێـک لەلایـەن ئاغاکانیانـەوە کراوەتـەوە، بەڵام هـەروەك چۆن لـە بوارەکانیـتر ئـەوان و ئاغاکانیـان بـە تەواوەتـی شکسـتیان هێنـا، لـەم بوارەشـدا شکسـت دێنـن. تەنیـا ئـەوە نەبێـت، هەندێـك پاشـماوە یـان [لەنـاو پێشـمەرگەدا] مابوونـەوە وازیـان لـە شـۆڕش هێنـاوە، ئـەم کەسـانە ماوەیەکـی درێـژە وازیـان لـە چالاکییەکانیـان هێنـاوە؛ لـە باوەشـکردنی ئـەم پاشـماوانە، سـەرکەوتنە بۆیـان، تـا پـارەی زۆرتـر وەربگـرن.

ئێمـە داواکاریـن لـە گشـت ئـەو کەسـانە دەتوانـن، یارمەتـی پێشـمەرگە بـدەن و خۆشـحاڵیان بکـەن. هەروەهـا وەبیـری پێشـمەرگەی دەخەینـەوە، ئـەوان بوونەتـە پێشـمەرگە، تـا خزمـەت بـە ئامانجـە نزیـک و دوورەکانـی گەلـی کـورد بکـەن. سـەرەڕای ئەمـەش، ئێمـە داوا لـە گەلـی کـورد دەکەیـن، تـا لـە پێنـاو سـەرکەوتن و بـەرەو پێشـبردنی شـۆڕش، فیـداکاری زۆرتـر بکـەن.

لەهەمانکاتـدا داوا لـە گشـت ئەندامەکانمـان دەکەیـن، ببنـە نموونـەی خزمەتکـردن، فیـداکاری، خۆپشتگوێ-خسـتن و ئـەو ڕۆڵـە مێژووییـەی لەسـەر شـانیانە، بیگێـڕن.

ئـەم سـاڵوەگەرە لـە سـاڵوەگەری سـاڵانی ڕابـردوو جیـاوازە. بـە شـێوەیەکی فەرمـی، ئێمـە لـە دۆخـی ئاشـتیداین و بەردەوامـی بـە دانوسـتاندنەکان دەدەیـن؛ کەچـی لـە ئەرزی واقیعـدا شـەڕ نەوەسـتاوە. حکومـەت بـڕە پارەیەکـی زۆری بـۆ بەرتیلـدان و پڕچـەک کـردن و پارەدارکردنـی جاشـەکانی ٦٦ تەرخـان کـردووە [لەوانەیـە مەبەسـتی ئـەو جاشـانە بـن کـە لـە سـاڵی ١٩٦٦ [لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە] تەجنیدکـران]؛ بـە مەبەسـتی هێرشـکردنە سـەر هاوڵاتیـان و بڵاوکردنـەوەی گەندەڵـی و پشـێوی و ڕێگـە نـادەن کـە خەڵـک سـوود لـە بەرهەمـی کارە سـەختەکەیان وەرگـرن و لـە ئاشـتی و سـەقامگیریدا بژیـن. ئێمـە چالاکیـی جاشـەکانی ٦٦ ڕێـک وەک چالاکییەکانـی حکومـەت هەژمـار دەکەیـن. لەڕاسـتیدا هانـدەر و دوژمنکاریـی ئـەم خائینانـە بەشـێکە لـە پلانـی گشـتی حکومـەت کـە بـە مەبەسـتی لەباربردنـی شۆڕشـی کـورد بەبـێ هیـچ قەرەبـوو کردنەوەیـەک داڕێـژراوە. بـۆ گەلـی کـورد هەسـتێکی زۆر تـاڵ لەبەرانبـەر هەڵسـوکەوتی دەسـەڵاتدارانی عێـراق دروسـت بـووە. ئـەم گەلـە تێکۆشـەر و دانبەخوداگـەرە، بـە درێژایـی مێـژووە پڕشـانازییەکەی، بەڵێنی زۆری پێـدراوە، بـەڵام لـە پشـتەوەی هـەر یـەک لـەم بەڵێنانـە پیـلان و خیانەتکارییـەک هەبـووە. ئەنجامـی دانوسـتاندنەکانی سـاڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ تـا هەنوکـەش لـە بیـرەوری ئێمـەدا وەک خـۆی ماوەتـەوە. ئەگـەر پێویسـت بێـت ئامـاژەی بـە ڕێکەوتـی نزیکـتر بکەیـن، ئێمـە دەتوانـن ئامـاژە بـۆ ڕۆژانـی [دامەزراندنـی] حکومەتـی عێـراق و ڕاگەیاندنەکەیـان لـە سـاڵی ١٩٤٣ و ١٩٢٢ بدەیـن، ئـەم ڕاگەیاندنانـە بـۆ هـەر کەسـێک کـە چاودێـری پرسـی کـورد لـە عێـراق دەکات، نـاسراون.

ئێسـتا بـۆ کـورد دەرکەوتـووە، دوای دەربازبوونـی ١٤ مانـگ لەسـەر بەیاننامەکـەی ٢٩ی جـون، هەڵسـوکەوتی حکومەتـی ئێسـتای عێـراق هەمـان هەڵسـوکەوتی حکومەتەکانـی پێشـووە کـە تەنیـا بـە وشـە نـەک بـە کـردار وەڵامـی مافەکانـی کوردیـان دەدایـەوە، تـا بەم جـۆرە کات دەسـتەبەر بـکات و سـەر لەنـوێ هێـرش بکاتـە سـەر جوڵانـەوەی کـورد، تـا ئـەم جوڵانەوەیـە و بەڵێنەکانیـان پێکـەوە لەبـار بەرێـت.

بـەڵام ئەمـڕۆ شۆڕشـی کـورد لـە شـۆڕش و جوڵانەوەکانـی ڕابـردوو جیـاوازە. ئەگـەر ئەزموونـــی دانوســـتاندنەکانی ســـاڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤، پێشـــلکارییەکانی حکومەتمـــان لەبەرانبـــەر پابەندییەکانیـــدا وەبیربێنێتـــەوە، کەواتـــە چارەنووســـی ئـــەم حکومەتـــە بەڵێنەکانـی پیشـێل بـکات و دووبـارە شـەڕ لـە نێـوان براکانـدا هەڵبگیرسـێنێتەوە، دەبـێ وەبیـر دەسـەڵاتدارانی عێـراق بهێنیتـەوە، هەمـان چارەنووسـی ڕەش چاوەڕوانـی هـەر کەسـێک دەکات کـە لـە ڕێگـە لادەدات و بیـر لـە خیانـەت دەکاتـەوە و پیلانگێڕیـی ئەنجـام دەدات و بەیاننامەکـەی ٢٩ی جـون پشـتگوێ دەخـات.

تـا هەنوکـەش شۆڕشـی کـورد پـڕە لـە زیندوویەتـی و چالاکـی. ئـەم شۆڕشـە زۆر بـە قوڵـی لـە دڵ و ویژدانـی خەڵکـدا ڕەگـی داکوتـاوە. ئـەو کەسـانەی ئـەم شۆڕشـە لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنی پشـتی پـێ بەسـتووە، تـا ئێسـتاش هەمـان کەسـن. تەنانـەت ئـەم ڕەگەزانـە زۆرتـر جێگیـر بوونـە و ئەزموونـی باشـتریان بەدەسـتهێناوە.

یەکـەم: لـە ڕوانگەیەکـی گشـتییەوە، شـۆڕش درکـی بـە خەونـی نـەوەی ڕابـردووی گەلی کـورد کـردووە. مەبەسـتی ئێمـە لـە نـەوەی ڕابـردوو ئـەو نەوەیەیـە کـە تێکۆشـاوە، بـەڵام بەرهەمـی تێکۆشـانەکەی نەچنیـووە. هەروەهـا شـۆڕش بـۆ نـەوەی نـوێ کـە ئـەم شۆڕشـە بەڕێـوە دەبـات، بریتییـە لـە دەربڕینـی مێـژووی ئـەم شۆڕشـە و هەوڵـە نەپچـڕاوەکان و فیداکارییـەکان. نـەوەی ئێسـتا زۆر بـە باشـی ئـاگادارە کـە نـەوەی داهاتـوو، بـە پێـی ئـەو دەسـکەوتە بەهێزانـەی لـەم شۆڕشـەدا دەسـتەبەر کـراون، هەڵیـان دەسـەنگێنێت. هیـچ شـتێک لـەم شۆڕشـە لـە دڵـی خەڵکـی کوردسـتاندا نزیکـتر نییـە کـە ئـەم خەڵکـە بـەرەو درککـردن بـە ئامانجەکانیـان و دەسـتەبەرکردنی ئازادیـی، ڕێنمایـی دەکات، تـا ئـەم خەڵکـە لـە ئاشـتی و ئارامـی و پێشـکەوتندا بژیـن. هەمـوو ئەمانـەش لـە دروشـمی (خودموختـاری بـۆ کوردسـتان و دیموکراسـی بـۆ عیـراق)دا دەبینرێـن. دروشـمێک هێـمای چوونـە بـەرەو ئـازادی و ژیانێکـی شـەڕەفمەندانە. هـەر بۆیـەش جێگـەی سەرسـوڕمان نییـە، خەڵـک ئـەم شۆڕشـە لەبـاوەش دەگـرن هـەروەك چـۆن دایـک منداڵـە تاقانەکـەی لـە بـاوەش دەگرێـت.

دووەم: لە ڕوانگەی سیاسـییەوە، لە پێشـەنگی ئەم نەتەوەیە پارتی دیموکراتی کوردسـتان دێـت کـە لە میانەی ڕووداوە گرنگە شۆڕشـگێڕییەکانی مێژووی کـورددا دامەزراو، مێژوویەک

کـە پـڕە لە تێکۆشـان و سـەرهەڵدان. ئـەم مێژووە، بەگشـتی، وەک یەکەم هەنگاوی شۆڕشـی ئێسـتاکەمان هەژمـار دەکرێـت کە پارتەکەمان لەسـەرەتای سـەرهەڵدانی شۆڕشـەوە لەخۆی گرتـووە. هەروەهـا، ئـەم پارتـە لەسـەر بنەمـای مافـی نەتەوەیـی و دەسـتەبەرکردنی ئازادی دیموکراسـیانە بـۆ گەلـی کـورد دامـەزراوە و گەشـەی کـردووە، پێشـڕەوی ئـەم شۆڕشـەیە و بـەرەو پێشـەوە پاڵـی پێـوە دەنێت و هێزی بزوێنەری شۆڕشـە. لـە پاڵ ئەمانەش، ئـەم پارتە-بـە ڕێکخـراوە مۆدێرنەکانـی هـزرە پێشـکەوتنخوازەکەیەوە و ژمـارەی ئەندامانـی کـە لـە ٢٥ هـەزار کـەس تێدەپەڕێـت و لـە گشـت چیـن و توێـژە تێکۆشـەرەکانی کـورد پێکدێـت و ئەو دەسـتڕۆییەی فرەوانـەی لـە نـاو خەڵکـدا هەیەتـی- ڕەگـەز و پشـتیوانی سـەرەکی شۆڕشـی هاوچەرخـی کورد پێـک دێنێت.

سـێیەم: سـێیەم ڕەگـەزی پێکهێنـەری ئەم پارتـە بریتییە لـە «ئەلئەنسـار›› نەتەوەییەکەی؛ واتـە هـەزاران هـەزار پێشـمەرگەی بوێـر کـە باشـترین کەسـانی گەلی ئێمـە پێک دێنـن. ئەم بەشـە بەهێـز و یەکگرتـووە بـە بەردەوامـی لـە ڕووی ژمـارە و ئامادەگییـەوە زیـاد دەکات. لـە کاتێکـدا ئـەم هێزانـە لـە هەندێـك هەڵپەرسـت پاکسـازیی دەکرێـن، گەنجـە کـوردە فیـداکارەکان جێگەیـان دەگرنـەوە. ئـەم خۆبەخشـانە ڕووبـەڕووی هەمـوو سـەختیەک دەبنـەوە، وەک سـاردی و گەرمـی کـەش و هـەوا، ماندوویتـی، نەهامەتییەکانـی ژیـان، کوشـتن و دەسـتدرێژی کردنـە سـەر، ئەوەیـان سـەلماندووە، دەتوانـن بەرگـری لـە قـەوارەی گەلـی کـورد بکـەن. ئەمانـە دەزگای جێبەجێـکاری ئازادکردنـی ئـەم خاکـە بەرفراوانـە و بەرگریـکاری دەسـکەوتەکانی شۆڕشـن. هەمـوو کەسـێک زۆر بـە باشـی دەزانێـت، ئێسـتا بـە بـەراورد لەگـەڵ جـاران، ئـەم دەسـتەیە [پیشـمەرگە] بەهێزتـرە و ڕێکخراوتـرە و چەکـی باشـتری هەیـە. ئـەوان ئێسـتا باشـتر لـە جـاران، دەتـوان ئەرکەکانیـان ڕاپەڕێنـن.

چـوارەم: شۆڕشـی کـورد ڕووداوێکـی پەراوێزخـراو نییـە. ئـەم شۆڕشـە لـە نـاو گەلـی عەرەبـی عێراقـدا هاوپەیمانـی هەمیشـەیی لـە دژی دیکتاتۆریـەت و سـتەمکاری و نەیـاری سـەرکوتکارانی، هەیـە. لەمبـارەوە، ئێمـە جەخـت لـەوە دەکەینـەوە، سـەرەڕای تێکۆشـانیان بـۆ دەسـتەبەرکردنی مافـە نەتەوەییەکانیـان، گەلـی کـورد لـە پێنـاو دەسـتەبەرکردنی دیموکراسـی بـۆ گشـت عێـراق خەبـات دەکات. بەواتایەکیـتر، ئـەوان داوا لـە گەلـی عەرەبی

عێراق ناکەن لە دژی ستەمکاری و سەرکوتکاران پشتیوانی [لە شۆڕشی کورد] بکەن، بەڵکو خودی ئەوانیش [عەرەبەکان] لە پێناو مافەکانی ئەم گەلەدا خەبات دەکەن.

دادپەروەرانەیە ئەگەر بڵێین لە هەندێك قۆناغی دیارکراو لە عێراقدا، کوردستان بە تەنیا سەرچاوەی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی سەرکوتکاران بووە، هەر بۆیەش ئەم شۆڕشە سەرنجی گشت خەڵکی بەشەرەفی عێراق، بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. دەسەڵاتدارانی عێراق کە نکۆڵی لە مافی گەلی کورد دەکەن، بە جۆرێک لە جۆرەکان نکۆڵی لە مافی گەلی عەرەبیش دەکەن. بێگومان ئەو شەڕانەی لەلایەن دەسەڵاتدارە یەک لە دوا یەکەکانی عیراق لە دژی گەلی کورد بەرپا کراون، لەلایەن گەلی عەرەبی عێراقەوە پشتگیریی لێناکرێت. ئەگەر ئەم خەڵکە کاروباری خۆیان بە دەستی خۆیانەوە بێت، بە توندی ئەم شەڕە شەمەزار دەکەن، هەروەك چۆن زۆرێک لە هاوڵاتیانی عێراق ئەم شەڕەیان شەرمەزار کردووە.

پێنجەم: لە سەر ئاستی جیهانیدا، ژمارەیەکی کەمی شۆڕشەکان، توانیویانە وەک شۆڕشی کورد، پاڵپشتی ڕای گشتی جیهان دەستەبەر بکەن. ئەمەش چونکە ئەم شۆڕشە، شۆڕشی گەلێکی چەوساوەی بێلایەنە، دەستی یارمەتی بۆ گشت کەسێک درێژ دەکات کە یارمەتیان بدات. هەروەها دەستی یارمەتی بۆ گشت ئەو کەسانە درێژ دەکات، هەڵوێستێکی بێلایەنیان هەبێت. هەربۆیەش، ئەم شۆڕشە لە [بلوکی] ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و وڵاتە بێلایەنەکان، دۆستی هەیە. لێرەدا دەبێ [سوپاسی] گشت ئەو ڕۆژنامەنووسە میانڕەوانە بکەین، لە فەڕەنسی، بەریتانی، ئەڵمانی، سۆڤیەت، ئەمریکی و سکاندیناڤییەکان کە سەردانی کوردستانیان کردووە. هەروەها وتاری زۆر نووسراون و فیلمی زۆریش بەرهەمهێنراون و لە تەلەفزیۆنەکاندا پەخشکراون.

پایتەختەکانی جیهان، لەسەر شاشەی تەلفزیۆنەکانیاندا زۆر فیلمیان لەسەر شۆڕشی کورد بینیووە. هەروەها، زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان، جێگرەکان و ژەنەڕاڵەکان، پشتیوانی خۆیان بۆ شۆڕشی [گەلی کورد] دەربڕیووە.

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بەردەوامـی بـە هەوڵەکانـی خـۆی دەدات، تـا دۆسـتی زۆرتـر بـۆ شۆڕشـی کـورد بدۆزێتـەوە.

شەشـەم: دواجـار نـەک دواییـن جـار، سـەرۆکێکی بـە ئەزمـوون و ژیـر سـەرکردایەتی ئـەم شۆڕشـە دەکات. ئـەو کـوڕی پیاوێکـی ئاییـنداری کـوردە؛ ئـەو کەسـە مەلامسـتەفا بارزانییـە کـە لـە پێنـاو دۆزی ڕەوای گەلەکەیـدا خـۆی بەخـت کـردووە. پـتر لـە ٣٦ سـاڵ لـە تەمەنـی خـۆی وەک شـەڕکەرێک و سـەرۆکێک [بـۆ گەلەکـەی] بەسـەر بـردووە. ئـەو چـوار شۆڕشـی هەڵگیرسـاندووە و سـەرکردایەتی کـردووە و گەورەتریـن ڕاپەڕینـی لـە مێـژووی هاوچەرخـدا ئەنجـام داوە.

بارزانـی، مرۆڤێکـە گشـت تەمەنـی خـۆی لـە خەباتـدا بەسـەر بـردووە، جـا لـە مەیدانـی شـەڕ بێـت یـان لـە مەنفـا یـان لـە خەباتـی سیاسـی، ئەزموونێکـی گـەورەی لـە شـۆڕش هەیـە و خزمەتێکـی گـەورەی بـە شـۆڕش کـردووە. بێگومـان ئەمـەش هـۆکاری سـەرەکی بـوو لـە داڕێشـتنی سیاسـەتێکی دروسـت بـۆ شـۆرش و پارێزگاریکـردن لـەم سیاسـەتە بـۆ دوورنەکەوتنـەوە لـە ئامانجەکانـی خەڵـک.

بەهـۆی ئاڵۆزیـی [پرسـی کـورد] و کەلەڕەقـی فەرمانڕەواکانـی [عێـراق] پرسـی کـورد دوای شـەڕێکی نەپسـاوەی ئەلئەنسـار [پێشـمەرگە]، ئامرازەکانـی چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیەی دۆزیوەتـەوە. خەڵکێکـی کـەم لـە جیهانـدا ئەزموونێکـی وەک بارزانـی لـە شـەڕی ئەلئەنساردا هەیـە. تەنانـەت خـودی ئـەو ڕێنماییکـەری ئەم بەشـەیە [ئەلئەنسـار]. نەوەیەکـی گەنـج لەسـەر دەسـتی ئـەو بـۆ ئـەم جـۆرە شـەڕانە پەروەردەکـراون.

بارزانـی، کەسـێکە بـە دەستپێشـخەری ئـەو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دامـەزرا، ئـەم پارتـە بـە ژیرانـە و وەک سیاسـەتمەدارێکی شـارەزا، ڕێبەرایەتـی دەکات. ئـەو سـەرۆکی نەتەوەیەکـە نـەک تەنیـا بـرا پارتیزانەکانـی، بەڵکـو گشـت گروپـە نەتەوەییەکانـی کـورد بـە دەوریـدا کۆبونەتـەوە. سـەرەڕای ئەمـەش تـەواوی پیـاوە دڵسـۆزەکانی کوردسـتان و خەڵکـی جیهـان وەک سـەرۆکێک لێـی دەڕوانـن.

کاتێـک بارزانـی دەجەنگێـت، کـورد ئەگـەر بـە هـەزاران میلیـش دوور بـن، هەسـت

دەکـەن ئـەو لەپاڵیـان دەجەنگێـت. ئـەو هانـی خەبـات دەدات بـە خەباتەکـەی خـۆی و هانـی بوێریـش دەدات بـە بوێرییەکـەی خـۆی، نموونـەی کەسـایەتییەکی بـەرزە. لـە کاتێکـدا گەلـی ئێمـە ئـەم پیاوەیـان خـۆش دەوێـت و ڕێـزی لێدەگـرن، خیانەتـکاران و دوژمنانـی لێـی دەترسـن.

هــەروەك ئاماژەمــان بۆکــرد دامەزرێنەرانــی ئــەم شۆڕشــە، لــە ســاڵوەگەڕەکەیدا، داوا لـەو دەسـەڵاتدارانەی عێـراق دەکەیـن، کـە هەسـتێکی خراپیـان لەبەرانبـەر ئـەم شۆڕشـە هەیـە و لـە دژیـدا پیـلان دادەڕێـژن و هەوڵـی لەناوبردنـی دەدەن، بـە هەڵسـوکەوتی خۆیانـدا بچنـەوە و گـوێ لـە قسـەی پیلانگێـڕان، ملکـەچ بـووەکان و بەکرێگیـراوان، نەگـرن. هەروەهـا ئـەم فەرمانڕەوایانـە ئـاگادار دەکەینـەوە، هـەروەك چـۆن دامەزرێنەرانـی ئـەم شۆڕشـە ئاماژەیـان پێـداوە، ئـەم شۆڕشـە لەبـار ناچێـت. هـاوکات ئێمـە داواکاریـن لـە دەسـەڵاتدارە بەرپرسـەکان بـە پیـر داواکاری کـوردەوە بێـن و بەیاننامـەی ٢٩ی جـون جێبەجـێ بکـەن. بـەم جـۆرەش سـەقامگیری دێتـەدی و وڵات بەرەوپێشـەوەچوون و بوژانـەوە بەخـۆوە دەبینێـت.

هەر بژیت شۆڕشە نەمرەکەمان.

هەر بژیت شەهیدە نەمر و لە بیر نەکراوەکانمان.

هەر بژیت برایەتی کورد و عەرەب

هەر بژیت پارتیمان، پارتی دیموکراتی کوردستان.

هەر بژیت ڕێبەری شۆڕش و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، مستەفا بارزانی.

واژوو:

مەکتەب سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

١١ی سێپتەمبەر ١٩٦٧

نهێنی

باڵیۆزی بەریتانیا- بەیروت

(1067/2/IRQ)

٢٠ی نۆڤەمبەر ١٩٦٧

**کوردی عێراق**

١. لە نامەکەم بە ژێدەری (1067/2/IRQ) لە ٢٩ی ئۆکتۆبەر، ئاماژەم بەوەدا حکومەت بۆ بەدەنگەوە هاتنی مەلامستەفا بارزانی، جەلال تاڵەبانی و لایەنگرانی لە بەکرەجۆوە بۆ چەمچەماڵ گواستووەتەوە.

٢. باباعەلی کە حاڵی حازر بە سەردانێکی کورت لە بەیروتە، پشتڕاستی کردووەتەوە، سەرەڕای بەڵێنەکانی حکومەت، تا هەنوکە [جەلال تاڵەبانی و لایەنگرانی] نەگوازراونەتەوە. جەلال تاڵەبانی لە کەمپی بەکرەجۆ ماوەتەوە و لەلایەن فەوجێکی عێراقیەوە دەورە دراوە، بەڵام بەلانیکەمەوە جەلال تاڵەبانی هیچ هێرشیکیتری لە پشت پشتگیریکردنەکەی حکومەت [بۆ سەر هێزەکانی بارزانی] ئەنجام نەداوە. بە پێ قسەکانی باباعەلی، ئیحسان شێرزاد وەزیری شارەوانی و کاروباری گوندەکان، نارەزاییەکی خستووەتە بەردەم سەرۆک وەزیران، تاهیر یەحیا، سەبارەت بە شکستی سوپا لە جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران بۆ گواستنەوەی لایەنگرانی تاڵەبانی. تاهیر تەلەفۆنی بۆ سەرۆک ئەرکانی سوپا حەمودی مەهدی کردووە و مەهدی داوای لێبوردنی کردووە لە درەنگ جێبەجێکردنی بڕیارەکە و بە هۆی نەبوونی ئامرازی گواستنەوە و نەبوونی شوێنی هەوانەوە و کەرەستەکانی پێویست لە چەمچەماڵ. یەحیا، فەرمانی بە سەرۆک ئەرکانی سوپا کردووە بە خێرایی لایەنگرانی تاڵەبانی بگوازێتەوە، مەهدی لە وەڵامدا گوتویەتی، ڕێنماییەکانی سەرۆک عارف ئەوەن، ئەم کارە جێبەجێ نەکات.

٣. ئەگەرچی ئەمە نیشاندەری ناکۆکی نێوان سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانە، بەڵام بە بڕوای باباعەلی، ئەوان دوو دەستی لە ئەنجامدانی ئەم کارە دەکەن، تا ئەم

دۆخە بۆمەبەستی ئێستا وەک خۆی بهێڵنەوە (لەڕاستیدا ئەوان گەمە بەو بابەتەوە دەکەن، تا کات بکوژن- نامەکەم بە ژێدەری (1067/2/IRQ) لە ١٨ی نۆڤەمبەر ئاماژەی بەم بابەتە داوە). لە ١٨ی نۆڤەمبەر ڕادیۆی بەغدا ڕایگەیاند، سەرۆک [کۆمار] جارێکی دیکە سەردانی بارزانی دەکات. ئەمەش بەدڵنیاییەوە هەنگاوەکەی تاهیر یەحیا لە چارەسەری کێشەی کورد، ئەگەر بەرەو دواوەی نەبات، پووچەڵ دەکاتەوە. ئەنجامی سەردانی پێشووی بۆ لای بارزانی لە سەرەتای ئەم ساڵەدا، ئەوەی پشتڕاست کردەوە، کورد هیچ متمانەیەکیان پێی نییە. لەڕاستیدا [کورد] بڕوایان بە تاهیر یەحیاش نییە، بەڵام تا ڕادەیەک باشترە ، بەوەی سوود لەم بارودۆخە بۆ قایمکردنی پێگەی خۆی وەردەگرێت (بەداخەوە ئەویش خزمەتگوزاری گشتی بۆ سوودی تایبەتی خۆی بەکاردێنێت)؛ بەڵام ئەگەر ئەویش بەڵێنەکانی لەبەرانبەر کورددا جێبەجێ نەکات، ئیعتیباری خۆی لە دەست دەدات. (باباعەلی تا ڕادەیەک لەو بڕوایەدایە، لەوانەیە تاهیر یەحیا [بۆ کورد] بەسوود بێت). ئەگەر بێت و سەردانەکەی سەرۆک [کۆمار بۆ لای بارزانی] هەنگاوەکەی تاهیر یەحیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەرەو دواوە نەبات، بە دڵنیاییەوە ئەم هەنگاوانە پووچەڵ دەکاتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من بەدواهاتەکان هەر چییەک بێت، سەرۆک کۆمار زەرەرمەندی سەرەکییە.

٤. ئاماژەیەکیتر لە بێ دەسەڵاتی ئەم حکومەتە بریتییە لەوەی، سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی، بڕیاری قەدەغەکردنی کورد لە دروستکردنی خانوو لە لیوای کەرکوک، فەرماندەی هێزەکانی مەیدانی، فەرمانی بە دەسەڵاتە مەدەنییەکان کردووە، ئەم یاسایە پشتگوێ بخەن.

٥. لە کۆتایی مانگی ئۆکتۆبەردا، حکومەت بڕی ٢ ملیۆن دیناری عێراقی بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی باکوور تەرخانکرد. لەوانەیە ئەمجارە مانای تەرخانکردنی ئەم بڕە پارەیە، لە مانای تەرخانکردنەکانی پێشوو جیاواز بێت، هیچ کاتێک ئەو بڕەی [تەرخانکرا]، دابین نەکرا؛ (کۆی گشتی ٢٥ میلیۆن دیناری عێراقی لە دوای ئاگربەستەکەی ساڵی ١٩٦٤)؛ یان هەروەك باباعەلی گوتی، بڕە پارەی خەرجکراوی

ئەمجـارە لەبـری قەرەبووکردنـەوەی ئـەو خێزانـە عەرەبانـە بـوو کـە لـە گوندەکانـی پێشـوی کـورد، گوازراونەتـەوە.

٦. لـەم دوو هەفتـەی ڕابـردوودا ئاسـتی متمانـەی کـورد زۆر بەرزبووەتـەوە. ئەمـەش بـە دڵنیاییـەوە بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە حکومەتـی ناوەنـدی دەسـەڵاتی لـە باکووردا نەماوە، چونکـە بارزانـی لـە زسـتاندا بـە بـێ هیـچ بەرنگاربوونەوەیەک بـەرەو ناوچەی سـلێمانی ڕۆیشـتووە، هەروەهـا، لەبەرئـەوەی کـورد لـەم چەنـد مانگـەی دواییـدا، لـە دوای چەندیـن سـاڵ لـە نەهامەتـی و چەرمەسـەری، [تاڕادەیـەک] ئـازادی و بوژانەوەیـان بـە خـۆوە بینیـوە. (نامەکـەم بـە ژێـدەری (1067/2/IRQ) لـە ٢٦ی ئۆکتۆبـەر). باباعەلـی باسـی ئـەوەی نەکـرد، چـۆن حکومەتـی «ئـازادی» عێـراق لـە کوردسـتان دامـەزراوە، کـە ئـەم بابەتـە لەلایـەن کـوردی نیشـتەجێی بەیـروت و سـەردانکەرە کوردەکانیـش ئامـاژەی پێـدراوە؛ بـەڵام ئامـاژەی بـەوەدا، حاڵـی حـارز، کـورد لـە پێگەیەکـدان بتوانـن هـەر کاتێـک ئـەم حکومەتـە هەڵبوەشـێتەوە، هەندێـك سـوود دەسـتەبەر بکـەن.

٧. مـن کۆپییـەك لـەم نامەیـە بـۆ جـۆن لێسـی (John Leathy) لـە نووسـینگەی پاراسـتنی زانیارییـەکان لـە تـاران، دەنێـرم.

(H. St. J. B. Armitage)

نهێنی

باڵیۆزی بەریتانیا

تاران

(1023A/67)

٢٨ی نۆڤەمبەر ١٩٦٧

**پەیوەندییەکانی نێوان کورد و [حکومەتی] عێراق**

١. تکایە ئاماژە بدەن بە نامەکەی ویگێن (Wiggin) بە ژێدەری (1023A) لە ١٩ی مارچ ١٩٦٦ کە بۆ ریچ (Rich) ناردبووی.

٢. لە ٢١ی نۆڤەمبەر، کەسێک هاتە باڵیۆزخانەکەمان و داوایکرد، سکرتێری باڵیۆز ببینێت. کاتێک سکرتێر چاوی بە پیاوەکە کەوت، ئەو بەڵگەنامەیەکی بە زمانی عەرەبی ڕادەستی سکرتێر کرد و گوتی ئەمە پەیامێکە لەلایەن مەلامستەفا بارزانی، سەرکردەی کورد. ئێمە نازانین ئایا ئەمیر قاسمی هاوڕێ کۆنی بەڕێزتانە.

٣. ئێمە نامەکەمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و هاوکات دەقە ڕەسەنەکەش کە بە زمانی عەرەبیە هاوپێچمان کردووە. هەروەك دەبینن، ئەم نامەیە لەلایەن بارزانییەوە بۆ سەرۆک وەزیران مستەر هارۆلد ویلسن (Mr. Harold Wilson) نێردراوە. تۆنی نامەکە میانڕەوانەیە، بەڵام خودی پەیامەکە زۆر ڕاشکاوانەیە، بریتییە لەوەی حکومەتی عێراق ئەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەکردووە کە لە جونی ١٩٦٦ بە کوردی دابوو، هەربۆیەش بارودۆخەکە مەترسیدارە و مەترسی ڕاستەقینە لە ئارادایە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی شەڕی ناوخۆ.

٤. ئێمە ناتوانین بڵێین ئایا نامەکە موعتەبەرە [واتە هی مەلا مستەفایە یان نا]، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیشمان نییە بڵێین ئەو نییە. ڕێککەوتی نامەکە بۆ ٢٧ی ئۆکتۆبەر دەگەڕێتەوە و لەوانەیە لەو کاتەوە بارودۆخەکە گۆڕانی بەسەردا

هاتبێـت. بـۆ نموونـه، ڕاپۆرتێـک لـه ڕۆژنامـەی تـاران، لـه ڕێککەوتـی ٢٢ی نۆڤەمبـەردا ئامــاژە بــە وتارێکــی ڕۆژنامەیەیــی ‹ئەلعالــەم ئەلئیســلامی› عەرەبســتانی ســعودیا دەدات بـەوەی ڕێککەوتنێـک لـە نێـوان حکومەتـی عێـراق و بارزانیـدا گرێـدراوە، تـا ئـەو کەسـانەی وەبـەر شـەڕ نەکەوتـوون، بگەڕێنرێنـەوە زێـدی خۆیـان.

٥. مــن کۆپییــەك لــەم نامەیــە و هاوپێچەکــەی بــۆ ئارمیتــاژ (Armitage) لــە بەیــروت دەنێــرم.

(D. K. Timms)

A. J. Beamish, Esq

فخامة السيد هارولد ويلسون رئيس وزراء المملكة المتحدة المحترم

السلام عليک و رحمة الله و برکاته

نـود ان نجلـب بهـذه الرسـالة انتبـاه فخامتکـم الـى الوضـع الحالـى الخطيـر السـائد فـى العـراق عامـة و فـى منطقـة کردسـتان خاصـة نتيجـة عـدم تطبيـق حکومـة الجمهوريـة العراقيـة لالتزاماتهـا الـوارده فـى بيـان ٢٩ حزيـران ١٩٦٦ المتفـق عليـه مـن قبلهـا و مـن قبلنـا لاحـلال السـلام فـى العـراق لا لهـذا فقـط بـل بسـبب سياسـة الحکومـة الراميـة الـى تصفيـة الثـورة الکوديـة و محاولـة ضرب شـعبنا الکـوردى الامـن و احتضـان بـل و تشـجيع اعـداء شـعبنا مـن الخونـة و المرتزقـة الامـر الـذى منـع اسـتتباب السـلم طيلـة المـدة المنصربـة و اشـاع جـوا مـن الفوضـى يتميـز بالاعتـدات علـى الحريـة امـن المواطنيـن و نـشر الارهـاب و الرعـب و الخـوف فـى النفـوس و محـاولات التفرقـة و الانقسـام بيـن العـرب و الاکـراد و بکلمـة اخـرى جـو بعيـد عـن کل مـا يمکـن ان يومـن الطمأنينـة و الاسـتقرار و الحـل السـلمى للقظيـة الکرديـة.

لقـد حاولنـا و نحـاول الان جهـد امکاننـا التعـاون مـع الحکومـة المرکزيـة فـى کافـة المجـالات مـن اجـل حـل عـادل لقضيتنـا خـلال المفاوضـات الجاريـة مـع السـلطة المرکزيـة و لکـن کل الظواهـر تـدل علـى عـدم توفـر حسـن النيـة لـدى مسـوؤلى الحکومـة فـى هـذه الاتجـاه و عـدم جديتهـم فـى تطبيـق بنـود بيـان ٢٩ حزيـران و لقـد يئـس شـعبنا مـن جديـة حـکام البغـداد فـى القيـام بأجراءتهـم الموعـودة.

ان هـذه الوضـع المـتردى يحمـل فـى طياتـه خطـورة تجـدد ويـلات اقتـال الاخـوة فـى العـراق و المأسـى التـى عانـى منهـا شـعبنا الکـردى طيلـة سـنوات الحـرب السـتة. ان الثـورة الکورديـة مصممـة علـى العمـل بـکل طاقاتهـا لتجنـب القتـال و ايجـا حـل ديموقراطـى للقضيـة الکرديـة و لکـن فـى نظرنـا نـرى ان المسـؤلية الرئيسـية فـى هـذه المضـمار تقـع علـى عاتـق الحکومـة المرکزيـة بأعتبارهـا صاحبـة القـدرة و الحـل و الفصـل فـى البـلاد.

اننـا نضـع هـذه الحقايـق امـام انظارکـم نناشـدکم لتفهـم موقفنـا و اهميـة و حساسـية الوضـع و بـذل کافـة الجهـود و بـکل وسـائل المسـتطاعة و المتوفـرة لديکـم للضغـط علـى

الحكومـة العراقيـة لاتبـاع الطريـق المفاوضـات مـن اجـل ايجـاد حـل عـادل للمشـكلة الكرديـة تجنـا لويـلات الحـرب و الدمـار و منعـا لـكل النتائـج الخطيـرة التـى قـد تترتـب على تـردى الوضـع بمـا فيهـا تهديـد السـلم فـى المنطقـة الـشرق الأوسـط التـى تعتـبر القضيـة الكرديـة احـدى قضايـا الرئيسـية. ان الثـورة الكرديـة التـى نفـذت اكثريـة التزاماتهـا بموجـب بيـان ٢٩ حزيـران سـوف تكـون فـى حـل مـن المسـوؤلية عـن النتائـج الوخيمـة التـى قـد تنتـج عـن عـدم ايفـاء الحكومـة المركزيـة بوعودهـا.

ان لشـعب الكـردى الـذى عانـى الامريـن مـن ويـلات الحـرب و دمـرت بـلاده خـلال السـنوات السـت الاخيـرة بسـبب مطالبتـه بأبسـط حقـوق القوميـة و الانسـانية ضمـن الجمهوريـة العراقيـة يتطلـع ان يمـد لـه سـيادتكم و دولتكـم الموقـرة و كافـة القـوى المحبـة للسـلم و الخيـر فـى العـالم يـد المسـاعدة لايصـال العـراق الـى شـاطىء السـلام و الطمأنينـة و الاسـتقرار و خاصـة فـى هـذه الظـروف التـى تبـذل فيهـا الكثيـر مـن الجهـود المحمـودة مـن أجـل حـل قضايـا الـشرق` الأوسـط و ايجـاد سـلام دائـم فـى المنطقـة. و فـى الختـام تقبلـوا فائـق شـكرنا و تقديرنـا.

المخلص

مصطفى البارزانى

٢٧/ تشرين الأول/١٩٦٧

## وەرگێڕانی نامەی مستەفا بارزانی لە ڕێکەوتی ٢٧ی ئۆکتۆبەر ١٩٦٧، لەلایەن پەرلەمانەوە کە بۆ سەرۆک وەزیران نێردراوە

دوای ڕێز و سڵاو

ئێمە لە ڕێگەی ئەم نامەیەوە دەمانەوێت سەرنجی بەڕێزتان ڕاکێشین بۆ ئەو بارودۆخە مەترسیدارەی حاڵی حازر باڵی بەسەر عێراق بە گشتی و بەسەر کوردستاندا بە تایبەتی، کێشاوە. ئەمەش بەهۆی شکستی حکومەتی عێراق لە پابەندبوون بە جێبەجێکردنی ئەو پابەندییانەی لە بەیاننامەی ٢٩ی جون ١٩٦٦، ئاماژە پێکراوە و ئێمە هەردوو لایەن لەسەری ڕێککەوتین، تا بەمجۆرە ئاشتی لە عێراق بەرقەرار بکەین. نەك تەنیا ئەمە، بەڵکو بە هۆی سیاسەتی حکومەتی عێراق کە هەوڵ دەدات شۆڕشی کورد لە ناوببات و ئاشتی و ئارامی لە گەلی کورد دابب‌ڕێت، سەرەڕای ئەمەش هانی دوژمنە بە کرێگیراو و لە ڕێگە دەرچووەکانی [لە دژی] گەلی کورد دەدات. هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی بە درێژایی چەند ساڵی رابردوو ئاشتی بەرقەرار نەبێت و ڕەوشێکی پشێوی بێتەدی کە لە خەسڵەتە هەرە سەرەکییەکانی بریتییە لە دەستدرێژی کردنە سەر ئازادی و ئاسایشی هاوڵاتیان و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنی خەڵک و هەوڵدان بۆ دابەشکردن و لێکترازانی کورد و عەرەب، بە واتایەکیتر، کەش و هەوایەک لە ئارادایە، دوورە لە ئاشتی و سەقامگیری و چارسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد.

ئێمە هەوڵمانداوە و بەردەوامیشین لە هەوڵدان بۆ هاوکاریکردنی حکومەت لە گشت بوارەکاندا، تا لەم ڕێگەیەوە و لە ڕێگەی دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بگەینە چارەسەریەکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی گەلەکەمان، بەڵام گشت ڕووداوەکان دەردەخەن، هیچ نیەت پاکیەک لەلایەن بەرپرسانی حکومەتەوە بەدیناکرێت بە ئاڕاستەی [چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد] و جیددی نەبوونیان لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەیاننامەی ٢٩ی مانگی جون. ئەمەش وایکردووە گەلی ئێمە نائومێد بن لە جیددی بوونی حکومەتی بەغدا لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی داویەتی.

ئەم بارودۆخە مەترسیدارە، مەترسی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە نێوان

براکانی لە عێراقدا لێدەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی هێنانەدی ئەو نەهامەتیانەی گەلی ئێمەی کورد بە درێژایی شەش ساڵی شەڕ بینیویەتی. شۆڕشی کورد بە گشت تواناکانیەوە پێداگری دەکات لە دوورکەوتنەوە لە شەڕ و چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراسییانە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە بۆ بەدیهاتنی ئەم [ئامانجەش] بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی ناوەندی، چونکە ئەو خاوەن دەسەڵاتە و دەسەڵاتی چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتی بەدەستەوەیە.

بۆیە ئێمە ئەم ڕاستیانە دەخەینە بەردەمتان، بۆ ئەوەی لە هەڵوێستمان تێبگەن و ئاگاداری گرنگی و مەترسیدارێتی بارودۆخەکە بن و گشت تواناکانتان و گشت ئامرازەکانی بەردەستان وەگەڕبخەن، تا گوشار بخەنەسەر حکومەتی عێراق، بۆئەوەی ڕێچکەی دیموکراسییانە بۆ چارەسەرکردنێکی دادپەروەرانەی پرسی کورد بگرێتەبەر و لە شەڕ و گشت بەدواهاتەکانی تێکچوونی بارودۆخەکە، وەک هەڕەشەی تێکچوونی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوور بکەوینەوە؛ چونکە پرسی کورد یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. شۆڕشی کورد کە بەپێی بەیاننامەی ٢٩ی جون، زۆربەی پابەندییەکانی خۆی جێبەجێکردووە، هیچ بەرپرسیارێتییەک لە ئەنجامە مەترسیدارەکانی پابەندنەبوونی حکومەتی ناوەندی بە بەڵێنەکانی، لە ئەستۆ ناگرێت.

گەلی کورد بە دەست جەنگ و وێرانی وڵاتەکەی بە هۆی شەش ساڵ شەڕکردن، دەناڵێنێت، تەنیا داوای دابینکردنی مافە نەتەوەیی و مرۆییە سەرەتاییەکانی خۆی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا دەکات، دەستی هاوکاری بۆ بەڕێزتان و دەوڵەتەکەتان و گشت هێزە ئاشتیخوازەکان لە جیهاندا درێژ دەکات، تا عێراق بەرەو کەناری ئارامی، سەقامگیریی و ئاشتی ببات؛ بە تایبەتیش لەم بارودۆخەدا کە هەوڵە پیرۆزەکان لە پێناو چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هێنانەدی ئاشتی هەمیشەیی، وەگەڕ خراون.

لە کۆتاییدا ڕێز و سڵاومان قبوڵ بفەرموون.

مستەفا بارزانی

نهێنی

باڵیۆزی بەریتانیا

بەیروت

(1067/2/IRQ)

٢٣ی دێسەمبەر ١٩٦٧

**کوردی عێراق**

١. سەبارەت بە دۆخی کورد، لە دوای ‹دوایین ئاگادارکردنەوە›ی مەلامستەفا، کە لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەر ڕایگەیاند، بەوەی حکومەتی عێراق بایکۆت دەکات، ئەگەر بێت و داواکارییەکانی کورد جێبەجێ نەکات، هەواڵی کەم لەبەر دەستدا هەن.

٢. داخستنی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی لەلایەن حکومەتەوە، هەواڵی سەرەکی ڕۆژنامەکانە و وادیارە خاڵی سەرەکی ناکۆکی [نێوان کورد] و حکومەتە. من ئاگادارم، حکومەت ڕێگەی داوە، ئەم ڕۆژنامەیە لە سلێمانی و یان تەنیا بە زمانی کوردی لە بەغدا لەچاپ بدرێت. کورد هەر دوو پێشنیازەکەی ڕەتکردووتەوە و دوایین داواکاری خۆیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی چاپکردنی ڕۆژنامەکە پێشکەش [بە حکومەتی] کردووە. بەداخەوەی ئاگادارکردنەوەکەی کورد، هەروەك بەڵێنەکانی حکومەت، لاستیکییە.

٣. ئێمە هەواڵێکمان بە دەست گەیشتووە سەبارەت بە هێرشکردنە سەر کاروانی تاڵەبانی لە نێوان سلێمانی و کەرکوک، لەلایەن لایەنگرانی بارزانییەوە. ئەم ڕووداوە لە ١٧ی دێسەمبەر ڕوویداوە و ١٢ کەسیش بوونەتە قوربانی.

٤. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە تاران دەنێرم.

(H. St. J. B. Armitage)

David Montgomery Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە. S. W. 1

نهێنی

باڵیۆزی بەریتانیا

بەیروت

(1067/2/IRQ)

٣٠ی دێسەمبەر ١٩٦٧

**کوردی عێراق**

١. هەفتەنامەی بەغدای ‹ئەلئەمەل› (al-Amal) لە ٢٣ی دێسەمبەر، لەسەر زاری سەرچاوەیەکی فەرمی بڵاویکردەوە، هیچ جۆرە پێکدادانێک لە باکووری عێراق ڕوونەداوە. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوە کرد، کەشێکی ‹تەواو برایانە› باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە و حکومەت سەرقاڵی جێبەجێکردنی سیاسەتی گەشەپێدانی باکوور و جێگیرکردنی ژیانی ئاساییە لەم ناوچەیە.

٢. هیچ سەرچاوەیەکی پشتڕاستکراو لەبەردەست نییە لەبارەی ئەوەی بارودۆخی کوردستان زۆر باشە. لە ‹Boxing Day› [واتە ٢٦ی دێسەمبەر] نەبیل دەملوجی، کە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی لە بەغداوە [بەرەو باکوور] گەشتێکی ئەنجامدا، ئەوەی پشتڕاست کردەوە، هێرشکراوەتە سەر کاروانی تاڵەبانی لە نێوان سلێمانی و چەمچەماڵ (نامەکەم لە ٢٣ی دێسەمبەر ئاماژەی بەم ڕووداوە کردووە). هەروەها نەبیل گوتی، تاڵەبانی پێی گوتووە، حکومەت هیچ کارێکی نەکردووە تا ئەو بەڵێنانەی کە بە بارزانی داوە، جێبەجێ بکات و هەروەها ئەو [تاڵەبانی] لەگەڵ ئەم سیاسەتەدایە. تاڵەبانی کە لەکاتی خواحافیزی کردن لەگەڵ دەملوجیدا، من چاوم پێکەوت، گوتی بەرەو بێلگراد دەچێت، تا لەوێ چاوی بە قوتابیانی کورد بکەوێت و دواتر بەرەو بەرلین دەڕوات. ئەو گوتی نزیکەی دوو هەفتە لە دەرەوە دەبێت.

٣. بە پێی سەرچاوە کوردییەکان لە بەیروت، ئەنجوومەنی وەزیران مۆڵەتی چاپی بە ئەلتەئاخی بەخشیووە. ئەمە ڕاستە، بەڵام تا هەنوکە هیچ هەنگاوێک بۆ

جێبەجێکردنــی ئــەم بڕیــارە نەگیراوەتەبــەر. شــەوی ڕابــردوو ســەرچاوەیەکی غەیــرە کــورد کــە بــۆ پشــوو لێرەیــە و لەگــەڵ ئیحســان شــێرزاد، وەزیــری شــارەوانی قســەی کردبــوو، پێــی گوتــم بڕیارەکــەی ئەنجوومەنــی وەزیــران دوای کۆبوونەوەیەکــی دوورودرێــژ لــە ڕۆژی کریســمەس کــە تــا کاتژمێــر ٣ی بەرەبەیانــی خایانــد، دەرکــرا. بڕیارەکــە بــە جیاوازییەکــی زۆر کــەم لــە دەنگــەکان دەرکــرا، مالــک دۆهــان (Malik Dohan) وەزیــری کلتــور، نەیــاری ســەرەکی ئــەم بڕیــارە بــوو. لەهەمــان ڕۆژ ئیحســان بــەرەو بەیــروت ســەفەری کــرد و لەگــەڵ هــاوکارە کوردەکــەی عەبدولفەتــاح شــالی، وەزیــری گەشــەپێدانی باکــوور، نامەیەکــی ناڕەزایــی دەربڕیــن و دەســت لەکارکێشــانەوەی خــۆی بەجێهێشــت؛ کــە ئەگــەر هاتــوو حکومــەت نەیتوانــی پێــش جەژنــی ڕەمــەزان (١ یــان ٢ی جانیــوەری)، مۆڵــەت بــە ڕۆژنامــەی [ئەلتەئاخــی] بــدات، دەســت لــەکار دەکێشــنەوە.

٤. من کۆپییەك لەم نامەیە بۆ نووسینگەی پاراستنی زانیارییەکان لە تاران دەنێرم.

(H. St. J. B. Armitage)

David Montgomery Esq.

بەشی ڕۆژهەڵات

نووسینگەی کاروباری دەرەوە.

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە.